


# ماموٚستا هێمن؛ ڕێبواری عەشق و ئازادی

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێرست

١- بۆ یادی مامۆستام، شاعیری گەورە، هێمنی موکوریانی ........................ ئاشق ........... ٥
٢- "شاعیری گەل" لە ڕەوتی کاروانی خەباتی نەتەوەکەیدا ........................ قادر وریا ........... ٧
٣- شێعر، سەفیری گەل ........................ ناسری باباخانی ........... ١٢
٤- قەڵەمی "هێمن"ی موکریانی، پڕاوپڕ لە جیلوەی جوانی ........................ عەلی لەیلاخ ........... ١٩
٥- مامۆستا «هێمن» لە دوو دەلاقەی هیوای ئیدئۆلۆژیک و ڕەشبینیی فەلسەفییەوە ........................ یوونس ڕەزایی ........... ٢٢
٦- ژیان و خەباتی شاعیری مەزنی گەلەکەمان ........................ وسوەکەل هەواڵ نێر........... ٢٨
٧- ٣٠ هەمین سالوەگەڕ کۆچی دۆای شاعیر نەتەوەی و نیشتمانی بەرز و پیرۆز بێت ........................ ڕەشید قازی ........... ٧٠
٨- سی ساڵ بەرلە ئێستا مامۆستا هێمن شاعیری میللی مان لە دەست دا. ........................ کاووس عەزیزی ........... ٧٤
٩- لەیادی" ٣٠ " ی ساڵەی هێمن ی شاعیردا ........................ مقداد هادی ........... ٨١
١٠- قەمسەڵە شینۆکەکەی هێمنی شاعیر ........................ ڕۆستەم ئاغالە ........... ٨٥
١١- خوشکەزایەکی هێمن موکریانی نهێنییەکانی ژیانی ئاشکرا دەکات ........................ سەعدوون مازووچی ........... ٨٨
١٢- ساڵیادی ٢٩ ساڵەی مەرگی هێمن مهاباد ........................ مالمۆ کورد ........... ٩٢
١٣- هێمن، مامۆستای ناڵەی جودایی، بولبولی باڵ شکاوی وەختی گوڵ ........................ یەحیا سەمەدی ........... ٩٧
١٤- مامۆستا هێمن و یادێکی شیرین ........................ مەکۆی زێڕین ........... ١٠١
١٥- شاعیری گەل........................ نووسینی دوکتور قاسملوو. ........................ ئا: سەلاح شەشە ........... ١٠٦
١٦- کورتەیەک لە ژێننامەی شاعیری ناوداری کورد مامۆستا هێمن ........................ لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد ........... ١١٧
١٧- مامۆستا هێمن ، شاعیری گەل ........................ نێعمەت مەلا ........... ١٢٣
١٨- پیری تەڕپۆش؛ خوێندنەوەیەکە بۆ شیعرە ئەویندارێتیەکانی مامۆستا هێمن ........................ سەروەر سەعدوڵلا ........... ١٢٨
١٩- نامۆیی لای شاعیری کورد "هێمنی موکریانی". ........................ هێمن حەمە ........... ١٣٤
٢٠- دیدارێک لەگەڵ شیعرو داهێنانی هێمن ........................ ئەکرەمی میهرداد ........... ١٦٠
٢١- بۆ شاعیری نەتەوەیی گەل و نیشتمان، مامۆستا هێمن موکریانی ........................ لوقمان زەهرایی ........... ١٦٨
٢٢- بۆ یادی بیستو پێنج ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن ........................ مەولوود بەهرامیان ........... ١٧١
٢٣- هێمن ... شاعیری هاوار و شیوەنی سەدەی بیستەم ........................ ئەفراسیاب گرامی ........... ١٧٣
٢٤- هێمن موکریانی لە ڕوانگەی ئەدیب و نووسەرانی لاو ........................ جەمال نەجاری ........... ١٧٩
٢٥- بیست و پێنج بەهار لە دوای مەرگی هێمن ........................ د.ئەکرەمی میهرداد ........... ١٩١
٢٦- مامۆستا هێمن، شاعیری عیشق و ئازادی ........................ وریا ڕەحمانی ........... ١٩٨
٢٧- هێمن لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ........................ هێدی ........... ٢٠٠
٢٨- ناسری حیسامی پەردە لە سەر روانگە و پێوەندیی کۆمەڵە لە گەڵ هێمن لادەدا........................ ئارام قادری ........... ٢٠٥

٢٩- تۆ بڵێی ڕاست بێ "هێمن" کوردییەکەی لاواز بێ؟! ........................................ محەممەدی مەلا کەریم ....... ٢١٠
٣٠- هیچ ڕووداوێک نەیتوانیوە و ناتوانێ نەزەری من لە سەر هێمن بگۆڕێ ........................ ح. شەبەق ............ ٢١٣
٣١- بێکەس و هێمن بادە و شەڕاب ............................................................ مەرزە جەوانمەرد ....... ٢١٧
٣٢- بوختان.......................................................................................... هێدی ................ ٢٣٠
٣٣- ئامانج لە بە ئەلکۆلی ناساندنی مامۆستا هێمن چییە؟ .................................... برایم جەهانگیری ...... ٢٣٢
٣٤- ئایا هێمن ئەلکۆلیست بووە؟! ............................................................. س. چ. هێرش ......... ٢٣٨
٣٥- ئایا نالی و... شاعیری ڕۆحن، بەڵام هێمن شاعیری ؟ ...................................... شەهلا دەباغی ........ ٢٤٣
٣٦- هیمن و ........................................................................................ سمایل عەزەمی ........ ٢٤٩
٣٧- "هێمنی موکریانی" ،ئەستێرەیەکی گەشی ناو ئاسمانی تۆرە و ئەدەبی کورد ................ رادیو فرهنگ برون مرزی ..... ٢٥٣
٣٨- شێعری هێمن لە ڕوانگەی ڕەوانناسی پێوەندییەکانەوە ......................................... یاقووب خزری ........ ٢٥٦
٣٩- مافی تاک لە شێعرەکانی مامۆستا"هێمن"ی موکریانیدا ......................................... شۆرش کوردستانی ..... ٢٦٦
٤٠- هێمن"ی داشداری ماف و "هێمن"ی بێ ماف! ...................................................... سەعی سەقزی ........ ٢٨٠
٤١- مامۆستا هێمن.................................................................................. بێهروز کورد ئەحمەدی ...... ٢٨٤
٤٢- یادی هێمن........................................................................................حەسەن قازی ........ ٢٨٩
٤٣- کورتەیەک لە ژیان و خەباتی مامۆستا هێمن لە پێناوی ئەدەبیاتی کوردیدا ........................ هەژیر.ب.ش ......... ٢٩٣
٤٤- مامۆستا هێمن موکریانی و یادێکی شیرین ........................................................ فەخرەدین تاهیر ..... ٢٩٨
٤٥- هێمن... لە بەهاری شیعر و پاییزی سیاسەتدا! ..................................................... پشکۆ نەجمەدین ...... ٣٠٣
٤٦- دیمانەی خالید محەممەدزادە لە گەڵ : مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ............................خالید محەممەدزادە .... ٣١٠
٤٧- وتووێژی شێخ و قازی لە سەر هێمن ..............................................................حەسەنی قازی ....... ٣٣١
٤٨- ژیانێکی تاریک و ڕوون ............................................................................ جوتیار تۆفیق هەورامی .... ٣٤٩
٤٩- لە یادی بیست و پێنج ساڵەی کۆچی دوایی "مامۆستا هێمن"دا .................................... ئاشق ............... ٣٣٥
٥٠- چۆن دەتوانم ئەمن بڵێم ئەتۆ چی ................................................................. مەرزە جەوانمەرد .... ٣٦٣
٥١- هێمن و سروە ....................................................................................... مەرزە جەوانمەرد ..... ٣٦٦
٥٢- بۆ یادی شاعیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری کورد، مامۆستا هێمن ............................ حوسێن بەخشی ....... ٣٧٢
٥٣- هێمن لە بیرەوەرییەکانمدا.......................................................................... نزار کوێستانی ...... ٣٧٥
٥٤- هێمن لە ٦٥ وشە دا ................................................................................. لوقمان ............. ٣٧٩
٥٥- هێمنی هەژار......................................................................................... ڕێناس نەورۆزی ...... ٣٨٣
٥٦- لە یادی مامۆستا هێمن دا ........................................................................... هەژار ئاریانفەر ...... ٣٨٦
٥٧- بۆ بیستەمین ساڵی ماڵاوایی " هێمن"............................................................... مستەفا مەعرووفی .... ٣٨٨
٥٨- چاوەڕێی گەڕانەوە دەکەم تاکو بێمەوە گڵکۆی پیرۆزت زیارەت بکەم ............................. لوقمان زەهرایی ...... ٣٩١
٥٩- هێمن یان دەنگێک بە پانتای کوردستان؟ ........................................................... هیوا گوڵ محەمەدی .... ٣٩٣

٦٠- وەتەندۆستی و دنیابینی لە هۆنراوەکانی هێمن دا ............................................. عومەر کەریم بەرزنجی ..... ٣٩٥
٦١- چل ڕۆژ لە گەمارۆی دوژمندا........................................................................... سامڕەند ............. ٣٩٧
٦٢- بە یادی هێمن ........................................................................................ ناسر باباخانی .......٤٠٤
٦٣- هێمن، شاعیری وشەی جوان و خاوەنی پەیڤی ڕەوان ................................................ قادر ئەلیاسی .........٤١٢
٦٤- دگردیسی" لە ناڵەجودایی دا، خوێندنەوەیەکی فەلسەفی- فێمینیستی ............................ شەهلا دەباغی ........ ٤١٦
٦٥ - نامەیەکی مامۆستا هێمن ........................................................................................................ ٤٤٥
٦٦- ڕەگەزی ئیمپێرسیۆنیزم و سیمبۆلیزم لە ڕیئالیزمی «هێمن موکریانی» دا ......................... س. چ. هێرش ....... ٤٤٩
٦٧- من دەڵێم (شێعر)........................................................................................ حاجی حوسێن حەدداد ..... ٤٥٦
٦٨- هێمن ...................................................................................................... ئا: نەسرین ابوبکر...... ٤٥٩
٦٩- هێمن لە دەروونی خەڵکدا دەژی ١٩٢١ ـ ١٩٨٦ ................................................... فەهد گـردەوانـی ...... ٤٦٣
٧٠- هێمن شاعیری گەل، ڕۆمانتیک و ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە ........................................ حەمید تەیموری ......... ٤٦٦
٧١ - ژن لەشێعری هێمندا ................................................................................. سەلاحەدین بایەزیدی ..... ٤٧٧
٧٢- وتووێژی «محەمەد ئوزوون» و «مەحموود باکسی» لەگەڵ «مامۆستا هێمن» لە مهاباد، هاوینی ١٩٧٩.................. ٤٨٣
٧٣ - نەورۆز. .......................................................................................... مامۆستا هێمن ......... ٤٩٢
٧٤- لێکدانەوەی بڕگەشێعری(چاویلکە)ی مامۆستا هێمن ................................................ س. چ. هێرش .........٤٩٤
٧٥- سەمفۆنیی کابووکێ (هێمن و من) ................................................................ س.چ. هێرش ......... ٤٩٧



# بۆ یادی ماموستام، شاعیری گەورە، هێمنی موکوریانی

**ئاشق**



ئاونگی سەر پەلکی شلـکی وەنەوشەن
شێعری تەڕت، ماموستای گەورەم هێمن.
دەتکێنە سەر دڵی گەرم و بەتاســـەم
بۆنی بەهار بە دیـــاری دینــــن بۆ من

****

تەزوویەکی سووکی سوکنایی هێـــــەر
دەگرێتەوە هەموو دەمـــــــارەکانم
هەست دەکەم خەم بەجێم دێڵی بۆ ساتێک
ڕوون دەبینم ڕێباز و بــــــوارەکانم

*******

گوڵاوی وشەی ڕەسەنی خۆمـــــاڵی
بۆنخۆش دەکا زەوقی شێعری ژیرانەم
مانا و شوبهاندنی بەرز و کەم هاوتات
خەنی دەکا خــــەیاڵی شاعیرانەم

*****

شەو شەق بووە و ئەمن هەروا دانیشتووم
دەگەڵ شێعرت دەگۆڕمەوە کوڵـــو کۆم
دەڵێی مــــەلە دەکەم لە نێو گۆمێک دا
تا ڕۆدەچم، زیاتر تینوو و تامــــەزرۆم

*****

دەبا بە بیر و گیــــــــانەوە نوقم بم
لە نێو ئاوی ڕوونی ئەو گۆمـــە مەندە
سەودای دڵە و گرانە ئەو کــــاڵایە
بە گیان نەبێ، چلۆن دەکرێ مەزەندە

****

دەگریم بەکوڵ لەگەڵ "ناڵەی جودایی"ت

"ئاسۆری تەشەنا"م هەڵ دەداتـــــــەوە
بەڵام "تاریک و ڕوون"، "ئاسۆی ئاوات"ت
بەرەو دنیای هومــــــــــێدم دەباتەوە

****

"ڕۆژی شادی"ت لە "ڕێبەندان" دا دیبوو
لەگەڵ پێشەوای سەرکۆمار هاودەم بووی
بەفرمێسکی ڕنوو" پەروەردە بــووبووی
جەوری زەمان"لەکوێوە بۆ کوێ"ی بردبووی

****

چارەنووسی شاعیرێکی وەکوو تــــــــۆ
"سووری دەوران" نەبا، نەدەبـــوو بەگرێ
تۆ کە بیری "عیشق و ئازادی"مان بـــووی
"بۆسەی ڕۆژگار" چلۆن توانی بــتگرێ؟

****



"بارگەی یاران" پێچرایەوە و ڕۆیشـــتن
بەلام جێگات هەروا دیار بوو لە لایـــان
چەتری وشەت هەڵدرابوو بە دایــــــم
لە سەر هەوارگە و سابات و قەڵایـــان

****

ڕاستە ماموستام قەدەرعـــــــەیامێکە
بە جەستە و ڕواڵەت نەماوی، مردووی
بەڵام لە نێو دڵ و بیری هەمووان دای
وشە و مانات ماون، نەمریان کردووی

ئاشق ـ بەهاری ١٣٩٣ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ١٧ی ئەپریلی ٢٠١٦

# "شاعیری گەل" لە ڕەوتی کاروانی خەباتی نەتەوەکەیدا

### (بە بۆنەی تێپەڕینی٣٠ساڵ بە سەرکۆچی دوایی مامۆستا هێمندا)

قادر وریا

٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٥(ئاوریلی ١٩٨٦)، شاعیری بەتوانا محەممەد ئەمین شێخولئیسلامی، (هێمنی موکوریانی)، لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد.



### ئاماژەیەک:

هێمنی موکوریانی ئەگەر چی موڵکی هەموو کوردەو هەموو تاکێکی کوردیش بۆی هەیە بە هی خۆی بزانێو خۆشی بوێ، بەڵام لە هەموو لایەک زیاتر، لە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستانە، یادی بکاتەوەو ڕێزی لێبگرێ. چونکە ژیانی ئەدەبیو سیاسیی ئەو کەسایەتییە، لە سەردەمی کۆمەڵەی -ژێ کاف- ەوە، هەتا چەند ساڵێک بەر لە مردنی، لە گەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕێبەرو پێشەنگی ئەو بزووتنەوەیە واتە حیزبی دیموکرات، لێک گرێ درابوون.

### هاتن بۆ نێو کاروانی خەباتی نەتەوەیی

هێمن کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیو دەسترۆیشتووی موکوریاندا لە دایک ببوو و کوڕی شێخولئیسلامی موکری بوو، تازەلاوێک بوو کە تێکەڵاوی خەباتی نەتەوەییو نیشتمانی بوو. ئەو کە هەر لە منداڵییەوە خاوەنی بەهرەی ئەدەبی بوو، لەکاتی خوێندن لە حوجرەو لە ڕەوتی تێکەڵاوی لە گەڵ مامۆستایانو هۆگرانی شێعرو ئەدەبدا، هەم بەهرەو توانای ئەدەبیی خۆی پەرە پێ دا، هەم لە ڕووی هەستو بیری نەتەوەییەوە گەشەی کرد. هێمن یەک لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەی -ژێ کاف- بووو، کاتێک حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراو ئەم حیزبە کۆماری کوردستانی بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد ڕاگەیاند، هێمن بە دانانی شێعری نەتەوەییو نیشتمانیو خوێندنەوەیان لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی ئەو کاتدا یان بە بڵاوکردنەوەیان لە چاپەمەنیی کوردیی ئەو سەردەمەدا، گیانی خۆشەویستیی نیشتمانو هەستو باوەڕی بەرگری لەو کۆمارەو دەسکەوتەکانی لە نێو نەتەوەکەیدا بڵاو دەکردەوە. ئەو، شانبەشانی نەمر هەژاری موکوریانی کە هەر دوویان لە خۆشەویستانو ڕێزلێگیراوانی پێشەوای سەرکۆمار بوون، وەک دوو سیمای دیاری ئەو ڕۆژگارە چالاکانە لە خزمەتی کۆماری کوردستاندا بوون.

ڕووخانی کۆماری کوردستانو شەهید کرانی پێشەوای سەرکۆمارو هاوڕێیانی، کاریگەرییەکی قووڵی چەندین ساڵەیان لە سەر هەستو ناخی هێمنی موکوریانی دانا. ئەو کاریگەرییانە بە شێعری ئەو سەردەمەی ماموستا هێمنەوە دیارن. دیارە ئەو کاتەش کە ڕەشبینیو ناهومێدی بە سەر هەستو ڕوانینو بیرکردنەوەیدا زاڵ بوو، بە دیتنی تروسکایی هیواو گەشانەوەی بڵێسەی خەبات، دەگەشایەوە کە نموونەکەی گەشەکردنی تێکۆشانی خەباتی حیزبی دیموکراتو خەباتی خەڵکی کوردستان لە سەردەمی بزووتنەوەی نیشتمانیی د. موسەدیقدا بوو. هێمن کە ئەندامی هەڵسووڕی ڕێکخستنی نهێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، بە پێڕەوی لە حیزبەکەی، نەک هەر بە باوەڕو هەڵوێست لە گەڵ ئەو خەباتەدا بوو، بەڵکوو بە شێعری خۆی بوو بە زمانحاڵی خەڵک لە ڕۆژانێکدا کە بزووتنەوەی سەرانسەریی خەڵکی ئێران بووە هۆی ڕاکردنی شای ئێران. "دە بڕۆ ئەی شاهی خائین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ" کە ببووە دروشمی ئەو کاتەی خەڵک لە خۆپێشاندانی خەڵکی مەهاباددا، یادگاری هاوبەشیی هێمنی شاعیرلە ڕووداوو هەڵوێستە سیاسییەکانی ئەو سەردەمەدایە. بەم هەڵوێستەو زاڵبوونەوەی زەبروزەنگی ڕێژیمی حەمەڕەزا بە سەر وڵاتدا، دەورەیەکی دیکە لە خۆشاردنەوەو ترسو دڵەڕاوکی لە گیرانو تۆڵەلێکرانەوە لە ژیانی هێمندا دەست پێدەکا.

## هەڵبژاردنی ژیانی ئاوارەییو دوورەوڵاتی

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ١٣٤٦-١٣٤٧ی شۆڕشگێڕانو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو خۆڕاگریی قارەمانانی دیموکرات لە بەرامبەر لافاوی ئەرتەشی پۆشتەو پەرداخی شایەتیو شەهیدبوونی دەیان کەس لە بەشدارانی ئەم ڕاپەڕینە، جێپەنجەیان بە ڕۆژژمێری ژیانی ئەدەبیو سیاسیی هێمنی شاعیرەوە دیارە. بێبەشیو بندەستیی کورد لە لایەکو زەبرو زەنگی ساواک بە تایبەتی لە دژی خەڵکی کوردستان لە لایەکی دیکە وەها تەنگ بە شاعیری شەیدای ئازادی هەڵ دەچنن کە سەرئەنجام ناچاری دەکەن ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی ماڵاوایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخوازێو ڕوو بکاتە کوردستانی گەرمێن کە هەم شۆڕشی کورد لەم بەشەی کوردستان بڵێسەی سەندبوو، هەم تێکۆشەرانو هاوباوەڕانی ماموستا هێمن لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەوێ گیرسابوونەوە. هاتنی هێمن بۆ کوردستانی گەرمێن، ئەگەر چی سەرەتای دووریو دابڕانێکی درێژخایەن لە خەڵکو ئازیزانی بوو، بەڵام هەر لەو کاتەشدا دەروویەکی تازەی لە بەردەم ئەو شاعیرو ئەدیبە بە توانایە کردەوە. هێمن، کە لە کۆنفرانسی دووهەمی حیزبدا ببووە ئەندامی ڕێبەریی حیزب، لە دوای گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ کوردستانو یەکگرتنەوەو خۆڕێکخستنەوەی تێکۆشەرانی دیموکرات لە سەرەتای دەیەی حەفتای زایینیدا، پتر خۆی بۆ کارو تێکۆشانی حیزبەکەی تەرخان کرد. لە کۆنفرانسی سێهەمو کۆنگرەی سێهەمی حیزب سەرلەنوێ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرایەوە. جێگەی شیاوی خۆی پێ دراو توانی لە ڕێبەریی حیزب بە تایبەتی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا، پەرەپێدەری زمانی پاراوی کوردیو هاندەری ئەدەبو نووسینی بەرگریو نەتەوەییو نیشتمانی بێ. ئێستا ئیدی ڕووبەرێکی بەرفرەوان بۆ خۆناساندنی هێمنو شێعرو پەخشانی ئەو بە هۆگرانی ئەدەبی کوردی پێک هاتبوو. هەستو سۆزی ئینسانیو ڕوانینو بیرکردنەوەی نوێو پێشکەوتنخوازانە ئاوێتەی زمانێکی شیرینو ڕەوانو زۆر تواناو بەهرەی داهێنەرانەی ئەدەبیو شاعیرانە ببوونو لە شێعرو پەخشانی هێمنی موکوریانیدا شەپۆلیان دەدا. هێمن کە وەک شاعیرو ئەدیب، جوانیناسو جوانپەرست بوو، وەک تێکۆشەرو خەباتکارێکیش هەڵگری بیروباوەڕی مودێڕنو پێشکەوتوو بوو. ڕوانینی هێمن بۆ پرسی ژن، بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، بۆ کێشەو خەباتی چینایەتی، بۆ بەئاشتی پێکەوەژیانی ئینسانەکان سەرەڕای جیاوازیی نەتەوەو زمانو ئایینو ڕەگەز، جگە لەوەی لە سەردەمی ژیانی شاعیردا ببوون بە هۆی پێشوازیی هۆگران لە بەرهەمەکانی، ڕەهەندێکی نەمرانەشیان بە شێعرو پەخشانی ئەو لە پاش مەرگی خاوەنەکەیان بەخشی. ماموستا هێمن لەماوەی ژیانی ئاوارەیی خۆیدا هەم لە کوردستانی گەرمێنو هەم لە بەغدا، لە

گەڵ زۆرمرۆڤی خەباتکارو کەسایەتیی ئەدەبی،هونەری، زانستیو کۆمەڵایەتی ئاشنا بوو. ئەو مرۆڤە بە توانایە، پێشوازیی کۆڕی زانیاریی لە کەسانی وەک خۆی بە مایە کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە هاتبوون، بۆ خزمەتی زمانو ئەدەبی کوردیو کارو پڕۆژەکانی ئەم دەزگایە قۆزتەوە. گۆڤارو بڵاوکراوە کوردییەکانو کۆڕو کۆمەڵی فەرهەنگیی ئەو سەردەمە، بوون بە مینبەرێک بۆ بڵاوبوونەوەی شێعرو نووسینی هێمن. هەر لە نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتای زایینیدایە کە لە پێشدا "تاریکو روون" یەکەم دیوانە شێعریو چەند ساڵ دواتر "ناڵەی جودایی" شانسی چاپ بە خۆیانەوە دەبینن. "توحفەی موزەففەرییە"ش ( ئەو بەیتانەی ئوسکارمانی ئەڵمانی نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر لە موکوریان کۆی کردبوونەوە) هەر لەو ساڵانەدا دەکەونە بەر ڕووناکیی شەرحو پێداچوونەوەو پەراوێزبۆنووسینی مامۆستا هێمنو لە لایەن کۆڕی زانیارییەوە، لە دوو بەرگ دا بڵاو دەبنەوە. بەم جۆرە هەتا دێ، هێمن پتر وەک شاعیرێکی بەهەستو خاوەنهەڵوێست دەناسرێو لە گەڵ خۆشەویستیو پێشوازیی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەرەوڕوو دەبێ.

## گەڕانەوە بۆ زێدو نیشتمانو باوەشی ئازیزان

سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩)ی گەلانی ئێران، کۆتایی بە١٠ ساڵ ژیانی ئاوارەییو دوورەوڵاتیی هێمن هێنا. مامۆستا هێمنو هاوڕێیانی لە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەرەوڕووی چاوەڕوانیو ئەرکو بەرپرسایەتیی گەورە بوونەوە. پادگانو بنکە نیزامییەکانی ئەرتەشی حەمەڕەزاشا کەوتبوونە دەستی ڕۆڵەکانی خەڵک. ئیدارەی بەشێکی زۆر لەشارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتبووە سەر شانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ڕێژیمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووش هەوڵی دەرهێنانی کوردستان لە دەست هێزە سیاسییەکانو کۆنترۆڵکردنەوەی بە هێزی نیزامی دەدا. مامۆستا هێمن لە لایەکەوە لە سەر بەرپرسایەتیو ئەرکی پێشووی خۆی لە ڕۆژنامەی"کوردستان"دا بەردەوام دەبێو لە لایەکی تریشەوە، خۆی بۆ ڕێنوێنیو دەسگرتنی لاوانی هۆگری ئەدەبو نووسین تەرخان دەکا. هەر شوێنو بنکەو کۆڕو کۆبوونەوەو میوانییەک کە مامۆستا هێمنی لێ دەبێ، دەبێتە رووگەی هۆگرانیو، بە تایبەتی لاوانی تاسەباری دیتنی لە دوورو نزیکەوە خۆی دەگەیەنێ. دوای دابڕانێکی ١٠ ساڵە، تازە ٦ مانگ بە سەر یەکگرتنەوەی لەگەڵ هاوسەرو جگەرگۆشەکەی دا تێپەڕ ببوو کە شەڕی ڕێژیمی تازە لە گەڵ خەڵکی کوردستان (شەڕی 3مانگە) دەست پێ دەکاو هێمن جارێکی ڕوو دەکاتەوە چیاکان و لە گەڵ د. قاسملووو هاوڕێیانی دیکەیدا لە جێیەک بە ناوی "ئاشی پشکاوێ" لە سەر سنوور دەگیرسێتەوە.

پاییزو زستانی ١٣٥٨و بەهاری ١٣٥٩ حیزبی دیموکراتو ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەدی ڕووداوی سیاسیی گرنگ بوون. لە ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨دا، خومەینی کە لە ٢٨ی گەلاوێژدا جیهادی لە دژی خەلکی کوردستان ڕاگەیاندبوو، لە ئاخاوتنێکی ئاشتیخوازانەدا، وای نیشان دا کە پێشتر خراپ تێگەیەندراوەو ئیستا دەیەوێ بە وتووێژ کێشەی کوردستان چارەسەر بکا. حیزبی دیموکڕات لە زمانی د. قاسملووەوە، پێشوازیی لەم گۆڕانەی لەحنو ڕاوێژی خومەینی کردو لەبیەیکی پێ گوت. دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ وتووێژ لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی پێک هاتو دیدارێکیش لە نێوان دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردو هەیئەتەکانی دەوڵەتی ناوەندی پێک هات. کوردستان نەک هەر هیچ نیشانەو سیگناڵێکی لە تاران لە بە جیددی وەرگرتنی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان نەدەدیت، بە پێچەوانەوە شایەدی خۆڕێکخستنەوەی سوپاو ژاندارمری و وەڕێکەوتنی ستوونە نیزامییەکان بۆ گرتنەوەی شارەکان و جێگیربوون لە شوێنە ستراتیژیکییەکان بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرفەتی نەشەڕ نە ئاشتیی زستانی ١٣٥٨ بۆ گرتنی کۆنگرەی ٤ی خۆی سوودی وەرگرت. بڕیارنامەو پەسەندکراوەکانی ئەم کۆنگرەیە، لە یەک کاتدا دوو ئامانجیان لە پشتەوە بوو. لە

لایەکەوە نیشاندانی نیازپاکی‌و قسەکردن بە ڕاوێژێکی ئاشتیخوازانە لە گەڵ خومەینی وەک ڕێبەری شۆڕش‌و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی. هەر لەو کاتەشدا، پێداگرتن لە سەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستان‌و وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییە کە حیزبی دیموکرات‌و خەڵکی کوردستان تەسلیمی هەڕەشە، شەڕو هێرش‌و سەرکوت نابن‌و بەرگری لە خۆیان دەکەن.

## سەرئەنجامی هەڵوێستێک

ملنەدانی خەڵکی کوردستان بۆ خۆبەدەستەوەدان‌و ڕاوەستانیان لە بەرامبەر هێرشی نیزامیی تاراندا، نەک هەر لە لایەن بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی تازەوە بەڵکوو لە لایەن حیزبی توودەو دەستوپێوەندەکانیشیەوە، وەک دژایەتی شۆڕش‌و دەستتێکەڵاوکردن لە گەڵ دوژمنانی ئەو شۆڕشە (ئەمریکا، ئیسرائیل، ڕیژیمی عێراق‌و هتد) دەناسێندرا. لە نێوخۆی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتیشدا کەسانێک کە لە باری فکری‌و سیاسییەوە لە ژێر کاریگەریی حیزبی توودەدا بوون، کەوتنە دژایەتیی سیاسەتی ڕاوەستان بەرامبەر لەشکرکێشی‌و شەڕفرۆشیی دەوڵەتی ناوەندی. لە کۆتاییەکانی جۆزەردانی ١٣٥٩ دا، ٧ کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات لە بەیاننامەیەکدا بە نیشانەی دژایەتی لە گەڵ ئەم سیاسەتە، جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی دیموکرات ڕاگەیاند. لە کاتێکدا خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان‌و حیزبی دیموکرات ببوونە ئامانجی خولێکی نوێ لە لەشکرکێشی‌و هێرشی بەربڵاوی ئەرتەش‌و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، تاوانبار کردنیان بە بەستراوەیی بە ڕیژیمی عێراق‌و پاشماوەکانی ڕێژیمی شایەتی‌و ناتۆو هتد، بوختانێکی قورس‌و هەڵەیەکی سیاسیی گەورە بوو کە نەک هەر لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە بەڵکوو لە لایەن خەڵکیشەوە مەحکووم کرا. ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمان‌و هەر لەو کاتەدا جێگای داخ بوو، بوونی ناوی مامۆستا هێمن لە نێو واژۆکەرانی ئەو بەیاننامەیەدا بوو. بە دڵنیاییەوە مامۆستا هێمن لە ڕووی سیاسی‌و بەستراوەیی فیکری بە حیزبی توودەوە، جیاوازییەکی زۆری لە گەڵ ئەو کەسانە هەبوو کە بەیاننامەکەیان ئیمزا کردبوو. کە وایە دەبێ هۆکاری دیکە بۆ دابڕانی لە هاوڕێ لە میژینەکانی‌و کەوتنی ڕەگەڵ ئەو گرووپە هەبووبێ. هۆکارەکە هەر چییەک بووبێ، شتێک لە ئەسلی مەسەلەکە ناگۆڕێ. ناکرێ کردەوەی ٦ کەسەکەی دیکە، هەڵەو نادروستو زیانبار بووبێ‌و هی ئەو بە ڕەواو دروستو پاساوهەڵگر بزانین! بەڵام ئەوەی لەم یادکردنەوەیەدا جێگای لەسەرڕاوەستانە دوو خاڵە. یەکەم زێدەڕۆیی حیزبی دیموکرات لە دژکردەوەنیشاندان بەرامبەر بەو گرووپە، بە تایبەتی چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی بەشێک لە ڕێبەری‌و تەشکیلاتی ئەو کاتی حیزبی دیموکرات لە گەڵ کەسێکی وەک مامۆستا هێمن کە جێگای لۆمەو ڕەخنەلێگرتنە. دووهەم، ئەو ڕاستییە کە خەڵکی کوردستان‌و تەنانەت تێکۆشەران‌و ئەندامانی حیزبی دیموکراتیش، هەموو ڕابردوو کەسایەتیی مامۆستا هێمن‌و خزمەتەکانیان نەکردە قوربانیی ئەم هەڵوێستەی‌و، ڕێزو خۆشەویستیی ئەو شاعیرو ئەدیبەبە نرخەیان وەلا نەنا. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە حیزبی دیموکرات بە خۆشییەوە -ئەگەرچی بە درەنگەوە - سەرئەنجام چاوی بەم لاپەڕەیەی مێژووی خۆی دا خشاندەوە و لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی لە پەسندکراوێکی نیوخۆییدا، "اعادەی حیثیت"ی لە "هێمن" کردەوە.

## خزمەت لە دوا وێستگەی ژیان و تێکۆشان دا

لێرەوە هێمن لە دوای نزیکەی ٣٥ ساڵ، ڕیگای تێکۆشانی خۆی لە حیزبی دیموکرات جیا کردەوە. بەڵام ئەو دەستهەڵگری ئەو ئامانجانە نەبوو کە لە ژیانی ڕابردوویدا خەباتی بۆ کردبوون. مامۆستا هێمن کە پاش چەند ساڵێک چەرمەسەری‌و ژیان بە کوڵەمەرگی، پێشنیاری کارو بەرپرسایەتی لە دەزگای دەوڵەتیی "ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی " پێ کرا کە قەبووڵی کردو

گۆڤاری "سروە"ی وەڕێ خست. ئەو نەک هەر نەبوو بە پەسنبێژو مۆرەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بەو ئیمکان و دەرفەتە بەرتەسکەی بۆی رەخسا، بزووتنەوەیەکی کەلتووریی بە گیانو ئامانجێکی نەتەوەیی وەڕێ خست. ڕێچکەو نەریتێک کە مامۆستا هێمن لە ڕاستای خزمەتی زمانو ئەدەبو کەلەپووری کوردیدا بۆ "سروە" دایناو هاوکارەکانی،دوای مەرگی ئەویش هەر لە سەری ڕۆیشتن، بەڵگەن بۆ ئەو قسەیە کە هێمن، دوایین قۆناغی ژیانیشی هەر بە خزمەت بە نەتەوەکەی بردە سەرو لە ئامانجە نەتەوەییو ئینسانیو پێشکەوتووەکانی دانەبڕا کە لە سەردەمی کۆمەڵەی -ژێ کاف-و لە ڕۆژانی پڕشکۆی کۆماری کوردستانو لە ساڵانی دوورو درێژی خەبات و تێکۆشان لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، چراو چراوگی ژیانی بوون.

لە ٣٠ ساڵەی کۆچی دوایی ئەوکەسایەتییە خاوەن خزمەت و شوێندانەرەدا، بە ڕێزەوە یادی دەکەینەوەو ئەم وانەیەی هیچ کات لە بیر نابەینەوە کە ئینسانو نەتەوەو نیشتمان لە سەرووی هەموو شتێکنو پێویستە قەڵەمو بەهرەی ئەدەبیو نووسینو هەر توانایەکی هەمانە، لە هەر بارودۆخێکدا بۆ بەرزکردنەوەی ڕێزی مرۆڤو ڕزگاریی نەتەوەو بەرەوپێشبردنی نیشتمان تەرخان بکەین.

لە ژمارە ٦٧٨ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٦



# شێعر، سەفیری گەل

**ناسری باباخانی**

بۆ خوێندنەوەی دەقێک بەو مەرجەی دەستەواژە بەناوبانگەکەی ڕۆلان بارت واتە "مەرگی نووسەر" ڕەچاوکرێ، سێ ئۆرگان دەور دەگێڕن کە دەبنە هۆی پێکهاتنی پڕۆسەیەک بە ناوی پڕۆسەی خوێندنەوەی سەرلەنوێی دەق. ئەم سێکوچکەیە بریتییە لە: دەق و خوێنەر و ڕەخنەگر. بەڵام نەبوونی مێتۆدێکی تایبەت یان بەگشتی لاوازیی مێتۆدۆلۆژی بۆ خوێندنەوەی سەرلەنوێی دەق گەورەترین گرفتی ڕەخنەگری کوردە. کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ناشارەزایی ڕەخنەگر بەسەر تیۆرییەکانی سەردەم و تەنانەت ئەگەر هات و ڕەخنەگر خۆیشی بەم مێتۆدە تیۆریکانەوە تەیارکرد، بۆ خوێندنەوەی سەرلەنوێی دەقێک بێگومان داهێنان (Creation) پێویستە.١ واتە ڕەخنەگری کورد دەبێ داهێنەر بێ و بە شارەزایی بەسەر ئەدەبیاتی نوێ و کلاسیکی کوردیدا توانایی پڕاکتیزە کردنی مێتۆدەکەی لە دەقەکەداهەبێ. پاشان ئایا ئەو دەقە بەم کەرەسە و مێتۆدەی ڕەخنەگر هەڵبژاردووە دەخوێندرێتەوە؟ واتە دەکرێ ئێمە هەموو دەقێک بەهەرچەشنە مێتۆدێک بخوێنینەوە ؟ ئایا بە باڵای هەر چەشنە بەرهەمێکی ئەدەبی هەر جۆرە مێتۆدێک دەدوورد‌رێ؟ دیارە دەوری خوێنەری باڵا و دەقی کراوەش لەم پڕۆسەیەدا نابێ پشت گوێ خرێ. وەک نموونە شێعری شاعیرێکی کلاسیک واتە "ناڵەی جودایی" نەمر مامۆستا هێمن لە محەکی خوێندنەوەیەکی سەرلەنوێ دەدەین، بە کەرەسەیەکی زۆر ساکار.



پێویستە ئاماژە بەم خاڵە بکەم کە بۆ خوێندنەوەی سەرلەنوێی شێعری ناڵەی جودایی لەم کورتەمەجالەدا بەر لە هەموو شتێک ڕەهەندی دەرەکی شێعرەکە مەبەستە نەک چوونە نێو دنیای هونەری و فەننی و ڕەهەندە ژوورەکییەکانی، بۆ وێنە باس لە جوانکارییە هونەرییەکان و کایەکانی زمانی شێعر و... بۆیە هەوڵ دەدەم بە دەوری ئەم چەند ڕستەیەی هۆراسدا بخولێمەوە کە دەڵێ:" تەنیا ئەوەندە بەس نییە کە هۆنراوە جوان بێ، بەڵکوو دەبێ ئەو هێزە سێحراوی و ئەفسانەییەی تێدابێ کە ڕووحی گوێگر ڕاکێشێ بەرەو ئەو ویست و داخوازانەی ئامانجێتی." ٢بە پێی ئەم پێناسەی سەرەوە دەبێ ویست و داخوازی مرۆڤی کوردی ئەم سەردەمە لەم بارودۆخە ئەستەمەی ئێستادا چ بێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ گشت لایەک ڕوون و ئاشکرایە.

ئەگەر شێعر، دەبێ سێ توخمی هەست و خەیاڵ و فکری تێدا بێ٣، کە بە هۆی بوونەوەرێکی زیندوو بە ناوی زمان دێنەدی و دەبنە بنەمای ویست و داخوازییەکان (مەبەست تەواوی داخوازییە ئینسانییەکانە وەک داخوازیی ڕووحی و ڕەوانی، عاتفی، سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و...) بۆچی ئەم داخوازییە لە شێعری زۆربەی شاعیرانی ئەم سەردەمەدا لە چاو شێعری شاعیرانی ڕابردوو و تەنانەت بەر لە دەیەی نەوەد یەکجار نزمترە. ئایا ئەمە جگە لەوەیە کە خوێنەر ویست و داخوازییەکانی خۆی -بە وتەی

هۆراس - لەو شێعرانەدا نابینێتەوە؟

بەداخەوە زۆربەی شێعرەکانی بەرەی ئێستا زۆر و بۆر و درێژدادڕن، کە هیچ چەشنە یەکێتییەکی بابەتی و ئۆرگانی تێدا نەپارێزراوە. شێعرەکان بوونەتە کۆپیکردن و لاسایی کردنەوەیەکی ناشارەزایانە. ئەم شێعرانە شێعرگەلێکی بێ سۆز و چێژ و پڕ لە گرێوگۆڵ، تەماوی و ڕەشپۆش، ئاڵۆز و هەوسارپساو، بەدوور لە مانا و لۆژیک و جوانی و خەیاڵ و ڕیتم و هارمۆونی ناوەکی و مۆسیقا و هێزی زمانن.٤ ئەم شێعرە تەجریدییانە لەبەر بێمانایی، وەک شێرکۆ بێکەس دەڵێ: لە قوولەی گۆشەگیری دوور لە واقع و لە خەڵک دەژین، هیچ کام لە توخمەکانی شێعرییان تێدا بەدی ناکەی، فۆرم بە شێوەیەکی یەکجار ناشارەزایانە پشووی لە ناوەرۆک بڕیوە و زۆرتر حاڵەتی گوتاری و ئابسترە بەخۆوە دەگرن تا شێعرێکی دینامیک وزیندوو. حەمە سەعید حەسەن دەڵێ: "ئەم شێعرانە زۆرتر لە گوتار نزیک دەبنەوە چون لەسەر بناغەی وێنە بڵێند نەبوونەتەوە."٥ بەڕاستی بۆچی شێعر ڕۆڵی جارانی نەماوە، دەرگاکان بهەژێنێ و کورسی سوڵتانە دیکتاتۆڕەکان بلەقێنێ و زوڵم و ستەم ڕەت کاتەوە. شێعر لە مێژوو، لە ویژدان، لە خاک و نەتەوە و مەبەستە پیرۆزەکان دابڕاوە. دیکتاتۆڕەکان بۆچی لە شێعرێک بترسن کە لە کاتێکدا خودی شاعیر نازانێ چی کوتووە و خوێنەرانیش لێی حاڵی نابن.٦

دەبێ ئەوەش بڵێم خۆ بڕیار نییە شێعر ببێتە بەیاننامەیەکی سیاسی ڕاستەوخۆ، بەڵام خۆگێل کردن لە ئاست کێشەکانی کۆمەڵگا تاوانێکی گەورەیە کە دواڕۆژ گەل و نیشتمان لە یادیان ناکا. ئەم چەشنە شێعرانە هیچ چەشنە ناسنامەیەکی نەتەوەییان پێوەدیار نییە، لە بۆشایی هاتوونەدی و بلقی سەرئاون. شێعری بێنیشتمان و خاک، درەختی بێڕەگ و مەلی بێهێلانەیە.٧

پاش ئەم پێشەکییە سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی شێعری لە پەیوەندی لەگەڵ وەرگرەکەیدا، ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ: بە گەڕانەوە بۆ شێعری شاعیرێکی وەک مامۆستا هێمن، حاڵەتێکی زۆر گرینگ دەبیندرێ، ئەویش ئەمەیە کە شێعری هێمن توانیویەتی بە تەواوی دەربڕی ژیار و شوناسی مرۆڤی کوردی سەردەمی خۆی بێت. هێمن لەگەڵ ئەوەدا کە تایبەتمەندی شاعیری خۆی پێوەدیارە، سەرچاوەیەکی گرینگی مەعریفی و ڕۆشنبیرییە لە سەردەمی خۆیدا. واتە کاتێک شێعری هێمن دەخوێنیتەوە تۆ لەبەردەم خوێندنەوەی قۆناغێکی مێژوویی یان ژیارێکی زۆر تایبەت و دیاریکراودای. هێمن شاعیرێکی بۆنەیی‌یە، یانی زۆر جاران بە بۆنەی جۆراوجۆر شێعری گوتووە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕووداوەکانی دەوروبەری سەردەمی خۆی کاریگەرییان لەسەر هەبووە. ئێستا پرسیارەکە: بۆچی شاعیری کورد لەم سەردەمە تایبەتە نەیتوانیوە ئەم ڕۆڵە بگێڕێ؟ وڵامی ئەم پرسیارەمان بە شێوەیەکی گشتی و ناڕاستەوخۆ لە پێشەکی ئەم وتارەدا داوەتەوە، بەڵام پێوەین بەکەلکوەرگرتن لە ئامرازێکی سادە و پراکتیزە کردنی لە شێعری ناڵەی جودایی مامۆستا هێمن وڵامەکە تۆختر بخەینە بەرچاوی خوێنەران.

دوکتور محەممەڕەزا شەفیعی کەدکەنی بۆ توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی شێعری شاعیرێک یان سەردەمێک نموودارێکی تایبەتی داناوە. ئەم نمووداره لە چوار هێڵ پێکدێ کە هەر کام دەربڕی چوار تایبەتمەندی شێعری شاعیرن. لەم نموودارەدا "زاتی شاعیر" خراوەتە ناوەندی ئەم شێمایەوە:

**هێڵی یەک**: ئەوپەڕی داهێنان و جوانکارییە هونەری و فەنییەکانە و دەگەڕێتەوە سەر پێناسەی توخمەکانی شێعر و ئەوەی سەبارەت بە خەیاڵ و زمان و ئاهەنگ و گرێ و فۆرم دێتە گۆڕێ.

**هێڵی دوو:** ڕادەی چوونە ناو خەڵک و هەروەها چین و توێژەکانی کۆمەڵگای سەردەمی ژیانی شاعیر و کۆمەڵگای داهاتوو و تەنانەت شوێنەکانی تری جیهان.

**هێڵی سێ:** دەگەڕێتەوە بۆ سەر چوونە ناخی عەواتیفی ئینسانی مرۆڤ.

**هێڵی چوار:** واتە پشتوانەی فەرهەنگی کە داگری فەرهەنگی ئۆستوورەیی، ئایینی، نەتەوایەتی، زانستی، فەلسەفی و تەنانەت باسە فۆلکلۆریکەکانە.

دوکتور کەدکەنی دەڵێ: ڕادەی درێژبوونی هەر هێڵێک لەم نموودارەدا پێوانەی دەسەڵاتی شاعیرە. بۆ وێنە: لە هێڵی ژمارە یەکدا جوانکارییە هونەری و فەنییەکانە قائانی زۆر بەرچاوە. لە هێڵی ژمارە دوودا واتە پەرەگرتوویی لە نێو کۆمەڵدا سەعدی بەرەوی پترە، بەڵام لە هێڵی ژمارە سێدا کە بوارە عاتفییەکانی مرۆڤە کەس قەرە لە قەرەی مەولەوی نادا، لە کۆتاییدا هێڵی چوار کە پشتوانەی فەرهەنگییە خاقانی بەرچاوترە. ئەگەر شێعری نالەی جودایی هێمن بەم پێوەرەی دوکتور کەدکەنی لە قالب دەین هەر چوار هێڵی نموودارەکە لە ڕادەبەدەر درێژ دەبنەوە، بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە بە پێی چوار هێڵەکە لە شێعری ناڵەی جوادیی چەند نموونەیەک دێنینەوە:

هێڵێ یەک واتە جوانکارییە هونەری و فەنییەکان:

ئەو کەسەی بمژێ خوناوەی گەردەنێ
کوفرە یەک قەترە شەرابی گەر دەنێ
بۆیە نالەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە
ئەو کەسەی نەیبینی هاتی دوژمنی
نیری یەخسیری لە ئەستۆ دارنی

هێمن یەکێک لەو شاعیرانەیە کە هەرچەند بە شێوەیەکی کلاسیک دەنووسێ، بەڵام ناوەرۆکی شێعرەکانی یەکجار نوێیە و بناغەی شێعرەکانی لەسەر وێنە دامەزراوە. لە لایەکی تریشەوە لە سەنایعی هەمەجۆری ئەدەبی وەک: جیناس، ئیهام، تەزاد، خوازە، تەشبیە و... لە خزمەتکردن بۆ تەسویری ناب کەلکوەردەگرێ. خاڵێکی گرینگی تر ئەوەیە کە هێمن وشەی مردوو زیندوو دەکاتەوە واتە گیانبەخشی بە وشە. وشە لە پێکهاتە و داڕشتی شێعری هێمندا وەها سەقامگیر دەبێ کە زۆر جار باری ماناییەکەی دەکەوێتە سەر شانی و دەبێتە ناوەندی ڕاڤە. ئەگینا وشەی "ئەدی" تەنانەت لە ئاخاڤتنی ئاساییشدا ئێمە بە هەندی وەرناگرین کەچی هێمن دەڵێ:

خەم ڕەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی؟!

هێڵی دوو، پەرەگرتوویی لە ناو کۆمەڵدا:

ئەم هێڵە بەسەر سێ تاقمدا دابەش دەکرێ: خەڵکی ئاسایی، مامناوەندی و چینی تایبەت. واتە هەر سێ تاقم بە پێی هەست و ئاوەزی خۆیان چێژ لە شێعرەکان وەردەگرن، خەڵکی ئاسایی چێژی ئاسایی و چینی تایبەتیش چێژی ڕاڤە و لێکدانەوە. دیارە ڕادەی چوونە ناو خەڵکی ئاسایی شێعری هێمن لە ئاستێکی زۆر بالادایە و زۆربەیان وەک گۆرانی دەگوترێنەوە. ئەمە بەو مانایەیە کە شێعری هێمن نەک هەر بۆ چینی تایبەت کە خەڵکی ئاساییش پەیوەندی لەگەڵ سازدەکەن.

ساقیا! وا بادەوە، وا بادەوە
روو لە لای من کە بە جامی بادەوە
شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە
بانگی ئازادی و گڕووی یەکسانییە
شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە
تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم
دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم

هەروەها لە هێڵی دوودا شاعیر چون ڕووی دەمی لە مرۆڤایەتییە بەگشتی، دەکەوێتە کارتێکەری شاعیرانی دراوسێ:

"مست مستم ساقیا دستم بگیر!
تا نە افتادم ز پا دستم بگیر"
جا کە سەر خۆش بووم بە دەنگێکی نەوی
بۆت دەڵێم ئەو شێعرە بەرزەی مەولەوی
"بشنو از نی چون حکایت می کند
از جداییها شکایت می کند"
یان لەو شوێنەی کە ئاماژە بە شێعرەکەی مەولەوی دەکا و ڕاستەوخۆ دەیهێنێ:
"هر کسی کو دور ماند از اصل خویش
باز جوید روزگار وصل خویش"

هێڵی سێ: ئەگەر بڵێین کەمتر شاعرێکی کورد بەقەرا هێمن ڕۆچۆتە ناخی عەواتیفی ئینسانی ڕەنگە هەڵەمان نەکردبێ. هێمن تەنیا و تەنیا دەردی دووری لە وڵات و نیشتمان و یارانێتی کە ئازاری دەدا. هەر بۆیە ئەم دەردە هانیدەدا ناڵەناڵەکەی بخاتە ڕووپەڕی کاغەز:

پارچە گۆشتێکە دڵی من روو نییە
ناڵەناڵی من درەنگە زوو نییە

دەردی دووری، دەردی دووری، کوشتمی
دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی
یادی یاران و وڵاتم ڕۆژ و شەو
لێی حەرام کردم قەرار و خوارد و خەو
خەم ڕەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی؟!
نابینم خاک و وڵات و شاری خۆم
نابینم ناسیاو و دۆست و یاری خۆم
روو لە هەر لایەک دەکەم نامۆیە بۆم
نابینم جێ ژوان و کەونەلانی خۆم
شەو دەکێشم شەونخوونی و بێ خەوی
ڕۆژ دەچێژم دەرد و داخی بێ ئەوی

یان:

کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم!
ڕۆڵەکەم! خێزانەکەم! باوانەکەم!
ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە
ئێستە بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە؟
ڕۆژگار هاڕیومی وەک ئەسپۆنی ورد
هێز و توانای لێ بڕیوم دەردە کورد

هێڵی چواریش وەک هێڵەکانی تر پەرەدەستێنێ:

شێعری نالەی جودایی پشتیوانەیەکی بەهێزی فەرهەنگی خۆجێیان پێوەدیارە و لە ئەدەبی زارەکی واتە فۆلکلۆر بە باشی کەلک وەردەگیرێ:

ئەو کەسەی نەیهاڕی بەرداشی زەمان
ئەو کەسەی "زیڕەی نەگەییە ئاسمان"
ئەو کوڕەی هێشتا لە ژوانێ ڕێی هەیە
سەیرە زۆر سەیرە کە ئالوودەی مەیە
ئەو کوڕەی دۆی داوەتی دەستی دەنێ

بێتە ئێرە، چۆنە هەی دێی ناکەنێ؟
ئەو کەسەی "دەستی لە مەمکان گیر بێ"
ئەو کەسەی "تفلّی دڵی بۆ ژێر بێ"
"چڵکی دەستە ماڵی دنیا" وەک دەڵێن
ماڵ پەرست پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن

هەروەها لە دەکارکردنی کارەکتێری بەیتە فۆلکلۆرییەکان وەک مەم، لاس، شەمزین، سیامەند و برایمۆک تێکنیکی "همذات پنداری" دەگەیەنێتە چڵەپۆپە:

کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەک "مەمێ"
"یایە زین" لە کوێیە هاواری کەمێ!
کوا "قەرە تاژدین"، "چەکۆ" و "عەرفۆ" لە کوێن؟
بێنە هانام وەک پڵینگی چنگ بە خوێن
"لاس"ە شۆڕێک بووم غەنیمی دوژمنان
ئێستە ئەنگواوم بە تیری چڵکنان
وام بە تەنیایی لە نێو خوێنا شەلاڵ
کوانێ عێل و کوانێ "خانزاد" و "خەزاڵ"؟
زۆر لەمێژە نارە ناری منی نەبیست
هەر وەکوو "شەمزین"، "شەم" یلەی خۆش ئەویست
وەک "سیامەند"ێ لە چۆڵ و بەندەنێ
جەرگی لەت کردم پەلی دارەبەنێ
شەتڵی جواناوم منی سارده برین
کوا "خەج"م تا بۆم بگێڕێ گەرمەشین؟
"مانگی کانوونی بە چلوان دەرکرام"
وەک "برایم" لەو وڵاتە ڕاونرام
کوا "پەریخان" بەند و باوم بۆ بڵێ؟
بۆ نەسووتێم نەبمە پۆلووی سەر کڵێ؟
ئەو لە زۆزان، من لە ئارانێ دەژیم
کێ دەڵێ ئەمنیش وەلی دێوانە نیم؟

لە بەراوەردی شێعری هێمن لەگەڵ شاعیرانی سەرکەوتووی هی دوو سەردەمی جیاواز واتە (بەر لە هێمن) و (پاش هێمن) ئەگەر سێ هێڵی یەک و سێ و چوار ڕەچاو نەکرێ و تەنیا مەبەستمان هێڵی دوو بێ، واتە پەرەگرتوویی لە نێو کۆمەڵدا، بێگومان هەروەک

دەبینین درێژایی ئەم هێڵە بۆ شێعری هێمن بەرچاوترە، دیارە ئەمە بەم مانایە نییە کە توخمی شێعرییەتی هێمن لە شێعری شاعیرانی سەرکەوتووی بەرلەخۆی و دوای خۆی زیاترە، نا... تەنیا لەبەر ئەوەی ڕووی دەمی ئەم کورتەوتارە لە ڕادەی وەرگری شێعرەکانە واتە هێڵی دوو. ئەگینا ئەگەر هێڵی یەک واتە جوانکارییە هونەری و فەنییەکان مەبەست بێ کەس ناگاتە نالی!

بە هێنانی پاراگرافێک لە وتەکانی حەمەسەعید حەسەن کۆتایی بە وتارەکە دێنم: شێعر چییە ئەگەر ئاستی حەماسی میللەت بەرزنەکاتەوە؟ شێعر چییە ئەگەر وەک هێزێکی کاریگەر جەماوەر نەبزوێنێ و هوشیاری نەکاتەوە؟ شێعر چییە ئەگەر وا لە مرۆڤ نەکات کە هەست بکات گەورەترین سەرمایەیە و هیچ هێزێک ناتوانێ لەبەردەم خواستەکانیدا هەتا سەر ببێتە بەربەست؟ شێعر چییە ئەگەر سەفیری گەلەکەی نەبێ بۆ لای هەموو گەلانی جیهان؟ شێعر چییە ئەگەر بەشداری لە گۆڕینی واقیعدا نەکا؟ ٩

ئەگەر ئەمانە بە ئەرکی شێعر بزانین، ئەوا هێمن بە موو لە ڕێبازی شێعری ڕاستەقینە لاینەداوە... یاد و ئاسەواری هەروا گەش و زیندوو بێ.

لە ژمارە ٦٧٨ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٦**



# قەڵەمی "هێمن"ی موکریانی،پڕاوپڕ لە جیلوەی جوانی

**عەلی لەیلاخ**

**بە بۆنەی ٢٩ی خاکەلێوە ،ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن**

ئەوەی کە دەبێژن؛هونەر نەمرە، دەتوانین لە هونەرمەند و قەڵەمبەدەستانێک وەکوو "هێمن "مەهابادی زۆر بە ئاسانی ببینین و وەکوو واقعێک هەستی پێ بکەین.ڕاستە مەرگ جەستەکان دەشارێتەوە بەڵام یاد ونازناوی هونەری وشوێندانەریی خاوەن هەست وهزری جوانەکان کە یەک لەوانە "مامۆستا هێمن"ی شاعیر وشۆرشگێرە بۆ هەمیشە لە ئینجانی یادی ئۆگران ولە باخچەی کتێبخانەی کوردی بە بۆنخۆشی و بەڕازاوەیی دەمێنێتەوە.



٣٠ ساڵ بەسەر مەرگی ئەم نووسەرە جوانپەرەست وخەمخۆرە تێپەڕدەبێ کەچی ئێستاشی لە گەڵ بێ بەشێکی زۆر لە هۆنراوەو شێعرەکانی ئەم کەڵە شاعیرە لە گۆڵە گەزیزەی تازە شین بووی خاکەلێوە دەچێن کە لە داوێنی دیوانە شێعرەکانیدا بە نازوخەمزەی خەمڕەوێنەوە شنە دێ و کەرویشکەی کەلیمەکانی تائێستاش کاڵ وکز نەبۆوتەوە.

ئەو شێخزادە سابلاخییە چۆن بوو بە هێمن"ی کوردستان و بەشێکی زۆر لە شێعرەکانی بوون بە وانەی کوردایەتی و واتای ئینسانی؟!
"هێمن"لە دایکبووی قوناخێکی هەستیاری مێژووییە کە دەتوانم بڵێم بۆ کورد بەگشتی وبەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەردەمێکی تایبەت بوو.ئەو گۆش کراوی دەورانی زڕینی جمهووری کوردستان وهەر لە تافی لاویەتیدا سەوداسەری نیشتمانەکەی دەبێ و وەکوو "سەربازێکی ڕەند" هەتاکوو "دوا پشوودەبێتە ڕێبواری ڕێگەی عێشق وئازادی"

دەتوانین بڵێن وەکوو شاعیرێکی ڕۆشنبیر و بەدەرووەست بە گوتەی بەختیار عەلی: ئینتمای بۆ شتە باش وجوانەکانی کلتووری کوردەواری هەبوو،نەک بۆ هەموو داب ونەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگەی خۆێ ،هەر بۆیە لە زۆر بواردا دەنگی ئیعتیرازی خۆی هەڵدێنێ، بەتایبەتی لە پێوەندی لە گەڵ کێشەوگرفتەکانی ژنی کوردو چەقبەستوویی و پیاوسالاریدا چەندین نموونەی جوان وبەهێزی ئەدەبی نەخشاندووە.

ڕاستە لە ڕەوانبێژی و بێ پێچ وپەنای زمانی شێعری بەجۆرێک مێراتگەری "وەفایی"ە بەڵام لە بیرکردنەوەدا خاوەنی بیری سەردەمیانەونەریت شکێنە کە دەبێژێ:

**من تەشی ڕیسی وەکوو شیرینی وەفاییم بۆچییە؟**
**کیژی وریاو و چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ.**

نەتەوەخوازی "هێمن" نەتەخوازییەکی هزرمەندوئینسانییە،نەتەوە ویستێکی تۆخ وکەللە ڕەق نیە،بەڵکوو لە ئەوپەڕی سینگ فەراوانی وبیرۆکەی جوانەوە باسی "گەل"و"میلکان"ی خۆی دەکات وبەش بەحاڵی هەموو ئینسانەکان داکۆکیکاری مافی ڕەواو ئازادییە.

**"ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بەئازادی بژی**
**کەی گەلی داماوومات ودیل و یەخسیرم دەوێ!؟"**

خۆشەویستی نیشتمان وخەمی بن دەستی گەلەکەی و وردبینی وجوان بینی ئەدەبیی وراستبێژی هونەرمەندانەی لەلایەک و لەلایکتر ئاوارەگی ودەربەدەری و هەست بە خەمی رۆخێنەری بێ وڵاتی کردن ، بووتە هۆکاری مانایی وهەرمانی هۆنراوەکانی ئەم نووسەرە ناسک خەیاڵ ورەوشتبەرزە.هەربۆیە لە کوردستانی گەورە کەس نیە ناووناوبانگی ئەم شاعیرە شیرین زمانەی نەبیستووبێ.
ڕەنگە چلەپۆپەی هەستی شاعیرانەی "هێمن"لە ناڵەی جودایی"دا پێناسەبکرێ کە نارەنارێکی هەست بزوێن وهونەرمەندانەیە، لێوانلێوە لە شەڕابی وشەی ئاڵ وپڕاوپڕە لە پەپوولەی خۆشەویستی وزۆرجاریش دەنگی پرمەپرمی گریانی شەوانی غووربەتی لێوە دێ کە دەڵێ":

**"منیش ئەی بۆلبۆلی شەیدا وەکوو تۆم**
**وەها دوورم لە هێلانەو گوڵی خۆم"**

هیوابەخشین و مەیوس نەبوون و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی تارمایی خەمساردی لەسەر دەلاقەی چاوەروانی یەک لە تایبەتمەندییە بەهێزوکارامەکانی قەڵەمی "هێمن"ە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئیخلاق وهەستی پێشمەرگانەی ئەو نووسەرە کە هیچکات هەنگاوی باوڕی بەرانبەر بە کۆسپ وکۆستەکان شل نەبوون و هەردەم دەیگووت:

**تا بمێنێ هێزی لاق ودەست وپێم**
**دێم ودێم ودێم ودێم ودێم ودێم**

تەنانەت کاتێک وازی لە خەباتی شاخ هێناو گەڕایەوە بۆ "شار" بە هەڵسەنگاندنێکی بیرمەندانە دەستیکرد بە چالاکیی فەرهەنگی وهەڵکردنی چرای رووناکی بەخشی"سروە". هەرچەند لەم بارەوە تانەوتوانچی زۆریان وەپاڵ خست، بەڵام بەرهەمی ئەو خەباتە فەرهەنگیە لە پانتایی کوردستان کە هەمان گەشەی چاپەمەنی کوردی وهاتنە مەیدانی دەیان وسەدان نووسەری کوردە بە جوانی دەبینین و زیاتر پەی بەهەستی کوردانەو بیرمەندانەی "هێمن"ی خەمخۆروشاعیردەکەین.

ئەم شاعیرە دەروەست وهەست بزوێنە هەر لە وەرزی بەهار گیانی شاعیرانەی پێشکەش بوو بە سروشت وجوانی خاکەلێوەی نیشتمان و بۆ بە"هێمن"ی هەرمانی کوردان.

یادی بە نازونیازبێ.

.......................

ژێدەر؛نالەی جودایی دیوانی ماموٚستا هێمن

پاشەرۆک؛ کۆمەڵە شیعری ماموٚستا هێمن.

لە ژمارە ٦٧٨ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٦



# مامۆستا «هێمن» لە دوو دەلاقەی هیوای ئیدئۆلۆژیک و ڕەشبینیی فەلسەفییەوە

یوونس ڕەزایی

هێمن لە دەگمەن شاعیرانی نیوسەدەی رابردووی کوردە کە زۆر یەک لە شێعرەکانی هەڵگری فەلسەفەیەکی تایبەتن. لە شێعرەکانی



وەک «ئارەق و تین» کە تێیدا بەرەو رئیالیسمی سووسیالیستی هەنگاوی ناوە، تا ئەو شێعرانەی کە هەست دەکەی لە دۆخی زۆر سەختی کۆمەڵایەتی ئەو کاتی کوردستانی ئێراندا، هەڵوێستی فیمینیستییان پێوە دیارە. واتە هاوکات کە خەریکە شێوازی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە »ئارەق و تین»دا شی دەکاتەوە و دەیانداتە بەر ڕەخنە، لە باسی ئابووریی نەخۆش بە دەست سەلەمەخۆر بۆ چەوساندنەوەی هەژار، داپڵۆسینی نەخوێندەوار بە دەست دینیارانێک کە نیچە گوتەنی رق و قینی کۆمەڵگایان لە دڵدایە، باسی گزیر و چەوساندنەوەی خەڵک لە لایەن دەستەڵاتی زاڵی فیۆدالییەوە،(هێمن:٢٣١) لە وەها دۆخێکدا شیعری «ئارەق و تین» وەک بناخەیەکی بیری نوێ دەخاتە روو.

لە ریالیسمی سووسیالیستیدا جەخت لە سەر واقع و هێنانە بەر باسی ژیانی خەڵکی رەشۆکی و دەستکورت یا بندەست، لە بەرانبەر سەردەستەکان دایە. هونەرمەندی ئەو شێوازە، بە دەست خستنە سەر کێشەی ئەو چینە لە کۆمەڵگا و هەڵبژاردنی زمانێکی تەبا لە گەڵ تێگەیشتنی ئەوان، خەڵک بەرەو کار هاندەدا، بە واتایەکی دیکە کار و راوەستان بە دژی چینی سەردەست یەکێک لە بناخەکانی ئەو شێوازەی خوڵقاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان بووە. لایەنێکی دیکەش کە لە شێعر و چیرۆکی ئەوتۆدا رەنگ دەداتەوە، روانینی ئیدئۆلۆژیک و بە جەماوەری کردنی ئەدەبیات و هونەرە.(عطایی: ١٣٨٨) جودا لەوانە زۆر بابەتی وەک دژایەتی لە گەڵ سەرمایەداری، گەشبینی مێژوویی و باسی کرێکار و وەرزێڕ وەک خاڵی بەرچاوی دەقی سەر بەو وارە باس کراون.(هەمان سەرچاوە) بەو هۆیەشە کە ئەوان پێیان وایە هونەر چون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئینسانییە، وەک هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە شێوەی بەرهەمهێنان و دۆخی ماددی سەردەمی خۆی کاریگەری وەردەگرێ و تەنانەت پێیان وایە لە گەل گەشە و تێداچوونی شێوازی بەرهەمهێناندا، گەشە دەکا یا تێدادەچێ.( خسروپناه: ١٣٨٩) بەو پێیە ئەگەر چاوێک بە شێعری «ئارەق و تین»ی هێمن دا بخشێنین، دەبینین لە دوو بەشی یەکەمدا، پاش وێنەکێشانێکی شاعیرانە و لە هەمان کاتدا واقیعخوازانە، وەک نەریتی چامە کۆنەکان، بە سازکردنی کەشێکی شاعیرانە خوێنەر بەرەو مەبەستی سەرەکیی خۆی رادەکێشێ. بەڵام هەموو ئەو وەسفە شێعرییانەش لە زمان و وێنەسازییەک کە لە واقیع وەرگیراون لانادا. لە هەمان کاتیشدا ئەو خاڵانە دەخاتە روو کە هەستی جەماوەر دەیناسێ و تێیدەگا. لە وەسفی سروشتەوە بەو شێوەیەی کە جەماوەر دەیبینێ نەک بە وەسفێکی بۆ وێنە لە گوێن وەسفەکانی شاعیرێکی وەک «مەنووچێهری دامەغانی» یان تەنانەت «نالی شارەزووری» کە بەهارێک وەسف دەکا، لە زەینی جەماوەردا وێنەی نابینییەوە.

### گەرمی و تەڕی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە

پشکۆی گوڵاتەشین بە نەسیم بوو گەشایەوە
لالە کە مەجمەڕێکە بە با خۆش و گەش دەبێ
ناوی کە پڕ خەڵووزە بە شەبنەم گەشایەوە(نالی: ٤٥٨)

سروشتی ئەو شێعرە، سروشتی جەماوەرە و تەنانەت سروشت لە روانگەی ئەو بەشە لە جەماوەرە کە زیاتر کرێکار و وەرزێڕن. چون نیشانەکان ئەوانە بە دەستەوە دەدەن.

پێش ئەوەی گزینگی هەتاو
ترۆپکی جیا بنگێوێ
پێش ئەوەی شنەی بەیانیی
بسکی بەڕەزا ببزێوێ
پێش ئەوەی قاسپەی خاسەکەو
لە زەرد و ما دەنگداتەوە(هێمن: ٢٣٠)

تا وەسفی ئەوینێکی سەر بەو چینە. لێرەشدا نموونەی ئەویندار و نیشانەی ئەوینی لووکس و باڵادەستانە نابیندرێ. چون بڕیارە ئەوینێکی خۆماڵی و راستینی تیپێکی تایبەت بۆ خۆیان بنوێندرێتەوە.

پێش ئەوەی شەوگەڕی دڵتەڕ
وەڕەز بێ لە ماڵە و ماڵان(هێمن:٢٣١)
*
پێش ئەوەی بێری شل و مل
چاوی خەواڵوو هەڵێنێ (هەمان)

تا دەگاتە ئەو چین یان چینانەی بە مەنتیقی شێعرەکەی لە باری ئیدئۆلۆژیکەوە پێویستە لەبەرانبەریاندا رابوەستێ. ئەو چینانەش کەسانێکن کە لە دژی بەرژەوەندی چینی کرێکار و دروێنەوان و وەرزێڕانی دێهاتیدا لەمپەرن. حاجی سەلەمخۆر کە لە باری مادییەوە خەڵک دەچەوسێنێتەوە، کەسانێک کە لە بەهەڵەدابردنی تێگەیشتنی خەڵکدا کاران و نموونەکانیان لە ئەدەبیاتی کۆندا بە شێخی ریایی و ... ناسراون، گزیر وەک نوێنەری چینی سەردەست و باسکی سەرکوت و ... پاش خستنە رووی ئەو وێنانە لە سیستمی لە روانگەی شاعیرەوە نەخۆش و ناخۆشی ئابووری و بەرهەمهێنانە، کە سیستمی دڵخوازی خۆی وەک شاعیرێک کە هەڵگری ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتە دەخاتە روو. ئەو کاتەیە کە دەڵێ من هەموو ئەو دیاردە نەرێنییانەی ژیانم وەلاناوە و لەو بەری ئەوانەوە:

من کاوی خۆم لە کار دیوە

**من جەرگی زەویم دڕیوە**

**من شێلەگەم هەڵبڕیوە**

**من یەک سەریم ئاخنیوە**

***

**من جووتیارم من جووتیارم**

**من لەگەڵ هەتاو هاوکارم**

**من بە ئارەق و ئەو بە تین**

**دامانڕشتووە بناخەی ژین(هێمن: ٢٣٢)**

یا لەو کاتەدا کە ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، لەوپەڕی لاوازیدابوو، لە چەندین شێعری وەک وتووێژی کیژ و کوڕ(هێمن: ٩٠) گوڵی هیوا(هێمن:١٨٧) سنوور(هێمن: ٢٢٩) و... ڕۆڵی ژن لەو ئاستە نەریتییەی دەباتە سەرتر و تا پلەی کەسایەتییەکی وەک «ژاندارک» بەرزی دەکاتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە زۆر دواتریش کۆمەڵگای نەریتیی کورد، دەرفەتی وای بۆ ژن نەڕەخساندووە. هەروەها ئەو شێعرانەی کە لە جەنگەی پەرەگرتنی بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە توندئاژۆکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا نووسیونی و باسی رووحی لێبووردەیی و تۆلێرانس لە ناخیاندا پەنگی خواردووەتەوە. باسی بەرابەریی ئینسانەکان و برایەتی گەلان، چ لە دونیا و چ لە ئێراندا و لەو رێیەوە ئاشتیخوازی، تەبایی گەلان، ئازادی و زۆر بیرۆکەی نوێی دیکە فێری «کیژ و کوڕ، لاو و گراوی، دڵبەر و دڵداری کورد دەکا».(هێمن: ١٧٠) بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە شێعری وەک «کورد و ئازەربایجانی»(هێمن: ١٣٩) بۆ لێک نزیک کردنەوەی ئەو دوو نەتەوەیەی ئێران و لە شێعری «بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ»(هێمن: ١٧٢) بۆ چارەنووسی هەموو خەڵکی ئێران کە بۆ ماوەیەک لە دەست ڕژێمی پاشایەتی قوتار بوون و شای پەهلەوی وڵاتی بەجێهێشتبوو بە پەرۆشە و ڕێی ڕزگار بوون لە دیکتاتۆرێکی هاوبەش دەستنیشان دەکا.

زۆر جاریش هەستێکی نێهێلیستی لە ناخیدا، دوای نسکۆ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەدیهاتووە و تاڵترین و لە هەمان کاتدا بەرزترین هۆنراوەکانی لەو کاتانەدا هۆنیوەتەوە. شێعری بەرزی وەک «سازی ناساز» نموونەی بەرزی ئەو چەشنە دەقانەی هێمنە.

ئەگەر نێهێلیستەکان حاشا لە هەر چەشنە ناسیاری و بوونێک دەکەن، یان ڕوانینێکی ڕەشبینانە بۆ دیاردەکانی بوون و ژیان دەخەنە ڕوو، ئەوە لەو شێعرەی هێمندا، هەموو ئەو دیاردانەی بۆ پێناسەی خۆی کەڵکیان لێ وەردەگرێ؛ ئەوپەڕی لاوازی و بێ کەڵکی و پەراوێز کەوتنیانە. واتە ئەگەر وەکی دەڵێن «ئیوان تۆرگنییەف» کە یەکەم جار لە کتێبی «باوکان و کوڕان»دا لەو دەستەواژەیەی کەڵک وەرگرتووە و وەک شێوەیەکی ڕەخنەگرانەی نەرێنی لەمەڕ گرێبەست و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ئەو شێوەیەی هەڵبژرادووە(علوی‌راد: ١٨) ئەوا هێمن گرێبەستە واتایی و نەریتە فۆرمییەکان، کە لە مابەین زەین و عەینی مرۆڤی کورددا شکڵی گرتووە تێکدەدا. وێنەیەک دەسڕێتەوە و یەکی دیکە دەنەخشێنێ، بەو جوداوازییەوە کە هەمان دیاردە و هەمان بوون لە دۆخێکی تایبەتدایە کە ئەو دەیبینێ و هەر بۆیە مانایەکی جودای لە ماناکانی پێشووی هەیە. لێرەدا هێمن پێناسەی خۆی لە قالبی هەموو ئەو دیاردە و شت و بووندارانە(هستوومند)دا دەبینێتەوە کە لە پانتایی بووندا یان واتایەکی تاڵیان هەیە یان کەڵکیان نییە و لە پەراوێزە تاڵەکانی بوونن. تا ئەو ڕادەیەی کە لە بوون و نەبوونی خۆشی نادڵنیایە. واتە شاعیر بە باسی ئەو بوونانە کە لە ژێر

نسێی بوونەکانی دیکەوە واتایەکیان بۆ دەبینیەوە، خەریکە پێناسەی جودا لە بوون/نەبوون دەخاتە ڕوو. لەو شێعرەدا کە شێعرێکی بە تەواوی بیر لێکراوەیە، سەرەتا بڕیاری خۆی داوە کە ڕەشبینانەترین شێعری خۆی بنووسێ. شێعرێک نیشاندەری بێهیوایی ئینسانێک لە ژیان و هونەر و شۆڕش و کۆمەڵگا و تەنانەت سروشتیشە. بەڵام بەر لەوەی خۆی و ڕەشبینیی خۆی دەربڕێ، بە لەبەر یەک ڕانانی دوو هەرێمی واتایی لە هەر کام لە بەیتەکانی ئەو شیعرەدا، حەول دەدا سەرەتا وێنەیەکی جوان و پڕ لە ژیان نیشان بدا، وێنەیەک کە بەشی بەرهەست و بەرچاوی بوونی شتەکان دەردەخا و دواتر ئەو دیمەنە بە کێشانەوەی دیمەنێکی ڕەش و پووچ لەو دیمەنەی پێشوو بخاتە ڕوو، بۆوەی کاریگەرییەکی زیاتر و بەرچاوتری لە سەر خوێنەر هەبێ. بۆ ڕوونتر بوونەوەی باس دوو دەستە لەو دیاردانەی لە شێعرەکەدان دەخەینە بەرچاو، دەستەی یەکەم ئەو دیاردانەن کە هەموویان لە ژیان و ئەدەبیاتدا جوانن:

بولبولی فەسڵی گوڵ، موغی ئاگر بە دەست و شادمان، نازەنینی تەڕپۆش، جێژوانی ئاوەدان بە دڵبەر و دڵدارەوە، شمشاڵی جوان و پڕ ئاواز، ڕیحانەجاڕی بۆنخۆش، ڕەشبەڵەک، قاسپەی کەو، دەفتەری شێعری پڕ لە شێعری پاراو، و ... لە بەرانبەردا دەستەی دووهەم ئەو دیاردانە دەگرنەوە کە حاڵەتی نەرێنی هەموو دیاردەکانی پێشوون بۆ وێنە:

بولبولی باڵشکاوی وەختی گوڵ، موغی بێ ئاگری شەوی یەلدا، سێبەری نازەنینی ڕەشپۆش، کونجی جێژوانی خامۆش، دەستی بەربووی کچی شایی، کێلی گۆڕی شەهیدی گومناو، کونی گیراوی کۆنە شمشاڵ، چڵە ڕیحانی دوورە دێراو، سازی ناسازی هەڵپەسێراو و ... لە مابەین ئەو هەموو خۆشی و ناخۆشییەدایە کە لە بوون و نەبوونی خۆشی دڵنیا نییە و زۆر بەدگومانانە دەڵێ من نە تەنیا «وجوودیک نیم لە مابەین دوو عەدەمدا»، بەڵکوو گومانێکم لە مابەین بوون و نەبووندا. ئەوە ڕەشبینانەترین ڕوانگەی شاعیرە کە بە زمانێکی کاریگەر دەریبڕیوە.

«چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیم
خۆم گومانم هەیە کە هەم یان نیم»(هەمان: ٢٩٦)

لە هەندێک شێعریشیدا شانی داوەتە بەر ئەرکی هەستیار و قورسی ڕەخنەگرتن، لە ئاکاری سیاسییەوە بگرە تا ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و لە ڕەخنەی ڕەقیب و بەرهەڵستەوە بگرە تا ڕەخنە لە خۆ، بە هەر دوو واتا سیاسی و تاکە کەسییەکەیەوە. مامۆستا هێمن وەک ڕۆشنبیرێک بە پێی ناوەرۆکی بەرهەمەکانی هەرگیز لە بەرانبەر نالەبارییەکانی کۆمەڵگا تەسلیم نەبوو، بەڵکوو بە گرتنەبەری ئاراستەیەکی ڕەخنەگرانە لە بەرانبەر پێکهاتە پواو و سواوە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، لایەنی واتایی ئەو پێکهاتانەی دایە بەر ڕەخنە کە کۆمەڵگای بەرەو لاڕێ بوون یان لانی کەم پەسیڤ بوون و مانەوە لە دۆخی پێشوودا هاندەدا. ئەوە تایبەتمەندیی کاری ئەدەبیی هێمن لە قالبی شێعردایە. ئەویش لە سەردەمێکدا کە دەیهەوێ ڕۆڵی ڕۆشنگەر و ڕۆشنبیرێکی ڕەخنەگر و لە هەمان کاتدا بنیاتنەر بگێڕێ. ئەو واتایە ڕەنگە لە گەڵ پێناسەی ئەورۆیی ڕۆشنبیر تەواو تەباش نەبێ، بەڵام شاعیرێکی کورد کە ٧٠ساڵ لەوە پێش بە کوتکی ڕەخنەوە دەچێتە سۆراغی ڕووخاندنی بوتە فکرییەکانی کۆمەڵگا و لە لایەک بناخەی ئەوانە دەکۆڵێ و لە لایەک ڕێگای جودا لەوان نیشان دەدا، ئەگەر لە هەندێک شوێندا لە ڕچەی شێعرێش لایدابێ ئەوا لە سەر گەورە ڕێی ڕۆشنگەری و ڕۆشنبیریدا خۆی دیوەتەوە...(درێژەی هەیە)

## سازی ناساز

بولبوولی باڵ شکاوی وەختی گوڵم
هەر شەپۆلان دەدا دڵی لە کوڵم
کوردی بەندی بەیانی نەورۆزم
گڕی گرتووە دەروونی پڕسۆزم
موغی بێ ئاگری شەوی یەڵدام
چاوەڕێی چارەنووسی ناپەیدام
کەوی بێ دەنگی نەو بەهارانم
گوڵی بێ ڕەنگی چاو لە بارانم
کونجی جێژوانی چۆڵ و خامۆشم
سێبەری نازەنینی ڕەشپۆشم
دەستی بەربووی کچی گەڕی شاییم
هەستی خنکاوی لاوی سەوداییم
کێلی گۆڕی شەهیدی گومناوم
تاکەداری کڕووزی بێئاوم
دەفتەری شێعری شاعیری رووتم
شەمی سەر گۆڕ و داری تابووتم
کونی گیراوی کۆنە شمشاڵم
خەونی ئالۆز و خاتیرەی تاڵم
ژیلەمۆی ئاگری بەیانانم
باوکی فرمێسکم و کوڕی ژانم
باڵە سووتاوەکانی پەروانەم
شووشە بادەی بەتاڵی مەیخانەم
چڵە ڕێحانی doorە دێراوم
سازی ناسازی هەڵپەسێراوم
تکە ئاونگی سەر گەڵای زەردم
خەستە و دەردەداری چی دەردم

ئاخرین تیشکی خۆری پاییزم
شاعیری پیری تووڕە و زیزم
چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیم؟!

خۆم گومانم هەیە کە هەم یا نیم؟! (هەمان: ٢٩٦ )

- هێمن (٢٧٠٨) دیوانی هێمن موکریانی (سەرجەمی شێعرەکانی مامۆستا هێمن)، نووسیار: وریا حەبیب، سولەیمانی: پەخشانگای ئازادی

- علویراد، نسترن (١٣٩١) مفهوم و تاریخچه نیهیلیسم در فلسفه اروپایی، روزنامه رسالت شماره ٧٥٥٢

- خسروپناه، محمد حسین (١٣٨٩) سرآغاز رئالیسم سوسیالیستی در ایران، فصلنامەی زنده رود، شمارەی ٥٢، پائیز و زمستان

- هادی، روحالله؛ عطایی، تهمینه (١٣٨٨) مبانی زیبایی شناختی رئالیسم سوسیالیستی، مجلەی علمی پژوهشی زبان و ادبیات فارسی

- نالی (١٣٦٤) دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عەبدولکەریم، ارومیە: مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٦



# ژیان و خەباتی شاعیری مەزنی گەلەکەمان

## وسوەکەل هەواڵ نێر

### (مام هێمن )

شاعیری ناو داری کورد لە ئەدەبی کوردی دا نیشانەو ڕێزیکی زۆری بۆ خۆی بەدەست هێناوە. شارەزایو زمان شیرینی ئەو کەڵە شاعیرەی کورد لە بواری نووسین خەرمانی ئەدەبی گەلەکەی دەوڵەمندو پڕپیتوو بەرەتکرد وە. باوەر ناکەم کەسێک هەبێت کە بەزاراوەی سۆرانی بتوانێت بەخوێنێتەوە هەوڵی وەدەست خستەنی دیوانە شێعرەکانی( مام هێمن )ی نەدابێ و نەخوێندبێتەوە.! شێعرو پەخشانەکانی (مام هێمن) وئەو زمانە شیرین و پاراوەی پێ ی نووسیوە ،ئەو راستیە مان بۆ ئاشکرا دەکات کە( مام هێمن) یەکێکە لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کورد سەردەمی خۆی داوتریش تا ئێمەو دوای




ئێمەش. شێعرەکانی (مام هێمن) هەرزۆر زوو لە سەرەتاوە دەچنە ناو گۆرەپانی ئەدەیبی و پڕکردنەوەی کەلێنێکی مەزن لە مێژووی کورد،( مام هێمن )هەموو شێعرو پەخشانەکانی هەڵ قووڵاوی ناو ئازارو داگیر کاری و رەنگی ئارەقەو ئەرکی بێسەمری گەلەکەی نیشان ئەدات. هەر ئەوەش وای کردوە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە شاعیری شۆڕش گێرو هەژاران بەناسرێ و لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەردا خۆشەویست بووە، کاریگەری زۆری بووە وشعرو سروودەکانی هاندەرێک بوون بۆگەرمووهوری خەبات لە پێناوی رزگاری خوازانەی گەلی کورد لە رۆژ هەلات وباشور. وە پارچەکانی تریشدا.

(مام هێمن ) بەیەکێک لە هەرە شاعیرە بەرزەکانی گەلی کورد لە سەدەی" ٢٠" دا ئەژمار دەکرێت. بەسەدان کەسایەتی ناوداری کورد نووسەر، مێژوونووس، شاعیر، هونەرمند، رەخنەگرو، سیاسی لە هەموو جینو توێژێکی کۆمەڵگای کوردستان لەسەر ژیان و خەبات و هەڵبەستەکانی ئەو خەم خۆرە مەزنەی نەتەوەکەمان دواون و، بەن کۆڵ ومەشتوومالی شێعرکانیان کردووەو دەیان و بەگرە سەدان لێکدانەوە وەتاری بەنرخ و پێدا هەڵدانیان بەسەرئەو کەڵەشاعیرە دا هەڵداوە. تادەگات بە منێکی بێ خامەو بیر کۆڵیش، دەم هەوێت وەک وەفایەک جۆماڵێک بۆ گوڵجارو باخی ئیرەمی شاە شاعیری کورد بەکەم: من نالێم کەمی بۆ کراوەو دەم هەوێت شتێکی بۆ بکەم، تا بەلام پێم وایە بەر فراوانی ئەو گۆرەپانەی بۆ خەباتی سیاسی وشێعرو هونەری شۆڕشگێرانە و بەرنگار بوونەی بەکردەوە کە شاعیر بۆ خۆی داگیری کردوەو، زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ و نەک بەسەدان بەڵکو بەهەزاران قوژبنو کەلەبەر لە ژیان وئەدەب وکلتوری ئەو مرۆڤە مەزنەی کورد ماوەن کە هێشتا دەستیان لێنەدراوە و، کەس نەبوە تا ئێستا پەیان پێ بەبات و هەر وابەبێنازی ماوەن.

## زمانی نووسینی ( مام هێمن )

من: کاتێک بۆ یەکم جار ئاشنایەتیم لە گەڵ ناوی ( مام هێمن) و هەڵبەستەکانی پەیداکرد، هێشتا نەم ئەتوانی شێعرکانی بەخوێنمەوە و دۆستو برادەر بۆیان دەخووێندمەوە. بۆ یەکەم جار زستانی " ١٩٨٧"لە مارەدوێ بوو کە ناوی گەورە شاعیری هەژاران (مام هێمن )م بیست. باش لە بیرمە ڕۆژێک چووم بۆ لای هاورێیانی خۆشەویستم ( کاک سەدیق لیلانەی و کاک عوسمان ) ئەوان بە هۆی ئەوەی ئیشی سەر بێتەلیان دەکرد، هەر دوکیان چادرێکیان هەموو کۆمەڵێک پەرتووکیان لا بوو ، چەند گۆڤارێکی کاروان و بەیان نیشیان لابوو هەر بە گوێگرتن هۆنراوەیەکی ( کاکەی فەلاح) خۆشم ئەوێ: وە هۆنراوە یەکی مامستا ( عبدوڵا پەشێو) سەدان ساڵە: م لە




بەر کردن و تا ئێستاش بەباشی لە بیرم ماون، وە بەدوای ئەوەدا دیوانی تاریکو روونی ( مام هێمن )نم بینیو بۆ یەکەم جار ناوی ئەو کەڵە شاعیری کوردم بەرچاو کوت، وە هەر لەو ساڵەشدا بە بۆنەی دووی ڕێبەندان بووم بە کۆری سرودی یەکێک لە هۆنراوەکانی ئەو دیوانە شێعریەی ( مام هێمن ) و زیاتر لە دڵما شیرین بوو، ماوەیەک وەرم گرت بۆ خوێندنەوە، بەڵام چ بەخوێنمەوە کە خۆم نەخوێندەوار بووم ؟ ئەوندە لاپەرەکانم ئەم دیو ئەو دیو کردەبوو هەموویم ژاکاندە بوون، وە زۆر جاریش بە تکاو ڕەجا کەسێکم پەیدا ئەکردوو بۆی دەخوێند مەوە، کەریم قامیشەی لە هەموو کەس خۆشەویت ترو بار خۆشتر بوو بۆم ، ماموٚستای بەرێزم کە خۆم بە قەزداری ئەزانم و هەموو کات سپاس و ڕێزم بۆی هەیە وەک منی لە کوێری نەجات دا ئەویش ماموٚستا (جەعفەرە)کە لە زستانی ئەو ساڵەدا فێری خوێندن و نووسین بووم، وە هەموو کات کە دەستم بەتاڵ دەبوو (کەریم ) دەرسی پێم ئەوتم و پەرتووکی بۆ ئەخوێندمەوە، باشم لە یادە کتێبی بێ سەر پەرستانی بۆم دەخوێندمەوە جاری وابوو هەردووکمان بە یەکەوە دەگریان،








هەر لەو ساڵە دا هێندە گوێم بۆ شێعرکانی ناو دێوانی( تاریک و روون) و (ناڵەی جوودایی) گرتەبوو، بەتەواوی بە دڵمەوە چەسپابوو ناحەقیسم نیە شیرینی وپاراوی زمانی(مام هێمن) هەر بەتەنها بۆ خوێندەوارو زاناکان نیە، بەڵکو زمانێکی سادە و پەتی و ڕەوانە، بەزمانێک شێعری هۆنیوەتەوە کە کەسانی ئەدیب نووسەرەرو خوێندەواری کورد پێی خۆش بێ و هەم کەلێنی بۆ نەخوێندەواری کورد پڕ کردۆتەوە.( مام هێمن )یش هەر وەک شاعیرانی کوردی پێش خۆی زانویەتی دەردی نەخوێندەواری فەرزەی لە کورد بریوە. هەر بۆیەش هەوڵی داوە بەزمانی منێکی: شوانکارەی دێهاتی باسی " هەڵدێر وتەبیعەت و بێ خەمی " من: بەکات و لێی حاڵی بەم.



هەزار خۆزگەم بە خۆت شوانە کە بەو مانگە شەوە جوانە
دانیشتووی لە رژد و هەڵدێر پەنجە دەبزێوی لە بلوێر
دەگەڵ تەبیعەت هاودەمی شادی، بەکەیفی، بێ خەمی
( مام هێمن موکریانی ).

ناوی تەواوی (سەید موحەممەد ئەمینە ) کوڕی (سەید حەسەن شێخول ئیسلامی موکریان )لە نەوەی مالا جانی چۆڕی یە، دایکی ناوی زێنەب کچی شێخی بوورهان بووە. کە لە هەردووک سەرەوە وەچەی دووبنەماڵەی ناوداری مەهاباد وناوچەی موکریانە. لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان، بەهاری ساڵی" ١٣٠٠" هەتاوی بەرانبەر بە "١٩٢١" زاینی لە شەوی بەراتدا لە گوندی لاچین نزیک شاری مەهاباد لە دایک بووە. وەک خۆی دەڵێ:( لەبەختی ئەو دایکی شیر لە مەمکەکانی وەشک دەکاو سەفتاحی لە شیری دایکی نەکرد وە، و دایکیشی زۆرجار پێی ووتوە هەر کە تۆم وەسک کەوت، ئیتر لەشی ساغم بە خۆوە نەدیوە. تۆ پێوقەدەم رەش بووی کوێرەوەری و نەداری رووی تێکردین،! لەسەر مانگو ڕۆژی خۆم بووم کە ناچار بووین بار کەین وبەچینە لادێ. کاتێکیش تۆ لەدایک بووی نەمن: تەڵپی تر لە مەمکم دابوو نە باوکت سیپالێکی لە ماڵێ دا بوو. لەشکری شکاک ئێمەشەی وەک هەموو خەکی مەهاباد تالان و ماڵ وێران کرد.

ماڵێک کە "٣٠٠: ساڵ بوو بۆ باوکت بەمیرات بەجێمابوو.) ماوەکانی خوێندنی نارێک وپێک ولە زۆر شوێنی جیا جیا بووە، لە ساڵی "١٩٤٢"تا ساڵی "١٩٤٦" دامەزرانی کۆماری کوردستان ئەندامێکی هەرە چالاکی (ژ ک) کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد بووە، لە سەر دەمی کۆماری مەهاباد دا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە،( هێمن ) نازناوی ئەو کەڵە شاعیرەی کوردە. (مام هێمن ) لە پێشەکی دیوانە شێعری تاریک و رووندا لە سەر ئەم نازناوەی ئەڵێ: سیاسەت و شۆڕش و شێعر خێر یان بۆ من ئەو هێمنە بووە، کە لە کۆڵی ئەو ناوە دوورو درێژە (سەید موحەممەد ئەمین شێخول ئیسلامی) یە یان کردمەوە.(مام هێمن )گەرچی لە بواری سیاسی دا



کەسێکی ناسراو جێی موتمانە بووە. بەڵام چوونە ناو ئەدەبی رەسەن و شێعرو شاعیری شۆڕشگێرو نیشتیمان پەروەر و جوان پەرستی وخەبات بۆ دەرچوونی نەتەوەکەی لە ژێردەستی دەی باتە لوتکە، هۆنراوەکانی بە زمانێکی پەتی و ڕەوان نوسیون (مام هێمن )هەر تەنها شاعیر نەبوو، بەڵکو پەخشان نوسێکی هەڵکەوتوو جیرۆک نوسێکی بەتواناو گەورەش بووە، هۆنراوەی بۆ هەموو بوارەکانی

کوردایەتی وخاک وپەروەری ئازادی ژن و بەهارو جوانی وڵات وڕەت کردنەوەی زوڵم و زۆرداری و بەرەنگار بوونەوە هەیەو، لە سەرەتای تێکەڵ بەسیاتدا لە خۆشەویستەکەی دوور دەکەوێتەوەو، دەڵێ:

گەرچی توشی ڕەنجەڕۆی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن
ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم
ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن
گەر لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لە سەر هەردم ئەمن
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نیە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا ئەڵێم کوردم ئەمن

(مام هێمن) شاعیرێکی دڵ ناسک وجوان پەرست بوە. بەڵام لە گەڵ ئەوشدا عاشقێکی راستگۆو نیشتیمان پەرستێکی بێ هاوتای کێوو تەلان و بەندەن و بەردی کوردستانەکەی بووە، نیشتیمان و سروشتی وڵاتەکەی بەباشی ناسیوە و لەگەڵی دا پەروەردە بووە، بە زمانێکی گەلێک شیرین لەگەڵی دواوە، هەمووکاتێک نیشتیمانەکەی لە یادە وەک خۆی دەڵێ :

لەشاییدا لەوەخی هەڵپەرنیا لە خۆشیدا لەکاتی پێکەنینا
لە کۆڕی ماتەم وگیان وشینا ئەمن ئەی نیشتیمان تۆم هەرلە بیرە

(مام هێمن ) لە بەهاری کوردەواریدا ئەوندە بە زمانێکی سادەو کوردیەکی پەتی بۆ مان دەدوێت، کە بەبڕوای من: هەرچی لەسەر بەوترێت هێشتا کەمەو لە ناسکی ماکە شێعریەکەی کەم دەکاتەوە، دێت جوانی وسروشتی شینی بەهار لەگەڵ ئازارو خوێنی ڕۆڵەی نیشتمانەکەی تێک هەڵ دەکێشێت و کۆری شینی بۆ دەگێرێت .



بەهاری کوردەواری سوورو شینە
لەدەورەی تەرمی خوێنین کۆری شینە
کە پێت خۆشە بەهاری کورد بەبینی
وەرە گوندی قەلاتانم بەبینە

(مام هێمن ) شاعیرێکی زۆر وەرد بینین وجوانی خووڵقێن بووە.لە هەر شوێنێکو سەرنجی هەر بابەتێکی دابێت ،کوتو پڕو بەرگێکی ناسکی لەبر کردوەو کردوویەتی بە کەرەسەیەی شێعری بەنرخی بێ هاوتا، ئەوەتا لە دووری ئەو وێنە جوانایەی لە گوندو کوێستانەکانی کوردەواری بینی و نیو بە ئەمانەتەوە پاراستونی و لە ( شەنگەبێری )دا یادێک لە سالانی رابردووی دەکاتەوە دەفەرموێت:



شەنگەبێری ساڵی ساڵان لە کوێستان لەناو مەری
بۆ مەر دۆشین هەڵت دەکرد ئەو باسکی سپی مەرمەری
لەبەر هارەی گۆبەرۆکو کرمە کو گوارەو ژێرچەنە
نیوەرۆیە لە بەر بێریّ کوّری مەری ڕادەپەری

(مام هێمن) وەک هەموو مەرۆڤێکی ئاسی و رەنگە زۆر زیاتریش بە هۆی دڵ ناسکی وبیر روونیەوە کەسەنانی نەزیک لە خۆی خۆش ویستوەو ئارەزووی ئەویی بووە، لە گەڵیان بێ و ژیانێکی سەر بەرزانەی ئەمروو نەژی بەسبوە، ئەو زۆر بەرفراوان تر روانیویەتی و ئارەزووی ئەو بۆ گەلەکەی لە خێزان و رۆڵەکانی زۆر تر هەستیان هەژان دووە، نەموونەیەک لە (فەریشتەی پەریوە) و زۆر هەڵبەستی تریش ئەو ڕەنگدانەوەی پێوەدیارەو نیشانی دەدا کە لە ناسین و ناساندنی سروشتی کوردستان و جوانییەکانی دا چەندە شارەزا و مامۆستایە. بەر لە نەوەکانی و خێزانەکەی بیری وەڵاتەکەی دەکات و دەڵێ:


مامۆستا هێمن - ناسر رەزازی - نەجمەدین غولامی

کوردەواری ئەی وەڵاتە جوانەکەم
ڕۆڵەکەم خێزانەکەم باوانەکەم
ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە
ئێستێ بەم بینەن ئەرێ دەم ناسیەوە

(مام هێمن )لەگەڵ سروشت گەورە بووە و جوانی و شیرینی سروشتی کوردستانی خەستۆتە ناو پەرەی کتێبەکانەوە بۆ ئەوەی بەنەمری بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەپارێزێت. (مام هێمن ) سروشتی کوردستانی وەک خۆی بینی وە، نەک هەر بینیویەتی باشتر وایە بەڵێم : پەرپەناخ و هەستی لەگەڵی تێکەڵاو بووە،



نیشتیمانی کوردەواری بە بەهەشتە زانیوەوهەر بۆی لە گەران دابووەوبەبردەوامی بەشوین جوانیەکانی دا گەراوە. وای زانیوە کە هێشتا شووێنێکی جوان ترو بەهەشتێکی تر ماوە کە ئەو نەی دیوەو هەر بە شوێن یا گەراوە .بەنیازی چێژو خۆشی لێورگرتن بووە.
وەکاتێکیش کە لێی دائەبرێ ودوور دەکەوێتەوە هاوارو ناڵەیەک لە دەروونیا لەدایک دەبێت و دەی کاتە دیاری بۆ نەتەوەکەی، ئەو دەچێت ئەو جودایەی لە نیشتیمان تێکەڵ بە نەی دەکات و لە ناڵەی جودایی دا دەفەرمووێ:

نامەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوەمەچۆ!
تۆفریوی زێروزیویوان مەخۆ!

ئەو هەوەسبازانە جێی متمانەنین
هەردەزانن گوڵ چنین وبەی ڕنین !
گوێم دەیە ئەی دیدە مەستی قیت و قۆز!
تابناڵێنم وەکو بلوێر بە سۆز!
نابێ قەت ناڵەی جودای بێ ئەسەر
جاچ نەی بیکا، چ پیاوی دەر بەردەر !
بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم پێیە،نەی نەیکردووە
دەردی دوری، دەردی دوری کوشتمی
دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی !
یادی یاران و وڵاتم، ڕۆژ وشەو
لێی حەرام کردم خورد وخەو
خەم ڕەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ! ئەدی ؟!
نابینم خاک ووڵام وشاری خۆم
نا بینم ئاسیاو دۆست وياری خۆم !


(مام هێدی)و(مام هێمن)

(مام هێمن) لە هەموو هەڵبەستە شێعریەکانیدا دەردو وژانی زۆرەو هەر جارە بەجۆرێک باسی دەکات و خەرمانی خەمەکانی لە دووتوێی زۆرسەرەنج ڕاکێشو سەیردا دەر دەبرێت، کاردانەوەی زوڵموزۆر لێکراوی نەتەوە کەی لە هەر دێرە شێعرێکیدا ڕەنگ دانەوەی ئەو بارە قورسە بەر چاو دەکەوێت و دەڵێ :



کیژو کوڕبگرن لەدەوری گۆری هێمن ڕەشبەڵەک
من کە شینگێری شەهیدان بووم لەکوێ شینم دەوێ ؟!

(مام هێمن )لە گەڵ ئەوەی کە مەرۆڤێکی هەست ناسکو هوونەر وەرو جوان پەرستەو ڕەقی لە شەرو کێشەو دووژمن کاری بووە .بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا لە سەر مافی خوراوی گەل و وڵاتەکەی بێدەنگ نابێ و هێزی بەرنگار بوونەوەی دەوێت، یەکێک لە ئارەزووەکانی ئەوەیە کە گەلی کورد هەرجی زووتر لە ستەمی نەتەوایەتی ڕزگاری بێ، بۆ نەجات بوونی ئەو ستەم و وێران کاریانەی نیشتیمانەکەی، بیرو بەرواو تفنگ و مەشتی ئاسنینی بە تاقەت بە سەرچاوەی ڕزگار بوون دەزانێ ، بێدەنگیورازی بوون لە ئاستی دەست درێژیەکانی داگیر کەران، بە کارەساتێکی زۆرماڵوێرانکرو بەدبەختی و کوێرەوەری و بێ بەشی دەزانێ دەڵێ :



لاشەرەم کوابەت فەرم ؟ ئەما لەسەر مافی رەوام
دەست و چەک ئیمان و هیواو هەستی ئاورینم دەویٚ
بــۆ نەجاتی نیشتیمانـــی خۆشــەویستی کــاولم
کارگــەرو جووتـــیٚری ئازاو مەســتی ئاسنینم دەویٚ
سەختو ناهەمواره ئەم ڕێـــگایە کـــوردی کــۆڵنەدر
بۆ خەباتێـــکی درێـــژ خایەن گـــورو تینم دویٚ
بۆ خەباتــی هاوبەشــویەک رەنگــوتوندو تیژی کورد
لاوی ئـــازادەوبەکارو تـــیژی سەنـــگیـــنم دەویٚ
دوای نەجـــات بۆ ئاوەدانی خۆشـــی خاپووره وەلات
کـــۆمەڵێـکی تاکـو وەریاو پاکـو وەرد بـــینم دەویٚ

له مێژووی کۆنو نوێی گەلەکەمان دا ئەو هۆنەرانەی زۆر پەرۆش بـوون بـۆ خوێنـدن و زمـانی دایکی نەتەوەی کورد کەم نین .وە (مام هێمن) یەکێک بووە لەو شاعیر بە ئەمەکانەی گەلی کورد ە ، کە زۆر پەرۆش بوە بۆ ئەوەیە کە لـه کوردستان منـداڵانی گەلە کەی بە زمانی شیرینی کوردی وبە ئازادی بەخوێن و پـەرە بە فەرهەنگو کلتوری رەسـنایەتی خۆی بەدا ، (مام هێمن ) دەڵـێ : لەیەکم رۆژی چوون بۆ قوتـابخانەم رۆز ترسام وپێم خۆشنەبوو کاتێک مامۆستایەکی فارسی، کوردی زمـان و فارسی نەزان تێـی را خووریم و، من : لێـی تێنەگیشتم و منداڵە هـاو پۆلەکـانم گاڵتەیـان پێم کـرد .(مـام هێمن ) ئەو ئـازارەی لە گەڵ خۆیـدا مەزن کـردوەو لە بیـری نە چۆتەوە وخەمی بۆ هەزارانـی وەکو منـی: نەخوێنـدەوار خـواردوە .وەلە گەڵ ئەوەشدا کە نەی توانیـوە سەربەسـتانە ئەو گەنجینـە بەنـر خـانەی ویستوویەتی بۆدەوڵەمنـد کردنـی ئـەدەبی نەتـەوەکەی بڵاو بەکـاتـەوە، بەڵام هەستی بەوە کـردوە کە مـافی کلتـورو فەرهـەنگی گەلەکەی پێشێل دەکرێ و ئەو رۆژ گارەی تێی دا ژیاوە بە رەشی زانیوە، هەر بۆیە بەم شێوازە باسی دەکات و دەڵێ:

داخرا دەرکی ڕۆژنامـە شکاون نووکی خامە
کوردی نووسین حەرامە دوژمن دەڵی بێ تامە

(مام هێمن) نیشتیمان وزمانی نەتەوەکەی خۆی زۆر خۆش ویستوە. ئەم خۆشەویستیەی بـۆ نەتەوەکەی کە بەڵـێم: تـا لـوتکەی پەرستن بووە. هێشتا کەمەم گوتوە : بەڵام لە گەڵ ئەوشدا کینەو دڵ رەقی نەبووە بـۆ هیچ کـام لەو کەمە نەتەونـانەی لە کوردستان ژیـاون ، بە ئەوانەشەوە کە هاوسنووری نیشتیمانەکەی بوون و گەلێک زووڵمو زۆرریشیان لە نەتەوەی کورد کردوە.کە بێیتو سەیری وشوبووشەی شێعرەکانی بکەی لەسەر داگیر کەران وخوێن رێژانی لاوانی کورد ومالٚ وێران کەرانی وەڵاتەکەی لە هەموو هەڵبەستەکانی( مام هێمن) دا هیچت بەرچاو ناکەوێت کە باسی نەتەوەیەکی تری بە خەراپکردەبێ ، نەگەلی کورد بە کەم بینیوە ،نە سووکایەتیشی بەتەوەیەکی ترکردوە ، بەڵام هەموو کـات گەلـی کوردی بە گەلێکی قارەمـان وگیـان لە سـەر دەستو شۆڕشگێرو خۆبەخت کەر بـۆ وەدەست هێنـانی مافەکانی زانیوەو.

یەکێک لە نەزیک ترین هاورێکانی کە لە دەورانی غوربەتیشدا پێکەوە بوون ( عەبدوڵای حەسەن زادەیە) مرۆڤ کاتێک کەمێژوو دەخوێنێتەوە دەبێت بەویژدانەوە لە مێژووی نەتەوەکەی بروانێت، نەک هەستێت لەبر جیاوزی بیرووباوەر خۆی قەرزداری مێژووی نەتەوەکەی بکات! بۆیە بە ویژدانەوە دەڵێم ئەم کابرایە (ع ح) مەزنترین خزمەی بە فەرهەنگی نەتەوەی کورد کردوە زاناو زمان زانێکی بلیمەتی سەدەی و بیستویەکە، لە سەر (مام هێمن) دەڵێ: هێمن موکریانی کەم سیاسی بوو بەڵام یەکێک گەورەتری شاعیرانی سەردەمی خۆی و شێعری هێمن قوتابخانەیەکە بۆ نەوەکانی نەتەوەی کورد .

وە شاعیری مەزنی گەلەکمان (شێرکۆبێکەش) دەڵێ: کە نالی بناخەی شێعری کوردی بێ، گۆران یش لوتکەی شێعری نوێ ی کورد بێ، هێمن یش داهێنەری پەخشانە شێعری گەلەکەیەتی .

(مام هێمن) تا لەسەری بەدوێی هێشتا کەمە، لە زۆر بەی شێعرکانی داو هەتا لە شێعرە دڵ داریەکانیشی دا کە رەنگیان داوەتەوە. لە دیوانی(تاریک و روون) داو لە هۆنراوەی (یادگاری شیرین) رەموو تەناف و سێدارە بە دڵ دارەکەی نیشان ئەدات بۆ کوشتنی چوونکا کوردەو کورد بەشی خەنکاندنە. دەڵێ:



چاوەکەم چاوی رەشی تۆ ئافەتی گیانی منە
گیانەکەم بەرژانگی تیژت نووکەرمبی دوژمنە
شیری دەستی شێری ئالایە بەرۆ راک شاوەکەت
جەرگی لاوێکی هەژاری کوردی وەرد پێ بنجنە
دیدەکەی بە خووماری تۆ تورکانە بەت مەستی دەکا
بۆیە مەیلی وا بە کێشەو فیتنەو خوێنرشتنە
بەژنەکەت سێدارەیە کە زیەت تەنافە زووبەدەی
بیخە ئەستۆی من کە کوەدم کورد بەشی خنکاندەنە
ژن و شێعر و( مام هێمن)

بەبڕوای من: تا ئێستێکانێ لە نێو شاعیرانی گەلی کورد هیچ کام لەو شاعیرانەی زۆر باسی ژنیان کردوە ناگەن بە (مام هێمن) ئەو لەم بەشەی شێعردا پێشی (نالی) کە بەنجینەی شێعری کوردی و مامۆستا (گۆران) کە بە لوتکەی شێعری نووی ی کوردی دادەنرێت و بەراستی واشەن، داونەتەوە. کە خۆیان فەلسەیەکەن لەمێژووی هاوچەرخی شێعرکوردی دا.

بەڵام (مام هێمن) نەهاتوە تەنها خۆی بە لایەنێکی ژنەوە خەریک بەکات کە جوانی و شۆخوشنگی و لەباریەتی بۆ پێدا هەڵدان لە پانتای شێعر دا. بەڵکو ژن لە شێعری (مام هێمن) دا رۆڵێکی گەلێک گرینگ و کەرەسەیەکی چارە نووس سازی خەباتی هاوبەشە. ئەوەتا لە سەر قارەمانییەتی و خۆراگەری کیژە تیکۆشەریکی کورد (لەیلا قاسم) دێتە دەنگو لەلایەک بۆی دەگریو لەلاک مێدائیا دەکاتە گردنی بەرزی و خۆراگری، لە (بەهاری زەرد) دا دەڵێ :

**بەهاری زەرد ( بۆ لەیلا قاسم)**





هەمیشە دەرد دەبینم دەرددەبینم
دۆری دوژمن، دەرۆی نامەرد دەبینم
مەگەر زەردایی ناکەن چاوەکانم
کە ڕەنـــگی نەوبەهاری زەرددەبینم

* * *

بەسۆزی با کە سکڵی دڵ گەشاوە
دەروون پڕ سۆزوفرمێسکم خۆناوە
لەدووی لەیلا بە واوەیلاو وشیوەن
دەڕۆم وپـۆلی شـــینگێڕم بەدواوە

بزەی هاتێ گوتی، ڕووناکە ئاسۆم
وەرەجەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوەپەت نییە مێدالی ئیفتیخارە
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم

* * *

ئەوەی بیست شاعیر وگریا بەزاری
ئەگەرچی بەستابوو لێو وزاری
گوتی :لەیلا هەمیشە پیەداری
لەژێر خاکا لە پێش چاون دیاری

* * *

کە تۆ تۆرای لە چاوان وەک خەوی من
لە بسکت ڕەشترە مانگەشەوی من
بڕۆ مەجنون بەلەیلای خۆت مەنازە
کە ناوبانگی پتر ڕۆیی ئەوی من

**لە ژمارە یەکی سروەدا لە بەهاری ١٩٨٥ چاپکراوە**

هەر چەندە راستە لە زۆر لایەنەوە جوانی ژن بۆتە سەر چاوەی هروژاندەنی هەزرو بیرو خەیاڵی شاعیر. من: زۆر کۆکم لەسەر ئەوەی کە دەڵێن: شاعیری سەدەی بیستی کورد (مام هێمن) جوان پەرست بوە. بێ گوما ئەوە راستە. بەڵام سەیر کەن چەندە شاعیرێکی زیرەک و وەرد بین بووە. هاتووە لە ناو دیوەخانی دیوانی شێعرکانی دا سروشتی چیاو کەژ وپێدەشت و لوتکەو بناری نیشتیمانی

کردووە، بە گوڵدانێک، چەپکێک گوڵی گوڵجاری هەردەو مێرگی لەناو داناوە. کیژێکی شلومەلی چاوبەکی لادێی بێمە کرونازی لەلا داناوە. لە جێی گوارە کردوویەتیە گوێی دەرس و پەند، لە جێی پشتێندی شل لەسەر سمتان کردویەتیە پشتی توند قەتاری فیشەک، لە جێی بەر گەردن و ژێر چەنە، میدالیای عشق و ئازادی کردۆتە ملی ئەوکێل گردنە .



یان کاتێک کچی پێشمەرگە دەبنێت چۆن مەست دەبت بەبێ شەراب و لە ( گوڵی هیوا)دا دەڵێ :

ئەختەر کچی کوردی چاومەست ئیلهام بەخشی شێعری پڕهەست

ئەی پێشمەرگەی میللەت پەرەست کـە دیـتمی تفـەنگ بەدەست

زانیم گوڵی هیوا پشکووت بـەیـانی ئـازادی ئەنـگووت

سەرانسەری دیوانی( مام هێمن) پڕە لە شێوازەو ئەو راستیەیە دەردەخا کە وێڕای تەبیعەت و ژیان و خەباتی گەلەکەی، ژنە کە(مام هێمن) بۆ شێعر گوتن هان دەدا. شێعرەکانی (مام هێمن) لـە سـەر ژن نموونـەی شێعری بـەرزی کـوردین. لـە ( کیـژی لادێ) دا بـە کچی کورد هەڵدەڵێ :



زامی جەرگی من بەفرموودەی گراوی سواری کورد

مەر هەمی هەرزەنگی گـوارەو ئارەقی بەر گەردنە

ئارەزوومە هەر هیچ نەبێ جارێکی ماچکەم زاری تۆ

ئارەزووی من چووکە ئەما هەتا بەفەرمو ی شیرینە

**(مام هێمن) و کۆماری کوردستان،**

(مام هێمن)ئەو کەسەیە کە دڵی زۆر بە کۆماری کوردستان خۆش بـووە،لە سەرو بەنـدی لاوێتـی دا بـووەو گـوروتینی هەوای شۆڕشگێری لەو پەری بەهێزو بەرزەفریدابوە، پێ دەچێت زۆر تریشی بە هۆ کاری ئەوە بووبێت، کە لە ناو کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دا بوەو زۆرێک لەو کەسانەی ناو کۆماری ناسیوە خۆشی ویستوون، وەک خۆی دەڵێ :



هەمووکـات کە چـۆتە شـار دەبـوو سـاڵاوی بـاوکی بە پێشـەواو کەسەناسراوەکانی مەهابـاد بەگەیەنێت. وە پێشـەوای بەر لە کۆمـار ناسیوەو

خۆشی ویست وە . وە پێشەواش ڕێزی گرت وە بە خاتری بـاوکی ،لە سەر دەمی کۆماری کوردستانیشدا هەوڵی داوەو شوێن پەنجەی دیار بەوشێوەش ،لەسە پێشەوا قازی مەحمەدی نووسیوە و دەڵێ :

هەر کورد نەبوو بەشەر بوو    خەمی خەڵکی لەبەر بوو
زانابوو، کوردپەروەر بـــوو    پێـــشەوا بوو، ڕابەر بوو

(مام هێمن) وەک بنە ماڵە پێگەیەکی بەرزی هەبووە، وەک ئاشکرایە لە کۆمەڵگای کوردی دا تا ئێستاش جیاوزیەک لە بەینی شێخان و سەید و میرو ئاغاوەتەکان دا هەر ماوە. تا دەگات بەو سەردەمی ( مام یمن)ی تێدا ژیاوە ،خۆشی لە پێشەکی تـاریکو ڕووندا باسی ئەومان بۆ دەکات: کە ویستویانە شوێنی مەماجانی چۆریـان بـۆ بەگرێتەوەو، بنەماڵەکەیـان کوێرنەبێتەوە، کەمتر ڕێگـای پێدراوە لە گەڵ منداڵە دراوسێو هاوتەمەنەکـانی خۆیدا سەر بەستانە بەژی و ئـارەزووی نـاو خۆڵـو قورو بازبازێنی سەر کۆگای کـای کـردوەو پێـی خۆشتر بـووە ، لـە پـاکو خـاوێنو دانیشتنی نـاو دیوەخـان. هەر ئەو ئـارەزوانەش وای لێکـرد وە، کە هـەر لـە سـەرەتاوە خـۆی جیـا نەکـردۆتەوە وحەزی لـە نـاو هەمـوو چینـو تـوێژێکی نەتـەوەی کـردوە. هەژاری و کەم دەرامەتـی کـۆمەڵ گـاکەی نەک بە چـاوی سـووک وکەم بـایەخ سـەر نەکـردوە بەڵکـوو ئەو جیاوازیانە بە هۆکـاری سـەرکەکی زانیـوەو ،وەک خـۆی چۆتە بەرەی خەڵـکە ڕەشوروتەکەو بە شێعر بەرنگاریـان بـۆتەوە وهـانی خەڵکی بەو شێوازە هوونەریە داوە تـا ڕازی نەبەن بەرهەمەی ڕەنجـو کاریـان نەخەنە دەسـتی کۆمەڵێـک خەڵکـی تەنـبەڵ و زۆردار . هـاتوە لەزمـانی جوتیارێـک یـان شـوان وسەپان یـان نیوەکـارێکەوە دەڵـێ: ( دەیلێیم وبـێ بـاکم) ڕوودەکاتە ئاغاو دەربەگو بە تنبەڵو دەزو لاسار و ڕێگرو ماف خۆری کۆمەڵ گا نیشـانیان دەدات .بۆ ئەوەی خەڵک لە و خەوە قووڵەی هەستێ و حازر نەبەن بەری ڕەنجیان شانیان بەتالان بەن بە ئاغاکان و، بانگی ئەوە ئەدات بە گوێیان دا کە هەموو چین و توێژێکی ناو کۆمەڵگای کوردەواری وەک یەک نوو کەس لە ژێر چەتری چینایەتیدا نە چەوسێتەوە و بە یەک چاو تەماشا بـەکرێن. وە پێـی وایە لە نـاو کوردا ئەوی یـاخی بـوون و زۆرداریە ئاغا کلتورێکی ناشیرینو دواکەوتوە، بۆیە پێی وایە ئەوە شێوازێکە بۆ ئابروو چوون و لای شەرمە بە خۆی بەڵێ کوردم و دەڵێ:



ماموٚستا هێمن

ئـــــەوی ئاغا بێ بێــــکارە    جـەبـوون و قــەڵس و لاسارە
دزی و ڕێ گرتـــــنی کــــارە    ئـــەمن دەیلێم و بێ بــاکم

لە شەرم و شوورەیی مـــردم    بە خۆم من چۆن بڵێم کوردم
کە ئاغا ئابڕووی بــــــــردم    ئەمن دەیلێم و بێ باکـــــم

(مام هێمن) ئەو شاعیرەیە کە لە شێعرەکانی دا بەباشی دەردەکەوێ، ڕەنگدانەوەی ئێشو ئازار و ژیانی قورسی خەڵکە ڕەشورووتەکەی وەڵاتەکەی و، بەتایبـەتی جووتیـاران و خەڵکی کاسپکاروزەحمەتکێشی گونـدەکان. وە خۆشـی کەسـێک بـووە، لـە نیزیکـەوە شـارەزاو ئاگاداری. ئەو ئارق ڕشتن ورەنج کێشانە بوە، جیا لوەوی وەک خۆشی دەفرمووێ: ( چاک خەریکی کاسپی بووم و زوو فێری کشت و کـاڵ بووم ) بەڵام لە گران و هاتوو چۆی زۆربە ناوچەکانی کوردستان دا زیاتر خەڵکی نەدارو هەژاری بینیوە. بەڵام ئەو هـاتوە ئەو ئـارق ڕشتن وهیلاک بوونەی لە بەر خۆرەتاوی تێکەڵ بە خۆرەتاوکردوەو دەیان کات بە بناخەیەکی بە هێز بـۆ بینـا کردنی ژیـانێکی شیرین

ترو شایستەتر و هانی ئەدات کە لە گەڵ خۆرەتاو دا دەی کات بە هاوکار بۆ درووست کردنی ژیان ،بەڵام زۆر وەستایانەو بە زمانی تەرو پاراوی سادەی جوتیاران خۆیان باسی نرخی(ئارە قوتین) و بەرهەمی خۆبەرێوەبردن بۆ کۆمەڵگاو و چەوسانەوەی زەحمەتکێشان وجووتیارانو گوند نیشاندا دەری دەبرێ و، بەشێوازێکی هێندە سادە بۆی باسدەکات کە لە ماناکەی تێدەگاو پێ ی خۆشدەبێت.



من جوتیارم، من جوتــیارم من لەگەڵ هەتاو هاوکــارم
من بە ئارەق و ئەو بەتــین دامان ڕشتووە بناغەی ژین
باسکی من و تیــشکی ئــەوی بژیو دەســتێنن لـــە زەوی
گەر جوتیار ئارەق نەڕێژێ گەر هەتاو تیشک نــاوێژێ ؟
دانیشتووی ناو کۆشک و قەڵا دەخۆن نانی گــەڵا گــــــەڵا ؟

کەسایەتی ومێژووی ژیانی سیاسی ومرۆڤ دۆستانەی (مام هێمن)

هەرلە چوار چێوەی قسەدانەبووە و، ئەوە نەبوە کە دانیشێ و لە دوورەوە. وەک چاوەدێرێکی بێ هەڵوێست تەماشای ژیان و خەباتی گەلەکەی بکا و بۆ خۆی پاڵی لێباتەوەو شێعر بنووسێ . (مام هێمن)خۆی پرشکێک بووە لەو ئاگرەی لە بیرووباوەرێکی شۆڕشگێرانەوە دای گیر ساندوەو مەشخەڵەکەی داوەتە دەست لاوانی وەڵاتەکەی. ئەو زۆر بەباشی شارەزای شێوازی ڕێبەری کردن بووە ،وای کردووە کە ئەو ئەرکەی وەک شاعیرێک دەکەوێتەسەر شانی چۆن هەڵی گرێت و شێعرەکانی ڕەنگدانەوەی شاعیری گەلێکی زۆرلێکراو ماف خوراوی پێوەدیار بێت و. دەڵێ:

من کە بێدەنگم ئەوێستا چاوەنۆڕی هەل دەکەم
هەل کە بۆم هەڵکەوت ئەنجا باسکی لێ هەڵدەکەم
زۆر بەئۆمێدی خودا لەو خاکە پاکەی دەر دەکەم
دووژمنە بێگانە ئاخر چۆن دەگەڵ وی هەڵدەکەم

گۆڤاری کوردستان ،ژمارە ٢.ساڵی یەکەم ،٣٠سەرماوەز ١٣٢٤

نەهاتوە تەنیا خۆی بە هەندێک وشەو لێکدانەوە وهۆنراوەی سروشت و جوانی قەتیس بەکات. بەڵکو ئەو سەرەتا خۆی وەک ئینسانێک نیشان ئەدات و هاوار بۆ مافی ئینسانی خۆی دەکات و دەڵێ: (ئینسانم ژیانم پێ خۆشە، پێم خۆشە لە شاری ئاوەدان بەژیم ،لە شەقامی پاکوو خاوێن، لەگەڵ خۆشەویتان بەگەرێم، پێم خۆشە لە ژووری گەرمووگور، لەسەر نوێنی نەرم وەرکەوەم ،پێم خۆشە سەر وەباسکێکی نەرموونۆڵکەم، پێم خۆشە کام خۆراک خۆشەلە پێشم بێ، کام شەراب چاکە لە جامەم بێ، بۆ چاکترین ئۆپێرا، دەم هەوێ بەرز ترین سامفۆنیم بۆ لێبەدرێ!، نام هەوێ دەر بەدەرو سەرگردان وبێ پەناو بێ بەژیو بەم، بەتەنێ لە کێو شاخدا بەگەرێم ،لە ئەشکەوتوو زەندۆڵ بەخەزێم، لەسەر بەردی رەق بەنووم ،قۆنداخی رەقوو ساردی تنفگبکەمە سەرین، پێم خۆشنیە لاقەفرتەو چنگە کرەی نیوە گیانان بەبینم، پێم خۆشنەیە بە تەقەی تفنگو گرمەی تۆپو هارەی راچەنێم بەڵام چیبکەم ؟کوردم، کۆیلەم ئەوانە هیچ ،

تەنانەت کۆژران و کوشتنم پێکۆیلەتی خۆشترە.)، بەڵام ئینسانێکە کە ڕووناک بیرە، هەستی ناسکە وهەست بە ئازارەکان دەکات، ئەو: کە کوشتنی پێ لە دیلی باشترە، و بروای بەیاخیبوون وبەرنگاری هەیە، زۆر بێ قەرارەو بەشوێن دەرفەتێک دا دەگەڕێت تا مافی ئینسانی گەلەکەی دەست بەخاتەوە. لێرەوە کەسایەتی شاعێریمان بۆ ساخدەبێتەوەو، بە مانای ڕاستی ودرووستی توانیویەتی بە سەر هەستەکانی دا زاڵبێت، هەر ئەوەش وای کردووە، و توانیویەتی بەرامبەر بە هەژاری و کوێرەوەری و بێ بەشی گەلەکەی لە مافەکانیان بێ لایەن دوورە پەرێز نەبێ. لە نێوان ڕاستی و درۆدا، لە نێوان هەق و ناهەقی دا هاتووە بە هەموو هێزو بەروایەوە ڕاستی هەڵ دەبژێرێ، و پێی شەرمەو ناتوانێ وەک تەماشاچێ بمێنێتەوە. بە هەموو هێزی خۆیەوە بەگژ ناداد پەروەریدا دەچێتەوە ،و بە نووسینی و شێعرە ئاگراویەکانی هەنگاوی ناوەتە ناو گۆرەپانی خەبات و سەربەرزانەو شان بەشانی گەلەکەی تاسەر بەرەو ئاسۆی ڕوون، تا تروپکی رزگاری .(مام هێمن )و شاعیری ،شێعری شۆڕشگێری و ( مام هێمن) لە کانگای خەبات وبیری گەلەکەی دا ئاوێتەی یەک بوون و، دەڵێ:



ڕۆڵەی کـــــــوردم فێری هەوارزو لێژم
تا زۆر بڕۆم، زیاتـــــــر ئارەق بڕێژم
کورت تر دەبێ ڕێگای دوور و درێـــژم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم، تا تروپکی ڕزگار بـــوون

(مام هێمن) بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان ولە کاتی کۆماریش دا بە گورو تینێکی کلپە ئاسا دێتە ناو گۆرە پانەکەوە بەڵام زۆر دوور نەی ڕوانیوەو پێی وانبوە ڕێگای خەباتەکەی هێندە سەختوو ناهەموار دەبێت. بەڵام بەداخەوە بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و کرتن و هەڵواسینی پێشەوا وهاوڕێکانی و راوە دوونانی خەڵکانی شۆڕشگێر لە هەر گۆشەو کەنارێکی نیشتیما ن، ( مام هێمن)یش یەکێک لەو کەسانەبوە کە جێگای پێلێژ بووە، و ڕووی کردۆتە باشوری کوردستان، بەڵام لە وێ دەریای بیر بەر فراوانتر دەبێـو، باشتر پێدەگاو تێدەگا و بۆی دەبێتە تاقی کردنەوەیەکی بەهێز و خۆراگر بۆ ساڵانی درێژی خەباتی نەتەوەکەی. ئەو کۆسپە گەورەی نەتەوەکەی ئەوەی بە(مام هێمن) سەلماندو وەو ، فێری کردوە. کە خەبات بۆ و ە دەست هێنانی مافو ئازادی ڕێگایەکی گەلێک سەختو ناهەموارو دوور و درێژە، هەورازو نشیوی زۆر تێدایەو، سەرکوتن و شکستی تێدایە. هەر بۆیەش لە گەڵ ژیانی ڕۆژانەیداو ئێشو



ئازارە کانی وڵاتەکەی ڕێچکەی شێعری دە گۆرێ و بەگژ هەموو شتێکدا ئەچێتەوە و بەرەو ڕووناکی ناوەستێ تا تروپکی رزگار بوون و دەڵێ :

من پەروەردەی بن سێبەری ئەشکەوتم
گەلێک جاران لە چاڵاوی ڕەش کەوتم
هاتمە دەرێ، هەدام نەدا، نەسرەوتم

دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم، تا ترووپکی ڕزگار بـــوون

شێعرەکانی (مام هێمن) ئاوێنەیەیەکن بۆسەر جەم قۆناخەکانی خەباتی گەلی کوردە لە هەموو بەشەکانی کوردستان. ئەو هاتوە سەرکەوتن و کەندو کۆسپوهەورازو نشیوی ژیان و خەباتی گەلەکەی لە شێعرەکانی دا زۆر بە شێوازێکی جوان هۆنیوەتەوەو پەنجەی خەستۆتە سەرودیاری کردوە. کاتێک پەریوەی دیوی باشور دەبێت دەبینێت کە گەلەکەی لەوێش دەچەوسێتەوەو لە ژێر زەبروزەنگی زاڵمان دایە، بەڵام شۆڕش و خەبات بۆ رزگاری نەمردوە هەرماوە. لە( مەتەرێزی شەرف) دا وەسفی دەکات و دەڵێ :




لێرەش لە نێو ئەو لێرو شاخ و بەردە
لێرەش لە گەڵ ئەو هەموو داخ و دەر دە
لێرەش لە نێو شۆڕشی خوێناویدا
لێرەش لە سەر کوتن وتەنگاویدا
لێرەش لە نێو زەبروزەنگی زاڵم دا
لێرەش لە نێو ساچمەو دووکەڵی ناپاڵمدا
لێرەش لە نێو ئاگرو گڕو ئاسن دا
لەبەران بەر تانکو تۆپی دوژمندا
لێرەش لە نێو دریای رەقی بێ بەستێن
لێرەش لە نێو کورانی تۆڵە ئەستێن
لێرەش لە نێو شەپۆلی خوێن و کەفدا
لێرەش لە نێو مەتەرێزی شەرەف دا
خۆشەویستم لەبیرم ناچی تاوێ
دەم فرێنێ باڵی خەیاڵم تاوێ
هەربینا دیت ڕمی کۆشکی زۆرداری
گەیشتینە لوتکەی چیای رزگاری
رەوی تەمی غەم و مەژی پەژارە
بووژانەوە ئەو هەتی و هەژارە
کوتکی کاوەو هێزی پێشمەرگەی دڵ سۆز
ڕۆژری ڕەشی کردە نەورۆزی پیرۆز

(مام هێمن) ئەو شاعیرە دڵ بریندارەی گەلی کورد زام لە کووێبووبێ ئەویش لە وێ ئازار بووە، بەدوای ئەو کارەساتە نامرۆڤانەی بەسەر گەلی کوردیان دا هێنا لە هەڵبجە، شاعیر بێدەنگ نەبووە ولە چوارینەیەکدا، دەڵێ:

قــارەمــانی قادســیــە نامــەردە
مرۆڤ کوژە، دزە، ڕێگرە، جەردە
نەتبیستووەچی کرد لە کوردی ئەودیو
ئەو زۆر دارە فاشیستە مێشک رزیو

لە گۆڤاری سروەی ژمارە دوو لە بانەمەری ١٣٦٧ هەتاوی چاپی کردوە

(مام هێمن) لە سەر دەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان. لە هەرەتی گورو تینی لاوێتی دابوەو، زۆر دڵ گرموو شای بە خۆی بووە،و سەرەتای دەر کەوتن و ناسینی شێعریشی دەبێت و لە زۆر بەی بۆنەکان و گۆڤارەکانی ئەو سەردم بابەتو شێعری ووتوە. لە رۆژی دامەزرانی کۆماردا کە بە بژداری هەزاران کەس و لە چوار چرای مەهابات بەرێوە دەچێت، لە دووی ڕێبەندانی "١٩٤٥" دا هۆنراوە دەخوێنێتەوە زستانی ئەو ساڵە بە بەهار دەشووبهێنێ و دەڵێ :

ئەوساڵ بەهارە بۆ ئێمە زستاتن.

وە لە رۆژی خۆشیشی دا خاکی وەڵاتەکەی بە باخی ئیرەم دەشووپ هێنوو دەڵێ:



گەرچی زستانە بەفر دای پۆشی ئەورۆ گشت وڵات
خاکی پاکی ئێمە خەمڵیوە وەکوو باخی ئیرەم

" هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان "

هێشتا کۆماری کوردستان لە سەر پێی خۆی بوو ، کە بە هۆی ڕێکوتنو هەندێک ئیمتیازی شای خوێن ڕێژ بۆ روسیای قەیسر سۆڤیەتی ئەوسا کە پێیان دەوت ڕێک دەکەون کە ئیران لە بیرەنەوتەکانی قەزوێن رووسیا سەر پشک دەکات بەو مەرجەی دەستی هاوکاری بۆ کۆماری کوردستان و ئازربایجان کورد و ئازەریەکان درێژ نەکات. کە هەرواشی کردوەو لە کاتی کشانەوەی لەشکری رووسەکان کە بە لەشکی سوور ناسراو بوون، ( مام هێمن ) هەستی بەو خەتەرە کردوە کە کورد بە بێ پشتیوانەی لەشکێری بەهێزی درەکی توانای بەرنگار بوونەوەی هێزو لەشکرە زۆرو درەکەی شای ئێرانی نیەو کورد زەرەرێکی گەورە دەکات و بە رژانی خوێنی زۆری گەلەکە کۆتانی دێت. بۆیە بەر لە رژانی خوێنی رۆڵەی کورد ئەو فەرمێسکی خوێنی کوردی دیوە بۆ رۆیشتنی سپای سوور کە بارە گاکەیان لە قزچە بوە، و دەفەرموێت :
ئاونگی سوور (مام هێمن) ١٢،٢،١٣٢٥ی بانەمەر تەورێز

ئاونگی سوور

دوێنێکە کاتی کازیوەی بەیانی
لەخەو هەڵستام ڕۆیەم بۆ گەران
گەرام زۆر کێوان و چیاو بەندەنان
گوڵ زارو باخ و دەشت وچەمەنان
دیتم دیارە دە رەوشێ لە دوو
لە سەر گوڵێک ئاونگی سور
پرسیم لە یەکیان :"ئەرێ ئەتۆچی ؟"
بۆچی لە رەنگی ئاونگی دێ نی؟
ئەمن ئاونگی سورم نەدیوە،
کەنگێ ئاونگی وەک تۆ باریوە ؟"
ئاونگ :" ئەمن ئاونگی ئاسمانیم
من :" ئیدی ئەتۆچی ؟"
ئەوە :"دەزانی من چیم "
فرمێسکی سوری کوردی داماوم ،
کەلە سوێ ی ئۆردوی قزل رژاوم "
ئەنجام و دوائی چاکە وایە
ئۆردوی میهرە بان دۆستی وای هەیە
لە پاش رۆیشتن لە دوی دەکەن شین
لە چاویان دەتکێ فرمێسکی خوێنین
ئەی لەشکری سور ،ئەی ئۆردوی ظەفەر
ئێستا کە دەرۆی لێرە دەچییەدەر
خودات دەگەڵ بێ و ئەوەی بزانە
جێ ی تۆ هەمیشە دڵی کوردانە
ئەی ئەو فریشتەی کوردت کورد ئازاد
لەژێر پەنجەیی دێوی ئیستیبداد
لەوەی بەدواوە ش قەت مەیکەلەبیر
حەیفە بەتنها کورد ببێ یەخسیر



بەڵام بەداخ وهەزاران داخەوە کە کۆماری کوردستان تەمەنی لە یازەدمانگ تێپەر نەکرد و کۆرپەی ساوای کورد بەر لە پێگرتنی کۆچی کرد. سەرەتای ئەو کارەساتە مێژوویەش ، رێکوتنی ئێران رووسەکان بوو.کە جووڵانەوەو شۆرەشی گەلی کورد لە رۆژ هەڵات هاوشان لەگەڵ جولانەوەی سەرانسەری کەمەنەتەوەکانی ئێران توشی شکست ودارمان بوون.لە( رۆژگاری رەش)دا دەڵێ :

بە فیرۆ چــوو خەبـــاتمان داگـــیر کــراوە وڵاتـــمان
تــێپەڕی ڕۆژی هــــــاتمان ڕووخــــا کــۆشکی ئاواتمان

(مام هێمن)یش ئەو کەسەیە کە هەم وەک تاکێکی کورد وئەم وەک ئەندامێکی چالاکی کار بەرێکەری ناو کۆمار، و جیا لەوەش ئەو کەسایەتیەکی جیاوزو شاعیرێکی هەسناسک و تا سەر مۆخو نەتەوەپەرستی ڕووناک بیر. کە دەڵێم: نەتەوەپەرستی ڕووناک بیر مەبەستم لەوەیە ئەو(مام هێمن) دژ بە نەتەوەکانی ترنەبوە،ئەو وەک ئینسانێکی کورد ئاوات و ئارەزووی سەر بەستی و سەر فرازی گەلەکەی بووە. ئەو باروودۆخە ناهەموارەی کورد (مام هێمن)یش تووشی نائومێدییەی خراپ دەکات و ئاسمانی کوردستان بەری ڕۆژی لێدەگیرێ و، ڕۆژگار بە ڕەش وەسف دەکات وهەر لە (ڕۆژگاری ڕەش) دا ئاوا هەستی خۆی دەر دەبڕێ و، وەک هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگاکەی و ئەویش بە شێوازی خۆی ئەو کارەساتو ماڵ وێرانیەی گەلەکەی دەر دەبرێت و دەڵێ:

لە پیاوی ئازاو سەرکــەش لە زەحمەتکێـشی بێ بــەش
ئاخنراوە کونــــــــە ڕەش نابینی کەسێ ڕووگـــــەش

ڕووخانی کۆماری کوردستان و نەگەیشتەن بەو هەموو ئاوت وخەونانەی (مام هێمن) چەوەک شاعیر و، چ وەک کەسێک کە خۆی لە ناو کۆمارەکەدابوە و، هاوڕێ و دۆستی زۆرێک لە دامەزرێنەران و ڕێبەرانی ئەو کۆمارە بووە، بەتایبەت پێشەوای کورد(قازی موحەمەد) زۆرکات لە لای بوە بەرلەوەش هاتووچۆی کردوە، وە بە تایبەتی ئەوە زۆر کاری گەری بۆ سەری دەبێت و کاتێکیش کە بەو شێوە نامرۆڤانەیە پێشەوا هەڤاڵەکانی شەهید دەکەن. (مام هێمن) ڕێبرێکی مەزن و دۆست و مامۆستایەکی لە دەست داوە و، دەڵێ:



لە چوارچرای مەهـــاباد لە کانگای بیری ئـــــازاد
دەسـتی ڕەشی ئیستیبداد چەقانـدی داری بـــێداد

لە کاتــــــی نـیوە شەودا لە جەنگەی شیرین خەودا
کـرا کـــــاری نـــاڕوا لـــە دار درا پـــێشەوا

(مام هێمن)لە درێژەی خەبات و رابردووی ژیانی پڕلەکارەسات وماندووبوون وبەرسیەتیو بێبەرگی وای هەست کردوە کە ئەوە هەمووی بە هۆنەرەکەیەو بووە. کە ناچاربووە خۆی تووشی دەردە سەری بکاو، دەبێ لەخزمەت گەل و هوونەر دابێ و وڵات بە جێ بێڵێ. بەڵام بێ ئینسافیە کە بەڵێم بەس هوونەر چوونکا (مام هێمن) سیاسییەکی ڕۆشنبیرو بەهەڵوێستیشبوە، کەواتە دەکرێ ئەو لایەنەش بەسەری دا زاڵ بوویێ وکاری گەری کردۆتە سەر دەنیای بەرفراوانی شێعری(مام هێمن)و . لە (بابردەڵە) دا تیشک دەخاتە سەر ئەولاینەی کە خسوویەتیە ناو گۆرەپانی بەر خوودانو ڕوودەکاتە بولبول وناخی خۆی بۆ دەر دەبڕێ و هۆکاری قەفەزو داو یەخسیری دەگێڕێتەوە بۆ دەنگە خۆشیکەی و دەی کات بە هاواڵی خۆی و دەڵێ :

منیش ئەی بولبولی شەیدا وەک و توم      وەها دوورم لە هێلانەوە گوڵی خۆم



منیش وەک تۆ لە کیسم چوو گوڵی سور    منیش هێلانەکەم لێ کراوە خاپوور

ژیانم پەر لە ڕەنج و دەر دوداخە    ئەوا گیرسامەوە لەو کێو شاخە
کەسێک ناپەرسێ نازانێ چلۆنم    لە یادان چوومەوە چیرۆکە کۆنم

بەڵام هەم دیسان لە ناو بەندی خەیاڵی نا هوومێدیدا ، کە هەستی بە وە کردوە بێکەس وتەنهایەو کەم تر لەوەی چاوەڕوانی لە خەڵکەکەی بووەگرنگی پێدەدرێت .کەچی روو ئەکاتەوە خۆی و بۆ جارێکی تریش خۆی دەکاتەوە بە ئەهلی هونەرو ئاوا بە خۆی دەڵێ:




بزانە تۆ، ئەوی ئەهلی هونـــــەر بێ
دەبێ یا دەس بەسەر، یا دەربەدەر بێ
هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحــــاڵە
هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە ژینی تـــاڵە
منیش بابردەڵەی بەر گێژەڵــووکەم
دەمێک لەو قوڵکە تاوێک لەو چڵووکەم
منیش زۆرداری پرزەی لێ بـڕیوم
منیش بەدکاری بواری لــێ تــەنیوم

(مام هێمن) گەلێک لایەنی لە ناو هەڵ بەستەکانی دا کۆکردۆتەوە. بە برگو خەشڵی جوان و نایاب رازاندوونیەتەوە. یەکێکیش لە لایەنە دیارەکانی ناو شێعرەکانی ئەوین داریە. (مام هێمن ) دوای چەرمەسەریرکی زۆر گەران و هەورازو لێژی ژیان و خەباتی. عاشق دەبێ وەک دەر دەکەوێت، تێی دا سەر کەوتوونابێت .یارەکەی کە ئەو بەتەمای دەبێت کەسێکی تر پەسند دەکات، هەر بۆیە پەنا دەباتەوە بۆ بەر هونەرەکەی و، لە (فرمێسکی گەش) دا بە شێعر قسەی خۆی لەوپەڕی تەنگانە و دڵ ساردی دا بە ئەوین دارەکەی گوتووە و، دەڵێ:

قەت لە دنیادا نەبوو بێجگەلە ناخۆشی بەشم
مات و داماو و پەشێو و بێکەس و چارەڕەشم
سەردەمێک ئاوارە بووم و ماوەیەکیش دەسبەسەر
ئەمدی ڕووی ئاسوودەیی، هەر تووشی گێرە و قەرقەشم
دابی کوردی وایە، کەس لاگیری لێقەوماو نییە
بۆچی سەرکۆنەی بکەم لێم زیزە یاری مەهوەشم ؟
تیغی بێ مەیلی و جەفای ئەو نازەنینە دڵڕەقە
جەرگی لەت کردووم بە جارێک ئەنجنیوە سینەشم



کوشتمی و شەش خانی ئومێدی لە من گرتن حەریف
مۆرە هەڵداوێم و بێهوودە بە هیوای دوو شەشم
نابینی زەردە لەسەر لێوی کەسێ لەم شارەدا
گەر خەم و دەردی دڵی خۆمیان بەسەر دا دابەشم
خۆشەویستی گۆشەکەی تەنیایی هەر ئەژنۆکەمە
بۆیە ڕۆژ و شەو وەها گرتوومەتە نێو باوەشم
نایەڵێ دوژمن بە ڕەنگە زەردەکەی من پێکەنێ
تا دەمی مردن ئەمن مەمنوونی فرمێسکی گەشم
شاعیرێکی ڕاست و یەکڕووم و فیداکار و نەبەز
کوردە موحتاجی محەک نیم، زێڕی بێ غەل و غەشم

(مام هێمن) ساڵانێکی زۆر لە غوربەت دا ژیاوەو، زۆر جار بیری کەس وهەڤاڵ و نیشتیمان بەردوویەتیەوە بۆ ناو خەیاڵی شێعرو بە وشەی سەنگین و پەتی لە (بۆسەی ڕۆژگار) دا باس لە وەفای خەم دەکا کەلای ئەو سێبەری هەر ماوە، و دەڵێ :



نیمە ئاواڵێ لە گۆشەی بێکەسی دا خەم نەبێ
چاکە ئەو لێرەش وەفای هەر ماوە، سایەی کەم نەبێ
لاپەرەی ژینم هەموو هەڵ دەی تەوە تێی دانیە
باسی فەرمێسک وهەناسەو شیوەن وماتەم نەبێ
ڕۆژگاری سپڵە بۆ من بۆسەیەکی نایەوە
نەمدی هەر تیرێکی دەیهاوێ، بەرەو سینەم نەبێ

(مام هێمن) لە هیچ کام لە وەرزەکانی ژیانیدا، بێ وشەی پڕمانا و شێعری نازدار نەبووە، کاتێک هەست دەکات تەمەن بەرەو ژوو هەڵ کشاوە و تاقەتی سەرگوێ سوانەو ژوان وکۆڵانانی نە ماوە، سکالا لە پیرو زورهانی خۆی دەکا، بەڵام خۆی ناخاتە ناو قەفەزی تمەنەوە و دەڵێ:



پیرو زورهانم وئیستاش دڵەکەم هەر دەی یەوێ
سەرو ماڵم بە فیدای خاڵ وخەتو پەرچەم کەم
داستانی مەم و زین کۆنە کچێکم گەرەکە
شلکەڕانی بەگوشم بۆنی لە سینەو مەم کەم

ئەم هۆنراوەی (مام هێمن)نم زۆر لە مێژە لە بەرەو زۆرم خۆش دەوێت. بیرەوەریەکیشم لە سەر ئەم دوونیو باڵیە شێعرە هەیە. هاوینی ساڵی "١٩٩٣" بوو لە

زەرگوێز بەسوتفە لە گەڵ کاک (حوسێن شەبەق) لە ڕەوابەت حەومیەکەوە دەمەو ئێوارەیە ک دەچووینەوە بەرو ناو ئۆردووگا، ئەو ڕێگایە "٢٠٠" مترێک دەبێت، شوێنێکی تابڵێی دڵ گیرو باسەفا بوو بۆ من: ڕێگا کە چەو خیز بوو لە هەندێک شوێنەوە. لە ناو باخەکەوە کە جۆگەیەک بەناو چرەدارو توترک وپنگەلاندا ئاو دەزەی دەکردو دەهاتە ناو ڕێگاکە. کاتی ئێوارانیش کە خۆر دادەکشاو لە زەنجیرە چیای گڵەزەردەوە بەرو ئاودی و بوون دەچوو لەو کاتەدا سێبەری دارەکان و دوندی چیاکان ڕێگاکەیان دادەپۆشی، وای لەو دیمەنەو بۆنو بەرامەی داری میوە پنگەو چمەن چی دەکرد.

بەدەم ڕۆیشتەوە و لە بەر خۆمەوە ئەوەم وەت :

کەلە هۆنراوەی(ئەگەر یارم لەگەڵ بایە ) دایە
داستانی مەم و زین کۆنە کچێکم گەرەکە (
شلکەڕانی بەگوشم بۆنی لە سینەو مەم کەم)

گەر چی بە سەدان شێعرم لە بەرە، بەڵام هیچ کات لەرووم نەهاتوە و زۆر بەکەمی لەرووم دێ بۆکەسیان بەخوێنمەو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆکەمی خوێندەواریم چوونکا زۆر بە پەچر پەچرو شێوازی کەم شارەزای خۆم و بەهەڵە لە زۆریان تێگیشتووم لە بەرم کردون. بەڵام ئەم جارە کورد ووتەنی بە دەنووک پێوە بووم .شەبەق وتی: خۆشە دابەتەوای بۆم بخوێنەوە !. منیش وتم: باش لەبەرم نیە، وازی نە هێناو، لێرەوە لەبەرم بوو وتم:

(پیرو زورهانم وئیستاش دڵەکەم هەر دەی یەوێ
سەرو ماڵم بە فیدای خاڵ وخەتو پەرچەم کەم
داستانی مەم و زین کۆنە کچێکم گەرەکە
شلکەڕانی بەگوشم بۆنی لە سینەو مەم کەم)

(شەبەق) پێکەنی زانم کە هیچ پێی باش نەبوو، وتم دەی تۆ بۆم بخوێنەرەوە ! ووتی: تاهیر ئاوانیە. جارێ من: ئەوەی باش بوو بۆ من: کە بۆیەکم جار ناوی خۆم فێربووم و زانیم من :( تاهیر)م نەک( تایر) دوو هەم قازانجی ئەوەشم کرد کە ئەوەی (شەبەق ) بۆی خوێندمەوە لە بەرم کرد، هەر چەندە نەقڵی موریدەکەی( شێخ ڕەزای) تاڵەبانی لە من رووی دا بوو ،دەمێک بوو شتێکم لە سەر شێخ ڕەزا بیستەبوو کە دەڵێن: جارێکیان کابرایەک لەلای شێخ ڕەزا زۆر ستایشی غەزەڵێکی (نالی) دەکات، شێخ ڕەزا پێی دەڵێ : باشە بۆم بخوێنەرەوە کابرا دەست پێدەکاو دەڵێ :

( ئەی سەروو بڵند قەدو برۆتاق ومەمک جووت)

بۆ نەگبەتی کابرا لێرە ئەوەستێ وهەرچی دەکا هیچی تری لەو شێعرە بیر ناکەوێتەوە شێخ ڕەزا زۆر لە سەری دەوەستێ بەڵام بێ

سودەو هەر بیری ناکەوێتەوە دوایییی دەڵێ: شێعرەکە لەسەرەوەبخوێنەرەوە،هەر ئەو نیو بەیتە دەخوێنێتەوەوهیچی تر،شێخ ڕەزاش لەسەر خۆ دەڵێ :

(فەرقی نەبوو ئەم شێعرە لەگەڵ میزوو لەگەڵ گووت )

هەر چەندە (شەبەق) ئەوەی بەمن: نە ووت بەڵام بیرم کەوەتەوە یەک سەر و هیچیشم نەووت .
(شەبق دەستی کرد بخوێندنەوەی و منیش بەم شێوەیەم لە بیرم ماوە، خۆ کە باشیشم لەبەر نەبێت داوای لێبووردن لە شاعیری پایە برزی گەل( مام هێمن ) دەکەم چوونکا " ٢٣ " ساڵ ژیانێکە، بیستو سێ ساڵی پڕلە کێشەو گیرو گرفتو غوربەت وکوێرەوەری ڕۆژگار.

(شەبق) ووتی :



لە سەر بەفرێ بەکار نایە وەکوو بیستوومە داوی ڕەش
لە سەر کۆڵمەت ئەدی بۆ دڵگرە ئەو بســـــکە تاتایە
هونەر ناتوانێ جوانیی تۆ بە هیچ شــــێوێکی بنوێنێ
لە مەڕمەڕ چۆن دەتاشرێ هەیکەلی ئەم بەژن و باڵایە
بە ڕیشی بۆزەوە سوژدەی دەبەم من بـــــۆ جەماڵی تۆ
ئەدی بۆچی دەیانگوت دار کە پـــــیر بوو تازە دانایە
پـــــیرو زورهانـــم وئیســـتاش دڵە کەم هەر دەی یەوێ
ســـــەرو ماڵم بە فیدای خاڵ وخەتـــو پـــەرچەم کەم
داســـــتانی مەم و زیـــن کــــۆنە کچـێکم گەرەکە
شــــلکەڕانی بەگوشــــم بۆنی لە ســینەو مەم کەم
بەڵام لە (ناسۆری تەشەنا)دا ئەم شێعرە بە شێوازێکیترە

یەکێک لە و خاڵە گیرنگو بەهێزانەی شێعری ( مام هێمن)کە تایبەت مەندی و هێمای جیاوازی پێوەدیارەو بەراستیش بەباشی تێی دا سەر کەو تووبووە . ئەوەیەکە خەموو دەردوو کووڵ و هەستوو سۆزی ئەوین داری و فەلسەفەی سیاسی تێکەڵ بەیەک کردووە و هەڵی شێلاو نوو جوان ترین پەیکەری شێعری لێ خووڵقان دوون. و دەڵێ :

ئەمن دەم کوت لەدنیاتا بە مـێنم
لەبەر کەس ئەستەمە سەردانەوێنم

کەچی ئێستا لە داوی بەسکی تۆدا
گرفـتارم گوڵـم موونا پە سـێنم

(مام هێمن) جاری واهەبوە لە ژیانی هونەری بێزار بووە، و بەروونی نیشانەی نائومێدی بە سیمای شێعرییەوە دیارە. کە لە دەر بەدەریو ئاوارەی دا توشی ژیانی تاڵ و دەردەدرسەری زۆر هاتوەو بە شێعر دەری بەریوە کە دنیای هونەری بۆ ئەو ئازارو کوێرە وەری بووە.و دەڵێ:

چ خۆشە عیشق و سەر مەستی، چ خۆشە
چ خۆشە ژین بەسەر بەستی، چ خۆشە
تەلارو سەر سەراو کۆشک چەدێنێ ؟
کە کۆیلە وەرهەمی تێدا هەڵێنێ
چ تاڵە کۆیلەتی و دیلی، چ تاڵە
بەکەمبێ ژینی وا پڕلە ئاهوناڵە
بزانە تۆ، ئەوەی ئەهلی هونەر بێ
دەبێ یا دەس بەسەر یا دەربەدەر بێ
هونەر مەندو ژیانی خۆش مەحاڵە
هونەرمەند ڕەنجەرۆیە، ژینی تاڵە

لێرەدا بۆنی گلەیو گازندە لە هەستو ئیحساسی دا بەروونی بەرچاو دەکەوێت، دەیارەو روونو ئاشکرایە، وەک لەم پارچە هۆنراوەی دا دەری بریوە، ئەودنیایەی شاعیری تیدا ژیاوە بەشە هونەریەکەی نەیتوانیوە جواب دەرەوەی هیوایەتەکانی ئەو بێت وەک ئینسانێک و نەی توانیوە ژیانێکی ئاسایو دوور لە کەندو کۆسپ و دەردەسەری بێت.

بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ودوای هەر ناهومێدی و خەمێک هەستاوەتەوەوبە بەیکجاری دانەرماوە، بابزانین لێرەدا چیمان پێ دەڵێ :


هێمن موکریانی و د. عەبدولرەحمان قاسملو – کۆنگرەی 4

شەوانە هاونەشینی جامی بادەم
بە بادە با پەژارەو خەم بە بادەم
کەدەستی رۆژگار بای دا سەری من
سەری شوشەی شەراب واچاکە بادەم

(مام هێمن) لە دوای رووخانی کۆمار پریوەی دیوی باشور دەبێت وماوەیک لە قەڵادزێ ماوەیەوە، وەک خۆی دەڵێ: تا کەمێک ئێران هێوەر بۆتەوە، لە گوندێکی نەزیک قەڵادزێ لە حوجرەیەک خۆ بە خوێندنەوە سەقاڵکردوە. ماوەیەک کەڵکەڵەی گەرانەوە دەکەوێتە سەری وبەقچاخی دەگەرێتەوە بۆ گوندی لاچین. تافەترەیەک لەم لاو لەو لا خۆی دەشارێتەوە. کە هەواڵی دۆستەکانی پێدەگات لەم دیو یەک یان گرتۆتەوە خەریکی خۆرێک خستنەوە وبووژانەوەن. هەم دیسان ئاگری بیرو بروای شۆرش گیرانە ی دە کەوێتەوە دەروونی و دێتەوە بۆ دیوی باشور. لە دوای

شۆڕەشی تەمووزو گرتنە دەستی دەسەلات لە لایەن عبدول کەریم قاسمەوە کەمێک باری بەختی کورد بەرەو باشی خوار دەبێت. لە ساڵی "١٩٥٨" کە بازانی لە مەسکۆوە گەراوە بۆ عێراق و دەرگا لە سەر مافی خوێندن و چاپکردن کرایەوە بوو بە زمانی یەک لە کوردستان .لە "١٩٦٠"دا شۆڕەشی ئەیلول هەڵگیرساو بەوەش هیوای کوردان پڕشنگدار تر دەبێت و، دەر کەوتنی ڕووناکی لە ئاسۆی بڵندی کورد وەر چەرخانێکی نوێ دەبێت لە شێعری (مام هێمن) داو دووره پەرێزی ناکاو خۆی بە هاوماڵ دەزانێ و خەبات بە خەباتی نەتەوەکەی لە سەرتاسەری کوردستان دەزانێت. هەر بۆیە هەم دیسان دێتەوە مەیدان و هیوای ئاواتی بە خەباتی نەتەوەکەی زیاتر دەبی و بە لە ڕێگای هۆنراوەوە و، لە (ئاوتی بەرز) دا هاو کار دەبێ ودەڵێ :

فێری زۆر دەرسی بە کەڵک و باشی کردین تێشکان
جا ببینە ڕاپەڕین و شۆڕشی ئەمجارەی کورد
واگزینگی دا بەیانی جوانی ئازادی بەشەر
ڕۆژی ڕووناکە نەماوە زوڵمەتی شەوگاری کورد
ئەو زمانە شیرینەی ئێمە پەرەی دەگرێتەوە
نادڕێ چیدی کتێب و دەفتەری ئەشعاری کورد

( مام هێمن ) لە دوای کۆمارو نەزیکەی "٨"بۆ "١٠" ساڵێک لە سێدارە دانی( پێشەواو هەڤاڵەکانی) و جوولانەوەیەکی نەهێنی لە ڕۆژ هەلات سەر هەڵدەداتەوە لە ناوبەندیخانەکان وشارو گوندەکانی کوردستان ، لە لایەن کۆمەڵێک خوێنکاری ناو خوێندن گاکان، کە بریتین لەو کۆمەڵەی زەحمت کێشانی کوردستان. و هەر لەو سەر بەندەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دەست بە خۆ سازدانو کۆکردنەوەی ئەندامە چالاکەکانی دەکات، حیزبی تودەش بە ئاشکرا لە ناو شارەکانی کوردستان وئێران دەست بە کارو تێکۆشان دەکات .لێرەوە قۆناخێکی نوێ لە ژیان وخەباتی گەلی کورد وگەورە شاعیری نەتەوە دا دەست پی دەکاتەوە. ماوەی خۆ



حەشار دان وبێدەسەلاتی دوایی دێ و گەلی کورد خۆی بۆ خەباتێکی درێژ خایەن و دواڕۆژێکی گەش وروون ئامادە دەکا. لەو سە دەمەدا کەم نەبوون ئەو کەسانەی وەک (مام هێمن) ناسراو خۆشەویست بوون، بە نەهێنی کاریان بۆ خۆلە سەر قاچ گرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرد، هەر چەندە هێشتا خۆ ئازاری زامەکانی کۆمار هەر لە دڵی خەڵکا ماوەن .بالام دڵیشیان بە هەستانەوەو بووژانەوەی شۆڕش خۆشبووە و، پەشتیشیان بەو پۆلە پێشمەرگەو ڕێبەرانە قایم بووە . کە لە دیوی باشور بوون. لێرەوە هیوای گەش بە شۆڕش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ناو کۆمەلانی خەڵکی ڕۆژ هەلاتی کوردستان دا زیاتر دەبێ. بەر لە کودەتاکەی ئایار دا لە مانگی پێنجی "١٩٥٣"دا (مام هێمن) بە بژداری سەدان و لە ناو ئاپۆرەی خەڵکی مەهاباد دا هۆنراوە دەخوێنێتەوە. دوای چەندین ساڵ ڕوودەکاتە شای خاین و دەردوو کوڵی خۆی هەڵ دەرێژێ و دەڵێ :

خاین،خوێری، درۆزن، بەدفەر، شەرانی، سەرشۆڕ!
پیاوکوژ، تاونباررووڕەش، ناکەس، ملهور، دیکتاتۆر!
ئەوەتۆی لێت قەوماوە؟ دەریانپەراندووی، هەی گۆر
دەبڕۆ ئەی شاهی خاین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ

هەر چەندە ئەو سەردەمە بۆ کورد زۆردرێژ و هیوا بەخش نەیە، لێرەوەیە ڕۆژگاری ڕەشی دووای کودەتا دەست پێ دەکا. کە لەیەک چوونێک هەیە لە گەڵ ڕێکوتنەکەی "١٩٨٥ "ی یەکێتی نیشتیمانی و حوکمەتی عێراقی ئەوسا .کە جیالە ئاشکرا بوونی ئەو خەڵکە دڵ سۆزانەی پارمەتی شۆڕشیان دەدا هیچ تری لێ سەوزنەبوو. هەر بۆیەش جارێکیتر شاعیر تووشی خەموو نائومێدی دەبێ و، لەو پەری بێزاری و تووڕەیی دا پێی وایە لە نیشتیمانی ئەو دا شوێنێک بۆرووناک بیرو زانانیەو، دەڵێ:

لەو وڵاتە کەسێک لە خەو ڕابێ بەشی چارەڕەشی و خەم و شینە
تێگەیشتم عیلاجی دەردی مــن مەستی و شێتی و نــەزانـــــینە

(مام هێمن) سەرە رای ئەو هەموو بلیمەتی و پایە بەرزیەی لە دنیای شێعرو شاعیری دا، ئاوات بۆ پیشەیەکی تر دەخوازێت و گلەی لە خۆیەتی کە ئەویش وەک هەموو شاعیرانی بەر لە خۆی و ئاگادار کردنەوە یەکیش بۆ ئەوانەی دووای خۆی لە (چارەنوسی شاعیر)دا پەنجە بۆ پرسێکی گرنگ درێژ دەکات و دەڵێ:

دەزانی بۆچـی من هێـندە پەرێشان و خـــەفەتـــبارم
لە بـــازاڕی ژیـان غەیـــری هونەر نیمە چ سەرمـایە

لەگەڵ چارەڕەشی و دوورەبەشی و نەگبەت دەبێ هەڵکەم
لە مـــێژە چـــارەنووسی شاعـیرانی کـــوردی ئـــاوایە

(مام هێمن) وانەبوە بەس لە شێعردا بۆ خۆشیرین کردن، ئەو وشانەی هۆنیبێتەوە ولە پاشەملەدا گازندەی لە خەڵکەکەی بووبێت ، ئەوەتـا لە گەڵ خۆشەویسـترین هـاواڵی خۆیـدا کە (مـام هەژار)ی کوردانە لە نامە گۆڕینەوەدا ئاوای بۆ دەنووسێو دەڵێ:



خۆشەویستەکەم پیرە هەژار:

بـۆیە پێـت دەڵـێم چـونکە ئێسـتاکە شـوکر هەر زەق وزینـدووی (هەزاران منـداڵە کـوردت بەنـاوکراوە) ئیـدی چـت لەو نەتەوە، دامـــاوەدەوێ، هەر ئەوەنـــدەی لە دەســـت دێ. دەنـــا ئەگەر پێـــی

کراباکۆتەڵیشی بۆ دەرازانیەوە، بۆهەر گلەیی لە کورد دەکەی ؟ئەو شاعیرە عەرەب وفارسانەش کە ئێستا هێندەیان پێ هەڵدەڵێن مەگەر لە خزمەت خەلیفە یان بارەگای شابووبن دەنا بەزیندوی سەری فسیان پاک کرووە،راستە سواڵ کیمیایە ،باڵام بۆ شاعیر نا. لەبەر چاوی خۆمان...زۆری بە خوێری و پیریان هەڵگوت ولە برسان مرد.کێ من و تۆی ناچار کرد ببینە شاعیر؟ خۆمان ئەوەمان کردووە. باوکی من کەمی بۆ من بەجێ هێشت؟ بۆخۆم لە قوماری شێعردا دۆراندم.

باوکی تۆ پێی خوێندی یستی بتکاتە مەلا ( بەرخی بابم بۆ نەبووی)؟ دەزانی ئەوفەقێ قادرەی تۆ ونت دەکرد ئەلان چەند دەوڵەمەندە؟ ئاواڵەکانی خۆمان کە بەقەد حەمە ئاشەوانیش لە عیلم وشەرع ناگەن. بەریش وپەشم وکەوا وسیواکەوە. ئی وایان هەیە میلیاردێرە. من لە مێژە دەوەی گەییوم قەڵەم نانی پێ پەیدا نابێ.

بەشێک لەو نامەی کە لە چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز دا بڵاوکاورتەوە

(مام هێمن ) هێچ کاتێک گلەیو گازندەی لە نەتەوەکەی نەکردوە،

بەڵام خۆی هەردەم لە بارودۆخی هونەرمەندان و شاعێرانی سەردەمی خۆی گلەیی هەبوو. ئارەزووی ئەوەی کردوە کە هونەر مەندانی نەتەوەکەی ژیان وگوزرانیان باش بێ ولە جێگای راکە راکە بەشوێن بەژیوی خۆیدا مەجالی ئەوەی هەبێت خزمەتی نەتەوەکەی بەکات. لە شیعری (بابەردەڵە)دا دێت سەر باسی ژیانی هونەرمەندو، دەڵێ:

لەبەر ئازاری ژینی نالە باری دە ناڵێ بولبولی شەیدا بە زاری
بە سۆز و داخەوە دەیگوت فەقیرم پەڕوپۆم هەڵوەری، بێ وادە پیرم
مەلێکی فێری دارستان و لێڕ بێ قەفەز پیری دەکات با شووی لە زێر بێت
تەلار و سەرسەرا کۆشک چ دێنێ کە کۆیلە وەرهەمی تێدا هەڵێنێ
گوتم ئەی بولبولی خەمگینی دڵمەند مەناڵێنە لە دەس داو و لە دەس بەند
بزانە تۆ، ئەوەی ئەهلی هونەر بێ دەبێ یا دەس بە سەر یا دەربەدەر بێ
هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحاڵە هونەرمەند ڕەنجە ڕۆیە، ژینی تاڵە
ورینگە خۆشە کە ت بۆ تۆ بەڵایە ئە تۆ خۆش خوێنی حاڵت بۆیە وایە

بەڵام دەردوو کوڵی (مام هێمن) بەوەشەوە نەوەستاوەو ئەو بێزاری و تووڕەیی و ئەو چارەرەشی ودووربەشیەی چارەنووسی شاعیری کورد لە زۆر بەی شێعرەکانی دابە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێ و هەتا کۆتایەکانی ساڵی "١٩٥٩"و تا "١٩٦١" هەڵ گریسانی شۆڕشی ئەیلول لە "١١،٠٩،١٩٦١"بەردەوام دەبێ و لە (گلێنەی شاعیر) دا دەڵێ :

ئەگەر خەرمانی عومرم ئێستەکانە پاکی بە بی با
بە مەرگی تۆ مچورکیشم بە دڵدا نایە، با بی با
هونەر گەر خۆی پەرێشانی نەبایە لەم وڵاتەی دا

بەشی من بۆ دەبوو چارەڕەشی و خانەخەرابی با ؟!
لەکوێ حاڵی من و تۆ وا دەبوو ئەی خۆپەرست ئێستا
ئەگەر دنیا ئوسوول و قاعیدە و نەزم و حیسابی با
بەجامێ بادە تێر نابم ، گەر مەیلت هەیە ساقی
گلێنەی خۆم دەنێرمە خزمەتت، بۆم تێکە با بی با
وەبەر من نایەڵێ لێرەش مەی و ساقی جەنابی شێخ
دەنا لەولا شەراب و حۆری با هەر بۆ جەنابی با
هەموو عومری ئەبەد تێیدا نییە خۆشی دەمێک مەستی
خدر ئاوی حەیاتی بۆ چ بوو؟ فێری شەرابی با

لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول و لە " ١١،٠٣، ١٩٧٠"دا لە لاین حکومەتی ئەوسای عێراقەوە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ باشوری کوردستان دانی پێدانرا. ئەوەش وەرچرخانێکی مێژووی و گرنگ بوو بۆ گەلی کوردی ڕزگاریخواز لە کوردستانی باشوور بەشەکانی تریش. لێرەوە هەم دیسان جارێکی تر ئاگری خەبات گێری لە هەستو نەستی شاعیری گەل (مام هێمن) هەڵ دەگرێوی دەیکاتەوە بەگژ چۆڵ وجیاکانی نیشتیمان و بەرەو باشووری کوردستان دەچێتە وە پاڵ شۆڕشگێڕان و لەدوای ڕێککەوتننامە مێژوویەکەی "١١"ی ئاداری "١٩٧٠" ش دا ماوەیەک لە بەغدا ماوەتەوە و وەک پەناهەندە ژیا وە.( ناڵەی جودای) یەکێک لە شاکارەکانی (مام هێمن) لە بەغدا چاپ وبڵاو دەکرێتەوە .( ناڵەی جودایی) کۆمەڵێک شێعری لە خۆ گرت وە کە مێژوو ئەدەبی کوردیان جوان تر کردوە. لە ساڵی " ١٩٧٩ " دا و بەر لە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران .




باله نەزیکی ناوبردنی ئیسلامدا بزانین (مام هێمن) چی مان پێدەڵێت لە سەر بیرورای خۆی وئەو پڕسەدا. گومان هەمووман ئەو راستیە باش دەزانین، کە (مام هێمن ) لە وەچەی دوو بنەماڵەی ئاین پەروەر و هاتۆتە ناو گۆرەبانی ژیان و لە ناو دەیا کەسایەتی زاناو مەزنی ناسراوی ناو کۆمەڵگای کوردی دا ژیاوە وکەو تۆتە دارەدارەو ڕێگای خەباتی گرتووە. بەڵام لە هەمووی سەیر تر ئەوەیە کە ئەو زۆر جیاوز بووە. ئیسلام بووە بەڵام ئیسلامێکی رووناک بیرو ماف ناس ،بە کورتی بەڵێم. (مام هێمن) کوردێکی گەڵ پەرستی هونەرمند وشاعیری ئیسلام بوو، نەک کەسێکی رەشبینم کۆنە پەرستو دوواکەو تو، لە گۆشەیک داو لە (ژەهر)دا ئیسلام بە مەترسی و خەتەر دەشووبهێنێ و لای وایە سەر شۆڕی و ملکەچی لە عیبادەتەوە سەر چاوە دەگرێ و دەڵێ:

ئیسلام ژەهرێکە دەردی کارییە        چاک بوونی نییە، درم وسارییە
هەر کەسێ گرتی کاسە ووڕەو گێژ        عاشق بەوە همە وماچی بەردەنوێژ
ئەم دونیا لەلای ژینێ مردووە        بۆ دونیای خەیاڵ خۆی هەلگرتووە

له مێژووی خەبات و هونەری شاعیرانی گەلی کورد دا. خاڵێکی زۆر گرنگ بەرچاودەکەوێت، ئەویش سەر بەستی هونەرانی کوردە کە زۆر کەم وابووە ، وابەستە بەلایەنێک بووبەن، هەتا بۆیان کرابێت سەر بەستی خۆیان پاراستووە. (مام هێمن ) یەکێکە لەو کەڵە شاعیرانەی گەلی کورد کە هیچ کاتێت، وەک خۆی دەڵێ :

(ئینسانم ژیانم پێ خۆشە، پێم خۆشە لە شاری ئاوەدان بەژیم، لە شەقامی پاکوو خاوێن ،لەگەڵ خۆشەویتان بەگەرێم ،پێم خۆشە لە ژووری گەرمووگور، لەسەر نوێنی نەرم وەرکەوەم ،پێم خۆشە سەر وەباسکێکی نەرموونۆڵکەم،پێم خۆشە کام خۆراک خۆشەلە پێشم بێ، کام شەراب چاکە لە جامەم بێ، بۆ چاکترین ئۆپێرا گوێراگرم، دەم هەوێ بەرز ترین سامفۆنیم بۆ لێبەدرێ!، نام هەوێ دەر بەدەرو سەرگردان وبێ پەناو بێ بەژیو بەم، بەتەنێ لە کێو شاخدا بەگەرێم، لە ئەشکەوتوو زەندۆڵ بەخەزێم، لەسەر بەردی ڕەق بەنووم، قۆنداخی ڕەقوو ساردی تنفگبکەمە سەرین، پێم خۆشنیە لاقەفرتەو چنگە کرەی نیوە گیانان بەبینم، پێم خۆشنەیە بە تەقەی تفنگو گرمەی تۆپو هارەی راچەنێم بەڵام چیبکەم ؟کوردم، کۆیلەم ئەوانە هیچ، تەنانەت کۆژران وکوشتنم پێ لە کۆیلەتی خۆشترە)،

شاعیر کوژران و، کوشتنی لە کۆیلەتی پێ خۆشترە. کەواتە هەر ئەوەش وای کرد وە، کە هیچ کاتێک سەری شۆرنەکردوە و بەرزی هەست وهەڵ وێستی نە گۆریوەتەوە و لە بەرەی گەڵ دا ماوەتەوە. لێرەدا من: نام هەوێت لە کەڵ هیچ کەسایەتیەکی کورد دا بەرابەری بکەموو بە باشتر یان بە نا باشتری بزانم، بەڵام کاتی خۆی شاعیر مەزنی کورد (مامۆستا هەژار) پاڵی دا بە شۆرشی ئەیلولەوە وژیان وگوزەرانی خۆش وپارووی چەورو شوێنی گرمی هەبوو، وە کە ( مام هێمن)یش بیویستایە لەو شوێنی کە باشتریش نەبوایە خراپ تر نە دەبوو، بەلام ئەو بەراستی وەک شاعیری گەڵ ماوەتەوە وخۆی بە دوور کردووە. لە کێشەناو خۆیە کان. شتێکیشی هەیە لە؛ ئارەق وتین؛ دا کە من: وا هەست ئەکم بەشێکی ئەو دەردە دڵە هی ئەو سەر دەمەبێت و دەڵێ :

بەلام حەیف ئێستاش لێرە من برسیم و کەسێک تێرە
نە قەت ئارەقی ئەسرپوە نە قەت گەوزی هەڵبڕیوە
نە مەچەکی جەمام بووە نە چۆڵەمەی لە جێ چووە
نە ئەنگوستی ڕاگیراوە نە داسۆ لە چاوی داوە
نە دڵی پێی دڕ دڕ بووە نە بن هەنگڵی خڕ بووە

هەر چەندە خۆی یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانو بەن چینەی پایەکانی دێموکورات و کەم نین ئەو هەڵ بەستانەی باسی دێمووکراتی تێدا کردوون، یەکێک لەو شێعرانەی کاتی خۆی من: یەکێک بووم لە کۆری سروودی بەژی (دێموکرات) کە دەڵێ:

مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات
کوردە لە سایەی حیزبی دێموکرات
حیزبی دێموکرات تۆ دەدا نە جات
پیادەی ئەو شاهی دوژمن دەکا مات

**بژی دێموکرات بژی دێموکرات**

بەڵام کاتێک کە کێشەی ناو خۆی لە ڕۆژهەڵات لەناو( کۆمەڵە) و (دێموکرات) دروست بوو (مام هێمن) لە پشت گیری خۆی بەدوور کردو وەک خەم خۆریکی ئەو هەڵوێستە ناکورد پەروەریە بە بێدەنگی مایەوە.

بەڵام بەڵگەیەکی شاراوە هەیە کە زۆر کەس خۆی لێ دووردەخاتەوەو بڕای بەڕای بێت باسی ناکن. لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێران وگەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ساڵی "١٩٧٩"دا (مام هێمن ) هەر وەک خۆی لە بەرەی(دێموکرات) داماوەتەوە. بەڵام دوای ئەو فەترەی کە( کۆمەڵە)ش بە گوروتینێکی باشەوە دەر دەکەوێت و وردە وردە کێشەکانیان رووی هەردوولا بەرو ناشیرینی دەبات لە بەر چاوی رووناک بیران و ئەدیبانی گەلی کوردی وەک (مام هێمن) لەو سەر دەمەشدا هەر دوولا (دێموکرات) و (کۆمەڵە) لە هەوڵی خۆنەزیک کردنەوە دەبەن لە و کەسایتیە ناودارەی موکریان وگەلی کوردی هەر چاور پارچەکە . بەڵام تا ئەو رادەی من: ئاگادارێم (مام هێمن) لە بەرەی گەلدا ماوەتەوە وجیالە دۆستایەتی پەشت گیری هیچ یانی نەکردوە ،نەموونەش بۆ ئەوە تاقە وشەیەک نابینی کەوتبێتە بەر نووکی خامەی شاعیر بەدژی یەکێک لەو دوو لایەنە.

بالام وەک من بیستوومە هەجۆی هەر دوولای کردوە، وەک هەموو بوارەکانی تری هونەری چەندە سەرکوتوبوە لە بواری هەجۆش مەتەڵک دا دەستی باڵای هەبوە شتی ووتوە. ئەوەتا لێرەدا(جوێن) یان (جنێوی) بە هەردووک لاداوە .

کاتێک جمهوری ئیسلامی بە شێوازێکی زۆر دژە مرۆڤانە هێرشی کردە سەر کوردستان، لە سەرەتاوە لە شارو شوێنە حەساسەکانەوە دەستی پێکرد. شاری مەهابادیش یەکێک لەو شوێنانە بوو کە داگیر کەرانی ڕۆژهەڵات هەمووکات بەلانیکی شۆڕشیان زانیوە و، لەشکرکەشی بۆ گرتنەوەی دەکەن .بەر لە گرتنەوە هەر شوێنێک خەڵک هەوڵی خۆ دوور خستنەوەی لە شوێنە خەتەرەکان ئەداو بەرو چیاو دۆڵو کوێستانەکانی کوردستان و گوندە دوورەدەستەکان کۆچیان دەکرد. (مام هێمن)یش سەر دەمی پیریو کەم تینی لێ نەزیک بۆتەوە، لە گەڵ کۆمیلێک پێشمەرگەی (دێموکرات) روودەکاتە لایەک بۆ خۆدەربازکردن. بەڵام باش نازنم نەیان ناسیبێت یان هەر نەیان ویستووە لە خۆیانی بکن بە بار جێی دە هێڵن، ئەویش وەردە وەردە دەراوات تا دەگاتە روبارێک کە بە هۆی باران بارینەوە زیادی کردوە. ناچار دادەنیشێت، سووتفە چەندانە پێشمەرگەی (کۆمەڵە)ی پێدەگات ودەی ناسن ورێزی دەگرن ودەی کەنە کۆڵ و لە رووبارەکە دەی پەرێننەوە و، لە گەڵ خۆیان دەی بەن تا ئەو شوێنەی ویستویەتی، بۆی بەچێت دا ناسیاو بووە، یان هەر کەسایەتیەکی ناوچەکە یان هاوڵاتیەکی ئاسای بووە، لێی دە پرسن چۆن توانیت لەو رووبارە بەپەریتەوە؟ ئەویش لە وەڵام دا دەڵێ :

وەڵا (دێموکرات) وەک تەری بەهار پشتی تێکردم
(کۆمەڵە) لەولاوەهات و خۆی خەستە ژێرم
من لە خۆشیان نەم زانی لەو بەرم یا خۆ لەم بەرم
کەرکە کەوتە ناو جۆگە حەزی لە هەردووک بەرە

کە بەوەردی سەیری کەین، تەری بەهار جنێوە، پشتی تێکردم جنێوە، خۆی خستە ژێرم جنێوە، لەوبەرم جنێوە، لەم بەرم جنێوە، لەهەر دووک بەرە جنێوە،

دا کە بەوردی خوێندنەوەی بۆ بەکرێت، بەراستی زۆڕ مانا هەڵ دەگرێت و زۆر شارەزایانە نیشانی پێکاوە .

کابراش زۆر حازر بە جواب بووە ویەک سەر ئەوی پێ ووتەوە:

ئەو هەمووە ساڵە دوای کەوتی بەکوێرەوەری

ئێستاش مەگەر دەست بەگری بە .........

ئەم نوقتانە نازانم بە مانای چی بێت ؟ من: بە؛ کلکی ؛ لێتێدەگەم، بەڵام هەر کەس دەتوانێت شتێک بەڵێت، ئەوەنـدەی، من :پەیم پێبردووە ئەوەیە، کە هەجۆیە و زۆر شارەزایانەو وەریا یانە کردوویەتی،( شیخ رەزای) تاڵەبانی کە یەکێک لە بەتواناترین و حازر جوابی لە هونەری هەجۆ ومەتەڵک هاویشتن دا. لەم شیوازە در برینەی هەیە، ئەم تاکە باڵیەم زۆر دەمێکە لە دیوانی (شێخ رەزا) دا بەر چاو کەوتووە، کە دەڵێ :

ماڵی موفتی لەم بەرە ،مەعلومەقازیش لەو بەرە

من فەقــیرم کێ دەزانێ لەم بـەرم یا لەو بـەرم

من واهەست دەکەم ئەم شارەزاییە ( مام هێمن ) دەگات بەو رادەی کە بڵێم زمانی دەر برینـی زۆر تیـژو لەبـار بـووە و هەر چۆنێک کەیفی لێبوە توانیویەتی یاری بە وشەبکاتو جێگۆڕکێیا پێبەکات بۆ ئەوەی سەرەڕای زمان شیرینیو پـاراوی دەر برینـی شێوازێکی وای بووە کە سەر لە خوێنەر بەشێوێنێ و وای لێبکات بەشوێن دۆزینەوەی هەستە شاراوەکانی دابگرێ .

(مام هێمن ) لەو سەرو بەندانەدا کە شۆڕش لەم دیوئەودیوی سنووری دەست کرد هەبوو واتە لە باشوورو لە ڕۆژ هەڵاتیش و بە پەشت قـایم بە شۆرشی ئەیلول پێدەنێتە نـاو برنگـار بـوونەوەی چەکداری و هێـزی پێشمەرگەی دیمووکرات ساڵەکانی "١٩٦٧ "بـۆ "١٩٦٨" دواتـریش بە شێوازێکی لە بـاروو تـۆکمە هەڵ دەکشێنەوە بـۆ چیـاو دۆڵەکـانی ڕۆژ هەڵاتـی کوردستـان وبـۆ دەست وەشـان لە ژانـدارم وبەکێگیراوانـی نیشـتیمان، لەو فەتـرەیەدا (مـام هێمن)وەک کەسـایەتی خـۆی هەرچەنـد لەوخەبـاتە دا وەک پێشـمەرگە تێیـدا بەشـدار نەبووە، بەڵام لەرووی هونەرو شێعرو شاعیریەوە بەتەوای هێزوبرشتیەوە، لەگەڵ ئەو بەرنگـار بوونەوەیشـدا دژبەداگرکەران ژیـاوە .وە بۆ ساتێک بێ خەم نەبووە، هیوای بە خەباتی گەل و نەتەوەکەی زۆر بە هێزبووە، بیروو باوەری بە هێزی چانـدووە. هەر چەنـدە ئەو سەردەمە بە قۆناخی گریانی شاعیر بۆ شەهیدانی نەتەوەکەی پێناسەکراوە، بەڵام لە گەڵ ئەو خەمە قورسو مـاتەمەی دا هۆنراوەکـانی پڕن لە کڵپەو گڕ هیوا و ئاوات بە شۆڕشگێران وخەڵکـانی نیشـتیمان پـەروەری نـاو گۆرپـانی خەبـات دەبەخشـێ بـۆ تێکۆشـان و ڕێگـای روونیان نیشاندەدا بە شێعر ڕێگای هەڵەتو تاریکیان بۆ هەموارو رووناک دەکـات.لێرە دایە کە ئەو راستیە حاشا هەڵـنەگەرە، شـاعیر دەبـــاتەوە، نـــاو جەرگەی خەبـــات وبەرخـــوودان ودیســـانەوە شـــین بـــۆ شـــەهیدانی کە گەوزیـــون لە خوێنـــدا دەگـــری ودەڵـــێ :

بۆ شەهیدێکی کــە گـــەوزیوە لە نێو خوێن دەگریم

بۆ هەڤاڵێکیکی کە چوو بێ سەرو بێ شوێن دەگریم

تا بە دەستی پەری ئازادی لە سەر گۆڕی شەهـــید

گوڵـــە شلێرە لـــە گشت لایەکی نەڕوێن دەگریـــم




لەدوای فەترەیەکـی زۆری ژیـانی دەربەدەریـو، نەمـرووونەژی بەڵام بە سـەر بەرزی کە دەگەڕێـتەوە بـۆ نیشـتیمانی ئـازاد، سـەرەرای سـەدان خـۆزگەو هیـوا وئـاواتی بەرز کە شـاعیر گرتـوونی بە کـۆڵیەوە و دۆڵ وچیـاو گونـد و غوربەتیشی گێـرا. دەکەوێتە نـاو گێـژاوی ئەو راستیەی کە خۆدەر کـردن ئـاسان نەبێت بـۆی وبەناچـاری دەبێ قبـوڵی ئەوەبکات کە هێزی گۆران کاریەکان لە دەست شاعیر دانیە، و هێزی گـورووتینی ئـەوەی نەمـاوە چۆنی پێ خۆشە ئـاوا ژیـان بگـۆڕێ، ڕێگـاو گۆرەپـانێکی وای لە پـێش نییـە بـای بـاڵی خـۆی تێـدا بەدا،خـۆ دوورخسـتنەوەش لەو حەقـیقەتەش بـۆی حاسـان نیـە، بـۆیە پەنادەباتـەوە بەر خەیاڵ و دەیـەوێ ئەو تـوورەییەی لەنـاخی دا پـۆنگی خـورا دۆتەوە، بەشێعر دەری دەبـرێ، ناشی هەوێت لەدەستی رابکات و دەڵێ :

چۆن نەبـــەم بۆ مـــــەی و مەیخانە پەنا، تێـگەیوم

لـــەو وڵاتـــە هەموو شت زۆرە بـــنی ئـــادەم کـــەم

شەڕەبـــایە لە چـیاکـــان و هـــەوا تووشە دەبــــا

وەکوو شـــێتان دەمەویســـت ڕوو لە چیای ئەستەم کەم

وەک لە سەرەوەش باسی ئەوەم کرد، کە رەنگە لەسەربەهرەو جوان ناسی لە سەر دنیای پـانووبەرینی شێعری (مـام هێمن) بەسـەدان و زیـاتریش لاپەڕە نووسراون و بە دەیان بیرەوەری و وتـاری بەنرخ پێشکەش کـراون ،بـەڵام بـەڕای من: هێشـتا زۆرن ئەوانـەی کە مـاون ونەوتراون وەهەر بە نامرادی ماون وباس نەکراوەن. یەکێک لەو باسە گرینگانەی جێگـای سـەرنجە زمـان شکێنی و داهێنـانە، بـە مانـا شێعری و ئەدەبی و هونەرییەکەی، دەرخستنی وکارکردنی فەرهەنگی ، کۆمەڵایەتی و مرۆڤیەکانی زمانە. کە لـە شێعری(مـام هێمن) دا بە جوانی رەنگیانداوەتەوە.

کاتێک بەوەردی سەرنجی هەڵ بەستەکانی شاعیر ئەدەی یەکسەر ئەوەت بۆ دەر ئەکەوێت. کە وەک چالاکێکی بواری ئاشتی و ئـارامی و مافخواز بانگەوازی(مام هێمن)بەگشتی هەموو گەلان ئەگرێتەوە و بۆ گەلەکەی خۆشی بە شێوەیەکی زۆر خەمخۆرانە پێداگری لە هـەموو مافە رەواکانی نەتەوەکەی دەکات و خۆشی دوورناخاتەوەو واهەست دەکات بەشێکە لە خەبات وقوربانی دان دایەو. دەڵێ:

هەتا ئێڵەی نەیە ئاورگی دڵ، چەم پڕ لە نەم نابێ

هەتا نەم دا نەبارێ تینی ئەم ئـاورگە کەم نابـێ

لەناو ئاورینگ و ئاونگا شەوم ڕادەبرێ بێ هەمدەم

**بەڵێ شەوگاری تەنیایی بەبێ فرمێسک و خەم نابێ**

(مام هێمن ) یەکەم کە وەک ئەدیبێکی سەدەی بیست شێعری هەڵ سەنگێنین، دەر دەکەوێت کە پڕە لە هێمای جوان ناسین وجوانکاری، هەم لە شێوازە کلاسیکیە کۆنەکان کەڵکی وەرگرتووە، هەم لە فۆرمە نوێ کەی کە لە ئەدبی شێعری کوردیدا، بە سەدەی شێعری (گۆران)ی لوتکە ناسراوە بەهرەی وەرگرتووە.

دووهەم یان خۆکە وەکو ڕۆشنبیر سەرجەم نووسراوەکانی(مام هێمن) سەیرکەین، ئەو راستیەمان بۆ دەر دەکەوێ ،کەهەڵگری گەلێک دروشم و پلان و ئامۆژگاری بەکڵکیان تێ دایە،خۆ کە چاوێک بەوبابەتانەش دا بەگێرین کە ( شاعیر) وەریگێڕاون لە ئەدەبی بێگانەوە ئەوراستیەمان بۆ ئاشکرادەکات، کە تەنیا بۆ وەرگێڕان نەبووە، بەڵکوو ئەوانەی وەریگێڕاوەنتە، سەر زمانی نەتەوەکەی بۆنی ئەوەی لێکردون، کە لەگەڵ هەست و بیروباوەڕی ڕێککەوتوون گونجاو بوون.لە دوای نووسینە وەشیان شیتاڵی کردون وپیاچوونەوەی لەسەر کردون، هاتووە لەناو ئەدەبی فۆلکلۆر و کولتووری نەتەوەکەشیدا لە روانگەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە هەند وەرگرتووە و مۆرکو بیروواڕاکانی خۆی لەهەمبەر عەشق و ئازادی و مرۆڤ دۆستی لە دەق و ماکە ئەسڵیەکانیدا دیارو لەبەرچاوی گرتووە. بە کورتی





بیبەر مەوە بەرای ئەوەی (مام هێمن)ی بەرز کردەوە ،سەر دەم نەبوو، ولاتپارێزی، حەماسە وتین و تافتە شۆڕشگێرنەیەتی، کەهەمووکات هیوابخشەو هانی هەستانەوەت دەدات ودەڵێ :

**پێم گرتەوە، دەرچووم لە دارە دارە**
**ڕێم گرتەوە، ڕێگای (قازی) و (ئاوارە)**

**شەهید مەلا ئاورە**

**نامترسێنێ گوللە، پەتک، سێدارە**
**دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی روون**
**دەڕۆم ، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون**

شێعری خەباتگێڕو،مانەوە لە گۆرەپانی شۆڕش و،بەر نەدانی پەشتی پێشمەرگەو، پشت نەکردنە بەرەی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی رەگەز، (مام هێمن )یان کردە ئەو شاعیرە مەزنەی سەدەی بیستی کورد. بەبروای من ئەو دوو باڵە شێعرە بۆ ئێرە گونجاوە .

که شاعیر دەڵێ :

**خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵک ڕۆشن بکەم**

**کێ لە ڕێی خەڵکا وەکوو شـاعیر دەسـووتێ شەم نەبێ؟**

**وەک مافێک بۆ نووسەری پێشەکی( تاریک وروون )،**

**( دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو) لە ساڵی "١٩٧٤" دا دەی خەمە ناو سێ چڵەمە .**

**کە باس لە سەرتای شێعری شاعیر دەکات وەهەنگاوبەهەنگاو شیدەکاتەوە ، و دەڵێ :**

**(((لە سەرەتادا شێعرەکانی هێمن لە ژێر تەئسیری دوو ڕەوتی ئەدبی دایە. وەک هەموو شێعری شاعرانی کوردی سەردەمی سی چل ساڵ لەمەوبەر، تەئسیری ئەدەبی لەم شێعرانەدا دیارە. زۆربەی شێعرەکانی شێعری عەرووزین، وەزن و قافیەیان لە گەل دەستووری شیعری فارسی ڕێک دەکەوێ. لە لایەکی تریشەوە شێعری شاعیرە کوردەکانی بە ناوبانگ وەک نالی کە خۆی لە ژێر تەئسیری شێعرِی کلاسیکی فارسی دا بووە، تەئسیری کردۆتە سەر شێعرەکانی هێمن. بۆیە لە سەرەتادا هێمن شێعرەکانی شێوەی غەزەل و قەسیدە و جارجاریش مەسنەوی دوو بەیتی و هیترانە هەیە. ئێستاش هەر جارجار دەگەڕێتەوە سەر ئەو شێوە کلاسیکی یە و هێندێ لە شێعرە تازەکانی هەر بەم چەشنە گوتراون. وەک ئاواتی بەرز". " گلێنەی شاعیر"، " دەسکەوتی خەبات" و هتد. لەم شێوە شێعر گوتنەدا هێمن دەستێکی بالای هەیە. شێعرەکانی ڕەوانن، بە زمان جوان و بە مانا دەوڵەمەندن.**

**پاش ماوەیەکی سەرەتایی شێعر گوتن هێمن بەرەبەرە دەگەڕێتەوە سەر شیوەی ئەدەبی ئەسیلی کوردی، خۆی لە قافیە و وەزنی شێعری کلاسیکی ڕزگار دەکا و شێعرەکانی لە بەستەی کوردی دەچن. لەو بەستەیەی کە شاعیر هەموو ڕۆژێ لە لادێ دەیبیسێ، بەستەیەک کە چوارچێوەی بۆ داڕشتنی شێعری کوردی لە بارترە و زمانی کوردی لە تەنگ و چەڵەمە ڕزگار دەکا و وەک چۆمێکی خرۆشانی لێ داکا کە بۆ لای دەریای بێ سنوور دەڕوا. جارجار کە ئینسان شێعری هێمن دەخوێنێتەوە، گۆرانی وەبیر دێتەوە. وادیارە کە لە هەڵبژاردنی ئەم شێوە شێعر گوتنەدا گۆران لە سەر هێمن بێ تەئسیر نەبووە. لەم شێعرانە دایە کە هێمن دەگاتە ترۆپکی ئەدەبی کوردی و بەڕاستی ئەدەبی کوردی پێش دەخا .)))**

**تا ئێرە ئەو بەشەی خراوەتە نێو سێ کەوانەوە، کە وەک مافێک بۆنووسەری پێشەکی(تاریک و روون) ماوەتەوە دەست کاری یەک وشەیم نە کردوە. بەراست هەر چەندە لە سەرەتاوە کوتم کە ئەو زمان شیرینەی گەلەکەمان تا لە سەری بووترێت هێشتا هیچ نە ووت راوە، بەلام ئەو پێشەکیە هەقی خۆی پێداوە و زۆر لایەنی بەرزنەرخاندووە.**

**من: بەشێکی کەمیم داناوە، دەنا زۆرلەوە زیاترە. من: بەشووێن شتێکی تری ( مام هێمن) دا دەگەرام بەلام کە ئەوم بەر چاوکەوت زۆر لە ئەرکی منی: ئاسان تر کرد و لەوەم بە باشتر زانی کە من: لێرەوە دەست لەو خەیاڵە هەڵگرم کە بە شوێنی کوتبووم:، بەلام من : لە چەند سەرچاوەی تریشدا ئەو هاوراییەم بەر چاو کوتووە، وە ( مام هێمن ) خۆشی لە پێشەکی( تاریک وروون) دا ئەو راستیە پەشت راست دەکاتەوە و دەڵێ . ئەو دەفتەرە سوورەی باوکم لیی خستمە ناو کلپەی تنور زۆری لاساکرد نەوە بوو کە ئەوەشنەبوایە هەر خۆم لە ناوەم دەبەردن. کەواتە شاعیر خۆشی هەستی بەوە کردووە حاشای لێناکات .**

**من: وەک شێعر ناس یان وەک لێ کۆلەرەوە باس لە شێری ئەو مەرۆڤە رەسنەی گەلی کورد ناکەم، بەلام وەک کەسێک کە زۆر هۆگری هۆنراوەکانی بووم و بۆمن: تاموو جێژێکی یەک جار زۆری هەیەو هەست دەکم زۆر بەباشی لێی تێدەگەم ،وەلە گەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە**

هۆنراوەکانی شاعیری مەزنی گەلەکەمان(نالی) کەوەک بناغەی شێعری کوردی ڕەسەنە بە شێوازی کلاسیکی .وە لە نوێ کاریشدا ( گۆران) شێعری تازەو ڕێچکەیەکی نوێ ی هێنا ناو هۆنەرمەندانی گەلی کورد و بەوە مامۆستا (گۆرانی) نازناوی( گۆرانی) لوتکەی دەستە بەر کرد، لێرەدا ڕووبەرو بوونەوەیەکی شێعری هەر سێک لە و کەڵە شاعیرانەی گەلەکەمان، دەخەمە بەر دیدی خوێنەر وبا خۆی سەر پشکبێت. بزانێت تاچەند لەیەک چوون هەیە؟ کە من: خۆم سەد لە سەد و دەمێکە هەستم بەو لەیەک چوونە کردوە، کە لە شاعیرەکانی تردا بەر چاو ناکەوێت .

بۆچی نەگریم صەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی
بۆ مەی نەڕژێ شوشە لەصەد لاوە شکاوە
هەر جۆگە و جۆ بارێ کە سوور وسوێربێ
جێی جۆششی گریانی منەو خوێنە ڕژاوە
هەرچەندە کە ڕووتم بەخودا مایلی ڕووتم
بێ بەرگیە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە
یان خۆ لە هەڵبەستێکی تر دا
عاشقی بێدڵ دەناڵێ، مەیلی گریانی هەیە
بێشکە هەورە تریشقە تاوی بارانی هەیە
چاوی من دەمدەم دەرێژێ ئاوی ساف و خوێنی گەش
تا بڵێن دەریای عومانە دوڕڕ و مەرجانی هەیە

(نالی)



قژ کاڵی لێو ئاڵی، پڕشنگی نیگا کاڵ
ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێک ئاڵ!
ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپە دوو
گەندەمووی دەم و چاو، مەچەک هەڵنەگرتوو!

یان خۆلە هەڵ بەستێکی تردا ،

سە ردمێک بوو دنیای گیانم تاریک و چۆڵ بوو،
کام"بە رۆچکە"ی گە رمە دڵم چە شنی سە هۆڵ بوو،
قە ریحە م وشک،تە بیعە تم زە رد و ژاکاو بوو
زە ردە خە نە م ئاخی سە ر لێو،فرمێسکی چاوبوو

( گۆران )




لاجـانگت وەکـوو گزیـنگی تــاوێ
هەر بۆ خۆی جوانە تـیف تـیفەی نـاوێ
وەکـوو فرمێسکی عــاشق ڕووناکـی
وەکـوو ئـاونگـی بـەیـان پاکـی
یان خۆلە هەڵبەستێکی تردا
نیـمە ئاواڵێ لە گۆشـەی بـێکەسی دا خەم نەبێ
چاکە ئەو لێرەش وەفای هەر ماوە، سایەی کەم نەبێ
لاپـەڕەی ژینم هەمـوو هەڵـدەیتەوە تـێیدا نییە
باسی فرمـێسک و هەناسە وشیوەن و ماتەم نەبێ
یان خۆلە هەڵبەستێکی تردا
لە بـارانــێ مەپـرسە، تا هەور بگرێ بەری ڕۆژێ
دەبێ بگریم، هەتا ڕووی تۆ لەژێر چارشێوی ڕەشدایە




(مام هێمن )

ئەم سێ شاعیرە مەزنەی گەلەکەمان لە جوان ناسی وەسفی ژنـدا زۆر لەیەک دەچـن ، بـەڵام تنها یەک خاڵ هەیە کە جیایان دەکاتەوە . ژن لای (مام هێمن) تەنها کەرە سەیەک نییە لە برچاوی بۆ پێدا هەڵـدان لە بەر جوانی و ناسکی شێعرەکەی . بەڵکو (مام هێمن) بەزمانی شێعر بۆ ڕزگاری ژن لە دەست کۆتو بەندی کۆنەپەرستی ناو کۆمەڵگای کوردی خەبات دەکا. وە لەگەڵ ئەوەی هەوڵ بۆ مافەکانی ژن ئەدا لە نـاو نیشتیمانەکەی خۆیـدا هـانی ئەوە شی ئەدا بۆ هاتنەمەیدان تا شان بەشانی پیاوان لە خەبات بۆ سەر بەسـتی وڵاتەکەشی بەشدار بـێ . ئەوەی ئەمڕۆلە کوردستان دەیبینین ، کە کچانی کورد بوونەتە ڕەمزی ئازادی خوازیو برگری لە خاک وناسنامەی نەتەوەی کورد دەکەن . (مام هێمن )"٥٠" ساڵ بەر لە ئەمڕۆ هاواری بۆ دەکرد .لە( یادگاری شیرین) دا دەڵێ:



چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێردەست کە کچ دابەستەبێ
بەس نەبێ ئەو کۆیلەتی وئەو کچ لە ڕژوور دابەستنە ؟
دەرکی داخســتوە لە تۆ بابت کــەچی دەرکی نیــیە
دەرکە داخـــستن لە تۆ دەرکی هومــێد داخـــستنە
دارزیـنە، مردەنە، ئاخــر هەتا کــەی پێت بەڵــێن
نابێ بێــتەدەر لە مــاڵ مــافی ژیانی کــوا ؟ ژنە
لادە چارشێوی ڕەشت با دەرکـەوێ کوڵمەی گەشت

چون لە قەرنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو ڕووگرتن
کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کردو ئەتۆش
هەر دەزانی ناوی ( ئەستێوڵکو)( دەرخۆنە)(و پنە)
فێری زانست و هونەر بوو ئەو لە سایەی خوێندنی
تۆش تەشیمان بۆ دەرێسی یادگاری شیرینە



(مام هێمن) هاوارو ناڵەی بۆ ئەوەیە،کە ژنانی نەتەوەکەی بەگەن بە مافەکانی خۆیان ، ئەو هەموو پلار تێگرتن وسە زەنشت کردنەی بۆ ئەوەیە کە بێنەمەیدان ، سەرەتالەناو کۆمەڵگاکەی خۆیاندا ببنە خاوەنی مافە ئینسانییەکانی خۆیان .بەڵگەش بۆپشت ڕاست کرنەوەی زۆر جار دژی زۆرداری و بێ حورمەتی کردن بە ژن دێتە میدان و دەنگی خۆی تێکەڵ بە مافەکانیان دەکاو(لە شنگە بێری)دا دەگورێنێ و، دەڵێ :



ڕاستە تۆ جوانی، لەباری، نازداری، شۆخی، نەشمیلی
کوڵمت گەشترن لە گوڵ و، خاڵت ڕەشترن لە زیلی
جیابوونەوەت دەردە، بەڵام تۆش دەزانی تامی نیە
ژوان و شەو ڕاو و دڵداری، ڕاز و نیازی بە دیلی

کەواتە ئەوراستییە مان نیشان دەدات،(مام هێمن)بە هەموو هێزیەوە ژنی خۆش دەوێ و ئیلهامی لێوەر دەگرێت،تاسەر مۆخی دەپیەرستێ و بەشوێن وشەی لەبارو شیاودا دەگەرێت،بۆ دروست کردنی تابلۆیەکی شایستەو نرخی هەموو جوانیانەی لە سرووشت دا بوونیان هەیە، ئەوبە هەست و دەستەکانی خۆی بە نایاب ترینی شێوە بیخەملێنێ، هەرواشی کردوە و هاتوە هەموو ئەو جوانیانەی کۆکردۆتەوە و بەرگێکی شۆرشگێری کردۆتەوە بەری و ئەو وڵاتەکەی لە پێش دڵ دارەکەی داناوە و دەی پارێزێت . دەنا کە وڵاتەکەی نەبێ بە تەختی شاهانی ناگۆرێتەوە.هەر لە (شەنگەبێری)دا دەڵێ :

شەنگەبێری گراوی خۆم، وێنۆسی جەماڵ و جوانی!
ئێستاش پاڵێنێ وەک جاران لە شوان و مێگەل دەڕوانی ؟
وا من پێشمەرگەم دەجەنگم بۆ وڵاتی لە تۆ شیرنتر
نەم دەدا بە تەختی شایی دەنا بەردەبێری شوانی

بەڵام سەرەرای ئەو هەمووخۆشەویستییەی بۆ ژن کەچی لە شێعری (مام هێمن)دا خەبات بۆ ڕزگاری گەل نیشتیمان، ئازادی کۆمەڵانی

خەڵکی وەزاڵە هاتوو لە ژن دانابڕێ وئەو خۆشەویستییە فراوانتر دەکات. کاتێک هۆنراوەیەکی دەخوێنیتەوە، هەست دەکەی ئاشقی و لە کۆڕی خەباتیش دای .سەیری لە (ئامێزی ژن) دا چی دەڵێ :

جاران پەناگای شەوانم ئامێزی ئاوەڵای ژن بوو

گەرمی و نەرمی ئەو ئامێزە مایەی حەسانەوەی من بوو

* * *

دەردی ژیان، ڕەنجی خەبات ماندووبوونی ڕۆژی ناخۆش

بەشەو لە ئامێزی ئەودا هەمووم دەکردن فەرامۆش

* * *

نیگای چاوی، بزەی لێوی پرینی دەکردم سارێژ

برینی ئەو دڵەی دوژمن بەتیر دەیکرد دابێژ دابێژ

* * *

نازی، تۆرانی، زیزبوونی لاواندنەوەی، ئاشت بوونەوەی

هەموولە جێی خۆی شیرین بوون زۆر سەختە لە بیر چوونەوەی

* * *

بەڵێ سەختە، یەکجار سەختە دووری لە ژن، نامرادی

بەڵام لە ژن خۆشەویســـتتر لە لای من ئەتۆی ئـازادی

* * *

(مام هێمن) یەکێکە لەو شاعیرە، کوردە زمان شیرینانەی، کەجیا لەوەی بە شێوازێکی پەتی و جوان هۆراوەکانی هۆنیونەتەوە. ئەوەندەش بە ئامانەتەوە، زمانی نەتەوەکەی لە وشەی بێگانە پارستوووە. زمانی شێعری (مام هێمن) زمانی ناو گوندوکۆمەڵانی ڕەسەنی خەڵکی کوردستانە، لە زمانی نووسینی (مام هێمن)دا ئەو ڕاستییەت بۆ ئاشکرادەبێ کە جیاوزی زۆری لە گەڵ شاعیرانی پێش خۆی هەیەو هەر گیزنەیویستوە ،ئەوپانتایە مەزنەی کە لەسەر ڕێگای ڕەوتی شێعری دابوە بەبستێتەوە، بەناوچەکەی خۆی کە خەڵکی موکریانەو،لە بیرو خەیاڵوزینی دا هیچ جۆرە جیاوازیەکی بە کار نە هێناوە، بە زاراوەی موکریانی شێعر ی وای نیە کە کەسێکی خەڵکی سلێمانی لێی تێنەگات .ئەوەندەی هونەر مندانی مەهابادو زەقەزو بۆکان شێعرەکانی (مام هێمن)یان کردووە بە سروودو گۆرانی. هەولێرو سلێمانی زیاتر، بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دوایی دا،وئازادی باشور زمانی (مام هێمن )ی کردەنموونەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوردی، و بێگومان لە پێکهێنانی زمانی پەسەندکراو (بنچینە)ی ئەدەبی کوردی دا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. وە لە داهاتوشدا بناغەیەکی بەهێزدەبێت بۆ نەوەی کورد.

دەتوانم بەڵێم : زمانی شێعری و ئەو ئەدەبیاتەی (مام هێمن) ڕچەی بۆشکاندووین، فەرهەنگێکە لە زمانی کوردی دا و لێوان لێوە لە وشەی نایاب وپڕلە زێروگوهەرە. لە (بناری هەڵگورد)دا دەڵێ:

وڵاتی سووروســپی وشین خێری خودا،باخی بەهەشت

کوێستان وبەندەن وپێدەشت تەلان،گـەوە،بانوو،بســتـوو

کـــانی ،زنە،ڕنوو،پزوو مێرگ،نواڵە، دەریا، ڕووبار

نەرمان، هەڵەمووت، لێرەوار ئاوهەڵدێر، خورێن، گۆمی مەند
کێڵگە، بەیار، بژوێن، زەمەند جێ جێ کۆدە، جێ جێ رووتەن
جێ چێ چێنک، جێ چێ رەقەن جێ جێ ئاوگر، جێ جێ شۆنە
جێ جێ شوورە وقەڵاکۆنە کوردستانی بەخێرو بێر

ئەم هەموو ناوە ودەیان ناوی تر بەس لەم شێعرەدا کۆبۆتەوە، ئەوەیە کە بڕوایەکی تەواوەوە دەڵێم:

زمانی شێعری(مام هێمن) بێ دوو دڵی بۆتە قوتابخانەیەکی دوڵەمەند بۆ تێکڵ بوونی فەرهەنگی جیاوزی ناو ژیانی لادێ و شارە، ئەو ژیانی لادێ و ، شار تێکەڵ بەیەک دەکات .ئەو دوو وێنە دەخاتە ناو جامەیەکەوە ،هەم ئەوانە لێی سودمەند ئەبەن کەلە شار ژیاون و لە زۆر باری ژیانی لادێ ئاگادار نەبوون،وە بە پێچەوانەکەشیەوە، زۆرکەلێن لە ژیانی لێدێ نەشینی پەر دەکاتەوە، وەبەم زیرەکیو شارەزاییەتیەوە ،توانیویەتی زمانێکی دەوڵەمەند و بێ هاوتا بەخاتە سەر خرمانی پڕپیتو بەرەکەتی کورد. لە ( کیژی لادێ) دا باسی ئەوشتانەدەکات کە نەک هەر کیژی لادێ بەڵکو کۆمەڵگای کوردی لێی بێ ئاگابوە،لەو سەردەمەداو، ئەو بە شێعر فێریان دەکاو پەڵکێشی ناو دنیایەکی تازەگری سەردەمیان دەکات ،



کیژی لادێ یی نەشمیلی جوان چاک
بێ فڕ و فێڵ و هێدی و داوێن پاک
ئەتۆ هەر زگماگ وەها جوانی
تەوالێت چییە؟ ناوی نازانی
نیتە کراسی حەریر و پۆپلین
گەوهەری پێچرای لە ناو خامی شین
پۆدر و کرێم و ماتیکت نییە
هەر نەت بیستووە(ئۆدی کلۆن) چییە؟
نەتکرد سووراو و سپیاو، چون دووری لە شاری،
کەچی هەر سپی و سووری
فێرت لێ نەدا بسکەکەت لوولە
ڕێژیمت نەگرت بەژنت وەک توولە
لاجانگت وەکوو گزنگی تاوێ
هەر بۆ خۆی جوانە تیف تیفەی ناوێ
کوڵمەکەت وەکوو گوڵاڵەی گەشە
بێ سوورمەش چاوە مەستەکەت ڕەشە
وەکوو فرمێسکی ئاشق ڕووناکی
وەکوو ئاونگی بەیانان پاکی

فێر نەبووی سیحر و گشتەک و نوشتوو
نە جگە گورگت هەیە و نە موروو
مایەی هومێدی کیژی چاو هەڵۆ
نازانی مەکر و جامبازی و درۆ
چارشێوت نیە ڕوو ناگری لە کەس
نامووسی خۆتە پاسەوان و بەس
بە تاسکەتاسک و بە لەنجە و لارت
بە بەژن و باڵای بەرز و لەبارت
بە دڵی سادە و بە هەستی پاکت
بە شەرم و حەیا و ئاکاری چاکت
منت کردوە شێت و شەیدای خۆت
وەختە لە سوێیان گیانم دەچێ بۆت

زۆربەی شێعرو پەخشانەکانی (مام هێمن) هەرچەندە بە جێ گۆرکە کردن تیف تیفەی وشەکانی داوە و زیرەکانە هەندێک جوان کاری بۆکردوون. سەد لە سەد بەهرەی لە وشە خۆرستو خۆماڵیەکان ووەر گرتووە، کە باسی سرووشت و ژیانی لادێ نەشینی دەکەن،هەر ئەوەش وادەکات شار نەشین توشی شۆک دەبێ، بەوهەموو وشەی نەبیستراوانە. کە بەشێوازێکی نایاب لە شێعرەکانی دا کۆی کردوونەتەوە.وشەی وای تێدایە کە منی :لادێ نەشین زۆر جار توشی سەر سووڕمان دەبم وسەیرم لە دوڵەمندیو برفراوانی زمانی کوردی دێ. کە هێندە دەوڵەمەندە وبەلاّم بە داخەوە بێنازەو خزمەتێکی وا نەکراوە. دەنا ئێستا لە ریزی پلە یەکەمی زمانەکانی دنیا بوو،



"٣٥" ساڵ لەمەوبر نووسەری پێشەکی (تاریک و روون)
(دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو) لە ساڵی "١٩٧٤" دەڵێ :

((( دیوانی هێمن شێعری وەک " بەهاری کوردستان" ی بەڕاستی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانی کوردییە.)))
(((لە " شەنگە بێری" دا ئەنجامی شێعرەکەی ئەمەیە

زۆری نەماوە بێتە بەر، نەمامی هەوڵ و خەباتم
لە داگیرکەر پاک بێتەوە خاکی پیرۆزی وڵاتم
چەک دادەنێم گۆچانەکەی جاران هەڵدەگەمەوە
تۆ هەر بێری بە من شوان، فریشتەی تاسە و ئاواتم)))

کاتێک شێعری(مام هێمن) دەخوێنیتەوە، کاتێک بەسەرهاتێک یان خۆراگری وقارەمانەتی کەسێکت بۆ دەگێرێتەوە ، واهەست ئەکەی لە وێبووی و بە چاوی خۆت دیوتە.هەر ئەوەش وایی کردووە،شێعری (مام هێمن)بە گەینێتە پلەی هەرە بەرزی ئەدەبی کوردی. یەکێک لەو

هۆنراوە سەرنجراکێشانەی گێرانەوەی بەسەر هاتی شەهید بوونی ئیسمایل شەریفزادەیە لە( کاروانی خەبات)دا کە خوێنەر دەباتە شوێنی بەسەر هاتەکەو دەڵێت: هەر چوار تەنیشتی گیرابوو، پشوو سوار وگەروو وشک، ئەم شێوازە زۆر کار دەکاتە سەر هەستی خوێنەرو وات لێدەکات بەشوێن وەڵام دا بەگەڕێیت، کەچی هەر خۆی وەڵمت ئەداتەوە و، پێت دەڵێ: لە سەنگەرێک دا بەتەنێ، گەرم ببوو چەکی دەستی، جارێک دەڵێ: لەسەنگەرێک دا بەتەبێ، جارێک دەڵێ: گەرم ببوو چەکی دەستی، جارێک شاعیر دوورەو جارێک لایەتی، ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێت، کە شاعیر تا سەر مۆخی گەل وهاونیشتیمانە شۆرشگێرەکانی خۆشویستووە. ودەڵێ :



زەردە پەڕێ، سوور بوو ئاسۆ خەریک بوو سێرە هەڵگیرێ
لەباتی قاسپە قاسپی کەو دەهات قرمژنی شێست تیرێ

* * *

هەر چوار تەنیشتی گیرابوو لە سەنگەرێک دا بەتەنێ
ئەو لاوەی بەڵێنی دابوو هەتا مردن جەک دادەنێ

* * *



سمایلی شەریفزادە
وێنەی ئاڵبۆی حەمەرەسوڵ کریمی

پشوو سوار و گەروو وشک گەرم ببوو چەکی دەستی
بەڵام هێشتا نە لەرزی بوو دڵی پڕ لە هیوا و هەستی

* * *

ڕووناکبیرێکی تا ئەمرۆ دەچوو بەرەو ئاسۆگی روون
ئێستا هیوای بە بووڵێڵ بوو بۆ لە گەمارۆ دەرباز بوون

* * *

(مام هێمن) هونەری نەتەوەکەی زۆر خۆشویستوە، شێعری شاعیرانی بەر لە خۆی خوێندۆتەوە وهۆنراوەی باشو خراپی ناسیوەو لەیەکی جیاکردوونەتەوە. وەلە ناو شێعرکانی خۆی دا جێگای بۆ کردوونەتەوە وبۆ ناساندنیان ئاوێتەی ناویەکی کردوون، وەک لەو کاتەدا کە داواله ساقی دەکات تامەی پێبەداو ئەویش بەدەنگێکی نەوی شێعری بەرزی مەولەوی بۆبڵێ.

جاکە سەرخۆش بووم بەدەنگێکی نەوی
بۆت دەڵێم ئەو شێعرە بەرزەی مەولەوی
گوێم دیە ئەی دیدە مەستی قیت وقۆز!
تا بناڵێنم وەکو بلوێر بەسۆز

یا لە وەسفی مامۆستا گۆرنی لوتکەدا ولە(شینی گۆران)دا دەڵێ:

هەر لە بۆتانەوە هەتا سۆران
هەموو سۆرانی شینە بۆ گۆران

یان خۆ دەڵێ :

ڕۆژگار گەوهەری وەبن گڵ دا
داخی ئەو مایەوە لە ناو دڵ دا

بەووەشەوە خەیاڵی نەوەستاوە و بیرێک لە حاجی قادرو پیرەمێردیش دەکاو دەڵێ :

حاجی، گۆران و پیرەمێرد مردن
داخەکەم کوردی ئێمە هەر کوردن
کوردن و تووشی ڕۆژی تەنگانەن
مەردن و دیلی دەستی بێگانەن

ئەوەی(مام هێمن) لەسەر مەزنی گۆرانی لوتکە داباسی دەکاو دەی لێ بەڕاستی ئەوە کەسایەتی خۆشی دەگرتەوەوڕاستە. خۆشی بێوێنەیە لە جوانی پەرستی دا، وشە لە دەستی دا وەک مێوە، دڵتەڕە و خۆش خەیاڵە و ناسک بینە، بە هونەرە و شارەزا و ووشە ڕەنگینە.

(مام هێمن) هەموو هونەر مندانی کوردی خۆشویسووە بەبێ جیاوازی بەڵگەش بۆ ئەوە لە گەڵ زۆریان وێنەو دانیشتنی هەیە هەر چەندە بەداخەوە زۆری فەوتاوەن و،وە ئەوانیەشی کەلەم لاو لەولامابەن وە دەست کەوتنیان ئاسان نیە. بەڵام ئەو مونەرمەندەی کە زۆرلێیەوە نەزیک بووەو لە هەمووکەسیش زیاتر شێعرکانی کردوە بەگۆرانیو خەزمەتێکی باشی یەکیان بە هوونەرەکەیان کردوە، ئەویش هونەرمەندی گەورەی گەلی کورد کاک(مەحمەدی ماملێ )یە ڕۆحی شادبێ ،لە گرتەیەکی ڤیدئۆدا شاعیر روودەکاتە هونەرمندوو بەزمانێکی شیرین وهاورێیانەو خۆشەویتانە پێی دەڵێ :



هونەرمندو ژیانی خۆش مەحاڵە
هونەرمند ڕەنجەرۆیە ژینی تاڵە
وەرینگە خۆشەکەت بۆ تۆ بەڵایە

**ئەتــۆ خــۆش خوێـنی حاڵت بـۆیە وایە**

**ئەگر نەنت بایە ورینگەو دەنگیواخــۆش**

**بەرەلابووی وەک و ئەو روورەشەلە چۆڵێ**

**لە کۆتای دا زۆر خوێن شیرینە ،کاتێک دەگات بە( روو رەش) نای هەوێت بیڵێ جارێ روونکردنەوەی لەسەر شێعرەکە بۆدەکات .**

**(مام هێمن) لە (ناڵەی جودایی )دا**

**بـابەتێکی پڕشـنگدارو مێژووییەکـی فۆلکلـوری رەسـەن نەتەوەکەی لە نـاو شـێعرەکانی دا تۆمـار کـردووەو لە فەوتـانی رزگـار کـردوون . ئەوانەش نـاوی ئەو چیـرۆک ،و نەزیـلە،و بەیـتە، کـوردیە رەسـەنانەیە .وەک مەمـوزین،خەج وسیاند، لاس ،خـانزاد و خەزاڵ،شـیرین وفەرهاد،وەڵی دێوانە،قەرەتاژین ،چەکۆ وعرفۆ ،برایمۆک و پەریخان ،**

**پوختەیەک لە سەر ژیانی (مام هێمن ) بەکورتی**

**لە ساڵی "١٩٢١"لە گوندی لاچین نەزیک مەهابادی رۆژ هەلاتی کوردستان لەدایک بووە .**

**هەر لە منداڵیوە، لای باوکیو م سەعید ناکام فێری خوێندنەوە بووە.**

**دواتر لە قوتابخانەی >سەعادەت< لە سابلاخ تا پۆلی چواری بە زمانی فارسی خوێندەوە.**

**دواتر لە خانەقای (شێخی بوورهان)ی باپیری ولای (خاڵی ) چوار ساڵی تریش دەخوێنێت ،**

**لە تەمنی "١٧" ساڵی دا وازی لە خوێندن هێناوە خەریکی خوێندنەوە وکار کردن بووە.**

**لە دەورانی لاوی هۆگری شێعر نووسین بووە .**

**لە ساڵی "١٩٤١" هۆنراوەی چاپکراوی بەر چاو دەکەوێت.**

**لە ساڵی "١٩٤٢" دا و لە هەمان ساڵدا پەیوەندی کردوە بە بەرێک خراوێکەوە بەناوی (ژ ک) کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ،لە "١٦،٠٩،"هەمان ساڵ بۆتە ئەندامێکی چالاک .**

**تا "١٩٤٥،١٦،٠٨" ناوی کۆمەڵەی ژیانەوە کرابو حیزبی دێموکراتی ئێران . قازی مەحمەد بە سەرۆک هەڵدەبژێرن(مام هێمن ) وەتـارو شێعری خوێندۆتەوە،**

**لە "٢٢،٠١،١٩٤٦" دا و بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان شێعر دەخوێنێتەو .**

**لە "١٧،١٢،١٩٤٥"بەداوی رووخانی کۆماردا بۆماوەک خۆی دەشارێتەوە .**

**لە ساڵی "١٩٧٠"دا تا "١٩٧٩" لە غوربەتدا ژیاوە لە باشورو بەغداو ئاڵمانیاش .**

**لە ساڵی "١٩٧٩ "دا وی شۆرشی گەلانی ئێران وگەڵی کورد لە رۆژ هەلات دەگەرێتەوە بۆ زێدی خۆیو .**

**لە پـاش سـەرکەوتنی ئینقلابـی ئیسـلامی و سـاڵی ١٩٨٣ ناوەنـدی چـاپ و بلاوکـردنەوەی (سـەلاحەدینی ئەییـوبی) لە شـاری ورمـێ دادەمەزرێنێت .**

له بەهاری ساڵی "١٩٨٥"دا دەست دەکات در کردنی گۆڤارێک بەناوی سروە و تا کۆتای ژیانی خەریکی ئەو گۆڤارە بووە .کە ناوەندێک بووە زۆر خەزمەتی بەلاوانی کورد کرد .

له ساڵی "١٣٥٧"شمسی هاوکاری رۆژنامەی کوردستانی چاپی تاران بووە.

له سەر دەمی کۆماردا یەکێک بووە ،لە کەسە چالاکەکان و بەرێوەبەرانی گۆڤاری نیشتیمان .

(مام هێمن ) لەماوەی"٦٥" ساڵ تەمەنی خۆی ئەم بەرهەمانەی بە یادگار بۆنەوەکانی نەتەوەکەی جێ هێشتووە .

دیوانی هێمن

بارگەی یاران

قەڵای دمدم

شازادەو گەدا

ئەفسانە کوردییەکان (کاری قەنات کۆردۆ کە هێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی ).

١٩٧٤




پاشەرۆک – شیعرو پەخشان

" ناڵەی جودایی – شیعر "١٩٧٩

توحفەی موزەفەرییە ، کۆکردنەوە و پەراوێز بۆ نووسین

چەپکێ گوڵ و چەپکێ نەرگیز

هەواری خاڵی

له ساڵی "١٣٦٥" شمسی کۆچی کردوە ولە مەهابات بەخاک سپێردراوە.

هەندێک لەو هۆنراوانەی مام (هێمن ) کە ناوم هێناوەن یان لە هەندێکیا نیو باڵیم داناون .

سەرچاوە: سایتی وسوەکەل هەواڵ نێر / ڕێکەوتی: ٥ی کانونی دووەم ٢٠١٦



# ٣٠ هەمین سالوەگەر کۆچی دۆای شاعیر نەتەوەی و نیشتمانی بەرز و پیرۆز بێت

## ڕەشید قازی

نەک پاریس ئەگەر هەموو فەرانسەشم بە نیو بکەن ئامادە نیم وڵاتی خۆم بەجێی بێلیم.
کەشکۆلی پێشمەرگە. ژ ٩٥



کاک تاهیری عەلیار بەرپرسی کۆمیتە شارستانی مەهاباد بوو. بەهۆی پەیامێکی رادۆیی هەموو کۆمیتە ناوچەکانی ئاگادار کردەوە کە بۆ کۆبونەوە دەگەڵ کۆمیتەی شارستان مەهاباد خۆیان بگەیەنینە پشت چیاکانی تۆرە. من و مامەوستا عومەر و عەلی و خالق بارزان ئامادەکاریمان بۆ سەفەرەکە کرد. بارزان کە یەکی قولە خرەی ئاغابانو لەسەر بوو بە هۆی تفەنگ و فیشەکدان و کۆلەپشتی تاقەتی ئەم ڕێگا دورەی نەبوو. بۆیە بە بیستنی هەوالەکە کوتی ...

دەبێ ئیزنم بدەن کە من نەیەم یا دەبێ ئیزنم بدەن کۆلە کەریکی قەرز بکەم لانیکەم نیوەی ڕێگا تا نیزیک کۆمیتەی میرقاز کە کاک حەسەنی کاکیلی بەرپرسی بوو پێیببرم.

نابێ چۆن بەشداری کۆبونەوەی کۆمیتە شارستان نابیت کاکە خالید؟.
دووهەم ناشبێ کەر و یەستر و بارگینیش دەگەڵ خۆمان بەرین؟.
بۆ نابێت؟.



مەگەر نەت بیستۆە رادیو تاران هەر رۆژە دەلی کاروانێکی مۆتۆریزەی حیزبی مونحەلەی دیمۆکراتمان بە هۆی گورزی ئاسمانی لەشکرەکانی ئیسلام تەفر و تونا کردۆە. ئەگەر هاتو وەبەر یەکیک لەم هیرشانە بکەوی چ ولامی کۆمیتەی شارستان بدەینەوە؟.

هیچ نیە ئەوە خەباتە ئەگەر منیش کوژرام ئیوە سلامەت.

پاش مشت و مڕێکی زۆر ئاخری کۆمیتە ساخ بۆوە ئیزن بە خالید بە سۆاری ئێمەش بە پێیان خۆمان بگەیەنیتە کۆمیتەی میرقاز. لە قەلای سارم را بە داوینی گوندی لاچیندا، نیوە شەو گەیشتینە وزندەریە. پاش حەسانەوە دیسان کەوتنەوە ری.

هەرچەند داوامان لە خالید کرد کە لە نیو گوند بەهۆی کەمین سۆاری کەرەکەی نەبێت ولامی نەداینەوە.

خالید سۆاری و ئێمەش پێادە. کیسە خەو و نان و کیتەلە ماستمان دایە خالید. مانگەشەویکی روناک بو دەتکوت رۆژی روناکە. بۆوەی دەبـو بەنـی بە دەرزیەوە بکەی. پایەگـا بە هـۆی رونـاکی چراکـانی کوژانـدبۆوە. لە ئـاخرین مـالی گونـد روو بە دۆلـی گـلە پـۆتە و گـردەبەردان وەدەردەکەوتـین کە لە ناکـاو کـۆلە کەر کۆیەکـانی قـووت کـردن. عەلـی کـوتی لەوانەیە کەمین بیت خـۆی هاویشـتە بـن کەندیک. کوتمان خالید دابەزە ولامی نەداوە. هیندیکی دیکە بە ئەسپای رۆیشتین و کۆلە کەرەکە هەنگاوەکانی خۆشتر کـرد. لە ناکـاو یەک بەو دۆلەی دەسـتی بەزرەرانـدن کـرد و هەنگاوەکـانی ئەوەنـدەی دیـکە تونـدتر کـرد تـا کـردیە چـۆار نـال. ماکەریـک لە پشـت کیشەگیایەک روخساری لەبەر مانگی چاردە دەرکەوت. چۆار نـالەی کـۆلەکەر لە پێنـاو گەیشـتن بە عیشـق مـاکەر و ترسـی بەربـونەوەی خالید و ترسی ئیمە لە ئاشکرابونمان و کەوتنە کەمینی دوژمن و تەقەی پایەگـا شـانۆیەکیان پێـک هینـابوو کە مەگەر خـودا بزانیت. کـۆلە کەر بە بـێ سـرنجدان بە هەرەشـەکانی خالیـد بە کەلەوەش لە دەمت دابـا گەرانەوەی بـۆ نەبـوو. خالیـد تونـد تونـد دەسـتی لە گەژۆی کورتـانی کەرەکە قـایم کردبـوو وەک کیسـک لەسـەر پشـتی کـۆلە فـایتۆ هەل دەبەزیـوە. لەو هەڵـبەزدابەزەدا لە سـەرەتا کیسەخەویک تور درا و دۆاتریش کۆلە پشتیک دۆاتر کیتەلە ماست و سەرەنجام هەر ئەوەندەمان زانی خالید بە خۆی تفەنگەکەی وەک ڕەشـایەک بەرەو ئاسمان بەرز بـۆوە زۆری نەخایانـد زرمەی لە عەرزی هەلسـتاند. پایەگـاش بەو هەلا و بگـرە دەسـتی بە تەقە کـرد. دەنگـی تەقەی پایەگـا و تـیکەل بە زەرەرەی کـۆلە فـایتۆن دوۆل بە دۆل دەنگـی دەدایە و دەتکـوت ڕۆژی حەشـرە. پـاش هێـدنیک خـۆ مەلاسدان و خالیدمان دیتەوە. باش بو خالید هیچ کۆی نەشکابو. کەر و ماکەر لە تاریکـایە شـەودا بەرەو دۆلـی قـوراوان لە بەرچـاوان ون بون. خۆ یەستا سۆار نابیەوە کاک خالید؟. خالید مۆرەیەکی کرد و خۆی تەکاند تفەنگەکەی لە شانی کردەوە و کەوتە ڕێ.

پاش چەند رۆژ دەگەل کۆمیتە ناوچەکانی دیکە گەیشتینە شۆنی دێاریکراو. کۆمیتە شارستان لە کۆخێکی نیزیک ئەشکەوتی تۆرە بـارگە و بنەی خستبو و پەل و لەک و دەستەکانیش لە دەر و دۆل و بەرزایەکان دەوروبەر جیگیر ببوون. پاش دوو رۆژ کۆبـونەوە کـاک تـاهیر بـانگی کردم و کوتی راسپاردەیەکت بۆ جەنابی ماوەستا هیمن پێ دەبی و دەبی بە بێ باسکردن لێرەو لەوێ بیگەیەنی.

"هەرچەند ماوەستا هیمن بە هـۆی هەلویسـتی دەگەل تـاقمی ٧ کەسـی و کۆنگەرە چۆارەکـان وەک ئەنـدامی حیـزب نەمـاوە بەلام حیـزب تۆانیویەتـی ویزای چون بۆ فەرانسەی بۆوەربگریت. ئێستا ئەو دەتـۆانی خـۆی بگەیەنیـتە دەفـتەری سیاسـی تـا کارهاسـانی بـۆ بکەن بـۆ سـەفەرەکەی . ئەگەر بۆخـۆت بە هەر هـۆیەک نەت تـۆانی عەرزی حـاجی عەولای بابـت بـکە کە زەحـمەت بفەرمیە ئەم ئەرکەمـان بـۆ ڕابپەرینێت".

پاش جەولەیەکی ١٥ تا ٢٠ رۆژە دەگەل کاک حەسەنی کاکیلی و ماموەستا عوومەر و خالق بـارزان و محمد گەراینەوە نـاوچەی خۆمـان. من و مەلا عومەر و خالق بارزان بەرەو ناوچەی سارم کەوتینە ڕێ و کـاک حەسـەن و کورەکـانی دیکەش بەرەو میرقـاز. ئیمە .خۆمـان گەیـانـدە ئـاوای شیلاناوی پـاش ڕاپەرانـدنی ئەرکـی حیزبیمـان بەربەری ئیـواری رۆژی داهـاتوو، مـن چـومە خـزمەت ماموەسـتا هـیمن.

ماموەستا لە باغە سێوەکانی پێمەرە بەدەست لە کاتێکدا جلی کوردی دەبەر دابوو خەریکی ئاوداشتن بوو. بە دیتنی من هێندیک حەبەسا و خێرا عەرزی سلاوم کرد بە گەرمی بەخێرهاتنی کردم و یەکترمان ماچ کرد و ئەحوالی بابمی و هیندیک حیزب و وەزعی ئیمەی و کۆمیتەی پرسی . ماموەستا هیمن دەستی لە باغەلی ناو قودۆە سیغارەکەی دەرهینا بە توتن و پەری سیغارێکی هەلبەست و لە کاتێکدا بە سەری زمانی لاپەرەکانی تەر کرد سیغارەکەی بە دەمیەوە ناو و بە چەغماغەکەی سیغارەکەی ئاوردا. چەند پروشکە ئاگر بەو لا و ئەولای رومەتە پڕ لە چرچ و ردین سپیهاتۆکەیدا بلاو بوو. مژێکی قولی لێدا و کوتی ئاگاتان لە خۆتان بیت لە قەراخ شاری نابی دۆژمن بە دەستی کەم بگرن. یەک یەک و دوو لێرە چ دەکەن؟. پاش هیندێک قسە کردن لە سەر وەزعی کۆمیتە و حیزب و هیزەکانی پێشمەرگە و گەیاندنی سلاوی کاک تاهر و مامە مستەفام و کاک قاسم ، پەیامەکەی کاک تاهیرم عەرز کرد.

ماموەستا هێمن مژێکی قولی لە سیغارەکەی دا و چرە دوکەلێکی شینی مەیلەوە سپی کە دەتکوت پڕە لە دەرد و خەفەت و مەینەت وەک هەورە بروسکەی بەهاریە لە سینگی دەردایەوە و پێمەرەکەی بە توندی لە جۆگەی ئاوەکەدا چەقاند و فەرموی کوری خۆم بچۆە عەرزیان بکە ئەگەر هەموو فەرانسە بە گشتی و شاری پاریسم بە تایبەتی بە نیو بکەن تاکە چرکەیەکی ولاتی خۆم بەو بە هەموو ئەو ولاتە ناگۆرمەوە.... تازە منی پێری کەلەلا هەر لە نیو خەلک و خاک و زیدی خۆمدا بمرم باشترە نەک لە دەربەدەریدا گۆرغەریب بم... بۆ ساتیک قسەم بۆ نەدەهات نەمدەزانی چ بلیم . با درۆ نەکەم پێموابو مامۆستا نەزان و گێلۆکەیە کە ئەم دەرفەتە مەزنە لە دەست دەدات. لەلایەکی دیکە پیموابو زۆر لە حیزب تورەیە بۆیە ئەو ولامی ئاشتیە حیزب رەت دەکاتەوە. لە یەک کاتدا ولامی دەیان و سەدان پرسیار سەبارەت بە هەلس کەوتەکانی حیزب و مامۆستا و گەمە سیاسیەکانی ئەو سەردەم بێ ولام دەمانەوە. بەلام دیسان منی دەمروت رووت و رەجالی بێ ئەزمون بۆجارێکی دیکە لە مەکتەبی هیمن دا دەمەزەرد کرامەوە کە بستیکی خاکی خۆمان بە هەموو دونیا نەگۆرینەوە. فیر بومەوە وەک هیمن هیمنانە تا مردن بۆ زید و خاک و ولات دا تێبکۆشین. خۆرەتاو لە دورە دەست لە پشت چیا سەربەرزەکانی قەلاتی شا و لەند شیخان دا نەوی دەبو. دەنگی سەور و گەرانەوە پالە و جوتیار و گاران بەرەو مالان ئاوای شلەژاند. چرا گرسۆزەکان یەک یەک و دوو تاریکی پەنجەرەکانی شیلاناوی روناک دەکرد.و وردە وردە تاریکی وەک قەلای میرانی شەو بالی بەسەر گوند دادەکێشا من و ماوەستا هیمن بە چاوێکی کە هەزاران پرسیار و خوێندنەوەی جێاوازی تیدا بەدی دەکرا مالئاویمان لێک کرد. من بەرەو چیا و روناکی ئەستیرەکان و مامۆستای پیری کۆلەنەدەر بەرو گوند و روناکی چرا گرسۆزەکان. بەم جۆرە بۆ هەمیشە مالئاوایمان لێک کرد.

هەزاران سلاو لە روحی بەرزی ماموەستا هیمن و هەمو رێبۆارانی کورد و کوردایەتی.

## (ژیاننامەی ماوەستا هێمن.)

محمد ئەمین شیخ ال ئیسلامی موکری ناسراو بە هیمن لە سالی ١٩٢١ لە لە گوندی شیلان ئاویە سەر بە شاری مەهاباد لە بنەمالەیەکی دەست رۆیشتۆی ئەو سەردەم لەدایک بۆە. لە خانەقاە شەرفکەندی فیری قورئان خۆیندن و نوسین و عەرەبی و فارسی و نوسینی کوردی بۆە. لە سالی ١٩٤٢ دەگەل هەژار بونە ئەندامی کۆمەلەی ژکاف. لە کۆماری کوردستان ناز ناوی شاعیری نەتوەی کوردیان لە لایەن سەرۆکۆماری کورد واتە پێشەوا قازی پێدراوە. وەک مونشی سەرۆک وەزیران حاجی بابە شێخ لەسەردەمی کۆماردا ئەرکی پی ئەسپیردراوە. پاش روخانی کۆماری کوردستان ئاوارەی سولیمانیە بۆە دۆاتر بە نەهینی گەراوەتەوە لاچین. پاش پەیمانی ١١ی ئازار لە نیوان بارزانی و حکومەتی ئیراق هیمن چۆە بەغدا و بونە ئەندامی کۆمەلەی فەرهەنگی کوردستان. لە سالی ١٩٧٩ پاش

سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئیران هیمن گەرایەوە کوردستان. بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران هەلبژێردرایەوە. لە کۆنگرەی چوار دەگەل تاقمی ٧ کەسی و پەیرەوانی کۆنگرەی ٤ کەوت و لە حیزب دەرکرا. پاش گرتنەوەی ناوچەکانی ژێر دەستەلاتی هیزی پێشمەرگەی کوردستان لە لایەن سوپای پاسدارانەوە لە گوندی لاچین دەست بەسەر کرا. بەلام لە لایەن ریژیمەوە لە سالی ١٩٨٣ وە ئیزنی چاپکردنی موجەلەیەک لە ژێر ناوی سروە ی پی درا و تا کۆچی دۆالی لە سالی ١٩٨٥ وەک بەرپرسی ئەم گوفارە کاری تیدا کرد و دەیان کەسایەتی دیکەیان دەگەل ئەحمەدی قازی پێگەیاند.بە جۆریک رەحیم مەشایی کە ئەوکات لەباری ئەمنیەوە چاوەدیری ئەم ناوەندەی دەکرد کوتبوی....

ئەم بنکەیە ریک وەک ئۆرگانەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کار دەکەن و هەمو سیاسەت و بیر و باوەرەکانی حیزب لیرەدا هەست پی دەکرین تەنیا ئەوەی تفەنگیان پی نیە قسە و بۆچونەکانیان لە رۆژنامەی کوردستان ئیۆرگانی حیزبی دیمۆکراتدا نانوسن. منیش زیادیم.......

ماوەستا هیمن لە کۆوارەکانی کوردستان، هەواری کوردی، هەواری نیشتمان، گڕوکال، ئاگر،هەلالە و زۆر رۆژنامە و گواری دیکەدا نوسراوەی هەیە و نوسیویەتی. گەورەتری ئاسارەکانی بریتین لە ......

تاریک و روون....

پاشە رۆک.....

نالەی جودایی.....

پاشەرۆکی ماموەستا هیمن......

تۆحفەی موزەفەرییە......

ئەفسانەی کوردیەکان.....

چەپکە گولیک و چەپکە نیرگیزیک....

شازادە و گەدا.....

قەلای دم دم.....

هەواری خالی....

سەرەنجام مەرگ پاش ٦٥ سال چیتر ئیزنی نەدا ئەم یادگارە مەزنەی کۆمارە جۆانە مەرگەکەی کوردستان و یارو یاوەری پێشەوا قازی لەوەی زیاتر خزمەت بە نەتەوە بێ بەش و زامدارەکەی بکات. ماموەستا هیمن پاش کۆچی دۆایی لە گۆرستانی شۆرەسۆارانی شارکەی واتە شاری مەهاباد بە خاکی پیرۆزۆ کوردستان سپیردرا تا نیشتمان بۆ هەمیشە وەک سۆمای چاوەکانی دەگەل دەیان کەسایەتی دیکە بیپاریزیت .

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر / ڕێکەوتی: ١٧ی ئەپریلی ٢٠١٦

# سی ساڵ بەرلە ئێستا مامۆستا هێمن شاعیری میللی مان لە دەست دا.

## کاووس عەزیزی

سید محمد امین شیخ الاسلامی (هێمن) لە بەهاری ساڵی ١٣٠٠ ی هەتاوی لە ئاوایی لاچین سەربە شاری مەهاباد لە دایک بووە.




ئەو خوێندەواریی لە خانەقا و حوجرەکان بەدەستی هێناوە و دەرچووی زانکۆ ،یان خوێندنی خوێندنگا بەرزەکانی ئەوکات نەبووە، و خوێندن و نووسینی کوردی لە لای مامۆستا سەعید ناکام فێر بووە و دواتر بۆتەوە ئەو مامسۆتاا هێمنەی کە مێژووی ئەدەب و زمانی کوردی شانازیی پێوە دەکا.

خوێنەری هێژا، مەبەست لەو بابەتە نە هەڵسەنگاندنی کەسایەتی و توانای ئەدەبی و شێعر و هەڵبەستی ئەو مرۆڤە بەهرەمەندەی کوردە، نە لێکۆڵینەوە لە شێعر و هەڵبەستەکانی مامۆستا هێمن. چوونکی ئەو ئەرکی قەڵەمی کۆڵەواری منیش نیە . هەڵسەندگاندن و لێکۆڵینەوە لە سەر کەسایەتی و گەورەیی مامۆستا هێمن پێویستە لە زانکۆکانی کوردستانەوە بکرێ ژیان و خزمەتی ئەو مامۆستا پایەبەرزەی نەتەوەکەمان وەک وانە لە خوێندنگا بەرزەکانی کوردستان بە منداڵانی کورد بگوترێتەوە. ئەوەی دەمەوێ ئەگەر بەکورتیش بێ باسی بکەم یەک لایەن لە ژیانی مامۆستای گەورە هێمن موکریانی یە، ئەویش ئەو وەزعەیە کە لە کۆتایەکانی ژیانی مامۆستا دا ڕوویداوە و زۆرتر بواری ژیانی سیاسی و حیزبیی ئەو دەگرێتەوە.

### مامۆستا هێمن شاعیری میللی بوو

لە نێو هەموو گەلانی جیهان دا کەسانێک لە بوارە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگاکەیان دا نازناوی میللی یان پێ بەخشراوە. ئێمەی کورد لەگەڵ ئەوەی کە دەوڵەتێک مان نیە ، بەڵام ئەوەش نەبووە کە هیچ مەرجەعیەتێک مان نەبووبێ. لانی کەم ئەحزاب و ڕێبەرەسیاسییەکانی ئێمە مەرجەعی جێی باوەڕمان بوون و هەن و زۆربەی هێماکانی نەتەوەییشمان هەر لە لایەن ئەو مەرجەعانەوە دیاری کراون و بوون بە هێمای نەتەوەیەک و تۆمار کراون.

مامۆستا هێمن شاعیری میللی یە. چوونکی مامۆستا هێمن وەک شاعیری کۆماری کوردستان و لە باوەڕ پێکراوەکانی سەرۆک کۆماری ئەو کۆمارە بووە. شێعر و هەڵبەستی بۆ کۆماری کوردستان دارشتووە . مادام کۆماری کوردستان کۆمارێکی میللی یە، شاعیری ئەو کۆمارەش دەبێتەوە شاعیری میللی. هەڵبەت مامۆستا هەژاریش هاوشانی مامۆستا هێمن بووە ، بەڵام باسەکەم ڕووی لە مامۆستا هێمن ە.

کۆماری کوردستان تێکدەچێ و ئەویش دواتر ئاوارەی ئەودیوی سنوور دەبێ، لەوێ ساڵانێکی زۆر وێڕای کار و ئەرکی حیزبی ، لەگەڵ زۆربەی ئەدیب و شاعیر و نووسەرانی ئەوکاتی باشووری کوردستان پەیوەندیی دەبێ و لە زۆر گۆڤار و بڵاو کراوەی کوردی دا شێعر و هەڵبەست بڵاو دەکاتەوە. لەوێدایە کە مامۆستا هێمن زیاتر پێگەی شاعیرێکی میللی قایمتر دەکاتەوە. هەم لە ڕاگەیاندنی ئەوکاتی

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا جێ پەنجەی دیارە، هەم گۆڤار و بلاو کراوەکانی کوردستانی ئەودیو زیاتر بایەغ بە بیر و قەلەمی مامۆستا هێمن دەدەنەوە. ئەوە سەردەمی هەرە زێرینی بەهرەی مامۆستا هێمن بووە . مامۆستا لەو سەردەمی ئاوارەیی دایە کە سنوورەکانی شێعر و هەڵبەستیشی بەرفراوانتر دەکاتەوە.

## مامۆستا هێمن دوای گەڕانەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی سەرکەوت و زۆربەی تێکۆشەرانی کورد کە بەهۆی بیری ئازادیخوازی ،و ئەندامەتی لە حیزبی دێمۆکرات دا گەڕانەوە ناوخۆی وڵات کە مامۆستا هێمن یەکێک لەو کەسانە بوو کە خەڵک و ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمێک بوو چاوەڕوانی گەڕانەوەیان دەکردەوە و ئەوانیش بە زیدی خۆیان شاد بوونەوە.
ئەوە لە کاتێکدایە کە مامۆستا هێمن هەم یەکێکە لە نووسەرانی ڕاگەیاندنی حیزب، هەم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە. ئەوەیە کە ڕاگەیاندنی حیزب دێتەوە شارەکان و بە ئیمکانات و دام و دەزگایەکی زیاتر دەست پێدەکاتەوە کە مامۆستا هێمن وەک کەسێکی کوردیزان و بە ئەزموون لەو ڕاگەیاندنە دا کار دەکا.

ئەو ڕەوتە درێژەی دەبێ تا کۆنگرەی چواری حیزب لە ئاخیر ڕۆژەکانی ساڵی ١٣٥٨.
شێعر و هەڵبەستی مامۆستا هێمن بیرو ئەندیشەی سیاسی و نەتەوەیی بوون
زۆر جار بیستوومە کە هیدنێک کەس گوتوویانە: مامۆستا هێمن کەسێکی سیاسی نەبوو ، بەڵکوو شاعیرێکی باش بوو!

لەگەل ڕیزم بۆ ئەو بۆچوونە، بەلام بە جورئەتەوە دەتوانم بڵێم کە ئەو قسەیە یان ئەوکەسانە دەکەن کە لەهەمبەر مامۆستا هێمن دا کەمیان هێناوە، یان ئەوەی کە نایانەوێ لە ناوەڕۆکی قوولی شێعر و هەڵبەستی مامۆستا هێمن تێبگەن. ئەگینا کام شێعر و هەڵبەستی مامۆستا هێمنە کە لە پێش هەموو بوارەکانی تر دا بواری سیاسی زەق نەکرابێتەوە؟ئەوە ئیدی نیهایەتی غەدرە لەو مرۆڤە دەکرێ. ئەگەر سیاسی بوون لە نەزەر ئەو کەسانەوە ئەوەیە کە مرۆڤێک لە حیزبێکی سیاسی دا بەرپرسایەتیی باڵا و پۆستی باڵای هەبێ جا مرۆڤێکی سیاسی یە، ئەوە ڕەنگە ئەو ئیدیعایە ڕاست بێ. چوونکی لەگەل ئەوەی کە مامۆستا ئەندامی ڕیبەرایەتیی حیزب بوو، بەلام بەرپرسایەتیی ئۆرگان و پۆستی حیزبیی نەبووە، بەڵکوو هەر ئەو کارەی کردووە کە لەواقیعدا تەولیدی بیری نەتەوەیی و زیندووڕاگرتنەوەی ئەو بیرەیە.

مامۆستا هێمن نەتەنیا کەسێکی سیاسی بوو، بگرە بیرمەندێکی سیاسی بوو. کام ڕستە و کام پەیڤی نێو هەڵبەستەکانی مامۆستایە کە پڕاوپڕ نیە لە بیری سیاسی و دیاری کردنی خەت و ڕیبازی ڕزگاریی نەتەوەیی؟

لای مامۆستا هێمن وەک زۆر شاعیر و گەورە مرۆڤی هاوچەشنی خۆی لەم جیهانە پان و بەرینە دا سیاسەت و ڕیبازی سیاسی ئەوەبوو کە میللەتێک لە فەوتان ڕزگار بکا، زمان و فەرهەنگی ئەومیللەتە زیندوو بکاتەوە، حەماسەتی بەرخودان و مانەوە بکاتە کولتوور، سەنگەری بەرگری لە شێعر و ئەدەبیاتی بەرگری دا بەهێز بکاتەوە. ئەگەر ئەوە سیاسی بوون و سەیاسەتزانی نیە دەبێ چی بێ؟ داخوا مامۆستا هێمن لەومەیدانە دا لە کام سوار چاک دوا ماوە؟

مامۆستا هێمن هەر شێعر و هەڵبەستیکی نووسیوە ، پەیامێکی قووڵی سیاسیی گەیاندووە . کاتێک مامۆستا هێمن خەت دیاری دەکا کە ژن و پیاو پێکەوە بۆ ڕزگاری خەبات بکەن، کاتێک دەیان شێعر لە سەر خاک و نیشتیمان و پێشمەرگە بەرهەم دێنێ، ئەوانە هەموویان پەیامی قووڵی سیاسین. ڕەنگە بۆ سیاسەتوانێک کەلە مەیدانی سیاسی دایە، ئەو پەیامانە هیندێک هاسان بن، بەڵام ئەو پەیامانە بۆ ڕای گشتیی کورد، ئەویش لەو کاتی دا، هەموویان خەت و ڕێبازی سیاسی بوون. بۆیە من بە جورئەتەوە دەڵێم کە مامۆستا هێمن بێ ئەوەی تەزاهور بکا بیرمەندێکی سیاسی بوو، شاعیری زیندووکەرەوەی بیری ناسیۆنالیزمی کوردە . هەموومان پێویستە بۆ جارێکی دیکەش بچینە ناخی شێعر و هەڵبەست و سروود و ئەو دەقانەی کە مامۆستا هێمن نووسیونی تا پەیامە بەهێزە سیاسییەکانی هەڵدەینەوە.

*************

## گورووهی ٧ کەسی و هەلوێستی مامۆستا هێمن و دژکردەوەی حیزب

خوێنەری هێژا ، ئەو بەشەی کە لەمەو دوا دەمەوێ باسی بکەم، دەتوانم بڵێم ئەو بەشەیە کە هانی دام بۆ نووسینی ئەم بابەتە.



مامۆستا هێمن لە کۆنگرە ی چواری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا وەک ئەندامی ئیفتیخاریی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو، کێشە و ململانێ یەک کێشرابووە ڕێبەریی حیزب کە ڕێبەری ئەو ململانێ یە غەنی بلووریان بە پشتیوانیی ڕاستەوخۆی حیزبی توودەی ئێران بوو .

کێشەکە تا ئەو ئاستە قووڵ کرایەوە کەلە بەهاری ١٣٥٩ دا گورووهێک لە ئەندامانی ڕیبەریی حیزب بەیانیەیەکیان دەرکرد و جیابوونەوەی خۆیان لە ژێر ناوی حدکا. پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار دا ڕاگەیاند کە دواتر بە ئیعترافی خۆشیان حیزبی توودە لە ڕێگای کادرێکی کوردی خۆیان بە ناوی عەلی گەلاوێژ لە نووسینی ئەو بەیانییە دا بەشدار بووە، کۆمەڵێک بوختان و درۆ یان دابووە پاڵ حیزب و شەخسی دوکتۆر قاسملوو . لە هەمووی سرنج ڕاکێشترش ئەوەبوو کە ئەو تاقمە باوەڕیان بە هیچکام لە بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ٤ نەبوو، کەچێ ناوی خۆیان دانابوو پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار، یان باشترە بڵێم : ئەو ناوەیان بۆ دیاری کردبوو!

بەیاننامەکە ٧ کەس لە ئەندامانی ڕیبەری ئیمزایان کردووە کە یەکێک یان مامۆستا هێمن بووە. ئەوە سەرەتای حەرەکەتێک بوو کە هیچ کەس چاوەڕوانی وەها هەڵوێستێکی لە مامۆستا هێمن نەکردووە . ئەو جیابوونەوەیە هەر زوو لە لایەن حیزب و خەڵکەوە ناوی نرا تاقمی ٧ کەسی و بە "جاش" ناودێر کران. چوونکی ئەوان جیابوونەوە و لە باتی مەهاباد تهران یان هەڵبژارد . ناو و هەموو هێماکانی حیزبیان کۆپی کرد و ڕایان گەیاند کە دوکتۆر قاسملوو و بە قەولی خۆیان "باندی قاسملوو" شەڕ خوازن و نایانەوێ مافی خودموختاری لە لایەن خومەینی یەوە ئیمزا بکرێ! ئەوان داوای چەکدانانی هێزی پێشمەرگەیان دەکرد. بۆیە نە حیزب و نە هێزی پێشمەرگە و نە خەڵکی کوردستان ئامادەی وەها داوایەک نەدەبوون لە هەمبەر ڕێژیمێک دا کە هەمووی چەند مانگ بوو حوکمی

جیهادی بە دژی گەلی کورد سادر کردبوو.

بە هەرحال ئەو تاقمە ژمارەیەکی زۆری کادر و پێشمەرگەی لەگەل کەوت و ڕێبەرانی ئەو تاقمە کوردستانیان بەجێ هێشت بەرەو تاران و بوون بە بەشێک لە دژبەرانی بزووتنەوەی میللی دێمۆکراتیکی خەڵکی کوردستان و شەڕی دژی هێزی پێشمەرگە . ئەوان لە ناوچەکانی شیمال و شنۆ و پیرانشار وێڕای هێزەکانی سوپای پاسداران و میوانێکی نان خۆری سفرەدڕ هێرشیان کردە سەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان کە سەدان کەس شەهید کران .

تاقمی ٧ کەسی لە ساڵی ١٣٦٤ دا خۆیان هەڵوەشاندەوە و بوون بە بەشێک لە حیزبی توودە و دوای ١٠ ساڵ جیابوونەوەیان لە حیزب و ٥ ساڵ کار لەڕیزەکانی حیزبی توودە دا لە بەهاری ساڵی ٦٩ جیابوونەوەی خۆیان و پەشیمان بوونەوە لە هەڵوێستی پێشوویان ڕاگەیاند. ڕەنگ بێ باشترین بەڵگە بۆ نیشاندانی پەشیمانیی ئەوان ئەو ڕستەیە لە بەیانیەی جیابوونەوەکەیان بێ کە بە ئیمزای غەنی بلووریان و محمد امین سراجی لە خاکەلێوەی ١٣٦٩ دەرچووە بە ناوی :"بیانیەی گسست جمعی از کادر و اعضای کرد حزب توده ایران" دەڵی ڕستەی نووسراویان: "٧٠ سال تجربه لازم بود تا دریابیم کە حقیقت تنها نزد کمونیستها نیست". ئەو دەلەحاڵێکدایە کە ئەوان دەیانگوت دوکتۆر قاسملوو نابێ بیێتەوە سکرتێر چوونکی سۆڤیەت پێیخۆش نیە. سۆڤیەتیش لای ئەوان واتە حیزبی توودە.

ئەوەش زیاد بکەم کە ئەو ٧ کەسە بریتی بوون لە: غنی بلوریان ، فاروق کیخسروی، نوید معینی، فوزیە قاضی، احمد عزیزی ، رحیم صیف قازی و مامۆستا هێمن کە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بوون هەڵبەت مامۆستا هێمن ئەندامی ئیفتیخاریی کۆمیتەی ناوەندی بوو. غەنی بلووریان و ڕەحیم سەیفی قازی ئەندامی دەفتەری سیاسی بوون.

هەر دوای ماوەیەکی کورت لە جیابوونەوەیان ، سنار مامدی و جهانگیر اسماعیل زادە دووبارە لەگەل سەدان کادر و پێشمەرگە هەوڵ یان دا پەیوەندی حیزبەوە بکەن و ڕێزی تاقمی ٧ کەسی بەجێ بەجێ بێڵن و هەر واشیان کرد. فوزیە قاضی درێژەی بە کار لەگەل ئەوان نەدا و لەماڵە خۆی دانیشت. فاروق کیخسروی خەریکی کاری نووسین بوو و فەعالیەتێکی لەگەل ئەوان نەبوو. رحیم صیف قازی بەس لە جیابوونەوەکە دا لەگەلیان کەوت و درێژەی نەبوو،دواتر چووە سۆڤیەت و تا کۆچی دوایی لەوێ بوو و لە ساڵانی کۆتایی تەمەنی دا چاوی بە دوکتۆر شەڕەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزب کەوتبوو و ڕایگەیاندبوو کە نەدەبا ئەو بکەوێتەوە سەنگەری دژایەتی لەگەل حیزب و ئەو هەڵوێستەی خۆیانی پێ زۆر هەڵەببوو. ئەحمەد عەزیزی دواتر بوو بە ئەندامی حیزب و نەوید موعینیش پاش ماوەیەک وازی لەو تاقمە هێنا ، رحمان کریمی کە بە دەستووری ڕێژیم دەهەوڵی جێ بەجێ کردنی پیلانێک دا بۆ سەننار مامەدی و دەیەویست بەو بیانوویە کە دەوڵەت ئامادەیە هەم لەسەر مەسەلەی خودموختاری و هەمیش گێڕانەوەی ماڵ و مڵکی زەوتکراوت لە شاری سەڵماس چاوپێکەوتنت لەگەل بکا، سەنار ڕابکێشێ بۆ سەڵماس تا دەوڵەت بیگرێ.

سەننار مامەدیش ئەوەی دەزانی، بۆیە کاتێک هاتەوە لای سەننار بۆ پیادە کردنی پیلانی ڕێژیم، لەلایەن سەننار مامەدی یەوە گیرا و ئیعدام کرا( بۆیە دەڵێم لەلایەن سەننار مامەدی یەوە، چوونکی ئەوکات سەننار مامەدی و مهندس جەهانگیر ڕایانگەیاندبوو کە لەگەل ئەو تاقمە نەماون و پەیوەندی بە حیزبەوە دەکەن، بەڵام جارێ حیزب وڵامی ئەرێ ، یان نەخێری بەوان نەدابوو. واتە جارێ سەربە حیزب نەبوون ) ئەوەی کە زۆر دڵی پێ خۆش بوو و تا ئاستی دەفتەری سیاسیی حیزبی توودە چوونە سەر غەنی بلووریان و محمد

امین سراجی بوون. سراجی بوو بە نوێنەری حیزبی توودە لە ئەفغانستانی سەردەمی دوکتۆر نجیب الله.غەنی بلووریانیش لە سەرەتا دا چووە سۆڤیەتی قیبلەکەی و دواتریش لە ولاتێکی ئۆرووپا گیرسایەوە. دەگێڕنەوە جارێکیان ماوەیەک دوای شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو، غەنی بلووریان داوا دەکا چاوی بە دوکتۆر بکەوێ. دوکتۆریش ئامادەیی خۆی نیشان دەدا و لە جێگایەک چاوی بە غەنی دەکەوێ. بلووریان دەڵێ: کاک دوکتۆر ڕاستە من لێرە ئەندامی دەفتەری سیاسیم ، بەڵام خۆ هەر کار بۆ حیزب دەکەم. دوکتۆر لە وڵام دا دەڵێ: مامە غەنی سەد لە سەد باوەڕ دەکەم. چوونکی ئەوکات کە لای ئێمە بووی کارت بۆ ئەوان دەکرد، ئێستاش کە لای ئەوانی کار بۆ ئێمە بکەی باوەڕ دەکەم .

مامۆستا هێمن کاتێک ئەو تاقمە ویستیان هەڵوێست بگرن و جیابینەوە، بە هۆی دڵی پاک و سەداقەتێک کە هەیبوو، باوەڕ بە قسەی غەنی بلووریان و ئەوانە دەکا و بە فرت و فێڵ بەیانیەکە پێی ئیمزا دەکەن. دواتریش مامۆستا زۆر جار باسی کردووە کە تەنانەت بەتەواوی ئاگای لە ناوەڕۆکی بەیانیەکە نەبووە و بەسەری دا کەتووە ، ئەوە دەتوانین بیکەینە خاڵی هەرە لاوازی ژیانی سیاسیی مامۆستا هێمن و ڕەنگە هەر ئەوەش بێ کە هیندێک کەس دەڵێن مامۆستا هێمن کەسێکی سیاسی نەبوو.

کاتێک تاقمی ٧ کەسی بەیانیەیان دا، حیزب و خەڵک ئەوانیان بەجاش زانیوە و بەداخەوە دواتر هەر واش دەرچوو. یەکێک لە دەمڕاستەکانیان کە ڕەحمان کەریمی بوو شان بە شانی فەرماندەرانی سوپای پاسداران و میوانی سفرەدڕ فەرماندەهیی شەڕیان بە دژی پێشمەرگە لە شنۆ و شیمال بە ئەستۆ بوو و زۆربەی ناوچەکانیان داگیر کردەوە.

### مامۆستا هێمن غەدری لێکرا

لە پێشدا ئەوەی ڕوون بکەمەوە کە تا ئێستا من لە هیچ بڵاو کراوەیەکی ڕەسمیی حیزب دا بە دیاری کراوی ناوی مامۆستا هێمن بە "جاش" نەدیوە. لە کاتێک دا ئەوان هەر لە بەیانیەی جیابوونەوەیان زیاتر لە ١٠ جار ناوی شەخسی دوکتۆر قاسملوو وەک سکرتێری



گشتیی حیزب هێناوە و هێرشی ناڕەوایان کردۆتەوە سەری تا ئاستی ئەوەی کە قاسملوو "خائینە" . دواتریش بەردەوام موخالیفنی حیزب و دوکتۆر قاسملوو بە ڕواڵەت بۆ بەرگری لە مامۆستا هێمن هێرشیان کردۆتەوە سەر حزیب و کەسایەتیی دوکتۆر قاسملوو ەک گوایە بە مامۆستا هێمن یان گوتووە"جاش". بەڵام کەس نەهات بەڵگەیەک بە دەنگ، یان بە نووسراو بێنێ کە حیزب ڕاستەوخۆ ناوی مامۆستا هێمنی هێنابێ. بەڵێ حیزب بە تاقمی ٧ کەسی گوتووە جاش و خائین، ئەوە لەدوایش دا سەلمێندرا و خۆشیان نکۆڵیان لەوە نەکردووە.

ئەوە ٣٠ ساڵە بەردەوام دەبیستین کە حیزب و شەخسی دوکتۆر قاسملوو غەدریان لە مامۆستا هێمن کرد! لە کاتێک دا خودی مامۆستا هێمن دەستپێشخەریی کردووە لەوەی کە غەدری لێ بکرێ و لە هەمان کاتیش دا مامسۆتا نرخی خۆی وەک شاعیری میللی هێناوە خوار کە بە غەدر لە نەتەوەی کورد حیساب دەکرێ. چۆن دەبێ شاعیری میللی بکەوێتەوە وەها داوێک؟ . مامۆستایەک کە خاوەن ئەو کەسایەتی و ڕابردووە، چۆن دەبێ وا سووک و سادە بکەوێتەوە داوی ئیحساسات و سۆزی هاورێ یەتیەوە؟ ئەویش بۆ حەرەکەتێک کە نازانێ مەسیرەکەی بەرەو کوێ یە؟ ئامانجی حەرەکەتەکە چیە و ئاکامی دەبێتەوە چی؟



مامۆستا هێمن خۆشەویستی دوکتۆر قاسملوو بووە. هەرکەس پێشەکیی تاریک و ڕوونی مامۆستا بخوێنێ کە دوکتۆر قاسملوو بۆی نووسیوە دەزانێ کە دوکتۆر چەندە باوەری بە مامۆستا هێمن بووە و چەندە نرخی ئەوی زانیوە؟ دوکتۆر قاسملوویە کە نازناوی شاعیری میللی بە مامۆستا هێمن دەبەخشێ.

کەوایە چۆن دەبێ مامۆستا هێمن لە وەزعێکی حەساسی بزووتنەوەی کورد دا کە ڕۆژانە دەیان کەس لە خەڵک و پێشمەرگە شەهید دەبوون، بکەوێتەوە ئەو هەڵوێستەوە؟ لە سەرەوە گوتمان مامۆستا شاعیری نەتەوەیی بوو (کەواشە) بۆچی دەبێ وەها هەنگاوێک لە وەها دۆخێک دا هەڵگرێ تا بکەویتەوە بەر ڕق وکینی هاوڕێیانێک کە ئەویان قەبووڵە و ڕێزی دەگرن. کەوایە یەکەم غەدر خودی مامۆستا لە خۆی کردووە.

غەنی بلووریان و تاقمەکەی لە هەست و ئیحساسی پاکی مامۆستا هێمن کەلکی نامەردانەیان وەرگرت و مامۆستایان تووشی ئەو غەدرە کرد کە لێیکرا. ئەوان بۆ مەرامی شەخیی خۆیان و بە فیتی حیزبێکی دژ بە کورد هاتن باشترین سەرمایەی میللەتێک یان لەبەر چاوی خەڵک سووک کردەوە. مامۆستا هێمن سەرمایەی مەعنەویی نەتەوەیەک بوو، غەنی و تاقمەکەی هاتن لە پشتەوە هەم خەنجەریان لە حیزب و بزووتنەوە وهەمیش لە شاعیری ئەو نەتەوەیە وەشاند.

حیزب یەک غەدری لە مامۆستا کرد کە دەبێ ئیعترافی پێ بکەین کە ئەویش ئەوەیە هاتن مامۆستا هێمن یان بۆ ماوەیەک دەست بەسەر کرد. مامۆستا هێمن زیندانی نەکرا. ڕەفتاری توندی لەگەڵ نەکرا، بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت دەست بەسەر کرا . بەڵام دوای ئەوەش هەتا دەگاتەساڵی ١٣٧٤ کە دەفتەری سیاسیی حیزب "اعادەی حیثت" لە مامۆستا هێمن دەکا، قەت شێعر و هەڵبەستی مامۆستا هێمن لە حیزب دا مەمنووع نەکران، بەردەوام لە ئەدەبیاتی حیزب دا کەلک لەو شێعر و هەڵبەستانە وەردەگیرایەوە. هەڵبەت ئیعادەی حەیسیەت لە دونیا دا باوە و ڕێگایەکە بۆ ئەوەی داوای لێبۆردن لە کەسی مەغدوور بکرێ. مامۆستا هێمنیش دوای هەڵوێستەکەی لای زۆر کەس باسی کردووەکە نەدەبا ئەو کارە بکا،نەدەبا وەها هەڵویستێک بگرێ و بە یەکێک لە هەڵەکانی ژیانی خۆی زانیوە.

ئێمە پێویستە یەک شت ببینین ئەوەیش ئەوەیە کە حیزب لەوکاتی دا هەم ئەرکی پاراستنی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی لەسەر شانە، هەم جارێ بەجۆرێک خەریکی وتوێژە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی مافەکانی نەتەوەیی کورد لە ئێران دا، هەم بەرگری دەکا و هەمیش پیویستیی بە یەکریزی و بەهێزیی ڕیزەکانی هەیە، ڕاست لەوکاتی د اکۆمەڵێک کادری ڕێبەریی حیزب خەڵکێکی زۆر بە هیندێک قەول و بەڵێنی ناڕاست و فریودەرانە لە خۆیان کۆدەکەنەوە و زەبر لە حیزب دەوەشێنن، دەبێ هەڵوێستی حیزب چی بێ؟

دەست لەسەر دەست دابنێ و سوپاسی ئەو کەسانە بکا کە ئەو زەبرەیان لەو حیزبە داوە؟ ئەوەش بڵێین کە ئەوکات تاقە حیزب کە ڕێبازی نەتەوەیی گرتبووە بەرلە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو، حیزبێکی دیکەی نەتەوەیی لە مەیدان نەبوو. بگرە زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنیش دژی حیزب وەستابوونەوە.

کەوایە ئاوا باسی غەدر لە مامۆستا هێمن دەکەین: مامۆستا غەدری کرد کە پشتی کردە هاوڕێیان و ڕێبازی دەیان ساڵەی خۆی . ڕێبەرانی تاقمی بلووریان غەدریان کرد کە بۆ دڵخۆش کردنی حیزبێکی دژ بە کوردو ڕێژیمێکی کورد کوژ هەوڵیان دا لە سەداقەتی مامۆستا هێمن کەلک وەربگرن و ئەو سەرمایە مەعنەویەی نەتەوەیەک بیخەنە سەنگەری دژایەتیی ئەو نەتەوەیە. حیزب غەدری کرد کە مامۆستا هێمنی دەست بەسەر کرد. ڕەخنە گرانی دواتریش غەدری چەند قات دەکەنەوە کە بۆ دژایەتیی حیزب و دوکتۆر قاسملوو بەردەوام بێ ئەوەی بەبەڵگە قسە بکەن دەڵێن: حیزب مامۆستا هێمنی بە جاش ناوبردووە، بەڵام لەونێوە دا ئەوەی کە مافی لەبەر چاوناگیرێ حیزبە وەک ئۆرگانیزاسیۆنێکی بەرپرس. ماف دەدرێ بە خەڵکانێک کە لە ڕۆژگارێکی سەخت دا زەبر بوەشێنن، بەڵام ماف نادرێ بە مافدار کە بەرگری لە خۆی و گەلەکەی بکا.

بەڵێ ئەوانەی سەرەوە غەدر مرۆڤەکان بوون، غەدرێکی دیکەش لە مامۆستا کرا وە کە سروشتی ژیان بووە. مامۆستا تەواوی تەمەنی مرۆڤێکی دەست کورت و هەژار بووە، هەر بە هەژاری ژیا. غەدرەکەی ئاخەریش ئەوەبوو کە مامۆستا بەس ٦٥ ساڵ ژیا کە تەمەنێکی کەم بوو. زۆربەی هاونەسڵانی مامۆستا تەمەنی زۆرتریان کرد .




( مامۆستا هێمن دوای ئەوەی کە ناوەڕۆکی ناپاکانەی ئەو تاقمەی بۆ ڕوون بووەوە، پەیوەندیی خۆی لەگەڵیان ڕاگرت و تا ئەو ڕۆژەی کە کۆچی دوایی کرد خزمەتێکی زۆری دیکەی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کرد. مامۆستا لە دامەزرێنەرانی ناوەندی سەلاحەدینی ئەیووبی و گۆڤاری سروە بوو، بە دەیان بابەت و شێعر و هەڵبەستی تازەی لەو گۆڤارە دا بڵاو کردەوە، دەق و هەڵبەستی بەنرخی پێشکەش کردن . ئەوە قۆناغی کۆتایی تەمەنی مامۆستا هێمن بوون کە هێز و توانای بیر و ئەندیشەی مامۆستا هێمن یان زیاتر دەرخست، بەڵام بەداخەوە هەر نەیانتوانی ئەو تارماییەی کە کەوتبووە سەر کارنامەی مامۆستا هێمن ، بەتەواوی بیسڕنەوە.)

بەداخەوە مامۆستا هێمن لە ٢٨ ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ی هەیتاوی بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.
سڵاو لە ڕووحی پاکی مامۆستا هێمن

شیوەنی من شیوەنی ئینسانی یە   بانگی ئازادی گرووی یەکسانی یە

سەرچاوە : ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٦

# لەیادی" ٣٠ " ی ساڵەی هێمن ی شاعیردا

## مقداد هادی

نا نا نارۆم، مەلەی دەکەم        لەناو دەریای مەندی خەیاڵ



ئەمڕۆ ١٦ی نیسان ٢٠١٦ سی ساڵ بەسەر کۆچی دوایی هێمن ی شاعیرو مرۆڤدۆستدا تێپەڕدەبێت. هێمن موکریانی لە سەدەی بیست ژیاو هەر لەو سەدەیەشدا کۆچی دوایی کرد. بەپێی زانیارییەکان لە دایکبووی شاری مەهاباد، ساڵی ١٩٢١ و لە ساڵی ١٩٨٦ کۆچی کردوە . بەشبەحاڵی خۆم نیگەرانم و بەداخەوەم کە لەم یادی سی ساڵییەی هێمن ی شاعیرو مرۆڤدۆستدا، نابینم و نابیستم هیچ کۆڕو یادێکی شایستەی بۆ ئەنجام بدرێ چ لە کوردستان یان لەدەرەوەی وڵات. هەڵبەتە هێمن و ژیانەکەی شایەنی ئەوەن کە ئێشی لەسەربکرێت و لێکۆڵینەوەو کۆڕو سیمناری لەبارەوە ئەنجام بدرێت

**هێمن لە ئێوارەی پاییزدا دەڵێت:**

نا نا نارۆم، مەلەی دەکەم        لەناو دەریای مەندی خەیاڵ
داهێزاو و ڕووگرژ ، تووڕە        دڵ پڕ تاسە ، مێشک بەتاڵ

هێمن بەدەردەسەری ژیا و هەربەدەردەسەریش ماڵئاوایی لەژیان دەکات. ئەمە وێنە فۆتۆیەکی" هێمن" ە کە پێدەچێت دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و گەڕانەوەی بێت بۆ ماڵبات و زێدی خۆی . ئەو دێڕە شیعرەی ناو دیوانەکەی لە شیعری "ئێوارەی پاییز" کە من لەسەرەوە نوسیومە، پێم وایە دەکرێت کەمە دەربڕێک بێت لەسەر سیماو ڕەنگی هێمن لەو وێنە فۆتۆیەدا. من لێدوان لەمەڕ ئەم فۆتۆیە بەجێدێڵم بۆ ئەو بەڕێزەی کە هەم وێنەکەو نوسینێکیشی لەسەر وێنەکە نوسیوە. کە پێم وایە نوسەر تا ڕادەیەکی بەرچاو شیکارییەکی

هەمەلایەنەو کورت بۆ وێنەکە و فیگوری مامۆستا هێمن دەکات. هەڵبەتە من ئەم لینکە دوبارە بلاودەکەمەوە بە داوای مۆڵەت لە نوسەرەکەی :

http://rudaw.net/sorani/opinion/culture_and_literature/25022016

بۆ کورتە زانیارییەک لەسەر ژیانی بنوارە:

/https://rojpress.wordpress.com/2012/03/30/who-is-hemin

یان سەیری ئەم لینکە بکە:

https://ckb.wikipedia.org/wiki/%DA%BE%DB%8E%D9%85%D9%86

ڕۆژێک لەدیداری مامۆستا هێمن دا :

miqdad_hemn_455115148.jpg



هێمن موکریانی و من ( مقداد هادی) ڕێکەوتی ١٠ / ٥ / ١٩٧٨ لە شاری سلێمانی

ئەم وێنەی لای سەرەوە، من(مقداد) لەتەمەنی لاویەتیدا لەگەڵ مامۆستا هێمن گرتومە. بۆ من ئەو سەردەم کە ١٨ ساڵان بووم ، ڕۆژێک لەگەڵ مامۆستا هێمن جێی بایەخ و شانازی و نوقتەی وەرچەرخان بوون بۆم. ئەو دەم شتێکی وام لەمەڕ سیاسەت و ئەدەبیات و ژیان نەدەزانی. بەڵام خولیام بوو لە هەموو ئەوانەو زیاتریش فێربم. لەوسەردەمەدا کۆڕو کۆمەڵی ئەدەبی و ڕۆشەنبیری بایەخی گرنگیان هەبوو لە خاراوکردن و دنیابینی مرۆڤی ئەوکاتەدا. دەتوانم بڵێم لەو سەردەمەدا شیعرو ئەدەبیات کۆڕی شۆڕشگێڕی و بروابەخۆبونی گەرم و دەوڵەمەند دەکرد. لەوسەردەمەدا شیعرەکانی مامۆستا هێمن نەک هەر پێشەنگ بوون، بگرە دانسقەو زەمینەی خەباتیان بە دژی زوڵم و زۆر جۆش دەدا. دیوانەکەی تاریک و ڕوون، دانسقەی ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە بوو، جا چ بەوەی کە لەگەڵی بویتایەو قسەوباسی بۆ کردبای. من ئەو سەردەم ئەو شانسەم پێ براو لەگەڵ دوو هاوڕێی ئەو سەردەمی لاویەتی بە ناوەکانی کاک غەفور و کاک هەژاری وەستا قادری قەرەچتان ( بەداخەوە کاک هەژار بەگەنجی گیانیبەخشی یادی بەخێر). هەرسێکمان لەگەڵ مامۆستا هێمن لە گەڕەکی ئاشتی لە سلێمانی و لەماڵی کاک هەژار دەعوەت بووین . جێی دەستخۆشییە کە ئەو ڕۆژە دایکی کاک هەژار خواردنێکی خۆشی بۆ ئامادەکردبووین. هەموومان ڕۆژی ١٠ / ٥ / ١٩٧٨ مان زۆر بەخۆشی و پڕ دەرس و تەجرەبە بردەسەر. بگرە مامۆستا گەلیک سەرگوزەشتەو بەسەرهات و قسەی خۆش و نەستەق بۆ کردین. باسی کۆماری مەهابادو سەفەرەکانی فەرەنساو سۆڤیەتی

بۆ کردین. باسی مەینەتیەکان و تەنیایی خۆی لە بەغدا بۆ کردین. بەشبەحاڵی خۆم زۆر لە "هێمن" فێربووم وە خاڵی بەهێز بۆ من لەوسەردەمەدا و تائێستاش خۆم بەقەرزاری ئەو دەزانم ئەوەبوو، ئەوەبوو کە هێمن ئینساندۆست و تولێرانس و ڕێزی بەرامبەری لەو پەڕدابوو. لەگەڵ ئەوەش لەو بەرێزە من خۆشەویستی بۆ ئەدەبیات و کتێب فێربووم. بۆیە هەر بۆ بەیانی دیوانی تاریک و ڕوونم کڕی و دەستبەجێ دەستم کرد بە خوێندنەوەی، نەک جارێک بەڵکە چەندەها جار. ماموٚستا هێمن تەژی و پڕبوو لە ئاکاری جوانی و مرۆڤدۆستی. من دەزانم کە ئەو ڕۆژانە جێ زۆربوو بۆی بچێت و بەشێکی بەرچاوی ئەدەبدۆستان ماڵیان ئاواڵە بوو بۆ میوانداری لە هێمن. بەڵام تا ئێستاشی لەسەربێت پێم سەیرە کە چۆن ئەو ئینساندۆستە داخوازی ئێمەی سێ گەنجی نەدیوو نە ناسیاو قبوڵ کرد بۆ ئەوەی ببێتە میوانمان؟ بە ڕاستی من ئەو دڵفراوانییەی ئەو سەردەمەی هێمن وەک گەورەیی و مرۆڤدۆستی چاولێدەکەم .

## هێمن ئینساندۆست و جوانپەرەست و یەکسانخواز و خۆشەویستی سروشت

هێمن شاعیر و مرۆڤێکی ئازادیخواز و یاخی. هێمن یەکێکە لەو شاعیرە دەگمەنانەی ناو مێژووی ئەدەبیاتی کوردی کە شیعرەکانی دەربڕی ناوەڕۆک و ژیان و گوزەرانیەتی. هێمن وەک" خود" خۆی کارەکتەرو هەوێنی شیعرەکانیەتی. بەشێکی بەرچاو لە بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوە و بالاٚنوێنی ژیان و گوزەرانی بوون و تێکەڵێکیشن لە حەسرەت و هیواو خۆزگە.

بە پێی هەموو سەرچاوەو گێڕانەوەکان هێمن بەشێکی زۆری ژیانی لە دەربەدەری و غوربەت و دەردیسەری دوور لەووڵات و خەڵکی خۆی بردۆتەسەر . هێمن زیاتر لە بیست ساڵی تەمەنی لەبەغدا و بە پەناهەندەیی دەباتەسەر. دوای شۆڕشی ئێرانیش لە ساڵی ١٩٧٩ وکاتێک کە دەگەڕێتەوە ناو کەس و کاری خۆی، ئەوکاتیش چەرمەسەری ژیان و نەداری بەرۆکی بەرنادات و تا دواساتەکانی ژیانیشی نامۆیی و دەرەتانی و شەوی تەنیایی بەشیکی گەورەی ژیانی ئەو پێکدەهێنێت .

هێمن دەڵێت:

کێ وەکو من ساردو گەرمی ڕۆژگاری چێشتووە؟
گا لەدەشتی گەرمەسێر و گا لەکوێستانی گەدەم؟

یان دەڵێت:

ڕوو لەهەر لایەک دەکەم نامۆیە بۆم
نابینم جێ‌ژوان و کەونەلانی خۆم

شەو دەکێشم شەونخوونی و بێ خەوی
ڕۆژ دەچێژم دەرد و داخی بێ ئەوی

هێمن جوانپەرەستەو جوانی بۆ ئەو فیگورێکە کە دەکرێت لە هەموو کونجێک و بابەتێکدا خۆی بنوێنێ :

لە شیعری( بەرەوئاسۆ) دا دەڵێت:

جیلوەیی جوانی لەهەرچیدا هەبێ خۆشم دەوێ
ڕۆژێ کوشتەی مینیژۆپ و ڕۆژێ گیرۆدەی شەدەم

هێمن تا دواساتەکانی ژیان شەیدای ئازادییە و دەڵێت :
هەتاکو دواپشوو ڕێبواری ڕێگای عەشق و ئازادیم

ئەگەر بێجگە لە ناکامی نەبینم بەرهەمێکی تر
یان لە نالەی جودایی دا دەڵێت :

شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە
بانگی ئازادی و گڕووی یەکسانییە

دەربارەی جیاوازیخوازی و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی دەڵێت:
جیهان و هەرچی خێروخۆشییە بۆ هەڵبژاردانە

بە قانونی تەبیعەت پاشەڕۆکخۆرە ئەوی گەندە
یان لە " شەوگاری تەنیایی" دا دەڵێت :

ستەمکاری منی دورخستەوە لەو یارە شیرینەم
ئیتر من چۆن ڕقی زۆرم لە ئازار و ستەم نابێ ؟

لەکۆتایدا دەڵێم دەستوپەنجەت دیار و جێکەوتەن لە ئەدەبیاتی کوردیداو یادت هەمیشە بەرزو بەڕێزبێت .

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٦

# قەمسەڵە شینۆکەکەی هێمنی شاعیر

**"پێدەچێ زۆری سەرما بێت، بۆیە دەستێکی خستووەتە نێو گیرفانی قەمسەڵە کۆن و سایز بچوکەکەی"**

## ڕۆستەم ئاغاڵە

لەکاتێکدا خوێندنەوە و راڤەکاری بۆ تاکە فۆتۆیەکی کەسایەتیی شاعیرێکی وەک هێمن موکریانی دەکەم، بێبەشم لە زانیاری دەربارەی کات و شوێنی فۆتۆکە، ناوی وێنەگر و تەمەنی فیگەرەکە، کەسایەتی و هۆکاری دروستبوونی گرتەکە و باری دەستکردی و رێکەوت لە گرتەکە چییە؟



بەڵام نەبوونی ئەو زانیاریانە نابنە هۆکار بۆ ئەوەی شیکاری بۆ فۆتۆکە نەکەم. بێگومان بەبوونی ئەو زانیاریانە کارەکەم پەسەندتر و بەپشتتر دەبوو. زمانی جەستە و شێوە کارێکی وردی دەروونی و خودی و کۆمەڵایەتی و هونەرییە و قووڵبوونەوەی دەوێ بۆ خوێندنەوەی زمانی جەستەی کەسایەتییەکە.

### پۆرترێتی فۆتۆی شاعیر

روخسارێکی خامۆش، غەمبار، بێهێز، هەژارانە و بێ زەردەخەنە دەڕوانێتە بەرامبەر ئاوی گوندێکی قوڕینی سادەی نیشتیمان. وا مەزەندە دەکەم تەمەنی پۆرترێتەکە - فیوگەرەکە لە حەفتا ساڵ زیاتر بێت.

وێنەگر گۆشەی گرتەکەی بەرامبەر بە شاعیرە و لەبەردەمی دانیشتووە، لە ئاستی ژێر چاو گرتەکەی گرتووە. تۆنی فۆتۆکەش لە فیلمی سلاید دەچێ نەک فیلمی نەگەتیڤ. لێرەدا زانیاریی تەکنەلۆژی، جۆری کامێرا و فۆتۆکە و وێنەگرەکە زۆر پێویست بوون.

هێمن لەنێو گوندێکی ساڵی هەشتاکان چ لە رۆژهەڵات یان باشووری کوردستان بێ، بەشێوەیەکی خۆڕسک وەستاوە، لە کژی زستاندایە و دەوروبەری شاعیر چۆڵە. هێمن زۆر بێهێز و بێتاقەت خۆی لار کردووەتەوە، پێدەچێ زۆری سەرما بێت، بۆیە دەستێکی خستووەتە نێو گیرفانی قەمسەڵە کۆن و سایز بچوکەکەی. رەنگە قەمسەڵەکە هی خۆی نەبێت و لەبەر سەرما پێیاندابێت. لە باڵەی کۆنی ئەوروپایی دەچێت کە بۆ هاوکاریی هەژاران و شۆڕشگێڕانی ئەوکات نێردرابێ، بۆیە لەوە دەچێ بەخۆیەوە، سێ کەسی دیکە ئەو قەمسەڵەیەیان لەبەرکردبێ و هێمنی شاعیر دوا کەس بووبێ لەبەری کردبێ. ئەو دەستانەی نێو گیرفانیشی نیشانەی تەنیایی و دڵەڕاوکێن.

هێمن پیاوێکی باڵابەرز بووە، ئەو جۆرە قەمسەڵانە بۆ ئەو نەگونجاون. یەک لەو شتە نا هارمۆنی و بێهاوتایانە، هاوسەنگیی ئەو چاکەت یان قەمسەڵەیەی بەریەتی لەگەڵ کورتەک و شەرواڵەکەیدا، وەک ئەوەی بە ناچاری لەبەر سەرما لەبەری کردبێ. قەمسەڵەکە لەبەر ئەوەی کۆن و چڵکنە، تۆ نازانی ڕەنگی شینە، یان بۆرە؟ بەڵام خۆی شین نیشان دەدات. قەمسەڵەکە زنجیردارە، بەڵام بێکەڵک بووە، یەک قۆپچەی پێوە نەماوە. ئەو شێوە فاشیۆنە گەنجانەیە لەگەڵ تەمەنی ئەو و کەسایەتیی سەرووی تەمەن حەفتا ساڵیی ئەودا نایەتەوە. فۆتۆی هێمن هەیە لە ساڵانی حەفتاو دوو و سەرووتر گرتوونی. پاڵتۆیەکی ئاودامەنی درێژی بە قات و کەرەواتەوە، لە کەسایەتی سەرمایەدارێک دەچێ و پێچەوانەی ئەو فۆتۆیەیە. دەستخستنیشی لەناو گیرفانی قەمسەلۆکەکەی و وەستانێکی بێباکانە و سەربڵند و ڕوخساری خەمناک (دەڵێی پیرەمەگروونە) وا خامۆش و غەمگینە، چڵکن و برسی، ناسنامەی کەسایەتیی شاعیرمان پێدەناسێنێ.

هەروەک خۆی لە شیعرەکانیدا خۆی وا دەبینێ:

وەک: بولبولی باڵشکاو
وەک: تاکەداری تەریکی بێ ئاو.
وەک: چڵە ڕێحانی دوورە دێراو

ماتی و داماوی سیمای ئەو پۆرترێتە هێندە پڕ لە ئازار و غەم و ڕەنجەڕۆیییە، زەرەیەک هیوای لێ بەدی ناکرێت. هەستی دڵەڕاوکێ، ناهاوتابوونی دەروونی، بێپارەیی، مایەپووچی، بێ سەرمایەیی و تەنیایی لێ دەخوێندرێتەوە. تێکەڵبوونی ڕیش و سمێڵ و قژی سپیی دەروێشانەی هێندە جوان و دێوانانەیە، ڕێک ئەو کەسایەتییەیە کە خۆی خۆی باس دەکات لە نێو شعرەکانیدا، زنجیری قەمسەڵەکەی تێکچووە و یەک قۆپچەی داخراوە، لەوەش دەچێ یەک دانەی پێوە مابێ، ئەو چەند گوزارشتەی هێمنی شاعیر ڕێک خوێندنەوەی ئەو فۆتۆیەی خۆیەتی کە زۆر بە ڕاستگۆیی گوزارشتی کردووە لە ژیان و کەسایەتیی خۆی، لە بینینەوەی خۆی لەناو دەروونی خەڵکدا. ئەگەر ئەو شیعرانەی لەبارەی ژیانی خۆی و دەروونیشی نەنووسیبایە، لەو فۆتۆیەوە دەمانزانی چەند پیاوێکی حەسرەتکێش و ڕەنجەڕۆ بووە. لە ماڵی خۆیدا ئاوارەی ماڵی خۆی بووە .

گرتەی وێنەکەی دەچێتە خانەی نیوە مۆدێلەوە. مۆدێلی تەواو نییە، تا نێو قەدیەتی، تا بزانین پێڵاوەکەی چ مۆدێلێکی براندە. بێگومان پێڵاوەکەی لاستیکە ڕەشەیەکە. یا پاتەیەکی شڕو دڕە. بێگومان بەگوێرەی پۆشاکەکانی ئەو بێت، دەبێت پێڵاوەکەی بە قوڕ و لیتەوە بێ و هارمۆنیایە لەگەڵ فاشیۆن و باری ژیان و ژینگەی هەژارانەی شاعیرەکە. وەک خۆی دەڵێت:

بولبولی باڵ شکاوی وەختی گوڵم
هەر شەپۆلان دەدا دڵی لە کوڵم
کوردی بەندیی بەیانی نەورۆزم
گڕی گرتووە دەروونی پڕ سۆزم

موغی بێ ئاگری شەوی یەڵدام
چاوڕێی چارەنووسی ناپەیدام

کەوی بێ دەنگی نەوبەهارانم
گوڵی بێڕەنگی چاو لە بارانم

کونجی جێژوانی چۆڵ و خامۆشم
سێبەری نازەنینی ڕەشپۆشم......

شاعیر پیر و بێنازە و لەوە دەچێ مانگێک بێت خۆی نەشۆردبێت. روخساری شاعیر لە ئەکتەرە سینەماییە جیهانییەکان دەچێ وەک شۆن کۆری، لیخاندرۆ جودوروفسکی و عومەر شەریف، یان وا هەست دەکەی شاعیر رۆڵێکی سینەمایی لە گوندێکی هەژار و دواکەوتووی کوردستان دەبینێت. ئەو دیمەنە تراژیدیایەی شاعیرە هەژارەکەمان بەناو گوندێکدا دەڕوا بە تووڕەیی و بێزاری قژێکی سپی درێژ و بێخزمەت و چەور و چڵکن، لە دێوانەیەکی بێنازی عومەری خەیام دەچێ، کەچی شاعیر بەڕاستی خۆیەتی و ساتی ژیانی راستەقینەیەتی بەبێ نواندن و نواندنی کەسایەتییەکی دیکە. خۆی بووەتە فیگەر و کارەکتەری زیندووی سەر زەوی ناو شیعرەکانی وەک دەڵێ :

قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشیی بەشم
مات و داماو و پەشێو و بێکەس و چارەڕەشم
سەردەمێک ئاوارە بووم و ماوەیەکیش دەربەدەر
نەمدی رووی ئاسوودەیی هەر تووشی گێرەو قەرقەشم

هیچ شاعیر و نووسەرێکی کوردم بە دۆکیومێنتاری نەبینیوە، هێندەی فۆتۆکەی هێمن سۆزم رابکێشێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت / ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریویری ٢٠١٦

# خوشکەزایەکی هێمن موکریانی نهێنییەکانی ژیانی ئاشکرا دەکات

## وشە/ مهاباد- سەعدوون مازووچی

د. جەعفەر جەعفەری خوشکەزای مامۆستا هێمنە و مەودایەک لە تەمەنی خۆی لەگەڵ مامۆستا هێمن بەڕێ کردووە، لەو چاوپێکەوتنەدا بۆ "وشە" پەردە لەسەر هەندێک لە نهێنییەکانی ژیانی هێمن موکریانی هەڵدەداتەوە و لەبارەی گەڕانەوەی بۆ ڕۆژهەڵات و دامەزراندنی گۆڤاری سروە دەڵێ: "مامۆستا هێمن مرۆڤێکی واقعبین بوو، دەیزانی تەمەنێکی ئەوتۆی نەماوە و مەودای هەڵسووڕان و هەڵسوکەوتێکی تری بۆ نییە، لە گرووپە سیاسییەکانی کورد بە جۆرێک دابڕا بوو کە هێمنایەتییەکەی لە مەترسیدا بوو، لەو لاشەوە تینووی خزمەت بوو، هیچ نەبێ خزمەت بە زمانی کوردی بکا، هەر ئەو کارەشی کرد و قۆڵی لە خزمەت بەزمانی کوردی هەڵماڵی".



* مامۆستا بە سنووری ڕەسمی و بە ئازادی گەڕایەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گەڕانەوەیدا چۆن پێشوازیی لێ کرا؟

ئەودەمی دەسەڵات لە گرێژنە چووبوو، یانی مەرزیان پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا، ئەوەم بە وردی لەبیرە، کاک سەلاحی و فەتاح خانی ئەمیری تووشم بوون، لەندرۆڤێرێکی شڕیان گرتبوو گوتیان دەچین بە دووی مامۆستا دا لە سەردەشتێیە، لەگەڵمان دێیت؟ منیش زۆرم پێ خۆش بوو، بە جادەیەکی خۆڵی ئەو سەردەمی دا بەو ماشێنە شڕە بەرەو سەردەشت وەڕێ کەوتین، بەرەبەری نیوەڕۆیە گەیشتینە سەردەشتێ، ساعەت دوازدە و نیو، یەک دەبوو. چووینە ئەو شوێنەی کە چاوەڕوان دەکرا مامۆستا هێمن لەوێ بێ، گوتیان میوانە و چووەتە ماڵە ئاغای حەسەنی حەداد. هەڵبەت نێوی چکۆلەیم جوان لە بیر نییە، بەڵام دەزانم شۆرەتی حەداد بوو، ئێمەش کە چووین جەماعەتێکی زۆری لێ بوو. لە مەهاباد را خەڵکێکی زۆر هاتبوون، خەڵکی سەردەشتیشی لێ بوو، ئێمە چووین لە ناو بازاڕ نانی نیوەڕۆمان خوارد و گەڕاینەوە، پاش چاوەڕوانێکی زۆر مامۆستا هاتەوە، ڕانک و چۆغەیەکی لەبەر کردبوو، پێدا دەهات دەیگوت ئەوەیان کێیە ئەوەی تر کێیە؟ هەندێکی دەناسی و هەندێک کەسیشی نەدەناسییەوە، ئەوەش بڕێکی قسە و جەفەنگ لێ پەیدا بوو کە پێم خۆش نییە بیانگێڕمەوە بەخاتری وەی کە مومکینە بەعزێک دڵیان بێشێ، بەڵام زۆربەی خەڵکەکەی هەر بەشێوە دەناسییەوە لە خزمەوە تا بێگانە.

* لە گەڕانەوەی مامۆستادا کەس لە دۆستان و هاوڕێیانی لە دەوری مابوون، دەکرێ ناوی ئەوانە بهێنی کە لێی نزیک بوون؟

پێم خۆش نییە نێویان بێنم، ئەودەم کە تازە لە عێراقێ هاتبووەوە، کەسانێک دایم بە دوایەوە بوون، بۆ تەواوی میوانێکان و

کۆبوونەوەکان لەگەڵی بوون، دواییش کە هەلومەرج گۆڕا و زەبر و زەنگ و خۆشاردنەوە پەیدا بوو، کەسی وای بە دەورەوە نەما، زۆر کەم، ئەوە بەو مانایە نەبوو کە مامۆستایان خۆش نەدەویست، بێ ئەندازە خۆشیان دەویست، بەڵام هەموو کەس خۆپارێزە، تەنانەت لە باری ماڵییەوە زۆر لە تەنگانەدا بوو، لە هەلومەرجێکدا بوو وەک لە زۆر جێگەشدا باس کراوە هەموو بەرهەمەکانی بە ١٠٠ هەزار تمەن فرۆشت، کەسێک هەموو تەمەنی زەحمەت بکێشێ و بەرهەمەکانی لە منداڵەکانی لەلا خۆشەویستتر بێ، بەڵام ناچار بێ بە پارە بیفرۆشێ، دیارە لەبەر تەنگدەستی بووە، بەڵام بەگشتی ئەودەمی خەڵک نەدار بوو، تەواوی خزم و تایفەی مامۆستا هێمنت پشکنیبایە، ١٠٠ هەزار تمەنیان لە گیرفاندا نەبوو، بەڵام ئیتر هەشبوون کەسانێک کە لە خۆ بردووتر بوون و لە ڕۆژی تەنگانەشدا زیاتر لە پشتی بوون. ئەوجار جگە لە خزمەکانی، ئەوانەی خۆیان بە شاگردی دەزانی و کاریان لەگەڵ کردبوو، ئەوانیش بەجێیان هێشت، ئەوان تیر و تانەشیان لێ دا، بەتایبەتی دوای کۆنگرەی چوار. ئەو ڕاستییانە حاشا هەڵنەگرن، ئەوان تۆماریان لەسەر دەنووسی، کۆبوونەوەیان لە دژی دەکرد، ناشمەوێ لێفە لەسەر ئەوانە هەڵدەمەوە. گێڕانەوەی ئەو بابەتانە جگە لەوەی هەستی من و ئێوە و خوێنەران بریندار بکا، هیچ ئاکامێکی تری نییە. ئەو ڕاستییانە ڕوویان داوە و لە هزری زۆر کەسدا ماونەتەوە، ئەو کەسانە زیندوون و دەتوانن بیرەوەرییەکانیان ڕاستگۆیانە بگێڕنەوە.

*** لە چالاکانی حزبی و غەیرە حزبی، کێ هاتوچۆی لای مامۆستای دەکرد؟ ڕاستە دەڵێن لە ژێر کاریگەری هێندێک کەسدا هەڵوێستی جیابوونەوە لە حزبی دیموکرات گرتووە؟**

من هەم لە باری تەمەنەوە و هەم لەباری سیاسییەوە لە مامۆستای بڕێک دوور بووم، ئەو سەر و بەندەی ناتوانم بڵێم کە کێ تا چ ڕادەیەک لێی نزیک بوو یان پرس و ڕای بە کێ بووە، کەسایەتیی خۆی دەناسم و پێم وابوو و ئێستەیش پێم وایە هیچ کەس نەیدەتوانی خۆی بەسەر مامۆستادا بسەپێنێ، ئەوەندەی من بزانم لەگەڵ کەسانێکی وەک کاک کەریمی حیسامی و کاک حەمەدەمینی سیراجی نێوانی خۆشتر بوو، بەڵام بەو مانایە نەبوو عەقڵ و هەڵوێستی خۆی بدا بە ئەوان.

*** دکتۆر لە پاش ڕووداوەکانی دوای کۆنگرەی چوار، مامۆستا هێمن لە لوتکەی شانازیی شاعیری نەتەوایەتی کۆماری کوردستان ڕا بۆ هەڵپەسێردراوێکی سیاسی دابەزی! تۆ ئەوە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

دوای کۆنگرەی چوار من پێوەندیم لەگەڵ مامۆستا نەمابوو، ئەو سەردەمی ئێمە خەریکی خۆدزینەوە لە بەڵای لابەلا بووین، لاوی ئەو سەردەم هەزار هەڕەشەی لەسەر بوو، بۆیە پێویست بوو خۆ بپارێزین، بەڵام دوای گۆڤاری سروە کە منیش بە خزمەت مامۆستا گەیشتمەوە، لەگەڵ کاک فارووقی کەیخوسرەوی جارجارە ئەو جۆرە باسانەیان دەکرد، بەڵام من خۆم تێنەدەگەیاند، بۆ خۆی لەو شیعرانەی ئاخریدا باسی ئەو سەردەمی دەکات.

*** بە بڕوای ئێوە لە دواین شیعرەکاندا جۆرێک هەستی پەشیمانی نابیندرێ، وەک لەو شیعرەدا دەڵێ: "ژیانی من ئێستە وەکو خۆری دەمی زەردەپەڕە --- پێم نەما تین و گوڕ و هێز و تەوان، من چ بکەم" ؟**

ناتوانین بڵێین هەست بە پەشیمانی دەکات، مامۆستا هێمن مرۆڤێکی واقعبین بوو، دەیزانی تەمەنێکی ئەوتۆی نەماوە و مەودای هەڵسووڕان و هەڵسوکەوتێکی تری بۆ نییە، لە گرووپە سیاسییەکانی کورد بە جۆرێک دابڕا بوو کە هێمنایەتییەکەی لە مەترسیدا بوو، لەولاشەوە تینووی خزمەت بوو، هیچ نەبێ خزمەت بە زمانی کوردی بکات، هەر ئەو کارەشی کرد و قۆڵی لە خزمەت بەزمانی کوردی هەڵماڵی.

* مامۆستا هێمن لای خوێندکارانی زانکۆ چۆن سەیر دەکرا؟

بەڵێ لە نێو خوێندکارە کوردەکاندا زیاترین شیعری لێ دەخوێندراوە. ئەو دەم شیعر و سیاسەت خزمایەتییەکەیان زۆر گەرم و گوڕ بوو، ئەگەر غەیرە کوردەکان شاملوو و ئەرخەوان و شەهریاریان هەبوو، ئێمەش هێمن و هەژار و سوارەمان هەبوو.

* مامۆستا لە ساڵی ٧٩وە گەڕایەوە زێدی خۆی لە گوندی شیلاناوێ، تا چ ساڵێک لەوێ مایەوە و چۆن ڕۆیشت بۆ ورمێ و گۆڤاری سروە؟

مامۆستا تا ساڵی ٨٥ ماڵی هەر لە شیلاناوێ بوو، بەرپرسانی شار و وڵاتیش ئاگایان لەوە بوو کە مامۆستا لەو کوێرە دێیە خۆی دوور خستووەتەوە. یەک دوو جار پێوەندییان لەگەڵ گرتبوو، بەڵام بەرەبەری ساڵی ٨٥ هاتەوە مەهاباد، بەهۆی نەبوونی ئاسایش لە ماڵە خۆی، هاتە ماڵی ئێمە، ئەو دەمی منیش لە ماڵێ بووم. بەهۆی شۆڕشی فەرهەنگییەوە زانکۆ داخرابوو، تەواو لە ماڵی ئێمە نەحەسابووەوە کە لەلایەن قایمقامی ئەوکات ئاغای جەلائیپوور ڕا بانگێشتی فەمانداری کرا، هەڵبەت خۆشی فەرمووی لەسەر ئیزنی ئەوان هاتبووەوە ناو شار. منیش لەگەڵ خاڵم کەوتم، بە ماشێنێکی دەوڵەتی چووینە فەرمانداری کە ئەوکات لە شوێنی عەمبارەکانی دەغڵ و دانی ئێستەدا بوو.

ئاغای جەلائیپوور زۆر توند لەگەڵ مامۆستا جووڵایەوە، مامۆستاش زۆر لەسەرخۆ خەریکی جگەرەکێشانی خۆی بوو، فەرماندار قسەکانی کێشا بۆ لای باسی سیاسی و ئاماژەی کردە ڕۆژنامەکانی بەردەستی و گوتی ئەوە چییە نووسیوتانە؟ مامۆستاش فەرمووی ئەوە ئەمن نەمنووسیوە، ئەگەر ئەو شتانە من نووسیبام، ئێستە لە جێگەیەک دەبووم کە تۆ نەتدەتوانی ئاوام قسە دەگەڵ بکەی، دەمەو نەهار بوو، بڕێک مشتومڕی تر لە نێوانیان کەوت، نازانم چۆن کۆتایی هات، بەڵام هێندی نەخایاند بردیانین و لە ماشێنێکیان ناین و بەرەو ورمێیان بردین.

لە ورمێ بردیانینە شوێنێک کە ئێستە نەخۆشخانەی "عارفیان"ە ئەودەم قەرارگەی حەمزە یا ڕەمەزان بوو و دوو پاسداریشمان لەگەڵ بوو.

نەماندەزانی میوانین یان گیراوین، دوای چەند کاتژمێر سەرگەردانی، پاسدارێکی کورتەباڵامان لێ پەیدا بوو، زۆر ڕووخۆش بوو و زۆری ڕێز لە مامۆستا گرت، سواری ماشێنێکی کردین و پرسی ماڵە خزمێک، یا ئاشنایەکتان لێرە هەیە؟ لەگەڵ ئەوەی ماڵە باپیرم لە ورمێ بوو، مامۆستا فەرمووی نا کەسمان نییە، بردیانین بۆ هۆتێلێک، هیچمان ناسنامەمان پێ نەبوو. خاوەن هوتێل دیوێکی بۆ

دیاری کردین، یەک - دوو ڕۆژ لەوێ بووین، ئەو پاسداره کورتە باڵاییەش هەر بەدەورەمانەوە بوو، دەهات سەری لێ دەداین، دوایە پێم گوت ئێمە لێرە ماڵی خزمی نزیکمان هەیە، پێمان خۆشە بچین بۆ ئەوێ و ناونیشانیان لێ وەرگرتین و بۆ بەیانی بردیانینە ماڵە باپیرم، حەوتوویەک لەوێ بووین ئینجا لێمان روون بووەوە نەگیراوین. دوای ئەو حەوتووە ماموستایان سەرلەنوێ بۆ شوێنێکی نادیار گواستەوە، ماوەی مانگ و نیوێک لەو شوێنە بوو، ئێمە هەر بە دوایەوە بووین، چ جوابێکی وایان نەدەداینەوە، تا ڕۆژێکی پێیان ڕاگەیاندین کە ماموستا نابێ بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد و لێرە خانوومان بۆ گرتووە، بچن ماڵی بۆ بهێنن، منیان ڕاسپارد بۆ هێنانی ماڵی ماموستا.

ماڵەکەیم لەگەڵ خاڵۆژنم هێنا بۆ ورمێ، لە خانوویەکی زۆر ناخۆش لە فلکەی مەهاباد نیشتەجێ بوون، زۆر وەزعێکی ناخۆشیان هەبوو، تەریک و تەنیا کەوتبوونەوە، من ئەوکات چووبوومەوە زانکۆ، ماموستا داوای کتێبی لێ دەکردم، گەڕابووەوە سەر خوێندنەوەی بەرهەمی کلاسیک و کۆمێدی و ئیلاهی و، کتێبخانەی زانکۆ کتێبی زۆر کەم بوو، منیش زۆر بە زەحمەت هێندێک کتێبم بۆ دەدیتەوە. دوو مانگ لەو ماڵەدا بوون و دوایە گواستیانەوە بۆ ماڵێکی تر لە فلکەی بازاڕ باش، لەو سەردەمە ناخۆشەدا تەنیا خوالێخۆشبوو کاک جەعفەری شێخول ئیسلامی سەردانی دەکرد. پیاوێکی زۆر مەرد و ڕەند بوو، حەیف زوو لە دەست چوو، ئەوکات هاتوچۆی ماموستا لەلایەن هەردووک بەری دەوڵەت و حزبەکان ڕا پاوان کرا بوو، خەڵک دەترسان، لەخۆوەش نەبوو کەسانێک لە کاری زۆر سادە و سکار ڕا خەساریان گەیشتبۆیە.

ماڵەکەی فلکەی بازاڕباشی هەرچەند بنەوەی دووکان بوو، بەڵام زۆر باشتربوو لە هی پێشتر، شۆفاژی هەبوو، تازەتر بوو، خەڵکیش وردە وردە ترسیان ڕژا و سەردانی ماموستایان دەکرد و گەمارۆ و بایکۆت دەشکا و بارودۆخ باشتر دەبوو. دامەزرانی ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەلاحەدین ئەیووبی و سروە هاتە گۆڕێ، بۆ یەکەمین جار لەوێ چاوم بە کەسێکی میدیاکاری کوردی باشوور کەوت، فکر کەم فەرهاد شاکەلی بوو هاتبوو وتوێژ لەگەڵ ماموستا بکات.

دوای ماوەیەک سەرلەنوێ ماڵەکەیان ڕاگوێزتە شەقامی "دانشکدە" پەنا کۆنسوڵگەری تورکیا، تا کاتی کۆچی دوایی لەو ماڵەدا بوو، دوایی ماڵە کاک سەلاحیش هەر هاتە ورمێ و لەگەڵ ماموستای کەوتن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت / ڕێکەوتی: ٣ی جوونی ٢٠١٥

# ساڵیادی ٢٩ ساڵەی مەرگی هێمن مهابادی

## مالمۆ کورد



سەید محەممەد ئەمین شێخولئیسلامی ناسراو بە هێمن کوڕی سەید حەسەنی موکری ولە بنەماڵەی مەلا جامی چۆڕی بووە. دایکی ناوی زێنەب وکچی شێخی بورهان کە ئێستا بنەماڵەیەکی گەورەی موکریانن، هێمن بەهاری ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی هەتاوی بە شەوی جێژنی بەرات لە گوندی لاچینی سەر بە شاری سابلاغ ئەستێرەی ژیانی تریفەی دا وچاوی بە ڕووناکایی گەردوون هەڵێنا. بە بوونی هێمن شیری ****ی دایکی وشک دەبێ و بە شیری ژنێکی دیکە فڕچک(گۆج)دەکرێ و دوای بوونی ئەو، دایکی لەشی ساغ بە خۆیەوە نابینێ. هێمن لە ڕۆژگارێکدا لە دایک دەبێ کە ڕەزاخانی چەکمە ڕەقی کەللە وشک جڵەوی حکوومەتی پێیە وشەپ شەپێن بە کاژەڵاکی مرۆڤی زانا وڕووناکبیر دەکا، بێوچان خەریکی تاڵان وکوشت و کوشتارە و ئاسمانی بە سەرە نێزە ڕاگرتووە و زەوی لە ژێر پێی دەلەرزێ، لاسای ئاتاتورکی ڕەگەزپەرەستی دەکردەوە، جلوبەرگی کوردەواری بە تەواوی قەدەغە دەکرێ و ئەوەندەی لە دەستی هات، سووکایەتی بە خەڵک کرد وشەپکە و تەپڵەی هێنا نێو بازاڕەوە. هێمن لەم کەش و هەوایەدا گەورە دەبێ، بەش خوراوی و کۆیلەتی ئینسان وەکوو خوێن لە مێشک ودەمار وئێسک و پێستی دا دەگەڕێ و دەبێتە سەربەندی ژیانی.

لە کاتی منداڵیدا گوێچکە بە حەکایەتەکانی دایە مرۆت دەگرێ، کە پیرێژنێکی دنیا دیدە بووە و زۆر شتی بەنرخی لێ فێر بووە. ئەلف وبێ لای سەعیدی ناکام دەخوێنێ و پێش ئەوەی ئەلف و بێی فێر بکا، بزنۆکێ و مەڕنۆکێی حوسێنی حوزنی موکریانی بۆ دەخوێنێتەوە و هێمن لە بەری دەکا و هەروەها شێعرەکانی شێخ ڕەزا و زۆر شتی دیکەی لێ فێر دەبێ و پاشان بۆ درێژە دانی خوێندن، باوکی دەینێرێتە سابلاغ و لە قوتابخانەی سەعادەتی ئەو شارە دەست بە خوێندن دەکا.هێمنێکی لادێی کە جگە لە زمانی کوردی هیچی دیکەی نەدەزانی و لەو قوتابخانەیەش کەس نەیدەتوانی بە کوردی قسە بکە، منداڵان گاڵتەی پێدەکەن وپێی دەڵێن کرمانج، چونکە ئەو کاتە لە سابلاغ بە خەڵکی دێیان دەکوت کرمانج، هێمن ئەو ساڵە خوێندنەی بە سەرکەوتنێکی زۆر باشەوە تێپەڕ دەکا وهاوین دەگەڕێتەوە بۆ ئاوایی و لە لای مەلای دێ و باوکی دەرس دەخوێنێ و تەمرینی نووسینی خەت دەکا. باوکی کە دەزانێ خەتی خۆش بووە، دەستی پێ لە خوێندن هەڵدەگرێ و دەڵێ: بڕۆ دەرسی مەلایەتی بخوێنە. هێمن کە هیچ کات خۆشی لە مەلا نەهاتووە، تووشی ئەم تاڵییە دەبێ و چوار ساڵ لە خانەقای شێخی بورهان دەخوێنێ، بەلام ئەو خوێندنە هیچ کەڵکێکی نابێ، چونکە ئەو چوار ساڵە بە گاڵتە دەباتە سەرێ ولە خانەقای شێخی بورهان کە ٨ - ٩ نەفەر دەبن،جگە لە هەژار و هێمن تەواوی خاڵۆزا و پوورزا دەبن، پاشان دەچێتە لای مامۆستا فەوزی و ڕێگای ژیانی پێ نیشان دەدا و ساڵ و نیوێک لە لای ئەو دەرس دەخوێنێ.

هەژار لە پێشەکی دیوانی سەیفولقوزاتدا، بەم جۆرە باسی خۆی و هێمن دەکا:هێمن و من دوو منداڵی کرچ وکاڵی لەڕ و قرخن، بە تەمەن دە دوازدە ساڵ بووین، لە خانەقا گەیبووینە یەک، ناخێری گیانمان دەرس بخوێنین، خویندنی چی؟ دوو گێل و حۆلی پەڕ بڵاو، لە یەک دەمدا لە لای دوو مامۆستا دامەزراین، یەکی ریش پان، لە عارەبی شارەزایە و خەتی نییە، ئەوی دی گەردەڵ، فارسی زانە و خەتی خۆشە. جا وەرە شەق و دار بخۆ، خۆ جنێو هەر باسی ناکرێ، سوێندی کەسم لە سەر نییە، ئەگەر بڵێم تلپاتی تەڕیش فێر نەبووین، نیسکێک درۆی تێدا نییە، ماڵم هەقە لە ترێ دزینی ناو ڕەزی، لە پللار دەداران گرتن، لە راوی دووپشک و ئەسپێ و کێچ و جوجە و قوڕ شێلان و هێلکە لە هێلان دەرهێنان، هیچ کەس تۆزی نەدەشکاندین. بۆ نەگبەتی هێمن وە شێعر هاتبوو، هەروا گارە گارەی دەهات، جار و بارە شێعرێکی نیوە و کۆڵەی خواری لاپانی دادەنا، بە فیزەوە نیشانی دەدام. یانی ها بم ناسە، من چیم، منی کلۆڵ نەمدەتوانی مێعریش بکەم. بەو جۆرە شێعر کوتنی هێمن لە خانەقاوە سەری هەڵداوە و پێگەیشتووە. لە گوندی کولیجە لە لای سەید عەولای سەید مینە کە پیاوێکی نەخوێندەوار بووە، بەڵام زۆر زانا وتێگەیشتوو دەبێ ،ماوەیەک دەرس دەخوێنێ و بە گەورەترین مامۆستای، مامۆستا هێمن حیساب دەکرێ. تەمەنی هیمن دەچێتە سەر و بۆ ئەوەڵین و دوایین جار لە گوندی کولیجە ئاشق دەبێ، ئێشقێکی پاک و خاوێن و ئاسمانی ،بەڵام ئەم ئاشق بوونە زۆر ناخایەنێ و لێک جیا دەبنەوە و هەر لەو گوندە فێری سواری وتەقڵە وراوە کەو و کەروێشک دەبێ. ساڵی ١٣١٧ی کۆچی هەتاوی کە تەمەنی ١٧ ساڵانە دەبێ، مامۆستاکەی گوندی کولیجە بە جێ دێڵێ و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ گوندی خۆیان واتە شیلاناوێ کە ماڵیان چبووە ئەوێ و مل لە کار وکاسبی هەڵدەکێشێ و بە ڕۆژ خەریکی کاری کشت و کاڵی دەبێ و شەوانە خەریکی خوێندنەوە و شێعردانان، باوکی پێی دەزانێ و دەفتەری شێعرەکانی دەسووتێنێ.

ناوی هێمن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمانە کە لە کۆمەڵەی ژ-کاف وکۆماری کوردستاندا وەکوو پێشمەرگەیەک خزمەتی بە نەتەوەکەی دەکرد و لە نێو تێکۆشەرانی ئەو سەردەمە کە هەر یەکەی ناوی نهێنیان هەبوو، بە هێمن ناسرا و هەر وەکوو بۆخۆی دەڵێ:من هیچم لە پێشمەرگایەتی لێ حاڵی نەبوو و هیچ کەڵکێکم لێ وەرنەگرت، تەنیا ئەو خێرەی بۆ من هەبووە، ئەویش کە ئەو ناوە دوورودرێژەی لە کۆڵ خستم. لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی کۆچی هەتاوی لە شاری سابلاغ کۆمەڵەی ژ-کاف بە دەستی ڕەحمانی زەبیحی وچەند کەسی دیکە دادەمەزرێ. هێمن دەبێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە و شەو وڕۆژ لە بیری ئەوە دادەبێ کە چی بۆ ئەو کۆمەڵەیە بکا کە کاری رزگاری کوردستانە، هێمن لەو کۆمەڵەیەدا دەبێتە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نیشتمان ودوایەش گۆڤاری ئاوات. لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی هەتاوی کە لە سەر بناغەی ژ-کاف، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد دادەمەزرێ،هێمن بۆ یەکەم جار لە مزگەوتی سووری مەهاباد لە بەرابەر خەڵک دا شێعر دەخوێنێتەوە و دەبێتە سکرتێری هەیئەت رەئیسەی میللی دێموکڕات و دوایە لە کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبدا دەست بەکار دەکا. لەو کۆمارەدا بۆ دانانی کتێبی کوردی بۆ فێرگەکانی کوردستان کاری کردووە، لە گۆڤارەکانی ئەودەمی حیزب وەک کوردستان، هاواری کورد، هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵان وهەڵاڵەدا شێعر و وتاری بڵاو کردۆتەوە. لە کۆماری کوردستاندا پێشەوا شانازی پێوە کردووە و رایگەیاندووە کە شێعرەکانی پڕ مانان ودەبێ تەواوی ئەندامانی حیزب لە بەری بکەن و بیکەنە پڕۆگڕامی تێکۆشینی خۆیان.

هێمن هەر لە پلەی یەکەمی تێکۆشانیدا وەک شاعرێکی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی بیر و باوەڕی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشابوو،چونکە هەڵبەستەکانی لە راستەقینەدا ببوونە ئاوێنەی دڵی کۆمەڵانی گەل و دەربڕی بیر و ئاواتیان. هێمن هەر لە ڕۆژی یەکەمی تێکۆشانی هونەری خۆیەوە بۆ خاوێن کردنەوە و پەرە پێدانی زمانی زگماکی قۆلی هەڵماڵی. هەڵبەستەکانی بە زمانێکی ساکار دەهۆنییەوە و بەزمانی گەل دەدوا، جا بەو بۆنەوە پێشەوا پێی ئەسپاردبوو، کە بۆ گەلێک وشەی فارسی و عەڕەبی کە لە ڕێڕەوی خەباتی سیاسیدا بە کار دەهێندرێن، وشەی کوردی پەتی بدۆزنەوە و بەکاری بێنن، هێمن بە سەرۆکی کۆمیسیۆنێک کە بۆ ئەو

کاره دیاری کرابوو، دانرا، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت بە داخێکی زۆر گرانەوە کۆمار دەڕووخێ و هێمن دەڵێ: ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە و ئەو کارەساتە جەرگ بڕە هەموو کوردێکی بە شەڕەفی خەمناک و تازیەبار کرد.

ساڵی ١٣٢٥ی کۆچی هەتاوی دایکی پێ لە کەوشان دەکا و پێی دەڵێ: دەبێ ژن بێنی، بەڵام هێمن نایەوێ ژن بێنێ و بەهەر جۆرێک بێ، دایکی، هێمن ڕازی دەکا و داوای برازایەکی خۆی بۆ دەکا و هێمن قەتی نەدیوە، بەم جۆرە لە ٢٥ی خەزەڵوەری ئەو ساڵەدا بووکی بۆ دادەبەزێنن و هەژار لە زەماوەندەکەیدا هەڵدەپەڕێ و بەرهەمی ئەم ژن هێنانە ش کوڕێک بە ناوی سەلاح دەبێ. ساڵی ١٣٢٧ی کۆچی هەتاوی وشکە ساڵی پێش دێ و ئەویش وەک خەڵکی دیکە دەکەوێتە چەرمەسەری و ناڕەحەتییەوە و گرانییەکی بە تەوژم ئێران دادەگرێ، زۆر کەس لە برسان دەمرن وخەڵک لەو ساڵەدا کوللێرەی جۆ و هەرزن دەخۆن.

لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی کۆچی هەتاوی کۆبوونەوەیەک لە مەیدانی شاری سابڵاغ پێک دی وهێمن شێعری " دەبڕۆ ئەی شاهی خائین، بەغدا نیوەی ڕێت بێ" دەخوێنێتەوە. لە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ئەو ساڵە هێمن بە تەواوی قاچاغ دەبێ و ماوەیەکی زۆر بە کێوانەوە دەبێ و ساڵی ١٣٤٤ی کۆچی هەتاوی باوکی دەمرێ و هێمن دەڵێ: دەردی باب مردن، دەردێکی زۆر گرانە وپیاو لە هەر تەمەنێکدا بابی بمرێ، هەست بە هەتیوی دەکا و دوو ساڵ دوای باوکی، دایکیشی دەمرێ و ئەم ڕووداوانە بە تەواوی پیری دەکا.
بۆ جارێکی دیکە هەوای نووسینی گۆڤار بە مێشکی دادێ و بەهاری ساڵی ١٣٦٤ی کۆچی هەتاوی بەردی بناغەی گۆڤاری سروە لە شاری ورمێ دادەمەزرێنێ و یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لە سەرەتای هاوین گەیشتە دەستی خەڵک و هێمن ئەمە دەڵێ: "ئومێدەوارم ئەم سروەیە هەر بێ و هەر دڵان ببووژێنێتەوە و هەر گوڵان بگەشێنێتەوەو هەر دڵی کوردان خۆش بکا".

هێمن لەو کەسانە بوو کە تەمەنی مێرمنداڵی و لاوی و پیری خۆی لە سەنگەری فەرهەنگ و ئەدەب وفۆلکلۆر و شۆڕش دا بەخت کرد و وەک مۆم سووتا و ڕێگای پاشە ڕۆژی بۆ ڕووناک کردین. پاش دەرچوونی چوار ژمارە لە سروەی ڕەنگینی کوردستان، مۆمی ژیانی هێمن دوایین فرمێسکی هەڵوەراند و لە ٢٩ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ی کۆچی هەتاوی بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێکردین و لەسەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی بوداق سوڵتانی شاری سابڵاغ بە خاکیان سپارد.

دیارە هێمن مردووە و لە نێومان دا نەماوە، بەڵام ئاسەوارەکانی و یادگارەکەی کاتی پیری هەر ماون و بە دیتنی ئەوان هیچ کاتێک هێمنیش لە بیر ناچێتەوە.

هێمن شاعێرو زانای فەرهەنگ دۆست و تێکۆشەری ڕێگای بووژاندنەوەی کورد و فەرهەنگەکەی بوو، خاوەن بیر و تێفکرین و بیر کردنەوە بوو. هێمن دەنگی بەرزی ئازادی، ئاشتی و دیموکراسی خوازی کورد بوو. خوازیاری یەکیەتی گەلان بوو. کوردایەتی هێمن، مرۆڤایەتی بوو. شاعێری جوان پەرەست، شاعێری بابردەڵە، کە بێبەش لە ئاو وخاک و وڵاتی خۆی، پەڕیوەی سنوورو مفتەلای دەستی ڕۆژگار، پیری هەناسە سوار، دەرکراوی بە زۆر دابڕاوی یار و ئازیزانی، بولبولی بێبەش لە گوڵزار و چەمەن، بێ ئەنیس و هاودەم، ئاشقی دڵ پڕ لە ئەوین وخۆشەویستی وڵاتەکەی، هەنگاو بە هەنگاو خەم بە دوای مامۆستای ئازیزەوەبوو، وەکوو سێبەری خۆی ڕۆژێک لێی جیا نەبۆتەوە و ڕۆژی شادی ڕووی لە دڵە خەمبارەکەی نەکرد، ئەو مرۆڤە بێ نازە خۆ لە ئاسن و پۆڵا دروست نەکراوە،بەڵکوو لە خوێن و گۆشتە، بۆیە پڕ بە دڵی خۆی ئەناڵێنێ و بە ئاوازێکی بە سۆزەوە ئەڵێت:

پارچە گۆشتێکە، دڵی من روو نییە
ناڵە ناڵی من درەنگە زوو نییە
لە شێعرێکی دیکەدا دەڵێ:
شینم زۆر گێڕاوە، شادیم کەم دیوە
ئەڵێن هەیە، بەلام نەمدیـــــوە

شاعێر، شینی یەکجار زۆر دیوە، بەڵام شادی و کامەرانی بە دەگمەنیش نەدیوە و ئەزانێ شادی هەیە، زۆر کەس لە گەڵیا راز و نیاز دەکەن، بەڵام هێمنی خەمبار هەر نەیدیوە، لە لای هەر وەکوو نامۆیەکە، وەکوو دوژمنێکە، بۆ ماوەیەکی کەمیش روو لەو ناکات. مامۆستای بەرێزمان شێعرە تەڕ وناسکە جوانەکانی، زۆربەی زۆری بە خەم زاخاوە ،خەم کاری زۆری تێکردووە، بۆیە بە هیچ جۆرێ ناتوانێ خۆی لە شەپۆل لابدات. هێمن شاعێری گەل ، شاعێری ئێشق و ئازادی ،دڵە گەورەکەی هەتا ئەو رۆژەی لە لێدان کەوت، بۆ گەلەکەی و ئازادی نیشتمان لێی دا.

بە فەرموودەی خۆی:

هەتاکوو دوا پشـــوو رێبواری رێگەی ئێشق و ئازادیـــم
ئەگەر بێجگە لە ناکامیـــش نەبینـــم، بەرهەمێـــکی تـــر

هێمن کە یەکێک بوو لە گەورەترین شاعێران و نووسەرانی کورد لە سەدەی بیستەمدا، لە باری پاراستن و بووژاندنەوەی فەرهەنگ و ئەدەب، گەرەترین هەقی خستۆتە سەر نەتەوەکەی، چونکە لە تاریک وروونی بەیانی ژیانی را، بۆ خڕ کردنەوەی کۆماکانی ئەدەبی کوردەواری و ورد بوونەوە لە وشەکانی، بە کەو کردن و هەڵاواردنی غەوارەکانی و سوورکردنی خرمانی زمان وزاراوەی کوردی، کەوتە کار وتەنانەت گوڵ هەڵگرتنەوە و پاشەرۆکیشی بۆ خەڵکی دیکە نەهێشتەوە.

ئاسەوارەکانی مامۆستا هێمن بریتین لە:

١- تاریک و روون(شێعر و پەخشان).
٢- پاشەرۆک(شێعر و پەخشان).
٣- توحفەی موزەففەرییە(فۆلکلۆری کوردی، کە کاری ئۆسکارمانە وهێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی).
٤- شازادە وگەدا .
٥- قەڵای دمدم .
٦- هەواری خاڵی .
٧- چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگز.
٨- ئەفسانە کوردییەکان (کاری قەنات کۆردۆ کە هێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی).

٩- ناڵەی جودایی .

بە ئاوارەیی و دەربەدەری توانی کتێبی ناڵەی جودایی بنووسێ،ئەگەر بە جوانی لێی ورد بینەوە، دەبینین کە ناڵە و هاوار و فیغانی دڵە، ناسۆرییە، خول دانەوە و نزا و هاوار وئازاری ناخ و ماندوویەتی هزر و نائارامی رۆح و بێ تاقەتی جەستەیە بەرامبەر جودایی،جودایی لە خێزان، لە خانوو،ماڵ و گوند و گەڕەک ،شاخ ودەشت و دراوسێ و کەس و کار و یادگارەکانی سەردەمی منداڵی و لانەی گەورەبوون و گەلێ شتی بە نرخی دیکە کە لە یاد ناکرێن ولە دەروون دوور ناکەونەوە.

رۆحی شاد وریگای پڕ رێبوار

سەرچاوە: ماڵپەڕی مالمۆ کورد / ڕێکەوتی: ١٧ی ئەپریلی ٢٠١٥



# هێمن، مامۆستای نالەی جودایی، بولبولی باڵ شکاوی وەختی گوڵ

یەحیا سەمەدی

**به بونه ی ۲۹ی خاکه لیوه سالروژی کوچی ماموستا هیمن**

لە کۆمەڵی کوردەواری و لە بوارەکانی نیشتمانپەروەری، کۆمەڵایەتی، زمانەوانی، فەرهەنگی و زۆر بواریتردا گەلێک کەسایەتیی گەورە هەڵکەوتووە و یەک لەو مامۆستایانە کە بۆ فەرهەنگ و ئەدەب و شێعری کوردی و نیشتمان قەت ماندوویی نەناسی و بەردەوام بۆی تێدەکۆشی، مامۆستای کتێبی تاریک و ڕوونە کە زۆر بە کورتی بەشێک لە ژیان و تێکۆشانی دەخرێتەو بەرچاو.



هێمن نازناوی شاعێریی، نووسەر و شاعێری مەزنی کورد "سەید محەمەد ئەمین شێخولیسلامی موکری"یە و لە بەهاری ساڵی ۱۳۰۰ی هەتاوی لە گوندی لاچین لە نزیکی شاری مەهاباد لە دایک بووە. باوکی سەید حەسەنی شێخولیسلامی لە نەوەکانی مەلا جامی چۆڕی بووە کە ماوەی سێسەد ساڵ دەبێت لە مەهاباد دەژین. دایکی ناوی زەینەب لە بنەماڵەی شێخی بورهانی ناوداری موکریانییە.

ئەو ساڵەی هێمن لە دایک دەبێ پیاوەکانی سماعیل ئاغای سمکۆ هێرشیان هێنابووە سەر مەهەباد و شارەکە وەبەر تاڵان کەوتبوو، ئەوانیش وەکوو زۆر کەسی دیکە ڕوو لە دێهات دەکەن. لە منداڵیدا لەسەر دەستی دایەن گەورە دەبێ و ناوی ئەو ژن و پیاوە هەژارەی کە مامۆستا هێمن بەخێو دەکەن، "یاسەمەن" (خەڵکی ئازەربایجان) و "عیزەت" (خەڵکی تورکیا) دەبێ و مامۆستا هێمن لە ڕێگەی ئەوانەوە بە باشی فێری تورکی و ئازەری دەبێت. بابی مامۆستا هێمن دەوڵەمەندە و لە بەگەکانی شێخولیسلامییە و بەو هۆیەوە ڕێوشوێنی بنەماڵەکەیان ئیجازەی پێنەدەدا لەگەڵ منداڵانی هاوتەمەنی گاڵتەوگەپ و کایە بکات.

مامۆستا هێمن لە ژیانیدا بەردەوام بە تاڵی یادی ئەو ڕۆژانەی دەکرد و دەڵێ: "ڕێوشوێنی بنەماڵەکەمان ئیجازەی نەدەدا من لە گەڵ هاوتەمەنەکانم گاڵتە و گەپ بکەم، چونکە من کوڕە دەوڵەمەند بووم و ئەوان کوڕە هەژار. من کوڕی شێخەلئیسلامیی بە ناوبانگ بووم ، ئەوان کوڕی لادێییەکی بێ ناوونیشان. من بەرەوپشت ئەتڵەس بووم و ئەوان کەڕەکرمانج. من کۆک و پۆشتە بووم و ئەوان ڕووت و ڕەجاڵ.

ئاخ ... گەورەکانم تێنەدەگەیشتن من چەند پەرێشان و کەلەلام، ئەوان نەیاندەزانی بەو کردەوەی خۆیان چۆن هەستی من برینداردەکەن، برینێک کە دەبێتە گریمانەی ڕووحی و تا مردن سارێژ نابێ".

سەعید ناکام یەکەمین مامۆستای "هێمن" بووە و ئەلفوبێی لە خزمەتی ئەو مامۆستایە دەخوێنێت و لە پاشان باوکی ڕەوانەی مەدەرسەی دەوڵەتی (سەعادەت)ی شاری مەهابادی دەکات، چەند ساڵ لەوێ دەبێ و دوایی باوکی دەینێرێتە خانەقای شێخ بورهان کە زانایەکی گەورە بووە. گەلێ لە زانایان و گەورەپیاوان دەچوون بۆ زیارەتی شێخی بورهان و لەگەڵ خوێندکارانیدا دەکەوتنە وتووێژ و دەرسیان پێدەگوتن. بەو جۆرە مامۆستا هێمن کەسانێ وەک: پێشەوا قازی محەممەد و سەیفی قازی شاعێر و زانای مەزن حاجی مەلا محەممەدی شەرەفکەندی و ڕووناکبیر عەلی خانی ئەمیری و... دەناسێت و کەڵکیان لێوەردەگرێت. بەڵام ئەوەی لە هەمووان زیاتر کاریگەری لەسەر مامۆستا هێمن بووە، مەلا ئەحمەدی فەوزییە. مامۆستا هێمن لەبەر دەستی ئەو زاتە ئاشنایەتی لەگەڵ مامۆستایانی ئەدەبی کوردی و فارسی پەیدا دەکات، مامۆستا هێمن خۆی دەڵێ: "ڕووداوێک گۆڕینێکی بە سەردا هێنام و تووشی زانا و ئەدیبێکی گەورە هاتم، مامۆستا "ئەحمەد فەوزی" یان "مەلای سلێمانی"، من دەستکردی ئەوم، ئەو بوو هەڵی وەشاندمەوە و تێکی هەڵشێلام و سەرلەنوێ دروستی کردمەوە ... بێگومان ئەگەر نەچووبامە خزمەت فەوزی و لە کن ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا، ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەدەبوو کە گرتم و پێیدا ڕۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە ... ئەو فێری کردم چۆن بنووسم و چۆن شێعر بڵێم. ئەو فێری کردم وڵاتەکەم خۆش بوێ و پێی هەڵبڵێم، ئەو حاڵی کردم، کوردی، زمانێکی ڕەوان و بەربڵاو و دەوڵەمەندە و دەکرێ ئەدیبێکی گەورەو دنیاپەسندی هەبێ. ئەو حاجی قادر کۆیی و نالی و کوردی و سالم و مەولەوی و حەریق و مەحوی و وەفایی پێ ناساندم. ئەو فێری ڕۆژنامە خوێندنەوە و ڕۆمان خوێندنەوەی کردم. ئەو ئەدەبی فارسی و دیوانی شاعێرە شۆڕشگێڕەکانی بۆ پەیدا کردم و هانی دام بیانخوێنمەوە و شتیان لێ فێر بم".

مامۆستا هێمن لەتەمەنی حەڤدە ساڵان دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی لە گوندی شیلاناوێ. هەر لەو تەمەنەدا دەست دەکا بە شێعردانان، بەڵام لەژێر تەئسیری شێعری فارسی و کوردیدا. ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبێ تا تەمەنی بیست ساڵان کە شێعری بە تەخمیسی شێعری شاعێرە مەزنەکان دادەنا، بەڵام هاوڕێیەکی وشیاری دەکاتەوە و ئیتر دەست لەوەش هەڵدەگرێت و تەنها شێعری کوردی و ئەویش هەستی خۆی دەکاتە شێعر و، بەس شێعری خۆی دەنووسێ.

یەکەم شێعری لە گۆڤاری "گەلاوێژ"دا بە ناوێکی نهێنییەوە بڵاو دەبێتەوە. دووهەمین شێعری مامۆستا هێمن لەساڵی ١٣٢٢دا لە ژمارەی (٢)ی گۆڤاری "نیشتمان"دا بڵاو دەبێتەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شێعری مامۆستا هێمن ئەوەیە کە نەرم و ڕەق و سۆزی ئەوین و فیکری سیاسی تێکەڵ کردووە. لە (شەنگەبێری)، (مەتەرێزی شەرەڵا)، (ئامێزی ژن) و (پەری شێعر) و (یادم بکەن) و (لە بیرم مەکەن) و (بناری هەڵگورد) و (شەوگاری تەنهایی) و (ناڵەی جودایی) و... ئەم تایبەتمەندییە وەبەرچاو دەکەوێت.

لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی کە کۆمەڵەی "ژ-ک" دامەزرا، مامۆستا هێمن دەبێتە ئەندامی ڕەسمی و، ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی ژن دەهێنێت.

لە دوای گۆڕانی "ژ-ک" بە حیزب، مامۆستا دەبێتە سکرتێری "هەیئەتی ڕەئیسەی میللی" و پاشان وازی لێ دێنێت و خەریکی کاروباری فەرهەنگی دەبێ. دەست دەکا بە نووسین و بڵاوکردنەوەی شێعر و وتار، هەروەها دەبێتە هاوکاری ڕۆژنامەی "کوردستان" و گۆڤارەکانی

"هاواری کورد" و "هاواری نیشتمان" و "گڕۆگاڵی منداڵان" و "هەڵاڵە"و، شێعر و هۆنراوەکانی تێیاندا بڵاو دەکرێتەوە. پاشانیش لە گۆڤارە کوردییەکانی عێراق وەک: گۆڤاری "بەیان"، ڕۆژنامەی "هاوکاری"، ڕۆژنامەی "عێراق" و... شێعر و لێکۆڵینەوەکانی بڵاو دەکاتەوە.

تاریک و ڕوون (شێعر)، ناڵەی جودایی (شێعر)، شازادە و گەدای (وەرگێڕان لە مارک تواین)، هەواری خاڵی، دڵی شاعێر، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، پێشەکی و چاپی تازەی دیوانی نالی و وەفایی، توحفەی موزەفەریە و... لە بەرهەمەکانی مامۆستا هێمنن. دوای چەند ساڵ پڕ لە خزمەت و خەبات و پڕ لە ئاوارەیی و دەرد و ڕەنج و گێرەوکێشە دەگەڕێتەوە لای عەشق بە نیشتمان و فەرهەنگ، لە ورمێ نیشتەجێ دەبێ و ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەیووبی دادەمەزرێنێت و گۆڤاری سروە بڵاو دەکاتەوە. مامۆستا هێمن لەم بوارەشدا وەکوو بولبولی باڵ شکاوی وەختی گوڵ ناحەسێتەوە و نەخۆشی و پیری مەجالی نادا و لە شەوی ٢٩ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی (شەوی ١٨ی نیسانی ١٩٨٦ زایینی) لە شاری ورمێ بە نەخۆشی وەستانی دڵ کۆچی دوایی دەکات.

بۆ ناسینی باشتری مامۆستا هێمن سەرچاوە زۆرە و زۆریشی لەسەر نووسراوە، بەڵام بە ڕای من پێشەکی تاریک و ڕوون بە زمانی خۆی لە ژێر ناوی "لە کوێوە بۆ کوێ؟" کەسایەتی ئەو بلیمەتەمان جوانتر بۆ دەردەخات و لەم دێرە شێعرەی خۆدی مامۆستا هێمن، دڵسوزی و خزمەت و پاکی هێمنمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت:

خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵک ڕۆشن بکەم
کێ لە ڕێی خەڵکا وەکوو شاعێر دەسووتێ شەم نەبێ

بۆ کوتایی و دواقسە وەک نموونە، چەند شێعرێکی کورتکراوەی مامۆستا هێمن لە خوارەوە دەخوێنینەوە:

منیش ئەی بولبولی شەیدا وەک تۆم
وەها دوورم لە هێلانە و گوڵی خۆم

منیش وەک تۆ لە کیسم چوو گوڵی سوور
منیش هێلانەکەم لێ کراوە خاپوور

ژیانم پڕ لە ڕەنجە و دەرد و داخە
ئەوا گیرسامەوە لەو کێو و شاخە

کەسێک ناپرسێ، نازانێ چۆنم
لە یادان چومەوە، چیرۆکی کۆنم.

ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم و لێم ونی

تۆ خودانی، تۆ خۆشەویستی منی
لە ئاسمان نی تاوێت ڕا نەگا دەستم
لەقافنی کاڵەی ئاسنت بۆهەڵبەستم

تۆی لە من ون کرد و منی لە تۆ دوور
ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور

****

ئەگەرچی شەو دەرنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی‌تر
کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی‌تر

لە بادە ئەم ژەمە تێرکە منی تینووی جگەرسووتاو
بەچی دیارە کەدەبینم شەوێکی‌تر، ژەمێکی‌تر!

هەزار هێندە پەرێشان و سیاچارە بژیم هێشتا
لەنێو دڵدا هەمە ئاواتی خاڵ و پەرچەمێکی‌تر

هەتاکوو دواپشوو ڕێبواری ڕێگای عیشق و ئازادیم
ئەگەر بێجگە لە ناکامییش نەبینم بەرهەمێکی تر.

****

نیمە ئاواتێ لە گۆشەی بێکەسیدا غەم نەبێ
چاکە ئەو لێرەش وەفای هەرماوە، سایەی کەم نەبێ

لاپەرەی ژینم هەموو هەڵدەیتەوە تێیدا نییە
باسی فرمێسک و هەناسە و شیوەن و ماتەم نەبێ

خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵک ڕۆشن بکەم
کێ لەڕێی خەڵکا وەکوو شاعێر دەسووتێ شەم نەبێ

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردپرێس / ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠١٥

## مامۆستا هێمن و یادێکی شیرین

پێش هەر شتێک پسپۆری بواری شیعر نیم، تا بێم باس لە شیعر و شاعیریەتی مامۆستا هێمن موکریانی بکەم، ئەمەیان بەجێدەهێڵم بۆ پسپۆرانی ئەم بوارە،بەڵام وەک خوێنەرێکی ئەکتیڤی شیعری شاعیرانی کورد، بێگومان پێ ئاگا نیم لە دیرۆکی کاروانی شیعری کوردی و یەکێک لەو شاعیرە مەزن و ناودارانەی کورد مامۆستا هێمن موکریانییە کە بەدیقەت و ڕامانی قووڵەوە بەبەردەوامی هەڵوەستەم لەسەر هەڵبەستەکانی کردووە.

بەگوێرەی بزاڤی شیعری کوردی بە هەموو قۆناخەکانییەوە،ئەگەر ئاورێکی خێرا لە قۆناخەکان بدەینەوە،هەر یەکێک لەو قۆناخانە بە گوێرەی زەمەن و ئەو ڕەوشەی شاعیرانی کورد تێدا ژیاون، شیعری کوردی ئامادەیێکی زۆر چاکی هەبووە و هەردەم لەگەڵ باری نالەباری کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی شانبەشانی پێشمەرگە لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی دوژمنانی کورد لە بەرگریدا بووە،شاعیر ڕۆڵی بەرگریکار و شیعریش لە مەتەرێزی شەرەفدا،وەک فیشەکی تڤەنگی بڕنەوەی کورد لە سنگی دوژمنانی کوردی داوە.شیعر بە هەموو جوانییەکانییەوەو شاعیریش ئەگەر بە ویژدانێکی زیندوو مامەڵەی لەگەڵ شیعر دا کرد بێت،بێگومان شیعرەکانی بەنەمری لە دایکبوون و نەمریشیان بە خودی شاعیر داوە. لەقۆناخی شیعری شاعیریەتی مامۆستا هێمن موکریانیشدا ئەگەر شاعیران وەک ئەو ڕۆڵی دیاری خۆشیان نەبوو بێت،هەڵبەتە لە ڕەوتی بزاڤی شیعری ئەو سەردەمەی کە مامۆستا هێمن تێدا ژیاوە دانەبڕاون.ئەگەر بشمانەوێت ئاورێکی خێرا لە شیعرەکانی مامۆستا هێمن بدەینەوە،دەبێ باس لە قۆناخی شیعری پێش دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد و تا شادبوونەوەی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دۆست و یارانی،ئەم قۆناخانەش بەگوێرەی هەڵومەرجی سیاسی ئەو دەمە دەیان وسەدان گۆڕانکاری خێرا و چاوەڕواننکراوی بە خۆوە بینیوە،بەڵام بەلای منەوە زۆر گرنگە لەم نووسینەمدا باس لە قۆناخی دوای نسکۆی شۆڕشی ساڵی (١٩٧٥)لە مێژووی بزاڤی شیعری (هێمن موکریانی)دا هەڵوەستەیەک بکەم و ئەو دیدارەی کە لە پاییزی ساڵی (١٩٧٨)دا لە شاری هەولێر بەیەکگەیاندین وەک یادەوەرییێک و وێنەیەکی ئەو دەمێ کە تا ئێستا بڵاوم نەکردۆتەوە و لەگەڵ ئەم کورتە نووسینمدا دەیخەمە ڕوو.

هەڵوێستی شیعری هێمن موکریانی دوای نسکۆی شۆڕش لەساڵی (١٩٧٥)دا.
ئاسان نییە باس لەبەسەرهاتی ژیانی پڕ لە کوێرەوەری مامۆستا هێمن موکریانی بکەم،چونکە هەرچی بنووسم ناتوانم وەک خودی شاعیر باس لە ژیانی کوێرەوەری خۆی بکەم،هەروەک لە پێشەکی دیوانی تاریک و ڕووندا باسی لە خۆی کردووە.

بەڵام خۆ ناشکریت لە بیست و یەکەمینساڵیادی کۆچی هێمن موکریانیدا، ئاورێکی خێرا لە هەندێک لەشیعرەکانی نەدەمەوە،کە بۆ من و سەدان کەسی وەک من جێگەی بایەخی قۆناخێکی سیاسی گرنگ بە گشتی و دوای نسکۆی شۆڕشی ساڵی((١٩٧٥دا بەتایبەتی بوون.

دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ لە پێشەکی دیوانی تاریک و ڕووندا، وتارێکی نوسیوە و دەڵێ:

ئەورۆ هەر کەس لە ئەدەبی کوردی شارەزا بێ، ناوی هێمنی بیستوە،شیعرەکانی خوێندۆتەوە و بێگومان دەزانێ کە هێمن یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کوردی سەردەمی ئێمەیە.. شیعری هێمن...لەناو کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا بلاوبۆتەوە و لە دلی هەموو کوردێکی دلسۆز و نیشتمانپەروەر کاریگەر بوە و ئەوانی بەرەو خەبات لە پێناوی رزگاری گەلی کورد دا هانداوە... هێمن لە شیعری خۆیدا... لەمافی خوراوی گەل دیفاع دەکا،ئارەزوی ئەوەیە کورد هەرچی زووتر لە ستەمی نەتەوایەتی رزگاری ببێ... هێمن نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێ.لەوەش زیاتر نەتەوەی خۆی دەپەرستێ...هێمن تەماشاچی نیەو ناتوانێ تەماشاچی بمێنێتەوە،بەهەموو هێزی خۆیەوە،بە شیعر و بە نووسین هەنگاوی روون تا ترۆپکی رزگاربوون یاریدەی گەلی خۆی دەدا.هێمنی شاعیر لە هێمنی خەباتکەر جیا ناکرێتەوە... شیعرەکانی پڕە لە هیوا و ئاوات بۆ سەرکەوتن نیشتمانپەروەران بۆ تێکۆشان هان دەدا...شیعری کۆمەلایەتی و شۆڕشگێری چ لە باری ناوەڕۆک و چ لە باری شێوە و، گەیاندۆتە پلەیەکی بەرزی ئەوتۆ کە کەمتر شاعیری کوردی گەیشتۆتێ... هێمن شاعیرێکی ریئالیستە،ریئالیزمی رەخنەگەر لە ناوەرۆکی شیعرەکانی هێمن دا بە تەواوی بەرچاو دەکەوێ...

هێمن دەیەوێ ژن بەر لە هەموو شتێک خاوەنی مافی ئینسانی خۆی بێ و زۆر جار دژی زۆرداری و بێ حورمەتی نیسبەت بەژن دەنگی خۆی هەلّ دێنێ...زمانی هێمن نمونەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوردییە و بێگومان لە پێک هێنانی زمانی پەسەندکراو(ستاندارد)ی کوردیدا تەئسیری هەبوە... هێندەی شیعری هێمن لەسەر گۆران دەیلێ لەسەرخۆشی ڕاستە:تاکی لە جوانی پەرستیدا کەمە،وشە لە دەستی دا وەک مێوە وایە،دلّ تەڕە،خۆش خەیالە و ناسک بینە،بە هونەرە و شارەزا و وشە ڕەنگینە).

هێمنی شاعیر لەگەلّ شۆڕشی گەلەکەی خۆیدا بە شیعر دەژیا و لاوانی کوردیشی هان دەدا بێ هیوا و ئومێد نەمێننەوە و بە هیوا بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان بژین،ئەوەتا لە دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە سالّی (١٩٧٤)دا،شیعری (ڕقی پیرۆز)دەنووسێت کە شۆڕشگێرانی کورد لە زیندانە تاریکەکانی داگیرکاراندا ڕقیان ئەستوور تر بێت و لەسەر داوای ڕەوای کوردایەتیشدا سوور تر و لەبەرامبەر جەللادەکەیاندا نەتوێنەوە و خۆڕاگرتربن،کە دەبێژێت:

دەمگرێ،ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوور ترم
لێم دەدا،ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوور ترم

دەمکوژێ، ئەمما بەگژ جەللادەکەم دا دێمەوە
کورد و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە

بەلام دوای نسکۆی شۆڕش لەسالّی (١٩٧٥)دا، هێمنی شاعیر دەستە و ئەژنۆ نامێنێتەوە و چەندان شیعری حەماسی بۆ نەتەوەکەی دەنووسێ و داوایان لێدەکات بێ ئومێد و هیوا نەمێننەوە و پێیان دەلێت: کورد نەتەوەیەکی خۆڕاگر و قارەمانە لە هەل دەگەڕێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بچێتەوە نێو ولاتەکەی و مەقاوەمەت درێژە پێ بدات. هەروەها لەو سەروبەندەشدا دەیان شیعری عاتیفی و ڕۆمانسی بۆ خۆی و لاوانی کورد دەهۆنێتەوە.

هەڵبەتە لە نێوان ساڵانی (١٩٧٩ - ١٩٧٥) دا تا گەڕانەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێمنی شاعیر کۆمەڵێک قەسیدەی جوان و پڕ لە عاتیفە و شۆڕسگێری بە هیوا ژیان بۆ ئایندەی کورد و کوردستانی نووسیوە و کە لەمانە: بەرەو ئاسۆ، جوان ناسووتێ،سازی ناساز، ماچی خودایی، دەستی تەزیو، پەرستاری ڕەشپۆش،چاویلکە،خۆزگە، عیشق و ئازادی،سووری دەوران،خاک،شەرابی خەست، خەوم نایە،ڕێژنە ..... و تاد.

ئەگەر ئێمە لە هەر هەموو ئەو شیعرانەی ئەو قۆناخەی هێمنی شاعیر ووردبینەوە،بۆمان ڕووندەبێتەوە کە چەندە بە پەرۆشی کورد و کوردستان و کێشە ڕەواکەی بووە و بە شیعر لەگەڵ شۆڕشگێر و پێشمەرگەکانی کوردستاندا لە سەنگەری خەباتدا بوو و بە بەردەوامی لەگەڵیاندا ژیاوە،ئەوەتا لە شیعری (خاک)دا، خۆی بە خاکی ژێر پێی تێکۆشەرانی کورد دەزانێت و دەنووسێت:

بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم؟
دوندی قەندیل، گۆرەپانی هەڵگورد نیم

بەرەو بەرزی دەچم ئەگەر چی وردم
خاکی بەر پێی تێکۆشەرێکی کوردم

هێمنی شاعیر سەرباری شیعری حەماسی چەندان شیعری عاتیفی پڕ لە هەستی جوانپەرستی نووسیوە و لەلایەن دەیان سترانبێژانی کوردی ناسراو بەدەنگە خۆشەکانیان تۆمارکراون،ئەو سترانانەش زێدەتر ناوبانگیان بە هێمنی شاعیر و هۆنراوەکانیان دواوە و لە تەواوی کوردستان ناودەنگی هێمنی شاعیریان بە هەموو لایەکدا بڵاوکردۆتەوە،ئەم هونەرمەندە سترانبێژانەش بریتین لە (تاهیر تۆفیق، مەحەمەدی ماملێ،عەزیز شاهرۆخ، مەحەمەد جەزا، ناسری ڕەزازی، نەجمەدین غولامی مەرزیە فەریقی، تەنیا عارەب عوسمان و....تاد).

لەبیرمە کە هێمنی شاعیر لە هاوینی ساڵی (١٩٧٨)دا، شیعری (ڕێژنە)ی بڵاوکردەوە، هونەرمەندی سترانبێژ (مەحەمەد جەزا)ش ئەم شیعرە پڕ لە ئیحساسەی بە مەقامێکی کوردی ڕەسەن تۆمارکرد و لە ڕێگای تۆمارگەکانی ئەو دەمە بڵاویکردەوە، ئەمەش دەقی شیعرەکەیەتی:

تۆ بەڵێنم پێ بدە تا من بەرەو ژوان بیمەوە
بمدەیە ماچێکی تەڕ لەم لێوە، با جوان بیمەوە

دەستی لەرزۆکم هەتا تێیدایە هێزی بەی گوشین
لێم گەڕێ تاوێ لە باخی سینە میوان بیمەوە

شەنگەبێری بسڕەوە فرمێسکی بێ شوانی ئێتر

ڕەنگە هێشتا لەو چیا و زۆزانە بۆ شوان ببمەوە
من گوڵی سەر گۆڕی ئاواتی لە مێژینەم بەڵام
ڕێژنێکم لێ بدا پێم وایە بۆ ژوان ببمەوە

شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا
من خەریکم بۆ کچە شێخێ پەژیوان ببمەوە

یادەوەرییێکی شیرین

بێگومان دوای نسکۆی شۆڕشی ساڵی(١٩٧٥) کە گەڕایەنەوە شار، شیعری حەماسی هێمنی موکریانی ئاگری دەکردەوە و هەر ساڵێکیش بوو دیوانی (تاریک و ڕوون)ی بە چاپ گەیاند بوو و ڕەواجی شیعری ئەو هەموو کوردستانی تەنیبۆوە، منیش وەک گەنجێکی بێ هیوای تازە گەڕایەوە لە نێو شۆڕشدا دڵم و دەروونم تەنیا بە شیعری ئەو پیاوە گەورەیە تێر دەبوو، خەونیشم بەوە دەبینی و لەبەر خۆمەوە دەمگوت: دەبێ ڕۆژێک دابێت منیش وەک گەنجێکی خێر نەدیوی ئەم کوردستانە دڵ بریندارە بە دیداری پاکی بگەم، ئەوە بوو ڕۆژێکیان هەر بەڕێکەوت بەرەبەیانێکی پاییزی ساڵی (١٩٧٨) بەشاهێدی کاک سەلامی مەحمود عەدۆ کە لە تۆمارگەی هێمن لەلام دانیشتبوو،ئەو کاتە تۆمارگەکە بە تەنیشت ساختومانی پارێزگای ئەوسای هەولێرەوە بوو، ماموٚستا هێمن ڕانکوچۆغەیەکی ڕەنگ قاوەیی لەبەردا بوو، سڵاوێکی کوردانەی لێکردین و هەواڵی (شێخ محێدینی شێخ عەبدوڵڵای خەلانێی) لێپرسین، بێگومان تۆمارگەکە پێشتر بۆ خۆشەویستی ناوی ماموٚستا هێمن کاکە شێخ محێدین کردبوویەوە و دواتریش کاک جیهانبەخش کۆیی لێی کڕیبۆوە و منیش وەک شاگردێک بۆ ماوەیەک تۆمارگەکەم بەڕێوەبرد، بەهەرحاڵ ماموٚستا هێمن هەواڵی ماموٚستا مومتاز حەیدەری پرسی و داوای لێکردم شوێنەکەی نیشاندەم، کە ئەو دەم ماموٚستا حەیدەری کتێبخانەیەکی هەر بەناوی بنەماڵەکەیەوە دانا بوو، ماموٚستا هێمن خاتری خۆی لێخواستین خواحافیزی لێکردین و بە شێوەزاری شیرینی موکریانی پێی گوتم: کاکە شێخ وانێک هەر ئێستا دێمەوە لاتان، دیار بوو منیشی بە کوڕە شێخ دەزانی... ماموٚستا هێمن ڕۆیشت من و کاک سەلام مەحمود عەدۆش لە بیرکردنەوە دابووین کە ئەو پیاوەمان بینیوە و بەڵام نازانین چۆن و لە کوێ و ناویشی چییە..؟

دواتر هەر کاک سەلام مەتەڵەکەی هەڵهێنا و گوتی: هەبێ و نەبێ ئەوە ماموٚستا هێمن موکریانییە...!

دوای گەڕانەوەی ماموٚستا هێمن بۆ لامان دانیشتنەکەمان گەرم و گوڕتر بوو و داوای لێکردین لەگەڵیدا سەردانی دکتۆر نافیع ئاکرەیی بکەین و منیش هەر ئەو دەمە بە تەکسیەک چووین بۆ بنکەی تەندروستی کە ئەو دەمە بەرامبەر مزگەوتی شێخ ئەبوبکر نەقشەبەندی بوو، هەر کە گەیشتینە وێندەرێ هەندەی پێنەچوو کۆمەڵێک شاعیر و ئەدیب گەیشتنە لامان لەمانەی لە بیرم ماون: کەریم شارەزا. مەحەمەد مەولود مەم، مەدحەت بێخەو و پێموایە ماموٚستا حەمە کەریم هەورامیش درەنگتر گەیشتە لامان و برادەرێکی وێنەگری منیش کاک نادری وێنەگرمان پێدەگوت هات و چەند وێنەیەکی بۆ گرتین، ئەوەی شایەنی گوتنە کاک نادری وێنەگر دواتر زانیمەوە لە شەڕی عێراق - ئێران دا ژیانی خۆی لە دەست دا و کوژرا، مخابن من لەبەر بێ پارەیی تەنیا یەک وێنەم کڕیی و ئەوانی دیکەم دەستنەکەوت

و هەندەشی پێنەچوو بە چەند مانگێک دواتر منیش لە دەست ڕژێمی بەعس ڕووم لە شاخ کرد و هەر تەنێ توانیم ئەو وێنەیەی ئێستام کە لەگەڵ ئەو نووسینەمدا بڵاودەبێتەوە،بپارێزم.

بێگومان باسی شیعری هێمن و هەڵوێستی کوردپەروەری و خۆشەویستی لەلای خەڵکی کوردستان بە نووسینێک و دووان و دەیان و سەدان تەواو نابێ،بەڵام هەر ویستم لەو یادە پڕ شکۆدارەدا لە بیست و یەکەمینساڵوەگەڕی هێمنی دڵمەزن کە هەر ساڵێک لە ١٨ی نیساندا دەبێ، بۆ ئەو پیاوە گەورەیە کە شاعیری یەکەمین کۆماری دیموکراتی کوردستان بووە یادی بەرز ڕابگرین.
ئەوی شایەنی گوتنە هێمنی موکریانی شاعیر لە ١٨ / ٤ / ١٩٨٦ و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دڵێکی شکاو و بریندار ماڵئاوایی لە نەتەوەکەی کرد.

لەدوا پەیڤمدا هەر دەتوانم بەو کۆپەلە شیعرەی خۆی یادی هێمن و شیعری بەرزی ئەو بەرزتر ڕابگرین و بیبێژین ماموستا هێمن ڕەوانتان شاد و کە پەری ڕوحی پاکتان هەردەم بەم شێوەیە دەهاتە گۆ:

نەماون بێکەس و گۆران عەزیزان
کە شیعری شینی هێمن دابرێژن

گوڵی فرمێسک و عەتری شیعری تازە
بەسەر خاکی مەزاری دا برێژن

مریدانی پەرۆشی پیری گەورە
شیاوی ناوی بەرزی وی،چ بێژن

سەرچاوە: ماڵپەڕی مەکۆی زێڕین / ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠١٤

# شاعیری گەل

نووسینی: دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

ئامادە کردنی : سەلاح شەشە



ئەوڕۆکە هەرکەس لە ئەدەبی کوردی شارەزا بێ ناوی هێمنی بیستووە. شێعرەکانی خوێندۆتەوە و بێ گومان دەزانێ کە هێمن یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کوردی سەردەمی ئێمەیە. بەڵام شێعری هێمن هەر لە سەرەتاوە لە چوارچێوەی ئەدەیب و نووسەران دەرچووە، لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و هەر لە سەرەتاشەوە لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر کاریگەر بووە و ئەوانی بەرەو خەبات لە پێناوی رزگاری گەلی کورددا هان داوە. هێمن لە سەرەتاوە شاعیری گەلە و هەر شاعیری گەلیش ماوەتەوە .
سی ساڵ زیاترە هەزاران خەباتکەری کورد پێکەوە لەگەڵ هێمنی شاعیر هاوار دەکەن:

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قــەت لەبەر ئەو چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن
من لــە زنجیرو تــەناف و دارو بەند بــاکم نــییە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کــوردم ئەمن

هێمن عاشقی کێوو تەلان و بەندەن و بەردی کوردستانە، نیشتمانی، سروشتی وڵاتەکەی باش دەناسێ و لەگەڵی پەروەردە بووە. لە "بەهاری لادێ"، " بەهاری کوردستان"، " شەنگەبێری"، " فەریشتەی پەڕیوە" و زۆر شێعری تریش دا نیشان دەدا کە لە ناسین و ناساندنی سروشتی کوردستان و جوانییەکانی دا چەندە شارەزا و مامۆستایە. جێگای سەرسوڕمانیش نییە، هێمن لەگەڵ سروشت گەورە بووە و لە سروشت ئیلهامی وەرگرتووە. کەسێک سروشتی کوردستانی دیبێ و نەک هەر دیبێ بەڵکوو لەگەڵی تێکەڵاو بووبێ، هێمن بە ناهەق نازانێ کە دەڵێ:

بەهەشتە کوردەواری من بەهەشتە...

هێمن لە شێعری خۆیدا زۆرجار باسی زۆرلێکراوی نەتەوەی کورد دەکا، لە مافی خوراوی گەل دیفاع دەکا، ئارەزووی ئەوەیە کورد هەرچی زووتر لە ستەمی نەتەوایەتی ڕزگاری بێ، بوونی ئەو ستەمە بە سەرچاوەی زۆر بەدبەختی و کوێرەوەری و بێ بەشی دەزانێ.
لە "دوا ڕۆژی ڕووناک" دا دەڵێ:

لە مێژ بوو هەفقتی کورد دەخورا بەفیڕۆ
لە مێژ بوو کورد بوو دەیکرد شین و ڕۆڕۆ
لە مەیدانی شەقێنی دووژمـــــــــی دا
سەری سەرداری کوردی بوو وەکوو گـــۆ

هێمن بە تایبەتی زۆر پەرۆشی ئەوەیە کە لە کوردستانی ئێران زمانەکەی ئازادی پەرەئەستاندنی نییە، ئەدەبەکەی بڵاو ناکرێتەوە، فەرهەنگەکەی پێشێل دەکرێ، لە " ڕۆژگاری ڕەش" دا دەڵێ:

داخرا دەرکی ڕۆژنامە  شکاون نووکی خامە
کوردی نووسین حەرامە  دوژمن دەڵی بێ تامە
دڕان کاغەز و دەفتەر گیران شاعیر و نووسەر

هێمن نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێ. لەوەش زیاتر نەتەوەی خۆی دەپەرستێ. بەڵام ڕقیشی لە هیچ نەتەوەیەکی تر نییە. لە هەموو دیوانی هێمن دا شێعرێک کە باسی نەتەوەکی تر بە خەراپە بکا، یا کورد لە نەتەوەیەکی تر بە بەرزتر دابنێ بەدی ناکرێ، دیاردەیەک کە بە داخەوە لە دیوانی زۆر لە شاعیری کورد دا بەرچاو دەکەوێ، نەک هەر ئەوە، بەڵکوو بەشەردۆستی یەکێک لە سروشتە تایبەتییەکانی شێعری هێمنە.
هێمن زۆر جار باسی پێشەوا قازی دەکا، لە شێعرەکانی ڕا دیارە کە چەندە ئەو ڕۆڵە بەنرخ و هەڵکەوتوەی گەلی کوردی خۆش ویستووە. پێشەوای خۆشدەوێ چونکە:

زانابوو، کوردپەروەر بـــوو پێـــشەوا بوو، ڕابەر بوو

بەڵام بۆیەش پێشەوا بە مەزن دەزانێ چونکە:

هەر کورد نەبوو بەشەر بوو خەمی خەڵکی لەبەر بوو

هێمن گەلانی تری ئێران بە دۆستی گەلی کورد دەزانێ و لە خەبات و تێکۆشان دا بە برا و هاوالێیان دادەنێ. لە " کورد و ئازەربایجانی" دا دەڵێ:

کورد و ئازەربایجانی هەردوو داوایان ڕەوایـــە
هەر بژین و پایەدار بێ یەکەتی ئەم دوو برایە

هێمن دیسان هەر لە سەرەتاوە لە ناو نەتەوەی خۆشیدا هەموو چین و توێژێکی بە یەک چاو تەماشا نەکردووە و ناکا. لە شێعری بە ناوبانگی خۆیدا " دەیلێم و بێ باکم" دەڵێ:

ئـــــەوی ئاغا بێ بێــــکارە
جـەبـوون و قـــەڵس و لاسارە
دزی و ڕێ گرتـــــنی کـــــارە
ئـــــەمن دەیلێم و بێ بـــاکم
***
لە شەرم و شوورەیی مــــردم
بە خۆم من چۆن بڵێم کوردم
کە ئاغا ئابڕووی بـــــــــردم
ئەمن دەیلێم و بێ باکــــــم

لە "ئارەق و تین" دا زۆر بە جوانی و بە زمانی سادەی جوتیاران باسی نرخی کاری خوتیار بۆ کۆمەڵ و چەوسانەوەی جووتیار نیشان دەدا و دەری دەبڕێ کە ئینسانی زەحمەتکێش لە لای زۆر خۆشەویستە:

من جوتیارم، من جوتــیارم
من لەگەڵ هەتاو هاوکـــارم
من بە ئارەق و ئەو بەتـــین
دامان ڕشتووە بناغەی ژیـن
باسکی من و تیـشکی ئــەوی
بژیو دەســـتێنن لـــــە زەوی
گەر جوتیار ئارەق نەڕێژێ
گەر هەتاو تیشک نـــاوێژێ
دانیشتووی ناو کۆشک و قەڵا
دەخۆن نانی گـەڵا گـــــــەڵا

لە شێعرەکانی را بەهاسانی دەردەکەوێ کە هێمن لە ژیانی زەحمەتکێشانی کوردستان بەتایبەتی جووتیاران لە نیزیکەوە شارەزایە. لە وەش زیاتر خۆی تا رادەیەک لەم ژیانەدا بەشدارە. خۆی دەڵێ: "چاک خەریکی کاسپی بووم و زوو فێری کشت و کاڵ بووم"
فەلسەفەی ژیانی هێمن ئەوە نییە کە دانیشێ و لە دوورەوە تەماشای ژیان و خەباتی گەل بکا و بۆ خۆی و یان بۆ گەل شێعر بڵێ. هێمن ئەو ئەسڵەی قبووڵ کردووە کە ئەرکی شێعری شاعیری گەلێکی زۆرلێکراو تەنیا لێکدانەوە و خستنە ناو هۆنراوەی سروشت و جوانی نییە. شعیر لە پێشدا ئینسانە، ئینسانێکە کە هەستی ناسکە و زوو دەجووڵێتەوە. چون شاعێر، بە مانای ڕاستی ئەو وشەیە،

دەتوانێ بەرامبەر بە هەژاری و کوێرەوەری و بێ بەشی گەلەکەی بێ لایەن بێ؟ لە نێوان راستی و درۆدا، لە نێوان ئاهورموزدا و ئەهریمەن دا، لە نێوان هەق و ناهەقدا ڕاستی هەڵنەبژێرێ، بەگژ ئەهریمەندا نەچێ و دیفاع لە هەق نەکا؟ بۆیە هێمن تەماشاچی نییە و ناتوانێ تەماشاچێ بمێنێتەوە. بە هەموو هێزی خۆیەوە، بە شێعر و بە نووسین هەنگاوی ناوەتە ناو مەیدانی خەبات و تاسەر بەرەو ئاسۆی روون، تا ترۆپکی رزگار بوون یاریدەی گەلی خۆی دەدا. هێمنی شاعیر لە هێمنی خەباتکەر جیا ناکرێتەوە.

ڕۆڵەی کوردم فێری هەوارزو لێژم
تا زۆر برۆم، زیاتر ئارەق برێژم
کورت تر دەبێ ڕێگای دوور و درێژم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم، تا ترۆپکی ڕزگار بوون

تاقی کردنەوەی سالآنی درێژی خەبات بە هێمنی سەلماندووە کە خەبات دوور و درێژە، هەوراز و نشێوی هەیە، سەرکەوتن و شکستی تێدایە. بەڵام هێمن کۆڵنەدەرە.

من پەروەردەی بن سێبەری ئەشکەوتم
گەلێک جاران لە چاڵاوی ڕەش کەوتم
هاتمە دەرێ، هەدام نەدا، نەسرەوتم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم، تا ترۆپکی ڕزگار بوون

هەورازو نشیوی ژیان و خەباتی گەل لە شێعرەکانی هێمن دا زۆر جوان دیارە. لەو کاتەوە دەستی بە شێعر گوتن کردووە هەتا ئەمرۆ، شێعری هێمن ئاوێنەی قۆناخەکانی خەباتی گەلی کوردە. لە ساڵی ١٣٢۴(١٩۴٥) ڕا هێمن بە پێشوازی پێکهاتنی حیزبی دێمۆکراتەوە دەچی و دەڵێ:

لە سایەی حیزبی دێمۆکراتی خـــۆمان
لە باڵــدار تێپەڕی ئەڕۆکە پـــــێڕۆ
نەما داخ و پەژارە و ماتـــەم و خـەم
زەمانی هەڵپەڕین و بەزمـــە ئیمـڕۆ

لە ڕێبەندانی ١٩۴٥ دا کە کۆماری مەهاباد دامەزرا هێمن گوتی " ئەوساڵ بەهارە بۆ ئێمە زستانن" یا لە "ڕۆژی خۆشی" دا دەڵێ:

گەرچی زستانە بەفر دای پۆشی ئەورۆ گشت وڵات

خاکی پاکی ئێمە خەملێوە وەکوو باخی ئیرەم

بەڵام کۆماری مەهاباد تەمەنی کەمتر لە ساڵێک بوو. جووڵانەوەی گەلی کورد لە ئێران هەروەک جوڵانەوەی سەرانسەری ئێران توشی شکست بوو. هێمن لە " ڕۆژگاری ڕەش" دا تووشی نائومێدی دەبێ، وەک کۆمەلانی خەڵکی کوردستان کە توشی نائومێدی ببوون:

ڕۆڵەی کـــــــوردم فێری هەوارزو لێژم
تا زۆر بڕۆم، زیاتـــــــر ئارەق بڕێژم
کورت تر دەبێ ڕێگای دوور و درێـــژم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم، تا تروپکی ڕزگار بـــوون

بە تایبەتی شەهیدبوونی پێشەوا قازی هێمنی داخدار کردووە. هەم دۆست و مامۆستای لە دەست داوە و هەم پێشەوا و سەرکۆمار:

لە چوارچرای مەهـــاباد
لە کانگای بیری ئــــازاد
دەستی ڕەشی ئیستیبداد
چەقانـدی داری بـــێداد
لە کاتــــــی نـیوە شەوا
لە جەنگەی شیرین خەوا
کـرا کـــاری نـــــاڕوا
لە دار درا پــــــــێشەوا

هەر لەو ساڵەدا هێمن لە بەر خەباتی رابردووی خۆی تووشی دەردە سەری دەبێ و بۆ ماوەیەک وڵات بە جێ دێڵێ. دیارە وەزعی سیاسی تەئسیری کردۆتە سەر شێعری هێمن. لە "بابردەڵە" دا دەڵێ:

بزانە تۆ، ئەوی ئەهلی هونــــــەر بێ
دەبێ یا دەس بەسەر، یا دەربەدەر بێ
هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحـــــاڵە
هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە ژینی تـــــاڵە
منیش بابردەڵەی بەر گێژەڵــــــووکەم
دەمێک لەو قوڵکە تاوێک لەو چڵووکەم
منیش زۆرداری پرزەی لــێ بـــــڕیوم
منیش بەدکاری بواری لــێ تـــەنیوم

یا لە "فرمێسکی گەش" دا کە بە قسەی خۆی لەوپەڕی تەنگانە و لێ قەوان دا گوتوویە، دەڵێ:

کوشتمی و شەش خانی ئومێدی لە من گرتووە حەریف
مۆرە هەڵداوێم و بێهودە بە هیوای دوو شەشم

هێندێ شێعری تریش وەک " گریانی نیوە شەو" و " ئارەزووی فڕین" هەر نیشانەی نائومێدی شاعیرو ڕاکردنی لە ڕاست ژیانی تاڵە. لە ساڵی ۱۹۴۶وە هەتا ساڵی ۱۹۵۱ سەردەمی پاشەکشەی جووڵانەوەی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێرانە. لە سداڵی ۱۹۵۳ دا ئاسۆی خەبات ڕوونتر بووە، هێمن لە "ئاواتی بەرز" دا جارێکیتر دێتەوە مەیدانی خەبات. هیوای بە خەباتی گەل زیاتر دەبی و دەیهەوێ بە شێعری خۆی لەم خەباتەدا بەشدار بێ:

فێری زۆر دەرسی بە کەڵک و باشی کردین تێ شکان
جا ببینە ڕاپەڕین و شۆڕشی ئەمجاری کورد
واگزینگی دا بەیانی جوانی ئازادی بەشەر
ڕۆژی ڕووناکە نەماوە زوڵمەتی شەوگاری کورد
ئەو زمانە شیرینەی ئێمە پەرەی دەگرتەوە
نادرێ چیدی کتێب و دەفتەری ئەشعاری کورد

قۆناخێکی نوێ لە ژیانی گەل و شاعیردا دەست پی دەکاتەوە. ماوەی پاشەکشە دوایی دێ و گەلی کورد خۆی بۆ خەباتی دواڕۆژ ئامادە دەکا. نفوزی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە نە هێنی تێدەکۆشی، ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا زیاتر دەبێ. بەرەوە هەوراز ڕۆیشتنی جووڵانەوە هەتا ڕۆژەکانی گەلاوێژی ۱۹۵۳ درێژەی هەیە. لە ۲۵ی گەلاوێژەوە هەتا ڕۆژی شوومی کودیتای ۲۸ی گەلاوێژ خەڵک لە شاری مەهاباد حوکمداری دەکا. لە ڕۆژی ۲۵ی گەلاوێژدا خەڵکی مەهاباد بە درشت و وردەوە هەموو دەگەڵ هێمن کە بۆ یەکەمجار پاش چەند ساڵ لە کۆبوونەوەیەکی چەندهەزار کەسی دا شێعر دەخوێنێتەوە، هاوار دەکەن:

برۆ ئەی شاهی خاین بەغدا نیوەی ڕێ یەت بێ

ئەو سەردەمە، سەردەمی نیوە دێمۆکراسیش زۆر ناخایەنێ. دەورانی ڕەشی پاش کودیتا دەست پێ دەکا و هێمنی شاعیر جارێکیتر تووشی نائومێدی دەبێ و لە " تووڕەیی" دا دەڵێ:

لەو وڵاتە کەسێک لە خەو ڕابێ بەشی چارەڕەشی و خەم و شینە
تێگەیشتم عیلاجی دەردی من مەستی و شێتی و نەزانینە

یا لە " چارەنوسی شاعیر"دا:

دەزانی بۆچــی من هێـــندە پەرێشان و خــەفەتـــــبارم
لە بــازاڕی ژیــان غەیــری هەبــەر نیمە چ سەرمـــــایە
لەگەڵ چارەڕەشی و دوورەبەشی و نەگبەت دەبێ هەڵکەم
لە مــێژە چـــارەنووسی شاعـــیرانی کـــوردی ئـــاوایە

ئەو تووڕەیی یە و ڕەشی چارەنووسی شاعیر لە شێعرەکانی تریشیدا هەر بەرچاو دەکەوێ و هەتا ساڵی ١٩٥٩ هەر بەردەوامە. لە "گڵێنەی شاعیر" دا دەڵێ:

ئەگـەر خەرمانی عومـرم ئێستەکانە پاکی بـــا بی با
بە مەرگی تــۆ مچورکیشم بە دڵـــدا نایــە، با بــی با
هەموو عومری ئەبەد تێیدا نییە خۆشی دەمێک مەستی
خدر ئاوی حـەیاتی بۆ چیبوو؟ فێری شەرابـــی بـــــا

لە " ناسۆری تەماشا´دا ڕاکردن لە ژیانی واقیعی. لەو حەقیقەتە تاڵەی کە شاعیر تووشی بووە و نایەوێ قبووڵی بکا، بە تەواوی دیارە. هێزی ئەوەی نییە ژیان بگۆڕێ، ڕێگای نییە خۆی دووربخاتەوە، دەیەوێ ڕابکا و بە یارمەتی مەی ڕوو لە دنیایەکی خەیاڵی دەکا:

چۆن نەبــەم بۆ مــــــەی و مەیخانە پەنا، تێگەیوم
لـــەو وڵاتــە هەموو شت زۆرە بــنی ئـــادەم کــــەم
شەڕەبــــایە لە چـیاکـــان و هـــەوا تووشە دەبـــــا
وەکوو شێتان دەمەویست ڕوو لە چیای ئەستەم کەم

ساڵەکانی١٩٦٧- ١٩٦٨ کە ڕاپەڕینی چەکدار لە کوردستانی ئێران بەرپا دەبێ، هێمن هەرچەند خۆی تێیدا بەشدار نییە، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینە دەژی. هیوای بە خەباتی گەل زۆرە، باوەری بە هێزترە. بۆ شەهیدانی ئەو ڕاپەڕینە دەگری، بەڵام شێعرەکانی پڕی لە هیوا و ئاوات بۆ سەرکەوتن و نیشتمانپەروەران بۆ تێکۆشان هان دەدا. هێمن بیەوێ و نەیەوێ، دیسان و ئەوجارە بۆ هەمیشە لە ناو مەیدانی خەبات دایە:

بۆ شەهیدێکی کـە گــــەوزیوە لە نێو خوێن دەگریم
بۆ هەڤاڵێکیکی کە چوو بێ سەرو بێ شوێن دەگریم
تا بە دەستی پەری ئازادی لە سەر گۆڕی شەهـــید
گوڵـــە شلێرە لـــە گشت لایەکی نەڕوێن دەگریـــم

شێعرەکانی هێمن ئیتر بۆنی ناهومێدی لێ نایە. چەند ساڵە قۆناخێکی تر لە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەستی پێ کردووە، قۆناخێک کە جێی هیوای گەلی کوردە. هێمنیش شاعیری وەفاداری کورد، هەم لە پێکهێنانی هەم لە دەربڕینی ئەم هیوایەدا بەشدارە. لە " مەتەرێزی شەرەف"، " شەنگە بێری"، " ئامێزی ژن"، " ترۆپکی ڕزگاری"، " شەپۆلی تۆڵە"،" شەو شەیتان"،" گاو و گەردوون"، " کاروانی خەبات" و لە " دەسکەوتی خەبات" دا شێعری کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕی چ لە باری ناوەرۆک و چ لە باری شێوەوە، گەیاندۆتە پلەیەکی بەرزی ئەوتۆ کە کەمتر شاعیری کورد گەیشتوویەتێ. هێمن ئامادەیە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم هێوایە خۆشی بەخت بکا:

خۆم دەسووتێنم هەتــا بــەزمی خـەڵک ڕۆشن بکــەم
کێ لە ڕێی خەڵکا وەکوو شاعیر دەسووتێ شەم نەبێ؟

لە سەرەتادا شێعرەکانی هێمن لە ژێر تەئسیری دوو ڕەوتی ئەدبی دایە. وەک هەموو شێعری شاعرانی کوردی سەردەمی سی چل ساڵ لەمەوبەر، تەئسیری ئەدەبی لەم شێعرانەدا دیارە. زۆربەی شێعرەکانی شێعری عەرووزین، وەزن و قافیەیان لە گەل دەستووری شیعری فارسی رێک دەکەوێ. لە لایەکی تریشەوە شێعری شاعیرە کوردەکانی بە ناوبانگ وەک نالی کە خۆی لە ژێر تەئسیری شێعرێ کلاسیکی فارسی دا بووە، تەئسیری کردۆتە سەر شێعرەکانی هێمن. بۆیە لە سەرەتادا هێمن شێعرەکانی شێوەی غەزەل و قەسیدە و جارجاریش مەسنەوی دوو بەیتی و هیتریانە هەیە. ئێستاش هەر جارجار دەگەڕێتەوە سەر ئەو شێوە کلاسیکی یە و هێندێ لە شێعرە تازەکانی هەر بەم چەشنە گوتراون. وەک ئاواتی بەرز". " گلێنەی شاعیر"، " دەسکەوتی خەبات" و هتد. لەم شێوە شێعر گوتنەدا هێمن دەستێکی باڵای هەیە. شێعرەکانی ڕەوانن، بە زمان جوان و بە مانا دەوڵەمەندن.

پاش ماوەیەکی سەرەتایی شێعر گوتن هێمن بەرەبەرە دەگەڕێتەوە سەر شیوەی ئەدەبی ئەسیلی کوردی، خۆی لە قافیە و وەزنی شێعری کلاسیکی ڕزگار دەکا و شێعرەکانی لە بەستەی کوردی دەچن. لەو بەستەیەی کە شاعیر هەموو ڕۆژێ لە لادێ دەیبیسێ، بەستەیەک کە چوارچێوەی بۆ داڕشتنی شێعری کوردی لە بارترە و زمانی کوردی لە تەنگ و چەڵەمە ڕزگار دەکا و وەک چۆمێکی خرۆشانی لێ داکا کە بۆ لای دەریای بێ سنوور دەڕوا. جارجار کە ئینسان شێعری هێمن دەخوێنێتەوە، گۆرانی وەبیر دێتەوە. وادیارە کە لە هەڵبژاردنی ئەم شێوە شێعر گوتنەدا گۆران لە سەر هێمن بێ تەئسیر نەبووە. لەم شێعرانە دایە کە هێمن دەگاتە ترۆپکی ئەدەبی کوردی و بەڕاستی ئەدەبی کوردی پێش دەخا.

هێمن شاعیرێکی ڕیئالیستە، ڕیئالیزمی ڕەخنەگەرانە لە ناوەرۆکی شێعرەکانی هێمن دا بەتەوای بەرچاو دەکەوێ. هێمن بارە هەرە گرینگ و ئەساسییەکانی تەبیعەت و ژیان و ئادەمیزاد بە چاوێکی ڕەخنەگرانەی شاعیرانە باس دەکا و کۆماڵ بۆ بەرەوپێش جوون هان دەدا. هێمن زۆرجار لە هێندێ شێعری خۆیدا لە ناتورالیزم نیزیک دەبێتەوە، ئەوەی کە دەیبینێ باسی دەکا و بە چاوی ڕەخنە سەیری تەبیعەت یان کۆمەڵ ناکا. هەر وابزانە دیەوێ تابلۆیەکی تەبیعەت بکێشێ و بخاتە بەرچاوان. بەڵام شێعری وای کەمە، وادیارە خۆشی ئاگای لێیە کە لە ریالیزم دوور کەوتووە، زوو ناتورالیزم بەردەدا و دەگەڕێتەوە سەر ڕیئالیزم کە سەبکی بنەڕەتی ناوەرۆکی شێعرەکانیەتی. ئەو ناتورالیزمە بە تایبەتی لە " بەهاری کوردستان" و لە بیرم مەکە" و چەند شێعری تردا خۆی دەنوێنێ.

ژن لە شێعرەکانی هێمن دا ڕۆڵێکی زۆر گرینگی هەیە. جوانی ژن ئیلهام دەری شاعیرە. سەرانسەری دیوانی هێمن ئەو ڕاستیەیە دەردەخا کە وێڕای تەبیعەت و ژیان و خەباتی گەل، ژنە کە هێمن بۆ سێعر گوتن هان دەدا. شێعرەکانی هێمن لە سەر ژن نموونەی شێعری بەرزی کوردین. لە " کیژی لادێ" دا بە کچی کورد هەڵدەڵێ:

لاجانگت وەکوو گزینگی تاوێ
هەر بۆ خۆی جوانە تیف تیفەی ناوێ
کوڵمەکەت وەکوو گوڵاڵەی گەشە
بێ سوورمەش چاوە مەستەکەت ڕەشە
وەکوو فرمێسکی عاشق ڕووناکی
وەکوو ئاونگی بەیان پاکی

ئەو تابلۆیەی کە لە " لە بیرم مەکە" دا لە ژن دەکێشێ، بە ڕاستی جوان و نایابە. هەروەها لە " پەری شێعر" و لە " شەنگە بێری" و زۆر شێعری تردا هێمن مامۆستایی خۆی لە هۆنراوەدانان بۆ ژن دا دەسەلمێنێ.

بەڵام ژن بۆ هێمن تەنیا سەرچاوەی ئیلهام نییە. هێمن بۆ ڕزگاری ژنی کوردی خەبات دەکا. لە " یادگاری شیرین" دا دەڵێ:

لادە چارشێوی ڕەشت با دەرکەوێ کوڵمەی گەشت
چون لە قەڕنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو ڕووگرتنە

هێمن دەیەوێ ژن بەر لە هەموو شتێک خاوەنی مافی ئینسانی خۆی بێ و زۆر جار دژی زۆرداری و بێ حورمەتی نیسبەت بە ژن دەنگی خۆی هەڵدێنێ.

هێمن ژنی خۆش دەوێ، دەیپەرستێ و نرخی هەموو جوانیەکانی ئەو دەستکردە نایابەی تەبیعەت دەزانێ، بەڵام لە لای هێمن خەبات بۆ ڕزگاری گەل، بۆ ئازادی کۆمەڵانی خەڵک لە ژن خۆشەویست ترە. لە " ئامێزی ژن" دا دەڵێ:

بەڵێ سەختە، یەجار سەختە دووری لە ژن، نامرادی
بەڵام لە ژن خۆشەویست تر لە لای من ئەتۆی ئازادی

زمانی هێمن زمانی کوردی پەتی و جوانە. نە پڕو لە وشەی بێگانە و نە وشەی دەستکردی تێدایە. زمانەکەی زمانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بەوڵام هێمن کە خۆی خەڵکی موکریانە، تەعسوبی بە کار نە هێناوە، بە زاراوەی موکریانی شێعر ناڵێ. بە تایبەتی لەم چەند ساڵی دوایی دا زمانی هێمن نموونەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوردیە و بێگومان لە پێکهێنانی زمانی پەسەندکراو (ستاندارد)ی کوردی دا تەئسیری هەبووە. زمانی هێمن سادە و پەتی و ڕەوایە، هەم ئەدیب نووسەری کورد پێی خۆشە و هەم نەخوێندەواری کورد لێی حاڵی دەبێ.

هەزار خۆزگەم بە خۆت شوانە
کە بـەو مانــگە شەوە جوانـە
دانیشتووی لــە ڕژد و هەڵــدێر
پەنـجە دەبــزێوی لــە بــلوێر
دەگەڵ تــەبیعەت هــاودەمـی
شادی، بـەکـەیفی، بێ خەمــی

"بەهاری کوردستان" فەرهەنگێکی بچووکی زمانی کوردیە. بە تایبەتی بۆ ئەوانەی هەر لە شار ژیاون و لە زۆر باری ژیانی لادێ ئاگادار نین، تابلۆیەکی ڕاستەقینە بە زمانێکی دەوڵەمەند و بێ هاوتا دەخاتە پێش چاو. ئەو شێعرە و چەند شێعریتری کە باسی تەبیعەت و ژیانی لادێ دەکەن، بۆ شارستانی ئەوەندە وشەی نەبیستراویان تێدایە کە زۆر جار خوێنەر سەری سووڕ دەمێنێ و ناچار دەڵێ زمانی کوردی چەند دەوڵەمەندە و بە داخەوە خزمەتی نەکراوە. دیوانی هێمن شێعری وەک " بەهاری کوردستان" ی بەڕاستی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانی کوردییە.

شێعری هێمن لە تەشبیهی زوان ئاخنراوە.

خۆشەویستی گۆشەکەی تـەنیایی هەر ئەژنۆکـــەمە
بۆیـە ڕۆژ و شەو وەها گـرتوومەتە نێو بـــــاوەشم
لە " شەنگە بێری" دا ئەنجامی شێعرەکەی ئەمەیە:
زۆری نەماوە بێتە بەر، نەمامی هەوڵ و خــــەباتم
لە داگیرکەر پـاک بێتەوە خاکـــی پیرۆزی وڵاتـــم
چەک دادەنێم گۆچانەکەی جـــاران هەڵدەگەمەوە
تۆ هەر بێری بە من شوان، فریشتەی تاسە و ئاواتم

هێندێ شێعری هێمن گەیشتۆتە پلەی هەرە بەرزی ئەدەبی کوردی یەوە. یەکێک لەوانە " کاروانی خەبات"ە. بڕوانە چۆن باسی شەهید بوونی ڕووناکبیرێکی خەباتکار دەکا:

هەر چوار تەنیشتی گیرابوو — لە سەنگەرێک دا بەتەنێ
ئــەو لاوەی بــەڵێنی دابــوو — هەتا مردن جەک دادەنێ

* * *

ڕووناکبیرێکی تـــــا ئەمڕۆ — دەچوو بەرەو ئاسۆگی ڕوون
ئێستا هیوای بە بووڵێڵ بوو — بۆ لە گەمارۆ دەرباز بوون

بەڕاستی ئەوەی هێمن لە سەر گۆرانی دەیڵێ لە سەر خۆشی ڕاستە. تاکی لە جوانی پەرستی دا کەمە و وشە لە دەستی دا وەک مێوە، دڵتەڕە و خۆش خەیاڵە و ناسک بینە، بە هونەرە و شارەزا و ووشە ڕەنگینە.هیوام ئەوەیە هێمن ساڵانی درێژ لە ناو گەلی کورددا، لە ریزی خەباتکەرانی ڕیگای ئازاری گەلی کورددا، تێکۆشانی خۆی لە پێناوی ڕزگاری گەلەکەمان، لە پێناوی پێشخستنی زمان و ئەدەبی کوردی، هەر درێژە پێ بدا. دڵنیام کە لە دواڕۆژدا هێمن زۆرجار پەری شێعر دێنێتە ژوانی خۆی و دیوانێکی ترمان پێشکەش دەکا کە شێعری کوردی جوانی تێدابێ.

شێعرێک وەک خوناوی باران     شێعرێک وەک سرتەی دڵداران
شێعرێک وەکوو دەریای بێ بن     گەرمتر لە باوەشی ژن
شێعرێک سروودی شادی بێ     شێعرێک دەنگی ئازادی بێ

بە هیوای ئەو ڕۆژە.

دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو: پێشەکی بۆ دیوانی تاریک و روونی هێمن ١٩٧٤

سەرجاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ئاوریلی ٢٠٠٦



## کورتەیەک لە ژێننامەی شاعیری ناوداری کورد مامۆستا هێمن

### لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

محەممەد ئەمین شێخولئیسلامی موکری ناسراو بە هێمن یان هێمن موکریانی شاعیر، نووسەر و وەرگێڕی گەورەی کورد بوو. هێمن بەهاری ١٩٢١ لە دایک بوو و ١٨ی ئەپریلی ١٩٨٦ لە ورمێ کۆچی دوایی کرد.

### مامۆستا هێمن

هێمن کوڕی سەید حەسەنی موکری و لە بنەماڵەی مەلا جامی چۆڕی بووە. دایکی ناوی زێنەب و کچی شێخی بورهان بووە کە ئێستا بنەماڵەیەکی گەورەی موکریانن. هێمن بەهاری ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی هەتاوی بە شەوی جێژنی بەرات لە گوندی لاچینی سەر بە شاری مەهاباد چاوی بە گەردوون هەڵێنا. بە بوونی هێمن شیری دایکی وشک دەبێ و بە شیری ژنێکی دیکە فرچک(گۆج) دەکرێ و دوای بوونی ئەو، دایکی لەشی ساغ بە خۆیەوە نابینێ.



هێمن لە رۆژگارێکدا لە دایک دەبێ کە رەزا خان جڵەوی حکوومەتی پێیە کە لاسایی ئاتاتورکی دەکردەوە. جلوبەرگی کوردەواری بە تەواوی قەدەغە دەکرێ و ئەوەندەی لە دەستی هات، سووکایەتی بە خەڵک کرد و شەپکە و تەپڵەی هێنا نێو بازاڕەوە. هێمن لەم کەش و هەوایەدا گەورە دەبێ، بەش خوراوی و کۆیلەتی ئینسان وەکوو خوێن لە مێشک ودەمار و ئێسک و پێستی دا دەگەڕێ و دەبێتە سەربەندی ژیانی.

لە کاتی منداڵیدا گوێچکە بە حەکایەتەکانی دایە مرۆت دەگرێ، کە پیرێژنێکی دنیا دیو بووە و زۆر شتی بەنرخی لێ فێر بووە. ئەلفوبێ لای سەعیدی ناکام دەخوێنێ و پێش ئەوەی ئەلفوبێی فێر بکا، بزنۆکێ و مەڕنۆکێی حوسێنی حوزنی موکریانی بۆ دەخوێنێتەوە و هێمن لە بەری دەکا و هەروەها شێعرەکانی شێخ ڕەزا و زۆر شتی دیکەی لێ فێر دەبێ و پاشان بۆ درێژە دانی خوێندن، باوکی دەینێرێتە مەهاباد و لە قوتابخانەی سەعادەتی ئەو شارە دەست بە خوێندن دەکا. هێمنێکی لادێی کە جگە لە زمانی کوردی هیچی دیکەی نەدەزانی و لەو قوتابخانەیش کەس نەیدەتوانی بە کوردی قسە بکە، منداڵان گاڵتەی پێدەکەن و پێی دەڵێن کرمانج، چونکە ئەو کاتە لە مەهاباد بە خەڵکی دێیان دەکوت کرمانج، هێمن ئەو ساڵە خوێندنی بە سەرکەوتنێکی زۆر باشەوە تێپەڕ دەکا و هاوین دەگەڕێتەوە بۆ ئاوایی و لە لای مەلای دێ و باوکی دەرس دەخوێنێ و تەمرینی نووسینی خەت دەکا. باوکی کە دەزانێ خەتی خۆش بووە، دەستی پێ لە خوێندن هەڵدەگرێ و دەڵێ: برۆ دەرسی مەلایەتی بخوێنە. هێمن کە هیچ کات خۆشی لە مەلا نەهاتووە، تووشی ئەم تاڵییە دەبێ و چوار ساڵ لە خانەقای شێخی بورهان دەخوێنێ، بەڵام ئەو خوێندنە هیچ کەڵکێکی نابێ، چونکە ئەو چوار

ساڵە بە گاڵتە دەباتە سەرێ و لە خانەقای شێخی بورهان کە ٨-٩ نەفەر دەبن، جگە لە هەژار و هێمن تەواى خاڵۆزا و پوورزا دەبن، پاشان دەچێتە لای مامۆستا فەوزی و ڕێگای ژیانی پێ نیشان دەدا و ساڵ و نیوێک لە لای ئەو دەرس دەخوێنێ.

هەژار لە پێشەکی دیوانی سەیفولقوزاتدا، بەم جۆرە باسی خۆی و هێمن دەکا:

هێمن و من دوو منداڵی کرچ وکاڵی لەڕ و قرخن، بە تەمەن دە دوازدە ساڵ بووین، لە خانەقا گەیبووینە یەک، نا خێری گیانمان دەرس بخوێنین، خویندنی چی؟ دوو گێل و حۆلی پەڕ بڵاو، لە یەک دەمدا لە لای دوو مامۆستا دامەزراین، یەکی ریش پان، لە عەڕەبی شارەزایە و خەتی نییە، ئەوی دی گەردەڵ، فارسی زانە و خەتی خۆشە. جا وەرە شەق و دار بخۆ، خۆ جنێو هەر باسی ناکرێ، سوێندی کەسم لە سەر نییە، ئەگەر بڵێم تڵپاتی تەڕیش فێر نەبووین، نیسکێک درۆی تێدا نییە، ماڵم هەقە لە ترێ دزینی ناو ڕەزی، لە پڵلار دەداران گرتن، لە ڕاوی دووپشک و ئەسپێ و کێچ و جوجە و قوڕ شێلان و هێلکە لە هێلانە دەرهێنان، هیچ کەس تۆزی نەدەشکاندین. بۆ نەگبەتی هێمن وە شێعر هاتبوو، هەروا گارە گارەی دەهات، جار و بارە شێعرێکی نیوە و کۆڵەی خواری لاپانی دادەنا، بە فیزەوە نیشانی دەدام. یانی ها بم ناسە، من چیم، منی کڵۆڵ نەمدەتوانی مێعریش بکەم.

بەو جۆرە شێعر کوتنی هێمن لە خانەقاوە سەری هەڵداوە و پێگەیشتووە. لە گوندی کولیجە لە لای سەید عەولای سەید مینە کە پیاوێکی نەخوێندەوار بووە، بەڵام زۆر زانا و تێگەیشتوو دەبێ ،ماوەیەک دەرس دەخوێنێ و بە گەورەترین مامۆستای، مامۆستا هێمن حیساب دەکرێ. تەمەنی هیمن دەچێتە سەر و بۆ ئەوەڵین و دوایین جار لە گوندی کولیجە عاشق دەبێ، عیشقێکی پاک و خاوێن و ئاسمانی، بەڵام ئەم عاشقبوونە زۆر ناخایەنێ و لێک جیا دەبنەوە و هەر لەو گوندە فێری سواری و تەقڵە و ڕاوە کەو و کەروێشک دەبێ. ساڵی ١٣١٧ی کۆچیی هەتاوی کە تەمەنی ١٧ ساڵانە دەبێ، مامۆستاکەی گوندی کولیجە بە جێ دێڵێ و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ گوندی خۆیان واتە شیلاناوێ کە ماڵیان چبووە ئەوێ و مل لە کار و کاسبی هەڵدەکێشێ و بە ڕۆژ خەریکی کاری کشت و کاڵی دەبێ و شەوانە خەریکی خوێندنەوە و شێعردانان، باوکی پێی دەزانێ و دەفتەری شێعرەکانی دەسووتێنێ.

## ژیانی سیاسی



ناوی هێمن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمانە کە لە کۆمەڵەی ژ-کاف و کۆماری کوردستاندا وەکوو پێشمەرگەیەک خزمەتی بە نەتەوەکەی دەکرد و لە نێو تێکۆشەرانی ئەو سەردەمە کە هەر یەکەی ناوی نهێنیان هەبوو، بە هێمن ناسرا و هەر وەکوو بۆخۆی دەڵێ:

من هیچم لە پێشمەرگایەتی لێ حاڵی نەبوو و هیچ کەڵکێکم لێ وەرنەگرت، تەنیا ئەو خێرەی بۆ من هەبووە، ئەویش کە ئەو ناوە دووروودرێژەی لە کۆڵ خستم.

لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی کۆچی هەتاوی لە شاری مەهاباد کۆمەڵەی ژ-کاف

بە دەستی ڕەحمانی زەبیحی وچەند کەسی دیکە دادەمەزرێ. هێمن دەبێتە ئەندامی

**هێمن، قازی موحەممەد، هەژار**

ئەو کۆمەڵەیە و شەو ورۆژ لە بیری ئەوەدا دەبێ کە چی بۆ ئەو کۆمەڵەیە بکا کە کاری ڕزگاری کوردستانە، هێمن لەو کۆمەڵەیەدا دەبێتە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نیشتمان و دوایەش گۆڤاری ئاوات. لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی هەتاوی کە لە سەر بناغەی ژ-کاف، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی قازی محەممەد دادەمەزرێ، هێمن بۆ یەکەم جار لە مزگەوتی سووری مەهاباد لە بەرامبەر خەڵکدا شێعر دەخوێنێتەوە و دەبێتە سکرتێری هەیئەت رەئیسەی میللی دێموکرات و دوایە لە کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبدا دەست بەکار دەکا. لەو کۆمارەدا بۆ دانانی کتێبی کوردی بۆ فێرگەکانی کوردستان کاری کردووە، لە گۆڤارەکانی ئەودەمی حیزب وەک کوردستان، هاواری کورد، هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵان و هەڵاڵەدا شێعر و وتاری بڵاو کردۆتەوە. لە کۆماری مەهاباددا پێشەوا شانازی پێوە کردووە و رایگەیاندووە کە شێعرەکانی پڕ مانان ودەبێ تەواوی ئەندامانی حیزب لە بەری بکەن و بیکەنە پڕۆگرامی تێکۆشینی خۆیان.

هێمن هەر لە پلەی یەکەمی تێکۆشانیدا وەک شاعیرێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بیر و باوەڕی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشابوو، چونکە هەڵبەستەکانی لە راستەقینەدا ببوونە ئاوێنەی دڵی کۆمەڵانی گەل وەدەربڕی بیر و ئاواتیان. هێمن هەر لە ڕۆژی یەکەمی تێکۆشانی هونەری خۆیەوە بۆ خاوێن کردنەوە و پەرە پێدانی زمانی زگماکی قۆڵی هەڵماڵی. هەڵبەستەکانی بە زمانێکی ساکار دەهۆنییەوە و بەزمانی گەل دەدوا، جا بەو بۆنەوە پێشەوا پێی سپاردبوو، کە بۆ گەلێک وشەی فارسی و عەرەبی کە لە ڕێڕەوی خەباتی سیاسیدا بە کار دەهێندرێن، وشەی کوردی پەتی بدۆزنەوە و بەکاری بێنن، هێمن بە سەرۆکی کۆمیسیۆنێک کە بۆ ئەو کارە دیاری کرابوو، دانرا، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت بە داخێکی زۆر گرانەوە کۆمار دەڕووخێ و هێمن دەڵێ:

ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە و ئەو کارەساتە جەرگ بڕە هەموو کوردێکی بە شەڕەفی خەمناک و تازیەبار کرد.

ساڵی ١٣٢٥ی کۆچی هەتاوی دایکی پێ لە کەوشان دەکا و پێی دەڵێ: دەبێ ژن بێنی، بەڵام هێمن نایەوێ ژن بێنێ؛ بەهەر جۆرێک بێ، دایکی، هێمن رازی دەکا و داوای برازایەکی خۆی بۆ دەکا و هێمن قەتی نەدیوە، بەم جۆرە لە٢٥ی خەزەڵوەری ئەو ساڵەدا بووکی بۆ دادەبەزێنن و هەژار لە زەماوەندەکەیدا هەڵدەپەڕێ و بەرهەمی ئەم ژن هێنانەش کوڕێک بە ناوی سەلاح دەبێ. ساڵی ١٣٢٧ی کۆچی هەتاوی وشکە ساڵی پێش دێ و ئەویش وەک خەڵکی دیکە دەکەوێتە چەرمەسەری و ناڕەحەتییەوە و گرانییەکی بە تەوژم ئێران دادەگرێ، زۆر کەس لە برسان دەمرن و خەڵک لەو ساڵەدا کوللێرەی جۆ و هەرزن دەخۆن.

لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی کۆچی هەتاوی کۆبوونەوەیەک لە مەیدانی شاری مەهاباد پێک دی وهێمن شێعری دەبڕۆ ئەی شاهی خائین، بەغدا نیوەی ڕێت بێ دەخوێنێتەوە. لە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ئەو ساڵە هێمن بە تەواوی قاچاغ دەبێ و ماوەیەکی زۆر بە کێوانەوە دەبێ و ساڵی ١٣٣٤ی کۆچی هەتاوی باوکی دەمرێ و هێمن دەڵێ:

دەردی باب مردن، دەردێکی زۆر گرانە و پیاو لە هەر تەمەنێکدا بابی بمرێ، هەست بە هەتیوی دەکا.
دوو ساڵ دوای باوکی، دایکیشی دەمرێ و ئەم ڕووداوانە بە تەواوی پیری دەکا.

## لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران

بۆ جارێکی دیکە هەوای نووسینی گۆڤار بە مێشکی دادێ و بەهاری ساڵی ١٣٦٤ی کۆچی هەتاوی بەردی بناغەی گۆڤاری سروە لە شاری ورمێ دادەمەزرێنێ و یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لە سەرەتای هاوین گەیشتە دەستی خەڵک و هێمن ئەمە دەڵێ: ئومێدەوارم ئەم سروەیە هەر بێ و هەر دڵان ببووژێنێتەوە و هەر گوڵان بگەشێنێتەوە و هەر دڵی کوردان خۆش بکا.

## بەرهەمەکان

دیوانی هێمن بە ناوی ناڵەی جودایی (١٩٧٩).

دیارە هێمن مردووە و لە نێومان دا نەماوە، بەڵام ئاسەوارەکانی و یادگارەکەی کاتی پیری هەر ماون و بە دیتنی ئەوان هیچ کاتێک هێمنیش لە بیر ناچێتەوە.هێمن شاعێرو زانای فەرهەنگ دۆست و تێکۆشەری ڕێگای بووژاندنەوەی کورد و فەرهەنگەکەی بوو، خاوەن بیر و تێفکرین و بیر کردنەوە بوو. هێمن دەنگی بەرزی ئازادی، ئاشتی و دێموکراسی خوازی کورد بوو. خوازیاری یەکیەتی گەلان بوو. کوردایەتی هێمن، مرۆڤایەتی بوو. شاعێری جوان پەرەست، شاعێری بابردەڵە، کە بێبەش لە ئاو وخاک و وڵاتی خۆی، پەڕیوەی سنوور و موبتەلای دەستی ڕۆژگار، پیری هەناسە سوار، دەرکراوی بە زۆر دابڕاوی یار و ئازیزانی، بولبولی بێبەش لە گوڵزار و چەمەن، بێ ئەنیس و هاودەم، عاشقی دڵ پڕ لە ئەوین و خۆشەویستی وڵاتەکەی، هەنگاو بە هەنگاو خەم بە دوای ماموستای ئازیزەوە بوو، وەکوو سێبەری خۆی ڕۆژێک لێی جیا نەبۆتەوە و ڕۆژی شادی ڕووی لە دڵە خەمبارەکەی نەکرد، ئەو مرۆڤە بێ نازە خۆ لە ئاسن و پۆڵا دروست نەکراوە، بەڵکوو لە خوێن و گۆشتە، بۆیە پڕ بە دڵی خۆی ئەناڵێنێ و بە ئاوازێکی بە سۆزەوە ئەڵێت:

پارچە گۆشتێکە، دڵی من روو نییە ناڵە ناڵی من درەنگە زوو نییە

لە شێعرێکی دیکەدا دەڵێ:

شینم زۆر گێڕاوە، شادیم کەم دیوە ئەڵێن هەیە، بەڵام نەمدیوە

شاعێر، شینی یەکجار زۆر دیوە، بەڵام شادی و کامەرانی بە دەگمەنیش نەدیوە و ئەزانێ شادی هەیە، زۆر کەس لە گەڵیا راز و نیاز دەکەن، بەڵام هێمنی خەمبار هەر نەیدیوە، لە لای هەر وەکوو نامۆیەکە، وەکوو دوژمنێکە، بۆ ماوەیەکی کەمیش روو لەو ناکات. ماموستای بەڕێزمان شێعرە تەڕ وناسکە جوانەکانی، زۆربەی زۆری بە خەم زاخاوە، خەم کاری زۆری تێکردووە، بۆیە بە هیچ جۆرێ

ناتوانێ خۆی لە شەپۆل لابدات. هێمن شاعێری گەل ، شاعێری عیشق و ئازادی، دڵە گەورەکەی هەتا ئەو ڕۆژەی لە لێدان کەوت، بۆ گەلەکەی و ئازادی نیشتمان لێی دا.

بە فەرموودەی خۆی:

هەتاکوو دوا پشوو ڕێبواری ڕێگەی ئێشق و ئازادیم ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم، بەرهەمێکی تر نمونەی هۆنراوەی نەتەوەیی

کوردم ئەمن

گەرچی توشی ڕەنجەڕۆی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن
ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم
ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن
گەر لە برسن و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لە سەر هەردم ئەمن
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نیە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا ئەڵێم کوردم ئەمن

هێمن کە یەکێک بوو لە گەورەترین شاعێران و نووسەرانی کورد لە سەدەی بیستەمدا، لە باری پاراستن و بووژاندنەوەی فەرهەنگ و ئەدەب، گەورەترین هەقی خستۆتە سەر نەتەوەکەی، چونکە لە تاریک وروونی بەیانی ژیانیدا، بۆ خڕ کردنەوەی کۆماکانی ئەدەبی کوردەواری و ورد بوونەوە لە وشەکانی، بە کەو کردن و هەڵاواردنی غەوارەکانی و سوورکردنی خرمانی زمانی کوردی، کەوتە کار و تەنانەت گوڵ هەڵگرتنەوە و پاشەرۆکیشی بۆ خەڵکی دیکە نەهێشتەوە. ئاسەوارەکانی ماموستا هێمن بریتین لە:

تاریک و روون (شێعر و پەخشان). ١٩٧٤
پاشەرۆک(شێعر و پەخشان).
توحفەی موزەففەرییە(فۆلکلۆری کوردی، کە کاری ئۆسکارمانە وهێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی).
شازادە و گەدا .
قەڵای دمدم .
هەواری خاڵی .
چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگز.
ئەفسانە کوردییەکان (کاری قەنات کۆردۆ کە هێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی).
ناڵەی جودایی ، شیعر ١٩٧٩

**پاشەروکی مامۆستا هێمن ، کۆمەڵە وتار، مەهاباد ١٩٨٣**

**بە ئاوارەیی و دەربەدەری توانی کتێبی ناڵەی جودایی بنووسێ، ئەگەر بە جوانی لێی ورد بینەوە، دەبینین کە ناڵە و هاوار و فیغانی دڵە، ناسۆرییە، خول دانەوە و نزا و هاوار و ئازاری ناخ و ماندوویەتی هزر و نائارامی رۆح و بێ تاقەتی جەستەیە بەرامبەر جودایی،جودایی لە خێزان، لە خانوو، ماڵ و گوند و گەڕەک، شاخ ودەشت و دراوسێ و کەس و کار و یادگارەکانی سەردەمی منداڵی و لانەی گەورەبوون و گەلێ شتی بە نرخی دیکە کە لە یاد ناکرێن ولە دەروون دوور ناکەونەوە.**

## کۆچی دوایی

**هێمن لەو کەسانە بوو کە تەمەنی مێرمنداڵی و لاوی و پیری خۆی لە سەنگەری فەرهەنگ و ئەدەب و فۆلکلۆر و شۆڕشدا بەخت کرد و وەک مۆم سووتا و ڕێگای پاشەڕۆژی بۆ رووناک کردین. پاش دەرچوونی چوار ژمارە لە سروەی رەنگینی کوردستان، مۆمی ژیانی هێمن دوایین فرمێسکی هەڵوەراند و لە ٢٩ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ی کۆچی هەتاوی بەرانبەر ١٨ی ئاوریلی ١٩٨٦ی زایینی بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێ کردین و لەسەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی بوداقسوڵتانی شاری مەهاباد بە خاکیان سپارد.**



# مامۆستا هێمن ، شاعیری گەل

**نێعمەت مەلا**

ڕەنگبێ باسکردن لە شاعیرێکی وەک هێمن بەوە بەس نەبێت کە بڵێین کە خەڵکی کام شوێنە و یان لە کام شوێن لە دایک بووە و ڕێکەوتی مردنی ئەو کەڵەشاعیرە چییە. بۆیە ئەمجارە دەمەوێ تیشک بخەمە سەر چەند شێعرێکی مامۆستا و بڵێم کە شاعیر لە ئاست عیشق و ئازادی دا چۆنە و چۆن لەم بارەوە دواوە.



هێمن بە کردەوە و بە شێعری پاراو چۆتە لوتکەی ئەدەبیاتی کوردی. لە نووسینی وتار و چیرۆک و شێعر بە ئەزموون بووە، بەدەربڕینی هەست و ڕای خۆی و دانانی شێعری سیاسی سەلماندوویەتی کە لە سیاسەت دا شارەزا بووە و هەروەها لە کاتی خۆیدا بە هەڵوێست گرتن، سیاسەتی کاری خۆی نیشانداوە. بەهەڵگرتنی چەک دژی زۆرداری و ستەم وەک خەباتکار ناوی لە ڕیزی خەباتکاراندا تۆمارکراوە. بەدەرکردنی گۆڤاری سروە و هاوکاری لەگەڵ گۆڤارەکانی هاوکاری کورد و هاواری نیشتمان و گڕوگاڵی منداڵان و هەڵاڵە لە مەیدانی ڕۆژنامەوانیشدا ئەسپی تاو داوە و بە نووسینی پێشەکییە بە تام و چێژەکەی تاریک و ڕوون، تیشکی خستۆتە سەر بەشێکی تاریکی سەردەمێکی درێژی کوردستان و مێژوی نووسیوە. ئەوەی کە لەو وتارەدا دەمەوێ باسی لەسەر بکەم، ڕەنگدانەوەی کێشەی نەتەوایەتی و بیری ئازادیخوازی لە شێعری مامۆستا هێمن دایە. مامۆستا هێمن بۆخۆی لەم بارەوە دەڵێ: «شاعێر پێی وایە ئەوەش ئەرکێکە لەسەر شانی کە دەبێ بۆ ڕزگاری نەتەوەو نیشتمانی خۆی هەوڵبدا. ئەگەر لە وڵاتێک دا بام کە ژیانێکی نەتەوایەتی سەربەخۆم هەبا پێم وایە قەت نەدەچوومە نێو سیاسەتەوە، هەرچەند پێم وانیە ئەدەب و سیاسەت لێک دوورن». هێمن شاعیری گەلە. گەل خۆشەویستی و نیشتمانپەروەری هەوێنی شێعری ئەو شاعیرەن. وڵات و گەل و نیشتمانەکەی لە پەنا وڵات و گەلانی تر خۆش ویستووە و ڕێزی بۆ هەموو گەل و نیشتمانێک داناوە. واتە خۆی لە چوار چێوەی ناسیونالیزمی بەر تەسک دا نەهێشتوتەوە و تووشی بیری شۆوینیزم نەبووە، بەڵکوو بە شێوەیەکی زۆر مرۆڤانە نیشتمانپەروەری لەگەڵ بیری فراوانی ئینترناسیونالیزم تێکەل کردوە. لە پراکتیکدا بە نووسینی شێعری کورد و ئازەربایجانی سەلماندوویە کە گەلان هەموو برای ئەون. ئەگەر بێت و لەچاوی فەلسەفەی ئەمڕۆییەوە بە ناخی شێعری هێمندا ڕۆچین، دەبینین کە وەک ئیگزیستانسیالیزمەکان باوەری پتەوی بە ئەوپەڕی ڕەنگدانەوەی ئازادی تاکەکەس لە کۆمەڵدا بووە. لە ئاسۆیەکی بەرفراوانی بیرەوە پێی ناوەتە هەرێمی ناسینی گەلان و مرۆڤ بە گشتی:

ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بە ئازادی بژین
چۆن گەلی داماو و دیل و مات و غەمگینم دەوێ؟

هێمن تەنیا بە خۆشەویستی نیشتمانەوە نەوێستاوە. هەوڵی ناسینی نیشتمان و گەلەکەی بە خەستی داوە و دەردی کۆمەڵی ناسیوە و ئەمجار بۆ لابردنی ئەم دەردانە تێکۆشاوە. نیشتمانی مامۆستا هێمن وەک خۆی ناسیویەتی وڵاتێکی تەواو سوننەتی یە و ڕادە و پلەی

خۆێندەواری خەڵک یەکجار کەمە. هەربۆیە بە شێوەیەکی زۆر شارەزایانەو سادە و ساکار شێعری نووسیوە و لە وشەی هەرە ڕەسەنی کوردی کەڵکی وەرگرتووە. یا خۆ بە وتەی خۆی لەبەر ئەوەی کە لە دێ شێعر نووسینی دەست پێ کردوە هەوڵی داوە بە زاراوەی خەڵکانی گوند بنووسێ و هەر ئەوە بۆتە هۆ کە لە زمانیشدا شێعری پاراو و جوان بن. وەک پسپۆڕێک بەو قەناعەتە گەیشتوە کە زمانی سادە و شێعری سادە دەتوانێ هاندەری خەڵک بێ و کاریان بکاتە سەر:

گوارەکەی زێڕت بە کارنایە لە گوێ بگرە قسەم
لایقی گوێی تۆ عەزیزم شێعری سادەی هێمنە

هێمن شاعیری سەردەمی غەوارەبوونی هوشیاری یە، هوشیاری کۆمەڵ و تاک لە نزمترین ئاستی خۆی دایە. ئەو کۆمەڵەی کە ئێستاش تاک ناتوانێ شوێنی لەسەر دابنێ و هەموو وەک کۆ دەژین. یان ئەوەتا هەموو تێکڕا ئاگر دەگرن یان هەموویان ساڵیانی زۆر لە بەستەڵەکی ژیاندا دەبنە پەیکەر. زانایی لەوەها کۆمەڵێکدا خۆی لە خۆیدا دەرد و ئازارە. هەستکردن بەو ئازارە تاقەت پڕۆکێنتر لەو ئازارەیە کە بەسەر ئەم کۆمەڵە نوستووەدا زاڵە و لێی بێ خەبەرە:

دەردی دووری دەردی دووری کوشتمی
دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی

کاتێ هێمن باسی ئەو گرووپە دەکا کە بۆ یەکسانی گرتوویەتی خوێنەر دوو یەکسانی لە مێشکی دا دەنەخشێ:

**یەکەم** ئەوەیە کە شاعیر دەیهەوێ گەلەکەی وەک هەموو گەلانی تر مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و مافی یەکسانی پێ ڕەوا ببیندرێ و چیتر مافەکانی پێشێل نەکرێ.
**دووهەم** ئەو یەکسانییەیە کە ژنیش وەک نیوەی کۆمەڵ مافی خۆی پێ بدرێ و هیچی تر ژێر چەپۆکە و مافخوراو نەمێنێ. دەزانێ کۆمەڵێک ڕزگاری بە خۆیەوە دەبینێ کە ژن لەو کۆمەڵەدا ڕزگار و ئازاد بێ:

چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێردەست کە کچ دابەستە بێ
بەس نەبێ ئەو کۆیلەیی و ئەو کچ لە ژووردا بەستنە

کورد خۆی لە گۆشەیەکی ئەم جیهانە پان و بەرینە تەریک ماوەتەوە وەک لە تایبەتمەندییەکانی گەلانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا ئاماژەمان پێکرد کوردیش لە چوارچێوەی تەسکی بیرە داخراوەکاندا قەتیس ماوەتەوە. ئەمە بۆتە هۆ کە خۆشی وەک گەلێکی دیلی ئەم بەندانە بە دەردی خۆی نەزانیوە. هەربۆیە هێمن وەک گۆرانی شاعیر بە شێوەیەکی کۆمەڵناسی ئەم ئاستەنگییەش بە دەردێکی کۆمەلایەتی ناو دەبا و بۆ سارێژی ئەم زامە هەوڵیداوە:

ڕۆژگار هاڕیومی وەک ئەسپۆنی ورد

هێز و توانای لێ بڕیوم دەردە کورد

هێمن بەو دەرد و ئازارەی زانیوە کە کورد سەرەڕای ئازایەتی و نەترسی، بە هۆی جۆراوجۆر نەیتوانیوە بە مافەکانی بگا. بە خوێندنەوەی مێژوو ئەو راستییەی بۆ ڕوون بۆتەوە کە لە زۆر هەلومەرجی ناسکدا و لە زۆر سەرهەڵدانە بە هێزەکاندا هەڵەیەک یان بەلارێ دا رۆیشتنێک بووە بە هۆی چەواشەبوونی جۆلانەوەکە و نەزۆکبوونی بەدواوە بووە. هەروەها ئەزانێ کە خەڵک بەو قەناعەتە نەگەیشتوون کە خۆیان وەک مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست بێنە مەیدان و شارەزایانە گۆڕەپانی هیوا و هومێد بپێون و لێزانانە و پێگەیشتوو چارەنووسی خۆیان بە دەستەوە بگرن. چاوی هومێد و هیوای بڕیوەتە پێش سوارەکان و کاتێ ئەوانیش تەواو نابینێ وەک هۆکاری سەرنەکەوتن دەستنیشانیان دەکات:

له مەیدانی شەڕانخێوی خەباتی قەڕنی بیستەمدا
سەرم سوڕما کە ئەسپی سووکەسواری کوردی بۆ وەستان
وڵامی دامەوە پیرێکی ئازادەی جیهان دیدە
خەتای سواران نەبوو، پێش سوارەکانمان قورس و ناوەستان

هەروەک گوتم هەموو گلانەکان لە ناوەستایی نەبووە. دەبێ بارودۆخ و هەلومەرجی تایبەتی سەردەم و ناوچەش لە بیر نەکەین . زۆرجار خیانەتی وڵاتێکی بەڕواڵەت دۆست بۆتە هۆی شکست و هەندێ جاریش دەستێوەردانی زلهێزەکان ماڵی کوردی وێران کردوە. هەر بۆیە هێمن بەوپەڕی متمانەوە پاڵ بە کۆمارەکەی پێشەواوە دەدا و گەل و نیشتمانەکەی بە ئەو دەسپێرێ:

تۆم بە خوا ئەسپارد و ئەسپاردم بە تۆ ئەی پێشەوا
میللەتی دڵپاک و چاک و نیشتمانە جوانەکەم

هێمن لەگەڵ هیواکانیدا دەژی. مرۆڤی بێ هیوا لە ژیان بێ بەشە. عیشق و ئازادی دوو پەنجەرەن کە روو بە هیواکانی هێمن دەکرێنەوە. ئەو هیوایانەی کە شاعیر بەرەو ڕووناکی و ئاسۆ باڵی بۆ گرتوونەتەوە و هیچ هێزێک ناتوانێ تازە بەرە و شەیتان و تاریکی بیانبات. ئەو رێبوارە نەسرەوتەیە کە هەردەم لە رێپێوان دایە. لە رێدامانی پێ لە ڕاوەستان باشترە، دەیەوێ مرۆڤەکان هان بدا بۆ ئەوەی خەبات بکەن بۆ ئامانجەکانیان، تەنانەت ئەگەر پێشیان نەگەن:

هەتاکوو دواپشوو رێبواری ڕێگای عیشق و ئازادیم
ئەگەر بێجگە لە ناکامییش نەبینم بەرهەمێکی تر

ئازادی وشەی ڕۆح سووکی سەرزار و قەڵەمی هێمنە. هەموو شتێکی بۆ ئازادی دەوێ. مرۆڤایەتی لە ئازادیدا دەبینێ. ئازادی ئامانجی خەباتی ئەو و گەلەکەیەتی. مامۆستا دەزانێ بە هۆی نالەباری بارودۆخ لە وڵاتی ئێمەدا ژن دوو جار دیلە. واتە جیا لە ئەو

دیلییەی کە وەک نەتەوە بەدیلی ماوەتەوە و نەیتوانیوە شنەی ڕزگاری هەڵمژێ جارێکی تر لە بەندی پیاوسالاریدا ماوەتەوە و یاسای پیاوسالاری ژینی لە ژن ئەستاندوە. هەر بۆیە مامۆستا لە تاکە بەیتە جوانەکەیدا زۆر بە جوانی ئەو دەردەی زەق کردۆتەوە:

ئەسیری بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم
تەماشا کەن چ سەیرێکە بەدەستی دیلەوە دیلم

مامۆستا لە وڵاتی خۆیدا هونەرەکەشی بە دیل دەزانێ. دەیەوێ لە هونەردا بە ئازادی بگا. بە هۆی نالەباریی ئاستی ژیان بۆ هونەرمەند مامەڵەی نادروستی کۆمەڵ لەگەڵ هونەرمەند، هونەرەکەی خۆی بە غەریب و تەنیا دەزانێ. مامۆستا وەک شاعیرانی مەکتەبی رۆمانتیک ویستوویەتی وشە ئازاد بکا و لە دیلی نەجاتی بدا. هەربۆیە دەبێ کەوتبێتە بەر تانە و تەشەری نەزانان و لەهونەریشدا ئالۆزی و پەرێشانی بەرچاو کەوتبێ:

هونەر گەر خۆی پەرێشانی نەبایە لەم وڵاتەی دا
بەشی من بۆ دەبوو چارەڕەشی و خانەخەرابی با

واتە مامۆستا هێمن رزگاری تەنیا لە خەبات و شەڕی چەکدارانە و بەرهەڵست بووندا نابینێ بەڵکوو پێی وایە کە ژیان دەبێ چێژ لە هونەری پاک و بێ ئاڵۆزیدا بێ و دنیاش لە یاسا و رێکوپێکی بەهرە ببا و ئازادی وەک فریشتە ڕێزی لێ بگیرێ . ئاڵوگۆری بنەڕەتی لە ژیانی خەڵکدا پێک بێ و ڕۆشنبیری بە لووتکەی خۆی بگا. فریشتەی ژین لە شێعری هێمن دا ژنە و هەوێنی ژیانیش ئازادی. بۆیە کاتێ دەیهەوێ لە نرخی ژیان بدوێ، فریشتە و هەوێنی ژین لە پەنا یەک ڕادەگرێ و بە دەربڕینی خۆشەویستی لە ئاست یەکیان ئەوینی بە ئەوی تر نیشان ئەدا:

بەڵێ سەختە یەکجار سەختە
دووری لە ژن نامرادی
بەڵام لە ژن خۆشەویستتر
لە لای من ئەتۆی ئازادی

ئازادی لە ژیانی شاعیری گەلدا نرخی ساندوە و پەڕەوازەی هەندەرانی کردوە. هەر ئەوەی کە نەیتوانیوە چیتر زوڵم و ستەم دەرحەق بەخۆی قبووڵ بکا و دژ بە سیستم ناڕەزایی دەربڕیوە و سنووری پەڕاندوە و لە بەرامبەر زاڵماندا راوەستاوە و بە هەموو شێوەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی لە خەباتدا بووە، خۆی دانی نرخی ئازادییە. تا ئەو رادەیە کە کراوەتە نیشانەی تیری خەم و شانی لە بن باری خەمدا داخزیوە و پاش هەست بە زۆرداری کردنێکی زۆر بە تێغی زۆرداری برینداز کراوە. هێمن کاتێ زانیویەتی وشە ناتوانێ بەر بە فیشەک بگرێ هاتوە دڵی بخنێتە لوولەی تفەنگەوە. هەر بۆیە شەهید لە شێعری هێمندا رۆحی پەری ئازادی یە

تا بە دەستی پەری ئازادی لە سەر گۆڕی شەهید

گوڵە شلێرە لە گشت لایەکی نەڕوێن دەگریم

شەهیدبوون تەنیا بۆ لەدایکبوون و مانی پەری ئازادی بە رەوا دەزانێ. دەنا هێمن شاعیری جوان پەرەست و ژیان خۆشەویست و ئاشتیخوازە. هاوڕازی بولبول و وەنەوشە و مەی و ساقی و نەیە. ژینی تەنیا لە ڕێی حەزرەتی ئازادی دا دەبەخشێ:

نایەڵن قەد چێژی ئازادی بچێژم من دەنا
خوێنی شیرینم دەوێ، کوا تەرمی خوێنینم دەوێ

هێمنی سەوداسەری ئازادی تا دوا هەناسەی ژیانی هیچ کەند و کۆسپێک هەنگاوی پێ شل نەکرد. هەر وەک دەڵێ لە شان و باهۆی خۆی را دی و سەدان گابەردی زلی تل دا و بە هەڵبژاردنی ژیانی پڕ لە فرمێسک و ماتەم خۆی سووتاند و بەزمی خەڵکی رۆشن کرد. ئەو هەموو نامرادییە نەیتوانی کار بکاتە سەری و بەرە و ئاسۆی روون هات و ئاواتەکانی هەر بەهێز بوون بۆ نموونەش کە لەم شێعرەدا دەڵێت:

دێم و ناترسم لە پەرژینی بەزی
هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی

شێعر و ژیان و نووسراوەکانی هێمن بوونەتە قوتابخانەیەک . ئێستاشی لەگەڵدا بێ خۆشترین و بەتام و چێژترین سروودی خەبات و نەسرەوتن و بەرەوپێش چوون لە شێعرەکانی هێمن دروست بوون. زۆربەی شێعرەکانی وەک گۆرانی کوتراونەتەوە و هەر بەسەر زاری خەڵکەوە بوون. هێمن کاتێ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت لەگەڵ هەموو کوڵ و دەرد و حەسرەت و ئاواتە مەزنەکانی چۆتە نێو دڵی خەڵکەوە و هەتا هەتایە هەر دەمێنێ و نەوەکانی کورد بەرێزەوە ناوی دەبەن تا هونەر و شێعر زیندوون رۆحی هێمن ئاوێتەی رۆحی گەلەکەیەتی:

ئاگری سینەم بڵێسەی دێ و وڵات رۆشن دەکا
ئەو دەمەی خۆم وەک دڵۆپێک دەچمە نێو دەریای عەدەم

بەڵام ئەو شاعیرەی کە هەموو ژیانی لە خزمەت گەلەکەی دابوو لە دوای دەرچوونی چوار ژمارە لە سروەی رەنگین لە ٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٥ کۆچی دوایی کرد و بۆ هەمیشە هۆگران و عاشقانی ئەدەبی کوردی و بەتایبەت بەرهەمەکانی جێ هێشت و لە سەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی بوداق سوڵتانی شاری مەهاباد بە خاک سپێردرا و گۆڕەکەی جێگای ئەویندارن و هۆگرانی ئەدەبی کوردی یە.
لە ژمارە ٥٨١ ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە : کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٢ ی ئاوریلی ٢٠١٢

# پیری تەڕپۆش؛ خوێندنەوەیەکە بۆ شیعرە ئەویندارێتیەکانی مامۆستا هێمن

ئامادەکار: سەروەر سەعدوڵا

بۆ لێکدانەوەی لایەنێک لە لایەنەکانی هەر شاعیرێک، یان هەر بیرمەندێک، یان هەر نووسەرێک و...، پێویستە ئەوە لە یاد نەکرێت، ئەو شاعیرە، یان ئەو بیرمەندە، یان ئەو نوسەرە ناوی چییە، کەی هاتووەتە بوون، کەی گیانی سپاردوە. ئەی لە پێناوی چیدا پێنوسەکەی خستووەتە کار و ئەی لە پێناوی چی ژیاوە و چۆنیش ژیاوە؟ لە ئەنجامی ئەمەدا دەبێت بێژم مامۆستا هێمن ناوی (سەید محەمەد ئەمین)ی کوڕی (سەید حەسەنی شێخەلئیسلام)ی موکرییە، لە ساڵی (١٩٢١) لە گوندی (لاچین)ی سەر بە (مەهاباد) چاوی بە ژیان هەڵهێناوە و لە ساڵی (١٩٨٦)یش لە گوندی (شیلاناوێ) گیانی بە خاک سپاردوە.



شاعیر لە پێشەکی (تاریک و ڕوون)دا باس لە ئاشنابوونی لەگەڵ ئەدەبیاتدا دەکات و دەڵێت "من دەستکردی مامۆستا فەوزیم. ئەو هەڵیوەشاندمەوە و تێکی هەڵشێلام و سەر لە نوێی دروستی کردمەوە. ئەو دەرکی زانین و فێربوونی بۆ کردمەوە. ئەو ڕێگای ژیانی پێ نیشاندام. بێگومان ئەگەر نەچووبامە خزمەت فەوزی و لە لای ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەدەبوو کە گرتم و پێیدا ڕۆیشتم و ئێستایش بەرم نەداوە. ئەو فێری کردم زەوقی ئەدەبیم چۆن تیف تیفە بدەم، مشتوماڵی بکەم، ئەو فێری کردوم، چۆن بنووسم و چۆن شیعر بڵێم.. ئەو فێری کردم کوردی زمانێکی ڕەوان و بەربڵاو و دەوڵەمەندە و دەکرێ ئەدەبێکی گەورە و دنیا پەسەندی هەبێت.. ئەو حاجی قادر، نالی، کوردی، سالم، مەولەوی، حەریق، مەحوی، ئەدیب، وەفایی پێناساندم و شیعرەکانی ئەوانی بۆ شی کردمەوە".

هێمنیش، هەر وەک شاعیرانی تری کورد شیعری نیشتمانی، بەرەنگاری، کۆمەڵایەتی، ئەوینداری و... تۆمار کردووە.

بەڵام ئەو مەسەلەیەی کە ئەمن بە دەوریدا دەخولێمەوە هەنووکە مەسەلەی ئەوینداریتی شاعیرە بەرانبەر بە ئافرەتانی وڵاتەکەی. هێمن خۆی گەواهی ئەوەمان بۆ دەدات کە هەر لە سەردەمی لاویدا عاشقی کیژی کورد بووە، وەک خۆی لە (کوێو بۆ کوێ)دا دەڵێت "ئەوەیش دەبێت بڵێم من لە کولیجە بۆ یەکەم جار و ئاخر جار عاشق بووم، عەشقێکی پڕ سۆز و کوڵ و ئەفلاتونی، عیشقێکی پاک و خاوێن و ئاسمانی، عیشقێکی ساکار، بەڵام ئەو عیشقە زۆری نەخایاند، زۆری دەوام نەکرد. ئەو گڕ و کفە زوو دامرکا و خۆڵەمێشی فەرامۆشی داپۆشی".

(دیلی دیل) یەکێکە لە شیعرە کورت و پڕ واتاکانی شاعیر کە (٣٥) ساڵ لەمەوبەر نوسیوێتی، کە خۆی دەربارەی شیعرەکە دەڵێت "کچە کوردێکم لە کولیجە دی، لە دڵی خۆمدا خۆشم دەویست، بێدای و ئەوین هانیان دام، ئەم ڕووداوە بخەمە چوارچێوەی شیعرەوە،

خۆم لام وابوو بە هەزار دێرە شیعر ناتوانم هەستی خۆم دەرببڕم. کەچی ئەم گرەی دەروونم بە تاقە شیعرێک دامرکا".

ئەسیری بسکی ئاڵوزی کچە کوردێکی نەشمیلم
تەماشاکە چ سرێکە بە دەستی دیلەوە دیلم

هێمن لە سەرەتادا بە شیعری نیشتمانی دەستی پێکرد تەنیا شیعری بە باڵای کوردی ژێردەست دەوت. کاتێکیش کە لە ساڵی (١٩٤۶) کۆماره ساواکەی کوردستان دادەمەزرێت (هێمن) وەک کوردێکی غەمخۆر پەیوەندی پێوە دەکات و شان بە شانی (قازی محەمەد) و هاوڕێیانی تا دوا سات خەبات دەکات!

هەر روخانی ئەم کۆماریش وا لە شاعیر دەکات کە ئاوارەی (بەغداد) و (باشوری کوردستان) و دەوروبەری ببێت.

ئەم دورکەوتنەوەی شاعیر لە زێد و وڵات و خزم و کەسوکاری توانایەکی بێهاواتای لە هەستی شاعیردا خوڵقاند کە ئەمەیش وای کرد چەندین شیعری باڵای ئەویندارانە بەرهەم بهێنێت کە هەتا هەتایە لە دڵ و دەروونی کورد بمێنێتەوە، ئەمەیش لە ئەنجامی ئەوەی زمانی (هێمن) زمانێکی ساکار و بێ گرێیە، هەموو کوردێکی خوێندەوار و نەخوێندەوار پێی ئاشنان.

مامۆستا (هێمن) خۆی لە پێشەکی (تاریک و روون)دا ئەوەش دەگێڕێتەوە و دەڵێت "وەک سۆفی تۆبەکار تووشی هەر کیژێکی کورد دەهاتم سەرم دادەخست و چاوم لێ نەدەکرد، چونکە ئەوەشم بە خیانەت دەزانی. بۆ خاتری کۆمەڵە من دەستم لە یارێک هەڵگرت کە بە گەورەترین مەحرومیەتی ژیانمی دەزانم. رابردنی زەمانیش لە بیری نەبردومەوە و ناسۆری لە دڵمدا هەر ماوە".

ئەو شیعرە ئەویندارییانەی کە مامۆستا (هێمن) بەرهەمی هێناون، لە ئەنجامی ئەو مەحرومیەتەیە کە خۆی باسیان دەکات.
وتەیەک هەیە کە دەڵێت "ژنهێنان کۆتایی هێنانە بە خۆشەویستی"، بەڵام ئەمە بەسەر (هێمن) جێبەجێ نابێت و لەگەڵ سروشتی شاعیردا پێکنایەتەوە.

لەبەر ئەوەی (هێمن) پاش ژنهێنانی شیعرە دڵدارییەکانی بەرجەستە دەبێت. لە بەرامبەر ئەوەی دایکی ژنی بۆ خواستوە و بە ئارەزووی خۆی هاوسەری بۆ نەخواستووە. پێدەچێت ئەمە وای لە (هێمن) کردبێت لە نوسینەوەی ژیانی خۆی بە ناوی (لە کوێوە بۆ کوێ) ناوی هاوسەرەکەی نەبات. کە ئەمەیش گەورەترین رەخنە بوو لەسەری کەوت!

وەک لە شیعری (گۆمی خوێن، ناڵەی جوادیی، چارەنوسی شاعیر، دوژمنی جوان، رێژنە و...) بە گەشی دێنە بەر چاوان. بۆ نمونە لە شیعری (گۆمی خوێن)دا پیشەی شاعیر هەر گریان و ناڵینە، لە بەرامبەر ئەوەی یاری لێی رەنجاوە و تۆراوە لێی، بۆیە لە شێوەی چەند پرسیارێکە شاعیر روو دەکاتە یاری پێی دەڵێت:

عەزیزم بۆچی تۆراوی لە خۆڕا؟
چ قەماوە؟ دڵی تۆ بۆچی گۆڕا

ئەتو وا زوو لە بیرت کردم ئەمما
فەرامۆشت نەکەم شەرتە لە گۆڕا
لە چاوم دێ بەخوڕ فرمێسکی خوێنین
کەچی ئەم گۆمە هەڵنەچۆڕا

یەکێکی تر لەو خەسڵەتانەی کە (هێمن) لە شاعیرانی تر جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە زۆرینەی شیعرەکانی دوو تەوەر لە خۆدەگرێت، کە یەکێکیان سیاسی، ئەوەی تریان ئەویندارى، وەک لە شیعری (ڕێژنە) هەستی پێدەکەین:

تۆ بە لێنم پێ بدە تا بەرەو ژوان بممەوە
بمدەیە ماچێکی تەڕ لەو لێوە، تا جوان ببمەوە
دەستی لەرزۆکم تا تێیدایە هێزی بەی گوشین
لێم گەڕێ تاوێ لە باخی سینە میوان ببمەوە
شەنگەبێری بسڕەوە فرمێسکی بێ شوانی ئیتر
ڕەنگە هێشتا لەو چیا و زۆزانە بلۆ شوان بمبەوە

هەروەها لە (شەنگەبێری)یشدا ئەمە دەردەکەوێت کە شاعیر تێیدا وەسفی کیژی لادێ و پاککردنەوەی خاکی کوردستانی لە دەستی داگیرکەران کردووە:

ڕاستە، تۆ جوانی، لە باری، نازداری، شۆخی، نەشمیلی
کوڵمت گەشترن لە گوڵ و خاڵت ڕەشترن لە زیلی
جیابوونەوەت دەردە، بەڵام تۆش دەزانی تامی نییە
ژوان و شەورا و دڵداری، ڕاز و نیازی بە دیلی
زۆری نەماوە بێتە بەر نەمامی هەوڵ و خەباتم
لە داگیر پاک بێتەوە خاکی پیرۆزی وڵاتم
چەک دادەنێم، کۆچانەکەی جارانم هەڵدەگرمەوە
تۆ هەر بێری، من هەر شوان، فریشتەی تاسە و ئاواتم

عەشق هێندە بەسەر شاعیردا زاڵە، بۆیە هەندێ جار وای لێکردووە ئەو پەندانەی کە ناو کوردەوارییدا ڕەگ و ریشەی داکوتیە بە درۆی دەخاتەوە. پەندێک هەیە دەڵێت بە (خونچە) یەک بەهار نایەت، واتای سەوز بوونی گوڵێک بەهار نایەنێت. بەڵام (هێمن) ئەمە بەڕاست نازانێت و دەڵێت:

بەهار بوو فەسڵی زستانم ئەگەر یارم لەگەڵ بایە
درۆیە گەر گووتوویانە، بە غونچێکی بەهار نایە

یان قسەیەکی تر هەیە لە ناو کوردەواریدا کە دار گەورە بوو ناچەمێتەوە ترسی شکانەوەی نییە، دیسانەوە شاعیر ئەمە بە درۆ لە قەڵەم دەدات. بە هۆکاری ئەوەی کە وەکو ئەو دارە تەمەنی هەیە و کەچی کە دڵبەرەکەی دەبینێت وەکو داری تازە هەڵچوو(تووڵ) بۆی دەچەمێتەوە، کە ئەمەش بە داهێنان بۆ شاعیر دەژمێردرێت:

بە ریشی بۆزەوە سوژدە دەبەم بۆ جەمالی تۆ

ئەی بۆچی دەیانگوت دار کە پیر بوو، تازە دانایە

دەیان شاعیری کلاسیکی دەبینین بولبول و پەپولەیان کردووەتە نمونەی ئاشقانی دڵسوتاو و فیداکار کەچی (هێمن) پێچەوانەی ئەمە لە شیعری (دوژمنی جوان)دا دەڵێت:

بولبولی چی؟ پەروانەی چی؟ ئینسانم؟

منم مانای خۆشەویستی دەزانم

ئەم دەسوتێ، ئەو دەناڵێ و بڕاوە

من دەمێنم، من توشی دەرد و ژانم

مەبەستی (هێمن) لە گوڵی (گوڵی جوان) کە ناونیشانی شیعرەکەیە ئەوەیە کە کاتێک شاعیر ویستویێتی لە باغێکدا یارەکە ببینێت، بەڵام (گوڵ) کە سروشتی خۆی جوانە، بووە بە ڕێگر لە بەردەمی یارەکەیدا. ئیتر ئەو گوڵە بووە دوژمنی شاعیر. کە ئەمەیش یەکێکی ترە لە داهێنانەکانی شاعیر کە لە شاعیرانی دی جیایدەکاتەوە.

شاعیر ئەو دەمەی کە زێد و وڵاتی خۆی جێدێڵێت و روو لە (بەغدا) دەکات. هەر لەو دەمانەدا عاشقی خاتوون (ئەحلام مەنسور) دەبێت. کە (هێمن) تەمەنی (٦٠) ساڵان دەبێت و (ئەحلام)ی دلبەریشی (٢٠) ساڵان دەبێت. کە ئەمەیش وای کرد ئەو ببێتە ئیلهام بەخشی شاعیر!

ماچی سینەمایی یەکێکە لە شیعرە تەڕ و پاراوەکانی شاعیر، کە (ئەحلام مەنسور) لە بارەی چیرۆکی ئەم شیعرەوە، دەڵێت "من دانیشتبووم لای (کاکەی فەلاح) و (مستەفا نەریمان) بە حوکمی ئەوەی کە بۆی بڵاوبکەنەوە. شیعرەکانی ئەهێنا بۆ گۆڤاری (بەیان) من لە (هاوکاری) بووم. هەر بۆنی مامۆستا (هێمن)م بکردایە ئەچووم لەو مەجلیسەدا دائەنیشتم و بەخێرهاتنم ئەکرد و ئەملا و ئەولام ماچ ئەکرد و باوەشم پیا ئەکرد. رۆژێ هات و وتی "کاکە فەلاح ئەم شیعرەم نووسیوە ئەوشۆ بۆم هێناوی، بۆم بڵاو دەکەیتەوە؟". وتی "بەسەر چاو مامۆستا گیان" لە بەر پێی هەستان و شیعرەکەیان لێ وەرگرت، کە گەڕایەوە وتی "ئەتۆ دەزانی ئەم شیعرە بەشێکی لەسەر تۆم نووسیوە؟" وتم "با دەزانم وایە"

بەرەبەیانێک هات سەعات (حەوت و نیو) بوو، خۆش بوو. وتم "بەخێربێی. باوەشم پیا کرد وتم دانیشە ئیسراحەت بکە. دووەم رۆژ هات و وتی" ماچی سینەماییم نووسیوە. یەک بڕگە لە ماچی سینەمایی لە خوارە باسی من ئەکات، کە شووم کرد ئەم بڕگەیەم بڕی".
کە ئەمیش شیعرەکەیە:

وەرە یارم، وەرە ئەی تازە یارم!
وەرە ئەستێرەکەی شەوگاری تارم!
وەرە ئەی شاپەڕی باڵی خەیاڵم!
وەرە ئەی شەو چرای ڕووناکی ماڵم!
وەرە خاسەکەی ڕا و کەوی من!
وەرە ئۆخژنی سینەی پڕ گڕی من!
وەرە پیرۆزەکەی بەرزە فڕی من!
وەرە ئاونگی سەر پەلکی گوڵی سوور!
وەرە ئاورینگی گەرم و مەشخوڵی نوور!

شاعیر لە پارچە هۆنراوەی (بەهاری کوردستان)دا وێنەی رووخساری جوانی و لە باری ناسک و بێگەردی سیحراوی و بێ فڕ و فێڵی ئافرەتی کورد نیشاندەدات:

لێو ئاڵن، دەم بچووکن
خوێن شیرین، ڕەزا سووکن
کوڵمەیان وەک گوڵووکن

مام هێمنی تەڕپۆش لە شیعری (جۆلانە)دا، دڵی خۆی بۆ یارەکەی کردووە بە (جۆلانە) بۆ ئەوەی لێی بە دوور نەبێت و لە ئامێزیدا بێت:

دڵە کوتێم نییە، دڵم
جێی کیژێکی خانوومانە
مندالە، ئۆقرەی ناگرێ
بۆم دروست کردووە جۆلانە

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا مامۆستا (هێمن) ئازادی بەلاوە پیرۆزتر و گرنگترە وەک لە دوور کەوتنەوە لە ئافرەت و بە تایبەت (هاوسەرەکە)ی بۆیە، دەڵێت:

بەڵێ سەختە، یەکجار سەختە
دووری لە ژن، نا مرادی
بەڵام لە ژن خۆشەویستتر
لە لای من ئەتۆی ئازادی

گەورەیی و ناسکی شیعرەکانی ماموستا هێمن لێرەدا نووکی خامەی شکاندم زمانی لاڵ کردم، دەنا شتانی زۆرم مابوون بیانخەمە روو!

سەرچاوەکان:

١. هێمن نامە، عوسمان دەشتی، چاپخانەی رۆژهەلات، ٢٠٠٩
٢. هێمن، دەربارەی ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شیعرەکانی، عوسمان دەشتی، چاپخانەی رۆهەلات، ٢٠٠٩
٣. بارگەی باران، سەرجەم شیعری هێمن، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، ٢٠٠٣

سەرچاوە : ماڵپەری چەتر پرێس / ڕێکەوتی : ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٢



# نامۆیی لای شاعیری کورد "هێمنی موکریانی"

بەشی یەکەم:

**هێمن حەمە؛**

ئێمە وەک نەتەوەی کورد خاوەنی ئەدەبێکی دەوڵەمەندین، نوسینوو لیکۆڵینەوەش لەئەدەبی کوردی کارێکی هەروا سوک و ئاسانییە، بەڵکو هەوڵ و کۆششێکی زۆری دەوێت بۆ باسکردن و لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتێک، منیش لەم باسەی خۆمدا هەوڵمداوە بچمە ناوەڕۆکی بابەتەکە و شارەزایەکی باش پەیدا بکەم، باسەکەی منیش (غەریبی)یە لەشیعری هێمندا، چونکە هێمنی موکریانی نامۆییەکی بەرچاوی لەشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.



بۆیە منیش بەپێویستم زانی لەسەر نامۆیی لای هێمن بدوێم، چونکە پێویستە لەسەر ئێمەی کورد لەژیان و بەرهەمەکانی شاعیری ناوداری نەتەوەکەمان بزانین، نامۆیی لەئەدەبی ئەوروپی سەری هەڵداوە و هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە و ڕەنگی داوەتەوە بەتایبەتی لەشیعرەکانی هێمندا، کە ئەویش بەهۆی ئاوارەیی و دەربەدەری و دەردەسەری کە لەژیانیدا ڕووی داوە، ئەو نارەحەتیانەی کە لەژیانیدا بینویەتی لەئەنجامی خۆشویستن و دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی و خاک و نیشتمانی بوو، چونکە ئاواتی هەرە گەورەی شاعیر ئەو بووە کە نەتەوەکەی لەژێر ئالای کوردستاندا سەربەست بژێت، ئەوەش زیاتر بۆئەوە دەگەڕێتەوە پەرەی بەزمان و ئەدەبی کوردی داوە، چونکە زمانێکی پاراوی کوردی وشەی ڕەسەنی پەتی لەبەرهەمەکانیدا خستۆتە ڕوو بۆیە ئەدەب ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لەمێژووی شارستانیەت و کلتور، بەرئەوەی لەڕێگەی ئەوەیەوە دەتوانین خۆمان بەوڵاتان بناسێنین، ئەم شاعیرە مەزنە یەکێکە لەو شاعیرانەی هەمیشە لەهەوڵی ئەوە دابووە زمان و ئەدەبەکەی بەرەو پێش بەرێت.

ئەو باسەی منیش هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی هێمنی شاعیر و نامۆبوون، بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەستم بوون، سەرەتا لەبەشی یەکەمی باسەکەمدا چەمکی نامۆبوونم بەپێی بیر و بۆچوونەکانی نووسەر و ڕۆشنبیرانی بیانی خستۆتە ڕوو کە ڕاکانیان جیاوازە، ئینجا ڕاوبۆچوونەکانی ڕۆشنبر و نوسەرانی کورد.

ڕۆڵ و کاریگەری جەنگ و نەهامەتییەکان و ڕەنگدانەوەیان لەسەر هەست و سۆزی شاعیر و نوسەران، ڕۆڵی دواکەوتوویی کۆمەڵ و کاریگەری لەسەر هەستی شاعیر وە زوڵم و کاربەدەست و گەورە و ئاغاو بەگەکان کە بوونەتە هۆی ئاوارە و غەریب بوونی دڵسۆزانی خاک و نیشتمان پەروەران.

لەبەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەمدا ژیانی هێمن و غەریبی لەژیانی ئەو شاعیرە گەورەدا ڕوونکراوەتەوە و ئەو هۆکارانەی

کەبوونەتە هۆی ئەوەی کە خاکە خۆشەویستەکەی جێبێڵێ خستوومەتە ڕوو، هەروەها ڕەنگدانەوەی غەریبی لەشیعرەکانی هیمندا زۆربەی شیعرەکانی بۆنی غەریبی لێ دێ بەنموونەڕوونم کردۆتەوە کە زۆربەی زۆری دووری لەکەس و کار و نیشتمان کاری کردۆتە سەری، ئینجا غەریبی لەناڵەی جوداییدا کە شاعیر غەریبییەکەی لەناڵەی جوداییدا دەگاتە پلەی سوتان ئەو پەڕی نامۆیی شاعیر لەناڵەی جوداییدا خراوەتە ڕوو .

ئەو باسەی منیش تەنها بەس نییە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ژیان و بەرهەمە نامۆییەکانی هێمن، بەڵکو ئەو شاعیرە مەزنە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ کە من باسمان کردووە، چونکە ئەو توانی بۆشاییەکی گەورە لەئەدەبی کوردیدا پڕبکاتەوە، ئومید دەکەین توانیبێتم خزمەتێک بەئەدەبی کوردی بکەم.

## چەمکی نامۆبوون (غەریبی)

((لەڕاستیدا ئەم چەمکە ئاماژە بۆ : نەبوونی دەسەلات ، دوژمنایەتی ، بێزاری ، شکست ، گۆشەگیری ، نەبوونی جیهان بینێکی ڕوون ، یاخود نەبوونی مانایەن لەواقعی ژیانداو دابڕان لەخوود دەکات))

سەبارەت بەچەمکی نامۆبوون لەڕووی سەرەتا بەکارهێنانی چەمکی نامۆبوون بەپێی سەرچاوەکان دووبیرو بۆچوون لەبارەی بەکارهێنانی چەمکی نامۆبوون هەیە . کەهەندێک لەو سەرچاوانە ئاماژە بەوەدەکەن کە (هیگڵ) یەکەم کەس بووە کەچەمکی نامۆ بوونی بەکارهێناوە ، بەلاّم هەندێک سەرچاوەی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن کە (ڕۆسۆ) یەکەم کەس بووە ژەمکی نامۆبوونی بەکارهێناوە .
من لێرەدا دەتوانم بەپێی مێژوو و ساڵ بڵێین کە (ڕۆسۆ) یەکەم کەس بووە چەمکی نامۆبوونی بەکارهێناوە . منیش ڕاوبۆچوونی هەندێ لە نوسەران و ڕۆشنبیران دەخەینەڕوو دەربارەی چەمکی نامۆبوون.

ڕۆسۆ ، (١٧١٢- ١٧٧٨) دەڵێ : ((کاتێک هەندێک لەنوێنەران بەنوێنەرایەتی گەل هەڵدەستن ئەوا ئەو گەلە ناتوانێت سەروەریەتی خۆی پیادەبکات و لەچوارچێوەی نیشتیمانەکەیدا گۆشەگیردەمێنێتەوەو هەست بەنامۆیی دەکات))() .
هیگڵ ، (١٧٧٠-١٨٣١) پێی وایە ((نامۆبوون دەرئەنجامی جیاوازی هەل و مەرجی تاک لەواقعی کۆمەلاّیەتیداو سروشتە جەوهەریەکەیدا وەک مرۆڤ ڕوودەدات ، کەبێتە مایەی نامۆبوونی خودیانە().
مارکس ، (١٨١٨- ١٨٨٣) دەڵێ : ((ئەو دیاردە کۆمەلاّیەتیانەیە کەبەهۆی چەندین ئاستەنگی دەروونی و کۆمەلاّیەتیەوە کە دەکەونە نێوان وجوودو میکانیزمی مرۆڤ و حەزە مەعنەویەکانیەوە دروست دەبێ))() .
دۆرکایم دەڵێ : ((ناپێوەرگەرایی یاخود لەناوچوونی پێوەرەکان بۆ دواکەوتنی سیستەم و ڕێسا ڕێکخەرەکانی ڕۆڵی تاکەکان لەکۆمەڵگادا دەگێڕێتەوە ، ئەو تاکەی گیرۆدەی نامۆبوونە لەدیدی دۆرکایمدا ئەوتاکەیە کەمل کەچی هیچ جۆرێک لەپێوەرنانێ و ئەوەیە کەڕێساوشێوازەکانی ڕێکخستنی پێداویستیەکانی ئاڕاستەکردنیان بەرەوکارکردن و مومارەسەی ڕۆڵە کۆمەلاّیەتیەکانی لەژیانداوون دەکات))() .
(یۆدین و ڕۆزینتاڵ) نامۆیی وەک زاراوەیەکی فەلسەفی دەناسێنن : ((تێگەیشتنێکە لەئەنجامی ئاڵوگۆڕی بەرهەمی

چالاکیەکانی مرۆڤایەتی – کۆمەڵایەتی لەبارودۆخی تایبەتدا ، هەروەها گۆڕینی پەسەن و توانای مرۆڤ بۆشتێکی تری جیاوازی بەسەردا زاڵ بوو))().

((لەفەرهەنگی ئینگلیزی کۆندا (١٨٩٠) نامۆیی بەنامۆکردنی عەقارو خاوەنداریەتی لەخاوەنی خۆیان دەناسێنێ ، واتە گۆڕینی خاوەنداریتی عەقارو خانوو لەخاوەنەکەی خۆیان بۆ کەسێکی تر . دواتر لەفەرهەنگی ئۆکسفۆردی (١٩٨٩) چاپی دووەم نامۆیی بەناسازێکی مێشک دەناسێنێ کەبۆی هەیە هەستی نامۆیی بەکەسێک ببەخشێ لەناو کۆمەڵگایەکی دروستدا))().

(کارل جاسیز) دەڵێ : ((بوونی ڕەسەن تەنیا بەنامۆبوون لەکەسانی تر جێ بەجێ دەبێ ، لەسەر مرۆڤ پێویستە بەتەنیاڕوو لەخودابکات و ژیانێک دوور لەکەسانی تر بژیت ، کەپارێزگاری یەکایەتی و سەربەخۆیی لەخۆبگرێ))() .
جگە لەوانەی سەرەوە هەندێک نوسەرو ڕۆشنبیری کوردیش ئاماژەیان بەژەمکی نامۆیی کردووە کەلێرەدا ڕای هەندێدکیان دەخەینەڕوو
(نەجات ئەسپیندارەیی) دەڵێ : ((بزاڤی تەغریبی یەکێکە لەو بزاڤانەی کەلەئاکامی دۆخێکی نارێک و کەش و هەوایەکی ناسازو خەفەبوونی هەموو خۆزگەو خەونەکان لەناو شاعیرو هونەرمەنداندا دروست بووە))() .
(کەریم شەریف قەرەچەتانی) دەڵێ : ((نامۆبوون دیاردەیەکی دەروونی یە لەئەنجامی کارلێکردنی کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی یەوە دروست دەبێت ، لەوانە هەژاری و لێ قەومان و مارەساتی دڵتەزێن و نەبوونی هێزو پاڵ پشت و پەنا ، چارەسەر نەکردنی گرفتەکانی ژیان و نەبوونی پلەوپایەو ڕێزو خۆشەویستی لەناو کۆمەڵ ، تاک هەست بکات بێزارو پشت گوێ خراوەو هیچ بەهاو نرخێکی نی یە))().
(ڕۆستەم باجەلان) دەربارەی چەمکی نامۆبوون دەڵێ : ((تەغریب حاڵەتێکی سیکۆکۆمەڵایەتیە لەناوەوەی مەڵبەندی لەدایک بوون و دەرەوەی ئەوەوە سەرهەڵدەدا ، جار هەیە تەغریب وێڕای دوورکەوتنەوە لەوڵات ، ئەوە چەند مانایەکی فەلسەفیشی سەبارەت بەگەردوون و مەرگ و ژیان و ...لێدەبێتەوە))().

بەڕای منیش نامۆیی بریتی یەلەو حاڵەتەی زۆر جار بەهۆی ئاوارەیی و دوورکەوتنەوەوە هەست کردن بەزوڵم و زۆری و چەوساندنەوەو بەهۆی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و دەروونی بەسەرتاکدا بێت بەوەش تاک نامۆ دەبێت . جگە لەمەش نامۆبوون لەئەنجامی لێستاندنەوەی ماف و ئازادی دێتە ئاراوە .

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا چەمکی نامۆبوون کارێکی هەروائاسان نیە ، ئالێرەوە بۆچوونەکان نارێک و ناتەبا دەبن ، بەڵام ئەوەی شایەنی باسە سەرجەم بیرو بۆچوونەکان سەبارەت بەچەمکی نامۆبوون ئەوەدەخەنەڕوو کەڕەگەزەکانی نامۆبوون ئاماژە بەنامۆبوون دەکەن وەک دوورکەوتنەوە لەوڵات و تەنیایی و دووره پەرێزی ...هتد.

١١ شوبات ٢٠١٢ / ١١ی فێوریبەی ٢٠١٢

# نامۆیی لای شاعیری کورد "هێمنی موکریانی"

## بەشی دووەم

**غەریبی و نامۆیی ڕەگێکی دوورو درێژو مێژوویەکی کۆنی هەیە کەدەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئادەم و حەوا .**

دەتوانین بڵێین لەزۆربەی کات و لەزۆر شوێندا ئەو هەستە دڵ و دەروون و بیرو هۆشی شاعیران و ئەدیبانی قۆرخ و داگیرکردووە . بەتایبەتی لەجەنگی یەکەم لەئەوروپا کاریگەریەکی زۆری کردە سەرشاعیران و نوسەران کەئەوجەنگە ماڵ وێرانی و کاولکاری زۆری لەدوای خۆی بەجێ هێشت و ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند .



کە شاعیران و نوسەران بەتەواوەتی بێزاری خۆیان دەردەبڕی و لەنێو خاک و ئاوو وڵاتی خۆیاندا لەو پەڕی غەریبی و نامۆیدا دەژیان . هەروەک و شاعیرە ڕۆمانسیەکان کەلەنێو جەنجاڵی خەڵک و ئاپۆڕای مرۆڤەکاندا خۆیان بەغەریب دەزانی ، لەناو ئەو حەشامەتەدا خۆیان بەنامۆو غەریب و گۆشەگیر دەزانی.

ئەوە وایکرد کۆمەڵێک لەشاعیران و نوسەران بیرلەدەرکردنی بەیاننامەیەک بکەنەوە لەساڵی ١٩١٤ لەشاری زویخ (سویسرا) بەناوی دادایزم کەلەبابەتە هونەری و شیعرەکانیاندا کوڵی دڵی خۆیان دەردەبڕی و ئەوەی کە لە دڵ و دەروونیاندا پەنگی خواربۆوە لەقاڵبێکی هونەری بەرزدا دەیان خستەڕوو .

ئەوەش لەسەر دەستی کۆمەڵێک لەشاعیران و نوسەران بەرێبەری (تریستان تزارا) . هەر بەهۆی ئەو کارەسات و ماڵ وێرانیەی ئەوجەنگە دوای ئەوە کۆمەڵێک لەشاعیران و هونەرمەندانی دیکە لەساڵی ١٩٢٤بەیاننامەیەکی دیکەیان دەرکرد بەناوی سوریالیزم کەنوسەرانی ئەو بەیاننامەیە بریتی بوون لە (ئاراگۆن ، ئەپۆلێنیر ، ئەندریا پرۆتۆن ...هتد) .

ئەوانیش هەر لەئەنجامی ئەو جەنگە کاولکاریە بوو کێشەی چینایەتی و نەتەوایەتی قووڵ بۆوەوباری گوزەرانی خەڵک و شیرازەی ژیان تێکچووبوو ، کە ئەوشتانە زۆر بەگرانی لەسەر مرۆڤایەتی کەوتەوەو کاریگەریەکی نالەباریان لەدوای خۆیان جێ هێشت و خەڵکی خستبۆ دڵەڕاوکێ و ڕەشبینی یەکی زۆرەوە .

لەلایەکی دیکەشەوە پێش ئەو مێژووەی باسمکرد ئاوارەیی و غوربەتی و دەربەدەری و نامۆیی هەبووەو زۆر لەشاعیرانی کورد لەبەر ستەم و زۆرداری میرو بەگ و ئاغاکان لەزێدی باب و باپیرانی خۆیان وڵاتیان جێ هێشتووەو ڕوویان لەوڵاتی غەریبی و نامۆیی

کردووە ، یاخود زۆرجار ئەو شاعیرو نوسەرانە لەنێو خاک و وڵاتی خۆیان تووشی ئەو نامۆیی و غوربەتە بوون .
من لێرەدا تەنیا نموونە بەحاجی قادرو پیرەمێردو شێرکۆ بێکەس دەهێنینەوە لەئەدەبی کوردیدا دەربارەی حاجی قادری کۆیی کە بەهۆی زوڵم و ستەمی شێخ و ئاغاو دەرەبەگەکان تووشی نەهامەتی و ئاوارەیی دەبێت و ڕوودەکاتە وڵاتی غەریبی و لەوڵاتی غوربەتیان ئەو شیعرە دەڵێ :

لەڕۆما کەوتە بەرچاوم کەسێکی هایم و حەیران
لەڕەنگا تێگەیم کوردە بەشێوەی کوردی کوردستان
کەچوومە خزمەتی : پرسیم برادەر خەڵکی کام جێگای
لەکام لاهاتووی ؟ گریاو گوتی : بابان : گوتم بابان :
دڵم داوەو گوتم : هەمووومان بێکەسین لێرە
چ قەوماوە گەلی حەیفە مەگری هەروەکو باران()

ئەگەر سەیری ئەو شیعرەی حاجی قادری کۆیی بکەین دەبینین کەبەشێوەیەکی سادەو ساکار گوتویەتی ، بەڵام ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە کەحاجی قادری ئەو شیعرەی لەوڵاتی غەریبیدا گوتووەو باس لەغوربەتی و ئاوارەیی و نامۆیی و بێکەسی کورد دەکات .
هەروەها یەکێکی دیکە لەوشاعیرانەی کەتوشی غەریبی بووەو ماوەیەکی زۆر لەتورکیا ژیاوە ، کاتێک بۆ کوردستان بەکۆڵێ هیواو ئاواتەوە گەڕاوەتەوە کە بۆماوەیەکی دوورو درێژبوو لەناو دڵ و دەروون و هەست و هۆشیدا پەنگی خاردبۆوەو هەر ڕۆژە خەیاڵێک پورە هەنگێکی شارستانی تێدابەدی دەکرد ، بەڵام کاتێک سەری بە کوردستاندا کرد لەخانووە زە لو قامیشەکانی جاران بەولاوە هیچی دیکەی بەدی نەکرد کە ئەوەش وای لە پیرەمێردکرد کە ئەو هیواو ئاواتەی پێشتر هەیبوو وەکو بەفری سەر لەتکەی چیاکان توایەوەو زیاتر پیرەمێردی ڕەشبین و نائومێد کرد هەر وەکو دەڵێ :

ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بەشەو
وەک من بەداخەوەن ، نەسرەوتیان هەیە نەخەو
چەند ساڵە ئاشنای شەوی بێداری یەکترین
وەک سەرسەرین ، شەوێ سەر ناکەینە سەر سەرین
من خوارۆژوور لەدەست چووەکەی پێوڵەت خۆم ئەوان
وەک خێڵی خوارۆژوورکەری کورد : وێڵی ئاسمان ()

(( (لەدەربەندی پەپوولە)ی شێرکۆ بێکەسدا تەنیایی و ئاوارەیی و سوتانی شاعیر دەبینرێت ، ئەگەرچی شاعیر نامۆیە بەلەش ، بەخاک ، بەزمان بەهەموو شتێک ، بەڵام نامۆیی شاعیر سەرچاوەی داهێنانەو ئیلهامی شیعری جوانە ، شاعیر پەنادەباتەبەر بای (ستۆکهۆڵم) کەجەستەی لوول بداو بەخاکی کوردستانی ئاشنا بکات))

ئەگەر جارجار (با) هەڵبکات

ڕائەکەم بۆ چەند ساتی ئەچمە بەری
ئەڵێم بەشکو ئەمجارەیان
ئائەم بایە
وەک ڕەشەبای سلێمانی
بەبرِو تاوبی و هەڵمبگرێ و
تۆزی خۆڵ بکاتە چاوم()

هەرچەندە شاعیرێکی دڵناسکی وەک شێرکۆ بێکەس دووری لە وڵاتەکەی هێندە دووردرێژ نەبووە ، بەڵام تەنیایی و دووری مرۆڤی ئاسایی خۆی بۆ ناگرێت جاچجای ئەوەی شاعیرێکی وەکو شێرکۆ بێکەس هەر بۆیەش نامۆبوون و بێزاریەکی بێ وێنە بەشیعرەکانیەوە دیارە ،

کەواتە دەتوانم بڵێم یەکێک لەهۆکارە هەرە گرنگەکانی نامۆبوونی شاعیرو نوسەران دەگەڕێتەوە بۆ ئاوارەیی و دووره وڵاتی کەبەجارێک ئەو شاعیرە یاخود ئەو نوسەرە بێ ئومێد دەکات و هەرەسی پێ دێنێت بەتایبەتی بۆ کەسانی شاعیرو نوسەر کەهەستیان زۆر ناسکەو لەخەڵکی ئاسایی جیادەکرێنەوەو زیاتر هەست بەشتەکان دەکەن و لەئازاری نەتەوە دەگەن ، برینەکانیان سارێژ نابێت و خوێنی لێ دەچۆڕێت .

١٥ شوبات ٢٠١٢ / ١٥ی فێوریەی ٢٠١٢

## نامۆیی لای شاعیری کورد "هێمنی موکریانی"

### بەشی سێیەم:

## غەریبی لەشیعری کوردیدا

لەئەدەبی کوردیدا هەر وەکو چۆن بوارەکانی دیکەی ئەدەب وەکو لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ...هتد بەهەمان شێوەش غەریبی و نامۆیی لەئەدەبی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوەو بەرچاو دەکەوێت دەتوانم نموونە بەهەندێ شاعیر بهێنمەوە بەنمونەی شیعریەوە :-
نالی لەچامەکەی کە بۆسالمی دەنێرێت لەشامەوە لەوڵاتی غەریبیا دەژیت بەدەم هەنسکی گریانەوە ڕاسپاردەی دڵی هەڵقرچاوی بەهەموو داروبەردو شیوەکانی و شارودێ و وڵات تەسلیم بەبادەکات و دەڵێ :

زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەلال
ئایە دەکەومە زارو بەدڵدا دەکەم خگور
لەم شەرحی دەردی میحنەتە لەم سۆزی غوربەتە



دڵ وەختە بێ بەئاوو بەچاوما بکە عبوور
ئایامەقامی ڕوخصەتە لەم بەینە بێمەوە
یامەصڵەحەتە توقفە تایەومی نەفخی سور()

یان لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ :

یا تورپەتی یا غوربەتی ((باری)) بشکێنن
هەر مونتەزیرە نالی ئەگەر مردو ئەگەر ما()

گۆرانی شاعیر لەغەزەلێکی فرمێسکاویدا کەبریتی یە لەدەربڕینی ژان و ئازاری خەم و پەژارەو ڕەشبینی شاعیر کە دەڵێ :

تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف ، بەحیسابم
بآ نالە نیە سانیەیەک تاری ڕوبابم
هەر لە خگەیەکی مەهدی هەزار گریا بۆ ئەفسوس ،
لاسای منالێم و هەموو عومری شەبابم :
گەر ڕاستە فەلەک نامەی ئەعمالم ئەنووسێ
با سوربێ وەکو خوێنی جگەر خەتی کیتابم
شەمعێکە لەسەر لێوە لەرەی مینەتی من ڕۆژ ،
ئەستێرەی شەو شاهید من سەختە عەزابم()

جاهدی شاعیر واهەست دەکات لەژیانی ئادەمیزاد دابڕاوەو هاودەمی تەنیایی و خەم بووەو هاوڕێی ڕاستە قینەیەتی لەو بارەیەوە دەڵێ :

چەند ساڵان گەڕام سوک و ڕیسوایی
بێ یارو هاودەم تاک و تەنیایی
تەنیا هەر غەم بوو یارو ئەنیسم
هۆگرم بووبوو زۆر بەسانایی()

دیلانی شاعیریش ((هەرچی نیگایەکی شین)) ە کەیەتی کەوا لەگەڵ ئەوەی ئەمیشیان کەهەر لەدایک بووی ناو زیندانەکانەوە چرۆکردووی هەست و سۆزی کەسی خۆیەتی وەک خەبات کەرێکی دابڕاو لەکۆڕی تێکۆشان ، دەبینین لەمیانەدا زیاتر یادگارو بیرەوەریەکان دەم بەتۆوە شیعریەکەی دەکەونە گیانێکی خەماوی و بەتاقیکردنەوەکەی دەبەخشن .

وامن کەوتوومە ئەودیو دیواری قووچ

ئەو ئاواتەی هەم بوو ڕۆیی ئەویشم پووچ

لاواندنەوەی جەستەو بیری ماندووی بەو ئاوازە خەماویەی بۆ یەکەمجار لەم قۆناغەی تەمەنی شیعریەکەیدا دەبیستریّ ، ئاکامێکی ئەو حاڵەتەی دابڕان و تەنهایەی ناو دیوارەکانی بەندیخانە بووەو دەنگدانەوەی ئەو هەست و سۆزە وروژاوەی دەروونین کەئاسۆی سەرفرازلا یان دوورتر لەوە پێشانداوەتەوە کەچاوەڕێی دەکرد))()

هێمنی موکریانیش یەکێکە لەو شاعیرانەی کەبۆنی غەریبی لەشیعرەکانی دێت و زۆربەی هەرە زۆری ژیانی لەغەریبی دا بردۆتە سەرو لەژیانیدا ئاواتەکانی نەهاتۆتەدی ، هەر وەکو خۆی لەشیعرێکدا باس لەنەهامەتی خۆی دەکات و دەڵێ :

لاپەڕەی ژینم هەمووی هەڵدەیتەوە تێی دا نیە

باسی فرمێسک و هەناسەو شیوەن و ماتەم نەبێ()

یان هێمن لەجێگەیەکی دیکەدا دەڵێ :

قەت لەدنیادا نەبوو بێجگە لەناخۆشی بەشم

مات و داماوو پەشێوو بێکەس و چارە ڕەشم()

بەختیار زێوەر ((دەکەوێتە وێڵی و سەرگەردانی و سەرلێشێوانی ڕۆمانتیکەوەو مەبەست لەوێڵی بەدوای شوان و شمشاڵدا دەردەبڕێت ئەوە دەردەخا کەلەگەرمەو کوڵی گریانی ڕۆمانتیکیدا ، لەجەرگەی سەرلێشێوان و سەرگەردانیدا دیلی پێکەنین و شادیە ئەوەی لەسروشت دەدوێت دوور لەشارستان ، ئەگەر لەباوەشی سروشتدا بێت ئادەمیزادی لەبیر نەچێت ، ئەوە هەر شوانی و دوور لەخەڵکە))

شەو هەتاکو بەری بەیان

دڵەکەم پڕ لەزاری یە

دەنگەکەم ئێستا بێ گومان

پڕ لەسۆزی هەژاری یە

بۆ کوڵمی ڕوت ئەکەم فوغان

دیدەنیت بەختیاریە

وا بەهار هات و سەر زەمین

بۆتارای سەوزو شین

هەموو دڵدارێک پێک گەین

تۆش وەرە بم کە شادمان()

بێکەس لەشیعرێکدا ((هاتنی وەرزی بەهاری بەدڵ (تەنگی ، غەم ، ناخۆشی ، شین ، بێزاری ، دەرد) ە کانی دڵ ودەروونی خۆیەوە گرێداوە ، لەگەڵ باری ژێردەستی و ژانی گەلەکەیدا تێکەڵ کردووە))

بەهار نامەوێ ، جوانیت ببینم
ئەمرۆ ، من بەدڵ پەست و غەمگینم
دوورم لەخۆشی ، خەریکی شینم
زارو بێزارم ، تایکە ژینم
دوژمنی لالەو گوڵ و نەسرینم
بەهار نامەوێ جوانیت ببینم()

شێرکۆ بێکەس لەو شیعرەدا بەتەواوەتی بێزارو غەمگینە لەکاتێکدا هێندە خۆی بەغەریب دەزانێ کەدوژمنی هەمووشتێکە و نایەوێت هیچ شتێکی جوان ببینێ تەنانەت نایەوێ بەهارو جوانی بەهاریش ببینێت ،
هەروەها شاعیر خۆی بەکەسێک دەزانێ کەدووربێت لەهەموو خۆشی و شادیەک ، خەریکی گریان و شینکردنەو خۆی بەکەسێکی ڕەشبین لەقەڵەم دەدات ، خۆی بەمرۆڤێکی بێ ئومێدو بێ هیوا دەزانێت لەکاتێکدا خەڵکان لەبەهاراندا دڵ خۆش و شادمانن ، بەڵام شاعیر بەپێچەوانەی خەڵکەوە خۆی بێبەش دەکات لەو خۆشی و شادیەو بەدڵ خۆی بەدوژمنی بەهارو جوانیەکەی دەزانێت .

١٨ شوبات ٢٠١٢ / ١٨ی فێورییەی ٢٠١٢

---

## نامۆیی لای شاعیری کورد "هێمنی موکریانی"

### بەشی چوارەم:

((ئێمەی کورد ئەمرۆ وابەتەنگ هەنگاوێکی زۆر گرنگ و تازەدا دەچین کەنیشانەیەکی پێشکەوتنی هەرە پرشنگدارە لەڕەوتی ڕۆشنبیری گەلی کورد ، ئەم هەنگاوە تازەیەش هەڵکردنی چرای زانستی و فێربوونی زانستە))

نەتەوەی کورد هەر لەدێر زەمانەوە کۆمەڵێ کۆسپ و تەگەرەی هاتۆتە ڕێ ، کەهەمیشە ڕێگەی پێشکەوتنی لێ گرتووەو بەرەو دواکەوتوویی هەنگاوی ناوی ، ئەوەش بەڕوونی لای شاعیران و نوسەرانی کورد ڕەنگی داوەتەوەو بەشیعر باسی ئەو دەردە کوشندەیان کردووە ، نمونە هەر لە سەردەمی جەنگی چاڵدێرانەوە ١٥١٤ ز لەنێوان عوسمانی و سەفەویەکاندا ڕوویدا تاساڵی ١٨١٣ز بەردەوام کوردستان وەکو شەڕی نێوان ئەو دوو زلهێزە بەشی هەر کاولکاری بووە ، یان لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕش و میرنشینە کوردیەکان گەیشتنە لوتکەی دەسەڵاتیان ، بەڵام لەلایەن هەندێک خۆفرۆشەوە دەستی ڕەشی داگیرکەری خوێن مژ هێندراوەتە ناو شۆڕش و

میرنشینە کوردیەکان ، وەکو (شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ، شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر ، شۆڕشەکەی کۆماری کوردستان ، شۆڕشی بەدرخان پاشا ...هتد) .



یەکێکی دیکە لەو هۆکارانە زوڵم و زۆرداری و نادادپەروەری چینی ئاغاو دەرەبەگ لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا، بەردەوام چینی هەژارنیان چەوساندۆتەوە هەتا پێیان وابوو چینی هەژارو جوتیار بۆیان نی یە بخوێنن ، یان سەربەست نەبوونی ئافرەتی کورد کە ئەویش هۆکارێکی دیکەی دواکەوتوویی کۆمەڵە ، کەلەبەرهەمی زۆربەی شاعیرە کوردەکاندا شیعری بەسەردا گوتراوە، لەوانە بێکەس لەشیعری (نەسرین دەمێکە)، گەلێک هۆکاری دیکە کەبوونەتە هۆی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی لای شاعیران باسی لێوە کراوە هەندێک جار بۆتە هۆی ئاوارەبوونی شاعیرەکەش لەوانە (پیرەمێرد، هێمن، حاجی قادر ...هتد)، کە ئەو شاعیرانە باسیان لەو دەردە کردووە، هەندێک جار چارەسەریشیان بۆ داناوە.

بۆیە بەپێویستم زانی باسی دەردی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی بکەم لای هەندێک شاعیری کوردی لەوانە (حاجی قادر ، شێخ لەتیف ، فایەق بێکەس، هێمنی موکریانی ...هتد) .

حاجی قادری کۆیی ((لەقوڵایی دڵیەوە ئیمانی بەدیموکراسی هەبووە . باسی دیموکراسی لەوڵاتە پێشکەوتووەکان دەکات و دیارە ئەوپەڕی ئاواتی ئەوە بووە ڕۆژێک ڕژێمێکی دیکە لەوڵاتە پاشکەوتووەکەی ئەو ، دابمەزرێ))

بەتەکبیری ئومووری ملکی خۆیان
شەریکن پینە دۆزو شوان و گاوان
لەجۆشین و خرۆشین پورە هەنگن
بەمن چی کافرن یاخود فەرەنگن()

دیارە حاجی قادر لەوشیعرەدا مەبەستی ڕوون و ئاشکرایە کەئەوەیە دەڵێ : ئێمەی میللەتی کورد سەیری وڵاتە پێشکەوتووەکان بکەین کە چۆن ئەوان لەسایەی پیشەسازی و پێشکەوتندا هەموویان وەکو پورەی هەنگ هاوکاری یەکتر دەکەن بۆبەرەو پێش بردنی خاک و وڵاتی خۆیان ، کەدەبێ چاو لەوان بکەین و هەوڵ بدەین گرنگی بەیەکڕیزی خۆمان بدەین ، هەروەها حاجی قادر لەو شیعرەدا باس لەوەدەکات کە بەمن چی ئەوان ئاوا یەکگرن و هاوکاری یەکتر دەکەن دیارە لێرەدا مەبەستیەتی بڵێ ئەگەر ئێمە هەمووومان ڕاست دەکەین لەگەڵ یەکتردا با هەموومان دەست لەناو دەست بکەین بۆ بەرەو پێش بردنی خاک و وڵاتمان.

شێخ لەتیف ((لەکەم و کورتی ژیانی کۆمەڵایەتی دەدوێت ، شیرازەی کۆمەڵ تێک چووە کەس نازانێ گورگ و مەڕ کامیان دۆستەو کامیان دەژمنە . شاعیر لەسەر ئەو ڕایەیە کەخزمەت کردنی سەگ باشترە لەخزمەت کردنی ئەو چینە زۆردارەی فەرمان ڕەوایی

دەکات))

زۆر ئەسەف وا ئەشکی حەسرەت چاوەکانی گرتووە
دەنگی ئایوو ئۆی دڵمە سازی دەروونی سینەکەم
پێم ئەڵێن گە دەستی ڕەحمەت بۆ شیفای بەزوو
تۆبە لەوکارەت بکەی عەیبی نەزانان پینەکەم
گورگ و مەڕ مەعلووم نی یە ئەمڕۆ لەدنیادا عەزیزم
خزمەتی سەگ باشترە نەک خزمەتی ئەم چینەکەم()

بەڕای من شێخ لەتیف لەو شیعرەدا ئاماژە بەوە دەکات کەکۆمەڵ بەشێوەیەک شیرازەی تێک چووەکە کەس ئاگای لەکەس نەماوە ، کەئەوەش هۆیەکە لەهۆیەکانی دواکەوتووی کۆمەڵ ، هەروەها ڕەخنە لەچینی دەسەلات دەگرێت کەلێرەدا ئەوە دەخاتەڕوو کەچینی دەسەلاتدارو زوڵم و زۆری لەخەڵکی هەژارو نەدار دەکەن کەکورد لەو سەردەمەدا بەهۆی ئەو زوڵمەی کەلێی کراوە نەیدەتوانی وەکو پێویست گەشە بکات و بەرەو پێشەوە بڕوات .

بێکەس ((بەهەمان شێوە شیعرەکانی پابەندی گۆڕانکاریەکانی سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریەو هەوڵی داوە لەپێناو دەست نیشان کردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و چارەسەرکردنیان چونکە چارەسەرکردنی کێشەکانی نەخوێندەواری و نەزانی و دواکەوتوویی ، پەردە لەخودی ئافرەتێک هەڵدەداتەوە کەوەکو گیانێکی مردوو لەپەراوێزی ژیاندا بۆئەو مەبەستەش لەمیانەی دەقی شیعری (نەسرین) داوا لەئافرەت دەکات ، وەکو دایکێک لەکۆمەڵگەدا ، لەبواری پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەی دواڕۆژدا بەئەرکی خۆی ڕا پەڕێت))

نەسرین دەمێکە داخت لەدڵمە
گیرۆدەی بەندی ژیانت زوڵمە
هەستە تێکۆشە تاخوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە()

شاعیر باس لەهۆکارەکانی دواکەوتوویی کۆمەڵ دەکات ئەویش ژێردەستی ئافرەتی کوردە کەهەردەم لەژووردایەو گۆشەگیرو چەوساوەتەوە لەلایەن کۆمەڵگای کوردیەوە کەشاعیر لەوشیعرەدا داوا لەئافرەتی کورد دەکات کەچی دیکە لەژوورەوە نەبن و بەڵکو دەڵێ ئێوەش وەکو ئافرەتی دیکەی جیهان هەستنە سەرپێ و تێبکۆشن و برەو بەرۆشنبیری خۆتان بدەن کە چۆن ئافرەتانی دیکەی جیهان لەسایەی خوێندندا گەیشتوونەتە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری .

یان لەشوێنێکی دیکەدا بێکەسی شاعیر ((ڕوو لەکورد دەکاو داوایان لێ دەکات واز لەنیفاق و خۆخۆری و ناکۆکی نێوان خۆیان بهێنن و ڕێک کەون))

لەم عەسرەکەوا عەسری بیستەمە
هەموو میللەتێ خاوەنی حوکمە
هەر کوردی نەکبەتی والەژێر غەمە
کاکە خواو ئیشی نابەجێ ناکا
تاکێو نەبینێ بەفری تێ ناکا()

بەختیار زێوەر ((هۆی دواکەوتن بۆناتەواویەکانی نەتەوە خۆی دەگێڕێتەوە ، دەمێکیش داوالە کورد دەکات چاو لەڕۆژئاوا بکەن و پێش بکەون))

کوردینە وەرن بالەخەیاڵی هونەردا بین
بۆ عیلم و ئەدەب گورج و لەڕێگای سەفەرابین
ئەم عەسرە زەمانێکە تقدم غەمی عامە
هەر وەلوەلەی عیلمە کە ئومێدی عامە
وەتەن تۆ گوڵێکی ئەنیسی حەیاتم
وەتەن تۆنیشاتی دڵی بێقەراری
کەسێ قەدری تۆی لانەبێ بێ دەماغە
بەئاب و هەوات جێگەی ئیختیفاری()

ئەحمەد موختار جاف دەڵێ :

لەخەو هەستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزل و هونەرتانە
دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیب و بێکەس و مەزڵوم
بەگورجی بیبڕن ئەو ڕێگە دوورەی والە بەرتانە()

شاعیر دەنگی ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بەگەلی کورد بەرزدەکاتەوەو دەڵێ : ئەی نەتەوەی کورد لە خەوی بێ ئاگایی هەستە بەخۆدا بچۆوە ، چونکە مێژووی هەموودنیا شایەتی گەورەیی و هیمەتی تۆیە ، بۆیە
هەوڵبدەو تێکۆشە ئەی ئەو کوردەی کە بەدرێژایی مێژوو هەر لەدێر زەمانەوە تاکو ئەمڕ غەدرت لێ کراوەو وێران بووی ، هۆشت بێنەوە بەر خۆت .
قانی : ((لەو هۆیە سەرەکیانە دەدوێت کەکوردیان دواخستووە لەوانە : نەزانین ، دووڕوویی ، پێویستە ئەم ڕەوشتانە لەناوببرێن ، ئەمە بەخوێندن و خوێندەواری نەبێ چارەسەر ناکرێت ، ئەمەی هەبێ دەتوانێ سەرکەوێت))

بەڕۆژ جەوری نەزان و شەو جەفای دز هەر وەکو ئاگر
بلێسەی ناحیەی ژینی تەواوی کوردەکانی کرت
نیفاق و دوو دڵی حیرسی نەزان ئەمڕۆیە بەیەکجاری
وڵاتی کردە کاولگەو هەموو ڕێگەی ژیانی گرت
تەماشای جاهیلی بێ فەڕیەمەحزی قەوللی بێگانە
لەبۆکێشانی باری زل جل و جۆری گرانی گرت()

هێمن : ((شاعیر پەی بەواقعی دواکەوتوویی تاڵی کۆمەڵکەی بردووە ، لەولاشەوە لە هۆیەکانی پێشکەوتنی و شارستانی گەلانی دنیا دەڕوانێ ، هیوا خوازە گەلەکەی وشیار بێتەوەو پێش کەوێ و بگاتە ڕیزی میللەتان))

هەموو قەومێک وەسەر کەوتووە لە هەوراز
بەشی تۆی کوردە تاکەی هەرنشێوە
بخوێنە فێری زانست و هونەر بە
لەلای کوللی کەسێک جاهیل دزێوە
وەرە فێری تەمەدون بە عەزیزم
هەتا خەڵکی نەبێژن کوردە دێوە()

دیارە هێمنی شاعیر مەبەستیەتی بڵێ : ئەی کورد هەموو میللەتێک سەرکەوتووەکە ئەو سەرکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ خوێندن و زانست و زانیاری ، بەڵام تۆی کورد هەر لەجێگەی خۆتی و بەرەو پێش نەچوو ،
هەروەها شاعیر لەوشیعرەدا داوا لەکورد دەکات کەبخوێنن و فێری زانست و زانیاری بن و هۆشیاربینەوە ئەگەرنا لای هەموو کەسێک مرۆڤی نەخوێندەواربکەسێکی قێزەون سەیردەکرێ و بەدواکەوتوو دەزانرێت .

٢١ شوبات ٢٠١٢ / ٢١ی فێورییەی ٢٠١٢

---

# نامۆیی لای شاعیری کورد "هێمنی موکریانی

## بەشی پێنجەم:

## ژیانی هێمن و غەریبی

((هێمن محەمەد ئەمین کوڕی سەید حسن شێخە لئیسلامی موکریە لە ١٥ ی مانگی شەعبانی ١٣٤١ه/١٥ی مایسی ١٩٢١م ، لەگوندی (لاچین) لەنزیک مەهابات (سابڵاغ) لەدایک بووە . دایکی ناوی (زەینەب) ە کچی (شێخ یوسف شەمسەددین) ناسراو بە شێخ بورهان بووە ، کە شێخی تەریقەتی نەقشبەندی و بنەماڵەیەکی ناوداری ناسراوی موکریانە))(). دەربارەی ناوی (هێمن) دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵەی (ژ.ک) کە ناوی نهێنی هێمن بووە ، هەر ئەو ناوەش بوو کە هێمنی پێ ناسرابوو ، بوو بەنازناوی شیعری ، هێمن موکریانی لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەندو دەست ڕۆشتوو و خوا پێداو پەروەردە بوو ، بەهۆی دەوڵەمەندی بنەماڵەکەی وایکرد کە هێمن لەگوندەوە (لاچین) بنێرێت بۆ خوێندن لەمەهابات.



هێمنی بەمنداڵی دراوە بەدایەن لەلای ژن و پیاوێک بووە کەژنەکە ناوی (یاسەمین) و خەڵکی ئازەربایجانە ، پیاوەکەش ناوی (عیزەت) و خەڵکی تورکیابووە ، دەربارەی ژیانی هێمن خۆی لە دیوانەکەیدا دەڵێ : ((هەر لەمنداڵیەوە خەریکی خوێندن بووم تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی بەزمانی فارسی خوێندوومە لە مەهابات ، بەڵام خراپترین ئەو ڕۆژانەبوون کەلە پۆلی یەک بووم بەس من فارسیم نەدەزانی ، خوێندن بەزمانی فارسی بوو جگە لەوەش من منداڵی لادێی بووم تەلەبەکان گاڵتەیان پێ دەکردم ، تاکو لەدوایدا فێری فارسی بووم ، کەزانیم زۆر جار جنێویان پێ داوم بەڵام هەڵگرتبوو لە پێناو سەرکەوتنی پارتەکەی ، ئەم کۆمەڵەیە جگە لەوەی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوو ، کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیش بوو ، بەڵام لە باب و باپیرانی دوورکەوتەوە سنوری وڵاتی خۆی بڕی و گەیشتە وڵاتێکی تر کە ئەویش سنوری کوردستانی عێراقە ، کە هێمن گەیشتە قەڵادزێ لەناو بازاڕی قەڵادزێ لەلایەن پۆلیسەوە گیرا بەهۆی ئەوەی کەبەجل و بەرگەکەیدا دیاربوو کە خەڵکی ئەوئەوکات نەمدەزانی))(). دوای ئەوەی ساڵی ١٩٣٨ جارێکی دیکە دەستی لەخوێندن هەڵگرتووەو دەستی داوەتە کاروکاسپی لەگەڵ ئەوەشدا ئاگاداری نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بووە ، هێمن وەک خۆی دەڵێ : ((لەبیرمە زمانی ئەوانم وەک بولبول دەزانی ، جا نازانم تورکیم دەزانی یا ئازەری ؟ ڕەنگبێ ئازەری بووبێ چونکە منداڵ زمانی دایک باشتر فێردەبێ)) . هەروەها هێمن خۆی دەڵێ : ((یەکێک لەبیرەوەریە تاڵەکانم مردنی عیزەت و تۆرانی یاسەمین بوو وەبیرم دێ ئەم ڕووداوە یەکەم زەبری توندبوو وەهەستی منداڵانەی من کەوت کە یەکێکە لەبیرەوەریە تاڵەکانی ژیانم))(). هێمن یەکێک بووە لە ئەندامانی کۆمەڵەی (ژ.ک) ، کە کۆمەڵەیەک بوو دامەزرا بووبە ئامانجی ڕزگارکردنی نەتەوەکەی ، کە هێمن موکریانی شەوو ڕۆژ لەبیری کۆمەڵەیەکدا بوو ، هەتا تەنانەت دەستی لە هەموو خۆشیەکانی ژیانی دیووە و غەریبەیە ،

بەڵام مەلایەک و حاجیەک باڵیان بەسەردا گرت و ڕزگاریان کردوو بردیان بۆ حوجرەی فەقێ یان شەوێ لەوێ مایەوەو دوایی بردیان بۆ (گربداخ) . ماوەیەک لە کوردستان دەمێنێتەوەو پاش ئەوەی کە دەسەڵاتی ئێران بەرامبەر بەکورد هەندێ نەرم دەبێ و بڕیاری لێ بووردن دەردەکا لە ساڵی ١٩٤٨ بۆ عەشیرەتەکان دەگەڕێتەوە زێدی خۆی و دەست دەکات بەکاسبی و بایەخ دان بەشیعرو ئەدەب ، بەڵام لەساڵی ١٩٦٨ نەیتوانی بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و زۆریەی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی شای ئێران بەرهەڵستی بکات ، ناچار سەری خۆی جارێکی دیکە هەڵگرێت و پەنای بۆ کوردستانی عێراق هێناوەتەوە ، دەستی لەماڵ و منداڵ و کەس و کارو وڵاتی خۆی هەڵگرێ و بۆ خۆی دەڵێ : ((من چۆن چاوم بەرایی دەدات لاوانی تێکۆشەرو هەر بەوتاوانەی داوای ماڤی ڕەوای نەتەوایەتی خۆیان دەکرد لەپێش چاوم بکوژن و بەوەشەوە ڕانەوەستن تەرمی خوێناوی کونکراویان بەشاروباژێراندا بەچەپلە ڕێزان بگێڕن و داوەت و سەمای لەسەر بکەن ؟ ناچار بەپیری سەری خۆم هەڵگرت و بەداری دەستی ڕووم لەوڵاتی غەریبایەتی کردو دەستم لەژن و ماڵ و کەس و کارو یارو دیار هەڵگرت))(). دوای ئەوەی کە بۆ جاری دووەم هاتۆتەوە بۆکوردستانی عێراق دوای بەیانی ١٩٧٠ توانیویەتی لەهەموو عێراقدا بەئازادی بسوڕێتەوە گەشتی زۆربەی شارەکانی کوردستانی کردوو (هەولێر ، سلێمانی ، کەرکوک) لەدوایدا لە بەغدا گیرساوەتەوەو نیشتەجێ بووە ، هەرچەندە لەلایەن نوسەرو شاعیرە کوردەکانەوە ڕێزی زۆری لێ گیراوە ، بەڵام هەر خۆی بەغەریب دەزانی و بەئاوارە دەهاتە بەرچاو ، کەخۆی بەحاجی قادر دەچوێنێ لەبێکەسی و ئاوارەیی و دوورە وڵاتیدا

ئەو یتساش بێکەس و دوورە وەتەن هەن
ئەوە یستاش شاعیرو ڕەبەن هەن

هێمن باس لەژیانی ڕۆژانەی خۆی دەکات لە ئاوارەیدا ((ئێستا لەشارێکی دوورە وڵات بەتاقی تەنیا لەژوورێکی ڕەق و رووتدا دانیشتووم هەموو سامانم تەختێک و دەستێک نوێن و دوو دەست بەرگی کۆن و نوێ چەند کراسێکی چڵکن و جەمەدانێک و ساکێکی دەست چەند جڵد کتێب و کۆمەڵێک کاغەزی بڵاوەو ئەسپێ لەگیرفانمدا سەوزەڵاتان عەرز دەکات))().

((جارێکی دیکە هێمنی موکریانی لە بەغداوە بەرەو سلێمانی دەگەڕێتەوە تاکو لە ڕۆژی ١٩٧٩/٢/١٩ لە بەستەستێن لەنزیک قەڵادزێ دەبێت و لەماڵێکدا لەگەڵ چەند کەسێکدا دادەنیشێت و ئامۆژگاریان دەکات کە بخوێنن ، جگە لەوەش بزە لەسەر لێوەکانیەتی بەهۆی ئەوەی ڕژێمی پاشایەتی ئێران ڕووخاوە))(). لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شاعیرە گەورەی کورد نیو سەدە ژیانی لەپێناو نەتەوەکەیدا بەخت کرد ، تاوەکو لە ڕۆژی ٧/ نیسانی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردوو گەیشتە کاروانی نەمران ماڵئاوایی یەکجاری کرد .

## ڕەنگدانەوەی غەریبی لە شیعری هێمندا

هەر لەوسەردەمەی هێمن لەزێدی خۆی دوور کەوتۆتەوەو ئاوارە بووەو ڕووی لەوڵاتی غەریبی کردووە وەک هەموو مرۆڤێکی هەست ناسک بەدەست دووری و ئازارەکانی نەتەوەکەی تلاوەتەوە ، بۆ دووری کەس و کارو نیشتیمانەکەی سوتاوە ، بەم جۆرە خەم و مەینەتیەکانی میللەتەکەی کردۆتە کۆڵ لەژێر ئەم خەم و نامۆییەدا شانی چەماوەتەوە بەم جۆرە غەریبی و سوتان و کڵۆڵی لەدەروونی شاعیر هەڵدەستێت و لەشیعرەکانیدا ڕەنگدەداتەوە ، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٤٧ بەهاری لێدەبێتە پایزو خەزان هیواو ئاواتی نامێنێ و بەو جۆرە بەیەکجاری ژیانی دەبێتە ئاوارە بوون و غەریبی بەردەوام ، خەم و فرمێسک ڕشتنەکانی هێمن لەگەڵ ناخۆشی نیشتیمان و چارەنووس و گەلەکەیدا یەک دەگرنەوە ، جگە لەمەش هەندێ جار ئاوارەیی و غوربەتی حاڵەتێکی دیکەیە پەیوەندی بەناوەوەی

شاعیرەوە هەیە کە شاعیر هەست بەنامۆیی بکات و ژانێکی قووڵ لەدەروونیدا پەیدا دەبێت کەوادەکات ئەو ژانە ڕۆژبەڕۆژ ئازاری بدات و نەتوانێت سارێژی بکات().

بێگومان ئەم غەریبی و غوربەتیە لای زۆربەی شاعیرانی کورد هەبووەو بلێسەی سەندووە ، لێرەدا ناتوانم هەموو غوربەتی و نەهامەتی و دووری هێمن بخەمەڕوو ، بەڵام بەپێی پێویست هەوڵ دەدەم بەشێک لەو غەریبیەی هێمنی شاعیر بخەمەڕوو بەو ئومێدەی بتوانم لایەنێک یان چەند لایەنێک لەو دووری و غوربەتیەی کەلەشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە ڕوون بکەمەوە .

هێمن زۆربەی ژیانی خۆی لەغوربەتیی و ناخۆشیدا بەسەربردووە هەروەک خۆی لەشیعرێکدا دەڵێ :

لاپەڕەی ژینم هەمووی هەڵدەیتەوە تێی دانیە
باسی فرمێسک و هەناسە و شیوەن و ماتەم نەبێ()

دیارە هێمن ئەو دێڕەی سەرەوە وادەردەکەوێت کەهەمووژیانی شاعیر بریتی بووە لەناخۆشی و نەهامەتی و شیوەن و گریان و دەردەسەری .

((ڕۆژگار لەگەڵ شاعیردا تەباو تفاق نەبووە ، فەرهاد کوژە هەمیشە دەردوو مەینەتی لێ هەڵدەوەرێ)) .

ڕۆژگار سپڵە بۆمن بۆ سەیەکی نایەوە
ئەم دی هەرتیرێکی دەی هاوێ بەرەو سینەم نەبێ
ڕەنجی دووری دڵبەرم بۆ کوشتنی من کافی یە
گەر لەدنیادا ئەمن هیچ مەینەتی دیکەم نەبێ()

هێمن لەشیعری (فرمێسکی گەش) دا دەڵێ :

قەت لەدنیادا نەبوو بێجگە لەناخۆشی بەشم
مات و داماوو پەشێوو بێکەس و چارە ڕەشم
سەردەمێک ئاوارەبووم و ماوەییێکیش دەست بەسەر
ئەم دی ڕووی ئاسودەیی هەر تووشی گێرەو قەرقەشم()

دیارە هێمنی شاعیر لەو شیعرەدا باسی نەهامەتی خۆی دەکات کەچۆن لەژیانیدا توشی هاتووە ، چونکە شاعیر جگە لەئاوارەیەکەی تووشی گرتنیش هاتووە واتە ژیانی شاعیر هەمووی هەر نەهامەتی و دەردە سەری بووە بۆی ، هەروەها لەو شیعرەدا باس لەبێکەسی خۆی دەکات کە چەند چارە ڕەش و بێدەسەڵات بووە لەژیانیدا .

لەشیعری (بۆسەی ڕۆژگار) دا دەڵێ :

ئیمە ئاواڵێ لەگۆشەی بێکەسیدا ، خەم نەبێ
چاکە ئەو لێرەش وەفای هەرماوە ، سایەی کەم نەبێ

شادی جارێکیش بەمیوانی نەهاتۆتە دڵم
ڕەنگە خەڵوەت خانەی خەم شوێنی نامەحرەم نەبێ()

شاعیر لەو شیعرەدا هەموو لاپەڕەکانی تەمەنی بەخەم و فرمێسک و سۆزو هەناسەی دەچوێنێ ، شاعیر لەسایەی ئەو خەم و نەهامەتییەی کەهەی بووە وای لێدەکات گۆشە گیربێت ، خۆی لەسوچێکی ژوورێکدا دەبینێتەوە کەهەمیشەو بەردەوام تەنیا بووبێت هەروەها لەشیعرێکی دیکەدا بەناوی (چارەنوسی شاعیر) دادەڵێ :

دەزانی بۆچی من هێندە پەرێشان و خەفەت بارم
لەبازاڕی ژیان غەیری هونەر نیمە چ سەرمایە
بەتوو تووش تووشی مەکتەب بۆ دەهاتم من کەزانیبام
خەفەت ، مەینەت ، کەسەر ، حەسرەت ، بەشی ئینسانی زانایە()

هێمنی شاعیر ((وەکو مۆم بەسەر خۆیدا دەتوێتەوە ، خۆی دەخواتەوە ، جڵەوی هۆش و ئاوەزی لەدەست دەترازێ و لەهەبوونی خۆشی بەشک و گومان دەکەوێت))

چۆن دەتوانم بەتۆ بڵێم من چیم ؟
خۆم گومانم هەیە کەهەم یا نیم ؟()

یان لەشیعرێکی دیکەدا گۆشەگیری لای شاعیر دەبێت بەنائومێدی و ورەبەردان

ئەوەندە دەردەدارو بێ پەرستارم کەپێم وایە :
لەسەرێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر
گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد ، ئاخۆ
مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر()

((هێمن لەبەرایی دڵ ناسک و خاوێن و بێگەرد بوو ، بەڵام ڕووداوو کارەساتەکان کەڵ و کوڵۆڵیان کردووە ، ئێستاش دڵی ژەنگی هەڵێناوە ، جێ ڕاوگەی خەم و کارەساتە))()

من چریکەم هەموو سووچی چەمەنی پڕکردبوو
ئێستە نایە لەگەروم بێجگە لەناڵەی خەمگین
من کەبۆدیتنی گوڵ هێڵی سنورم دەپەڕاند
هەر لەسەر حەق گوتنی ڕووتە کرام خانەنشین()

دیاره هێمنی شاعیر لەسەرەتای لەدایک بوونیەوە بەپاکی و بێگەردی چاوی هەڵێناوەو هاتۆتە دنیاوە ، بەڵام بەهۆی ئەو نەهامەتیانەی کەوا بەسەری هاتوون دڵی پڕبووە لەخەم و خەفەت و ناخۆشی .

شاعیر لەشیعرێکی دیکە لەدووره وڵاتەوە بەیادی گوڵی سور هێلانەی ئارامی دڵی ئەو شیعرەی گوتووە

لەئامێزی گەرم بێ بەش کراوم
وەکو تۆ تووشی ڕۆژی ڕەش کراوم
ژیانم پڕ لەڕەنج و دەردوداخە
ئەوە گیرساومەوە لەو کێوشاخە()

دیاره شاعیر لەو شیعرەدا واهەست دەکات کەلانەی خۆی کەمەبەستی وڵاتەکەیەتی بێ بەش کراوەو دووره لەوڵاتی خۆی و ئاوارەبووە ، واهەست دەکات کەژیانی پڕە لەناخۆشی و غەریبی و نەهامەتی ، داخی دووره وڵاتی هێندە کاری لێکردووە بەجارێک دڵی گڕی گرتووە لەتاو وڵاتەکەی لەشیعرێکی دیکەدا سەرەڕای غوربەتی و ئاوارەیی هێمن لەنیشتیمانەکەی کەکاری زۆری لێکردووە ، بەڵام پێشێل بوونی خواست و ئاواتەکانیشی بوونەتە هۆی هەرەس هێنانی و گۆشە گیری دەڵێ :

بۆ هێلانەم لێ شێواوە ؟
ئەم هەموو ڕێگەم پێواوە ؟
بۆ لەخۆشی دوره بەشم ؟
بۆ ئەوەندە چاره ڕەشم ؟()

هێمن خۆی دەڵێ ((من دنیایەکی سەخت و پڕ کوێرەوەریم ڕابواردووە بیرەوەری خۆش و شیرینم کەمن . ناشمەوێ بەگێڕانەوەی بیرەوەری تاڵ و تفت بتانکەمە خەمی خۆم)) لەشیعرێکمدا گوتوومە:

شینم گەلێ گێڕاوە ، شادیم کەم دیوە
خۆشی دەڵێن هەیە ، بەڵام نەم دیوە()

شاعیر لەغوربەتی و ئاوارەیدا شەو هەتا بەیانی خەو ناچێتە چاوەکانی و شەو بەڕۆژدەکاتەوەو دەڵێ :

لەناو ئاورینگ و ئاونگە شەوم ڕادەبرێ بێ هەم دەم
بەڵێ شەوگاری تەنیایی بەبێ فرمێسک و خەم نەبێ

هەروەها هێمنی شاعیر لەدێڕێکی دیکەدا لەبەرانبەر ئەوەی کەیارەکەی تۆراوە شاعیر هیچ دەسەڵاتێکی نیە جگە لە فرمێسک ڕشتن و گریان نەبێ

لەچاوم دێ بەخوڕ فرمێسکی خوێنین
کەچی ئەم گۆمە خوێنە هەڵ نەچۆڕا()

هێمنی موکریانی لەشەوانی غەریبیدا ، لەڕۆژانی ئاوارەییدا کەڕوبەڕووی کوێرەوەری و ژان و ناخۆشی بۆتەوە ، بەڵام ئاخۆ کەسێک هەبووە خەم خۆری ئەم دڵەی شاعیر بێت

نەخۆش و دەردەدارو دڵ بریندارم ، پەرستارێک
بەحاڵ ئەم دڵە پڕژان و پڕئازارە ڕاناگا
دەبێ بولبول لەمن فێری غەزەل خوێنی ، بەڵام چی بکەم
گرفتارم ، چریکەم بەم گوڵ و گوڵزارە ڕاناگا()

یان لەشوێنێکی دیکەدا هێمن لەشیعری (گریانی نیوەشەو) دا ئاماژە بەوە دەکات کە شاعیر لەشەوانی تەنیایی خۆیدا بێ ئۆقرە دەبێ و ئارامی لێ هەڵدەگیرێ ، ڕێگە چارەیەکی نیە تەنیا هانا بۆگریان و فرمێسک دەبات تاکو لەڕێگەی فرمێسکەکانیەوە کوڵی دڵی خۆی بڕژێت و بەشێک لەو نائومێدی و غەریبیەی لەبیر بچێتەوە

کوڵم هەڵدەستێ ئەو جارەو لەبەر دەردم دەناڵێنم
هەتا ئاوری دڵم دەکوژێتەوە ئەسرین دەبارێنم
شەوانە گەنەکەم ئەو شیوەن و ناڵین و گریانە
دەسوتێنێ وجودم ئاگری ئەم جەرگە بریانە()

دەتوانم بڵێم ئەگەر هێمن خۆشی ئەم دوورە وڵاتیەشی هەڵبژاردبێ ئەوا هەرخۆی بەنامۆ دەزانێ و دڵ و دەروونی دێنێتە جۆش و خرۆش ، جگە لەوەش خۆی بەبێبەش دەزانێ لەخۆشی و شادی

یادم بکەن ، یادی منی دوورە وڵات
یادی منی ڕێبواری ڕێگای خەبات
یادی منی بێ بەش لەخۆشی و شادی
یادی منی سەودا سەری ئازادی()

---

## ناموٚیی لای شاعیری کورد "هێمنی موکریانی"

### بەشی شەشەم و کوٚتایی:

### غەریبی لە "ناڵەی جودایی"دا:

((ناڵەی جودایی چامەیەکی (١٠٩) بەیتی هێمنە لەساڵی ١٩٧٤ لەبەغدا دایناوە ...هێمن لەناڵەی جوداییدا عالەمێکی لەگەڵ خوٚی هێناوەتە گریان))()

**دەردی دووری و غەریبی و ناڵەی دڵ و دەروونی تێدا خستوٚتە ڕوو**

((ناڵەی جودایی داستانی خەم و ناسوٚرەکانی شاعیرە زایەڵەیەکی ژیانی مروٚڤێکی ڕەنجەڕوٚو چەوساوەیە ، زوڵم لێکراوو بەش خوراوە لەوێدا شاعیر گەیشتوٚتە پلەی سوتان ، هاواردەکات هاوار بوٚ گەیشتن بەسەرچاوەی یەکسانی ، بەرزگاری))()
((ئەگەرنالی بوٚناردنی نامە شیعریەکەی خوٚی دەستەو دامێنی بای خوٚشی گوزەر کردبێ و حاجی قادریش بەختی خەواڵووی لەخەو ڕاپەڕاندبێ بوٚئەوەی بەیەکەوە بگەڕێنەوە وڵات ، ئەوە هێمن خوٚی دەستەو دامێنی ساقی کردووە بوٚئەوەی بەچامی بادە کەمێک دەردو ناسوٚری خوٚی کەم بکاتەوە))()

لەناڵەی جودایدا هێمن ناڵە ناڵەکەی بەڕەوا دەزانێت ، چونکە دڵە ناسکەکەی شکێنراوەو لەنیشتیمانەکەی و کەس و کارو ماڵ و منداڵی دوورخراوەتەوە ژیانی غەریبی و جودایی چێشتووەو لەسەرجەم خوٚشەویستانی دوورکەوتوٚتەوە ، هێمنی شاعیر لەناڵەی جودایدا گڕی لەدڵ و دەروونی هەستاوەو هانای بوٚمەی و مەیخانە بردووە .

دڵی شاعیر بوٚتە شوێنی دەردو خەم ، چونکە لەکەس و کارو نیشتیمانی خوٚی دوور کەوتوٚتەوەو لەتاو خاک و وڵاتەکەی وەکو مەلێکی بێلانە وایە کەلانەی لێ تێک چووبێت و هیچ شوێنێک شک نەبات ڕووی تێبکات و لێی بحەوێتەوە .
پێم وایە دەست نیشانکردنی باشترین چامەی شاعیرێکی گەورەی وەکو هێمن کارێکی هەروا ئاسان نەبێت ، بەڵام (ناڵەی جودایی) باشترین چانەی هێمنە ، ئەوە واتای ئەوەنییە کە لەشیعرەکانی (کوردم ئەمن) ، (شەنگەبێری) ، (عەشق و ئازادی) و شیعرەکانی دیکەی هێمن بەکەم بزانین یان بایەخیان لە (ناڵەی جودایی) کەمتربێت .

هەروەها دیارە کە هێمنی شاعیر کاتێک کەناڵەی جودایی نوسیووە بێگومان لەوڵاتی غەریبی بووە کەئەو غەریبییەش کارلەدڵ و دەروون و هەست و سوٚزی کردووە ، خوٚشی بەمروٚڤێکی بێ کەس و نەدار زانیوە کەوای لەشاعیر کردووەکە هانا زیاتر بوٚمەی بەرێت بوٚ ئەوەی گەرهیچ نەبێت کەمێک لەئازارەکانی کەچەندین ساڵە لەناو دڵ و دەروونیدا پەنگیان خواردوٚتەوە ، دەتوانین بڵێین نوسینی ناڵەی جودایی هێمنی شاعیری گەورەی کورد لەئەنجامی دووری لەوڵات و کەس و کارو زێدی باب و باپیرانی بوو ، کەناڵەی جودایی

بۆتە شاکارێکی ئەدەبی بەرزو دەتوانین وەکو چامەکەی نالی (قوربانی تۆزی ڕێگەتم) و (گوتم بەبەختی خەواڵووی) حاجی قادر بەرزە ، کە بێگومان نالی و حاجی قادرو هێمن بەوسێ چامەیە ئەدەبی کوردیان دەوڵەمەندتر کرد .

((هێمن لەکۆتایی ناڵەی جوداییدا بڕیار ئەدا هەتاکو هێزو بیرو هۆشی مابێت بەرەو نیشتیمان و ئازادی بێ و ئەگەریش هات و قوربانی بوو دەبێژێ کە کوردستان ئێوە خۆش))()

**هەوڵ دەدەم غەریبی و ئاوارەیی و دوورە وڵاتی لەچامەکەی هێمنی شاعیر ڕوون بکەینەوە لەگەڵ هێنانەوەی نمونەی شیعری .**

((هێمن کە لەمەیخانەدا سەیری بەزم و ڕەزمی دانیشتوان دەکات ، هەموویان لەنێودەریای کەیف و خۆشی و مەستیدا نقووم بووینەو ژینیان لەچاوژیانی ئەو بەهەشتێکە پڕە لەشادی و پێکەنین بۆیە کاتێک حاڵەتی ئەمانی لەگەڵ هی خۆی بەراورد دەکردو جیاوازیەکە (ئاسمان و ڕێسمان) بوو ، چوونکە ئەو بەپێچەوانەی خەڵکی دی بۆئەوە رووی لەمەیخانە دەکرد هەتا کەمێک خۆی لەیادبچێتەوەو دەردی دڵی هەندێک پێ سوکتر بکات ، بۆیە داوا لەساقی دەکات کەڕووی تێ بکات و ئاوڕی لێ بداتەوە))

ساقیا : وابادەوە ، وابادەوە
ڕوو لەلای من کە بەجامێ بادەوە
موشتەری وەک من لەمەیخانێ کە من
زۆربەیان شادو بەکەیف و بێ خەمن()

هێمنی موکریانی لەناڵەی جودایی دا ڕوودەکاتە مەیخانەو لەگەڵ ساقیدا دەدوێ و بەساقی دەڵێت و تێی دەگەیەنێ بەزمانێکی کوردی پەتی کە مەیخواردنەوە بۆکێ حەلاڵەو بۆکێ حەرامە ، چونکە هێمن بەهۆی ئەوەی کە لەنیشتیمانەکەی دوورکەوتۆتەوەو خۆبەبولبولێک دەچوێنێت کەلەباغ و گوڵزاربێبەش کراوەو دڵی بریندارە .

مەی حەڵاڵە بۆمنی وێرانە ماڵ
بۆمنی سەرگەشتەوە ڕووت و ڕەجاڵ
بۆمنی بابردەڵەی گردەنشین
بۆمنی دڵ پڕ لەناسۆرو برین
بۆمنی ئاوارەو دوورە وڵات
بولبولی بێ بەش لەگوڵزارو چەمەن()

هەرلەناڵەی جودایی دا شاعیر ڕەخنە لەساقی دەگرێ و پێی دەڵێت کەتۆش ماڵی دنیاو زێڕو گەوهەر فریوی داوی ، زێڕوزیو بایەخ پێ دەدەی و هونەر پشت گوێ دەخەی ، هەروەها پێی دەڵێ ماڵی دنیا چڵکی دەستەو ماڵ پەرست و خاوەن زێڕوزیوو سامان وەفایان بۆبەڵێنی خۆیان نی یە .

ساقیا :بۆکوێ دەچی ، بۆکوێ دەچی ؟
تۆش لەبەر ئەو ملهوڕانە ملکەچی ؟
تۆش بەڕەنگ و بۆی ئەوان خواردنت فریو ؟
چاوی تۆشی هەڵفڕیوان زێڕوزیو ؟
تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەرو هونەر ؟
کەنگی گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر !
زێڕ بەڵایە ، بێ وەفایە دەوڵەمەند
هەر هونەر نەمرە ، هونەرمەندو ڕەند
(چڵکی دەستە ماڵی دونیا) وەک دەڵێن
ماڵ پەرست پەیمان شکێنەو بێ بەڵێن()

((نەی چۆن دەتوانێت شیوەنی هێمن بگێڕێ ؟ شیوەنی هێمن شیوەنی ئینسانی یەو بانگەوازی ئەو بانگەوازی ئـازادی و یەکسانی یە ... شیوەنی هێمن شیوەنی نەتەوەیەکی پارچە پارچە کراوو زۆر لێکراوو بێ بەشە لەمافە نەتەوەیەکانی شیوەنی نەتەوەی کوردە کەنەتەوەیەکی کۆنە ، هەبووەو هەیە کەچی حاشای لێ دەکەن))

گوێم دەیە ئەی دیدە مەستی قیت و قۆز
تابنالێم وەک بلوێر بەسۆز
نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر
جاچ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر
بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردوە
شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردوە
لێم گەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون
لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون
شیوەنی من شیوەنی ئینسانی یە
بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانی یە
شیوەنی من شیوەنی کوردی بێ بەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە()

((هێمنی هەست ناسک لەناڵەی جودایی دا هێندە کوشتەی دەردی دووری یە ، دووری لەماڵ و منداڵ ، لە خزم و کەس و کـار لـەوڵات و نەتەوەکەی ، لەشوێن و زێدی سەدان ساڵانەی باوک و باپیرانی لەوانەیە دەردی دووری سەبارەت بەهەندێک کەس هێنـدە کاریگەرو کوشندە نەبێ ، بەڵام بۆ مرۆڤێکی هۆشیارو دڵ سۆزو خەم خۆری وەکو ئەو دەبێتە شێر پەنجەیەکی کوشندەو مرۆڤ دەتاوێنێتەوە ،

بۆیە دووری یاران وڵات ، خواردن و خەویان لێ حەرام کردووە ، خەمرەوێنێکیش بەدی ناکات تا کەمێک ئازارو ئەشکەنجەی سوک بکات ، کەواتە ناچارە پەنا بۆمەی ببات(( ))

دەردی دووری ..دەردی دووری کوشتمی
دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی
یادی یاران و وڵاتم ڕۆژو شەو
لێی حەرام کردووم قەرارو خوردو خەو
خەم ڕەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆمەی نەبەم ، ساقی ئادەی ؟( )

شاعیر لەبەشێکی دیکەی ناڵەی جودایی دا مافی خۆیەتی بناڵێ ، چونکە هەرچی خۆشی ویستووە لێی دوورکەوتۆتەوە ، بەتایبەتی ئازیزانی کەدوورە لێیان ، لەلایەکی ترەوە دووری لەنیشتیمانەکەی دەیخاتە گریان .

چۆن نەناڵێ ئەو دڵەی پڕهەستی من ؟!
چۆن لەئەژنۆببنەوەو دوو دەستی من ؟!
چۆن نەناڵێ ئەوە دڵە ئەنگاوتەیە ؟!
بەرد لەبەرد بێتەوە دەنگی هەیە
ژانی ناسۆری جودایم چێشتووە
هەرچی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە( )

ئەو شیوەن و ناڵەو گریەی شاعیر کردوویەتی لەناڵەی جودایی دا لەنەی تێ پەڕاندووەو بەرزترە ، دەردی غەریبی شاعیری بەجارێک هەراسان کردووە .

نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر
جاچ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر
بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم پێ یە ، نەی نەیکردووە
لێم گەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون
لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون( )

دوای ئەوەی شاعیر ڕوو لەوڵاتەکەی دەکاو لەگەڵڕۆڵەو خێزانەکەی دەدوێت و بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە هەرگیز ئەوان لەبیرو هۆش و هەستی شاعیردان و وون نابن و هەمیشە لەخەیاڵیدان ، بەڵام شاعیر بێ دەسەڵاتە کەڕۆژگار ئاوای لێ کردووە .

کوردەواری ، ئەی وڵاتە جوانەکەم
ڕۆڵەکەم ، خێزانەکەم ، باوانەکەم
ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنەوە
ئێستە بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە
ڕۆژگار هاڕیمی وەک ئەسپۆنی وورد
هێزو توانای لێ بڕیوم دەردە کورد
بوومە کەپچارو دەکا گاڵتەی بەمن()

شاعیر لەشیعری (ئێوارەی پایز) ی ناڵەی جودایی دا بەرانبەر بەشەویش هەر خۆی بەتەنیا دەزانێ و ئاماژە بۆئەوەدەکات کەشەو خەوی لێ ناکەوێت ، چونکە دڵە گەورەو ناسکەکەی شاعیر ئۆقرە ناگرێ و پڕە لەخەم .

ئاخ دیسان چوومە ژێر باڵی
ڕەشی شەوگاری تەنیایی !
ئاخ دەبێ دیسان بچێژم
ژەهراوی تاڵی جودایی !
ئاخ دیسان دەبێ ڕابوێرم
لەژوورێکی ساردو سڕدا !
دەگەڵ ئازار دەستەملان بم
تابەیان لەنوێنی شڕدا !
دەڕۆم ، دەترسم ، دەلەرزم
لەپەلاماری مۆتەی شەو
داد لەدەست ئەم دڵەی بەخەم
وای لەدەس ئەو چاوەی بێ خەو()

شاعیر لە (ئێوارەی پایز)ی ناڵەی جودایدا هەتادێت بیرەوەرە تاڵی بۆ زیاد دەبێت و وەکو مۆم ڕۆژ لەدوای ڕۆژدەتوێتەوە ، واهەست دەکات کە جوانی نی یە ، یان هەش بێت خۆی پێشان نەدات.

تەماشای هەر شتێ دەکەم
ڕەنگی پایزی گرتووە
جوانی خۆی لێ شاردوومەوە
دزێوی ڕیزی گرتووە
چاوم لەئاسمان بڕی

دڵم هێندەی دیکە گریا
گەلێک بیرەوەری کۆنم
لەپڕهاتنەوە بەبیرا()

## ئەنجام

لەکۆتایی ئەو باسەدا ئەنجامەکەی بەچەند خاڵێک دەخەمەڕوو :

- نوسەرو ڕۆشنبیرانی بیانی و کورد دەربارەی چەمکی نامۆبوون پێناسەو ڕاو بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە کەهەریەکەیان بەجۆرێک پێناسەی ئەو چەمکە دەکەم .
- بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە وادەردەکەوێت کەجەنگ و نەهامەتی و کاولکاری کاریان لەهەستی زۆربەی شاعیران و نوسەران کردووە ، کە ئەوەش وای کردووە شاعیران و نوسەران لەبەرهەمەکانیاندا غەریبی بەتەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە .
- لەلایەکی دیکەوە زوڵم و زۆری کاربەدەست و دەسەڵاتدارانی وڵات و ئاغاو دەرەبەگەکان کاری زۆریان کردۆتە سەر شاعیران و نوسەران کەشاعیریش هەستی ناسکتر لەکەسانی دیکە بۆیە نەیتوانیوە خۆی بگرێت و ئەو هەستەی دەربڕیوە .
- لەلایەکی دیکەوە ڕۆڵی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی هۆکارێکی دیکەی ئەو غەریبی و نامۆییە بووە کەکورد لەچاو میللەتانی دیکەی جیهان چەند دواکەوتووبووە ، ئەو دواکەوتوویەش زۆربەی کات ڕێگەی لێ گرتووە لەپێشکەوتن .
- بۆمان دەرکەوت کەژیانی شاعیر زۆربەی هەرەزۆری هەر نەهامەتی و دەربەدەری و ئاوارەیی بووە ، کەدوورلەئازادی و سەربەستی کە ئەویش وای لەشاعیر کردووە کەهەمووکات وەکو کەسێکی نامۆ هاتۆتە بەرچاو ، وە هەمووکات لەخەمی گەلەکەی دا بووە .
- نامۆیی و غەریبی بەتەواوەتی لەشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە ، کەخۆشەویستی بۆ نیشتیمانەکەی و دووری لەو خاک و وڵاتەی کەتێیدا لەدایک بووە بوونەتە هۆکارێکی دیکەی نامۆیی هێمنی شاعیرە کی لەشیعرەکانیدا بەتەواوەتی دیارە .
- شاعیر بەهۆی ئەو غەریبی یەی کەلەشیعرەکانیدا دەردەکەوێت ڕۆژ بەڕۆژ ئەو غەریبیە پەرەدەستێنێت و گەشەدەکات . تاکو لەناڵەی جودایی دا دەگاتە پلەی سوتان .

## سەرچاوەکان

### کتێب


- ئاری ئاغۆک ، بزافی تەغریبی ، هەولێر ، ٢٠٠٢ .
- ئازاد عبدلواحید کەریم ، سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٥ .
- ئەسعەد عەدۆ ، دڵی شاعیر ، بەغدا ، ١٩٨٠ .
- جەهانگیر غەفاری ، بەروباخی بەهەشت ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ .
- حەمە ساڵح فەرهادی ، سۆزی غەریبی سێ چامەکەی کوردی ، هەولێر ، ٢٠٠٦ .
- حسێن محمد عەزیز ، یاقووت و زمرووتی کوردی ، چاپی یەکەم ، بەرگی سێیەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .

- خالید دلێر ، هێمن بیرو هەڵوێست و شیعر ، چاپی یەکەم ، ١٩٩٣ .
- خالید دلێر ، هێمن و هەژار دۆست و دژوار ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ .
- خەسرەو میراودەلی ، فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .
- خورشید ڕەشید ، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردی دا ، بەغدا ، ١٩٨٩ .
- دڵشاد علی (دکتۆر) دیلان و تاقی کردنەوەی شیعری ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .
- سابیر بۆکانی ، لەنێوان هەست و نەسدا ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ .
- صەدیق بۆرەکەیی ، مێژوو وێژەی کوردی ، چاپی یەکەم ، ١٣٧٦ .
- عوسمان دەشتی ، دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی شیعرەکانی هێمن ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ .
- غیاد لدین نەقشبەندی ، نامۆیی ، چاپی یەکەم ، ئەدیلاید ئوستوڕالیا ، ٢٠٠٢ .
- کەریم شەریف قەرەچەتانی ، هەندێک نەخۆشی و گرفتی کۆمەڵایەتی ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ١٩٩٩ .
- دکتۆر کەمال مەعرۆف ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ .
- دکتۆر مارف خەزنەدار ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی حەوتەم ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٦ .
- مامۆستا هێمن ، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز ، چاپی دووەم ، ١٩٩٩ .
- مامۆستا هێمن ، ناڵەی جودایی ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .
- هەواری خاڵی ، سەرجەم نوسینی هێمن ، بەرگی دووەم ، هەولێر ، ٢٠٠٧ .

**گۆڤارەکان**

- گ بەیان ، ژ .٥١ ، ساڵی ١٩٨٧ .
- ڕۆڤار ، ژ٤٦ ، ساڵی ٢٠٠٧ .
- گ نزار ، ژ٢ ، ساڵی ٢٠٠٧ .
- ڕۆڤار ، ژ٤٦ ، ساڵی ٢٠٠٧ .


سەرچاوە : ماڵپەری قەڵادزە / ڕێکەوتی : ٢٨ ئازار ٢٠١٢

## ڕێبواری عیشق و ئازادی

# دیدارێک لەگەڵ شیعرو داهێنانی هێمن

ئەکرەمی میهرداد



ڕێکەوت و قەدەر وایخواست لەدایکبوون و مەرگی هێمن بکەوێتە بەهارەوە، ژیانی ئەویش بەهار ئاسا پڕبوو لەجوانی و داهێنان و عەشق و فرەیی. ئەو هەرچەندە تاڵی و ناخۆشی و بێ ئومێدی بەشێکی زۆری ژیانی داگیرکردبوو، بەڵام هەر وەکو بەهار پڕ بوو لەژیان و خەبات و بەرەنگاری. لەبەهارو لەڕۆژی ١٧ی ئەپریلی ساڵی ١٩٨٦ و بیست و شەش ساڵ لەمەوبەر شاعیرو تێکۆشەری مەزنی کورد هێمنی موکریانی بۆ دواییجار چاوی لێک لێکناو ماڵ ئاوایی لەوڵاتە جوانەکەی، ڕۆڵەو خێزان و باوانەکەی، لەدنیای شیعراوی عەشق و ئازادی و جوانیشکرد. هەرچەندە خۆی لەپێشەکی دیوانی (تاریک و ڕوون)و (لەکوێوە بۆکوێ؟)دا دەڵێ: شاعیری هیچ قازانجێکی بۆ من نەبوو بێ ئەو قازانجەی هەبووە کە ئەو ناوە دوورو درێژەی (سەید موحەممەد ئەمینی شێخولئیسلامی موکری) لەکۆڵ کردومەتەوە(١). بەڵام ئێستاو دوای بیست و پێنج ساڵ لەمەرگی ئەو دەبێ ئەوە بڵێین، کە هێمن سەرچاوەو زەمینەیەکی فراوانی لەشیعرو پەخشانی کوردی باڵا بەهای بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە کە دەتوانین وەکو شانازییەکی گەورە لەمێژووی نووسین و ئەدەبیاتی کوردیدا چاوی لێبکەین.

هەرچەندە ئەو جگە لەشیعر، لەپەخشان نووسیندا دەستی باڵای هەبووەو لەم بوارەشدا دوو نووسەری گەورەی کورد گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن و پەخشانی هێمن لەشیعری ئەو بەجوانترو سەرکەوتووتر دەزانن، ئەوانیش هەژار موکریانی و محەممەدی مەلا کەریمن.

هەر بەم بۆنەوە محەمەد مەلا کەریم بەمجۆرە باسی پەخشانی هێمن دەکات: (حەزدەکەم ئەوەی چەندجار بە هێمن خۆیم وتووە بەئێوەش بڵێم. لەناو ئەوانەدا کە پەخشان و شیعریش دەنووسن و من هەردوو جۆرە بەرهەمەکەیانم خوێندۆتەوە، لەعەرەبیدا نزار قەبانی و لەکورددا هێمن، من پەخشانیانم لەشیعریان لا دڵگیرترە. ئاواتم ئەوە بوو کاری سەرەکی هێمن پەخشان نووسین بووایە لەجیاتی شیعر وتن. ڕەنگ بێ هێمن خۆی هێشتا بایەخی پەخشانی خۆی بەتەواوی نەزانێ... ئەگەر وایە دەسا با بەچاوی مشتەری پێشەکی (تاریک و ڕوون)ەکەی خۆی، پێشەکییەکەی بۆ(تحفه المظفریه)و سەرەتاکەی بۆ (قەڵای دمدم)ەکەی شەمۆ کە مەلا شوکر هێناویەتییە سەر دیالێکتی لای خۆمان، بخوێنینەوە) (٢)، بەڵام لەم نووسینەدا تەنها باسی شیعرو کاریگەری و داهێنانی شیعر لەلای هێمن بۆ خوێنەران و لەیادی بیسو پێنج ساڵەی مەرگی ئەو مرۆڤە مەزنەدا باس و شیکردنەوە دەکەین.

مەیدانەکانی شیعری هێمن و ڕوانگەی شاعیریی ئەو بەبڕوای من یەکێک لەکاریگەرییە فراوانەکانی ئەو لەشیعرو ئەدەبدا ئەوەیە، کە هێمن ویژدانی وڵات و نەتەوەکەیەتی. شیعری هێمن لەهەموو مەیدانەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان و نیشتمانەکەیدا ئامادەیەو لایەنەکانی خەبات و بەرخۆدان، شکست و نائومێدی، عەشق و جوانی و ئازادی، دابڕان و ئاوارەیی و دیلێتی، تەنانەت وێناکردنی لایەنە دزێو و ناشیرینەکانی کۆمەڵی کوردەواری لەچەوسانەوە، زوڵمی ناوخۆیی، خیانەت و چاوچنۆکی نەریتی کە بەرۆکی وڵاتیان گرتووە لەشیعری هێمندا دیارو ئاشکراو نەخشێنراوە. ئەو بە هەموو پەیڤ، وێناو ماناکان توانیویەتی ویژدانی کۆمەڵگایەک بێت، کەوەکو زۆربەی وڵاتانی دیکە مانا جوان و دزێوەکان، ڕووە سادەو ئاڵۆزەکان، لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکان تیایاندا شەپۆلان دەدەن.

چاکترین شێوە بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە کە هێمن ویژدانی وڵات و میللەتەکەیەتی، ئەوەیە کە یەک بەیەک مەیدانەکانی شیعری هێمن، یان وەکو دەڵێن بابەتەکانی شیعری ئەو بەیان بکەین:

١- ناسین و ناساندنی نیشتمان و سروشتی کوردستان، بەشێکی بەرچاو لەشیعری هێمن ناسین و ناساندنی سروشتی وڵاتەکەیەتی، وەکو پەیڕەو کردنێک لەڕێبازی ناتورالیزم (سروشت پەروەری)و گەورەبوون لەگەڵ سروشت و تێکەڵاوبوون دەبێتە تایبەتمەندی شیعری هێمن بۆ وێناکردنی سروشت.

شیعرەکانی بەهاری لادێ، بەهاری کوردستان، شەنگە بێری، فریشتەی پەڕیوە، بلوێری شوان ئەو پەیڤ و تابلۆ جوانانەی سروشت پەروەری هێمن نیشاندەدەن کە هاوکات زمانێکی سروشتی و بوونیادی کوردیش لەستایش و وەسفی ئەو سروشتەدا بەکاردەهێنێ. وەکو پابەندبوون و پەیڕەوی هێمن بۆ پیادەکردنی زمانێکی تایبەت بە شیعری کوردی و دوورکەوتنەوە لەزاراوەو وشەی فارسی و عەرەبی، کە پێش گۆران و هێمن لەشیعری کوردیدا بوو بوونە دیاردەیەک لەدنیای ئەدەبیاتی کوردیدا، هێمن لەوێنای سروشتی کوردستان و بە بەکارهێنانی زمانی سروشتی ناسنامەیەک بۆ ناسینی سروشت و نیشتمان دادەهێنێ و دەوڵەمەندی دەکات.

٢- زۆر لێکراوی نەتەوەی کوردو مافی خوراوی کوردستان، خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمان، بەڵام نیشان نەدانی هیچ ناکۆکی و دژایەتیەک لەبەرامبەر هیچ لەنەتەوەو میللەتەکانی دیکە. ئەگەر چی ئەوکاتەی کە هێمن دەستیکرد بەشیعر، واتە ساڵانی دەهەی بیستی ساڵی هەتاوی و ساڵانی دەهەی چلی ساڵی زایینی، لەکوردستانی باشووردا چەند دەهەیەک لەشیعری نیشتمانی و باسی زۆر لێکراوی نەتەوەی کورد تێپەڕی بوو، بەڵام ئەم کارە لەڕۆژهەڵاتی کوردستانی بن دەستی ئێران کارێکی زۆر نوێ بوو، هەر بۆیە هێمن لەو بوارەشدا لەوڵاتی خۆی بەداهێنەر دادەنرێ.

هەرچەندە هێمن بەشاعیری نەتەوەیی و نەتەوەخوازو تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری نەتەوەیەک دادەنرێ، بەڵام نەک ناکۆک و دژی هیچ نەتەوەیەکی دیکە شیعری نەنووسیوە، تەنانەت لەبەرامبەر نەتەوەی سەردەستی فارسیش تاکە دێڕێک پەیدا نابێت لەشیعری ئەو، هەروەها ئەو شاعیرە پێشڕەوە لەداکۆکیکردن لەمافی مرۆڤ و ئازادی و یەکسانی بۆ نەتەوەکانی دیکەش درێغی نەکردووەو لەم بوارەدا خۆی زۆر جوان و مرۆڤدۆستانە دەڵێ:

شیوەنی من، شینی کوردی بێکەسە
ئەو گەلەی حاشە دەکەن لێی و هەشە

شینی من، شیوەنی ئینسانییە
بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانییە (٣)

٣- لایەنی چینایەتی و داکۆکی کردن لەپەراوێزو چەوساوەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان هەرچەندە هێمن بۆ خۆی لەخێزانی دەوڵەمەندو پایەدار لەدایکبووەو هەر لەوێشدا گەورە بووە، هەرچەندە هێمن لەسەردەمی کۆماری کوردستان لەمەهاباد، لەباڵاترین ئۆرگانی ئەو کۆمارەدا کە (هەیئەی رەئیسەی میللی) بوو ئەندام بووە، بەڵام هەمیشە ئەو لەخەمی هەژاران و چەوساوەکانی ناومیللەتەکەی خۆیشی بووەو بەردەوام لەدژی زاڵمان و چەوسێنەران خەبات و شیعری بەرهەمهێناوە.

شیعرەکانی (دەیڵێم و بێ باکم) و (ئارەق وتین) و (خاوەنی زێڕ)و (سووڕی دەوران) ئەو نموونانەن کە هێمن لەدژی دەسەڵاتدارانی چینایەتی (دەرەبەگ، میرو سەرمایەداران) دەجەنگێ و داوای ماف و دادپەروەری دەکات بۆ هەژاران و ستەمدیدەکان.

٤- راستگۆیی و هونەروەری لەدەربڕینی لایەنی خودیی و گوزارشکردن لەهەستی شاعیریێتی و تەنهایی خۆی. ئەگەرچی هێمن بەسروشتی خۆی پیاوێکی دڵتەڕو جوانپەرست و خەباتکارو دادخواز بووە، بەڵام هەندێکجارو لەدەورانە جیاوازەکانی تەمەنیدا هەست بەتەنهایی و نائومێدی و تەنانەت وڕە بەردانیش دەکات و زۆر راستگۆیانەو بەبێ (درۆو بانگەشەی نوخبەیی هەندێک لەڕووناکبیران) ئەو هەست و رەوشە واقیعیەی خۆی لەبەرگێکی زۆر پڕ سۆزو رۆمانتیکی بەیان دەکات و تابلۆو وێناکانی هێمن لەم بوارەدا لەبەرزترین و هەستیارترین پلەی شاعیریدا جێگای خۆیان دەگرن.

(فرمێسکی گەش، گریانی نیوەشەو، ئارەزووی فڕین، ناسۆری تەشەنا، توڕەیی و سازی ناساز) لەجوانترین و باڵاترین نەخشاندنی ئەو شیعرانەن کە بەڕاستی لەمێژووی شاعیرێتی خودیدا، ئەو بەڵگە ناوازانەن کە مێژووی ئەدەب و شیعری کوردی دەرازێننەوە. من لەم بوارەدا پێویستم بەشیکردنەوەی ئەو شیعرانە نییە، بەڵکو هەوڵدەدەم چەند بەیتێک لەو شیعرانە وەکو خۆی بڵێمەوەو خوێنەرانیش زۆر دەمێکە ئاشنان بەو پەیڤە جوانانەو بوونە وێردی سەرزمانی رووناکبیران و هونەرمەندان:

خۆشەویستی گۆشەکەی تەنیایی هەر ئەژنۆکەمە
بۆیە رۆژو شەو وەها گرتومە نێو باوەشم

نایەڵێ دوژمن بەڕەنگە زەردەکەی من پێکەنێ
تادەمی مردن ئەمن مەمنونی فرمێسکی گەشم.

(فرمێسکی گەش).

ئێستا بۆ چاری خەمم گۆشەی مەیخانەیە جێم
من کە رۆژێ ئەمەویست میللەتەکەم بێخەم کەم

تەشەنا بۆتەوە ناسۆری دەروونم دیسان
زامی کۆنەو بەمەی کۆنی دەبێ مەرهەم کەم

(ناسۆری تەشەنا).

بەڵام، پەیدابوونەوەی ئومێدو رۆشنبوونەوەی ئاسۆی خەبات و تێڕوانینی گەشی خودی شاعیریش دەبێتە هاوڕێی ئەم دیدە سیاسی و گشتییە.

خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵک رۆشن کەم

کێ لەڕێی خەڵکا وەکو شاعیر دەسووتێ، شەم نەبێ

(ئاواتی بەرز).

٥- زۆر کەس هێمن بەشاعیری جوانی و باسی جوانی ئافرەت و عەشق و دڵداری دەناسن، بێگومان ئەمانە ناهەقیان نییە لەم بوارەدا شیعری هێمن هێندە زۆرو جوانن کە دەبنە ناسنامەی شاعیری ئەو. ئەو لەوپەڕی هەستیاریدا جوان پەروەرو عەشق پەرست و دڵدارو کاریگەر بووە، کە تەمەنی پیریش نەک ئەو هەستەی کەم نەکردۆتەوە، بەڵکو وێناو جۆرێکی دیکەی لەبینینی جوانی و تامەزرۆی دڵداری لەلای ئەو پەیداکردووە کە تا ئێستا بوونەتە پەیڤ و تابلۆ جوانەکانی شیعرو گۆرانی کوردی.

گوتی سەبرت هەبێ دووبارە دێمە دیتنت ئەمما
لەکورتیدا تەمەن، وادیارە بەو دیدارە راناگا

هەتا کۆمتر دەبێ پشتم پترهەڵدەکشێ مینی جۆپ
ئیتر دەستم بە داوێنی کچی ئەم شارە راناگا

(پەیامی رانەگەیاندراو).

شیعرەکانی کیژی لادێ، بیرم مەکە، پەری شیعر، شەنگە بێری، ئامێزی ژن، جوان پەرستی، ماچی خودایی ئەو نموونە هونەرمەندو پڕ ئاوازانەن کە شیعری کوردی لەوەسفی ژن و ئەڤینی ژندا هەتا ئێستا زیندو، گەش و پڕ بەهرەن.

٦- بەبڕوای من گرنگترین پەیام و بڵندخوازی شیعری هێمن لەوەدا دەردەکەوێ، کە سەرەڕای بەیانکردنی دیدگای رووناکبیری و شاعیری خۆی لەهەموو بوارەکانی کە باسمانکردن، بەڵام ئەو لەوەش زیاترو فراوانتر دەڕوات و جۆرێک لەبینین و دیدگای ئازادو

سەربەخۆو سەروەری وا دەنەخشێنێ کە هەتا ئێستا لەشیعرو نووسینی کوردیدا بێ وێنەو بێ هاوتایە. هەتاکو دوا پشوو ڕێبواری عیشق و ئازادیم ئەگەر بێجگە لەناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر.

## زمان و سرووداندنی شیعر لای هێمن

سەرەتای شیعری هێمن کاریگەری شیعری عەرووزی و ئەدەبی فارسی لەسەر بووەو شێوەی وتنی غەزەلیات، قەسیدەو جارجارەش مەسنەوی (دوو بەیتی) لەشیعری ئەودا بەدی دەکرێت، لەلایەکی تریشەوە شیعری شاعیرە ناودارەکانی کورد، وەک نالی کە لەژێر کاریگەری شیعری کلاسیکی فارسیدا بووەو کاری کردۆتە سەر شیعرەکانی هێمن و تا کۆتایی ژیانیشی دەگەڕایەوە سەر ئەو شێوە کلاسیکییەو هێندێ لەشیعرەکانی سەردەمی دواییدا هەر بەو چەشنە کۆنە گوتراون وەک (ئاواتی بەرز)، (کلێنەی شاعیر).... هتد (٤)

بەڵام لەسەردەمێکی زۆر زووداو لەژێر کاریگەری شیعری گۆران، دەستدەکات بەشیعر گوتن بەشێوەی ئەدەبی ڕەسەنی کوردی و کێشی پەنجەو ئاڤێستایی بەکاردەهێنێت، زیاتر لەوە دەچێت بەرەو وتنی بەستەی کوردی بڕوات.

تایبەتمەندی یەکەمی شیعری هێمن دەبێتە سرووداندنی شیعری سادەو پەتی و ڕەوان. شیعرەکانی سەردەمی دووەم، هەم لەلای ئەدیبان و شارەزایان لەشیعرو هەڵسەنگاندنی ئەدەبدا بەنرخ و جوانەو هەم خەڵکی سادەو تەنانەت نەخوێندەواریش لێی تێ دەگەن. بەڵام دەبێت لەبیرمان نەچێت کە هیچ شتێک لەوە کاریگەر تر نییە کە وێناو مانای جوان، نوێ و تێکۆشان لەپەیڤ و زمانی سادەو گشتیدا بەیانکرێت. بەکارهێنانی زمان لەلای هێمن لەئاستی زمانی سروشتی، مێژوویی و بونیادیدایە (٥). ئەم تایبەتمەندییەی زمانی شیعری وتەیەکی گرنگی (داریوشی ئاشوری)م بیردەهێنێتەوە لەوتاری (ڕاوچی ساتەکان) کە دەربارەی شیعری سوهرابی سپهێری دەنووسێت: (پەیڤی سپهێری بێ ڕتوش و بێ ئارایشە. بەڵام ئەمە خەوش نییە لەکاری ئەودا، بەڵکو مانایەکە بۆ ئیمتیازی شیعری. خۆ دەربازکردن لەئاڵۆزی و سەختی زمان و وشەکان ڕێژەیەکی ڕاستەوانەیە لەگەڵ ئەو مانایەی کە دەیەوێ بەرهەمی بهێنێ). (٦)

ئاستی دووەم، یان تایبەتمەندی دووەمی زمان و سرووداندنی شیعر ئەوەیە کە لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی سادەدا، بەڵام لەئاستی بەرهەمهێنانی ماهیەت و ناسنامەو ناوەڕۆک و سەربەخۆیی زماندا کارێکی لەڕادەبەدەری (لەوکاتەی کەهێمن ژیاوەو شیعری وتوە) بۆ زمانی نووسین و شیعر پەیداکردووە. چونکە زمانی سروشت و خۆڕسکی ئەو لەگەڵ ئەو سروشتەی کە وێنای دەکات هاوسازە.

هێمن بەو شێوەی کە سروشتێک یان نیشتمانێک وەسفدەکات، هەر بەو شێوەیە زمانێک بەکاردەهێنێ کە زمانی ئاشناو بەکارهێنراو و سازکراوی شیعری هەتا ئەو کاتەی کورد نەبووە. بەڵکو بەهۆی کاری گۆران و پاشان هێمن ئەوکارەی بە ئاکام گەیاندووە.

وێنەو تەسویری شیعری هێمن بەیارمەتی زمانی سادەو مانای مەبەست دەگاتە ئاستێکی بەرزو هونەرمەندانە. بەڕاستی ئەوەی هێمن لەسەر گۆران دەڵێ، دەربارەی خۆشی بەزیادەوە ڕاستە: تاکی کەمە لەجوان پەرستیدا، وشە لەدەستیدا وەک مێوە، دڵ تەڕو خۆش خەیاڵ و ناسک بینە، بەهونەرو شارەزاو وشە ڕەنگینە.

## ئاستەکانی مانا لەشیعری هێمندا

ت. س. ئەلیوت دەربارەی ناساندنی شیعر دەڵێت: (شیعر) لەبەرئەوەی دەتوانێ شۆڕشێک لەهەستیاریمان بەرپابکات، یان هۆکارێک بێت بۆ شکاندنی شێوە باوەکانی زانین و بەهادان کە هەمیشە لەڕەوشی شێوە سازبووندان، هەر بەو پێیەش دەتوانێ ژیان یان بەشێک لەبوونمان سەر لەنوێ پەیدابکاتەوە. شیعر بەشێنەیی یان بەخێرایی دەتوانێ دیسان لەهەستی قووڵمان ئاگادارمان بکاتەوە، ئەو هەستە بێ ناوانەی کە گەوهەری بوونی ئێمە پێکدەهێنن. گەوهەرێک کە زۆر بە دەگمەن دەتوانین برینداری بکەین یان ڕەخنەی لێبگرین، چونکە ژیانی ئێمە لەناچاری پەیوەستبوون یان پابەندبوون بەجیهانی بەڵگەدارو بینراو رزگار دەکات.

دەڵێت ئەم پێناسەیەی ئەلیوت بەتایبەتی بۆ شیعری هێمن وتراوە، چونکە ئەو لەئاستەکانی هەستیاری، شکاندنی شێوە باوەکانی زانین و بەهادان، پەیداکردن یان سەر لەنوێ ئاواکردنەوەی ژیان، ئاگادارکردنەوەمان لەهەستە قووڵەکان و سەرئەنجام رزگارکردنمان لەژیانی ئاسایی و بینراو، شیعری بۆ ئێمە وتوەو تەواوی شیعرەکانی هێمن (کەم و کورتێکی نەبێ). دەتوانن لەم ئاستانەدا کۆمەک بەڕزگاربوونمان بکەن لەژیانی هەتا ئێستا (٧)

کاتێک داریوشی ئاشوری دەربارەی سوهرابی سپهێری دەنووسێت، ناوی وتارەکەی دەنێ بە (راوچی ساتەکان)، بەڕاستیش لەناو کوردا هێمن ئەو راوچییە کە هەموو ساتەکانی ژیانی تایبەتی خۆی، سروشت، جوانی و عشق و ئازادی، ئومێدو نائومێدی، شۆڕش و شکست لەشیعردا وێناو مانا کردووە.

ئەگەر ئاستی یەکەمی شیعری هێمن هەستیاری بێت لەدەربڕینی شاعیریدا، بێ گومان ئەو هەستیارییە جۆرێک لەئاگاداری و هۆشیاریش بەرهەمدەهێنێت، یان لەقۆناغێکدا هاوئاهەنگ دەبێ لەگەڵ ئەو هۆشیاریە: قۆناغ و ئاستی یەکەم لەشیعری هێمن بێگومان هەستی شاعیری و هەستیاری ئەوە بۆ ناسینی ناوەڕۆکی شاعیر بوون، کە وەکو محمدی مەلاکەریم دەڵێت: من لام وایە لەبناغەدا ئەرکی شیعر قسەکردنە لەگەڵ سروشت، لەگەڵ جوانی، لەگەڵ ئافرەت، لەگەڵ دەروون، لەگەڵ هەستی بەرزو خاوێنی مرۆڤایەتی.. دەبێ لەم رێگایانەوە بۆ بابەتەکانی دیکەی ژیان بچێ و ببێ بەهۆکارو چەکی خەبات (٨). بەمجۆرە ئاستی دووەم و قۆناغی دووەمی شیعری هێمن دەبێتە پەیداکردنی هۆکارێکی هۆشیارو بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکێکی ئاگاداری بەردەوام لەپاڵ هەستیاری شاعیرانەدا. چەمکەکانی (عەشق)، (جوانی)و (ئازادی) دەبنە ئەو چەمکانە کە بەرهەمهێنەری ژیانێکی هۆشیارو جوان و بالاترە لەژیانی ئاسایی و لەم روانگەیەشەوە دیسان ژیان و خودەکانی ناو ژیان بەیارمەتی ئەو ئاستە لەهۆشیاری ئافەرین دەکرێتەوە.

ئاستی سێهەم، لەبەخشینی مانای شاعیریدا، بەیارمەتی هۆشیاری و خودئاگایی و فشاری ناخود ئاگا (نیازی کەسایەتی خۆی)و ئاواتی ئەو بۆ هیوایەکی دیاریکراو، کەش و هیوایەکی وا پەیدادەکات کە شاعیر دەخاتە ئاستێکی مۆدێرن و جۆرێک لەدیدگای سیاسی و مێژوویی تایبەت. بۆ ئەم مەبەستە میکاییل هامبۆرگر رەخنەکارو لێکۆڵیاری بەناوبانگی ئەمریکی، کە توانایەکی زۆری لەهەڵسانگاندنی تەواوی شیعری ئەوروپاو ئەمریکادا هەیە، دەڵێت: خودئاگایی تایبەتی رووناکبیران یان شاعیران و جۆرێک لەهەست و دیدگای مێژووییە. ئەم نەوەیە (نەوەیەک کە لەهاتنی مۆدێرنیزمدا دەنووسێت) لەباری هۆشمەندییەوە تیژبین، تووڕەو پڕ گومانە،

کە نکۆڵی دەکات لەدین و فەلسەفەو نەریتی باڵادەستی کۆن، لەهەوڵی ئەوەدایە سیستەمی فیکری یان جۆرێک لەبیرو رای زهنی کە هەمیشە لەدەسترەسدا بێت دروستبکات و جۆرێک لەدیدگای ئەقلانی و سیاسی و مێژوویی و بنیات بنێت (٩).

شاعیری مۆدێرنیست بەرخۆردانییە لەزهنیەتی مێژوویی و دڵنیاو نامۆیە بەو دیدگاو هۆشیارییە سیاسی و فەلسەفی و مێژووییە کە لەژیان و سەردەمی ئەودا باڵا دەستە، بەڵکو لەهەوڵی ئەوەدایە تێبکۆشێ بۆ پەیداکردنی جۆرێکی دیکە لەهۆشیاری و بەهادان، یان دەیەوێت پەیڕەوی لەسیستەمێک بکات کە خۆی بڕوای پێیەتی و هەڵی دەبژێرێ.

لێرە بەدواوە شاعیر (هێمن) دەگاتە جۆرێک لەتاکێتی و پەیداکردنی دیدگاو ئاسۆی تایبەت بەخۆی و لەهەمانکاتدا لەدەست نەدانی مەنتقی سەرەکی شیعر (لەلای هێمن) جوانی، ئازادی و عەشق.

ئاستی چوارهەم، کە دەبێتە گرنگترین ئاستی شیعری هێمن و شاعیرانی مۆدێرنیست و ئاسۆی دەربازبوون دەبێت لەچنگی لایەن و رەهەندەکانی مۆدێرنیزم، ئەوەیە کە چۆن بەرهەمێکی شیعری مەنتق و هێزی دەروونی و بیرو ڕای تایبەتی شاعیر (جوانی، عەشق، ئازادی، تاکێتی،گومان..).

لەباڵای بەرهەمێکی خود باوەڕدا نەک تەنها بەسەر ئەفسانەو درۆ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی رابردوو، ئێستاو ئایندەدا زاڵ دەبێ، بەڵکو تەنانەت لەبەرامبەر نیەت و پێش داوەرییەکانی ئایدۆلۆژیکی خودی شاعیریشدا رادەوەستی و بەرەنگاری دەکات. (بەرهەمی شیعری تەنها بەوەفادارمانەوە بەمەنتیقی خودی و ئێستاتیکی دەبێتە یارو هاوڕای حەقیقەت، بەم مانایەش هەموو شیعرێکی باش دەبێتە شیعرێکی سیاسی باش (١٠). هێمن لەو شاعیرە دەگمەنانەیە لەناو کوردا، کە گەیشتۆتە ئەم ئاستە گرنگەی شیعر نووسین و لەبەرامبەر دیدگای فەلسەفی و ئایدۆلۆژی خۆشیدا دەوەستێ و هەتاسەر وەفادار دەمێنێتەوە بەرامبەر بە مەنتیقی خودی و دەروونی شیعرو هەڵوێستی سیاسی پێشڕەویش بەرامبەر بەکۆمەڵگا بەرهەمدەهێنێ. هەر سێ شیعرە بەرزەکەی هێمن (ناڵەی جودایی)، (عەشق و ئازادی)و (سازی ناساز)، ئەو لوتکە بەرزانەن کە شیعری هێمن تیایاندا هەموو ئاستەکانی مانادانیان تیا بەدی دەکرێ.

ئاخرین تیشکی خۆری پاییزم
شاعیری پیری تووڕەو زیزم

چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیم؟
خۆم گومانم هەیە کە هەم یان نیم

پەراوێزەکان

١- دیوانی هێمن (١٩٢١ - ١٩٨٦)، ل ١٧، هەولێر ٢٠٠٣ .
٢- هێمن، ناڵەی جودایی، پێشەکی م. مەلا کریم بەناوی (دێباجە).

٣- شیعری ناڵەی جودایی .

٤- بڕوانە پێشەکی د . عەبدول ڕەحمانی قاسملۆ بۆ دیوانی (تاریک و روون) کە بەناونیشانی (شاعیری گەل) نووسیویەتی. سەرچاوەی ژمارە (١)، ل ٨ .

٥- بەبڕوای من ئاستەکانی زمان و بەتایبەتیش لەبواری نووسینی ئەدەبی و فکریدا ئەم ئاستانەن (ماهیەت و ناوەڕۆک، پەیوەندی، جیاوازی، بونیادو سروشتی، تازەکردنەوەی بونیادو گۆڕان لەزماندا، نەزانین و نەتوانین)، بۆ ئەم مەبەستەش وتارێکم بەناوی (دیدگامان بۆ ناسینی زمان) لەڕۆژنامەی ئاسۆدا نووسیوە.

٦- داریوش اشوری، شعر واندیشه، وتاری (صیاد لحظه ها)، نشر مرکز، چاپ سوم، تهران ١٣٨٠، ل ١٣٢.

٧- ارغنون (فصلنامه فرهنگی، فلسفی، ادبی) شماره ١٤، ١٣٧٧، درباره شعر .

٨- هێمن دیوانی ناڵەی جودایی، دێباجە.

٩- ارغنون (فصلنامه فرهنگی، فلسفی، ادبی) شماره ١٤، درباره شعر.

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

تێبینی: ڕۆژی ١٧ / ٤ / ٢٠١١ (لەیادی بیست و پێنج ساڵەی مەرگی(هێمن)ی شاعیر ئەم لێکۆڵینەوەیە نووسراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی: ١٧ی ئۆکتوبەری ٢٠١٢



# بۆ شاعیری نەتەوەیی گەلو نیشتمان، ماموٚستا هێمن موکریانی

**لوقمان زەهرایی**



لێرەوە، لە وڵاتی سەهۆڵبەندان و بەفرو سەرماوە، لە وڵاتی بێ هەتاو، لە وڵاتێ کە زۆربەی وەرزەکانیساڵی تاریکن، لە وڵاتی بێ بەهارو گەزیزە و نێرگزو سوێسن و بەیبون و هەڵالەوە، لە وڵاتی بێ چیا و کانیاو، بێ بەش لە خوڕەی قەڵبەزەی ئاوهەلدێر، بێ بەش لە قاسپەی کەوی کۆساران و شمشالی قالە مەڕە و شەنگە بێری ڕەشماڵان و لاوک و حەیران و بەیتان ، بێ بەش لە چریکەی بولبولان و دەنگی بە سۆزی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و زیرەک و مامڵێ، بە نوکی خامەی کۆڵم، بە دڵێکی ماتەم گرتوو بە تۆزی غوربەتەوە، بە چاوانی کزبوو لە سوێی ڕزگاری نیشتمانی داگیرکراو و دابەش کراوم ئەو چەند دێرە لە بیرەوەریی کۆچت دا دەنووسم.

هۆ بیرمەندە مەزنەکەی نیشتمانی دابەش کراوی کوردان، منیش ساڵانێکی دوورودرێژە لە تاراوگە دەژیم و بە درێژایی ئەو ساڵانە ئێرە بۆ من نامۆ بووە و خووم پێرە نەگرتووە.

دوورکەوتنەوە لە زێد و نیشتمان بۆم دژوار بوو، هەر چەند لە نێو کەس و کاروخزم و ناسیاوانم دا دەژیام، بەڵام هەستم بە نامۆیی دەکرد. نامۆ لەوەیکە دەوروبەرم لێم تێنەدەگەیشتن، بیرو هۆش و ئەندێشەم لە زیندانێکی تەنراو بە بیری تاریکی و شەوپەرەستی گەمارۆ درابوو، ڕێگام پێ نەدەدرا وەکوو ئینسان بیربکەمەوەو حەقیقەتی بوونی ژیان بزانم. ڕێگام نەبوو دەنگ هەڵبڕم و ڕەخنە لە شتە ناشیرنەکانی داسەپاو و نەخوازراو بە سەر کۆمەڵگادا بگرم. هەستم بە خەفە بوون دەکرد و نەمدەتوانی ئازادانە پڕ بە سییەکانم هەوای ساف و بێگەرد هەڵمژم و بە بێ ترس و دلە ڕاوکە تێر بە چاوانم لە جوانی سروشتی نیشتمانی داگیرکراوم دا بڕوانم.

بۆیە، پێویستیم بە هەڵمژینی هەوایەکی نوێ بوو، بە دیتنی ئاسمانێکی شین و بێ گەرد، هەوڵم ڕزگاربوون بوولەو گۆمە کەسیفە بۆگەنیوە پەنگ خواردوە ، دەم هەویست بە دەریا بگەم وشەپۆلەکانی ببینم دەم هەویست بڕۆم تاکوو چیدی چاوم لە خونچە ژاکاوەکانی باغانی ولاتم نەبێ، چیدی سوتانی گوندەکان وکوژرانی مرۆڤە هەژارە بێ بەشە کان نەبینم، چیدی گریانی منداڵانی هەتیو نەبیسم، چیدی گوێم لە ئاهو ناڵەی دایکانی رۆلە شەهید کراونەبێ، چیدی باوکانی پشت چەماو وخۆشکانی ڕەش پۆش نەبێنم و چیدی بۆنی شیمیایی وخە ردەل وباروت ومەرگ روح ومێشکم ئازارنەدا وچیدیکە کەم ئەندام بوونی مرۆڤە چارەڕەشەکان بە هۆی تەقینەوەی مین نەبینم ولە جیاتی گرمەی بۆمبا حەزم بە قاسپەی کەوی کۆساران وبولبولی نێودارستانان دەکرد.

هەوڵم دا کە لە دەست بیروهزرەکانی چەوتی دژبە مرۆڤایەتی کە تەعبیر لە سەدەکانی ناوەراست دەکەن وبەردەوام هەڕەشەن بۆ

سەربیرمەندانی نوێ خوازی لە چەشنی تۆی شاعیری ناسک هەست وناسک خەیاڵ کە بە درێژایی ژیانیان عاشقی چیاوبەندەن ودۆل وکانیاو وئاوهەڵدێر ورووباروسروشت وئازادی کوردستانی خۆشەویستن ڕابکەم وخۆم لە ژێرسێبەری شومی کۆنەپەرەستی ڕزگار بکەم. ئاخرلە تاراوگەی ولاتی خۆماندا، زۆرلە مێژە بیروئەندێشەی ئینسانی ویەکسانی خوازانەی کەڵە پیاوانی وەکوو تۆی هێژا بە گوناح و حەرام وکەفر ودژ بە خودا وپەیامبەران وکتێبە پیرۆزەکان پێناسەی بۆ دەکرێ ودەسەڵاتی سیاسی وئاینی کە نوێنەرایەتی کۆنەپەرەستی دەکا، بەردەوام لە هەناوی ڕەشی پڕلە قین ونفرەتی خۆیداو بە تێکلاو بوون لە گەڵ ئەهریمەن پەیتا پەیتا ئاوس دەبێ وئاکامی ئەولێک ئالانە ناپیرۆزەش چاندن و دەردانی تۆوی دووبەرەکی ودژبەیەکتر بوون، تۆوی دژ بە خۆشەویستی و عاشق بوون ودژ بە هەموو شتە جوان وناسکەکانە کە کۆمەڵگای پێ ژەهراوی کردووە وەکوو پەتایەکی کوشەندە هەموو کۆمەڵگای رۆژهەلاتی ناوەراستی لە ژێرچنگی خۆی گرتووە. ئەو بیروهزرە قێزەونە کە سەرچاوە لە کۆنەپەرەستی ڕەشی سەدەکانی ناوەراستەوە دەگرێ ،بۆ پاراستن ومانەوەی خۆی ئامادەیە کە هەموو کۆمەڵگای ئینسانی بکاتە قوربانی وئەوەی لای گرینگ نەبێ قەبوڵ کردن وڕێزلێنان لە مرۆڤ وکەرامەتی ئینسانی ومافەکانێتی.

لە کۆمەڵگای رۆژهەلاتی دا زمانی دیالۆگ ولێک تێگەیشتن ومەنتیق وئاشتی برەوی نیە وتەنیا چەک وشەڕ وخوێن وکاول کاری قسەی هەوڵ وئاخردەکا.

دواکەوتویی وجەهالەت ریشەی زۆرقوڵی داکوتاوە وگەڕان بە دوای ڕاستیەکان دا بە مانای لادانە لە ڕێبازی خوداوەندی و کافربوونە ودژایەتی کۆنەپەرەستی وخورافات بە مانای خستنە ژێرپرسیاری خالەقی زەوی وزەمانە وئەوەش وەکوو خەیانەتێکی نەبەخشراو سەیردەکرێ و سزاکەشی چوونە ژێر پەتی سێدارە وکوشتن وسەربرینە.

لەوێ، لە غوربەتی ولاتی خۆمان دا لە جیاتی خزمەتی باغ وگوڵ ودارستان، لە جیاتی چاندنی نەمامەکان ، لە جیاتی ڕێزگرتن لە بەها مرۆڤیەکان وڕێزلێنان لە بیروئەندێشەی نوێ وسەردەمیانەی بیرمەندانی ماندوویی نەناس وخەمخۆری کۆمەڵگا ولە جیاتی بلاو کردنەوەی تۆوی ئەوین وخۆشەویستی ،گەردەلوولی نەزانی وجەهالەت و دواکەوتویی زۆربێ رەحمانە هەمووجوانیەکان ڕادەماڵی وچەقۆی خوێناوی دەستی چاوچنۆکان وتاریک پەرەستان ملی ناسکی خونچە وگوڵان دەپەرێنێ و حوکمی زاڵمانەی جەلادەکان کۆت وبەند دەخنە ئەستۆی وشە ناسک وجوانەکان ولە نێو بەندیخانە تەنگ و تاریک ونماویەکاندا حەسرەتی دتیتنی خۆر وڕووناکی بۆ هەتا هەتایە لە ناو دڵی پڕلە ئەوینی جوان پەرەستان وئەویندارانی جێژوانی خۆشەویستی ومرۆڤ بوون دا دەکوژن.

من تاراوگەی ولاتی خۆم بەرەو تاراوگەیەکی دووردەست جێ هێشت، بە وهیوایە ڕووناکی ببینم، تاکوو خەونە وەدی نەهاتۆکانم وەدی بێنم. رۆیشتم تاکوو بە ئاوێکی ڕوون وبێ گەرد وگەش جەستەی شەکەتم بشۆم وخۆم لە گوناهە کانی تاراوگەی ولاتی خۆم پاک بکەمەوە. رۆیشتم تاکوو بە دوای بوونی خۆم دا بگەرێم ، چونکە بە فەرمودەی تۆی مەزن " خۆم گومانم لە بوونی خۆم هەیە" وهێشتاش پێناسەی راستەقینەی خۆم نازانم وبەردەوام بە دوای بوونی خۆم دا وێڵ وسەرگەردانم و لە خۆناساندنم لای بێگانە کاندا هەست بە بچووکی وشەرمەزاری دەکەم وبە دایم لە ناخی خۆمدا هەست بە کەماسی راستەقینەی کەسایەتی خۆم دەکەم. کەسایەتیەک کە بە ساڵانە لێم دزراوە ولە خۆشم نامۆکراوە، کەسایەتێک کە زمانی زگماکی لێ یاساخ کراوە وبۆی نیە باس لەهەست وسۆزی ئینسانی خۆی وجوانیەکانی سروشتی زێدونێشتمانەکەی بەو زمانە بکا کە یەکەم جار وشەی دایەوبابەی پێێ هێنایە سەرزار.

کەسایەتیەک کە لە کاتی پێهەڵاگوتن وفەخر کردن بە کولتوروزمانێکی کە داگیرکەر بە سەری داسەپاندووە بە زمانێکی لوس وچەور وەکوو ڕووناکبیر وتێگەیشتووە وپێگەیشتوو ومرۆڤێکی سەردەمیانە وبەفەرهەنگ ومودێرن تاریفی لێ دەکرێ .

من لە تاراوگەی وڵاتی خۆم ڕۆیشتم تاکوو پێناسەی بوون بۆ خۆم دروست بکەم وچیدی وەکوو هەتیوان لە قون دەرکان نە کەوم وحیسابی مرۆڤم بۆ بکەن.

ڕۆیشتم تاکوو کەرامەتی دزراوم وە چەنگ بێنمەوە وبە دونیا بلێم کە بەلێ منیش بوونم هەیە وخاوەنی زمان و کولتورومێژووی سەدان ساڵەم، خاوەنی نیشتمانی مادەکانم.

بە ڵام گەورەم، من لە هەر دووک دین ودونیا بووم، لە تاراوگەی وڵاتی خۆم بێ بەش ،ئینسان کوژ،دزێو وجەردە،کافری دژبە خودا و دین پێناسەمە و لێرەش وەکوو مرۆڤێکی سەرڕەشی پێ پەتی بێ پەناو پەسیو،برسی وڕاکردوو سەیرم دەکەن .

ئەی شاعیرە مەزنەکەی هەردەم ئاوارە ولە تاراوگە دا ژیاو، من هەم عاشقی چاوی کەژاڵ وگەردنی پڕخاڵم وهەمیش عاشقی کێو وتەلان وبە ندەن وبەردی کوردستانم .

لێرە بە دڵێکی پڕلەحەسرەتە وە چاوەڕێی گەڕانەوە بۆ تاراوگەی وڵاتی خۆم دەکەم تاکوو بێمەوە گڵکۆی پیرۆزت زیارەت بکەم ودەستە گۆلی ڕێزوئەمەگ ناسی لە سەرمەزارت دابنێم.

تۆش ئەی شاعیری دڵ پڕلە حەسرە تی ڕزگاری نیشتمان، ڕوناکبیرە مەزنەکەی نیشتمانی بێ پێناسەی کوردان ئارام بنوو، دڵنیا بە ڕۆژێک خەونەکانی تۆ ومن ومیلیۆنان کوردی بێ بەش وماف خواز ونوێ خواز وەدی دێن.

سەرچاوە : ڕۆژهەڵات تایمز ڕێکەوتی : ١٣ی ئاوریلی ٢٠١١

# بۆ یادی بیستو پێنج ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن

مەولوود بەهرامیان

٢٥ ساڵ لەمەوبەر لە رۆژی ٢٨ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاویدا شاعیری ناوداری گەلەکەمان مامۆستا هێمن (سەید محەممەدئەمینی شێخ الاسلامی) کۆچی دوایی کرد.



بێگومان هیچ گەلێک لە دونیادا نیە کە ڕێز لە کەڵە پیاوان، پاڵەوانان، شاعیران، هونەرمەندان، زانایانو .. ی خۆی نەگرێ، ئێمەی کوردیش لە مێژووی پڕ لە سەروەریی خۆماندا، بە دەیانو سەدان ئەدیبو شاعیرو کەڵەپیاومان هەبووەو هەمانە کە ئەرکی نیشتمیانی سەرشانی هەمووانە یادیان بەرز رابگرنو وەکوو مەشخەڵێک لە ئەزموونەکانو بەهرەکانیان بۆ ڕووناک کردنەوەی داهاتوو کەڵک وەربگرن.

نازانم دەقیقەن لە چ کاتێکەوەو لەکوێ ناوی هێمنم بیستووە؛ بەڵام باش دەزانم مێرمنداڵێکی ١١- ١٢ساڵانە بووم و لە گۆڤارە تاقانە خنجیلانەکەی«سروە»دا لەگەڵ نووسینەکانو شێعرەکانی ناوبراو ئاشنا بووم، هەر لەو کاتانە دا بوو کە گوێم لە ناوی «تاریک و ڕوون» واتە دیوانە شیعرە بەناوبانگەکەی مامۆستا بوو؛ بەڵام مخابن ئەوکات ئەم کتێبە بەنرخە کە بەرهەمی ساڵانێک هیواو هومێدو رەنجەڕوویی، خەمو مەینەتو تەنیایی، شکست و ژیانی ئاوارەیی‌و... ئەو شاعیرە هەست ناسکە بوو، نایاب بوو و وەدەست نەدەکەوت. باشم لەبیرە بەهەر جۆرێک بێ لە کتێبفرۆشیەکی شاری مەهاباد کە ئەوکات(کوتایی دەیەی شێست) لەوێ قوتابی بووم بە قیمەتێکی زۆر گران وەدەستم کەوت؛ بەڵام دەتگووت خودا خەنی کردوومەو وونبوویەکی زۆر ئازیزم دیتۆتەوەو هەر بەڕێوە دەستم کرد بە خوێندنەوەو ئەگەر هەڵە نەبم هەر لە یەکەم شەودا، پێشەکیەکەو چەندین شێعری دیکەشم لێ خوێندەوە.

دواتر بە خوێندنەوەی «نالەی جودایی» زیاتر لەگەڵ هێمن ئاشنا بوومو زانیم چەندە ژیانی دەربەدەریو بێکەسی لە کوردستانی گەرمین ئازاری داوەو وای لێکردوە وا هەست دەکاو پێیوایە لەکاتی گەڕانەوەی دا بۆ زێدی خۆی هەموو ئەو کەسانەی کە خۆشی ویستوون، بیبینن‌و نەیناسنەوە! لە »پاشەرۆک»دا لەگەڵ هەستی ناسکو پڕ لە خۆشەویستی مام هێمنی ئاشقدا زیاتر ڕۆچوومە خوارێ‌و بە دەنگە دڵرفێنەکەی مامۆستای خوالیخۆشبوو محەممەدی ماملێدا کەوتینە "هەواری خاڵی"و لەگەڵ مامۆستای هێمنی وەرگێرو ئەدیبدا سەرێکمان لە گەنجی سەربەمۆری فولکلۆری دەوڵەمەندی کوردی کە گەڕیدەی بیانی ئۆسکار مان لە "توحفەی موزەفەرییە"دا کۆی کردبووە، داو لە سەرەنجامی ئەم گەشتە سەرپێیەدا بە ئاشکرا بۆم دەرکەوت، مامۆستا هێمن، ئاشقی نەتەوەکەی، هۆگری ئازادیو یەکسانی(نەتەوەیی‌و رەگەزیی)و دڵە وەکوو شووشەکەشی بۆ ژن پڕ لە خۆشەویستی‌و ڕێز بوو. بەڵام مامۆستا حەزی لە تەشیڕێسێکی وەکوو شیرنی وەفایی نەبوو و کیژی وریای چاوکراوەی فێرەزانینی دەویست.

بەخوێندنەوەی پێشەکیەکەی تاریکو ڕوون، سۆزو ڕێزو مرۆڤدۆستی هێمنی لاوم بۆ ئەو کچە نشمیلە بێنازە ئازەریەی کە لە گوندەکەی

خۆیاندا، لە ڕۆژانی سەختی قاتیو قڕیدا، کە باوکی بێئەنوای حازر بوو لەباتی نەختاڵێ ئارد بیدا بە کوێخای چلێسی نائینسان، بۆ ئەوەی جگە لە کچەکە، خۆیو مناڵەکانی دیکەی لە برسان تێدا نەچنو کچەکەش لەبەر خوشکو برا بێدایکە بێنازەکانی، جگە لە ئاهێکی ساردو سرو و بێدەنگێکی بەسام، چێ لەدەست نەدەهات، زیاتر بۆم ئاشکرا بوو و تێگەیشتم چۆن ئەم سیما دزێوە ناشیرنە، دەروونی پڕ لە سۆزی مامۆستا هێمنی شۆڕشگێری هەژاندوەو چۆن هێمنی ئینساندۆست، ریسی کوێخای خوێڕی دەکاتەوە خوریو ئەم شیعرەی کە لە پەسنی پێشەوادا ووتبووی، خۆیشی یەکێکە لە میسداقە هەرە بەرچاوەکانی شێعرەکە؛

هەر کورد نەبوو بەشەر بوو
خەمی خەڵکی لەبەر بوو

بەڵێ خۆشەویستانم لە کۆتایی ئەم چەند دێرەدا حەز دەکەم پڕ بەدڵ بە دەنگێکی بەرز، ڕوو لە بوداغ سوڵتان، هاوار بکەمو خیتاب بە ڕۆحی مامۆستای نەمر بێژم: هۆ مامۆستا هێمن! هۆ ئازیزەکەی پێشەوا! لە ساڵرۆژی کۆچت دا هەزاران درودو سلاو دەنێرین بۆ گیانی بێحەسانەوەتو پڕ بە دەم هاوار دەکەینو دەڵێین؛ فکرت لای ئێمە هەر ماوەو وەکوو جاران هەر بەتاوە، دیسانەکەش هەر وەک جاران هەر دەڕۆین بەرەو ئاسۆ، دەڕۆین دەڕۆین هەتا ترۆپکی ڕزگاربوون ....
بەڕێز بێ یادو بیرەوەری شاعیری نەتەوەیی کورد مامۆستا هێمنی موکریانی

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ١٧ی ئاوریلی ٢٠١١



# هێمن ... شاعیری هاوار و شیوەنی سەدەی بیستەم

ئەفراسیاب گرامی

### ژیانی هێمن بەناو شەقامی دڕکاوی سەفەر دەکا ...



شاعیرو نووسەر و وەرگێڕو ڕووناکبیری ناوداری کوردستان، محەممەدئەمین، کوڕی سەید حەسەنی شێخەلیسلامی موکری ناسراو بە مامۆستا "هێمن" لە شەوی ۴ لەسەر ۵ ی مانگی مەیی ساڵی ١٩٢١ لە گوندی اچین"ی نزیک شاری مەهاباد لەدایک بووە. هەر بە منداڵی دەخرێتە بەر خوێندنو چەند ساڵ لە قوتابخانەی "سەعادەت لله شاریمەهاباد "دەخوێنێت. پاشان باوکی لە قوتابخانە دەریدەهێنێتو دەینێرێت" بۆ خانەقای شێخی بورهان، هەر لەو سەردەمەدا هۆگری شیعر و ئەدەبییات بووە. خۆی دەنووسێ کە" لەگەڵ هەژار شەو و ڕۆژ خەریکی خوێندنەوەی چیرۆکی وەکوو ئەسکەندەرنامە، ئەمیرئەرسەلان، شێرۆیە، حوسین کوردی شبستەری، خاقانی و هتد بووین..." هەروەها دەنووسێ کە: خانەقای بورهان جێگای خوێندن و فێربوون بوو. چونکە جێگای هەموو جۆرە مرۆڤێکی لێ دەبووە. لە هەموو بابەتێکی لێ بوو. دوای ۴ ساڵ لە خانەقادا کە زۆر خۆشم رابوارد، گەڕامەوە بۆ گوندی کولیجە، کە ملکی خاڵی خۆم بوو..."

لەوێش بەردەوام دەبێ لە سەر خوێندن و دوایە دەچێتە خزمەت مامۆستا( فەوزی) مەلای گەورە و ئەدیب و مامۆستای دڵسۆزی مامۆستایان. هێمن خۆی نووسیویە "من دەبێ بڵێم دەسکردی "فەوزی"م، ئەو هەڵیوەشاندمەوە، تێکی هەڵشێلامەوە، و سەر لە نوێ دروستی کردمەوە. ئەو حاجی قادری کۆیی، نالی، کوردی، سالم، مەولەوی، حەریق، مەحوی، ئەدیب و وەفایی پێ ناساندم". هێمن، هەر لە تافی لاویەتییەوە، تێکەڵ بە خەباتی سیاسیو کۆمەڵایەتی کورد دەبێ بە چەشنێ کە شان بەشانی هەڤاڵانی "هەژار و قزڵچی و زەبێحی" یەکێک لە دامەزرێنەرانی هەڵسووڕی "کۆمەڵەی ژ. ک" بوو و قەڵەمی لە گۆڤاری "نیشتمان"دا دەرکەوتو نازناوی "هێمنی"ی بۆ خۆی هەڵبژارد. هێمن لەو کۆمەڵەیەدا دەبێتە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نیشتمان و دوایەش گۆڤاری ئاوات. لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی هەتاوی کە لە سەر بناغەی ژ- کاف، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد دادەمەزرێ، هێمن بۆ یەکەم جار لە مزگەوتی سووری مەهاباد لە بەرابەر خەڵک دا شیعر دەخوێنێتەوە و دەبێتە سکرتێری هەیئەت رەئیسەی میللی دێموکراتو دوایە لە کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبدا دەست بەکار دەکا. لەو کۆمارەدا بۆ دانانی کتێبی کوردی لە فێرگەکانی کۆماری کوردستان کاری کردووەو لە گۆڤارەکانی ئەودەمی حیزبدا وەک "ڕۆژنامەی کوردستان"، هاواری کورد، هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵانو هەڵاڵەدا شیعر و وتاری بڵاوکردۆتەوە. لە کۆماری کوردستاندا پێشەوا ڕایگەیاندووە کە: "شیعرەکانی پڕ مانان و دەبێ تەواوی ئەندامانی حیزب لە بەری بکەن و بیکەنە پڕۆگڕامی تێکۆشینی خۆیان" و وەک شاعێرێکی نیشتمانپەروەر لە پێکهاتنی کۆماری کوردستاندا ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕاو لەلایەن "پێشەوا قازی محەممەد"، سەرکۆماری کوردستانەوە نازناوی "شاعێری نەتەوەیی" پێ بەخشرا. ئەو دەمەی مامۆستا هێمن تێکەڵ بە خەباتی سیاسی . کۆمەڵایەتی کوردستان دەبێتو لە بونیادنانی ئەدەب و فەرهەنگی کۆماری کوردستاندا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێ کە ڕۆژگارێک بوو دەوڵەت . نەتەوەی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، لە ڕێگای هێژموونییەکی

ستەمکارانەو ئاسمیلاسیۆنی فەرهەنگیو نەتەوەییەوە بە تەواوی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا بوو، لە سەردەمێکدایە کە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورد ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سەختو دژوار بۆتەوەو دەرەتانی لە گەشەو پەرەپێدانی فەرهەنگو وێژەی کوردی تەنگ کردبوو.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، هێمن هەروەکوو هەڤاڵانی دیکەی، پەڕیوەی کوردستانی باشوور دەبێت. ڕووخانی کۆماری کوردستان ئەوەندە کارتێکەری لەسەر شاعیر هەیە وەک خۆی دەڵێ: " ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە و ئەو کارەساتە جەرگ بڕە هەموو کوردێکی بە شەرەفی خەمناک و تازیەبار کرد". پاش ماوەیەک ئاوارەییو دەربەدەری دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هێمن لە کاتێکدا دەگەڕێتەوە کە هێندێ هێندی حیزبی دێموکرات سەر لە نوێ خەبات و تێکۆشانی سیاسی خۆی نوێ دەکاتەوە بە چەشنێک لە ساڵانی ١٩٦٧-١٩٦٨ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی نوێو دەستەیەک لاوی شۆڕشگێڕ خەباتی سیاسیو چەکداریی پێکەوە گرێدەدەنو لەبەرامبەر لەشکری داگیرکەری دەوڵەتی شادا دەست بە شەڕی پارتیزانی دەکەن کە پاش ماوەیەک ئەو بزووتنەوەیە سەرکوت دەکرێتو زۆر لە کەسایەتییەکانی وەک مەلا ئاوارە، شۆڕشگێڕو شاعیر شەهید دەبێت. ئەو کەش و هەوایە ژیانی ماموٚستا هێمن بەرەو ژیانی باشووری کوردستان هان دەداتەوە. ماوەیەک لەگەڵ" هەژار" پێکەوە دەژین. پاشان بڕیاردەدات کە لەنێو ڕیزەکانی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا درێژە بە تێکۆشانی خۆی بداتەوە. لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٩دا کۆنفرانسی دووەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندێکی نزیک قەڵادزێ دەبەسترێت. هێمن یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە دەبێتو هەر لەوێیشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات هەڵدەبژێردرێت. پاش چەند مانگ لە کارکردنو چالاکی، دەست بە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەکەنەوەو لە کانوونی دووەمی ١٩٧٠دا یەکەم ژمارەی دەردەکەن. هەر لەو کاتەدا لە باشووری کوردستان-یش "یەکێتیی نووسەرانی کورد" دادەمەزرێت، هێمن وەک شاعیر و نووسەرێکی خاوەن هەڵوێست بە ئەندام وەردەگیرێتو لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەو بۆنەکانی ئەو ڕێکخراوەدا هەڵدەسووڕێتو لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانیشیدا شیعر و وتاری ئەدەبی بڵاودەکاتەوە. ساڵی ١٩٧٣ هێمن دەبێتە ئەندامی "کۆڕی زانیاریی کورد"و چەند کاری بەنرخ ئەنجام دەدات کە یەکێکیان ساغکردنەوەی تێکستەکانی کتێبی "تحفه مووزەفەریە" دەبێت کە کاتی خۆی "ئۆسکارمەن" کۆی کردبۆوە.

کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ دەست بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەکات و بەشێکی دەنووسێتەوەو لەگەڵ بەشێک لە بەرهەمەکانی بڵاویان دەکاتەوە. هەموو ئەمانە پێکەوە لە هاوینی ساڵی ١٩٧٤دا لە کتێبێکدا بە ناوی "تاریک و ڕوون" چاپدەکرێن و دەخرێنە بەردەستی خوێنەرانی کورد.

هێمن لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ کە جووڵانەوەی جەماوەریی دژ بە ڕێژیمی حەمەڕەزا شا لەنێو شارە گەورەکانی ئێراندا دەستپێدەکاتو زۆر بە خێرایی سەرانسەری ئێران دەگرێتەوەو مەرگی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرییە نزیک دەبێتەوە، هێمن دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پاش گەڕانەوەی حیزبی دێموکرات بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئازادبوونی بەشێک لە کوردستانو گەڕانەوەی ماموٚستا هێمن، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆنگرەی چوارەمی خۆی دەبەستێ، پاش ئەو کۆنگرەیە ماموٚستا هێمن بە جۆرێک لە جۆرکان خۆی لە حیزبایەتی دەدزێتەوەو چالاکییەکانی دەچێتە ناو بزووتنەوەی فەرهەنگی ـ ئەدەبیی کوردستانەوە.

ماموٚستا هێمن پاشان بە هەوڵو تەقەلایەکی زۆر و لەگەڵ کۆمەڵێک ئەدیب و نووسەری کوردستاندا هەوڵی بنکەیەکی ئەدەبی و

بڵاوکراوەیەک دەدەن کە "ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەیوبی"ی لێ دەکەوێتەوەو گۆڤاری "سرووە" بە سەرنووسەری مامۆستا هێمن چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

وەک خۆی لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری سروەدا دەڵێ: "ئومێدەوارم ئەم سروەیە هەر بێ و هەر دڵان ببووژێنێتەوە و هەر گوڵان بگەشێنێتەوەو هەر دڵی کوردان خۆش بکا".

هێمن لەو دەگمەن کەڵەپیاوانەی مێژووی ئەدەبی کوردی بوو کە تەمەنی مێرمنداڵی و لاوی و پیری خۆی لە سەنگەری فەرهەنگو ئەدەب و شۆڕش دا بەخت کرد، ئەشکەوتو خڕودۆڵی کوردستانی لە دێڕەکانیدا دەهێنایە سەماو بەرەو لووتکەی شەیدایی دەیهێنانەوە هەتا تراژدیای "ناڵەی جودایی"مان بۆ بکاتەوە بە "عەشق و ئازادی" و بڵێ:

هەتاکوو دوا پشوو ڕێبواری ڕێگەی ئێشق و ئازادیم
ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم، بەرهەمێکی تر

مامۆستای شاعیر، پاش دەرچوونی چوار ژمارە لە سروەی ڕەنگینی کوردستان، مۆمی ژیانی هێمن دوایین فرمێسکی هەڵوەراند و لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ (١٩٨٦.ز.)ی، شاعیرو ڕووناکبیری بەپەرۆشی نیشتمان، پاش شەونخوونیو تفت و تاڵیی ژیان، لە شاری ورمێ دڵە پڕ خۆزگەو ئاواتەکەی لە لێدان کەوتو پاشان لە "گۆڕستانی بوداغسوڵتان"ی مەهاباد بە خاکی پاکی نیشتمان سپێردرا. گەرچی دەڵێن "خاک، مەیل برە"، بەڵام بۆ شاعیری خاوەن هزرو شۆڕەسواری ئەدەبی کوردی لە سەدەی بیستەمدا، جێگای لە دڵی هەموو خەڵکی کورددا سەوزە. سەدەی بیستەم سەدەی چاوەڕوانییەکان لە شیعرو ئەدەبیات بوو، سەدەیەک کە بۆ شاعیرو خەیاڵی هێمن سەدەیەک بوو پڕ لە تراژدیک و پڕ لە حەکایەتی نەبڕاوە کە کەژاوەی پەیڤی هێمنیان بەرەو دەریای ئەوین و سووتان دەبرد هەتا نغرۆی تراژدییەکانی نەتەوەی کورد دەبوون.

هەروەکوو هێمن دەنووسێ:

کیژ و کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن ڕەشبەڵەک
من کە شین گێڕی شەهیدانم لە کوێی شینم دەوێ

هێمن خەیاڵی پاڵ بە چەرخەکانی ئەدەبی سەدەی بیستەمەوە ئەنێ ...لە قۆناغی دێرینەوە تا وەکوو ئەم سەردەمە و دۆخە جیاوازەکانی بەرهەمهێنەری شوناس، تەوەری سەرەکی لێکۆڵینەوەی ڕەچەڵەکناسانەی سووژەی کوردیە. کورد وەکوو سووژەیەکی مێژوویی لە دۆخێکی تایبەتدا سەری هەڵداوە و توانیویە لە هۆکارە بەدیهێنەرەکانی خۆی تێبپەڕێت. تێپەڕین لە ئاقاری ئەو بەدیهێنەرانە لەڕاستیدا هەمان خودئاگایی و بە ئاگابوونەوە لە خۆیە. ئەدەبیات بە تایبەتی ژانر شیعر کە بەشێک لە پێکهاتنی ئەم شوناسە مێژووکردەی نەتەوەی کوردی پێکهێناوە و لە پانتایی ئەدەبی گێڕانەوەدا پانتایەکی بەرینە، وروژاندی جیهانبینی، ژیان، حەز و تاسە و خۆزگە و سۆزی مرۆڤ لە ڕێگای واقعیەتە جڤاکییەکانی ژیانی مرۆڤایەتییەوە و چۆنیەتی رامان و مەعریفەناسی مرۆڤ، پێمان دەڵێ خەیاڵی شاعیرانە، یان زیندەخەونی شیعری ئەو ڕێگایەیە کە بیرکردنەوە دەیگرێتە بەر بۆ دۆزینەوەی ڕەوتێکی دیکە بۆ ژیان و بۆ سازدانی پەیوەندییەکی دیکە لەگەڵ ژیاندا. بۆیە لەم ڕێگاوە جیا لەوەی کە خۆدۆزینەوە لە ناو جوانییەکانی ژیان و هەڵگری ئەو پەیامەیە کە مرۆڤ تیایدا دەتوانێ بە جوانترین شێوە بیر بکاتەوە. کەواتە شیعر دەتوانێ ژیان و بوونی مرۆڤ و مێژووی سیاسی و

کۆمەڵایەتی و دیاردەکانی سروشت و مرۆڤایەتی ، لە ڕێگای جوانیناسی و دەورووبەرەوە ڕاڤە بکات، هەروەکوو ئەدۆنیس، گەورە شاعیری عەرەب، دەڵێ: شیعر دەتوانێ مێژوو ڕاڤە بکاتەوە، بەڵام مێژوو ناتوانێ شیعر ڕاڤە بکاتەوە". ئەمە لە کاتێکدایە ئەو نەتەوەیەش لە قۆناغەکانی مێژوودا، توانییێتی کیان و "هویت" ی سیاسی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی خۆی پاراستبێت و خاوەنی شوناسو پێناسەیەکی تایبەت بە خۆی بێت. بەڵام نەتەوەی کورد سەدان ساڵە مەترسی لە نێو چوون و توانەوە بە سەریدا زاڵ بووە و نەیتوانیوە چوارچێوەیەکی جۆگرافی و پێناسەکراوی "هویت" ی بۆ خۆی مۆتۆربە بکات. کاتێک لە پرۆسەی مۆدێرنیتەدا گوتاری بونیادنانەوەی شوناس لە لایەن ڕووناکبیرانی کوردەوە سەری هەڵدا، کۆماری کوردستان نەوەیەکی خودئاگای پەروەردە کرد کە گوتاری خودئاگایی نەتەوەییان بە ئوبژە کردو توانی بزووتنەوەی ڕووناکبیری کورد بگەیەنە ئاستێکی بەرین و تەنانەت بەشەکانی دیکەی کوردستان. دیارە ئەگەر تا دوێنێ شیعری کوردی بە تێکڕای دەربڕینی چەشنە بیرو بۆچوونێکی عیرفانی و ئیدئالیستیانەو گشتی بێژانە بوو لەم قۆناخەدا بە هۆی کۆمەڵێ لە شاعیرانی نئۆکلاسیکی کوردی وەک قانێع، هێمن، هەژار، هێدی و....شیعریان لە دیوانسالاری سوننەتی و حۆجرەکان دا ڕزگار کرد و شیعری کوردییان خستە ناو قۆناخی ریالیزمەوەو تا ڕادەیەک جەوهەرە و نێوەرۆکی شیعریان تووشی ئاڵوگۆڕ کرد و توانیان گوتاری ڕووناکبیری لە سەردەمی کۆماری کوردستان و دوای کۆمار، بەرینتر بکەنەوەو بگەیەننە ئاستێک کە تەکانێکی مەزن بدەن بە ئەدەبیاتی کوردی، هەرچەندە ئەم قۆناخە لای حاجی قادری کۆیی دەست پێ دەکاتو لە نیۆکلاسیزمی کوردی سەدەی بیستەمدا دەگاتە تەشقی خۆی.

## هێمن و زایەڵەی ئەزموونی شیعرەکانی

هەروەک دەزانین، مامۆستا هێمن یەکێک لەو شاعیرانە بووە کە بەو پەڕی شارەزایی و لێزانییەوە توانیویەتی ڕووداوە کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و بەسەرهاتە مرۆڤایەتی ـ فەرهەنگییەکان لە قاڵبی بیر و خەیاڵ و دەربڕینە شیعرییەکانیدا بگونجێنێ و وێنەیەکی جوانی زیندووی دوور لە دەربڕینی ویشک و برینگی زەینی بخوڵقێنێ، کە هەم خوێنەرەکانی وێڕای چێژوەرگرتن، تووشی بیرکردنەوە و ڕامان بکات و هەم نۆستالۆژی و سەرسووڕمانو هەم هەرمان. شاعیرێکی جوانیناس بوو کە دەیتوانی بە غەزەڵ گۆشەنیگای سەدان دڵ شەیدای خۆی بکاتو جوانی بنووسێتەوەو لە ناو دێرە سێحراوییەکانی غەزەڵدا گوڵ لە بەرۆکی جوانییەکانی نیشتمان، ژنو ژیان، بێدەنگی و هاوار، جودایی و شکەست بدات. بە هێمنی دەستی بۆ نائاشناکان دەبردو ئاشنایی پێ دەبەخشی.

ئەگەر شیعر هەمیشە کۆڵەکەی ئەدەبی کوردی بووەو پانتاییەکی بەرینی لە بە شووناسکردنی کولتوور و زمانی کوردی داگیر کردووە. بازنەی ئەدەبی و داهێنان و ئافراندنی ئەدەبی تەنگ و بەرتەسک بووە، ئەوەش بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ژیانی کورد دەگەڕێتەوە کە زەمنی لە ژیانی ڕابردوو لە کاتی ئێستادا ڕاڤە کردووە. لای هێمنیش وێناکردنو هێنانەوەی واقعییەتەکانی کۆمەڵگا، لە زۆربەی شیعرەکانیدا خۆیان زەق دەکەنەوە کە دەتوانم بڵێم ئەو شیعرانە خۆیان لە قوتابخانەی ئەدەبیی ریالیزمی ڕەخنەگرانەدا جێ دەکەنەوە.

بۆ نموونە لەم شیعرەدا بە جوانی دەردەکەوێت:

لەو دەمەی ڕا دڵم لێی داوە بۆ ژوان

من دێوانەی چاوی جوانم، چاوی جوان
گەرچی خەڵکی وڵاتی چاوجوانانم
چاوی جوانم تێر نەدی بە چاوانم
هەتا لاو بووم چاوی جوانم لێ ون بوو
پەچەو ڕووبەندو چارشێوم دوژمن بوو
ئێستا پیرم و کەوتوومەتە ئاویلکە
چاوی جوانم لێ ون دەکا چاویلکە

(دریدا) پێی وایە زمانی ئەدەبی لەو پێوانەیە دەردەچێت، چونکە گوزارە لە واقیع ناکات، بەڵکو هەڵچوون دەوروژێنێت. ڕووداوی مێژووی دەکاتە واقێع و بێدەنگی ڕەت دەکاتەوە". سەرهەڵدانی چەندین قوتابخانەو ڕێبازی هونەری و ئەدەبی شیعریان لە چوارچێوەی فۆرمی خۆیاندا قەتیس کردۆتەوە، بەڵام شیعر لەوە دەربازبووە، کەواتە ئەگەرچی هەموو ئەوانە مەرجی پێناسەکردنی شیعری هەڵنەگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ هەموو بەدواگەڕانێک خۆبینینێکی دیکەی شیعر بێت، یان بەرجەستەکردنی جۆرێکی دیکەی ژیان بێت، بەو مانایە شیعر دەبێتە دەستلێدانێکی دیکەی ژیان. بۆیە شیعری هێمن دەتوانین لە گۆشە نیگای جیاوازەوە بخەینە بەر ڕاڤەو تاویلەوە، هەم لە ڕوانگەی هێرمنۆتیکی هەم لە ڕوانگەی فۆرمالیستەکانەوە.

گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد ئاخۆ
مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر!
گەیشتمە سەر ترۆپکی ئارەزوو ڕۆژێکی کەچی ڕوانیم
لە پێشمدایە زەردە و ماەو سەخت و ئەستەمێکی تر

وەک کۆتایی پەیڤی ئەم یادکردنەوەیە لە مامۆستا هێمن:

ڕۆڵی شیعر بۆ شوناسکردنی جیهانی دەوروبەرە، شیعر بێ داهێنان هیچ قسەیەکی بۆ گوتن نیە و ناتوانێ لە نێو هێژموونی گوتاری زاڵی سەردەمدا خۆی پێناسە بکات و ئەبێت بە ژێرەوە، بۆیە ڕەمزی دەقی ئەدەبی لە داهێنانیدایە. یادکردنەوە لە شاعیر پایەبەرزی سەدەی بیستەم، یادکردنەوە لە پاشخانێک لە ئەدەبی کوردییە کە ئێمە نەوەی نوێ بە خوێندنەوەی ئەو پاشخانە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەی نەتەوەکەمان دەتوانین بگەینە قەلەمڕەوی داهێنان. سەدەی بیستەم بۆ کورد سەدەیەک پڕ لە تراژیک بوو، ڕەنگە بتوانین بڵێین سەدەیەک بوو کە کورد ژانی ناسۆری بە قەد هەموو مێژوو چەشت، سەدەیەک کە بە سەدەی گۆڕانکارییە مەزنەکان ناودێر کراو ژیاری مرۆڤایەتی گەشەکردنی بەخۆیەوە بینی، بەڵام چێشتنی تفو تاڵی ژیانی سەدەی بیستەم بۆ کورد، ژیانی ڕووناکبیری ئێمە بەرەو ئەشکەوتو بنەبەرد و شاخو قەدپاڵی کێوە سەختو ئەستەمەکان بردەوە. بەڵام کێ هەیە بزانێ لە دڵی ئەو خڕودۆڵو بەندەنانەدا چ شاکارگەلێک خوڵقاو و داهێنانی ئەدەبی گەیشتە چ لووتکەیەک. ئەوەی وەک دوا گوتە دەمێنێتەوە دەبێ بڵێم هەر نەوەیەک ڕۆڵەی سەردەمی خۆیەتی، ئێمەش نەوەی نوێ بە پشتبەستن بە ئەزموونی نەوەکانی پێش خۆمان بەرەو قەلەمڕەوی داهێنان ڕێ بکەینو کارێزی ئاسۆ گەشترو ڕووناکتر بکەین. وەک مامۆستا هێمن دەڵێ:

"تۆ بەڵێنم پێ بدە تا من بەرەو ژوان ببمەوە
بمدەیە ماچێکی تر لەم لێوە با جوان ببمەوە

بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن:

- تاریک و روون (شیعر و پەخشان)
- پاشەڕۆک(شیعر و پەخشان)
- توحفەی موزەففەرییە(فۆلکلۆری کوردی، کە کاری ئۆسکارمانە وهێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی).
- شازادە و گەدا .
- قەڵای دمدم .
- هەواری خاڵی .
- چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگز.
- ئەفسانە کوردییەکان (کاری قەنات کۆردۆ کە هێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی)
- ناڵەی جودایی .

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر / ڕێکەوتی : ١٥ ی ئاوریلی ٢٠١١



# هێمن موکریانی لە ڕوانگەی ئەدیب و نووسەرانی لاو

## جەمال نەجاری

٢٩ی خاکەلێوەی ٢٠٧١١ی کوردی بەرامبەر بە ١٨ی ئاپریلی ٢٠١١ی زایینی، ٢٥ساڵ بە سەر کۆچی دوایی مامۆستا هێمن موکریانیدا تێپەڕی، لە ماوەی ئەم ٢٥ ساڵەدا گەلی کورد تووشی چەندین ڕووداوی جۆراوخۆر هات و هەموو ئەو ڕووداوانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر ئەدەب و زمان و کلتوور و داب و نەریت و سیاسەت و هتد ...دانا.




ئەدەبی کوردی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە تووشی ئاڵ و گۆڕییەکی فراوان هات و ڕەخنەی ئەدەبی بە واتا بەربلاوەکای جێی خۆی لە نێو ئەدەبی کوردیدا کردەوە، لە پاش ئەم ٢٥ ساڵەی کە بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا هێمندا تێدەپەڕێ، هێشتا لە نێو چینی ئەدیب و نووسەری کورددا هێمن بە چاوی ڕیز و بە شاعیری نەتەوە و بە شاعیرێک پێناسە دەکرێ کە هەستی جوانی ناسی و هەستی نیشتیمانپەروەری لە نێو دەقە شیعرییەکانیدا دەبیندرێ، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێک ڕەخنە لەسەر دەقە ئەدەبی و شیعرییەکانی هێمن نووسراوە و قسە و باسی لەبارەوە کراوە.

نووسین و بەرهەمەکانی هێمن موکریانی خۆیان لە کوێی مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەبینەوە و و جیاوازی هێمن لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆی لە چیدا دەبینی؟
لەم پەیوەندییەدا ڕای کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری لاو وەردەگرین سەبارەت بە هێمن و بەرهەمەکانی و کاریگەرییەکانی شیعری هێمن لەسەر شیعری ئێستا هەڵدەسەنگێنین.

### شەریف فەلاح، شاعیر و نووسەر:



هێمن و بەرهەمەکانیو بەتایبەت بەرهەمی شێعری، لەو جۆرە شێعرانەیە کە هەڵگری توخمێکی لیریکییە و ریتم و ئاهەنگ و مۆسیقا

زاڵە بەسەریاندا و ئەم تایبەتمەندییەش وای لێکردووە کە خێرا و دەستبەجێ لە دڵەوە بنیشێ و لەگەڵ ڕۆح و نەستی خوێنەر و گوێگردا پێوەندییەکی قووڵ دابمەزرێنێ.

**شێعری هێمن بەڕای من هەڵگری ئەم تایبەتمەندیانەیە:**

* بەرلە گشت لە شێعری هێمندا شێوەنێک هەیە کە شیوەنی ئینسانیە و ئەو ئینسانەش کە کورد بێت حزوورێکی بەرجەستە و بەردەوامی لە شێعری هێمندا هەیە و هەموو خەم و برک و ئێش و ئازارەکانی خۆی و نەتەوەکەی لە دەقی ئەودا دەبینێتەوە.
* شێعری هێمن نموونەی بەرز و بەرچاوی ئەدەبیاتی بەرخودان و ڕاپەڕینخوازانەیە و شۆڕش و خەبات و خۆشەویستیی نیشتمان لەلایەک و خەم و ئازارە کۆمەڵایەتییەکانیش لەلایەکی تر سەراپای شێعری هێمنیان داگیر کردووە.

* جوانپەرستی و عەشق بە ژن و خۆشەویستیی ڕاستەقینە لە شێعری هێمندا وەها پێکەوە گرێ دراون کە جوێ کردنەوەیان لەیەک لایەکی تەرازووی شێعری هێمن لەنگ دەکەن، حزووری بەردەوامی ژن وەک سەرچاوەی ژین، لە باوەڕی قووڵی مرۆڤێکی شاعێرەوە سەرچاوەیان گرتووە و کردووەش سەلماندوویە کە ژیان و شێعری هێمن بەبێ بوونی جوانی و ئازادیی ژن هیچ واتایەکیان نەبووە لەلای و هەروەک خۆی دەڵێ: ( بێ ئازادی ژن سەرچاوەکەی ژین لیخنە)

* زمان لە شێعری هێمندا پاراو و خۆماڵی و سادە و بێ گرێ و گۆڵە، بە چەشنێک کە پاش سێ کوچکەی بابان و بەتایبەت لە قوتابخانەی شێعریی موکریاندا یەک لەو کەسانەیە کە شانبەشانی هەژار هەم لە نوێبوونەوەی شێعری کوردیدا و هەم لە خاراوتر کردنی زمانی ئەدەبیی کوردیدا ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە و تا هەتایە ئەم جێپەنجەیەی هەر دەمێنێ.

* تایبەتمەندییەکی بەرچاوی دیکەی بەرهەمی هێمن، پەخشانی هێمنە کە لەمەشیاندا هێمن زۆر وەستایانە و بە پاشخان و رابردوو و هەروەها خوێندنەوە و تێگەیشتنی قووڵی لە جەوهەرە بنەڕتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، توانی شاکاری زۆر بەنرخ بخولقێنێ کە دەتوانین ئاماژە بە پاشەڕۆک و پێشەکیی تاریک و ڕوون بکەین.

هەر بەشێکی زۆر لەو تایبەتمەندیانەی کە باسمان کرد لە شاعێرانی هاوسەردەمی خۆی جیای دەکاتەوە و هەروەها تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانی و خەڵکی بوونی هێمن و سادەییەکەی کەش و دۆخێکی وایان خولقاند و وایان کرد کە هێمن ببێتە مرۆڤێکی خۆشەویست و شاعێرێکی نیشتمانی و لەبەر دڵان و کەم کەس هەیە کە بە مۆسیقای شێعری هێمن کۆرپەی خەیاڵی ڕانەژاندبێ.

شێعری هێمن شێعرێکی نەمر و هەرمانە و هەتا ئێستا زۆر لایەنی شێعری و باقی بەرهەمەکانی دیکەی هێمن ماون کە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەیان لەسەر بکرێ.

## هێرۆ مەولوودی؛ شاعیر و ڕۆژنامەنووس

دیارە باس کردن و ئاوردانەوە لە هیمن و بەرهەمەکانی کارێکی ئاسان و ساکار نیە و هەمو کەس ناتوانی کورد گوتەنی خۆی لە قەرەی باسکردن لەم ناوادارە بکات بۆ یە منیش وەک کەسێکی سادە باسی لێدەکەم و وەک خوینەرێکی بەرهەمەکانی کە هەرکات ئەیخوینمەوە تام و چێژی نویە بۆم و ئاوپرژینی دڵم دەکات.



هێمن سادە باس لە ئەوین ، نیشتمان و زۆر شتی تر دەکات کە ناوەرۆکی بەرهەمەکانیەتی. بە زمانی خەڵک ئەدوێ و هەڵقولاوی ناو خەڵکی بوو بۆیە بەرهەمەکانی سەرەرای ئەوەی کە لیریک و ئاهەنگینە زوو لێی تێدەگەی . دیارە لە زۆربەی هۆنراوەکانی هەستی خۆیەتی ، باسی خۆی دەکا بەلام ئەوەندە شارەزایانە دایرشتوە کە دوزای چەندین سالیش ئەگەر کەسانێک بۆ یەکەم جار بیخوینیتەوە و بە باشی لێ تێ بگات وا هەست دەکا ئەوە خۆیەتی و هیمن بۆ ئەوی نوسیوە و ئەمەش بوەت رەمزی سەرکەوتنی هۆنراوەکانی تەنانەت لەو بەرهەمانەی کە رەنگە دروشمی بن.

نوسینەکانی هیمن موکریانی لە رووی زمانەوانی ئەوەندە دەوڵەمەندە کە دەتوانین زۆر بە ئاسانی سودی لێ وەرگرین بۆ زمانێکی ستانداردی کوردی ، بەکار هێنانی وشەی رەسەن و پەتی کوردی زۆر لە بەرهەمەکانی کردوەتە هەنبانە بۆرینەیەکی تری کوردی و نیشاندەری کلتور و ئەدەبی کوردە.

مامۆستا هیمن زۆر جوان لە بەرهەمەکانی رەخنە ئەگرێ و وا باسی گرفتەکان ئەکا کە تایبەتە بە هەموان و گشتی یە و لە گەڵ ئاماژە کردن بە کێشەکان ریگا چارەش باس ئەکات و بیر و هزرێک ئەخولقێنێ کە کەمتر شاعیریک لەو سەردەمەدا توانیویەتی بیکات و ئەو لە رێگەی بەرهەمە بە پێزەکانی وایکردووە و سەلماندویەتی کە شیعر تەنیا بۆ ناخی خودی شاعیر نیە و پەیامی چاکسازی پێیە.

ئەگەر لە رووی روالەتی شیعر یان خود هەمان روخسار باس بکەین وەکو هەمو بەرهەمی شاعیرانی کلاسیکی وایە و بە کێشی عەروزی و تەواو ئاهەنگین بەلام ئەوەی هیمنی جیا کردوەتەوە لە شاعیرانی سەردەمی خۆی ناوەرۆک و هەوینی شیعرەکان و بە کارهینانی زمانی سادە و ساکار و خەلکی بوە و هەروەها ئەوەش لە یاد نەکەین تەنیا بە نوسین تیکەڵ خەڵک نەبوە و بە کردەوەش ئەوەی سەلماندووە و خۆشەویستی نەتەوەکەی بێ .

## خەبات ڕەسووڵی: نووسەر و ڕۆژنامەوان

قسە کردن لە سەر کەسایەتییەکی وەک مامۆستا هێمن بە چەند هۆ زۆر زەحمەتە

١- بە ئوستوورە بوونی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خۆشویستن وبە ڕەمز زانیینی لە باشووری کوردستان تا کاتی ڕاپەڕین.



٢- لایەنی سیاسی کەسایەتی مامۆستا هێمن وەک بەشداربوویەکی جیدی کۆماری کوردستان و شۆڕشی کورد و ئاوارە بوون بەدرێژایی تەمەنی.

٣- وەک دامەزرێنەری گۆڤاری سروە و دەوری سروە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

هەموو ئەوانە وامان لێدەکەن بە هەستێکی تێکەڵ بە خۆشەویستی و ترس و شەرم و.......تاد ،یان لە سەری نەنووسین ، یان کە نووسیمان بێجگە لە پێدا هەڵگووتن هیچی تر نەڵێین.باش لە بیرمە یەکەم جار کە پێشەکی ناڵەی جودایم خوێندەوە و بینیم مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم وەک سووکە پێشنیار

دەڵێ: خۆزگە هێمن زۆرتر خەریکی پەخشان(نەسر) بوایە تا شێعر.

چەندەم پێم ناخۆش بوو لەوەی کە ئەو قسەیەیان لە دیوانی مام هێمندا چاپ کردووە ، بەڵام ناتوانم بەو بیانوویە خۆم لە وەڵامی پرسیارەکە بدزمەوە.

ئەدەبی ڕاستەقینە دورە لە خاتر و لەبەر من و لە بەر ئەو و ئەو قسانە، کاریگەری و پێگەی مامۆستا هێمنیش بەشێکە لە ڕاستییەکانی ئەدەبی ئەمڕۆی کورد و ئەوە من نیم دیاری دەکەم بەڵکو بوونێکی واقیعییە و بەشێکە لە ئەدەبی ئەمڕومان.

مامۆستا هێمن بە درێژایی تەمەنی چالاکی ئەدەبی هەبووە و تەنیا لە بوارێکی دیاری کراوادا کاری نەکردووە.بۆ نموونە لە سەر بەیت و لەسەر فۆلکلور و لەسەر مافی ئافرەت و لە سەر گەلێک لایەنی دیکەش کاری کردووە،بەڵام بۆئەوەی کەسایەتییەک بە پلەی نەمری بگات دەبێ ئەو کارانەی کە چڕ ناکرێنەوە بۆ قۆناغێکی تایبەت لە بەر چاو بگرین. بۆنموونە ئەگەر مامۆستا تەنیا شێعری بژی دیمۆکراتی هەبوایە تەنیا دیمۆکراتەکان خۆشیان دەویست،بەڵام گرینگترین لایەنێک کە مامۆستا دەگەیەنێتە پلەی نەمری و بە بڕوای من پاش سەربەخۆیی کوردستانیش لەو پلەیەدا دەیهێڵێتەوە لایەنەکانی تری کاری مامۆستایە . مامۆستاهێمن ئێستا هێما و چڵەپۆپەی ئەدەبی بەرگرییە و هەر ئەو تایبەتمەندییەیە کە ئەو لە شاعیرەکانی هاوتەمەنی خۆی جیا دەکاتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی باسەکەش ئەوەندە بەسە کە سەیری قانیع و فایق بێکەس و تەنانەت پەشێویش بکەین پێگەی شێعریان لە پێش ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕین هەڵسەنگێنین بەو ئەنجامە نەخوازراوە دەگەین کە لە ترووپکەوە دابەزیونەتە ئاستی شاعیرێکی ئاسایی.

خاڵێکی گرینگی دیکە لەسەر مامۆستا هێمن کە زۆر هەستیارە و ناکرێ لەبەر چاوی نەگرین ئەوەیە کە مامۆستا شێعرەکانی لە چوارچێوەی شێعری عەروز وقافیەیی داڕشتووە و بەداخەوە ئەو شێوازەش لەگەشەکردندا نییە و بۆ سەلماندنی قسەکەشم ئەوەندە بەسە کە چاوێک بە گرینگترین گۆڤارەکانی کوردی ئێستادا بخشێنین تێدەگەین کە مامۆستا ناتوانێ بێجگە لە لایەنی زمان پاراوی کوردی کاریگەری زیاتری لەسەر گەنج و لاوی ئێستە هەبێ.

دیارە سەبارەت بە زمانیش ئەو قسەیە زۆر ڕێژەییە چونکە مامۆستا هێمن و هاوتەمەنەکانی بە زمانێکی ئەدەبی وا دەیانووسی کە تەواو جیاوازە لە زمانی ئەدەبی ئێستا چونکە زمانی شار و زمانی شاخ و زمانی گوند سێ زمانی جیاوازن و لە سێ ڕەهەندی لێک جیاوازەوە سەیر جیهان دەکەن.

نزیک پێنج ساڵی ڕەبەق لەگەڵ کاک سەباح ڕەنجدەر شاعیری نوێخواز وخاوەن شێوازی فۆرمی گران پێکەوە لەیەک ژووردا بووم بەدەیان جارم لە زمانی خۆی بیستووە دەڵی هێمنم هێندە خۆش دەوێ کە باسی دەکەم دەڵێی باسی مامم دەکەم . بەڵام سەرەوبنی دیوانەکانی کاک سەباح لێک بدەوە بزانم لەکوێدا مامۆستا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر شێعرەکانی کاک سەباح و هەموو شاعیرە جیدییەکانی ئێستا هەبووە.

بەداخەوە مامۆستا سەرەڕای ئەوەیکە خاوەنی زمانێکی بەهێز و خەیاڵێکی بەرفراوانە، بەڵام نەیتوانی ببێتە نوێکەرەوەی شێعری کوردی لە ڕۆژهەڵات و هیچ هەوڵێکیشی بۆ نەدا . دیارە هەموو ئەو قسانە هیچ شتێک لە قورسایی و گەورەیی مامۆستا هێمن کەم ناکاتەوە و مامۆستا ئەستێرەیەکی گەشاوەی ئاسمانی ئەدەبی کوردییە و تا کورد هەبێ هەروا بە گەشاوەیی دەمێنێتەوە.

## ڕەسووڵ سووڵتانی؛ شاعیر و وەرگێڕ



یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی هێمن ئەوەیە کە تەنانەت نەیارەکانیشی ناتوانن ئیعترافی پێ نەکەن و وەباڵی بۆ نەکێشن کە ئەلحەق شاعیرێکی هەڵکەوتەیە. لە ڕاستیدا ناکرێ نە هێمن بە پێوەری شاعیرانی دیکە و نە ئەوانی دیکەش بە پێوەری هێمن هەڵسەنگێنین. هەر ئەوەی هێمن توانیویەتی هێمن بێ و ئەویتر نەبێ، وەک ڕوانینی جیاوازی هێمن و شێوازە تایبەتییەکەی هێمن بۆ دەربڕین کەڵوەرگرتنی هێمن لە وێنەی شاعیرانەی جوان و نوێ و خۆ پاراستن لە هێنانەوەی وێنەسواوەکانی شاعیرانی پێش خۆی و زۆر شتی دیکەش هێمن لەوانیتر جوێ دەکاتەوە. هێمن لە نێو شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا دەکرێ بڵێین پێشەنگی نوێ کلاسیکەکانە ئەوەی هێمن لە شێعری کلاسیکی کوردیدا کردی پێشتر زۆر دەگمەن بووە بەڵام لای هێمن بوو بە شێوازێکی تایبەت بەخۆی ئەویش تێکهەڵکێشی ناوەرۆکی دڵداری و سیاسی پێکەوە لە یەک غەزەلدا.بەشێکی زۆر لە غەزەلە ناسکەکانی هێمن بە شێوەیەکی تەواو ئاشقانە دەست پێدەکەن کەچی لە نیوەی هۆنراوەکەدا ناوەرۆکەکە دایدەداتەوە سەر خەم و ئازارەکانی نیشتمانەکەی (کل،،کم یادگاری شیرن).یان بە پێچەوانەوە لە ناوەرۆکێکی سیاسییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەرۆکێکی دڵدارانە (سەروی ئازادیش لەبار و دڵکەش و بەرزە بەڵام.......گیانەکەم من شێت و شەیدای لار و لەنجەی ئەو قەدەم) پێش هێمن ئەو حاڵەتە ئەگەر هەشبووە بە ڕێکەوت بووە

بەلام لای هێمن ئەوە شێوازی خۆی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەستی غوربەت لە شێعری هێمندا لەوپەڕی خۆیدا دەردەکەوێ. ئەگەر بەحاڵ لەگەڵ مامۆستا هەژاری هاوڕێیدا بەراوردێکیان بکەین، لە راستیدا تەمەنی ئاوارەیی هەژار زۆر لە ئاوارەبوونەکەی هێمن پترە بەڵام خەمەکی هێمن بۆ نیشتمان و زێدەکەی زۆر بە تەوژمترە، ئەوەش دیسان بەشێکی زۆر لە هۆنراوەکانی هێمنی داگرتووە (ئێستە بۆ چاری خەمم گۆشەیی مەیخانەیە جێم........ من کە رۆژێ دەمەویست میللەتەکەم بێ خەم کەم)........... (روو لە هەر لایێ دەکەم نامۆیە بۆم......... نابینم جێژوان و کەونە لانی خۆم) خۆی ئەگەر بمانەوێ لەو لایەنەوە نموونە بێنینەوە دەبێ بەشی هەرە زۆری هۆنراوەکانی هێمن لێرەدا بنووسینەوە.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی شێعری هێمن روخساری بەرواڵەت سادە بەڵام پڕ ناوەرۆکی شێعرەکنایێتی. (هەتا کۆمتر دەبێ پشتم پتر هەڵدەکشێ مینی ژۆپ...... ئیتر دەستم بە داوێنی کچی ئەم شارە راناگا).

دەزانی چیها وردە واتای جوان لەو بەیتە شێعرەدا دەرکەوتووە؟

هێمن لێرەدا باس لە دوو سەردەمی جیاواز دەکا،باس لە تەمەنی خۆی دەکا. کۆڵێک کوڵ و حەسرەت لەو بەیتەدا کۆ بووەتەوە، هێمن لێرەدا بە رواڵەت باس لە پیرێتیی خۆی دەکا بەڵام ئەوەی راستی بێ لەو سۆنگەیەوە باسی دوو سەردەمی جیاواز و پێداویستییەکانی سەردەمەکانیش دەکات.

بەڵام بە وردبوونەوەیەکی زیاتر دەبینین هێمن لێرەدا شتێکی ناسکتریشی خستووەتە روو کە ئەویش گۆڕانی جەستەیە لەگەڵ گۆڕانی زەمەندا. کە سەیر دەکەی هێمن ئاماژە بەوە دەکا کە لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا پشتی کۆم و کووڕ دەبێتەوە. کووڕبوونەووی جەستە و هەڵکشانی بەژنی کیژ و کاڵان تێپەڕبوونێکی زەمەنییە ئەو پیر دەبێت و کچی تازەش پێ دەگەن. ئەو لە کاروانێ بەجێ دەمێنێ. لە لایەکی دیکەوە مۆدێلی نوێی جلوبەرگیش دێنە ئاراوەو ئەوەش خۆی یەکێکە لە پێویستییە زەمەنییەکان. لێرەدا هێمنێک کە (گەلێ شەو ماوەتەوە تا رۆژ لە ژوانگە) ئاخی \حەسرەت هەڵدەکێشێ، بەگشتی هێمن زۆر لەوە پتر هەڵدەگرێ و شاعیر گوتەنی (بەستەڵەکە گیانە هەرێمی وتار).

## جەواد حەیدەری- شاعیر و رۆژنامەنووس:

**لەم بوارانەی خوارەوە دەکرێ قسە لە سەر مامۆستا هێمن بکرێ**

### لە باری زمانەوانییەوە:

زمانی شیعری و تەنانەت پەخشانی مامۆستا هێمن زمانێکی پاراو و شیرین و بێ گرێ و گۆڵە و وەک کەسایەتی خۆی زمانێکی ناسک و نەرم و نیان و کوردییەکی پەتییە هاوکاتیش پڕە لە سۆز و هەست و عاتیفەی مرۆیی کە کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات.



لێرەدا مەبەستم بەراورد کردن نییە بەڵکو دەمەوێ ئاماژە بە کارێکی گرنگی مامۆستا هێمن بکەم، فیردەوسی شاعیری ئێرانی لە نووسینی شانامەدا تەنها ۳۳ وشەی عەرەبی بەکارهێناوە و زمانی فارسی پاراستووە لە وشەی عەرەبی، مامۆستا هێمنیش بە هەمان شێوە کارێکی رێکوپێکی بۆزمانی کوردی کردووە و تا رادەیەکی زۆر توانیویەتی سەرکەوتووانە لەنووسینەکانی دا زمانی کوردی لە تێکەڵابوون بە زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی بپارێزێ ، مامۆستا هێمن بە هۆی ئەوەی کە خۆی منالی لادێ بووە توانیویەتی ئەو زمانە پاراو و رەسەن و شیرینەی لادێ لە بەرهەمەکانی دا ڕەنگبداتەوە و وشە هەر کۆن ورەسەنەکانی کوردی لە فەنابوون ولەناوچوون رزگار بکات .

### وشە:

وشە بە دەست مامۆستا هێمنەوە گیریخواردووە ودەربازی نابێت بە پێچەوانەی هەندێ کەسی تر کە بە دەست وشەوە گیریان خواردبوو ئەو وا نەبوو، بەڵکو وشە گیرۆدەی دەستی هێمنە، وشە لەناو لەپی دەستی هێمندا بۆتە مێو وهەویر و مامۆستا هێمن گەمە بە وشەدەکات وهەرئەوەشە وای کردووە کە وشە لە بەرهەمەکانی مامۆستا هێمندا هەقی خۆی پێبدرێت و غەدری لێنەکرێت، مامۆستا هێمن زۆربە جوانی و رێکوپێکی پێخۆری بەوشەوە کردووە و لە رەوانبێژی بە تایبەتی لە ڕەگەزدۆزی و خوازە و تێهەڵکێش و لێکچواندن و باقی جوانکارییەکانی ئەدەبی کەڵکی وەرگرتووە. وشە لەشیعر و پەخشانی هێمندا دەژی و هەر کامیان رۆڵی خۆیان بە باشی دەگێڕن وهەست بە وشەی زیادی ناکەیت. وشە لەشیعری هێمندا زیندووە وهەناسە دەکێشێ و ئەرک وکاری خۆی جێبەجێ دەکات.هەرئەوەش وای کردووە کە هێمن لە باقی شاعیرانی تر جیا بکاتەوە وخۆشەویستی بکات. تو سەیری شیعرەکانی وەفایی و میسباح و حەقیقی و وئەوانیتر بکە کە چەندها وشەی فارسی وعەرەبی وتورکی تێدایە.مامۆستا هێمن توانی هەر بەو زمانە شیرینە خۆی بکاتەنموونە و ئەوەش وای کرد کەببێتە قوتابخانەیەک بۆ تاکی کورد،هەموومان بە شێوەیەک لە شێوەکان قەرزداری مامۆستا هێمنین و من بەشبەحاڵی خۆم هەرچی هەمە لە مامۆستا هێمنەوەیە.

## جیهان بینی:

جیهان بینی مامۆستا هێمن ئەوەندەمرۆییە کە من لێرەدا ناتوانم بەتەواوی ئاماژەی پێبکەم .
مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی باس لە نەی دەکات و هەموو خەفەت و ئازاری خۆی لە نەی دا کورت دەکاتەوە و دەڵێ:

بشنو از نی چون حکایت می کند
از جدائیها شکایت می کند

مەولانا دەیەوێت بە نەی شیوەنی خۆی دەرببڕێت و ئازارەکانی مرۆڤ بخاتە ڕوو ، ئەمە لە کاتێکدایە هێمن پێیوایە نەی ناتوانێوە ئازارەکانی مرۆڤ بخاتە ڕوو هەر بۆیە دەڵێ:

بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە

مامۆستا هێمن پێی وایە قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر نابێت و هەر سەردەگرێت بۆیە دەڵێ:

نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر
جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر

هێمن شێنگێڕی ئینسانە و بانگی ئازادیخوازی و یەکسانی سەرئەدات و پڕ بەگەرووی هاوار دەکات کە ئارەزویەتی هەرچی ئینسانە بە ئازادی بژی و دژ بە هەر چەشنە زوڵم و ستەم و
چەوسانەویەکە وهەر ئەوەش وای کردووە کە هاوار بکات و بەڵێ:

شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە
بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانییە

لە شیعر شاعیرانی هاوچەرخ و هاوتەمەنی هێمندا هەرچەند بیرۆکەی وا هەبووە و بەرچاو دەکەوێت بەڵام هیچیان وەک هێمن ڕاشکاوانە و بەوپەڕی جوانی دەریاننەبڕیوە و خۆی وتنی پێویستی بە محەک نییە و کوردێکی ڕاست و یەک ڕوو و فیداکار و بێ غەل و غەشە. ئەوەی لێرەدا هێمنی شاعیر ونیشتمانپەروەری بەبەردەوامی ئازار داوە دەردی دووری و دەردی وشیاری و دەردی سەبووریی و دەردی جوداییە، دەردی دابڕان لە وڵات و یاری خۆی، دوورکەوتنەوە لە ماڵ و شاری خۆی ، هەر ئەو دەرد و ئازارانەن کە وای لەهێمن کردووە بڵێ:

ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە
ئێستە بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە؟

## نیشتمان پەروەری:

هەست کردن بە زوڵم و ستەم چ لە لایەن دەربەگەکان و چ لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە وای کردووە کە ماموستا هێمن هەموو هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ و زۆربەی تەمەنی خۆی لە دەربەدەری و غوربەت و تاراوگەدا بەسەر ببات و لە پێناو نیشتمان ونەتەوەکەیدا خواردن و خورد و خەوی لێ حەرام بێت و دەردی دووری تەنگی پێهەڵچنێ و یادی یاران و نیشتمان ئارا و قارای لێ هەڵگرێت و لاپەڕەی ژینی پڕ بێت لە فرمێسک و هەناسە و شیوەن و ماتەم بەڵام هاوکاتیش هیچ باکی لەوە نەبووە کە زاڵم شکاندوویەتی باڵی و دەری کردووە لە ماڵ و حاڵی.

ئەو لە زیندان و تەناف و بەند باکی نەبووە و تەنانەت چەرخی سپڵەو پێ نەزانیش نەیتوانیوە ورەی بروخێنێت و خۆی دەڵێ :

گەر لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمرۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن
من لە زەنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە
لەت لەتم کەن ، بمکوژن ، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن.

## ئازادیخوازی هێمن:

ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بەئازادی بژی
چۆن گەلی داماو دیل و مات و خەمگینم دەوێ
لاشەڕم کوا بەدفەڕم ئەمما لەسەر مافی ڕەوام
دەست و چەک،ئیمان وهیوا و هەستی ئاورینم دەوێ

ئازادی بەلای هێمنەوە بۆتە ئارەزووی سەرەکی وبەردەوام لەسەر قسە دەکات و حەسرەتی بۆ دەخوات بەڵام هاوکات خەباتیشی بۆ دەکات و هەمیشە ئاواتە خوازە مرۆڤ بتوانێت بە ئازادی وسەربەستی بژی و ئەمە لەکاتێکدایە ئاماژە بەوە دەکات هەرچەند لەپێناو مافەکانیدا خەبات دەکات و سوورە بەڵام شەر خواز نییە و لاشەڕەو هیوا خوازە کوردستانەکەی بێ گێرە وکێشەبێت چۆنکە ئەو گەرەکی نییە وڵاتەکەی پڕ لە قین و شەڕ و ڕق بێت.

## شیعری هێمن وموزیکی کوردی:

مامۆستا هێمن جگە لەوەی لە ئەدەب و نووسینی کوردی دا رۆڵی خۆی گێڕاوە ، شیعرەکانیشی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاواز و گۆرانی کوردی داناوە و زۆربەی شیعرەکانی لەلایەن هونەرمەندانی وەکو خوالێخۆشبووان مامۆستاحەسەن زیرەک ومامۆستا محەمەدی ماملێ و حەمە جەزا و هونەرمەندانی تری وەک ناسری رەزازی و حەسەن دەزری و چەند هونەرمەندێکیتر کراون بە گۆرانی کە ئاوەشێنی دڵ و دەروونی تاکی کورد دەکەن و چەند شیعریشی وەک سروود لە لایەن هونەرمەندانی ترەوە کاری لەسەرکراوە و بەم شێوە کەلێنێکی لە گۆرانی کوردی پڕ کردۆتەوە.

## هێمن و گۆڤاری سروە:

مامۆستا هێمن دوای دەرکردنی گۆڤاری سروە توانی کاریگەرییەکی ریشەیی لە سەر شاعیران ونووسەران و گەنجان دابنێت و هاوکات سروە بکات ناوەندی فێرکردن و پاراستنی زمانی کوردی، هەمووومان باش لە بیرمانە کە گۆڤاری سروە چۆن سەری بە ماڵان دەکرد وکۆڕ و کۆبوونەوە ودانیشتنەکانی دەرازاندووە. مامۆستا هێمن بێ گومان شۆڕشێکی فەرهەنگی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێکرد وهەتا ئێستاش بەردەوامە.

هەرچەند مەرگ بەربینگی بەمامۆستا هێمن گرت و سایەی لە سەری هەموومان لادا بەڵام سروەی جێهێشت ، ئەو سروەیەکی کەبەسەدان کەسی فێری نووسین و خوێندنەوە و داهێنان کرد، پێم وا نییە لەرۆژهەڵاتی کوردستان کەسێک هەبێت کە سروە کاریگەری لە سەر دانەنا بێت. هەربۆیە دەڵێم مامۆستا هێمن هەقی زۆر بە سەر ئێمەوە هەیە و توانیویەتی رۆڵی خۆی بە باشی بگێڕیت و پاش مەرگیشی هێشتا ئەو رۆڵە هەر بەردەوامە.

## بەهار حوسێنی- شاعیر؛

لێدوان لەسەر بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن بە گشتی باسێکی دوور درێژ هەڵدەگرێ. چونکە هێمن ئەگەرچی لە لای زۆربەی خەڵکی



کوردستان وەک شاعیر ناسراوە بەڵام لە نووسینی پەخشانیش دا دەستێکی باڵای هەبووە و کۆمەڵێکی بابەتی وەرگێڕان و وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیشی هەیە کە جێگای لێدوان و لێکۆڵینەوەن.

بەڵام ئەگەر بمهەوێ بە گشتی و بە کورتی وڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە دەبێ بڵێم:

تایبەتمەندیی سەرەکیی مامۆستا هێمن کە ئەو لە شاعیرانی سەردەمی خۆی جیا دەکاتەوە گەڕانەوە بۆ زمانی خەڵکە. ئەو گەڕانەوەیەش بۆ زمانی خەڵک لە سەر دەستی سەیفولقوزات دەست پێ دەکا و لە هەژار و هێمن دا دەگاتە ئەوپەڕی خۆی. تا بەر لە سەیف شاعیرانی موکریان بە زمانێک دەنووسن کە زمانی چینی خوێندەواری کۆمەڵگایە و پڕە لە وشە و دەستەواژەی فارسی و عەرەبی. ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی کوردی دا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و هەر لە شیعرەکانی مەلای جەزیرییەوە تا مەم و زینەکەی خانی و هەتا دەگاتە نالی و مەحوی و کوردی و سالم و شێخ رەزا و شاعیرانی پاش ئەوانیش ئێمە بە دەیان وشەی زەقی فارسی و عەرەبی دەبینین. لە

موکریانی بەر لە سەیفولقوزاتیش دا وەفایی و میسباح و حەریق و ... زۆرتر لە ژێر کاریگەریی زمانی فارسی و عەرەبی دا بوون و هەم لە باری فۆرمی شیعری و هەم لە باری ناوەرۆک و زمانەوە کاریگەریی ئەدەب و زمانی عەرەبی و فارسییان بە سەرەوە بوو.

بە وتەی مامۆستا هێمن سەیفولقوزات یەکەم شاعیرێک بوو کە حەولی دا بە زمانی خەڵکی ئاسایی و شوان و سەپان و خوتیاران بنووسێ و زمانی کوردی لە وشەی ناکوردی و وسەی نارەسەنی داتاشراو پا بکرێتەوە.

لە پاش یەکەم هەنگاوەکانی سەیفولقوزات، دوو شاعیری نەتەوەیی کۆماری کوردستان واتا هەژار و هێمن، ڕێچکەی ئەو دەگرنە بەر و بۆ پاراو کردنەوەی زمانی شێعر و نووسین بە زمانی خەڵکی ئاسایی حەول دەدەن. ئەگەرچی هەر بە وتەی مامۆستا هێمن، بەر لە هەژار و هێمنیش شاعیرانێکی وەک شێخ ئەحمەدی سریلاوا و دوکتور شەوقی و خاڵەمین و سەید کامیلیش هەر لە سەر ڕێچکەی سەفولقوزات ڕۆیشتوون بەڵام بە ڕای من ئەوە هەژار و هێمن بوون کە ئەو ڕێبازە بە باشترین شێوە درێژە پێ دەدەن و زمانێک دەخوڵقێنن کە پاش ئەوان دەبێتە زمانی زۆربەی شاعیران و نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

جیاوازی نێوان هەژار و هێمنیش لەوە دا بوو کە ئەگەرچی مامۆستا هەژار لە شێعرەکانی دا هەر لە سەر ئەو شێوازە بەردەوام دەبێ بەڵام لە پەخشان و وەرگێڕانەکانی دا، زمانێک دەخوڵقێنێ کە تایبەت بە خۆیەتی و زۆربەی کات کێش و سەرواى هەیە و بە وشەی هەموو زاراوە کوردییەکان ڕازاوەتەوە. بەڵام مامۆستا هێمن لە شیعر و پەخشانەکانی دا هەر بە یەک شێوە و بە زمانێکی سادە و خۆماڵێ و بێ گرێ دەنووسێ. هەر بۆیەش دەبینین لە بەشێکی لە شیعرە بەناوبانگەکانی دا وەک بەهاری کوردستان، ڕاوە بەراز، سووڕی دەواران و شەنگەبێری و .... بە دەیان وشە و دەستەواژە دەکار دەکا کە هەڵقوڵاوی کولتووری ڕەسەنی کوردین و هەروەها لە ناڵەی جودایی دا ئاوڕ لە فۆلکلۆری کوردی و بەیتە کوردییەکان دەداتەوە و زۆر شارەزایانە ئەموو ئەو وشە و دەستەواژانە لە ناو تان و پۆی شیعرەکانی خۆی دا دەگونجێنێ.

بە سەرنجدان بە پەخشانەکانی مامۆستا هێمنیش کە دواتر باسیان دەکەم ئەو ڕاستییەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ.
تایبەتمەندییەکی تری بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن لەوە دایە کە بە پیجەوانەی شاعیرانی هاوچەرخی خۆی کە تەنیا شاعیر بوون و بەرهەمی تریان نەبووە مامۆستا هێمن خاوەنی چەندین وتاری ئەدەبی و پەخشان و چیرۆکە و پیشەکی بۆ چەند کتێبێک نووسیوە و کۆی ئەو بەرهەمانەشی لە کتێبێک بە ناوی پاشەرۆک دا بڵاو کراونەتەوە.
لە وتارەکانی "یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستانی ئێران دا"، "نامەیەکی ئەدەبی"، "مامۆستای شاعیرانی موکریان"، "حاجی قادری شۆڕشگێڕ"، "عەلی ئاشق"، "چەند نوکتەیەک لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە"، "وڵامێکی دۆستانە"، دا ئاوڕ لە بەشێک لە مێژووی ئەدەب و وێژەی کوردی دەداتەوە و زۆر لایەنی جوانی شیعرەکانی سەیفولقوزات و حاجی قادر و خانی دەخاتە بەر دیدی خوێنەر.
هەروەها لە وتارەکانی "ئەرکی بەیان لە هەلومەرجی ئێستا دا"، "زۆرزانیش بە هەڵە دەچێ"، "ئەرکی نەتەوایەتیی ئیمڕۆی شاعیر و نووسەرەکانمان" و "ئەزموونی شاعیریم" دا بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە باس لە گرفتەکانی زمان و ئەدەبی کوردی لەو سەردەمەدا دەکا.
لە پاش کۆمەڵە چیرۆکی پێکەنینی گەدای حەسەنی قزڵجی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، و تا کاتی سەرهەڵدانی ڕەوتی چیرۆک نووسیی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مامۆستا هێمن تاکە شاعیرێک بووە کە تاک و تەرا حەولی داوە چیرۆکیش بنووسێ. ئەگەرچی ئەو چیرۆکانە نەیانتوانیوە لە ئاست بەرزیی شیعر و پەخشانی مامۆستان هێمن دا خۆ دەربخەن و لە باری تەکنیک و ناوەرۆک و

فۆرمیشەوە زۆر بە هێز نین، بەڵام بۆ ئەو کات کە چیرۆک نووسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باو نەبوو و بۆ مامۆستا هێمنێکیش کە وەک شاعیر ناسرابوو، ئەو ئەزموونی چیرۆک نووسینانە جێگای رامانە و لە شاعیرانی هاوچەرخی خۆی جیای دەکاتەوە. وەک نموونەش دەتوانین ئاماژە بە چیرۆکەکانی "بووکی یەکشەوە"، "هەواری خاڵی" و "مهاباد" بکەین.

ئەو پیشەکییانەش کە بۆ کتێبەکانی پێکەنینی گەدا، قەلای دمدم، شەرەفنامە، دیوانی نالی نووسیونی و هەروەها پەخشانەکانی راوەتاژی و شێرەژن و چەندین پەخشانی تر دەیسەلمێنن کە مامۆستا هێمن جگە لە شیعر و شاعیری لە بواری پەخشان نووسینیش دا دەستێکی باڵای هەبووە بە شێوەیەک کە محەممەدی مەلا کەریم لە پیشەکیی نالەی جودایی دا دەڵێ پەخشانی هێمن لە شیعرەکانی بە هێزترن.
لە حەولێکی تر دا مامۆستا هێمن چەند چیرۆکێکی لە نووسەرانی بەناوبانگی جیهانی وەک باڵزاک و گی دوموپاسان و شکسپێر و کاتۆل مەندێس وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

لە هەموو ئەو بەرهەمانەش دا مامۆستا هێمن بە زمانێکی پاراو و بە وتەی خۆی بە زمانی شوان و گاوان و سەپان نووسێویەتی و چەندین وتار و پەخشان و چیرۆکی بە زمانێکی سادە و بێ گرێ بۆ کتێبخانەی کورد جێ هێشتووە.
تایبەتمەندییەکی تری شیعرەکانی مامۆستا هێمن لەچاو شاعیرانی هاوچەرخی خۆی ئەوە بووە کە لە شیعری هێمن دا هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەستی نیشتمان پەروەری و خۆشەویستی خاک و نەتەوە توخمی زاڵی شیعرەکانی ئەو شاعیرەیە. ئەو زاڵ بوونە بە شێوەیەکە کە تەنانەت لە شیعرە ئەویندارییەکانیشی دا خەمی خاک و نیشتمان بە زەقی خۆ دەنوێنێ.

هێمنی ئەوینداری ژیان و جوانی کە هەموو جوانییەکان لە ژن دا دەبینێ لە شیعرەکانی کوردم ئەمن، شەنگە بێری، یادگاری شیرن، کچی مهابادی، بابردەڵە، پەریی شیعر، ناسۆری تەشەنا، مەتەرێزی شەرەف، ئامێزی ژن، فریشتەی پەرپوە، بەرەو ئاسۆ، و چەندین شیعری تر خۆشەویستی نیشتمان لە سەرووی خۆشەویستیی ژن دادەنێ و خۆشەویستیی ژن بە بێ ئازادی رەد دەکاتەوە و رایدەگەیەنێ کە حەز ناکا بە ژێر دەستەیی و دیلی تەنانەت دڵداریش بکا.

لە زۆربەی شێعرەکانی تریشی دا چ ئەوانەی راستەوخۆ بۆ بۆنە یا کارەساتێکی نەتەوەیی نووسیوێتی و چ ئەو شیعرانەش کە باسی سروشت و کۆمەڵگای کوردستان دەکا، خۆشەویستی نەتەوە و نیشتمان توخمی زاڵی شیعرەکانە و ئەم خۆشەویستییەش لە نالەی جودایی دا دەگاتە تەشقی خۆی و هێمنێک کە تا نالەی جودایی لە روانگەیەکی نەتەوەییەوە دەڕوانێتە کێشەی کورد، لە نالەی جودایی بەملاوە کێشەی کورد لە چوارچێوەی مافی ئینسانیی دا دەبینێ و هەر بۆیەش دەڵێ شێوەنی من شیوەنی ئینسانییە. و دوایین سالەکانی تەمەنیشی دا شیعری"فرمێکسی رنوو" دەنووسێ کە درێژەی هەمان بانگی ئازادی و گرووی یەکسانییە.

بە گشتی پێم وایە هێمن تاکە شاعیرێکە کە پاش حاجی قادری کۆیی، خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان ئەوەندە باڵی بەسەر شیعرەکانی دا کێشاوە و هەر ئەوەش خالێکی تری جیاوازیی نێوان هێمن و شاعیرانی هاوچەرخی خۆیەتی.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ١٨ی ئاوریلی ٢٠١١

# بیست و پێنج بەهار لە دوای مەرگی هێمن.

د.ئەکرەمی میهرداد

ڕێکەوت و قەدەر وایخواست لە دایک بوون و مەرگی هیمن بکەوێتە بەهارەوە , ژیانی ئەویش بەهار ئاسا پڕبوو لە جوانی وداهێنان و



عەشق و فرەیی . ئەو هەرچەندە تاڵی و ناخۆشی و بێ ئومێدی بەشیکی زۆری ژیانی داگیر کردبوو , بەڵام هەر وەکو بەهار پڕ بوو لە ژیان و خەبات و بەرەنگاری . لە بەهارو لە ڕۆژی ١٧ی ئەپریلی ساڵی ١٩٨٦ و بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر شاعیرو تێکۆشەری مەزنی کورد هێمنی موکریانی بۆ دوایین جار چاوی لێک لێکناو ماڵ ئاوایی لە وڵاتە جوانەکەی , ڕۆڵەو خێزان و باوانەکەی , لە دنیای شیعراوی عەشق و ئازادی و جوانیش کرد. هەرچەندە خۆی لە پێشەکی دیوانی (تاریک و ڕوون) و (لە کوێوە بۆکوێ ؟) دا دەڵێ : شاعیری هیچ قازانجێکی بۆ من نەبوو بێ ئەو قازانجەی هەبووە کە ئەو ناوە دوورو درێژەی (سەید موحەممەد ئەمینی شێخولئیسلامی موکری) لە کۆڵ کردومەتەوە(١) . بەڵام ئیستاو دوای بیستوپێنج ساڵ لە مەرگی ئەو دەبێ ئەوە بڵێین , کە هێمن سەرچاوەو زەمینەیەکی فراوانی لە شیعرو پەخشانی کوردی باڵا بەهای بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە کە دەتوانین وەکو شانازییەکی گەورە لە مێژووی نووسین و ئەدەبیاتی کوردیدا چاوی لێ بکەین .

هەرچەندە ئەو جگە لە شیعر , لە پەخشان نووسیندا دەستی باڵای هەبووەو لەم بوارەشدا دوو نوسەری گەورەی کورد گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن و پەخشانی هێمن لە شیعری ئەو بەجوانترو سەرکەوتووتر دەزانن , ئەوانیش هەژار موکریانی و محەممەدی مەلا کەریمن .

هەر بەم بۆنەوە محەممەد مەلا کەریم بەمجۆرە باسی پەخشانی هێمن دەکات, : "حەز دەکەم ئەوەی چەند جار بە هێمن خۆیم وتووە بە ئێوەش بڵێم .لە ناو ئەوانەدا کە پەخشان و شیعریش دەنووسن و من هەردوو جۆرە بەرهەمەکەیانم خوێندۆتەوە , لە عەرەبیدا نزار قەبانی و لە کوردا هێمن , من پەخشانیانم لە شیعریان لا دڵگیرترە . ئاواتم ئەوە بوو کاری سەرەکی هێمن پەخشان نووسین بوایە لە جیاتی شیعر وتن . ڕەنگ بێ هێمن خۆی هێشتا بایەخی پەخشانی خۆی بە تەواوی نەزانێ ... ئەگەر وایە دەسا با بە چاوی مشتەری پێشەکی (تاریک و ڕوون)ە کەی خۆی , پێشەکیەکەی بۆ(تحفه المظفریه)و سەرەتاکەی بۆ (قەڵای دمدم)ە کەی شەمۆ کە مەلا شوکر هێناویەتە سەر دیالێکتی لای خۆمان , بخوێنینەوە" (٢) , بەڵام لەم نوسینەدا تەنها باسی شیعرو کاریگەری و داهێنانی شیعر لەلای هێمن بۆ خوێنەران و لە یادی بیستوپێنج ساڵەی مەرگی ئەو مرۆڤە مەزنەدا باس و شیکردنەوە دەکەین.

مەیدانەکانی شیعری هێمن و ڕوانگەی شاعیریی ئەو بەبڕوای من یەکێک لە کاریگەرییە فراوانەکانی ئەو لە شیعرو ئەدەبدا ئەوەیە , کە هێمن ویژدانی وڵات و نەتەوەکەیەتی . شیعری هێمن لە هەموو مەیدانەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان و نیشتمانەکەیدا ئامادەیەو لایەنەکانی خەبات و بەرخۆدان , شکست و نائومێدی , عەشق و جوانی و ئازادی , دابڕان و ئاوارەیی و دیلێتی , تەنانەت وێناکردنی لایەنە دزێو و ناشیرینەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە چەوسانەوە , زوڵمی ناوخۆیی , خیانەت و چاوچنۆکی نەریتی کە بەرۆکی وڵاتیان گرتووە لە شیعری هێمن دا دیارو ئاشکراو نەخشێنراوە . ئەو بە هەموو پەیڤ , وێناو ماناکان توانیویەتی ویژدانی کۆمەڵگایەک بێت،

کەوەکو زۆربەی وڵاتانی دیکە مانا جوان و دزێوەکان , رووە سادەو ئاڵۆزەکان , لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکان تیایاندا شەپۆلان دەدەن.

چاکترین شێوە بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە کە هێمن ویژدانی وڵات و میللەتەکەیەتی , ئەوەیە کە یەک بەیەک مەیدانەکانی شیعری هێمن ,یان وەکو دەڵێن بابەتەکانی شیعری ئەو بەیان بکەین:

١- ناسین و ناساندنی نیشتمان و سروشتی کوردستان , بەشێکی بەرچاو لە شیعری هێمن ناسین و ناساندنی سروشتی وڵاتەکەیەتی , وەکو پەیڕەو کردنێک لە ڕێبازی ناتورالیزم (سروشت پەروەری)و گەورەبوون لەگەڵ سروشت و تێکەڵاو بوون دەبێتە تایبەتمەندی شیعری هێمن بۆ وێناکردنی سروشت.

شیعرەکانی بەهاری لادێ , بەهاری کوردستان , شەنگە بێری , فریشتەی پەڕیوە , بلوێری شوان ئەو پەیڤ و تابلۆ جوانانەی سروشت پەروەری هێمن نیشاندەدەن کە هاوکات زمانێکی سروشتی و بونیادی کوردیش لە ستایش و وەسفی ئەو سروشتەدا بەکاردەهێنێ. وەکو پابەندبوون و پەیڕەوی هێمن بۆ پیادەکردنی زمانێکی تایبەت بە شیعری کوردی و دوورکەوتنەوە لە زاراوەو وشەی فارسی و عەرەبی , کە پێش گۆران و هێمن لە شیعری کوردیدا بوو بوونە دیاردەیەک لە دنیای ئەدەبیاتی کوردیدا , هێمن لە وێنای سروشتی کوردستان و بە بەکارهێنانی زمانی سروشتی ناسنامەیەک بۆ ناسینی سروشتو نیشتمان دادەهێنێ و دەوڵەمەندی دەکات.

٢- زۆر لێکراوی نەتەوەی کوردو مافی خوراوی کوردستان , خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمان بەڵام نیشان نەدانی هیچ ناکۆکی و دژایەتیەک لە بەرامبەر هیچ لە نەتەوەو میللەتەکانی دیکە . ئەگەر چی ئەوکاتەی کە هێمن دەستیکرد بە شیعر , واتە ساڵانی دەهەی بیستی ساڵی هەتاوی و ساڵانی دەهەی چلی ساڵی زاینی , لە کوردستانی باشووردا چەند دەهەیەک لە شیعری نیشتمانی و باسی زۆر لێکراوی نەتەوەی کورد تێپەڕی بوو , بەڵام ئەم کارە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بن دەستی ئێران کارێکی زۆر نوێ بوو , هەر بۆیە هێمن لەو بوارەشدا لە وڵاتی خۆی بە داهێنەر دادەنرێ.

هەرچەندە هێمن بە شاعیری نەتەوەیی و نەتەوەخوازو تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری نەتەوەیەک دادەنرێ , بەڵام نەک ناکۆک و دژی هیچ نەتەوەیەکی دیکە شیعری نەنووسیوە , تەنانەت لەبەرامبەر نەتەوەی سەردەستی فارسیش تاکە دێڕێک پەیدا نابێت لەشیعری ئەو، هەروەها ئەو شاعیرە پێشڕەوە لە داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ و ئازادی و یەکسانی بۆ نەتەوەکانی دیکەش درێغی نەکردووە و لەم بوارەدا خۆی زۆر جوان و مرۆڤدۆستانە دەڵێ :

شیوەنی من , شینی کوردی بێکەسە
ئەو گەلەی حاشە دەکەن لێی و هەشە
شینی من , شیوەنی ئینسانییە
بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانییە (٣ )

٣ - لایەنی چینایەتی و داکۆکی کردن لە پەراوێزو چەوساوەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان هەرچەندە هێمن بۆ خۆی لە خێزانی دەوڵەمەندو پایەدار لە دایک بووەو هەر لەوێشدا گەورە بووە , هەرچەندە هێمن لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد , لە

باڵاترین ئۆرگانی ئەو کۆمارەدا کە (هەیئەی ڕەئیسەی میللی ) بوو ئەندام بووە , بەڵام هەمیشە ئەو لەخەمی هەژاران و چەوساوەکانی ناومیللەتەکەی خۆیشی بووەو بەردەوام لە دژی زاڵمان و چەوسێنەران خەبات و شیعری بەرهەم هێناوە.
شیعرەکانی (دەیلێم و بێ باکم) و (ئارەق وتین) و (خاوەنی زێڕ) و (سووڕی دەوران) ئەو نموونـانەن کە هێمن لە دژی دەسەڵاتدارانی چینایەتی (دەرەبەگ , میرو سەرمایەداران) دەجەنگێ و داوای ماف و دادپەروەری دەکات بۆ هەژاران و ستەمدیدەکان.

٤ - ڕاستگۆیی و هونەروەری لە دەربڕینی لایەنی خودیی و گوزارشکردن لە هەستی شاعیرێتی و تەنهایی خۆی . ئەگەرچی هێمن بەسروشتی خۆی پیاوێکی دڵتەڕو جوانپەرست و خەباتکارو دادخواز بووە , بەڵام هەندێک جارو لەدەورانە جیاوازەکانی تەمەنیدا هەست بەتەنهایی و نائومێدی و تەنانەت وره بەردانیش دەکات و زۆر ڕاستگۆیانەو بەبێ (درۆ و بانگەشەی نوخبەیی هەندێک لە ڕوناکبیران ) ئەو هەست و ڕەوشە واقیعیەی خۆی لەبەرگێکی زۆر پڕ سۆزو ڕۆمانتیکی بەیان دەکات و تابلۆو وێناکانی هێمن لەم بوارەدا لە بەرزترین و هەستیارترین پلەی شاعیریدا جێگای خۆیان دەگرن.

(فرمێسکی گەش , گریانی نیوەشەو، ئارەزووی فڕین، ناسۆری تەشەنا، تورەیی و سازی ناساز) لە جوانترین و باڵاترین نەخشاندنی ئەو شیعرانەن کە بەڕاستی لە مێژووی شاعیرێتی خودیدا، ئەو بەڵگە ناوازانەن کە مێژووی ئەدەب و شیعری کوردی دەڕازێننەوە . من لەم بوارەدا پێویستم بە شیکردنەوەی ئەو شیعرانە نییە، بەڵکو هەوڵدەدەم چەند بەیتێک لەو شیعرانە وەکو خۆی بڵێمەوەو خوێنەرانیش زۆر دەمێکە ئاشنان بەو پەیڤە جوانانەو بوونە وێردی سەرزمانی ڕووناکبیران و هونەرمەندان:

خۆشەویستی گۆشەکەی تەنیایی هەر ئەژنۆکەمە
بۆیە ڕۆژو شەو وەها گرتومە نێو باوەشم
نایەڵێ دوژمن بەڕەنگە زەردەکەی من پێکەنێ
تادەمی مردن ئەمن مەمنونی فرمێسکی گەشم . (فرمێسکی گەش) .
ئێستا بۆ چاری خەمم گۆشەی مەیخانەیە جێم
من کە ڕۆژێ ئەمەویست میللەتەکەم بێخەم کەم
تەشەنا بۆتەوە ناسۆری دەروونم دیسان
زامی کۆنەو بەمەی کۆنی دەبێ
مەرهەم کەم (ناسۆری تەشەنا).

بەڵام، پەیدابوونەوەی ئومێدو ڕۆشن بوونەوەی ئاسۆی خەبات و تێڕوانینی گەشی خودی شاعیریش دەبێتە هاوڕێی ئەم دیدە سیاسی و گشتییە.

خۆم دەسوتێنم هەتا بەزمی خەڵک ڕۆشن کەم
کێ لە ڕێی خەڵکا وەکو شاعیر
دەسوتێ , شەم نەبێ (ئاواتی بەرز).

٥ - زۆر کەس هێمن بە شاعیری جوانی و باسی جوانی ئافرەت و عەشق و دڵداری دەناسن، بێگومان ئەمانە ناهەقیان نییە لەم بوارەدا شیعری هێمن هێندە زۆر و جوانن کە دەبنە ناسنامەی شاعیری ئەو، ئەو لەوپەڕی هەستیاریدا جوان پەروەر و عەشق پەرست و دڵدار و کاریگەر بووە , کە تەمەنی پیریش نەک ئەو هەستەی کەم نەکردۆتەوە , بەڵکو وێناو جۆرێکی دیکەی لە بینینی جوانی و تامەزرۆی دڵداری لە لای ئەو پەیدا کردووە کە تا ئێستا بوونەتە پەیڤ و تابلۆ جوانەکانی شیعرو گۆرانی کوردی .

گوتی سەبرت هەبێ دووبارە دێمە
دیتنت ئەمما
لە کورتیدا تەمەن , وادیارە بەو
دیدارە ڕاناگا
هەتا کۆمتر دەبێ پشتم پتر
هەڵدەکشێ مینی جۆپ
ئیتر دەستم بە داوێنی کچی ئەم
شارە ڕاناگا (پەیامی ڕانەگەیاندراو).

شیعرەکانی کیژی لادێ , بیرم مەکە , پەری شیعر , شەنگە بێری , ئامێزی ژن , جوان پەرستی , ماچی خودایی ئەو نموونە هونەرمەند و پڕ ئاوازانەن کە شیعری کوردی لە وەسفی ژن و ئەڤینی ژندا هەتا ئێستا زیندو , گەش و پڕ بەهرەن.

٧- بە بڕوای من گرنگترین پەیام و بڵندخوازی شیعری هێمن لەوەدا دەردەکەوێ , کە سەرەڕای بەیانکردنی دیدگای ڕوناکبیری و شاعیری خۆی لە هەموو بوارەکانی کە باسمان کردن , بەڵام ئەو لەوەش زیاترو فراوانتر دەڕوات و جۆرێک لە بینین و دیدگای ئازادو سەربەخۆ و سەروەری وا دەنەخشێنێ کە هەتا ئێستا لە شیعرو نووسینی کوردیدا بێ وێنەو بێ هاوتایە . هەتاکو دوا پشوو ڕێبواری عیشق و ئازادیم ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر زمان و سرووداندنی شیعر لای هێمن سەرەتای شیعری هێمن کاریگەری شیعری عەرووزی و ئەدەبی فارسی لەسەر بووەو شێوەی وتنی غەزەلیات , قەسیدەو جارجارەش مەسنەوی (دوو بەیتی) لە شیعری ئەودا بەدی دەکرێت . لەلایەکی تریشەوە شیعری شاعیرە ناودارەکانی کورد , وەک نالی کە لەژێر کاریگەری شیعری کلاسیکی فارسیدا بووەو کاری کردۆتە سەر شیعرەکانی هێمن و تا کۆتایی ژیانیشی دەگەڕایەوە سەر ئەو شێوە کلاسیکییەو هێندێ لە شیعرەکانی سەردەمی دوایدا هەر بەو چەشنە کۆنە گوتراون وەک (ئاواتی بەرز) , (کلێنەی شاعیر) .... هتد (٤)

بەڵام لە سەردەمێکی زۆر زووداو لە ژێر کاریگەری شیعری گۆران , دەست دەکات بە شیعر گوتن بەشێوەی ئەدەبی ڕەسەنی کوردی و کێشی پەنجەو ئاڤێستایی بەکاردەهێنێت , زیاتر لەوە دەچێت بەرەو وتنی بەستەی کوردی بڕوات .

تایبەتمەندی یەکەمی شیعری هێمن دەبێتە سرووداندنی شیعری سادەو پەتی و ڕەوان . شیعرەکانی سەردەمی دووەم , هەم لەلای ئەدیبان و شارەزایان لە شیعرو هەڵسەنگاندنی ئەدەبدا بە نرخ و جوانەو هەم خەڵکی سادەو تەنانەت نەخوێندەواریش لێی تێ دەگەن . بەڵام دەبێت لەبیرمان نەچێت کە هیچ شتێک لەوە کاریگەر تر نییە کە وێناو مانای جوان , نوێ و تێکۆشان لە پەیڤ و زمانی

سـادەو گشـتیدا بەیانکرێـت . بەکارهێنـانی زمـان لەلای هـێمن لە ئاسـتی زمـانی سروشـتی , مێژویـی و بونیادیـدایە (٥) . ئەم تایبەتمەنـدییەی زمـانی شیعری وتەیەکی گرنگی (داریوشی ئاشوری ) م بیـر دەهێنێـتەوە لەوتـاری (ڕاوچی سـاتەکان) کە دەربـارەی شیعری سوهرابی سپهێری دەنووسێت : "پەیڤی سپهێری بێ رتوش و بێ ئارایشە . بەلام ئەمە خەوش نییە لە کـاری ئەودا , بەڵکو مانایەکە بۆ ئیمتیازی شیعری . خۆ دەربازکردن لە ئاڵۆزی و سەختی زمان و وشەکان ڕێژەیەکی ڕاستەوانەیە لەگەڵ ئەو مانـایەی کە دەیهەوێ بەرهەمی بهێنێ" (٦)

ئاستی دووەم , یان تایبەتمەندی دووەمی زمان و سروداندنی شیعر ئەوەیە کە لەگەڵ بەکارهێنـانی زمـانی سـادەدا , بەلام لە ئاستی بەرهەم هێنانی ماهیەت و ناسنامەو ناوەڕۆک و سەربەخۆیی زماندا کارێکی لە ڕادەبەدەری (لەوکـاتەی کەهێمن ژیـاوەو شیعری ووتـوە) بۆ زمانی نوسین و شیعر پەیداکردووە . چونکە زمانی سروشت و خۆڕسکی ئەو لەگەڵ ئەو سروشتەی کە وێنای دەکات هاوسازە .
هێمن بەو شێوەی کە سروشتێک یان نیشتمانێک وەسف دەکات , هەر بەو شێوەیە زمانێک بە کاردەهێنێ کە زمانی ئاشناو بەکـارهێنراو و سازکراوی شیعری هەتا ئەو کاتەی کورد نەبووە . بەڵکو بەهۆی کاری گۆران و پاشان هێمن ئەوکارەی بە ئاکام گەیاندووە .
وێنەو تەسویری شیعری هێمن بە یارمەتی زمانی سادەو مانای مەبەست دەگـاتە ئاستێکی بەرزو هونەرمەنـدانە . بەڕاستی ئەوەی هێمن لەسەر گۆران دەڵـێ , دەربـارەی خۆشی بەزیـادەوە ڕاستە : تـاکی کەمە لە جـوان پەرستیدا , وشە لە دەستیدا وەک مێوە , دڵ تەڕو خۆش خەیاڵ و ناسک بینە , بە هونەرو شارەزاو وشە ڕەنگینە .

### ئاستەکانی مانا لە شیعری هێمندا

ت . س . ئەلیوت دەربـارەی ناسـاندنی شیعر دەڵێت : (شیعر) لەبەر ئەوەی دەتـوانێ شۆڕشێک لە هەسـتیاریمان بەرپـا بکـات , یـان هۆکارێک بێت بۆ شکاندنی شێوە باوەکانی زانین و بەهادان کە هەمیشە لە ڕەوشی شێوە سازبووندان , هەر بەو پێیەش دەتـوانێ ژیـان یان بەشێک لە بوونمان سەر لەنوێ پەیدا بکاتەوە . شیعر بەشێنەیی یان بە خێرایی دەتـوانێ دیسـان لە هەستی قوڵمـان ئاگادارمـان بکاتەوە , ئەو هەستە بێ ناوانەی کە گەوهەری بوونی ئێمە پێک دەهێنن . گەوهەرێک کە زۆر بە دەگمەن دەتـوانین برینـداری بکەیـن یان ڕەخنەی لێ بگرین , چونکە ژیانی ئێمە لە ناچاری پەیوەست بوون یان پابەند بوون بە جیهانی بەڵگەدارو بینراو ڕزگار دەکات .
دەڵێیت ئەم پێناسەیەی ئەلیوت بەتایبەتی بۆ شیعری هێمن وتراوە , چونکە ئەو لە ئاستەکانی هەستیاری , شکاندنی شێوە باوەکـانی زانـین و بەهـادان , پەیـدا کـردن یـان سـەر لەنـوێ ئـاواکردنەوەی ژیـان , ئاگادارکردنەوەمـان لە هەسـتە قوڵەکـان و سـەر ئەنجـام ڕزگارکردنمان لە ژیانی ئاسایی و بینـراو , شیعری بـۆ ئێمە وتـوەو تەواوی شیعرەکانی هێمن (کەم و کورتێکی نەبێ) . دەتـوانن لەم ئاستانەدا کۆمەک بەڕزگار بوونمان بکەن لە ژیانی هەتـا ئێستا (٧)

کاتێک داریوشی ئاشوری دەربارەی سوهرابی سپهێری دەنووسێت , ناوی وتارەکەی دەنێ بە (ڕاوچی ساتەکان) , بەڕاستیش لە ناو کوردا هێمن ئەو ڕاوچییەیە کە هەموو ساتەکانی ژیـانی تـایبەتی خۆی , سروشت , جوانی و عشق و ئـازادی, ئومێد و نائومێدی , شۆڕش و شکست لە شیعردا وێناو مانا کردووە .

ئەگەر ئاسـتی یەکەمـی شـیعری هـێمن هەسـتیاری بێـت لە دەربڕینـی شـاعیریدا , بـێ گومـان ئەو هەسـتیاریە جۆرێـک لە ئاگـاداری وهۆشیاریش بەرهەم دەهێنێت , یان لە قۆناغێکدا هاوئاهەنگ دەبـێ لەگەڵ ئەو هۆشیـاریە : قۆنـاغ و ئاستی یەکەم لە شیعری هێمن

بێگومان هەستی شاعیری و هەستیاری ئەوە بۆ ناسینی ئەوە بۆ ناسینی ناوەڕۆکی شاعیر بوون , کە وەکو محمدی مەلاکەریم دەڵێت : من لام وایە لە بناغەدا ئەرکی شیعر قسە کردنە لەگەڵ سروشت , لەگەڵ جوانی , لەگەڵ ئافرەت , لەگەڵ دەروون , لەگەڵ هەستی بەرزو خاوێنی مرۆڤایەتی ... ئەبێ لەم ڕێگایانەوە بۆ بابەتەکانی دیکەی ژیان بچێ و ببێ بە هۆکارو چەکی خەبات (٨) . بەم جۆرە ئاستی دوەم و قۆناغی دوەمی شیعری هێمن دەبێتە پەیداکردنی هۆکارێکی هۆشیارو بەرهەمهێنانی ناوەرۆکێکی ئاگاداری بەردەوام لە پاڵ هەستیاری شاعیرانەدا . چەمکەکانی (عەشق) , (جوانی) و (ئازادی) دەبنە ئەو چەمکانە کە بەرهەم هێنەری ژیانێکی هۆشیارو جوان و بالاترە لە ژیانی ئاسایی و لەم ڕوانگەیەشەوە دیسان ژیان و خودەکانی ناو ژیان بە یارمەتی ئەو ئاستە لە هۆشیاری ئافەرین دەکرێتەوە .

ئاستی سێهەم , لە بەخشینی مانای شاعیریدا , بە یارمەتی هۆشیاری و خودئاگایی و فشاری ناخود ئاگا (نیازی کەسایەتی خۆی) و ئاواتی ئەو بۆ هیوایەکی دیاری کراو , کەش و هیوایەکی وا پەیدا دەکات کە شاعیر دەخاتە ئاستێکی مۆدێرنو جۆرێک لە دیدگای سیاسی و مێژوویی تایبەت . بۆ ئەم مەبەستە میکاییل هامبۆرگر ڕەخنەکار و لێکۆڵیاری بەناوبانگی ئەمەریکی , کە توانایەکی زۆری لە هەڵسانگاندنی تەواوی شیعری ئەوروپاو ئەمەریکادا هەیە, دەڵێت: خودئاگایی تایبەتی ڕوناکبیران یان شاعیران و جۆرێک لە هەست و دیدگای مێژووییە. ئەم نەوەیە (نەوەیەک کە لە هاتنی مۆدێرنیزمدا دەنوسێت) لەباری هۆشمەندییەوە تیژبین , تووڕەو پڕ گومانە , کە نکۆڵی دەکات لە دین و فەلسەفەو نەریتی بالادەستی کۆن , لە هەوڵی ئەوەدایە سیستەمی فیکری یان جۆرێک لە بیرو ڕای زهنی کە هەمیشە لەدەسترەسدا بێت دروست بکات و جۆرێک لە دیدگای ئەقلانی و سیاسی و مێژوویی و بنیات بنێت (٩).

شاعیری مۆدێرنیست بەرخۆردانییە لە زهنیەتی مێژوویی و دڵنیا و نامۆیە بەو دیدگا و هۆشیاریە سیاسی و فەلسەفی و مێژووییە کە لە ژیان و سەردەمی ئەودا باڵا دەستە , بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدایە تێبکۆشێ بۆ پەیداکردنی جۆرێکی دیکە لە هۆشیاری و بەهادان , یان دەیەوێت پەیڕەوی لە سیستەمێک بکات کە خۆی بڕوای پێیەتی و هەڵی دەبژێرێ .

لێرە بە دواوە شاعیر (هێمن) دەگاتە جۆرێک لە تاکێتی و پەیدا کردنی دیدگا و ئاسۆی تایبەت بەخۆی و لە هەمان کاتدا لەدەست نەدانی مەنتقی سەرەکی شیعر (لەلای هێمن) جوانی , ئازادی و عەشق .

ئاستی چوارهەم , کە دەبێتە گرنگترین ئاستی شیعری هێمن و شاعیرانی مۆدێرنیست و ئاسۆی دەرباز بوون دەبێت لە چنگی لایەن و ڕەهەندەکانی مۆدێرنیزم , ئەوەیە کە چۆن بەرهەمێکی شیعری مەنتق و هێزی دەرونیو بیرو ڕای تایبەتی شاعیر (جوانی , عەشق , ئازادی , تاکێتی ,گومان .. .).

لە باڵای بەرهەمێکی خود باوەڕدا نەک تەنها بەسەر ئەفسانەو درۆ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕابردوو , ئێستاو ئایندەدا زاڵ دەبێ , بەڵکو تەنانەت لە بەرامبەر نیەت و پێش داوەرییەکانی ئایدۆلۆژیکی خودی شاعیریشدا ڕادەوەستی و بەرەنگاری دەکات . "بەرهەمی شیعری تەنها بە وەفادارمانەوە بە مەنتیقی خودی و ئیستاتیکی دەبێتە یار و هاوڕای حەقیقەت , بەم مانایەش هەموو شیعرێکی باش دەبێتە شیعرێکی سیاسی باش (١٠) . هێمن لەو شاعیرە دەگمەنانەیە لە ناو کوردا , کە گەیشتۆتە ئەم ئاستە گرنگەی شیعر نوسین و لە بەرامبەر دیدگای فەلسەفی و ئایدۆلۆژی خۆشیدا دەوەستێ و هەتاسەر وەفادار دەمێنێتەوە بەرامبەر بە مەنتیقی خودی و دەروونی شیعر و هەڵوێستی سیاسی پێشڕەویش بەرامبەر بە کۆمەڵگا بەرهەم دەهێنێ . هەر سێ شیعرە بەرزەکەی هێمن (ناڵەی جودایی) , (عەشق و ئازادی) و(سازی ناساز) , ئەو لووتکە بەرزانەن کە شیعری هێمن تیایاندا هەموو ئاستەکانی مانادانیان تیا بەدی دەکرێ .

ئاخرین تیشکی خۆری پاییزم
شاعیری پیری تووڕەو زیزم
چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیم؟
خۆم گومانم هەیە کە هەم یان نیم

پەراوێزەکان

١- دیوانی هێمن (١٩٢١-١٩٨٦) , ل ١٧ , هەولێر ٢٠٠٣ .
٢ - هێمن , نالەی جودایی , پێشەکی م . مەلا کریم بەناوی (دێباجە).
٣ - شیعری نالەی جودایی .
٤ - بڕوانە پێشەکی د . عەبدول ڕەحمانی قاسملۆ بۆ دیوانی (تاریک و ڕوون) کە بەناونیشانی (شاعیری گەل) نووسیویەتی . سەرچاوەی ژمارە (١) , ل ٨ .
٥ - بە بڕوای من ئاستەکانی زمان و بەتایبەتیش لە بواری نووسینی ئەدەبی و فکریدا ئەم ئاستانەن (ماهیەت و ناوەڕۆک , پەیوەندی , جیاوازی , بونیادو سروشتی , تازەکردنەوەی بونیادو گۆڕان لە زماندا , نەزانین و نەتوانین) , بۆ ئەم مەبەستەش وتارێکم بەناوی (دیدگامان بۆ ناسینی زمان) لە ڕۆژنامەی ئاسۆدا نووسیوە .
٦ - داریوش اشوری , شعر واندیشه , وتاری (صیاد لحظه ها) , نشر مرکز , چاپ سوم , تهران ١٣٨٠ , ل ١٣٢ .
٧ - ارغنون (فصلنامه فرهنگی , فلسفی , ادبی) شماره ١٤ , ١٣٧٧ ،درباره شعر .
٨ - هێمن دیوانی نالەی جودایی , دێباجە .
٩ - ارغنون (فصلنامه فرهنگی , فلسفی , ادبی) شماره ١٤ , درباره شعر .
١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو .

تێبینی : ڕۆژی ) ١٧ / ٤ / ٢٠١١ ( لە یادی بیست و پێنج ساڵەی مەرگی( هێمن ) ی شاعیر ئەم لێکۆڵینەوەیە نووسراوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی والا پرێس / ڕێکەوتی : ١٧ی ئاوریلی ٢٠١١

## مامۆستا هێمن، شاعیری عیشق و ئازادی

### وریا ڕەحمانی

لە شەوی جەژنی بەراتی ساڵی ١٣٠٠ی کۆچیی هەتاوی لە گوندی لاچینی شاری مەهاباد لە ناوچەی موکریان لە نێو بنەماڵەیەکی ئەدەب دۆست و زانستپەروەر دا منداڵێک لە دایک دەبێ کە پاشان دەبێ بە یەکێک لە درەوشاوەترین ئەستێرەکانی ئاسمانی فەرهەنگ و ژیانی نەتەوەکەی و وەک یەکێک لە دیارترین و شوێندانەرترین روخسارەکانی وڵاتەکەی بۆ هەمیشەی مێژوو دەمێنێتەوە.



سەید محەمەد ئەمینی شێخولئیسلامی موکری ناسراو بە »هێمن« کوڕی سەید حەسەن و لە وەچەی مەلاجامیی چۆڕی-ی شاری مەهابادە کە ماوەی زیاتر لە ٣٠٠ ساڵ لەمەوبەرتر لە باشووری کوردستانەوە بۆ ئەو شارە کۆچ دەکەن و ئیتر بۆ هەمیشە لەو مەڵبەندە دەگیرسێنەوە.

زۆر بە زوویی و لە سەرەتای منداڵیەوەی هۆگری خوێندنەوە و نووسین و فێربوون دەبێ و رەوانەی قوتابخانە دەکرێ. پاشان بە مەبەستی فێربوونی زیاتر و بەرز بوونەوەی ئاستی زانیاری و تێگەیشتن دەچێتە خانەقای بورهان و لەوێوە برەو بە خوێندن و خۆپێگەیاندن دەدات. هەر لەوێش دەبێ کە لەگەڵ کەسانێکی وەک هەژار و خاڵەمین و سەیفی قازی ئاشنا دەبێ و دەیانناسێ. بە وتەی خودی مامۆستا هێمن یەکێک لەو کەسانەی کە لەو سەردەمەدا زیاترین شوێن و کاریگەریی لەسەر دادەنێ مامۆستا ئەحمەدی فەوزی یە کە لەسەر دەستی ئەو فێری زمان و ڕێبازە ئەدەبییەکانی سەردەم دەبێ و ژیانی خۆی تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر بە مەدیوونی ئەو مامۆستا بلیمەت و لێهاتوویە دەزانێ.

بە هۆی حەز و هۆگریی زۆرەوە بە شێعر و ئەدەبیاتی کوردی و خوێندنەوەی بەردەوام لەو بەستێنە دەستی دایە نووسینی شێعرو تاقیکردنەوەی خۆی لەو بوارەدا، کە هەر وەکی دەریش کەوت توانیی بەربەرە سەرکەوتنێکی بەرچاو و و باش وەدەست بێنێ. هێمنی لاو و شاعیر زۆر بە زوویی قۆناغەکانی پێشکەوتنی شێعریی بڕی و و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵی کوردەواری دا وەک شاعیرێکی خاوەن هەست و لێوەشاوەی جیددی دەرکەوت. یەکەم ئەزموونە شێعرییەکانی خۆی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەم دا وەک: گەلاوێژ، نیشتمان، کوردستان، هاواری کورد، هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵان، هەڵاڵە، دا بڵاو دەکاتەوە.

بە دامەزرانی کۆمەڵەی (ژ- ک) و پاشانیش حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک کوردێکی نیشتمان پەروەر و بە هەڵوێست بەشداریی تێدا دەکا و وەک ئەندامێکی کاراو لێهاتوو بە کردەوە دەکەوێتە خزمەتی هەرچی زیاتر بە خاک و نەتەوە بەش خوراوەکەی و بە تایبەت لە کاتی حکوومەتی کۆماری کوردستانیش دا زیاترین لەخۆ بردوویی و خزمەتە شایانەکانی لە خۆی نیشان دەدا و تا دوایین ساتەکانی تەمەنی پڕ لە شانازیی لە ڕێبازی نەتەوەکەی لای نەداوە و پێیان وەفادار مایەوە.

مامۆستا هێمن لە گەورەترین و هەرمانی ترین شاعیرەکانی کوردە کە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کوردەواری دا سەریان هەڵداوە و پێگەیەکی خاوەن ڕێز و ماندگاریان بۆ خۆیان دەستەبەر کردوە. ئەگەرچی «سەیفولقوزاتی موکریانی» بە پێشەنگی شێعری کوردی موکریانی دادەنرێ، بەڵام بە ئەرخەیانییەوە ترۆپکی رازاوەی شێعری شێوەی موکریانی لە کارەکانی هێمن دا نمایانە و خۆی دەنوێنێ. هێمن بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی شاعیرە پایەبەرزەکانی پێش خۆیەوە و بەو دەسەڵاتە کەم وێنەیەی بەسەر زمان و فەرهەنگی نەتەوەکەی دا هەیبوو، دۆخێکی وەها جوان و دەوڵەمەندانەی لە شێعرەکانی دا پێک هێنا کە بۆ هەمیشە لە مێژوو دا دەمێنێتەوە. ناسکیی خەیاڵ، بیری شاعیرانە، هەست بە بەرپرسایەتیە مێژوویی و مرۆڤییە نەتەوەیی یەکان، جوانی ناسی و جوانی پەرەستی، دەسەڵاتی بەرینی زمانی و ئەدەبی، ناسینی دروست و شیاوی مرۆڤ و کۆمەڵگا و بە دەیان تایبەتمەندیی شایانی دیکە لە کاریگەرییە پڕ ناوەرۆکەکانی شێعرو زمان و کەسایەتیی هێمنی مامۆستا و شاعیر و کوردپەروەری دێمۆکڕات بوو کە بارستاییەکی شایستەی مرۆڤە مەزنەکانی مێژوویی بە مامۆستا هێمنی نەمر و خۆشەویستی بەخشیوە.

شێعرەکانی مامۆستا هێمن پڕە لە تەکنیکە ئیستاتیکە ئەدەبییەکان و روانگە رازاوەکانی شێعری و بەرفراوانیی خەیاڵ و هەڵوێستە پێشکەوتنخوازە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانی هزری و ئەندێشەی قووڵی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەی بەهێز. چەمکەکانی نۆستالێژی، تراژێدیا، دڵداری، نەتەوەخوازی، جوانی ناسی، رۆشنبیری، پێشکەوتنخوازی، ئازادی و رزگاریی مرۆڤ بە گونجاو و شایانترین جۆرەکانی خۆیانەوە لە شێعرو ئەدەبیاتی هێمن دا رەنگدانەوەی خۆیان هەیە و پانتایی بیرو خەیاڵی شاعیرانەیان فراوانتر کردۆتەوە. مامۆستا هێمن نموونەی شاعیرێکی نەتەوەپەرستی مرۆڤخوازی پێشکەوتووی سەردەم بوو کە تێکهەڵکێشێکی شایان لە تایبەتمەندییە رەگەزی و ئامانجە مرۆڤانەکانی پێک هێنابوو.

ئەگەرچی لە بەستێنی نۆرمی شێعری دا لاسایی لە پێشینیانی خۆی کردەوە، کەچی لە چوارچێوەکانی زمان و ناوەرۆک و روانگەکانی شێعری دا ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و بەرفراوانی بەسەر شێعری هاوچەرخی کوردی دا پێک هێناو بە پێشەنگە هەرە پێکهاتە شکێنەکانی شێعر و ئەدەبیاتی رۆژی کوردی دەژمێردرێ. مامۆستا هێمنی شاعیر، نووسەر، خەباتکار و رووناکبیری بلیمەتی کورد لە بواری کاری رۆژنامەگەرییش دا شوێنی تایبەتیی خۆی هەیە و جیا لەوەیکە ساڵانێکی زۆر و بێ پسانەوە لە تویێ رۆژنامە و گۆڤارە جۆراوجۆرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا زەحمەتی زۆری کێشاوە، لە دوایین ساڵەکانی تەمەنی پڕ لە شانازیی دا وەک دامەزرێنەر و سەرنووسەری گۆڤارێکی خاوەن پێگەو کاریگەری وەکوو «سروە»ش زیاترین خزمەتی بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی رەسەنی نەتەوەکەی خۆی کردووە. لە مامۆستا هێمن چەندین کتێب و نووسراوەی بە نرخ بۆ کتێبخانەی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی بە یادگار ماونەتەوە کە بریتین لە: تاریک و روون، ناڵەی جودایی، پاشەرۆک، وەرگێڕانی توحفەی موزەففەرییە، وەرگێڕانی شازادە و گەدا، قەڵای دمدم و ...ئەو شاعیرە جوانی پەرست و ئەو مرۆڤە کوردپەروەرەی وڵاتی کوردەواری بە داخەوە لە رۆژی ٢٨ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە شاری ورمێ دڵە پڕ لە خۆشەویستییەکەی لە لێدان دەکەوێ، بەڵام یاد و شێعر و نووسراوە جوان و پڕ بایەخەکانی بۆ هەمیشەی مێژوو لە نێو دڵ و زەینی هۆگرانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی دا دەمێنێتەوەو جاویدانەی دەکاتەوە. ئینجا تەرمی بەرێزیشی بۆ شاری زادگەی، مەهاباد، دەگوازرێتەوە و لەوێ لە گۆڕستانی شاعیران و هونەرمەندانی کوردستان دا بۆ هەمیشە تێکەڵ بە خاکی پیرۆزی نیشتمان دەبێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٠ی ئاوریلی ٢٠١١

# هێمن لە ڕوانگەیەکی دیکەوە

## هێدی

دوای ئەوە کە بابەتی "هێمن و شێعرەکانی"م خستە سەر ماڵپەڕەکەم، شەهلا دەباغی پەیامێکی بۆ ناردم و ناڕەزامەندیی خۆی لە دەربڕینەکانی نووسەری وتارەکە(بەدران ئەحمەد حەبیب) دەربڕی و پێیوابوو قسەکانی فریان بە سەر "ڕەخنەی ئەدەبی"یەوە نییە. پاش ئاڵوگۆڕی هێندێک ڕا و بۆچوون، داوام لێکرد بۆچوونەکانی خۆی وەک وتارێک بنووسێ هەتا بڵاوی بکەمەوە. بەداخەوە لەبەر گیروگرفتی تایبەتیی خۆی، ئەو کارەی پێ نەکرا و داینا بۆ هەلێکی دیکە. پاش ماوەیەک کاک سولەیمانی چیرە(هێرش) لە سەر ماڵپەڕی "گزینگ" بۆچوونی خۆی لەسەر وتەکانی بەدران ئەحمەد حەبیب دەربڕی و ئەمنیش لەسەر ماڵپەڕەکەی خۆم ئاماژەم پێکرد.




ئێستاش "مەرزەی جەوانمەرد" بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە وتەکانی بەدران ئەحمەد حەبیب خستۆتە سەر ماڵپەڕی "دیمانە" و سەرەڕای ئەوە کە "ڕەخنە"ی لە بۆچوونەکانی ناوبراو گرتووە، بە پێویستی زانیوە دوو "قسەی خۆمانە(!)"ش دەگەڵ من بکا. لۆمەی کردووم کە بۆ ئەمن، کە "شینگێڕ و فرچکگرتووی بەر دەرگای هێمن"م ئەو وتارەم بڵاو کردۆتەوە و خۆشم لێ بێدەنگ کردووە! بۆی بۆتە پرسیار کە "بڵێی ئەو بێدەنگییە نیشانەی هاودەنگی لە تەک نووسەری دەقەکە نەبێ؟"!

با فرچکگرتووی شێعری هێمن[نەک بەر دەرگای هێمن] بووبم و ئێستاش هەر شینگێڕی بم، بەڵام ڕەخنە لەو مامۆستا گەورەیەم بە تاوان نازانم! ئەگەر مەسەلە خۆشەویستی و ناسینی مامۆستا هێمن بێ، پێم وا نییە مەرزە بەو زوانە بمگاتێ. دانووم دەگەڵ ئەفسانە سازکردن و قارەمانپەروەری و بە پیرۆز دانان ناکوڵێ! فەرهەنگی بە پیرۆز دانانی کەسێک یان شتێک ڕێخۆشکەری دوورکەوتنەوە لە ئاوەزە. دەبێتە هۆی دەمکوتکردن و سەرکوتکردن و بە کافر دانانی ئەو کەسەی ڕەخنە لە "پیرۆز" دەگرێ. هەڵسەنگاندن بە پێوانەی ئێحساساتیش ئاکامەکەی هەر ئەوەیە لە "ڕەش و سپی" واوەتر هیچ ڕەنگێکی دیمان وەبەر چاو نەیە و باسی ڕەنگێکی دیکە کردن بە کفر دابنێین.

مەبەستی من لە بڵاوکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی بەدران ئەحمەد حەبیب هەر لە سەرەتاوە ئەوە بوو کە ببێتە هۆی باس و لێکۆڵینەوەی وردتر. بێدەنگییەکەشم سەبارەت بەو بۆچوونانە، وەک مەرزە بە باشی پێکاویەتی، نیشانەی "هاودەنگی"یە، بەڵام نەک هاودەنگییەکی بێ ئەملا و ئەولا. دەگەڵ هەموو دەربڕینەکانی بەدران ئەحمەد حەبیب نیم، بەڵام بەشی سەرەکیی بۆچوونەکانیم قەبووڵە کە ئاماژە بە شێعری لاواز و درووشمئاسای هێمن دەکا! ئەوەش باسێکی تازە و داهێنانی بەدران ئەحمەد حەبیب نییە[هەرچەند وای نواندووە کە داهێنانی خۆیەتی]. ئەوەندەی ئەمن ئاگام لێ بێ، نیزیکەی بیست ساڵ دەبێ، ئەو باسە لە گۆڕێ دایە. بە داخەوە لەبەر بەرچاوتەنگی و زاڵبوونی فەرهەنگی بە پیرۆز دانان و ئەفسانە و قارەمان سازکردن، ئێستاش باسێکی وا نەبۆتە مایەی

لێکۆڵینەوەیەکی پوخت و قووڵ! ئەو ڕەخنە و بۆچوون و تێبینییانە دەیانتوانی ببنە کەرەسەی لێکۆڵینەوەیەکی پوخت لە پێناو ناسینی هێمن و شێعرەکانیدا.

کەسایەتییە سیاسییەکان، زۆربەیان لە نێو تەم و مژی قارەمانپەروەری و ئەفسانە و مێژوو سازکردن دا ون کران و بەو شێوەیە ناسێندران کە حەزمان لێیە، نەک بەو شێوەیەی کە بوون. با ئەو فەرهەنگە بە سەر مێژووی ئەدەبیاتەکەشماندا زاڵ نەبێ.

هێمن ئەگەر تەنیا پێنج شێعری باشی هەبن، دیسان هەر "هێمن"ە و لە مێژووی ئەدەبیاتەکەماندا جێی تایبەتیی خۆی هەیە و کەم کەس دەسکی لە دوو دەکا. ئاماژە بە لاوازییەکانی شێعری هێمن کردن، نەک هەر لە پلەی هێمن کەم ناکاتەوە، بەڵکوو دەبێتە هۆی باشتر ناسینی خۆی و شێعرەکانی.

لە ژێر تەئسیری فەرهەنگ و هەلومەرجێکی تایبەتیدا هێندێک شێعر دەخوڵقێن، کە لەوانەیە بەجێ و نابەجێ هاندەر و شوێندانەریش بووبن، بەڵام کاتێک شاعیر لە کۆتی ئەو فەرهەنگە چەوتە[بۆ وێنە فەرهەنگی حیزبایەتی] ڕزگاری بوو و هەلومەرجیش وەک زۆر دیاردەی دیکە گۆڕانی بە سەر داهات، ئاساییە ئەگەر بەرهەمە خوڵقاوەکان، تەنانەت لە لایەن خودی شاعیرەوە، لە ڕوانگەیەکی دیکەوە هەڵسەنگێندرێن و بکەونە بەر ڕەخنە. دڵنیام ئەگەر هێمن مابا هەر بۆخۆی هێندێک لەو شێعرانەی بیراز دەکردن و تەنانەت ئەگەر بۆی کرابا خۆی لێ بێ ساحێب دەکردن[لە خۆشی بیسراوە کە تەمایەکی وای هەبووە].

هەر خوێنەرێک مافی خۆیەتی تێبینیی خۆی لەسەر ئەوەی دەیخوێنێتەوە دەرببڕێ. گرینگ ئەوەیە ئەو تێبینییانە ببنە هۆی لێوردبوونەوەی زیاتر. هەر ئەو تێبینییانە، تەنانەت ئەگەر لە لایەن خوێنەرێکی ئاساییشەوە بن، دەتوانن ببنە کەرەسە بۆ ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیەکی هەراوتر و قووڵتر و وردتر. ئەگەر ئاماژە بە وێکچوونی شێعری هێمن و شاعیرانی دیکە بکرێ، ئەگەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی شێعری هێمن بکەونە بەر ڕەخنە، قیامەت ڕانابێ و ئاسمانی دوور ناگاتە عەرزی و هیچ ئەستێرەیەکیش بە بەرد لە ترووسکە ناکەوێ، جا مەگەر ڕووناکایی بە سەر دابێ! ئەوانەی ڕێگەی مێژووی ڕوونی ئەدەبیات بگرنە بەر زەندەقیان لە ڕووناکایی ناچێ. ئەو ڕێگەیەش جیاوازە لە ڕێگەیەک کە بەرەو چاک و پیران دەچێ!

نیزیکەی بیست ساڵ لەوەی پێش هێندێک بۆچوون سەبارەت بە شێعرە لاوازەکانی هێمن دەربڕدران؛ هەر ئەودەمیش ئەوانەی پێیان وابوو کەس حەددی نییە لە گوڵ کاڵتر بە مامۆستا هێمن بڵێ و ڕەخنە لە شێعرەکانی هێمنیان بە نیشانەی خۆشنەویستن و دوژمنایەتیکردنی هێمن دادەنا، دەرهەڵبوون و ڕێگای سووکایەتییان بە ڕەخنەگران گرتە بەر! دە ماوەی ئەو بیست ساڵە دا هیچ شتێک نەماوە گۆڕانی بە سەر دا نەهاتبێ، یان هەر نەبێ تیشکی گۆڕانی نەگەیبێتێ، بەڵام وێدەچێ هێشتا ئی وا مابێ ئەو تیشکە نەیانبینێتەوە!

لە خوارەوە دوو بۆچوون لەو بۆچوونانەی نیزیکەی بیست ساڵ لەوەی پێش سەبارەت بە هێمن و شێعرەکانی دەربڕدراون، دەخەمەوە بەر چاوان[با لەگەڵ هەموو خاڵەکانیش نەبم]؛ با بکەونەوە بەر باس و ببنە هۆی لێکۆڵینەوەی زیاتر بۆ باشتر تێگەیشتن لە هێمن و شێعرەکانی. ئەوانەی بە "بەرد دە ئەستێرە گرتن"یشی دادەنێن با چاوەڕوان بن هەتا تاو هەڵدێ.

"لە ژیانی هێمنی شاعیر و نیشتمانپەروەر دا، وەک لە ژیانی زۆربەی شاعیران و نیشتمانپەروەراندا، کۆمەڵێ قۆناخی جۆربەجۆر دەبیندرێن، هەر قۆناخەیش شێوە و سیما و ڕەگ و ڕیشەی تایبەتی خۆی هەیە و هەر یەکەشیان بە جۆرێ کاری کردۆتە سەر هونەرەکەی هێمن. ئەمن کارم بەم دابەشکردن و شتانە نییە و بۆ ژیننامەنووسان و مێژوونووسانی ئەدەبی بەجێ دەهێڵم. بەڵام کاتێ وەک خوێنەرێک بەرهەمەکانی هێمن دەخوێنمەوە دوو سەردەمی گرنگ لە ژیانیدا دەبینم، یەکیان ئەو چەند ساڵەی سەرهەڵدان و گەشەکردن و وە لووتکە گەیشتنەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و دووەمیشیان ساڵانی ئاوارەیی و دەربەدەری و دووروڵاتییە. لە هەر دوو بارەکەشدا هێمن شاعیرە و هەستی ناسکی مرۆڤێکی کوردپەروەری دڵداری مرۆڤدۆست لە چوارچێوەی هەڵبەستەکانیدا دەردەبڕێ. (با لیرە دا ئەوەش بڵێم، ئەمن هەمیشە پێم وابووە کە لە گوێرەی ئەوەی کە هێمن شێعری زۆری نووسیون، شێعری زۆر جوان و چاک و سەرکەوتووی کەمن. ڕەنگە لە نێو هەموو دیوانەکانیدا بتوانم بیست شێعرێکی بە چاک دابنێم).

جیاوازییەک لە نێوان هەڵبەستەکانی سەردەمی یەکەم و دووەمدا ئەگەر هەبێ ئەوەیە لە یەکەمیاندا هێمن سەرگەرمی سیاسەتە و لەبەر ئەوەش هێندە بایەخ بە لایەنی هونەریی شێعرەکانی نادات. تەنانەت لەو قۆناخە دا، دیسان هەر بە هۆی سیاسەتەوە، هەستی مرۆڤانەی خۆی، هەستی دڵداری و جوانپەرستی دەشارێتەوە و نایەوێ ڕێک و ڕەوان بیدرکێنێ. کەچی لە سەردەمی دووەمدا زیاتر بۆ ناوەوەی خۆی و بۆ جیهانی پڕ پێچ و خەمی دەروونی خۆی شۆڕ دەبێتەوە و زۆرتر گوێ بەوە دەدا هەستی خۆی لە چوارچێوەیەکی هونەرمەندانە و بەرز دا جێ بکاتەوە. لێرەشدا، گەلێ هەڵبەست هەن، کە دەبینی چرا سوورەکەی سیاسەت شاعیری ناچار کردووە تۆزێ ئاگای لە خۆی بێت و "دەبێ" تۆزێ هێواشی بکاتەوە. ئەم کێشەیە، کێشەی سیاسەت و هونەر، تەنیا کێشەی هێمن نەبووە. لە گەلێ جێگە و وڵاتی جیا جیا و لە فرە سەردەمی جیاوازیشدا هەر هەبووە و هەر هەیە و هەر دەشبێ.

پێنج- شەش ساڵی لەمەوبەر لێکۆڵینەوەیەکم لە بارەی گۆرانی شاعیرەوە، لە سێمینارێکدا، لە زانستگەی ئۆپسالا(سوێد)، پێشکێش کرد. لەو لێکۆڵینەوەیە دا تۆزێ بە وردی باسی دوو کێشە و دوو ململانێم لە ژیان و بەرهەمی گۆراندا، لە سەرەتای پەنجاکان بە دواوە، کردبوو:

١- کێشەی نێوان گۆرانی کۆمۆنیست و گۆرانی کوردپەرەوەر و،
٢- کێشەی نێوان گۆرانی سیاسی و گۆرانی هونەرمەند(شاعیر).

کێشەی یەکەم لای هێمن نەبوو، بەڵام کێشەی دووەم لە بەرهەمی دە- پازدە ساڵی دوایی ژیانی هێمندا لێرە و لەوێ دەردەکەوێ. بەڵکو لە هێندێ شێعری هێمندا ئەم ناکۆکییە بۆتە هۆی پەیدابوونی لاوازییەکی وا کە زیانی بە سەرجەمی کارە هونەرییەکەی گەیاندووە. ئەوەش باجی هەڵەیەکە شاعیر، هەر شاعیرێ، بە خۆتێوەگلاندن لەگەڵ کاروباری ڕاستەوخۆی سیاسیدا دەبێ بیدات. (با لێرە دا شتێک ڕوون بکەمەوە کە ڕەنگە گرنگ بێ بۆ ئەوەی کەس نان و پیاز بە قسەکانمەوە نەخوات: ئەمن کە دەڵێم سیاسەت مەبەستم کاری چالاکانەی سیاسییە و لە پێش هەموو شتێکیشا ئەندامێتیی پارتییەکی، یا گرۆیەکی سیاسی. دەنا نووسین بۆخۆی سیاسەت و هەڵوێستگرتنە، بە تایبەتی بۆ گەلێکی چەوساوەی بندەستی وەکوو کورد، هەر بە کوردی نووسین سیاسەتە).

کێشەی نێوان هێمنی سیاسی و هێمنی هونەرمەند لەم پێنج- شەش ساڵەی دواییدا لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر دەرکەوت و زۆرتریش ئازاری بە هێمن گەیاند. سیاسەت ئێشێکی زۆری گەیاندبووە دڵە ناسکەکەی شاعیر و فرەی ڕەنجاندبوو..." - فەرهاد شاکەلی، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٣، ساڵی ١٩٨٦، وتاری "کە تۆ هێشتا لە خەم ناگەی"، لاپەڕە ٩٩ و١٠٠-

-----------------------------------

"لە یادداشتە کورت و پوختەکەت دا سەبارەت بە بەرهەم و ژیانی هێمن، نووسیوتە کە شێعرە باشەکانی لە بیست دانە تێپەڕ ناکا. گەرچی ئەمن ئەو حیساب و کیتابەم نەکردووە، پێم وایە باشی بۆ چووی. بەڵام لە لێکدانەوەی هۆی سەرنەکەوتنی مامۆستا "لە داهێنانی بەرهەمی هونەریی باش" لە گەڵت نیم. بە بیروڕای تۆ، دامانی هێمن لەبەر ئەوەی بوو کە نەیتوانی سیاسەت لە هونەر جوێ بکاتەوە. بەڵام ئەمن پێموایە لەبەر ئەوەی بوو کە نەیتوانی هونەر و سیاسەت باش تێکەڵ بکا. مامۆستا پێی وابوو کە جوانی تەنیا لە ئەندام و ڕەوت و ئامێزی ژن دا دەبڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەش دا کە سیاسەت یەعنی خەباتی گەل و سەرکەوتنی ئەو خەباتە دڵ و بیر و هۆشی دەگەشاندەوە، پێی وا نەبوو کە سیاسەت خۆی، وەک ئەندام و ڕەوت و ڕەفتاری ژن(یان پیاو بۆ ژن) عەینی جوانییە. هەر بۆیە کە دەیەویست باسی سیاسەت بکا، بە زۆرە ملی بە پێهەڵکوتن بە بەژن و باڵای ژن دەیڕازاندەوە و بەو چەشنە هەم لە دین دەبوو هەم لە دنیا. نە دەیتوانی جوانیی ژن بخاتە بەر چاو، نە جوانیی خەبات بۆ ڕزگاری و ئازادی. نموونەیەکی زۆر ڕەسەنی شێعرەکانی "ئامێزی ژن"ە. مامۆستا لەو شێعرە دا زۆر بە ئامێزی ژن هەڵدەڵێ. خوێنەری شێعرەکە لەوانەیە کە لە خۆی بپرسێ بۆچی مامۆستا وا بە یەکجاری سوێی چووە، بەڵام زەحمەتە بە زەینی دابێ کە مەبەستی مامۆستا لەو هەموو ژن خۆشەویستییە ئەوەیە کە بڵێ ئازادی لە هەموو شتێک خۆشتر و بەنرخترە. لە بەیتی ئاخر دا لە ناکاو دەڵێ:

بەڵام لە ژن خۆشەویستتر
لە لای من ئەتۆی ئازادی!

شتی وا سەیر لە گۆران نەبیسراوە. وەک شاعیرێکی کۆمۆنیست، شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز، گۆران جوانی لە زۆر شت دا دەدیت- لە تەبیعەت، لە ئینسان، لە خەباتی سیاسی- ئەوانە هەمووی سەرچاوەی هەستی شاعیرانەی ئەو بوون. کێ دەتوانێ بیسەلمێنێ کە "گوڵی خوێناوی" و "بووکێکی ناکام" کە عەینی سیاسەتن، بەشێک لە باشترین بەرهەمی شێعری کوردی نین؟ چۆن دەکرێ بڵێین:

ئێستا ئەوە هەرچی نیعمەت و نازە
هەمووی ئەدا بە یەک دڵۆپ فرمێسکی تازە
لەبەر دەرگای چاوی ڕەشا بلەرزێ و بڵێ
دەستی زۆردار سەد سەر ئەکا، ناگاتە دڵێ!

کە هەڵێنجاوەی سیاسەتە(بە تایبەتی لە ڕوانگەی کۆمۆنیستێک یان نیشتمانپەروەرێکی شۆڕشگێڕ) یەکێک لە جوانترین بەرهەمەکانی شێعری کوردی نییە؟

پێویست نییە زۆرتری لە سەر بڕۆم. خۆت شاعیری و شێعر و سیاسەتیشت تێکەڵ کردووە و سەرکەوتووش بووی. بەڵام ئەگەر کەسێکی

وەک من، کە نازم حیکمەت و برتۆلت برێشت و زۆر هونەرمەندی وەک وان دەناسم، نووسراوەکەت بخوێنێتەوە دەپرسێ ئەوانە چۆن لە دەریای هونەر دا مەلەوان بوون؟..." - نامەی کاک ئەمیری حەسەنپوور بۆ فەرهاد شاکەلی، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٤ و ٥، ساڵی ١٩٨٧، لاپەڕە ٣٨ و ٣٩-

http://www.3ashan.net/hedi/archives/000472.php
http://www.dimane.com/index.php?subaction=showfull&id=1102614229&archive=&start_from=&&ucat=15
http://www.gzing.org/AB3/BedranEhmed.html

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢١ی ئاوریلی ٢٠١١



مامۆستا هێمن - ناسر ڕەزازی - نەجمەدین غوڵامی

# ناسری حیسامی پەردە لە سەر ڕوانگەو پێوەندیی کۆمەڵە لە گەڵ هێمن لادەدا



ڕۆژهەڵات تایمز - دیمانە: جیابوونەوەی هێمن لە دوای کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو حیزبە و هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ئەو حیزبە لە بەرامبەری دا هەتا ئێستاش ڕەخنەی زۆری ئەدیبان و هونەردۆستان و زۆربەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگای سیاسی و ڕووناکبیریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت بەشەکانی دیکەی کوردستانیشی لێ کەوتۆتەوە. بەڵام هەتا ئیستا کەمتر باس لە هەڵوێستی کۆمەڵە وەک یەکێک لە دوو هێزی سەرەکیی گۆڕەپانی سیاسیی ئەو کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە. کۆمەڵە کە سەرەڕای گرینگیدانی کەمی بە پرسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزمی کورد، بەشێکی بەرچاو لە ئەدیبان و هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە خۆی دا کۆ کردبۆوە و بەشی زۆری ئەوانەش هەر کام بە جۆرێک نیزیکایەتیان لە گەڵ هێمن و شێعری هێمن هەبوو.

ناسری حیسامی، شاعیر، نووسەر و ئەندامی لەمێژینەی کۆمەڵە لەو دیمانەیەدا هەوڵەکانی کۆمەڵە بۆ نیزیک کردنەوەی هێمن لە خۆی و دواتریش گۆڕانی ڕوانگەکانی کۆمەڵە سەبارەت بە هێمن لە ئەنجامی تێکەڵبوونی ئەو بە حدکا - پەیرەوانی کۆنگرەی چوار لە لایەک و باڵکێشانی حیزبی کومونیست بە سەر کۆمەڵە لە لایەکی تر، دەخاتە ڕوو.

ئەم دیمانەیە بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا هێمن دا ئەنجام دراوە:

**دیمانە: ئارام قادری**

**کۆمەڵە لە سەرەتای ئینقلاب دا و دوای ئەوەی خەباتی ئاشکرای دەست پێ کرد، دەیویست لە مامۆستا هێمن نیزیک بێتەوە یان مامۆستا لە خۆی نیزیک بکاتەوە. لەم بارەوە هێندێک ڕووداویش وەک قسەی خۆش کەوتوونەتە سەر زاران. پرسیارەکەم ئەوەیە کۆمەڵەی کۆمونیست بۆ دەیهەویست لە هێمنی ناسیۆنالیست نیزیک بێتەوە یان لە خۆی نیزیک بکاتەوە؟**

**ناسری حیسامی:** کۆمەڵە، ئەو کات بایەخێکی زۆری بەوە دەدا لە " بە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران... جێگە و مانای نەتەوە، خەباتی نەتەوەیی، کۆماری کوردستان، قازی محەممەد، زمانی کوردی، شێعری کوردی و هێمنیش لە ناو کۆمەڵەدا گۆڕا. شەڕێکی بەرینی فیکری و سیاسی لە دژی ئەو شتەی بە "ناسیۆنالیزمی کوردی" ناودێر دەکرا لە ناو کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستدا، دەستی پێکرد"

کۆمەڵگەی کوردستاندا پەل بهاوێ و ڕەگ داکوتێ. ئەوە تایبەتمەندییەکی کۆمەڵەی ئەو سەردەمە بوو کە هەوڵی دەدا بۆ "جەماوەریبوونەوە". ئەو تایبەتمەندییە، ئەوکات وەک لایەنێکی زۆر بە نرخی کۆمەڵە چاوی لێدەکرا. هەوڵ دەدرا، کەسانی خۆشناو و سەربەدەرەوەی کۆمەڵگەی کوردستان ببنە دۆست و پشتیوانی کۆمەڵە. هێمن، کەسایەتییەکی سەربەدەرەوە و خۆشناوی کۆمەڵگەی

کوردستان بوو. لە نێو کۆمەڵەدا، بە تایبەت ژمارەیەک لە ڕابەران، ئەو وردبینی و دووربینییەیان هەبوو خۆ بەوەوە ماندوو بکەن ئەو کەسایەتییانە دۆستایەتیی کۆمەڵە بکەن. هێمن شاعیری "ئارەق و تین" بوو کە لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا و لە بنکەکانی کۆمەڵەدا وەک شێعر و سروودی نموونەی ئازادیخوازیی بێبەشان هەمیشە لە سەر زار و زمانان بوو. ئاسایی بوو کۆمەڵە، یان لانیکەم بەشێک لە ڕێبەرانی، حەز بەوە بکەن هێمن دۆستایەتیی کۆمەڵە بکا.

**باسی ئارەق و تینت کرد. دەکرێ بڵێین ئەو تەبا بوونە پێوەندی بە ئیدئۆلۆژیی مائۆئیستیەوە هەبوو کە بە ئیدئۆلۆژیی ئەو سەردەمی کۆمەڵەوە دیار بوو؟**

ناسری حیسامی: نا. پەیوەندییەکی بە مائۆئیزمەوە نەبوو. کۆمەڵە مائۆئیست بووبێ یان هەر شتێکی دیکە، لایەنگریی لە چینە هەژار و بێبەشەکانی کۆمەڵگە دەکرد و لەو سەردەمەدا بە تایبەت بایەخێکی زۆری بە خەباتی جووتیارانی هەژار و زەحمەتکێشانی دێهات دەدا. ئارەق و تین، باسی دەرد و ئازاری ئەو چین و توێژە هەژارانەی کوردستان بوو کە کار دەکەن و دەچەوسێنەوە و دەستبەتاڵن. بەرهەمهێنەری خێروخۆشییەکانی ژیانن بەڵام لەو بەرهەمە شتێکی وایان پێ نابڕێ.

**ئەدیبان و هونەرمەندانی ناو کۆمەڵە پێوەندی چڕ و پڕیان لە گەڵ مامۆستا هێمن هەبوو. ئایا ئەوە لە ناو کۆمەڵەدا ناتەبایی نەبوو؟**

ناسری حیسامی: لە ساڵانی سەرەتا دا نا، ئەو پەیوەندیە هیچ ناتەباییەکی نەدەخوڵقاند. ئەو ئەدیب و هونەرمەندانەی ئەو کات لە ناو ریزەکانی کۆمەڵەشدا بوون، زۆربەیان، کەم تا زۆر هەر وەک هێمنیان بیر دەکردەوە. بە گشتی مەرجی دۆستایەتیی لە گەڵ کۆمەلە یان پەیوەست بوون بە ریزەکانی کۆمەڵە ئەوە نەبوو کە هەمووان مارکسیست بن، یان وەک ڕێبەرانی کۆمەڵە، یان وەک خەتی ڕەسمیی کۆمەڵە بیر بکەنەوە و بدوێن. ژمارەیەک لەو هونەرمەند و ئەدیبانەی باسیان دەکەی ساڵانێک لە ناو کۆمەڵەدا بوون بە بێ ئەوەی قەبووڵیان کردبێ ببنە کۆمۆنیست یان مارکسیست. کۆمەڵەش ئەوەی بە مەرج دانەنابوو. بۆیە ئاسایی بوو ئەوانە پەیوەندی نزیکی دۆستانەیان لە گەڵ هێمن هەبێ. تەنانەت لە خەتی ڕەسمیی کۆمەڵەشدا، ئەوە ناتەباییەکی ساز نەدەکرد کە کەسانی هەڵگری باوەڕی جیاواز پشتیوانی لە کۆمەلە بکەن. پێشنوێژی هەندێک لە ئاواییەکان دۆست و لایەنگری کۆمەلە بوون و کۆمەلە پەیوەندی لە گەڵیان هەبوو. دۆستایەتی لە گەڵ کەسایەتییەکی وەک هێمن کە مرۆڤێکی خاوەن پێشینەی سیاسی و خەباتکارێکی ئازادیخواز بوو، بۆ دەیتوانی گرفت ساز بکا؟

**ئەو نیزیکبوونەوەیە بە کوێ گەیشت؟**

ناسری حیسامی: لە دوای کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکرات و ڕووداوەکانی دواتری، ئەو پەیوەندە شتێکی وای لێ نەمایەوە.

**ئایا ئێوە هەستتان بەوە کردبوو کە مامۆستا هێمن پێش ئەو کاتەش کە لە گەڵ حدکا (پەیرەوانی کۆنگرەی چوار) بکەوێ، ناکۆکی لە گەڵ ڕێبەریی حدکا هەبوو؟**

**ناسری حیسامی:** نازانم کەسانی دیکەی ناو کۆمەلە چەند ئاگاداری ئەوە بوویێتن. من ئاگاداری ئەوە نەبووم پەیوەندی لە گەڵ ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات چۆن بوو.


لە راستەوە: مەلارەسوڵ پێشنماز - هێمن - کەریم حەداد - هێدی (خالید حیسامی)
لە ئالبومی فەیسبوکی ناسر حیسامی وەرگیراوە

**ڕوانگەی کۆمەڵە سەبارەت بە مامۆستا هێمنی دوای جیابوونەوە لە حیزبی دێموکرات چ گۆڕانێکی بەسەردا هات؟**

**ناسری حیسامی:** لەو سەروبەندەدا، هەڵوێستی سیاسیی هێمن لە کۆمەڵەشدا ڕەخنەی لێدەگیرا. بەڵام ڕووداوی گرنگتر، کە هەڵوێستی ڕەسمیی کۆمەڵە و هەروەها ڕوانینی ڕیزەکانی کۆمەڵەی لە حاست هێمن زۆر گۆڕی، ئەو گۆڕانکارییە بوو کە کۆمەڵە بۆخۆی لە باری فیکری و سیاسییەوە تووشی بوو. بە پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەڵوێستی کۆمەڵە لە حاست کوردستان و هەرچی پەیوەندی بەو کۆمەڵگەیەوە هەبوو، گۆڕا. جێگە و مانای نەتەوە، خەباتی نەتەوەیی، کۆماری کوردستان، قازی محەممەد، زمانی کوردی، شێعری کوردی و هێمنیش لە ناو کۆمەڵەدا گۆڕا. شەڕێکی بەرینی فیکری و سیاسی لە دژی ئەو شتەی بە "ناسیۆنالیزمی کوردی" ناودێر دەکرا لە ناو کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستدا، دەستی پێکرد و "پێشڕەوی" لەم زەمینەیەدا بوو بە ئاوات و دەغدەغەیەکی گەورەی ئەندامان. ئیدی ئەو جار ململانێی سیاسی ناوخۆیی ئەندامانی حیزبەکە هاتە سەر ئەوە کە کێ سفەت و نێوی گەزەندەتر و ناشیرینتر بۆ ئەو دیاردانە دەبینێتەوە کە پەیوەندییان بە "ناسیۆنالیزمی کورد"ەوە هەبوو. هەندێک کەس حاشایان لە خەوشە ناسیۆنالیستییەکانی ڕابوردوویان کرد. هەندێک کەس حاشایان لە شێعر و چیرۆک و نووسراو و وێنە و بیرەوەری و دۆستانی ڕابوردووی خۆیان کرد. هێمنیش ئیدی ببوو بە یەکێک لەوانەی ئەگەر ڕۆژێک کەسێک چێژی لە شیعرەکانی وەرگرتووە، یان بێدەنگەی لێ بکا، یان پێ لە هەڵەی خۆی بنێ و تازە هەڵەی وا دووپات نەکاتەوە.

**لە کاتی جیابوونەوەیاندا مامۆستا هێمن لە لایەن حیزبی دێمۆکرات چەند مانگێک گیرا، ئەوەش دەگوترێ کە لە شیلاناوێ کۆمەڵە زەوی و زارەکەی دابەش کرد و داری نێو باخەکەی دەبڕی. تا چەند لەو بارەوە ئاگاداری؟**

**ناسری حیسامی:** لەو بابەتەوە هیچ ئاگادار نیم.

**گۆڤاری سروە ڕۆڵێکی گرینگی لە گەشەدان بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا گێڕا بەڵام لە سەرەتاوە ڕوانگەی حیزبەکان سەبارەت بە سروە موسبەت نەبوو. ڕوانگەی کۆمەڵە بۆ سروە بە تایبەتی چۆن بوو؟**

**ناسری حیسامی:** کۆمەڵە، دەرکرانی سروەی بە کارێکی باش نەدەزانی. ئێمە ئەو کات ڕێکخراوێکی ئەدەبیمان هەبوو بە ناوی "کانوونی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاریی کوردستان". بەیاننامەیەکمان لە دژی دەرچوونی سروە بڵاوکردەوە و، داوامان کرد نووسەران هاوکاریی سروە نەکەن و خەڵکیش نەیخوێننەوە و بایکۆتی بکەن.

**ئەدی ڕای ئێوە لەو بارەوە و بە گشتی لە سەر مامۆستا هێمنی دوای تێکەڵ نەبوون بە خەباتی چەکداری و بەرەنگاری چییە؟**

**ناسری حیسامی:** پێم وایە ناتوانین بڵێین "مامۆستا هێمنی دوای تێکەڵ نەبوون بە خەباتی چەکداری و بەرەنگاری". چونکە هێمن پێشتر بە درێژایی ژیانی تێکەڵ ئەو خەبات و بەرەنگارییە چەکدارانەیە ببوو. دەتوانین بڵێین "مامۆستا هێمنی دوای بەجێهێشتنی خەباتی چەکداری و بەرەنگاری".

لەو بابەتەوە ڕای من ئەوەیە: هێمن دەکرا واز لە حیزبی دیموکرات بهێنێ، دەکرا هەر حیزبێکی دیکە دامەزرێنێ یان پێی پەیوەست بێ، دەکرا ڕەخنە لە خەباتی چەکداری بگرێ و بە گشتی ئەو شێوە خەباتە ڕەد بکاتەوە، یان خۆی لێ بێبەری بکا. ئەوانە هەموویان ئاسایی بوون. ئەوەی هێمن لە باری سیاسییەوە کردی، بە بڕوای من مانایەکی دیکەی هەبوو. مەبەستی خۆی هەرچی بوو، بە داخەوە هەڵوێستە سیاسییەکەی بە زیانی ئەو بزووتنەوەیە بوو کە ئەوکات وەک خۆڕاگریی ڕەوای خەڵکی کوردستان دەناسرا و پشتیوانیی لێدەکرا. هێمن، ڕێبازێکی بە باشتر و گونجاوتر زانی کە نەگەیشتە داهاتوویەکی ڕووناک. لە سەرەتاشەوە دیار بوو بەو ئەنجامە ناگا. دواتر بە کردەوەش هەر وای لێهات. خۆزگە هێمن، بە هەموو ڕەخنەکانیشیەوە کە لەم شێوە خەباتە و لەو حیزبانەی هەبوو، ئەو ڕێبازە سیاسییەی هەڵنەبژاردبا. بە هێمنەوە، بزووتنەوە سیاسییەکەی ئەوکاتی کورد زۆر دەوڵەمەندتر و ڕەواتر دەینواند. هێمن دەیتوانی ببێتە پێشەنگی گۆڕانکاری و چاکسازی لەو بزووتنەوەیەدا. کەم کەسایەتیی کورد هەبووە بە قەد هێمن لە نێو خەڵکی خۆیدا خۆشەویست و قسەڕۆیشتوو بێ. دەیتوانی ببێتە سەرچاوەی خێروبێر و داهێنان بۆ بزووتنەوەکە.

**یانی پێت وایە بە قەولی جەنابت "مامۆستا هێمنی دوای بەجێهێشتنی خەباتی چەکداری و بەرەنگاری" نەیتوانی لە ناوخۆ و لانیکەم لە ناو ئەو بەشە لە ئەدیبان کە لە ناوخۆش مابوونەوە، گۆڕانکاریەک پێک بێنێ؟**

**ناسری حیسامی:** بەڵێ هێمن لەوێش کاریگەریی هەبوو. ئەو کارەی لەوێش کردی، بە نرخ بوو، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئەو کارەی هێمن، یانی بە جێهێشتنی بزووتنەوە سیاسییەکەی ئەوکاتی کوردستان، کە لە شاخ بوو، کەلێنێکی گەورەی بە جێهێشت. کاریگەریی ئەدەبیی هێمن، لە هەموو دەورەکانی ژیانیدا گەورە بووە. لەو ماوەیەدا کە لە سرووەش کاری کرد، لەم بابەتەوە دەورێکی بەرچاوی هەبوو. مەبەستی من کاریگەریی سیاسی و دەوری هێمن لە بزووتنەوە سیاسییەکەدا بوو. ئەو کاریگەرییە سیاسییەی هێمن لە دەرەوە بووی، لە ناوەوە نەیبوو. ئەو مانایەی هێمن لە دەرەوە بە بزووتنەوەکەی دەبەخشی، لە ناوەوە نەیدەتوانی بیبەخشێ.

**کۆمەڵە توانی قوتابخانەیەکی تایبەتی لە ئەدەب و هونەری کوردی (کرێکاری) بخوڵقێنێ. وەک دەزانین بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن یەکێک لە لوتکەکانی ئەدەبی بەرگریی نەتەوەیی لە کوردستانە. پرسیارەکەم ئەوەیە کە تا چەند شوێنەواری شێعری هێمن بە سەر ئەدەبیاتی بەرگری و شۆڕشگێڕیی کۆمەڵە دا هەبوو؟**

**ناسری حیسامی:** ئەو تەئسیرە لە سەر هەموومان وەک یەک نەبوو. بەڵام بۆ زۆر لە ئێمە دەربڕین و زمانی پاراوی هێمن و مرۆڤدۆستی و سەمیمییەت و لە دڵ نزیکبوونی بەرهەمەکانی هێمن، بوو بە سەرچاوەیەکی گەورەی فێربوون. نەک هەر لە کۆمەڵەدا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەم شاعیر و نووسەر هەیە لە ستەم بدوێ، لە نایەکسانییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بدوێ، لە خۆڕاگری بدوێ و ستایشی ئازادی بکا و کاریگەریی هێمنی لەسەر نەبێ. من پێم وایە هێمن دیارترین شاعیری ئەم سەدەیەمانە و شێعر و پەخشانی هێمن، سەرچاوەیەکی زوڵاڵی نیشانداوین کە هەر کەس لە قەدەر توانای خۆی لێی هەڵێنجێ.

**وەک دوا پرسیار، کاریگەری ماموستا هێمن بە سەر کارەکانی خۆتەوە تا چەند دەبینی؟**

**ناسری حیسامی**: کاریگەرییەکەی لە دەروونی خۆمدا زۆرە، بەڵام نازانم ئایا لە بەرهەمەکانمدا ئەو کاریگەرییە دەبینرێ یان نا. زمان و داڕشتن و دەربڕینی هێمن، وەک کتێبی دەرس چاو لێدەکەم. زۆر جار هەوڵ دەدەم وا بنووسم کە ئەگەر نیشانی هێمن بدرێ، بڵێ بۆ بڵاوکردنەوە یان بۆ خوێندنەوە دەشێ. ئارەزووم ئەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرهەمێکم لە دەست بێتەوە، بە قەد شێعری ئەو لە دڵ بنیشێ. ئەوە وەک ئارەزوو چاو لێدەکەم نەک لەخۆڕادیوی. جگە لەوەش هێمن بۆ من نموونەی ئینسانێکی گەورەیە. ئینسانێکی شکۆدار. شایستەی خۆشویستن. مرۆڤ دەتوانێ بە هەموو وجوودیەوە لە ئامێزی بگرێ. دەکرێ تێکەڵ هەستی خۆتی بکەی. جاری وایە هەست دەکەم کە پێی بڵێی "ماموستا هێمن" ئیدی بڕێک لە خۆتی دوور دەخەیەوە. پێم وایە، هیچ لەقەبێک و هیچ سفەتێک نییە، بە قەدەر ناوەکەی و شێعرەکانی گەورەی نیشان بدا. وەک خۆی نیشان بدا. مرۆڤدۆست، عاشقپیشە، پاک، لە دڵ نزیک، دڵناسک، جوانیپەرست، ستایشکاری ئازادی و عەوداڵ و دڵبەستەی ڕزگاری و سەربەرزی. یادی بە خێر.

**سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ١٢ی ئاوریلی ٢٠١١**



# تۆ بڵێی ڕاست بێ "هێمن" کوردییەکەی لاواز بێ؟!

## محەممەدی مەلا کەریم

لەو چەندانە دا مامۆستا هێمن لە خەستەخانە کەوتبوو، چوومە لای. دەسنووسی کتێبی "شازادە و هەژار[١]"ی "مارک تواین"ی ڕۆماننووسی ناودار و پێشکەوتنخوازی ئەمریکام لا دی کە کردبووی بە کوردی. کە باسی ئەو ڕۆمانەم لێ پرسی کەی کردوویە بە کوردی و چی لێ ئەکا، بۆی گێڕامەوە کە دەمێکە، هەر لە سەردەمی هێنانە سەر نووسینی کوردیی "تحفە مظفریە" دا، وەریگێڕاوە و ئەوە بۆ ساڵێک ئەچێ داویە بە زانکۆی سولەیمانی بۆی لە چاپ بدا، کەچی لەم دواییە دا بۆیان ناردووەتەوە و داوای لێبووردنیان لێ کردووە کە بۆی لە چاپ نادەن، چونکە ئەو پسپۆڕەی کتێبەکەیان ناردبووە لای ڕای لە بارەوە بدا، ڕای وا بووە:


هێمن و هاوسەرەکەی، خانو ئایشە

١- زمانەکەی نزمە، واتە کوردییەکەی باش نییە و ٢- کتێبەکە لە فارسییەوە کراوە بە کوردی و فارسییەکەی لە بەر دەستدا نییە تا بەراوردی بکا لە گەڵ کوردییەکەی هێمن و بزانێ چۆنی وەرگێڕاوە!

ڕاستەکەی، وەک لە نامەیەکدا خوێندمەوە کە برادەرێک لە سولەیمانییەوە لە مەڕ سەرەنجامی ئەم وەرگێڕانەی هێمنەوە بۆی نووسیبوو، زەمانەکە وای لێهاتووە کورد واتەنی "فیتوو بە برای بێ لێو ئەدەن". ئەگینا ئێوە و خوا خەڵکینە! کێ بێ ئەوەندە چاونەترس بێ بە خۆیا بپەرموێ بڵێ هێمن کوردییەکەی لاوازە!؟ ئەبوو هەڵسەنگێنی کتێبەکەی هێمن بەر لەوەی پەنجەی لەگەڵ قۆڵیا بسووڕێ، سەرەتاکەی "تاریک و ڕوون"ی بخوێندایەتەوە، چاوێکی بە سەرەتای "قەڵای دمدم"ەکەی عەرەبی شەمۆ و مەلا شوکور دا بگێڕایە کە هێمن نووسیویەتی، تەماشایەکی سەرەتای "تحفە مظفریە"ی بکردایە. ئەگەر هێمن دیوانێکی شێعری دابوایە بە زانکۆ بۆی لە چاپ بدا و پسپۆڕی زانکۆ بیوتایە شێعرەکانی لاوازن، لێی ئەبووردم و دەنگم نەئەکرد، چونکە قوتابخانەی شێعریی واش هەیە دانی خێر بە شێعری لە چەشنی شێعرەکانی هێمندا نانێ، بەڵام بڵێ کوردییەکەی لاوازە، ئەوە ڕاستت ئەوێ لە کفر ئەچێ، بە ڕۆژی ڕەمەزان و لە ناو ماڵی کەعبە دا.

باشە، ئەی توخوا ئەبێ ئەو پسپۆڕە کی بێ کە فارسی لە هێمن باشتر بزانێ تا ڕێگای خۆی بدا بەراوردی وەرگێڕانەکەی هێمن و فارسیی تێکستە فارسییەکەی "شازادە و هەژار" بکا تا بزانێ هێمن چاکی زانیوە و چاکی کردووە بە کوردی یا نە؟ جا ئەگەر هەر وایە، بۆچی زانکۆ کتێبەکەی نەداوە بە ئینگلیزیزانێک تا لەگەڵ ئەسڵە ئینگلیزییەکەی بەراورد بکا؟

لەگەڵ ئەمەشدا من لە دڵی خۆما وتم: چی تیایە؟ ئەمە دنیایە، بەڵکو هێمن بەختی یار نەبووبێ و لەبەر هەرچی بووبێ، لەم وەرگێڕانەیدا سەر نەکەوتبێ! دەبا بزانم چی نووسیوە و چۆن ڕۆمانەکەی هێناوەتە سەر کوردی؟ خوا هەقە من شتێکم نەدی نیشانەی

ڕاستیی بۆچوونی ئەو برا پسپۆڕە بێ. بەڵێ، گەلێ وشەی وام بەرچاو کەوت بە قەڵەمی فەرەنگی خەتیان بە ژێر دا هێنابوو، وتم ڕەنگ بێ پسپۆڕ خۆی واتای ئەم وشانەی نەزانیبێ و لای وابووبێ هەڵەن و کە هەڵەش بوون دیارە ئەبن بە نیشانەی کوردی نەزانیی هێمن.

بەڵام بەداخەوە ئەو وشانە هەموو کوردیی ڕەسەن بوون و لام قورسە بڵێم پسپۆڕ خەتی بە ژێر دا هێناون و بۆیە کتێبەکەی داوەتە دواوە، چونکە ئەگەر کوردێ وشەی وای نەزانی، ئەوە بە هەر ڕەنگ لەبەر کەم دەرفەتیی فێربوونی کوردیی ڕەسەن بۆ زۆرمان، گلەییەکی ئەوتۆی لێ ناکرێ. بەڵام ئەگەر مامۆستایەکی زانکۆ نەیزانین و لە جیاتی ئەوەی پێشنیار بکا قامووسێکیان لە پەراوێزی کتێبەکەوە بۆ بکرێ تا ئەوانەی نایانزانن فێریان ببن، بێت کتێبەکە بداتە دواوە و بەو جۆرە مەودای زانینیان لە خۆیشی و لە خەڵکی تریش بگرێ، ئەوە بە هیچ کلۆجێ لەگەڵ گیانی ئەکادیمی ناگونجێ.
ئەممەش هەندێ لەو وشانە بە ڕیز لە یەکەم لاپەڕەی کتێبەکەوە: "نەدار(بەرابەری دارا)، تامەزرۆ، ئامباز، ئامێز، دەم و لەوس، لستنەوە، دارا، گوزەران، مەلۆتکە، مێوژۆک، گۆبەند، سەرنج، هەراسان، کۆڵەکە، قسڵ، ڕێسمە، بنبەس، دەروازە، نهۆم، قوژبن، تخێڵ ڕایەخ، ئاواڵ، سەهەندە، دێوەزمە، لاپرەسەن، ناڕەسەن، بەدفەڕ، تێکهەڵپرژان...".

ئەمانە ئەو وشانەن کە لە سێ لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە داخەتیان بە ژێر دا کێشراوە. لە ناو ئەم وشانە دا، دیارە وشەی وا هەیە زۆر کەس نایانزانێ. من خۆم "مێوژۆک و ڕێسمە و تخێڵ"م نەزانی تا لە کەسێکم پرسی. بەڵام بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە کە گەلێ کەس نایانزانن، بە هەنگاوێکی گەورە ئەزانم بە ڕێگای دەوڵەندکردنی زمانی زاراوە کوردییە جیاوازەکاندا، بە مەرجێ لە داوێنەوە واتایان ڕوون بکرێتەوە. ڕێکخستنی قاموس بۆ وشەی نەزانراو لە داوێنی کتێبەوە، وەک کۆڕی زانیاریی کورد هەر لە سەرەتاوە کردبووی بە پیشەی خۆی، یەکێکە لەو ئەرکە پیرۆزانەی ئەبێ هیچ بنووسێکی[نووسەرێکی] کورد لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی زمانی ئەدەبیی کورد و لە پێناوی دەرکردنیا لە سنووری تەسکی ئێستای، نەیخاتە پشت گوێ.

من کە "ئەفسانەی چیای ئاگری"یەکەی یەشار کەماڵم خوێندەوە، کە مەلا شوکور کردوویە بە کوردی، بە مەلا شوکورم وت: کاک شوکور! من هەر وشەیەکم نەزانیبێ خەتێکم بە ژێریا کێشاوە، تۆیش وەرە مەعنای ئەو وشانە لێ بدەرەوە تا من بیمەوە بە سەریاندا و قامووسۆلکەیەکیان بۆ ڕێکخەین. وتم من تێکڕا لە بارەی کوردیزانینەوە نموونەی خوێندەوارێکی کوردی مامناوەندیم، ڕەنگە زۆر کەسی تریش هەبن وەک من ئەو وشانە نەزانن. ئەو قامووسۆلکەیەی "ئەفسانەی چیای ئاگری" بەرهەمی نەزانینی منە بە مەعنای ئەو وشانە، بەڵام دیارە یارمەتیی گەلێ کەسی تریشی داوە. من نەهاتم بە مەلا شوکور بڵێم ڕۆمانەکەت خراپ وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، چونکە من مەعنای زۆر وشەی نازانم، بەڵکوو بە هەردووکمانەوە هاتین قامووسۆلکەیەکمان بۆ ئەو وشانە ڕێکخست و بەو جۆرە کارێکمان کرد دەیان کەسی تریش فێری کۆمەڵێ وشەی ڕەسەنی کوردی ببن.

سەد بریا ئەو پسپۆڕەی زانکۆیش کەمێک تەوازوعی زیاتر پێشان بدایە و لە جیاتی دانەدواوەی ئەو شاکاری ڕۆمانی جیهانییەی "مارک تواین" کە "هێمن"یش شاکارانە کردوویە بە کوردی، پێشنیاری ڕێکخستنی قامووسێکی لە داوێنەوە بۆ بکردایە و ئەگەر ڕاستیش بێ فارسیزان بێ، ئەوەندە زیاد نەڕۆیشتایە خۆی تەنانەت لە هێمنی لە فارسیدا کوڵاویش بە فارسیزانتر بزانێ، یا لە فارسیزانینی ئەو دوودڵ بێ.

دوا وشە: ئێستاش نەچووە بچێ! با کاربەدەستانی بەڕێزی بەشی کوردیی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سولەیمانی ئەم چەند دێڕەی من بخوێننەوە و هەنگاوێکی نوێ بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکەیان بنێن و چاوی خوێندەواران بە "شازادە و هەژار"ی "مارک تواین" و "هێمن" ڕۆشن بکەنەوە و بەم هەنگاوەیان خشتێکی تر بخەنە سەر دیواری کۆشکی لە پاشەڕۆژا بەرزی وشەی پیرۆزی کوردی و کتێبخانەی کوردی.

---

• سەرچاوە: پاشکۆی ڕۆژنامەی "عێراق"، ژمارە ٢٤ی شوباتی ١٩٧٩

---

o تێبینیی هێدی:

[١]: مامۆستا هێمن پاشان ناوی کتێبەکەی گۆڕیوە و کردوویەتە "شازادە و گەدا". ئەوەندەی ئەمن ئاگادار بم، هێشتا ئەو کتێبە چاپ نەکراوە! مامۆستا هێمن دە وتووێژێکدا، کە "فەرهاد شاکەلی" ساڵی ١٩٨٥ دەگەڵی کردووە، سەبارەت بە "شازادە و گەدا" دەڵێ: "من "شازادە و گەدا"م لە فارسیڕا دیارە تەرجەمە کردووە، هی "مارک تواین"ی. لە بیرمە بە موتەرجیمە فارسییەکەی، کە بە ڕاستی جێی فەخری ئێرانە، وە ناتوانم بڵێم جێی فەخری کوردە، با وجوودێکی کە کوردە، چونکوو خزمەتی بە زمانی فارسی پتر کردووە. بە داخەوە کوردی وا باش نازانێ، ئەگەرچی کوردییش دەزانێ، ئاغای محەممەدی قازی، کە ئەگەر ئینشائەڵڵا ڕێت لە تارانێ کەوتەوە بە خزمەتی بگە، بەڕاستی پیاوێکی زۆر گەورەی کوردە... ئەو نازانم لە چ زمانێکرا وەریگێڕاوەتەوە سەر فارسی، منیش لەسەر فارسییەکەی ویڕا کردوومەتە کوردی. بە داخەوە ئێستاش چاپ نەکراوە. هەر لە عێراقێشم کردبووە کوردی. وە لێرە دا بەحسێکی دیکە دێتە گۆڕێ. من دە عەینی حاڵدا کە "ناڵەی جودایی"م دەکوت، بۆ ئەوەی برێکیش دڵی خۆم خۆش بێ و پێکەنینێک بێتە دڵم، "شازادە و گەدا"شم تەرجەمە دەکرد کە کتێبێکی تەنز و... ڕۆژێکی عەرزم کرد، کوتم مامۆستا من "شازادە و گەدا"م لە سەر فارسییەکەی تۆ تەرجەمە کردووە، لە زۆر جێگایان پێموایە ڕەتم کردووە لە تۆ، بەڵام لە جێگای واشە زۆر کورتم...، کوتی، تەوازووعی فەرموو، فەرمووی: تۆ نەخێر هەر چاترت کردووە. بەڵام واقیعییەت ئەوەیە، لە جێیەکی من گەیشتوومە باسی هەژاری، فەقیری، نەداری، باسی هەژاری و فەقیری و نەداری و چارەڕەشی و بەدبەختی دەکەم، بە بێ شک دەرم کردووە، چونکوو ئەوەندەم وشە لە ئیختیار دایە، فرمێسک و ڕۆندک و نازانم هەزاران چم لە ئیختیار دایە... لای فارس نییە. بەڵام وەختێکی دەگەمە تەخت و تاج و پادشا و تالاری پادشایی و پەردەی پادشایی و سفرەی پادشایی، تەماشا دەکەم منێکی کە لە سەر کەوڵی ڕەق نانم خواردووە، چۆن دەتوانم ئەو کەلیماتانە[بەیان کەم]... منێکی بە نان و ماست و لۆرک و شیرێژ پەیدا بووم، کوا دەزانم باسی خۆراکی پادشایانە بکەم، وە لەوێدا زەعیفم. من خۆم ئیعتیراف دەکەم کە زەعیفم. لە باتی ئەعلاحەزرەتی، قەدەرقودرەتی، نازانم همایونفەڕی، نازانم چی، ئێمە هەمانە و نیمانە خاوەنشکۆیە، ئەویش دروست کراوە بۆ خۆت دەزانی.".

----------

لە وێبلاگی هێدی (جەعفەر حسێنپوور) وەرگیراوە.

سەرچاوي : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ١٣ ی ئاوریلی ٢٠١١

## ح. شەبەق : هیچ ڕووداوێک نەیتوانیوە و ناتوانێ نەزەری من لە سەر هێمن بگۆڕێ

ڕۆژهەڵات تایمز: ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە بەشێک لە دیمانەیەکی درێژتر لە گەڵ شاعیر و نووسەر حسین شەبەقە کە پێشتر لە لایەن تاهیر قاسمی بۆ ڕۆژهەڵات تایمز ئامادە کراوە و بڵاو بۆتەوە. بە بۆنەی بیست و پێنجەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی هێمن، ئەو بەشە لە دیمانەکە لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە کە پێوەندی بە ڕوانگە و نیزیکایەتیی شاعیر لە گەڵ ماموستا هێمن هەیە:



دەتوانن هەموو دیمانەکە لێرەوە بخوێننەوە

**ناسناوی شەبەق لە کوێوە هات کەوا ناوی درێژی "سەید حسینی عەبباس تاهیر"ی لە کۆڵ تۆش کردەوە؟**

ئەی سەد ڕەحمەت لە دینت. بەراستی چاکت لە خاڵ دا. هەر لە مناڵیەوە بەو ناوە ١٠٠% عەرەبی‌یە دوور و درێژەوە ناراحەت بووم. بەڵام نەمدەزانی چی دەگەڵ بکەم و چۆنی لە کۆڵ خۆم کەمەوە. کە هاتم بۆ پێشمەرگایەتی ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بوو. لە دۆڵی گەلاڵە بووم. زۆری پێنەچوو پاش ٣، ٤ مانگ "ئەحمەد بازگر"م دیتەوە. ئەحمەد بازگر هەمیشە لە سڵاو و چاک و خۆشی‌دا ڕووخۆش و گەرم و گووڕ و دەنگ بەرز و قسە حازر بوو. کە لە دوور ڕا بەرەوپیری یەکتر چووین هاواری کرد: تەمەشا تەمەشا هەر دەڵێی شەبەقە دەبریسکێتەوە. ئەو ناوە لەو ساوە بە دڵ و دەروون و ڕەنگ و ڕوومەوە نووسا. ماڵیان هەمیشە هەر ئاوەدان بێ شیعر و پێشمەرگایەتی و کاک ئەحمەد بازگر، ئەوان سێ بە سێ لە بەندی ئەو ناوە ناخۆشە ئێلاتی ڕزگاریان کردم.

**کە وتم ئەو ناوەی لە کۆڵ تۆش کردەوە، مەبەستم ئیشارە بە وتەی ماموستا هێمنیش بوو لە بابەت ناوی خۆی لە پێشەکی تاریک و ڕوون دا و دەمەوێ لێرەوە ڕەهەندێک بۆ ئاشنایەتیتان لە گەڵ هێمن لێبدەین. هێندەی بزانم بەر لەوەی بە ڕیزەکانی کۆمەڵەوە پەیوەست بی، بە هۆی جیران دێی یان بە هۆکاری دیکە ماموستا هێمنت دەبینی. شەرحی ئەم دیدارانە چۆن بوو؟**

لە هەموو ژیانمدا، بە هەموویەوە دوو جار لە نزیکەوە بە خزمەت هێمن گەیشتووم، لێم گەڕێ با جار جار ماموستاکەی لێ دەربڕاوێم. من ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە گوندی وزندرێ لە دایک بووم. هێمن ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە ئاوایی لاچین لە دایک بووە. نێوان لاچین و وزندرێ بە ماشین هەر ١٠، ١٥ دەقەقە دەبێ. ئێمە لە دوو بەرە باب و لە بەر و پشتەوە خزمی یەک بووین. کاتێک مناڵ بووم ساڵی چەند جار دەچوومە لاچینێ. ماڵی مامی گەوەرم کە ئاغا میرزایان پێدەگوت لەوێ بوو. ماڵی خدرئاغای ئامۆزای ماموستا هێمنیش هەر لە لاچین بوو، هەتا چووبام بۆ لاچین لە بەر بزۆزیش با سەرێکم بە ماڵی خدرئاغای‌دا دەکرد. جارێک لە سەر کانێ بەر ئاوایی، بەردێکم لە لاقی جەعفەری کوری خدرئاغای دا، نازانم لە سەر چ بوو، ئەو لە من گەورەتر بوو. بە گریان و شەلە شەل هەڵاتەوە ماڵێ. لەوەدەمێوە نەمدەوێرا زوو زوو بچم بۆ ماڵی خدرئاغای کە هەر ماڵێک لە سەروی ماڵی مامەوە بوو. زۆر بەداخەوە ئەو کات ماموستا هێمن لەوی نەبوو. بە هۆی کودتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی سەرهەنگ زاهیدی‌یەوە بۆ جاری دووهەم ماڵ و منداڵی بەجێ هێشتبوو و ڕۆیشتبوو بۆ ئەو دیوی. بۆیە من هێمنم هەر نەدی تا دوای ڕاپەڕینی ١٣٥٧. لە نێوان ساڵەکانی ٥٨ و ٦٠ دا دوو

جار چووم بۆ خزمەت هێمن. هەر دووک جار لە "شیلانئاویّ". شیلانئاویّ ئەو گوندە بوو کە هێمن لێی دادەنیشت. ماڵی لەویّ بوو. شیلانئاویّ کەوتووەتە نێوان لاچین و کۆنەدیّ بە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە. گوندەکە بە لاپاڵی زنجیرە کێوێکەوە نووساوە کە باڵی لە لاچینەوە هەتا مەزراکانی وزندریّ درێژ کردوەتەوە. هەردووک جاران "کچی شێخی" ئایشە خانم، خێزانی مامۆستا هێمن زۆر بە گەرمی پەزیرایی لێ کردم . ئەو کات من تەمەنم ٢٠ سال دەبوو و نەدەبوو. تازە سمێڵم بۆر ببوو. کۆتایی هاوینی ساڵی ٥٨ بوو. ساڵێکی گەرم و خوێناوی و پر ئاڵ و گۆڕ بوو. هەرەتی شەری پێشمەرگایەتی بوو. چوومە خزمەت هێمن تا پرسێکی پێ بکەم. بەر لەوەی بگەمە ماڵێ، لە قەراغی ڕەپستەی بەر دێ تووشی خۆی بووم.. لە سەر گۆڵێک، لە سەر لێواری گۆلەکە لە سەر چەپەرە شکاوێک کە هەر بە ناو کورسی بوو دانیشتبوو. پێمەرەیەکی لای خۆی دانابوو و کتێبێکیشی بەدەستەوە بوو. عەینەکێکی شووشە ئەستوریشی لە چاودا بوو. کە سلاوم کرد لە بەرم هەستا بەڵام چونکە کورسیکەی بنی لاپرەسەن بوو لەنگەری خۆی ڕانەگرت. هێمن کەوت. چووم یارمەتی بدەم تا هەستێتەوە. پێش ئەوەی من بگەمێ هەستایەوە. لە باتی من ئەو خۆی دەستی کرد بە پێکەنین. وتی: "ئەوە ئەو پونجەی ئاو دەدەم گوتم چش با ئەو کتێبەشی لە سەر بخوێنمەوە." وادیار بوو کتێبەکە ڕومان بوو بەلام من نەپرسی چییە. کە خۆم ناساند لە باوەشی گرتم. ماچی کردم . بێڵ و کورسییەکەی بەجێ هێشت و پێکەوە ڕێگای ماڵەوەمان گرتە بەر. هێمن لە ماڵێک دا دەژیا کە تەنیا دوو ژووری هەبوو. ژوورەکەی هێمن لێی دادەنیشت ٤. ٣ ێک بوو کە سپی نەکرابۆوە. بەرەیەکی کۆنی لێڕاخرابوو. بەرەکە هەموو ژوورەکەی پر نەکردبۆوە. کە هێمن دانیشت من هەر ڕاوەستام تا خۆی پێی نەکوتم دانەنیشتم. هێندێک قامیش و تووتنم لە سەردشتێ ڕا بۆ هێنابوو. بۆنی بە تووتنەکەوە کرد زۆری پێخوش بوو. وەک خەڵکیتر نەیگوت بۆ هێناوتە. زۆر بە گەرمی سپاسی کردم. دوای ئەوەی کچی شێخی بەخێرهاتنی کردم، لە سەر دوو کەشەفی زەردی چکۆلە کە هەر کامەی چەند کوڵۆ قەندی گەورەشی لە سەر بوو، چای بۆ هێناین. بە ڕوویکی کراوە و خۆشەوە دوو جاری سوێند دام کە ئایا نانی نیوەرۆم خواردووە یان نا. سەرت نەیەشێنم کە شەرمم شکا و قسەم گەورە بوون وتم بۆ دوو شت هاتووم. یەکەم شیعرێکم نووسیوە و پێم خۆشە چاوی لێ بکەی. دووهەم بە تەمام بچم بۆ دانیشگا، دوو دیپلۆمم وەرگرتووە و نمرەی زۆر چاکم هەن و ... بەڵام دوو دڵم. نازانم چ بکەم. دیسان بە پێکەنینەوە گوتی دادەی جاریّ شیعرەکەتم بۆ بخوێنەوە بزانم چت پێیە. شیعرەکەش کە ئێستا فکری لێدەکەمەوە شیعر نەبوو مێعر بوو. بە ناوی "جێ ژوانم سەنگەر بێ". ئیلهامم لە شیعرێک وەرگرتبوو کە لە ئەحمەد بازگرم بیستبوو. وابزانم هەر هی خۆیشی بوو. شیعرەکەی ئەو ناوی "تفەنگ" بوو. ئاوا دەستی پێدەکرد:

تفەنگ هاواڵی سەنگەری خەبات
هێز و هومێدم گیانم بە فیدات
لە ئاست دوژمنم چاکی بنگێوی
شێر ئەتناسم نەبی بە ڕێوی

ئەوەی منیش لەو هەوایەدا بوو غایەتی نە تکنیکی شیعری تێدا بوو و نە وشەی جوان. ئێستا هیچیم لە بیر نیە بیڵێمەوە. کاتێک لە خوێندنەوەی شیعرەکە بوومەوە سەرێکم هەڵبری تا بزانم هێمن دەڵێ چێ. تەماشام کرد خەریکە فرمێسکەکانی دەسڕێتەوە کە بە گۆنا تێک قوپاوەکانیدا دەهاتنە خوار و هەردوو لاجانکی تەر کردبوو. سوور دەمزانی شیعرەکەی من هی وەی نەبوو کە هێمن ئەو خودای شیعر و جوانیناسی بۆی بگری. ئەی باشە چ شتێک دەروونی کوڵاندبوو کە ئاوا لە چاوی سەرڕێژی دەکرد؟ من ئەو شتەم ئێستاشی لە گەڵ بێ هەر نەزانی و وەکوو ڕازێک لە دەروونمدا مایەوە. کە فرمێسکەکانی سرێوە، بزەی نیشتەوە سەر لێوی و گوتی: "کورم حوسین

هەست دەکەم مایەی چاکت تێدایە، هیچ شت دەخوێنیەوە؟" بە پەلەم وتم بەڵێ مامۆستا. ئەو جار لە سەرەخۆ وتی:"وەللاهی من پێت ناڵێم بچۆ بۆ دانیشگا. لەوێ ئێستا هیچ فێر نابی. ئێستا وەختی چوون بۆ زانکۆ نیە، کورم." مژێکی لە جگەرەکەی دا و ئەو جار باسەکەی گۆری؛

ـ دەزانی کێ منی فێری کوردی کرد؟ من دێ بە دێی کوردستان گەرام و لە خزمەت زۆر دایە پیرەی چازان و باوە پیرەی پەندەوان دانیشتم و گوێم بۆ گرتن. ئەو زمانەی هەمە هەمووی لەوانەوەیە. ئەوان منیان فێری وشەی ڕەسەنی کوردی کرد. ئەوان زانکۆی من بوون. تۆ ئەگەر دەتەوێ کوردی و زۆر شتێتریش فێربی و ولاتەکەی خۆت چاک بناسی، زانکۆی تۆ لێرەیە. برۆ بە کوردستاندا بگەرێ و لە لای هەر دایە پیرەیەک دانیشە و بە وردی گوێی لێ بگرە.

ئەو قسەیە چەسپی بە دڵمەوە و ئارام ئارام لە هەموو گیانم دا مرد و سەرەنجام هەموو ڕەوتی ژیانی منی گۆری. با ئەوە لێرە بمێنێتەوە و حکایەتی خۆم تەواو کەم.

لەگەڵ ئەو قسانەدا مژێکیتری لە جگەرەکەی دا و لە سەر ژێرسیگارە لا شکاوەکەی داناوە، بزەیەکی قووڵی هاتە سەر لێو کە خوێندنەوی بۆ من ئاسان نەبوو. وتی: "با ئەمیش شیعرێکت بۆ بخوێنمەوە پیاو! تازەم نووسیوە. هێشتا نیشانی کەسم نەداوە." دەستی خستە بن بەرە کۆنەکەوە. کاغەزێکی گنجاوی و زەردی دەرهێنا، عەینەکەکەی کردەوە چاوی و دەستی کرد بە خوێندنەوەی:

بـــــەهاری کوردەواری سەوز و شینە
لە دەوری تەرمی خوێنین کۆری شینە
کە پێت خـۆشە بـەهاری کـورد ببینی
وەرە "قـارنێ" و "قـەلاتـــانێ" ببینە.

ئیتر کاکە گیان چیت بۆ بگێرمەوە. من لە شەرحی تەنیا ئەو دیدارە قەت تەواو نابم و هەتا وەبیریشم دێتەوە دڵم پر دەبێ. بە داخەوە من دوای ئەو دوو جارە ئیتر قەت مامۆستا هێمنم نەدیتەوە. لێمگەرێ با لێرەدا زیاتری لە سەر نەرۆم. هەر ئەوەندە دەڵێم کە هێمن گەورە بوو وەکوو زانا و فیلسوفە مەزنەکانی جیهان. دڵێکی پاک و بێگەردی هەبوو وەکوو پارسا هەرە گەورەکان، وەک تولستوی. ئینساندۆستێکی گەورە بوو وەکوو دایکە ترێسا و ئالبرت شوایتزر. هێمن بێ هاوتا بوو وەک خۆی. بە داخەوەم کە هێشتا نەتەوەکەی نەیتوانیوە لە قووڵایی مانای قسە و وشە و هەستەکانی بگا و ئەو بەها و ڕێزەی کە شایانی زانایەکی گەورەی نەتەوەییە، پێی ببەخشێتەوە.

ئەوەندەی بزانم ئەوکات لە ناو حیزبی دێموکرات دا چالاک بووی بەڵام دواتر وازت لە حیزبی دێموکرات هێنا و دواتریش بووی بە کۆمەڵە. لە کۆمەڵەیەکی چەپ و ڕادیکاڵ دا ڕوانگەت سەبارەت بە هێمنی سەرنووسەری گۆڤاری سروەی بە خاوەن ئیمتیازی ئیسفەندیار ڕەحیم مەشایی چ گۆڕانێکی بەسەردا هات؟

ئیجازەم بدە ئەوە بڵێم من قەت واز لە شتێک یان کەسێک نایەنەم ئەگەر شتەکە خۆی نەهێم نەکا یان کەسەکە خۆی دەستی ڕەد بە

ڕوومەوە نەنێ. بۆ مەسەلەی حیزبی دێموکراتیش هەر وابوو. نەقلەکە تۆزێک دوور و درێژە لێی گەڕێ با جارێ دەرخۆنە لە سەر ئەو باسە کۆنە هەڵنەگرین.

هیچ ڕووداوێک نەیتوانیوە و ناتوانێ ئەزەری من لە سەر هێمن بگۆڕێ. هێمن بۆ من ماموٚستای ژیان و زمان و ئازادیخوازی و ئینساندۆستی بووە و هەیە. ئەو ڕاگەیاندراوەی کە کانوون بە ناوی "لە گەڵ سروە هاوکاری مەکەن" ساڵی ١٩٨٨ بڵاوی کردەوە، هەڵوێستی کانوون بوو بەرامبەر بەو شتەی کە ڕووی دابوو. هونەرمەندانی ناو کۆمەڵە وشیار و تیژ بوون. هەرچەند ئەو دەم ئێمە نەماندەزانی کە مرتضی محبالاولیا واتە ئیسفەندیار ڕەحیم مەشایی پیاوی یەکەمی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێرانە لە بەشی کۆمەڵە لە پاریزگای ئازەربایجانی غەربی، بەڵام شەمی سیاسی و خوێندنەوەی هاوڕێیانی کانوون دروست بوو. ئەوە شتێکە کە مێژوو سەلماندی و دەریخست. بەڵام هەتا ئەمرۆشی لەگەڵ بێ، لە سەر سروە و خزمەتی سروە بە ڕۆشنبیری لە کوردستان یان خزمەت بە جمهوری ئیسلامی لە مەنتەقە قسە زۆرە. هەرچی ڕژیم بوو دەیویست هێمن و کاری هونەری لە کوردستان ناوزراو و داوێنپیس نیشان‌دات. هەرچی هێمن و هاوڕێیانی وشیاری دەور و بەری ئەو بوون ویستیان لەو فورجەیە تا ئەو جێگایەی دەکرێ بۆ خزمەت بە ڕۆشنبیری کوردی کەڵک وەرگرن. ئەوە کە ئایا لەو نێوەدا کێ قازانجی کرد و کێ زەرەر؟ کامیان دۆڕا و پشتی وەعەرز کەوت و کێ لە سەر بوو و سەرکەوت؟ دەبێ مێژوو قەزاوەت بکا. بێگومان قەزاوەتی مێژوو دروسترین قەزاوەتە. من لێرە هەر ئەوەندە دەڵێم کە هێمن زۆر لەوە قوڵتر و وردتر و گەورەتر بوو کە سەگێکی وەک مەشایی بتوانێ شوێنی هەڵگرێ و ڕاوی بکات. سەبارەت بە هەڵوێستی کانوون کە لە پێشەنگی ٦دا هاتبوو من لە بیرمە کە گلەیی خۆم لای ئەحمەد بازگر باس کرد. ئەدەبییاتی بەیانییەکەم پێخۆش نەبوو. شتەکە پەلە و تووڕەیی پێوە دیار بوو. بە کورتی پاک و پیس لێک درابوو. ئەوە شتێک بوو کە دەتوانم بڵێم کەسی وەک ئیسفەندیار ڕەحیم مەشایی پێی خۆش بوو.

**ئەی بە گشتی ڕوانگەی کۆمەڵە لە سەر سروە و بەڕێوەبەرانی چۆن بوو؟**

من نەم بیستووە کە کۆمەڵە قەت بە ڕەسمی لە سەر ئەو مەسەلەیە هەڵوێستی دەربڕیبێ. چاک لە بیرمە کە هەر کات لە ناو هاوڕێیانی سەرەوەی کۆمەڵەدا باسی هێمن هاتبێتە گۆڕ بە ئیحترامەوە باسی لێکراوە. نەقلی خۆش خۆشیان لە ماموٚستا هێمن وەبیر هاتوەتەوە. وەک ئەوە کە: دەگێڕنەوە جارێک پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە بە پیاوەتی یارمەتی ماموٚستا هێمن دەدا تا لە چۆمێک بیپەڕێنێتەوە. کە هەڵی دەگری و دەیبا لەوبەری چۆمەکە دایدەنێ، هێمن لەسەرەخۆ دەڵێ: "نەمردم و جارێک سواری کۆمەڵەش بووم." هەروەها من بیستوومە کە هاوڕێیانی کۆمەڵە ڕەخنەیان لەو بێڕیزێیە گرتووە کە حدکا وەختی خۆی بە هێمنی کرد. با شتێکی‌کەت بۆ بگێڕمەوە: جارێک بۆ شتێک چووبوومە ژووری ناوەندی کۆمەڵە لە مالومە (ساڵەکەم چاک لە بیر نیە، ١٩٨٦ بوو پێموایە) کتێبی نالەی جودایی‌م بە دەستەوە بوو. کاک سەید برایم علێزادە هاتە ژوور، دیتی کە من ئەو کتێبەم بە دەستەوەیە. وتی:" حسین ئەوە دەی خوێنییەوە؟" وتم: بەڵێ کاک سەید برایم، زۆرجاری‌تریشم خوێندۆتەوە، بەشی زۆریم لە بەرە. وتێ:"هێمن ئینسان و شاعیرێکی گەورەیە." دواتر باسەکەی گۆڕی و وتێ:" ئەدی وەفایی؟ وەفاییت خوێندوەتەوە، پێت چۆنە؟" وتم وەفاییم کەم خوێندوەتەوە، تۆزێک بۆم قورسە. لە هێندێکی حاڵی نابم، بەڵام من "یادگاری شیرینم" لە "شیرین تەشی دەرێسێ" پێ خۆشترە. پێکەنی و وتی: "وەفایی جارێکی‌تریش بخوێنەوە."

**سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی: ١٣ی ئاوریلی ٢٠١١**

# بێکەس و هێمن بادە و شەڕاب. . .

## مەرزە جەوانمەرد

پێشەکی:

بۆ ئاشنابوونی زیاتر لەگەڵ نەخۆشی ئاڵکوڵیسم و کەسایەتی ئالکولیست بێجگە لە سوود وەرگرتن لە بەڵگەکانی زانستی، هەوڵم داوە وەک نموونە یارمەتی لە شێعرەکانی ماموستایان "بێکەس" و "هێمن" وەرگرم. واتا لە زمان خودی ئەوانەوە باسەکە شیبکەمەوە. تاکی ئاڵکوڵیست یان گیرۆدەی ئاڵکۆڵ چ لە شارۆچکێکی کوردستان یا لە گەورەترین شاری جیهان بێ لە باری پرۆسەی گیرۆدەبوون و کەسایەتی گیرۆدەیی هیچ جیاوازییەکیان لە تەک یەکدا نییە. من بۆ ئەم مەبەستە لە بەشێک لە شێعرەکانی "هەستی دەروون"، لە کتێبی "دیوانی فایق بێکەس" کەڵکم وەرگرتووە. هەروەها تاکوو ئەو جێگایەی توانیومە هەموو شێعرەکانی "هێمن"م بەسەر کردوونەتەوە و ئەو شێعرانەی کە پێموابووە کارتێکەری ئاڵکۆڵی پێوە دیارە، کەڵکم وەرگرتووە.



## مێژووی ئالکۆڵ:

مێژووناس و دێریینناسان لەسەر ئەم باوەڕەن وا وێدەچێ کە مرۆڤ ئالکۆلیشی هەر وەک زۆربەی خواردن و خواردنەوەکانی دیکە بە هەڵکەوت - لە شیرە یان شەربەتی دارێک، میوەیەک - دۆزیبێتەوە و، کاتێک خواردوویەتییەوە گۆڕانکاری لە هەست و تواناییەکانیدا وەدیهاتووە.

ئالکوڵ ناوی ئاسایی و ڕۆژانەی "ئێتانۆڵ"ە و فورموڵە شیمیاییەکەشی C2H5OH یە. ئالکولێ خواردنەوە لە سێ چەشنی سەرەکی ئارەق، شەڕاب و بیرەدا هەیە.

دەگوترێ شەڕاب لە دواییەکانی چاخی بەردینەوە لە میسر و میسۆپوتامیا دیتراوەتەوە واتا ١٠٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر. هەروەها لە هەمان شوێندا بیرە لە جۆ و گەنم سازکراوە و تەمەنی دەگاتە سێسەدسال بەر لە مەسیح. سازکردنی شەڕاب لە ترێ، ٦٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئەرمەنستانەوە گەیشتووەتە ئورووپاوە.

ناوی شەڕاب و کارتێکەرییەکانی لە کتێبە ئاسمانییەکاندا بەرچاوە کە بەدەمەستی حەزرەتی نووح لە تەوراتەوە دەستپێدەکا تاکوو دەگا بە حەرام کردنی لە قورئاندا.

ئاڵکوڵ بە بۆنەی تایبەتمەندییە شیمیایی و دەرمانییەکانی لە یۆنانی کۆندا نازناوی "ئاوی حەیات"ی پێیدرا. نەخۆشی چڵکی، کێمگرتوو و تاعوون بە ئاڵکوڵ عیلاجکراوە و، بە تایبەت لە سەدەی ١٨دا دنیای پزیشکی نرخێکی گرینگی پێداوە. دەڵێن یەکێک لە

هۆیەکانی ئاسایی بوونی خواردنەوەی ئالکوڵ دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر بوونی ئاوی ناپاک. خواردنەوەی ئاوی ناپاک دەبووە هۆی زگ ئێشە، زگچوون و تەنانەت مردن، ئەم گرفتەش زیاتر خەڵکی هانداوە بە جێگای خواردنەوەی ئاوی ئاسایی پەنا بۆ خواردنەوەی ئالکوڵ وەک ئارەق، شەراب و بیرە بەرن. خاوەن زەوی بەشێکی زۆر لە دەستمزدی جوتیارەکانی بە دانی ئارەق بۆ حیساب کردوون. لە سەدەی ١٨ لە باکووری ئورووپای باکووردا، هەر سەرەی لە ساڵدا ٥٠ لیتری ئارەق خواردووتەوە. واتا ئالکوڵ خواردنەوە لەو سەردەمەدا هەروەک خواردنەوەی قاوە لە سەردەمی ئێستادا ئاسایی بووە، خەڵک وەخت و بێ وەخت بۆ دەستپێک و تەواوکردنی کاری ڕۆژانە و بە هەر بیانوویەک خواردوویانەتەوە.

## ئالکولیست نەخۆشییە یان بێ ئەخلاقییە؟

سەرەڕای ئەوەیکە تێورێکی بەهێز لە پشت فاکتەرەکانی گیرۆدەبووندا هەیە، بەڵام تاکوو ئێستا نەتوانراوە بگووترێ چ کەسێک گیرۆدە دەبێ یان نابێ. چوونکو هەر ئینسانێک خوێ لە خوێدا نایابە و بیۆشیمی و هەست و مشووری تایبەت بە خۆی هەیە. لە هەمان کاتدا خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان کارتێکەری جوراوجۆری لەسەر کەس تا کەس هەیە. بەڵام ئەوەی کە لە لایەن شارەزایانی ئەم دیاردەیەوە دەگووترێ ئەوەیە کە بە گشتی باری نەفسی، فیزیکی، ژنێتیکی، کۆمەڵایەتی و لەبەردەستانبوونی مادەکە لە گیرۆدەبوون یان نەبوونی تاکدا ڕۆڵی خۆی هەیە. گیرۆدەبوون بە مادە یان بە کردەوەیەک گرفتێکی ئاڵۆزی بەرفراوانی کۆمەڵایەتییە کە زانست و ئاستەکانی کۆمەڵناسی، دەروونناسی، تاواںناسی، دەرمانی، پزیشکی و تەنانەت بایولۆژیی دەگرێتەوە.

کاتێک تاک گیرۆدە دەبێ بەر لە وەی کەس بە گرفتی گەورەی گیرۆدەیی ئەو بزانێ گۆڕانکاری قووڵی نەفسی لای قەوماوە کە بووەتە هۆی گۆڕانی کەسایەتی ئەم کەسە. گیرۆدە ڕوانگەی دیتن و هەڵسەنگاندنی سەبارەت بە خۆی و بە دنیا و دەوروبەری دەگۆڕدرێ. کەسایەتێکی تازەی تێدا دەخوڵقێ کە بۆ خۆی و ئەوانی تر بێگانەیە. لە زانستی گیرۆدەییدا کاتێک باس لە کەسایەتی تاکی گیرۆدە دەکرێ بە واتایە نییە باس لە "لاوازی کەسایەتی" ئەو تاکەیە، بەڵکو باس لەم گۆڕانکارییانەیە کە لە سوێنگە گیرۆدەبووندا لای ئەو دەخولقێ و دەبێتە هۆی گۆڕانی کەسایەتی ئەو کەسە.

پێشتر کەسێک کە ئالودە و گیرۆدەی ئالکول دەبوو وەک ناسازێکی نەفسی و یان وەک بێ ئەخلاقییەک ناویان دەبرد. بەڵام لە دەیەکانی پەنجا و شێستدا دووکتور E. M. Jellineks و تاقمێک دوکتووری دیکەی ئەمریکایی سەلماندیان کە ئالکولیسم نەخۆشییە و تاکی ئالکۆڵیست نەخۆشە. دوایی لە لایەن ئەنیستیتۆی سڵامەتی خەڵک، یەکێتی سایکۆلۆژان، ڕێکخراوەی خەستەخانان لە ئەمریکا و ئورگانیزاشونی سڵامەتی جیهانی "WHO" وەک نەخۆشی چاوی لێکرا. ئەمڕۆ لە دنیای پزیشکیدا هەموو لایەنێک لەسەر ئەمە ڕێک و هاوبیرن کە نەخۆشی گیرۆدەیی - بە کەرەسە یان کردەوەیەک- نەخۆشییەکی بایۆ، سایکۆ و سوسیالە.

Terence T. Gorski یەکێک لە بەناوبانگترین دووکتوران و پسپۆڕانی پرسی گیرۆدەیی و تووشبوونەوەیە و دەڵێ: "ئالکوڵ دۆڕگێکی پیسە - ژارێکە بۆ سلوولەکانمان".

ئالکوڵ بێجگە لەوەی کە بە قووڵی کاری ئەرێنی لەسەر مێشک دەکا، کار لەسەر ئەندام و سلولەکانی ماسوولە، جەرگ، گورچیلە،

مووخی ئێسک، خرۆکەی سپی و سووری خوێن، هۆرمونی پیاوێتی، ستروکتوری ئێسک، ددان و قژ دەکا.

ئەمە ڕوونە کە تاک بە هەر مەبەستێک دەست بۆ ئالکۆڵ خواردنەوە بەرێ، بە مەبەستی بەد بکارهێنان و خۆ ئالودەکردن یان تووشبوون بە گیرۆدەیی دەستی بۆ نابا. نەخۆشی ئالکولیسم بە نەخۆشی شەکرە یان نەخۆشی شێرپەنجە شوبارهێنراوە، کەس نازانێ کێ تووش دەبێ و کەی سەرهەڵدەدا.

## خاڵەکانی هاوبەشی ژیانی بێکەس و هێمن

ماموستا علاالدین سجادی لە کتێبی "ئەدەبی کوردی"دا بە ناوی گەوهەری شەوچرا ناو لە "بێکەس" دەبا. بێکەس لە ساڵی ١٩٠٥ هاتە دنیا و لە ١٨ / ١٢ / ١٩٤٨ واتا لە ٤٣ ساڵیدا سەرینایەوە. بیکەس هەرچەند بەگزادەبووە لە باوەشی گەرمی دایکوبابی خۆیدا چاوی بە دنیا هەڵێناوە بەڵام چەرخی گردوون زۆر زوو هەر لە منداڵییەوە بە دژی سوورا، لە ناز و دلنەوایی خست. بێ سەروشوێنبوونی باوک، جوانەمەرگبوونی دایک و برا فایقی منداڵی بیکەس کرد.

هێمن لە بەهاری ساڵی ١٩٢١ هاتە دنیا و لە بەهاری ١٩٨٦ کوچی دواییکرد. هێمن لە بنەماڵەیەکی زەنگین و ئایینی بەدنیا هاتووە. هیمن بە شێوەیەکی دیکە کەوتووتە بەر بێنازی و تەنیاییەوە هەروەک خۆی لە "لە کوێوە بۆ کوێ"دا دەڵێ: "مێژووکم لە مەمک دایکم نەکردووە و فرچکم بە شیری دایەن گرتووە. ". هەروەها کاتێک باس لە سەردەمی منداڵی و میرمنداڵی خۆی دەکا دەڵێ: "بە منداڵی زۆر تێروتەسەل و کۆک و پۆشتە بووم. بەڵام کوێلە و دیل بووم، کوێلەی ناو قەفەزی زێڕ، کوێلەی ڕێ و شووێنی کۆن. ". دیسان هەر لە سەرچاوەی ئاماژە پێکراودا هاتووە کە بێکەس یەکێک لە سەرکردەکانی ڕاپەڕینی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٣٠ بووە و بە برینداری گیراوە و لە زێدی خۆی دوور خراوەتەوە. بێکەس هەم لە جوڵانەوەی "ژ- ک" و هەم لە "پارتی دێموکراتی کوردستان"دا زۆر نزیک بووە و شێعری "داری ئازادی"، بەرهەمی کارتێکەری ئەو سەردەمەیە. هیمن ئەندامی "ژ-ک" و یادگاری کۆماری کوردستان و شاعیری نیشتمان و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.

هەروەک لەسەرەتاوە ئاماژەی پیکرا فاکتەر و هۆکارەکانی گیرۆدەبوون چەندن کە یەکێک لەوان باری نەفسی تاکە. Craig Nakken" تراپێڤتی ناسراوی گیرۆدە و ڕاوێژکاری بنەماڵانی ئەمریکی لەم پێوەندییەدا ئاوا دەڵێ: "کەس هەیە کە لە کەسێکی دیکە زیاتر لە مەترسی تووشبوونی گیرۆدەیی دایە، بۆ وێنە ئەو تاکەی کە ناتوانێ و نازانێ چۆن لەگەڵ شتێک یان کەسێکدا لە پێوندییەکی درووستدا بژی و فێربووە باوەڕ و مەتمانە بە کەس نەکا. ئەوش ڕاستەوخۆ پێوەندی بەئەمەوە هەیە کە چۆن لە منداڵیدا هەڵسوکەوتیان لە تەک کردووە، ئەو قەت فێر نەبووە چۆن بە شێوەیەکی درووست تیکەڵاوی خەلک بێ. "

بە گشتی ژانی ژیانی تاکی خۆیان و دەردی کوردی زەبری خۆی لە هەناوی ئەم دوو ئەستێرەی ئەدەبیی داوە و، بەرەوە ئەوەی بردن کە ڕێگای ئەوان نەبوو.
دووکتور "Lars sjöstrand " پسپۆڕی گیرۆدەیی دەڵێ: - "من دڵنیام گیرۆدەیی لە ئازاری ژیان را دەستپێدەکا، ئەوەش هێچ بەم مانایە نییە کە لایەنی باش بە گیرۆدەیی بدری. ". بێکەس لە شێعری "عارەق بخۆم"دا دەڵێ:

"هەقمە گەر ئارەق بخۆم تۆ خوا ڕەفیق لۆمەم مەکەن
زەحمەتە بێ مەی ژیانم بەم دڵە تاریکەوە"

هەروەها هێمن لە نالەی جودایی دا دەڵێ:

"ئەو شەڕابە تاڵە دەرمانی خەمە. . .
بۆ کەسێکە مەی: دڵی پڕ بێ لە خەم".

## ئەدەبیات و مەستی

لە ئەدەبیاتی کۆنی جیهانییەوە تاکوو دەگاتە ئەم سەردەمە پڕ لە باسی کارتێکەری باش و نەباشی ئالکوڵە لەسەر مشووری ئینسان. دووکتوری تایبەت بە گیرۆدەیی ئالکول "لارس خوێستراند" لە وتارێکی زانستیدا زۆر بە وردی باس لە پێوەندی کارتێکەری ئالکوڵ و داهێنەری دەکا. شاعیران و داهێنەرانێکی زۆر لە جیهاندا کارتێکەری مەی و مەستی لە هونەرکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

لە کۆمەڵگای کوردەواریدا سەرەڕای ئەوەی ئایینی ئیسلام بەسەریدا زاڵە، بەڵام دیسان هەر وەک زۆربەی کۆمەڵگاکانی دیکەی ئیسلامی، خواردنەوەی ئالکوڵ کەم یان زۆر "ئیزن"ی خۆی وەرگرتووە و تاکوو ڕادەیەک پەسەند کراوە. کارتێکەری ئارەق و شەڕاب لە ئەدەبیاتی نووسراوەی کوردی بە تایبەت شێعر - نەک لە بەیت و حەیراندا — دا لە لایەن تاقمێکی زۆر لە شاعیرانەوە تا ڕادەیەکی بەرچاو رەنگی داوەتەوە و، باس لە شکۆ و توانایی ئەم ئاوە کراوە.

ماموستا "گۆران"ی شاعیر لە شێعرێ "هاوڕێم بێکەس"دا، کە بە بۆنەی کۆچی دوایی ماموستا بێکەس گوتوویەتی، بەم چەشنە باس لە گیرۆدەبوونی ئەو دەکا:

بەڵێ بێکەس نابووت بوو
جار جار برسی بوو، ڕووت بوو
. . .
لە پاشانا، ئەی پەری
نابێ لە بێکەسی بگری
کە گیرۆدەی مەستی بوو
مەستی ئەو مەبەستی بوو
ناوچەو و سەردەمی ژینی
پڕبوو لە ناشیرینی
. . .

ناچار خۆی سەرخۆش ئەکرد
جارجار کە زۆر پەست ئەبوو
کەمێکیش بەدمەست ئەبوو
داخی دڵی خۆی ئەرشت
بە جوێن، توانج، سەرزەنشت

شادڕەوان "دوکتوور قاسملو" بەشێوەیەکی دیکە گرفتی ئارەقخواردنەوەی هێمن دەدرکێنێ. دوکتوور قاسملو لە پێشەکی کتێبی "تاریک و ڕوون" دا دەڵێ: "لە "تاسۆری تەشەنا"دا ڕاکردن لە ژیانی واقعی، لە و حەقیقەتە تاڵەی کە شاعیر تووشی بووە و نایەوێ قەبووڵی بکا، بە تەواوی دیارە. هێزی ئەوەی نییە ژیان بگۆڕێ، ڕێگای نییە خۆی دووربخاتەوە، دەیەوێ ڕابکا و بە یارمەتی مەی ڕوو لە دنیایەکی خەیاڵی دەکا. "

## گیرۆدە کێیە و، گیرۆدەیی چییە؟

بە گشتی بە شێوەی جوراوجۆر باس لە گیرۆدە و گیرۆدەیی کراوە. گیرۆدەیی بە نیشانەی بێ ئەخلاقی، لاوازی کەسایەتی، کەموکوڕی لە توانایی بڕیاردان، نەتوانین لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەتەک گرفتەکانی ژیان و بە نەخۆشی جەستەیی و ڕوحی ناوبردراوە. هەڵبەت ئاساییە کە یەک یان چەند لەم نیشانانە لە کەسێکی گیرۆدەییدا ببیندرێ. بەڵام شارەزایان بۆچوونێکی دیکەیان لەسەر ئەم دیاردەیە هەیە و لەسەر ئەم ئەساسە دامەزاوە؛ کە زۆربەی زۆری ئینسانان ئاوات و ئارەزوویانە لە ژیاندا بەختەوەربن و لە ئارامیش و هارمونییدا بژین. شارەزایانی گیرۆدەیی لە بۆچوونەکەیانەوە بەم تیۆرییە دەگەن کە ڕیشەی گیرۆدەیی لەمەوە دێ کە تاک دەیهەوێ خۆی لە ئازار دوور بکاتەوە، واتا توێ کەسایەتی گیرۆدەیی لە ناخی هەموو کەسدا هەیە.

"Craig Nakken" لەم پێوەندییەدا ئاوا دەڵێ: " زۆر جار بە شێوەی ئاسایی لە ژیانماندا دەقەومێ کە ئەم هەستە بە هارمونی بکەین، بەلام بەداخەوە نەک هەمیشە. بە ئاوات دەبین ئەو هەستەمان بۆ بگەڕێتەوە و بەردەوام بێ، دەنا خەم داماندەگری. لە ژیانێکی ئاسایی و سالمدا ئەم هەستە دێ و دەڕوا، واتا بازنەیەکی ئاسایی ژیانە. بەڵام تاک هەیە کە دیانهەوەێ بەهەر نرخێک بێ ئەم خۆشییە وەدەستبێنن و ڕایگرن، واتا لە ئیختیار و کونترۆڵی خۆیانیدا ڕایبگرن. کە وایە گیرودەیی هەوڵ و تەقەلایەکە بۆ کونترۆڵی ئەم بازنە ناکونترۆڵە و گەیشتن بەو دەرک و هەستەی کە ئارەزوویەتی و ناخوازێ لە چەنگی بدا. هەڵبەت تەنیا لە سەرەتاکانەوە بەم هەستەی کە دەیانهەوێ دەگەن. ".

بێکەس لە شێعری "بەشارەت بێ لە قەومی کورد. . . ئەیلولی ١٩٢٧" دا دەڵێ:

" سەعادەت بوو بە بەرگێک و کرایە بەر هەموو فەردێ
نەما ئەخباری ناخۆشی، لە دڵ دەرچوو هەموو دەردێ"

هەروەها لە شێعری "بەهاری سلێمانی" دا کە باس لە جوانی سروشت و خۆشی وڵات و، بێخەمی و ئازادی خۆی و خەڵک دەکا دەڵێ:

"کاشکی هەروا بووایە"

بەم چەشنە دەبینین هێمنیش لە هەڵبەستی "ڕێبەندان و شاعیر" دا دەڵێ:

"ئەو ساڵ بەهارە بۆ ئێمە زستان".

تۆ بڵێی ڕاگرتن و دووپاتکردنەوەی ئەم هەستانە هانی نەدابێن کە دەست بۆ بادە و مەی بەرن. بێکەس شەڕابی دەوێ:

" شەڕابێ با بێ بۆ دڵەی ماتم
ڕەونەقێ، شەوقێ با بە حەیاتم"

هێمن هاوار دەکا:

"ساقیا کوشتمی خەم و مەینەت"
و، "بە بادە با پەژارە و غەم بەبادەم".

نەکێن لە کۆتایی ئاوا پێناسەی گیرۆدەیی دەکا: "گیرۆدەیی عیشقێکی نائاسا و نەخۆش واتا پاتولۆژیکە - و پێوەندییەکی جێ مەتمانە و بڕوایە بە کەرسە یان کردارێک". واتا تاکی گیرۆدە ئەو پێوەندییە نزیکەی بە مادەکە یان کارەکە هەیە بە هیچ شتێکی دیکەوە نییە. ئەم ئەوینە نائاساییە لای بێکەس و هێمن ئاوا خۆ دەنوێنێ، بێکەس تەنانەت نایانهەوێ دوای مردنیش لەم ئەوینە جیابێتەوە هەربۆیە وەسیەت دەکا:

"ساقی ئوباڵی منت بە ئەستۆ
دنیایە وەسیەت ئەکەم لە لای تۆ
کە مردم توخوا هەر بە مەی بمشۆ"
هێمن گلێنەی خۆی دەنێرێتە خزمەتی و دەڵێ:
"گلینەی خۆم دەنێرمە خزمەتت، بۆم تێکە تا بیبا".

## "بازنەی شوومی ئاڵکوێست"

"گورسکی" گیرۆدەبوون بە ئاڵکوڵ بە بازنەی شووم ناودەبا و لە شەش خاڵاندا شیدەکاتەوە: ١- کەیفی هەنووکە ٢- ئازاری دوارۆژ ٣- شێوەی بیکردنەوە ٤- تولێرانس و ئابستینێنس؛ ٥- لەدەستدانی کونترۆڵ ٦- کارتێکەری زیانبەخش لە سەر باری بایۆ- سایکۆ- سوسیال. "گورسکی" دەڵێ: "ئەگەر ئالکولیست تووشی خاڵی وەچەرخان نەبێ، مانەوە و خولخواردن لەم بازنەیەدا بە مردنی تەواو دەبێ.

بێکەس لە ساڵی ١٩٣٦ واتا لە ٣٥ساڵیدا لە شێعری "ساقی فیداتم"دا بە گووتنی: "دڵ پەستە، هەستە ساقی فیداتم . . . "، و هێمن لە کۆتایی شێعری ( "موو ناپسێنم" شەوانە هاونشینی جامی بادەم. . . ) و لە شێعری ("تووڕەیی" ساقیا کوشتمی خەم و مەینەت دەوەرە لەو شەڕابە مەستم کە) دا باس لە ئالکۆلخواردنەوەی خۆیان دەکەن. شێعری "موونا پسێنم"، ڕێکەوتی بە ژێرەوە نییە، بەڵام شێعری "تووڕەیی"، کە بەدوای شێعری "موونا پسێنم"دا هاتووە ڕێکەوتی ساڵی ١٩٥٧ بە ژێرەوەیە، واتا هێمن ئەو کاتە تەمەنی ٣٦ ساڵ بووە.

کاتێک تاک بە ئاشکرایی باس لە "هاونشینی" و گیرۆدەیی خۆی لەتەک ئالکول دەکا بەم مانایە کە دەمێکە ئاشنایە لەتەک ئەم خواردنەوەیە و، تەنانەت لە قۆناخی بەدبەکارهێنان ڕا دەرچووە و گەیشتووتە قۆناخی گیرۆدەیی.

هەروەها "تولێرانس" واتا تەحەموول - و "ئەبستینێنس" واتا ئازاری پێنەگەیشتن لە نیشانە بەهێزەکانی گیرۆدەییە. تولێرانس بەم مانایەیە کە تاک لە بەرامبەر ئالکولدا تەحەمولی ئەوەندە زۆر بووە کە ئیدی بە پێوەری ژەمی ئاسایی تێرنابێ واتا نشئە/ مەست نابێ، دەبێ لە جاران زیاتری بخواتەوە بۆ ئەوەی هەست بکا، کەیفی پێی سازبووە و، هەروەها بەردەوام زیاتر و زیاتری پێویستە. لە کۆردەواری خۆماناندا کاتێک ئالکۆلیست تولێرانسی لە زیادبوون دەدا و سەرئەنجام لەم سوێنگەیەدا دەمرێ، دەڵێن؛ بە عارەقی دڕا.

بێکەس لە شێعری "ساقی فیداتم"دا بە حەیرانی لەنجە و بەژن و باڵای ساقی دەبێ کە: " قەدەح پەیایەی پڕکە لێواولێو" بکا و، هێمن داوا لە ساقی دەکا کە: " بەشی خۆم بۆ لە لوێچی دەستم کە". هەردووک بەمەیان زانییەوە کە دەبێ زۆرتر لە جاران بخوێنەوە تاکوو سەرخۆش بن.

بێکەس باس لەمە دەکا کە حاڵی چ حاڵێکە کاتێک ئالکۆلی پێناگا واتا ئەبستینینسی هەیە. بێکەس ئەوەندە لە بەیانی شەرحی حاڵی خۆیدا ڕاستگوویە، کە دەبێ سەری نوازیشت بۆ ئەم ڕاستگووییە دابندرێ. ئەو لە هونراوەی "زەحمەتە بێ مەی بژیم" (تەشرینی دووەمی ١٩٣٩) دا دەڵێ:

. . . هەر کە ڕۆژئاوا ئەبی من بۆ عەرەق سمکۆڵ ئەکەم
وەک وڵاخێ بێتە وەختی کاو و جۆ و ئالیکەوە. . . ".

ئەبستنێس یەکێک لەم حاڵەتانەیە کە بە گشتی گیرۆدە لێی دەترسێ و، ئازارەکانی فیزیکی و دەروونی ئەوەندە بە هێزە کە گیرۆدە پێوایە توانایی ئەم ململانییەی نییە، پەنا بۆ مادەکە دەباتەوە.

"لارس خوێستراند " وتارێکی لە سەر شێعری "کاتژمێرسازێ"، "بێلمەن" شاعیری ڕۆمانتێکی گەورەی سەدەی ١٧ی سوئید نووسیوە. ئەو پێوەندی کارتێکەری و توانایی ئالکۆلی لەسەر تێگەیشتن و لێکدانەوەی بێلمەنی لە ئاست گرینگەکانی ژیان وەک کات، مەزاج،

هەستەکانی ئینسانی و مردن. . . شیدەکاتەوە - بێلمەن ئالکولیست بووە. دەکرێ خوێندنەوەیەکی ئاواش کەم یان زۆر لە ئاست ئەم پرسانە لەسەر شێعرەکانی بیکەس و هێمن بکرێ.

## پێوەندی نێوان زەمان و مەستی:

لای سەرخۆش گرینگی لە "ئێستا" دایە، ڕابردوو و داهاتوو وەک لەکیسچوو چاولێدەکرێ. لە دنیای مەستیدا تەنیا ئێستا بوونی هەیە. بێکەس لە شێعری "ساقی فیداتم" دا دەڵێ: " . . . ساقی فرسەتە . . . ساقی فرسەتە. . . دەخیل مەوەستە ساقی فرسەتە. . . کوا فرسەتێکی هەر وەک ئەمجارە" و یان هێمن لە "گلێنەی شاعیر"دا دەڵێ: "هەموو عومری ئەبەد تێیدا نییە خۆشی دەمێک مەستی".
بە گووتەی "خۆستێن"؛ ئالکولیست دەستکاری زەمان دەکا، کات دابەش ناکا و ئێستایەکی بێ سنوور بۆ خۆی سازدەکا. "خۆستێن" بەردەوامە و دەڵێ؛ گیرۆدە بە هۆی پەژیوانی لە دوێنێ و پەرێشانی لە سبەی، خۆی خاوەنی ژیانی خۆی نییە. بەڵام جادووی مەستی تەواوی ژیانی بۆ دەکاتە ئێستا و، وای لێدەکا کە هەست بکا خاوەنی ژیانی خۆیەتی و لەتەک ژیان ئاشتی دەکاتەوە.

بێکەس و هێمن توانایی کارتێکەری ئالکۆلیان لە سەرخۆیان دۆزیوەتەوە. هەردووک هەستیاری جادووی مەستین، کە مەستی هەم خەمڕەوێنە و هەم کات شکێنە. مەستی ئێستایەکی لەزەتبەخشە. بێکەس کەسێک بە خاوەن "ئێدراک و هۆش" دادەنێ کە مەیْ بنۆشێ و لە "مازی و پاشەڕۆژ" چاوپۆشی و لە سەعادەتی لەحزەدا بژی، هەر وەک خۆی دەڵێ.

"ئەگەر تۆ خاوەنی ئیدراک و هۆشی
لە مازی و پاشەڕۆژ چاوت ئەپۆشی
سەعادەت لە حزەییەکە تۆ بە خۆشی
لە سەحرا ڕابوێری و مەی بنۆشی"
هێمن لە کۆتایی شێعری "گلێنەی شاعیر"دا دەڵێ:
"هەموو عومری ئەبەد تێیدا نییە خۆشی دەمێک مەستی"
خدر ئاوی حەیاتی بۆ چ دەبوو؟ فێری شەڕابی با"

## تاریکیی مەستی

هەرچەند لای گیرۆدە ئالکۆڵ دەماری ژیانە، کات شکێن، خەمڕەوێنەیە و تەنانەت ڕامالدەری ترس لە مردنیشە، بەڵام خۆشی مەستی دەتوانێ دڵەلەرزە و دڵنەسەروتوویی پێوەبێ کە بە "تاریکیی مەستی" ناودەبردرێ. تاریکیی مەستی دەبێتە بەشێک لە کەسایەتی گیرۆدە بە ئالکۆڵ. دڵەڕاوکەی نێوان ئەغیاری و مەستی، هومێد لێ بڕاوی بەر لە مەستی، دیوار لە نێوان باشەکانی ئەغیاری و نەباشەکانی مەستیدا دەکێشی.

"کارتێکەری زیانبەخش لە سەر باری بایۆ- سایکۆ- سوسیال" لە لایەن پسپۆڕ و لێکۆڵێنەرانی ئەم بابەتەوە ئاوا پێناسەی کراوە؛ بە

خواردنەوەی ئالکولْ ئاگایی، وشیاری و تێگەیشتن سڕ دەبێ، خەیال و بیر سەبارەت بە داهاتوو زۆرتر و زۆرتر ناڕوون دەبێ. کاتەکان دەبن بە یەک کات. تەنگی و تەسکی دەکەوێتە نێو مانای بەڵگە و دەلێلە ئینسانییەکانەوە. بەشێک لە توانایی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەکانی ئینسانی، بیر و شعووری ئینسانی لە نێودەچێ. مێشک دەکەوێتە ئاستێک کە جیاوازیی لە نێوانی ئەوەی بیر دەکەمەوە و ئەوەی کە من هەم، نابینێ. هەروەها مێشک جیاوازی لە نێوان ئەوەی کە من هەم و ئەوەی کە من دەیکەم، ناکا. هەست و بیر و کردەوە هەمووی دەبێ بە یەکدانە و، یەکیشان دەبێتە هەر هەموویان.

بێکەس: لە "بێزاری"دا:

"لە حاڵم بۆیە بێزارم، تەماش کەن کە چەند عەکسم
لە پەستی بەختی ناپوخت و لە بەرزی عیززەتی نەفسم"

هێمن: لە "تەپڵی ئەمان" دا:

"هونەرگەر خۆێ پەرێشانی نەبایە لەم وڵاتەی دا
بەشی من بۆ دەبوو چارەڕەشی و خانە خراپی با"

هێمن: لە "تووڕەیی"دا:

"حاسڵی تێگەیشتن و زانین
چ بوو بۆ من جگە لە کوێرەوەری"

بێکەس لە سەر ئەم باوەڕەیە کە بە هۆی "بەرزی عیززەتی نەفس"یەتی کە "پەستە بەختی ناپوخت"ی و، لێکدانەوەی هێمن لەسەر حاڵ و ڕۆژی ئەوەیە کە بەهۆی "هونەر"، تێگەیشتن و زانین" بەم "چارەڕەشی و خانە خراپی" و "کوێرەوەری"یە گەیشتووە.

- لای کەسایەتی گیرۆدە ماڵی دنیا گرینگی پێنادرێ، ئەرک و کاری ڕۆژانە وەپشتگوێ دەدرێ، هەستی بەرپرسیاریەتی لە بەرامبەر خۆی و ئەوانی دیکەدا کەم دەبێتەوە.

بێکەس لە شێعرەکانی:

"دەردی دەروون"
دەمێکە، یاران، مات و خامۆشم
وێنەی تلیاک کێش مەست و بی هۆشم
خۆم لە تەنقیدات دوور خستۆتەوە
هەواڵی دنیام لە بیر چۆتەوە

نازانم دنیا ڕۆژە یان شەوە
هەموو کارێکم خواردن و خەوە
لە دەنگ و باسی خەڵقی بی خەبەر
وەک حەیوان ئەژیم، دوورم لە بەشەر
خەریکی چی بم غەیرەز خواردنەوە
باسی قومار و پارە وبردنەوە
"عارەق ئەخۆم"
"بامن بە عارەق تووشی زەرەر بم. . .
. . . ئاواتەخوازم کە لە سەقەر بم
نامەوێ بەرگی ڕیا و زاهیدی
ئەگەر بەو بەرگەش زۆر موعتەبەر بم
کورسی مەیخانەم لە لا خۆشترە
لەوەی کە لەسەر تەختی قەیسەر بم. . .
. . . عارەق و پارە لە هەر دوو گەر سەر و ڕووبعم هەبێ
چیمە ئیتر من بوسەر ئەلمان و ڕووس و چیکەوە"
لە "سەردانەوێنم" دەڵێ:
"من کە ڕازی بم بە نەختێ عەرەق
بە چۆرێ چێشت و لەتێ نانی ڕەق"
لە "من و ئیفلاس"دا:
"من و ئیفلاس و بەدبەختی و دەری چاخانە تا مردن. . .
ژیانی زەحمەتە "بێکەس' کە سەرگەردانە تامردن"

هێمن: لە "تاسۆری تەشەنا"دا:

"تا نەڕووخاوە، بڵا پڕ بێ لە خۆشی و مەستی
تازە پێی ناوێ ئەمن هۆدەیی خۆم مەحکەم کەم. . .
ئێستە بۆ چاری خەمم گۆشەیی مەیخانەیە جێم
من کە ڕۆژێ دەمەویست میللەتەکەم بێ خەم کەم"

ئالکۆڵ وا لە هێمن دەکا کە نە "هۆدە"کەی کە سەرپەنایەتی بەلایەوە گرینگ بێ و، نە ئەو کارەی کە دەیویست "ڕۆژێ" بیکا، بتوانێ بیکا. ئالکۆڵ هەستی بەرپرسیارێتی کەم دەکاتەوە و، بابەتە گرینگ و سەرەکییەکان لە سێبەرەوە چاوی لێدەکرێ.

هەروەها لای کەسایەتی گیرۆدە بە ئالکۆڵ زۆربلێیی، دم بەدمی و تورەیی ئاسایی دەبێ، هەمووشت ڕەش یان سپی دەبیندرێ. لە هەمانکاتدا بە هۆی دڵناسکی و جێنگەنەبوون، بەردەوام مەترسی هەڵچوون و توونددووتیژی لە ئاستێکی بەرزدایە. محەمەدی مەلا کەریم لە پێشەکی دیوانی فایق بێکەس چاپی یەکەم ٢٠٠٨ دا دەڵێ: "زیاد لەوە گەلێ شێعریشمان بڵاو نەکردەوە چونکە بۆ ناو و ناتۆرە پیاهەڵدانی ئەو کەسانەی وتوە کە خراپەیان لەگەڵی کردووە. . . ". س. چ. "هێرش"، لە کتێبی "هێمن و من"دا دەڵی: " تا بڵێی ڕوح سوک و دڵناسک و مێهرەبان بوو، . . . زوو هەلدەچوو، زووش ئاشت دەبووە . . . "

- هەڵسووکەوتی گرووپی و تەنانەت مێگەل بە سەر تاکدا زاڵدەبێ. ڕووداماڵدراوی و حەز و ویستی سێکس و جووتبوون خۆی لە زیادەڕۆیی دەدا – هەرچەند کارتێکەری ئالکۆڵ لەسەر هۆرمونی جنسی پیاو دەبێتە هۆی لاوازی و لە دەستدانی توانایی سێکس. ئازاری ویژدان و عەیبە لە مەستیدا وەلا دەچێ، خۆی لە بێعاری دەدا، بەڵام لە ئەغیاریدا پەژیوانی سەرهەڵدەداتەوە.
شێعری "ژوانی ئاغا"ی هێمن ڕێکەوتی ١٣٢٧ پێوەیە واتا، ئەو دەم دەمێک بووە کە هێمن ئالودەی ئالکۆڵ بووە. هێمن لەم شێعرەدا باس لە دەستدرێژی جنسی لەسەر "نادییە"دەکا لە لایەن "جەعفەر ئاغا"وە. لەم وتارەدا من ناچمە نێو قووڵایی باری نامرۆڤانەی ڕووداوەکەوە. بەڵام دەکرێ بگووترێ هێمن لە ژێر کارتێکەری ئالکۆڵدا ئەم شێعرەی نووسیبێ، هەرچەند بۆخۆی دەڵێ:

"کاکە! بمبەخشە لە بێکاری یە
ئەو قسانە، ئەو هەموو بێعاری یە. . .
. . . پێم مەفەرموو شاعێرێکی هەرزەیە. . . "

- گیرۆدەیی وێڕای مشوور گۆڕین هەستی دوودڵی و گومان، ڕق لەخۆبوون و شەرمەزاری، خەمۆکی، بیری مردن و خۆکووشتن دەخولقێنێ.

بێکەس: لە "جەژنی من" دا دەڵێ:

"جەژنی من گریانە ئەمڕۆ، میحنەتە جەژنانەکەم
بەرگی من جەور و جەفایە، شیوەنە سەیرانەکەم
دڵ کە ناخۆش بوو برادەر جەژنی ئەو تەعزێیە هەر
عالەمێ شایی بکا، من بەستەیە گریانەکەم
خەڵک هەموو مەسروور و شادن دەستە دەستە دێنە خوار
من خەریکی دەردی خۆمم، تەرکی ناو یاران ئەکەم"

لە عیشق و ئازادی"دا هێمن دەڵێ:

". . . کە وا ئەمشۆ سەرهەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر
لە بادە ئەم ژەمە تێرکەم منی تینووی جگەر سووتاو

بە چی دیارە کە دەبینم شەوێکی تر، ژەمێکی تر. . .
. . . لەسەر کێکی تەمن هەڵناگری تازە شەمێکی تر. . . "

هەروەها هێمن لە نامەی "گیانەکەم"دا بێ پێچ و پەنا باس لە باریی ڕووحی خۆی دەکا، "زۆر خەمناک و پەرێشان بووم، دڵم زۆر شکابوو. . . "، باس لە خۆکووشتن دەکا "من ئیتر بە هیوا نیم لەم دنیایە خۆشی ببینیم" دیسان باس لە مردن دەکا "من ئێستا نەک لە مردن ناترسم، بەڵکە بە ئاواتم بمرم. . . پێم خۆش نییە خۆم بکوژم. . . ". نیشانەکانی خەمۆکی و سێبەری مەرگ لەسەر شێعرەکانی بێکەس و هێمن خۆیان بە نامۆ نازانن.

وەک دەبینین گیرۆدەیی تەنیا لە چوارچێوە کەیف و نشئەبوون یان پێوستییەکی جەستەییدا خۆی نانوێنێ، بەڵکوو دەبێتە هۆی خولقاندنی کەسایەتییەکی نوێ بە ناوی "کەسایەتی گیرۆدە". کەسایەتی ئالکوێست بیر و هەست و هەڵسوکەوتی ئالکولیست بەخۆیەوە دەگرێ. **Tommy Hellsten** تراپێڤت و پیاوی ئایینی ناسراو لە سوئێد و فینلاند لە کتێبی " **Flod hästen i vardags rummet**" وێرای ئەوەی باس لە تێگەیشتنی هەڵەی کۆمەڵگا لەسەر ئالکۆلێست دەکا باس لە پێوەندی کەسایەتی ئالکولیست لەتەک ئاڵکۆڵ دەکا:

- مەست یان خۆی وەک قارەمانێک و یان وەک خێرێک دەبینێ. مەست یان شانازی بە ئاڵکوڵخواردنەوەی خۆی دەکا و خۆی پیهەڵدەکێشێ و یان حاشای لێدەکا و دەیشارێتەوە.

- مەستی کردن لایان نیشانەی پیاوەتییە لە هەمانکاتیشدا نیشانەی سەرنەکەوتووییە. " ئالکولیست گومان لە ئارەق و مەی دەکا، یان پێیهەڵدەڵێ یان زەمی دەکا.

بێکەس لە "چوونە مەیخانە"دا:

"چوونە مەیخانە هەمیشە کاری پیاوی عاقڵە
هەرکەسێ بێت و بڵێ ئەم ئێشە عەیبە جاهیلە"
لە شێعری "تیاترۆ بێ چاترە" دا دەڵێ:
". . . ئەوانیش هەموو بە شەو سەرخۆشن
لاکەی سەریان دێ مەست و بێ هۆشن
دەسووڕێنەوە تا ڕۆژ وەکو نار
بەدوای هەتیو و عارەق و قومار"

بەشی هەرە زۆری شێعری دوور و درێژی "ناڵە جودایی" هێمن باس لە تایبەتمەندییە باشەکانی بادەیە، بەڵام لە کۆتاییدا دێ و دەڵی "دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەڕاب".

"تۆمی هێلستێن" دەڵێ؛ ئاڵۆزی نێوان هەست، بیر و کردار لای ئاڵکۆڵیست دەبێتە هۆی سەرلێشوایی ئەو. هەروەها دەڵێ: "هەر بۆیە کاتێک دەخوێنەوە هەمیشە لە سەر زەوییەکی بێ متمانەدا دەجوڵێنەوە. "

کۆتایی:

باری روحی و بابەتی ناوەندی شێعرەکانی بێکەس و هێمن یەکجار لە یەک نزیکن.

هەووەها جیاوازی لە نێوان شێعرەکانی کاتی ئەغیاری و مەستی هەردووک بەدیدەکرێ بەڵام ناکرێ حاشا لە کاریگەری ئەم نەخۆشییە لە سەر ژیانی تاکی، ئەدەبی ئەوان بکرێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان نێت / ڕێکەوتی : ١٣ی ژانوییەی ٢٠١١



# بوختان

## هێدی

مەرزەی جەوانمەرد وتارێکی لە ژێر سەردێڕی "بێکەس و هێمن، بادە و شەراب"دا نووسیوە و لە پێناو شیکردنەوەی "نەخۆشیی ئاڵکۆڵیسم"دا "بێکەس و هێمن"ی گیرۆدە کردوون!



نووسەری بابەتەکە لە سەر "نەخۆشیی ئاڵکۆڵیسم" دواوە و "بێکەس و هێمن"یشی وەک نموونەی ئەوانەی گیرۆدەی ئەو نەخۆشییە بوون ناساندوون! ڕوون نییە مەبەستی شیکردنەوەی نەخۆشییەکە بووە یان ناساندنی ئەو دوو شاعیرانە وەک نەخۆش. دیارە لە هەردووک بارانەوە مەبەستی باش نەپێکاوە و کەڵکی نابەجێشی لە "بێکەس و هێمن" وەرگرتووە. ئەمن لێرەدا "بێکەس" لەو باسە هەڵداوێرم، چونکە بە وردی شارەزای ژیانی تایبەتیی وی نیم و ناشکرێ هەر لە سەر بنەمای شێعرەکان ژیانی تایبەتیی شاعیرێک هەڵسەنگێندرێ، وەک مەرزە خانم کردوویە؛ بەڵام سەبارەت بە هێمن دەتوانم بڵێم لێکدانەوەکەی مەرزە خانم بوختانێکە بە هێمن.
ئەو نەخۆشییەی مەرزە خانم باسی دەکا هێندێک نیشانە و تایبەتمەندی هەن کە دە وتارەکەدا بە وردی ئاماژە بە هەموویان نەکراوە. کەسێکی گیرۆدەی "نەخۆشیی ئاڵکۆڵیسم" بووبێ، تاوێک ئاڵکۆڵی لێ ببڕێ حەجمینی لێ هەڵدەگیرێ، دەستەکانی دەلەزرن، ئیشتیای خواردنی کوێر دەبێتەوە، چڕوچاوی سوور هەڵدەگەڕێ، شەلاڵی ئارەقە دەبێ و لە تاو ئاڵکۆڵ ئارا و قارای نامێنێ. ئەوانە هێندێک لە نیشانەکانی نەخۆشییەکەن. ئەمن هیچکام لەو نیشانانەم دە هێمندا بەدی نەکردن. تەواوی هەڵسەنگاندنەکەی مەرزە خانم سەبارەت بە هێمن لە ڕوانگەی شێعرەکانیەوەن و وێناچێ لە نیزیکەوە هەڵسوکەوتی هێمنی کەوتبێتە بەر چاو. ئەمن بێجگە لەوەی چەند جاران دەگەڵ هێمن دانیشتووم، ماوەیەکیش شەو و ڕۆژ دەگەڵی بووم. بەو پێیە دەزانم وا نەخۆش و گیرۆدەی ئاڵکۆڵ نەبووە کە مەرزە خانم باسی دەکا. دیارە هێمن جاروبار خۆی لە بادە و شەراب نەبواردووە و بە ئیشتیا خواردوویەتەوە، بەڵام دەو ماوەیەیدا کە دەگەڵی بووم، بە پێی ئەو هەلومەرجە تایبەتییەی تێیدا بووە، لێشی هەڵکەوتبێ، خۆی لێ بواردووە. ئەگەر گیرۆدەی ئەو نەخۆشییە بووبا، نەیدەتوانی خۆی لێ ببوێرێ و ئەو ماوەیە بەبێ ئاڵکۆڵ هەڵکا.

نووسەر بە تەمایە لە ژێر سێبەری لێکدانەوەکەیدا، بە تاوانی "ئاڵکۆڵیک بوون"، توانای بیرکردنەوە لە شاعیر بستێنێتەوە و وەک کەسێکی لاواز، نەخۆش، ناتەواو و بێبەری لە وشیاری و تێگەیشتن بە لاڕێیدا بەرێ و هەڵیدێرێ؛ پاشان بڵێ بە ڕێیەکدا چوو کە ڕێی وی نەبوو!

هەست بە بەرپرسایەتی کردن لە هێمن دەستێنێتەوە و لە بەرامبەر هەموو شتێکدا داماو و دەستەوەستانی دەکا. دەنووسێ: "ئالکۆڵ وا لە هێمن دەکا کە نە "هۆدە"کەی کە سەرپەنایەتی بە لایەوە گرینگ بێ و، نە ئەو کارەی کە دەیویست "ڕۆژێ" بیکا، بتوانێ بیکا. ئالکۆڵ هەستی بەرپرسیارێتی کەم دەکاتەوە و، بابەتە گرینگ و سەرەکییەکان لە سێبەرەوە چاوی لێدەکرێ[چاویان لێدەکرێ]". ئەو وتانە هەر ئەو قسانە وەبیر دێننەوە کە سەردەمێک ئەوانەی هەڵوێستی هێمنیان بە دڵ نەبوو، دەیانکرد. نووسەریش پێیوایە ئەوەی

لە شاعیر ناوەشێتەوە بادە و شەراب پێی کردووە؛ تەنانەت شێعری "ژوانی ئاغا"ش بە ئاکامی کارتێکەریی بادە و شەراب دەزانێ و لە ئاکامدا بۆ وەی کە مۆرکی نەخۆشییە "حاشاهەڵنەگر"ەکە بە نێوچاوانیەوە بدا و وەک گیرۆدەیەکی داماو بیناسێنێ و نوسخەی نەخۆشییەکەشی بۆ بپێچێتەوە، دەیباتە بەر سێبەری خەمۆکی و خۆکوشتن؛ ئیدی دەروویەک ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی کە بگوترێ ڕەنگە ئەو دیاردانە هۆی دیکەیان هەبێ و فریان بە سەر تەئسیری بادە و شەرابەوە نەبێ.

١٦ی ژانوییەی ٢٠١١



# ئامانج لە بە ئەلکۆڵی ناساندنی ماموستا هێمن چییە؟

## برایم جەهانگیری

لەم ڕۆژانەدا بەڕێز مەرزە جەوانمەرد لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "بێکەس و هێمن، بادە و شەڕاب"دا، هەوڵی داوە کە هێمن و بێکەس لە وێکچوونێکدا و لە ڕووی شێعرەکانیانەوە بە ئەلکۆڵی بناسێنێ. دیارە تا ئەو جێگایەی پێناسەی ئەلکۆڵیسم دەکا و هۆکارە زانستییەکان و کاردانەوەکەی لە سەر مێشک و هۆشی مرۆڤ دەەستنیشان دەکا، نەک من، بەڵکوو هیچ مرۆڤێک ناتوانێ لاری لێی هەبێ.



لەسەر ئەو بابەتەی خاتوو مەرزە جەوانمەرد بەڕیز هێدی بابەتێکی پوختی لەسەر لاپەڕەی فەیس بووکی خۆی بڵاو کردەوە و پاشانیش ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز ئەو بابەتەی گواستەوە نێو ماڵەکەی خۆی. من لەو بابەتەدا و لە ڕاونگەیەکی دیکەوە چەند سەرنجێکم هەیە لەسەر بابەتەکەی خاتوو مەرزە کە ڕەنگە هەم بۆ ڕێزدار جەوانمەرد و هەم بۆ هێندێ خوێنەری بابەتی" بێکەس و هێمن، بادە و شەڕاب" بەسوود بن. با ئەوەش بڵێم کە منیش وەک بەڕێز هێدی دەڵی لەسەر بێکەسی شاعیر قسە ناکەم، لەبەر ئەوەی هیچ ناسیاوییەکی ئەوتۆم دەگەڵی نەبووە، بەڵام لەسەر ماموستا هێمن هەم بۆ ماوەیەک شەو و ڕۆژ دەگەڵی ژیاوم و هەمیش تا ڕادەیەک هۆگری شێعرەکانی هێمنم و ئەگەر بڵێم هەر هەموو شێعرەکانی هێمنم چەند جار خوێندوونەوە زیادەڕۆییم نەکردووە.

شک لەوەدا نییە کە خاتوو مەرزە لەو بابەتەدا زۆری زەحمەت کێشاوە، بەڵام ئەوەی سەرنجی منی لەو بابەتەدا بۆ لای خۆی ڕاکێشا زیاتر ئەوە بووە کە نووسەر دەیهەوێ ئەو شێعرانەی باس لە مەی و شەڕاب دەکا وەک بەڵگەی ئەلکۆڵی بوونی ماموستا هێمن بهێنێتەوە! ئەو خاڵە بە لای منەوە زۆر گرینگە، چوونکە بەڕیز مەرزە جەوانمەرد هەر لە سەرەتاوە بە دەلیل و فاکت پێناسەیەکی زۆر باشی ئەلکۆڵیسم و کارتێکەریی ئەو مادەیە لە سەر هۆش و زەینی مرۆڤ دەکا و بە پێی بەڵگە و فاکتە پزیشکییەکان ئەڵکۆڵیسم دەناسێنێ. لەو بارەوە زۆرم بە لاوە سەیرە کە نووسەر چۆن ئەو پرسیارە لە خۆی ناکا، باشە ئەڵکۆڵی بوونی ماموستا هێمن لە لایەن کام دوکتور و کام پزیشک و کام تێستی پزیشکییەوە بە ئیسپات گەیشتووە؟ ئایا بە خوێندنەوەی شێعرەکانی ماموستا هێمن یان هەر شاعیرێکی دیکە کە باسی مەی و مەیخانە دەکا، دەبێ حوکمی ئەڵکۆڵی بوون لەسەرئەو کەسانە بدەین؟ ئەویش لەسەر کێ، لەسەر کەسێک کە د.قاسملووی نەمر لە پێشەکیی تاریک و ڕوون دا بە شاعیری گەلی ناوبردووە وهەر لە سەرەتا دا ئاوا دەڵێ:

" ئەو ڕۆکە هەر کەس لە ئەدەبی کوردی شارەزا بێ ناوی هێمنی بیستووە.....بێگۆمان دەزانێ کە هێمن یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی ئێمەیە. .....هێمن لەسەرەتاوە شاعیری گەلە و هەر بە شاعیری گەلیش ماوەتەوە. سی ساڵ زیاترە هەزاران خەباتکاری کورد پێکەوە لەگەڵ هێمنی شاعیردا هاوار دەکەن:

گەرچی تووشی ڕەنجە ڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەس ئەوچەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە
لەت لەتم کەن بمکوژن هیشتا دەڵێم کوردم ئەمن"

لە حاڵێکدا مەرزە خاتوون هەڵسەنگاندنێکی دیکەی د.قاسملوو دەکاتە پاڵپشتی بۆچوونەکەی خۆی :

" شادڕەوان "دوکتوور قاسملو" بەشێوەیەکی دیکە گرفتی ئارەقخواردنەوەی هێمن دەدرکێنێ. دوکتوور قاسملو لە پێشەکی کتێبی "تاریک و ڕوون" دا دەڵێ: "لە "ناسۆری تەشەنا"دا ڕاکردن لە ژیانی واقعی، لە و حەقیقەتە تاڵەی کە شاعیر تووشی بووە و نایەوێ قەبووڵی بکا، بە تەواوی دیارە. هێزی ئەوەی نییە ژیان بگۆڕێ، ڕێگای نییە خۆی دووربخاتەوە، دەیەوێ ڕابکا و بە یارمەتی مەی ڕوو لە دنیایەکی خەیاڵی دەکا."

دەحاڵێکدا د.قاسملوو لە سەرەتای پێشەکییەکەی بۆ تاریک و ڕوون بۆچوونی خۆی لە سەر کەسایەتیی هێمن دەربڕیوە و هیچ گومانی نە بۆ من نە بۆ کەسی دیکە نەهێشتۆتەوە. ئەو بۆچوونەش کە مەرزە خان پشتی پێ بەستووە لێکدانەوەیەکی ئەدەبییە، هێچ هیمایەک نییە کە مامۆستا هێمنی شاعیری گەل ئەڵکۆڵی بووە.

لێرەدا بە ناچاری دەبێ بڵێم کە مەرزە خان زۆر بێئینسافانە و بە دوور لە عەداڵەت و داد لەسەر هێمنی شاعیر دەنووسێ و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی شێعرەکانیشی تەنیا یەک لایەنی هەیە و لە یەک دەلاقەی تەسکەوە سەیر کراون. سەبارەت بەلێکدانەوەی شێعری بێکەسیش ڕەنگە هەمان هەڵەی بووبێ، بۆ نموونە با سەیری ئەو شێعرەی بێکەس بکەین کە مەرزە خان چۆنی لێکداوەتەوە. ئەو شێوە داڕشتنانە دە شێعری زۆرشاعیری ناوداری فارسیشدا هەن؛ مەرزە خان ئەو شێعرەی بێکەس دێنێتەوە و دەیکاتە بەڵگە بۆ ئەڵکۆڵی بوونێ بێکەس:

"عارەق ئەخۆم"
"بامن بە عارەق تووشی زەرەر بم. . .
. . . ئاواتەخوازم کە لە سەقەر بم
نامەوێ بەرگی ڕیا و زاهیدی
ئەگەر بەو بەرگەش زۆر موعتەبەر بم"

بێکەس دێرەدا دەقیقەن ئەوەی لە یەکێک لە شێعرەکانی حافظ وەرگرتووە کە لە زۆر جێگا دا ئاوا باسی ڕیا و فێڵ و تەڵەکە دەکات.

در میخانه ببستند خدایا مپسند
که در خانه تزویر و ریا بگشایند

یا:

دوش دیدم که ملایک در میخانه زدند

گل آدم بسرشتند و به پیمانه زدند

یا:

صوفی بیا که خرقه سالوس برکشیم

دین نقش زرق را خط بطلان بسرکشیم

نذرو فتوح صومعه در وجه می نهیم

دلق ریا به آب خرابات بر کشیم "حافظ"

بەرێز مەرزە جەوانمەرد لە بارەی مامۆستا هێمنەوە لە چەند جێگادا وێڕای ئاماژە کردن بە شیعری هێمن دەیهەوێ بیسەلمێنێ کە هێمن چەند ئۆگری ئەڵکۆڵ بووە ، کە وایە لە ئەڵکۆڵی بوونەکەی نکۆڵی ناکرێ؟! بۆ نموونە دەڵێ:

"هەموو عومری ئەبەد تییدا نییە خۆشی دەمێک مەستی"

خدر ئاوی حەیاتی بۆچ بوو فێری شەڕابی با"

یان ئەو شێعرە بە نموونە دێنێتەوە:

بە بادە با پەژارە و غەم بە با دەم" هێمن"

لە حاڵێکدا حافزی شیرازی زۆر خەراپتریش دەڵێ:

"ساقی بیار بادە کە ماه صیام رفت

دردە قدح کە موسم ناموس و نام رفت

مستم کن آنچنان کە ندانم زبیخودی

کە در عرصه خیال کە آمد، کدام رفت " حافظ

یان نالی دەڵێ:

ساقی بە مەیی کۆنە لەسەر عادەتی نەو بە

بشکێنە بە یەک نەوبە دوسەد عادەتی تەوبە!

ئەو یاری کردنە بە مەی و شەڕاب لە لایەن زۆربەی شاعیرانی کلاسیکەوە وای کردووە زۆر شێعری ناسک و لەبەردڵان بکەونە نـاو دڵ و دەروونی خەڵکەوە؛ دەنا ڕەنگە هێندێک لەوان هەر قەت لێویان وە مەی نەکەوتبێ.

مەرزە خاتوون بۆیە بێئینسافی کردووە چوونکە بەیتێک لە شیعری هێمن هەڵدەبژێری و دەیکاتە هەوێنی خەیاڵی نووسینەکەی خۆی، ئیدی ئاوڕیک لە بەیتی دوایی ناداتەوە تا لانی کەم ئینسافێکی لەبەر چاو گرتبێ. نووسەر لێرەدا ئاوا باسی شیعرێکی هێمن دەکا و دەڵێ:

هێمن: لە "ناسۆری تەشەنا"دا:

"تا نەڕووخاوە، بڵا پڕ بێ لە خۆشی و مەستی
تازە پێی ناوێ ئەمن هۆدەیی خۆم مەحکەم کەم. . .
ئێستە بۆ چاری خەمم گۆشەیی مەیخانەیە جێم
من کە ڕۆژێ دەمەویست میللەتەکەم بێ خەم کەم"
پاشان ئاوا ئەوە شێعرە لێکدەداتەوە:

ئالکۆڵ وا لە هێمن دەکا کە نە "هۆدە"کەی کە سەرپەنایەتی بەلایەوە گرینگ بێ و، نە ئەو کارەی کە دەیویست "ڕۆژێ" بیکا، بتوانێ بیکا. ئالکۆڵ هەستی بەرپرسیارێتی کەم دەکاتەوە و، بابەتە گرینگ و سەرەکییەکان لە سێبەرەوە چاوی لێدەکرێ."

ڕێزدار جەوانمەرد بە ئانقەست دێڕەکەی دوایە لە بیر دەکا و باسی لێوە ناکا کە هێمن زۆر بە ڕاشکاوی هۆکاری پەنابردنە بەر مەی و مەیخانەکەی باس دەکا. لێرەدا وەنەبێ من لام پەسەند بێ هەر کەس خەم دایگرت گورج ڕێگای مەیخانە بگرێتە بەر، بەڵام شاعیر زۆر وەستایانە و زۆر شارەزایانە کەڵکی لەو مەی و مەیخانەیە وەرگرتووە و پەیامێکی یەکجار ئینسانیمان بە گوێدا دەچرپێنی کە بە داخەوە لە دیدی مەرزە خان ونە!

چۆن نەبەم بۆ مەی و مەیخانە پەنا تێ گەیوم
لەم وڵاتە هەموو شت زۆرە بەنی ئادەم کەم " هێمن"

ئەو لە دست ئەو هەموو ستەم و نابەرابەری و لە دەست بێتەفاوەت بوونی خەڵک جاڕز بووە و ئەو جاڕز بوونەش ناشارێتەوە. هەر کەس خواردنەوە ئەڵکۆلدارەکانی پێداکرد نابێتە ئەڵکۆڵی و هەر وەک کوتم ئەو ئەڵکۆڵی بوونە تەنیا بە تێستی پزیشکی دیاری دەکرێ. با لێرەدا داستانێک بگێڕمەوە و پاشان بە شێعرێکی هێمن کۆتایی بەو بابەتە بێنم، ئەگەرچی نوسراوەکەی خاتوو مەرزە لەوە پتر هەڵدەگرێ.

ئەوەندەی لە بیرم بێ ساڵی ١٣٦١ لە سەر بانگهێشتنی ئیجباریی کاک حەسەنی شەڕەفی، بەرپرسی ئەو کاتی تەشکیلاتی مەهابادی حیزبی دێمۆکرات، بۆ ماوەی نزیک بە ٢ مانگ (ڕەنگە زیاتریش) لە دۆڵەتووی گەورکان میوانی ئیجباریی حیزب بووم. لەو میوانداریی‌یەدا بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک، شەو و ڕۆژ، دەگەڵ مامۆستا هێمن لە مزگەوتێکدا، وێرای چەند کەسی دیکەی حیزبی دەژیاین؛ زۆر جاران دەچووینە بن دارگوێزەکان و دەگەڵ دۆستان و مامۆستا هیمن دادەنیشتین و گوێمان لە قسە خۆشەکانی مامۆستا

دەگرت. ڕۆژێک یەکێک هات و کوتی ئەرێ کوڕینە بیرە ناخۆنەوە؟ من و چەند کەسی دیکە هاتینە بەردەرکی مزگەوت و قسەمان دەگەڵ کابرا کرد. گەڕاینەوە و ئەو نەقڵەمان دەگەڵ باقی میوانە زۆرە مللییەکان باس کرد!

لەو نێوەدا مامۆستا هەڵیدایە: "جا مزگەوت بیرە خواردنەوە ڕۆڵە؟"

ئەو نەقڵەم بۆیە هێنایەوە تا ئەو پرسیارە بێنمە گۆڕێ کە ئایا ئینسانی ئەڵکۆڵی دەتوانێ لە نێعمەتێکی وا و لە کاتێکی وادا هێندە بە سانایی چاو بپۆشێ؟ ئایا کەسانی ئەڵکۆڵی دەتوانن زیاتر لە مانگێک بێ ئەوەی باسی ئەڵکۆڵ و خواردنەوە بکەن تەنیا بە ئاوی کانیاوی دۆڵەتووی گەورکان گەروویان تەڕ کەن و ئیشتیای دیکە نەکەن؟

بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر و لە وڵامی ئەو دێڕەی خاتوو مەرزە دا کە دەڵێ:

"ئالکۆڵ وا لە هێمن دەکا کە نە "هۆدە"کەی کە سەرپەنایەتی بە لایەوە گرینگ بێ و، نە ئەو کارەی کە دەیویست "ڕۆژێ" بیکا، بتوانێ بیکا.؟!" من ئەو شێعرەی هێمن کە ڕەنگە دوایین شیعری بێ یان لە دوایین شێعری زۆر نیزیک بێ، وەک بەڵگەی حاشاهەڵنەگر دێنمەوە کە هێمن تا دوا پشوو ڕێبواری ڕێگەی عیشق و ئازادی بوو و ئەڵکۆڵ هەرگیز ئیرادەی وەی لێنەستاندەوە تا ئەوەی وەدوای دەکەوت لە بیری بچێ:

## بارگەی یاران

هێمن

دێت و ڕادەبرێ وەکوو سەروی ڕەوان من چ بکەم
کە بە قوربانی نەکەم رووح و ڕەوان من چ بکەم؟
قەدی ئەو شۆخە وەکوو دوخ و خەدەنگە ئەفسووس
پشتەکەم کۆمە وەکوو ماڵی کەوان من چ بکەم؟
تازە هەنگاوی شلم کوانێ دەبێ بۆ جێ ژوان
جوانە زۆر جوانە بەڵێ ڕەوتی کەوان من چ بکەم؟
زەبری ئاوزەنگی برا و شل بووە دەستی جڵەوم
دێ دەنا پڕمەی بۆر و بدەوان من چ بکەم؟
ژوانی خۆشی هەرەتی لاوەتی دێتە خەونم
کاتی ئاویلکە دەگەڵ زیندە خەوان من چ بکەم؟
شەو هەتا ڕۆژێ لەبەر ئێشی لەشم ناڵەم دێ

دێتە گوێم دەنگی گەلۆ و نێوەشەوان من چ بکەم؟
بارگەیان تێکەوە پێچاوە و بەڕێ بوون یاران
لە دنێ وا بەتەنێ پاشی ئەوان من چ بکەم ؟
ژیانی من ئێستە وەکوو خۆری دەمی زەردەپەڕە
پێم نەما هێز و گوڕ و تین و تەوان من چ بکەم؟
سروە هات خونچە گوڵی باخی ئەدەب پشکووتن
باخەوانی گەرەکە تازە جەوان من چ بکەم؟
ئاو نەبوو ئەو دەمی هێمن مەلەوانی کورد بوو
ئاو شوکور زۆرە وەرن زوو مەلەوان من چ بکەم؟

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١٧ی ژانوییەی ٢٠١١



# ئایا هێمن ئەلکۆڵیست بووە؟!

**س. ج. هێرش**

دۆستەخوشکی بەڕێزم یای "مەرزە جەوانمەرد" ئەو ڕۆژانە، بابەتێکی لە ژێر عینوانی: (بێکەس و هێمن بادە و شەڕاب) نووسیوە و لە چەند ماڵپەڕی کوردیدا وەک (پێشمەرگەکان) و (کوردستاننێت) بڵاویکردۆتەوە. دیارە دەوەدا شک نییە بابەتەکە لەگەڵ ئەوەدا کە بە نێتی چاک و مەبەستی پاک و قەستی لێکۆڵینەوە نووسراوە و، هێندێک زانیاریی بەکەڵک و بایەخداری لە سەر (نەخۆشیی ئەلکۆڵیسم) تێدایە، بەڵام بەداخەوە، نووسەر هەر لە سەرەتاوە لە دەستنیشانکردن و پێکگرتن و وەڕووخستنی ئەو دیاردەیە لە سەر (کەسایەتی ئەلکۆڵیست)، تووشی نموونەی هەتڵە و بۆچوونی هەڵەمووت و ئامانجی سەرنجراکێش دەبێ!



نووسەر، بابەتەکەی خۆی بەم ڕستەیەی خوارەوە دەستپێدەکا و دەڵێ:

((بۆ ئاشنابوونی زیاتر لەگەڵ نەخۆشی ئالکوڵیسم و کەسایەتی ئالکولیست بێجگە لە سوود وەرگرتن لە بەڵگەکانی زانستی، هەوڵم داوە وەک نموونە یارمەتی لە شێعرەکانی ماموستایان "بێکەس" و "هێمن" وەرگرم. واتا لە زمان خودی ئەوانەوە باسەکە شیبکەمەوە.)) ئەوەیکە ئایا"فایق بێکەس" (١٩٠٥ ـ ١٩٤٨) لەگەڵ ئەوەدا کە {زۆر ئاشنا بووە بە خواردنەوە و ژیانی سەرخۆشیی١...}، دەکرێ وەک کەسێکی (ئەلکۆڵیست) لە قەڵەم بدرێ، بۆ کەسانی پسپۆڕ و شارەزا بە جێدێڵم و، یەکڕاست دەچمە سەر "هێمن": موشتەری مەیخانەی ئەلەست و شاعیری سەوداسەر و سەرمەست!

نووسەر، لە درێژەی باسەکەیدا بۆ سەلماندنی (هێمنی ئەلکۆڵیست!) قسەیەکی نەمر دوکتور قاسملوو دێنێتەوە و دەنووسێ:

((شادڕەوان "دوکتوور قاسملو" بەشێوەیەکی دیکە گرفتی ئارەقخواردنەوەی هێمن دەدرکێنێ. دوکتوور قاسملو لە پێشەکی کتێبی "تاریک و ڕوون" دا دەڵێ: "لە "ناسۆری تەشەنا"دا ڕاکردن لە ژیانی واقعی، لە و حەقیقەتە تاڵەی کە شاعیر تووشی بووە و نایەوێ قەبووڵی بکا، بە تەواوی دیارە. هێزی ئەوەی نییە ژیان بگۆڕێ، ڕێگای نییە خۆی دووربخاتەوە، دەیەوێ ڕابکا و بە یارمەتی مەی ڕوو لە دنیایەکی خەیاڵی دەکا.")).

هەروەک دەزانین، پارچەشێعری (ناسۆری تەشەنا) ساڵی ١٣٤٦ {١٩٦٧} گوتراوە، واتە لە دوای گوتنی ئەو شێعرە (وەک دوا بەرهەمی ژیانی ناوەوەی وڵات)، هێمن وردەوردە دەیەوێ خۆی بۆ سەفەری کوردستانی گەرمێن ئامادە بکا. هێمن لەو کاتەدا تەمەنی ٤٦ ساڵ بووە. لێرەدا، لە پێوەندی لەگەڵ فاکتە هەڵەکەی نووسەر، لەپاڵەوە پرسیارێک زەق دەبێتەوە و ئەوێش ئەوەیە:

ئایا کەسێک کە نەخۆش بێ و، نەخۆشییەکەشی ئەلکۆلیسم بێ، چۆن دەتوانێ بە (پێیان و بە کۆمە کۆم.. ١٣٤٧) ئەو ڕێگایە ببڕێ و خۆ بگەیێنێتە کوردستانی ئەودیو؟!

هەر بە پێیان و بە کۆمەکۆمە گەیمە ئەو وڵاتە
ڕەنگە پێت وابێ بە سواری ماینی گوێ لەق هەڵاتم

بۆ ئاگاداری یای مەرزە، ساڵی ١٣٤٧، کاتێک مامۆستا هێمن دەگەڵ کوڕی خاڵی خۆی واتە "حاجی شێخ عەوڵا"ی کولیجە[٢] بەرەو کوردستانی گەرمێن وەڕێکەوتن، پۆشاک و جلوبەرگ و خۆراک و خواردەمەنی ڕێگایان تەواو بۆ مەیسەر نەبوو، چ بگا بە ئارەق و شەڕاب و ئاویجۆ!

بێ لەوەش، گریمان وابووبێ، نووسەر چ پاساوێک بۆ درێژەی قسەکەی دوکتور قاسملوو دێنێتەوە کە دەڵێ:

".. هیوای بە خەباتی گەل زۆرە، باوەڕی بەهێزترە. بۆ شەهیدانی ئەو ڕاپەڕینە دەگری، بەڵام شێعرەکانی پڕن لە هیوا و ئاوات بۆ سەرکەوتن و نیشتمانپەروەران بۆ تێکۆشان هان دەدا. هێمن بیەوێ و نەیەوێ، دیسان و ئەوجارە بۆ هەمیشە لە ناو مەیدانی خەباتدایە.."[٣]

نووسەر، لە بەشی(گیرۆدە کێیە و، گیرۆدەیی چییە؟) باسەکەی درێژەپێدەدا و دەڵێ:

((شارەزایانی گیرۆدەیی لە بۆچوونەکەیانەوە بەم تیۆرییە دەگەن کە ڕیشەی گیرۆدەیی لەمەوە دێ کە تاک دەیهەوێ خۆی لە ئازار دوور بکاتەوە، واتا تویّ کەسایەتی گیرۆدەیی لە ناخی هەموو کەسدا هەیە.))..

((بەم چەشنە دەبینین هێمنیش لە هەڵبەستی "ڕێبەندان و شاعیر" دا دەڵێ:

"ئەو ساڵ بەهارە بۆ ئیمە زستان".

تۆ بڵێی ڕاگرتن و دووپاتکردنەوەی ئەم هەستانە هانی نەدابێن کە دەست بۆ بادە و مەی بەرن.))
نووسەر لەو ڕستەیەی ئاخردا هەردووک شاعیری مەبەست بووە کە من هەروەک پێشتر گوتوومە، لێرەدا هەر ئەو فاکتانە شیدەکەمەوە کە لە سەر هێمن گوتراون.

با بزانین هێمن ئەو پارچە هۆنراوەی لە چ کات و زەمانێکدا گوتووە و، خوێندوویەتەوە:

"ڕۆژی .. ١٣٢٤{١٩٤٦} .. و لە ساتی ٤ پاش نیوەڕۆ حەزرەتی پێشەوای کوردستانیش تەشریفی حازر بوو و لە لایەن عیددێک لە نووسەران نوتق و خیتابە خوێندرایەوە و هێمن شاعیری میللی ئەم شێعرانەی بە عەرزی حازرین گەیاند:

ڕێبەندان، دیسان هاتیەوە سەرمان

ڕەقمان هەڵێنێ دیسان لە سەرمان

...

ئەوساڵ بەهارە بۆ ئێمە زستان

بمرێ دوژمنی کورد و کوردستان[۴]

وەک لە دەقەکەدا دەردەکەوێ، هێمن کە ئەو کاتە نازناوی شاعیری میللیشی لێ نراوە و تەمەنی ۲۴ ساڵ بووە، پێم وانییە ئالوودەی ئارەق و شەڕاب و ویسکی و ئاویجۆ بووبێ. من خۆم هیچ بەڵگە و دەستاویژێکم پێ شک نایە ئەو قسەیەی یای مەرزە بسەلمێنێ کە هێمن لەو تەمەنەدا و لە دەورانی کۆماری کوردستاندا (۱۹۴۶) کەسێکی نەخۆش و موعتاد و ئەلکۆلیست بووبێ.

بە کورتی و بە کوردی، من کە خۆم بە ڕۆژ و حەوتوو و مانگ لە خزمەت مامۆستا هێمن دابووم۵، تەنیا تاقەجارێک دیومە بخواتەوە. ئەوەش بڵێم وەک لە نەمران: "سەید ڕەسووڵی دێهقان(بابی گەورە)" و "کەریمی حیسامی" و "حەمەدەمینی سیراجی"یم بیستووە، هێمن زۆر کەم زەرفیەت بووە و، هەر بە دیتنی شووشە شەڕاب مەست و سەرخۆش دەبوو. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کەسی ئەلکۆلیست بەبێ ئارەق ناتوانێ شەو ڕۆژبکاتەوە.

نووسەر دوای هێنانەوەی گەلێک فاکتی ناڕاست، باسەکەی بە ئاقاری ناسک و ئەستەم و سەیروسەمەرەدا تێپەڕدەکا و دەنووسێ:

(( ـ هەڵسووکەوتی گرووپی و تەنانەت مێگەل بە سەر تاکدا زاڵدەبێ. ڕووداماڵدراوی و حەز و ویستی سێکس و جووتبوون خۆی لە زیادەڕۆیی دەدا — هەرچەند کارتێکەری ئالکۆل لەسەر هۆرمونی جنسی پیاو دەبێتە هۆی لاوازی و لە دەستدانی توانایی سیکس. ئازاری ویژدان و عەیبە لە مەستیدا وەلا دەچێ، خۆی لە بێعاری دەدا، بەڵام لە ئەغیاریدا پەژیوانی سەرهەڵدەداتەوە.

شێعری "ژوانی ئاغا"ی هێمن ڕێکەوتی ۱۳۲۷ پێوەیە واتا، ئەو دەم دەمێک بووە کە هێمن ئالودەی ئالکۆل بووە. هێمن لەم شێعرەدا باس لە دەستدرێژی جنسی لەسەر "نادییە"دەکا لە لایەن "جەعفەر ئاغا"وە. لەم وتارەدا من ناچمە نێو قووڵایی باری نامرۆڤانەی ڕووداوەکەوە. بەڵام دەکرێ بگووترێ هێمن لە ژێر کارتێکەری ئالکۆڵدا ئەم شێعرەی نووسیبێ، هەرچەند بۆخۆی دەڵێ:

"کاکە! بمبەخشە لە {بەر}بێکاری یە

ئەو قسانە، ئەو هەموو بێعاری یە. . .

. . . پێم مەفەرموو شاعێرێکی هەرزەیە. . . "))

بەداخەوە، نووسەر بە گوێرەی ئەو چەند ڕستەیەی سەرەوە، شێعری (ژوانی ئاغا)ی زۆر بە هەڵە لێکداوەتەوە و بە ئاکامی گەلێک خراپیش گەیەشتووە.

لێرەدا پێویستە لە سەر ئەو خاڵە پێداگرم کە من خۆم نە بە دیتراوی دیتوومە، نە بە گوتراوی بیستوومە و نە بە نووسراوی خوێندوومەتەوە کە هێمن بە مەستی شێعری دانابێ. لە باری دڵداری و خۆشەویستی و تەنانەت سێکسیشەوە، لە هیچکەس نەبیستراوە کە سنووی ئەدەب و نەزاکەتی بەزاندبێ.

پۆئێم یا چیرۆکە شێعری (ژوانی ئاغا)، وەک تەنزێکی کۆمەڵایەتی، بەر لەوەی چیرۆکێکی ڕاستەقینە بێ، چیرۆکێکی خەیاڵی یە. گریمان ڕووداوێکی واقیعیش بێ، هێمن دیسانیش هەر ڕەنگی جەفەنگی پێداوە کە لەو بارەیەوە دەڵێ:

زیز مەبە لێم و مەبە عاجز لە گەپ
کاغەز و شێعرم مەدە بەر نووکە شەپ
من کە دەرکی شادمانیم داخرا
گەر جەفەنگێ لێنەدەم دەمرم برا
من قسێکی دیم نییە غەیری جەفەنگ
وەرنە مەعلوومە کە تۆ دووری لە نەنگ٦

هێمن لە پێشەکی تاریک و ڕوون دا دەڵێ:

"سەیر ئەوەبوو پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد من بۆ یەکەمجار دوو ڕۆژ پێش واقیعەی دانیشگا{١٥ ی ڕێبەندانی ١٣٢٧} وێرابووم بە ئاشکرایی بچمە مەهاباد و بە ڕۆژی ڕووناک بگەڕێم کە ئەو ڕووداوە لە تاران قەوما و لە مەهابادیش دەستیان کردەوە بە خەڵک گرتن. ناچار منیش خۆم شاردەوە. لەو خۆشاردنەوەدا شێعرێکی زۆر باشم لە ژێر عینوانی " ژوانی ئاغا"دا گوت کە بەداخەوە خۆم نەمماوە و تکا لەو کەسانە دەکەم کە هەیانە بیپارێزن و ئەگەر کرا بۆم بنێرن"٧

ـ هێمن ئەو کاتە، واتە مانگی ڕێبەندانی ١٣٢٧، دروست دوو ساڵ دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان و نێزیکەی کەمتر لە ساڵێک دوای ئێعدامی پێشەوا قازی و یارانی، گریمان فێری مەیخواردنەوەش بووبێ، ناکرێ بە ئەلکۆلیست دابندرێ. تازە لەو ماوەیەشدا چەند مانگ لە هەڵات هەڵات و خۆشاردنەوەدا بووە وەک لە شێعرەکەشدا ئاماژەی پێکراوە. ئەگەر ئەو شێعرە لە حاڵەتی مەستی و بیعاریدا داندراوە، دەی باشە ئەغیاربوونەوەکە چ وەخت بووە و پەژیوانبوونەوەکە کەی سەری هەڵداوە؟! وای دابنێین، هێمن کە لە ساڵی ١٣٢٧ ئەو شێعرەی بە مەستی نووسیبێ، بیشک بە پێی بۆچوونی نووسەر، دەبوو هێمن لە ڕێکەوتی ٢ ـ ١١ ـ ٥٢ (١٩٧٣) کە لە نووسینەوەی پێشەکی تاریک و ڕوون بۆتەوە، لەو شێعرە (ڕووداماڵدراوە) پەژیوان بووبێتەوە و خۆی لێ نەبان بکا. خۆ ناکرێ بڵێین هێمن لە کاتی نووسینی پەخشانیشدا، هەر مەست و سەرخۆش بووە. کە وابایە وەک (ژوانی ئاغا)، دەبوو ئازاری ویژدان و عەیبە وەڵا چووبا و خۆی لە بێعاری دابایە!

ـ بە پێچەوانەی بۆچوونی نووسەر، ئەو پۆئێمە باسی دەستدرێژیی جنسی لە سەر "نادییە" ناکا. بەڵکە باسی جیاوازیی چینایەتی و نەداریی کۆمەڵایەتی لە لایەک و، هەژاری و ئیحتیاج و دەستکورتی لەلایەکی تر دەکا، کە چۆن ئاغایەکی دەستڕۆیشتووی ناحەزی

چرچی گرۆڵ، کچۆڵەیەکی ڕووت و شرۆڵ بە زەبری دەلال و پارە و پووڵ هەڵدەفریوێنێ و هەوەسی سێکسیی خۆی پێ دادەمرکێنێ.

ـ کەسی یەکەمی ئەو چیرۆکە شێعرە، کە هێمن وەک بەردەنگ دەیدوێنێ کاکە باس(عەباس) ە، نەک جەعفەرئاغای دەلال.

ـ ئەو چیرۆکە شێعرە بە هیچ کلوجێک لە ژێر کارتێکەریی ئەلکۆل نەگوتراوە، چونکە لە تەواوی ئەو شێعرە دووروودرێژەدا، یەک وشە چییە باسی مەی، ئارەق یان شەڕابی تێدا نەکراوە.

س. چ. هێرش

١) بڕوانە: مێژووی ئەدەبی کوردی، علاالدین سجادی، ل ٥١٨.

٢) حاجی شێخ عەولا کوڕی شێخ حەسەنی شەمسی بورهانە. ناوبراو، کاتێک هێمن بە ئاوالان دەسپێرێ، دوای ماوەیەک بۆخۆی دەگەڕێتەوە گوندی کولیجە.

٣) دیوانی هێمن موکریانی، پێشەکی و پێداچوونەوە: س. چ. هێرش، کتێبفرۆشی هەرزان ـ سوێد، ل ٢٩.

٤) ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٢٥، ساڵی یێکەم، یەکشەمۆ ٢٦ ڕەشەمە ١٣٢٤. ئەو دەقە بە ڕێنووسی گزینگ نووسراوەتەوە و، نیوەتاکی ئاخر کە یای مەرزە بە فاکت هێناویەتەوە لە ئەسڵدا ئاوابووە: بۆتە بە بەهار بۆ ئێمە زستان.

٥) بڕوانە: هێمن و من، نووسینی هێرش، سوێد ١٩٩٢، ل ٣٤.

٦) دیوانی هێمن موکریانی، پێشەکی و پێداچوونەوە: س. چ. هێرش، کتێبفرۆشی هەرزان ـ سوێد، ل ٤١٠.

٧) هەمان سەرچاوە. ل ٧٦ و ٧٧.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گزینگ / ڕێکەوتی : ١٧ی ژانویەی ٢٠١١



# ئایا نالی و... شاعیری ڕۆحن، بەڵام هێمن شاعیری...؟

**شەهلا دەباغی**

لە وتارێکی بەڕێز بەدران ئەحمەد حەبیب لە ژێر ناو نیشانی "هێمن و شێعرەکانی" دا هاتووە:

"لە لای "هێمن" خۆشەویستی و ئەوین قووڵ نەبوونەتەوە و نەبوونەتە هەستێکی مرۆڤانە و دیوە ڕووحییەکانی مرۆڤیان دانەپۆشیوە.



ئەوین لە لای "هێمن" بریتییە لە تامەزرۆیی جەستەی نێر بۆ جەستەی مێ، نەک تامەزرۆیی ڕووح بۆ ڕووحێکی تر. ئاشکرایە کە بە تێربوونی جەستەش ئەم ئەوینە بە کۆتا دێت[کۆتایی پێ دێت] و دادەمرکێتەوە، بەڵام ئەوینی ڕووح تەواوبوونی نییە و تینووەتی ناشکێنێ. مرۆڤ لەئەوینی ڕووح تێر نابێ. ئەوەی سەیری دیوانی "مەلای جزیری" یان "نالی" یان لە سەردەمی نوێدا "گۆران" بکات دەزانێ کە ئەوینی گیانی لە لای ئەمانە دا چەند قووڵە. لە لای کەسیان سێکس زاڵ نییە، هەشبێ لە پشت چەندان پەردەوەیە.

جیایی "هێمن" لەوانی تر ئەوە بوو کە بە "موکریانی"ی دەنووسی. ئاخاوتنی دەوڵەمەندی ئەم شێوەزارە، تەڕی و پاراوییەکی بە شێعرەکانی دەدا. لە شێعری "هێمن" دا سیحری زمان باڵی بەسەر هەستی مرۆڤ و واتا دا کێشاوە.

لە ڕاستیدا، دوای ئەوەی "توحفەی موزەفەرییە"ی ئۆسکار مان کە "هێمن" هەر بۆخۆی لە کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا، لە ١٩٧٦ دا چاپی کردبووەوە، هەروەها "خەج و سیامەند"ی عەبدوڵڵا [عوبەیدوڵڵا] ئەیوبیان و چەند نامیلکەیەکی تری وەک "مێر[مێهر] و وەفا" و "بارام و گوڵەندام"ی "قادر فەتاحی قازی"م خوێندەوە و بە شێوەزاری دەوڵەمەندی موکریان ئاشنا بووم، بۆم دەرکەوت هەموو ئەو بەیت و چیرۆکە فۆلکلۆرییانە وەک شێعری "هێمن"، ڕەنگە هەندێکیان زیاتریش، ختووکەی هەستی مرۆڤ بدەن.

هەڵبەتە "هێمن" کۆمەڵێک شێعری هەیە کە بە نەمری دەمێننەوە، بەڵام ژمارەی ئەم شێعرانە لە ژمارەی پەنجەکانی هەر دوو دەست تێپەڕ ناکەن، بۆ نموونە شێعری "بارگەی یاران" کە کاتی خۆی کردمان بە ناونیشانی بەرگی دیوانەکەی. من وا دەزانم ئەمە جوانترین شێعرە کە "هێمن" نووسیبێتی. هەروەها "ناسۆری تەشەنا" و "ناڵەی جودایی" و چەند شێعرێکی تر. بەڵام زۆر شێعری "هێمن" هەیە لەبەر بێ کاری نووسراون.

من وا دەزانم ڕەواج و هەرمێنی "تاریک و ڕوون" لە کاتی خۆیدا زیاتریش بۆ ئەو ژیننامەیە دەگەڕایەوە کە کەوتبووە پێشەکیی دیوانەکە و "هێمن" بۆخۆی نووسیبوویەوە و ناوی نابوو "لە کوێوە بۆ کوێ". ژیننامەی مرۆڤێکی خۆبەختکاری کورد لە سەردەمی قارەمانەتیی کلاسیکیدا. لە بیرمە ئەو کاتە ئەم ژیننامەیە لە هەموو شتێکی تر سەرنج ڕاکێشتر بوو."

چەند خاڵ لە باری ئەدەبییەوە [من باسی بەشی سیاسیی نووسراوەکە ناکەم ] لە نووسینی بەڕێز بەدران ئەحمەد حەبیب دا جێگای سەرنجن:

١. نووسەر باس لەوە دەکا کە تەنانەت لە جوانترین شێعری هێمن دا ئەوە تەنیا زمانە کە خۆ دەنوێنێ، کە ئەویش بە هۆی بەکارهێنانی زاراوەی موکریانیی‌یە. بە بۆچوونی بەڕێز بەدران ئەحمەد، هێندێک بەیت و چیروکی فۆلکلۆری بە موکریانی وەک شێعری هێمن "ڕەنگە هەندێکیان زیاتریش، ختووکەی هەستی مرۆڤ بدەن".
٢. ڕەواجی تاریک و ڕوون بۆ ئەو ژیننامەیە دەگەڕێتەوە کە لە پێشەکی دیوانەکە دا نووسراوە، کە هێمن بۆخۆی نووسیبووی واتە "ژیننامەی مرۆڤێکی خۆبەختکاری کورد لە سەردەمی قارەمانەتیی کلاسیکیدا".
٣. نالی و گۆران شاعیری ڕۆحن نەک جەستە، کەچی شێعری هێمن هەڵگری ئەوینی قووڵ نییە و "تەنیا تامەزرۆیی نێر بۆ جەستەی مێ" نیشان دەدا.

من لەو وتارە دا زۆر بە کورتی تەنیا خاڵی سێهەم شی دەکەمەوە. هیوادارم لە داهاتوو دا بتوانم خاڵی ١ و ٢ و هەروەها "خۆشەویستی و ئەوین" لە لای هێمن و هێندێک تێبینیی تر لە سەر شێعرەکانی ماموستاهێمن بێنمە بەر باس.

ئەم وتارە زیاتر هێنانەگۆڕی بۆچوونێکی فێمێنیستی دەبێ لەمەڕ جێ و پێی ژن لە تێکستی شاعیرانی پیاوی کورد دا، بۆ وێنە شاعیری بەرزی کورد ماموستا نالی کە کاک بەدران ئاماژەی پێکردووە.

پێش چوونە سەر بابەتەکە، با پێوەندی نێوان ڕۆح و جەستە لەلایەن خۆم کەمێک ڕوون بکەمەوە، ئەی نەکا منی دڵناسکیش کە هەموو ژینم لایەنگری ڕۆح بووم(؟؟؟) بە لایەنگری "جەستە" بناسرێم!!

ڕۆح وشە و چەمکێکە کە بە درێژایی مێژوو شاعیران لە شێعری خۆیاندا کەڵکیان لێوەرگرتووە.
دابەشکردنی جیهان بە ڕۆح و مادە هەر لە سەرەتای مێژووی ئینسانییەوە سەری هەڵدا. دواتر ئەو بۆچوونە لە ناو کولتوورەکانی هیند، میسر و یۆنانی قەدیم دا لە لایەن فەیلەسووفەکان فۆرمووڵبەندی کرا.

بۆ وێنە ئەفلاتون جیهانی مادی بە سێبەرێک لە جیهانی سەرتر واتە جیهانی ڕۆح دەزانی و پێی وابوو کە ئەو جیهانە مادییە کە ئێمە دەیبینین کۆپی جیهانی ڕۆحە. دواتر ئەرەستوو ڕۆحی بە پرینسیپێکی ئەهایی کە گیان دەداتە جەستە، ناساند. بە بۆچوونی ئەرەستوو "ئەگەر چاو گیانلەبەر بێ ئەوە بینایی ڕۆحی ئەوە." بۆچوونی ئەرەستوو کە پیاو ڕۆحە و ژن مادە و زەوی کە دەبێ پیاو تۆوی خۆی تێدا بچێنێ تا ئێستاش کاریگەری قووڵی لە سەر بیری ئینسانەکان هەیە. (مێژووی فەلسەفە ١٩٩٥)

ئایا ڕۆح و جەستە لێک جوودان؟ بۆ دەبێ جەستە کە هەڵگری شتێکی گرینگی وەک ڕۆحە بە کەم دابنرێت؟ ئایا جەستە تەنیا زەرفێکە و ڕۆح شتێکی جیا لە لەش؟

بۆچوونی ساکاری من ئەوەیە کە ڕۆح و جەستە پێوەندییەکی لێکنەپچڕاویان لەگەڵ یەکتر هەیە. تەواوی بیر، فکر، هەست و ڕۆح لە شوێنێک کۆ دەبنەوە کە پێیدەڵێین جەستە. واتا جەستە ئەو نوختەیەیە کە ڕۆح خۆی تێدا دەنوێنێ. جەستە و ئەزموونەکانی کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە سەر ڕۆح دادەنێن، هەر ئەو جۆرە کە ڕۆح دەتوانی شکڵی لەش بگۆڕێت. بۆ وێنە جەستەیەکی ماندوو، بێتاقەتیی ڕەوانیی بەدوا دا دێت، یان ڕۆحێکی شاد یان خەمگین دەتوانی ببێتە هۆی بزە یان فرمێسک.

ئێمە هەمیشە چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵ بە گشتی زۆر جار، لەمەڕ جەستەی خۆمان کەمتەرخەمیمان کردووە و ئاسەواری جیاوازیدانان لە نێوان ڕۆح و جەستە، بە شێوەیەکی وەها ڕادیکاڵ لە کولتووری شەرق دا، بووەتە هۆی زۆر گرفت. لە کاتێکا کە هەمیشە ڕۆحمان ستایش کردووە، لە بیرمان چۆتەوە کە بە مردنی جسم، ڕۆحیش نامێنێ.

جسمێکی خاوێن بەشیکە لە ڕۆحێکی خاوێن، هەر ئەو جۆرە کە ڕۆحێکی خاوێن و مێهرەبان ئاگای لە خاوێنیی جسم و دەوروبەر و سروشتە. ئەوە کە کولتوور، دەسەڵات، بیر و ئایینەکان چۆن بوونەتە هۆیەک کە جسم و ڕۆح لێک بترازێن و ژن و پیاو لێک دوور بکرێنەوە، باسێکی ترە. بەڵام بۆ من هەر ئەو جۆرەی کە سیمۆن دبووار، نووسەر و فەیلەسووفی بە ناوبانگی فەڕانسەوی لە کتێبی خۆیدا بە ناوی جنسی دووهەم دا دەنووسی،" ژن و پیاو دوو نیوەی یەک پەیکەرن". بۆ من، ڕۆح و جەستە، ژن و پیاو (یان دوو ئاشقی تر)، پێوەندییان لەگەڵ یەک هەیە، ئەگەرچی لێک نامۆ کرابێن.

کاتێک شاعیرێک باس لە ڕۆح دەکا، دەیهەوێ قووڵترین و نەهێنیترین هەستی خۆی نیشان بدا. زۆر جار ئەو باسکردنە بە تەوسیفی هەستی ئەندامەکان، وەک چاو، گەروو، دڵ و دەست و هتد نیشان دەدرێ. بۆ وێنە هێمن دەڵێ:

پەڕ وەریوی، باڵ شکاوی، دەنگ بڕاو
بێبژیوی، بەش‌خوراوی، دەرکراو
لێو بە باری، دەردەداری، ڕەنجەڕۆ
شاعیری جوانی پەرستی دڵ بە سۆ

لێرەدا دەبینین کە شاعیر بۆ نیشاندانی بێدەرەتانی و بێ دەسەڵاتی، خۆی وەک باڵندەیەک دەبینێ کە پەڕی وەریوە، باڵی شکاوە و ناتوانێ بفڕێ و دەردی دووری، باری خستووەتە سەر لێوی. کە واتە وێنەشێعرییەکان بۆ دەربڕینی وەزعی ڕۆحی، لە ڕێگای ئەندامەکانەوە دەنەخشێن. شاعیر باس لەوە دەکا کە ڕۆحی ساڵیانە ئازار دەبینێ و ئەو ئازارە ڕۆحییە شوێنی خستووەتە سەر ئەندام و لەشی.

نالی(١٨٠٠ - ١٨٥٦) یەکێک لە شاعیرانی گەورەی کورد لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بابانەکان و مەستوورە کوردستانی(١٨٠٥-١٨٤٧) لە ناوچەی فەرمانڕەوای ئەردەڵانەکان ژیاون. بابەتی سەرەکیی هەردووک شاعیر وەک زۆربەی شاعیرانی جیهان "ئەوین و خۆشەویستی" بووە. بەڵام ئایا نالی بە قەولی کاک بەدران هەر شاعیری ئەوینی قووڵ و ڕۆح بووە؟

من لە زۆر شێعری نالی کە پڕن لە، بەقەولی کاک بەدران، "چەپاندنی زایەندی(الکبت الجنسی)" چاوپۆشی دەکەم و تەنیا بە یەک شێعر ئاماژە دەکەم.

نالی لە ٤٩ بەیت قەسیدەی مەشهووری خۆی دا بۆ مەستوورە، لە دیوانەکەیدا (ل.٦٠٣-٦٣٠)، باسی خەونێکمان بۆ دەکا. لەو خەونەدا:

مەستوورە کە دەڵێن هەم شاعیرە و هەم جوان، بە ناز و نەوازش داوا لە نالی دەکا تا گرفتێکی کە هەیەتی نالی بۆی چارەسەر بکا، تا بێتە هی ناڵی /.../ مەستوورە لە گوڵێکی سیسی بێ ئاو دەچێ و مەمکەکانی لە هەناری گەیشتوو /.../ بۆ ئەوە کە ئاوێنەی مەستوورە بدرەوشێ دەبێ بە ئاو خاوێن کرێتەوە/.../

شاعیر لە بەردوامی ئەو خەونە دادەڵێ کە زۆری پێخۆشە گرفتی مەستوورە حەل بکا و بەم چەشنە ٤٦ بەیت دادەڕێژێ تا کە لە ٣ بەیتی ئاخردا، ٤٧، ٤٨ و ٤٩ بە خۆی دەڵێ:

ئەو قسە بێ هوودانە چن کە دەیکات و کتێبی خۆی پێ سووک دەکا و باشتر وایە کە بڕواتە سەر ڕێگای ڕاست.

دوو شارەزای ئەدەبی کورد، عەبدولکەریم مودەڕس و فاتح عەبدولکەریم، کە چەندان کاری ئەدەبی و دیوانی شێعری شاعیرانی کوردیان داوەتە دەر، لە پەراوێزی شێعری نالی دا، هاوکات بیروبۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئەو شێعرە باسکردووە. ئەو بەڕێزانە لە سەر ئەو باوەڕەن کە ناڵی بە شێعری خۆی هەم ڕچەشکێنی کردووە، واتە دوای نالی شێعری ئێرۆتیک هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردی، و هەم لە بەرامبەر "دەسەڵات" دا ڕاوەستاوە.

هەموو کوردێک دەزانێ کە بەداخەوە مێژووی کورد تا ئیمڕۆ، پڕە لە بەربەرەکانی نێوان خێڵ، حیزب و دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی کورد کە ئەوە دوو فەرمانڕەوای بابان و ئەردەڵانیش دەگرێتەوە. گرفتی سەرەکیی نێوان ئەو دوو فەرمانڕەوایە، دەست بەسەرداگرتنی زەوی و کوێستانەکان و شەڕی دەسەڵات بووە.

لە شێعری نالی بۆ مەستوورە، دوو چەمکی "سێکسوالیتێت" و "دەسەڵات" جێگای سەرنجن. با بزانین نالی بە شێعری خۆی بۆ مەستوورە، چ شتێک ترانسفرمێرا دەکا و چمان پێدەڵێ.

Ebba Witt-Brattström ساڵی ١٩٩٤ لە کتێبی Ur Könets mörker دا، باس لەوە دەکا کە چۆن جەستەی ژن لە چاوی پیاو دا، بورکانێکە پڕ لە ویستی جنسی و میوەیەکە کە دەبێ لێی بکاتەوە. پرۆفێسۆر براتسترۆم هەروەها باس لەوە دەکا کە چۆن بەشی زایەندیی ژن دەبێتە شوێنێک کە بەشی زایەندیی پیاو لە تیکە گۆشتێک دەگەیێنێتە "نیشانە" و زمان و لە جنسەوە بۆ دەسەڵاتێک کە دەتوانێ ئەویتر- واتە ژن- تاریف بکا.(ل.١٦- ٢٠)

ڕۆڵی تاک لە کۆمەڵدا، ئاکامی پرۆسەیەکی سیاسی- کولتوورییە. ئەگەرچی شاعیران هێندێک تایبەتمەندیی ڕەوانییان هەیە، بەڵام شاعیریش بە جۆرێک، بەرهەمی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتە. ئەگەر ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتوو دا تاک دەتوانێ زۆر جار سەربەخۆ ڕەفتار بکا، ئەوە لە وڵاتانی وەپاشکەوتوو دا زۆر گرێدار و پرپێچ و پەنایە.

ئێمە بۆ خوێندنەوە شێعری نالی یان هەر شاعیرێکی تر نابێ ئەو فاکتەرە سەرەکییەمان لە بیر بچێ کە شێعر لە چ کۆنتێکست و هەلومەرجێکدا نووسراوەو شاعیر لە گەڵ کێ دیالۆگدەکا. نالی، ئەگەر بە دەیان شێعری جوانیشی هەبێ، لەم شێعرەی خۆیدا، تێڕوانینێکی پاتریارکاتی لە سەر ژن بە گشتی و مەستوورە بە تایبەتی بووە.

ژن/ مەستوورە بۆ نالی لەو شێعرە دا، جەستەیەکە کە دەبێ پەردەی بەکارەتی بدڕێنی تا گرێی ڕۆحی نەمێنێ. شاعیر لە بیر دەکا کە ئەگەر قەرار بێ سێکسێک لە نێوان دوو ئینسان دا ڕوو بدا، دەبێ لە ڕووی خۆشەویستییەوە ڕووبدا، ئەگینا ئەو دەمە سێکس دەبێتە هۆی گرفتی ڕۆحی.

لەو شێعرە دا هەموو جەستەی ژن، بە مانای فیزیکی، تەنیا لە سێکس دا بۆ نالی مانا پەیدا دەکا و دەبێتە میوەیەک بۆ شاعیر. شاعیر پێیوایە کە ئەوە ژنە کە پڕە لە نیازی جنسی و بۆ نەمانی ئەو نیازە، حازرە ببێتە هی پیاو. نالی ئەو شێعرەی بۆ کچێکی جەوان گووتوە، واتە ئەو شێعرە لە کاتێکدا گووتراوە کە هێشتا مەستوورە نەبووەتە خێزانی خەسرەو خانی ئەردەڵان.

(ئەگەر چاوێک بخشێنینە سەر شێعر و ئاوازی کوردی، بۆمان دەردەکەوێ کە شاعیرانی پیاو، بە هەزاران بەیت شێعریان بۆ کچی چاردەساڵە گوتووە، لە کاتێکدا کە بۆخۆیان لە باری تەمەنەوە گەورەتر بوون. جا چۆن دەکرێ لە نێوان کچێکی چاردە ساڵە و پیاوێک کە بە بابی ئەو دەشێت، پێوەندیی نێوان دوو ڕۆح بێتە کایەوە، ئەوە هەر دەبێ لە لایەنگرانی بە ناو "ڕۆح"ی پیاو بپرسین. هەڵبەتە نالی و مەستوورە هاوتەمەن بوون.)

دیوانی نالی و دوو شارەزای ئەدەبی کورد کە شێعرەکەیان شیکردۆتەوە، تێڕوانینی نالی و کولتووری پیاوسالارمان بۆ سەر ژن و سێکسوالیتێت بە جوانی بۆ ڕوون دەکەنەوە. ژن لە چاوی نالی دا، جسمێکە کە نە تەنیا هەڵگری سێکسوالیتێتی ژنانەیە، بەڵکو هەڵگری شەڕەفی بنەماڵەشە. بە پەلامارخستن بۆ سەر جنسی مەستوورە، شەڕەفی مێرد و تایفە و دەسەڵاتی بابانەکان دێتە ژێر پرسیار. کاتێک بەڕێزان فاتیح و مودەڕس باس لەوە دەکەن کە نالی ڕچەشکێنیی دەکا، ئەوەیان لە بیر دەچێتەوە کە بپرسن ئەو ڕچەشکێنییە بۆ لە جسمی ژن دا، نەشو نەما دەکا؟ بۆ بەشی زایەندیی ژن دەبێتە مەیدانی شەڕی زمان و دەسەڵات؟ ئەگەر نالی لە بەرامبەر دەسەڵاتدا ڕاوەستاوە، بۆ ئەو دژ دەسەڵاتە، بە هێرشکردن بۆ جەستەی ژن تەواو دەبێ؟

سەرەڕای ئەوانە، خاڵی هەرە گرینگ ئەوەیە کە بۆ نالی وەک شاعیری ڕۆح سنووری ڕۆح لە ژێر پێ دەنێ و دادەبەزێتە سەر لەشی ژن و پێیوایە کە کەسایەتی ئەو وەک ژن و وەک شاعیر دەشکێنێ؟ شاعیری ڕۆح بۆ دەبێ ڕۆحێکی تر، ئەویش شاعیر، بریندار بکا؟ بۆ نالی، شاعیر یان فەرمانڕەوایەکی پیاو ناهێنێتە ژێر توانج؟ بۆچی جوانی و توانایی مەستوورە، نالی گەیاندووەتە ئەوپەڕی بەکار هێنانی هەستی سێکسی و خەون؟ ئەوانە چمان پێدەڵێن جگە لەوە کە نالی بە هۆی ئەوە کە پیاوە و خاوەنی جۆرێک لە دەسەڵات،

واتە دەسەڵاتی کولتووری، ژن دەکاتە سێکسئۆبیەکتێک کە بەکەیفی خۆی هەر نەبێ لە خەوندا پەلاماری بداتێ. سەیرە کە شاعیری ڕۆح نەتوانێ، مەستوورەی ژن، وەک ڕۆح و شاعیر ببینێ و تەنیا مەمک و ئاوێنەی ژێرەوە هەستی بجوڵێنێ! نالی دەنووسێ کە دەڵێن مەستوورە شاعیرە، هەروەک ئەوە کە نالی بێخەبەر بێ لە شاعیربوون و بەرزیی مەستوورە.

ئاخۆ هۆی چییە کە ئێستاش لە ٢٠٠٥ دا، برادەرانی شاعیر، هەر ژن بە سێکسئۆبیەکت دەبینن و لە بیریان دەچێ کە ژن وەک تاک و ئینسان بەرامبەری ئەوانە؟ چۆنە هێندێک شاعیر ئێستاش، هەر بە نێفەکی ژن دەچنە ناو ئێکستاسو لە بیریان دەچێ کە لەو نێفەکە هاتوونەتە دەر؟ لەوەش سەیرتر، چۆنە کە ئێستاش دۆستانی ئەدیب، نازانن کام شاعیر لایەنگری ڕۆحە و کام لایەنگری سێکس، ئەویش لە چەشنی پۆڕنۆ؟ چۆنە ئێستاش زۆر کەس بۆ شاعیرانی ژن لێدەدەن، کەچی وەپاشکەوتووترین دەقی شاعیری پیاومان بۆ بە فەلسەفەی تازە دەناسێنن؟!

لە هەمووی سەیرتر، چۆنە هێمن دەکرێتە شاعیری جەستە و لە بیر دەچێتەوە کە هەر ئەو "هێمن"ە کە تامەزرۆی جەستەیە، شێعری تریشی هەن کە بە ئاواتی وڵاتێکە کە تێیدا کچ و کوڕ بەرامبەر بن و لە سەر گۆڕی ڕەشبەڵەک بگرن. ئەو ئاواتەم من لە شێعری کەسی تر دا تا ئێستا نەدیوە، جگە لە شێعرەکانی هێمن دا نەبێ. نەکا من ئەقڵم تەنیا لە چاوم و بیری ناسیۆنالیستی دا بێ و ئاشقی جەستەی "داتەپیوی" هێمن کە "ڕۆژگار هاڕیویتی" بوو بێم!

من تەشیڕێسێکی وەک "شیرن"ی (وەفایی)م بۆ چییە
کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ
کیژو کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن ڕەشبەڵەک
من کە شینگێڕی شەهیدانم لە کوێ شینم دەوێ

هێمن لە باری شێعرەوە کێ بوو؟ ئایا تەنیا بە قەولی کاک بەدران ئەحمەد نەڕەنەڕی شۆڕش ئەوی کرد بە مام هێمن؟ یا جارێ کاک بەدران، هێمن هەر وەک "مرۆڤێکی خۆبەختکاری کورد لە سەردەمی کلاسیکدا" ببینێ و چاویش لە ئاواتی ماموستا گۆران و ئەوانی تر واتە گەیشتن بە "بەژنی وەک پەری" کە بە بەژنی ژنی کورد ڕازی نین، بقووچێنێ.

ئاخۆ کەس هەیە قۆڵ هەڵماڵێ بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی- سیکۆئانالیزی بۆ هەڵسەنگاندنی ژن لە شێعری پیاوانی کورد دا؟ با هەڵسەنگاندنی دونیای شێعری هێمن بمێنێت بۆ کاتێک کە لە گوێرەی توانایی خۆم، نە کەم نە زۆر حەقم پێدابێ.

سەرچاوە : ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ١٧ی ئاوریلی ٢٠١١

# هیمن و.....

## سمایل عەزەمی

**پێشەکی**

ئەگەر هێمن ناسراوترین شاعری سەدەی بیستەمی کوردەواری نەبێ، یەکێکە لە بنکەکانی هەرە مەزنی ئەدەبی کە زۆر کارتێکردنی بووە لە سەر بەرەکانی دوای خۆی و خوێندنەوەی هێمن بەم کوڕە کۆتایی پێنایێت. ئەکرێ دەقی هێمن لە چەن بواری جیاوازدا بخرێتە بەرباس و لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەیە؛

**یەکەم؛** وەک ئەدیب - شێعری هێمن پڕە لە جوانناسی و جوانکاری هەم لە ئارایە کلاسیکی یەکان کەڵکی گرتووە هەم لە فۆرمە نوێ کان.

**دووهەم؛** وەک رۆشنبیر- نووسراوەکانی هێمن هەڵگری گەلێک دروشم و پلانی و ئامۆژگارییە، وەرگێڕانی لە ئەدەبی بێگانەوە تەنیا بۆ وەرگێڕان نەبووە، بەڵکوو ئەوانەی وەرگێڕاوەتەوە کە لەگەڵ هەست و بیروباوەڕی ڕێککەوتوون. نووسینەوە وپیاچوونەوەی لە ئەدەبی فۆلکلۆر و کولتووری کوردیشی لە باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە هەند وەرگرتووە و باوەڕەکانی خۆی لەهەمبەر عەشق و ئازادی و مرۆڤ دۆستی لەو دەقگەلەدا زق کردۆتەوە.کتێبی ((پاشەڕۆک)) بەڕای من مانیفێستی هێمنە.

**سێهەم؛** وەک خەباتگێڕ- کە ئەتوانم بڵێم حەماسە و وڵاتپارێزی هێمنیان کردە شاعر.

**چوارەم؛** وەک چالاکێکی بواری ئاشتی و ئارامی و ماڤ خوازی – بانگەوازی هێمن هەموو گەلان ئەگرێتەوە و بۆ کوردیش بە شێوەیەکی زۆر ئەمڕۆییانە لە ئینسان بە هەموو ماڤە رەواکانیەوە ئەدوێ...

لە هەموویان گرینگتر و بەرچاوترو بگرە وەرچەرخانێکی بەنیازی زەمانە وژیرانە، نووسەرێکی مۆدێڕنی ئەمڕۆیی یە کە بە دانانی گۆڤاری بەنرخی سروە* بنکەیەکی ئەدەبی ناڕەسمی بەربڵاو لە بەشێکی هەرەگرینگی کوردەواری سەرهەڵئەدات کە کارئەکاتە سەر رەوتی ئەدەبی بەرەکانی دوای خۆی و تەشەنە ئەکاتە ناوەرۆکی ئەدەبیاتی کوردەواری بە گشتی...

رەنگە لەسەر جوان ناسی لە شێعری هێمن دا بەسەدان لاپەڕە نووسراون و بە دەیان وتار بێژراون ،بەڵام بەڕای من زۆرن ئەوانەی کە هێشتا نەوتراون و وەبەرباس نەخراون . یەک لەو باسە گرینگانە زمان شکێنی و داهێنان-بە مانا شێعری و ئەدەبی و هونەرییەکەی- دەرخستنی کارکردی فەرهەنگی ، کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکانی زمانە . کە لە شێعری هێمن دا بە جوانی رەنگیانداوەتەوە. هەروەها لایەنی زمانی هێمن لە شێعری ئێوارەی پاییزدا بەنیسبەت بەرهەمەکانی دیکەی ئەو جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە. وشە لە شێعری ئێوارەی پاییزی هێمن دا مانای جیاوازترە و بە نسبەت ئەو سەردەمەی کە ((ناڵەی جودایی)) ئەنووسرێت ،کارکردی نائاسایی

پێدراوە. هەر بۆیە لە نێو بەرهەمە بەنرخەکانی هێمن دا ، ئەو بەرهەمە و لە ناو ئەوانەیشدا ئێوارەی پاییز جیاوازە،دەرخستنی چەن لایەنی جوانناسی و کارکردی ئەدەبی نوێی زمان، وەک هونەری مۆدێرن لە شێعری ئێوارەی پاییزپێخۆری سەرەکی ئەم نووسراوەیە.

## هێمن، کەشف و داهێنان

خۆرخە لوییس بۆرخس ئەڵێ ( هەرکات لاپەڕەیەکی سپی ئەبینم لە بەرانبەرم دا ، واهەست ئەکەم کە ئەشێ لە سەرەتاوە ئەدەبیات بۆ خۆم کەشف بکەم)).١ ئەم وتە لە ناخیخۆی دا دوو دڵەڕاوکەی گەورەی تێدایە سەبارەت بە ئەدەبیات بەتایبەت شێعر،

یەکەم؛ ئەرکی نووسەر کەشف کردن و داهێنانە. دووەم؛بەرهەمی ئەدەبی کاتێک ئەخوڵقێ کە داهێنان ڕوودەدا.شاعری وەکوو هێمن هەرگیز ئەندامی بنکەیەکی تایبەتی ئەدەبی نەبووە و بۆی نەڕەخساوە، بەڵام هەر لە سەرەتای نووسینەوە هەستی کردووە کە ئەشێ بابەتی جوانتر و جیاوازتر بنووسێ هەر وەک خۆی ئەڵێ ((شێعرەکانم پوختە نەبوون.لاسایی شاعرە کۆنەکانم کردبوو،هەموو جۆرە شێعرێکم دانابوو...دەفتەرە سوور لە سەر کڵی تەندوور بوو بە قەقنەس...ڕاستە هەمووی مەوزوون بوون و قافیەیان هەبوو، بەڵام لاسایی کردنەوەی تەواو بوون و هەستی شاعرانەی خۆمیان کەم تێدا بوو...زۆر شێعری وام فڕێ داون.))٢

دوای ئەو ئەزموونە ،هێمن دەس پێ دەکاتەوە و ئەمجار بەشێوەیەکی جیاوازتر ئەنووسێت هەرچەن بەڕای هێندێک ؛هێشتا لە ژێر کارتێکردنی ئەدەبی فارس و شاعرانی کورد وەکوو؛نالی نەهاتووەتە دەرێ لەبەر ئەوەی شێعرەکانی وەزن و قافیەیان هەیە و لەگەڵ دەستووری فارسیدا ڕێک ئەکەون و بە شێوەی غەزەڵ و مەسنەوی و قەسیدە و دووبەیتی نووسراون. بەڵام ناوەڕۆکی شێعری هێمن جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە لەبەرئەوەی کە لە سەردەمێکی جیاوازدا ئەژی و کۆمەڵگا بە هەموو لایەنەکانیەوە کار ئەکەنە سەر شاعر، هاوکات بەکارهێنانی وەزنی پەنجەیی- ئەو وەزنەی کە بناغەی گۆرانی و بەستە و لاوکی کوردییە و کۆڵەکەیەکی هەرە گرینگی کەشف و داهێنانە وبناغەی گۆڕانە لە شێعری گۆران دا- دەستی هێمن بۆ داهێنان ئاوەڵاتر ئەکات.هێمن گۆران بە پێشڕە، نوێکار، جوانپەرەست و ڕۆشنبیر دەزانێ، هەموو سفەتێکی جوان ئەخاتە پاڵ گۆران؛ خۆش خەیاڵی و ناسک بینی شارەزایی و هەستی پاک، شێعری پڕسۆز و ... ئەگەر ئەم فاکتەرانە لە دەزگایەکی مەعریفی و پێناسەی شێعری دابنێین سەرنجمان بۆ لای هەندێک بنکە و مەکتەبی ئەدەبی ئەو سەردەمەی جیهان ڕادەکێشێ و بۆمان دەرئەکەوێ کە هێمن شاعرێکی سەردەمیانە بووە وپێشوازی لە داهێنان و کەشفی ئەدەبی و هونەری کردوە، هەر بۆیە وەزن و قافیە و ئارایە کلاسیکییەکان لە شێعری هێمندا بناغە نین بەڵکوو پەراوێزێکی ئێجگار جوانن، ئەمەیش پێچەوانەی سەردەمی خۆی بووە و بۆ هێمن کەشفە و بۆ شێعرەکانی داهێنانە.

هەر لە سەردەمی هێمندا، زۆر کەس بەتایبەت فۆرمالیستەکان و لە ناو ئەوانیش دا زیاتر فۆرماڵیستە ڕووسییەکان، بۆ جیاکردنەوەی زمانی شێعر لە کارکردەکانی دیکەی زمان وەک؛ کارکردی زانستیانە و بەکارهێنای ڕۆژانە،... ئاماژەیان بە چەن خاڵی تایبەت ئەکرد وەکوو؛ ئەدیبانە نووسین، سڕینەوەی باری ئاسایی وشە و داڕشتە و ... هەرچەن لەسەر ئەو باوەڕەیش کۆک بوون کە ئاڵ و گۆڕ لەشێوەی ڕوانین بەو پێوەرە باوەڕپێکراو و عادەت کردووانە بێ لەبەرچاوگرتنی ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵایەتی و مێژوویی کارێکی دژوار و بێ ئەنجامە. بۆیە هاتنە سەر ئەو رایە کە؛((هونەر بەشێک لە بینای کۆمەڵایەتی پێک دێنێت و پێوەندییەکی دیالێکتیکی لە گەڵ

بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگا ساز دەکات وئاڵ و گۆڕی هاوئاهەنگی بەسەردادێ، بەڵام کارکردە جوانناسییە خۆکردەکانی دەپارێزێ و سوورە لە سەر ئێوەت کردنیان.))٣

مەبەستی سەرەکی کاری ئەدەبی ئەوەیە کە بە کەڵک وەرگرتن لە جوان ناسی و بەکارهێنانی سەناعەتە ئەدەبییەکان و گۆڕانی هێما و وێناکان، شتەکان بە جۆرێک بخاتە بەرچاو کە خوێنەر وا هەست بکات بۆ یەکەم جارە رووبەڕوویان ئەبیتەوە. ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی زیاتر بتوانێت خوێنەر لە بازنەی دەقی ئەدەبی دا بهێڵێتەوە و سرنجی بۆ لای ناوەڕۆک رابکێشێ. هێمن هەستی بەوە کردوە و سەناعەت و جوانکاری هونەری جوانناسی خۆی ئەوێ . دەزانێ ئارایە ئەدەبییەکان بۆ سەردەمێک شیاون و سەردەمی نوێ هونەری جوانناسی نوێ ی دەوێ، بەشێک لە خۆشەویستی گۆرانیش لە لای هێمن ئەوە بووە، هەروا کە بەشێک لە خۆشویستنی هێمن لە لای ئێمە ئەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانە کە لە شێعری ئەودا بەدی ئەکەین..گۆڕان و داهێنان لە شێعری هێمندا زۆرتر لە سەر ساختی زمان و ناوەڕۆک و مامڵە لەگەڵ وشەدا روودەدا. ئەو وشە لە شێوەی ئاسایی وکارکردی هەمیشەیی خۆی ئەترازێنێ و ئەرک و قورسایی نوێ ی ئەخاتەسەر.بەتایبەت لە شێعری ئێوارەی پاییزدا کارکردی وشە بەنیسبەت شێعری سەردەمی هێمن وە هەروەها بە نیسبەت شێعرەکانی پێشتری خۆی جیاوازە.

دوور قاقایەکم گوێ لێ بوو دەتگوت گوللەم پێوە ئەنێ
چۆن بە ئێوارەی پاووزیش ئی وا هەیە پێبکەنێ!؟

پێموایە شاعرێکی فارس وتوویە؛((لە نێو شتە ئاسایی یەکان، یەکێکیان زۆر ئاسایی تر خۆی ئەنوێنێ ، وردە وردە لە باری ئاسایی دەرئەچێ، ئەوکات زقتر و نامۆتر دێتە بەرچاو . بۆیە ئەتوانین بڵێین لە نێو شتە نامۆکان میراتێک لە ئاسایی بوون ،بوونی هەیە... ئەمە لە جەغزێکدا لە ئاسایی بوون خۆی ئەپارێزێت.))خۆپاراستن لە ئاسایی بوونەوە بۆ هونەر و بەتایبەت شێعر خۆپاراستنە لە لەبیرچوونەوە.هێمن لەم مەسەلە ئاگادارە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ناتوانێ بەوشێوەیە درێژە بە نووسین بدات کە پێشتر لە تاریک و رووندا نووسیویە، ساڵانی تەنیایی و دووری و ئاوارەییش کارئەکەنە سەرناوشیاری شاعرتاوەکوو شێعرێک بخوڵقێت کە هەم لە باری رەواڵەت((فۆرم))ەوە جیاوازبێت، هەم هەڵگری دونیایەکی تاڕادەیەک جیاوازبێت، دونیای مرۆڤی کورد وەک تاکێک لە کۆمەڵگا،تاکی کورد بە هەموو ئاوات و دڵەڕاوکێ و خەم و تەنیاییەکانیەوە. هەروەها ئیماژ((تابلۆنەخشاندن))و ئیجاز((کورت نووسین- brevity)) بەشێوەیەکی نوێ لە شێعرەکەیدا رەنگ بداتەوە.ئەو تابلۆیانەی کە لە شێعری ئێوارەی پاییزدا ئەنەخشرێن زەینی((subjective))ترن، لە هەمان کاتیشدا هەرکامەیان مانای سەربەخۆیان هەیە.

لە ئاسۆیەکی دوورەدەست ئاوا بوو زەردە پاییزی
دەتگوت بووکێکی بێ نازە پەردە جێ دێڵێ بە زیزی
پەڵە هەورێکی چڵکنە گرتی سووچێکی ئاسمان
گەڵای زەردی دارێک وەری زریان بردی بەرەو نەمان

یەکێکی تر لە خاڵە بەرچاوەکانی ئێوارەی پاییز ئەوەیە کە بۆچوون و رای جیاواز هەڵئەگرێ و لە لای خوێنەر بە پێی شوێن و باری دەروونی و بیری جیاوازەوە لێکدانەوەی جیاجیای دەبێت.

ئارام ئارام بە لۆژە لۆژ ئەوا بەرە و ماڵ بوومەوە
نە کەس لە پێشمدا دەڕوا نە کەس دیارە بە دوومەوە

شێکلۆفسکی ئەڵێ ( جیا لەوەی کە زمانی شێعر لە ئاستی خۆیدا نوێ و تازەیە و نەبینراو و نادیار و کەشف نەکراوی وشە دەردەخا ، لەگەڵ ئەوەیشدا دەقێکی نوێ و نائاسایی بەرهەم ئەهێنێت)).((شێعر دوو دژ لە خۆ دەگرێ؛ شێعر بە وشە بیردەکاتەوە ، بەڵام ناپاکیشی لەگەڵ دەکات، شێعر پشت بە وشە ئەبەستێ بەڵام ئارەزوو دەکا تێیپەڕێنێ، شێعر ناپاکی لەگەڵ ((زمان)) و ((ئاگایی دژ))ی ناو زمان دەکات. زمان مامڵە لەگەڵ شتی ئامادە(ئاسایی) و دەستەمۆدا دەکا، مامڵە لەسەر ئەو شتەی هەموان کۆکن لەسەر رەوایی گەیاندن تێیدا، لە کاتێکدا شێعر مامڵە لەگەڵ زماندا دەکات. زمان بەرەو رابردوو دەڕوات، شێعر بەرەو ئایندە. زمان لەگەڵ ئەو شتانە گفت وگۆ دەکا کە لەگەڵ سەمت و مەرجەعی کۆمەڵایەتیدا دەگونجێت، کەچی شێعر ئەو سەمتە کۆمەڵایەتییانە تێک دەدات.) کاری هونەر و بەتایبەت شێعر، شکاندن و بەزاندنی داهێنەرانەی شتە ئاسایی کانە بەو مەرجەی کە بتوانێت هەستێکی تازە وپڕ هیوای منداڵانە لە ئێمەدا زیندوو بکاتەوە و بیخاتە سەر دەسکەوتە هەمیشەیی و جێکەوتووەکان. ئەدەب و هونەر پێچەوانەی زانست ، بەرەو ئەو ئاستە ناچن کە ساختێکی مونەزەم و مەفهوومی باوەڕپێکراو بە دونیا ببەخشن، بەڵکوو ئەیانەوێ بە شکاندن و بەزاندن و دەسخستنە ناو وشە و ساختی زمان ، دەلاقەیەک بکەنەوە تا ئێمە بە چاوێک جوانتر و تازەتر و نامۆتر ژیان و مرۆڤ هەست پێبکەینەوە.

١- این هنر شعر-لاپەڕەی ١٣٢- تاریک و روون،لەکوێوە بۆ کوێ - لاپەڕەی ١٥ - ٣ درامدی بر فورمالیسم - لاپەڕەی ٤٢٥ بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد.لاپەڕەی ٢٢٥

* ئەو رەوتە تا چەن ساڵی پێش لەو گۆڤارە درێژەی هەبو
* ئەم وتارە بۆ ((کۆڕی ڕێزگرتن لە ماموستاهێمن لە شاری مەهاباد))ئامادەکرابوو

سەرچاوە: پی سی سیتی / ڕێکەوتی: ١٩ی جوونی ٢٠١١

## "هێمنی موکریانی" ،ئەستێرەیەکی گەشی ناو ئاسمانی تۆرە و ئەدەبی کورد

محەممەد ئەمینی شێخولئیسلامی موکری ناسراو بە "هێمن" ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی، ١٩٢١ی زایینی لە گوندی "لاچین" ی نزیک ساباڵاخ لەدایک بوو.

هێمن ،پاش سەرکەوتنی ئینقلابی ئیسلامی و ساڵی ١٩٨٣ ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی "سەلاحەدینی ئەییوبی" لە شاری ورمێ دانا. ئەو ناوەندە لە بەهاری ١٩٨٥ ەوە گۆڤارێکی وەرزانەی چاندی لە چاپ دابە ناوی" سروە" کە "هێمن" تاسەردەمی کۆچی دوایی بۆ خۆ بەرپرسی بوو .

هێمن ،بەرلە ئینقلاب و ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی هاریکاریی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی چاپی تارانی دەکرد.

لەگرینگترین بەرهەمەکانی مامۆستا "هێمن "دەکرێ ئیشارەت بدەینە:

- تاریک و ڕوون - شیعر ١٩٧٤
- پاشەرۆک - شیعرو پەخشان
- ناڵەی جودایی - شیعر - ١٩٧٩
- توحفەی موزەفەرییە ، کۆکردنەوە و پەراوێز بۆ نووسین
- چەپکێ گوڵ و چەپکێ نەرگیز
- هەواری خاڵی

بابەتێکی نەمر مامۆستا "هێمن"مان لە گۆڤاری سروە هەڵبژاردووە کە بۆچوونی ئەومان لەسەر چەند بۆنەیەکی ئێرانی بۆ ڕوون دەکاتەوە.

بێگومان هەمووان ئاگادارن کە یەکێک لە کۆنترین جەژنەکانی سەرپاک ئێرانییەکان،جەژنی دێرینی نەورۆزە. مامۆستا هێمن، سەبارەت بەم جەژنە کۆنە دەڵێ: من پێم وایە ئەم ڕۆژە پیرۆزە و ئەم جێژنە گەورەی زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات، پێوەندیی بە ئابوورییەوە هەیە . جا ئیجازە بدەن بە کورتی لەو بارەوە بدوێم.

بابە با نەخوێندەواریش بم، خۆ ئەوەندەم لە خوێندەواران بیستووە کە ئەو گەلانەی بە زمانەکانی ئێرانی دەدوێن لە ڕۆژگارێکدا کە نە من دەزانم کەنگێیە و نە ئەو کەسانەی خۆیان بەمێژووزان و مێژووناس دەژمێرن ؛ بۆیان ساغ بوەتەوە چەند هەزار ساڵ دەبێ لە قەفقازەوە سەرەوژێر بوونەوە و هەریەکە بۆ لایەک ڕۆیشتن. ئەم گەلانە هەموویان شوانەوێڵە و مەڕدار بوون و ژیانیان بە پشت و گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێن شیرین و بەستەزمانە کەزۆرزوو دەستەمۆ بووە، دابین کردووە.

ڕوونتر بڵێم خۆراکیان لە شیرو پۆشاکیان لە خوری ئەو حەیوانە بووە. جا بۆیە خۆشیان ویستووە و گەرمێن و و کوێستانیان دەگەڵ کردووە و بە دوای هەوار و لەوەڕگەدا وێڵبوون و گەڕاون .

دەزانم کوردیش ، یەکێک لە و گەلانەیە لە پێشدا شوانەوێڵە بووە ؛ئێستاش ئەگەر کارەساتی ڕۆژگار لێ گەڕێ، کەیفی لە شوانەتییە و وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداری یا بە زمانی ئیمرۆ "دامداری" و "دامپەروەری" دەناڵێ.

ئێستاش هەرچەند مەڕداری لە کوردستاندا بەداخەوە زۆر کەم بووە و دامپەروەرەکان کاتی بەران تێ بەردانیان گۆڕیوە بەڵام ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە و هەرکەس کرتکە مەڕێکی بێ ،ئەو ڕۆژە بەران دەمەڕی دەکا. میوانداری لە جیرانان دەکا ،مێوژ و خورما و شیرینی دەدا بە منداڵان و ئەگەر خەڵاتێکی زۆرباش بۆ شوان لە ئەستۆی بەران نەکا ،کاکی شوان نایەڵێ بەرانی ڕەنگاو بچێتە نێو مێگەل.
بەڵام زۆر دوور نییە هەر بە بیری من مەڕدار لە ئاخر و ئۆخری مانگی "مێهر " بەرانیان دەمەڕ کردووە و جێژنی مێهرەگانیان بۆ کردووە. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە کە عەرەب وەریانگرتووە و کردوویانە بە "میهرەجان" و بە هەموو ڕۆژێ خۆش دەڵێن "میهرەجان".

مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ .پێشینیان دەڵێن بەرخ، پاش سەد ڕۆژ ڕووحی وەبەردێ و مەترسی بەرئاویشتن کەم دەبێتەوە. جێژنی "سەدە" کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکە ن وپێی دەڵێن "بێلندانە " پێوەندیی دەگەڵ ئەم باسە هەیە .

دوو مانگ پایز و سێ مانگ زستان ، دەکاتە پێنج مانگ و لەشەوی ئەوەڵی بەهاردا زەوی مەڕدێ و جێژنی هەرەگەورەی مەڕدارە.
پێم وانییە پێویستیی بەڕوون کردنەوە بێ، بەرخی مەستەشیر پاشی سێزدە ڕۆژ دەبێ لە کۆز دەرکرێ و بە زاوەماک بیبەیە لەوەڕ ئەوەش سێزدە بەدەرەکە مان.

ئەو بابەتەی خرایە بەر دیدەی خوێنەرانی هێژا،کورتکراوەی بابەتەکەی مامۆستا "هێمن" بوو سەبارەت بە نەورۆز.
لەبیر نەکەین "هێمن" ،یەکێکە لە شاعیرە هەست ناسک و پاراوەکانی کورد و لە سەرانسەریی هەڵبەستی دا ئەو تایبەتمەندییەت بەرچاو دەکەوێ.

ئەمەش هۆنراوەیەکی هەرەناسکی" هێمن" بە ناوونیشانی "گریانی نیوەی شەو":

گریانی نیوە شەو

شەوانە ئەو دەمانەی شەو دەگاتە کاتی نیوەی شەو
خەڵک نووست و لە چاوی من کەسەر دیسان ڕەواندی خەو

**سکووتێکی بەسام سەرتاسەری ئەم دێیە دادەگرێ**
**دەڵێی هەر زیندەوارێکی هەیە لەو دێیەدا دەمرێ**

**لە هیچ لایەک خشپەیەک نایە،چرای ماڵێکی نایێسێ**
**بە ئەسپایی لە ماڵ دێمە دەرێ،دەخوشم وەکوو نیسێ**

**تەک و تەنیا بەئارامی دەچم بۆ گردەکەی بەردێ**
**بەدڵتەنگی و کز و خەمناکیی ڕادەکشێم لەسەر بەردێ**

**دەکەم جا سەیری ئەستێران و هەڵدەمژم شنەی شەوبا**
**شەو و بێدەنگیی چەند خۆشە،هەمیشە خۆزگە هەر شەو با**

**وەکوو ئاواڵی چاک ،ئەستێرەکان گوێ ڕادەدێرن بۆم**
**هەتا بۆیان بەیان کەم، موو بەموو ڕازی دەروونی خۆم**

**کوڵم هەڵدەستێ ئەو جارە و لەبەر دەردم دەناڵێنم**
**هەتا ئاوری دڵم دەکوژێتەوە، ئەسرین دەبارێنم**

**شەوانە گەر نەکەم ئەو شیوەن و ناڵین و گریانە**
**دەسووتێنێ وجوودم ،ئاگری ئەم جەرگە بریانە**

**بەڵێ گریانی نیوەی شەو دەکا ناسۆری دڵ، مەرهەم**
**کوڵ و کۆم دادەمرکێنێ و بەجێ دێڵێ دڵی من خەم**

**سەرچاوە: رادیو فرهنگ برون مرزی / ڕێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠١١**

# شێعری هێمن لە روانگەی رەوانناسی پێوەندییەکانەوە

یاقووب خزری

## پێشەکی:

ئەو نووسراوەیە لە سەرەتا ئاوڕێکی تێئۆریکی داوەتەوە سەر ڕەوانناسی کۆمەڵایەتی (روانشناسی اجتماعی) بە گشتی و چەمکی پێوەندییەکان بە تایبەتی. هەموو لق وپۆپەکانی ئەو چەمکە لە چوارچێوەی مێتۆدە زانستی و هاوچەرخەکانی کە ئێستا لە رەوانناسی دا باوە لێکدراونەتەوە و پاشان بە پشت بەستن بەو مێتۆد و شێوازە زانستیانە جێگە و پێگەی شێعری هێمن دیاری کراوە. ئەو نووسراوەیە هەوڵ دانێکە بەرەو زانستی کردن و تێئۆریزە کردنی شێعری کوردی بە گشتی و شێعری هێمن بە تایبەتی. ئەو بابەتە تەنانە ت دە توانێ سەرەتای نووسینی کتێبێک بێ، چوونکە ئاوردانەوەیەکە تازەیە لەو بوارە دا و پێویستە کاری لە سەر بکرێ .

وشە بنەرەتیەکان:

رەوانناسی کۆمەلایەتی، رەوانناسی پێوەندیەکان، پێوەندی، سەرچاوەی پەیام، رەسانە.

. چە مکی پێوەندی و تایبەتمەندییەکانی لە روانگەی رەوانناسی کۆمەڵایەتی

سەرەتا پێویستە پێناسەیەکمان لە دوو چە¬مکی گرینگ هەبێ بۆ ئەوەی کە لە درێژەی وتارەکەدا بە تێڕوانینێکی باشتر سرنج بدەینە بابەتەکانی باس کراو.

یەکەم، مەفهوومی رەوانناسی کۆمەلایەتییە.ئێرۆنسۆن یەکێک لە رەوانناسە کۆمەلایەتییەکان دەلێ: ڕەوانناسی کۆمەلایەتی یانی کارتێکەری لە سەر باوەر و کردەوەکانی کەسانێکی تر بە شێوازگەلی جۆراوجۆر.(١)
دووهەم، مەفهوومی پێوەندییە. ئەو مەفهوومە لە ڕەوانناسی کۆمەڵایەتی دا بەشێکی زۆر گرینگی وە خۆ گرتووە و لە ناو وتارە کەشدا بە وردی شی دەکرێتەوە. بە پام دەتوانین لە یەک ڕستە دا بڵێین: پێوەندی یانی راگوێزتنی ئیتلاعات لە تاک یا گرووپێک بۆ تاک یا گرووپێکی تر.

ئێدوێن ئێمێری لە بابەت چەمکی پێوەندی دا دەلێ: "پێوەندی، تکنیکی راگوێزتنی ئیتلاعات،ئەندێشە و کردەوەکان لە تاکێک بۆ تاکێکی ترە و بۆ ئەو مەبەستەش لە کەرە سەی جۆراوجۆر کەلک وەردەگیرێ.

"لانـدبێرگ"،"شـراگ"و"لارسێن" پێوەنـدی ئـاوا پێناسـە دەکەن: "پێوەنـدی یـانی ڕاگـوێزتنی مانـا و پەیـام لە ڕێگـای نمادەکـان".لە ڕوانگەی ئەو سێ زانایە کاتێک مرۆڤەکان لە ڕێگای نمادەکان شوێن لە یەکتر وەردەگرن ئەوا دەتوانین بڵێین لە پێوەندی دان.

لە لایەکی دیکەوە "چـارلز کـوولی" یەکێک لە بەناوبـانگترین لێکـۆڵەرانی ئەم بـوارە دەڵـێ: "پێوەنـدی مێکـانیزمی بەرقەرار کردنـی پێوەندی نێوان مروڤەکانەوتەواوی هێماکان هاوڕێ لە گەڵ کەرەسەی ڕاگوێزتنیان لە چوارچێوەی پێوەندی دا دەگونجێن".

بەو پێیە پێوەندی ڕاگوێزتنی پەیامە بۆ خەڵکانی تر لە ڕێگای نمادەکان و بنەمای دامەزراندنی کۆمەڵگایە.

ئەو وتەی دێکارت:"من بیر دەکەمەوە کەوایە هەم"، لە چوارچێوەی پێوەندی دا مانا دەدا.(٢)

"ئێلیوت ئێرۆنسۆن" لە کتێبەکەی خۆی دا بە نێـوی "ڕەوانناسی کۆمەڵـایەتی" بـۆ پەرە پێدانی چەمکی پێوەنـدی سێ شت بە گرینـگ دەزانێ.

یەکەم: سەرچاوەی پێوەندی (کێ پەیامەکە دەنێرێ)،
دووهەم: چییەتی پێوەندی (ماهییەتی پێوەندی) (پەیام چۆن دەنێردرێ)،
سێهەم: تایبەتمەندیەکانی بەردەنگ (پەیام بۆ کێ دەنێردرێ).

**یەکەم:**

**سەرچاوەی پێوەندی**

لە بابەت سەرچاوەی پەیام یا ئەوکە سەی پەیام دەنێرێ سێ مەسئەلەی زۆر گرینگ پێویستە باس بکرێ.

یە کەم ئەوەی کە سەرچاوە تـا چ ڕادەیەک لە لایان بەردەنگەوە گرینگی پێ بدرێ.ئەگەر سەرچاوە بییمەت یـا کەسێکی بـاش بـێ، لە لایان کۆمەڵگاوە پەیامەکە چاکتر وەردەگیرێ تا ئەوەی کە مرۆڤێک یا تاکێکی خراپ و بێ جێگە و پێگە لە قەڵەم بدرێ.

"ئەرەستوو" وەک هەوەڵین ڕەوانناسـی کۆمەڵـایەتی دەڵـێ :"ئێمە وتەی گەورە پیـاوان چـاکتر قەبـووڵ دەکەیـن تەنـانەت بـێ وەیکە بیریشی لێ بکەینەوە". کە وایە سەرچاوەی پسپۆڕ و شارەزا بۆ قەبووڵ کردنی پەیـام لە لایـان وەرگرەکـانی گرینگییەکـی تـایبەتی هە یە. پێویستە ئەوەش بکـوترێ کە نـزیکەی ٢٣٠٠ سـاڵ خایانـد تـا ئەو وتەی ئەرەستوو بە شێوەی زانسـتی و تەجروبـی لە لایـان کە سانێکی وەکوو "کارڵ هاوڵەند" و "واڵتێر وایس" لە ساڵی ١٩٥١ی زایینی دا تاقی کرایەوە و ڕاستییەکەشی سەلمێندرا.

**دووهەم:**

مەسئەلە لەم بابەتە دا زێدەبوونی متمانە بە سەرچاوەیە. هەرچی سەرچاوە لە لایان کۆمەڵانی خەڵک جێگای متمانەی زیاتر بێ پەیامەکەی ئاسانتر وەردەگیرێ. ئەو مەسئەلەیەش لە لایەن "ئێرۆنسۆن"،"والیستێر" و"فیستینجێر"، بە شێوەی پۆزیتیویستی تاقی کراوەتەوە و بۆتە بنەمایەکی زانستی لەو مەسئەلەیەی پێوەندی دا.

**مەسئەلەی سێهەم:**

رادەی سرنج راکێشی سەرچاوەیە. مەبەست ئەوەیە سەرچاوە تا چ ڕادەیەک سرنج راکێش و خۆشەویستە. چەند سال لەوە پێش"جادسێن میلز"و "ئێرۆنسۆن" و هەروەها "ئالیس ئیگلی"و"شێلی چێیکێن" چەند ڕەوانناسی گەورە لە لێکۆڵینەوەیەکی بەرپاو و تازەدا بەو ئاکامە گەیشتن کە کەسانی سرنج راکێش و خۆشەویست پەیامەکانیان هەم زووتر قەبووڵ دەکرێ و هەم چڕو پڕتر و پڕناوەرۆکتر لە ئەژمار دێ. ئەو کەسانەی قەرارە پەیامەکە وەرگرن لە حاڵەتێک دا کە سەرچاوە لە لایان سرنج راکێش و خۆشەویست بێ، لە باری ڕە وانی فەزایەکی زیاتر ئامادە دەکەن بۆ وەرگرتنی و هەر وەها جێگرکردنی پەیام لە هزریان دا.

ئەو فەزایەی کە ڕەوانناسی گەورە "کورت لووین" پێی دەڵێ: "گۆڕەپانی ڕەوانی".

**دووهەم: چییەتی پێوەندی**

شێوەی بەیانی پەیام ڕۆڵێکی گرینگی لە شوێن دانانەکەی دا هەیە. پەیامەکان لە چەند لایەنەوە جیاوازیان هەیە. ئێرۆنسۆن پێنج لایەنی گرینگ باس دەکا بەم چەشنە: 1- ئایا پەیامێک مەنتیقی لە پشت بێ چاکتر قەبووڵ دەکرێ یا ئەوەی کە بیهەوێ هەست و هەیەجانی خەڵک ببزوێنێ؟ 2- ئایا پەیامێک بە نیشاندانی نموونەیەکی زیندوو چاکتر وەردەگیرێ یا ئەوەی کە بەڵگەی ئاماری قەوی لە پشت بێ؟ 3- ئایا پەیامێک دەبێ یەک لایەنە بێ (فەقەت لایەنە پۆزیتیڤەکان یا فەقەت لایەنە نێگەتیڤەکان) چاکتر وەردەگیرێ یا دوو لایەنە بێ (هەم لایەنە پۆزیتیڤەکان و هەم لایەنە نێگەتیڤەکان)؟ 4- ئەگەر بڕیار بێ دوو لایەنە بێ تەرتیبی ناردنی پەیامەکە چۆن بێ بە واتایەکی تر، سەرەتا لایەنە پۆزیتیڤەکان بکوترێ یا لایەنە نێگەتیڤەکان؟ 5- چ پێوەندیەک هەیە لە نێوان ناوەرۆکی پەیام و بیر و ڕا و باوەرەکانی بەردەنگ؟

**سێهەم: تایبەتمەندییەکانی بەردەنگ**

بە سرنج دان بەوەی کە مرۆڤەکان لە باری کەسایەتییەوە جیاوازیان هەیە، هەر تاکێک بە پێی ئەندیشە و تەفسیری خۆی لە گەڵ پەیامی دەق یا هەر شتێک کە دەیبیسێ هەڵسووکەوت دەکا. دەبێ بیڵێین مەسئەلەی زۆر گرینگ و پێوەندی دار بە بەردەنگی پەیام مەسئەلەی تەجروبە زێهنییەکانی پێشووی بەردەنگ یا بە واتایەکی تر چوارچێوەی فکری بەردەنگ پێش بیستنی پەیامەکەیە.

ئەگەر ئەزموون، تەجروبە و پێشینە زێهنی و ڕەوانی و کۆمەڵایەتەکانی بەردەنگ لە گەڵ سەرچاوەی پەیام لە یەک نزیک بێ، ئەوکات بەردەنگ بە شێوەیەکی ئەکتیوتر دەتوانێ لە گەڵ پەیام و ناوەڕۆکی پەیام هەڵس و کەوت بکا.(٣)

## مۆدێلی ڕۆناپد ریجۆ

مودێلێکی دیکە سەبارەت بە چەمکی پێوەندی مۆدێلی ڕۆناپد ریجۆیە. با بە وردی چاوێک بە سەر ئەو مۆدێلە دا بخشێنین.

ریجۆ پێوەندی ئاوا پێناسە دەکا و دەڵێ: پێوەندی یانی ڕاگوێزتنی زانیارییەکان(information)لە تاک یا گرووپێک بۆ تاک یا گرووپێکی تر. بەرقەرارکردنی پێوەندی پێویستی بە پرۆسەی ئاڵ و گۆری زانیارییەکان لە نێوان دوو یا چەند کەسە. ئەو کەسەی پەیام دەنێرێ پێی دەڵێن "ڕەمز دانەر" و ئەو کەسەی پەیام وەردەگرێ پێی دەڵێن "ڕەمزگوشا" ئەوەش بەو مانایەیە کە ئەو کەسەی پەیام دەنێرێ جۆرێک ڕەمز بە کار دەبا و کۆدی بۆ پەیامەکەی دادەنێ و ئەو کەسەی کە قەرارە پەیامەکە وەربگرێ، هەوڵ دەدا کۆدەکە بکاتەوە و ڕەمز گوشایی بکا. هەڵبەت دەبێ بڵێین زەمانێک ئەو کۆدە لە لای وەرگری پەیامەکە دەکرێتەوە کە هاوبەشییەکی زۆرلە نێوان سەرچاوە و وەرگری پەیام لە باری هەل ومەرجی کۆمەڵایەتی، زێهنی و ڕەوانییەوە هەبێ. پاشان نۆرە دەگاتە هەڵبژاردنی ڕەسانە؛ یانی کەرەسەی ڕاگوێزتنی پەیام لە سەرچاوەوە بۆ بیسەری پەیام. ڕەسانە دەتوانێ زۆر شت بێ، بۆ وێنە تەلەیفوون، گوفتار، نووسراوە و هتد.

ڕەسانە دوو تایبەتمەندی هەیە. یەکەم ئەوەیە: هەڵبژاردنی ڕەسانەیەکی باش بە پێی بار و دۆخی گونجاو کە دەتوانێ شوێنێکی باش و کارامەی هەبێ لە بەرقەرار کردنی پێوەندی دا.
دووهەم گرفتی مانایە. ئەویش ئەو کاتەیە خەڵک مانای وشەکان بە جورێکی جیاواز لە یەکتر تەفسیر دەکەنەوە کە دەبێتە هۆی جیاوازی مەفهوومی پەیامەکان لە لای بیسەران.(٤)

## جۆرەکانی پێوەندی:

ڕەوانناسی کۆمەڵایەتی و هەروەها کۆمەڵناسانیش لەسەر هەبوونی 8 جۆرە پێوەندی کۆکن کە بریتین لە:

١- پێوەندی ڕاستەوخۆ: پێوەندی نێوان مرۆڤەکانە بێ هیچ لەمپەرێک.
٢- پێوەندی جیهانی: پێوەندی لە گەڵ کەسانێک یا وڵاتانێک لە دەرەوەی سنوورەکان بەکەلک وەرگرتن لە تێکنۆلۆژی مۆدێڕن وەکوو تەلەیفوون، ئینتێرنێت و هتد.
٣- پێوەندی هەست بزوێنەر: پرۆسەی پێوەندی لە ڕێگای هێماکان ئەنجام دەدرێ. لەم شێوە پێوەندییە دا ناوەرۆکی پەیام ناگاتە بەردەنگ، بەڵکە تەنیا حاڵەتەکانی ئێحساسی و هەیەجانی سەرچاوەی پەیام دەگاتە بیسەر. ئەو حاڵەتانەش دەبنە هۆی درووست بوونی فەزایە کی ئێحساسی، هەیەجانی و ڕەوانی هاوبەش لە نێوان سەرچاوە و بیسەر. مالینۆڤسکی لەو پێوەندییە دا دەڵێ: "لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان زمان وەکوو کەرەسەیەکی مرۆڤ بۆ پێوەندی و هەر وەها بەشێک لە کردەوەکانی لە ئەژمار دێ. زمان لە وەها کۆمەڵگایەک دا زیاتر شێوە عەمەل کردنە، نەک کەرەسەی بیر کردنەوە. مالینۆڤسکی ئەو زمانە تایبەتە بە نێوی " پێوەندی هەست بزوێنەر " ناو دەبا".

لە ڕوانگەی هاکێت بەشی هەرە زۆری پێوەندییەکان لە ڕێگای هونەر، ئەدەبیات و مووسیقی بەرقەرار دەبێ.

٤- پێوەندی ئامانجدار یا بەرنامەیی:لەو جۆرە پێوەندییە دا دامەزرێنەری پێوەندی ئامانجێکی تایبەتی هەیە و بەرنامە و گەپاپەی لە پێش دارێژراو ئامادە دەکا.

٥- پێوەندی ڕێفلێکسی: بە پێچەوانەی پێوەندی ئامانجدار، ئەو جۆرە پێوەندییە بێ هیچ جۆرە بەرنامە و گەپاپەیەکی لە پێش دارێژراو ئەنجام دەدرێ.

٦- پێوەندی کۆمەپایەتی: بە جۆرێک لە پێوەندی دەکوترێ کە لەودا مانا یا پەیام لە کۆمەپێک خەپک بۆ کۆمەپێکی تر دەگواسترێتەوە.

٧- مێتا پێوەندی (فراارتباگ): ئەو جۆرە پێوەندییە بۆ پێوەندییەکانی داهاتوو یاسا دادەڕێژێ.

٨- پێوەندی حەڕەکەیی: لە ڕێگای حەڕەکەی لەش ئەنجام دەدرێ، وەکوو گریان، هات و هاوار و پێکەنین.(٥)

## لێکدانەوە:

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر تێئۆرییەکەی ئێرۆنسۆن لە مەڕ سێ مەسئەلە گرینگەکەی پێوەندی دار بە چەمکی پێوەندی یانی سەرچاوەی پێوندی، چییەتی پێوەندی و تایبەتمەندییەکانی بەردەنگ، دەبێ ببێین ئەگەر مامۆستا هێمن وەکوو سەرچاوە لە قەپەم بدەین، کە لە ڕێگای نووسین بە گشتی و شێعر بە تایبەتی دەیهەوێ پەیام گەلێک بگەیەنێتە بەردەنگەکەی. دەتوانین ببێین بەرێزیان خاوەنی هەر سێ تایبەتمەندییەکانی سەرچاوەیە کە ئێرۆنسۆن باسی دەکا.

یەکەمیان کوتمان گرینگی سەرچاوەیە؛ هەبوونی ئەو تایبەتمەندییە بە تەواوی لە مامۆستا هێمن دا بە دی دەکرێ؛ چونکە ئەو کاتەی دەژیا و ئێستاشی لە گەپ بێ کە لە نێومان دا نیە، بە هۆی ئەندێشە و چالاکییەکانی کە بۆ هەموومان بەرچاوە، لە نێو ئ ێمە بە کەسێکی خاوەن پلە و بییمەت دەناسرێ. ئەگەر ئەرەستوو دەڵێ ئێمە وتەی گەورە پیاوان باشتر قبووپ دەکەین، مامۆستا هێمن لەو چوارچێوەیە دا دەگونجێ و بە پلە بەرزەکەی ئەو ڕاستیە دەسەلمێندرێ.

لە بابەت مەسئەلەی دووهەم (زێدەبوونی متمانە بە سەرچاوە) دەکرێ ببێین، بە هۆی جێگە و پێگەی دیاری کراوی مامۆستا هێمن لە سەراسەری ژیانی خۆی دا جێگەی متمانەی خەپک و تەنانەت ڕووناکبیرانیش بووە؛ بە چاوخشاندێک بە سەر ژیانی مامۆستا هێمن دا بە ئاسانی ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێ .

بۆ مەسئەلە ّی سێهەم و پێوەندیدار بە سەرچاوە کە مەسئەلەی سرنج ڕاکێشی سەرچاوەیە دەبێ ببێین،ئێرۆنسۆن ئەو مەفهوومەی تەنیا لە چوارچێوەیەکی بەرتەسک دا دەدۆزێتەوە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو تێئۆرییە لەو بەشەدا تووشی کەم و کورتی مانایی بووە؛چونکە تەنیا لە ڕووی هێندێک فاکتەری ڕواڵەتییەوە (وەکوو ڕوخۆشی و دەم بە پێکەنین بوون )سرنج ڕاکێشی بێناسە دەکا؛بە پێی بەڕای نووسەری ئەم وتارە دەتوانین تۆژێک بەرپیاوتر و قووپتر بڕوانینە ئەو چەمکە. دەکرێ بە پەرەپێدانی زیاتری مەفهوومی باسکراو و هەروەها بۆشیکردنەوەی زیاتری ڕادەی سرنج ڕاکێشی مامۆستا هێمن ئاماژە بەو بەشە بکەین کە لە پێشەکییەکەی تاریک و ڕوون دا هاتووە:"هێمن نەتەوەکەی خۆش دەوێ، بەپێی ڕقیشی لە هیچ نەتەوەیەکی تر نیە،لە هەموو دیوانی هێمن دا

شێعرێک کە باسی نەتەوەیەکی تر بە خراپە بکا ، یا کورد لە نەتەوەیەکی تر بەرزتر دابنێ بەدی ناکرێ"(٦)ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕادەی سرنج ڕاکێشی مامۆستا لەلای کۆمەڵگای کوردی هەمیشە زۆر بێ.

ئەم فاکتە بۆ مەسئەلەی هەوەڵی پێوەندیدار بە سەرچاوە (یانی گرینگی سەرچاوە )ش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە ، چونکە ئەو تایبەتمەندییە گرینگییەکی تایبەتی دابوو بە هێمن و شێعرەکانی.

مامۆستا هێمن لە باری کەسایەتییەوە، کەسێک بووە حەزی زۆر لە جەفەنگ و قسەی خۆش بووە و لە نێو کۆمەڵانی خەڵک وەکوو کەسایەتییەکی ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین ناسراوە، هەڵبەت ئەم تایبەتمەندییانە سەرەڕای هەموو ئەو دەرد و ئازارانە بوو کە بۆ نەتەوەکەی هەیبوو، ئەوەش وای کردبوو مامۆستاهێمن هیچ کات خۆی وەکوو مرۆڤێکی خەمۆک و نائومێد نیشان نەدەدا. تەواوی ئەو تایبەتمەندییانە وای لە مامۆستا هێمن کردبوو ببێ بە بییمەتێکی سرنج ڕاکێش و خۆشەویست. ئەگەر بمانهەوێ هەمووی ئەوانە بە شێوەی تەجروبی و زانستی تاقی کەینەوە، پێم وایە مێژووی نەتەوەی کورد بە گشتی و ئەو قۆناغەی مامۆستا هێمن تێیدا دەژیا بە تایبەتی، خۆی گەورەترین تاقیکارییە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییانە.

ئەو فەزا ڕەوانییەی مامۆستا هێمن تێیدا دەژیا هاوبەشییەکی زۆری لەگەڵ فەزای ڕەوانی وفکری کۆمەڵانی خەڵک هەبوو ،هەروەها بە سرنج دان بە تاقیکارییە زانستییەکانی میلز،ئێرۆنسۆن،ئیگلی و چێی کێن کە پێشتر باسمان کرد بوو بە هۆی وەیکە شێعرەکانی مامۆستاهێمن وەک پەیامێکی پڕناوەرۆک لە لایەن سەرچاوەیەکی سرنج راکێش و خۆشەویست لە لای خەڵک بە ئاسانی وەرگیرێن.

دووهەمین مەسئەلەی پێوەندیدار بە چەمکی پێوەندی لە ڕوانگەی ئێرۆنسۆن چییەتی پێوەندییە.لەوپێوەندییەدا پێنج لایەنی گرینگ هاتە بەر باس ،ئێستا بە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی شێعری هێمن لەو بازنەیە دا دەچینە ناو قووڵایی باسەکە :

لایەنی یەکەم ئەوە بوو،ئایا پەیامێک مەنتیقی لە پشت بێ چاکتر قبووڵ دەکرێ یا ئەوەیکە بیهەوێ هەست و هەیەجانی خەڵک ببزوێنێ؟ بە ڕای نووسەری ئەم وتارە، بۆ وڵامی ئەم پرسیارە دەبێ هەل ومەرجی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری کۆمەڵگا لە بەرچاوبگیرێ. ئەگەر کۆمەڵگا لە قۆناغێکی هەستیاری مێژوویی، کۆمەڵایەتی یا سیاسی دا بێ، بە واتایەکی تر لەژێر زووڵم و چەوسانەوە دابێ لێرەدایە کە دەتوانین بڵێین خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە هیچ مەنتیقێک قەبووڵ ناکەن چوونکە زوڵم کردن لەلای دەسەڵاتداران هیچ مەنتیقێکی لە پشت نییە. هەربۆیە لە وەها قۆناغێک دا واباشترە شاعیر پشت بە بزواندنی هەست و هەیەجانی خەڵک ببەستێ بۆ ئە وەیکە پەیامەکەی (شێعرەکەی) بە ئاسانی وەربگیرێ وشوێنی خۆی دابنێ.

بۆ وێنە مامۆستا هێمن لەو فاکتۆرە ڕەوانیە بە باشترین شێوە کەلکی وەرگرتوە. لە "کوردم ئەمن" دا دەڵێ:

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لەدەس ئەوچەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن

لەو دێڕە شێعرە دا مامۆستا هێمن بە هێنانەوەی سێ وشەی ڕەنجەڕۆیی،حەسرەت و دەرد لە نیوە دێڕی هەوەڵ دا دەیهەوێ زیاتر پشت بە بزواندنی هەست و هەیەجان ببەستێ تا مەنتیق؛ چوونکە ئەو وشانە لە باری ڕەوانناسییەوە دەکەونە خانەی وشەگەلی هەیەجانی، هەڵبەت لە چەشنی هەیەجانە نێگەتیڤەکان.

پاشان بەو وشانە دەیهەوێ پێوەندییەکی ڕەوانی بەرقەرار بکا بۆئەوەی کە ئەسپی پەیامەکە لە دێڕەکانی خوارتر دا بهێنێتە بەرچاوی خوێنەر. هەروەک بە دوای ئەو دێڕە دا دەڵێ:

عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم
عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن

لە ڕوانگەی ڕەوانناسی بە گشتی و مەکتەبی ناسیاوی خوازی (شناخت گرایی) بە تایبەتی، کردەوەکانی مرۆڤ بەرهەمی تەفسیرەکانییەتی، یانی مرۆڤ بە پێی تەفسیری خۆی لە وشە و مەسئەلەکان ڕەفتار دەکا.

سێ وشەی ، ڕەنجەڕۆیی،حەسرەت و دەرد ڕەنگە لە لای بەردەنگ یا خوێنەر تەفسیری ناڕاحەتی، ڕق و تووڕەیی و داماوی لێ بکەوێتەوە. کردەوەکانیش دەتوانن بەرەنگار بوونەوە لە گەڵ سەرچاوەی ڕەنجەڕۆیی،حەسرەت و دەرد ، خەمۆکێ یا حاڵەتە ڕەوانییە نێگەتیڤەکان بن. مامۆستا هێمن زۆر زیرەکانە کردەوەی بەرەنگار بوونەوە هەڵدەبژێرێ، لەو جێگایەی دا کە دەڵێ:

من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نیە
لەت لەتم کەن بمکوژن هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

هەروەها پێویستە بگوترێ مامۆستا هێمن بە سرنج دان بەو تایبەتمەندییانەی لە سەرەوە باس کرا، زۆر مامۆستایانە وەکوو ڕەوانناسێکی گەورە و بە پێی بار و دۆخی کۆمەڵگا لە ڕووی مێژووییەوە، لە جۆری سێهەمی پێوەندییەکان واتا جۆری هەست بزوێنەر کەڵکی وەرگرتوە و پردێکی ڕەوانی لە هێما و حاڵەتە ئێحساسی و هەیەجانییەکان لە نێوان خۆی و خوێنەرانی دا ساز دەکا؛ بەو جۆرە پەیامەکانی زۆر بە ئاسانی لەو پردە دەپەڕنەوە و لە زەین و بیر و ڕەوانی خەڵک دا خۆیان جێگر دەکەن.

ئەگەر وتەکەی "هاکێت" مان وە بیربێتەوە کە دەیکوت بەشی هەرە زۆری پێوەندییەکان لە ڕێگای هونەر، ئەدەبیات و مۆسیقا بەرقەرار دەبێ، مامۆستاهێمن بە باشترین شێوە و زانستییانە ترین مێتۆد لە کەرەسەی شێعر کەڵکی وەرگرتووە.
لایەنی دووهەمی چییەتی پێوەندی ئەوەیە کە ئایا پەیامێک نموونەیەکی زیندووی هەبێ باشتر وەردەگیرێ یا بەڵگەی ئاماری قەوی لە پشت بێ؟

لێکۆڵینەوەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە هەبوونی نموونەی زیندوو و ڕاستەوخۆ، شوێن دانانی گەلێک زیاترە لەبەڵگە ئامارییەکان.یانی ئەگەر بمانهەوێ ڕاستی و درووستی پەیامێک بە بەردەنگەکەمان بسەلمێنین بە هێنانەوەی نموونەیەکی زیندوو و

ڕاستەوخۆ باشتر دەتوانین ئەو کارە بکەین تا بەهێنانەوەی بەڵگەیەکی زۆری ئاماری.

ئەگەر بمانهەوێ بۆ ئەو بەشەش نموونە بێنینەوە شێعری ئارەق و تین باشترین بەڵگەیە، لە سەرەتای شێعرەکەدا بە هێنانەوەی چەندین نموونەی زیندوو لە کۆمەڵگای کوردەواری ئەوکات، دەیهەوێ پەیامەکەی خۆی بەو شێوەیە بخاتە بەرچاوی بەردەنگ و خوێنەرەکەی:

پێش ئەوەی حاجی سەلەمخۆر
هەژارێک هەڵپنێ بە تەماڕ
پێش ئەوەی ڕێچکە ببەستن
بۆمزگەوتێ شان بە بەرماڕ
پێش ئەوەی دەروێشی چڵکن
پەنجەی خەلیفەی کوشیبێ
پێش ئەوەی شێخ وەک تارمایی
بەرەو خانەقا خوشیبێ

لەو چەند دێڕەدا هێنانەوەی چەند نموونەی زیندووی کۆمەڵگا وەک، چوونە مزگەوتی حاجی و نوێژکەرە بەتەماحەکان، باس کردن لە دەروێش و خانەقا و خەلیفە بەشێک لە ژیانی کۆمەڵگای کوردی بووە و ئێستاش هەر هەیە. مامۆستاهێمن بە هێنانەوەی ئەو نموونانە دەیهەوێ بەردەنگ ئامادە بکا بۆ ئەوەیکە باس لە نموونەیەکی هەرەزیندووی کۆمەڵگا بکا کە زیاترین زەحمەت دەکێشێ و کەمترین داهاتیشی هەیە، هەروەک لە درێژەدا دەڵێ:

من جوتیارم من جوتیارم
من لەگەڵ هەتاو هاوکارم
من بەئارەق و ئەو بەتین
دامان ڕشتووە بناغەی ژین
باسکی من و تیشکی ئەوی
بژیو دەستێنین لە زەوی
گەرجوتیار ئارەق نەڕێژێ
گەرهەتاو تیشک ناوێژێ
دانیشتووی ناو کۆشک و قەڵا
دەخۆن نانی گەلاگەلا؟

لایەنی سێهەم و چوارەمی چییەتی پێوەندی لە باسەکەی ئێمەدا ناگونجێ. بەپام لایەنی پێنجەم یانی هەبوونی پێوەندی لە نێوان ناوەڕۆکی پەیام و باوەڕەکانی بەردەنگ؛ دەبێ بپێین بە چاو خشاندنێک بە سەر شێعرەکانی مامۆستاهێمن دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ لەناو شێعرەکانیدا لەگەڵ هەموو جۆرە باوەڕێک سازگاری هەیە. بۆنموونە بەردەنگ یا خوێنەری عاشق بە باوەڕێکی عاشقانە دەتوانێ شێعرەکانی وەک، شەوگاری تەنیایی، دیلی دیل، جوانی ناسووتێ و ماچی خودایی بخوێنێتەوە.

بەردەنگ یا خوێنەرێک بە باوەڕی نەتەوەپەرەستی دەتوانێ شێعرەکانی وەک، فرمێسکی رونوو، کوردم ئەمن، قەڵای نیشتمان و کاروانی خەبات بخوێنێتەوە.

سەبارەت بە بابەتی سێهەمی ئێرۆنسۆن لە چەمکی پێوەندی دا (یانی تایبەتمەندییەکانی بەردەنگ) باسی ئەوەمان کرد، ئەگەر تەجروبەزێهنییەکان و چوارچێوەی فکری بەردنگ لەگەڵ سەرچاوەی پەیام یەکتر بگرێتەوە پەیام ئاسانتر وەردەگیرێ.
بە سرنج دان بەوەیکە مامۆستاهێمن لەماوەی ژیانی دا لەگەڵ خەڵک و بۆخەڵک ژیا، هەموو چوارچێوە فکری و زێهنییەکانی لەگەڵ چوارچێوە فکری و زێهنی بەردەنگەکانی(خەڵک) یەکتری دەگرتەوە؛ ئەوەش ببوو هۆی قەبووڵ کرنی پەیامەکانی لە لای خەڵکی کۆمەڵگا.

## شێعری هێمن لە ڕوانگەی مۆدێلی رۆناڵد ریجۆ:

هەروەک پێشتر باسمان کرد ریجۆ لەمەڕ پێوەندی دا دەڵێ:" پێوەندی یانی راگوێزتنی زانیارییەکان لە تاک یا گرووپێک بۆ تاک یا گرووپێکی تر"و لە درێژەدا دەڵێ ڕەمزگوزار(ئەوکەسەی پەیام دەنێرێ) پەیامەکان لە ڕێگای کەرەسەیەک بە نێوی ڕەسانە بۆ ڕەمزگوشا(ئەو کەسەی پەیام وەردەگرێ) دەنێرێ. کەوابوو ڕەسانە کەرەسەی ناردنی پەیام لە ڕەمزگوزار بۆ ڕەمزگوشایە.

لە ڕوانگەی ئەو مۆدێلەوە شێعری مامۆستاهێمن وەک ڕەسانەیەکی کارامە توانوێتی شوێن دانەرییەکی بە هێزی هەبێ. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە شێعری هێمن هەروەک پێشتر باسمان کرد و تایبەتمەندییەکانیمان لێک داوە، لە ناو بازنەی ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی و شێعر بە تایبەتی دا یەکێک لە ڕەسانە هەرە بەهێزەکانە و لە ڕووی هەر دوو تایبەتمەندی ڕەسانە یانی هەڵبژاردنی ڕەسانەیەکی کارامە و گرفتی مانایی، توانیوێتی لە ڕێگای هێنانەوەی هێماگەلی هاوبەش لە نێوان شاعیر و بەردەنگ، بەهێزبوون و شوێنەوارە باشەکانی خۆی بسەلمێنێ(نموونەی ئەو شێعرانەشمان پێشتر هێناوەتەوە).

لە ڕوانگەی تایبەتمەندی دووهەمی ڕەسانە هەریەک لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بە پێی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و بازنەی ئەزموونەکانی ڕەوانی و زێهنی ڕابردووی خۆی شێعری هێمن تەفسیر دەکاتەوە.هەر شێعرێکیش ئەوجورە خۆی بگەیێنێتە ناو بیر و ئەندێشە و ڕەوانی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگا ئەوا شاعیرەکەی گەورەترین ڕەوانناسە.

## ئاکام:

ئەگەر بمانهەوێ نەقدی ئەدەبی لە ئەدەبیاتی کوردی بەرەو زانستی تربوون و تیئۆریزە بوون بڕوا و لەگەڵ شێوازەکانی نەقدی ئەورۆپی هاسەنگ بێ، پێویستە بابەتەکان، دەقەکان و نووسراوەکانی کوردی لە ڕووی شێوازگەل و مێتۆدی زانستی ئەڕۆپی سەیری بکرێ، ئەم کارەش پێویستی بە خۆماندوو کردنێکی زۆر هەیە، بە بڕوای نووسەری ئەو وتارە زۆربەی دەقەکانی ئەدەبیاتی کوردی جێی هەیە بەو شێوە کاری لەسەر بکرێ.

کۆتایی

سەرچاوەکان:


١- روانشناسی اجتماعی، الیوت ارونسون ،انتشارات رشد

٢- جامعه شناسی ارتباگات، باقر ساروخانی

٣- سەرچاوەی ژمارە ١

٤- روانشناسی ێنعتی و سازمانی، رنالد ریجو،انتشارات مازیار

٥- سەرچاوەی ژمارە ٢

٦- تاریک و ڕوون


سەرچاوە؛ وێبلاگی پێشەنگ(وێبلاگی یوونس ڕەزایی) / ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١١



# مافی تاک لە شێعرەکانی مامۆستا"هێمن"ی موکریانیدا

شۆڕش کوردستانی

## پوختەی ئەم باسە

نووسراوە و وتاری زانایان و هۆنراوە و هەڵبەستی شاعێرانی هەر گەلێک ئاوێنەی بالآنوێنی ئەرزشەکانی کەلتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و... ئەو نەتەوەیە بە ئەژمار دێن. لە نووسراوەی نووسەران و ڕوخساری شێعری شاعێراندایە کە، کەم وکۆڕیەکانی ژیانی مرۆڤی ناو کۆمەڵگادا دەردەکەوێ. شاعێران یەکێ لە چینەکانی ڕووناکبیری هەر گەلێ بە ئەژمار دێن. بێگومان لە کۆمەڵە شێعری شاعێراندا، دەکرێ مێژوویەکی گەورەوگران لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی ژیان لە هەر کۆمەڵگایەک و لە کات و زەمانی جیاوازدا تۆمار بکرێ.



لەم وتارەدا هەوڵم لەسەر ئەم بنەمایە وەگەڕ خستووە کە بە پێی هێز و توانا، مافی تاکی کۆمەڵانی کوردستان لە شێعرەکانی پڕ لە گەوهەری مامۆستا هێمنی موکریانی بخەمە ڕوو و تیشک باوێژمە سەر ئەم بابەتە کە لە شێعرەکانی مامۆستا هێمن دا تا چ ڕادەیەک گرینگی بە مافی تاک لە کۆمەڵگای کوردەواری دراوە.واتە ڕۆڵی ئەم شاعێرە مەزنەی کورد لە ڕێگای ئاگادارکردنەوەی شارۆمەندانی کوردستان بۆ ناساندنی مافی تاکەکەسی و هەوڵ بۆ ناساندنی ئەم مافە تا چ ڕادەیەک و بە چ شێوازێک خۆی دەرخستووە.

وشە سەرەکیەکان: مافی تاک، ئاگایی کۆمەڵایەتی، کوردستان، شێعر، هێمن.

### سەروتار

گومانێک لەم ڕاستیەدا نییە کە کوردستان لە بواری شێعر و ئەدەبدا وڵاتێکی دەوڵەمەندە و لە مێژووی لە مێژینەی کوردا، هەزاران شاعێر لە داوێنی ئەم مەڵبەندە پەروەردە بوون. چاوخشاندنێک بە مێژووی وێژەی کورد ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرمان بۆ دەر دەخات کە شاعێرانی کورد، هەرکام لە چاخی تایبەتدا و بۆ ماوەیەک واتە لە دەورەی ژیانی خۆیاندا لەگەڵ مەینەتی و کڵۆڵی و دواکەوتوویی گەلە لێقەوماوەکەیان ئاشنا بوون و ژانی چارەڕەشی دڵی هەژاندوون و هەستی دڵی خۆیان بە دیوانێکی شێعر دەربڕیوە و خوازیاری وەدیهاتنی ئامانجەکانیان بوون.

نابێ لە بیرمان بچێ کە دەوڵەمەندی وڵاتی مە لە بواری شێعر و ئەدەبدا، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ناسک خەیاڵی خەڵقی کورد، سروشتی وڵاتی کوردستان، ئەستەم بوونی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و بێ دەرەتانی گەلەکەمان و... . ئەمانە هۆکاری سەرەکی

ئەوەن کە میللەتی کورد پەنای بۆ شێعر بردووە و شاعێری زۆر باشی تێدا هەڵکەوتووە. شاعێر بەم شێوازە دەنگی خۆی بە گوێی خەڵک دەگەیەنێ و ڕاستیش ئەوەیە کە شێعر زووتر دەچێتە ناو دڵی خەڵکەوە و هەست دەبزوێنێ.

ئاشکرایە کە گەلی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتی جیهان هەردەم لەگەڵ ستەمی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و... بەرەوڕوو بووە و هیچ کات نەیتوانیوە بە کەمترین مافە سروشتیەکانی بگات و بە جۆرێک کە شیاوی میللەتێکی ئازادە درێژە بە ژیان بدات. بێ بەهرە بوون لە ژیانی بە ئازاد بووەتە هەوێنی شێعری شاعێران و بنەمای ئەسڵی داهێنانی چیرۆک، ڕۆمان و... و هەروەها سەرەتایەک بۆ درێژەدان بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان.

بە دڵنیاییەوە دەتوانم بێژم کە یەکێ لە شاعێرە هەرە بەرزەکانی هاوچەرخی ئێمە کە توانیویە زۆر بە باشی و لە هەلومەرجی ناسک و ئەستەمدا یاریدەدەری کۆمەڵانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بێت و ڕۆڵێکی بەرچاو لە بردنەسەری ئاستی زانیاری خەڵکی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی، بگێڕێ مامۆستا "هێمن"ی موکریانیە.

مامۆستا هێمن کەسایەتییەکی هێژای کورد بوو کە لە تەمەنی پڕبەرهەمی خۆیدا گەلێ تاڵی و سوێری چێشتبوو و هەروەها زۆر ڕووداوی گەورەی مێژوویی وەک کۆماری کوردستانی لە ساڵانی ١٩٤٦زایینی دیبوو و لە نزیکەوە هەستی بە دواکەوتوویی میللەتی کورد کردبوو. زەبر و زەنگی ڕژیمی شا لەسەر کورد، بێبەش کران لە ماف و پێشگرتن لە سەرکەوتنی هەمەلایەنەی نەتەوەی کورد، هەستی شاعێرانە و ناسکی مامۆستا هێمنی بزواند و کارتێکەری ئەم بابەتانە و زۆر بابەتی دیکەش لە کاتی خۆی، بوونە هۆکاری سەرەکی پێکهاتنی شێعرەکانی مامۆستا هێمن لە سەر بنەمای ناسیونالیستی.

پێویستە لێرەدا ئاماژەش بەم واقعییەتە بکەم کە لە دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان بە هاوکاری ڕاستەوخۆی یەکیەتی سۆڤیەت، بیروباوەڕی سۆسیالیستی لە نێو ئەندامانی کۆماردا ڕیشەی داکوتابوو و مامۆستا هێمنیش لەم ڕاستییە بەدوور نەبوو.تەنانەت ئەم حەقیقەتە ئەندێشەی زانای پایەبەرزی کورد،مامۆستا هەژاریش وەک هاوڕێیەکی هێمن دەگرێتەوە و چاوخشاندن بە چوارچێوەی دیوانی شێعری ئەم بەڕێزانەدا ڕاستی ئەم قسەیە دەسەلمێنێ، بەڵام شیاوی باسە کە بیروباوەری چەپ و چەپگەرایی هەرگێزاوهەرگیز نەبووە هۆکاری بەلارێداچوونی ناوەرۆکی شێعرەکانی هێمن و بە واتایەکیتر، سۆسیالیزم نەیتوانی بە تەنیا شێعرەکانی مام هێمن بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و لێرەدایە کە ئێمەی کورد دەتوانین لە دیوانی شێعری مامۆستا هێمن دا بە گشتی ئەندێشەی لیبڕالی، سۆسیالیستی و ناسیونالیستی ببینین.

داواکردنی مافی سروشتی هاووڵاتیانی کورد،بانگەواز بۆ یەکسانی و یەکیەتی و ژیانی بە ئازاد بۆ مرۆڤ، خۆشەویستی خاک و نیشتمان و جوان پەرەستی، هاواری بەرزی هێمن و بنەمای شێعر و هەڵبەست و هۆنراوەیەتی.

ئەم ڕاستیانەیە کە هاندەرم بوون بۆ نووسینی وتارێک کە لەودا هەوڵەکانی مامۆستا هێمن بە شێوەیەکی دیکە بە گەلی کورد بناسێنم و بە پێی توانا نیشان بدەم کە هێمنی نیشتمانپەروەر، لە بابەت ناساندنی مافی تاک و کۆی کۆمەڵانی کوردستان لە چوارچێوەی شێعر

و ئەدەبدا تا چ ڕادەیەک سەرکەوتوانە کاری خۆی بە ئەنجام گەیاندووە و خزمەتی بە گەل و وڵاتەکەی کردووە. بە هیوای ئەوەی کە شاعێرانی چاخی نوێی کوردستانیش هەر لەم ڕێگایەدا بۆ ناساندنی مافی گەلەکەیان هاوار بکەن.

لەم توێژینەوەیەدا لە دیوانی شێعری بارگەی یاران کەڵک وەرگیراوە.[١]

## مافی تاک لە شێعرەکانی ماموستا"هێمن"ی موکریانیدا

### بەشی یەکەم:

مرۆڤ بە لە دایک بوون و هاتنە ڕووی دونیا خاوەنی مافی ئینسانی دەبێت و بە پێی قانوونی تەبیعەت، هیچ هێزێک ناتوانێ و نابێ مافی سروشتی مرۆڤ زەوت بکات. بە گوێرەی یاسا، مافی مرۆڤ لە نێو کۆمەڵگادا بە دوو بەشی سەرەکی، واتە مافی تاک و مافی کۆ، دابەش دەبێت و زۆربەی مافە سروشتیەکانی مرۆڤ لەم چوارچێوەیەدا مانا پەیدا دەکات.

مافی تاک لە کۆمەڵگادا ئازادی ئەندێشە و بیروڕا دەربڕین، ئازادی جل و بەرگ، ئازادی هەڵبژاردنی ئایین و کار، هاوسانی لەهەمبەر قانوون، مافی دەنگدانی ئازاد و هتد دەگرێتەوە و مافی کۆ یان گشتی بابەتگەلێک وەک مافی دانانی چارەنووس، بەشداری لە سیاسەتی گشتی لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانی وڵات و... لەخۆ دەگرێ.

حکوومەتەکان دروستکراوی دەستی مرۆڤن و بەو پێیە یەکێ لە ئەرکەکانی سەرشانی حکوومەتەکان پێکهێنانی هێمنایەتی و پاراستنی ئازادیەکانی تاکەکەسی و گشتی شارۆمەندانە. ئەم ئەرکە تەنیا لە چوارچێوەی یاسادا بە ئەنجام دەگات و بێگومان دەبێ دەوڵەتێک هەبێ تا جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکانە وە ئەستۆ بگرێ بەڵام ڕاستی و حەقیقەتی ئەم مەسەلەیە لە کوردستانی چوارپارچەدا بە شێوازێکی دیکە خۆی دەرخستووە کە پێویستی بە لێدووان هەیە.

بە پێی ڕەوتی مێژوو نەتەوەی کورد هەموو کات لە ژێر زەبر و زەنگی بێگانەکاندا ناڵاندوویەتی و هەردەم لە دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆدا عاجز ماوەتەوە. ئەگەرچی نەتەوەی کورد تەواوی فاکتەرە ئەسڵیەکانی بۆ پێکهێنانی دەوڵەت بە گشتی و حکوومەتی خودموختاری بە تایبەتی لە هەر بەشەی کوردستاندا هەیە، بەڵام دووبەرەکی لە ناو کورد و ناتەبایی نێوان ڕیزەکانی ئەحزابی سیاسی و لاوازیی لە ڕێبەرایەتی شۆڕش تا ئێستاکەو پشت ئەستوور نەبوون بە هێزی جەماوەری و هتد، دەستی کوردی هەژاری لە دامەزراندنی هەرچەشنە حکوومەتێکی سەربەخۆ بڕیوەتەوە. جارناجارێکیش ئەگەر حکوومەتێکی کاتی وەک کۆماری کوردستان هاتبێتە سەرکار، بە کەڵک وەرگرتن لەم دووبەرەکی و ئاڵۆزیانە لە لایەن دوژمنانی ئازادی گەل و نیشتمان ڕووخاوە و هەوڵەکانمان ئاش بە تاڵ ماوەتەوە.

مانەوەی نەتەوەی کورد لە ژێر دەسەڵاتی بێگانانـدا بووەتە هۆکاری سەرەکی بێبەش بوونی هاونیشتمانانی کورد لە مافە سەرەتاییەکانیان و لە نەبوونی حکوومەتێکی نەتەوەیی بۆ بەرگری لەم مافانە و هەروەها ڕاکێشانی باڵی ڕەشی ئیستبداد کە بە

درێژایی مێژوو بەسەرمانا زاڵ بووە، هەوڵ و تێکۆشان بۆ وەدەست هێنانی مافی تاک و کۆ، لە وتار و نووسین و شێعر و هەڵبەستی شاعێران و نووسەراندا خۆی نواندووە و من لێرەدا بەپێی توانا ئەو بەشە لە شێعرەکانی مامۆستا هێمن کە باس لە مافی تاک دەکەن، شرۆڤە دەکەم.

یەکسانی مرۆڤ لە هەمبەر یاسا سەرەتایەکە بۆ بەهرەمەندی لە ئازادی و بێگومان هاوسانی،بە بێ ڕەچاوکردنی جیاوازی ڕەگەز و پێست و زمان و... یەکێ لە مافە سروشتیەکانی تاک لە کۆمەڵگادا بە ئەژمار دێت. بەندی یەکەمی جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ بە ڕاشکاوی ئاماژەی بەم هەقیقەتە کردووە کە"هەموو مرۆڤان بە ئازادی لە دایک دەبن و یەکسانن لە نرخ و پایەو مافدا،عەقڵ و ویژدانیان پێ بەخشراوە و دەبێ بە ڕوحێکی برایانە ڕەفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکدیدا بکەن."[٢]

بە دڵنیاییەوە دەبێ بگوترێ کە یەکسانی مرۆڤ بە گشتی لە ئەندێشەی مامۆستا هێمن دا بووەتە هۆکاری ئەوەی کە لە زۆربەی شێعرەکانی هاواری یەکسانی وەک بنەمای ئەسڵێکی گرینگ خۆی بنوێنێ و بێگومان بارودۆخی ژیانی ناو کۆمەڵگای ئەو دەمی کوردستانیش لەم بیروبۆچوونەدا بێ تەئسیر نەبووە.دەنگی زوڵاڵ و هاواری بەرزی مامۆستا هێمن بۆ هاوسانی مرۆڤ لە هەستی ناسکیدا دەدرەوشێتەوە کاتێ ئێژێ:

" شیــوەنی من شیــوەنی ئینسانیــــە بانگی ئازادی و گڕوی یەکسانیــــە
شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە ئــەوگەلەی حاشادەکەن لێی و هەشــە "

گڕوی یەکسانی لە ڕوانگەی هێمن دا شیوەنێکی ئینسانیە بۆ گەلێکی بێ بەش کە حاشا لە بوونی وەک نەتەوەیەک دەکەن و مافی یەکسانی لە تەواوی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە زەوت کراوە. شاعێر هەستی بە جیاوازی کردووەو زانیویە کە چاولێکردن لە نەتەوەیەکی ژێردەست وەک تورکێکی شاخستانی یان شارۆمەندێکی پلە دووهەم و... سەرچاوەی سەرەکی هەموو ستەمەکانی دیکەیە کە لێیان دەکرێ. لە نەبوونی یەکسانیدایە کە دیلی و کۆیلەتی مرۆڤی کورد دەست پێ دەکات و نەبوونی یەکسانی دەسپێکی شێعر هۆندنەوەی هێمن بە ئەژمار دێت لە تەواوی شێعرەکانیدا.

لە بیر و هزری مامۆستا هێمن دا ئەم یەکسانیە تەنیا بەشی گشتی کورد وەک نەتەوەیەک لە ڕیزی گەلانی دیکە ناگرێتەوە،بەڵکوو هاوسانی نێر و مێ لە کۆمەڵگای کوردەواریش دەگرێتەوەو لەم بەشەدا بە ڕاستی مامۆستا هێمن زۆر بە ڕاشکاوی باسی هاوسانی ژن و پیاو دەکات و هیچ جیاوازیەک لە نێوانیاندا بەدی ناکات.

ئەگەر چاوێ بە بەندی دووهەمی جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤدا بخشێنین کە نووسیویە "هەموو مرۆڤێک بە بێ هیچ جیاوازییەک وەکوو جیاوازی بە هۆی ڕەگەز، ڕەنگ، جنس، زمان، ئایین، بیروڕای سیاسی یان هەر وایەکی دیکە و بنەچەو بنەمای نیشتمانی،کۆمەڵایەتی، دارایی و لەدایک بوون یان هەر شتێکی دیکە، شیاوی سوود وەرگرتنە لە تەواوی ئەو ماف و ئازادییانەی کە لەم بانگەوازەدا هاتوون"[٣] ئەم چەل بەرزی ئەندێشەی هێمن بۆ پێداگرتن لەسەر هاوسانی مرۆڤ دەردەکەوێ. بۆیرانە دەبێ بڵێم چاولێکردنی ژن و پیاو لە کۆمەڵگای ئەو دەمی کوردستاندا و هاواری هێمن بۆ ئەم یەکسانیە خاڵی بە هێزی شێعر و هەڵبەستی بە حەساو دێت. هێمنی

موکریانی زۆر پێشکەوتوانە ئەم بابەتەی وەک مافێکی تاکەکەسی ڕەچاو کردووە و هەڵبەستە پڕماناکانی لەم تەوەرەدا هەقیقەتی ئەم قسانە پێشان خوێنەر دەدەن هەروەک دەڵێ:

"بۆ خەباتی هاوبەشی یەکسانی توند و تیژی گەل
لاوی کارامەی بەجەرگ و کیژی سەنگینم دەوێ"
لە جێگەیەکی دیکەدا هێناویەتی:
" کچ وکوڕ و ژن وپیاوی دەکا خەباتی خوێناوی "

بەڵام شیاوی باسە کە ئەرکی نێر و مێ لە کۆمەڵگادا کاتێک گرینگتر دەبێ کە لە ڕوانگەی مامۆستا هێمن دا و لە زۆربەی شێعرەکانیدا هەر جێیەک باس لە کوڕ کرابێ بێگومان باس لە کیژان و ئەرکی ئەوان لە ڕێگای ڕزگاری و خەبات بۆ سەرکەوتن کراوە، واتە ژن و پیاو هاوشان و هاوبەش لە ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد بەرەوپێش دەبەن و ئەوەش ئاکامی هەرە بەرچاوی ئەم یەکسانیەیە کە هێمن لە تەواوی دیوانە شێعرەکەیدا پێڕەوی لێکردووە هەر وەک ئەم شێعرانەی خوارەوە:

"دەست لە ئەستۆی یەک دەکەن ئازادو شادو بەختەوەر
کیژ و کوڕ ، لاوی گراوی ، دڵبەر و دڵداری کورد "
"تا لە ژێر ڕەشبەڵەکی کیژ و کوڕی ڕق هەستاو
جەندەکی دوژمنی بەدکارە نەپەستوێن دەگریم"
"کیژوکوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن ڕەشبەڵەک
من کە شێن گێڕی شەهیدانم لە کوێ شینم دەوێ"
"دەبینی تۆ ئەگەر چاوێک بگێڕی
کچی وەک دوڕ کوڕی جوانتر لە زێڕی
هەلە هەڵکەوتووە بۆ کیژ و لاوان
نییە ئەوڕۆکە باخی سینە پاوان "

هێمن دژی هەر جۆرە جیاوازی دانانێکە تەنانەت لە نێوان هاوجنسدا.ئەم بیرە وێنەی ڕاستەوخۆی بەندی حەوتەمی جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤە کە دەڵێ:"هەموو مرۆڤان لە بەر دەم قانووندا هاوسانن و مافی ئەوەشیان هەیە کە وەک یەکدی و بە بێ جیاوازی لە لایەن یاساوە بپارێزرێن. هەروەها هەموو مافی پاراستنی یەکسانیان دژ بە هەر جیاوازییەک کە بە پێچەوانەی ئەم بانگەوازە بێ هەیە و ئەم بانگەوازە دژ بە هەر هاندان و ئاژاوە نانەوەیەکیشە کە ئاوەها جیاوازییەک ڕەچاو دەکات."[۴]

زۆربەی زۆری شێعرەکانی هێمن جیاوازی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا لە هەر شێوازێکیدا ڕەد دەکەنەوە. بۆ نموونە ئەندێشەی مامۆستا ئەم بۆچوونەی قەبووڵ نییە کە کچی میر و ئاغا لە ماڵێ بە کەیف خۆشی ڕابیوێرێ و کچی شوانیش بچێ بۆ نان چنینێ و ئەم بیرە بە بیرێکی گەندەڵ و ڕزیو دەزانێ و ئێژێ:

"ئەوەندە تەسکە بیری گەندە پیاوان دەکەن فەرقی کچی میران و گاوان
کچی میران دەبێ لیران وەخۆ خەن کچی گاوان دەبی پوشکان وەکۆکەن
کچی میری دەبێ خۆشی ببینێ کچی شوانی بچێتە نان چنینێ"

لە یادی مەکەن کە مامۆستا هێمن خۆی لە بنەماڵە هەرە دەوڵەمەندەکان و تەنانەت خانزادەکانیش بووە و گەورەیی ئەم پیاوە مەزنە لێرەدا زۆر زیاتر خۆی دەنوێنێ کە ئەسیری بیری هەڵەی جیاوازی دانان نەبووە و دژی ئەم بۆچوونانە ڕاوەستاوە.

بۆ نەپچڕان لەم باسە پێویستە بگوترێ کە لە شێعرەکانی هێمن دا، ئافرەت چ وەک هێمای جووانی و چ وەک مافی ڕەوای بۆ بەهرەمەندی لە ئازادی پێگەیەکی تایبەتی هەیە. یەکێ لە فاکتەرە ئەسڵیەکانی سەرکەوتنی هەر گەل و نیشتمانێک بە سەربەستی و ئازادی ژن بەستراوەتەوە و لە کۆمەڵگایەکدا کە مافی ژن پارێزرابێ، بێگومان بە ڕای مامۆستا هێمن شانسی سەرکەوتنیش زیاترە و لەژور دابەستنی ژن هەڵەکارییەکی گەورە و هەنگاونانەوە بەرەو تۆتالیتاریزم و سەرەڕۆییە کە هێمن بە توندی دژی ڕاوەستاوە. شێعرەکانی خوارەوە ڕاستی ئەم باسە و هزروبیری ڕۆشنی مامۆستا بە خوێنەر دەنوێنن:

"چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێردەست کەکچ دابەستەبێ
بەس نەبێ ئەو کۆیلەتی و ئەو کچ لە ژوور دابەستنە
دەرکی داخستووە لە تۆ بابەت کەچی دەرکی نییە
دەرکە داخستن لە تۆ دەرکی هۆمێد داخستنە "

مامۆستا لە جێیەکی دیکەدا دووبارە ئاماژە بە سەربەستی ژنان لە کۆمەڵگا دەکات و دەنووسێ:

"کچی هەموو کەس ئیمڕۆ سەربەستە هەر هەقی کچی کوردە پێ پەستە"

بە ڕای هێمن پێگەی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری وەک مرۆڤێکی ئازاد دەبێتە هۆکاری سەرەکی سەربەستی کوردستان. ژنی کورد بە فێربوونی زانست و عیلم، هیوای دوارۆژی وڵات ڕوون دەکاتەوە و دەبێتە مایەی شانازی کوردستان و گەلاوێژێ کە بە شەوقی گەشی زانایی، ڕۆژگاری تاڵی هەزاران ساڵەی کورد بنەبڕ دەکات و مەشغەڵی سەربەستی و پێشکەوتن بە دیاری دێنێ. لە شێعری وتوویژی کچ و کوڕدا، مامۆستا هێمن داوا لە کچی وریای کوردستان دەکات تا بە پساندنی زنجیر و کۆت لە حەپسی ژێر چارشێو بێتە دەر و بە یاریدەدانی برای خۆی واتە کوڕان بەرەو ئاسۆی ڕوونی ڕزگاری هەنگاو بنێتەوە. لەم بارەدا ئەم شێعرانە بۆ نموونە دێنمەوە:

"بپسێنە لە پێ تۆ زنجیر و کۆت دیدە گیان بدە یاری برای خۆت"
"ئەو پەچە و ڕووبەند و چارشێوەی نەدیوە نەنکی تۆ ئەو شڕ و شاڵاتە دیاری دوژمنی دڵ چڵکنە "

هەڵبەت لە باسەکانی داهاتوومدا زیاتر لەسەر مافی تاکەکەسی ژن و ڕۆڵی ئەوان لە پێشخستنی کۆمەڵگادا دەدوێم و هزری هێمن لەم بارەوە ڕوون دەکەمەوە و لێرەدا کۆتایی بەم بەشە دێنم.

[ ١ ]- شێخولئیسلامی موکری،سەیدمحەممەدئەمین، بارگەی یاران، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بڵاکراوەی ئاراس، هەولێر،ساڵی ٢٠٠٣.

2 -Article1:" All human beings are born free and equal in dignity and rights.Thay are endowed with reason and conscience and should act towards one another in a spirit of brotherhood."

3 -Article2:" Everyone is entitled to all the rights and freedoms set forth in this declaration, without distinction of any kind, such as race, colour, sex, language, religion, political or other opinion, national or social origin, property, birth or other status."

4 -Article7:" All are equal befor the law and are entitled without any discrimination to equal protection of law All are entitled to equal protection against any discrimination in violation of this declaration and against any incitement to such discrimination

## مافی تاک لە شێعرەکانی مامۆستا"هێمن"ی موکریانیدا

### بەشی دووهەم:

### ئازادی مرۆڤ لە کۆمەڵگای دیمۆکڕاتیکدا

بێگومان هەرکەس تاقە جارێک دیوانی شێعری هێمنی موکریانی خوێندبێتەوە دەزانێ کە ئازادی و ژیانی بە ئازاد لە کۆمەڵگای دیمۆکڕاتیکدا لای ئەم شاعیرە مەزنە چەندە بەقەدر و قیمەتە.بە دڵنیاییەوە دەبێ بڵێم کە دوو بەش لە سێ بەشی دیوانی هێمن لەسەر سەربەستی و ژیانی بە ئازادی مرۆڤ خول دەخواتەوە.

هەست بە کلۆڵی و چارەڕەشی گەلی کورد و سەوداسەری عیشق و ئازادی هێمن هان دەدا کە بێژێ:

"هەتاکوو دواپشوو ڕێبواری ڕێگای عیشق و ئازادیم
ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبیـــنم بەرهەمێکی تر "

تەنیا لە ژێر سێبەری ئازادیدایە کە مرۆڤ دەتوانێ بە مافی سروشتی خۆی دەست پەیدا بکات و بەو شێوە کە شیاوی ئینسانێکی سەربەستە درێژە بە ژیان بدا. جارێ گەردوونیی مافی مرۆڤ لە بەندی سێهەمدا دەنووسێ:"هەموو کەسێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی خۆی هەیە."[١] ئازادی لە کۆمەڵگای دیمۆکڕاتیک، بەو جۆرە کە لە شێعرەکانی مام هێمن دەر دەکەوێ، دەگەڕێتەوە بۆ سەر دابین کردنی حەق و حوقوقی مەدەنی هاووڵاتیانی کوردستان و هەروەها دابین کردنی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد بە دەستی

خۆی. ئـازادی بـە گشـتی گرینگتـرین فاکتـەرە لـە مێـژووی خـەباتی ڕزگاریخوازانـەی گـەلی کـورد و شـێعرەکانی هێمنـیش ئـەم ڕاسـتییە دەسەلمێنن و هەر ئەم ئیحساسە گرینگەی نەبوونی ئازادیە کە هێمن لە شێعرەکانیا هاواری بۆ دەکات:

" ئارەزوومە هەر چی ئینسانە بە ئازادی بژی     چۆن گەلی داماو و دیل و مات و خەمگینم دەوێ"

" ئەوەنـــدە گێژ و بێ هۆشن
حەیا و نامووسێ دەفرۆشن
لە بـــــۆ ئازادی ناکۆشـن
ئەمـن دەیلێم و بێ باکـم"

"شین و ڕۆڕۆ بوو بەشی کورد و سەری نابوو لەهەش     چون لە ئازادی برێک نەیبوو ئەویش بەهرەوبەش"
"هاتنە مەیدانێ کوڕی کوردی وەکوو فیلی دەمان     هەوڵی ئازادی دەدا ئەو بەهەموو وەخت و دەمان "
" چ خۆشە ژین بە سەربەستی چ خۆشە     چ خۆشە عیشق و سەرمەستی چ خۆشە "

هەستی پیرۆزی مامۆستا هێمن لەم شێعرە بەرزەیدا، وێنەی سەرفیرازی گەلی کورد لە دوای وەچنگ هێنانی ئازادی بە هەر ساحیب دڵێ دەنوێنێ:

" وا گزینگی دا بەیانی جوانی ئازادی بەشەر     ڕۆژی ڕووناکە نەماوە زوڵمەتی شەوگاری کورد "

بە بیر و ڕای هێمن ژیانی بە ئازاد و لە ژێر سێبەری دیمۆکراسییەتدا درێژە بە ژیاندان،غایەتی رەوتی ژیانە و بۆ گەیشتن بەم ئاواتە بۆی هەیە ئینسان دەس لە گیان بشواتەوە و کۆتـایی بـە کۆیلەتی بێنـێ. لـە حەقیقەتـدا مامۆستا بایـەخێکی زۆر دەدا بـە مافی ژیانی ئازادانەی تەواوی مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری بـە تـایبـەت ژنـانی کـورد و ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ دواکـەوتوویی و ژێرچەپۆکی لە ڕادە بەدەری ئافرەتانی وڵاتی کوردستان لە بەرانبەر پیاواندا. هێمن بە ڕاشکاویەوە دەنووسێ:

" دارزیـــنە، مـردنە، ئاخــر هەتـا کەی پێت بلێـن
نابێ بێتە دەر لە ماڵ،مافی ژیان کوا هی ژنە؟"

لە ئەندێشەی هێمن دا سەرکەوتنی نیشتمان، بە ئازادی تاکەکانی کۆمەڵ و بەتـایبـەت ژنانـەوە گـرێ دراوە و سـەرچاوەی ژیـن بـە بـێ ئازادی ژن، ناڕون و لێڵە. ئەوەیە هزرێ کە دەبێتە کاریگەر لە سەر هەستی ناسکی گەورەپیاوێ کە بنوسێ:

"با هەزار(زێ)و(گادەر)و(لاوێنی)ڕوونیشمان هەبێ
تا کوو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە"

ئاشکرا دیارە کە هەوڵی بێوچانی کیژان و لاوانی هەر نەتەوەیەک،دەبێتە هۆکاری سەرکەوتن و داگیرکردنی هەزاران بەندیخانەی ترسێنەری وەک قەلای باستیل و هتد و لە زەمانی چارەڕەشی کورد و زوڵم و زۆری پاشایەتیدایە کە هێمن بە پێ داگرتن لە سەر ئەم ئەسڵە هاوار بەرز دەکاتەوە:

"لاوی کوردی لە هەموو لاوە وەکوو شێری ژیان

دێتە مەیدان و دەڵێ من دەمەوێ مافی ژیان "

لە شێعری "بابردەڵە"دا بولبولی کوردستان بە زمانێکی پاراو، تانە و تەشەر و گازەندەی خۆی لە ژیانی هەژارانە و بە ژێردەستی و کۆیلەتی دەردەبڕێ و دەخوێنێ:

" لە بەر ئازاری ژینی نالە باری

دەخوێنێ بولبولی شەیدا بەزاری

چ تاڵە کۆیلەتی و دیلی چ تاڵە

بەکەم بێ ژینی وا پڕ ئاه و ناڵە"

سەرەڕای دەربڕینی هەموو دەردە دڵێک لە نەبوونی ژیانی ئازاددا، هێمن لای وایە کە مرۆڤی دیل و یەخسیر هیچکاتێ نابێ لە تێکۆشان بوەستێ و لە ڕێگای خەباتی ڕزگاریخوازانەدا بە چۆکدا بێت و لە تەنگ و چەڵەمەکانی ئەستەمی سەر ڕێگای سەرکەوتن بسڵەمێتەوە و هەر بەو بۆچوونەشەوە کۆتایی بە شێعرە جوانەکەی بابردەڵە دێنێ و بە خوێنەر پێشان دەدا کە کوڕی کورد ناهومێدی ناناسێ و لەم بارەوە دەڵێ:

" ژیانم پڕ لە ڕەنج و دەرد و داخە

ئەوە گیرسامەوە لەو کێو و شاخە

بەڵام هاو دەردی ئازیزم هەتا هەم

وەکو تۆدەردی دڵ ناکەم لەدەس خەم

ئەمن پێم خۆش نییە ئاودەنگی قەل بم

ئەمن پێم خۆش نییە بێزراوی گەل بم

هەتا دوژمن نەگەوزێنێ دەخوێنم

دەخوێنم بۆ گەلی خۆم، هەر دەخوێنم"

# مافی تاک لە شێعرەکانی مامۆستا"هێمن"ی موکریانیدا

## بەشی سێهەم:

### ئازادی ئەندێشە لە کۆمەڵگای دیمۆکراتیکدا

ئازادی ئەندێشە و پێکهاتنی بارودۆخی لەبار بۆ دەربڕینی بیروڕا یەکێکی دیکە لە مافەکانی تاکەکەسی لە کۆمەڵگای ئینسانیدایە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ بەرز بوونەوەی پلەی زانیاری شارۆمەندانی نێو کۆمەڵگا. گرینگی دەربڕینی بیر و باوەڕ تا ڕادەیەکە کە جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ بە ڕاشکاوی لە بەندی نۆزدەهەم دا دەنووسێ"هەرکەسێک مافی ئازادی بیروڕا و ڕادەربڕینی هەیە، ئەم مافەش هەڵگرتنی بیروڕا بە بێ خۆتێکەڵکردنی کەسێکی دیکەو وەرگرتنی هەواڵ و بیر و باوەڕ بڵاوکردنەوەیان بە هەر شێوەیەک و بە بێ خۆبەستنەوە بە سنووری جوگرافی دەگرێتەوە."[٢] پێوەندی نێوان بەرز بوونی ئاستی زانیاری و ئازادی ئەندێشە بەم شێوازەیە کە هەر ئەندازە ڕادەی خوێندەواری شارۆمەندانی کۆمەڵگا لەسەرتر بێ بێگومان هەوڵ و تێکۆشان بۆ وەرگرتنی مافی تاک و کۆی دانیشتوان لە چوارچێوەیەکی بەرینتردا خۆی نیشان دەدا و لە کورت خایەندا ئاکامی بەرچاوی لەمەڕ پێشکەوتنی بەکۆمەڵ لێدەکەوێتەوە.

ڕەخساندنی هەلومەرجی لەبار بۆ ئازادی ئەندێشە و دەربڕینی بێ ترس و لەرزی بیرۆکە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا، هۆکاری ئەسڵی لەناو بردنی دیکتاتۆریەت و هەنگاونانەوە بۆ وەدەست خستنی ئازادی و لە ئاکامدا سەرکەوتنە. بەندی هەژدەی جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ لەم بارەوە نووسیویە کە"هەمووکەسێک مافی ئازادیی بیرکردنەوە و ویژدان و ئایینی هەیە. ئەم مافە ئازادی گۆڕینی ئایین و بڕوا دەگرێتەوە و مرۆڤ لە دەربڕینی ئەو ئازادییەشدا، بە فێر بوون و خەریک بوون و ئەنجامدان و پەیڕەوکردنی داب و دەستووری ئەو ئایین و بڕوایە بە نهێنی یا ئاشکرا و بە تەنێ یا بە کۆمەڵ، ئازادە."[٣]

سانسۆڕ یان لە ڕاستیدا نەبوونی ئازادی ئەندێشە و دەربڕینی بیروڕا هۆکاری سەرەکی دواکەوتوویی وڵاتانی جیهانی سێهەم لەچاو وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوایە.نزم بوونی ئاستی زانست و سێبەری شوومی فەقری فەرهەنگی کە بە درێژایی نزیکەو نۆ سەدە بەسەر وڵاتانی جیهانی سێهەمدا زاڵ بووە،گەورەترین کۆسپ لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی ئەم وڵاتانەیە.

ئەگەر ئێمە چاو لە ڕاستی دانەپۆشین دەتوانین کاریگەری خراپی سانسۆر و نەبوونی ئازادی ئەندێشە لە نێو نەتەوەگەلی پاشکەوتوو لە وڵاتانی پاشکەوتوودا زۆر بەرچاوتر ببینین و ئاشکرا دیارە کە ئەم دیاردە شوومە لە درێژخایەندا دەبێ چ بەڵایەک بەسەر دانیشتوانی کۆمەڵگای ئینسانیدا بێنێ.

مامۆستا هێمن وەک شاعێرێکی ڕووناکبیرو دڵسۆز،کوردستانی ڕۆژهەڵات بە وێنەی هەرە بەرچاوی نەتەوەگەلی پاشکەوتوو دەزانێ. ئێران لە زەمانی دەسەڵات و زەبر و زەنگی پاشایەتیدا وڵاتێکی پاشکەوتوو بوو و کوردستانیش نەتەوەیەکی هەژاری دواکەوتووو

چارەڕەش لە وڵاتێکی پاشکەوتوودا. مامۆستا لای وایە کە هەرچی ڕووناکبیرانی گەلێک لەبردنەسەری ئەندێشەی هاووڵاتیاندا ڕۆڵی بەرچاو و هەڵسوڕانی چالاکانەیان بێت، باشتر دەتوانن لەم ڕێگایەوە خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەیان بکەن و لە کەم کردنەوەی ڕادەی نائاگایی و لەناوبردنی پاشکەوتوویی وڵاتەکەیان ڕۆڵی بەرچاو ببینن و کاریگەربن. هاوارکردن بۆ ئازادی ئەندێشە و دەربڕینی بیرۆکە جوراوجۆرەکانی ناو کۆمەڵگا ئەرکێکی گشتی و هەمەلایەنەی ڕۆشنبیرانی هەرنەتەوەیەک بە ئەژمار دێت تا بۆ گەیشتن بە بەندەری ئازادی و ژیانی بە ئازاد لە ڕێگای بردنەسەری زانیاریدا، یاریدەدەری شارۆمەندان بن و بەرەو سەرکەوتن هانیان بدەن. لە ڕوانگەی مامۆستا هێمن دا بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکەو بەرەوڕوو بوونەوەی ئەندێشە جیاوازەکانی شارۆمەندانی کۆمەڵگا دەبێتە بنەمای گەشەکردنی وڵات.

چاوخشاندن بە دیوانی هێمن و کاریگەری شێعرەکانی، لەم تەوەرەدا و بە تایبەت لە هەلومەرجی ناسکی دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان بە ڕوونی دەری دەخات کە خوێندن و زانست تا چ ڕادە دەتوانێ یاریدەدەری مرۆڤی دواکەوتوو بێت بۆ گەیشتن بە مافی تاکەکەسی و لە واقیعدا ئەو توانی ڕادەی وشیاری هاووڵاتیان تا ئاستێکی هەرە بەرچاو بەرێتە سەرێ و خەڵکی ئەودەمی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێرانیش بە پێی دەنگی پڕسۆزی مامۆستاوە دەچوون و لە مەڕ ئاوەدان کردنەوەی وڵاتی خۆیاندا هەنگاویان دەناوە. لە سەرانسەری دیوانی هێمن دا نموونەی یەگجار زۆر دەبینرێ کە بە زمانی پاراوی خۆی، هاووڵاتیانی نێر و مێ لە کۆمەڵگای ئەودەمی کوردستان هان دەدا بۆ ڕاکردن بۆ مەدرەسە و قوتابخانەکان و خوێندن بۆ سەرکەوتن لە بواری عیلم و سەنعەتا. هێمنی موکریانی لە شێعری "یادگاری شیرن"دا ڕووی قسەی لە ئافرەتانە و پێیان دەڵێ:

"کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کرد و ئەتۆش
هەر دەزانی ناوی (ئەستێوڵک) و (دەرخۆنە) و (پنە)
فێـــری زانست و هونـــەر بوو ئەو لە سایەی خوێندنی
تـــۆش تـــەشیمـــان بـــۆ دەڕێـــسی یادگـــاری شیـــرنە"

لەم شێعرەدا تووڕەییەکی دڵسۆزانە دەبینین کە نیشان دەدا خوێندنی کیژان لە ڕێگای پێشکەوتندا چەندە دەتوانێ کاریگەر بێت و هەروەها پێگەی عیلم و فێرە زانست بوون بۆ مرۆڤی کۆمەڵگا لای مامۆستا تا چ ڕادەیەک بە ئەرزشە. مامۆستا لە درێژەی شێعرەکەیدا و لە بەراوردکردنی کیژانی وڵاتانی وەک ئێمە دواکەوتوو لەتەک ئافرەتانی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری سەنعەت و زانیندا دەڵێ:

"ئـــەو بە ئاسمانا فڕی، دنیا گەڕا، چووە بن بەحر
دەک نەمێنم کاری ئێوەش هەر لەژوور دانیشتنە
کوڕ بەزێنە ئەو لە عیلم و ئەو لە کار و سەنعەتـــا
گۆرەویشە سەنعەتی تۆ، پێت خەنی بـــووم بیـــچنە "

لە کۆتایی شێعری یادگاری شیرندا مامۆستا هێمن بە ڕاشکاوی بیرۆکە و وەسیەتی خۆی دەخاتە سەر پەڕەی دەفتەر و دیوانی و بۆ

نەهێشتنی لێقەوماوی و چارەڕەشی گەلە ملّ بەهەشەکەی وەک شاعێرێکی ڕووناکبیری بەوەفا، دلّ پاکانە داوا لە کیژانی کوردستان دەکات کە:

" کۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست! ڕاپەرە، هەستە لە خەو ، ئاخر چ وەختی خەوتنە؟
دەرکە بشکێنە ، پەچە بدڕێنە ، ڕاکە مەدرەســـە چاری دەردی کوردەواری خوێندنە، هەرخوێندنــە "

هەر وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا زانست و خوێندەواری پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەلّ ئاگایی کۆمەلایەتی و نەهێشتنی پاشکەوتوویی ولاتانەوە هەیە کە دەبێتە پردەبازێک بۆ گەیشتن بە ئازادی ئەندێشە و پەرەدان بە فەرهەنگی نەتەوەیی لە کۆمەلگای ئازاد و دیمۆکڕاتیکدا. لە زەمانی حکوومەتی ڕەزاشا و موحەممەدڕەزاشای پەهلەوی، مامۆستا هێمن زۆر بوێرانە لە شێعری "ڕۆژگاری ڕەش"دا بەرەوڕووی نەیارانی ئازادی مرۆڤ دەبێتەوە و دەنووسێ:

"داخــرا دەرکی ڕۆژنامــە شکاون نووکــی خامە
کوردی نووسین حەرامــە دوژمن دەلّێ بێ تامە"

لە باسێکی دیکەدا لەمەڕ خوێندن و نووسێن بە زمانی زگماکی وەک مافی سروشتی هەر مرۆڤێکی ئەم جیهانە دەلّێ:

"خوێندن بەزمانی خۆمان ســووچ و تاوانــە بۆمان
چاپخانــە و بلّیندگۆمان بوونە بەردی بن گۆمان"

مامۆستا هێمن لە شێعری "ڕۆژگاری ڕەش"دا لەدار دانی بیری ئازاد بە دەورانی بێداد ناودێر دەکات و بە هاووڵاتیانی کورد ڕادەگەیەنێ کە دوژمنانی ئازادی ئەندێشە و زانست بە چەقاندنی داری بێداد لە فکری ئەوەدان کە چنگالّی چەپەلّی ئیستیبداد بەسەرماندا زالّ بکەن و لە سایەی پشتیوانی هێزە ئیمپریالیستەکاندا درێژە بە دەسەلاتی ملهوڕانەی خۆیان بدەن و لەم بارەوە پێمان دەلّێ:

"لە چوارچرای مەهاباد لە کانگای بیری ئازاد
دەستی ڕەشی ئیستبداد چەقاندی داری بێداد"

بەلام بە ڕای هێمن زەبر و زەنگ و ناحەقی نابێ ببێتە مایەی ناهومێدی و لە درێژەی ئەم شێعرەدا ئێژێ کە کچ و کوڕی کورد چرکەساتێک لە ڕێگای وەدەست هێنانی مافی سروشتی خۆیان ناوەستن و تا گەیشتن بە ئازادی هەدا نادەن و ئەمەش بە خۆناسین و ئاگایی و هۆشیاری کۆمەلانی کوردستان دەبەستێتەوە و لای وایە خۆناسین سەرەتایەکە بۆ تێپەڕکردنی گیروگرفتەکانی ناو کۆمەلّگا و هەلّکردنی ئالای سەربەستی لەسەر لوتکەی بەرزی ڕزگاری.

" داخدارە خوێنی دیــوە        بێدارە خــۆی ناسیــوە
لـە دوژمن ڕاپەڕیـوە        باسکی لێ هەڵماڵیــوە"

ڕەوتی مێژوو لە تەواوی دەورانی سووری خۆیدا نیشانی داوە کە هیچکاتێ حکوومەتە ملهوڕەکان نەیانتوانیوە بـە گرتن و بڕینـی زمـانی زانایان و کوێرکردن و بەستنی چاوی ڕۆشنبیران بە ئاواتی چەپەڵی خۆیان بگەن و چەرخی پێشکەوتنی گـەلان لـە وەستان بخـەن. بـە ڕای ماموستا دەرک و بانی ئەندێشە لە هیچ زەمانێک و بە دەستی هیچ دێوەزمەیـەکی مێشک پـووک، تەختەبەنـد نـاکرێ و لـە ئاکامدا هەستی پاک و مێشکی تـازە و بیری نوێ، تەسکەبیری و کۆنەپەرەستی و گەندەڵی دەخاتە ژێرپێ و تەنگی پێ هەڵ دەچنێ و مەیدانی بەربـەرەکانێی پـێ چۆڵ دەکـات. سـەرەنجام ڕۆژێ دێ کـە تیشکی سەربەسـتی  هـەوری خەفـەت و چارەڕەشی ڕامـاڵێ و بەسـەر وڵاتـی ئێمەشدا چەپکەگوڵی گوڵتاری ئازادی داباڕێنێ. هێمن لە شێعری "شەپۆلی تۆڵە"دا ئـەم بـابەتـە دێنێتـە گـۆڕێ و دەریـای ئـاگری ڕق و قین وەک دەرمانی ڕێگای ڕزگاری لە چنگ دام و دەزگای سەرەڕۆیی ڕەزاخانی، بە مرۆڤی کوردستان دەناسێنێ و دەنووسێ:

" ئـەو قـزل قەلعـــە کە بـۆتە باستیـــل        هەردەبێ پڕبــێ لە یەخسیـــر و دیل؟
تاکووکەی نەشکێ کەلەپچەودەسبەنـد        زەجر و ئازار و شکەنجـە تـا چەنـد؟
خـــوێنــی لاوانـی بـە بیـــر و بـــڕوا        هـەر دەبــێ بڕژێ بە فیـــڕۆ بـڕوا؟
وەختـــی وەی هاتـــووە خۆت ڕاپسێنـــی        تۆڵـــە وەرگـــریەوە، هـــەق بستێنـــی
ئــەو ڕق و قیـــن و بەگـــڕدا چوونـــە        تاقە ڕێگایـــەک بـــۆ ڕزگـار بوونـــە"

بێگومان لە سەرجەمی دیوانەکەی هێمن دا، خوێنەر دەتوانێ گرینگی دان بە بیرۆکەی ئـازاد و دەربڕینـی بیـروڕا و پێـداگرتنی ماموستا لەسەر مافی تاکەکەسی مرۆڤ لەم بارەوە ببینێ و بەم ئاکامە بگات کە شاعێری گەورەی گەلەکەمان،ئەندێشەی ئازاد،بە تـەنیا ڕێگـای ڕزگـاری لـە کۆیلـەتی و دورکەوتنـەوە لـە خۆپـەرەستی و کۆتـایی هێنـان بـە هـەژاری کـوردان دەزانـێ و لـە شێعری"فرمێسکی ڕنوو"دا پشتیوانی خۆی لەم بابەتە دەردەبڕێ:

" جێی گەرم، پارووی نەرم خۆشە، بەڵام بۆ مافی خۆم
سێبـەری ئەشکـەوتی سارد و نوێنی بەردینـم دەوێ
بـۆ نەجـاتی ئەم گەلــە کۆیلـە و هەژار و بێکەســە
گیـــانی پاک و بیـــری تیـــژ و ڕێگە ناسینـــم دەوێ "

### کۆتـایی

لە کۆتایی ئەم باسەدا پێویستە بێژم کە ئـەم لێکۆڵینەوەیـە تـەنیا بەشێکی بچووک لـە دەریـای مەنـد و بێبنـی بیـر و هەسـتی ناسکی ماموستا هێمن دەگرێتەوە و بێگومان ئەمە هەشتێک لە مشتێکە. ئەم باسە تەنیا ڕچە شکاندنێکە بۆ ئەوەی قەڵەم بەدەستانی کورد لـە بـواری مـاف ناسیدا لێکۆڵینـەوەی لەسـەر بکـەن. دڵنیـام کـە ئەگـەر تـوێژینـەوەی ئـەم بابەتـانـە لـە پانتاییـەکی بڵاوتـردا و لـە مەڕ

شاعێرانی چاخی کۆن و نوێی کوردستان بە ئەنجام بگات ئاکام و دەسکەوتی نوێی بەدوودا دێت. ئەنجامی ئەم توێژینەوانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە شارۆمەندانی کوردستان، هەرچی باشتر مافە سروشتیەکانی خۆیان بناسن و بەرەو ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتن هەنگاو بنێنەوە و چاوەڕێی ڕۆژی خۆشی سەربەستی بن کە هێمن موژدەی بە
گەل دەدا و دەڵێ:

" چاوەدێری ڕۆژی خۆشی جێژنی سەربەستیم ئەمن
گەر مودارا وا دەگەڵ ئەمڕۆژی تاڵی خۆم دەکەم "

سەرچاوەکان :

١- شێخولئیسلامی موکری، سەیدمحەممەدئەمین، بارگەی یاران، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بڵاکراوەی ئاراس، هەولێر،ساڵی ٢٠٠٣.

٢- کەمالان،سەید مێهدی،مەنشووری سازمانی میلەلی موتتەحید(ناوی کتێب)،چاپی یەکەم، ئینتشاراتی کەمالان، تاران، ساڵی ١٣٨۶.

٣- نەزان،کەنداڵ، جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ، وەرگێڕانی عەلی بەلخکانلوو، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەنستیتوی کورد، پاریس.

٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ (١٣٨٩/٧/١٠)

5- Article 3:" Everyone has the right to life, liberty and security of person".
6-Article 19:" Everyone has the right to freedoom of opinion and expression;this right includes freedom to hold opinions without interference and to seek , receive and impart information and ideas through any media and regardless of frontiers."
7- Article18:" Everyone has the right to freedoom of thought, conscience and religion; this right includes freedom to change his religion or belief, and freedom, either alone community with others and in public or private, to manifest his religion or belief in teaching, practice, worship and observance."

سەرچاوە : ماڵپەری هەڵوێست

# "هێمن"ی داشداری ماف و "هێمن"ی بێ ماف !

**سەعی سەقزی**

لە سایتی ئەنترنێتی هەڵوێست(www.helwist.com) دا دوو نووسراوەم بەناوەکانی: مافی تاک لە شێعرەکانی مامۆستا"هێمن"ی موکریانیدا.



مافی تاک لە شێعرەکانی مامۆستا"هێمن"ی موکریانیدا- ئازادی مرۆڤ لە کۆمەڵگای دیمۆکڕاتیکدا

بە پێنووسی بەڕێز (شۆڕش کوردستانی) خوێندەوە. ناوەرۆکی نووسراوەکان هەڵسەنگاندنی ٥٧ کۆپلە هۆنراوەیە بە پێنووسی کەسێک بە ناوی: (هێمن موکریانی)، لە کۆتایی نووسراوەکاندا چەن سەرچاوە سەبارەت بەو هۆنراوانە دەسنیشان کراوە، بەڵام بێ ئەوەی ژمارەی لاپەڕەی ئەو سەرچاوانە کە هۆنراوەکانی تێدا چاپکراوە، دیاری کرابێت. ئەو کەمتەرخەمییە زیان بە نووسراوە ئەگەیێنێ، جوانترە نووسەر هەم بۆ بایەخدان بە کارەکەی و هەم بۆ ئاسانکاری کاری خوێنەران ژمارەی لاپەڕەکانی ئەو سەرچاوانە کە سوودی لێوەر ئەگرێت، دەسنیشان بکات.

سەردێری نووسراوەکان هانیدانم چەن دێڕێک وەک روونکردنەوە بخەمە بەردەس کاک (شۆڕش کوردستانی). هۆنراوەکانی ئەو نووسراوانە بۆم ئاشنا بوون، بەڵام بۆ ئەرخایەن بوون سەرلەنوێ دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبەکانی (تاریک و روون) و (ناڵەی جودایی) کە دوو بەرهەمی بەپێزی شاعیرێکی کوردن بەناوی: (هێمن) - ٥٠ کۆپلە لەو ٥٧ کۆپلە (بەیت) وان لەو دوو کتێبەدا. بەداخەوە ٧ کۆپلەکەی دیکەم بۆ پەیدا بوو.

نووسەر لەژێر تیشکی هۆنراوەکانی (هێمن)دا باسی (ئازادی مرۆڤ لە کۆمەڵگای دیمۆکڕاتیکدا) و باسی (مافی تاک) هەر لەو بازنەدا ئەکات، بەڵام جێگەی داخە ناوی (هێمن) کراوە بە (هێمن موکریانی)! لێرەدا دەبێ بڵێین مافی هێمن وەک خاوەنی ئەو هۆنراوانە دەسدرێژی کراوەتە سەر، هەروەها وەک کەسێکیش کە داشدیاری لە مافی (ئازادی مرۆڤ لە کۆمەڵگای دیمۆکڕاتیکدا)بەگشتی و لە (مافی تاک)بەتایبەتی کە نووسەر لە نووسراوەکانیدا پشتی پێبەستووە ئەکات، بەگۆڕینی ناوی هێمن بە هێمن موکریانی ئەو باسەیش دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە!

بۆ دەکەوێتە ژێر پرسیار؟

ئەو هۆنراوانە کە وەک سەرچاوە بەکار براوە، هۆنراوەی شاعیرێکە بەناوی هێمن یا باشتر بڵێین بە نازناوی (هێمن)ەوە، نەک (هێمن موکریانی)! لە ژیانی ڕۆژانەی سادەوە بگرە تا کاری هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە کە نووسەر خۆی بۆ ماندوو کردووە پێویستە بەڵگە و دیکۆمێنتەکان وەک خۆی بخرێتە بەر دەس! بە دەسکاریکردنی بەڵگەیەک تێکڕای کارەکە نرخ و بەهای خۆی بەگشتی لەدەس دەدات و بەتایبەتی دەسکاریکردنی ناوی خاوەنی ئەو هۆنراوانە کە بۆخۆی لە ژیاندا نەماوە، ئایا ئەو نووسراوە کارایی خۆی دەبێت ؟

تێبینی: ئەگەر ئەو سەرچاوانە کە بەڕێز (شۆرش کوردستانی) ئاماژەی پێکردووە هۆنراوەکانی شاعیریان بەناوی (هێمن موکریانی)یەوە چاپ کردبێت، بەرپرسیاری ئەو کارە ئەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، نەک کاک شۆرش، بەڵام وەک خاوەنی ئەو نووسراوانە پێویستە لەو باسە بکۆڵێتەوە بۆچ ناوی هێمن کراوە بە هێمن موکریانی.

نا بەجێ نییە لێرەدا چەن دێڕێک بەناوی:(هێمن موکریانی یا هێمن؟) کە ساڵی ۲۰۰۳ نووسراوە و بە یارمەتی بەرپرسانی چەن سایتی کوردی بڵاوکراوەتەوە بخەمە بەردەس، بەو هیوایە ئەو کارە ناشایست و نادیمۆکراتییە دووبارە نەبێتەوە!

سەعی سەقزی ۱۰ / ۵ / ۲۰۱۱ - sai.saqzi@gmail.com

## هێمن موکریانی یا هێمن؟

«کتێبفرۆشی هەرزان» دووکانێکی کتێب فرۆشییە لە شاری ستۆکۆڵم. ئەم کتێبفرۆشییە لە سەرتای ساڵی ۲۰۰۳ دا کتێبێکی بەناوی:(دیوانی هێمن موکریانی) چاپ کردووە، ئەم کتێبە بریتییە لە (تاریک و ڕوون) - (ناڵەی جودایی) - (پاشەڕۆک) و (لێرەولەوێ). ئەو کتێبانە بەرهەمی ژیانی (هێمن) شاعیری بەناوبانگی کوردستانن. کاک سلێمان چیرە(هێرش) بەرپرسی گۆڤاری گزینگ پێشەکی بۆ ئەو کتێبە نووسیوە. دیاریکردنی ئەو ناوە واتە (هێمن موکریانی) هانیدام تا ئەم چەند دێڕە بخەمە بەردەستی خوێنەران! (هێمن)ی شاعیر پیویستی بەوە نییە من بیناسێنم! هەر شوان و گاوانێ، هەر جوتیار و کرێکارێ، هەر خوێنەوار و هونەرمەندێکی کورد بە ژن و پیاوەوە، بە کوڕ و کچەوە بە هێمن ئەڵێن:

دڵم هێند تەنگە هەرجێی تۆ دەبێ و بەس،

ئەتۆیش مەحکوومی حەپسی ئینفرادی! (هێمن)

شاعیر، سەبارەت بە خۆی بەم جۆرەی نووسیوە: {(شاعیری هیچ قازانجی بۆ من نەبووبێ ئەو قازانجەی هەبووە کە ئەو ناوە دوور و درێژەی (سەید موحەمەد ئەمینی شێخە لیسلامی موکری لە کۆڵ کردوومەتەوە.). سەرچاوە - کتێبی تاریک و ڕوون، لاپەرە (۳) . شاعیر لە سەردەمی ژیانیدا بەرهەمەکانی لەو ساڵانەدا بەچاپ گەیاندوون.)

۱- {ناڵەی جودایی چاپخانەی (علاء)، بەغدا ساڵی ۱۹۷۹}

٢- {تاریک و روون (کتێب فرۆشی سەیدیان مهاباد) بە داخەوە ساڵی چاپکردنی نەنووسراوە، بەڵام ئەڵێن لە ساڵی ١٩٧٤ یان ١٩٧٥ دا لە بەغدا چاپ کراوە}.

٣- {پاشەرۆک (کتێب فرۆشی سەیدیان، مهاباد ١٣٦٢}.

ئەو سێ کتێبە بە ناوی(هێمن)وە چاپکراوە! جێگەی داخە کتێبفرۆشی هەرزان کردوویە بە(هێمن موکریانی). لە کاری وەرگێڕان«تەرجومە« هەروەها چاپکردنەوەی بەرهەمی کەسێکدا دەسپاکی و ئەمانەتداری گرنگترین مەرجە! ئەگەر لە چاپی پێشووی بەرهەمی نووسەرێ، شاعیرێکدا، هەڵە و کەموکورییەک بەرچاو کەوتبێت، لە چاپی تازەدا بە دەسنیشانکردن و نووسینەوەی هەڵەکان، ئینجا دورستەکەی دەنووسرێت.

گۆڕینی ناوی نووسەری ئەو کتێبانە لە (هێمن) بۆ (هێمن موکریانی ) جێگەی پرسیار و لێکۆڵنەوەیە! نووسەری ئەو کتێبانە خۆی نازناوی بۆ خۆی دیاری کردووە! نەک تەینا خاوەنی کتێبخانەی (هەرزان) بەڵکۆ خاوەنی چاپخانە (علا) و (سەیدیان).... کە پێشتر چاپیان کردوون ناتوانن و بۆیان نییە ئەو کارە بکەن، نەک تەینا ئەوان بەڵکۆ و کور و کچ و خزم و کەسی شاعیریش ناتوانن نازناوەی شاعیر دەسکاری بکەن.

کور و کچ و خزم و کەسی هێمنی شاعیر لە باری ماڵییەوە دەتوانن خۆیان بە میراتگر و وارسی شاعیر بزانن کە بە چ نرخ و بەهایەک دەیفرۆشن یان بە کام چاپخانەی دەبەخشن کە چاپی کاتەوە، بەڵام لە بابەت ناو و ناوەرۆکی کتێبەکان و نازناوی شاعیرەوە ئەوانیش وارس و میراتگری هێمن نین! وارس و میراتگری راستەقینەی ناو و ناوەرۆکی بەرهەمەکان و نازناوی هێمن، هەروەها تێکڕای شاعیر و نووسەرانی کوردستان کە لە ژیاندا نەماون، گەلی کوردە! وەک دەبینین شاعیر دەڵێت: (شاعیری هیچ قازانجی بۆ من نەبووبێ ئەو قازانجەی هەبووە کە ئەو ناوە دوور و درێژەی (سەید موحەممەد ئەمینی شێخە لیسلامی موکری) لە کۆڵ کردوومەتەوە}. ئەگەر شاعیر خۆی بە پێویستی بزانیایەت و پێی باش ببوایەت نازناوی هێمن موکریانی بۆ خۆی دیاری ئەکرد.

ئەو کارەی کتێبخانەی هەرزان و کاک سلێمان چیرە سێ زیانی مەزنی لە خۆگرتووە.

١- دەسدرێژی کردن بۆ سەر مافی شاعیر و گەلی کورد.

٢- دەسدرێژی کردنە بۆ سەر چاپەمەنی بەگشتی و چاپەمەنی کوردی بەتایبەتی! لە کاری سانسۆردا بەشێک لە نووسراوە یا وتووێژی کەسێک ئەقرتێنن بەو کارە زیان بە خاوەنەکەی دەگات. زیاد کردن و پێوەلکاندنیش هەر هەمان کارە و زیان بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت! ئەو جۆرە کارانە هەموو کەسێک ناوێرێت ئەنجامی بدات، بە ئەنجامدانی ئەو کارە دەڕواتە ریزی سانسۆرچییەتی کە دژایەتی هەیە لە گەڵ پرۆسەی ئازادیدا.

٣- زیانبەخشترین زیانی ئەو کارە بۆ ئێمەی کورد، وەک دەزانین ئێمەی کورد بە هۆی سیاسەتی جهانی بەگشتی و سیاسەتی داگیرکەران بەتایبەتی لە کیان و سیمایەکی سیاسی کوردی واتە دەوڵەتی کوردستان و چوارچێوەیەکی سیاسی جوگرافی کوردستان

بێبەشین، هەموو ئەوانەی کە لە شۆڕشی کوردستاندا بەشدارییان کردووە و دەیکەن چاوەڕوانی ئەوەن ڕۆژێک بێتە پێشەوە کە کیان و چوارچێوەیەکی وەها بێتەدی، جا وەک کوردستانێکی یەکپارچە بە یەک دەوڵەت یا بەم چەند پارچەیی ئەمرۆ لە ژێر دەسەڵاتی چوار دەوڵەتی کوردی وەک ئەو گەلانەی دیکە کە کراون بە چەن بەشەوە و چەند دەوڵەتیان هەیە!

گۆڕینی نازناوی شاعیر لە (هێمن)وە بۆ (هێمن موکریانی) هەم زیان بەو ئامانجە دەگەیەنێت و هەمیش هێنانە خوارەوەی جێگە پلە و شوێنی (هێمن)ە لە مەیدانی بەربڵاوی کوردستانەوە بۆ مەیدانێکی بەر تەسک و بچکۆلە بە ناوی موکریان! جێگەی داخە دەسدرێژی کردن بۆ سەر مافی نووسەرانێک کە لە ژیاندا نەماون زۆر بە ئاسانی ئەنجام ئەدرێت. بۆ ئاگاداری: (کتێبی ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا) لە بەرهەمەکانی نووسەری نەمر مامۆستا (عەبدولخالق مەعروف) لە کاک (عەلی کتابی) وەرگێڕدراوەتە سەر فارسی، جێگەی داخە ناوی کتێبەکەی کردووە بە (اسلام و زن).

وەک نووسەری ئەم چەند دێرە لە ساڵی ٢٠٠٠ دا نووسراوەیەکم بەناوی: (ڕەنجی شەهیدان سەروەتی گەلە، با لە دەسکاریکردنی خۆ بپارێزین) نووسی کە لە ژمارە ٢٨ی گۆڤاری گزینگدا بڵاو کرایەوە، لەو نووسراوە ڕەخنەم لەو کارەی کاک (عەلی کتابی) گرتووە!

ئەو کەسانە کە هەستاون بە گۆڕینی نازناوی شاعیر و نووسەران و گۆڕینی ناوی بەرهەمەکانیان، ئازادن چ ناوێک بۆ خۆیان و بۆ بەرهەمەکانیان دیاری ئەکەن، بەڵام دەبێت هەست بە بەرپرسیاری بکەن و بە دەسپاکی و ئەمانەتدارییەوە لە گەڵ بەرهەمی کەسانی دیکە بەگشتی و بەتایبەت ئەوانەی کە لەژیاندا نین بجوڵێنەوە!

زیان بەخشترین زیانی ئەو کارە ڕەنگدانەوەی لە سەر سیاسەتی جوگرافی کوردستانە، بەڵام بە پێویستی نازانم لێرەدا باسی بکەم، لە داهاتوودا لە نووسراوەیەکی جیاوازدا ئەیخەمە بەردەستان!

بۆ ئاگاداری: کاک سلێمان چیرە بەرپرسی گۆڤاری گزینگ هەمان کاری دەربارەی هەژار ئەنجامداوە و ناوی ئەویشی گۆڕییە بە هەژار موکریانی! هیوادارم هەم بەرپرسی کتێبخانەی هەرزان هەم کاک سلێمان چیرە ئەوە بۆ خوێنەران ڕوونکەنەوە بۆچ ئەو کارەیان ئەنجامداوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست / ٥ی مارچی ٢٠١٣

# ماموستا هیمن

بێهروز کوردئەحمەدی

سەید محەممەد ئەمین شێخولئیسلامی ناسراو بە هێمن کوڕی سەید حەسەنی موکری ولە بنەماڵەی مەلا جامی چۆڕی بووە. دایکی ناوی



زێنەب وکچی شێخی بورهان کە ئێستا بنەماڵەیەکی گەورەی موکریانن، هێمن بەهاری ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی هەتاوی بە شەوی جێژنی بەرات لە گوندی لاچینی سەر بە شاری سابڵاغ ئەستێرەی ژیانی تریفەی دا وچاوی بە رووناکایی گەردوون هەڵێنا. بە بوونی هێمن شیری مەمکی دایکی وشک دەبێ و بە شیری ژنێکی دیکە فڕچک(گۆج)دەکرێ و دوای بوونی ئەو، دایکی لەشی ساغ بە خۆیەوە نابینێ هێمن لە رۆژگارێکدا لە دایک دەبێ کە رەزاخانی چەکمە رەقی کەللە وشک جڵەوی حکوومەتی پێیە وشەپ شەپێن بە کاژەڵاکی مرۆڤی زانا ورووناکبیر دەکا، بێوچان خەریکی تاڵان وکوشت و کوشتارە و ئاسمانی بە سەرە نێزە راگرتووە و زەوی لە ژێر پێی دەلەرزێ، لاسای ئاتاتورکی رەگەزپەرەستی دەکردەوە، جلوبەرگی کوردەواری بە تەواوی قەدەغە دەکرێ و ئەوەندەی لە دەستی هات، سووکایەتی بە خەڵک کرد وشەپکە و تەپڵەی هێنا نێو بازاڕەوە. هێمن لەم کەش و هەوایەدا گەورە دەبێ، بەش خوراوی و کۆیلەتی ئینسان وەکوو خوێن لە مێشک ودەمار وئێسک و پێستی دا دەگەڕێ و دەبێتە سەربەندی ژیانی.

لە کاتی منداڵیدا گوێچکە بە حەکایەتەکانی دایە مرۆت دەگرێ، کە پیرێژنێکی دنیا دیدە بووە و زۆر شتی بەنرخی لێ فێر بووە. ئەلف وبێ لای سەعیدی ناکام دەخوێنێ و پێش ئەوەی ئەلف و بێی فێر بکا، بزنۆکێ و مەڕنۆکێی حوسێنی حوزنی موکریانی بۆ دەخوێنێتەوە و هێمن لە بەری دەکا و هەروەها شێعرەکانی شێخ رەزا و زۆر شتی دیکەی لێ فێر دەبێ و پاشان بۆ درێژە دانی خوێندن، باوکی دەینێرێتە سابڵاغ و لە قوتابخانەی سەعادەتی ئەو شارە دەست بە خوێندن دەکا.هێمنێکی لادێی کە جگە لە زمانی کوردی هیچی دیکەی نەدەزانی و لەو قوتابخانەیەش کەس نەیدەتوانی بە کوردی قسە بکە، منداڵان گاڵتەی پێدەکەن وپێی دەڵێن کرمانج، چونکە ئەو کاتە لە سابڵاغ بە خەڵکی دێیان دەکوت کرمانج، هێمن ئەو ساڵە خوێندنەی بە سەرکەوتنێکی زۆر باشەوە تێپەڕ دەکا وهاوین دەگەڕێتەوە بۆ ئاوایی و لە لای مەلای دێ و باوکی دەرس دەخوێنێ و تەمرینی نووسینی خەت دەکا. باوکی کە دەزانێ خەتی خۆش بووە، دەستی پێ لە خوێندن هەڵدەگرێ و دەڵێ: بڕۆ دەرسی مەلایەتی بخوێنە. هێمن کە هیچ کات خۆشی لە مەلا نەهاتووە، تووشی ئەم تاڵییە دەبێ و چوار ساڵ لە خانەقای شێخی بورهان دەخوێنێ، بەلام ئەو خوێندنە هیچ کەڵکێکی نابێ، چونکە ئەو چوار ساڵە بە گاڵتە دەباتە سەرێ ولە خانەقای شێخی بورهان کە ٨-٩ نەفەر دەبن،جگە لە هەژار و هێمن تەواوی خاڵۆزا و پوورزا دەبن، پاشان دەچێتە لای مامۆستا فەوزی و رێگای ژیانی پێ نیشان دەدا و ساڵ و نیوێک لە لای ئەو دەرس دەخوێنێ.

هەژار لە پێشەکی دیوانی سەیفولقوزاتدا، بەم جۆرە باسی خۆی و هێمن دەکا:هێمن و من دوو منداڵی کرچ وکاڵی لەڕ و قرخن، بە تەمەن دە دوازدە ساڵ بووین، لە خانەقا گەیبووینە یەک، ناخێری گیانمان دەرس بخوێنین، خویندنی چی؟ دوو گێل و حۆلی پەڕ

بڵاو، لە یەک دەمدا لە لای دوو مامۆستا دامەزراین، یەکی ریش پان، لە عارەبی شارەزایە و خەتی نییە، ئەوی دی گەردەڵ، فارسی زانە و خەتی خۆشە. جا وەرە شەق و دار بخۆ، خۆ جنێو هەر باسی ناکرێ، سوێندی کەسم لە سەر نییە، ئەگەر بڵێم تڵپاتی تەڕیش فێر نەبووین، نیسکێک درۆی تێدا نییە، ماڵم هەقە لە ترێ دزینی ناو رەزی، لە پلار دەداران گرتن، لە راوی دووپشک و ئەسپێ و کێچ و جوجە و قورِ شێلان و هێلکە لە هێلان دەرهێنان، هیچ کەس تۆزی نەدەشکاندین. بۆ نەگبەتی هێمن وە شێعر هاتبوو، هەروا گارە گارەی دەهات، جار و بارە شێعرێکی نیوە و کۆڵەی خواری لاپانی دادەنا، بە فیزەوە نیشانی دەدام. یانی ها بم ناسە، من چیم، منی کلۆڵ نەمدەتوانی میعریش بکەم. بەو جۆرە شێعر کوتنی هێمن لە خانەقاوە سەری هەڵداوە و پێگەیشتووە. لە گوندی کولیجە لە لای سەید عەولای سەید مینە کە پیاوێکی نەخوێندەوار بووە، بەڵام زۆر زانا وتێگەیشتوو دەبێ ،ماوەیەک دەرس دەخوێنێ و بە گەورەترین مامۆستای، مامۆستا هێمن حیساب دەکرێ. تەمەنی هیمن دەچێتە سەر و بۆ ئەوەڵین و دوایین جار لە گوندی کولیجە ئاشق دەبێ، ئێشقێکی پاک و خاوێن و ئاسمانی ،بەڵام ئەم ئاشق بوونە زۆر ناخایەنێ و لێک جیا دەبنەوە و هەر لەو گوندە فێری سواری وتەقڵە وراوە کەو و کەروێشک دەبێ. ساڵی ١٣١٧ی کۆچی هەتاوی کە تەمەنی ١٧ ساڵانە دەبێ، مامۆستاکەی گوندی کولیجە بە جێ دێڵێ و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ گوندی خۆیان واتە شیلاناوێ کە ماڵیان چبووە ئەوێ و مل لە کار وکاسبی هەڵدەکێشێ و بە رۆژ خەریکی کاری کشت و کاڵی دەبێ و شەوانە خەریکی خوێندنەوە و شێعردانان، باوکی پێی دەزانێ و دەفتەری شێعرەکانی دەسووتێنێ.

ناوی هێمن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمانە کە لە کۆمەڵەی ژ-کاف وکۆماری کوردستاندا وەکوو پێشمەرگەیەک خزمەتی بە نەتەوەکەی دەکرد و لە نێو تێکۆشەرانی ئەو سەردەمە کە هەر یەکەی ناوی نهێنییان هەبوو، بە هێمن ناسرا و هەر وەکوو بۆخۆی دەڵێ:من هیچم لە پێشمەرگایەتی لێ حاڵی نەبوو و هیچ کەڵکێکم لێ وەرنەگرت، تەنیا ئەو خێرەی بۆ من هەبووە، ئەویش کە ئەو ناوە دوورودرێژەی لە کۆڵ خستم. لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی کۆچی هەتاوی لە شاری سابڵاغ کۆمەڵەی ژ-کاف بە دەستی رەحمانی زەبیحی وچەند کەسی دیکە دادەمەزرێ.هێمن دەبێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە و شەو ورۆژ لە بیری ئەوە دادەبێ کە چی بۆ ئەو کۆمەڵەیە بکا کە کاری رزگاری کوردستانە، هێمن لەو کۆمەڵەیەدا دەبێتە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نیشتمان ودوایەش گۆڤاری ئاوات. لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی هەتاوی کە لە سەر بناغەی ژ-کاف، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە رێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد دادەمەزرێ،هێمن بۆ یەکەم جار لە مزگەوتی سووری مەهاباد لە بەرابەر خەڵک دا شێعر دەخوێنێتەوە و دەبێتە سکرتێری هەیئەت رەئیسەی میللی دێموکڕات و دوایە لە کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبدا دەست بەکار دەکا.لەو کۆمارەدا بۆ دانانی کتێبی کوردی بۆ فێرگەکانی کوردستان کاری کردووە، لە گۆڤارەکانی ئەودەمی حیزب وەک کوردستان، هاواری کورد، هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵان وهەڵاڵەدا شێعر و وتاری بڵاو کردۆتەوە. لە کۆماری کوردستاندا پێشەوا شانازی پێوە کردووە و رایگەیاندووە کە شێعرەکانی پڕ مانان ودەبێ تەواوی ئەندامانی حیزب لە بەری بکەن و بیکەنە پرۆگرامی تێکۆشینی خۆیان.

هێمن هەر لە پلەی یەکەمی تێکۆشانیدا وەک شاعرێکی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی بیر و باوەڕی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشابوو،چونکە هەڵبەستەکانی لە راستەقینەدا ببوونە ئاوێنەی دڵی کۆمەڵانی گەل و دەربڕی بیر و ئاواتیان. هێمن هەر لە رۆژی یەکەمی تێکۆشانی هونەری خۆیەوە بۆ خاوێن کردنەوە و پەرە پێدانی زمانی زگماکی قۆلی هەڵماڵی. هەڵبەستەکانی بە زمانێکی ساکار دەهۆنییەوە و بەزمانی گەل دەدوا، جا بەو بۆنەوە پێشەوا پێی ئەسپاردبوو، کە بۆ گەلێک وشەی فارسی و عەرەبی کە لە رێڕەوی خەباتی سیاسیدا بە کار دەهێندرێن، وشەی کوردی پەتی بدۆزنەوە و بەکاری بێنن، هێمن بە سەرۆکی کۆمیسیۆنێک کە بۆ ئەو کارە دیاری کرابوو، دانرا، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت بە داخێکی زۆر گرانەوە کۆمار دەڕووخێ و هێمن دەڵێ: ئەو رووداوە دڵتەزێنە و ئەو کارەساتە جەرگ بڕە هەموو کوردێکی بە شەڕەفی خەمناک و تازیەبار کرد.

ساڵی ١٣٢٥ی کۆچی هەتاوی دایکی پێ لە کەوشان دەکا و پێی دەڵێ: دەبێ ژن بێنی، بەڵام هێمن نایەوێ ژن بێنێ و بەهەر جۆرێک بێ، دایکی، هێمن ڕازی دەکا و داوای برازایەکی خۆی بۆ دەکا و هێمن قەتی نەدیوە، بەم جۆرە لە٢٥ی خەزەڵوەری ئەو ساڵەدا بووکی بۆ دادەبەزێنن و هەژار لە زەماوەندەکەیدا هەڵدەپەڕێ و بەرهەمی ئەم ژن هێنانە ش کوڕێک بە ناوی سەلاح دەبێ. ساڵی ١٣٢٧ی کۆچی هەتاوی وشکە ساڵی پێش دێ و ئەویش وەک خەڵکی دیکە دەکەوێتە چەرمەسەری و ناڕەحەتییەوە و گرانییەکی بە تەوژم ئێران دادەگرێ، زۆر کەس لە برسان دەمرن وخەڵک لەو ساڵەدا کوللێرەی جۆ و هەرزن دەخۆن.

لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی کۆچی هەتاوی کۆبوونەوەیەک لە مەیدانی شاری سابڵاغ پێک دی وهێمن شێعری " دەبڕۆ ئەی شاهی خائین، بەغدا نیوەی ڕێت بێ" دەخوێنێتەوە. لە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ئەو ساڵە هێمن بە تەواوی قاچاغ دەبێ و ماوەیەکی زۆر بە کێوانەوە دەبێ و ساڵی ١٣٤٤ی کۆچی هەتاوی باوکی دەمرێ و هێمن دەڵێ: دەردی باب مردن، دەردێکی زۆر گرانە وپیاو لە هەر تەمەنێکدا بابی بمرێ، هەست بە هەتیوی دەکا و دوو ساڵ دوای باوکی، دایکیشی دەمرێ و ئەم ڕووداوانە بە تەواوی پیری دەکا.

بۆ جارێکی دیکە هەوای نووسینی گۆڤار بە مێشکی دادێ و بەهاری ساڵی١٣٦٤ی کۆچی هەتاوی بەردی بناغەی گۆڤاری سروە لە شاری ورمێ دادەمەزرێنێ و یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لە سەرەتای هاوین گەیشتە دەستی خەڵک و هێمن ئەمە دەڵێ: "ئومیدەوارم ئەم سروەیە هەر بێ و هەر دڵان ببووژێنێتەوە و هەر گوڵان بگەشێنێتەوەو هەر دڵی کوردان خۆش بکا".

هێمن لەو کەسانە بوو کە تەمەنی مێرمنداڵی و لاوی و پیری خۆی لە سەنگەری فەرهەنگ و ئەدەب وفۆلکلۆر و شۆڕش دا بەخت کرد و وەک مۆم سووتا و ڕێگای پاشە ڕۆژی بۆ ڕووناک کردین. پاش دەرچوونی چوار ژمارە لە سروەی ڕەنگینی کوردستان، مۆمی ژیانی هێمن دوایین فرمێسکی هەڵوەراند و لە٢٩ ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ی کۆچی هەتاوی بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێکردین و لەسەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی بوداق سوڵتانی شاری سابڵاغ بە خاکیان سپارد.

دیارە هێمن مردووە و لە نێومان دا نەماوە، بەڵام ئاسەوارەکانی و یادگارەکەی کاتی پیری هەر ماون و بە دیتنی ئەوان هیچ کاتێک هێمنیش لە بیر ناچێتەوە.

هێمن شاعێرو زانای فەرهەنگ دۆست و تێکۆشەری ڕێگای بووژاندنەوەی کورد و فەرهەنگەکەی بوو، خاوەن بیر و تێفکرین و بیر کردنەوە بوو. هێمن دەنگی بەرزی ئازادی، ئاشتی و دێموکڕاسی خوازی کورد بوو.

خوازیاری یەکیەتی گەلان بوو. کوردایەتی هێمن، مرۆڤایەتی بوو. شاعێری جوان پەرەست، شاعێری بابردەڵە، کە بێبەش لە ئاو وخاک و وڵاتی خۆی، پەڕیوەی سنوورو مفتەلای دەستی ڕۆژگار، پیری هەناسە سوار، دەرکراوی بە زۆر دابڕاوی یار و ئازیزانی، بولبولی بێبەش لە گوڵزار و چەمەن، بێ ئەنیس و هاودەم، ئاشقی دڵ پڕ لە ئەوین وخۆشەویستی وڵاتەکەی، هەنگاو بە هەنگاو خەم بە دوای مامۆستای ئازیزەوەبوو، وەکوو سێبەری خۆی ڕۆژێک لێی جیا نەبۆتەوە و ڕۆژی شادی ڕووی لە دڵە خەمبارەکەی نەکرد، ئەو مرۆڤە بێ نازە خۆ لە ئاسن و پۆڵا دروست نەکراوە،بەڵکوو لە خوێن و گۆشتە، بۆیە پڕ بە دڵی خۆی ئەناڵێنێ و بە ئاوازێکی بە سۆزەوە ئەڵێت:

پارچە گۆشتێکە، دڵی من روو نییە
ناڵە ناڵی من درەنگە زوو نییە

لە شێعرێکی دیکەدا دەڵێ:

شینم زۆر گێڕاوە، شادیم کەم دیوە
ئەڵێن هەیە، بەلام نەمدیـــــوە

شاعێر، شینی یەکجار زۆر دیوە، بەڵام شادی و کامەرانی بە دەگمەنیش نەدیوە و ئەزانێ شادی هەیە، زۆر کەس لە گەڵیا راز و نیاز دەکەن، بەڵام هێمنی خەمبار هەر نەیدیوە، لە لای هەر وەکوو نامۆیەکە، وەکوو دوژمنێکە، بۆ ماوەیەکی کەمیش روو لەو ناکات. مامۆستای بەرێزمان شێعرە تەڕ وناسکە جوانەکانی، زۆربەی زۆری بە خەم زاخاوە ،خەم کاری زۆری تێکردووە، بۆیە بە هیچ جۆرێ ناتوانێ خۆی لە شەپۆل لابدات. هێمن شاعێری گەل ، شاعێری ئێشق و ئازادی ،دڵە گەورەکەی هەتا ئەو رۆژەی لە لێدان کەوت، بۆ گەلەکەی و ئازادی نیشتمان لێی دا.

بە فەرموودەی خۆی:

هەتاکوو دوا پشـــوو رێبواری رێگەی ئێشق و ئازادیـــم
ئەگەر بێجگە لە ناکامیـــش نەبینـــم، بەرهەمێـــکی تـــر

هێمن کە یەکێک بوو لە گەورەترین شاعێران و نووسەرانی کورد لە سەدەی بیستەمدا، لە باری پاراستن و بووژاندنەوەی فەرهەنگ و ئەدەب، گەرەترین هەقی خستۆتە سەر نەتەوەکەی، چونکە لە تاریک وروونی بەیانی ژیانی را، بۆ خڕ کردنەوەی کۆماکانی ئەدەبی کوردەواری و ورد بوونەوە لە وشەکانی، بە کەو کردن و هەڵاواردنی غەوارەکانی و سوورکردنی خرمانی زمان وزاراوەی کوردی، کەوتە کار وتەنانەت گوڵ هەڵگرتنەوە و پاشەرۆکیشی بۆ خەڵکی دیکە نەهێشتەوە.

ئاسەوارەکانی مامۆستا هێمن بریتین لە:
١- تاریک و روون(شێعر و پەخشان).
٢- پاشەرۆک(شێعر و پەخشان).
٣-توحفەی موزەففەرییە(فۆلکلۆری کوردی، کە کاری ئۆسکارمانە وهێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی).
٤- شازادە وگەدا .
٥- قەڵای دمدم .
٦- هەواری خاڵی .
٧- چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگز.

٨- ئەفسانە کوردییەکان (کاری قەنات کۆردۆ کە هێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی).

٩- ناڵەی جودایی .

بە ئاوارەیی و دەربەدەری توانی کتێبی ناڵەی جودایی بنووسێ،ئەگەر بە جوانی لێی ورد بینەوە، دەبینین کە ناڵە و هاوار و فیغانی دڵە، ناسۆرییە، خول دانەوە و نزا و هاوار وئازاری ناخ و ماندوویەتی هزر و نائارامی رۆح و بێ تاقەتی جەستەیە بەرامبەر جودایی،جودایی لە خێزان، لە خانوو،ماڵ و گوند و گەڕەک ،شاخ ودەشت و دراوسێ و کەس و کار و یادگارەکانی سەردەمی منداڵی و لانەی گەورەبوون و گەلێ شتی بە نرخی دیکە کە لە یاد ناکرێن ولە دەروون دوور ناکەونەوە.

ڕێکەوتی: ١٦ی مارسی ٢٠١٠

http://zeferiye.blogspot.ca



# یادی هێمن

## حەسەنی قازی

لە ساڵانی سەرەتای چلەکانی هەتاوی، ئەگەرچی گەلی کورد دەرفەت و دەرەتانی ئازادی نەبوو بۆ چالاکی ئاشکرای سیاسی، بەڵام لە ژێر کاردانەوەی بارودۆخی بزووتنەوەی کورد لەو بەری سنوور، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و لە موکریان بە تایبەتی باس و خواسی سیاسی و ئاگاداری لە ڕووداوەکانی ئەو دیو و کۆ کردنەوەی یارمەتی و بلاوکردنەوەی وێنەی بارزانی و ناردنی دەوا و دەرمان و زۆر کاری دیکە لە ژێر ڕێبەرایەتی حێزبی دێمۆکراتی کوردستان دا کە شەهید عەبدوڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تەوفیق) ڕێبەری دەکرد بە شێوەی نیوە ئاشکرا و نیوە نهێنی هەر بەردەوام بوو. ئەو هەلومەرجە تا بەسترانی کۆنگرەی دوویەمی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە سونێ لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی و تا ماوەیەکیش دوای ئەو هەر درێژەی هەبوو.



لە شەوی نەورۆزی ساڵی ١٣٤٣ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکرات لە شارەکانی موکریان و لە سنە و تاران گیران و ژمارەیەکی ئەوەندە زیاتریش کار و دەرس،کاسبی و ماڵ وحاڵیان بەجێهێشت و بەرەو کوردستانی عێراق چوون.

لە شەوی نەورۆزی ساڵی ١٣٤٣ ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکرات لە شارەکانی موکریان و لە سنە و تاران گیران و ژمارەیەکی ئەوەندە زیاتریش کار و دەرس،کاسبی و ماڵ وحاڵیان بەجێهێشت و بەرەو کوردستانی عێراق چوون.

بەر لەوەی لە هاوینی ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە گەڵ نەمر فایق ئەمین "(سولەیمانی موعینی) و کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی کەوم و، بۆ یەکەم جار بچم بۆ کوردستانی عێراق و، ماییەنێک بە دیاریی بەرم بۆ ئەحمەد تۆفیق کە وابزانم ئەویش پێشکێشی مەلا مستەفای کرد، — ئەوە بۆیە دەڵێم وێنەیەکی مەلا مستەفا بە سواری ئەو ماینە بەدەستەوەیە - لە مەهاباد هێمنم زۆر دەدی، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە زستانی ساڵی ١٣٤١ دا کوورەخانەی شافیعی تەقییەوە و بووە هۆی مردنی سێ برای شافیعی ( یۆسف، سولەیمان و داود) و دوو کرێکار ( کاک عەزیز و مام دەرویش) لە کاتی ناشتنیان و لە سەر قەبران سەرەڕای بەفر و سەرماوسۆڵ خەڵکێکی زۆر بەشدارییان کرد. لەوێ هێمن شێعرێکی خوێندەوە. کوڕی یۆسفی شافیعی لە دەبیرستانی ئیبنی سینا لە گەڵ من هاوکلاس بوو و ئێمە شاگرد مەدرەسە بۆ هاوخەمی لەگەڵ وی دەرسمان تەعتیل کرد و چووینە سەر قەبران و تەنانەت دواتریش لە مزگەوتی سوور لە لایەن هاوکلاسەکانی کوڕی یۆسفی شافیعی ڕێوڕەسمێک بەڕێوەچوو و لەوێدا منیش وتارێکم پێشکێش کرد.

بیستنی ئەو شێعرەی هێمن لە سەر قەبران بە دەنگی خۆی کە داروبەردیشی وەگریان دەخست و بە تایبەتی لەبەر ئەوەی سولەیمانی شافیعی کە مامۆستای دەبیرستان بوو بە تێکۆشەرێکی حیزبی دەناسرا کارێکی زۆر گەورەی لە سەر هەست و نەستی من کرد. تا ئەو

دەمی لە خوێندنەوە و نووسینی کوردی دا زۆر کوڵ بووم.

هەرچۆنێک بوو نووسخەیەکی ئەو شێعرەم وەدەست خست و دەستم کرد بەخوێندنەوە و لە ڕوو نووسینەوەی تا وای لێهات هەمووم لەبەر کرد و ئێستاش دوای زیاتر لە ۴۶ ساڵ بەشێکی زۆرم هەر لەبیرماوە. بێ پێوەنان دەتوانم بڵێم دوای ڕاهاتن لەو شێعرە لە خوێندنەوە و نووسینی کوردی ڕاهاتم و بەدوای ئەمە دا یەک لەو کەسانە بووم ، ئەگەر هێمن شێعرێکی تازەی گوتبا،یان شێعرێکی کۆنی خۆی نووسیباوە و بە دەستخەت بڵاو بووباوە نوسخەیەکم هەر دەست دەخست.

سەفەری یەکەمم بۆ سەنگەسەر کە پێگەی سەرەکی کاک ئەحمەد تۆفیق بوو هێندەی پێنەچوو. وا بڕیاردرا بۆ ڕاپەڕاندنی هێندێک ئەرک و کاری حیزبی بگەڕێمەوە ئەو دیو، کە گەڕامەوە و کارەکانم لە تاران و بورازجان ( بە نیوە و نیوەچڵی ) ڕاپەڕاند ئەوجار بڕیارم دا بۆ بەشداری لە کۆنگرەی دووەمدا بچمەوە کوردستانی عێراق و لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ هێمن سێ دەفتەری شێعرەکانی خۆی دامێ بیبەم بۆ ئەو دیو بۆ لای کاک ئەحمەد بۆ ئەوەی مشووری چاپ کردنیان بخورێ. ئەو دەفتەرانە بەرگی چەرمی ڕەشیان هەبوو بە خەتێکی زۆر خۆش نووسرابوونەوە و هێمن زۆرم لە بەر پاڕاوە ئاگام لێیان بێ نەفەوتێن و ئەگەرهاتوو چاپ نەکران هەرچۆنێک بێ بیانگەێنمەوە دەست خۆی. لەبیرمە دەیگوت ئەوانە بۆ من وەک " مەسحەفی ڕەش" وان _ ڕەنگی بەرگەکانیان ڕەش بوو _ بۆ من زۆر پیرۆزن، ئەگەر لە نێویچن سەگ و شوانی کاری ئەدەبیم دێتەوە و ئەو هەموو شێعرانەی لەو ساڵانە دا نووسیومن نامێنن.وابزانم هێمن بۆ مەحکەمکاری ئەگەر هاتبا و ئەو دەفتەرانە کەوتبانە دەست ساواک شێعرێکیشی تێدا نووسیبوو کە بە نابەدڵی خۆی و بە تۆبزی داوایان لێ کردبوو لە ڕێوڕەسمێک دا بیخوێنێتەوە. ئەوشێعرەش گلەیی و گازند بوو لە مەڕامی کۆمۆنیستی، ئەگەر لەزینم دا مابێ مەتلەعەکەی ئاوا دەستی پێدەکرد :" ئامۆژگارییەکانی لێنین درۆیە " _ نەقڵ بە مەعنی _. بەڵێ دەفتەرەکانم برد و دیارە چاپ کردنیان نەڕەخسا، بە ڕاستی ئێستا هۆیەکەیم لە بیر نەماوە و دیارە ناشمەوێ لە خۆوە هۆیەکی بۆ داتاشم.پاش ماوەیەک کە ئیدی زانیم ئەوە ناکرێ بۆ ئەوەی خیانەتم بە ئەمانەت نەکردبێ، لە قەڵادزێ وە بە دەستێکی ئەمین دا کە برادەرێکی خەڵکی گاگەش بوو دەفتەرە گۆرینەکانم بۆ هێمن ناردەوە و زۆر خوشحاڵ بووم کە دوایە زانیمەوە بە ساخ و سڵامەت بە دەستی گەیشتوونەتەوە.

جگە لەو شێعرەی کە بۆ برایانی شافیعی و دوو کرێکاری کووژراوی کوورەخانە کە لەبەرم کردبوو، هەر ئەو سەروبەندی شێعری ئەختەر و شێعری ڕاوچییانیشم لەبەر کردبوو. لەگەڵ شێعرێکی هێمن بۆ بارزانی کە وابزانم تا ئێستا لە هیچ کوێیەک چاپ نەکراوە. ئەو پارچە شێعرە ئاوا دەست پێدەکا :

وێنەت گەیشتە دەستم و ڕوون بۆوە چاوی من
ساڕێژ بوو زامی کۆن و برینی هەناوی من
ئەی بابی کوردی، ڕۆڵەیی ئازا و قارەمان
چاتر نموونە سوورە گوڵی باغی نیشتمان
......

لە ساڵی ۱۹۷۴ ی هەتاوی کە کۆکراوەی شێعری هێمن بۆ یەکەمجار لە لایەن " بنکەی پێشەوا" کە سەر بە حیزبی دێمۆکراتی

کوردستان بوو لەبەغدا چاپ کرا، ئەو شێعرەی تێدا نەبوو و شێعری ڕاوچییانیش لە هێندێک جێدا ئالوگۆڕی بەسەر هاتبوو.لە کۆتاییەکانی شێعری ڕاوچییان دا هێندێک بەیت هەبوون بۆنی نائومیدی و دەستەوەستانییان لێدەهات کە دیارە هێمن یان بە سەلیقەی خۆی یان بە پێشنیاری کەسانی دەوروبەر ئەوانەی دەرهاویشتبوو.




شانازی هەبوونی نووسخەیەکی " تاریک وڕوون" م هەیە کە هێمن بە خەتی خۆی بۆی ئیمزا کردووم و بە دیاری بۆی ناردبووم بۆ لەندەن.لە هەڵگێڕ وەرگێڕی ئەو هەموو ساڵانە دا هەر پاراستوومە و یەک لەو کتێبانەیە کە لەخۆم دوور نەکردووەتەوە. داخم ناچێ دە بەرگ لەو کتێبە کە لە برلینەوە بە پۆست ناردم بۆ لەندەن بۆ ئەوەی کاتی گەڕانەوە لە کۆنگرەی خوێندکاران لەوێ بە دۆست و ناسیاوانی بفرۆشم لە پۆست دا سەریان تێداچوو. شوێن پزر بوونی پرێسکەی پۆستی هەر تایبەتێتێکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نییە.

ئەوکاتەی کە بەیاننامەی دەستەی ٧ کەسی " پێڕەوانی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان " بڵاو بووە وە ئەمن ئەندامێکی چالاکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بووم. بە نێوی تەشکیلاتی ئوروپا بەیاننامەیەکی توندو تیژم لە سەر گرووپی ٧ کەسی نووسی و بڵاوم کردەوە -بابم یەک لە ئەندامانی گرووپی ٧ کەسی بوو _ کەشوهەوای سیاسی ئەو سەروبەندی و ئەو غەدر و زۆرداریەی لە گەلی کورد دەکرا،مەودای نەدەهێشتەوە بۆ هیچ هەڵوێستێکی دیکە، بەڵام بەعەقڵی خۆم لەو سەروبەندیشدا دەمتوانی هێڵێکی جویکەرەوە بکێشم لە نێوان هێمنی سیاسی و هێمنی شاعیر دا کە دنەی کوردانی دەدا بۆ خەبات و هەستان.پێم وایە لە بەیاننامەکە دا ئەگەرچی بە نێو باسی بابم، ڕەحیمی سەیفی قازی م کردووە، بەڵام نێوم لە هێمن نەهێناوە.

کە هێمن مرد، ئەمن هێشتا ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بووم، لە هەمان کاتدا لە کار و خەباتی پێوەندیدار بە هەموو بەشەکانی کوردستان دا بەشداریم دەکرد،لەوانە ئەنیستیتووی کورد لەپاریس کە بۆ یەک یان دوو دەورە لە ئەندامانی شووڕای ئیداری و هەر وەها ئەندامی دەستەی نووسەرانی دوو بڵاو کراوەی ئەو ئەنیستیتووە بووم " مطالعات کردی" کە بە چوار پێنج زمان و هێڤی ( هیوا ) کە بە کرمانجی و سۆرانی و بە ئەلفوبێتکەی عەرەبی و لاتینیی کوردی دەردەکەوت.

ماوەیەک دوای مەرگی هێمن فێدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد کە لە ڕێکخستن و پەرەپێدانی دا بۆ ماوەی ٣-٤ ساڵان دەورێکی زۆر چالاکم تێیدا هەبوو بۆ بەرز ڕاگرتنی بیرەوەری هێمن لە شاری ستۆکهۆڵم ڕێوڕەسمێکی بەرێوە برد. ئەمن و چەند ئەندامێکی دیکەی حیزب لەو ڕێوڕەسمە دا بەشداریمان کرد، بەڵام بۆ پاراستنی دیسیپلینی ڕێکخستنی خۆمان پێمل کرد لە کۆبوونەوەکە دا وەکوو گوێگر دانیشین و لا و نەعەم هیچ نەڵێین. بەڵێ ڕێوڕەسم کراوە و ئەو چەند کەسەی لە پانێلە کە دا قسەیان دەکرد،بەداخەوە ئاگادارییەکی ئەوتۆیان لە سەر لایەنی ژیانی ئەدەبی هێمن نەبوو.ئەو کەسەی نموونەی شێعرەکانی دەخوێندەوە ئێستاش لەبیرمە تەنانەت یەکێکیشی بە تەواوی و بە بێ لەنگی و گرێ بۆ نە دەخوێندراوە. وا بزانم ئەوە گەورەترین بێ حورمەتی

بە بیرەوەری هێمن بوو، چونکە هەم لەخۆی و هەم لە کەسانی دیکەم بیستبوو چەندەی پێ زویر دەبوو کاتێک گوێی لە کەسانێک دەبێ بە لەنگ و لۆری شێعرەکانی دەخوێننەوە.

دواتر لە " سەرەتای" تاقە ژمارەی "مطالعات کردی" کە بە فارسی دەرچووە شتێکی کورتم لە سەر مەرگی هێمن نووسیوە کە پێم وایە لەوان ساڵان دا دەبێ بە جۆرەیەک ڕچە شکێنی دابندرێ. بەداخەوە ئێستا ئەو سەرچاوەیەم لەبەردەست نییە کە عەینی ئەو ڕستانەی لەوێدا نووسیومە لێرە بگێڕمەوە بەڵام کورتەکەی ئەوەیە نووسیبووم:

"ئەگەرچی هێمن لەو ساڵانەی دواییدا تووشی هەڵەیەکی سیاسی هات، بەڵام ئەو بڕگە کورتە لە ژیانی بە هیچ کولوەجێ نابێ بە هۆکارێک دابندرێ بۆ چکۆڵە کردنەوەی ئەو دەورە گرینگ و گەورەیەی شێعری هێمن لە گەشانەوە و بووژانەوەی هەست و نەستی خۆ بوون و وشیاریی نەتەوەیی دا گێڕاویەتی و، ئەو هەڵەیە هیچ لە نرخ و دەوری هێمن کەم ناکاتەوە"قسەکانم بە شێوەیەکی ئەوتۆ گەلاڵە کردبوو تەنانەت هیچ تیژپەڕێکی"پارێزەری دیسیپلینی حیزب"یش نەیدەتوانی لە دژی دەرکەوێ. بڵێی لەبەر جێ پێ لەق نەبوونم ئاوام نووسیبێ؟ دەبێ وابێ ! بەڵام ئەگەر واش بێ نە ئەودەمی و نە ئێستا لێی پەشیمان نیم.

دواتر لە ساڵانی ٢٠٠٠ - ٢٠٠١ لە ڕۆژنامەیەکی حەفتانەی کوردی دا کە بە ستانداری کرمانجی سەروو و بە ئەلفوپێتکەی لاتینی لە ئوڕووپا بڵاو دەبووە، چەند شێعری هێمن و سەرەتای" تاریک و ڕوون" م هێنا سەر خەتی لاتینی کوردی و بڵاوم کردەوە. هەر ئەو دەمی دەستمکرد بە شیکردنەوەی ووشە و بێژەکانی ناو " لە کوێوە بۆ کوێ" بە کوردیی کورمانجی و لە زنجیرە ووتارێک دا کە گەیشتە ژمارەی ١٠٠ لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڤ دا بە ناوی" هێمن نامە" بڵاوم کردەوە. مەبەستم ناساندنی پەخشان و وشە و بێژەی کوردیی نێوەڕاست لە زمان هێمنەوە بە خوێنەرەوانی شێوەزاری کوردیی سەروو بوو. هیوا دارم هەلێک هەڵبکەوێ ئەو زنجیرە ووتارانە وەکوو نامیلکەیەک بڵاو بکەمەوە.




بەخۆشییەوە لە نێو وەچەی دواتری نووسەر و شاعیرانی کورد دا بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران،هێمن ناسی زۆر باش هەڵکەوتوون.
ئەمن خۆم هەر باس و لێکدانەوەیەک لەمەڕ شێعر و پەخشانی هێمن بە بێ ئاگادار بوون لە بۆچوونەکانی" هێدی"، "عەزیز ئاڵی" و " جەعفەری شێخەلئیسلامی " بە ناتەواو دەزانم.

یەکشەمو ١٣ی ژووییەی ٢٠٠٨

تێبینی: وێنەی هێمن ئی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییە و لە سابلاغ هێدی(جەحفەری حوسێنپوور) هەڵیگرتووە. وێنەی گڵکۆی هێمن کاوەی محەحموودیان کێشیاویە ، ئەو وێنانە هەر دووکیان لە ماڵی محەمەدەمینی شێخولئیسلامیی موکری،مامۆستا هێمن لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیس بووک وەرگێراون.ئەو دیوە سیروانی چەڵەبی بەڕێوەی دەبا.

سەرچاوە: وێبلاگی ڕوانگە، وێنووسی تایبەتیی نووسەر / ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

# کورتەیەک لە ژیان و خەباتی مامۆستا هێمن لە پێناوی ئەدەبیاتی کوردیدا

هەژیر.ب.ش



هەتاکوو ماوین، پۆلـــین لە دەورت
ئەڵێین ئەی هێمن پڕ نوور بێ، قەبرت
شنەی بۆن خۆشی سۆزی گەلی کورد
سێ ساڵ بە خۆشی تەمەنی رابـــورد

یاد وبیرەوەری مامۆستا هێمن، مامۆستای گەورەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و رێ نیشاندەری رێگەی ئازادی و راستەقینە بۆ هەموو کەسێک، جا لە هەر مەقام و جێگە وشوێنێک دابێ و هەر چەشنە ئەرک و هەڵسووڕانێکی هەبێ، ئێجگار بە کەڵک و قازانجە و هیوادارم هەموان زۆر بە چاکی لە ژیان و تێکۆشانی ئەو کەڵە پیاوە حاڵی بن.

سەید محەممەد ئەمین شێخولئیسلامی ناسراو بە هێمن کوڕی سەید حەسەنی موکری ولە بنەماڵەی مەلا جامی چۆڕی بووە. دایکی ناوی زێنەب وکچی شێخی بورهان کە ئێستا بنەماڵەیەکی گەورەی موکریانن، هێمن بەهاری ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی هەتاوی بە شەوی جێژنی بەرات لە گوندی لاچینی سەر بە شاری سابڵاغ ئەستێرەی ژیانی تریفەی دا وچاوی بە رووناکایی گەردوون هەڵێنا. بە بوونی هێمن شیری مەمکی دایکی وشک دەبێ و بە شیری ژنێکی دیکە فڕچک(گۆج)دەکرێ و دوای بوونی ئەو، دایکی لەشی ساغ بە خۆیەوە نابینێ.

هێمن لە رۆژگارێکدا لە دایک دەبێ کە رەزاخانی چەکمە رەقی کەللە وشک جڵەوی حکوومەتی پێیە وشەپ شەپێن بە کاژەڵاکی مرۆڤی زانا وروناکبیر دەکا، بێوچان خەریکی تاڵان وکوشت و کوشتارە و ئاسمانی بە سەرە نێزە راگرتووە و زەوی لە ژێر پێی دەلەرزێ، لاسای ئاتاتورکی رەگەزپەرەستی دەکردەوە، جلوبەرگی کوردەواری بە تەواوی قەدەغە دەکرێ و ئەوەندەی لە دەستی هات، سووکایەتی بە خەڵک کرد وشەپکە و تەپڵەی هێنا نێو بازاڕەوە. هێمن لەم کەش و هەوایەدا گەورە دەبێ، بەش خوراوی و کۆیلەتی ئینسان وەکوو خوێن لە مێشک ودەمار وئێسک و پێستی دا دەگەڕێ و دەبێتە سەربەندی ژیانی.

لە کاتی منداڵیدا گوێچکە بە حەکایەتەکانی دایە مرۆت دەگرێ، کە پیرێژنێکی دنیا دیدە بووە و زۆر شتی بەنرخی لێ فێر بووە. ئەلف وبێ لای سەعیدی ناکام دەخوێنێ و پێش ئەوەی ئەلف و بێی فێر بکا، بزنۆکێ و مەڕنۆکێی حوسێنی حوزنی موکریانی بۆ دەخوێنێتەوە و هێمن لە بەری دەکا و هەروەها شێعرەکانی شێخ رەزا و زۆر شتی دیکەی لێ فێر دەبێ و پاشان بۆ درێژە دانی خوێندن،

باوکی دەینێرێتە سابڵاغ و لە قوتابخانەی سەعادەتی ئەو شارە دەست بە خوێندن دەکا.هێمنێکی لادێی کە جگە لە زمانی کوردی هیچی دیکەی نەدەزانی و لەو قوتابخانەیەش کەس نەیدەتوانی بە کوردی قسە بکە، منداڵان گاڵتەی پێدەکەن وپێی دەڵێن کرمانج، چونکە ئەو کاتە لە سابڵاغ بە خەڵکی دێیان دەکوت کرمانج، هێمن ئەو ساڵە خوێندنەی بە سەرکەوتنێکی زۆر باشەوە تێپەڕ دەکا وهاوین دەگەڕێتەوە بۆ ئاوایی و لە لای مەلای دێ و باوکی دەرس دەخوێنێ و تەمرینی نووسینی خەت دەکا. باوکی کە دەزانێ خەتی خۆش بووە، دەستی پێ لە خوێندن هەڵدەگرێ و دەڵێ: برۆ دەرسی مەلایەتی بخوێنە. هێمن کە هیچ کات خۆشی لە مەلا نەهاتووە، تووشی ئەم تاڵییە دەبێ و چوار ساڵ لە خانەقای شێخی بورهان دەخوێنێ، بەلام ئەو خوێندنە هیچ کەڵکێکی نابێ، چونکە ئەو چوار ساڵە بە گاڵتە دەباتە سەرێ ولە خانەقای شێخی بورهان کە ٨-٩ نەفەر دەبن،جگە لە هەژار و هێمن تەوای خاڵۆزا و پوورزا دەبن، پاشان دەچێتە لای مامۆستا فەوزی و ڕێگای ژیانی پێ نیشان دەدا و ساڵ و نیوێک لە لای ئەو دەرس دەخوێنێ.

هەژار لە پێشەکی دیوانی سەیفولقوزاتدا، بەم جۆرە باسی خۆی و هێمن دەکا:هێمن و من دوو منداڵی کرچ وکاڵی لەڕ و قرخن، بە تەمەن دە دوازدە ساڵ بووین، لە خانەقا گەیبووینە یەک، ناخێری گیانمان دەرس بخوێنین، خویندنی چی؟ دوو گێل و حۆلی پەڕ بڵاو، لە یەک دەمدا لە لای دوو مامۆستا دامەزراین، یەکی ریش پان، لە عارەبی شارەزایە و خەتی نییە، ئەوی دی گەردەڵ، فارسی زانە و خەتی خۆشە. جا وەرە شەق و دار بخۆ، خۆ جنێو هەر باسی ناکرێ، سوێندی کەسم لە سەر نییە، ئەگەر بڵێم تلێپاتی تەریش فێر نەبووین، نیسکێک درۆی تێدا نییە، ماڵم هەقە لە ترێ دزینی ناو رەزی، لە پللار دەداران گرتن، لە راوی دووپشک و ئەسپێ و کێچ و جوجە و قوڕ شێلان و هێلکە لە هێلان دەرهێنان، هیچ کەس تۆزی نەدەشکاندین. بۆ نەگبەتی هێمن وە شێعر هاتبوو، هەروا گارە گارەی دەهات، جار و بارە شێعرێکی نیوە و کۆڵەی خواری لاپانی دادەنا، بە فیزەوە نیشانی دەدام. یانی ها بم ناسە، من چیم، منی کلۆڵ نەمدەتوانی مێعریش بکەم. بەو جۆرە شێعر کوتنی هێمن لە خانەقاوە سەری هەڵداوە و پێگەیشتووە. لە گوندی کولیجە لە لای سەید عەولای سەید مینە کە پیاوێکی نەخوێندەوار بووە، بەڵام زۆر زانا وتێگەیشتوو دەبێ ،ماوەیەک دەرس دەخوێنێ و بە گەورەترین مامۆستای، مامۆستا هێمن حیساب دەکرێ. تەمەنی هیمن دەچێتە سەر و بۆ ئەوەڵین و دواپین جار لە گوندی کولیجە ئاشق دەبێ، ئێشقێکی پاک و خاوێن و ئاسمانی ،بەڵام ئەم ئاشق بوونە زۆر ناخایەنێ و لێک جیا دەبنەوە و هەر لەو گوندە فێری سواری وتەقڵە وراوە کەو و کەروێشک دەبێ .ساڵی ١٣١٧ی کۆچی هەتاوی کە تەمەنی ١٧ ساڵانە دەبێ، مامۆستاکەی گوندی کولیجە بە جێ دێڵێ و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ گوندی خۆیان واتە شیلاناوێ کە ماڵیان چبووە ئەوێ و مل لە کار وکاسبی هەڵدەکێشێ و بە رۆژ خەریکی کاری کشت و کاڵی دەبێ و شەوانە خەریکی خوێندنەوە و شێعردانان، باوکی پێی دەزانێ و دەفتەری شێعرەکانی دەسووتێنێ.

ناوی هێمن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمانە کە لە کۆمەڵەی ژ-کاف وکۆماری کوردستاندا وەکوو پێشمەرگەیەک خزمەتی بە نەتەوەکەی دەکرد و لە نێو تێکۆشەرانی ئەو سەردەمە کە هەر یەکەی ناوی نهێنیان هەبوو، بە هێمن ناسرا و هەر وەکوو بۆخۆی دەڵێ:من هیچم لە پێشمەرگایەتی لێ حاڵی نەبوو و هیچ کەڵکێکم لێ وەرنەگرت، تەنیا ئەو خێرەی بۆ من هەبووە، ئەویش کە ئەو ناوە دوورودرێژەی لە کۆڵ خستم. لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی کۆچی هەتاوی لە شاری سابڵاغ کۆمەڵەی ژ-کاف بە دەستی ڕەحمانی زەبیحی وچەند کەسی دیکە دادەمەزرێ.هێمن دەبێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە و شەو ورۆژ لە بیری ئەوە دادەبێ کە چی بۆ ئەو کۆمەڵەیە بکا کە کاری ڕزگاری کوردستانە، هێمن لەو کۆمەڵەیەدا دەبێتە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نیشتمان ودوایەش گۆڤاری ئاوات .لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی هەتاوی کە لە سەر بناغەی ژ-کاف، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد دادەمەزرێ،هێمن بۆ یەکەم جار لە مزگەوتی سووری مەهاباد لە بەرابەر خەڵک دا شێعر دەخوێنێتەوە و دەبێتە سکرتێری

هەیئەت ڕەئیسەی میللی دێموکڕات و دوایە لە کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبدا دەست بەکار دەکا.لەو کۆمارەدا بۆ دانانی کتێبی کوردی بۆ فێرگەکانی کوردستان کاری کردووە، لە گۆڤارەکانی ئەوەدەمی حیزب وەک کوردستان، هاواری کورد، هاواری نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵان وهەڵاڵەدا شێعر و وتاری بڵاو کردۆتەوە. لە کۆماری کوردستاندا پێشەوا شانازی پێوە کردووە و ڕایگەیاندووە کە شێعرەکانی پڕ مانان ودەبێ تەواوی ئەندامانی حیزب لە بەری بکەن و بیکەنە پرۆگرامی تێکۆشینی خۆیان.

هێمن هەر لە پلەی یەکەمی تێکۆشانیدا وەک شاعرێکی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی بیر و باوەڕی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو،چونکە هەڵبەستەکانی لە ڕاستەقینەدا ببوونە ئاوێنەی دڵی کۆمەڵانی گەل و دەربڕی بیر و ئاواتیان. هێمن هەر لە ڕۆژی یەکەمی تێکۆشانی هونەری خۆیەوە بۆ خاوێن کردنەوە و پەرە پێدانی زمانی زگماکی قۆلی هەڵماڵی. هەڵبەستەکانی بە زمانێکی ساکار دەهۆنییەوە و بەزمانی گەل دەدوا، جا بەو بۆنەوە پێشەوا پێی ئەسپاردبوو، کە بۆ گەلێک وشەی فارسی و عەڕەبی کە لە ڕێڕەوی خەباتی سیاسیدا بە کار دەهێندرێن، وشەی کوردی پەتی بدۆزنەوە و بەکاری بێنن، هێمن بە سەرۆکی کۆمیسیۆنێک کە بۆ ئەو کارە دیاری کرابوو، دانرا، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت بە داخێکی زۆر گرانەوە کۆمار دەڕووخێ و هێمن دەڵێ: ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە و ئەو کارەساتە جەرگ بڕە هەموو کوردێکی بە شەڕەفی خەمناک و تازیەبار کرد.

ساڵی ١٣٢٥ی کۆچی هەتاوی دایکی پێ لە کەوشان دەکا و پێی دەڵێ: دەبێ ژن بێنی، بەڵام هێمن نایەوێ ژن بێنێ و بەهەر جۆرێک بێ، دایکی، هێمن ڕازی دەکا و داوای برازایەکی خۆی بۆ دەکا و هێمن قەتی نەدیوە، بەم جۆرە لە٢٥ی خەزەڵوەری ئەو ساڵەدا بووکی بۆ دادەبەزێنن و هەژار لە زەماوەندەکەیدا هەڵدەپەڕێ و بەرهەمی ئەم ژن هێنانە ش کوڕێک بە ناوی سەلاح دەبێ. ساڵی ١٣٢٧ی کۆچی هەتاوی وشکە ساڵی پێش دێ و ئەویش وەک خەڵکی دیکە دەکەوێتە چەرمەسەری و ناڕەحەتییەوە و گرانییەکی بە تەوژم ئێران دادەگرێ، زۆر کەس لە برسان دەمرن وخەڵک لەو ساڵەدا کوللێرەی جۆ و هەرزن دەخۆن.

لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی کۆچی هەتاوی کۆبوونەوەیەک لە مەیدانی شاری سابڵاغ پێک دی وهێمن شێعری " دەبڕۆ ئەی شاهی خائین، بەغدا نیوەی ڕێت بێ" دەخوێنێتەوە .لە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ئەو ساڵە هێمن بە تەواوی قاچاغ دەبێ و ماوەیەکی زۆر بە کێوانەوە دەبێ و ساڵی ١٣٣۴ی کۆچی هەتاوی باوکی دەمرێ و هێمن دەڵێ :دەردی باب مردن، دەردێکی زۆر گرانە وپیاو لە هەر تەمەنێکدا بابی بمرێ، هەست بە هەتیوی دەکا و دوو ساڵ دوای باوکی، دایکیشی دەمرێ و ئەم ڕووداوانە بە تەواوی پیری دەکا.
بۆ جارێکی دیکە هەوای نووسینی گۆڤار بە مێشکی دادێ و بەهاری ساڵی١٣۶۴ی کۆچی هەتاوی بەردی بناغەی گۆڤاری سروە لە شاری ورمێ دادەمەزرێنێ و یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە لە سەرەتای هاوین گەیشتە دەستی خەڵک و هێمن ئەمە دەڵێ" :ئومێدەوارم ئەم سروەیە هەر بێ و هەر دڵان ببووژێنێتەوە و هەر گوڵان بگەشێنێتەوەو هەر دڵی کوردان خۆش بکا."

هێمن لەو کەسانە بوو کە تەمەنی مێرمنداڵی و لاوی و پیری خۆی لە سەنگەری فەرهەنگ و ئەدەب وفۆلکلۆر و شۆڕش دا بەخت کرد و وەک مۆم سووتا و ڕێگای پاشە ڕۆژی بۆ ڕووناک کردین. پاش دەرچوونی چوار ژمارە لە سروەی ڕەنگینی کوردستان، مۆمی ژیانی هێمن دوایین فرمێسکی هەڵوەراند و لە٢٩ ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣۶٥ی کۆچی هەتاوی بۆ هەمیشە ماڵاوایی لێکردین و لەسەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی بوداق سوڵتانی شاری سابڵاغ بە خاکیان سپارد.

دیاره هێمن مردووه و له نێومان دا نەماوه، بەڵام ئاسەوارەکانی و یادگارەکەی کاتی پیری هەر ماون و به دیتنی ئەوان هیچ کاتێک هێمنیش له بیر ناچێتەوه.

هێمن شاعێرو زانای فەرهەنگ دۆست و تێکۆشەری ڕێگای بووژاندنەوەی کورد و فەرهەنگەکەی بوو، خاوەن بیر و تێفکرین و بیر کردنەوه بوو. هێمن دەنگی بەرزی ئازادی، ئاشتی و دێموکراسی خوازی کورد بوو. خوازیاری یەکیەتی گەلان بوو. کوردایەتی هێمن، مرۆڤایەتی بوو. شاعێری جوان پەرەست، شاعێری بابردەڵە، کە بێبەش لە ئاو وخاک و وڵاتی خۆی، پەڕیوەی سنوورو مفتەڵای دەستی رۆژگار، پیری هەناسە سوار، دەرکراوی به زۆر دابڕاوی یار و ئازیزانی، بولبولی بێبەش لە گوڵزار و چەمەن، بێ ئەنیس و هاودەم، ئاشقی دڵ پڕ له ئەوین وخۆشەویستی وڵاتەکەی، هەنگاو به هەنگاو خەم به دوای مامۆستای ئازیزەوەبوو، وەکوو سێبەری خۆی رۆژێک لێی جیا نەبۆتەوه و رۆژی شادی رووی له دڵە خەمبارەکەی نەکرد، ئەو مرۆڤە بێ نازە خۆ لە ئاسن و پۆڵا دروست نەکراوە،بەڵکوو له خوێن و گۆشتە، بۆیە پڕ به دڵی خۆی ئەناڵێنێ و به ئاوازێکی به سۆزەوه ئەڵێت:

پارچە گۆشتێکە، دڵی من روو نییە
ناڵە ناڵی من درەنگە زوو نییە
له شێعرێکی دیکەدا دەڵێ:
شینم زۆر گێڕاوه، شادیم کەم دیوه
ئەڵێن هەیە، بەلام نەمدیـــــوه

شاعێر، شینی یەکجار زۆر دیوه، بەڵام شادی و کامەرانی به دەگمەنیش نەدیوه و ئەزانێ شادی هەیە، زۆر کەس له گەڵیا راز و نیاز دەکەن، بەڵام هێمنی خەمبار هەر نەیدیوه، له لای هەر وەکوو نامۆیەکە، وەکوو دوژمنێکە، بۆ ماوەیەکی کەمیش روو لەو ناکات . مامۆستای بەرێزمان شێعرە تەڕ وناسکە جوانەکانی، زۆربەی زۆری به خەم زاخاوه ،خەم کاری زۆری تێکردووه، بۆیە به هیچ جۆرێ ناتوانێ خۆی له شەپۆل لابدات. هێمن شاعێری گەل ، شاعێری ئێشق و ئازادی ،دڵە گەورەکەی هەتا ئەو رۆژەی له لێدان کەوت، بۆ گەلەکەی و ئازادی نیشتمان لێی دا.
به فەرموودەی خۆی:

هەتاکوو دوا پشــــوو رێبواری رێگەی ئێشق و ئازادیــــم
ئەگەر بێجگە له ناکامیــــش نەبینــــم، بەرهەمێـــکی تـــر

هێمن که یەکێک بوو له گەورەترین شاعێران و نووسەرانی کورد له سەدەی بیستەمدا، له باری پاراستن و بووژاندنەوەی فەرهەنگ و ئەدەب، گەرەترین هەقی خستۆتە سەر نەتەوەکەی، چونکە له تاریک وروونی بەیانی ژیانی را، بۆ خڕ کردنەوەی کۆماکانی ئەدەبی کوردەواری و ورد بوونەوه له وشەکانی، به کەو کردن و هەڵاواردنی غەوارەکانی و سوورکردنی خرمانی زمان وزاراوەی کوردی، کەوتە کار وتەنانەت گوڵ هەڵگرتنەوه و پاشەرۆکیشی بۆ خەڵکی دیکە نەهێشتەوه.

ئاسەوارەکانی مامۆستا هێمن بریتین لە:

١- تاریک و روون(شێعر و پەخشان)
٢- پاشەرۆک(شێعر و پەخشان)
٣- توحفەی موزەففەرییە(فۆلکلۆری کوردی، کە کاری ئۆسکارمانە وهێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی)
٤- شازادە وگەدا.
٥- قەڵای دمدم .
٦- هەواری خاڵی.
٧- چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگز.
٨- ئەفسانە کوردییەکان (کاری قەنات کۆردۆ کە هێمن وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی)
٩- ناڵەی جودایی.

بە ئاوارەیی و دەربەدەری توانی کتێبی ناڵەی جودایی بنووسێ،ئەگەر بە جوانی لێی ورد بینەوە، دەبینین کە ناڵە و هاوار و فیغانی دڵە، ناسۆرییە، خول دانەوە و نزا و هاوار وئازاری ناخ و ماندوویەتی هزر و نائارامی رۆح و بێ تاقەتی جەستەیە بەرامبەر جودایی،جودایی لە خێزان، لە خانوو،ماڵ و گوند و گەڕەک ،شاخ ودەشت و دراوسێ و کەس و کار و یادگارەکانی سەردەمی منداڵی و لانەی گەورەبوون و گەلێ شتی بە نرخی دیکە کە لە یاد ناکرێن ولە دەروون دوور ناکەونەوە.

رۆحی شاد وریگای پڕ رێبوار

سەرچاوە: ماڵپەڕێ شەهید / ڕێکەوتی: ١٦ی ئەپریلی ٢٠٠٨



# مامۆستا هێمن موکریانی و یادێکی شیرین

فەخرەدین تاهیر

دەستپێک

ئەز پێش هەر شتێک پسپۆری بواری شیعر نیم ، تا بێم باس لە شیعر و شاعیریەتی مامۆستا هێمن موکریانی بکەم، ئەمەیان بەجێدەهێڵم بۆ پسپۆرانی ئەم بوارە،بەڵام وەک خوێنەرێکی ئەکتیڤی شیعری شاعیرانی کورد، بێگومان پێ ئاگا نیم لە دیرۆکی کاروانی شیعری کوردی و یەکێک لەو شاعیرە مەزن و ناودارانەی کورد مامۆستا هێمن موکریانییە کە بەدیقەت و ڕامانی قووڵەوە بەبەردەوامی هەڵوەستەم لەسەر هەڵبەستەکانی کردووە.



بەگوێرەی بزاڤی شیعری کوردی بە هەموو قۆناخەکانییەوە،ئەگەر ئاورێکی خێرا لە قۆناخەکان بدەینەوە،هەر یەکێک لەو قۆناخانە بە گوێرەی زەمەن و ئەو ڕەوشەی شاعیرانی کورد تێدا ژیاون، شیعری کوردی ئامادەییەکی زۆر چاکی هەبووە و هەردەم لەگەڵ باری نالەباری کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی شانبەشانی پێشمەرگە لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی دوژمنانی کورد لە بەرگریدا بووە،شاعیر ڕۆڵی بەرگریکار و شیعریش لە مەتەرێزی شەرەفدا،وەک فیشەکی تڤەنگی بڕنەوەی کورد لە سنگی دوژمنانی کوردی داوە.شیعر بە هەموو جوانییەکانییەوەو شاعیریش ئەگەر بە ویژدانێکی زیندوو مامەڵەی لەگەڵ شیعر دا کرد بێت،بێگومان شیعرەکانی بەنەمری لە دایکبوون و نەمریشیان بە خودی شاعیر داوە. لەقۆناخی شیعری شاعیریەتی مامۆستا هێمن موکریانیشدا ئەگەر شاعیران وەک ئەو ڕۆڵی دیاری خۆشیان نەبوو بێت،هەڵبەتە لە ڕەوتی بزاڤی شیعری ئەو سەردەمەی کە مامۆستا هێمن تێدا ژیاوە دانەبڕاون.ئەگەر بشمانەوێت ئاورێکی خێرا لە شیعرەکانی مامۆستا هێمن بدەینەوە،دەبێ باس لە قۆناخی شیعری پێش دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد و تا شادبوونەوەی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دۆست و یارانی،ئەم قۆناخانەش بەگوێرەی هەلومەرجی سیاسی ئەو دەمە دەیان وسەدان گۆڕانکاری خێرا و چاوەڕواننکراوی بە خۆوە بینیوە،بەڵام بەلای منەوە زۆر گرنگە لەم نووسینەمدا باس لە قۆناخی دوای نسکۆی شۆڕشی ساڵی (١٩٧٥)لە مێژووی بزاڤی شیعری (هێمن موکریانی)دا هەڵوەستەیەک بکەم و ئەو دیدارەی کە لە پاییزی ساڵی (١٩٧٨)دا لە شاری هەولێر بەیەکگەیاندین وەک یادەوەرییێک و وێنەیەکی ئەو دەمێ کە تا ئێستا بڵاوم نەکردۆتەوە و لەگەڵ ئەم کورتە نووسینمدا دەیخەمە ڕوو.

## هەڵوێستی شیعری هێمن موکریانی دوای نسکۆی شۆڕش لەساڵی (١٩٧٥)دا.

ئاسان نییە باس لەبەسەرهاتی ژیانی پر لە کوێرەوەری مامۆستا هێمن موکریانی بکەم،چونکە هەرچی بنووسم ناتوانم وەک خودی شاعیر باس لە ژیانی کوێرەوەری خۆی بکەم،هەروەک لە پێشەکی دیوانی تاریک و ڕووندا باسی لە خۆی کردووە.

بەڵام خۆ ناشکریت لە بیست و یەکەمین ساڵیادی کۆچی هێمن موکریانیدا، ئاورێکی خێرا لە هەندێک لەشیعرەکانی نەدەمەوە،کە بۆ من و سەدان کەسی وەک من جێگەی بایەخی قۆناخێکی سیاسی گرنگ بە گشتی و دوای نسکۆی شۆڕشی ساڵی((١٩٧٥دا بەتایبەتی بوون.

دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ لە پێشەکی دیوانی تاریک و ڕووندا،وتارێکی نوسیوە و دەڵێ: ئەورۆ هەر کەس لە ئەدەبی کوردی شارەزا بێ، ناوی هێمنی بیستوە،شیعرەکانی خوێندۆتەوە و بێگومان دەزانێ کە هێمن یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کوردی سەردەمی ئێمەیە.. شیعری هێمن...لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر کاریگەر بوە و ئەوانی بەرەو خەبات لە پێناوی رزگاری گەلی کورد دا هانداوە... هێمن لە شیعری خۆیدا... لەمافی خوراوی گەل دیفاع دەکا،ئارەزوی ئەوەیە کورد هەرچی زووتر لە ستەمی نەتەوایەتی رزگاری ببێ... هێمن نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێ.لەوەش زیاتر نەتەوەی خۆی دەپەرستێ...هێمن تەماشاچی نیەو ناتوانێ تەماشاچی بمێنێتەوە،بەهەموو هێزی خۆیەوە،بە شیعر و بە نووسین هەنگاوی روون تا ترۆپکی رزگاربوون یاریدەی گەلی خۆی دەدا.هێمنی شاعیر لە هێمنی خەباتکەر جیا ناکرێتەوە... شیعرەکانی پڕە لە هیوا و ئاوات بۆ سەرکەوتن نیشتمانپەروەران بۆ تێکۆشان هان دەدا...شیعری کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێری چ لە باری ناوەڕۆک و چ لە باری شێوە و، گەیاندۆتە پلەیەکی بەرزی ئەوتۆ کە کەمتر شاعیری کوردی گەیشتۆتێ... هێمن شاعیرێکی ریئالیستە،ریئالیزمی رەخنەگەر لە ناوەرۆکی شیعرەکانی هێمن دا بە تەواوی بەرچاو دەکەوێ...

هێمن دەیەوێ ژن بەر لە هەموو شتێک خاوەنی مافی ئینسانی خۆی بێ و زۆر جار دژی زۆرداری و بێ حورمەتی نیسبەت بەژن دەنگی خۆی هەڵ دێنێ...زمانی هێمن نمونەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوردییە و بێگومان لە پێک هێنانی زمانی پەسەندکراو(ستاندارد)ی کوردیدا تەئسیری هەبوە... هێندەی شیعری هێمن لەسەر گۆران دەیڵێ لەسەرخۆشی ڕاستە:تاکی لە جوانی پەرستیدا کەمە،وشە لە دەستی دا وەک مێوە وایە،دڵ تەڕە،خۆش خەیاڵە و ناسک بینە،بە هونەرە و شارەزا و وشە ڕەنگینە).

هێمنی شاعیر لەگەڵ شۆڕشی گەلەکەی خۆیدا بە شیعر دەژیا و لاوانی کوردیشی هان دەدا بێ هیوا و ئومێد نەمێننەوە و بە هیوا بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەکەیان بژین،ئەوەتا لە دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٤)دا،شیعری (ڕقی پیرۆز)دەنووسێت کە شۆڕشگێرانی کورد لە زیندانە تاریکەکانی داگیرکاراندا ڕقیان ئەستوور تر بێت و لەسەر داوای ڕەوای کوردایەتیشدا سوور تر و لەبەرامبەر جەللادەکەیاندا نەتوێنەوە و خۆڕاگرتربن،کە دەبێژێت:

دەمگرێ،ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوور ترم
لێم دەدا،ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوور ترم
دەمکوژێ،ئەمما بەگژ جەللادەکەم دا دێمەوە
کورد و ناتوێمەوە ، ناتوێمەوە ، ناتوێمەوە

بەڵام دوای نسکۆی شۆرش لەساڵی (١٩٧٥)دا، هێمنی شاعیر دەستە و ئەژنۆ نامێنێتەوە و چەندان شیعری حەماسی بۆ نەتەوەکەی دەنووسێ و داوایان لێدەکات بێ ئومێد و هیوا نەمێننەوە و پێیان دەڵێت: کورد نەتەوەیەکی خۆڕاگر و قارەمانە لە هەل دەگەڕێت بۆ

ئەوەی جارێکی دیکە بچێتەوە نێو وڵاتەکەی و مەقاوەمەت درێژە پێ بدات. هەروەها لەو سەروبەندەشدا دەیان شیعری عاتیفی و ڕۆمانسی بۆ خۆی و لاوانی کورد دەهۆنێتەوە.

هەڵبەتە لە نێوان ساڵانی (١٩٧٩- ١٩٧٥)دا تا گەڕانەوەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێمنی شاعیر کۆمەڵێک قەسیدەی جوان و پڕ لە عاتیفە و شۆڕسگێری بە هیوا ژیان بۆ ئایندەی کورد و کوردستانی نووسیوە و کە لەمانە: بەرەو ئاسۆ، جوان ناسووتێ،سازی ناساز، ماچی خودایی، دەستی تەزیو، پەرستاری ڕەشپۆش،چاویلکە،خۆزگە، عیشق و ئازادی،سووڕی دەوران،خاک،شەرابی خەست، خەوم نایە،ڕێژنە ..... و تاد.

ئەگەر ئێمە لە هەر هەموو ئەو شیعرانەی ئەو قۆناخەی هێمنی شاعیر ووردبینەوە،بۆمان ڕووندەبێتەوە کە چەندە بە پەرۆشی کورد و کوردستان و کێشە ڕەواکەی بووە و بە شیعر لەگەڵ شۆڕشگێر و پێشمەرگەکانی کوردستاندا لە سەنگەری خەباتدا بوو و بە بەردەوامی لەگەلیاندا ژیاوە،ئەوەتا لە شیعری (خاک)دا، خۆی بە خاکی ژێر پێی تێکۆشەرانی کورد دەزانێت و دەنووسێت:

بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم؟
دوندی قەندیل، گۆرەپانی هەڵگورد نیم
بەرەو بەرزی دەچم ئەگەر چی وردم
خاکی بەر پێی تێکۆشەرێکی کوردم

هێمنی شاعیر سەرباری شیعری حەماسی چەندان شیعری عاتیفی پڕ لە هەستی جوانپەرستی نووسیوە و لەلایەن دەیان سترانبێژانی کوردی ناسراو بەدەنگە خۆشەکانیان تۆمارکراون،ئەو سترانانەش زێدەتر ناوبانگیان بە هێمنی شاعیر و هۆنراوەکانیان دواوە و لە تەواوی کوردستان ناودەنگی هێمنی شاعیریان بە هەموو لایەکدا بڵاوکردۆتەوە،ئەم هونەرمەندە سترانبێژانەش بریتین لە (تاهیر تۆفیق، مەحەمەدی ماملێ،عەزیز شاهرۆخ، مەحەمەد جەزا، ناسری ڕەزازی، نەجمەدین غولامی مەرزیە فەریقی، تەنیا عارەب عوسمان و....تاد).

لەبیرمە کە هێمنی شاعیر لە هاوینی ساڵی (١٩٧٨)دا، شیعری (ڕێژنە)ی بڵاوکردەوە، هونەرمەندی سترانبێژ (مەحەمەد جەزا)ش ئەم شیعرە پڕ لە ئیحساسەی بە مەقامێکی کوردی ڕەسەن تۆمارکرد و لە ڕێگای تۆمارگەکانی ئەو دەمە بڵاویکردەوە، ئەمەش دەقی شیعرەکەیەتی:

تۆ بەڵێنم پێ بدە تا من بەرەو ژوان بیمەوە
بمدەیە ماچێکی تەڕ لەم لێوە، با جوان بیمەوە
دەستی لەرزۆکم هەتا تێیدایە هێزی بەی گوشین
لێم گەڕێ تاوێ لە باخی سینە میوان بیمەوە
شەنگەبێری بسڕەوە فرمێسکی بێ شوانی ئیتر

ڕەنگە هێشتا لەو چیا و زۆزانە بۆ شوان ببمەوە
من گوڵی سەر گۆڕی ئاواتی لە مێژینەم بەڵام
ڕێژنێکم لێ بدا پێم وایە بۆ ژوان ببمەوە
شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا
من خەریکم بۆ کچە شێخێ پەژیوان ببمەوە

## یادەوەرییێکی شیرین

بێگومان دوای نسکۆی شۆڕشی ساڵی(١٩٧٥) کە گەڕایەنەوە شار،شیعری حەماسی هێمنی موکریانی ئاگری دەکردەوە و هەر ساڵێکیش بوو دیوانی (تاریک و ڕوون)ی بە چاپ گەیاند بوو و ڕەواجی شیعری ئەو هەموو کوردستانی تەنیبۆوە، منیش وەک گەنجێکی بێ هیوای تازە گەڕایەوە لە نێو شۆڕشدا دڵم و دەروونم تەنیا بە شیعری ئەو پیاوە گەورەیە تێر دەبوو، خەونیشم بەوە دەبینی و لەبەر خۆمەوە دەمگوت: دەبێ ڕۆژێک دابێت منیش وەک گەنجێکی خێر نەدیوی ئەم کوردستانە دڵ بریندارە بە دیداری پاکی بگەم، ئەوە بوو ڕۆژێکیان هەر بەرێکەوت بەرەبەیانێکی پاییزی ساڵی (١٩٧٨) بەشاهێدی کاک سەلامی مەحمود عەدۆ کە لە تۆمارگەی هێمن لەلام دانیشتبوو،ئەو کاتە تۆمارگەکە بە تەنیشت ساختومانی پارێزگای ئەوسای هەولێرەوە بوو، مامۆستا هێمن ڕانکوچۆغەیەکی ڕەنگ قاوەیی لەبەردا بوو، سڵاوێکی کوردانەی لێکردین و هەواڵی (شێخ محێدینی شێخ عەبدوڵڵای خەلانێی) لێپرسین، بێگومان تۆمارگەکە پێشتر بۆ خۆشەویستی ناوی مامۆستا هێمن کاکە شێخ محێدین کردبوویەوە و دواتریش کاک جیهانبەخش کۆیی لێی کڕیبۆوە و منیش وەک شاگردێک بۆ ماوەیەک تۆمارگەکەم بەڕێوەبرد،بەهەرحاڵ مامۆستا هێمن هەواڵی مامۆستا مومتاز حەیدەری پرسی و داوای لێکردم شوێنەکەی نیشاندەم، کە ئەو دەم مامۆستا حەیدەری کتێبخانەیەکی هەر بەناوی بنەماڵەکەیەوە دانا بوو، مامۆستا هێمن خاتری خۆی لێخواستین خواحافیزی لێکردین و بە شێوەزاری شیرینی موکریانی پێی گوتم: کاکە شێخ وانێک هەر ئێستا دێمەوە لاتان،دیار بوو منیشی بە کوڕە شێخ دەزانی...مامۆستا هێمن ڕۆیشت من و کاک سەلام مەحمود عەدۆش لە بیرکردنەوە دابووین کە ئەو پیاوەمان بینیوە و بەڵام نازانین چۆن و لە کوێ و ناویشی چییە..؟

دواتر هەر کاک سەلام مەتەڵەکەی هەڵهێنا و گوتی: هەبێ و نەبێ ئەوە مامۆستا هێمن موکریانییە...!

دوای گەڕانەوەی مامۆستا هێمن بۆ لامان دانیشتنەکەمان گەرم و گوڕتر بوو و داوای لێکردین لەگەڵیدا سەردانی دکتۆر نافیع ئاکریی بکەین و منیش هەر ئەو دەمە بە تەکسیەک چووین بۆ بنکەی تەندروستی کە ئەو دەمە بەرامبەر مزگەوتی شێخ ئەبوبکر نەقشەبەندی بوو، هەر کە گەیشتینە وێندەرێ هەندەی پێنەچوو کۆمەڵێک شاعیر و ئەدیب گەیشتنە لامان لەمانەی لە بیرم ماون: کەریم شارەزا. مەحەمەد مەولود مەم، مەدحەت بێخەو و پێموایە مامۆستا حەمە کەریم هەورامیش درەنگتر گەیشتە لامان و برادەرێکی وێنەگری منیش کاک نادری وێنەگرمان پێدەگوت هات و چەند وێنەیەکی بۆ گرتین،ئەوەی شایەنی گوتنە کاک نادری وێنەگر دواتر زانیمەوە لە شەڕی عێراق- ئێران دا ژیانی خۆی لە دەست دا و کوژرا، مخابن من لەبەر بێ پارەیی تەنیا یەک وێنەم کڕیی و ئەوانی دیکەم دەستنەکەوت و هەندەشی پێنەچوو بە چەند مانگێک دواتر منیش لە دەست ڕژێمی بەعس ڕووم لە شاخ کرد و هەر تەنێ توانیم ئەو وێنەیەی ئێستام کە لەگەڵ ئەو نووسینەمدا بڵاودەبێتەوە،بپارێزم.

بێگومان باسی شیعری هێمن و هەڵوێستی کوردپەروەری و خۆشەویستی لەلای خەڵکی کوردستان بە نووسینێک و دووان و دەیان و سەدان تەواو نابێ،بەڵام هەر ویستم لەو یادە پڕ شکۆدارەدا لە بیست و یەکەمین ساڵوەگەڕی هێمنی دڵمەزن کە هەر ساڵێک لە ١٨ی نیساندا دەبێ، بۆ ئەو پیاوە گەورەیە کە شاعیری یەکەمین کۆماری دیموکراتی کوردستان بووە یادی بەرز ڕابگرین.

ئەوی شایەنی گوتنە هێمنی موکریانی شاعیر لە ١٨\٤ \ ١٩٨٦و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دڵێکی شکاو و برینــدار ماڵئـاوایی لە نەتەوەکەی کرد.

لەدوا پەیڤمدا هەر دەتـوانم بـەو کۆپەلـە شیعرەی خـۆی یـادی هێمن و شیعری بـەرزی ئـەو بـەرزتر ڕابگـرین و ببێـژین مامۆستا هێمن ڕەوانتان شاد و کە پەری ڕوحی پاکتان هەردەم بەم شێوەیە دەهاتە گۆ:

نەماون بێکەس و گۆران عەزیزان
کە شیعری شینی هێمن دابرێژن
گوڵی فرمێسک و عەتری شیعری تازە
بەسەر خاکی مەزاری دا برێژن
مریدانی پەرۆشی پیری گەورە
شیاوی ناوی بەرزی وی،چ بێژن

هەولێر ٧ی سیپتامبری ٢٠٠٧

تێبینی: ئەم بابەتەم بەیادی مامۆستا هێمن موکریانی شاعیر لە مانگی نیسانی ئیمسالدا نووسیوە و بڵاوکردۆتەوە، هەنوکە بە کەمێک دەستکارییەوە دوبارە بەباشدەزانم لە سایتی ئینتەرنێتیش بڵاوی بکەمەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری کڵاوڕۆژنە / ڕێکەوتی: ٢٩ی جوولای ٢٠٠٩



# هێمن... لە بەهاری شیعر و پاییزی سیاسەتدا!

## پشکۆ نەجمەدین

مامۆستا هێمن، یەک لە شاعیرە گەورەکانی سەدەی پێشووی میللەتی ئێمەیە... شاعیرێک، کە ڕۆحی شیعر بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە و قەدەری سیاسەت بە هەموو جەنجاڵییەکانییەوە، پێکهاتە و ستاتووی ئەو پێک دەهێنن.

من، بڕوام بە تیوری (لەدایکبوونی "دەق" و مەرگی نووسەر) نییە. پێچەوانە، پێم وایە، لەژێر پێستی پەیڤەکانی هەر دەقێکی ئەفرێنراودا، ڕۆحی خالیقەکەی زرت و زیندوو، لێمان دەڕوانێ. منیش، هێمن گوتەنی:((کە شیعری شاعیرێک، یا نووسراوەی نووسەرێک دەخوێنمەوە، چ زیندوو، چ مردوو، پێم خۆشە خۆیشی بناسم، بزانم کێیە؟، خەڵکی کام وڵاتە؟، کاری چییە؟، چۆن دەژی و ئەگەر مردووە، چۆن مردووە و... هتد، تاریک و ڕوون، لەکوێوە بۆ کوێ)).

قسەی من، لەسەر شێوازی ژیان و مردنی هێمن نییە، هێندەی دەمەوێت قسە لەسەر ئەوە بکەم کە پرۆسەی پێچەڵپێچی ژیان و قەدەری سیاسەت (کە دەکاتە قەدەری ژیانی میللەتی ئێمە)، چەند و تا کوێ ڕۆڵیان لە بنیاتنان و بەرهەمهێنانی هێمندا، وەکو شاعیرێکی گەورە و زێدەناسراوی کورد، هەبووە؟!. پاشان دێمەوە سەر ئەو بۆچوونە باوەی کە خودی هێمنیش جەختی لەسەر کردووە، ئەویش بۆچوونی (سیاسەت شیعر دەکوژێت، یاخود سیاسەت بکوژی شیعرە!).

### داخۆ چەمک و مانای ئەم بۆچوونە، هەتا کوێ دەرهەق بە گەورەیی هێمن، ڕاست دەگەڕێ؟!.

ئەز پێم وایە، دەکرێ "سیاسەت" لە میانەی هەندەک گۆشەنیگا و تێڕوانینەوە، بکوژی "شیعر"بێت.. شیعر وەک هونەرێکی ئەبستراکت. دەشێ سیاسەت، زەرەر لە پرۆسەی داهێنانی شیعر بدات و هەمانکاتیش، فەزایەک بۆ خولقاندنی پاڵەوانێک لە پانتایی بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی میللەتێکدا ئاوەڵا بکات، کە خودی سیاسەت و ڕووادوە سیاسییەکان، لە سەردەمە جیاوازەکانی ژیانی ئەم کەسەدا، دەبنە ئاوێنەی نیشاندانی کاراکتەرەکانی ئەو پاڵەوانە (ئەو شاعیرە، ڕۆشنبیرە) و خەرمانەیەک لە پیرۆزیش لە دەوری نەخش دەکەن. دەکرێ ئەم پرۆسەیە وەها بکەوێتەوە، کەسی گریمان(کە لێرەدا مامۆستا هێمنە)، ببێتە باڵانمای نیشاندانی مێژوویەک لە ئازار و تراژیدیای میللەتێک، بە ئەوی دی!، یاخود بە نەوەکانی خودی ئەو میللەتە.

ئەم بۆچوونەی من لەسەر "سیاسەت" دەشێت ساتێک مانایەکی هەبێت، کە ئێمە چەمک و تێگەیشتنە زانستی و مۆدرنەکەی سیاسەت وەلا نێین و مانایەکی خۆماڵیی بدەینێ. واتە سیاسەت بە مانا کوردییەکەی کە دەکاتە خەبات و بەرخۆدانی بزووتنەوەی سیاسیی میللەتێک لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا.

ڕۆشنە، که سیاسەت یاخود دۆخی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چ میللەتێک، توانای بەخشینی ئەو خەسڵەت و سیفەتانەی بە هەموو شیعربێژ و قەڵەمبەدەستێک نییە.

ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی دوادەیەی نیوەی دووەمی سەدەی بیست لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، قەدەر و ڕێچکەی ژیانی گەنجێکی خوێندەوار و لیوانڕێژ لە هەستی جوانپەرستی و وزەی شۆڕشگێری، لە بازنەیەکی تەسک دەردەهاون و بەرهەڵدای نێو پانتایی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردی دەکەن. ئەوە چارەنووسی بزووتنەوە سیاسییەکەیە، کە خەسڵەتی "تایبەت"

لە هێمن وەردەگرێتەوە و سیفەتی "گشت"ی پێ دەبەخشێت و لە زەینی نەوە جیاوازەکاندا، ئامادەییەکی هەمیشەیی دەداتێ.

## سیاسەت، بەستەڵەکی ئەشقی ژن لە "هێمن"دا:

هێمن، وەک خۆی دەڵێ: کۆمەڵەی "ژ ک" و کۆماری کوردستان، لە ناخەوە ئەویان تێک هەڵتێلاوەتەوە... گۆڕانێکی سیاسی و فیکری و ئەدەبییان لەودا بەوجود هێناوە... هێمنی جوانپەرست و هەتا سەر ئێسک ئاشقی ژن، لەو ڕۆژگارەدا دەڵێ:

ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نییم
ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن...
بەیتێکی دیکەی هەمان شیعر:
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند، باکم نییە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن!. شیلانئاوێ...١٩٤٢

هێمن، ساڵی ١٩٤٢ی دە بن ئەم شیعرەدا نووسیوە. کە وایە،

مێژووی نووسینی ئەم شیعرە، مێژووی دامەزراندن و کەوتنەگەڕی کۆمەڵەی "ژ ک"ە.

ئەوەی هێمن لە قوتابخانەی پەروەردەیی "ژ ک"ی دەگێڕێتەوە، ئێمە پاش نزیکەی 30ساڵان لە فێرگەی کۆمەڵەی مارکسیی _ لینینی کوردستاندا، ئەزموونمان کرد.. گۆڕینەوەی هەموو ئەشقەکان بە ئەشقی شۆڕش، هەموو لەزەتتەکان بە لەززەتی تێکۆشان، هەموو جوانییەکان بە جوانیی نیشتمان. قسەم لەسەر درووستبوون یان نەبوونی ئەو میتۆدەی پەروەردەکردن نییە و ئەوە باس و بابەتێکی دیکەیە.

ئەم شیعرەی هێمن، ساڵانیکی زۆر، پێش چاپکردن و بڵاوبوونەوەی "تاریک و روون"، لە سابڵاخەوە باڵی گرت و لە هزری بەشێکی زۆری خوێندەوار و نەخوێندەواری نەوەی ئەوێ ڕۆژێی کورددا، هێلانەی چی کرد.

ئەم شیعرە، هەڵگری پەیامی ئاشکردنی هەموو ئەشق و لەززەتەکانی تاکی کوردە، بە ئەشقی گەل و نیشتمان. ئەم پەیامە، پاشتر، لەشکرێک لە دەروێشانی تەریقەتی شۆڕش دەخولقێنێ. لەشکرێک، لەگەڵ هەموو نسکۆ و تێکشکانێکی شۆڕشدا، دەروێشانی توشی تێکشکانی رۆحی و دەروونی دەبن.

ئەو دێڕە شیعرە، ئەو وێناکردنە بۆ ژن و ساتوسەودای ئەشقی ژن لەگەڵ ئەشقی نیشتماندا، لە سەرتاسەری دیوانی هێمندا ریزپەڕە و هەرگیز دووپات نابێتەوە. پێچەوانە، لە سەرجەمی بەرهەمی شیعریی قۆناغە جیاوازەکانی ئەزموونی نووسینی هێمندا، جمکی ئەشقی ژن و نیشتمان، هیندە ئامێتە و تێکچرژاون، هیچ کامیان بێ ئەوی دی، مانایەکی نییە. ئەشقی ژن بە هەموو رەهەندەکانییەوە، ئەشقی "شەنگەبێریان"ی کوێستان و "مینیژۆپ" لەبەرانی گەرمێن، تانوپۆی دیوانی "هێمن"ی تەنیوە....

"لەو دەمەی ڕا دڵم لێی داوە بۆ ژوان
من دێوانەی چاوی جوانم، چاوی جوان".
"تۆ بەڵێنم پێ بدە تا من بەرەو ژوان بیمەوە
بمدەیە ماچێکی تر لەم لێوە با جوان بیمەوە"((٢))

کەچی لە (کوردم ئەمن)دا، لەم سەرەتای دەستپێکەدا، هێمن لە قاڵبی شاعیربوون یاخی دەبێت و دەبێتە پەیامبەرێک کە بە زمانی شیعر، هەڵگری پەیامی شۆڕشێکە، شۆڕشێک کە هەموو خواست و خولیاکانی تاک و کۆمەڵ، لە خۆی دەگرێت و هیچ ئەشقێک لە دەرەوەی ئەو ئەشقە پیرۆزە، مانایەکی نابێت!.

هێمن، وەک خۆی دەڵێ: لەو سەردەمەدا، لە پێناوی ئەشقی شۆڕشدا، دەست لە جوانترین و گەورەترین ئەشقی ژن هەڵدەگرێت. ئەم دەستهەڵگرتنە، رۆحی جوانپەرستی "هێمن"ی بە جۆرێک زامدار کردووە، تا ئاویلکە و سەرەمەرگیش دەست لە ئێخەی ناکاتەوە!.

" ئێستا پیرم و کەوتوومەتە ئاویلکە
چاوی جوانم لێ ون دەکا چاویلکە" (شیعری چاویلکە).
"کوانێ ئەو پەنجە کە توندی دەگوشی مەمکی توند
کوانێ ئەو پێ یە کە بۆ ژوانی دەچوو گونداوگوند؟". (٣)

ئاخر ئەوەتا هێمن، لە دوا رۆژەکانی ژیانیشیدا دەڵێ:..

((جوانیش زۆر تەئسیری لە من کردووە... جوانی دیارە بە هەموو مەعنای کەلیمەوە، بەڵام جوانترین شتیش لە نەزەری مندا ژن بووە!... _ هێمن بۆ مامۆستای کورد، ساڵی ١٩٨٥،ورمێ)).

ئەم جێگۆڕکێیەی نێوان شاعیر/ پەیامبەر، شیعر/ پەیام، وەک لە دەستپێکدا گوتم، خولقێنراوی هەلومەرجێکی سیاسیی تایبەتە،

ئەویش بارودۆخی ئەو رۆژگارەی بزووتنەوەی کوردە، لە رۆژهەڵاتدا.

### تاریک و روون، تررووسکەیەک لە هەرەسدا:

ساڵی ١٩٧٥، ساتێ لەگەڵ هەرەسی رنووی شۆڕشدا، لە شاخەوە بۆ شار بەرەوژێر بووینەوە، "تاریک و روون"ی هێمن، پێشوازیی لێ کردین و فرمێسکەکانی شکست و ناهومێدیی لە چاوانی ئێمەدا سڕین.

من، ئەگەرچی پێشتر، تاک و تەرای شیعری "هێمن"م دیتبوون، بەڵام "تاریک و روون" بە گشتی و "لەکوێوە بۆ کوێ" بە تایبەت، نەک هەر بە "هێمن"یان ئاشنا کردم، بگرە تابلۆیەکی رەنگاوڕەنگیان لە بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، لە رۆژهەڵاتدا، لە زەینمدا نەخش کرد.

ئەگەر زێدەڕۆیی نەبی، دەڵێم:"تاریک و روون" ، لەو رۆژگارە نووتەکەدا، بوێریی وەبەر نەوەیەکی تێکشکاو، لە باشووردا نایەوە.

"بەو خوێنانەی لەو ڕێبازە رژاوە
گوڵی ئاڵی سەربەستی کورد رواوە
منیش بە دڵی پڕ لە هیوا و بڕواوە
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی روون
دەڕۆم بەرەو ترۆپکی رزگاربوون.(٤)

"لەکوێوە بۆ کوێ"، جگە لەوەی توحفەیەکە لە پەخشانی کوردی، ئەوا لە مێژووی نووسینی پەخشانیشدا، لە لوتکەدایە. یادەوەرییەکانی هێمن، لەو پەخشانەدا، گێڕانەوەیەکی بەلەززەتی پانۆرامای قۆناغێکە لە مێژووی سەروەرییەکان و نەهامەتییەکانی میللەتی ئێمە... هێمن، لەوێدا، هەم بکەرە و هەم شاهێد. ئێمە لەوێدا، لە وێنە گەش و رەشەکانی یادەوەریی ئەودا، لە گەوەکانی فراژیبوونی هێمن، وەک کەسییەتی/ شاعیر / پەیامبەر دەگەین.

هێمن، دەرکەی چیرۆکی "لەکوێوە بۆ کوێ" بە وێنەیەک کلۆم دەدات، کە بۆ ئەو سەردەمە، پەیامێکی پڕمانایە و وەک نارنجۆک لە هزری نەوەی ئێمەدا، دەتەقێتەوە!...((چبکەم، کوردم، کۆیلەم، ئەوانە هەموو و تەنانەت کوژران و کوشتنم پێ لە کۆیلەتی، پێ خۆشترە!)).

مرۆڤ، لە هەر سات و زەمەنێکدا، دەرئەنجامی پرۆسەی ژیان و ئەزموونەکانی خۆیەتی. هێمن، ئەگەر ئەوە قەدەری ژیانی نەبایە، ئەو "هێمن"ە نەدەبوو کە بوو!.

## هێمن: ڕۆحێک لە شیعر!

هەرچییەکی لەمەڕ ڕۆڵی فاکتەری "سیاسەت" لە خولقاندنی کاریزمای کەسایێتیی شاعیربوونی "هێمن"دا بنووسین، هەرگیز بە مانای ڕەتکردنەوەی ئەوە نایەت کە ڕۆحی شیعر لە بوون و وجودی "هێمن"دا، پێش قەدەری "سیاسەت" گوراوە و ئامادەیی هەبووە. مەبەستم لە ڕۆحی شیعر، مانا تەقلیدییەکەی "ئیلهام / سروش" نییە کە خودی "مام هێمن"یش ڕەتی دەکاتەوە و بڕوای پێی نییە....((نازانم، ئەو ئیلهامەی کە پێت وابی، فریشتەیەک یا پەرییەک، یا وجوودی من ئەوەم گوتووە، یا شەیتانیک دێتە بنهەنگڵی پیاوی، وە شیعری پێ دەڵێ، من بڕوام بەوەیان نییە... لە بەهاری شیلانئاویوە تا پایزی ورمێ، مامۆستای کورد، ژمارە ١٣)).

من بۆ خۆم، هێشتا تەفسیرێکی گشتبڕم بۆ هەڵاوێردنی شاعیر لە ناشاعیر یاخود کەسێکی ئاسایی، پێ نییە. دیارە تیور و بۆچوونەکان، لەم بوارەدا فرەن و مشتومڕی زۆریان لە سەرە.... ڕەنگە بەرزیی توانستی بینین و فراوانیی فەنتازیای شاعیر بۆ وەرگرتن و وێناکردنی دیاردە و دەرکەوتەکان لە زەیندا و پاشانیش گوازتنەوەیان لە چوارچێوەی ڕووداوەکانی زماندا، بۆ نێو ماڵی نووسین، مەرزی جیاکردنەوەی هەست و ئیحساساتی شاعیر و کەسێکی ناشاعیر بن.

هێمن، شاعیرێکی فرەوێنا و فراوانخەیاڵە و بە ئامادەبوونی ڕەگەزە بنچینەییەکانی دیکەی هونەری شیعرنووسین( زمان، وێنە و میتافۆر، ریتم و کێش و سەروا..هتد)، خەرمانێک لە شیعری بۆ بەجێ هێشتووین کە ڕسکان و کامڵبوونی شیعرەکان، سەروکاریان لەگەڵ زەمەن و چوونەسەری ئەزموونی شیعریی ئەودا هەیە.

هێمن، وەکو شاعیرێکی گەورە و دەرکەوتوو، خوێنەری شیعرناس، لە "تاریک و ڕوون"، "ناڵەی جودایی" و پاشاتریش "پاشەڕۆک"ەوە دەیناسێت.

کێرڤی هونەر و شیعری هێمن، لە "تاریک و ڕوون"ەوە ڕێچکە دەگرێت و ڕوو لە هەوراز هەڵدەکشێت... زمانی پاراو، هەستی ناسک، وێنەی بگۆ و هەژێنەر لە ناخی قەسیدەی بە فۆرم کلاسیک و بە نێوەڕۆک تژی لە داهێنان و نوێخوازی، دێنە سەما.

"دەگەڵ تەبیعەت هاودەمی
شادی، بەکەیفی، بێ خەمی
ئاغاش بە نۆکەر ناگری
وەک من لە داخا نامری".(تاریک و ڕوون)

لە سەرجەمی "تاریک و ڕوون"دا، هێڵێکی نەپساو لە جوانی، لە دەستپێکەوە بۆ کۆتایی درێژ دەبێتەوە... جوانیی سرووشت و مرۆڤ و خەمەکانیان، بونیادی بنچینەیی شیعری 'هێمن'ن.

هێمن، لە هەندێک تێکستدا، هەموو جوانییەکان لە جامی جوانییەکانی ژندا کۆ دەکاتەوە و مرۆڤ لە ژندا دەبینێت. هێمن، دیدێکی

فەلسەفیی هیومانیستانەی بەرزی بۆ ژن هەیە.

سێکوچکەی خەمەکانی نیشتمان، غوربەت و ژن، لە زمانی پاراوی گوندیدا، بە کێش و ریتمی ڕەنگاوڕەنگەوە، دەبنە کۆڵەکەی نەمریی شیعرەکانی تاریک و ڕوون.

ئەزموونی 'هێمن' لە "نالەی جودایی"دا، بە لوتکەی شیعر و داهێنان دەگات. نالەی جودایی هونەرێکی بەرزی کەمهاوتایە. خورپەی دڵ و سووتانی ڕۆحی شاعیرە لە دۆزەخی غوربەت و ئاوەریی و مەحرووميیەتدا. لە ڕووباری "نالەی جودایی"دا، هەست بە سۆز و عاتیفەی پیرەشاعیرێکی مەیزەدەی لە لان و زێدی خۆ هەڵبڕاو دەکەین ، ئەو هەستە چەپۆکانییەتی و نالەی گریانی ئەو، بۆ خەونە لەدەستچووەکان، عالەمێکی لەگەڵ خۆی وەگریان خستووە!.

من، پێم وایە، ئەگەر هێمن، بە تەنێ 'نالەی جودایی" و "ئێشق و ئازادی"ی گوتبا، لە دیوەخانی شیعری کوردیدا، هەمان جێگای پێ دەبڕا.

## پاییزی سیاسەت!

من، دەساڵ پێش لە ئێستا و بۆ ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا، لە میانەی قسەوباسمدا لەمەڕ هێمن، بۆچوونێکم دەربڕی و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە...

((حیزب، لە دواساڵەکانی ژیانی هێمندا، خراپی مامەڵە لەگەڵ گەورەشاعیری میللەتی ئێمە کرد. ئەگەرچی ئەو هەڵوێستە بێمانایەی حیزب، توێژاڵێکی لە لوتکەی سەروەریی "هێمن" نەڕوشاند. بەڵام درەنگ یان زوو، دەبێ "حیزب" لەبەردەم ڕۆحی نەمری هێمندا، بەچۆکدا بێت و داوای لێبوردنی لێ بکات)). ئەوسات، نوێنەری "حدکا" لە فەرەنسا، ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بۆچوونەکانی من نووسی و لەهەمان ڕادیۆوە بڵاوی کردەوە. ئەو، من و چەند نووسەرێکی دیکەی بە "موغریز" و "تودەییسیفەت" تۆمەتبار کردبووین کە لە پشت "هێمن"ەوە، تانە و تەشەرمان لە "حدکا" داوە و گرفتمان لەگەڵ سیاسەتی "حدکا"دا هەیە. من، ئەگەر ڕۆژگارێک گرفت و کێشەی فکری و سیاسییم لەگەڵ حیزبەکانی کوردستانی باشووردا هەبووبێت، ئەوا هەرگیز لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا، کێشەیەکم نەبووە و هەمیشە بە چاوی ڕێزەوە لە خەباتی وانم ڕوانیوە.

من، پێم وایە، کاری باش بۆ مامۆستا هێمن ئەوە بوو، پاشی شۆڕشی گەلانی ئێران و گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە دەرەوەی سیاسەت و حیزبایەتی ماباوە و خۆی لە کیشەکانی دەروونی حیزب نەخستبا. ئەو ، ئیدی زۆر لە سیاسەت و حیزب گەورەتربوو. ئەو بۆ خۆی سیمبۆلی خەباتی دەورانی کۆماری کوردستان و خۆشەویستی پێشەوا بوو. هێمن، وەک هەر سیاسەتکار و سیاسەتمەدارێکی دیکەی کورد، هەڵەی کرد!. ئەو وای دەبینی کە حیزب جورئەتی ئەوە ناکات، ئازاری ڕۆشنبیرێک بدات کە خۆی ناوی "شاعیری گەل"ی پێ بەخشیوە. داخەکەم، سیاسەتی کوردی زۆر لەوە دڵڕەقتر بوو کە "هێمن" پێشبینی کردبوو.

لە گۆڤاری (مەڵبەند)ەوە، ژمارە ٩٧، سێپتامبەری ٢٠٠٦

پشکۆنەجمەدین

ئاپریڵ - مای ٢٠٠٦

سەرەنج و ژێدەر:

* شیعرەکانم بەو ڕێنووسە نووسیونەتەوە کە لە (دیوانی هێمن موکریانی)دا بەکار براون. بڕوانە: دیوانی هێمن موکریانی، پێشەکی و پێداچوونەوەی، س.ج. هێرش، چاپی یەکەم، کتێبخانەی هەرزان ٢٠٠٣، سوید.

١_ دیوانی هێمن موکریانی،ل٣٢٠

٢_ هەمان سەرچاوە،ل ٣٥٤.

٣_ ل،٣١٦.

٤_ ل. ٢١٢

سەرچاوە : ماڵپەڕی کلاورۆژنە / ڕێکەوتی : ٣ی ژانویەی ٢٠٠٧



# دیمانەی خالید محەممەدزادە لە گەڵ : مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

### عەبدوڵڵا حەسەنزادە: هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو

بیست ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا هێمنی شاعیردا تێپەڕی. بێگومان لەم یادەدا لە زۆر لایەنەوە یادی ئەم شاعیرە شوێندانەرەی کورد دەکرێتەوە و ئەمنیش بە پێویستم زانی بۆ ڕێزلێنان لە هێمن لە نیزیکەوە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کە قۆناغێکی لە ژیانی تاراوگەنشینی لەگەڵ هێمندا بەسەربردووە بدوێنم. حەسەن زادە لە ساڵانی ئاوارەیی هێمن لە کوردستانی عێراقدا یەکێک لە کەسە نیزیکەکان هەم لە باری ئەدەبی و هەم لە باری سیاسی بە مامۆستا هێمن بووە. ئەو لەم چاوپێکەوتنەدا زۆر شتی باسنەکراوی لەسەر هێمن هێنایەگۆڕێ کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشم.




**خالید محەممەدزادە:** دەکرێ بۆمان باس بکەی کە یەکەم جار کەی هێمنتان بینی و لە کوێ و چ ساڵێک بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن سپاسی تۆ دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەو دەرفەتە. مامۆستا هێمن وەک شاعیرێکی ناسراو پێش ئەوەی ببینم لەگەڵی ئاشنا ببووم و شیعرەکانیم خوێندبۆوە و لەبەرم بوون. بەڵام ئەمن یەکەم ساڵی دیتنی مامۆستا هێمنی دەگێڕمەوە بۆ ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی کە هەردووکمان قاچاغ ببووین. ئەمن لە ئاخری ساڵی ١٣٤٦دا قاچاغ ببووم و ئەویش بەهاری ١٣٤٧ قاچاغ ببوو. بۆ یەکەم جار لە ناوچەی قەڵادزێ یەکترمان بینی. بەڵام من ساڵی ١٣٤٣ یا ١٣٤٤ بوو لە مەجلیسێکی لە مەهاباد بەشداربووم کە ئەویش لەوێ بوو. ئەوکات یەکترمان نەدەناسی. دیارە خۆشحاڵ بووم کە هێمنی شاعیر دەبینم بەڵام مخاطب وی زیاتر کەسانی دیکە بوون. یەکێک لەو کەسانەی کە لە بیرم ماوە ماموستا شێخ عیزەدین بوو، یەکیان کوڕی ڕەش بوو کە بە سەفەر هاتبۆوە، لە مەجلیسێک بووین. بەڵام ئێمە مخاطبی یەک نەبووین. من لە ساڵی ١٣٤٧ـەوە ناسیم کە هەردووکمان قاچاغ ببووین و مەسائیلی سیاسی و بزووتنەوەمان لەگەڵ یەکتر دەهێنایە گۆڕێ.

**خالید محەممەدزادە:** دواتر کەی هێمنتان بینییەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەدوای ئەوە لەڕاستیدا ئێمە هەموو کاتێک یەکترمان دەدی. بۆ ماوەیەک هەر لە ساڵی ١٣٤٨دا بنکەیەکی بچووکمان هەبوو لە ناوچەی ئاکۆیان لە بناری قەندیل کە ئەو و کاک ئەمیری قازی تێیدا دەژیان. ئەمنیش زۆر جار هاتوچووم دەکرد. ئیدی تەقریبەن بە دوو سێ مانگ جارێک دوو سێ ڕۆژ پێکەوە دەبووین. دواتر کە بەیانی ١١ی ئازار بەسەردا هات، مام هێمن چۆوە مەرکەزی پارتی - دیارە هەموومان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ناوچەی پێشمەرگە بووین- و لەگەڵ مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی ببوون بە هاومەنزڵ لە ئیدارەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی عێراق. زۆر جار هاتوچووم هەبوو لەگەڵیاندا. دواتریش کە کەوتە ساڵەکانی

دواتر، واتە ١٩٧٠ بەدوایەوە، ئێمە لە بەغدا بنکەیەکمان هەبوو کە ماموستا هێمن هەر لەوێ دەژیا. تەقریبەن ڕۆژانە یەکترمان دەدی.

خالید محەممەدزادە: باسی ماموستا هەژارت کرد. دەمەوێ ئەو دەرفەتە بقۆزمەوە و بڵێم هۆی چ بوو کە ماموستا هەژار دوای کۆماری کوردستان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا درێژەی بە کاری حیزبی نەدا؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ماموستا هەژار بۆخۆی بیروباوەڕێکی هەبوو؛ پێی وا بوو کاتی خۆیشی ئەو بیروباوەڕی دەربڕیبوو- نەدەبوو کۆمەڵەی ژ.ک. بگۆڕدرێ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. زیاتر لەگەڵ بیروباوەڕی کۆمەڵەی ژ. ک. بوو کە تەنیا پێی لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی دادەگرت؛ لەگەڵ ئەوەدا بوو، هەرچەند لە دەورانی جمهوریدا شیعرەکانی دیارن کە تەئسیراتی وەزعەکەی زۆر لەسەر بووە. هەژار ئەو کەسە نەبوو کە بڵێی بە سفارش شیعری پێدەگوترێ. کابرایەکی زۆر ئازادە بوو لەو بارەیەوە:

"بۆ هەژارپەروەری یا بۆ عەدڵ و داد
بژی ئیستالین و خۆش بێ لینین"

یا دەڵێ:

"ڕێی نەجاتمانە پەنا بۆ ئیتحادی شۆرەوی
سۆرمەیە بۆ چاوی ئێمە خاک و خۆڵی مەسکەوێ
ڕەببی ئیستالین بژی بۆ لاگریی مەزڵوومەکان
تا زەمانە خول دەدا تا ڕۆژ دەبەخشێ پورتەوێ"

یانی دەردەکەوێ کە کەوتۆتە ژێر تەئسیرەکەی، بەڵام هەر ئەوکات باوەڕی وا بوو کە دەبوو نەگۆڕدرێ. پاشان لە ساڵی ١٣٤٣دا کە حیزبی دێموکرات کۆنگرەی دووەمی بەست، بەبێ ئەوەی ماموستا هەژار لەوێ بێ، لە کۆنگرەدا هەڵیانبژاردبوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. دیارە چەند کەسێکیان هەڵبژاردبوو کە لە بنەڕەتدا لەجێی خۆیدا نەبوو. یەکێکیان کە خەبەریان پێدابوو ماموستا هەژار بوو، گوتبووی "قسەیەکی لابەلایە، من خۆم بە کوردی ئێران نازانم تا خۆم بە ئەندامی حیزبی دێموکرات بزانم." بۆیە هیچ کاتێک نەبوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات.

خالید محەممەدزادە: ماموستا، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ماموستا هێمن، دەبینین چەند ساڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بووە. چۆن کەسێکی وەک هێمنی شاعیر و ناسکخەیاڵ لە حیزبی دێموکراتدا زۆر زوو ئەو پلە سیاسییانە دەبڕێ؟ ئایا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ توانایی سیاسیی خۆی یا کۆمەڵێک هۆکاری دیکە لە گۆڕێدان؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: دیارە ئەندامەتیی حیزبی لەگەڵ هیچ یەک لەو شتانە ناتەبا نییە. بەتایبەتی حیزبێک کە دیموکرات و نەتەوەیی بێ. بۆیە حیزبێک نییە بڵێین چینێکی دیاریکراو دەکاتە ئەندامی خۆی و دەتوانێ لە هەموو چینێکی کۆمەڵایەتی تێیدا بەشدار بن. بۆیە زۆر سروشتییە کەسێکی خوێندەوار و ڕووناکبیر لە هەر پلەیەکدا ببێتە ئەندامی حیزبی و بچێتە پێشێ. مامۆستا هێمن لە ساڵی ١٣٤٨ هەتا ١٣٥٨ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. یانی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و چەند مانگ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو. لە ساڵی ١٣٥٠یش تا ١٣٥٢ ئەندامی دەفتەری سیاسی بووە. بەڵام ئەندامەتییەکەی کۆمیتەی ناوەندی درێژتر بوو. پێم وا بێ ئەوە شتێکی زۆر سروشتی بوو. جاری یەکەم کە ئەمن و ئەویش بووینە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کۆمیتەیەکمان هەبوو کە لەبەریەک هەڵوەشابوو، دەبوو تەرمیم بکرێتەوە. ڕەفیقێکمان هەبوو دەیگوت ئێوە بوونە بەرهەڵێخ، (دیوار کە مەترسیی ڕووخانی لێدەکرێ دیوارێکی چووکە بە بەریەوە دروست دەکەن پێی دەڵێن بەرهەڵێخ). لەو کاتەدا دەبوو تەرمیمی تەشکیلاتێک بکەینەوە کە ئێمەیان دانا. لە دوایەش کە بووە ئەندام وەک کەسایەتییەکی ئەدەبیی ناسراو هەڵدەبژێردرا.

خالید محەممەدزادە: بەڕێز، ئەو ساڵانەی هێمن لە دەفتەری سیاسیدا دەبێ، ئایا جێپەنجەی دیارە بەسەر کۆمەڵێک لە بڕیاراتی سیاسییەوە؟ واتە ڕۆڵی هەبووە لە داڕشتنی بڕیارات و سیاسەتەکاندا؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: بەبێ شک! وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی لانیکەم دەنگی هەیە. بەڵام من زۆر جار گوتوومە، بەبێ ئەوەی لە کەسایەتیی هێمن کەم بکەمەوە، مامۆستا هێمن لە باری دیدی سیاسییەوە وەک شاعیرییەکەی نەبوو؛ شاعیرێکی زۆر گەورە بوو. یانی بێ موبالەغە دەڵێم، لە دەورانی خۆیدا و لەنێو شاعیرانی کورددا بە یەکەمی دەزانم. من بە شاعیری یەکەمی دەزانم لەنێو شاعیرانی کلاسیکی سەردەمی خۆیدا. دەتوانم بڵێم تەنیا شاعیرێکی ئەو سەردەمەیە کە قەت شیعری نوێی نەگوت. مام هەژار شیعری نوێی هەیە، محاولەی هەیە. بەڵام ئەو قەت شیعری نوێی نەگوت. ئەو شیعری کلاسیک و عەرووزیی هەبوو. بەڵام لە باری سیاسییەوە ئەوەندە پیاوێکی بەتوانا نەبوو. ئەگەر باسی ڕۆڵی کاریگەر بکەین، نا...، نەیبوو. نە لە دەفتەری سیاسی و نە لە کۆمیتەی ناوەندیدا.

خالید محەممەدزادە: هێندێک جار دەڵێن هێمن کاتی خۆی لە بەشێک لە شیعرە سیاسییەکانیدا وەک "بژی دێموکرات" و... بێزاریی دەربڕیوە. تو پێت وایە ئەم جۆرە شیعرانەی کاتی خۆی لەژێر فشاری حیزبیدا نووسیون یان خۆی بەو قەناعەتە گەیشتووە بۆ دانانی ئەم شیعرانە، و پاشان بۆ پەشیمان دەبێتەوە لێیان؟ یا بە تەعبیرێکی دیکە تۆ ئەم پەشیمانبوونەوەی کە باسی دەکەن بەڕاست دەزانی؟ هەروەها تۆ بۆخۆت کام یەک لە شیعرەکانی هێمن بە شیعر نازانی؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: من نازانم ئەو قسەیە هی هێمنە یا هی هێمن نییە. ئارەزووم ئەوەیە ئەو قسەیە قسەی هێمن هەر نەبێ و شتی وای نەگوتبێ. چونکە وا بیر دەکەمەوە ئەو قسەیە هی خۆی بێ یا هی کەسانی دیکە بێ، دەیانەوێ وا پیشان بدەن کە هێمن لەژێر تەئسیری (با نەڵێم فشار) ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتدا (مەبەستیشیان ڕێبەرایەتیی مەرحەلەی دوایی حیزبی دێموکرات یا بڵێین لە دەورانی شەهید دوکتۆر قاسملوودا) شیعری نیشتمانی گوتووە. یا شیعری بۆ حیزب گوتووە یا شیعری سیاسی گوتووە. بەڵام شتەکە ڕاست بە پێچەوانەیە و ئەوە دیوانەکەی لەبەر دەستمدایە. لە تەواوی ئەو دەورانەدا، واتە لە ساڵی ١٣٤٨ـەوە کە بۆتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی تا ساڵی ١٣٥٨ کە لە کۆمیتەی ناوەندی چۆتە دەرێ (دیارە هەڵنەبژێردرا بە ئەندامی ئیفتخاریی کۆمیتەی ناوەندی، دوای ئەوە زیاتر هەر ناو بوو، سەمبولیک بوو) یەک شیعری بۆ حیزب نەگوتووە، یەک شیعر. "بژی دێموکرات"ی ساڵی ١٣٢٤

گوتووە. زۆربەی ئەو شیعرانەی لەو بارەیەوە گوتراون وەک ڕێبەندان و شاعیر، ڕۆژی شادی، و دوارۆژی ڕووناک. زۆربەی ئەو شیعرانەی هی سەردەمی جمهورین. هیوادارم قەت هێمن لە شتی وا پەشیمان نەبووبێتەوە. پاشان ڕاستە هێمن شاعیرێکی ناسکخەیاڵ بوو، شاعیرێکی گەورە بوو، بەڵام هێمن تەنیا لەبەر ئەوە خوشەویست نییە کە باسی خاڵ و پەرچەمی کردووە، عەکسی ئەوەیە. یەکێک لە شانازییەکانی هێمن ئەوەیە کە دەڵێ:

"عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نیم
عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن"

باشە هەر "بژی دێموکرات"ی لە زەمانی جمهوریدا گوتووە. لەو کاتەدا کە هێزی پێشمەرگە پێکهاتوە، هەر بۆخۆی دەڵێ:

"پێکیانهێناوە لەشکرێکی چاک
لە لاوی ئازا و بەکار و چالاک
ئۆمێدم وایە لاوانی خوێنپاک
بە خوێنی خۆیان بپارێزن خاک"

یا دەڵێ:

"پێشمەرگەی کوردی لە مەیدانی جەنگ
بەرگەی ناگرێ نە شێر، پڵەنگ
دوژمنی ئێمە تازە بکا دەنگ
سینگی دەسمن بە گوللەی تفەنگ"

ڕەنگە ئەوە یەکەم شیعری شاعیران بێ کە ناوی پێشمەرگەی تێدایە. جا هێمن بۆ لەوەی پەشیمان بێتەوە؟ ئەوە شانازیی هێمنە. لەو دەورانەی کە باسی دەکەم ئەو یەک شیعری گوتووە، ئەویش نەک بۆ حیزب بەڵکو بۆ شەهیدان. کە شیعری گەرمە شینە. ئەمن تماشای دیوانەکەیم کرد، نوسرابوو ١٣٤٧، بەڵام وا نییە. ئێمە ساڵی ١٣٤٩ پێکەوە بووین لە بەغدا. دانیشتبووین، پێمگوت ئەرێ بەڕاستی ئەتۆ لۆمەی خۆت ناکەی ئەو هەموو کەسک و سوورە لە ساڵی ٤٦ – ٤٧ دا شەهید بوون ئەتۆ متەقت لە دەم نەهات؟! شتێکت نەگوت؟! گوتی وەڵڵا نەهاتووە. پاش چەند ڕۆژێکی هات شیعری گەرمە شینی هێنا:

"بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لەنێو خوێن، دەگریم
بۆ هەواڵێکی کە چوو بێ سەر و بێ شوێن دەگریم"

ئەوەی هێنا و گوتی ها! ئەمنیش خوێندمەوە پێم گوت دەستت خۆش بێ، شیعری چاکە، بەڵام ئەوە نابێتە کەفارەتی ئەو گوناهەی کە کردووتە. گەرمەشین لە ژمارە ٣ی کوردستان، تایبەت خاکەلێوەی ١٣٥٠ چاپ کرا. پێم خۆشە ئەوەیش بڵێم، زۆر دواتر هەوڵی دا قەسیدەیەک بڵێ بۆ شەهیدانی ۴۶ و ۴۷. هات گوتی من عادەتم وایە ئەگەر مەتلەعی قەسیدەم زۆر باش بوو دوایە شیعری دیکەم بۆ نایە. یەک شیعرم گوتووە و وەستاوە. گوتم چییە؟ شیعرەکەی خوێندەوە کە ئەمەیە:

"زەوی ئێستاش لە ڕووت هەڵدێ بدەی سوور
نەڕووخای ئاسمانی پیری پشت کووڕ"

بەڕاستی شیعرێکی زۆر جوانە. هونەرمەند حەسەن دەرزی ئەم شیعرەی کردووە بە گۆرانی کە هێندێ شتی لێ زیاد بووە وەک:

"کە سۆمایی لە چاوان ڕۆ ڕژاوە
بەرۆکی پیرە دایکان دادراوە" و... هتد

جا نازانم ئەوە هی ئەوە یا نا بەڵام ئەو کاتەیش ئەوەی تەواو نەکرد. دەنا یەک شیعری لەژێر تەئسیری ئەو دەورانەدا نەگوتووە. شیعرە نیشتمانییەکانی پێشتر گوتووە. ئەگەر دواتر گوتبێتی، مەسەلەن شیعرێکی هەیە بە ناوی کاروانی خەبات کە بۆ حیزبی دانەناوە. بۆ تێکۆشەرێکی داناوە. زۆر جوانە. ئەگەر هێمن لەو شیعرانە پەشیمان بێ، هێمن خۆی شانازییەکانی خۆی سڕیوەتەوە. باوەڕ ناکەم ئەوە قسەی هێمن بێ. هی هەر کەسێکیش بێ لە واقیعدا هەدەفەکەی نەپێکاوە. ئەمن پێم وایە کە ئەم قسەیشی کردبێ کە وەک گوتم ئارەزووم ئەوەیە نەیگوتبێ بەڵام کە گوتبێتی ڕەنگە پاش ساڵی ١٣٥٨ و ئەوانە لەنێو دەوڵەتی جمهوری ئیسلامی مابێتەوە و ترسی هەبووبێ و لە مەجلیسێک کە ڕەنگە خەڵکی نامەحرەمی لێ بووبێ، بۆ ئەوەی ئەوە بگاتەوە دەستی بەرپرسانی دەسەڵات ڕەنگە گوترابێ. دەنا باوەڕ ناکەم شاعیرێک ئەوە بڵێ. یانی شانازییەکانی خۆی لە خۆی بستێنێتەوە. لەلایەکی دیکەیشەوە قازی محەممەد ئەوە نەبوو فشار بۆ خەڵک بێنێ شیعری نیشتمانیی بۆ بڵێن. شاعیر هەبووە شیعری دژی قازی محەممەد گوتووە بەڵام کەس نەیتوانیوە هەر لە ترسی قازی پێی بڵێ پشتی چاوت برۆیە. کەوابوو قازی (بە پێکەنینەوە) چۆن فشار دێنێ؟ لە دەورانی دیکەیش وەک گوتم شیعری نەگوتووە.

**خالید محەممەدزادە:** واتە ئێوەیش دوای قازی محەممەد فشارتان بۆ هێمن نەهێناوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** نا نا، عەرزم کردی. پێویست ناکا ئیستدلال بکەین کە فشارمان بۆ هێناوە یا نا. چونکە لەو سەردەمەدا هەر شیعری وای نەگوتووە تا بڵێین لەژێر فشاردا بووە.

**خالید محەممەدزادە:** بەڵام دەتوانین بڵێین کە شیعری گەرمە شین لەژێر تەسیری تۆدا گوتراوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** شیعری گەرمە شین، بەڵێ.

**خالید محەممەدزادە: ئەی تۆ کام یەک لە شیعرەکانی مامۆستا هێمن بە شیعر نازانی؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە- ئەو پرسیارەت شیعرێکی فارسیم وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ:**

**"در بیان و در فصاحت چون بود یکسان**
**گرچه گوینده بود چون جاحظ و چون اصمعی**
**در کلام ایزد بیچون که وحی منزل است**
**کی بود تبت یدا مانند یا ارچ ابلعی"**

**لە هەموو نووسینێکدا یەکێک بەرزترە و یەکێک نزمترە. بەڵام ئەمن پێم وایە هێمن شاعیرێکی گەورەیە. شیعرەکانی هەموو باشن. پاشان ئەمن ئەو حەقە بە خۆم نادەم بڵێم شیعرێکی بە شیعر نازانم. هەرچەند کاتێک پێکەوە بووین زۆر پێکەوە سەمیمی بووین و شتی خۆشمان دەگوت. مەسەلەن شیعرێکی هەیە کە هەر بە ناوی ماچی خودایی یەوەیە کە لە ئاخرەکەیدا دەڵێ:**

**"وەرە ماچم دەیە ماچی خودایی**
**کە بێزارم لە ماچی سینەمایی"**

**کە دانیشتبووین پێم گوت "ئەوە ئێستا خۆت ماوی و زەق و زیندووی، پێم بڵێ ماچی خودایی یانی چی؟ دەزانم ماچی سینەمایی مانای هەیە. چونکە ماچی سینەمایی ئەکتەر وەک ڕۆڵ بازی دەکا لە فیلمەکەدا کە ڕەنگە ماچەکەیشی بەدڵ نەبێ. بەڵام ماچی خودایی یانی چی؟ گوتی وەڵڵاهی ڕاست دەکەی هیچ مانای نییە، تەنیا قافیەم پێ ڕاست کردۆتەوە. گوتم جا ئەوە سبەینێ کە ئەتۆ مردی، کابرایەک دەیخوێنێتەوە ناوێرێ بڵێ هێمن شیعری قۆڕی گوتووە (هەر عەینی ئەو وشەیەم بۆ بەکاربرد) غیرەتی ئەوەیشی نییە بڵێ ئەمن تێیناگەم، هەر دەڵێ بەه بەه ماچی خودایی! عەزەمەتە!" بەڵام من بە هیچ شیعرێکی ناڵێم شیعر نییە و هەمووی جوانن.**

**خالید محەممەدزادە: مامۆستا، ئەو "سانسۆرە خۆماڵییە" چییە کە هێمن لە چاوپێکەوتنێکدا باسی لێدەکا؟ ئەتۆ پێت وایە ئەو قۆناغە لە حیزبی دێموکراتدا سانسۆر لەسەر شیعرەکانی هێمن هەبوون و بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی کوردستان کە بۆخۆیشتان ئەوکات لەگەڵ هێمندا لە دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە بوون؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لە ڕۆژنامەی کوردستاندا زۆر شیعری هێمن چاپکراون. یەک شیعری هێمن لە ڕۆژنامەی کوردستان تەنانەت یەک پیتی لێ لانەبراوە و هەر ئەوە هەمووی چاپ بووە کە بۆخۆی داویەتی...، شتی وا نەبووە. بەڵام لە چاپی دیوانەکەیدا واتە تاریک و ڕوون، حیزب نا، بەڵکو ئەمن کە زۆر لێک نیزیک بووین، لەسەر هێندێک شتی ڕای خۆم دەردەبڕی. تەنانەت شیعری لابردووە لەسەر پێشنیاری من. لەوێدا بۆخۆیشی شتی لە شیعرەکانی خۆی لابردووە. ئەو هێندێک شتی دانابوو کە ئەمن پێم وا بوو نابێ چاپ بکرێن. وەک شیعری گەپ و گاڵتە. تەنانەت شیعری وای هەیە کە ئەمن ئێستایش پێم خۆش نییە بێخوێنمەوە و ئەتۆ زەبتی بکەی. ڕەنگە پاشان بۆت بخوێنمەوە. شتی وای گوتووە بۆ گاڵتە کە بە باوەڕی من نەدەبوو بچێتە سەر کاغەز و بمێنێتەوە بۆ یەکجاری. مەسەلەن**

شیعرێکی دوورودرێژی هەیە بە ناوی ژوانی ئاغا کە وشەی وای تێدابوون ناشیرین بوون. ئەمن پێشنیارم پێکرد لایانبەرێت و لایبەردن، بەڵام لە چاپکردنی دیوانەکەیدا بۆخۆیشی شیعری سانسۆر کردووە. مەسەلەن شیعرێکی زۆر جوانی هەیە کە تیترەکەی داناوە بە "تۆم هەر لە بیرە":

"لە شاییدا لە وەختی هەڵپەڕینا
لە خۆشیدا لە کاتی پێکەنینا
لە کۆڕی ماتەم و گریان و شینا
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە"
لە یەکێکیشیان دا شیعرێکی هەبوو کە دەڵێ:
"لە کاتێکا کە گێژ و وێژ و مەستم
لە کاتێکا کە نوێژێ دادەبەستم
کە هەڵدێنم لە بۆ نییەت دوو دەستم
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە"

ئەوەی خوارەوەی لابرد. ئەمن گوتم باشە بۆ حەزفی دەکەی؟ وا دابنێ موسڵمانبوون نیشانەی نەزانییە، دەباشە ئەتۆ وا نیشان بدە کە پیاوێکی قابل تکاملی، ئەو کات نەتدەزانی (بە پێکەنینەوە) بەڵام دوایە پێگەیشتووی. لە پاشان هێندێک شتی دیکەی هەبوون لە شیعرەکانیدا کە بۆخۆی دەسکاری دەکردن. مەسەلەن شیعرێکی دوورودرێژی هەیە بە ناوی یادگاری شیرن. ئەوەی ئێستا چاپ بووە ٣٢ شیعرە، لە حالێکدا کە یادگاری شیرن ٩ یا ١١ شیعر بوو. تاک بوو:

"چاوەکەم چاوی ڕەشی تۆ ئافەتی گیانی منە

گیانەکەم برژانگی تیژت (ئەو کات گوتبووی وەک سەنانی دوژمنە، بەڵام دوایە کردبوویە نووکە ڕمبی دوژمنە)
بەژنەکەت سێدارەیە کەزیەت تەنافە، زوو بەسا (ئەو کات گوتبووی زولفت تەنافە)

بیخە ئەستۆی من کە کوردم کورد بەشی خنکاندنە" (کاتی خۆی دەڵێ بیخە ئەستۆم چون بەشی کوردی هەژار خنکاندنە) کە دەستکاریی کرد. پاشان هاتووە لێی زیاد کردووە بەڵام دەبینین شیعرێکی لە دیوانەکەی چاپ نەکردوە لەبەر کەلیمەیەک. ئەمن ئیجازە بدە هەر ئەو شیعرە بخوێنمەوە. دیارە شیعری دیکەی بۆ داناوە بۆ هاندانی خوێندن، دەڵێ:

"دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە
چاری دەردی کوردەواری خوێندنە هەر خوێندنە
دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات
من گوتم تۆش تێبگە ناگاتە دەریایە زنە"

بەڵام ئەوەی کە لەوێ لایبردووە ئەوەیە کە دەڵێ:

"خۆ دەپارێزێ هەمیشە کیژی زانا و خوێندەوار

دوور لە ڕووی تۆ هەر کچی نەخوێندەوارە بێ بنە"

ئەمەی لە دیوانەکەیدا حەزفی کردووە. بۆخۆیشی لای بردووە. کەس لای نەبردووە. نموونەی دیکە ئەو شیعرەیەتی کە لە بارەی ئاڵای کوردستانەوە نووسیویە. لە باسی ڕەنگەکاندا گوتوویە:

"سپیەکەی یەعنی کەسێکە ڕووسپی

هەر کەسێ بمخا بکا فەوری چنی

کەسکەکەی یەعنی بکوژن دوژمنوو

تا کەسک بێ باسک و دەستوو هەموو

ڕۆژەکەی یەعنی لەژێر هەوری سیا

هاتەدەر ڕۆژمان و تاریکی نەما

دوو گوڵی گەنمیش دەڵێ هەر کشتوکاڵ

زۆر بکەن دوژمن لێتان بکا سواڵ

پێو دەڵێ یاران قەڵەم: نووکی قەڵەم

زۆر لە شیر چاکتر دەپارێزێ عەلەم"

کەچی لە تاریک و ڕووندا ئاوای گۆڕیون:

"سپیەکەی یانی کەسێکە ڕووسپی

هیچ شتێک نەیکردبێ مات و کپی

سەوزەکەی دێنێتە بەر چاوان وڵات

ئەو دەمەی فەسڵی بەهاری جوانی هات

تیشکی ڕۆژی کورد لەژێر هەوری سیا

هاتەدەر، ئەنگاوتی وا لووتکەی چیا

دوو گوڵی گەنمیش دەڵێ هەر کشتوکاڵ

زۆر بکەن، مشتی بکەن عەمبار، چاڵ

پێت دەڵێ نووکی قەڵەم: نووکی قەڵەم

زۆر لە شیر باشتر دەپارێزی عەلەم"

پاشان بۆ ئەوەی بزانی فشاری لەسەر نەبووە، کافییە بڵێم کە مامۆستا هێمن دواتر شیعرەکانی خۆی چاپ کردوونەتەوە. ئەوانەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستان دان یەک شیعریشی نییە کە دەستکاریی کردبێ. حەتتا ئەوانەی کە کاتی خۆی لە تاریک و ڕوون دا هێندێ

شتی بە هاوفیکریی من (کە ڕای منی زۆر قبووڵ بوو) لابردوون، دوایە چاپی نەکردوون. وا دیارە پێی باش بوون. کە وا بێ ئەمن گومانم لەو قسەیەیش هەیە کە گوتبێتی سانسۆری حیزبی لەسەر بووە. سانسۆری حیزبی قەت لەسەر نەبووە.

خالید محەممەدزادە: واتە تۆ ئەمە ڕەد دەکەیتەوە کە سانسۆر لە شیعرەکانیدا کرابێ؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: بەتەواوی ڕەدی دەکەمەوە، بەتایبەتی سانسۆری حیزبی. ئەمن پێم ناخۆشە ئەوە دەڵێم بەڵام وەک حەقیقەتێک دەڵێم، بۆ ماوەی چەند ساڵ لانیکەم بۆ ماوەی شەش ساڵ شەو و ڕۆژ پێکەوە بووین، یەک شیعری چاپ نەکردووە تا ئەمن نەمدیبێ، بڵاوی نەکردۆتەوە چونکە باوەڕی بەوە هەبوو کە ئەمن لانیکەم لە شیعری ئەو حاڵی دەبم. زۆر جار شتی لێ قبووڵ کردووم. ئەو زۆر دەسکاری شیعری دەکرد. بە باوەڕی من یەکەم نوسخەی کە دایدەنا جوانتر بوو لە دواتری کە دەیگۆڕی. دەمگوت یەکەم نوسخەت کە نووسی دەبێ بیدەی بە من جا دوایە ئەگەر دەستکاریت کرد بیکە، جا قسەی لێدەکەین ئەوەی پێشووتر جوانتر بوو یا ئەمەی دوایی. پێم دەگوت ئەتۆ یەکەم ئیلهامت زۆر جوانترە. لە بیرمە شیعرێکی نووسیبوو، دەڵێ:

"ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێ کەمێکی تر
کە وا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر"

شیعرێکی نووسیبوو، دەڵێ:

"ئەوەندە دەردەدار و لێوبەبار و بێ پەرستارم کە پێم وایە
لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر"

گوتم ئەو گوریسە چییە دروستت کردوە؟ گوتی چۆن؟ گوتم درێژە ئەو میسرەعە. پاشان تەماشای کرد و گوتی وەڵڵاهی وشەکانم هێند پێ جوان بوون هەستم پێنەکرد. بە قسەی کردم لە دەستکاریکردندا. شتی ئاوا هەبوو، بەڵام بڵێین حیزب تەئسیری هەبووە لەسەری، بە هیچ جۆر نە وەکو حیزب و نە بەتایبەتی وەکو ڕێبەرێکی وەک دوکتۆر قاسملوو فشاری لەسەر بووە. شتی وا هەر نەبووە.

خالید محەممەدزادە: ئێوە بەهۆی ئەوە لە مامۆستا هێمن زۆر نیزیک بوون چەند تەئسیرت هەبووە لە داڕشتنەوەی بەشێک لە شیعرەکانی، یا هێندێک لە شیعرەکانی بە قەرزداری خۆت دەزانی؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: نا، ئەمن نامەوێ بڵێم بە قەرزداری خۆمی دەزانم. بەڵام شیعری هەیە بەڕاستی تەئسیری منی تێدا بووە. ئێستا شیعرێکی هەیە کە دوایە دەسکاری کرد و کردیە شیعرێک بۆ لەیلا قاسم. ئەوە لە بنەڕەتدا بۆ لەیلا قاسم نەگوتراوە. دوو ساڵ یا ساڵێک پێش شەهیدبوونی لەیلا قاسم ئەو شیعرەی نووسیبوو. یاری ئۆلەمپیک بوو لە مۆنریئالی کانادا، ساڵی ١٩٧٢ یا ١٩٧٣ی زایینی بوو. ئێمە زۆرمان چاو لە تەلەڤزیۆن دەکرد. کە چاوم لە یارییەکان دەکرد لە بەغدا، زۆر نارەحەت بووم کە ئێمەی کورد نە تیمی وەرزشیمان هەیە و نە ئاڵامان هەیە. بەهەرحاڵ، خەیاڵ هەڵیگرتم و زۆر نارەحەت بووم. ڕۆژێکی دیتم کە سێ قارەمان چوونە

سەر سەکۆ و میدالیان وەرگرت. لەخۆڕا ئەو فیکرە لە خەیاڵی دام...، گوتم لە واقیعدا ئەو کەسەیش کە ئیعدام دەکرێ میدالی دەرەجە یەکی خەبات وەردەگرێ. کە چوومە مەقەڕەکەی حیزب لای مامۆستا هێمن گوتم ماموستا هێمن، فیکرێکی باشم بۆ هاتووە... ئەگەر شاعیر بایەم شیعرێکی باشی لی دروست دەبوو. بزانم ئەتو نایکەی بە شیعر؟ گوتی چییە؟ گوتم حاڵ و وەزع ئاوایە. گوتی زۆر سەختە. گوتم باشە ئەوە قسەیە پێم گوتی. پاش دوو سێ ڕۆژان گوتی ها! چوارینەیەکی پێ نیشاندام کە دوایە گۆڕیویەتی بەڵام ئاوا بوو:

"بزەی هاتێ و گوتی جەللادی خوێڕی
بە کەیفی خۆت پەتت باوێژە ئەستۆم
پەتت بۆ من نیشانی ئیفتخارە
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم"

ئەمن گوتم جوانە بەڵام تێرم ناکا. پاشان ئەمن ئەو فیکرەم کردە وتارێک بە ناوی "میداڵی دەرەجە یەک" و لە بڵاوکراوەی "تێکۆشەر"دا چاپم کرد. بە هەر سوورەت ئیحساسی خۆمم تێدا دەربڕی. پاشان ساڵی ١٩٧٤ کە لەیلا قاسم و ڕەفیقەکانی ئیعدام کران ئەو هات هێندێک شتی دیکەی بۆ دانا کە بە باوەڕی من سەرکەوتوو نەبوو. هەر ئەو ڕباعییە بەتەنیا بوایە باشتر بوو. مەسەلەن لە باری لەیلاوە دەڵێ:

"کە تۆ تۆرای لە چاوم وەک خەوی من
لە بسکت ڕەشترە مانگەشەوی من
بڕۆ مەجنوون بە لەیلای خوت مەنازە
کە ناوبانگی پتر دەرکرد ئەوی من"

ئەوە بەتایبەتی میسرەعی ئاخری ئەمنیش دەتوانم شیعری وا بڵێم (بە پێکەنینەوە) و ئەوە وەک شیعری هێمن ناچێ. یا یەک دوو جار شیعری وای گوتووە کە تەماشام کردووە تێبینیم لەسەری هەبووە و لەبەرچاوی گرتووە. مەسەلەن شیعرێکی زۆر باشی هەیە بە ناوی شەو و شەیتان، لە یادی شەهیدبوونی پێشەوادا دەڵێ:

"دێن و دەچن بە ئەسپایی لە چوارچرا چەند تارمایی
خێوی شەو و خودای شەڕن، بێچووە شەیتانی بەدفەڕن"

باسی مەئموورین دەکا جا لە پاشان باسی ئیعدام دەکا دەڵێ:

"لە دەوروبەری چوارچرا هەزاران سەر لە قوڕ نرا
کام نازداری شۆخ و جوانە، دای لە خم لکی کۆڵوانە

شۆڕە لاو هاتە کۆڕی شین، ئەویش سۆرانیی کردە شین"

ئەمن گوتم مامۆستا، ئەوە زۆری نائۆمیدی تێدایە. ڕاستە مردنی پێشەوا ناخۆشە، بەڵام ئەی ئەو خەڵکە هەر قوڕی بەسەردا کرد؟ هیچی نەکرد؟ تۆزێک بیری کردەوە و ڕۆیشت. دوو سەعاتی نەخایاند هاتەوە شیعرێکی نووسیبوو کە ئەو شیعرەی کرپییەوە کە دەڵێ:

"پیرە پیاو بانگ دەڵێ ڕۆڵە!

لە بیر کەن تۆڵە تۆڵە"

یانی هونەرەکە هی ئەوە، بەڵام تێبینیم لەسەری هەبووە. حەتمەن پیشانت دەدەم بۆخۆی کە تاریک و ڕوونی چاپ کرد. جا تاریک و ڕوون بەشی زۆری کارەکانی ئەمن کردمن و سەرپەرستیی چاپەکەی بە من بوو تا مەرحەلەی ئاخری کتێبەکە وا بوو. ساڵی ١٩٧٤ ئەمن مەئموورییەتم پێدرا لە بەغدا بێمەوە کوردستان لەنێو دۆستان لە کوردستان بم. دواتر کە چاپبوونەکەی تەواو ببوو، نوسخەیەکی بۆم نارد بە یادگاری کە لەسەر کتێبەکە نووسیبووی: "ئیعتراف دەکەم تەئسیری تۆ لەسەر شیعرەکانم زۆرە. لە حاڵێکدا شانازی بە برایەتی و هاوسەنگەریت دەکەم ئەو دیوانەت پێشکەش دەکەم." ئەمە دیوانەکەیە ماوە بە خەتی خۆی. بەڵام لە واقیعدا فەزل هەر هی خۆیەتی، چونکە ئەوپەڕەکەی ئەوە بووە ئەمن تێبینیم هەبووە لەسەری. تەنانەت جارێکیش بە بەدفەڕی شیعرێکم لێ خراپ کرد. گوتی ئەوە شیعری تۆ نییە. تۆ شیعری وا خراپ ناڵێی. گوتم شیعرەکە خراپ نییە و زۆربەی وشەکان هی خۆتن و من فەقەت وشەیەکم لە جێگای وشەیەک داناوە.

خالید محەممەدزادە: باشە لەو قۆناغەی کە پێکەوە بوون، ئەو جگە لە تۆ شیعری پێش بڵاوبوونەوەی پیشان کەسانی دیکە دەدا؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: شتی وای هەبووە. جارێک لە شیعرێکیدا کەریمی حیسامیش ئەوەی کردبوو. شیعرێکی هەیە بە ناوی ئێوارەی پاییز، کە ساڵی ١٩٧٤ داینابوو. ئەمن لە کوردستان بووم، ئەوان لە بەغدا بوون. شیعرەکە وەسفێکی زۆر جوانی کردبوو. لێرەدا ڕەنگە مەجال نەبێ هەمووی بخوێنمەوە ئەگینا بەشی هەرە زۆریم هەر لەبەرە. بەڵام لە ئاخرەکەیدا وای کردووە کە ئیدی دەست لە کراس دێنێتە دەر. کەریم حیسامی کە دەیبینی دەڵێ بابە تۆ ئەوە بڵاو بکەیتەوە هەر ئابرووت دەچێ. ئەو هەموو نائۆمێدییە چییە؟ کە ئەوەی پێ دەڵێ یەک شیعری دیکە ئێستا بووە بە شیعری ئاخری، دادەنی کە دەڵێ:

"گوتم کە وا بێ ئاشنا، بەشی ئێمە لە ناوچوونە

گوتی نا نا دوور بنواڕە، دوور بنواڕە ئاسۆ ڕوونە"

یانی ئەو تێبینییەی کەریم حیسامی ئەو شیعرە جوانەی ڕزگار کرد. دەنا شیعرەکە لەگەڵ ئەوەی لە باری ئەدەبییەوە زۆر جوان داڕێژراوە نائۆمێدیی لێ دەبارێ. بەڵام بەو دوو دێڕە نەجاتی بوو.

خالید محەممەدزادە: بووە مامۆستا هێمن بە قسەی تۆ نەکا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** (بە پێکەنینەوە) حەتمەن هەبووە! ئەوە نییە پێم گوت ئەو شیعرە دابنێ، داینەنا.

**خالید محەممەدزادە:** باشە ئەو تەئسیرەی کە کاتی خۆی شۆڕشی مەلا مستەفا بارزانی لەسەر هەژار هەیبوو، وا دیارە بەو شێوەیە ئەو تەئسیرەی لەسەر هێمن نەبووە. ئایا بەڕاستی ئەم شۆڕشە تەئسیری لەسەر هێمن نەبووە یا نا، هێمن شیعری بۆ شۆڕشی بارزانی هەبووە بەڵام بڵاونەکراوەتەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆسانسۆرییەی کە هێمن کردوویەتی. بە هەر دەلیلێک بێ، هێمن کەوتە خۆسانسۆری، ئەگینا شیعری بۆ ئەو کات هەبوو. تەنانەت شیعری بۆ مەلا مستەفایش هەبوو. بۆ نموونە ئەمن چەند بەیتێک لە شیعرێکی بۆت بخوێنمەوە کە ساڵی ١٩٧٠ لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاردا بڵاوکرایەوە. جێژنێکیان گرت لە چۆمان ناویان لێنا جێژنی ئادار و نەورۆز. چووبوونە لای مامۆستا هەژار کە شیعریان بۆ بنووسێ؛ گوتبووی ئەمن بە سفارش شیعر ناڵێم و بۆم نەهاتووە و نایڵێم. چووبوونە لای مامۆستا هێمن. شیعرێکی جوانی نووسیبوو. کە بەم شێوەیە دەستپێدەکا:

"لەو دەمەی ڕا کە کاوە کوتکی وەشاند
مێشکی زوحاکی کوردکوژی پڕژاند
گەلی چەوساوە هات و لێی هاڵا
چەرمی بەروانکەکەی کرا ئاڵا
شۆڕشی پاکی پیری ئاسنگەر
ڕاوی نا لەم وڵاتە داگیرکەر"
ئەم شیعرە درێژە. لە پاشان دەڵێ:
"بە دەهۆی دوژمنان گەلێک ساڵ بوو
جێژنی نەورۆز لە کوردەکان تاڵ بوو
نەتەوی خاکی گرت و ملکی بڕی
هەر کەسێ هات بەشێکی لێ پچڕی"

ئەوجار دەڵێ:

"ڕا پەڕی کاوەیێکی ئازاتر
کەوتە دووی کۆمەڵێکی ورپاتر
مەزنی ئەو کوردە کاکە بارزانی
کاتێ حاڵی بە نالەبار زانی
ڕابوو، ڕاسا، پساندی زنجیری
گرتی ڕێی ڕاستی باب و باپیری

کوڕە پێشمەرگە پشتی دا پشت یەک
کەوتە شوێنی ئەو و دەسی دادایە چەک
لەو چیا و بەندەنانە سەنگەری گرت
لەو هەموو ملهوڕانە کێ بەری گرت
ئەو هەڵۆ دوژمنی قەل و داڵ بوو
ڕووی لە هەر سەنگەرێک دەکرد زاڵ بوو"

ئەمە زۆر شیعرێکی جوانە. ئاخرەکەی بە سێ شیعر تەواو دەبێ کە ئێستا لە بەرنامەی "شەهیدان" لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دەخوێندرێتەوە کە دەڵێ:

"ئەی شەهید ئەی نموونەی ئازادیی
نەڕژا خوێنی تۆ بەخۆڕایی
ئەو لەشانەی بە گوللە دابێژران
لە دڵێ گەرمی میللەتا نێژران
خوێنە داشتوویە داری ئازادی
هات بە دووی شینی ئێوەدا شادی"
ئێستا کردوویەتی بە:
"دێ بە دووی شینی ئێوەدا شادی"

بەڵام ئەو وەختە "هات"بوو، چونکە ئەمن شاهیدی لەحزەی لەدایکبوونی ئەو شیعرە بووم.

خالید محەممەدزادە: جگە لەوە شیعری دیکەیشی بۆ بارزانی وتووە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: بەڵێ. کاتی خۆی عەکسێکی بارزانی لە ئێران دەستکەوتووە کە نازانم چ ساڵێک بووە، ئاوا دەڵێ:

"وێنەت گەیشتە دەستم و ڕوون بۆوە چاوی من"

یا لە شیعرێکیدا دەڵێ:

"هەرچەندە دیوتە ڕۆژی ڕەش و دوژمنی قەوی
ئاڵای خەباتی میللەتی کوردت نەکرد نەوی"

بەڵام دوایە بە هەر دەلیل بوو ڕای گۆڕدرا. بۆیە ئەو شیعرانەی لە مێژووی خۆی سڕینەوە. کارم نییە و بەرپرسیارییەکەی لەسەر خۆیەتی. ئەگەر لە بەغدا لە تاریک و ڕووندا نەیتوانی چاپیان بکا، باشە خۆ لە ئێران دەیتوانی چاپی بکا؟ کە لە ئێرانیش هێندێک لە بەرهەمەکانی چاپکرانەوە جارێکی دیکە ئەوانەی نەهێنان.

**خالید محەممەدزادە:** بۆ نەیهێنان؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** (بە پێکەنینەوە) ئەگەر زیندوو بووەوە لە خۆی بپرسە. ئەمن بۆ وەکیلیی ئەو بکەم؟

**خالید محەممەدزادە:** دەکرێ بڵێی مامۆستا هێمن چەند ساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی "کوردستان" بوو و چ ڕۆڵێکی هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** لەڕاستیدا لە دەستەی نووسەران لە ساڵی ١٣٤٩ـەوە کە دەورەی ئێستای "کوردستان"مان دەستپێکردەوە کە ئێستایش بەردەوامە، لەو کاتەوە ئەندامی دەستەی نووسەران بوو تا لێک جیابووینەوە لە ١٣٥٨دا. بەڵام وەک بەرپرسیارەتی، ئەو بەرپرسی بەشی ئەدەبیی ڕۆژنامە بوو. هەرچەند ئەمن پێم ناخۆشە ئەوە بڵێم بەڵام وەک حەقیقەتێک ئەوە بڵێم باشە کە لە واقیعدا کارەکەی بە من سپاردبوو. بۆیە کارەکان هەر ئەمن دەمکردن. تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ کە لێک بڵاو بووین، پێش دەستپێکردنەوەی شەڕ، بڕیارماندا کۆمیتەی ناوەندی لێک بڵاو بێ. دوو کەس لەنێو وڵات بە نهێنی دەژیان. چەند کەسمان لە بەغدا مانەوە. دوو سێ کەسمان چوونە ناوچەی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگە. دوو سێ کەسمان چوونە سلێمانی. دوو سێ کەسیشمان وەک کاک دوکتۆر چوونە دەرێ. لەوێدا کە باسی ڕۆژنامە کرا، دوکتۆر قاسملوو فەرمووی "هەوڵ بدەن ڕۆژنامەکە هەر دەربچێ. ئەمن کە ئێستا لێرە نابم با کاک کەریمی حیسامی بەرپرسی بەشی سیاسیی ڕۆژنامە بێ و مامۆستا هێمنیش با بەرپرسی بەشی ئەدەبی بێ." مامۆستا هێمنیش گوتی "باشە بۆ من هەتا ئێستایش مەسئول نەبووم؟" دوکتۆر گوتی "با بەرپرس بووی بەڵام با لە بیرمان نەچێ هەتا ئێستا مامۆستا(بە پێکەنینەوە) لێرە بوو، بەڵام ئێستا ئەو لێرە نابێ." ئەو باوەڕی بە من هەبوو کە کارەکان بکەم. سەرپەرستیی تەسحیح و چاپی ڕۆژنامەیش جگە لە ژمارەی یەکەمی کە ئەگەر چاوی لێ بکەی زۆر شپرزەیە و پڕە لە غەڵەت، هەر هەمووی ئەمن دەمکرد. بەڵام وەک ئەندامی دەستەی نووسەران هەر مایەوە تا ئەو جیابوونەوەی کە ڕوویدا.

**خالید محەممەدزادە:** قەت هەبووە مامۆستا هێمن وتاری سیاسی بنووسێ؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە هەبوو شتی ئەدەبی بنووسێ. بەڵام ڕۆژنامەکە حیزبی بوو دەبوایە شتی سیاسی بنووسێ. بەڵام وەک وتاری تەفسیری و تەحلیلی، نا نەیبووە. زیاتر کارەکانی توانای ئەدەبییان تێدا بوو تا تەحلیلی و سیاسی.

**خالید محەممەدزادە:** تاریک و ڕوونی هێمن و بەشێک لە کتێبەکانی ئەو سەردەمەی حیزبی دێموکرات لەلایەن "بنکەی پێشەوا"وە بڵاوکراونەتەوە. دەکرێ باسی ئەم بنکەیەمان بۆ بکەی؟ ئایا شتی وا لە بنەڕەتدا هەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** "بنکەی پێشەوا" وەک بڵێین چاپخانەی هەبێ و شتی وا، نا. بەڵام بنکەی پێشەوا بڕیارێک بوو کە حیزبی

دێموکرات دابووی کە کۆمەک بکا بە بڵاوبوونەوەی بەرهەمی ئەدەبیی کوردی و ئەو بەرهەمانەی کە بە زمانی کوردی دەنووسرێن. ناوی بنکەی پێشەوای لێنرابوو. خۆ بنکە مەرج نییە خەڵک کۆبێتەوە و دەزگای هەبێ و شتی وا. حیزب هەزینەکەی دەدا. کتێبی دوکتۆر قاسملوو بنکەی پێشەوا چاپی کرد. تاریک و ڕوون، "کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران" لە نووسینی کەریمی حیسامی هەر بنکەی پێشەوا چاپی کرد. کتێبی پێکەنینی گەدا و یەک دوو کتێبی دیکەی لێ چاپ کران. ئەمن لە بیرمە کاک محەممەدی مەلا کەریم شتێکی نووسیبوو. دەڵێ حیزبی دێموکرات تەنیا حیزبی سیاسییە کە خزمەتی بە زمانی کوردی کردووە هەر بۆ خزمەت بە زمانی کوردی. ئەوانی دیکە بە زمانی کوردی خزمەتیان بە سیاسەتەکانیان کردووە. مەسەلەن تاریک و ڕوون یا پێکەنینی گەدا بۆ ئەوە بوو کە بڵاوی بکەینەوە. خەرجەکەی لەسەر حیزب بوو.

**خالید محەممەدزادە: چاپخانەکەی لە بەغدا بوو؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەڵێ لە بەغدا بوو. دیارە لە بەغدا بوون تاوان نییە. ئەمن پێم خۆشە لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرم. دوو سێ جار باسم کردووە بەڵام ئێستا ئەم قسانە بڵاودەبنەوە، بۆیە پێم خۆشە بڵێم کتێبی دوکتۆر قاسملوومان چاپ کردبوو؛ ئەمن هەم سەرپەرستی چاپەکەی بووم و هەم وەرگێڕی ئەم کتێبە بووم، بۆیە بڵاوکردنەوەکەیشی کەوتە سەرشانی من بەهۆی ئەوەی پتر شارەزای کوردستان بووم. جارێکیان هاتبوومە سلێمانی بەسەر کتێبخانەکاندا دەگەڕام کە داخوا چەندەیان فرۆشراون بۆ ئەوەی پارەکەیان لێ وەرگرم. چوومە کتێبخانەیەک بۆوەی حیسابی لەگەڵدا بکەم. کوڕێکی لێ بوو کە دەرکەوت خوێندکاری زانستگەیە. لێی پرسیم ئەو کتێبە هی تۆیە؟ گوتم بەڵێ. گوتی لە کوێ چاپ کراوە؟ ئەمنیش زانیم مەبەستی شتێکی دیکەیە، گوتم ئەوە کۆشکی کۆماری لە بەغدا چاپخانەیەکی لێیە، لەوێ چاپ کراوە. گوتی بۆ قەڵس دەبێ؟ گوتم بۆ قەڵس دەبم؟ ئەتۆ پرسیارت کرد، ئەمنیش وەڵامم دایەوە. گوتی نا قەڵسیی پێوە دیارە! گوتم ئاخر بۆیە قسەکەی من قەڵسیی پێوە دیارە چونکە قسەکەی تۆ پلاری پێوە دیارە! باشە ئەتۆ خوێندەواری و لاوی و ڕووناکبیری، گرنگ بۆ کتێبێک ئەوەیە چی تێدایە نەک ئەوەی لە کوێ چاپ کراوە.

**خالید محەممەدزادە: کاتی خۆی شیعرەکانی هێمن لە ڕۆژنامەی کوردستان بەبێ ناو و ئیمزای هێمن بڵاودەکرانەوە و ناوی ئەم شاعیرەیان لەسەر نەبوون. هۆکارەکەی لە چیدایە؟**

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەڵێ ئەوە وایە. ئەوە لەبەر ئەوە نەبووە ئێمە هێمن زدایی بکەین. بەڵام ئەو بۆخۆی لە یەک دوو شیعر نەبێ وەک یادگاری شیرن، کە دەڵێ:

"گوارەکەی زێڕت بە کا نایە لە گوێ بگرە قسەم
لایقی گوێی تۆ عەزیزم شیعری سادەی هێمنە"

ئیدی ناوی دانەناوە وەک شاعیرانی پێش خۆی. وەک نالی کە لە هەموو شیعرەکانیدا ناوی نالی هەیە یا حافز هەموو قەسیدەکانی ناوی حافزیان تێدایە. ئەو عادەتی وا نەبوو. ئەو بە کەمی ناوی خۆی هێناوە.

خالید محەممەدزادە : مەبەستمە بڵێم کە شیعرەکانی بەبێ ئیمزای هێمن بڵاوکراونەتەوە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەگەر چاو لە ڕۆژنامەی کوردستان بکەی، لەو دەورەیەدا هیچ وتارێک بە ناوی نووسەرەکەی نەبووە. ئەویش وەک ئەوان وابوو. یەک دوو شیعرێک چاپکران هەر لەو دەورەیەدا لە یەک دوو شاعیرێکی دیکە، پێم وایە ناویان بە جۆرێک نووسراوە. دەنا شیعرەکانی هێمن وەک لە شیعرەکەیدا نەبوو لەسەریشی نەدەنووسرا.

خالید محەممەدزادە : تۆ پێت وایە ڕێنووس و ڕێزمانی ڕۆژنامەی کوردستان تا چەند خۆی بە قەرزداری هێمن دەزانێ؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: پێم وا نییە ڕێزمانەکە تەنیا لەژێر تەئسیری مامۆستا هێمندا بێ. کەسی دیکەیش هەبوون. دوکتۆر قاسملوو هەبوو، ئەمن هەبووم. ڕەنگە ئەو ڕێنووسە بە ئیلهام لە کوردستانی عێراقیش بێ. چاک و خراپەکەی هەموومان لێی بەرپرسین. نە شانازییەکانی نە عەیبەکانی تەنیا بۆ هێمن ناگەڕێتەوە. بەڵام دیارە لەو بارەیەوە ڕەنگە هێمن و دواتر ئەمنیش تەئسیرم هەبێ لەسەری.

خالید محەممەدزادە : هێمن بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئەندامی کۆڕی زانیاری بووە. دەکرێ بڵێن کە چۆن وەرگیراوە؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لە ساڵی دوای دامەزرانییەوە مامۆستا هێمن ئەندامی کۆڕی زانیاری بوو. بەڵام ئیدی بە گەڕانەوەی بۆ ئێران و پاش نوشوستی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥دا کۆڕی زانیاری بەرەو کزی چوو. دەوڵەتی عێراق کە لەژێر بارودۆخێکدا ڕازی ببوو بە دروستکردنی، پاشان پشتی تێکرد. بەڵام هێمن ئیستعیفای هەر نەدا تا چووە ئێران. دیارە زیاتر لەو کۆمیسیۆنانەدا کاری دەکرد کە بە زمان ڕادەگەیشتن. مەسەلەن دەچوون موستەلەحاتیان دادەنا لە بەرانبەر عەرەبیدا.

خالید محەممەدزادە : جگە لە مامۆستا هێمن کەسی تر لە کوردەکانی ئێران لەم کۆڕەدا بەشدار بوون؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ماموستا هەژار کە زۆر کارا بوو و دوکتۆر قاسملوو ئەندام بوو. مەرحوومی زەبیحی زۆری هاوکاری دەکرد بەڵام دڵنیا نیم لەوەی ئەندام بوو یا نا! زەبیحی لە زمانی کوردی زۆر شارەزا بوو. کاک حەسەنی قزلجی ئەندام بوو.

خالید محەممەدزادە : مامۆستا، ئەگەر بێینە سەر بەشی سیاسیی دانیشتنەکەمان دەتوانم بڵێم ئێوە لە کتێبی "هێمن" لە نووسینی عوسمان دەشتی دا دەنووسن: "هێمن کە لە باری ئەدەبی و شیعرییەوە زۆر بەتوانا بوو بە هەمان ڕادەیش لە باری سیاسییەوە کەمتوانا بوو. پرسیار ئەمەیە کەسێکی "بێ توانای سیاسی" ئەوتۆ چۆن بوو بە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتئەویش بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەڵبژێردرایەوە ؟

عەبدوڵڵا حەسەنزادە: ئەمن بە جۆرێک لە جێگایەکی دیکە باسی ئەوەم کرد. یەکەم، هێمن ئەو پیاوە بێ توانایە نەبوو کە بڵێم بێ تواناترین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بێ. دووەم، هەر کەس لەو شتانە هەڵدەبژێرێ کە لە بەردەستیدا هەن. ئێمە مەجموعەیەک

بووین کە لە نێویان کەسانی وامان هەبوون کە لە باری سیاسی و ئاگایی و زانیارییەوە لە مامۆستا هێمن خوارتر بوون. ڕەنگە من یەکێک لەوانە بووبم. مەسەلەکە ئەوە نییە. بەڵام ئەوەی پێوەندیدارە بە شەخسی مامۆستا هێمن، پێش ئەوەی لەبەر توانا سیاسییەکەی بێ، لەبەر ئەو ناوبانگە ئەدەبییەی بوو کە هەیبوو. حەتتا لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو چەند جار باسم کردووە کە بابە لێیگەڕێن، ئەو پیاوە با کاری خۆی بکا. ئەوە بۆ سیاسەت دروست نەبووە. جا بەڕاستی ئەو پیاوە بۆ شیعر دروست ببوو. هەر چەند پیاوێکی بەفەرهەنگ و بەموتالەعە و خوێندوار بوو، بەڵام ئەو بۆ سیاسەت دروست نەببوو. دەیفەرموو ناوی هێمن لە لیستی کۆمیتەی ناوەندی هێزێکە. بۆیە زیاتر لەو بارەیەوە بوو. بەڵام وا نییە کە بڵێی بەقەد شاعیرییەکەی بێ. ڕەنگە ئەو بەراوردکردنەی من لەبەر ئەوە بێ کە هێمن زۆر شاعیر بوو، بەڵام کەم سیاسی بوو (بە پێکەنینەوە). هەرچەند ئەو لە هێندێک کەسی نێو کۆمیتەی ناوەندی بەتواناتر بوو. بەڵام ئەو بەراوردکردنە کەسێک بیڵێ کە چەندە شاعیر بوو ئەوەندەیش سیاسی بوو ئەوە بەراوردکردنێکی غەڵەتە.

**خالید محەممەدزادە : باشە تۆ پێت وا نییە کاتی خۆی کە هێمن هەڵبژێردرایەوە بۆ کومیتەی ناوەندیی حیزب، ویستوویانە زیاتر وەک کەسێکی ناسراو و یادگاری کۆمار بیقۆزنەوە و سوودی لێ وەربگرن؟!**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** عەرزم کردی، ئەو کەسایەتییەکەی ناسراوی ئەدەبی بوو کە گرنگ و دیار بوو ئەگەر لە حیزبدا بێ، حەتمەن دوکتۆر قاسملوویش باوەڕی وا بووە.

**خالید محەممەدزادە : باشە مامۆستا هێمن ئەگەر تێکەڵ بە "تاقمی حەوتکەسی" نەبایە و لە حیزب جیا نەبووایەتەوە، تۆ ئەم قسەیەت هەر دەکرد؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەگەر بۆنەیەک ڕێککەوتبایە، ئەمن ئەو قسەیەم هەر دەکرد. چونکە بە حزووری خۆیشی ئەو قسەیەم کردووە. هەر بە خۆیم گوتووە. وەنەبێ من غەیبەتی هێمن بکەم یا لە کەسایەتیی هێمن کەم بکەمەوە. بە باوەڕی من ئەوە لە کەسایەتیی هێمن کەم ناکاتەوە. مەسەلەن ئەمن پێت دەڵێم دوکتۆر قاسملوو لە باری سیاسییەوە چەند لە سەرێ بوو، ڕاست بەقەد ئەوە لە باری شیعرییەوە لە خوارێ بوو. بەڵام ئایا دوکتۆر قاسملوو لێی کەم بۆوە ئەمن وام گوت؟ هێمن سیاسییەکی سەرکەوتوو نەبوو و قاسملوویش هەر شاعیر نەبوو (بە پێکەنییەوە). تواناکان بەش کراون. بۆ وای لێ بکەم ئەگەر گوتم هێمن سیاسییەکەی گەورە نەبوو ئیدی لێی کەم بۆتەوە؟ دوکتۆر قاسملوو مامۆستام بوو، ڕێبەرم بوو، ئۆلگووم بوو، هەموو شتێکی من بوو، بەڵام پێت دەڵێم شاعیر نەبوو.

**خالید محەممەدزادە : مامۆستا، بە سەرنجدان بەوە کە تۆ زۆر لە هێمن نیزیک بووی، کە دیوانەکەی چاپ دەکرێ پێشەکییەکەی لەلایەن دوکتۆر قاسملووە دەنووسرێ. بۆچی تۆ ئەم پێشەکییەت نەتنووسی و ئەم پێشەکییە چۆن نووسرا؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە دوکتۆر قاسملوو بە شێوەی گشتی لە ئەدەبیاتدا خاوەن ڕا بوو. پاشان مەوقیعییەتی دوکتۆر قاسملوو مەوقیعییەتێکی دیکە بوو. شانازییەکی گەورە بوو کە قاسملوو پێشەکی بۆ شیعری هێمن بنووسێ. بەڵام ئەمن بە هیچ جۆر لەو مەوقیعییەتەدا نەبووم کە کتێبی مامۆستا هێمن بە پێشەکی من وەبرەو بکەوێ. بەتایبەتی ئەو کاتە ئەمن لە مەجالی کاری ئەدەبیدا زۆر کەم ناسرابووم. دوکتۆر قاسملوو هەم لە باری ئەدەبییەوە لە من باڵاتر بوو هەم لە باری سیاسییەوە.

**خالید محەممەدزادە :** ئەگەر هێمن ئەندامی حیزبی دێموکرات نەبوایە دوکتۆر قاسملوو پێشەکی بۆ دیوانەکەی دەنووسی و بە شاعیری گەلی دەناساند؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** حەتمەن. ئەگەر ئاوا لێک نیزیک بوایەن حەتمەن بۆی دەنووسی. ئەوەی کە دوکتۆر قاسملوو پێشەکی بۆ دیوانەکەی هێمن نووسیوە لەبەر ئەوە نییە کە هێمن ئەندامی حیزب بووە، لەبەر ئەوە بووە کە هێمن شاعیرە. دوکتۆر قاسملوو وتاری لەسەر گۆران هەیە کە زۆر بەهێزترە لەو پێشەکییەی کە بۆ دیوانی هێمن نووسیویەتی. خۆ گۆران ئەندامی حیزبی ئێمەیش نەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی شاعیرێکی گەورەی کوردە شتی لەسەر نووسیوە.

**خالید محەممەدزادە :** مامۆستا، ڕەنگە ئەم پرسیارە ئێستایش لەنێو خەڵکدا هەبێ کە چۆن بوو کەسێک کە بە شاعیری گەل دەناسرێ، دوایە دەخرێتە ڕیزی خیانەتکارانەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە مەسەلەیەکە زۆر جار ڕەنگە بێتە گۆڕێ بەڵام تەزمین بۆ هیچ کەس نییە. نە بۆ ئەوەی تاسەر چاک بێ، نە بۆ ئەوەی تاسەر خراپ بێ. بۆیە تەزمین بۆ کەس نییە کە لە ژیاندا هەڵە نەکا. ئینسان بەهەڵەدادەچێ. لە واقیعدا تەنیا دوای مردنی ئینسانێکە کە دەتوانی حوکمی نیهایی بدەی لەسەر ئەوەی کە ئەو کابرایە تاسەر لەسەر بیروباوەڕی خۆی ماوە. ئێنسان دەتوانێ بگۆڕدرێ. ئەوەی کە هێمن لە ڕیزی ئەوانەدا حیساب کرا لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە شتێکی سەیر نەبوو. ڕاستە قبووڵکردنی ئەوە لەلایەن خەڵکەوە بۆ مامۆستا هێمن و بۆ ئەوانی تر وەک یەک نەبوو. لەڕاستیدا ئەوە هەڵسەنگاندنێکی عاتیفی بوو. حەوت کەس کارێکیان کردووە. حوکمێکیان لەسەر دەدرێ. باشە بۆچی بۆ شەشیان دروستە و یەکیان غەڵەتە؟ بۆ کاری شەشیان حەرامە و هی یەکیان حەڵاڵە؟ یا بە پێچەوانەوە. شتی وا نییە. هێمن شاعیر بوو، خۆشەویست بوو لەنێو خەڵکدا لەبەر شیعرەکانی. یا خەڵک لە دوورەوە شیعرەکانی هێمنیان خۆشدەویست و ئاگاداری قەزیەکە نەبوون. دەنا چەند جارێک لەگەڵ ئەدیبان ڕێدەکەوت کە قسەم بۆیان دەکرد قسەیان پێ نەدەما. ئەتۆ نابێ کار بە شەخس هەڵسەنگێنی بەڵکو دەبێ شەخس بەکار هەڵسەنگێنی. مەسەلەن ئەگەر پیاوێکی موسڵمان چووە مەیخانە، مەیخانە نابێتە پەرستگە، موسڵمانەکە گوناهبار دەبێ(پێکەنین). یانی لەو بارەیەوە هەڵەیەک کرا. مامۆستا هێمن بۆخۆی گوتوویەتی"فڵان کەس... هێندەی ویسکی دامێ نەمزانی چیم ئیمزا کرد".

**خالید محەممەدزادە :** کێ ویسکی پێدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جا بۆ بیڵێین؟!

**خالید محەممەدزادە :** پاش زیاتر لە دوو دەیە لەو کارە پێت وایە ئەو حوکمەی سەر هێمن ڕاست بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دوای چل ساڵیش پێم وایە هیمن نەدەبوا ئەو کارەی بکردایە. هەر حەیف بوو نوختەیەکی وا کەوتە ژیانی هێمنەوە. نەک لەبەر حیزب یا میللەت، هەر لەبەر خودی هێمن حەیف بوو. هێمن ئەگەر تەماشا بکەی هەر ئەو کاتی کە لەنێویاندایە، زەمی ئەو ڕێژیمە دەکا:

سەقز و سەردەشت و سابلاغ و سنەی کرد غەرقی خوێن
سێی تری ویستن گوتی بۆ سفرە حەوسینم دەوێ"
لە بارەی خومەینی‌یەوە دەڵێ:
"بۆ فریشتەی داد بە سینەی پڕ لە کینە و داخەوە
هاتە کوردستان وتی ڕەجمی شەیاتینم دەوێ"

ئەو هەر ئیمانی پێی نەبوو. جا حەیف بوو ئەو حیزبەکەی خۆی و بزووتنەوەی خۆی مەحکووم بکا. بەتایبەتی هێمن زۆر باش دەیزانی کە پێوەندیی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق چەندە پێوەندییەکی سەربەرزانەیە. ئێستا ئیدی تەواوی دنیایش ئیعترافی پێدەکا. بەڵام شتێک نووسرا هەرچەند ئەوان بەداخەوە هیچ کامیان نەیاننووسی. حیزبی توودە بۆیانی نووسی و ئەوانیش ئیمزایان کرد. قەت پێم خۆش نەبوو لە ژیانی هێمندا شتی وا ڕوو بدا. هێمن زۆر گەورەتر بوو.

**خالید محەممەدزادە :** دەڵێن مامۆستا هێمن کاتی خۆی لەو کارەی پەشیمان بۆتەوە. ئەمە تا چەند ڕاستە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ گوایە خۆی هەر ئەو کاتە گوتوویەتی کە ئەو هەتیوەی فلان کەس ئەوەندەی ویسکی دامێ بۆخۆیشم نەمزانی چیم ئیمزا کرد. بەڵام دواتر ئێمە دەمانویست ئەو حوکمەی لەسەری درابوو ئیسلاح بکرێ. کاک حەسەنی شەرەفی مان نارده لای. بنکەی کۆمیتەی شارستان لە شیلاناوێ بوو. مامۆستا هێمن‌یش لە شیلاناوێ بوو؟ ناردمانە لای کە بابە شتێک بنووسە کە من ئەو کارە بە هەڵە دەزانم. ئێمە بە "تعهد"ەوە بڵاوی ناکەینەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە دەلیلێک بۆ ئەوەی ئەو حوکمە بگۆڕین با شتێکی ئاوا بنووسێ. بە کاک حەسەنی گوتبوو باشە بەیانی وەرەوە دەتدەمێ. بەیانی کە چووبۆوە - کە پێم خۆش نییە هۆیەکەی باس بکەم - پەشیمان ببۆوە و گوتبووی نایکەم.

**خالید محەممەدزادە :** دوای ئەوە ئێوە چەند ساڵ دواتر و پاش مردنی هێمن، ئەو کاتەی کە ئێوە سکرتێری حیزب دەبن، ئیعادەی کەسایەتی لەسەر هێمن بڵاودەکەنەوە. ئەویش لە بڵاوکراوەی نێوخۆی حیزب بە ناوی تێکۆشەردا. بۆ لە ڕۆژنامە بڵاوتان نەکردەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیارە هەر لە تێکۆشەردا نەبوو، لە ڕادیۆیشدا بڵاومانکردەوە. لەڕاستیدا ئەوە زیاتر لەبەر "اعادە حەیسییەت" لەو نەبوو. اعادە حەیسییەتەکەمان بە کردەوە لێکردبوو. زۆر جار لە بۆنەکاندا شیعرەکانی ئەومان دەخوێندنەوە. بەڵام بۆ ئەوەی تەوجیهێک بێ کە ناکرێ شاعیرێک (بە پێکەنینیەوە) بە خائین دابنێی و شیعرەکانیشی وەک حەدیسی ئەبوو هورەیرە بهێنیتەوە. بۆیە ئەوەمان کرد کە بڵێین ئەوە دیکۆمێنتێکە بۆ ئەوەی کە بەجێیە لە شیعرەکانی ئیستفادە بکەین. شەرایتێک بوو کە هێمن بەسەریدا سەپابوو. جا پیری بووبێ یا هەرچی بێ. لەڕاستیدا مامە غەنی‌یش هەروەها بوو. لە خۆیان ڕانەدەدی بێنە ئەو هەلومەرجە ناخۆشەی کە پاش شۆڕشی ١٣٥٧ پێش هات، بەتایبەت کە ئەوانیش ئەزموونیان هەبوو. بێجگە لەوەی کە تەئسیراتی ئەملا و ئەولایان لەسەر بوو.

**خالید محەممەدزادە :** مامۆستا، ئەو ئیعادەی کە کرا بە پێشنیاری ئێوە بوو یا بەرهەمی فشاری خەڵکی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** هیچ کەس داوای ئیعادەی حەیسییەتی بۆ مامۆستا هێمن نەکردووە. ئەوەیش کە ئێمە ئەوەمان کرد لەژێر فشاری خەڵکی نەبوو، بەڵام ئێمە لە حیزبدا پێمان وا بوو کە دەبێ ئەم کارە بکرێ. هەرچەند ئێمە بە کردەوە هەڵمانگرتبوو ئەو تەحریمە بەڵام ئەمن گوتم با تەوجیهێکیش هەبێ. دەنا خەڵک حەقیانە بپرسن باشە ئەتۆ کە بە خائینی دەزانی بۆ شیعرەکەی لە ڕادیۆکەتدا دەخوێنیتەوە.

**خالید محەممەدزادە :** من لە قسەکانت وا تێگەیشتم کە تۆ کەسێکی نیزیک لە مامۆستا هێمن بوویت، بەڵام لەملا و لەولا باس لەوە دەکەن کە پێوەندیی تۆ و هێمن زۆر نۆرمال نەبووە. ئەمە تا چەند ڕاستە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئێستا ماون ئەوانەی شاهیدی پێوەندیی نێوان من و هێمن بوون. نیزیکترین کەس لە ڕەفیقەکانی هێمن ئەمن بووم. کاتی خۆیشی ئیمزای خۆی شاهیدە کە چەندە شوێنم لەسەری داناوە. حەتتا جاروبار زۆر لوتفی دەکرد. جارێکیان لەبیرمە جێژنی نەورۆز بوو لە بەغدا چووبووینە دەرێ. شایی و هەڵپەڕکێ بوو.

هات، ئەمن سەرچۆپیم گرتبوو، گوتی ئەشەدوبیللا لەوەیشدا هەر ئوستادی. یانی ئەو وشانەی بەکار دەبردن. بەڵام ئەمن لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستەی ئەواندا توند بووم و نایشارمەوە. ئەمن تەنانەت لەو دیمانەیەدا کە کردم لە وەڵامی گۆڤاری چشم انداز دا گوتم سپاسی کاک غەنی بلووریان دەکەم کە شاهیدێکی باشە بۆ ئەوەی ئەو چۆن دیفاعی لە جمهوری ئیسلامی کرد و ئەمن چون دیفاعم لە بزووتنەوەی کوردستان کردووە. جا بەبێ شک ئەوانەی قسەیان لەسەر من کردووە تەئسیریان لەسەر داناوە. ئەگینا تا پێکەوە (پێکەنین) بووین گەپ و گاڵتە و هەموو شتێکمان هەبوو.

**خالید محەممەدزادە :** من لێرەدا کۆتایی دێنم بە پرسیارەکانم. ئێوە ئەگەر شتێکتان ماوە دەتوانن باسی بکەن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن شتێکم نییە جگە لەوەی سڵاو بۆ یادی هێمن بنێرم و ڕێز دابنێم بۆ هەموو ئەو خزمەتانەی کە ئەو هەم بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردی و هەم بە فیکری شۆڕشگێڕانەی لاوانی کورد. یادی بەخێر بێ!

**خالید محەممەدزادە :** سپاس بۆ تۆ و سپاس بۆ خوێنەرانی ئەم دیمانەیە کە تایبەتە بە بیستەمینساڵیادی کۆچی دوایی هێمنی شاعیر.

### عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە چەند دێڕێکدا بە قەڵەمی خۆی

ساڵی ١٣١٧ لەدایکبووم.
ساڵی ١٣٣٠ وەک ئەندامی حیزبی دێموکرات ناونووسیم کردووە.
لە ساڵی ١٣٤٨ـەوە بوومە ئەندامی ڕێبەری.
جگە لە کۆنگرەی ٨ و کۆنگرەی ١٣ لە هەموو کۆنگرە و کۆنفرانسەکاندا هەڵبژێردراوم.

نیزیک دە ساڵ سکرتێر بووم. چوار دەورە جێگری سکرتێر بووم.

لە ساڵی ١٣٥٠ـەوە ئەندام دەفتەری سیاسی بووم.

دەکرێ بڵێم ٨ ساڵی تەواو لەگەڵ هێمن بووم.

چاکم لەبیر نییە، ڕەنگە بە ورد و درشتییەوە ١٥ کتێبم چاپ کردبن.

نیزیکەی ١٠ کتێبم وەرگێڕاوە کە جگە لە دوانیان هەمووی‌ان ئەدەبی بوون.

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەری دیمانە / ڕێکەوتی : ١٣ی ئاورێلی ٢٠٠٦



# وتووێژی شێخ و قازی لە سەر هێمن

## جەعفەری شێخەلیسلامی و حەسەنی قازی لە هێمن دەدوێن

حەسەنی قازی : کاک جەعفەر پێم خۆشە قسەکانمان لە پەخشانی هێمنەوە دەست پێبکەین . ئێستا ئەمن تێکستێکی هێمنم لە بەر دەستە کە لە ژمارەی دووەمی نیشتمان لە خەزەڵوەری ١٣٢٢ ی هەتاوی دا چاپکراوە ، نزیکەی ٦٠ ساڵ لەمەوبەر. وابزانم ئەمە یەکەم پەخشانی چاپکراوی هێمن بێ . با لە پێشدا بۆت بخوێنمەوە دوایە ئەو پرسیارەی لەمبارەیەوە لە زەینم دایە لێت دەپرسم :



### خۆت بناسە م.ش. هێمن

خۆشەویستەکەم : خۆت بناسە بزانە تۆ کێی ؛ مێژوو بخوێنەوە و تێبگە لە چ ڕەگەزێکی ؟
ئەگەر بڕوا بە مێژوونووسەکانی خۆمان ناکەی؛ ئەگەر وەک جۆلاکە بە سەردڕی خۆت ڕازی نی بڕوا بە بێگانەکان ، بە ڕۆژهەلاتناسەکان بکە بزانە ئەوان دەربارەی تۆ ، باب و باپیری تۆ، خاک و نیشتمانی تۆ،چ دەڵێن و چ دەنووسن .
ئازیزەکەم : تۆ کوردی ، تۆ لە نەتەوەیەکی خاوێنی ، تۆ لە ڕەگەزێکی پاکی؛ باپیرەکانی پێشووی تۆ هەر لەم خاکە دا ( کە کوردستانی پێ دەڵێن و ئێستا تۆی تێیا دەژی و داخەکەم هەر لەتەی بە دەست کەسێکەوەیە ) ژیاون بەڵام چۆن ژیانێک ؟ وەک تۆ دیل و ژێردەستی دراوسێکان بوون ؟ نە بە خوا ئەوان سەربەخۆبوون و ئازاد ژیاون.
گیانەکەم ؛ کوردە گیان بە قسەی برای خۆت بکە ؛ لە خەوی نەفامی هەڵسە ، تۆزێ لە حاڵی خۆت ورد بەوە ، هۆشت بێنەوە بەر خۆت : قۆڵت هەڵماڵە بە هەموو هێزی خۆت بقیژێنە بڵێ :
ئەمنیش ئادەمیزادم؛ حەقی ژیانم هەیە ، ئەمەوێ وەکوو خەڵک ئازاد و سەربەست بژیم . سەربەخۆییم دەوێت و حەقی مەشرووعی خۆم داوا دەکەم ، لە دیلی و ژێردەستی دراوسێکان جاڕس بووم و ئەمەوێت ڕزگار ببم .

قسەلە سەر ئەوەیە ئەو دەقە کە زیاتر لە ٦٠ ساڵ لەمەوبەر بڵاو کراوەتەوە بەلای منەوە دەڵێی نووسینی ئەو دە ساڵانەی دوایییە . ئەتۆ ئەو شێوە پەخشان نووسینەی هێمن بە بەهرەی زاتی وی دەبەستییەوە یان بە هۆکاری دی؟ هێمن چۆن توانیویە ئەودەمی ئاوا بنووسێ کە بۆ ئەمڕۆش زمانەکەی هەر تازەیی هەبێ؟

شێخەلیسلامی: لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا دەبێ بڵێم، ئەگەر شتێکیش بە ناوی بەهرەی زاتیی هەبێ، ئەو بەهرەیە ناتوانێ بە تەنیا هۆکاری باشنووسین بێ، جا چ بۆ بەهرەی پەخشاننووسینی هێمن یان هەر بەهرەیەکی دیکەی ئنیسانێکی تر. من پێم وایە

هەموو دیاردەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە نووسین، پێکهاتە و سازدراوی کۆمەڵایەتین، واتە ڕەگ و ڕیشە و هوکاری کۆمەڵایەتی، کولتووریی، مێژوویی و ئابووریبیان هەیە. هەر لە بەر ئەوەشە کە پێم وایە پرسیارەکەی ئێوە گرینگە، چونکە ئەگەر بتوانین تیشکێک بخەینە سەر هۆکارەکان و ئاکامەکانی ئەو تواناییەی هێمن، واتە ئەگەر گەرەکمان بێ ڕەمزی سەرکەوتنی هێمنمان لە نووسیندا بۆ دەرکەوێ، ئەوکات بە دووپاتە کردنەوەی تایبەتمەندییەکانی ژیان و بارهێنان و نووسیینی هێمن لەوانەیە بوار بڕەخسێندرێ کە هێمنی دیکە و پەخشاننووسی بە توانای دیکەش سەرهەڵدەن.

وە بەڵام پرسیاری دووهەم: بۆچی ئەو نووسینە ئێستاش هەر تازەیە؟ ئەوە بە ڕای من دەگەڕێتەوە سەر چەند شت. بەڵام بەر لە وردبوونەوە لەو چەند شتە با ئەوە بڵێم: لە هەموو نووسینێک دا دوو خاڵ زۆر سەرەکین و تایبەتمەندیی هەموو گوتارێکن، چ نووسراو و چ نەنووسراو: یەکیان کەرەسەی دەربڕینە کە بریتییە لە زمان و چۆنیەتی دەکارهێنانی، یەکیشیان بریتییە لە ناوەرۆک. ئەو دوو لایەنە لە یەکتر هەڵناواردرێن. ئەمانە بە یەکەوە تێکستێک یان گوتارێک دەخەنە ناو ژانرەیەکی (شێوەگوتارێکی) تایبەتەوە. بە زمانێکی دیکە، فۆرم – کە زمان بەشی هەرە سەرەکیەتی - لە گەڵ ناوەرۆک تەواوکەری یەکترن و تەئسیری ڕاستەوخۆ لە سەر یەکتر دادەنێن؛ پێوەندییەکەیان دیالەکتیکیە، دوولایەنەیە. هەر ئەمەش هۆی تازە مانەوەی ئەم پەخشانەی هێمنە، بە تایبەت بە لای کوردێکی ڕۆژهەڵاتییەوە. بۆ؟ چونکە ئەو ژێردەستیی و بێبەشییە نەتەوایەتییەی کە ئەو باسی دەکا هەر ماوە، واتە نێوەرۆکی نووسراوەکەی هێمن بۆ هەلومەرجی ئەمڕۆش دەشێ. بۆیە نێوەرۆکەکەی کۆن نەبووە، هەر دەڵێی تازە نووسراوە. هەڵبەت ڕەنگە زۆربەی ئەو کەسانەی کە تەنانەت خۆیان بە ناسیۆنالیستیش بزانن، وەکوو هێمنی گەنج نەڵێن نەتەوەی من "پاک" و "خاوێنە"، چونکە وەها دەربڕینێک واش دەگەیەنێ کە نەتەوەی "ناخاوێن" و "ناپاک"یش هەن. هەن ئەوانەی کە ئەمڕۆش وا دەڵێن، بەڵام ڕادەیان زۆر کەمە. هێمنی پوختەی ساڵانی دوایی ئەو ناسیۆنالیستە بەرچاوتەنگە نییە کە نەتەوەی خۆی پێ لە ئەوانی دیکە جوانتر، پاکتر، یان بەرزتر بێ. هەر ئەوەشە کە هێمن لە زۆر شاعیر و ڕۆشنبیری سەردەمی خۆی جیا دەکاتەوە. لە تەواوی نووسینەکانی هێمن دا تۆ نابینی کە سووکایەتی بە نەتەوەیەکی دیکە بکا. ئەوە لە بواری تیۆرییەکانی ناسیۆنالیستیشەوە گرینگە. چونکە شتێکمان لە بیر نەچێ: ناسنامەکان، بۆ وێنە ناسنامەی نەتەوایەتی، هەموو کات دوو لایەنیان هەیە. گوتاری ناسنامە یان پێناسەکردنی نەتەوایەتی لە لایەکەوە بریتییە لە زەقکردنەوە و سازکردنی خاڵەکانی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی نەتەوەیەک (بۆ وێنە مێژووی هاوبەش، زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش، ئەزموون، بیرەوەری و حەزی هاوبەش)، لە لایەکیشەوە بریتییە لە دەستنیشانکردن و تەنانەت دروستکردنی جیاوازیگەل لە نێوان نەتەوەیەک و نەتەوەکانی دیکە دا. ئەوەی کە ناسیۆنالیزم دەکاتە دیاردەیەک و هێزێکی ترسناک ئەو خاڵەی دووهەمە، لە حاڵەتێکدا کە ئەو جیاوازییانە تا ڕادەی بێز و بێزاریی لە نەتەوەکانی دیکە گەورە بکرێنەوە. هێمنیش لە دروستکردنی ئەو گوتارە ناسیۆنالیستییە دا چالاک بووە، بەڵام لە خاڵی دووهەمدا زێدەگۆیی و زێدەڕۆیی نەکردووە. بە تایبەت لە سەردەمی کۆمارەوە هەتا دووایيش. لەو ڕوانگەوە بۆچوونی ئێوە دروستە، واتە لە لایەنی خاڵە سەرەکییەکانەوە پەیامی هێمن نەگۆڕاوە: من کوردم، مافی پێشێلکراوی خۆم دەوێتەوە. ئەو پەیامە کۆن نەبووە و هی ئەمڕۆشە.

سەبارەت بە فۆرم و زمانی ئەو نووسینەش و پێکگرتنی لە گەڵ نووسینەکانی دواییدا، دەتوانین هەندێک شتی بە پەلە بڵێین. شێوەداڕشتنی ڕستەکان هەر هێمنانەیە: ڕستەی کورت کورت کە یان بە کۆما یان بە خاڵ لە یەکتر جیا کراونەتەوە، لە عەینی حاڵیش دا، هاوئاهەنگییەکی واتایی بە یەکەوە گرێی داون. خوێنەر یان بیسەر تووشی قۆرت و گرێ نایە. زمانەکە لە لایەنی وشەوە هێندێک گۆڕاوە، بەو مانایە کە وێدەچێ هێمن هەوڵ دەدا سنووری شێوەزاری موکریانی خۆی ببەزێنێ. بۆ وێنە، لێرە دا هێمن

دەنووسێ: "ئەممەوێ" لە باتی "دەممەوێ"، یان "دەوێت" لە باتی "ئەوێت" یان "دەوێ"، ویستوویە لە زاراوەی جیاواز کەڵک وەربگرێ و چەشنێک پێناسەی کوردستانیی بوون دەربڕێ. تۆ ئەمە لە تاریک و ڕوون یان نالەی جودایی و پەخشانەکانی دواییش دا نابینی. لەوانە دا هێمن بەرەو موکریانیی دایشکاندۆتەوە و هەر نووسیویەتی "دەممەوێ" و "دەوێ": "وەرە مەیگێڕ دەممەوێ ئەمشەو خەمی دڵ کەم کەم/لووزەوم بەردە سەرێ، نامەوێ جورئەی کەم کەم". هەڵبەت نووسینی "دەممەوێ" لە باتی "ئەممەوێ" بە زۆریی، سلێمانی لێدەرچێ، بووە بە باو لە زمانی کوردی سۆرانی ستاندارد دا. لە گەڵ ئەم جیاوازییە بچووکەشدا، بۆچوونەکەتان راستە، کە زمانەکەی بە گشتی هەر ئەو زمانەیە کە "سۆرانیی ئەمڕۆی پێ دەنووسرێ. ئەوەش بۆ چەند هۆیەک دەگەڕێتەوە. یەکەم ئەوە کە بە گشتی زمانی نووسراو درەنگتر دەگۆڕدرێ. بۆ وێنە زمانی فارسیش لە سەت ساڵی رابردوو دا ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بە سەر دا نەهاتووە، یان زمانی ئینگلیسی. بە لەبەر چاو گرتنی ئەو نموونەیەی ئێوە هێناتانەوە، دەتوانین بێژین کە زمانی نووسینی هێمن، لە گەڵ ئەوە دا زمانێکی ئەدەبیی و ستانداردی کوردییە، لە هەمان کاتیشدا لە زمانی زارەکی نزیکە. زمانی زارەکیی کوردیش لەو ٦٠ ساڵە دا کە ئێوە مەبەستتانە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی بەسەر دا نەهاتووە، چونکە کوردی رۆژهەلات وەکوو ئەمڕۆ نەبووە کە دەرفەتی تێکەڵاوبوونی لە گەڵ زمانەکانی دیکە یان تەنانەت لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ برەخسێ. ئەو تێکەڵاوبوونەی ئێستا کە بە هۆی شەڕ، کۆچکردن و کەرەسە گشتیەکانی پێوەندیگرتنەوە هاتۆتە ئاراوە لە ماوەی ئەو ٦٠ ساڵە دا کە ئێوە ئاماژەتان پێکرد لە ئارا دا نەبووە.

وەبەڵام، ئەو هۆکارانە چی بوون کە زمانی هێمنیان ئاوا پاراو و لە گوێیان خۆش کردبوو. هێمن لە گوند لەدایک بوو بوو و بە خۆدا هاتبوو. هەرچەند کوڕە ئاغا بوو، بەڵام دەگێڕنەوە کە زۆر حەزی بە کات ڕابواردن لە گەڵ خەڵکی گوند واتە قەرە و جووتبەندە دەکرد. لە دیوەخان گوێی لە قامیێژ و بەیتبێژان دەگرت. لە ئەوانە، هێمن کوردییەکی کەمتر تێکەڵاوی فارسی و عەرەبی فێر بوو. دووهەم، وەبەر خوێندن نرا، هەوەڵێ لە ماڵی باوکی، کە مامۆستا سەعید ناکام وانەی پێ دەگوتەوە، پاشان هەم لە حوجرە و هەمیش لە فێرگەی سەرەتایی. ئەوانە بوونە هۆی ئەمە کە هەم لە گەڵ شیعری کلاسیکی فارسی و هەمیش هی کوردی ئاشنا بێ. سێهەم، هێمن دۆستی مامۆستا هەژار بوو، شیعرگۆڕینەوە و هامووشۆی لە گەڵ ئەو گەنجانەی دیکەش هەبوو کە هەم بیری کوردایەتییان چەکەرەی دابوو و هەمیش ئۆگری خوێندنەوە و نووسین بە کوردی بوون، وەکوو کاک عوبەیدوڵلای ئەیبوبیان، کاک مەجید ن. و زۆر کەسی دیکە. هەموو ئەمانە، بۆ سەردەمی خۆی، زەمینەیەکی لەباریان بۆ هێمن پێکهێنا کە بتوانێ ئەو کوردییە بنووسێ کە تۆ خوێندتەوە. سەرباقی هەموو ئەوانەش، هێمن جیددیی بوو لە نووسین دا لە نووسین دا جیددیی بوو. بەو مانایە کە کەمی دەنووسی، بەڵام بە دەیان جار، ڕەنگە زۆرتریش، بە شیعر و نووسراوەی خۆی دا دەچۆوە. هەتا لاپەڕەیەکی دەنووسی بە سەتان لاپەڕەی رەش دەکردنەوە. جاری وا بوو لاپەڕەی یەکەم هەر وشەیەکی لە سەر دەنووسی، ئەگەر لە وشەی دووهەم دا هەڵەی کردبا، ئیتر ئەو پەڕەی فڕێ دەدا و لە سەرڕا دەستی دەکردەوە بە نووسین. بۆ خۆم دیتوومە، هێمن گەیشتۆتە دێڕەکانی کۆتایی لاپەڕەیەک، بەڵام وشە یان دەربڕینێکی بە دڵ نەبووە و ڕەشی کردۆتەوە. ئەوە نەبووە کە هەر پاشی ڕەشکراوەکە ڕاستکردنەوەکەی بنووسێتەوە لاپەڕەیەکی سپی دەستپێدەکردەوە. زۆربەی کاتانیش لە نووسینەوەی ئەوەش دا کە بە دڵی بوو ئاڵوگۆڕی پێک دێنا. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەگەر لە وتارێکی ٢٠ لاپەڕەیی دا، هەڵەیەکی لە لاپەڕەی ١٥ دا کردبا، سەرلەنوێ هەمووی دەنووسییەوە. لەو حاڵەتەدا، لەوانەبوو هەر ئەو لاپەڕە بنووسێتەوە کە چەند ئاڵوگۆڕی تێدا پێکهێنا بوو.

قـازی: باشـە! بـەڵام ئـەوەی گوتـت هێشـتا وڵامـی پرسیارەکەی من نییـە. ئێمـە دەزانـین لـەو سـەروبەندی دا پەتیگـەری لـە نووسـینی پەخشـانی کوردی دا بـە تـایبـەتی لـەم بـەرەی کوردسـتانی ، یـانی لـە بـەری ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانێ بـاو نـەبووە - دە ڕاستی دا ئـەو نووسینە ئی سەروبەندێکە کە زمانی کوردی بۆ پێ نووسین قەدەغە بووە- بۆ وێنە لەو نووسینەی ٦٠ و کسوور ساڵ لەمەو پێش و ئـەو زمانەی کە هێمن " لـە کوێ وە بـۆ کوێ ؟ " ی پـێ نووسیوە لـە بـاری دەربڕینـەوە جیاوازییـەکی ئـەوتۆ نـابینی، بـە ئـەو وشـانەی کـە بەکاری هێناون، لە باری سادەیی ، ڕەوانی و لێ تێگەیشتنی. مەبەستی من ئەو لایەنە بوو. حسێب بکە لـە سـاڵی ١٩٤٣ کـە " خـۆت بناسە" بڵاو بووەتەوە هـەتا سـاڵی ١٩٧٤ کـە پەخشـانی " لـە کـوێ وە بـۆ کـوێ ؟ " وەک پێشـەکی " تـاریک و ڕوون" بڵاو بووەتـەوە ، ئەگەر لە بەر یەکتریان ڕانێی لە باری دەربڕینەوە هیچ جیاوازییەکی وا نابینی!

شێخەلیسلامی: پێم وایە هۆی ئەوە کە زمانی هێمن لـەو ٦٠ سـاڵە دا نـەگۆڕاوە دوو شتە. یەکـەم، هێمن بناغەیـەکی یـەکجار پتـەوی کوردی هەبووە و پێویستی بە گۆڕانی بناغەی ئەو زمانە نەبووە لەو شەست و چەند ساڵە دا کە تۆ ئاماژەت پێکرد. لـە ڕاستیدا، تـا ڕادەیـەکیش هـێمن زۆر وشـیارانە هـەر دژی وەهـا ئـاڵوگۆڕێـک بـووە. لـە حەفتاکانـدا کـە کوردسـتان-عێـراق بـوو بـە مـەکۆی "بنـووس" بەدەستان و "هەڵبەستەوان"انی "تێنووس" و "پەڕتووک"، هێمن زۆر دژی ئەو وشە داتاشینانە بـوو، هـەر وەکـوو ئـەو چەنـد وشـەی کـە ئێستا هێنامنەوە. بۆ هێمن، زمانی کوردی بریتی بوو لـە زمـانی خـەڵک، تەنانـەت ئەگـەر ئـەو زمانـە وشـەگەلی زمانـەکانی دەیکەشـی تێدا بوایە. بۆ ئەو گرینگ ئەمە بوو کە خوێنەر بە ئاسانیی لێی تێبگا. دووهەم، زمانی نووسینی هێمن لە زمانی زارەکیی گونـد زۆر نزیک بوو، چونکە وەکی پێشتر گوتم بەو زمانە لە منداڵییەوە گۆش کرابوو. ٦٠ ساڵ زۆر ماوەیەکی کەمە بۆ ئەوە کە زمـانی زارەکـی بگۆڕێ. هەروەکی پێشتریش گوتم، ئەو بابەتەی کە هێمن باسی دەکـا، کـە دەربڕینێکـی ناسیۆنالیزمی کولتوورییـە، واتـە دەربڕینێکـە داکۆکی لە پاراستن و ڕاگرتنی پێناسەی کولتووریی و نەتەوایـەتیی کـورد دەکـا، ئـاڵوگۆڕێکی ئـەوتۆی بەسـەر دا نـەهاتووە. ئێسـتاش ئەدەبیاتی سیاسی و چالاکییە فەرهەنگییـەکان زۆربـەیان هـەر لـەو بازنەیـە دان. ڕەنگە ئەگـەر هێمن باسێکی تیئـۆریی لـەو کاتـە دا کردبا لە گەڵ ئەو زمانەدا کە ئەمڕۆ بابەتی تیۆریی پێ دەنووسرێ جیـاوازیی بـەرچاوی هـەبووبا. لـە ڕاستیدا ئـەو دەربڕینـە، هـەم زمانەکەی و هەم ناوەرۆکەکەشی، ساکارە. مەبەستم ئەوەیە بابەتەکە ساکارە. لەوانەیە بابایـەکی ئاسـاییش ئـەو کاتـە قسـەی ئـاوای کردبێ و ئێستاش بیکا. جیاوازییەکە ئەمەیـە کـە هـی کـابرا ئاساییەکە تۆمـار نـەکراوە، چونکە نەنووسـراوەتەوە، بـەڵام هـی هێمن نووسراوەتەوە. بۆیە زمانی نووسراو زۆر گرینگە لە ڕاگرتنی ڕەسەنایەتی زمانێکدا.

قازی: مەبەستت ئەوەیە، ئەو زمانەی هێمن ئەو دەمی پێی نووسیوە زۆر نزیک بووە لە زمانی قسە پێکردن؟

شێخەلیسلامی: بەڵێ! زمانی قسە پێکردن، بە تایبەتی قسە پێکردنی دێهـات. شکم هەیـە لـە گـەڵ زمـانی قسـە پێکردنـی، بـۆ وێنـە مەلایـەکی مەهابادیی یـان خوێنـدەوارێکی شارسـتانیی ئـەوکات، کـە ڕەنگـە فارسـاویی بـووبێ، وەکـوو یـەک بـووبێ. هۆیەکـەی ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە تۆ دەتوانی هەستی پێبکەی کە هێمن بـە دانسـتە ئـاوای نووسیوە. هێمن، هـەروەکی لـەو نووسینەشـدا کـە تـۆ خوێندتەوە ئاشکرایە، هەستی بە ستەمی نەتەوایەتیی کردووە، پێشـی وا بـووە کـە یـەکێک لـە ڕێگاکـانی بەربـەرەکانی کـردن لـە گـەڵ تواندنەوەی پێناسەکەی ئەوە بووە کە کوردی ببێت بـە زمـانێکی سـتانداردی نووسین و پـەتیش بـێ. دیسـان دەڵـێم، بـە دانسـتە و بـە وشیاریی ویستوویە بەشداری لەو جووڵانەوە فەرهەنگییە دا بکا کە زمانی کوردی بکاتـە زمـانی نەتەوەیـەک و لـە چوارچێوەی ناوچـەی

بچووک بچووک ڕزگاری بکا. شتێکمان لە بیر نەچێ: زمانی زارەکیی هەرچەند بناغەی زمانی ستاندارده بەڵام هەتا بە نەنووسراوەیی و ناستاندارديی بمێنیتەوە هەر زمانی قەوم و ئیتنیکە.زمانی نەتەوە دەبێ بنووسرێتەوە و ستاندارده بکرێ.

قازی: هێندێک دواتر هەر لەو سەروبەندی دا – دیارە وەک دەزانین هێمن لە ڕۆژنامەی " کوردستان" سەردەمی کۆماری کوردستان دا نووسینی زۆرە __ ، ئەمن ئێستا وەبیرم هاتەوە، هێمن شتێکی نووسیوە لە سەر نووسراوەیەکی گەنجێکی کورد کە نووسراوەکەی زۆر وشە و تەعبیری زەقی فارسی تێدابووە و ڕەخنەی لێگرتووە و ڕێنوێنی کردووە.
باشە با ئێستا بێینە سەر پەخشانی هێمن بە گشتی. یەکێک لە نووسەرانی کورد کە زۆر بە ساخکردنەوەی ئەدەبی کۆنی کوردییەوە خەریک بووە ڕێزدار محەمەدی مەلا کەریم وا بزانم جارێک لە جێیەک دا نووسیویە هێمن دەبوو زیاتر بە نووسینی پەخشانەوە خەریک بێ تا شێعر. ئەتوو لەوەبارەیەوە بۆچوونت چییە؟

شێخەلیسلامی: هێمن پەخشاننووسێکی بە دەسەڵات بوو، بەڵام من وا ناڵێم کە هێمن دەبوایە زۆرتر خۆی بە نووسینی پەخشانەوە خەریک کردبا نەک شیعر. چونکە بە ڕاستی پێم وایە شیعری هێمن تایبەتمەندییەکی زۆر گرینگی هەیە، ئەویش بریتییە لە گەلیییبوون و خەڵکیبوونی شیعرەکانی. ئەوە کەم نییە کە شێعری شاعیرێک تا ئەو ڕادەیە بکەوێتە سەر زمانی خەڵک کە بیبێتە زمانی حاڵی خوێندەوار و ڕۆشنبیر لە بەشێکی کوردستان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، ببێتە هۆنراوەی دەیان سترانی ئەو هونەرمەندانەی کە مۆسیقا و بەرهەمەکانیان بەشێک بوون لە ڕەوتی ڕۆشنبیریی کوردستان و چالاکییەکانی ساغکردنەوە و دروستکردنەوەی پێناسەی کوردستانییەکان، ببێتە تەنانەت دروشمی شەقامەکان. بۆ وێنە لە شۆڕشی ١٩٧٩ ی ئێراندا، لە ناو جەرگەی دروشمە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا، لە نەکاو بە هەزاران کەسی خۆپێشاندەر ئەو چەند بەیتەی ناڵەی جوداییان لە شەقامەکانی مەهاباد دەگوتەوە: "کوردەواریی، ئەی وڵاتە جوانەکەم/ڕۆڵەکەکەم خێزانەکەم، باوانەکەم/ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە/ئێستە بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە". کە بیری لێدەکەیەوە، ئەمە بەڕاستی بۆ دروشمی سیاسی نابێ. واتە، هیچ داوخوازییەکی زەق و ئاشکرای سیاسی و کۆمەڵایەتی تێدا نییە کە بە گوێی بەرپرسانی ئەوکاتی بگەیێنن. کەچی خەڵک لە بەریان کردبوو و دەیانگوتەوە. هۆیەکەشی ئەمەیە کە دروشمەکان لە عەینی حاڵدا کە دەربڕی داواکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانن بۆ ئەوە کە سەرکەوتوو بن و بتوانن کۆمەڵە خەڵکێک لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە دەبێ بتوانن هەست و ئیحساساتی خەڵکەکەش بهەژێنن. شیعری هێمن ئەو هەستەی دەهەژاند، چونکە ئەو هەستەی کە سەرچاوەی شیعرەکانی هێمن بوو زۆر جاران هەستی گەلێکیش بوو. من تا ئەمڕۆش هیچ شاعیرێکی کوردم نەبینیوە ، بە تایبەتی لە کوردستان-ئێران، کە ئەوەندە شیعرەکانی لە ناو دڵی خەڵک دا جێی خۆیان کردبێتەوە. لە ڕاستیدا، هێمن نەدەکرا شیعر نەڵێ، یان با بڵێین نەیدەتوانی شیعر نەنووسێ. هێمن و شاعیربوونی هێمن لەدایکبووی قۆناغێکی دیاریکراو و هەلومەرجێکی تایبەتیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون. هێمنێک دەبوو هەبێ. وا هەڵکەوت کە ئەو هێمنە سەید موحەمەدئەمینی شێخەلیسلامی بوو.

لە گەڵ ئەوەشدا، پەخشان نووسینی هێمنیش تایبەت و تاقانە بوو. بۆ؟ ئەگەر ڕێگام بدەی شتێک بخوێنمەوە! کاتی خۆی مامۆستا هێمن پێشەکییەکی نووسیبوە بۆ " قەڵای دمدم"ی ڕۆمانی عەرەبی شەمۆ کە مامۆستا شکور مستەفا کردوویە بە کوردیی ناوەڕاست. لەوێدا مامۆستا هێمن باسی شێوەی پەخشان نووسینی مامۆستا شکور دەکا، بەڵام کە دەقەکە دەخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێ ئەمە ڕوانگەی هێمنە لە سەر ئەوەی کە دەبێ پەخشان چۆن بنووسرێ؟ یان بە کوردی چۆن بنووسرێ؟ لە راستیدا ئەمە زۆر شت سەبارەت

بە خودی پەخشان نووسینی هێمن دەردەخا. من هەر پاراگرافێک دەخوێنمەوە. باسی ماموستا شکور مستەفا دەکا: "مامۆستا تێدەکۆشێ کام وشە سووک و ڕەوانە، کام کینایە لە سەر زاران خۆشەلە کار بێنێ و، لە بەکار هێنانی وشەی داتاشراوی نارەسەن و دزێو و ناشیرین خۆ دەپارێزێ. زۆر شارەزای ڕێزمانی کوردییە و لە ژێر تاوی زمانی بێگانە دا نانووسێ. مامۆستا خوێندەوار و ڕووناکبیرە ، زۆر گەڕاوە و گەلێکی خوێندووەتەوە، زەحمەت و کوێرەوەری کێشاوە ، ئەزموونێکی زۆری وەسەریەک ناوە لە سایەی ئەو ئەزموونە دا گەیوەتە ئەو قەناعەتەی کە هیچ شێوەیەکی زمانی کوردی، با زۆریش دەوڵەمەند و پڕ وشە بێ ، بە تەنێ ناتوانێ ببێ بە زمانی ئەدەبیی نەتەوەکەمان . جا بۆیە ئەم ڕێبازەی گرتووەتە پێش کە لە پێکهێنانی زمانی یەکگرتوومان دا بە شداری بکا. سەرەڕای ئەوانە هەرگیز وەک پیاوێکی لەخۆبایی لە نووسینەکانی دڵنیا نییە و بە شوورەیی نازانێ ڕاوێژێ بە دۆستان و نزیکانی خۆی بکا. "

جا مەبەستم لەوە چییە ، من لێرە دا تەنیا شەش خاڵم دیاریی کردوون کە وا دیارە لە ڕوانگەی مامۆستا هێمنەوە لە تایبەتمەندییەکانی کوردی باش نووسین بن.

یەک: وشەی سووک و ڕەوان بە کارهێنان؛ دوو: کەلکوەرگرتن لە کینایە و زاراوەگەلی لە زارانخۆش؛ سێ: خۆبواردن لە وشەی داتاشراو،نارەسەن ،دزێو و ناشیرین – ئەوە یەکێک لەو شتانە بوو کە مامۆستا زۆری لە سەر سوور بوو.

**قازی:** فەرمووت چی و چی ، دزێو و ناشیرین و... ، چونکە ئەوە پرسیارێک بۆ من دێنێتە گۆڕێ دوایە لێتی دەکەم ! جارێکی دیکە بیفەرمووە !

**شێخەلیسلامی:** وشەی داتاشراوی نارەسەن و دزێو و ناشیرین . چوار: شارەزا بوون لە ڕێزمانی کوردی و نەکەوتنە ژێرتەئسیری ڕێزمانی زمانێکی دیکە-- بە ڕای من ئەمە گرینگترە لە ئەوەی پێشتریش، چونکە ڕێزمان پتەوترین و نەگۆڕترین پێکهاتەی زمانێکە و هەر وا بە سانایی ناگۆڕدرێ، ئەگەر خوێندەواری کەمتەرخەم نەیگۆڕێ. وشە وەرگرتن لە نێوان زمانەکاندا زۆر پرۆسەیەکی ئاساییە و بە درێژایی مێژوو هەبووە، ئەوەندەش کە ئاگادار بین ئەم پرۆسەی وشەوەرگرتن یان وشە قەرزکردن هەڕەشەی لە بوون و مانەوەی هیچ زمانێک نەکردووە. بۆ وێنە، بە بێ دەکار هێنانی وشەگەلی عەرەبی زۆر چەتوونە بتوانی لە سەر هیچ بابەتێکی فکری قسە بکەی چدەگا بە ئەوە کە لە سەری بنووسی. بە گوتەی خودی ئینگلیسیەکان لانی کەم لە سەتا پەنجای زمانی ئەمڕۆی ئینگلیسی وشەی لاتین و فەڕانسەویی دەکار دەکا، کە دیارە تەئسیرەکە زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی داگیرکردنی ئینگلستان لە لایەن نۆڕمەنەکانەوە، بەڵام ئەوە بەرگری نەکردووە لە ئەوە کە ئینگلیسی زۆر زیاتر لە فەرانسەویی پەرە بگرێ لە تەواوی دنیا دا.

ئەوجار با بێینە سەر خاڵی پێنجەم: نووسەری کورد نابێ خۆی بە شێوەزاری ناوچەکەی خۆیەوە ببەستێتەوە، کە من پێم وایە لێرەدا گەرەکیە بێژێ نووسەری کورد دەبێ نەپرێنگێتەوە لە وەرگرتنی وشە و زاراوەکانی شێوەزارەکانی دیکە. شەشەم: کاتێک نووسەری کورد شتێک دەنووسێ دەبێ، وەکوو نووسەری هەموو زمانێکی پاراو و پێگەیشتوو، نووسینەکەی بە دۆستان و لێزانان نیشان بدا. ئەمە بە داخەوە شتێکە هێشتا لە نێو کورد دا جێ نەکەوتووە بۆیە نە تەنیا پەخشاننووسی وەکوو مامۆستا هێمنمان بە دەگمەن لێهەڵدەکەوێ، تەنانەت زۆر چەتوونە کە نووسراوەیەک بخوێنیتەوە و بە دەیان هەڵە و پەڵەی تێدا نەبینی، داڕشتنی فارسی، تورکی و عەرەبی تێدا نەبینی. نووسەری کوردی ڕۆژهەڵات دەبینی کە "فشار" و "گوشار"ی وەلا ناوە و کەلک لە "زەخت"ی عەرەبی وەردەگرێ، پێشی وایە بەو کارەی حەوت مێشی لە کونێکدا دیوەتەوە. یان، نووسەری زۆر بەناوبانگی کوردستان-عێراق دەبینی کە

حاشای لە وشەگەلی "شەڕانیی"، "شەڕانخێویی" و "شەڕخواز" کردووە، شاکاری نواندووە و بە وشەی "شەڕانگێز"—کە پێکهاتەیەکی تەواو فارسییە--ئۆخژنی کەوتۆتە دڵ. مامۆستا حەمەی مەلاکەریمیش هێمنی پێ شاعیرێکی باش بووە، بەڵام من پێم وایە لە بەر ئەو نەبوونەی پەخشاننووسی لێهاتوو و زمانزان و زمانپاراو ئاواتی ئەوە بووە کە هێمن خۆزگە زۆرتر کتێبخانەی کوردی بە پەخشانەکانی خۆی دەوڵەمەند کردبا.

قازی: باشە، شتیکی دیکەش لە سەر پەخشانی هێمن دەگوترێ ، هەر لەو پاراگرافەی دا کە خوێندتەوە وێنەی هەبوو، دەگوترێ: لە پەخشانی هێمن دا زۆر سفەت (ئاوالْناو) بە دووی یەکدا قەتار دەکرێن ، جاری وایە وشەکان هاوواتان ، بەڵام لێرە دا ئەگەرچی داتاشراو و نارەسەن و دزێو و ناشیرین ڕاستەوڕاستیش هاوواتا نەبن بەڵام مانایان زۆر لە یەک نزیکە. لە جێگەی دیکەش دا من دیومە. ئەمن ئێستا بە وردی لە سەر سەرەتای " تاریک و ڕوون" واتە " لە کوێ وە بۆ کوێ ؟" کار دەکەم بۆ ئەوەی وشە کان و زاراواکانی بە کوردیی سەروو شی کەمەوە ، لەوێشدا ڕیزکردنی سفەت بە دووی یەکدا دەبیندرێ . گەلۆ ئەوە لە جوانی و پێ خۆشبوونی پەخشانەکە کەم دەکاتەوە یان شتێکی ئاسایی یە ؟

شێخەلیسلامی: ئەمەش خاڵێکی زۆر وردە کە ئیشارەت پێکرد. منیش بۆخۆم هەستم بەوە کردووە. نەک هەر بەس لە [نووسینی] مامۆستا هێمن دا ، بەڵکوو لە نووسراوەی مامۆستا هەژار و هی دیکەشدا ئەو دیاردەیە بەرچاوە. دەتوانم بڵێم کە هەژار لە ڕادە بەدەر کەلکی لەم تکنیکە وەرگرتووە، واتە تکنیکی دەربڕینی یەک واتا بە چەندین وشە و ئاوەڵناوی هاوواتا. ڕەنگە ئەو مامۆستایانە و زۆر کەسی دیکەش، بۆ وێنە بروانە ڕۆمانەکانی کاک فەتاح ئەمیری، کەلکیان لەو شێوە نووسینە وەرگرتبێ، بە چەند هۆیەک. یەک: ئەمە کەرەستەیەکی دەربڕینیی پێداگرتنانەیە؛ واتا، بۆ تەئکیدە. دووهەم: ڕادەی لێزانی و شارەزایی نووسەر لە زمانەکەیدا نیشان دەدا—مەبەستم ئەوە نییە کە ئەم مامۆستایانە گەرەکیان بێ خۆیان ڕانێن، بەڵکوو دەمەوێ بڵێم کە وادیارە بۆ ئەو بەرەیە ئەمە باو بووە--. هەروەها، لەوانەیە ئەمە دەربڕینی جۆرە هەستێکی ناسیۆنالیزمی زمانیی بێ: نووسەر گەرەکیە نیشان بدا کە زمانەکەی چەند دەوڵەمەندە و بۆ یەک واتا چەندین وشەی هەیە. کە ئەمەش هەندێک ئامانجی دیکەشی پێکاوە. بۆ وێنە، دەکرێ بڵێین کە ئەوانە ویستوویانە دڵنیا بن کە خوێنەرانی هەموو شێوەئاخاوتنەکان، یان زۆربەیان، لێیان تێبگەن. بۆ وێنە بە دوور نییە لە شوێنێک بخوێنییەوە کە هەژار بنووسێ: بەرخۆلەیەکی قەشەنگ، جوان و جندیی... ئەو شێوە نووسینە کەمتر دەبینم لە ناو بەرەی ئێستا دا. بەش بە حاڵی خۆم پێم وایە هەر ئەو چەند هۆکارە وێچوویەی باسم کردن لایەنی باشی خۆیان هەیە، بەڵام لایەنێکیی خراپیش لەم چەشنە نووسینە دا هەیە. نووسراوە درێژ دەکاتەوە، کە ڕەنگە پێویست نەبێ، ئەوەش ڕەنگە، ناڵێم سەتاسەت، کاتی خوێنەر بە فیڕۆ بدا. بە هەرحاڵ، دەبێ هەموو لایەنەکان لە بەرچاو بگیرێن.

قازی : کارێکی گەورەی دیکەی کە هێمن کردوویەتی لە ڕاستیدا لێکدانەوەی ئەو بەیتانەیە کە لە کاتی خۆیدا ڕۆژهەڵاتناسێکی ئاڵمانی کە هاتووەتە موکریان، هاتووەتە سابڵاغێ لەوێ کۆی کردووەتەوە.

واتە ئۆسکارمان کە لە زمان ڕەحمان بەکری بەیتبێژ و خۆشخوانەوە ئەو بەیتانەی گردەوکۆیی کردووە و دوایە هاتووەتەوە لە ئاڵمان وا بزانم لە ساڵی ١٩٠٦ لە بێرلین چاپی کردوون. پاشان مامۆستا هێمن لە گەڵ برادەرێکی دیکە لە کاتێک دا کە لە سەرەتای حەفتاکان لە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا کاری دەکرد ئەو کارەی ئۆسکارمان یان هێناوەتە سەر ئەو خەتە باوەی کە لە باشووری

کوردستان و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی دەنووسرێ، لایەنی هەرە گرینگی ئەو کارە دە ڕاستیدا لێکدانەوەی بەیتەکانە لە لایەن هێمنەوە .

ئەتۆ نرخاندنی " توحفەی موزەفەرییە" لە لایەن هێمنەوە چون هەڵدەسەنگێنی ؟

شێخەلیسلامی: ئەوەندی ئەمن ئاگادار بم مامۆستا هێمن هاتووە هێندێک بابەتی شی کردوونەوە کە پێی وابووە ئۆسکارمان ئاگای لێ نەبووە یان پێی وابووە ئەو ڕوونکردنەوانە یارمەتیی خوێنەر دەدەن کە باشتر لە بەیتەکان تێبگەن. ئەمە کارێکی بە نرخە و لێزانییەکی تایبەتی گەرەکە کە ڕەنگە ئەوکات هەر بە هێمن کرابێ، چونکە هەم شێوەئاخاوتنی بەیتەکان و هەمیش بەیتبێژەکە موکریانیی بوون. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم تووشی هەڵەیەک نەبووم کە مامۆستا هێمن کردبی. بەڵام، گۆیا لە نووسینەوەی بەیتەکاندا بە ئەلفوبێیەکی دیکە هێمن تووشی هەندێک هەڵە بووە. لەو دواییانە دا لە دوو دۆستی نزیکی خۆم بیست کە ئێستا خەریکن کار لە سەر شوێنەوارەکانی ئۆسکارمان دەکەن. گۆیا لە هێندێک شوێن دا مامۆستا هێمن دەقاودەق ئەوەی کە ئۆسکار مان نووسیویەتی نەیکردووە بە ڕێنووسی کوردیی ناوەڕاست. هۆیەکەشی ئەوەیە مامۆستا هێمن پێی وابووە ئۆسکارمان هەڵەی کردووە. مامۆستا هێمن هاتووە هێندێک شتی ڕاست کردووەتەوە، نزیکی کردووەتەوە لە زمانی ئەوڕۆ.

قازی : یانی پێت واهەیە دەستی تێوەردابێ ؟! ئەمن پێم وانییە دەستی تێوەردابێ . نازانم ! با شتێک بڵێم ؛ ئەو ڕێنووسەی کە ئۆسکار مان هەڵیبژاردووە بۆ ئەوەی دەنگەکانی پێ ئاستە بکا شیوەیەکی تایبەتی یە بۆخۆی دایناوە، لەوانەیە لە خوێندنەوەی دەقەکە دا هێندێک وشە جوان نەخوێندرابێتەوە و ئەمە لە پەراوێزی لاپەڕەی کتێبەکە دا تەوزیح دراوە ، بەڵام ئەمن بە شەخسە هەستم بەوە نەکردووە کە دەستی تێوەردابێ.

شێخەلیسلامی: کاک عەلی نانەوازادە کە کاری لە سەر دەکا، یەکێک لەو دۆستانەی کە باسم کرد، پێی وایە مامۆستا هێمن ئەلفوبێیەکەی ئۆسکار مان باش فێر نەبووە. بەڵام، کاک جەعفەری حوسێنپوور(هێدی) پێی وانییە. پێی وایە مامۆستا هێمن پێی وابووە دەبێ زۆر شوێنی ڕاست بکرێتەوە. با بڵێم مەبەستم چییە ! ئۆسکار-مان هەوڵی داوە هەرچی کە بیستوویە بە ئەلفوبێیەکەی خۆی بینووسێتەوە، جا ئیتر کاری بە ئەوە نەبووە کە ئەوەی بیستوویە هەڵە بووە یان نا. بۆ وێنە ئەگەر بەیتبێژ گوتبێتی "فەتەق" ئەو نەیکردووە بە "فەقەت". بەڵام، مامۆستا شتی ئاوای گۆڕیوە و "فەقەت"ی نووسیوە.

قازی : یانی ؟

شێخەلیسلامی: هێمن پێی وابووە کە لەو شوێنانەدا ئۆسکار مان بە هەڵە بیستوویەتی، یان لەوانەشە هێمن پێیی وابووبێ کە بەیتبێژەکە بە هەڵە گوتوویە "فەتەق" و نەدەبوو وا بڵێ. بە ڕای من ئەوە هیچ لە بایەخی کارەکەی ئۆسکار مان و مامۆستا هێمن کەم ناکاتەوە. لە گەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەو هەڵانە، کە گۆیا هەن، نەبووبان باشتر دەبوو.

لایەنی هەرە گرینگی ساغکردنەوە و ئامادەکردنی توحفەی موزەفەرییە لانی کەم دوو شتە: یەکەم، تێکستێکی یەکجار بەنرخی ئەدەبی

زارەکیی پێشکەش بە کتێبخانە و نووسینی کوردیی کراوە. دووهەم، کارکردن لە سەر ئەو بەیتانە، شیعری ناڵەی جودایی ئەوتۆ بە هێمن نووسی کە دیتوومانە . واتە هێنانە سەر ڕێنووسی کوردیی ناوەڕاست بەرهەمێکی بە نرخی دا بە ئەدەبی کوردیی. بەڵام، هەر ئەو کارەش بەروبوویەکی بە پێزی بۆ هێمن تێدا بوو. هێمن ئەوەندە لە گەڵ ئەو بەیتانە ژیا کە خۆی و جارێکی دیکەش نەتەوەکەی لەو داستانانەدا دیتەوە. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە هێمن هەر ئەو بەیتانەی نەهێناونە سەر ڕێنووسێکی دیکە، بەڵکوو لە گەڵ ئەو بەیتانە ژیاوە، یان وەکی ئینگلیسیەکان دەڵێن: یەیتەکان ژیاوە، واتە بۆتە دەورگێڕ و ئەکتەری ناو ئەو شانۆیانە. بۆیە دەبینین کە پاشان لە ناڵەی جودایی دا، وەکوو برایمۆک لە وڵاتەکەی ڕاوی دەنێن، لە ڕێگەی عەشقەکەی دا دەکەوێتە ناو "چاڵی دیلی وەک مەمێ" و بە دەردی دووری "زین"ەکەیەوە کە لە "زۆزان" ماوەتەوە دەبێتە "وەلی دێوانە"ی ئالان. لە ناڵەی جودایی دا هێمن هەموو ئەمانەیە. هێمن ئەو بەیتانە، بە تایبەت کەسە سەرەکیەکان و ماکەی ڕووداوەکانیان، دەکاتە بیانوویەک بۆ بەستنەوە و لکاندنی خۆی و "شیوەنە ئنیسانییەکەی" بە ڕابردوویەکی دوورەوە، ڕابردوویەک کە بە شێوەیەکی سەیر لە ئێستا دەچێ. خوێندنەوەیەکی سەرپێیی ئەمە ڕەنگە ئەوە بێ، کە ئەمە، واتە لکاندنی ئێستا بە ڕابردوو، بە تایبەت لەگێڕانەوەی داستانی گەلێکدا، یەکێک لە بەشە گرینگەکانی گوتاری هەموو ناسیۆنالیستێکە. ئەم گوتارە دەڵێ: من کۆنم، ئەوەش بەڵگەم (بەیتەکان کە "مێژووی کۆنن". کەوابوو، "شیوەنی من زۆر بە جێیە و زۆر ڕەوا". ڕیشەهەبوون، لکان بە ڕابردووەوە چەشنێک ڕەوایەتیی (حەقانییەت) دەدا بە هەبوون، بە درێژەدان و ڕوانین بۆ داهاتوو: "دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم". بەڵگەیەکی بەرچاو بۆ ئەوە کە بڵێین کارکردن لە سەر ئەو بەیتانە تەئسیرێکی ئاوا گەورەی لە سەر هێمن کردووە ئەوەیە کە بەرهەمە شیعرییەکەی پێشووی هێمن، واتە تاریک و ڕوون، لە گەڵ ناڵەی جودایی پێکبگرین. لە تەواوی تاریک و ڕوون دا، هێمن زۆرتر لە دوو یان سێ جاران ئاماژە بە بەیتەکان ناکا، ئەویش تەنیا بەیتی مەم و زین—کە ئەوەش بۆ خۆی جێی سەرنجە. بەیتێکی ئاشکرای کە لە بیرمە ئەمەیە: "داستانی مەم و زین کۆنە، کچێکم گەرەکە/شلکەڕانی بگوشم، بۆنی لە سینە و مەم کەم". نە تەنیا ئاوا بە دەگمەن باسی بەیتێک دەکا لە تاریک و ڕوون دا، بەڵکوو دەشڵێ "کۆنە" و دوورە لە داستان و حەزی ئێستەی شاعیر. کەچی لە ناڵەی جودایی دا بە پێچەوانەیە. هێمنی ئەمڕۆ بە هەمان دەردی مەمی ئالانەوە دەناڵێنێ.

**قازی:** با هێندێکیش لە باری ناوەرۆکەوە بۆ پەخشانەکانی بچین . بۆ وێنە لە " لە کوێ وە بۆ کوێ ؟ " دا هەست پێدەکەی هێندێک شتی بە نەگوتراوی نووسیوە.

**شێخەلیسلامی:** لە " لە کوێ-وە بۆ کوێ ؟ " دا؟

**قازی:** بەڵێ ! بە تایبەتی سەبارەت بە شتی کە لە ڕابردوو دا هەبووە . بۆ وێنە نەی گوتووە حوسێنی فرووهەر ( حوسێنی زێڕینگەران) لە سەرەتاوە بەرپرسی یەکەمی "کۆمەڵەی ژیانی کورد " بووە یان لە مەڕ ڕووداوی سیاسی دیکە ...

**شێخەلیسلامی:** یانی دەڵێی خۆی سانسۆر کردووە؟

**قازی:** ئەدی. ڕاستە بەسەرهاتەکە کورتە، بەڵام پێت وایە هۆی چییە لەو نووسینە دا هێندێک شتی دیزە بە دەرخۆنە کردووە ؟

**شێخەلیسلامی**: واتە ئاگاداریی نەداوە؟

**قازی: ئاگاداری نەداوە، مەسەلەکانی بە کراوەیی باس نەکردووە.**

**شێخەلیسلامی** : هێمن بۆخۆی لە "لە کوێوە بۆ کوێ؟" دا دەنووسێ: "خوێنەری خۆشەویست! پێت وانەبێ لێفەم لە سەر هەتیوان هەڵداوەتەوە و لە بنی کوولەکەم داوە و هەرچی هەیە نووسیومە...". دەیەوێ بڵێ کە هەموو شتم نەنووسیوە. بۆ؟ یەکەم هۆکار ڕەنگە ئەوە بێ کە نەیویستبێ ناوی ئەو کەسانە بێنێ کە لە سەردەمی ڕێژیمی شا دا هەر زیندوو بوون، نەکا دەستی ساواکیان بگاتێ. ئەوە ڕەنگە لایەنێکی بووبێ، واتە مەسەلەی پاراستنی سلامەتیی خەڵک. بەلام لایەنێکی دیکە مەسەلەی حیزبایەتی و سانسۆری حیزبییە. هێمن لە وتووێژێک دا کە چەند ساڵ لەمەوبەر لە گۆڤاری "ماموستای کورد" دا بلاو بۆوە باسی ئەو دیاردەیەی "سانسۆری حیزبیی" دەکا، کە دەڵێ ئەویش قوربانیی ئەو سانسۆرە بووە. هەروەکی دەزانی کتێبی تاریک و روون ی ماموستا هێمنیش لە سەر ئەرکی بنکەی پێشەوا، کە سەر بە حدکا بوو، چاپکرا. لە هەر حاڵدا، ڕەنگە ئەو خاڵەی یەکەم، واتا ترسان لە ناوهێنانی خەڵک لە نوسیندا بە هۆی سیاسیەوە زۆرتر هەر لە ولاتە دیکتاتۆرلێدراوەکاندا باو بێ، بەلام ئەوەی دووهەم، واتا "سانسۆر" و تەنانەت "خۆ سانسۆریی" لە هەموو دنیا دا هەیە جا لە ترسی کوژران و کەوتنە زیندان بێ یان بە وتەی چامسکی، کە باسی خۆسانسۆریکردنی ڕۆژنامەوانانی ڕۆژئاوایی دەکا، لە ترسی کار لە دەستدان بێ، کە لە ولاتێکی وەکوو ئەمریکا کار لە دەستدان بۆ ڕۆژنامەوانێک یان نووسەرێک هەر بە مانای ئەوە نییە کە نان نەیەتە سەر سفرە، بەلکوو بە مانای لەدەستدانی زۆر شتە: خانووبەرەی ڤیستی، ماشێنی ڤیستیی، لۆتکەی ڤیستیی، ڤیلای ڤیستیی و هتد.. واتە ماڵوێرانیی.

**قازی: با شتێکی دیکەش سەبارەت بە پەخشانی هێمن بڵێم، تەوەرەی سەرەکی زۆربەیان لەسەر کردنەوەی هەبوونی کورد و ناسنامەی کوردییە. ئەوە شتێکە لە سالانی چلی زایینی یەوە دەستی پێکردووە و تا دواییش ئەو ڕێچکەیە لە پەخشانەکانی ماموستا هێمن دا هەر دەبیندرێ .**

**شێخەلیسلامی** : پێم وایە ئەوە شتێکی ئاساییە. هەروەکی لە سەرتاشدا گوتم، هێمن چاوی سیاسیی و کۆمەلایەتیی و وشیاریی فەرهەنگی بە بێمافیی نەتەوەکەی کراوەتەوە. ئەوەش بە درێژایی تەمەنی نەگۆڕا. سەید موحەممەدئەمین هاوکات لە گەڵ پەیدابوونی کۆمەڵەی ژ.کاف.، کە نوێنەر و پەرەپێدەر و بلاوکەرەوەی بیری مۆدێرنی ناسیۆنالیستیی کوردی بوو، بوو بە شاعیر و کوردینووس، بوو بە هێمن. واتە هێمن، نەک سەید موحەممەدئەمین، لە گەڵ، یان لە ناو، ژ.کاف دا لە دایکبوو. یەکەم شیعری تاریک و روون چییە: "گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن...". هەتا مردیش هەر تووشی ئەو دەردە بوو، ئەوەی خۆی پێی دەگوت: "دەردە کورد". نالاندن بە دەست ئەو دەردەوە بریتییە لە بەشێکی یەکجار زۆر و بەرچاوی شیعر و پەخشانی هێمن. ئەوە دەردی زەبیحیش بوو، دەردی هەژاریش بوو، دەردی زۆربەی هەرە زۆری شاعیر و نووسەری کورد بووە. ئەوەش وەنەبێ هەر تایبەت بە کورد بێ. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لە ناو هەموو نەتەوەیەکدا لەقاودان لە ستەم و لە پێشێلکردنی مافەکانی ئینسانیی، زیندووکردنەوە و سازدانی ناسنامەی نەتەوایەتی کار و چالاکیی ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیرانە. عەلی کەدووریی کە یەکێک لە کەڵەتیۆریسیەنەکانی ناسیۆنالیزم بوو و یەکجار دژیی ناسیۆنالیزمیش بوو، لە سەر ئەم ڕایە بوو کە ناسیۆنالیزم لە ڕۆژئاوا لە

ژێرکارتێکەریی هەلومەرجەکانی تایبەتی مۆدێرنیتە و سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازیی و کاپیتالیزمەوە سەری هەڵدا، بەڵام لە ئەفریقا و ڕۆژهەڵات لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە ناسێندرا و پەرەی پێدرا. هێمن یەکێک لەو ڕۆشنبیرانەی ناوچەی خۆی بوو.

قازی: باشه کاکه! ئەتۆ ئەو نرخاندن و لێکدانەوانەی _ وەک دەزانی لێر و لەوێ هێندێک شت نووسراون - لە سەر- کارەکانی هێمن کراون چۆن دەنرخێنی ؟ ئەوەندی ئەمن بزانم لە دەرەوەی وڵات یەک دوو کتێب بڵاو بوونەتەوە. مەرحوومی کەریمی حیسامی شتێکی نووسیوە و هێندێک نامەی هێمنی بڵاو کردووەتەوە. کاک سولەیمانی چیرە ( ش.چ.هێرش) ، بەرپرسی گۆڤاری گزینگ شتێکی نووسیوە ، زۆر ئاگادار نیم لەوەی لە باشوور نووسرابێ. بۆچوونت لە سەر ئەو نووسینانە چییە ؟

شێخەلیسلامی: بە ڕاستی ئەمن چەند شتێکم دیتوون، بۆ وێنە وتارێکی کاک عەزیزی ئالی "بایەخی وشە لای هێمن"، چەند شتێکی ئاوا باش بەڵام بەداخەوە کورت نووسراون کە هەوڵ دەدەن بچنە ناو وردەکارییەکانی زمان و پەخشان و شیعری هێمن. دەتوانم بڵێم کە ئەمانە سەرەتاگەلێکی باشن کە ڕەنگە زۆرتریان بە بەرەوە بێ. ئەمانە ئەو جۆرە کارانەن کە دەبێ نەک هەر لە سەر نووسراوەی مامۆستا هێمن ، بەلکوو لە سەر هەموو ئاسەوارەکانی کوردی بکرێن، بە تایبەت هی ئەو کەسانە کە بەناوبانگن. نەک بۆ ئەوە کە بە شان و باڵی خاوەنبەرهەمەمان هەڵبڵێین و لاقی مردوویان درێژ بکەنەوە، بەڵکوو بۆ ئەوە کە لێیان فێر بین. بۆ وێنە، هەر ئەوە کە بڵێین هێمن پەخشاننووسی چاک بوو بۆ کەس نابێتە نان و ئاو. دەبێ کاری شیکاریی بکەین کە بزانین تایبەتمەندییەکانی پەخشانی هێمن چن، جیاوازی لە گەڵ پەخشانی خەڵکی تر چییە، چۆن دەتوانین دابەشی بکەین، بیپۆلێنین و بە واتەی دەریدا "هەڵیوەشێنین". بە گشتی چۆن دەکرێ ئێمەش ئاوا بنووسین.

ئێستا با بێمەوە سەر پرسیارەکەت سەبارەت بەو کەسانەی کە لە سەر هێمن نووسیویانە، بە تایبەت ئەوانەی کە ناوت بردن. بە ئەوپەڕی ڕێزمەوە ،زۆرێک لەو نووسراوە و قسانە دووپاتە کردنەوەی ئەو پێشەکییەن کە بۆ چاپی یەکەمی تاریک و روون نووسرا، کە ئەویش بریتییە لە پۆلێنکردنێکی گشتی بابەتیانەی شیعرەکانی هێمن و تا ڕادەیەکی زۆریش بۆ بەرەو پێشبردنی ئەجێندای تایبەتی حیزبییێک نووسراوە، هەر ئەو حیزبەی کە دیوانەکەی چاپ کردووە. بۆ نموونە ئەو کاتی کوتراوە و هەر بەو شێوە گشتییەش نیشان دراوە کە هێمن شاعیرێکی نیشتمانپەرەوەر بووە، ڕێزی ژنی لە بەر بووە، سروشتی وڵاتەکەی خۆی باش پەسن داوە و هتد. بەڵام، هیچکام لەو کەسانە نەهاتوون کە لە بەر ڕووناکایی تیۆریی ناسیۆنالیزم ئەو نیشتمانپەروەرییەی هێمن شی بکەنەوە، یان ڕوونی بکەنەوە کە نیشتمان بۆ هێمن کوێیە و چییە، ئایا ئەو نیشتمانپەروەرە یان ناسیۆنالیست، ئایا دەکرێ ئەمانە لە یەکتر جیا بکەینەوە، ئایا لە ناو کورد دا هەر یەک چەشنە ناسیۆنالیزم هەیە، کە وا نییە، بەڵام هێمن سەر بە کامیانە؟ نەهاتوون کە دەقی نووسراوە و شیعری شی بکەنەوە و کەرەستەکانی زمانیی کە دەربڕی گوتاری ناسیۆنالیستی یان نیشتمانپەروەرین لە تێکستی هێمن دا دەستنیشان بکەن.

با نموونەیەکی دیکە باس بکەین. دەڵێن هێمن لایەنگری سەربەستیی ژن یان بەرانبەریی ژن و پیاو بووە. هیچکام لەو بەڕێزانە نەهاتوون کە شیعرەکان یان پەخشانەکانی هێمن لە ڕوانگەی فەمینیستییەوە بخوێنەوە و نیشان بدەن کە ئەو لاینگرییە لە ژن دەچێتە ناو کام بەشی یان کەرتی فەمینیزم، لەوە گرینگتر رەنگە پێویست بێ لەوە بکۆڵینەوە کە وەها دۆزینەوەیەک چمان بۆ ڕوون دەکاتەوە سەبارەت بە شوێن و ئاستی ژن لە ناو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کێشە دەسەڵاتییەکان، هەروەها سەبارەت بە بەرهەمهێنانەوە و

دووباره سازكردنەوەی ئەو پێگەیە لە تێكستی كوردیدا، لە ڕێگەی گوتارە لایەندار و هەڵاوێنەرەكانەوە كە مەكۆ و پەرەپێدەری نایەكسانی بوون و هەن. یان ئەگەر ئاوا پۆلێن ناكرێ، ئەدی چۆن دەكرێ؟ ئەوانە گرینگن چونكە هەموو بابەتە كۆمەڵایەتیی و سیاسییەكان بە جۆرێك لە جۆرەكان گوتاریی و زمانیشن. خوێندنەوەی تێكستەكان بە تایبەت هی كەسێكی وەكوو هێمن كە نزیكەی نیوچەرخ تێكەڵاوی كێشەی كورد بووە دەتوانێ زۆر ڕووناكایی بخاتە سەر كێشە كۆمەڵایەتی، سیاسی، كولتووریی و مێژووییەكان. بەداخەوە لەم چەشنە خوێندنەوانە زۆر دەگمەنن، نەك هەر لە سەر نووسراوەكانی هێمن بەڵكوو بە گشتی ڕەخنەگرتنی ئەدەبی لە ناو ئێمە دا زۆر كاڵە و خەریكی دارە دارەیە. جێگای هیوا ئەوەیە كە نەوەی نوێ دەستیان پێكردووە و دڵنیام لێكدانەوەی بە پێز لە داهاتوویەكی نزیكدا دەبینین. سەرەڕای ئەو كەموكورتییانەش جێگای خۆیەتی ئەمە بگوترێ كە هێندێك نووسین لە سەر هێمن، وەكوو كتێبەكەی كاك كەریم حیسامی، گرینگایەتی، نەك ڕەخنەگرتن و خوێندنەوەی ئەدەبی، بەڵكو مێژوویی هەیە و سەبارەت بە ژیانی شەخسیی هێمنیش ئاگاداریی شاز پێشكەش دەكەن.

**قازی: كاكە هەر لە سەر پەخشان ، زمانی تەوسیفی مامۆستا هێمن چۆن دەبینی ؟**

**شێخەلیسلامی:** با یەک شتت عەرز بكەم . مامۆستا هێمن لە گێڕانەوە دا، كەم كەس دەسكی لە دوو دەكا. چیرۆک باش دەگێڕێتەوە. لەوەشدا هەر بە نووسین شارەزا نەبوو، بە قسەكردنیش هەر وابوو. هەر بۆیەش ئەوكاتی كە مامۆستا حەمەی مەلا كەریم یا زۆر كەسی تر كەوتنە ژێر تەئسیری پەخشانی هێمن لە بەر پێشەكییەكەی بوو بۆ "تاریک و ڕوون" كە هەرچەند دەچێتە ناو خانەی ژانرای "بیۆگرافی/ژیاننامە"، بەڵام كەرەسەی سەرەكی پێكهێنەری تێكستەكە تیكنیكی داستانگێڕانەوەیە. پاشان ئەو چەند وتارەی بڵاوی كردنەوە، كە ئێستا بە دەستخەتی خۆی لە لامن. ئەمانە زۆربەیان گێڕانەوەن. ئەوەندی ئەمن ئاگام لێ بێ تا ئێستا پەخشانێكیشم لە مامۆستا هێمن نەدیوە باسێكی فەلسەفیی قووڵ بكا،یان بێنێ باسێكی تێئۆریک بكا، جا سیاسی بێ یان زمانناسی بێ، كە بەرەورووبێتەوە لە گەڵ چەمكی تازەی تێئۆریک و تێكنیكی. ئەوانەی نەكردووە. ئەگەر ئەو چەشنە وتارانەی نووسیبا ئەودەمی زیاتر دەردەكەوت كە خەڵک چەندە دەتوانن لە پەخشانەكەی بگەن. چونكە ئێستا زۆر جار گلەیی ئەمە لە نووسەری تازە دەكرێ كە زۆر قورس دەنووسن، زۆر نامۆ دەنووسن و پێجگار جیابوونەوە لە زمانی ڕۆژانەی خەڵک. ئەمن پێم وایە هۆی ئەوە بەشێكی ئەمەیە كە خەڵكەكە لە چەمكەكان، واتە لە مەفهوومەكان تێناگا، لە بەر ئەوە زمانەكە قورس و نامۆ دەنوێنێ. دەمەوێ جارێكی دیكە بگەڕێمەوە سەر ئەو پێشەكییەی كە هێمن بۆ وەرگێڕانەكەی مامۆستا شوكور مستەفای نووسیوە، لە "قەڵای دمدم" ی عەرەبی شەمۆ. ئەمن لە سەر ئەو نووسراوەیەی هێمن دابەشكردنێكم كردووە بۆ ئەوە نیشان بدەم كە هێمن وەكوو ئاكادێمییەكی ئینگلیسی دەنووسێ، ڕێكوپێک و بە شێوەیەكی سیستیماتیک. ئەوە بەو مانایەیە كە، نووسراوەكەی پێشەكی هەیە كە تێی دا ئاشكرای دەكا بابەتی نووسراوەكەی چییە و دەیهەوێ چی بڵێ سەبارەت بەو بابەتە، كە بەیتە. بەڵام، بەر لەوە كە بچێتە ناو وردەكاری بابەتەكەیەوە، بۆ خوێنەری ڕوون دەكاتەوە كە بەیت چییە، یان لانی كەم ئەو بە چی دەڵێ بەیت، بۆ ئەوەی كە خوێنەرەوە لێی تێبگا كە بەڕاستی باسی چ دەكا. كە وابوو، واتای بابەتی سەرەكی وتارەكەی پێشكەش دەكا. پاشان باسی مێژوویەكی كورتی بەیت دەكا، بەیت چۆن پەیدا بوو، بۆ پەیدا بوو، هەروەها گرینگایەتیی بەیت چییە. بەم جۆرە بە تەواوی سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەكێشێ. بە كورتی، بابەتەكەی بە خوێنەر دەناسێنێ، پێشینەیەكی پێشكەش دەكا، پاشانیش بە خوێنەر دەڵێ كە بۆچی گرینگە لە سەر بەیت بخوێنێتەوە و ئەو بۆ خۆی پێوە ماندوو دەكا. پاشی ئەمانە، باسی میدیای ئەمڕۆ دەكا، وەكوو ڕادیۆ باس دەكا كە ئەم كەرەستەیە بەیتبێژی كەم كردوونەوە، چونكە خەڵک گوێ لە دەنگی "حەمەدیئاغا" لە ڕادیۆ و لە سەر كاسێت دەگرێ و پێویست بە

"حەمەدیئاغا"یەکی دیکە ناکا. پاشی ئەوەی خوێنەرەوە تەواو ئامادە دەکا کە بزانێ بەیت چییە، بۆ گرینگە و چۆن گۆڕاوە، ئەو کاتە دێتە سەر بەیتی قەڵای دمدم. پاشان باسی ئەوە دەکا کە قەڵای دمدم چۆن بوو . پاشان باسی ئەوە دەکا کە خۆمانە سەبارەت بە قەڵای دمدم دەڵێ چی ، چۆنی گێڕاوەتەوە ؟ بێگانە چۆنی گێڕاوەتەوە ؟ دوایە دێتە سەر قەڵای دمدم ی عەرەبی شەمۆ. کە دێتە سەر ئەم بەشەش هەوەڵێ خاڵە باشەکان نیشان دەدا بۆ ئەوەی کە دەستخۆشانە لە مامۆستا عەرەبی شەمۆ بکا، پاشان ئیرادەکان و کورتییەکان نیشان دەدا، دوایەش دەستخۆشانە لە مامۆستا شکور مستەفا دەکا. واتە، کە چاو لەم وتارە دەکەی دەبینی لە داڕشتن، بەشبەشکردن و ریزکردنی بەشەکانی ئەم نووسراوە دا لۆژیکێک هەیە، هەر ئەو لۆژیکەی کە لە نووسراوەی ئەکادیمیکی ئینگلیسی دا هەیە. کاتێک تۆ نووسراوەیەکی ئاوا دەخوێنیتەوە هەست بە گرێ و گۆڵ ناکەی، سەرت لێ ناشێوێ، لە بیرت دەمێنێ کە چت خوێندۆتەوە و کەلکی لێوەردەگری، یان لانی کەم دەزانی کە نووسەر راستە و راست باسی چ دەکا. ئەو مەنتیقە، ئەو رێکوپێکییە کە لە وتارنووسینی هێمن دایە لە گێڕانەوەکانیشی دایە، لە چیرۆکەکانیشی دایە، چونکە بۆ ئەو هەموو ئاگادارییەک، هەموو زانیارییەک دەکرێ بە باشترین شێوە وەکوو داستان پێشکەش بکرێ. هۆی سەرکیش ئەمەیە کە ئێمە ئینسانەکان لە مناڵییەوە لە گەڵ داستان رادێین. قەوارە و ستراکتۆری حەکایەت دەزانین. دەکرێ بابەتی زۆر ئاڵۆزیش هەر بەو زمانە و بەو ئوسلووبە پێشکەش بکەین. لانی کەم، هێمن لەمە دا بە توانا بوو.

قازی: کاکە! وەک بزانی هیچ پەخشانی ئاوای هێمن هەیە کە چاپ نەکرابێ ، لە جێگەیەک بە دەستنووس مابێتەوە ؟

شێخەلیسلامی: رەنگە هەبێ، بەڵام من پێم شک نایە.

قازی: باشە ، با ئێستا هێندێک باسی شێعری مامۆستا هێمن بکەین . بەڵام بەر لەوە پێم خۆشبوو داوات لێ بکەم یەک لە شێعرەکانی هێمن بخوێنییەوە کە لە هەموویانت پێ بەدڵترە. بۆ ئەوەی پاشان قسەی لە سەر بکەین.

شێخەلیسلامی: ڕاستییەکەت بوێ من دوو شیعری هێمنم پێ بەرزترین شیعرن: " ناڵەی جودایی " و "ئێوارەی پایز". بەڵام هەردووکیان زۆر درێژن و بۆ ئەو دەرفەتە نابن. شێعرێکی کورتتر دەخوێنمەوە...
[شیعری "بۆسەی رۆژگار" دەخوێندرێتەوە کە ئاوا دەست پێدەکا:

نیمە ئاواڵێ لە گۆشەی بێکەسی دا غەم نەبێ
چاکە ئەو لێرە وەفای هەر ماوە ، سایەی کەم نەبێ

قازی: باشە کاکە لەو شێعرەی دا کە خوێندتەوە هێندێک پەیامی نائومێدی و دەستبەردان بەدی ناکەی؟

شێخەلیسلامی: بە بێ شک، ئەوەش هەر پێویستە، هەرچەند هێمن شێعری زۆر پڕئومێدیشی هەیە، شێعری وا کە هێندە بۆنی خەم و تەنیایی لێنایە. هێمن، کە لە ڕۆژی تەنگانەشدا لە خزمەتی دا بووم، ئینسانێکی نائومێد نەبوو، وەکوو تاکەکەسیش. هەتا ئەو ڕۆژی مرد هەمیشە پرکار بوو، هەمیشە هیوادار بوو بە داهاتوو، هیواداربوو بە کاری خۆی ، هیوادار بوو بە چارەنووسی نەتەوەکەی، هیوادار بوو بە داهاتووی زمانەکەی. هەر لەبەر ئەوەش هەتا ئاخرین ڕۆژی ژیانی هەر خەریکی کاری فەرهەنگیی بوو.

قازی: بەڵام دەربڕینی نائومێدی و دەعەینی حاڵ دا ، هان دان و هیوای گەورە لە شێعرەکانی دا دەبینین.

وەک شێعری زۆر لە شاعیران و ئەو دوولایەنە هەر دووکیان لە شێعری هێمنیش دا هەن.

مەپرینگێوە لە ئاگر و ئاسن تێدەگەی چون بە گەلت ناناسن !

ئەوە نەک نائومێدی تێدانییە ، بەڵکوو ماکی هاندانە !

شێخەلیسلامی: بە بێ شک! بەش بە حاڵی خۆم بەلامەوە سەیر دەبێ ئەگەر یەکێک کورد بێ ، شت بنووسێ ، نە تەنیا کورد بە ڕاستی ئینسان بێ و شت بنووسێ، خەمی تێدا نەبێ، نائومێدی تێدا نەبێ. جاروبار نائومێدی هەبێ باشە ! لە نائومێدیی و خەم و پەژارە دا مەلی خەیاڵ بەرزتر و دوورتر دەفڕێ، چونکە لەو هەوا و ئاسمانەی ئێرە بێزارە، هیوابڕاوە و بە شوێن شوێنێکی تازە و هەوایەکی دیکەی فڕینەوەیە. ئەگەر ڕاستت بوێ، باشترین شیعرەکانی هێمن ئەوانەن کە لە کاتی نائومێدیدا نووسراون، یان لە کاتی خەم و کەسەرێکی گران دا نووسراون، ئەوە هەم سەبارەت بە هێمنی تاریک و روون ڕاستە هەمیش سەبارەت بە هێمنی ناڵەی جودایی و پاشەرۆک. ئەو هۆنراوانەی کە پڕن لە هیوا و گوڕ و تین زۆر کەمتر لە ئەوانەی کە لە کاتی خەمباریی و تەنیاییدا نووسراون ماکەی شیعرییان تێدایە. باشترین شیعرەکانی هێمن ئەوانەن کە باسی تەنیایی، بێمرادیی لە ئەویندرییدا، کۆستکەوتەیی و دەربەدەریی دەکەن.

قازی: با بێینە سەر باسی زێد و نیشتمان و وڵات دە شێعری هێمن دا. بە ڕاستی ئەو چەمکانە بۆ هێمن چن؟ گەلۆ بۆ هێمن زێد شیلاناوێ یە یان کوردستانی گەورە؟ یا ئەو جێگایەیە کە کوردی تێدا دەژی؟
زێد و نیشتمان و وڵات لە شێعری هێمن چۆن دەکرێ تێ بخوێندرێتەوە ؟

شێخەلیسلامی: دەتوانین بە گشتی بڵێین کە بۆ هێمن نیشتمان و وڵات هەموو ئەو شوێنانەن کە بە کوردستان ناسراون. لە سەر هەڵگورد خەون دەبینێ و خۆشەویستەکەی لە بیر ناچێ تاوێ، دەیڕفێنێ باڵی خەیاڵی تا ئەوێ (شیلاناوێ). لە گەرمێن غەرقی ئارەق دەبێ و چاوی هەر لە سامرەندە. لە مەهاباد دەژی و لە گەڵ ڕنووی چیای ئاگری دەگری. ئەو ڕستە و شێوەڕستانەی هەر ئێستا گوتمن هەموو لە شیعرەکانی هێمن وەرگیراون. واتە هێمن بیری لە هەموو ئەو شوێنانە بوو، هەموویان بۆ ئەو نیشتمان بوون. بەڵام خاڵێکی سەرنجڕاکێش کە لە شیعرەکان و تەنانەت پەخشانەکانی هێمن دا (بۆ وێنە پەخشانی "مەهاباد" و پەخشانی "هەواری خاڵیی") هەیە ئەوەیە کە لە هەمان کاتدا خۆی بە کوردستانیی دەزانێ، ئەوەش ناشارێتەوە کە لە هەولێر یان سلێمانیی زۆر تاسەی مەهاباد یان شیلاناوێ دەکا. بە ڕای من جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەو دوو شوێنە دا: کوردستانی گەورە لە لایەک و مەهاباد یان شیلاناوێ لە لایەک. کوردستان بۆ هێمن وڵاتە. گەیاندنی ئەم بیرە لە ناو نووسینەکانیدا کردەوەیەکی وشیارانە و سیاسیانەیە. بە وەها هەڵبژاردنێک و داکۆکیکردنێک لەو زانیارییە و پێناسە نەتەوایەتییە، هێمن لە لایەکەوە پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستیی یان نیشتمانپەروەرانەی جەماوەریی دەباتە پێشەوە، لە لایەکی دیکەشەوە وەکوو تاک بەشداری تێدا دەکا. بەڵام، ئەو تاکە، واتە هێمنی تاک، هێمنی کوڕ، هێمنی مێرد، هێمنی باب، زۆرتر لەو کاتەدا خۆی دەنوێنێ کە یادی شیلاناوێ و مەهاباد ئۆقرەی پێهەڵدەگرن.

کە باس لە کوردستان دەکا، هێمن سنووری دەنگی تاکەکەسیی دەبەزێنێ. کە باس لە مەهاباد، لاچینی زێد و شیلاناوێ دەکا دەبێتەوە تاک:

"کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم
ڕۆڵەکەم، خێزانەکەم، باوانەکەم
ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە
ئێستە بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە؟
ڕۆژگار هاڕیومی وەک ئەسپۆنی ورد
هێز و توانای لێبڕیوم دەردە کورد..."

بەڵام وێناچێ کە مەهاباد هەر شوێنی لەدایکبوونی بێ، چونکە بە ئەویش هەر دەڵێ "کوردەواری" و "وڵات". ئەوە لە حاڵێکدایە کە هێمن لە کاتی نووسینی ئەو شیعرانە دا یان لە بەشێکی دیکەی کوردستان ژیاوە یان زۆری لێ نزیک بووە، کەوابوو سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێ کە کوێ بۆ ئەو وڵات بووە. چونکە لەم شیعرە دا لە باتی "ئەی وڵاتە جوانەکەم"، کە بە لایەکدا هەموو کوردستان دەگرێتەوە، هێمن دەیتوانی بنووسێ "مەهاباد" لە باتی "کوردەواری" و "شار" لە باتی "وڵات". تۆ بڵێی مەهاباد بۆ هێمن دڵی وڵات نەبێ، بە تایبەت لە بەر ئەوە کە شوێنی یەکەم کۆماری کوردە و هەر ئەو شوێنەشە کە نیشتمانپەروەرییەکەی لێ گووراوە؟ ئەمە پێویستی بە وردبوونەوەیەکی زۆرترە و دەرفەتی زۆرتر بۆ قسە کردن. بە کورتی، دەتوانم ئەمە بڵێم کە لە شیعرەکانی هێمن دا وا دەردەکەوێ: لە کاتێکدا کە بەشێک بوو لە ڕەوتێکی نیشتمانپەروەرانەی جەماوەریی و کوردستانیی، تا ڕادەیەکیش بەشێک بوو لە ناوچەگەراییتیی، بە هۆی ئەندامبوون لە ناو حیزبێکی ناوچەگەرا دا. سەرەڕای ئەمانەش، هێمن وەکوو تاک خۆی دەربڕیوە، بە تایبەت لە شیعرە خەمبارەکانیدا.

قازی : مەبەستت ئەوەیە کە فەردییەتی هێمنیشی لە بیر نەدەچووەوە ؟

شێخەلیسلامی: بە بێ شک ! چونکە کاتێک باسی شیلاناوێ دەکا ،لە ڕاستیدا باسی خۆی دەکا. باسی خودێک دەکا کە لە ڕابردوو دا بوو، چونکە بە بڕوای زۆر فەیلەسووف و بیرەوانان نێزیکایەتی و تێکەڵاوییەکی زۆر سەیر هەیە لە نێوان شوێن ؛ وەکوو شتێکی فیزیکی، وەکوو خاک و هەروەها شوێن و پێناسەی فەرد ، پێناسەی تاکەکەس، پێناسەی ئینسان. کاتێک هێمن باسی شیلاناوێ دەکا، لە ڕاستیدا ئەو باسی دوو دارە چنار و کۆمەڵەبەردێک ناکا، باسی خۆی دەکا. خۆیەکی کە چل و چەند ساڵ لەوێ ژیا. مێژوویەکی چل ساڵەی لەوێ بەجێ هێشتبوو. خۆی بەجێ هێشتبوو. ڕەنگە بتوانین بڵێین کە کاتێک دەڵێ دێمەوە بۆ لای نیشتمان و زێدەکەم ، هێمن دەچێتەوە خۆی ببینێتەوە. لە سەرەتای هەشتاکاندا، ئەوکات کە لە حیزبایەتی کشابۆوە و لە شیلاناوێ خانەنشین بوو، ئەو ناوچەیە ببوو بە گۆڕەپانی شەڕی دەوڵەت و پێشمەرگە. بۆ خۆم شاهید بووم کە چەندین لایەن بە هێمنیان ڕاگەیاند کە ئامادن بیبەنە دەرەوەی وڵات، بەڵام دڵی نەدەهات ئەو ناوچەیە بەجێ بێڵێ، نەیدەتوانی دیسان لێی دوور کەوێتەوە. کە پاشانیش چووە ورمێ بۆ ڕاپەراندنی گۆڤاری سروە، تەنیا بەو مەرج و شەرتە شیلاناوێی بەجێهێشت کە بەڵێنیان پێدا بنکەیەکی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بۆ دامەزرێنن و ئەویش بە سەربەستی بڵاو بکاتەوە.

قازی: باشە چەمکی ژن لە شێعری هێمن دا . زۆر چاوڕاکێشە تەنانەت لە شێعرەکانی بەر لە دامەزرانی کۆماریشی دا ئەو جۆرەی کە هێمن تەوسیفی ژن دەکا لایەنی یەکسانی خوازی تێدا بەدی دەکرێ. وا بزانم ئەمە شتێک نییە دواتر لە زێهنییەتی هێمن دا پشکووتبێ !

شێخەلیسلامی: سەبارەت بە شوێنی ژن لە شیعری هێمن دا چەند بۆچوون تا ئێستا دەربڕدراون، هەم بە لایەنی باش دا و هەم بە لایەنی خراپ دا. زۆر کەس، هەروەکی جەنابیشت ئاماژەت پێکرد، پەسنی هێمن و بەرهەمەکانیان داوە چونکە پێیان وایە هێمن بانگەوازی کردووە بۆ یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو دا. ئەوە زۆر ڕاستە و گرینگیشە. لەم بابەتەوە پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکا، چونکە زۆرن. هۆی گرینگایەتیی ئەو ڕوانگە پێشکەوتووانەی هێمن دوو شتە:

١- هێمن سەبارەت بە ژن و پێگە کۆمەلایەتییەکەی چەند هەنگاوێک لە هاودەورە کوردەکانی لە پێشتر بووە.

٢- لە ناو بنەماڵەیەک و کۆمەڵگەیەک دا گەورە بوو و ژیا کە سەرەتاییترین مافی ژنیان پێشێل دەکرد.

٣- لە ناو حوجرەدا و لە بەر دەستی مەلا فێری خوێندەواری بوو. هێمن ژان پول سارتر نەبوو کە ژنەکەی سیمن دوبواری فەمینست بێ و لە فەڕانسەی لیبراڵ پێبگا. لە خوێندنەوەی بەرهەمی هێمن دا، بۆ وێنە لە سەر ژن، دەبێ ئەمانە لە بەر چاو بگیرێن.

هەر لێکدانەوە و شیکردنەوەیەک کە ئەو ژینگە، چوارچێوە و کۆنتێکستە لە بەرچاو نەگرێ کە گوتارێک تێیدا بەرهەم هاتووە و بڵاو بۆتەوە، ڕەخنەگرانە نییە، ناتەواوە و ئاکامی باشی نابێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمانە، هەڵوێستی هێمن سەبارەت بە ژن جێگای ڕێز و شیاوی سەرنجە. ڕەنگە سەبارەت بە ڕوانینی بۆ ژێندەر (جنس)، هێمن لە زۆر لایەنانەوە تەئسیری وەرگرتبێ، بۆ وێنە ئەدەبی فارسی، چالاکی لە ناو ژ.کاف، لە هەمووشیان گرینگتر چالاکبوونی لە ناو کۆماری مەهاباد دا و ئاشنا بوون لە گەڵ بیری سۆسیالیستیی سۆڤیەتی. لە هەمان کاتیشدا لە بیرمان بێ کە هی دیکەی سەردەمی خۆی هەبوون کە کەم تا زۆر لە هەمان هەلومەرجی هێمن دا بوون بەڵام ڕاشیان لە سەر ژن و یەکسانی ژن و پیاو وەکوو هێمن پۆزەتیڤ نەبوو.

سەرەڕای ئەم خاڵە بەهێزانەی نێو نووسینی هێمن سەبارەت بە ژن، ڕەخنەش لە هێمن گیراوە. بۆ وێنە کاتی خۆی کە تاریک و ڕوون بڵاو بۆوە، ڕەخنەیان لێگرت کە بۆچی هێمن سەرباقی گێڕانەوەی ماموستایانەی ژیانی خۆی لە بیری چووە کە ناوی ژنەکەی بە خوێنەر بڵێ. ڕەخنەکە وای گەیاندبوو کە بە لای هێمنەوە ژنەکەی خۆشی ئەوەندەی ڕێز نەبووە کە ناوی بهێنێ، هەروەکی زۆر پیاوی کورد و ڕۆژهەڵاتیی کە پێیان شەرم بووە یان پێیان شەرمە ناوی ژنەکانیان بێنن. ئێستاش کەم نین ئەوانەی کە کاتێ حاڵی ژنی یەکێکی دیکە دەپرسن دەڵێن: "ماڵێ چۆنن؟" لە باتی ئەوە کە مەسەلەن بڵێن: "خەزاڵ چۆنە؟" یان لانی کەم بڵێن: "ژنەکەت چۆنە؟". هێمن لە وتارێکدا کە بۆ گۆڤارێکی نووسی، هەر ئەو کاتە لە کوردستان-عێراق، دانی بەو کەموکورتییە دا هێنا و کوتی: "نەچووە بچێ، ناوی ئایشەیە. یادی بەخێر". هەروەها، ڕەخنەی دیکەش گیراوە. بۆ نموونە، بۆ هێمن لە شیعری "لە بیرم مەکە" دا دەڵێ: "کچان زوو کوڕان دەکەن فەرامۆش"؟ ئەدی کوڕ ئەو کارە ناکا؟ کەم نەبوون ئەو ژنانەی کە ١٥، ٢٠ ساڵ لە سەر مێردی ئاوارە یان زیندانیکراو دانیشتوون. ئەوەش ڕەخنەیەکی بەجێیە، بەڵام ئەوانە هێشتا ئەو خوێندنەوە جیدییە نین کە دەبێ بکرێن.

کاک دوکتۆر ئەمیر حەسەنپوور لە کتێبی "ژنی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت-کوردەکان" دا، کە بە ئینگلیسی نووسراوە، چاپی ساڵی ٢٠٠٣، وتارێکی زۆر بە نرخی هەیە، لە لایەنی پیاوسالارانەی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە. زمانی کوردیی، وەکوو زۆربەی زمانەکان تەنانەت

ئەوانەی زۆر خودا پێداویشن، وەکوو ئینگلیسی و فارسی و هتد، زمانێکی پیاوسالارانەیە، زمانێکە دەستکردی پیاوە. چونکە زمان لە لایەکەوە ڕەنگدەرەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانە و لە لایەکی دیکەشەوە بەرهەمهێنەرەوەی پێوەندییە باو و زاڵەکانی هەمان کۆمەڵگەیە. جا چونکە لە کۆمەڵی کوردەوارییدا دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی (ئابووری، فەرهەنگیی، هتد) بە دەست پیاوانەوەیە، وەکوو زۆربەی کۆمەڵگەکانی دنیا لە هەندێکیاندا ئەوە کەم بۆتەوە زمانەکەش زمانێکی پیاوانەیە، زمانێکە کە دەسەڵاتی پیاو بە سەر ژندا بەرهەم دێنێتەوە، تازەی دەکاتەوە. ئەو بەرهەمهێنانەوەش، یان با بڵێین ئەو چەشنە دەکاردکرنەی زمانی پیاوسالارانە هێند لە مێژە کە ئیتر ئاسایی کراوە، بۆتە باو، بۆتە ئیدیۆلۆژییەک. واتە، پێمان وایە کە دەبێ هەر ئاوا بێ و نایخەینە ژێر پرسیار. بەڵام، وەکوو ڕەخنەگرێکی زمان و تێکست ئەو کردوویە. حەسەنپوور نیشان دەدا کە چۆن لە قسەکردنی ئاساییش دا ڕۆژانە ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە نایەکسانە لە ڕێگەی زمانەوە تازە و بەهێز دەکرێتەوە. بۆ وێنە، زۆربەی کورد ئێستاش دەڵێ: "کچم بە مێرد دا"، "ژنم هێنا"، بەڵام پیاو "ژن دێنێ" یان "ژن مارە دەکا". بە کورتی، پیاو چالاکە، بە دەسەڵاتە، بکەری ڕووداوەکانە، بەڵام ژن بەرکارە، بێدەستەڵاتە. لەوانەیە یەکێک بڵێ: ئاخر خۆ هەر واشە. وایە. بەڵام، ڕۆشنبیری کوردینووس و کوردیدوێ دەبێ ئەمە بگۆڕێ. دەتوانێ بڵێ: زەماوەندم کرد، لە باتی "ژنم هێنا. ئەودەم ژەنەکەش دەتوانێ بڵێ: "زەماوەندم کرد" لە جیاتی "مێردم کرد". ئەو چەشنە دەکارهێنانەی زمان چەشنە وشیارییک ساز دەکا کە نیشاندەدا هەردووک ژێندەر دەتوانن لەو کردەوە و چالاکییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە دا بەرانبەر بن. لە لە ئاکام دا، ئەم چەشنە دەکارهێنانەی زمان کار دەکاتە سەر ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە سەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەکی جووڵانەوەی فەمینیستی لە ڕۆژئاوادا کردوویەتی. دوکتور حەسەنپوور، لە نیشاندانی ئەم وێنانەی زمانی پیاوسالارانەدا، باسی شیعری "ئەختەر"ی مامۆستا هێمنیش دەکا. لەو شیعرەدا، هەرچەند هێمن پەسنی ژنە پێشمەرگەیەک دەدا و شانازی دەکا کە ژنێک لە کۆڕی خەباتدایە، لە هەمان کاتیش دا زمانەکەی زمانی پیاوانە. بۆ نموونە دەڵێ: "... شەقت هەڵدا لە زێڕ و جل/تووڕت هەڵدا کلدان و کل/توندت کردووە پشتێنی شل/فیشەکدانت کردۆتە مل/پساندت بازنە و پاوانە/دەستت دا تفەنگ پیاوانە..."ڕەنگە بتوانین بڵێن کە لێرەدا "ئەختەر بووە بە پیاو، هەر بۆیەشە جێگای هومێدە. تەنانەت ئازایەتیەکەی بە کردەوەی "پیاوانە" ناودێر کراوە. کە دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە لە زمانی کوردیدا "پیاوانە" واتە "ئازایانە" یان "مەردانە"ی فارسی. گرفتەکەش هەر لە ئەوە دایە. ئەو چەشنە زمانە سروشتیی کراوە، باو کراوە و لە بەر ئەوەش ئاسایی دەنوێنێ. هەر چونکە ئاساییش دەنوێنێ ناچێتە ژێرپرسیار. نابێ ئاوا بێ. دەبێ ئەم چەشنە زمانە بگۆڕدرێ. جا لەم چەشنە ڕەخنە جیدییانە کەمتر لە شیعری هێمن گیراون. لەم دواییانەدا بیستم کە ژنە خوێندکارێکی کورد پرۆژەیەکی لەو بابەتەی بە دەستەوەیە کە لە بەر ڕۆشنایی تیۆریی فەمینیستی و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی تێکست شیعرەکانی هێمن شیدەکاتەوە. واتە، ئەم چەشنە کارانە دەستیان پێکردووە و جێگای هومێدن. با لە کۆتاییش دا ئەمە بڵێم، کە ڕەخنەگرتن بەس دەتوانێ ئاکامی باشی بۆ کۆمەڵێک بە دواوە بێ، بەو مەرجە کە ئەو ڕەخنەگرتنە شەخسیی نەبێ، واتە بۆ ئەوە نەبێ کە کەسێک بریندار بکرێ. ئامانجی ڕەخنەگر دەبێ بەرەوپێشبردنی کاروانی چالاکی بۆ بەختەوەریی کۆمەڵگە بێ.

**قازی**: **لایەنێکی دیکەش کە زۆر بەرچاوە ڕەنگدانەوەی ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی دە شێعری هێمن دایە . لە کۆنەوە ،لە سەردەمی کۆمارەوە تا دواتر. پێت وایە ئەوانەی چۆن وێنا کردووە ؟**

**شێخەلیسلامی**: شیعر لە سەردەمی هێمن دا ئەرکی زۆری لە سەر شان بوو، چونکە کۆمەڵگەکەی زۆربەی نەخوێندەوار بوو، سەرەڕای ئەمەش زمانەکەی قەدەغە بوو. هێمنیش شاعیری گەل بوو و چاوەڕوانیی لێکراوە کە شیعری هەم شیعری خوێندەوار بێ، هەم گۆڕانیی

سترانبێژ، هەم تۆمارکەری مێژوو، هەم شانۆ، هەم ڕۆمان و هەم ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆنی کوردی. کە وابوو سروشتییە کە شیعر و پەخشانی هێمن و کەسانی دیکەش ئاوێنەی ڕووداوە کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی و سیاسییەکانی سەردەمی خۆیان بن. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم زۆربەی ئەو ڕووداوانەی کە هێمن لە شیعر و پەخشاندا باسیان دەکا نەمدیتوون یان لەو کاتە دا ئەوەندە گەورە نەبووم کە لێیان تێبگەم. لەوانە بریتین لە سەردەمی کۆمار، کودتای ٢٨ی مورداد ئێران، "شۆڕشی سپی"-ئیسلاحاتی ئەرزیی لە ئێران، یان جووڵانەوەی چەکدارانەی ۴۶- ۴۷ی هەتاویی ڕۆژهەڵات و شۆڕشی بارزانی لە حەفتاکانی زایینیدا. هێمن بو وردی ئاگاداری ئەم ڕووداوانە بووە. ئەمانەش لە ناو نووسین و شیعرەکانی دا ڕەنگیان داوەتەوە. تا ئێستا نەمبیستووە کە کەسیش سەبارەت بە گێڕانەوەی ئەوانە ڕەخنەی لێگرتبێ، تەنانەت ئەو کەسانەش کە هەر باسی ئەو ڕووداوانەیان کردووە لە بیرەوەرییەکانی خۆیاندا یان لە نووسینەوەی مێژوویی ئەو سەردەمانەدا. بەو پێیە، دەبێ بە دروستی وێنای کردبن. بێجگە لەو ڕووداوە مێژوویی و سیاسییانە، هێمن هەروەها تەئسیری لە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەی خۆشی وەرگرتووە و هێندێکی تۆمار کردوون، بۆ نموونە شیعری "ڕاوەبەراز"ی بە بۆنەی کۆکردنەوەی تفەنگی ڕاو لە ناوچەی موکریاندا، لە لایەن ڕژیمی شاوە، نووسیوە. هەر ئەم چەشنە نووسینانەش لە خەڵکی نزیکتر کردۆتەوە و خۆشەویستتری کردووە.

با هەر لە پێوەندیی دەگەڵ ڕووداوەکانی کوردستان و ڕەنگدانەوەیان لە شیعری هێمندا، یان تەئسیریان لە سەر بەرهەمەکانی، شتێکی دیکەش بڵێم. ئەگەر ڕاستەوخۆش هێمن باسی زۆر ڕووداوی نەکردبن و ڕۆژنامەنووسانە نەیگێڕابنەوە، "شاعیرانە" یان باسی کردوون یان تەئسیری لێوەرگرتوون. بۆ وێنە، دەتوانین بزانین کەی هێمن، یان هاوبیرەکانی ئەو کاتی، بیری ژ.کاف ی لێ پەیدا بووە، بە خوێندنەوەی شیعری "کوردم ئەمن" (١٣٢١)، کە ئەوە بۆ خۆی زۆرمان پێ دەڵێ سەبارەت بە کات و بیری سەرهەڵدانی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. یان شیعری "ئەمن دەیڵێم و بێ باکم" کە تێیدا ڕەخنە لە ئاغایان دەگرێ بۆ بوونە کۆسپ لە سەر ڕێگای کوردایەتی و هەروەها ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە کەی بیری دژ بە دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستی هاتۆتە لای ئێمە. لە شیعری "ئارەق و تین" دا کە باسی بەشخوراویی جوتیاران دەکا و هانیان دەدا بۆ ڕاپەڕین، هێمن ڕاستەوخۆ ڕووداوێکی تایبەت و دیاریکراوی مێژوویی ناگێڕێتەوە، بەڵام کە لە مێژووی موکریان بزانین، دەزانین کە ئەو شیعرە چەند مانگێک بەر لە ڕاپەڕینی بەناوبانگی جووتیارانی موکریان نووسراوە. پێم وا نییە ئەوانە بە هەڵکەوت و جیا لە هەلومەرجی کۆمەڵگەکەی هێمن نەنووسرابن. لە ڕاستیدا مێژوون، بەڵام خوێندنەوەی زۆر وردتریان گەرەکە بۆ ئەوە کە بتوانین مێژوویەک لەو شیعرانە ساغ بکەینەوە. ئەوە دەشکرێ. هەروەها، بۆ خوێندنەوەی شیکارانەی هەموو شیعرەکانیش ئاگادار بوون لەو مێژوویە زۆر گرینگە، چونکە هەر وەکی پێشتریش گوتم خوێندنەوەی شیکارانەی ڕەخنەیی بەبێ لەبەرچاوگرتنی کۆنتێکست (ئەو هەلومەرجە مێژوویی، کۆمەڵایەتیی، سیاسیی و ئابوورییەی کە تێکستێک تێیدا بەرهەم دێ و بەکار دێ) زۆر ناتەواوە و تا ڕادەیەکیش کات بە فیڕۆدانە.

**قازی: کاک جەعفەر ، من پێم وایە لێکدانەوەکانت تیشکێکی تازە دەخاتە سەر کارەکانی مامۆستا هێمن. هەربژی و وێنەت زۆر بێ .**

**شێخەلیسلامی: سپاس بۆ تۆش کە ئەو دەرفەتەت ڕەخساند.**

**تێبینی: ئەم وتووێژە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا کراوە، بەڵام لە نۆڤامبری ٢٠٠٦ دا کاک جەعفەر بە پرسیارەکانداچووەتەوە، بێ ئەوەی ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە وتووێژی سەرەکی دا پێک بهێنێ.**

**سەرچاوە : وینلاگی ڕوانگە**

# ژیانێکی تاریک و ڕوون

**جوتیار تۆفیق هەورامی**

## [کورتەیەک لە بیۆگرافیی هێمن]

هێمن ناوی محەممەدئەمین، کوڕی سەید حەسەنی شێخەلیسلامی موکرییە، دایکی ناوی زەینەب، کچی شێخی بورهانە. هێمن لە شەوی ۴ لەسەر ۵ی مانگی مەیی ساڵی ۱۹۲۱ لە گوندی لاچینی نزیک شاری مەهاباد لەدایکبووە. هەر بە منداڵی دەخرێتە بەر خوێندن و چەند ساڵ لە قوتابخانەی سەعادەت لە شاری مەهاباد دەخوێنێت. ئینجا باوکی لە قوتابخانە دەریدەهێنێت و دەینێرێت بۆ خانەقای شێخی بورهان بەمەبەستی ئەوە کە لە دوارۆژدا ببێتە مەلا و جێی مەلا جامی، باپیرە گەورەی، بگرێتەوە. چوار ساڵ لە خانەقا دەخوێنێت، لەوێ چاووگوێی دەکرێتەوە. لەگەڵ زۆر کەس دەبێتە دۆست و ئاشنا و گەلێک کەسی ڕوناکبیر و تێکۆشەر و شاعیر دەناسێت و بە دیداریان شاد دەبێت. پاشان باوکی دەینێرێت بۆ گوندی کولیجە و لەوێ لای مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەوزی درێژە بە خوێندن دەدات. ساڵ و نیوێکیش لای فەوزی دەخوێنێت و لەوەوە شارەزایی لە زمان و ئەدەبی کوردیدا پەیدا دەکات و هەستی شاعیریی چەکەرە دەکات. فەوزی خۆشەویستیی نیشتمان و نەتەوە لە ناخیدا دەچێنێت.



هێمن و هاوسەرەکەی، خاتو ئایشە

**ساڵی ۱۹۳۸ کە تەمەنی دەگاتە ۱۷ ساڵی** دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ گوندی شیلاناوێ. بە ڕۆژ لەگەڵ باوکیدا بە کشتوکاڵ و شەوانیش خۆ بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی فارسییەوە خەریک دەکات. وردەوردە هاتوچۆی مەهاباد دەکات و لەگەڵ کۆمەڵە لاوێکی هوشیار و ئازادیخواز دەبێتە هاوڕێ. ئەو لاوانە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردییان گیردەکەوێت و بۆ خوێندنەوە دەیاندەن بە هێمنیش. ساڵی ۱۹۴۱ لەپاڵ کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییدا دەست بە شیعرنووسین دەکات و هێدی هێدی شیعرەکانی لە دەفتەرێکدا دەنووسێتەوە. بەڵام باوکی پێی خۆش نابێت کە کوڕەکەی بە شیعر نووسینەوە خەریک ببێت و ببێتە شاعیر، بۆیە کاتێک دەفتەری شیعرەکانی هێمنی دەکەوێتە دەست، دەمودەست دەیسوتێنێت و لێی زویر دەبێت و سەرزەنشتی دەکات.

**ڕۆژی پێنج شەممە، ۲۴ی ئووتی ۱۹۴۱** لە کێڵگەکەی خۆیان دەبێت لەپڕێکدا دوو فڕۆکە پەیدا دەبن و بەیاننامە فڕێدەدەنە خوارێ. کاتێک هێمن دانەیەکی لەو بەیاننامەیە دەستدەکەوێت و دەیخوێنێتەوە، دەبینێت بە زمانی کوردی نووسراوە. ئیدی لەخۆشییاندا شاگەشکە دەبێت. لە ناوەڕۆکی بەیاننامەکەوە ئەوەی بۆ ڕووندەبێتەوە کە فڕۆکەکان هی دەوڵەتی سۆڤییەت بوون و مەبەستیشیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە ئەوەیە کە بە خەڵکی کوردستان ڕایبگەیەنن لەشکری سوور هاتوەتە خاکی ئێرانەوە و وا بەرەو ناوچەکانی کوردستان بەڕێوەیە و با خەڵکی کوردستان بە هێزی داگیرکەریان نەزانن و وەک هێزێکی ڕزگارکەر پێشوازییان لێبکەن. ئیدی یەکێتی سۆڤێت ناوچەکانی سەروی ئێران و دەوڵەتی بەریتانیایش ناوچەکانی خوارو و ناوەڕاستی ئێران دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی

خۆیانەوە. بەوەیش لەشکری دەوڵەتی ئێران لە بەشی سەروی کوردستان دەردەپەڕێنرێت و پاش ساڵەها سەرکوت و کوشتنی بێ ڕەحمانە، خەڵکی ئەو ناوچانە بە ئازادی لە وڵات و شوێنی خۆیاندا دەژین.

ڕۆژی یەکشەممە،١٦ی ئووتی ١٩٤٢ دەستەیەک لە کەسە ڕوناکبیر و چالاکەکانی شاری مەهاباد کۆمەڵەی ژ. ک. (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) دادەمەزرێنن و حوسێن فروهەر بە سەرۆکی کۆمەڵە هەڵدەبژێرن. لەو ڕۆژانەدا هێمن لە تەورێز دەبێت. کاتێک بۆ مەهاباد دەگەڕێتەوە، لە ڕێگای عەبدولڕەحمان زەبیحی‌یەوە و لە ماڵی حوسێن فروهەر پێوەندیی بە کۆمەڵەی ژ. ک. ـەوە دەگرێت و ناوی نهێنیی "هێمن" بۆخۆی هەڵدەبژێرێت و ژمارەی ئەندامێتیشی ٥٥ دەبێت.

لە کۆبوونەوەی ئاپریلی ١٩٤٣دا کە لە بناری چیای خواپەرست سازدەدرێت، کۆمەڵەی ژ. ک. بڕیاردەدات کە ئۆرگانی خۆی بە ناوی نیشتمان دەربکات. هێمن وەک ئەندامێکی بەدیسیپلین و وەک شاعیرێکی نیشتمانپەروەر لە دووەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمان ـەوە هەتاکو دواژمارەی بە شیعر و وتار بەشدارییدەکات. کاتێکیش لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ. ک. حیزبی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنرێت، هێمن لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا تێکۆشانی خۆی درێژەپێدەدات. دواتریش لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستاندا وتار و شیعر دەنووسێت و ئەرکە حیزبییەکانی خۆیشی ئەنجام دەدات. هەروەها لە بۆنە و کۆبوونەوەکاندا بەردەوام شیعر دەخوێنێتەوە و جۆش و خرۆش دەخاتە ئەو بۆنانەوە.

لە ١٦ی نوامبری ١٩٤٦ دا هێمن لەگەڵ کچی خاڵی خۆی بە ناوی ئایشە زەماوەند دەکات و خێزان پێکدێنێت. بەرهەمی ئەو هاوسەرییە کوڕێک دەبێت کە ناوی دەنێن سەلاح. مانگێک دوای زەماوەندی هێمن، کۆماری کوردستان دەڕوخێت. بەوەیش نائومێدی باڵ بەسەر خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ژێرسایەی کۆمار بەتایبەتی دەکێشێت.

ڕۆژی ١٧ی دیسامبری ١٩٤٦ سوپای داگیرکەری ئێران دەگەڕێتەوە شاری مەهاباد و شار و گوندە ئازادکراوەکانی دیکە. سوپای داگیرکەری ئێران وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی دەست بە گرتن و ڕاونانی تێکۆشەران و ڕوناکبیران دەکاتەوە. هێمن لەو دەمەدا خۆ دەگەیەنێتە لای خاڵی، شێخ محەممەدی کوڕی شێخی بورهان، و لە خانەقای شێخی بورهان دەمێنێتەوە. بەو جۆرە لە گرتن و زیندان ڕزگاری دەبێت. لە خانەقا تووشی نەخۆشی کەوتوویی دەبێت و دوو مانگ لە جێدا دەکەوێت. دوایی تاڕادەیەک باش دەبێت و دەچێتەوە گوندەکەی خۆیان و لەنێو خێزان و کەسوکاریدا ماوەیەک دەگوزەرێنێت.

ڕۆژی ٣١ی مارسی ١٩٤٧ لە کاتێکدا کە هێمن لە ماڵی خۆی خەریکی کتێب خوێندنەوە دەبێت، هەواڵ لە گوندەکەیاندا بڵاودەبێتەوە کە قازی محەممەد و سەدری برای و محەممەد حوسێنی ئامۆزای، لە مەهاباد لەسێدارە دراون. ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە کار لە ناخی هێمن دەکات و ناسۆرێکی گەورە لە دڵیدا دروست دەکات.

سێ ڕۆژ دواتر لە ٣ی ئاوریلی ١٩٤٧ دا هێمن لەگەڵ کەسێکی هەژار و تێکۆشەری هاوڕێیدا بەرەو شارۆچکەی قەڵادزێ بەڕێدەکەون. کاتێک هێمن دەگاتە نێو قەڵادزێ، دەمودەست پۆلیس دەیگرێت. دوو کەس بەبێ ئەوەی هێمن بناسن بۆی تێدەکەون و لەچنگی پۆلیس ڕزگاریدەکەن. یەکێک لەو دوو کەسانە مەلایەک دەبێت، هێمن دەباتە لای خۆی و ماوەیەک وانەی پێدەڵێتەوە و لای خۆی دەیپارێزێت.

دوای ماوەیەک بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاڕادەیەک ئارام دەبێتەوە. ئیدی هێمن بۆناو کەسوکاری خۆی دەگەڕێتەوە و دەست بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی دەکاتەوە.

لەو دەمەدا حیزبی تودەی ئێران بە ئاشکرا خەبات دەکات و گۆڤار و ڕۆژنامەی جۆراوجۆر بڵاودەکاتەوە. هێمن لەپاڵ ئیشوکاری ڕۆژانەیدا بە خوێندنەوەی ئەو چەشنە بڵاوکراوانەوە خۆی سەرگەرم دەکات. هاوکات دەستە لاوێک بە هاوکاری و ڕێنوێنیی حیزبی تودەی ئێران، وردەوردە حیزبی دێموکراتی کوردستان زیندوودەکەنەوە. هێمنیش ئەوەندەی دەرفەتی دەبێت هاوکار و هاوبیری ئەو لاوانە دەبێت و پشتیوانیی خۆی بۆیان دوپات دەکاتەوە.

ڕۆژی ٤ی فێورییەی ١٩٤٩ حەمەڕەزا شا بەشداریی لە یادی دامەزراندنی دانشگای حقوق لە تاران دەکات. لە ناوەختێکدا لاوێک بە ناوی ناسر فەخراریی شا دەداتە بەر گولـلە و بریندار دەکات. هاوکات پاسەوانەکانی شا دەستڕێژ لەو لاوە دەکەن و بە سەختیی بریندار دەکەن و پاش چەند سەعات دەمرێت. هەر ئەو ڕۆژە بە ئاشکرا حیزبی تودەی ئێران تاوانبار دەکرێت و شاڵاوی گرتن و ڕاونانی ڕابەران و ئەندامانی ئەو حیزبە لە سەرتاسەری ئێراندا دەستپێدەکات. گرتن و زینداندنیکردنی ڕووناکبیران و تێکۆشەران کوردستانیش دەگرێتەوە. گەلێک کەس دەگیرێن و هەندێکیش دیسان ئاوارە دەبنەوە. هێمن وەک سەدان مرۆڤی ئازادیخوازی کورد ماوەیەک خۆی دەشارێتەوە. لەو سەروەختەدا لە ئێراندا گرانی دادەکەوێت و ژیانی هەزارەها خێزان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی لەبرسامردن. هێمن بە چاوی خۆی زۆر دیمەنی تراژیدی و دڵتەزێنی ئەو ڕۆژانە دەبینێت و ناسۆرێکی گەورە لە دڵیدا دروستدەکات. خۆی و کەسوکارەکەی ئەوەندەی لە توانایاندا دەبێت بەپیر ئەو خەڵکە برسییانەوە دەچن کە ڕوو لە گوندەکەیان دەکەن؛ فریایان دەکەون و تێریان دەکەن.

ساڵی ١٩٥١ بزوتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران بە ڕابەریی دوکتۆر موسەدیق پەرەدەستێنێت و پەل بۆ گشت شار و شارۆچکەیەکی ئێران دەهاوێت.

لە ٢٢ی ژوییەی ١٩٥٢ دا دوکتۆر موسەدیق دەبێتە سەرۆکوەزیرانی ئێران و خەڵک پشتیوانیی خۆیان لە حکومەتەکەی دەردەبڕن. بەوەیش جێ بە شا و داروودەستەکەی لەق دەبێت. وردەوردە هەلومەرجێکی تاڕادەیەک ئازاد و دیموکرات لە ئێراندا جێگیر دەبێت. لە کوردستانیش هێندی چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیریی دەستپێدەکاتەوە و لاوان و ڕووناکبیرانی کورد بە نهێنی و نیمچە ئاشکرا دەکەونە کارکردن. هێمن هەمیشە لەگەڵ ئەو ڕووناکبیر و تێکۆشەرانە هاودەم و هاوبیر دەبێت. بەڵام ئەو لەوەدا لەگەڵیان ناکۆک دەبێت کە ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە کە بە زمانی کوردی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە دەربکەن و لەو هەلومەرجەدا بە کارێکی گرنگی نازانن. هێمن ڕێنوێنییان دەکات و هانیاندەدات هەرچی زووە گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەربکەن و لەنێو خەڵکی کوردستاندا بڵاویانبکەنەوە. سەرەنجام دەستەیەک لەو لاوە تێکۆشەرانە بۆچوونەکەی هێمن دەسەلمێنن و بڕیاردەدەن کە دەست بە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان بکەن. بەڵام بەر لەوەی کە ئەوان یەکەم هەنگاو بنێن،

ڕۆژی ١٩ی ئووتی ١٩٥٣ کۆمەڵێک ئەفسەری بەکرێگیراو بە پاڵپشتیی ئەمەریکا و بەریتانیا کودەتایەک لە دژی حکومەتی دوکتۆر موسەدیق بەرپا دەکەن و جارێکی دیکە حەمەڕەزا شا بۆسەر حوکم دەگێڕنەوە. بە گەڕانەوەی حکومەتی شا، گرتن و ڕاونانی

ئازادیخوازان دەستپێدەکاتەوە. هێمن وەک سەدان لاوی تێکۆشەری کورد جارێکی دیکە خۆی دەشارێتەوە. پاشان هەر چۆنێک بێت دەچێتەوە نێو ماڵومنداڵی خۆی. بەڵام هەمیشە لەژێر چاوی پۆلیسدا دەبێت و گەلێک جار ئەمسەر و ئەوسەری پێدەکەن. هەر لەو ساڵانەدا دوچاری نائومێدی و ڕەشبینیی دەبێت و ماوەی چەند ساڵ پێوەی دەتلێتەوە. ئەوەش وای لێدەکات کە هێز و توانای دەربڕین و شیعرنووسینی نەمێنێت و ژیانێکی گۆشەگیرانە بۆخۆی هەڵبژێرێت.

ساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ و دەستەیەک لاوی شۆڕشگێڕ خەباتی سیاسی و چەکداریی پێکەوە گرێدەدەن و لەبەرامبەر لەشکری داگیرکەری دەوڵەتی شادا دەست بە شەڕی پارتیزانی دەکەن. لە هەندێک لەو شەڕ و پێکدادانانەدا چەند لاوێکی ئازا و ڕووناکبیر شەهید دەبن و تەرمەکانیان دەکەونە دەست ژاندارمەکانی ڕێژیمی شا و زۆر دڕندانە بەسەر جادە و شەقامەکاندا ڕایاندەکێشن و بێحورمەتییان پێدەکەن. ئەم چەشنە دیمەنە جەرگبڕانە لە چەند ناوچە و شوێنی کوردستان دوبارە دەبنەوە و لە سەرتاسەری کوردستاندا ڕق و بێزاریی خەڵک دەگاتە ئەوپەڕی.

هێمن وەک هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازی کورد بەو هەواڵانە خەم و پەژارە دایدەگرێت. هاوکات کۆمەڵێک لاوی هۆشیار خۆ لە هێمن و گەلێک ڕووناکبیری دیکە نزیک دەکەنەوە و هێز و تین بە بەریاندا دەکەنەوە و بەرەو تێکۆشان هانیاندەدەنەوە. هێمن زوو دێتەوە سەر خۆ و لە جاران شێلگیرتر دەستبە تێکۆشان دەکاتەوە. سەرنجام ماڵومنداڵی خۆی جێدەهێڵێت و ڕوو لە چیاکانی کوردستان دەکات. ماوەیەک لەگەڵ هەژار پێکەوە دەژین. پاشان بڕیاردەدات کە لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا درێژە بە تێکۆشانی خۆی بداتەوە. کادیر و ئەندامانی ئەو حیزبە بە سنگفراوانییەوە پێشوازیی لێدەکەن.

لە مانگی ژوئەنی ١٩٦٩دا کۆنفرانسی دووەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندێکی نزیک قەڵادزێ دەبەسترێت. هێمن یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە دەبێت و لەگەڵ چەند کەسی تێکۆشەری دیکەدا تێدەکۆشێت بۆ وەلانانی کێشە شەخسی و لاوەکییەکان و وەگەڕخستنەوەی حیزبەکە. هەر لەوێشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت. پاش چەند مانگ لە کارکردن و چالاکی، دەستبە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان دەکەنەوە و لە ژانوییەی ١٩٧٠دا یەکەم ژمارەی دەردەکەن. هەر لەو دەمانەدا لە باشووری کوردستان "یەکێتیی نووسەرانی کورد" دادەمەزرێت. هێمن وەک شاعیر و نووسەرێکی خاوەنهەڵوێست و کوردپەروەر بە ئەندام وەردەگیرێت و لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنەکانی ئەو ڕێکخراوەدا هەڵدەسووڕێت و لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانیشیدا شیعر و وتاری ئەدەبی بڵاودەکاتەوە.

ڕۆژانی ٢١ و ٢٤ی ژوئەنی ١٩٧١ لە شاری کۆیە کۆنفرانسی سێیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبەسترێت. لەو کۆنفرانسەدا هێمن بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و دەفتەری سیاسیی حیزبەکە هەڵدەبژێردرێت. هاوکات کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزب پێکدەهێنرێت کە هێمن یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی دەبێت. ساڵی ١٩٧٣ هێمن دەبێتە ئەندامی "کۆڕی زانیاریی کورد" و چەند کاری بەنرخ ئەنجام دەدات کە یەکێکیان ساغکردنەوەی تێکستەکانی کتێبی "تحفه مظفریه" دەبێت کە کاتی خۆی ئۆسکارمان کۆیکردبۆوە.

ڕۆژی ٢٢ی سپتامبری ١٩٧٣ کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بەغداد دەبەسترێت. سەرەتا هێمن وەک بەتەمەنترین ئەندامی بەشدار لەو کۆنگرەیەدا وتارێکی بەنرخ دەخوێنێتەوە.

پاشتریش لە کاروبارەکانی کۆنگرەکەدا چالاکانە بەشداریی دەکات. لە کۆتایی کۆنگرەکەیشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت.

کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ دەست بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەکات و بەشێکی لێدەخاتە سەر کاغەز.

لە ٢٤ی ژانوییەی ١٩٧٤ دا لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەبێتەوە. پاشان دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو شیعرەکانی دەخوێنێتەوە و لێکۆڵینەوەیەکی کورت و شایستە دەربارەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی دەنووسێت. ئیدی هەموو ئەمانە پێکەوە لە هاوینی ساڵی ١٩٧٤دا لە کتێبێکدا بە ناوی "تاریک و ڕوون" چاپدەکرێن و دەخرێنە بەردەستی خوێنەرانی کورد. کتێبی تاریک و ڕوون لەلایەن لاوان و ڕووناکبیرانەوە دەقۆزرێتەوە و وەک دیارییەکی بەنرخ دەیخوێننەوە و وتووێژی لەسەر دەکەن. هاوکات چەند نووسەر و شاعیر بیروڕای خۆیان دەربارەی دەنووسن و مشتومڕێکی گەرم دەخولقێنێت.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ جووڵانەوەی جەماوەریی دژ بە ڕژێمی حەمەڕەزا شا لەنێو شارە گەورەکانی ئێراندا دەستپێدەکات و زۆر بە خێرایی سەرانسەری ئێران دەگرێتەوە و مەرگی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرییە نزیک دەبێتەوە. هێمن وەک هەر تێکۆشەرێکی کوردی ئاوارە، حەزی گەڕانەوە بۆنێو کەسوکار و خێزانی خۆی دەکەوێتە سەری. هەر لەو دەمانەیشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستە دەستە ئەندامەکانی خۆی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکاتەوە. ئیدی هێمنیش بڕیاری خۆی دەدات و لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بەڕێدەکەون.

ڕۆژی ١٨ی فێورییەی ١٩٧٩ لە ئۆردوگای بەستەسێنی نزیک قەڵادزێ لە ماڵی دۆستێک دەمێننەوە. بۆ شەوەکەی بەرەو سەردەشت دەکەونەڕێ.

ڕۆژی ٢٠ی فێورییەی ١٩٧٩ دەگەنە سەردەشت و لەگەڵ پێشوازییەکی گەرمدا لە ماڵی چەند دۆست و ناسیاو دەمێنێتەوە. هاوکات تەلەفۆن بۆ مەهاباد دەکەن و هەواڵی گەڕانەوەی هێمن بە کەسوکاری و خەڵکی مەهاباد ڕادەگەیەنن. ئەو هەواڵە خۆشە لەو دەمەدا زۆر بە خێرایی لەنێو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە. دەستە دەستە لاوان و ڕووناکبیران و خەڵک خۆ سازدەدەن بۆ پێشوازیکردن لە هێمن. دەمودەست سەلاحی کوڕی لەگەڵ کۆمەڵێک خزم و دۆست بەرەو سەردەشت دەکەونەڕێ.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢١ی فیورییەی ١٩٧٩ هێمن لەگەڵ خزم و کەسەکانی و کۆمەڵێک لە خەڵکی سەردەشت بەرەو مەهاباد بەڕێدەکەوێت. کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵک بە ئوتومبیل دێن بەپیریەوە و دەیکەنە ڕۆژی شایی و ئاهەنگ. دەمەوعەسری ئەو ڕۆژە کاتێک کەژاوەی ئوتومبیلەکان دەگەنە "تاقەدار"ی نزیک مەهاباد، تێکەڵ بە کۆڕی شیعرخوێندنەوە و شایی و هەڵپەڕکێ دەبن و هەموو بە چاوی پڕ لە فرمێسکی شادییەوە پێشوازیی لە هێمن دەکەن و بۆنێو مەهابادی دەبەنەوە.

چەند ڕۆژ کۆمەڵ کۆمەڵ و دەستە دەستە خەڵک لە شار و شارۆچکە و دێهاتەکانی کوردستانەوە بۆ سەردانی هێمن بەرەو مەهاباد دەچن و بەردەوام ماڵی هێمن پڕ لە میوان و دۆستان دەبێت. ئیدی لەو ساتەوە ماڵەکەی وەک بنکەیەکی ئەدەبیی لێدێت و دەبێتە جێی شیعر و باسی ئەدەبی و شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەدیبان و ڕووناکبیران.

ڕۆژی ١٩ی فێورییەی ١٩٨٠ لە شاری مەهاباد چوارەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبەسترێت. هێمن لەو کۆنگرەیەدا بەشداریی دەکات. لە کۆتایی کۆنگرەکەدا بە ئەندامی کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هەڵدەبژێردرێت. لە سەرەتای مانگی ژوئەنی ١٩٨٠دا چەند ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاندان و ڕێنوێنیی حیزبی تودەی ئێران بەیاننامەیەک دەردەکەن و جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنن. هێمن یەکێک دەبێت لەو ئەندامانە و بەهەر هۆیەک بێت پشتگیرییان دەکات. ئەم دەستەیە پاشتر بە ناوی "تاقمی حەوتکەسی"یەوە ناویان بڵاودەبێتەوە. زۆر نابات هێمن بڕیار دەدات کە خۆ لە کاری حیزبایەتی بدزێتەوە و لە بواری ئەدەب و نووسیندا خزمەتی نەتەوەکەی بکات.

بەدرێژایی ساڵانی ١٨٧٩- ١٩٨٦ هێمن لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنەکاندا لە شارەکانی سنە، کرماشان، ورمێ و مەهاباد...دا چالاکانە بەشداریی دەکات و بە شیعر و وتاری جوان ئەو بۆنانە ڕازاوە دەکات. سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ چەند شاعیر و نووسەردا وتوویژ دەکات و پێیان دەڵێت با بە هەمووکان هەوڵبدەین دەزگایەکی چاپەمەنی ساز بکەین و گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبی کوردیی تیا چاپبکەین. هەر بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ چەندین کاربەدەستی حکومەتی ئێراندا قسەوباس دەکات و هەوڵدەدات کە ڕەزامەندیی ئەوان بەدەستبێنێت. ئەم وتوویژ و هەوڵانە درێژەدەکێشێن و حکومەتی ئێران بە بیانووی جۆراوجۆر داواکەیان ڕەتدەکاتەوە. بەڵام هێمن و هاوکارەکانی کۆڵنادەن تا سەرەنجام بە ئیمکاناتێکی کەمەوە بنکەیەک بە ناوی "ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی- ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەیوبی" لە ورمێ دادەمەزرێنن و گۆڤارێک بە ناوی سروە دەردەکەن. هەتاکو هێمن خۆی لە ژیاندا دەبێت، چوار ژمارە لەو گۆڤارە دەردەکەن. پاشتریش کەریمی قەیومی و چەند نووسەر و شاعیری دڵسۆز لەسەر دەرکردنی سروە بەردەوام دەبن. ئینجا دەستبە چاپکردنی هەندێک کتێب دەکەن و وردەوردە کارەکانیان گەشەپێدەدەن و بەنیاز دەبن زیاتریش گەورە و فراوانی بکەن. بەڵام لەگەرمەی کارکردنیاندا شەوی ١٨ لەسەر ١٩ی ئاوریلی ١٩٨٦ لە شاری ورمێ هێمن کۆچی دوایی دەکات. بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ١٩ی ئاوریلی ١٩٨٦ تەرمەکەی بەرەو مەهاباد بەڕێدەکرێت. پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە مەراسیمێکی پڕشکۆدا و لەنێو ئاپۆرەی جەماوەردا لە گۆڕستانی بوداق سوڵتان دەنێژرێت.

* * *

بۆ نووسینی ئەم کورتە بیۆگرافیایەی هێمن سوودم لەم کتێب و وتار و لێکۆڵینەوانە وەرگرتووە:

١) هێمن، "لە کوێ وە بۆ کوێ؟"، تاریک و ڕوون، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، بەغداد، ١٩٧٤.

٢) هێرش "سلێمانی چیرە"، هێمن و من، سوید، ١٩٩٢.

٣) کەریمی حیسامی، یادی هێمن، لە بڵاوکراوەکانی سەردەمی نوێ، سوید، ١٩٨٧.

٤) کەریمی حیسامی، لە بیرەوەریەکانم ١٩٧٠-١٩٧٥، بەرگی چوارەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٠. (هەروەها سوودم لە بەرگەکانی پاشتریش وەرگرتووە).

٥) ناسری ڕەزازی، یادێک لە مامۆستا هێمن، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژمارە ٢٢، هاوینی ١٩٩٤، ل. ٦٩-٧٦.

٦) شەوی شین، وتوویژ دەگەڵ خێزانی مامۆستا هێمن، ئامادەکردنی: مێهری پاکزاد، نووسینەوە و پێداهاتنەوەی: هێدی، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ١٥، بەهاری ١٩٩٧، ل. ٤٩-٥٢.

٧) وتوویژێکی بڵاونەکراوە دەگەڵ مامۆستا هێمن، پێشەکی: ئەحمەدی شەریفی، ئامادەکردنی: سەید سمایلی حوسێنی، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٢٣، بەهاری ١٩٩٩، ل. ٣٧-٤٢

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە / ڕێکەوتی : ١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦

# لە یادی بیست و پێنج ساڵەی کۆچی دوایی "مامۆستا هێمن"دا

ئاشق

(ئەم وتارەم بۆ سێمیناری " یادی مامۆستا هێمن" ، کە ڕۆژی ٢٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦ لە شاری "ستۆکهۆڵم" بەڕێوەچوو، ئامادە کردوە و هەر لەو سێمینارەش دا خوێندوومەتەوە).



بۆت نووسیوم بۆت بنووسم ئەمن چیم
دوندی قەندیل، گۆڕەپانی هەڵگورد نیم
بەرەو بەرزایی دەچم، گەرچــی وردم
خاکی بەر پێی تێکۆشـــەرێکی کوردم

ئەمڕۆ ئێمە، لێرە، یادی بیست ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمنی نەمر دەکەینەوە. بێگومان هەرکام لە ئێمەش کە دێینە سەر ئەم سەکۆیە و بەم بۆنەیەوە قسە دەکەین، هەوڵ دەدەین ئەوەندەی لە دەستمان بێ، بەرهەمەکانی هێمن هەڵسەنگێنین و ئاسەوارەکانی بنرخێنین، بەڵام داخوا مەودای بیر، بڕستی خەیاڵ و توانای لێکدانەوەی بۆ وێنە منی دەستکورت و ئەوینداری شێعری هێمن، ئەوەندە یارمەتییم دەکەن کە وێنەیەکی ڕوون لە دنیای بەرینی بیری هێمن بخەمە بەرچاو و ئاستێکی تەواو و ڕاست بۆ پلە و پایەی زمانزانی، ناسکوێژی، نیشتمانویستی و هێزی تاریفی سروشت و ڕادەی ڕەوانوێژی و پشوودرێژیی ئەو لە شێعر و ئەدەبی کوردی دا دیاری بکەم؟ بێگومان نا. لەو ڕێگایە دا من دەتوانم تەنیا پیادەیەکی هاوڕێی کاراوانی ئۆگرانی شێعری هێمن بم، کە لەقەدەر هێزی پێی هەنگاو داوێ، جارێ تەنیا چەند مەنزڵێکی ئەو ڕێگایەی پێواوە و بۆ سەرمنزڵی مەبەست زۆری ماوە. ئاخر هێمن تەنانەت دوای مەرگیشی هەروەک خۆی لەو شێعرە دا گوتوویەتی، بەردەوام بەرەو بەرزایی دەڕوا و لووتکەیەکی دیاریکراو ناناسێ کە لە سەری بگیرسێتەوە و بوەستێ. ئەوە نیە ئێستا دوای تێپەڕینی دوو دەیە لە کووژانەوەی چرای تەمەنی، هەزاران مۆمی بیرەوەریی لە دڵی ئەویندارانی بەرهەمەکانی دا بۆ هەڵدەکرێ و لێرەو لەوێ، لە هەرشوێنێک کە کوردی لێدەژی، و لەو کوردستانە پارچە پارچە کراوە بە "بستوو سنوور بۆ دیاریکراوە"ی کە کانگای ئەوین و سەرچاوەی ئیلهامی شێعری ئەو بوو، کچان، کوڕان، پیاوان و ژنانی کورد، شێعر و بەرهەمەکانی دەکەنە سوکناییدەری هەناوی تینووی ئەدەبیان، لە ڕێگای ئەوین، ژیان، خەبات بۆ سەربەستی و نەهێشتنی دیلی و ژێردەستی دا تین و توانایان لێوەردەگرن، لێکیان دەدەنەوە، توانانامەی زانستگەیان لە سەر دەنووسن و وشەی پاراوی کوردییان لێفێر دەبن! بڵێی ئەو دوو شێعرەی مامۆستا، هەرچەند مەبەستی سەرەکیی ئەو تاریفی بارودۆخی کورد بە گشتیی بێ، زمانی حاڵی خۆی و شێعرەکانیشی نەبن کە دەڵێ:

کێ وەکوو من سارد و گەرمـــــــــی ڕۆژگـاری چێشتوە
گا لە دەشتی گەرمەسـێر و گـــا لە کوێســـــتانی گەدەم
وەک شەپۆلی زێی خوڕم، ســـــاتێ هـــــــەدادانم نیە

گێژ دەدەم، پێچێ دەدەم، من ڕۆڵەکوردی ئەم ســـــەدەم
ئاگری سینەم بڵێسەی دێ و وڵات ڕۆشـــــــــن دەکا
ئەو دەمەی خۆم وەک دڵۆپێک دەچمە نێو دەریای عەدەم

بەڕێزان!

نێزیک بە دە ساڵ پێش ئێستا، واتە ساڵی ١٩٩٧ی زاینی دەرفەتی بڵاوکردنەوەی زنجیرە بەرنامەیەکی شێعرو ئەدەبم لە تەلەویزیۆنی کوردیی" مەد" بۆ هاتە پێش. بەرنامەکەم ناونابوو "سەفەرێک بۆ جیهانی شێعر و ئەدەب". باسێکی کورت لە سەر مامۆستا هێمنی مەزنم کردبوە یەکەم ئاڵقەی ئەو بەرنامەیە و بۆ پێرۆزیوەرگرتن، مامۆستا هێمنم کردبوە سەرقافڵەی کاروانی ئەو سەفەرە. بەشێک لەو باسە دەکەمە نێوئاخنی ئەم لێدوانەی ئێستاشم.

لە گەڵ تەیری تیژباڵی سنوورنەناسی خەیاڵ دەچینە سەفەرێکی دڵبزوێن. دەڕۆین تا برینی دەردوخەم بە مەرهەمی وشەی جوان و سوکنایی‌دەری کوردی تیمار کەین. دەڕۆین تا دەمێک لە ژێر شوێنەواری بیرلاوێنەرەوەی بەرهەمی شاعیرێکی ناسکخەیاڵ دا خەم و پەژارە لە بیر بەرینەوە و تاوێک مەست و سەرخۆشی بیستنی وشەی شیرین، بەیانی پاراو و تەعبیری بەرزی شاعیرانە بین.

دەچینە موکوریان، ئەو مەڵبەندە جوانەی کوردستان کە گەلێک شاعیر و ئەدیبی ناودار لە باوەشی دا چاویان کردۆتەوە، پێگەیشتوون و لە ئاسمانی ئەدەبی کوردی دا درەوشاونەوە. دەچینە خزمەت شاعیری گەورەی کورد مامۆستا هێمن. گەشتێک بە نێو گوڵزاری بەرهەمەکانی دا لێدەدەین و لە جوانی و بۆن و بەرامەی شێعرەکانی بەهرە وەردەگرین. لە "تاریک و ڕوون"ی بەیان دا گوێی دڵ بە "ناڵەی جودایی" دەسپێرین و لە باغی پڕبەرەکەت و خێروبێری پیری تەریقەتی شێعر و جوانی و ئەوین دا" پاشەرۆک"ی پوخت و بە بایەخ دەستچن دەکەین و بۆ دڵی تامزرۆی بە دیاری دێنینەوە.

جوانکاری و ڕێکخستنی ڕواڵەت و نێوەرۆک لە شێعری هێمن دا وەستایەتییەکی تایبەت بەو شاعیرەیان تێدا دەناسرێتەوە. بۆ وێنە بڕوانە لە پارچە شێعری "چارەنووسی شاعیر" دا، مامۆستا چۆن بیر و ویستی شاعیرانەی خۆی لە گەڵ کۆمەڵێک پەندی پێشینیان تێکەڵ دەکا و چ دیمەنێکی جوان دەخولقێنێ.

لە سەر بەفرێ بەکار نایە وەکوو بیستوومە داوی ڕەش
لە سەر کۆڵمەت ئەدی بۆ دڵگرە ئەو بســـــکە تاتایە
هونەر ناتوانێ جوانیی تۆ بە هیچ شـــــێوێکی بنوێنێ
لە مەڕمەڕ چۆن دەتاشرێ هەیکەلی ئەم بەژن و باڵایە
بە ڕیشی بۆزەوە سوژدەی دەبەم من بــۆ جەماڵی تۆ
ئەدی بۆچی دەیان گوت دار کە پـــــیر بوو تازە دانایە

هەر لەو پارچە شێعرە دا مامۆستا ئاماژە بە ڕاستییەکی تاڵ دەکا، ئەویش ژیانی ناخۆش و پەرێشانی هونەرمەندان و شاعیرانی کورد و بێبرەویی کاڵای هونەر لە بازاڕی ژیانی سەردەم دایە، کە ڕاستەوڕاست ڕەنگدانەوەی کەسەر و خەفەتی دڵ و داستانی ژیانی خۆشیەتی:

دەزانی بۆچی من هێندە پەرێشان و خەفەتـــــــبارم
لە بازاڕی ژیان غەیـــری هونەر نیمە چ سەرمایـــــــە
بە تووتووش تووشی مەکتەب بۆ دەهاتم من کە زانیبام
خەفەت، مەینەت، کەسەر، حەسرەت، بەشی ئینسانی زانایە
لە گەڵ چارەڕەشی و دوورەبەشی و مەینەت دەبێ هەڵکەم
لەمێژە چارەنووسی شاعـــــــیرانی کوردی هەر وایە

بێ گومان ئێمە نامانەوێ بە هێنانەوەی ئەو چەند نموونەیە لەم باسە زۆر کورتە دا بڵێین هێمن دەناسێنین، چونکە:

لە لایەکەوە هێمن پێویستیی بە ناساندن نیە. ناو و ناوبانگی ئەو شاعیرە مەزنە و بۆن و بەرامەی گوڵی شیعرەکانی لە گەڵ سروەی بەیانانی بەهاران دە گەرمێن و کوێستانی کوردستان گەڕاون، گەیشتوونە زۆربەی هەرە زۆری بڵاوکراوەکان و بەهرەیان کەم و زۆر بە هەموو ئەو ئەویندارانە بەخشیوە، کە دڵیان بۆ شێعر و ئەدەبیاتی کوردی لێدەدا و لە بازاڕی هونەر دا کڕیاری حەسڵە گەوهەرن.
لە لایەکی دیکەشەوە ئاشکرایە هێمنناسی و لێکدانەوەی گشتی لە سەر ئاسەوار و بەرهەمەکانی هێمن، نەک لە کات و باسێکی ئاوا کورت دا، بەڵکوو بە شێنەیی، بە تەرخانکردنی کاتی پێویست و لە درێژخایەن دا بە نووسینی کتێب و وتاری زۆر دەکرێ. ئەم باسە دەتوانێ تەنیا بە یادکردنەوەیەکی گەلێک کورت دابنرێ، کە ڕەنگە بکرێ ناوی" گوڵێک لە گوڵزارێک" یان "دڵۆپێک لە ڕووبارێک"ی لێبنرێ.

بەرچاوترین و لە هەمانکات دا گەورەترین تایبەتیی شێعری هێمن ئەوەیە کە بە زمانی پەتی و ساکاری کوردی گوتراون، ئەوەندە پاراو و ڕەوان کە جووتێرێکی لادێی دەتوانێ وەک خوێندەوارێکی شارەیی تێیبگا وە چێژی لێوەرگرێ. هێمن نە بۆ چینێکی تایبەتیی شێعر گوتوە و نە ویستوویەتی ڕێبازی "هونەر بۆ هونەر" ڕەچاو بکا و بەم چەشنە مەیدانی تێگەیشتن لە شێعرەکانی بەرتەسک بکاتەوە. ئەوەش بە بڕوای من یەکێک لەو هۆیانەیە کە "هێمن" ناوی "شاعیری گەل"ی لێدەوەشێتەوە.

لە سەر خوانی شێعری هێمن، هەرکەس ، لە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵی کوردەواری، مادام ئۆگری شێعری کوردی بێ، بەشی هەیە و بەهرە وەردەگرێ. جوانیی ئەو زمانە ڕەسەنەش کاتێک دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، کە شوبهاندن و زاراوەی شاعیرانە، داهێنەرانە و تازەی تێدا بە کار دێ.

باسەرنجێک بدەینە ئەو دووـ سێ بەیتە لە پارچەشێعری " ئاسۆری تەشەنا" کە بە شێوەی ئاسایی شێعری هێمن هەم زمانی دەربڕینی تێدا جوانە و هەم تاریف و نێوەرۆکی تێدا بەهێزە:

وەرە مەیگێڕ دەمەوێ ئەوشۆ خەمی دڵ کەم کەم
لووزەوم بەردە سەرێ، نامەوێ جورعەی کەمکەم
تەشەنا بۆتەوە ناســـــــۆری دەروونم دیسان
زامی کۆنە و بە مەی کۆنی دەبێ مەرهـــەم کەم
مشتومالی دەوی ئاوێنەی ژەنـــــگاویی خەیاڵ
مەست و گێژم کە، هەتا گاڵە بە جامی جەم کەم
ئێستە بۆ چاری خەمم گۆشەی مەیـــخانەیە جێم
من کە ڕۆژێ دەمەویست میللەتەکەم بێخەم کەم

هێمن وەک هەموو شاعیرەکانی دیکە ئاوات و ئارەزووەکانی خۆی دە شێعرەکانی دا باس دەکا، بەڵام ئەو ویست و ئاواتانە زۆرتر چوارچێوەیەکی گەلێک بەرینتریان لە ویستی شەخسی و تاکەکەسی هەیە. ئەو وەک شاعیرێکی بەرپرس، باری گرانی مەینەت و ژێردەستی لە سەرشانی نەتەوەکەی هەست پێدەکا و هێز و بڕستی بیرکرنەوە و توانای شاعیریی خۆی بۆ بەیانی هەموو ئەو خۆشی و ناخۆشییانە و خەم و شادییانە تەرخان دەکا، کە لە ژیان و مێژووی نەتەوەکەی دا شاهیدیان بوە و هەستی پێکردوون.

نێوەرۆکی شێعری هێمن هەر لە سەرەتاوە لە قالبی وشکی نەریتی هاتۆتە دەر و نوێ و پێشکەوتنخوازانەیە. زمانی شێعری هێمن تەنانەت ئەو کاتەش کە هۆی دەربڕینی هەستی سروشتیی دڵداری و ئەویندارییە، لە باسی خەبات و ئازادی و چارەنووسی وڵات و نەتەوە و تاریفی سروشتی جوانی کوردستانی خۆشەویستی دانابڕێ. بە ڕاستیش ئەو شاعیرە زمانپاراوە گەلێک سەرکەوتوانە توانیویەتی ئەو ڕێبازە، واتە، تێکەڵکردنی ئەوین و سروشت و خەبات لە ژیانی ئەدەبیی خۆی دا گەشە پێبدا و ئەوەش یەکێک لەو تایبەتییانەیە کە شێعری هێمن دەگەیەنێتە لووتکەی جوانی و بەهێزی.

تایبەتمەندییە لە زۆربەی شێعرەکانی هێمن دا ڕەنگ دەداتەوە. نموونەیەکی جوان لەو هونەرە، لەو چەند شێعرەی گوڵبژێر لە "فرمێسکی ڕنوو" دا ببینە:

ئەو شاعیرم، جوانپەرستم، دڵتەڕم، شێـــتم لە شۆق
کێوی بژوێن، دیمەنی جوان، دەشتی ڕەنگینم دەوێ
من بە فرمێسکی ڕنووی کوێستانی کورد پەروەردە بووم
کوڵمی سوور و چاوی شین و سینگی بەفرینـم دەوێ
خۆشەویستی من کچە کوردێـــکە پاک و نازەنین
باغەوانە پیرەم و باغی بە پەرژیـــــــنم دەوێ
نایەڵن قەت چێـــــــژی ئازادی بچێژم من دەنا
خوێنی شیرینم دەوێ، کوا تەرمی خوێـــنینم دەوێ

ئایەڵن ئاسوودە دانیـــــــــــشم لە لاپاڵی چیام
قاسپەقاسپی خاسەکەو بێ، گرمــــــەی مینم دەوێ؟
هەڵپەڕین و پێکەنین دەبزێوێ هەســــــــتی ناسکم
کوا دڵی پڕ ئێش و ئۆف و جەرگی بە بریـــنم دەوێ؟
جێی گەرم، پاڕووی نەرم خۆشە، بەڵام بۆ مافی خۆم
سێبەری ئەشکەوتی سارد و نوێنی بەردیـــنم دەوێ

هێمن نە خوێندنی بەرزی هەبووە و نە زانستگەدیتووش بووە، لە گەڵ ئەوەش بە بڕوای من هێمن سوارچاکێکە زەحمەتە مامۆستای زانستگە هەبێ بتوانێ لە "مەیدانی شەڕانخێوی"ی وشەی کوردی دا تۆزی پێی بشکێنێ و بێگومان لە ئایندە دا بەرهەمەکانی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبنە جێگای کەلکلێوەرگرتنی مامۆستایانی زمان و کتێبە دەرسییەکان دەوڵەمەند دەکەن. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە هێمن هەر لە سەر دەمی منداڵییەوە نێو کۆمەڵی کوردەواری، بە تایبەت دێهات و هەوارو هۆبە و مەجلیسی پیر و کەیخودا و مامۆستاکان و مزگەوت و حوجرەی کردۆتە زانستگەی خۆی، لە گەڵیان ژیاوە و وشەی ڕەسەنی کوردییان لێفێر بوە.

تەنیا سەرنجدان بە چەند شێعرێکی ناڵەی جودایی، بۆمان دەردەخا کە وشەی کوردی چەند لە دەستی هێمن دا دەستەمۆ بوە، کە وەک ملوانکەیەکی مرواری هۆندوونیەوە.

ڕێگە دەبڕم، کوانێ هەنــــــــــگاوم شلە
ڕاستە بێهێزم، دەکــــــەم ئەمــــا ملە
هەر دەپێوم کێو و شاخ و چــــۆڵ و دەشت
دێم بەرەو کانی، بەرەو بـــاخی بەهەشت
دێم بەرەو زیخ و چەو و کانـــــیاوی خۆم
چۆن لەوانە وەردەگێڕم چـــــــــاوی خۆم
دێم بەرەو ئەو داروبـــــــــەردو بەندەنە
دێم بەرەو ئــــــەو باغ و مێرگ و چیمەنە
دێم بەرەو زورک و تـــــەلان و کەندولەند
دێم بەرەو بژوێن و زەنـــــــوێر و زەمەند
دێم بەرەو پانــــــــاوک و هەوراز و نشێو
دێم بەرەو ئەشـــکەوت و زەندۆڵ و پەسێو
دێم بەرەو بەفر و چـــلوورە و بەستەڵەک
دێم بەرەو شـــیخاڵ و ڕێچکە و ڕەشبەڵەک
دێم بەرەو لــێڕ و چڕ و بەســـــتێن و چۆم
دێم بەرەو هەڵــدێر و گێژ و بەنـــد و گۆم

دێم بەرەو هۆبە و هەواری باســـــــەفا
دێم بەرەو لادێ، بەرەو کانـــــــگەی وەفا

ژن لە شێعری ماموستا هێمن دا سەرچاوەیەکی بەرین و بنەڕەتیی ئیلهامە و جوانیی ژن ڕووحێکی ناسک و نێوەرۆکێکی نەخشین و نیان بە شێعرەکانی دەبەخشێ. دیارە پەری شێعریش کە ماموستا زۆر جار باسی دەکا، بە سروشت کچێکی جوانە کە جاروبار نازی لە سەر دەکا و دە ژوانی خەیاڵی شاعیرانەی نایە.

بەڵام ئەی فریشتەی جوانی
ڕێگبێ ئەم نوکتە نەزانی
پەریی شێعر وەک کچی جوان
بۆ پیاوی پیر نایەتە ژوان

کاتێکیش کە قسە دێتە سەر مافی ژن، ئەو بێئەوەی ڕواڵەتێکی ڕووتی ڕووناکبیرانە بە خۆوە بگرێ، و خۆی پێوە ڕابنێ، بە زمانێکی ساکار و ڕەوانی کوردی کە وەک گوتمان شوانێکی نەخوێندەواریش بۆی لێکدەدرێتەوە، دەڵێ ئیدی دەوری چەوساندنەوە، بێبەشکردن و بە نیوەمرۆڤزانینی ژنان بە سەرچوە و ژن لە مەیدانی تێکۆشان و لە نێو کۆمەڵ دا هیچ شتێکی لە پیاوان کەمتر نیە و دەبێ ئازاد بێ. لە شێعری "یادگاری شیرن" دا کە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، واتە ٦١ ساڵ پێش ئیستا دایناوە، دەڵێ:

با هەزار (زێ) و (گادەر) و (لاوێن)ی ڕوونیشمان هەبێ
تاکوو ژن ئازاد نەبێ، سەرچـــــــاوەکەی ژین لیخنە
کۆیلەتی باوی نەماوە کـــــــیژی کوردی خۆشەویست!
ڕاپەڕە، هەستە لە خەو، ئاخـــــــر چووەختی خەوتنە

یان دواتر لە ساڵی ١٣٥٨ دا دەڵێ:

من تەشیرێسێکی وەک شــــــیرنی وەفاییم بۆ چییە؟
کیژی وریای چاوکراوەی فـــــێرەزانــــــــینم دەوێ

مەسەلەیەک کە پێموایە پێویستە ئاماژەیەکی کورتی پێبکەم ئەوەیە، کە ژیانی ماموستا هێمن لانیکەم لە کاتی لاوەتییەوە تا قۆناخێکی کورتی کۆتایی تەمەنی لە گەڵ سیاسەت تێکەڵاو بووە و تەنانەت بیر و تێکۆشانی سیاسی بوونە هۆی گەشەکردنی تێکۆشانە ئەدەبییەکەشی. نازانم بۆ هێندێک کەس دەڵێن خۆزیا هێمن هەرگیز خۆی دە سیاسەت هەڵنەقوتاندبا. لە حاڵێک دا ئەگەر سیاسەت و بەشداربوون لە خەباتی سیاسی لە ڕێگای نەتەوەکەی دا نەبوایە، زۆربەی هەرەزۆری شێعرەکانی هێمن هەر لە دایک

نەدەبوون. هێمن سیاسەتی بە ئەندامبوون لە کۆمەڵەی ژـ ک دا دەستپێکردوە و دواتر بە تێکۆشان لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا درێژەی پێداوە. دە ساڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دوو ساڵ ئەندامی دەفتەری سیاسیی ئەو حیزبە بووە.

لە پێوەندی لە گەڵ کێشەیەک کە ساڵی ٥٩ ، دوای جیابوونەوەی حەوت کەس لە ڕێبەرایەتیی حیزب، بۆ ماموستا هێمن پێکهات و ئەو و حیزبی دێمۆکراتی لێکدوور کردەوە، هێندێک بۆچوون دەربڕاون و دەردەبڕین کە جاروبار زێدەڕەوییان تێدایە و زۆرتر ڕا و داوەریی شەخسیی خاوەنەکانی ئەو بۆچوونانەن.

دیارەهەرکەس هەرچۆنێک بیر دەکاتەوە و دەنووسێ، ئازادە، بەڵام با لەبیرمان بێ، وانەکەین لەو بارەوە ئەو شێعرە بەرزەی مەولەوی کە ماموستا هێمنی خۆشەویستمان ئیلهامی بۆ نالەی جودایی لێوەرگرتوە، بمانگرێتەوە کە دەڵێ:

هرکسی از ظن خود شد یار من
از درون من نجست اسرار من

بە بڕوای من ئەگەر ئەو ڕووداوەی ژیانی ماموستا هێمنیش لە لایەن لێکۆڵەرەوەیەک، یان کەسێکی هەڵسووڕ و ئاگاداری barودۆخی ئەو سەردەمە ناسکەی خەباتی گەلەکەمان بە شێوەیەکی بێلایەنانە و وەک خۆی باس بکرێ، ئەوە باشە و دیارە بمانەوێ و نەمانەوێ دەکرێ و دەشبێ بکرێ، بەڵام ئەگەر تەنیا بە مەبەستی کوتانی حیزبی دێمۆکرات، یان پاکانە حیسابی کۆن لە گەڵ ئەو حیزبە بێ، یان بە پێچەوانەوە حەریمی حورمەتی ماموستا هێمنی تێدا بشکێ، ئەوە نەک هەر باش نیە، بەڵکوو پێموایە زوڵمێکە لە هەردووک لایەنی باسەکە دەکرێ و ئاکامێکی باشیشی لێوەرناگیرێ.

ڕاستییەکەی ئەوەیە هەڵسوکەوتی ئەو کاتەی حیزب لە گەڵ ماموستا هێمن ـ کە لە ڕوانگەی ڕێبەرایەتیی ئەو کاتەی حیزبەوە سەرچاوەی دەگرت ـ نە ڕەوا بوو و نە لە نێو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبیش دا جێی گرت. لە بەرامبەر دا ماموستا هێمنیش وەک هەموو ئینسانێک کە ئیمکانی هەڵەکردنی هەیە، هەڵەی کرد، هەڵەیەک کە نەدەبوو بیکا. ئەندامانی حیزب پێیانوابوو کە ماموستا هێمن جێگای لە سەرەوەی کێشەکان بوو و جێی خۆی نەبوو خۆ دەو کێشە نێوخۆیییە بگەیەنێ کە دەو barودۆخە ناسکە دا بەرۆکی بزووتنەوەکەمانی گرت و بە ئاشکراش بە سوودی دوژمن بوو و زەبری لێداین. بەهەرحاڵ وەک دواتر دیتمان ماموستا هێمن هەروا وەک شاعیری گەل و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران مایەوە.

من پێموایە وا باشترە برینەکۆنەکان نەکولێنینەوە. بێگومان نەوەکانی ئایندە ماموستا هێمن لە ڕووی بەرهەمە پڕبایەخ و نێوەرۆکەکانیەوە کە گەنجینەیەکیان لە ئەدەبیات و زمانی کوردی دا زیاد کردوە، دەناسن، بەهرەی لێوەردەگرن، و دەرسی خەبات و تێکۆشانی لێ فێر دەبن.

بەدی دەکەم. بیری ماددی نەیتوانیبوو ڕوانگەیەکی جوانیناسیی فرەوان بدا بە هێمن. لە دوو شتی هێمن من خۆشم نەهات. یەکەم فەلسەفەی جوانیناسییەکەی:

جیلوەی جوانی لە هەر چیدا هەبێ خۆشمەدەوێ
ڕۆژێ کوشتەی مینی ژۆپ و ڕۆژێ گیرۆدەی شەدەم

حەز دەکەم ڕەخنەی لێبگرم چونکە مەودای جوانیی ئەم جیهانە و ئەم هەبوونە ئەوەندە بەرتەسک نییە کە لە فاسیلەی نێوانی مینیژۆپەوە هەتا شەدە دابڕێتەوە.

دووەم، بە مەی هەڵگوتن کە دەڵێ مەی حەلاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ. لێرەدا شاعیر شەرع دادەنێ. کەسێکی کلۆڵ و داماو و بێهیز و چارەڕەش و تێهەڵدراو و شکستخواردوو کونجی مەیخانە هەڵبژێرێ و لەو مەیەی کە مرۆڤ بێهۆش دەکا و لە شووشەیدایە و دەرسەدێکی باڵای ئاڵکۆڵ تێدایە بخواتەوە ئەوە ئیدیالێکی بەرز نییە و لەگەڵ کوردایەتییەکەیش خزمایەتیی نییە.

لە بەرامبەردا هێمن نبووغێکی هەیە کە هیچ زمانێک ناتوانێ گەورەیی یەکەی وەسف بکا. تەنیا مەگەر بڵێی ئەو بەهرەیە نیشانەیەکە لە هەدیەی خوداوەند بۆ بەشەرە:

خۆی هەڵکێشا لە ڕندۆڵان
لە ترسان مار بە پەلە پەل
لە پەرپەرۆچکەی عاسمانێ
دیاریی دا تارمایی خەرتەل

بەڕاستی ئەوە ئیسباتی دەکا کە شیعر ئیستیعدادە و لە هەموو کەسدا نییە. چونکە هەن کە دەڵێن بە تەمرین دەبیە شاعیر. ئەوە مەوزووعێک بوو کە لە نێوان برای خۆشەویستم ماموستا نزار کوێستانی و یەکێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی ڕەنجبەرانی ئێراندا هاتبووە گۆڕێ. ناوبراو دەیگوت لە نیزامێکی پرۆلیتەریدا دەوڵەت بۆت دیاریدەکا کە مەسەلەن تۆ شاعیر بە! بەوی دیکە دەڵێ تۆ کرێکار بە، تۆ شۆفیر بە و... هتد. ماموستا کوێستانی دەیگوت شیعر بەهرەیە و کە لە سروشتتدا پێت نەدرابێ و لە ناختدا نەبێ بە تەمرینکردن و بە فەرمانی کاربەدەستان لە دەروونتدا دروست نابێ. هەردوو لا بە توندی لەسەر بۆچوونی خۆیان تەئکیدیان دەکرد. بەڕاستی من بۆ تەئییدی لایەنی یەکەم بە کافیی دەزانم جوانی و ڕەوانیی و لەتیفیی شیعرەکانی ماموستا هێمن بکەمە بەڵگە و بڵێم شیعر بە هەموو کەس ناگوترێ.

[١] خانووی "خوداپەرەست" بە خانووی ئەحمەدی خوداپەرست دەگوترا کە حیزب بنکەی کۆمیتەی ناوەندی لەوێدا دانابوو.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦

# چۆن دەتوانم ئەمن بڵێم ئەتۆ چی...

**مەرزە جەوانمەرد**

زمان بێجگە لەوەی کەرسەییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ گەشەکردن و پێگەیشتنی هەر ئینسانێک، هەروەها کەرەسەیەکیشە بۆ پێکهێنانی ڕۆحی هاوبەش لەگەڵ ئینسانی تر.



وەک دەزانین زمان کوردی لە لایەن گەلێکەوە کەلکی لێوەردەگیرێ کە ئەو گەلە زۆر زیاتر لە گەلانی تری جیهان پێویستی بە گەشەکردن و پێگەیشتنی ڕوحی هاوبەش هەیە، هەروەها لەمەش زیاترپێویستی بە شیکردنەوەی ناخی ڕوحی هاوبەش هەیە، تاکوو پڕبەهاترین و قووڵترین هەست و بوونی خۆی دەرببڕێ. دەربڕینێک کە نەتەوەکەی فرچکی پێدەگرێ.

هێمن یەکێک لەم تایانە دڵسۆزانەیە کە ئاگایانە شیرەی گیانی خۆی بەدم ئەم ساوایە کرد و، ژیانی خۆی بۆ تەرخان کرد و بە پێی لێزانینی خۆی پەروەدەی کرد.

هەست و ئەرکی دایکێتی قیمەتی لە سەر داناندرێ، منەت بە سەر کەسەوە نییە.

شێعری هێمن ئاوێنەی باڵبەژنی کوردستان و هەناسی کوردە. شێعرێ هێمن مەڵبەندێکی تەنگەبەر نییە بەڵکوو باخێکی بە پەرژینە بە چوار وەرزەوە، شادی دەبینێ و ئازار دەکێشێ، لە سەر تەخت دادەنیشێ و ملی بە پتدا دەکرێ، سەردانی هەژاران دەکا و دەرگا لە سەر خوێنمژان گاڵە دەدا، دەستی کچەمیر لە دەست کوڕە پاڵە دەنێ، لە سوێنگەی خۆشەویستیدا باوەڕێ گاور و، موسوڵمان وەردەگێڕێ، حەیای ئاغا دەباتە سەر لکی دار و، دەردی نەداری دەکوولێنێتەوە، شینی شەهیدانی لەخوێنگەوزاو دەگێڕێ و، لە گاوانیدا چاو لە ئاسۆی ڕوون دەبڕێ.

هەناسەی هێمن دەێ و دەڕوا، بە مەبەستێکی تایبەت هەگبەیەکی لە کۆڵی خۆی بەستووە. بە وشەی پڕبەها و ڕوون و پڕمانا دەیئاخنێ و، بە هزر و هەستی خۆی و بە بێ خەوشیی، بۆ گەڵی خۆی دەخوێنێ و لە یەکتریان نزیک دەکاتەوە. چاوی لە چەهچەهە و زێڕوەشانی بێگانە نییە. نە هەلخوازە و نە تێیچێینەر. زایەڵەی زەنگوڵەی دەنگی زیاتر و زیاتر دەگاتە گوێی ڕاستخوازان و، بە شێوەییەک لە شێوەکان گەشە بە پاکی و سەداقەت دەدا.

ئەدەبیاتی هێمن ئەدەبییاتێکی ئینسانی و نەتەوەییە، مردن هەڵناگرێ و، کات و زەمان ناناسێ.

سرووشتییە ئەو بابەتانەی هێمن کاری لە سەر کردووە، لە سروشتی جیاواز ڕا هاتبێ و تەنانەت شێوەی دەربڕینی جیاوازیشی هەبێ. بەڵام گرینگ ئەمەیە تا تاڕادەییەکی تەواو بە قووڵی پێوەندی بە دۆخی ڕووحی، کەساییەتی و، ئەزموونی ژیانی ئەو داهەیە. شێعرەکانی تەنانەت ئەگەر هەست و ئیشتیای کات و ساتی تایبەت بە خودی ئەویشی تێدابێ بەڵام هەر دیسان لە قالبی تاکەکەسیدا جێی نابێتەوە.

هێمن یەکێک لە شاعیرە چەند لایەنەی ماندوونەناسی مێژووی ئەدەبییاتی کوردە کە دەتوانم بڵێم لە سەر هەموو بابەتێک هەڵبەستی ڕێئالیستی هەیە. ئەویش نە ک لەبەر ئەوە کە ئەم بابەتانە بە تاقیبکاتەوە، بەڵکوو لە بەر ئەوەی کە هیچ شتێکی ئەم کۆمەڵگایەی بەلاوە نامۆ نەبووە و، بە هەستیارییەوە باسی لێکردوون. هێمن خۆی کردە خزمەتکاری گەنجینەییەک کە هەرگیز لە خزمەتکردن و جوانکردنی ماندوو نەبوو، وردکە زێڕی لێکرد بە شمش، دووڕ و، گۆهەر.

دەتوانم بە ڕاشکاویی بە ئەو ڕەخنەگرانەی کە پلار لە هێمن دەگرن و، بە کەفهەڵقوڕین، درووشمچی ناوی دەبەن و یان بەوە تاوانباری دەکەن کە وەک کەرەسەییەکی سێکس ڕوانیویێتی ژن، دەتوانم بڵێم؛ ڕەخنەی ئایدۆلۆژی لە باشترین حاڵەتدا قورساییەکەی دەچێتە نێو ئانالیزییەکی ئایدۆلوژییەوە تاکوو ئەوەیکە بچێتە نێو قاڵبی هەڵسەنگاندنێکی بەرهەمی ئەدەبی. ئەم تاقمە ڕەخنەگرانە لە تاوتۆییەکانیاندا بێجگە لە یەک ڕیز چەمکی نۆی کە بەڕاستی تەنیا سەرەگێژەی بۆ ئەوان سازکردووە، هیچی تریان پێنییە، هەر بۆیە تاکوو ئێستە ئەم پێشەنگانە بەم شێوە ڕەخنەگرتنانەیان شتێکی تازەی ئەوتۆیان نەدەواە بە خەزێنەی ڕەخنەی ئەدەبی کە حیسابی لە سەر بکرێ. هەروەها هەن کە هێمن بە لاساکەرەوە دەستنیشان دەکەن. بەداخەوە ئێمە زۆر جار ئەوەندە شەیدا و عەوداڵی بەرهەم و فەرهەنگی بێگانە و ناخۆیین، نەک هەرهیچ شتێکی باش لە بەرهەمی ئەدیبانی خۆماندا نابینین، تەنانەت نازانین چمان لیان دەوێ. ئەم بەڕێزانە لە من باشتر دەزانن کە گووتراوە؛ "لاساکردنەوە و دژایەتیکردن لە تایبەتمەندییەکانی زاتی ئینسانییە". ئەوانە ئەوەندەش دەزانن کە لە ئەدەبیاتدا "بدە و بستێنی ئەدەبی" هەیە و، هەروەها بە هۆی ئەوەیکە ئینسانان لە تەک یەکتر هاوحاڵەتی و، هاوبەشی ڕووحیان هەیە ویێکچوونیش سەرهەڵدەدا، نەک لاساکردنەوەی ڕووت و قووت. ئەدەبیات پڕ لە کاریگەری شاعیران و نووسەران لە سەر یەکترە، بۆ وێنە؛ کاریگەری ئەدبیات و شاعیرانی عەرەب لە سەر ئەدەبیاتی ئێرانی (لێلی و مەجنوونی عەرەبی لە سەر لێلی و مەجنوونەکانی فارسی، تەنانەت شێوەی گووتنی شێعری عەرەبی لە سەر شێعری فارسی). کاریگەری شێکسپێر لە سەر زۆر ئەدیبانی بە ناوبانگی جیهان وەک؛ ولتەر، تولستو و، ڤیکتورهوگۆ.

ئەدەبییات هونەرێکی ئاوەڵایە کە لە یەک ساتدا دەبێتە زمانێکی بڕیاردەر بۆ هەستێکی لەنەکاو، هەروەها لە هەمانکاتدا پڕ لەو دڵۆپانەیە کە بە درێژایی ژیان کۆبوونەتەوە. خاڵی دەستپێکی خوڵقاندنی شێعر لە چۆنییەتی تێگەیشتنی ئەم ساتە ڕا دەستپێدەکا. هەر بەم شێوەیە دەتوانێ خاڵی هەڵسانگاندنەکەشی لە چۆن تێگەیشتن لە ئەو ساتە ڕا دەستپێبکا و، ببێتە بۆچوونێکی هەمیشەیی. بە بڕوای من دووری زەمەنی ئەو دوو ساتانە واتا ساتی خوڵقاندنی شێعر و، ساتی خوێندنەوەی شێعر گرنگێکی ئەوتۆی نییە، بەڵکوو زۆر جار تامی زار و تێگەیشتن لە شێعرەکەیە کە بە سەر تاوتۆییەکاندا زاڵدەبێ. ڕەخنەگەرانی بازاریش لە ڕەخنەکانیاندا جیاوازی ڕاستییەکانی کۆمەڵایەتی، چەوتی و چەتوونی ڕۆژگار و، ڕووحی شێعرو شاعیریان بە لاوە گرینگ نییە.

ئەوانەی لە نزیکەوە کاراکتەری هێمنیان ناسیوە، بۆیان دەرکەوتووە ئەوەی لە هێمندا وجوودی نەبووە، لە شێعرەکانیشیدا وجودیان

نییە، واتا هەڵخەڵتاندن! شێعری هێمن یارمەتیمان دەدا وردتر بڕوانینە خۆمان چ وەک ئینسان و، چ وەک کورد. ئاساییە خەڵکێک هەبێ و، ئەم بۆچوونەی منی بە لاوە پەسەند نەبێ، بەڵام زۆر چەتوونە کەس هەبێ و، لەزەتی لە شێعری هێمن نەبردبێ.

خۆشەویستەکەی هێمن تاکە یەکێکە بەڵام، لە چەند بەرگ و لە چەند ناودا کە هێمن دایم بە دوایدا وێڵە. ئەو خۆشەویستە، ئازادییە، ئیشقە، خۆشەویستییە، سرووشتە، ژیانە و، نیشتمانە.... واتا تەواوی ئەو گرینگییانەی هەموو ئینسانێکی تەواو بە دوایدا لە خولدایە. هێمن ئەوەندە لە نێوان ئەم خۆشەویستانەدا لە هاتووچوودایە وەچەنگی ناکەوێ، وای لێدێ کە خۆی لە بوونی خۆی وەگومان کەوێ، بەڵام ملنادا و هیوا نابڕێ، دیسان دەگەڕێ ودەگەڕێ...

هێمن شاعیرێکە کە شێعرە هەرە ساکارەکانیشی زەنگینە و، لە هەستدا دەزرینگێنەوە، لە زۆلالیدا دەدەرەوشێنەوە و لە بەر ڕوونی دەتخەنە بەحری خەیاڵەوە.

هێمن ئەگەر لە ژیان تایبەتیی خۆیدا لە هێندێک ئاستەوە بێدەسەڵاتبووبێ بەڵام، لە ئاست شێعرەکانی بە دەسەڵات بووە و، دەیزانی بۆ کێ دەنووسێ و، بۆ دەنووسێ. قارەمانەکانی ئەمن و ئەتوێن. لە سەرێ ڕا دێ و لە خوارێ دادەنیشێ.

هێمنی کوردپەروەر لە هەموو کەس زۆرتر دژی شەر و کوشتن بوو ولای ئەو ژیان هەمان مانای هەبوو کە خەبات و تێکوشان هەیبوو. یەکسانی و ئاسوودەیی ئاواتی ئەو بوو. هێمن بەشێوەییەکی تازە دنیای بە خەڵکی خۆی نیشاندا و، نەیهێشت دەفتەری شێعرەکانی لە سەر ڕەفعەی خانقایان داندرێ هێنای و، لە باوەشی خەڵکی هاویشت. شیوەن و ناڵەی هێمن، ناڵە و شیوەنی سۆفی چلکن و دەروێشی شێت نەبوو، کە چنگ لە ئاسمان بگرێ و سینگ لە زەوی بکوتێ.

چۆن دەتوانم ئەمن بڵێم ئەتۆ چی، هەناسەی زیندوو و، هیوای گەرم و خەباتی گەڵی کوردی!

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە / ڕێکەوتی : ١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦

# هێمن و سروه

## مەرزە جەوانمەرد

دەڵێن ئەوەی ناهەقییەک دەکا تەنیا تاوانێک دەکا، و ئەوەی لە بەرامبەر ناهەقیدا چاوەنووقێنێ دوو تاوانان دەکا، و ئەوەی پشتی ناهەقیدا ڕاست ڕادەگرێ سێ تاوانان دەکا. منیش بۆ ئەوەی دوو تاوانان نەکەم بە ئەرکی خۆمی دەزانم چاو نەنووقێنم.




لەم ڕواژنەدا بەبۆنەی بیستەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی ماموستا هێمن بێجگە لەوەی کە تاوتوێی بەرهەمەکان یان باشترە بڵێم شیعرەکانی زۆرتر لە جاران بووەتە بابەت و هەروەها باس و لێدوان و لێکدانەوەی ژیانیشی هاتۆتەوە سەر زاران و بیرەوەرییەکی زۆری لەلای ناسراوانی هێمن زیندوو کردووەتەوە. دایەم پێزانین و یادکردنەوەی خزمەتی خزمەتکاران لە جێی خۆیدایە و کارێکی پیرۆزە. بەڵام یادکردنەوە بە مەبەستی چەواشەکردنی ڕاستییەکان، یان خۆپێهەڵکێشانی فەردی، ئەویش بە کەسێک کە خۆی لەدەستدا نەبێ، کارێکی یەکجار ناڕەوا و ناشیرینە.

**من ناچارم بەر لەوەی بگەمە سەر خودی ئەو بابەتەی کە دەمهەوێ باسی بکەم، دەبێ باسی یەکەم دیدارم لەگەڵ ماموستا هێمن بکەم و ئەوەی لەم دیدارەدا بە ڕوونی لەبیرمە، بگێڕمەوە.**

چەند ڕۆژ دوای گەڕانەوەی ماموستا هێمن لە گەرمێنەوە بۆ کوێستان، من لەتەک چەند دەستەخوشکان لە مەهاباد سەردانی ماموٚستا هێمنمان کرد. ئێمە لە دەوری هاڵابووین و ئەویش یەک دوای یەک پرسیاری لێدەکردین ناومان چییە، کچی کێین و خەریکی چین. کاتێک نۆرە گەیشتە من و خۆم پێناساند، چەند پرسیاری تری لێکردم و منیش وەڵامم دایەوە. دوایی گوتی: "دەمگوت ئەم دەنگە لە بن گوێم ئاشنایە! چەند جاران گوێم لە شریتەکە ڕاگرت." دەرکەوت ئاشنابوونی دەنگی من لە گوێی ماموٚستا هێمن، دەگەڕاوە سەر ڕووداوی ڕێوڕەسمی سێ ڕۆژانەی ناشتنی کاک عەزیزی یوسفی کە لەسەر گڵکۆکەی بەڕێوەچوو؛

{کاک عەزیز یوسفی یەکێک لە کادرە کۆنەکانی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لە ساڵی ١٩٤٨دا لەگەڵ چەند کادر و ئەندامانی حدکا بەهۆی خەیانەتی سمایل قاسملو گیرا. بە ماوەی چوار ساڵ لە زیندان ماوە. دیسان لە ساڵی ١٩٥٤دا گیرایەوە و لە ساڵی ١٩٥٦دا ئازادکرایەوە. لە ساڵی ١٩٥٨دا بۆ سێیەم جار گیرایەوە و لە زیندان مایەوە تاکو لە ساڵی ١٩٧٧دا لە سایەی داواکاری و پێداگرتنێکی زۆری ڕیکخراوی نێونەتەوەیی لیخۆشبوون لە زیندان ئازاد کرا. بەداخەوە کاریگەری ئەشکەنجە و ئازاری ئەو ماوە دووردرێژەی زیندان، ئەوەندە سووک نەبوو کە لێی دەرباز بێ و بە نەخۆشی لە زیندان هاتەدەر و لە ١١ی

جۆزەردانی ١٩٧٩دا دڵی لە لێدان کەوت.}

## بۆ کاک عەزیز یوسفی

سڵاو لە تۆ ئەی خوداوەندی ئازادی
ئەی ئەسیری هەمیشە ئازاد
ئەی ڕێپیشاندەری نووستوو و وەخەبەران
ئەی کە دوای مردنیش هەر زیندووی
گۆڕەکەت عیبادەتگامانە
ناوەکەت لەسەر مناڵەکانمانە
نیسێکەت لەسەر سەرمان
وەسیەتەکەت لە بیرمان
بە خۆڵی سەرگۆڕی تۆ
بە فرمێسکی چاومان
قوڕ دەگرینەوە بۆ سەری ناپیاوان
چاردە مانگ و پازدە ڕۆژ لە نێومان بووی
چواردسەد و پازدە هەزار ساڵی دیکەش
چرات ناکوژێتەوە

**قەسەم،**

بە دڵی ناکامت
بەو دەمەی تێرت هاوار پێنەکرد
بەو دەستەی تێرت قەڵەم پێنەگرت
بەو ڕێگایەی سەرت لەسەر دانا
سوێند بە زگی برسیت
بە لێوی ئیشکت
دڵی پڕ زووخاوت
بە بەدبەختیت
بە بێ جورمیت
بە مەرگی نابەهەنگامت
هەر بە ڕێگای تۆدا دەڕۆین

قەت دەست لێک بەرنادەین
سوێند بەو فرمێسکانەی بۆت ڕژان
بەو ئاخانەی بۆت هەڵکێشران
لەبیرت ناکەین
لەبیرت ناکەین
دەزانین لەوێشدا خەو ناتباتەوە
چون قورسی موسەکین و خەوهێنەر نییە
بەڵام قەولت پێدەدەین مزگێنییەکەت بۆ بێنین
دە بنوو، ئاسودە بنوو
چون زۆرت وەخەبەرهێنان
بنوو، تۆ ئەو دڵەی پڕ لە زوخاومان بنوو
ناهێڵین، ناهێڵین ناوت بفەوتێ
ناهێڵین، ناهێڵین ڕێگات ون بێ

من هەستی خۆم لە بەرامبەر لە دەستدانی ئەم خۆشەویستە لە نیمچە هەڵبەستێکدا دەربڕیبوو، کە لە ڕێورەسمی سێ ڕۆژانەی سەر گڵکۆکەی خوێندمەوە. وا دیار بوو کە شریتی ئەو ڕێورەسمە لەلایەن بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە بۆ برادەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گەرمێن ڕەوانەکرابوو و مامۆستا هێمن لەم شریتەدا دەنگی منی بیستبوو.

ئەوەی مامۆستا هێمن لەم دیدارەدا گوتی و سەرنجی منی بۆلای خۆی ڕاکێشا و تاکو ئێستەیش لەبیرمدا ماوەتەوە، ئەوە نییە کە ئایا مامۆستا هەڵبەستەکەی منی بەدڵ بوو یان نا، بەڵکو ئەوە بوو کە گوتی "کاتێک لەگەڵ برادەران گوێمان لە شریتەکە ڕاگرت، گوتم بڕوانن ئەوە خەڵک لە ژوورێدا چ دەکەن، کچانیش هەستاون و ئێمە لێرە چ دەکەێن؟"!

ئەو برادەرانەی کە ماوەیەکی دوورودرێژ لە نزیکەوە شاهیدی زۆر شتی ورد و درشت، هەم لەم پێوەندی حیزبایەتی و هەم لە پێوەندی دۆستایەتی ئەم و ئەو لەگەڵ یەکتر بوون و ئێستەیش ڕوویان لەسەر یەخەی کراسیانە، ئەگەر نەیانەوەی دوو تاوان و سێ تاوان بکەن، با بێن و ڕاستییەکان ئاشکرا بکەن و هیچی تر ئەو بەرژەوەندییە لەرزۆکە نەپارێزن.

تۆ بڵێی ئەو برادەرانە کە لە بەرامبەر زۆر شتان زمانی خۆیان گرێداوە، بڕیارێکی ناوخۆییان لە نێوانیاندا هەبێ، ئەویش ئەوە کە باسم بکەی، باست دەکەم! بە باوەڕی من کاتێک مامۆستا هێمن لە زێدی خۆی نیشتەجێ بۆوە، ماوەیەک بوو کە بڕیاری دابوو واز لە کاری سیاسی بە شێوەی نەریتی واتا حیزبایەتی بهێنێ و ئەم بڕیارە شتێکی تازە نەبوو. تا ئەو ڕادەیەی هێمن بناسین، هێمن ئەو کەسە نەبوو بەقاپێک ویسکی هەڵخەڵەتێ، هەرچەند وەک زۆربەی زۆری ئێمە ویسکی زۆر پێخۆشبوو. کابرا ئەگەر لە سەرخۆشیدا هەڵخەڵتێ، زۆر ئاسایییە لە ئەخیاریدا پەژیوان بێتەوە. وەک دەزانین هێمن بە لاوی شەقی لە سەروەت و سامانی خۆی هەڵدا، واتا هەرگیز لە ژیانیدا ماڵپەرست نەبوو تاکو بە پیری لیکاوی بۆ وادە و وەعیدی کۆماری ئیسلامی هاتبێتەوە و خۆی لە باوەشیان

هاویشتبێ. هەروەها بە شایەدی قسەی خودی سکرێتران، کادر و ئەندامانی سەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بوونی هێمن و ناوی هێمن لە نێویاندا پارەسنگێک بوو بۆیان. واتا ئەوە هێمن نەبوو کە کەڵکی ئاوەژووی لەوان وەرگرتبێ و خۆیانی پێهەڵاوەسیبێ، و بەدوای پۆست و مقام یان ناو و ناوبانگدا گەڕابێ. هەر بەم پێوەرەیش دەتوانین بڵێین بەڕاستی "تاقمی حەوت کەسی" چ بوون کە هێمن بیهەوێ ببێتە دەنگێک لەو حەوت کەسە و لەگەڵیان بمێنێتەوە و نگەڕێتەوە بۆلای حدکا، کە لە هەمان کاتدا هێمن لە باری بیروباوەڕەوە چکۆڵەترین نزیکیی لەگەڵ ئەم "تاقمە" نەبوو.

لەلایەکی ترەوە کەسانێک هەن و دێن پاکانە بۆ هێمن دەکەن و دەڵێن "پێیان کرد!". ئەم باوەڕە کە پێیان کرد، دروست ئەم مانایە دەگەیێنێ کە هێمن لە باری مێشکییەوە نەقوستان بووبێ و خۆی توانایی بڕیاردانی نەبووبێ. هەروەها کەسانێک هەن بیانووی بۆ دەبیننەوە و دەڵێن "هێمن پیر و کەنەفت ببوو و شاخوکێڤی پێنەدەکرا، بۆیە ئاوای کرد". بەڵام تۆ بڵێی خەباتکردن هەر لە شانوپیل و باهۆدا هەیە، ئەویش بۆ کەسێکی وەک هێمن؟ !

ئێمە بەهۆی دزیی و دزێویی کۆماری ئیسلامی و بێزاریمان لەم دێوەزمەیە و بە هەمان بارتەقا خۆشەویستیمان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وا دەکا ڕاستییەکی یەکجار گرینگ لەم بڕیارەدا لەبەرچاوان نەگرین، بۆیە وەهای لێدێ کە بە ناڕەوایی فتوا لەسەر هێمن بدەین. بڕیاری مانەوەی مامۆستا هێمن لە زێدی خۆی لەسەر پێگەیشتنێک دارێژرابوو، ئەویش ئەوە بوو کە هێمن دەویست و بە ئاوات بوو خوێندن و نووسینی زمانی کوردی لەم بەشەی نیشتمان زیندوو بکاتەوە، چونکو ئەو زۆر جار باسی ئەم گرینگییەی کردبوو. باوەنەبوون و نەزانینی خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بە کارەسات دەزانی. من بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم ئێمە، کوردانی ڕۆژهەڵات، یەک لە هەزار ئەگەر توانیبامان بە زمانی زگماکیی خۆمان بخوێنینەوە و بنووسین. ئاخەفتنەکانمیشان کوردی فارسی بوو . کاتێک یەکەم ژمارەی گۆڤاری سروە دەرچوو، نەوەد لە سەدی جیلی لاو نەیاندەزانی مانای وشەی سروە چییە. من دوای مانگێک کۆچکردنی مامۆستا هێمن تەرکەوەتن بووم و هەتا ئەودەم ئەگەر لە هەڵەدا نەبم، پێنجەمین ژمارەی گۆڤاری سروە دەرچووبوو. هەموو جارێ کە گۆڤارەکەم دەکڕی، پرسیارم لە کابرای فرۆشیار دەکرد، ئاخۆ پێشوازی خەڵکی چۆنە؟ لەبیرمە کاتێک دووەمین ژمارەم کڕی، لەسەر ژمارەی یەک پرسیارم لێکرد. کابرای فرۆشیار لە وڵامی پرسیارەکەمدا گوتی دە دانەیان بۆ ناردبووم، چواری ماوەتەوە، بۆیان دەنێرمەوە! ئەوەی کە دڵخۆشکەر بوو، ئەوە بوو کە ژمارە بەدوای ژمارە ڕێژەی خوێنەران لە زیادیان دەدا و چەندقات دەبوو. ئێستە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندی و نووسینی زمانی کوردی بووەتە گیرۆ و هەموو چین و توێژێکی کوردی گرتووتەوە، واتا شۆڕشێک سەریهەڵدا کە ئێستەیش بەردەوامە و هەزاران بەهرەمەند تێیدا پێگەیشتوون. ئەو بەهەرەمەندانەی ئێستە خەریکی ڕازانەوەی پەرتوکخانە بەتاڵەکەی کوردن. بە ڕای من یەکێک لە سەرچاوەکانی ئەم شۆڕشە دەگەڕێتەوە سەر بڕیارەکەی مامۆستا هێمن کە لە زێدی خۆی دانیشێ و بە ئەوە شێوەی کە پێی درووستبوو و بە پێویستی دەزانی خزمەت و خەباتی خۆی بکا .

ئەوەی کە گۆڤاری سروە و یان "ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی" لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدایە و ئەو ڕێژیمە مەبەستی خۆی لە دامەزراندنی هەبووە، نکۆڵی لێ ناکردرێ. بەڵام ئەو خزمەتەی ئەم گۆڤارە بە زمانی کوردی کرد و هەزاران لاوی کوردی فێری خوێند و نووسینی زمانی کوردی کرد، ئەویش نکۆڵی لێناکرێ.

## دواجار کە چاوم بە هێمن کەوت

لە سۆنگەی ئەوەدا کە مامۆستا هێمن لای کۆماری ئیسلامی ماوتەوە، دۆستێکی بەڕێزم شیعرێکی بۆ هەڵبەستبوو و داوای لە من کرد کە بە دەستی مامۆستای بگەیەنم. ئەو زەمان من دوو منداڵی ٥ ساڵە و ٢ ساڵەم هەبوون و لە خۆم دوور نەدەکردنەوە، هەربۆیە داوام لە هاوڕێیەکم کرد کە لە چوونمدا بۆ ورمێ و گەیاندنی شیعرەکە بە دەستی مامۆستا هێمن هاوسەفەرم بێ و لە کاتی پێویستدا یارمەتیم بکا، یان ئەگەر شتێک قەوما ئاگادار بێ. بە تاکسی لە کارێژەوە بەرەو "وەشانخانەی سەلاحەدینی ئەیوبی" وەڕێکەوتین. گەیشتینە شوێنەکە. دیتمان کوردەواری گوتەنی "پەپووی لێ ناخوێنێ". هەردووکمان ترسمان ڕێنیشت و لە بەردەم دەرگاکە دانەبەزین، هەر بۆیە تاکو بە باشی لە شوێنکە دوور نەبووینەوە داوامان لە کابرای شۆفیری تاکسییەکە نەکرد کە دامانبەزێنێ. دوای دابەزین لەسەر ئەوە ساخ نەدەبووینەوە چ بکەین و چ نەکەین. بریارماندا من بە تەنیا بڕۆم و نامەکە بگەیەنمە دەستی خودی مامۆستا، و ئەگەر لە دە دەقیقە و چارەکە سەعاتێک زیاترم پێچوو، ئەو منداڵەکان هەڵگرێ و لەو شوێنە دوور بێتەوە. بە دڵەڕاوکێکی تەواو چوومە بەر دەرگاکە. خانوبەرەیەکی گەورە و چۆلوهۆل بوو. هەروەک مقەڕی پاسداران دەچوو تاکو وەشانخانەیەکی ئەدەبی. لە ژوورەوە بەرامبەر بە دەرگای دەرێ بەشی ئاگاداری بوو. پاسدارێک ڕاوەستابوو. پرسیاری لێکردم:

- چت دەوێ لێرە؟
-هاتووم چاوم بە مامۆستا هێمن بکەوێ .
- ناوت چییە؟
- لەپڕ بە درۆ گوتم نەسرین محەممەدی.

تەلەیفونی هەڵگرت و گوتی کەسێک بەم ناوە لێرەیە دەیهەوێ تۆ ببینێ. دوای تەواوبوونی تەلەیفونەکەی پێی گوتم دەتوانی بڕۆی ببینی. برۆ قاتی دوو! بە لینگەلەرزە وەسەر کەوتم. لەسەر پلیکانان چاوم بە پاسدارێکی تر کەوت. ئەوەندەی تر نیوەعەمر بووم. بەڵام هەر ڕۆیشتم و دیوەکەم دیتەوە. ئەو دیوەی مامۆستا هێمنی لێبوو وا بزانم لە سەری نووسرابوو "گۆڤاری سروە". چوومە ژوورێ، دیوێکی ڕەق و ڕووت. دەتوانم بڵێم چکۆڵە و پیس بوو، تەنیا دوو دۆشەکی هەوری و پەتوویەکی سەربازی لێ ڕاخرابوو. لەسەر یەکیان مامۆستا دانیشتبوو. پیاوێک کە (کاتی وڵامدانەوەی سڵاوەکم زانیم کوردە)، لەپەنا دەستی دانیشتبوو. لە بەرامبەری لەسەر دۆشەکەی تر پیاوێکی تر دانیشتبوو. نەمزانی کوردە یان نا، چونکو هیچی نەگوت، بەڵام جلوبەرگی نیزامی لەبەردابوو. تەواوی دەوربەری مامۆستا بە کاغەز و نووسراوە داگیرابوو. بەڕاستی نازانم ئایا مامۆستا نەیناسیمەوە و یان وای نیشاندا کە نامناسێ. منیش زوو نامەکەم دایە دەستی و ئەویش بێ ئەوەی تەماشای بکا خستییە ژێر ئەو دۆشەکەی لە سەری دانیشتبوو. تەماشایەکی کردمەوە و هیچی نەگوت. دەتوانم بڵێم قەت مامۆستام ئاوا بە شەکەتی نەدیتبوو. زۆر هیلاک و ماندوو دیاریدەکرد. کاتێک دیتم هیچ نالێ منیش خواحافزیم کرد و هاتمە دەرێ. بە بارێکی زۆر گرانەوە پڕ لە نائومێدی و پرسیار و بە ترسەوە ئەوێم بەجێهێشت.

**تۆ بڵێی هێمن لەپێناوی چیدا ئەو کەشوهەوایەی ژوورێ و ئەو سوکایەتییەی دەرەوەی قەبووڵ کردبوو؟ بەتەمای چی بوو؟ بۆ وای کرد؟**

ئەوەندەی پێنەچوو هێمن لە شیعری "بارگەی یاران"دا وەڵامی هەموو بۆیەکان و ئەو پەیامەی پێمگەیاندبوو دایەوە. من بە ڕوونی بۆم دەرکەوت هێمن خەریکی پشکواندنی خونچەکانی باخی ئەدەب بوو. لەنێو دڕ و چەقەڵ و دێوەزماندا و لە جەهەنەمدا باخچەی ئاو دەدا. هەربۆیە هاواری باخەوانانی جەوانی دەکرد. هێمن چاوی بە ئاو کەوتبوو، بانگی مەلەوانانی دەکرد .

یادی هەر بەرزو پیرۆز بێ!

* ئەم وتارە لە ڕۆژی ٢٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦ دا، لە سیمیناری "یادی مامۆستا هێمن"دا، خوێندراوەتەوە.

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە / ڕێکەوتی: ٢٣ی ئەپریلی ٢٠٠٦



# بۆ یادی شاعیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری کورد، ماموستا هێمن

حوسێن بەخشی

٢٠ ساڵ لەمەوبەر، لە ڕۆژی ٢٨ی خاکەلێوەی ١٩٨٦دا (٢٦٨٦ی کوردی) کەسایەتی بەناوبانگی گۆڕەپانی شیعر و ئەدەب و وێژەی کوردی، شاعیری نەتەوەیی، ماموستا هێمن، ماڵئاوایی لە زێد و نیشتمان کرد. کۆچی دوایی هێمن خەسارێکی گەورە بوو بۆ دنیای شیعر و ئەدەبی کوردی. وردبوونەوە لە ژیان و بەسەرهاتی هێمن و لێکدانەوەی چۆنیەتی چارەنووسی ناوبراو وەک کەسێک کە لە یەکەم ڕۆژەکانی هەستپێکردنی بە زوڵم و زۆری نەتەوایەتی کەوتە ناو جەرگەی خەباتی ڕزگاریخوازی و ئاواتەکانی لەناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا بەدیدەکرد و هەروەها پاش گەڕانەوەیشی، دوای گێژەڵووکە سیاسییەکەی ساڵی ١٩٧٩ و ئەو گێرەوکێشەی کە لە ئاکامی هەڵوێستی بەرانبەر بە ڕووداوەکانی دوای شۆڕش تووشی هات، دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامە کە هێمن و کەسانی وەک هێمن بەهۆی نامۆبوونی کۆمەڵگە بە بنچینە سەرەتاییەکانی دیموکراسی، بە چەشنی هاوتەراز لەتەک کەسایەتیان نرخیان بۆ دانانرێ.



ماموستا هێمن

هەرچەند هێمن بە هێمنیی خۆی و ڕابردووی و ئەو سۆز و هەستە نیشتمانپەروەرانەی کە لە ناخی دڵیدا ڕیشەی داکوتابوو و ئاوێتەی ژیانی ببوو، توانی بەربەرەکانی لەگەڵ هەموو ئەو دیاردە ناتەبایانە بکا کە هەوڵی تەریکخستنەوە و دوورکردنەوەی ناوبراویان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەدا.

جاری وایە بەرژەوەندییە سیاسییەکان و زاڵبوونی هەستەکانیکان بەسەر عەقڵ و مەنتقدا دەبنە هۆی داپۆشین یان خۆگێلکردنی مرۆڤ لە ئاست بینینی ڕاستییەکاندا. هەستی ناسک و کەسایەتی پایەبەرزی هێمن وەک شاعیری نەتەوەیی بۆ ئەوە نەدەبوو بەم شێوە لەلایەن دۆستانی نیزیکی خۆیەوە بریندار بکرێ و بەهێند بگیرێ. بەڵام بەداخەوە ئەوەی نەدەبوایە دەرحەق بە هێمن بکرێ، کرا. پاش مەرگیشی لانیکەم چاوەڕێی ئەوە دەکرا بە چەشنێک قەرەبووی ئەو خەسارەیە بکرێتەوە، کەچی زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی کورد، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت ساڵیادی هێمنیان لەبیر چۆتەوە!

خزمەتەکانی ماموستا هێمن بە دنیای هونەر و ئەدەبی کوردی لە ئاستێکدایە کە دەکرێ و دەبێ چاوپۆشی لەو برە هەڵوێستانە بکرێ کە لە فەترەیەکی زەمانیدا لەلایەن دەزگا سەرکووتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە زۆر بەسەریدا سەپێندرا. هێمن بەروبۆی ئەو تۆوە بوو کە کۆماری کوردستان چاندبووی؛ خۆیشی بەزرێکی بڵاوکردەوە کە بەرهەمەکەی هەتاهەتایە بۆ نەوەی ئێستا و دوارۆژ دەمێنێتەوە. هەتا ئێستایش بەداخەوە لەسەر هێمن لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنە و بابەتیانە نەکراوە.

شیعرەکانی هێمن بوونەتە هەوێنی سروودی نیشتمانی و جوانترین ئاهەنگ و مێلۆدی کوردییان لەسەر سازکراوە و دەکرێ. لە یاد و بیرەوەری هێمنی خۆشەویستدا، جێی خۆیەتی نەتەوەکەمان و بەتایبەت حکومەتی یەکگرتووی کوردستان بە هەموو شێوەیەک ڕێز لە هێمن بگرن و یادی لە دڵ و مێشکاندا زیندوو ڕاگرن. وەک بیرەوەرییەکی بچووک لە مامۆستای خۆشەویست، لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی شەهیدان حەمیدی و پێشنماز کە لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە شەڕ لەگەڵ بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیدا شەهید کران، جەماوەرێکی زۆر لە گۆڕستانی مەهاباد کۆببوونەوە. من لە تەنیشت مامۆستا هێمن ڕاوەستابووم، گوتی: "قەڵەمت پێیە؟" گوتم بەڵێ. ئەو هۆنراوەیەی خوارەوەی بۆ شەهیدان گوت و منیش لە پەڕە کاغەزێکدا نووسیمەوە:

"ئەی شەهید، ئەی نموونەی ئازایی
نەڕژا خوێنی تۆ بەخۆڕایی
ئەو لەشانەی بە گوللە دابێژران
لە دڵی گەرمی میللەتا نێژران"

هەروەها ئەو هۆنراوەیش خوارەوەی کە لەلایەن کاک خدری باپیر بۆ کاک کەریمی حیسامی ناردرابوو و لە ژمارە ٢٧ی ساڵی ١٩٨٨ی "سەردەمی نوێ"دا بڵاوکراوەتەوە و گلەیی و گازندەی هێمنە لە بەسەرهاتی بەسەرداسەپاو، دەخرێتە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست. ئەو شیعرە لە کاتێکدا گوتراوە کە هێمن لە شیلاناوێ خانەنشین کرابوو.

### خانەنشین

بولبولێک بووم لە قەفەسدا بە بەهاری ڕەنگین
دوور لە گوڵزار و لە دیداری گوڵاڵە و نەسرین
کازیوە بۆ لک و پۆپی گوڵی باغی دەفریم
پەڕ و پۆم پێوە نەما، نیمە ئیتر هێزی فڕین
دەستی ئەو ڕاوەکەرە بڕزێ کە بڕی باز و بڕست
سووریی سوورگوڵ بدەم و ڕوو بکەمە مێرگی شین
من چریکەم هەموو سووچی چەمەنی پڕ کردبوو
ئێستە نایە لە گەرووم بێجگە لە ناڵەی خەمگین

من کە شینگێڕی هەموو سوورەگوڵی پەڕپەڕ بووم
ڕەنگە هەر دڕکی پەڕیو لێرە بکا بۆ من شین
من کە بۆ دیتنی گوڵ هێڵی سنوورم دەپەڕاند
هەر لەسەر حەفگوتنێ ڕووتە کرام خانەنشین
شاوە ڕێخنە دەگەڕێ وا لە دەواری چۆ ماڵ

**دینی دیتنی گوڵە ئەو، بولبلی دڵگر لە ئەوین**
**تازە دڵ خەستە و پەڕ بەستە و بێدەستم من**
**وەرە دەر ڕاوەکەری دڵ، ڕەق لە کەلێن و لە کەمین**
**تێپەڕێ هێندە بە ناخۆشی ئەگەر ژینی درێژ**
**خۆزگە سەد خۆزگە بەوانەی کەم و ئاسوودە دەژین**

**١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦**
**دیمانە**

**سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە / ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠٠٦**



# هێمن لە بیرەوەرییەکانمدا

## نزار کوێستانی



بەداخەوە دەقی نووسراوەکەم لەبەردەستدا نییە و زۆرتر لە بیرەوەرییەکانم کەڵکم وەرگرتوون. دەڵێن شیعری بێوێنە ئەوەیە کە یەکسەر بکەوێتە سەر زارانەوە. ئەوە چ کوردێک بێ و ئەم وتەیەی بەکارنەهێنابێت "بەغدا نیوەی ڕێت بێ"، کە هێمن بە شای خائینی گوتووە "دە بڕۆ ئەی شاهی خائین، بەغدا نیوەی ڕێت بێ!" لە ساقینامەکەیدا کە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بێوێنەیە و دیارە لە بابەتی عیشقی مەجازیدا هۆنیویەتەوە بەڵام بەرزتر لە ساقینامەی جامی یا نیزامییە، چون بە بۆچوونێکی تازە ڕازاندوویەتەوە. سەبارەت بە خۆشەویستی ژن بە پێچەوانەی بۆچوونی بەڕێز کاک خالید دلێرە کە بۆخۆی لە دەورانی گەنجیدا وەک شاعیرانی کلاسیکمان بە برژانگ و مژۆڵ خاکی بەر پێی یار دەماڵێت، هێمن هەر "عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردە" و ئەو "هەر نیشتمانی لەبیرە"، گەرچی دوورکەوتووە لە گوڵی سووری بۆ هێلانەی خاپوری.

گەرچی بەڕێز دلێر دەیتوانی لە حافزی هەڵکەوتووی کورد، مەلای جزیری، کە بە سەدان لاپەڕەی لە جوانی چاو و بڕۆی سەلمەدا هۆنیوەتەوە نێوبەرێت، دیارە لە بابەتی عیشقی حەقیقییەوە و یان لە قوبادی جەلیزادە و... باس بکات. لە باسی ئەوەی کە هێمن شاعیری چینی دەوڵەمەند و دەرەبەگی کوردە، ڕەنگە بەڕێز دلێر هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی هێمنی کە لە لولەی بلوێری شوانێکەوە بڵاو دەبێتەوە، بەر گوێی نەکەوتبێت کە خۆزیای خۆی لە خۆزیای "ئاغایش بە نۆکەر ناگری"ی ئەودا دەردەبڕێت.

لەو سەروبەندەدا خوارزای شێخی بورهان، پەروەردەی حوجرە و خانەقا، و محەممەد ئەمین و شێخولئیسلامیش بوون لەنێو ئەو دەروێشە کوڵکن و دەمارگرژانەدا هێمنی خاوەن هەڵوێست ئەرکی نیشتمانیی خۆی بەڕێوەبردووە. ئەویش قزلجی گوتەنی "گوڵێک لە زستاندا بڕوێ لەنێودەچێت"، ئەوە هەر هێمن بوو چەکدار بە ڕەبی پێنووس، بۆ بەگژداچوونی زۆرداری و هەژاری و ناهەقی "کارگەر و جوتێری ئاگا و مستی

"چم پێ دەڵێن لێرە و لەوێ
من کوردستانم خۆشدەوێ
پێشم بڵێن جنی، دێوی
دەپەرستم چڕ و کێوی"

بریا هەموو هاوتوێژەکانی وەک ئەو بیایەن!

لە شیعری "ئێوارەی پاییز"دا ئەو تێکرارببوونەوەی ڕۆمانی تراژدیای مێژووی کوردی لە ١٩٧٥دا بە هەستی ناسک و پاراوی دەربڕیوە. دیارە هێمن درێژەدەری ڕێبازی گۆرانی مەزنە؛ گۆرانێ کە شیعری تازەی خوڵقاند بە زمانێکی تازە و لەودا باسی بابەتی تازەی کرد. شیعری عیشق و ئازادی یەکێک لە سەرچاوە سروشتییەکانییە کە قەت وشکایی نایەت.

با لەم باسە برێک لادەین و بچینە سەر هێندێ لەو وتە بەنرخانە؛ وەک ئەوەی کە دەگێڕنەوە ڕۆژێک پێشەوای نەمر قازی محەممەد لە حاڵێکدا لە کۆشکی کۆمارییەوە چاوی بە هێمن و هەژار کە بە شەقامدا تێدەپەڕین دەکەوێت لە حاڵەتی ئیشارەدا دەفەرموێت: "ڕۆژێک دێت گەلی کورد بەو دوو کەسەوە شانازی دەکات." یان بەهۆی خۆشەویستی و بێپەردە قسەکردن بە شۆخییەوە ڕۆژێک لە هەژار و هێمن دەپرسێت: "ئەوە کەچەڵ و...دەر لە کوێ بوون؟" هەژار زیرەکانە لە وەڵامدا لە حاڵێکدا جامەدانەکەی لەسەر سەری لادەبا دەڵێ: "قوربان ئەمن کەچەڵ نیم"، و بە ئیشارە بە هێمن دەڵێ: "بەڵام ئەو نازانم." دیارە ئەم شۆخ تەبعییە لە زۆر ناوچەی موکریاندا باوە و زۆر جار بۆ دەربڕینی قسەی خۆش و وەڵامی سەیر ئەوەندە لە پەرۆوپاڵی ناپێچنەوە. یان لە زمانی چەندین هاکاری مامۆستا هێمنم بیستووە لە وەڵامی پرسیاری ئەو باوکانەی کە نەزەری ئەویان لە بارەی شیعری منداڵەکەیانەوە پرسیوە، وەکو کوڕی یەکیان ناوی حەسەن بووە، کاتێ چاولێدەکات ئەوە شیعری خۆیەتی و دزیویانە بە پێکەنینەوە وەڵامی بابی کوڕە دەداتەوە و دەڵێ: "حەسەن، ئەمن ناڵێم شیعرت دزی لێم، ئەم جارە شیعرم لێ بدزی...، و یان ڕەنگە بە وتەی هاوڕێیەکی زۆر نزیکم لە مام هێمن، با ئەم وەڵامەی دیکەمان چاولێکەین:

"شیعر ئەگەر نەبزێوێ هەست و بیری من
دەک بە... شاعیری وا... من"

و یان ڕەنگە هاوڕێی بەڕێز و تەنزنووسمان کاک ئەحمەدی قازی بە وتەی ڕاوی واتە هەر کەسێ شاعیر نییە و شیعران دەڵێ

ئاسنینم دەوێ"، خوێنی زۆردار و داگیرکەری کوردستانی دەڕژاند.

هێمن خۆلیای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە، "مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات، کوردە لە سایەی حیزبی دێمێکرات." دوای جیابوونەوەی "تاقمی حەوت کەسی" لە حیزب، مامۆستا هێمن زۆر جار گوتوویەتی بە مەستی ئیمزایەکم بۆ ئەوان کردووە، بە هۆشیاری شێست ئیمزا بۆ حیزب دەکەم، هەر بۆیە لەو سەروبەندەدا هێندێ هاوڕێی حیزبی بە گاڵتە بەوانەیان دەگوت: "تاقمی شەش کەس و نیوێ". ڕەنگە زۆر جار ئەم وتە ناشیرینەی کۆمەڵێکی نەخۆش یان نەخۆشانی کۆمەڵ دڵی ناسک و بەڕەحمی وەژان خستبێ، بەتایبەت لە نێوخۆی حیزبیشدا زۆر وتەی نابەدڵ و ژاراوی بەر گوێ دەکەوتن کە هاوار دەکات:

...بخوا چاترە هێمن دەڵێ.

دیارە دوای تاقە سواری هەجو و تەنز و قسەخۆشمان شێخ ڕەزای تاڵەبانی زۆر نین ئەو کەسانەی کە لە بابەتەدا دەنووسن. لەوانەیە

بەداخەوە ئێستایش کە من بە جورئەتەوە ئەو شتانەی بە گوێی خۆم بیستوومن دەیانگێڕمەوە بۆ هێندێ کەس زۆر قورسایی بکەن چون هەر بە قسەی بەقەولێ قەڵەمی عادەتمان کردووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە زۆر شوێن بۆ زۆر بابەت شێوەی تەنز کاریگەرتن. تا لە بیرمە بۆ یادی خوالێخۆشبوو عەلی کەردار لە هاوینی ٢٠٠٢ دا لە کۆبوونەوەیەکی چڕوپڕدا لەسەر باخچەی بۆکان لە حاڵێکدا بەڕێوەبەر هەر دەیگوت: با فلان کەس بێت بۆ جایگا، جایگا، چەند هاوڕێیەکم پێشنیاریان کرد فلانی خۆ ئەو بابەتانە شتێ وا نین بۆ ناچی تۆ؟ هاوڕێی هونەرمەندم بەڕێز قورەیشی کوتوپڕ وەڵامی دانەوە: ئەو ناچێتە جایگا دەچێتە جای ئینسان! ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە دەبوایە بە کوردی پەتی دوابان، چون کاک عەلی کەردار تەواوی بەیت و حەیرانەکانی بە کوردی بوون.

نزیکەی ٢٣ ساڵ پێش چوومە گوندی "کۆنە دێ" بە هیوای دیداری ماموستا هێمن لە شیلاناوێ. بەهۆی ئەوەی دوو هەواڵگری ئاڵمانیمان لەگەڵدا بوون بە بەرنامەی دیکەوە سەردانەکە بەداخەوە سەرینەگرت. بەڵام ئەم دوو بەیتە شیعرەی دەورانی مێرمنداڵی مام هێمنم دەسکەوت کە دەڵێ:

"ڕایدەکێشی بۆ ئاخور و ئاغەڵێ
دەس دەگێڕی لە مەمک و باغەڵێ
لێی... بە قیرە قیڕ و جیرە جیڕ
با بە کە یفی خۆی بکات ئەو زیرە زیڕ"

جا نازانم لە کوێدا بڵاوبوونەتەوە. بەڵام ئەمە دوو ڕاستی لە پشتدایە: یەکەم هەر شاعیرێ بە وتەیەک لەپڕێ نابێ بە کوڕێ. دووەم، شیعری شاعیر ڕەنگدانەوەی قۆناغەکانی ژیانیەتی لە شیعری فرمێسکی ڕنوویشدا ئاوا دەڵێت:

من تەشیرێسێکی وەک شیرینی"وە فایی"م بۆ چییە؟
کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دە وێ.

بە واتایەکی تر شاعیر تەنیا شاعیرە. بێگومان لە باری ئەدەبیشەوە خزمەتی هێمن وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری سروە لەبەرچاو ون نابێ، ئەگەرچی تا مابوو بەلای هێندێ کۆنە هاوڕێیەوە هەر هێمن بوو. لە هەمان حاڵێشدا لە پلار و تانە و توانجی هێندێکی تر یان کە لایان وابوو شاعیر هەر دەبێ مەدداح و قەسیدەسەرایان بێ، بە دوور نەبوو. ئەم جۆرە کەسانە لانیکەم دابەشکردنی ژیانی هێمن بە دوو قۆناغی دەرێ و ژوورێیشیان پێ قەبوول نەدەکرا و زۆر بێ ڕەحمانە قەزاوەتیان دەکرد.

با شتێکی چووک بگێڕمەوە. هاوڕێیەکم کە ئێستایش ماوە، شیعرێکی هێمن و شیعرێکی نووسەری ئەم باسە بۆ مەسئولێکی دەرەجە یەکی حیزب دەخوێنێتە و بەم چەشنە بە شیعرەکەی هێمن لە وەڵامی پرسیاریدا دەڵێت ئەوە شیعری نزارە، ئەویش کە تەنیا کاری سیاسی لا مەترەح بوو دەڵێ کوڕە ئەوە هەر شیعر نییە، ئینجا شیعرێکی منی بۆ دەخوێنێتەوە. دەپرسێت ئەی ئەمەیان شیعری کێیە؟ ناوبراو دەڵێ هی هێمنە، ئەویش بە ناعیلاجییەکەوە دەڵێت خودا عافوی کات. هاوڕێکە دەڵێت ئەی بۆ تا مابوو دەتانبوغزاند؟ ئەویش لە وەڵامیدا دەڵێ دوای مردن ڕەحمەت چاکە. هەڵبەت بە خۆشیەوە ئەو ڕەحمەتە دوای مردنی ماموستا هێمن کراوەتەوە ئەندامی حیزب

دیسان باشە. بەڵام فیردۆسی ئاسا پاش مەرگی پاداشی پێگەیشت. لێرەدا هەر وەک گوتوویانە داری ڕاستیش ڕەگی خواری تێدایە، بێگومان مامۆستا هێمنیش وەک هەمووماننەیتوانیوە لە کەموکووڕی بەدوور بێت و هیوادارم دڵسۆزانی دیکەی هێمن خوارەکانم بۆ ڕاستتر بکەنەوە نەک خودای نەکردە ڕاستەکانیشم لێ خوارکەنەوە.

هێمن لە سەردەمی خۆیدا شیعرەکانی چەشنی خەتی ئینتەرنێتی ئەمڕۆ کە لە بەردەستی هەموو ڕێبوارانی هۆگری ئازادیی کورد و کوردستاندا بووە، بێگومان لە هەلومەرجی خۆیدا گەر بە سەنگ و ڕەی سەردەم هەڵیسەنگێنین ئەوە لە ڕیزی شاعیرانی ئەو گەلانەدایە کە سەربەستن.

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە / ڕێکەوتی : ٢ی ئاوریلی ٢٠٠٦



# هێمن لە ٦٥ وشەدا

## پەیڤی ئێمە



"

کێ وەکو من سارد و گەرمی ڕۆژگاری چێشتووە؟
گا لە دەشتی گەرمەسێر و گا لە کوێستانی گەدەم
وەک شەپۆلی زێی خوڕم، ساتێ هەدادانم نییە
گێژدەخۆم، پێچی دەدەم، من ڕۆڵە کوردی ئەم سەدەم"

هێمن، هۆنەر و شۆڕشگێڕی خاوەن هەڵوێستی کوردستان بوو. خەباتکاری نەسرەوتووی ڕێگای ئازادیی گەلەکەی و هۆنەری تامەزرۆی جوانی و ناسکی و پاکی بوو. هێمن یەکێکە لە کاروانسالارانی مەیدانی هەڵبەست و وێژەی کوردی. گەورەیی‌یەکەی کاتێک پتر خوویا دەبێت، کە دەفەرموێت: 'من هەڵبەست بۆ خۆم دەڵێم و بە زەوقی خۆم شاعیریم هەڵبژاردووە و مینەت ناخەمە سەر شانی گەلەکەم.' ماڵاوایی‌یەکەیشی لە ژیان کۆستێکی گەورە بوو بۆ وێژەی کوردی.

ع. و. خەندەڕەش، نیوزیلاند

---

### نهێنیی سەرکەوتن و نەمریی مامۆستا هێمن

هێمن لە شوێندانانی ئەدەبی، زمانی و نیشتمانپەروەری لەسەر نەسلەکانی سەردەمی خۆی و تەنانەت دوای خۆیشیدا، وەپێش زۆربەی یا تەنانەت هەموو شاعیرانی کورد کەوتۆتەوە. نهێنیی ئەم سەرکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆ؛ هەستێکی قووڵی ئینسانی، زمانێکی تا بڵێی سادە بەڵام ڕەسەن و سەمیمی، بیروبۆچوونی بەرز و پێشکەوتنخوازانە و تێکۆشان لەپێناوی ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەیی میللەتەکەیدا، بەشێکیانن. زۆر لەو لاوانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەدوای ڕووخانی ڕێژیمی شایەتیدا ڕوویان کردە بواری شیعرنووسن و ئەمڕۆ بوون بە شاعیر و نووسەر و وەرگێڕی دیار و خاوەن خزمەت، بە جۆرێک قەرزداری مامۆستا هێمنی نەمرن.

قادر وریا، کۆیە

---

لە سەردەمی وەسەرنانی مەنجەڵی "تاویانەوەی گەلانی ئێران" لەدایکبوو. بە چەکی هەست و هەڵبەست، دژ بە ڕەوتی "تاویانەوەی گەلی کورد" ڕاپەڕی. بە لاچوونی ڕەزاشا هەستی پڕ لە سۆزی گەشایەوە. بە ڕووخانی کۆماری کوردستان هەڵوەدا بوو. ئەوجار بە هەڵبەستی "بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ" شای پاڵپێوەنا. بەداخەوە شایان گەڕاندەوە. ئەوجار شەپۆلی ئینقلاب شای بە یەکجاری دەرپەڕاند. بەداخەوە ئینقلابیش ڕووی لە کوردان وەرگێڕاوە. ئەوجار تا کۆچی دوایی، بە هێمنی خەباتی "دژ بە تاویانەوەی" دامەزراندەوە.

**د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی – تاران**

---

هێمن واتە شیعر، شیعری هێمن یش واتە عەشق بە نیشتمان، عەشق بە سروشتی جوانی کوردستان، عەشق بە کورد و بە خانمی ڕازاوەی کورد. هێمن واتە ئاوات و ئازار و ژان. هێمن واتە شیعر و شۆڕش و عەشق. هێمن واتە کوردستان. شاعیری نەمر جوان و بەجێ دەڵێت:

شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە
بانگی ئازادی و گرووی یەکسانییە
شیوەنی من شینی کوردی بێبەشە
ئەو گەلەی حاشا ئەکەن لێی و هەشە

**کاوە ئاهەنگەری - بەلژیک**

---

هێمن جگە لە شیعر، داهێنانێک کە لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بێت، لێی وەدی ناکرێت. تەنانەت داهێنانێکی ئەدەبییش. من بەقەد شیعر و وشە ئەدەبییەکانی، ڕێزی بۆ دادەنێم بەڵام لە پێویستبوونی زێدە لە ڕادە پێیدا هەڵگوتن، بەگومانم. هەمانن نە تەنیا لە شیعر و ئەدەبدا بەرز لە سەرووی هێمنن، بگرە لە توانایی وەرگێڕان و وزەی داهێنان و هونەری لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی وشەی کوردیدا تاقە سواری مەیدانن. خۆ ئەگەر هەستە نەتەواییەکەیشیان وەک تایبەتمەندییەکی باش لەبیر نەکەین، ئەوە لەگەڵ هێمندا لە دوو تای ناهاوسەنگی تەرازوویەکدا دەیانبینین. ڕۆحی شاد و یادی بەخێر.

**لەنجە**

---

لە یادی ٢٠ ساڵەی مەرگی شاعیری نەتەوەیی کورد مامۆستا هێمندا، ئەم شیعرە بەرزەی خۆی، "بژی دێموکرات"، وەکو دیاری پێشکەش بە ڕۆحی بەرزی هێمن دەکەم. ڕەنگە ئەم شیعرە وەڵامی زۆریەک لەوانە بێت کە دەخوازن لەژێر سێبەری ئەدەبی هێمندا تەقە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شانازییەکانی بکەن...

ڕەحیم ڕەشیدی – پاریس
بەختیار شاکەلی – سوید

---

مامۆستا هێمن، شاعیری نەتەوەیی، تا لە ژیاندا مابوو نە ڕێزی دەگیرا و نە بە شاعیری نەتەوەییش ناوی بردرا، بەڵام ئێستا و دوای مردنی، دەیان و سەدان لاپەڕەی لەسەر دەنووسرێت و هیچ ناو و نازناوێک نامێنێت کە بە باڵای نەبڕن! من لەو باوەڕەدام کە زۆر کەس دەتوانن ببن بە شاعیر بەڵام زۆر کەمن یان بڵێم کەسێکی تر نییە بتوانێت ببێت بە هێمن.

قادر خەندەڕەش

---

## لە کوێوە بۆ کوێ

کوڕە ئاغایان نارد ببێتە مەلا. زۆرزانی مەلا، تەمبەڵی ئاغا، هەست و سەردەمی، کردیانە شاعیری کۆمار. لە داخی خزمی خوێڕی و ئاشنای ئەحمەق هەڵات، لە دوورەوە ناڵاندی. گەڕایەوە، هەموو بەپیریەوە چوون، ڕای جیاوازی دەربڕی، تاوانباریان کرد. زەمانەی ڕوورەش مەودای سەرکێشیی قەڵەمی نەدا، بەڵام بیری مووقەڵێشی تا دواپشوو ڕێگەی عەشقی ئازادیی پێبڕی. نەیارانیشی پاشەڕۆکی بەنرخیان پێبڕا. ناوی کورتی یەگجار بەرزە، یادی پیرۆز.

ڕەشە

---

یەکێک لە لایەنە هەرە بەرزەکانی شیعری مامۆستا هێمن دانانی وشەی جوانە لە جێگایەکدا کە خەڵکی ئاسایی شکیان بۆی ناچێ. بڕواننە ئەو چەند نمونەیە:

وشەی "ئەدی" دەو بەیتەدا:
خەمرەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی "ئەدی"
یان وشە ی "ڕما"
ئەو کەسەی خواردی و لە بن سێبەر "ڕما"
شەو لەبۆ کەیفێ لە ماڵی خۆی نەما
یان وشە ی "گرو"
بانگی ئازادی و" گرو"ی یەکسانییە

کە هەم لە باری ناوەرۆکەوە و هەمیش لە باری ریتم و هەمیش لە باری "زەنگێک" کە دە تەلەفوزەکەیدا بەدی دەکرێ، یەک مەقالەی لەسەر دە نووسرێ.

رۆحی شاد بێ.

لوقمان

---

ساڵی ١٩٨٥ لە ورمێ لەگەڵ بەهەشتی، برایمی مامە عەبە، سەردانی مامۆستا هێمنمان کرد؛ پیاوێکی قسەخۆش و زۆر ماندوو دیار بوو. من لەو قسانەی کە کردمان زۆرم لەبیر نییە، چونکە هەستم هەر وەکو هەستی دەروێشی لای شێخ بوو...، بڕوام نەدەکرد من میوانی پیاوێکم کە هێشتا بۆنی قازی و کوماری کوردستانی لێدێت...

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە / ڕێکەوتی : ١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦

# هێمنی هەژار

## ڕێناس نەورۆزی

له بیرمه زۆر بچووک بووم که هەمیشه دەیانگوت هێمن و هەژار دوو شاعیری گەورەی کوردن. هەرگیز ناوی مام هێمن و مام هەژارم بەجیا نەدەبیست. هێمن بۆخۆی له دیوانی تاریک و ڕوون دا دەڵێت: "من و هەژار بۆ هەموو جێگایەک پێکەوه بووین و لێک هەڵنەدەبڕاین، زۆر کەس نەیدەزانی کاممان هەژاره و کاممان هێمن و ئەگەر یەکمان بەتەنێ گەڕابایین دەیانگوت کوا ئەویتر؟".



بەڵێ ئەمه ڕاستییەکه و نەک تەنیا ئەمڕۆ، بەڵکو لەوەتەی ئەم دوو ناوداره گەورەی کورد هەن، هەزاران منداڵی کورد به ناوی هێمن و هەژار ناونراون.

هێمن له وتەیەکی پێشەکی شەرەفنامه[١]دا دەربارەی نموونەیەک له ژیانی خۆی و هەژار دەڵێت: "من و هەژار له منداڵییەوە، هاواڵ بووین، وێکڕا پەروەزه و گەوره ببوین، هەرەتی لاوەتیمان پێکەوه لەناو چواردیواری قوڕماوی پڕ له جۆڵاتەنەی کۆنه مزگەوتەکاندا ڕابوردبوو... ئێستایش بەسەر پیری پاش بیست و ئەوەنده ساڵێک لێک دووری و هەڵبڕان و تامەزرۆیی یەکترمان دەدیتەوه... نەهاتی و لێقەومان هەردووکمانی کەنەفت و کەلەلا و پیر و زورهان کردبوو. ئەو ئەستوور ببوو من لاواز، ئەو لەبەر ورگ و گەدوگیپاڵی پشووی لێ بڕابوو، من لەبەر کزی و بێ هێزی هەر لاکەی سەرم دەهات... دیسان سەرمان گەیشتەوه یەک و بووینەوه یەکماڵ،ماڵی چی؟ دوو لێفەی شڕ و پەتوو، سەرینی پەڕبڵاو و هەڵوەشاو، هەر یەکه تەخته شکاوێک و به هەردووکمان چرایەک و چادانێک و دوو پیاڵه ڕووکێش و ئاوەخۆرەوەیەکی گڵینه و ئاوێ بێنه و دەستان بشۆ. ژوورەکەمان به وشکەبەرد دانرابوو. دیوارەکانی خوار و خێچ بوون، له هەموو لایەکەوه زگیان دابوو. هیچ دیوێکی سواغ نەکرابوو، باگێڕەوەی نەبوو، ئاڵووداره‌کانی کەڕواوی بوون و چەکەرەیان دەرکردبوو. هەڵاشەکەی داچوڕابوو، بۆساردێکی پیسی لێ دەهات... هێنده تەنگ و تەسک بوو به چیره چیر جێگەمان دەبۆوه. هێنده تاریک بوو به نیوەڕۆ چرای دەویست. هێنده نەوی بوو تێیدا هەڵنەدەهاتینەوه... قسەی خۆمان بێ زۆریش تێر و پڕ نەبووین. دەگەڵ پێشمەرگه جوان و جحێڵەکان لەسەر خوانێک کۆدەبووینەوه و ژمەنانمان یەک بوو، زێدەپارووی چەور و نەرمی پیری چڵێس و گردەنشینمان بۆ دیاری نەکرابوو... گوزەرانمان پێکەوه مێخۆش بوو، ترش و شیرین تێکەڵاوبوو، یادی ڕۆژانی ڕابردوومان دەکردەوه و دوارۆژمان بەراورد دەکرد... ئەوەندەمان خۆشی و ناخۆشی بەسەر دڵ و مێشکدا تێدەپەڕی که وەک دەروێشەکانی چیرۆکی کۆن دەگریاین و پێدەکەنین، گریانمان به پێکەنین سواغ دەدا. یاخود بڵێین زۆر زۆر پێدەکەنین و قاقا دەگریاین. شەوگار شەق دەبوو، له بێداری

بێزار دەبووم، باوێشک دەمیان گەزێک پێدادەچەقاندم، بە وەنەوز و وردە وێژینگانەوە دە بیرەخەو ڕادەچووم و دە لێفە شڕەکەم دەخزام و دەمەویست سەرخەوێک بشکێنم و شەکەتی و کفتیم نەمێنێ. ئەو تازە وەخۆ دەکەوت. چوارمێردەکی لەسەر تەختە بێ بەختەکەی بە پانەوە دادەنیشت، کاغەز و قەڵەمی لەسەر کۆشی دادەنا، کەوڵە تیسکنەکەی بەخۆیدا دەدا. ملی خوار و سەری زل و شان و کەوڵی کە سێبەریان دەخستە سەر دیوار، ئەو شەولەبان و غوولی بیابانەی وەبیر دێنامەوە کە دایکم بە ساوایی لێی ترساندبووم. دیارە من لێم نەدەپرسی چ دەکەی؟ ئەویش نەیدەگوت چ دەکەم بەڵام دەمدی شەرەفنامەی فارسی و عەرەبی لەدەوری خۆی دادەنان و لەبەر یەکی ڕادەنان و بە تێڕامان چاوەکانی بن چاویلکەی بازبازێنیان بەسەردا دەکردن. هەر لەبن لێوانیشەوە پرتە و بۆڵەی دەهات و ورتە ورتی بوو. جار لەدوای جاریش جیرەی قەڵەمە بۆری دەهات... بەوەدا دەمزانی خەریکی وەرگێڕانی شەرەفنامەیە..."

هێمن و هەژار خاوەنی کۆمەڵێک داهێنان و شاکاری گەورەن. جێپەنجەیان لە دیرۆکی گەلی کورددا وەک ڕۆژی ڕوون دیارە. هێمن و هەژار بەشی زۆری تەمەنیان لەوپەڕی دەربەدەری و هەژاریدا بەسەر بردووە. سەرباری هەموو زۆری و زەحمەتییەکی ژیان کۆسپ و ئاستەنگیان نەناسیووە و تا لە ژیاندا بوونە پێنووسەکانیان هەر لە کاردا بووە. مام هێمن لە نامەیەکیدا بەوپەڕی سەبەرزییەوە بۆ مام هەژاری هاوڕێی گیانی بە گیانی نووسیویەتی: "من لەمێژە دەوەی گەییوم قەڵەم نانی پێ پەیدا نابێ."

ئەوان جگە لە شاکارە گەورەکانیان، هیچ میراتێکیان بەجێ نەماوە. ئەگەر جیهان خاوەنی بەخشینەوەی کۆمەڵێک خەڵاتی وەک نۆبل و دەیانی ترە، ئەوا ئەم دوو ناودارەی کورد زۆر لەوانە گەورەترن کە خەڵاتێکی گەورەی ئەدەبیاتی کوردیان بەناو بکرێت. بێگومان ئەو داهێنانە گەورانەی کە مام هێمن و مام هەژار بۆ گەلی کوردیان کردوون، تا ئێستا هیچ کەس وەک ئەوان و بەقەد ئەوان نەیتوانیوە سەرباری هەموو ئازارێکی ژیانیان لەژێر چرا و لەژێر گرمەی تۆپ و دەنگی فڕۆکە و تێلبەندی سنوورە دەستکردەکان کۆمەڵێک شاکاری گەورە بۆ نەتەوەیەکی دابەشکراوی وەک کورد بئافرێنن.

مام هێمن کە لە گۆڤاری نیشیمانی سەردەمی ژ. ک. و ڕۆژنامەی کوردستان و گۆڤارەکانی کوردستان، هەڵاڵە، و هاواری نیشتیمانی سەردەمی کۆماری کوردستانی ١٩٤٦ بەرهەم و بابەتەکانی بڵاودەکردەوە. پاشان ڕووناکایی خستە ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستانی باشوور و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوێیش تیشکی ڕووناکی مام هێمن دیار بوو. مام هێمن هەمیشە لە خەمی دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری زیاتری کوردیدا بووە. لە دواساڵەکانی تەمەنیشیدا بە هەوڵ و کۆششی ئەو گۆڤاری سروە[٢] لە شاری ئورمیە یەکەم ژمارەی لە بەهاری ساڵی ١٩٨٥دا لەدایکبوو. مام هێمنی ڕۆژنامەوان و شاعیر و نووسەر وەک یەکەم سەرنووسەری گۆڤاری سروە زۆر لەخۆبردوانە ڕەنجی کێشا بۆ بەرەوپێشەوەچوون و بەردەوامبوونی گۆڤاری سروە.

مام هێمنی هەژار لە دواڕۆژەکانی تەمەنیدا و لە دوایین نامەیدا بۆ مام هەژاری هەمیشە برا و هەمیشە هاوڕێی ئاوا باس لە گۆڤاری سروە و خەم و خۆشییەکانی دڵی دەکات: "گۆواری ئەمجارەمان فیدای کتێبی دەرسی بوو. چاپخانە وەگیر نەدەکەوتن. کەچی ڕمێنی یەکجار لەسەرە. ڕۆژێ هەر پێمان دەکرێ کاغەزی کوڕ و کچە لاوەکان بخوێنینەوە. شتی باشیشمان بۆ دێن. گەیوەتەوە زۆر جێگایان و سەرنجی زۆرانی ڕاکێشاوە. ئەم ئەژمارەشمان نێزیک بەتەواو بوونە. تۆ نەفەری حەوتەمی تا پێری کە جەدوەلی حەلکراوی بۆ

ناردووینە، پێم وایە خوا یاربێ بۆ بەهارێ دەیکەینە مانگانە، چونکە جگە لەو هەموو نووسینانەی بۆمان دێ شتی درێژیش زۆر دەنووسن کە لە ژمارەیەکدا ناحاوێتەوە و بۆ دوو ژمارەش نابێ...[۳]"

بەڵام مام هێمن بەهاری ساڵی ۱۹۸۶ی تێپەڕ نەکرد کە بە یەکجاری ماڵئاوایی لە نووسین و شیعر و گەل و مام هەژار کرد. کۆچی دوایی مام هێمنی هەژار یەکێک لە گەورەترین کۆستەکانی ڕێی ژیانی مام هەژاری هاوڕێی بووە. ئەم دوو هاوڕێ گیانی بە گیانییە هەمیشە خۆیان بە قەرزاری یەکتری و قەرزای گەل و نیشتمانەکەیان زانیوە. هەرچەندی لەسەر ئەم دوو ڕووناکبیرە گەورەی گەلی کورد بنووسرێ و هەرچەندی ڕێز لە گەورەییان بگیرێ کەمە. لەگەڵ ئەوەیشی کە جاران تەنیا یەک هێمن و یەک هەژار هەبوون، بەڵام ئەمڕۆ هەزاران هێمن و هەژارناویش هەن، دیسان ناگەن بە هێمن و هەژارەکەی سەدەی ئەی ڕەقیب...!

پەراوێز:

[۱] شەرەفنامە: مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی کوردە کە میر شەرەفخانی بدلیسی نووسیویەتی و هەژار کردوویەتی بە کوردی، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ۱۹۷۳ چاپکراوە، دووەم جار لە ساڵی ۱۹۸۱ لە تاران چاپکراوەتەوە.

[۲] سروە، گۆڤاری ئەدەبی فەرهەنگی، بە دەستپێشخەری مام هێمن ۱۹۲۱-۱۹۸۶ لە شاری ئورمیە دەرچووە.

زمان: کوردی (کورمانجی ناوین و ناوەناوە کورمانجی ژووروو)

ڕێنووس: عەرەبی و ناوەناوە بە ڕێژەیەکی کەم ڕێنووسی لاتینی.

یەکەم سەرنووسەر: هێمنی شاعیر، پاشان ئەحمەدی قازی. ژمارە ۱ لە بەهاری ۱۹۸۵ دەرچووە.

قەوارە: گەورە و بەرگ ڕەنگین و وێنەدارە.

[۳] بارگەی یاران، سەرجەمی شیعری هێمن، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم ۲۰۰۳، هەولێر.

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە / ڕیکەوتی : ۱۳ی ئاوریلی ۲۰۰٦

# لە یادی مامۆستا هێمن دا

هەژار ئاریانفەر

ئەگەر بمانەوێ مامۆستا هێمن لە رووی شێعر و بەرهەمەکانیەوە بناسین، دەکرێ لە سەر عاتیفە و روانینی شاعیر و جێگە و پێگەی



لە ناو شاعیرانی هاوچەرخ دا خوێندنەوەیەکی زۆر پێشکەش بکرێ، هەرچەندە ژیانی شاعیر، گرفت و کێشە و خۆشەویستیەکانی هەوێنی جیددی هەڵبەستەکانیەتی، بەڵام لە ناو تۆێ توێ هەڵبەستەکانی دا پێکهاتەیەکی جیاواز تر لە رووی فۆرم و ناوەرۆکەوە دا دەبیندرێ. مامۆستا وەکوو شاعیرێکی بە توانا لە درێژەی مامۆستایانی قوتابخانەی موکریان، هەڵبەستەکانی خۆی بە نیگایەکی عاتیفی و پڕ لە خۆشەویستی، وەسفی سرووشت و کۆمەڵێک چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەڕازاندەوە. تایبەتمەندیەکانی زمانی شێعری هێمن بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ناو کۆمەڵانی خەڵک دا خۆشەویست بێت و هۆگرانی شێعر و فۆلکلۆری کوردی لە بیستنی هەڵبەستەکانی مامۆستا هێمن دا تام و چێژی تایبەت وەربگرن و تەنانەت زۆر کەسیش لە هەڵبەستی هیمن ڕا فێری خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی ببن. دیارە ئەم خۆشەویستیە چەند هۆی سەرەکی هەبووە. یەکەم: زمانی سادە و ساکاری هێمن شوێنەوارێکی زۆری لە سەر هۆگری بیسەرانی شێعرەکەی هەبووە. سوود وەرگرتن لە وشەی رەسەنی کوردی، زمانی ژیان و سرووشت، خۆ پاراستن لە بەکار هێنانی وشەی قورسی عەرەبی و فارسی کە لە هەڵبەستی شاعیرانی تر دا دەبیندرا، شوێنەوارێکی جیددی لە سەر هەڵبەستی هاوچەرخی کوردی دانا و ئەدەبیات لە دیوەخانەوەو بەرەو کۆمەڵگا و ژیانی ئاسایی خەڵک گواستراوە و ماڵ ئاوایی لە گەڵ روانینی کلاسیک بە هەموو تایبەتمەندیەکانیەوە کرد. تایبەتمەندی تری شێعری هێمن، ناوەرۆک و" درونمایە"ی شێعرەکانیەتی و ئەم بیرۆکەیە کە هێمن وەکوو شاعیر و کەسایەتێکی رۆشنبیر پێناسە دەکات و پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگا، ئامانج و هیواکانی دەخاتە ناو چوار چێوەی هەڵبەستەکانی. هێمن دژ بە هێندێک بیرۆکە و کردەوەی چەوت، باسی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگا دا دەکات. ئەم گۆڕانکاریانەی کە دەبێتە هۆی رزگاری هاتنی لە گرفتە چینایەتی و کۆمەڵاییەتیەکان. کێشەی ژن و روانینی رۆشنبیرانەی بۆ ئەم چەمکە، تا رادەیەک، تابۆی ژنی کۆیلە و ژێردەستی شکاند و توانی لە شێعرەکانی دا، ئەوین و خۆشەویستی، جوانی سرووشت و بیری ئازادیخوازی بە یەکەوە گرێ بدات. هێمن، شاعیرێکی رۆشنبیرە. یەکێک لەم شاعیرانەی کە وێرای رخنە گرتن لە دۆخی کۆمەڵگا، بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانانە، باسی گۆڕانکاری لە فکر و هزری کۆمەڵانی خەڵک دەکا .... هێمن لە سەردەمێکی دا کە گووتارێکی جیاواز بە سەر ئەدەبیاتی کوردی دا زاڵ بوو، خزمەت کردن بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە ناو خۆی وڵات دا بە ئەرکێکی گرینگ دەزانی و وێرای هەبوونی گووتاری جیاواز

بە بڕوایەکی قایم و هەستیکی خاوێن، سروەی نەخشاند و رازاندیەوە. مامۆستا هێمن لە کاتی خزمەت کردن لە سروە دا، بەڕێوەبەرایەتی ئەم بیرۆک و گووتارانەی دەکرد، کە ئەگەر تەنیا تێکەڵاوی رووحێکی سەرکەشی شاعیرانە بوایە، بێ گومان نەیدەتوانی درێژە بە چالاکی خۆی لەم ناوەندە دا بدات و دەبوایە لەم فەزایە دا ماڵ ئاوایی لەم جۆرە چالاکیانە بکات. ئەم جۆرە روانینە، خوێندنەوەیەکی تر لە هێمن پێشکەش دەکات. هێمن شاعیرێک بوو کە خاوەن تەجرەبەیەکی ناخۆش و پڕ لە ئازار و خەم بەڵام ئەمما پڕ بایەخ بوو و دیتنی گوڕانکاریەکان، کێشەکان، تێکەڵاویەکی قووڵ لە گەڵ کۆمەڵگا و تەجرەبەکانی، هەروەها هەڵس و کەوت لەگەڵ شاعیران و گەورە پیاوانی کورد، ئەم کەسایەتیە کارامە و لێوەشاوەیان لێ درووست کرد، کە توانی لە سەردەمێک دا، چرای رووناکی رۆشن بکا و ببێتە دڵخۆشیەک بۆ شاعیران و نووسەران. هێمن وەکوو بولبوولێک بە شادیەکانی خەڵک دڵخۆش و بە خەمەکانیان خەمناک بوو و دەیزانی چ خوێندنێک رەسەنە و دەمێنێتەوە. ئەم خوێندنەوە پڕ شکۆیە وەکوو زایەڵەیەکی رەسەن ئێستاش لە سرووشت و عاتیفە و مێشکی خەڵک دا دەبیسرێ و هەستەکان دەبزوێنی. یادی بەرز و پیرۆز بێ.

سەرچاوە: سایتی ئەنیستیتۆی ئەحمەدی خانی



# بۆ بیستەمین ساڵی ماڵاوایی " هێمن"

## مستەفا مەعرووفی

کەم وا هەیە بەر لە ماڵاوایی نەخوێنمەوە. هەر کە گەیشتە دەستم دەی خوێنمەوە و نایبوێرم، چێژی لێ وەردەگرم و لێی فێر دەبم. ئەمجارە بەخت ڕووی تێ کردووم و نووسەری ئەم ستوونە پێی سپاردم بابەتێک بۆ ئەم ستوونە و بە بۆنەی ٢٠ ساڵەی مەرگی " شاعیری گەل" ماموستا هێمنی نەمرەوە بنووسم.



زۆرجار وێنە شێعرێکی فارسیی زۆر جوانم لەم هاوڕێیەم بیستووەکە دەڵێ:

" خورشید رفت و زردش ماند . کاروان رفت و گردش ماند . یارم رفت و دردش ماند"
( خۆرئاوا بوو و زەردایی ما، کاروان ڕۆیی و تەپوتۆزی جێهێشت، یارم ڕۆیی و دەرد و کەسەری ما )

هێمنیش ڕۆیی و زەردی و تۆز و کەسەری بۆ ئەویندارانی ئەدەبی کوردی جێهێشت. لە ڕاستی دا هێمن ساڵی ١٩٨٦ کە کۆچی دوایی کرد لە کوردستانی ئێران لە نێو شاعێران دا دەگمەن بوو. لەم بوارەدا یەکتەنە بوو. لە بیرمە کاتێک "ئوکتاڤیوپاز" شاعیر و سیاسەتمەداری بە ناوبانگی مکزیک مرد، سەرکۆماری ئەو وڵاتە گووتی " ئوکتاڤیو گەلی مکزیکی بە تەنیا جێهێشت". ئەو کاتیش کە هێمن مرد، کورد بێ "هێمن" مایەوە و هێمنێکی دیکە نەبوو.

هۆی چی بوو ماموستا هێمن لە نێو میللەتەکەی دا بەو شوێنە گەیشت؟ تایبەتمەندییە ئەدەبییەکەی و خزمەتی بە نەتەوەکەی لە مەیدانی کردەوە دا. ئەو، جگە لەوەی شاعێرێکی بە توانا بوو، چەندین ساڵ لە ڕیزی تێکۆشەرانی کورد لە " حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" لە پێناوی وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی گەلەکەی دا خەباتی کرد. ئەو، خۆشەویستیی نەتەوەکەی هەر لە چوارچێوەی هەست و سۆز دا نەهێشتەوە بەڵکوو بە کردەوەش لە مەیدان دا بوو. جوانترین و پاراوترین شێعر و ڕستەی لە وەسفی نەتەوەکەی دا گوت و بە قووڵی نیشتمانەکەی خۆش ویست و بە جوانترین شێوە وەسفی کرد. هێمن، بە زمانی نەتەوەکەی دەدوا. زمانی شێعر و نووسینی یەکجار زۆر لە زمانی خەڵکی ئاسایی نێزیک بوو، بە زمانێکی شاعیرانە و ئەدیبانە ویست و حەز و ئارەزووەکانی نەتەوەکەی مشتوماڵ دەدا و دەی خستنە نێو چوارچێوەی پارچە شێعرێک و ڕستەیەکی سەرنج ڕاکێش. بۆیە سەیر نیە لە خەڵکی ئاساییەوە بگرە تا خوێندەوار و ڕووناکبیر، زۆر کەس شێعری هێمنیان لە بەر بوو. چوونکە ئاوات و هیواکانیان لە ئەدەبیاتی وی دا دەدیتەوە.

تایبەتمەندی شێعری هێمن زۆرن کە بەشی هەرە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ نێوەرۆکی شێعرەکانی نەک ڕوخساری. چوونکە ڕوخساری شێعری هێمن تایبەتی ئەو نین. یان لە سەر کێشی عەرووزن وەک شاعیرە کلاسیکەکان، یان لە سەر کێشی خۆماڵین وەک هێندێک شاعیری پێش خۆی و هاوچەرخی خۆی وەکوو گۆران و شێخ نووری شێخ ساڵح و ... . شێعرەکانی پڕن لە جوانکاری و فنوونی شێعری کە لە کۆنەوە باو بووە. وردە کارییەکی زۆری لە ئیلهام، مەجاز، کینایە، تەشبیە و لەف و نەشردا بە کار هێناوە کە شان لە شانی شاعیرانی گەورەی کورد نالی، سالم، وەفایی و ... دەدا.

بەڵام نێوەرۆکی شێعری هێمن لە گەڵ ئەوەی دا وەک زۆربەی شاعیرانی سەدەی بیستەم نەتەوەیی و نیشتمانییە، تایبەت بە خۆیەتی و، ڕەنگ و بۆن و بەرامەی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم تایبەتمەندیانە تەنیا وەک خۆیان دەچن و دووپاتەی هیچ نموونەیەکی دیکە نین و هێمنیان لە شاعیرانی دیکە جوێ کردۆتەوە. " ئەوین"، "نەتەوە"، "نیشتمان" سێ توخمی سەرەکین لە شێعرەکانی دا، ئەو لە زۆربەی شێعرەکانی دا بە دەرگای ئەوین و دڵداری دا دەچێتە ژوور و، لە گۆشەی نیشتمان دا مەنزڵ دەگرێ. لە "فرمێسکی ڕنوو"، " ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە"، "ئامێزی ژن" و ... ئەو تایبەتمەندییانە بە ڕوونی دیارن. بۆ نموونە لە فرمێسکی ڕنوو دا ئاوا دەست پێ دەکا:

تۆ گوتت:"من عاشقی سەودا سەر و دینم دەوێ"
من گوتم" " تاکوو بە ئاواتت بگەی دینم دەوێ "

یان

ئەی پەریزادی مەهابادی! ئەتۆ ون بووی لە من
تۆم هەبێ کوانێ پەریزاد و پەریی چێنم دەوێ

ئەو هەستە دڵدارییە لە کۆتایی شێعرەکە دا دەگاتە ئەوپەری هەستی شۆڕشگێری و خەبات و تێکۆشان:

لاشەڕم، کوا بەدفەڕم، ئەمما لە سەر مافی ڕەوام
دەست و چەک، ئیمان و هیوا هەستی ئاورینم دەوێ
سەخت و ناهەموارە ئەم ڕێگایە کوردی کۆڵنەدەر
بۆ خەباتێکی درێژخایەن گوڕ و تینم دەوێ

هێمن لە شێعرەکانی دا بە توندی بە گژ دابونەریتی کۆنەپەرەستانە دا دەچێتەوە، بە تایبەتی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لە سەر ڕێی ژنان و کچان دا هەن. ئەو دژی ئەوەیە ژن لە چوارچێوەی ماڵ دا خەریکی بە جێهێنانی ئەرکی سوننەتیی خۆی بێ، پێی وایە ژنان و کچانیش دەبێ شان بە شانی پیاو بێنە مەیدان:

**من تەشی ڕێسێکی وەک " شیرنی" وەفاییم بۆ چیە؟**
**کیژی وریای چاوکراوەی فێرەزانینم دەوێ**

" وتووێژی کچ وکوڕ"، " سووڕی دەوران"، " ئەختەر کیژی کوردی چاو مەست" و... لەو نموونانەن. شێعری هێمن لە ڕووی ئیدیۆم! زاراوە، تەعبیر و وشەی کوردی و خۆماڵی دا فەرهەنگێکی دەوڵەمەندە، ئەو بۆ هەر مەبەستێک چەند وشەی شاعیرانە و هەست بزوێنی هەیە.

لە "نالەی جودایی" دا لە چارەڕەشی کلۆڵیی خۆی دا دەڵێ:

| | |
|---|---|
| مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ | بۆ منی سەر گەشتە و ڕووت و ڕەجاڵ |
| بۆ منی با بردەڵەی گردە نشین | بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆر و برین ... |
| پەڕ وەریوی باڵشکاوی ڕەنگ بڕاو | بێ بژیوی بەشخوراوی، دەر کراو ... |

زۆر کەس هێمن تەنیا وەک شاعیر دەناسن. هێمن دەیان وتار و پەخشان و نامەی هەن بە تایبەتی " لە کوێوە بۆ کوێ" کە سەربردەی خۆیەتی، شاکارێکی پەخشانی کوردیە. ئەو نووسینانەی، ئەگەر کێش و قافیەی لێ دەرکەی شان لە شانی شێعرەکانی دەدا. جگە لە مانەش هێمن وەرگێریش بوو، چەندین بابەت و چیروکی لە فارسیەوە لە د. سادق جەلالی، شەکسپێر، هۆمێر، کاتول مەندیس، بالزاک، گی‌دی موپاسان وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی.

تواناکانی ماموٚستا هێمن و تایبەتمەندیە ئەدەبیەکانی کە ئەویان لە ئەدەبیاتی کوردی دا گەیاندە لووتکە، یەکجار زۆر لەوە زیاتر و بەرینترن. ئەو چەند دێرە تەنیا " ئاڵەکۆک"ێکە بە دیاری بۆ یادی ئەو ئەدیبە مەزنەی کورد لە ٢٠ ساڵەی مەرگی دا. ئەگینا باسێکی ورد و هەمەلایەنە لە سەر هێمن " گوڵستان"ێکی تێ دەبێ کە لەم گوڵدانە دا جێی نابێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٣٤۴ . ستوونی بەر لە ماڵاوایی

ڕێکەوتی: ٢٤ی نوامبری ٢٠٠٦

# چاوەڕێی گەڕانەوە دەکەم تاکو بێمەوە گڵکۆی پیرۆزت زیارەت بکەم

## لوقمان زەهرایی

[بەبۆنەی بیستەمین ساڵیادی کۆچی دوایی شاعیری گەل و نیشتمان، هێمن]



لێرەوە، لە وڵاتی سەهۆڵبەندان و بەفر و سەرماوە، لە وڵاتی بێ هەتاو، وڵاتێ کە زۆربەی وەرزەکانی ساڵی تاریکن، لە وڵاتی بێ بەهار و گەزیزە و نێرگز و سێوسن و بەیبون و هەڵاڵەوە، لە وڵاتی بێ چیا و کانیا و بێبەش لە خوڕەی قەڵبەزەی ئاوهەڵدێر، بێبەش لە قاسپەی کەوی کۆساران و شمشالی قالە مەڕە و شەنگەبێری ڕەشماڵان و لاوک و حەیران و بەیتان، بێبەش لە خۆشەویستی و عاتفە و ئێحساسەوە، بێبەش لە چریکەی بولبولان و دەنگی بەسۆزی مامڵێ، بە نوکی خامەی کۆڵم، بە دڵێکی ماتەمگرتوو بە تۆزی غوربەتەوە، بە چاوانی کزبوو لە سوێی ڕزگاری نیشتمانی داگیرکراو و دابەشکراوم، ئەو چەند دێڕە لە بیرەوەریی کۆچتدا دەنووسم. ئاخر منیش ساڵانێکی دوورودرێژە لە تاراوگە دەژیم و بەدرێژایی ئەو ساڵانە ئێرە بۆ من نامۆ بووە و خووم پێڕە نەگرتووە.

دوورکەوتنەوە لە زێد و نیشتمان بۆم دژوار بوو، هەرچەند لەنێو کەسوکار و خزم و ناسیاوانمدا دەژیام، بەڵام هەستم بە نامۆیی دەکرد؛ نامۆ لەوەیکە دەوروبەرم لێم تێنەدەگەیشتن، بیر و هۆش و ئەندێشەم لە زیندانێکی تەنراو بە بیری تاریکی و شەوپەرەستی گەمارۆ درابوو. پێویستم بە هەڵمژینی هەوایەکی نوێ بوو؛ بە دیتنی ئاسمانێکی شین و بێگەرد؛ هەوڵم ڕزگاربوون بوو لەو گۆمە کەسیفە بۆگەنیوە پەنگخواردوە؛ دەمهەویست بە دەریا بگەم و شەپۆلەکانی ببینم. دەمهەویست بڕۆم تاکو چیدی چاوم لە خونچە ژاکاوەکانی باغانی وڵاتم نەبێ، چیدی سووتانی گوندەکان و کوژرانی مرۆڤە هەژارە بێبەشەکان نەبینم، چیدی گریانی منداڵانی هەتیو نەبیسم، چیدی گوێم لە ئاه و ناڵەی دایکانی ڕۆڵە شەهیدکراو نەبێ، چیدی باوکانی پشتچەماو و خۆشکانی ڕەشپۆش نەبێنم و چیدی بۆنی شیمیایی و خەردەڵ و باروت و مەرگ ڕۆح و مێشکم ئازار نەدا. هەوڵمدا لە دەست سوننەتەکان کە ڕووخێنەری بیر و هزری نوێن ڕابکەم. ئاخر لە تاراوگەی وڵاتی خۆمدا زۆر لەمێژە بیر و ئەندێشەی کەڵە پیاوانی وەکو تۆ دژایەتیان لەگەڵ دەکرێ و ڕێگای خۆدەرخستنیان لێ بەربەست کراوە.

ڕووناکبیرانی وڵاتی مە زۆر داماون و ناپاکیان دەرحەق دەکرێ و بە دایم شەوەزەنگ بەسەر ڕووناکیدا زاڵ بووە. زمانی دیالۆگ و مەنتیق و ئاشتی بڕەوی نییە و تەنیا چەک و شەڕ و خوین و کاولکاریی قسەی هەوەڵ و ئاخر دەکا. دواکەوتوویی و جەهالەت ڕیشەی زۆر قووڵی داکوتاوە و گەڕان بەدوای ڕاستییەکاندا بە مانای لادانە لە ڕێبازی خوداوەندی و کافربوونە، دژایەتی کۆنەپەرەستی و خورافات بە مانای خستنەگەردنی پەتی سێدارەیە.

لەویّ، لە غوربەتی وڵاتی خۆماندا، لەجیاتی خزمەتی باغ و گوڵ و دارستان، لەجیاتی چاندنی نەمامەکان، تیغی ڕەشەبای نەزانی و جەهالەت و داوکەوتویی و ئەهریمەن بێڕەحمانە جوانییەکان درویّنە دەکەن. من تاراوگەی وڵاتی خۆم بەرەو تاراوگەیەکی دووردەست جیّهیّشت بەو هیوایە ڕووناکی ببینم، تاکو خەونە وەدینەهاتووەکانم وەدیبیّنم. ڕۆیشتم تاکو بە ئاویّکی ڕوون و بیّگەرد و گەش جەستەی شەکەتم بشۆم و خۆم لە گوناهەکانی تاراوگەی وڵاتی خۆم پاک کەمەوە. ڕۆیشتم تاکو بەدوای بوونی خۆمدا بگەڕێم، چونکە بە فەرموودەی تۆی مەزن "خۆم گومانم لە بوونی خۆم هەیە". ڕۆیشتم تاکو پێناسەی بوون بۆ خۆم دروست بکەم و چیدی وەکوو هەتیوان لە قون دەرکان نەژیم. ڕۆیشتم تاکو کەرامەتی دزراوم وەچەنگ بێنمەوە و بە دونیا بڵێم کە بەڵێ منیش بوونم هەیە و خاوەنی زمان و کەلتور و مێژووی سەدان ساڵەم، خاوەنی نیشتمانی مادەکانم. بەڵام گەورەم، من لە هەردووک دین و دونیا بووم، لە تاراوگەی وڵاتی خۆم بێبەش، ئینسانکوژ، دزێو و جەردە پێناسەمە و لێرەیش وەکو مرۆڤێکی "سەرڕەشی" پێپەتی بێ پەنا و پەسیو، برسی و ڕاکردوو سەیرم دەکەن.

ئەی شاعیرە مەزنەکەی هەردەم ئاوارە و لە تاراوگەدا ژیاو، من هەم عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵم و هەمیش عاشقی کێو وتەلان و بەندەن و بەردی کوردستانم. لێرە بە دڵێکی پڕ لە حەسرەتەوە چاوەڕێی گەڕانەوە بۆ تاراوگەی وڵاتی خۆم دەکەم و تۆز و خۆڵی زێد و نیشتمانی خۆم بە هەموو ئەوروپا ناگۆڕمەوە. چاوەڕێی گەڕانەوە دەکەم تاکو بێمەوە گڵکۆی پیرۆزت زیارەت بکەم و دەستەگوڵی ڕێز و ئەمەگناسی لەسەر مەزارت دابنێم. تۆیش ئەی شاعیرە دڵ پڕ لە حەسرەتی ڕزگاریی نیشتمان، ڕووناکبیرە مەزنەکەی نیشتمانی بێ پێناسەی کوردان، ئارام بنوو، دڵنیا بە ڕۆژێک خەونەکانی تۆ و من و میلیۆنان کوردی بێبەش وەدیدێن.

سەرچاوە : ئارشیفی ماڵپەڕی دیمانە / ڕێکەوتی : ١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦



# هێمن یان دەنگێک بە پانتای کوردستان؟

هیوا گوڵ محەمەدی

هێمن موکریانی، هۆنەری بەتوانا، کوردیزانی بێ هاوتا، کوردیبیێژی کەموێنە، ئاوێنەی باڵانوێنی دەرد و ڕەنجەکانی کۆمەڵگە، شۆڕشگێڕی خاوەن بیر، بیرتیژی خاوەن هەڵوێست و هاودەنگ و هاودەردی هەژاران بوو. هێمن بەر لەوە هۆزانڤان یان نووسەر بێت، مرۆڤە، کورد و بندەستە، سەوداسەری ئازادی و خەباتگێڕی سەربەستی و ڕاپەڕیوی سەردەم و دەورانی خۆیەتی و پاشان لەڕێگەی هونەری دەربڕینی شیعرەوە پەیامی ئازادیخوازی، جوانیپەرەستی و خۆشەویستی و خۆشویستنەوە گەورە دەبێ؛ بست بە بستی وەڵاتەکەی بەسەرئەکاتەوە و هێمنی ئەشڵەقێنێ و ئەبێتە دەنگێک پڕ بە پڕی کوردستان و لە هەموو دڵێکا ئەکەوێتە لێدان، لە هەموو قوڕگێکا ئەبێتە هاوار و لە هاوارەکانا ئەبێتە بەستە و لە زاری هۆنەرە بەرزەکانی گەلەوە وەک سۆز گوێی هەموو کوردێکی خاوەن هەست ئەزرینگێنێتەوە.



هێمن بە هێمنی ئازارەکانی کۆمەڵگە ئەچێژێ و بە زمان و زاراوەیەکی ڕەوان و خۆماڵیانە و بە جورێکی زانایانە و سادە لە تویی هۆنراوەدا ئەیڕازێنێتەوە و هەستی مرۆڤ ئەهەژێنێ. هێمن زۆر پێش دەورانی خۆی کەوتووە و سەرەڕای ئەوەی لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی هاتووەتە دنیا و ئەیتوانی ببێتە خاوەن مڵک و خەڵک خزمەتی بکەن، پشت لە خۆفەرزکردن ئەکا و تێکەڵ بە چەوساوەکانی کوردستان دەبێ. هێمن پارێزگاری لە مافی ژن ئەکا و بەرهەڵستی جەور و ستەمی داگیرکارانی تێکدەر و ڕووخێنەر ئەبێتەوە و لەگەڵ ئازادیخوازانی نەتەوەکەی تێکەڵ بە کاروانی شۆڕشی ئازادی و سەربەستی دەبێ.

بەڕاستی باسکردن لە هێمن تەنیا باسکردن لە شاعیرێک نییە و بەس، بەڵکو باسکردنە لە لایەنی زۆر جۆراوجۆری سەردەم و سەدەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە ڕووداو. باسکردن لە هێمن موکریانی واتە باسکردن کە پێشمەرگەیەکی کوردستان، ئاوارەیەکی نیشتمان، دەردەدارێکی ڕاونراو، هەستناسکێکی قەڵەمبەدەست، یادگاری یەکم کۆمار و خۆشەویستی یەکەم سەرەککۆماری کوردستان.

هێمن موکریانی خاوەن شێوەی دەربڕین و نووسینێکی تایبەتە کە زۆر بە ئاسانی و یەکەم جار ئەچێتە دڵەوە و لە زار ڕەوان و لەبەردڵانە. مامۆستای پایەبەرز، هۆزانی بەهەست و هەستیاری دەرد و ڕەنجەکانی کۆمەڵگە، گەلێ شیعر یان ئەتوانم بڵێم سەرجەم هۆنراوەکانی لەگەڵ سەردەم و کات و ڕووداوەکانی ئێستادا ڕێکدەکەون و دێنەوە و ئێستایش گەلێ کەس و بە هەزارن مرۆڤ ڕۆژانە لەگەڵیانا ئەژین و خۆیان تێیاندا ئەبینەوە و دەربڕی هەست و سۆز و دەرد و ڕەنجەکانی ئەوانە.

ئەگەرچی شەو درنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر

**کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر**

کەم نین ئەو کەسانەی کە ئێستا و بەردەوام لەگەڵ هەڵدانی پێکەکانیاندا ئەم هۆنراوەیە ئەڵێنەوە و خۆیانی تێدا ئەبیننەوە.

**ئەوەندە دەردەدار و بێ پەرستارم کە پێم وایە**
**لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر**

مرۆڤێکی دەردار و بێ پەرستار هیوای بە مان نییە. کەسێکی ئاشق کە وا تێدەگا کەس لێی تێناگا و ناتوانی بە ئەوینەکەی بگا و ئاواتەکەی بێتە دی، خۆی لە مردن زیاتر نێزیک دەبینێ تا ژیان. گەلێکی ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابواردووە و نازانێ کە مەرگ مەودای ئەدا ببینێ سەردەمێکی تر.

مەرگ مەودای دا و سەردەمێکی تری بینی بەڵام بەداخەوە چەرخی چەپگەرد بە لایەکی ترا خولایەوە و ئەو هێمنە گەورە و ئەو مرۆڤە سووتاوەی نەتەوە و نیشتمانەکەی تاوانبار کرا و بێ حورمەتی پێکرا.

لە چارشێو بێزارە و لایەنگری بەرابەری ژنانە و نایەوێ کەس ڕوبەندی هەبێ و ژنان پێویستیان بە رووگرتن نییە و دەبێ وەک پیاوان بێنە گۆڕەپان و داوای ماف بکەن، ماف تەنیا بۆ پیاوان نییە. ژن لەلای هێمن سەرچاوی خۆشەویستی، جوانی و لانکی هەست و سۆز و ئەوین و خۆڵقاندنە، بۆیە کە فرمێسکی لەسەر ڕوخساری کیژی دڵشکاو بینی حەز ناکا لەسەر سوورەگوڵ شەونمێکی تر ببینێ. سوورەگوڵ نیشانەی ناسکی و جوانی و حەزە و ڕومەتی کیژی دڵشاکاویش سوور و سپی و دڵپەسەندە و هەردوو لایش جوانییان لە سروشت وەرگرتووە و ئەم جوانییە کە هەیە نابێ بە دڵشکاندن تۆزی فرمێسک بیانژاکێنێ.

بە دەرمان چاری دەردی هێمن نایە. ئەدی بۆ دوکتۆری زانا خەساری دەرمان و عیلاجەکانی ئەکات؟ هێمن دەردەدارە. دەردی هێمن دەردی گەلە، دەردی چەوسانەوە، نابەرابەری، زوڵم و زۆر و نەبوونی ئازادییە. بۆیە داییم سینگی قەڵغانی تیری دەرد و خەمی گەلە و نەیدیوە ڕۆژگاری سپڵە هەر تیرێکی بیهاوێ بەرەو سینەی نەبێ.

هێمن لەو کەسانەیە کە ئەگەرچی بە جەستە و فیزیکی لە ناوماندا نەمابێ، بە بیر و هزر و بە وتەی جوان و بە هۆنراوە بە ناو و ناوەرۆکەکانی لەگەڵمانایە. سەری خۆشەویستی بۆ هێمن دائەنەوێنم.

١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦

# وەتەندۆستی و دنیابینی لە هۆنراوەکانی هێمن دا

عومەر کەریم بەرزنجی


ماملۆستا هێمن

لە کوێستانێ دەمی ڕاو و شکارێ
لە مەزرایە کە خۆم هەڵکرد لە کارێ
لە جێژوانێ کە دەکوشم مەمکی یارێ
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

(بارگەی یاران، هێمن، ٢٠٠٣. ل. ٦٩)

لەم نمونە شیعریەی مامۆستا هێمن دا بەرچاومان دەکەوێت کە ئەگەرچی لەگەڵ ژنـدا و لـە وەختـی ژوان و مومارەسەی حەز و ئارەزووەکانیشدا بێت نیشتمان لەبیر ناکات، وەک دواتر عەشق و ئەویندارى خۆی بۆ نیشتمان زیاتر دەخاتە ڕوو، پتر گرێدراویی خۆی بە خاک و بست بە بستی نیشتمانەوە دەبەستێتەوە.

شاعیر تەنها پێڵاوەکەی نایبەستێتەوە بە نیشـتمانەوە بـەڵکو ڕۆح و سۆز و عەشقی بـۆ ئـەوە و مەعشـوقەکەی شـاعیر نیشـتمانە نـەک کەفەڵ و بەژن و باڵا و چاوی بەخوماری ژن. وەلێ هاوکات ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیر لە خۆشەویستی ژن و جوانی ئـافرەت بـەدوورە، بەڵکو تا نیشتمان لەژێر چەپۆکی داگیرکەردا بێت و ئـازاد نـەبێت، عیشقی ژن و خۆشەویـستی یـار لـە بـەردەم مەترسیدایە وەک چۆن نیشـتمان لـە مەترسـیدایە. لێـرەدا عەشـق بـۆ نیشـتمان بـە ئاقـارێکی مەرگدۆسـتانە و فیداکارانـەدا دەمانبـات، وەک لـەم نمونەیـەدا بەرچاومان دەکەوێت:

دەکەم تەرخان لە ڕێی تۆدا ژیانم
لە سەنگەردا بەرەو ڕووی دوژمنانم
بە خاکی تۆ دمی ئاویلکەدانم
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە.

پەیوەست بـوون و عەشـقی نیشـتمان و وەتەندۆسـتی پانتاییـیـەکی بـەرفراوانی لـە هۆنراوەکانیـدا داگیرکـردووە. هاوکـات عەشـق و ئەڤینداری و جوانپەرستی ژن بەشێکی دیکەی دنیابینیی هۆنراوەکانی داگیرکردووە و وەتەندۆستی نەیتوانیوە شـاعیر لـە عەشقی جـوانی ژن بەتـاڵ بکاتەوە. وەک لەم نمونەیەی خوارەوەدا دەبینرێت شاعیر نیگەرانی ئەوەیە تـافی لاوی و گوڕ و تینی گـەنجێتی بەسـەرچووە و پیری تێکیشکاندووە، ئەگەرچی مەحویئاسا بۆ ژیان دڵی دەشنێ وەک منداڵ، وەلێ خوازیاری ئەوەیە لە یەکەم ژواندا بمردایە و پیـری تێکی نەشکاندایە:

خۆزگە وەک خۆر نەمدیبایە شەوی تار
خۆزگە تاوێ ڕامنەبواردبایە بێ یار
خۆزگە پیری کەلەلای نەدەکردم
خۆزگە لە یەکەم ژوانگەدا دەمردم

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری مامۆستا هێمن ئەوەیە کە زمانپاراو و کوردییەکی ڕەوانە و دوورە لە زمانی دیکە. ئەگەرچی بەهۆی شارەزایی لە زمانی فارسیدا دەیتوانی بەو زمانەیش شیعر بنووسێت وەلێ کاریگەری و پەروەردەی مامۆستاکەی واتا فەوزی، نەیهێشتووە بەو زمانە شیعر بنووسێت وەک لە پێشەکی تاریک و ڕووندا دەنووسێت کە مامۆستا فەوزی سوێندی داوە قەت بە فارسی شیعر نەڵێ و تا بۆی دەکرێت بە کوردی بنووسێت.

جگە لە داوای هێژایانی ماڵپەڕی سەنگین و ڕەنگینی دیمانە بۆ یادی مامۆستا هێمن، هۆنراوەی "یادم بکەن" هاندەرێکی باش بوو بەم چەند دێرە ئەو شاعیرە گەورەیە بەسەربکەمەوە، هەر هیچ نەبێت یادێکی بکەینەوە ئەگەرچی هەمیشە یادی لە دڵ و هەست و هۆشمدا زیندووە و بە زیندوویش دەمێنێتەوە. مامۆستا هێمن لەو هۆنراوەیەدا بەم جۆرە دەفەرمووێ:

یادم بکەن، یادی منی دوور وڵات
یادی منی ڕێبواری ڕێگای خەبات
یادی منی بێ بەش لە خۆشی و شادی
یادی منی سەوداسەری ئازادی

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە / ڕێکەوتی : ١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦



# چل ڕۆژ لە گەمارۆی دوژمندا!

سامڕەند

[بیرەوەریی هاوکاربوون لەگەڵ مامۆستا هێمن]

بۆ سیوچوارەمین ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکرات تەرحێکم کێشابۆوە کە کرابوو بە پۆستەر و لە هەموو دارودیواری کوردستان دەبیندران. لە بنی نووسرابوو ڕێکخراوی سنە. ئەودەم لە شاری سنە دەرسم دەخوێند. لەنێو ئەو هەموو ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستە کوردی و سەرانسەرییەدا، ڕۆژێک مامۆستایەکی ئایینیی شاری سنە گوتی وەرە لەگەڵم با بتبەم بۆ جێیەک. هاتینە خەیابانی فەڕەح. لەوێ چووینە خانوویەک کە چەند کەس خەریکی کاری حیزبی بوون. مامۆستا منی بەوان ناساند و بێ ئەوەی لێم بپرسێ، ڕووی دە بەرپرسەکان کرد و گوتی جا چ کارێکتان هەیە پێی بسپێرن. باسی شوڕای یازدە نەفەریی شاری سنە لەگۆڕێ بوو. پاش چەند لەحزە گوتم تکایە کاغەزێکم بدەنێ! تراکتێکم بەو بۆنەوە ساز کرد و بردیان تەکسیریان کرد. دوایە وێنەی مەلا ئاوارەم کێشاوە کە ئاڵایەکی بە دەستەوەیە و وەپێش لەشکرێک لە تێکۆشەران کەوتووە و هتد. ئەوە ئەو پۆستەرە بوو کە بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژی ئەو ساڵە لەچاپدرا.



ستەر بۆ 34ـەمین ساڵیادی جدکا،
ارى هونەریی سامڕەند

چاپی ئەو پۆستەرە بەڕادەیەک ناوی منی لەو ڕۆژانەدا زەقکردبۆوە کە وەختێک گەڕامەوە بۆ مەهاباد و چوومە دەفتەری مەرکەزیی حیزب، یەکسەر لەگەڵ هەموو ئەو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەری وەک ساڵها بێ یەکتر بناسین وا بوو. لە خزمەت مامۆستا هێمندا لە ئینتشاراتی کومیتەی ناوەندی دەستم بەکار کرد. بیرەوەریی ئەو ڕۆژە خۆشانە کە لە خانووی "خوداپەرەست"[١]، نزیک پادگانی مهاباد، لەگەڵ مامۆستا هێمن و برای خۆشەویستم کاک بێهروز کوردئەحمەدی و هاوڕێیانی دیکە کارمان دەکرد زۆر شیرنە، حەیفە خوێنەرانی دیمانەیش لێی خەبەردار نەبن.

بەیانیان لە تەپپەی قازی ڕا بە پێیان وردەوردە دەهاتم دەگەیشتمە بەر دەرکی بنکەی کۆمیتەی ناوەندی لە گەڕەکی سیمیتری. لە بەر دەرکەی جاری وا بوو پێشمەرگەی تازە ڕاوەستابوو، نەیدەناسیم ڕایدەگرتم. ڕۆژێک بە مامۆستا هێمنم گوت لە دەرکێ ڕایانگرتووم. فەورەن قەڵەم و کاغەزی دەرهێنا نووسی 'هێمن'. فەرمووی ئەوەیان پیشانده هەر کەس ڕایگرتی. ئەمجارە ئیتر هەستم دەکرد بەڵگەیەکم پێیە کەس ڕێی پێ لێناگیرێم. پەڕێکی کاهی، بەقەد لەپی دەست کەمێک کەمتر، بە ئەندازەی کارتی پێناسی پێشمەرگایەتی. پیتی" هـ"ی وا گەورە نووسیبوو بەقەد پیتی "ن"یەکەی دەبوو. ئەگەر دەمزانی ئەمڕۆ ئەو بیرەوەرییە دەنووسمەوە ئەو

کوتە کاغەزەم ڕادەگرت و لەگەڵ ئەو نووسینەدا دامدەنا. کوتە کاغەزەکە نەمزانی چم لێکرد، تەنانەت لە هەزاران نوسخەی پۆستەرەکەش کە لە دارودیواری کوردستان دەبیندران، دوای چەند ساڵ یەک تاقە نموونەیش وەگیر خۆم نەدەکەوت. ڕۆژێک بەڕێز کاک هاشم کەریمی، خودا کاری ڕاست بێنێ، لە دۆڵی قەلاسەیدەی پێی گوتم: فلانە کەس، تەرحێکی تۆ کراوەتە سەر بەرگی جەریدەیەکی فارسی. وەرە با کۆپییەکت لێ بدەمێ. بڕوا بکە هێندەم پێخۆش بوو وەک کوڕێکت لێ ون بووبێ و بیبینییەوە.

لە تەبەقەی خوارەوەی ساختومانەکە بەشی فەننی لێ بوو کە ئەفرادێک کاری بڵاوکردنەوە و تەکسیر و دەستەبەندی و شتی ئاوایان دەکرد. ئەوێ هەر جمەی دەهات. خەڵک دەهاتن و دەچوون. لە تەبەقەی سەرێی خانووەکە بەشی ئینتیشاراتی لێ بوو کە مامۆستا هێمن و چەند کەسێک دادەنیشتن. منیش ڕۆژانە لەوێ دەبووم. ژووری تەنیشت ئەوێ سکرتێری گشتی لێ دەبوو، لە هۆدەکانیتر خەریکی تەشکیلات و کاروباری دیکە دەبوون.

تایبەتییەکی دیوەکەی ئێمە ئەوە بوو کە ئارام بوو. بەڵام چونکە هێمنی موکریانی لەوێ بوو هەر کەس دەهاتە ئەو شوێنە لە ئاخرەکەیدا سەرێکی ئەو دیوەی دەدا بۆ ئەوەی هێمن ببینێ و چەند کەلیمەیەکیش بیدوێنێ. جا لێرەدایە کە من چەند خاتیرەیەکم هەیە جێی خۆیەتی بۆ خوێنەریان بگێڕمەوە.

ڕۆژەکانی یەکەم قسەکانی مامۆستا هێمن پێوەندییان بە ژیانی عادیییەوە هەبوو. زیاتر باسی شیعر و قسەی خۆش و شتی ئاوا، بەڵام لە کۆتایی ئەو ماوەی چل تا چل و پێنج ڕۆژەیدا کە لە خزمەتیدا بووم وتەکانی مەربووت بە حاڵەتی نائاسایی و شەڕ بوون.
مامۆستا بە پێی عادەت شتێکی زۆر دووپاتدەکردەوە، دەیفەرموو: " شیعر لەگەڵ شوعار فەرقی هەیە." ئەوەیشی بۆیە دەگوت لە جەوی شۆڕشگێڕیی ئەو کاتیدا زۆر لەو کەسانەی شیعریان دادەنا دەربڕینێکی ئاماڵ دروشمدانیان هەبوو کە مامۆستا هێمن پێی قەڵس بوو. مەبەستی ئەوە بوو کە شاعیرەکان نەکەونە نێو شێوازێکەوە کە ئەو عونسورانەی بۆ شیعر لازمن تەرک بکەن و کارەکەیان نەبێتە دروشمدان. دیارە ئەو نیگەرانیەی هێمن لە بارێکەوە جێی خۆی بوو.

ڕۆژێک دۆستێکی خۆشەویست سەردانی کردین. ناوی حەسەن بوو. ڕاست لەو دەمەدا مامۆستا هێمن بەسەرهاتێکی بۆ گێڕاینەوە کە کەسی نێو بەسەرهاتەکە ناوی حەسەن بوو. دڵنیام شتەکە بە ڕێکەوت بوو، بەڵام دەیشکرێ هاوکات لەگەڵ ناوی ئەم حەسەنەی کە سەردانی کردبووین ناوی حەسەنەکەی نێو بەسەرهاتەکە لە زەینی هێمندا تەداعی بووبێتەوە. بەهەرحاڵ، مامۆستا فەرمووی: "پیاوێک هاتووە بۆلام، دەڵێ وەرە ئەوە کوڕەکەم شیعری داناوە، بزانە چۆنە؟ منیش دەڵێم دا بابە بیڵێ بزانم چۆنە، ئەگەر دەیخوێنێتەوە دەبینم شیعری خۆمە لێی دزیوم! گوتم حەسەن، من ناڵێم ئەو شیعرەت دزی لێم، ئەما هیچ شیعری دیم لێ بدزی دە...!"
هەموو پێکەنین، بەڵام ئێستایشی لەگەڵ بێ نە مامۆستا هێمن، نە حەسەنی کە سەردانی کردبووین و نە حازران سەرنجیان نەدا بەوە کە ڕێک بەدوای هاتنی حەسەنناو بۆنێو ژوورەکە ئەو شتە وەبیر مامۆستا کەوتەوە.

سیغاری دەکێشا، جار جار چەند قەدەمی لە ژوورەکەدا لێدەدا، دوایە لەسەر سەندەڵییەک کە ڕووبەڕووی پەنجەرە گەورەکان بوو دادەنیشت. ئەغڵەب چاوی دە دوور دەبڕی و دەچوو دەفکرەوە. بەین بەینیش شتێکی خۆشی بۆ دەگێڕاینەوە. دەیگوت: لە سلێمانی بووم. لە دوکانێک نووسرابوو "ماستاوفرۆشیی هێمن"، گوتم بابە، ئەقەللەن کتێبخانەیەکم بە نێو بکەن، ئاخر شتێک بێ کە مەربووت بێ بە

کارەکەم! ئێمەیش پێدەکەنین. ڕۆژێک سەرنجم دا لەگەڵ هاوکارێکی دیکەمان باسی ئەوەیان دەکرد کە قەرارە خەیابانێک بە ناوی وی بکەن. مامۆستا هێمنیش دەردەکەوت کە زۆر ڕازی نییە لەو بڕیارە. من وەدوای بنج و بناوانی باسەکە نەکەوتم، بەڵام وەک بزانم باسی ئەو خەیابانە بوو کە دەچۆوە سەر پادگانێ. ئێستا لە خەیاڵی خۆمدا دەڵێم تۆ بڵێی مامۆستا، وەک مەسەلەی ماستاوەکەی، بۆیە بەو خەیابان بەنێوکردنەی قەڵس نەبووبێ، چونکە هیچ ڕەبتێکی بە ڕووحیات و زەوقی شاعیرانەی وییەوە نیە؟! خەیابانی پادگانێ ئەودەم وشک و برینگ و چۆڵ و هۆل بوو و کاتێک پێیدا دەڕۆیشتی ڕووبەڕووی تەقە و تۆپ و چڕ و نێوچاوانی سەربازانەوە دەچووی. ڕەنگە مامۆستا هێمن ئارەزووی بووبێ ئەڤەللەن خەیابانی شاپوورێک، پشتقەڵایەک، بلوارێکی بە نێو بکەن کە ئێواران کیژ و کوڕ بە لیباسی کوردییەوە پێیدا دەڕۆن. بۆ ڕاست خەیابانی پادگانێ؟! کەسانێک لە سابڵاغێدا بە شێوەیەکی تایبەتی مامۆستا هێمنیان خۆشدەویست. لەوانە کاک ئەحمەدی قازی بوو کە جاروبار سەردانی دەکرد. هەروەها خوالێخۆشبوو کاک عەلی حەسنیانیش گەلێک ئۆگری مامۆستا هێمن بوو کە ئەویش دەهات بۆلای.

نزیکبوونەوەی شەڕ هەموو ئەو ماوەیەی کە باسم کرد سەردەمی هێرشی چەکدارانەی ڕێژیمی خومەینی بۆسەر کوردستان بوو کە ئەودەم لە پاوە ڕا دەستیپێکرد و بەرەبەرە بەرەو ناوەندی کوردستان وەڕێکەوتن. شار بە دوای شاردا دەگیرانەوە. وەک ستراتیژییەک هێزی دەوڵەتی خۆی بۆ گرتنەوەی مەهاباد ئامادە دەکرد. لە هەواڵەکانی ڕادیۆ تارانەوە دەردەکەوت کە دەوڵەت گرینگییەکی زۆر دەدا بە گرتنەوەی مەهاباد و بە هێزێکی زۆر پۆشتە و تەیارەوە بۆی دێ. لەدوای ڕووخانی ڕێژیمی شاوە تا ئەو کاتە شاری مەهاباد بەتەواوی لەدەست کورداندا بوو و بە پێچەوانەی شارەکانی دیکە سەربازخانەکەی چەککرابوو و حیزبی دێموکرات دەستەڵاتی تەواوی هەبوو. لەو چل و چەند ڕۆژەدا پێش گیرانەوەی شار لەو شوێنەی پێیان دەگوت "پاسگای بەردەڕەشان" لە نێوان پێشمەرگە و دەوڵەتدا شەڕە تۆپ لە ئارادا بوو. ئەمە خۆی سەرەتای هاتنەپێشەوەی دوژمن بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا کوردستان بەگشتی و مەهاباد بەتایبەتی لەمێژ بوو لە گەمارۆی ئابووریدا بوون.

لەم ڕۆژانەدا هەستان و دانیشتن لەگەڵ مامۆستا هێمن لەززەتی هەبوو، چونکە قسەی زۆر خۆشی لێ دەبیسترا. ڕۆژێک یەکێک خۆی بە ژووریدا کرد و بە پەشۆکاوییەوە ڕوو بە مامۆستا هێمن گوتی: دەڵێن بۆمبارانێ دەکا! ئەم هەواڵە چەند جاری دیکەیش هاتبوو و دەردەکەوت کە خەڵک نیگەرانن. مام هێمن گوتی: با لێیدا، با بزانن وە هەموو کەس ناکەوێ! مەبەستی هێمن ئەوە بوو کە هەتا ئەو دەمەی تەیارەکە لێی نەداوە، هەموو کەس دڵەخورپەیەتی و هەر کەسە پێی وایە وە وی دەکەوێ. بەڵام کە لێیدا ئەوانەی بریندار دەبن و دەمرن ئەوە دەمرن یا هەرچۆن، ... ئەوانی دی پشوویەکیان دێتەوە بەر و درێژە بە ژیان دەدەن. (ئەوە ڕێگاحەللی مامۆستا هێمن بوو بۆ هێرشی هەوایی بۆسەر شاری مەهاباد)!

وەزعەکە هیندێک نائاسایی بوو. ڕۆژێک لای بانگی شێوان کاک جەلیل گادانی هاتە ژوورەکە. هیندێک باسی وەزعەکە کرا. کاک جەلیل بۆچوونی وا بوو کە بۆ بەرزکردنەوەی ڕووحیەی خەڵک وا باش بوو ئەفرادی یەکێتی لاوان وێڕای خزمەتی دەرمانی زەبتی سەوت لە شانیان کەن و لە کۆڵانەکاندا بگەڕێن و سروودی شۆڕشگێڕی لێدەن. کاک جەلیل پێی وابوو تیمی لاوان لە وان ڕۆژاندا ئەوەیش لە بەرنامەی کارەکەیان زیاد بکەن.

ڕۆژێک درەنگ چووینەوە، ببوو بە شەو. خەتەر زۆر ببوو، جۆرێک بێهیوایی خەریک بوو پەیدا دەبوو. مامۆستا هێمن هات لەسەر

سەندەڵییەکەی دانیشت. هەموومان چاومان لە زاری وی بوو. لە بەرامبەر ئەوەدا کە گوتیان فشار زۆرە، گوتی: "ئەوەندەی دەزانم دوکتۆر ئینگلیسی‌یە لە کوردیی باشتر دەزانێ!" ئەودەم نەمزانی مەبەستی ڕاستەوخۆی هێمن لەو قسەیە چ بوو. ئەمشۆ دوای ۲٦ ساڵ کە ئەم دێڕانە دەنووسم، وەبیرم دێتەوە کە ڕۆژێک دوای ئەوە، یان چەند ڕۆژ دوای ئەوە لە بەر دەرکی فەرمانداریی مەهاباد کاغەزێکی مقەببای گەورە هەڵاوەسرابوو، بە ماژێکی ئەستوور ناوی نزیک بە سێزدە سەرۆکی وڵاتانی ئەودەمی دنیای لەسەر نووسرابوو. لە سەرەوە نووسرابوو: نامەی دوکتور عبدالرحمن قاسملوو بۆ (دەقی سەردێڕەکەم بە تەواوی لەبیر نییە) ...، لە ژێرەوەیش بە ژمارە ناوەکان نووسرابوون. ئەگەر هەڵەی نەکەم ناوی چاوشێسکۆ و یەک دوو لەوانەی پاشگری ' ئۆف'یان بە ناوەکەیەوە و بڕێک ئەوانەی وڵاتانی ئەورووپای شەرقی و ئیتر چم لە یاد نییە. بێگومان ئەوە لە ئارشیڤدا دروستەکەی هەیە. من ئەوەی ئەودەم هەستم پێکردووە وەبیر خۆی دێنمەوە. ئەو جوملەیەی سەرەوەی هێمن دەبێ لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو ڕیزە نامەیەدا بووبێ. چونکە ماموستا هێمن لە بڕیاراتی گرینگی ئەودەمیدا دیاربوو لە کەسانی نزیک بە مەرکەزی بڕیار بوو.

سبەینەکەی یان ڕۆژانی دوای ئەوە ئێمە بەهۆی ئەوە کە وەک هاواڵێکی هێمن‌مان لێهاتبوو لە بەرنامەی قسەکردنێکی دوکتۆر قاسملوو لە بەر فەرمانداریی مەهاباد بێ‌ئاگاماینەوە و هەتا تەواو نەبوو نەمانزانی. لەوێ دوکتور قاسملوو قسەی بۆ خەڵکی شار کردبوو، بەڵام وا بزانم سەردانەکەی سکرتێری گشتی بە کوتوپڕی ببوو، ئیحتیماله هۆی ئەمنیەتی بووبێ. یەکێک لە قسەکانی کاک دوکتۆر ئەوە ببوو کە دۆستی لەمێژینەمان، ئیتتیحادی شوڕەوی، کۆمەکمان دەکا و...

لێرەدا ناچمەسەر لێکدانەوەی ئەو لایەنە سیاسییەی باسەکە بۆ ئەوەی بە حاشیەدا نەڕۆم و لە باسی ماموستا هێمن دوور نەکەومەوە. لەو ڕۆژانەدا وەها لەگەڵ ماموستادا بووینە هاواڵ کە خۆمان وەک تیپێکی تایبەتی دەچووین. لە بیرمە بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆیە لە یەکێک لە ماڵەکانی سابلاغێ بانگهێشتن کراین. ئەوان هەر نەیاندەزانی من کێم، بەڵام هێمن و کاک عەلی حەسنیانی و کەسی دیکە و من کە تەمەنم ۱۹ دەبوو لێک جیا نەدەکراینەوە. وای لێهاتبوو ئەگەر گوتبایان هێمن دەعوەتە، مەعنای ئەوە بوو کە ئێمەیش دەعوەتین.

بیستبوومان کە ئەرتەشی شەڕێ ناکەن، تەنیا پاسدار دەیکا. خەڵک دڵی بەوەی خۆش بوو. منیش لەسەر کاغەزێک تەسویری پێشمەرگەیەک و سەربازێکم کە هەر دوک چەکدار بوون کێشاوە کە دەستیان لەسەر شانی یەکتر داناوە. عەرزی ماموستا هێمنم کرد کە ئەوە با لە چاپ بدرێ. یادی بەخێر بەو تەوازوعەیەوە کە هەیبوو، جووتێک کەوشی چەرمی لە پێدا بوون، پاتۆڵێکی کوردی و کراسێکی تەقریبەن سپی، کە دەرۆی بەنێو ژوورەکەدا زۆر پیاوێکی ژیکەڵە بوو، کەوشەکانی لەسەر مزاویکی ژوورەکە تەقە تەقی دەهات. پیر بوو، بەڵام لە ڕۆیشتنێدا قیت دەڕۆیی. گوتی: با بیبەم پیشانی دوکتۆری دەم! ژوورەکان ئەودیو و ئەمدیو بوون. پاش ماوەیەک گەڕاوە. گوتی: دوکتور دەڵێ لە بنەوەی بنووسن "ما با برادران ارتشی سر جنگ نداریم!". منیش دەسبەجێ ئەوەم نووسی و وێنەکە چووە ژێر دەزگای چاپەوە.

وا بزانم زۆر پێش ئەو ڕێکەوتە بوو کە ڕۆژێک پێش نیوەڕۆ بە دەرکەی لای کۆڵانەکەدا چوومە نێو بارەگای حیزب. لە تەبەقەی یەکەم لەنێو کوڕەکانی بەشی ئینتشارات هێمن ڕاوەستابوو. کەواوپاتۆڵ و پشتێند و دەمانچە بە لای قەدییەوە، قایشی کەمەربەندی دەمانچەکەی جێ جێ پشتێندە شلەکەی بەسەر کشابوو. یەکسەر سڵاوم لێکرد و دەستی دە دەستی نام. بە سەرسووڕمانەوە پرسیم:

مامۆستا خەبەر و باس چییە؟ گوتی: مەلایەکی بکێشەوە کە هەقی کوردی نادا! دیار بوو ئەخباری تاران و هەڵوێستی کاربەدەستانی دەوڵەتی زووتر بە ناوەندی حیزب دەگەیشتن و هەموو جۆرە ڕووداوێک لە حیزب ڕا زووتر هەستی پێدەکرا هەتا نێو خەڵک. مامۆستا هێمنیش وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کەسی زۆر نزیک لە سکرتێر شتی زوو دەزانی و خۆیشی بە پێی تەجرەبەی ژیانی ڕابردووی چاکی هەست پێدەکرد.

جار جاریش هەر بۆخۆی دەستی بە باسێکی دەکرد ئەوەندەی زەق دەکردەوە هەتا من سەرنجم بۆسەر بابەتەکەی ڕادەکێشرا. ئەودەم نەمدەزانی ئەمشەو ئەو خاتیراتە دەنووسم بۆیە زۆر گوێم بەتایبەتی هەڵنەدەخست کە چ دەڵێ و چ ناڵێ. بەڵام ئەوانی سەیر لە بیرم ماون و ئەودەم موتەوەججیهی بووم. ڕۆژێک هەر قسەی دێنا و دەبرد و ڕەخنەی دەگرت: ماڵت نەشێوێ! ئاخر ئەتۆ بۆ بۆخۆت دەچییە نێو سەنگەرێ (یا دەیگوت نێو شەڕێ چاکم لە بیر نییە)؟. مەبەستی لە دوکتۆر قاسملووی بوو. نازانم لە کوێ هێمن ئەوەی تووش ببوو و بە توندی دوکتۆری سەرکۆنە دەکرد لەسەر مەسەلەی نزیکبوونەوە لە شوێنی شەڕ.

زۆر چیرۆک و بەسەرهاتی ژیانی نێو شۆڕشی لەلا بوون. جارێک پێدەکەنی و گاڵتەی بە کەسێکی دەکرد کە ویستوویە بە دەمانچەی یەکێکی بکوژێ، بەڵام لەڕاستیدا پیاوی ئەو کارەی نەبووە. لە دوژمنەکەی خۆی نزیک بۆتەوە و هەرچی گوتوویانە دەی لێیدە، لێیدە، هەر نەیوێراوە ترساوە کە نەیئەنگێوێ و سەرەنجام ئەوەندە نزیک بۆتەوە کە دەمانچەکەی لەسەر پشتی ڕاگرتووە و کاتێک تەقاندوویە باڕووتی گوللەکە بە لیباسی کوژراوەکەوە دیار بووە. جا ڕەخنەی لێدەگرت، پێی پێدەکەنی و بۆی دەگێڕاینەوە و... هتد. ئەو ماجەرایە لە کوێ بووە نازانم، چونکە نەمدەپرسی.

دۆستایەتیی هێمنی موکریانی تاقە مەشغەڵەی ئەوان ڕۆژان نەبوو بۆ من. ئەو سابڵاغە شاعیری وای تێدا بوو کە من سەعاتەکانی شەووڕۆژم لەگەڵدا دەبردەسەر کە مامۆستا هێمن لە ڕەفتار و قسەی خۆشدا نیسبەت بەوان عاددی دەهاتە بەرچاو. دە لادە، لادە لادە لەچکە تەسکە کەسکەکەت. ئێواران لای بانگی شێوان دەستەکەی ئێمە بریتی لە شاعیر، نەققاش، نووسەر، وەرزشکار، عەمباڵی مەیدانی ئاردی، ڕانندەی شارەداری، دیپلۆمی بێکار و جاروبار دەنگخۆشی ئاماتۆر پێکەوە دەگەڕاین. بە سەرۆکایەتیی و دەمڕاستیی جەعفەری کەڕڕوبی کە یەکێک لە نابیغەکانی ئەو ڕۆژگارە بوو لە مەسەلەی ئازایەتی، قسەزانی، کوردایەتی، ئیحتیرام بۆ لە خۆ گەورەتر، پشتیوانی لە کەسانی خاوەن عیلم و هونەر و بەکورتی ڕێبەری هەموو تەزاهوراتەکانی سابڵاغێ، ئێمەیش لە گەڕەکەکانی باغی سیسە و شیرکەتی نەفتی و مزگەوتی سەعدی بۆخۆمان کۆڕێک بووین.

لەو سابڵاغە دینامیکە پڕجۆش و خرۆشەدا سەردانی ڕۆژانەی مامۆستا هێمن تەنیا بەشێک لە دنیای پڕماجەرای من بوو. شەڕ نزیک دەبۆوە. ڕۆژێک لە مامۆستا هێمنم پرسی جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ لە کوێ دەگرن؟ ڕووی دە شاخێک کە لە پەنجەرەوە دیار بوو کرد و گوتی: لەو شاخەی! ڕوون بوو کە هەتا ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ حیزب لە شاردا نامێنێ. دیارە حەدسەکە دروست بوو، واتە ڕێبەرایەتی و کۆمیتەی ناوەندی لە شار چوونەدەر، بەڵام کۆمیتەی مەهاباد جێژنەکەی لە دانیشسەرای کچان کە لە ئینتیهای بلواری میاندواوێ بوو بەڕێوەبرد.

ئاخرڕۆژەکان لە مامۆستا هێمنم پرسی ئەمن چ بکەم؟ فەرمووی: ئەتۆ خۆت حەشار دە! حیسابی خۆم هاتە دەستی. لە شار مامەوە

هەتا ڕۆژی ١٢ی خەرمانان (شهریور). لەو ڕۆژەدا شار بە تۆپباران و خۆمپارەبارانێکی سیستەماتیک گیرایەوە. لەبیرمە ئەو هەواڵە ئەوەندە گرینگ بوو کە ڕادیۆی مۆسکۆ وەک هەواڵ ڕایگەیاند. بەڵام ئیتر خراپتر لە مەسەلەی کاتی کۆماری کوردستان، لە وشکە هەواڵێکی سەر ڕادیۆ بەدەر گەلی کورد چ یارمەتی‌یەکی نەدیت. ئەوەیە دەڵێ: تێکۆشین بە تەمای جیرانی ویشکە! باسی وردەڕووداوی نێوانی ئەو ماوەیە ناکەم. چونکە قەرارە یادی هێمن بکەم.

چووینەوە سنە و لەوێ هونەرجوەکانی دانیشسەرا لێک ئاگادار بووین کە خوێندنگەکەمان ڕاگوێزراوە بۆ تاران. هەتا ئێمە چووین ئاخر ساڵمان لەوێ تەواوکەین لە کوردستان بە سێ مانگ پێشمەرگە سەرکەوت و گەڕانەوە نێو شارەکان. وەختێ موزاکەرەی ڕێژیم سەرێکی سنە و مەهابادمان داوە. گەڕاینەوە هەتا دیپلۆممان لە ڕشتەی هونەردا وەرگرت و گەڕاینەوە ماموستا هێمن ڕەگەڵ ئینشێعابێک کەوت کە خۆیان بە پەیڕەوانی کۆنگرەی 4 دەناساند. من دەمدیت کە ئەدەبدۆستان دوای ئەوەیش سەردانی ئەو زاتە دەکەن. بەڵام خۆم دەبوو تەرکی دیداری ئەو دۆستە ئازیزەم بکەم. هۆیەکەی ئەوە بوو کە وەک خۆم لە دژی ئەو گروهە و بە ئاشکرا لە دژی شەخسی ماموستا هێمنیش شتێکم بڵاوکردەوە. دیار بوو ئەو پردەم ڕووخاندبوو کە بکرێ جارێکی دی لە خزمەتیدا دانیشم و گوێبیسی قسەی خۆش بم.

### بەرهەمی هونەریی هێمن

من لە ئۆگران و عاشقانی شیعری هێمنم. هێمن مەکتەبێکی کوردایەتییە. دەریایەکە کە سەروبنی دیار نییە. یادگاری کۆمارە، شاعیری میللییە. بەڵام لەو کۆشکە بەرزەی هونەری ئەودا من لایەنی لاوازیش بەدی دەکەم. بیری ماددی نەیتوانیبوو ڕوانگەیەکی جوانیناسیی فرەوان بدا بە هێمن. لە دوو شتی هێمن من خۆشم نەهات. یەکەم فەلسەفەی جوانیناسییەکەی:

جیلوەی جوانی لە هەر چیدا هەبێ خۆشمدەوێ
ڕۆژی کوشتەی مینی‌ژۆپ و ڕۆژی گیرۆدەی شەدەم

حەز دەکەم ڕەخنەی لێبگرم چونکە مەودای جوانیی ئەم جیهانە و ئەم هەبوونە ئەوەندە بەرتەسک نییە کە لە فاسیلەی نێوانی مینی‌ژۆپەوە هەتا شەدە داببڕێتەوە.

دووەم، بە مەی هەڵگوتن کە دەڵێ مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ. لێرەدا شاعیر شەرع دادەنێ. کەسێکی کڵۆڵ و داماو و بێهێز و چارەڕەش و تێهەڵدراو و شکستخواردوو کونجی مەیخانە هەڵبژێرێ و لەو مەیەی کە مرۆڤ بێهۆش دەکا و لە شووشەیدایە و دەرسەدێکی باڵای ئاڵکۆڵ تێدایە بخواتەوە ئەوە ئیدیالێکی بەرز نییە و لەگەڵ کوردایەتییەکەیش خزمایەتیی نییە.

لە بەرامبەردا هێمن نبووغێکی هەیە کە هیچ زمانێک ناتوانێ گەورەیی یەکەی وەسف بکا. تەنیا مەگەر بڵێی ئەو بەهرەیە نیشانەیەکە لە هەدیەی خوداوەند بۆ بەشەرە:

خۆی هەڵکێشا لە ڕندۆڵان
لە ترسان مار بە پەلە پەل
لە پەرپەڕۆچکەی عاسمانێ
دیاریی دا تارمایی خەرتەل

بەڕاستی ئەوە ئیسباتی دەکا کە شیعر ئیستیعدادە و لە هەموو کەسدا نییە. چونکە هەن کە دەڵێن بە تەمرین دەبیە شاعیر. ئەوە مەوزووعێک بوو کە لە نێوان برای خۆشەویستم ماموستا نزار کوێستانی و یەکێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبی ڕەنجبەرانی ئێراندا هاتبووە گۆڕێ. ناوبراو دەیگوت لە نیزامێکی پرۆلیتەریدا دەوڵەت بۆت دیاریدەکا کە مەسەلەن تۆ شاعیر بە! بەوی دیکە دەڵێ تۆ کرێکار بە، تۆ شۆفیر بە و... هتد. ماموستا کوێستانی دەیگوت شیعر بەهرەیە و کە لە سروشتتدا پێت نەدرابێ و لە ناختدا نەبێ بە تەمرینکردن و بە فەرمانی کاربەدەستان لە دەروونتدا دروست نابێ. هەردوو لا بە توندی لەسەر بۆچوونی خۆیان تەئکیدیان دەکرد. بەڕاستی من بۆ تەئییدی لایەنی یەکەم بە کافیی دەزانم جوانی و ڕەوانیی و لەتیفیی شیعرەکانی ماموستا هێمن بکەمە بەڵگە و بڵێم شیعر بە هەموو کەس ناگوترێ.

[١] خانووی "خوداپەرەست" بە خانووی ئەحمەدی خوداپەرست دەگوترا کە حیزب بنکەی کۆمیتەی ناوەندی لەوێدا دانابوو.

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە / ڕێکەوتی : ١٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦



# بە یادی هێمن

## ناسر باباخانی

ئاماژە: بە بەشداری دەستەیەک لە ئەندامانی کۆمەڵی لاوانی شانا و بە ئامادەبوونی بەڕێزان کاک عەزیز ئالی، کاک ناسر باباخانی و خانم مریەم قازی لە دەفتەری ناوەندی شانا دانیشتنێک لەژێر ناوی "بە یادی هێمن" بەڕێوەچوو. لەم بەرنامەیەدا کە بۆ باس و توێژینەوە لەسەر ژیان و ئاسەواری مامۆستا هێمن تەرخان کرابوو، چەند پرسیاری بەشداران وەڵام درانەوە و باسیان لەسەر کرا. لێرەدا پوختە و کورتکراوەی ئەم دانیشتنە پێشکەشی خوێنەرانی بەڕێزی دەکەین.




لە سەرەتای دانیشتنەکەدا عەزیز ئالی گوتی: "ئەگەرچی من لێکۆڵینەوەیەکی سیستماتیکم لەسەر هێمن ئەنجام نەداوە بەڵام لەم ڕوووەوە کە ماوەیەک بە ئاودەنگی لە خزمەت هێمندا بووم و تێکەڵاوییەکی زۆرم لەگەڵ شیعرەکانی هەبووە دەتوانم وەڵامی پرسیاری حازران بدەمەوە."

جەختی مریەم قازی زۆرتر لەسەر خەسارناسی هەندێ لە شیعرەکانی هێمن بوو و لە سەرەتای قسەکانیدا گوتی: "پێموایە لەسەر شیعرەکانی هێمن زۆر یەکلایەنە بۆی چووین و زیاتر لەسەر شیعرە باشەکانی قسەمان کردووە، بەڵام بەشی خەسارناسی شیعرەکان زۆر بەدەگمەن باسیان لێکراوە."

ناسر باباخانی سەرەتا ئاوڕێکی مێژوویی دایەوە سەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی قوتابخانەی شیعری موکریان و دواتر بە هێنانەوەی چەند شیعرێک، هەندێ لایەنی شیعری هێمنی خستەڕوو.

١. باباخانی: دەمهەوێ بۆ دەسپێکی باسەکە ئاوڕێک بدەمەوە سەر قوتابخانەی شیعری موکریان. لە مێژووی ئەدەبدا ئێمە سێکوچکەیەکمان هەیە بە ناوی سێکوچکەی بابان، کە شاعیران سالم و نالی و کوردی لەخۆدەگرێ و دواتر ئەم قوتابخانەیە لەلایەن حاجی قادر، مەحوی، شێخ ڕەزا، حەریق، ئەدەب و وەفایی دەگوازرێتەوە مەڵبەندی جۆراوجۆری کوردستان، کە حەریق و ئەدەب و وەفایی ئەم قوتابخانەیە دەگوازنەوە بۆ موکریان و هەر بەم ناوەیش واتە قوتابخانەی موکریان ناوزەد دەکرێ. شێخ ڕەزایش دەیگوازێتەوە بۆ گەرمیان و حاجی قادر بۆ سۆران و مەحوی بۆ سلێمانی و دوایی لک و قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان لەم ناوچانە سەرهەڵدەدەن. بەڵام ئەگەر ئێمە بڵێین قوتابخانەیەک بە ناوی موکریان پێکهاتووە، دەگەڕێتەوە سەر چەند خاڵی سەرەکی کە ڕەوتەکەی لە نالیڕا دەستپێدەکا و دەگاتە سەر حەریق و ئەدەب و وەفایی. دیارە کەسایەتی دیکەیش هەبوون بەڵام زیاتر ئەو سێ کەسەن کە وەک میراتگری قوتابخانەی نالی دێنە ئەژمار و وەک خاوەنانی قوتابخانەی موکریان سەیر دەکرێن.

یەکێک لە هۆیەکان ئەمەیە کە ئەم سێ کەسە لە وەڵاتی ئێران ژیاون و شوێنیان لە شاعیرانی بەناوبانگی فارسزمانی ئێرانی وەرگرتووە. دواتر بنزاراوەی موکریانی لە شێوەی ئەم دەستەیەدا نموود پەیدا دەکات و دەبێتە بنزاراوەی زاڵی شیعری ئەم ناوچەیە. ئێمە ئەگەر حەریق و ئەدەب و وەفایی بە شاعیرانی دەورەی ئەوەڵی موکریان ناوزەد بکەین، لە دوای ئەمانە قوناغێکمان هەیە بە ناوی «قۆناغی گواستنەوە« کە بریتییە لە سێ کەسایەتی، مەلا مارف و قازی مستەفا شەوقی و سەیفولقوزات. پاش ئەوان شاعیران هێمن، هەژار، مەلاغەفوور، هێدی، حەقیقی، ئاوات و ... بە شاعیرانی دەورانی دووەمی قوتابخانەی موکریان بە ئەژماردێن.

بەڵام لەدوای ئەوانیش دەوری سێیەمی قوتابخانەی موکریان کە سەردەمی شیعری نوێیە سەرهەڵدەدا کە بریتین لە سوارە و هاوار و چاوە. دواتر شاعیران جەلال مەلەکشا، سەعید نەجاری (ئاسۆ)، عەزیز ئالی، مارف ئاغایی، عەلی ئیسماعیلزادە، ڕەحیم لوقمانی، ئەمین گەردیگلانی و ... کە شیعرەکانیان تێهەڵکێشێکن لە شیعری شاعیرانی قۆناغی دووەم و شاعیرانی نوێخواز (دەورەی سێیەم)، دێنە مەیدان. دواتریش بەرەیەکی دیکەیە - شاعیرانی ئێستا- بە زمانێکی تایبەت و فۆرمێکی جیاوازتر لەدایکدەبن.

دیارە لێرەدا باسی قۆناغی دووەمی شیعری موکریانە و لەم قۆناغەدا شیعری شاعیران هێمن، خاڵەمین، هەژار، هێدی، ئاوات و ... هەندێک تایبەتمەندی هاوبەشیان تێدا بەدیدەکرێ. بۆوێنە زۆربەی شیعرە سیاسییەکانی ئەم شاعیرانە کە لە سەردەمی پێکهاتنی کۆماری کوردستاندا دەگووترێن، لە باری تێم و داڕشت و ناوەرۆکەوە زۆر وەک یەک دەچن. بەڵام ئەوەی من دەمهەویست باسی بکەم، جیاوازی شیعری هێمنـە لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخی خۆی.

شیعری هێمن لەگەڵ ئەوەیدا کە لە هەندێ بارەوە لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخی خۆی وێکچوونێکی حاشاهەڵنەگری تێدا بەدیدەکەی، چەمکێکی تێدایە کە تا ڕادەیەک شیعری هێمن جیاوازتر دەکا کە ئەویش پێی دەڵێن «شیعرییەت». تەنانەت کاتێک هێمن بە شێوەیەکی شوعاری لە شیعری "ئەمن ئەی نیشتمان هەر تۆم لەبیرە..."دا باسی نیشتمانەکەی دەکا، یان کە دەڕوانییە شیعرە بەرزەکانی، بۆوێنە غەزەلەکانی، دەبینی کە بە شێوەیەکی زەریف و ڕێکوپێک تۆخمی شیعرییەتی تێدا بەدیدەکەی، "هەتاکو دوا پشوو ڕێبواری ڕێگەی عیشق و ئازادیم..."؛ مەبەستم ئەوەیە بڵێم هێمن شاعیرێکە کە جێپەنجەی لەچاو شاعیرانی هاوچەرخی خۆی زیاتر دیارە.

٢. ئالی: لە بابەت قسەکانی کاک ناسرەوە، بەگشتی موافقم، بەڵام نەتەنیا شاعیرانێک کە لە وەڵاتی ئێران بوون، بەڵکو شاعیرانێک کە کورد بوون و لە وەڵاتی ئێرانیش نەبوون بە شێوەیەک چاویان لە شیعری کلاسیکی فارسی بووە و ئەمە سەیر نییە، چونکە شیعری فارسی لەو سەردەمەدا گەیشتبووە ئاستێکی بەرز. بۆوێنە نالی شیعری زۆر شاعیری فارسی خوێندۆتەوە و لەبەردەستی بوون و حەتتا لە شیعری خۆیدا ناوی هێناون.

بەڵام بەشبەحاڵی هێمن، بەڵێ شیعری هێمن شیعرێکی سەربەخۆترە لەچاو شاعیرانی سەردەم و هاودەورەی خۆی. من هێمن بە شاعیرێکی کلاسیک نازانم بەڵکو بە شاعیرێکی نوێخوازی دەزانم. هێمن زۆر لە جەوهەری شیعر نزیک بۆتەوە و خاوەنی سەبکی خۆیەتی.

**٣. قازی: پێمخۆشە من لایەنێکی دیکەی شیعری هێمن بێنمە بەرباس. کاتێک باسی ئەم شاعیرە گەورانە دەکەین، تەبعەن باسی شوێنوەرگرتن دێتە پێش. پێشەکی پێویستە بڵێم لە یەکێک لە ژمارەکانی هەفتەنامەی پەیامی کوردستان لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ کاک عەزیز کرابوو، کاک عەزیز لە وەڵامی پرسیاری شوێنوەرگرتنی هێمن لە شاعیرانی تر وەڵامی مەنفی دابۆوە. بە بڕوای من ئەمە دەبێ باسی زیاتر لەسەر بکرێ. من لام وایە شاعیر ناتوانێ لە بۆشایی (خلاء)دا شیعر دابڕێژێ و بە دڵنیاییەوە لەم و لەو و لێرولەوێ شوێن وەردەگرێ. هێمن بۆخۆی لەسەر ئەم بڕوایە بوو و لە پێشەکی کتێبی "تاریک و ڕوون"دا دەڵێ من دەسکردی فەوزیم، ئەو هەڵیوەشاندم و لەسەرڕا دایڕشتمەوە. ئەوەیش بۆ شاعیر نابێتە عەیبێک کە کاک عەزیز نێوی بنێ لاساییکردنەوە. بۆوێنە لەو جێگایە کە سەیفولقوزات دەفەرموێ: "کوردینە تا کەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو/ دێین و دەچین و بۆ ئێمە قەت نەبێ خودان و خێو/ بۆ ئاسمان دەڕۆن و لە بەحران دەکەن سەفەر/ هەر ئەرزە نیشتەگاهی من و..."**

**کە لەگەڵ ئەو شیعرەی هێمن زۆر لێکتر نزیکن: "ئەو بە ئاسمانا فڕی چوو بن بەحر دنیا گەڕا/ دەک نەمێنم ..."**

**یانی هەردووکیان باسی بەحر و سەفەر بۆ ئاسمان دەکەن و دوایە دەڵێ هەر ئەرزە نیشتەگاهی من و هێمن دەڵێ هەر لەژووردانیشتنە. بەو جیاوازییە کە هێمن لە شیعرەکەی خۆیدا ڕووی قسەی لەگەڵ ژنانە و وا دەنوێنێ کە پیاوەکان کاری خۆیان تەواو کردبێ و ئەوە ژنەکانن کە دواکەوتوون، لە حاڵێکدا سەیف لە شیعرەکەی خۆیدا ڕووی قسەی لەگەڵ هەموو کوردە و ئەوەیان ڕاستترە، چونکە بەگشتی وەڵات بە ژن و پیاوی خۆی لە کاروانی زانست و خوێندکاری تا ڕادەیەکی زۆر دواکەوتووە.**

**٤. ئالی: ئەڵبەتە ئەمن لە بیرم نییە کە لەم وتووێژەی پەیامی کوردستاندا گوتبێتم هێمن تەئسیری وەرنەگرتووە، بەڵام تەئکیدم لەسەر ئەوە کردووە کە هێمن وەدووی هیچ کام لە شاعیرانی تر نەکەوتووە. باسم کردووە کە هێمن خۆی بە سەیفولقوزات دەڵێ مامۆستای شاعیرانی موکریان. شک لەوەدا نییە کە کەڵک و بەهرەی لە شێوەی سەیف وەرگرتووە. بەڵام بەم پێوانەیەی مریەم خانم دەڵێ دەتوانین بە دەلایلی زۆر ئیسپاتی بکەین وەفایی لاساکەرەوەی نالییە. مەبەستم ئەوەیە هەرچەند هێمن کەڵکی لە دەسکەوتی سەیف وەرگرتووە، شیعری پیرەمێردیشی دیوە و تەئسیری لێوەرگرتووە، حەتتا تەئسیری لە نالیش وەرگرتووە. بەڵام لاساکەرەوە نەبووە و خاوەنی شێوەی تایبەتی خۆی بووە.**

**٥. باباخانی: کاتێک دێین و بە پێی زەمان بەراوردی شیعر و شاعیر دەکەین بەحسێکمان هەیە بە ناوی دەرزمانی و هاوزەمانی. ئەوەی من سەرەتا وەک ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی کورتەئاماژەیەکم پێکرد کارێکی دەرزەمانییە، واتە بە پێی قۆناخبەندییەکی زەمانی ئەو شاعیرانەی کە لە سەردەمێکدا ژیاون و تەنانەت ئەگەر لە باری شێوەبیشەوە وێک نەچن دەیانهێنی کۆیان دەکەیەوە. بۆیە ئێمە دێین شاعیران بە پێی دەورە لەلای یەکتر دادەنێین، چونکە بە پێی زەمانییەوە لەگەڵ یەک بوون دەنا ڕەنگە لە باری شێواز و... لە یەکتر نزیک نەبن.**

**تایبەتمەندی سەرەکی قوتابخانەی شیعری موکریان، زمانی تایبەت بە شیعری ئەم قوتابخانەیەیە. زمانی ئەم قوتابخانەیە بنزاراوەی موکریانییە. بنزاراوەیەک کە کوردییەکی ڕەسەن ترە، خۆماڵی ترە و عەرەبی کەمتر تێدایە.**

سەبارەت بە شوێنوەرگرتنی هێمن دەبێ بڵێم کە هیچ شاعیرێک، هیچ چیرۆکنووسێک لە دنیادا نییە شوێنی وەرنەگرتبێ؛ ئەوە هەمان شتە کە ئێمە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا پێی دەڵێین "دەقئاوێزانی" (Intertextuality). بەڵام جاری وایە ئەمە کارە ئاگایانە و جاری وایە نابەئاگایانە دەکرێ و هیچ شتێکی سەیروسەمەرەش نییە و وەک خەساریش چاوی لێناکرێ. هێمن زمانی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەم زمانە تایبەتییە لە شیعری هێمندا جۆرێک ئیمزای هێمن ـە.

٦. قازی: بەڵام کاتێک شیعرێک زۆر شێوەی شیعری شاعیرێکی تر بدات، دەڵێین فڵان شاعیرگوتەنی و لە پاشان هەر ئەو شیعرەی کە لە پێشدا گوتراوە وەک خۆی دێتەوە تا هەم ڕەسمی ئەمانەتداری پارێزرابێ و هەم شیعر تا ڕادەی لاساییکردنەوە نەڕواتە پێش.

٧. باباخانی: بەڵێ ئەوە ڕاستە، بەڵام باسی شوێنوەرگرتن و ناوی سەرچاوە هێنان، ئەوان سەردەمان باو نەبووە و ئەوەش نابێ وەک خەسار چاوی لێبکرێ. تەنانەت زۆر کەڵەشاعیری فارس ڕاستەوخۆ شوێنیان لە شاعیرانی تر وەرگرتووە و هیچ شتێکیش نەقەوماوە. تەنانەت ئەگەر هێمن ڕاستەوخۆ لەژێر تەئسیری شیعرێکی سەیفولقوزاتیش بووبێ، بە باوەڕی من شتێکی سەیر نییە. سەرەڕای تەواوی ئەمانە بە باوەڕی من شیعری هێمن و سەیف جیاوازییان زۆرە و بە هیچ کلۆجێ ناکرێ لەبەر یەکیان ڕۆبنێی.

٨. ئالی: من نازانم مریەم خانم بە چ بەڵگەیەک ئاوا بە ڕاشکاوی باس لە «خەسار» دەکات، هەر چەند ئێمە سەیف بە شاعیرێکی بەرز دەناسین بەڵام ناتوانین ئاواش بە هاسانی هێمن بخەینە ژێر سێبەری سەیف. من بە ڕاشکاوییەوە دەڵێم پێم وا نییە کە هێمن کەوتبێتە ژێر تەئسیری سەیف. لە باری زمانی سادە و ساکاری هێمن ـەوە دەتوانین باسی تەئسیروەرگرتن بکەین، بەڵام ئەوەی کە هێمن هاتبێ و مەزموونی شیعرەکانی سەیفی وەرگرتبێ من پێم وا نییە و ئەگەر لە هەندێک شوێندا وێکچوونێک هەبێ ڕەنگە بابەتگەلی موشتەرەکی ژیانی هەردووکیان هۆی ئەم وێکچوونانە بن، وەک: کوردایەتی و گیروگرفتی نەتەوەیی کە بۆ سەیف و بۆ هێمن مەترەح بوون.

٩. قازی: باشترین بەڵگە هەر ئەو نموونەیە کە پێشتر بۆم باسکردن و ئیتر دووپاتەکردنەوەی بە پێویست نازانم.

١٠. ئالی: من پێموایە ئەم باسە درێژە نەدەین و خانم قازی ئەم بابەتە بەوردی بنووسێ و چاپی بکا و ئەو کاتە شایەد مەودا هەبێت زیاتر باسی لەسەر بکرێت و وەڵامی بدرێتەوە یان درێژەی پێبدرێ.

١١. پرسیار: بنەما و کاکڵی شیعرەکانی هێمن چۆناوچۆن گووراون؟ لە چ فەزایەکدا ئەم شیعرانە لەدایکبوون؟

١٢. باباخانی: پێموایە هێمن شاعیرێکی بۆنەییە، یانی زۆر جاران بە بۆنەی جۆراوجۆر شیعری گوتووە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە بە شیددەت تەئسیری وەرگرتووە لە ڕووداوەکانی دەوروبەری سەردەمی خۆی. هەمووومان دەزانین ژیان و سەردەمی هێمن زۆر ڕووداوی نەتەوەیی تێیدا ڕوویانداوە کە شوێنیان لەسەر شیعری هێمن داناوە. هەڕەتی لاوێتیی هێمن هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان و گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی. هەر لەو کاتەوە هێمن تێکەڵ بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دەبێ و تەنانەت تا دوایین ساڵەکانی تەمەنی دەست لەم ڕێبازە هەڵناگرێ، بۆیە من لام وایە هێمن بەوردی کەوتۆتە ژێر تەئسیری ڕووداوەکانی دەوروبەری، بەتایبەتی ناسیۆنالیزمی کوردی کە لە شیعرەکانیدا زۆر بەرچاوە. زۆر بە سانایی بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم تەئسیرە تا

دوایین ساتەکانی ژیانی و تەنانەت بە شێوەیەکی حەسرەتئامێز لە شیعرەکانیدا خۆ دەردەخا:

بارگە و بنەیان تێکەوە پێچا و بەڕێ بوون یاران
لە دنێ وا بە تەنێ پاشی ئەوان، من چ بکەم؟
زەبری ئاوزەنگی بڕا و شل بووە دەستی جڵەوم
دێ دەنا پڕمەیی بۆر و بدەوان، من چ بکەم؟

١٣. پرسیار: باسی فەزای ڕەوانی یان هەلومەرجی سەردەمی ژیانی هێمن کرا. ئێمە ئەگەر وردبینەوە دەبینین کە سەردەمی هێمن کۆمەڵگەی ئێمە سوننەتی تر و مەزهەبی تر بووە، بەڵام هێمن ئەودەم بە شێوەیەک لەگەڵ ئافرەت دەدوێ کە لەگەڵ هەلومەرجی ئەودەم یەک ناگرێتەوە، بۆوێنە:

لادە چارشێوی ڕەشت
با دەرکەوێ کوڵمی گەشت.

یان هەتا چارشێو بەسەر تۆوە دەبینم نازەنینی کورد و... بە توندی دژ بەو سوننەت و دابونەریتانە ڕادەوەستێ کە ئەودەم زۆر جێی ڕێز بوون. ئەم بیرۆکە ڕۆشنبیرییە، ئەم سنووربەزاندنە لە چی سەرچاوە دەگرێ؟

١٤. قازی: من پێموایە هێمن سەبارەت بە ژن لە شیعردا تووشی دژایەتییەک دێت. لە زۆر جێ تەواو ژنی سوننەتی باس دەکا و قەبووڵیەتی و لە زۆر جێگایش ژنی مۆدێرن دێنێتەگۆڕ و باسی لاچوونی چارشێو و ڕووبەند دەکات، بۆوێنە:

کچە کوردێکی نەشمیل و لەباری
بەوەی نییە ماوەیەکە چوویە شاری
ئەگەر پێتخۆشە هەر وا بتپەرەستم
نەکەی لادەی لە دابی کوردەواری.
یان:
من تەشیرێسێکی وەک شیرنی وەفاییم بۆ چییە
کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ

لێرەدا ژنی سوننەتی کوردەواری بۆ وەفاداری و پەرەستن مەزەندە دەکا. بەڵام لە شیعری یادگاری شیرندا باسی لادان لە دابی کوردی دەکا و هەڵڵا سازدەکات. بەڵام دەورانی سەرهەڵدانی شیعری هێمن هاوکاتە لەگەڵ کۆماری کوردستان و ئەودەمیش لە کۆمەڵەی ژناندا باسی نەخوێندەواری ژن و لەماڵمانەوەی ژن و زۆر بابەتی دیکە دەکرا و حەتتا هێمن چارشێو بە دیاردەی دوژمنان دەزانێ و دەیهەوێ

بڵێ کە پێش ئیسلام ژنی کورد چارشێوی بە سەرەوە نەبووە. هەروەها هێمن کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری سەردەمی خۆیەتی و ئەوە سەیر نییە کە ڕۆشنبیر نەقدی کۆمەڵگەی سوننەتی خۆی بکا.

١٥. ئالی: لە بابەت یەکنەگرتنەوەی بیر و باوەڕی مامۆستا دەربارەی ژن، دەبێ بڵێم کاتێک باسی لانەدان لە دابی کوردەواری دەکا، ئەو ژنەی باسی دەکا لاسایی فەرهەنگی وەڵاتی دیکە دەکاتەوە و دەڵێ ژنی کورد لە عەینی لادان لە چارشێو و... نابێ لاسایی بکاتەوە و دەبێ لایەنی جوانی دابی کوردەواری ڕابگرێ.

وا هەیە بەعزە شاعیرێک بە تاقە شیعرێک دەبنە شاعیر. بە بڕوای من هێمن تەنیا ئەگەر نالەی جودایی هەبا بۆ شاعیربوونی بەس بوو، لە هەمان حاڵیشدا موخاتەبی هێمن لەو شیعرەدا ژنێکە و زۆر بە ڕاشکاوی ڕاسپاردەی بۆی هەیە. خانم قازی دەڵێ هێمن لەو شیعرانەیدا تووشی پارادۆکس هاتووە بەڵام هێمن شاعیرێکی بێدەسەڵات نەبووە کە نەتوانێ یەکگرتوویی مەزموون بپارێزێ. بە بڕوای من شێوەی لێکدانەوەکە دروست نییە.

١٦. قازی: ئەوە شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە تا ئێستایش تەنانەت لەنێو چینی ڕۆشنبیریشدا دووگانەگی و تەزادێک سەبارەت بە مافی ژن و سەلماندنی ئەو بەشەدا بەدیدەکرێ. چ دەگا بە شاعیرێک کە چل پەنجا ساڵ لەوەی پێش هاتبێتە سەر ئەو باسە. ئەوە سەیر نییە کە مامۆستا هێمن لە زۆر جێگا (یادگاری شیرین)، دەبێتە ئەو ڕۆشنبیرە مۆدێرنە لە ئاستی مافی ژن کە دەیبینین! لە زۆر جێگاش ڕوانگەی نیوەسوننەتی خۆی لە حاستی ژن ئاشکرا دەکا، کە نموونەی زۆرە. من لە هیچ کوێی دیوانەکەیدا نەمخوێندۆتەوە یان وای لێهەڵناکرێندرێ کە هێمن داوای لە ژن کردبێ لە عەینی لادانی چارشێوی ڕەش لاسایی نەکاتەوە! بە پێچەوانە زۆر بە ڕاشکاوی خوازیاری وەلانانی تەشی، ئەستێونگ و دەرخۆنە و پنە و گوارەی زێڕە، کە هەموو نموونەیەکی زیندوو لە دابونەریتی کوردەوارین و ژنان هان دەدا کە وەک ژنانی وەڵاتانی پێشکەوتوو چارشێوی ڕەش لادەن، دەس لە گۆرەویچنین و تەشیڕستن هەڵگرن و وەدوای زانست و فێربوون کەون، کە ئەمە لەگەڵ ئەو شیعرەی دیکەی خۆی لە دژایەتیدایە کە دەفەرموێ:

ئەگەر پێت خۆشە هەروا بتپەرەستم
نەکەی لادەی لە دابی کوردەواری.

ئێمە نابێ پێمان وا بێ مامۆستاکانمان لە هەڵە بێبەرین و جەسارەتی ڕەخنەگرتن وەلانێین یان تەعەسووبێکی ئیشک پێش بە لێکدانەوەیەکی شیاو لەسەر بەرهەمی ئەو بەرێزانە بگرێ.

١٧. باباخانی: هێنانەوەی بەیتێک و دوو بەیت بۆ سەلماندنی چەشنێ باوەڕ کیفایەت ناکا، واتە بێنی لە کۆی شیعری هێمن بە خوێندنەوەیەکی تایبەت و خۆویست بۆ دابینکردنی مەبەستی خۆت، تەنیا پەنابەری بۆ پاژێکی بچووک لەم گشتە شیعرە پێوەندیدارە بە کێشەی ژنەوە، پێموایە ئەمە کارێکی زانستی نییە و ڕەنگە غەدریش بێ لە مامۆستا هێمن. بۆ پێکانی ئەم مەبەستە من لام وایە دەبێ بزانی سەرجەم ڕوانینی هێمن بۆ پرسی ژن چوناوچۆنە.

بەڕاستی من پێموایە کەم شاعیری کوردمان هەیە شێوەی ڕوانینی بۆسەر مەسەلەی «ژن» وەک ڕوانینی هێمن، ڕوانینێکی کۆمەڵایەتی/

سیاسی دروست و واقعبینانە بێ. واتە لە هەمان کاتدا کە باس لە ئەوین و خۆشەویستی و جێژوان و... دەکا، بەتوندی ڕەخنەی خۆی ئاراستەی کۆمەڵگە - بنەماڵە - تاک (ژن) دەکا. هێمن لەم بارەوە دەکرێ بڵێین تەنانەت زۆر لە بەناو ڕۆشنبیرانی ئێستاش سەبارەت بە کێشەی ژن پێشکەوتووتر بوو، چون لەڕاستیدا بۆ هێمن لایەنی ڕەقئامێری کێشەکە مەترەح نەبوو، بەڵکو ئەو بەڕاستی خوازیاری سەربەستیی و دابینکردنی مافی ژن بوو. هەروەک ئاماژەم پێکرد، ڕەخنەی هێمن ئاراستەی پێکهاتەی گشتیی کۆمەڵ دەکرێ بۆ نموونە بەم شێوەیە:

ڕەخنە لە کۆمەڵگە:

با هەزار «زێ» و «گادەر» و «لاوێن»ی ڕوونیشمان هەبێ
تاکو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە

ڕەخنە لە بنەماڵە:

دەرکی داخستۆ لە تۆ بابت کەچی دەرکی نییە
دەرکەداخستن لە تۆ دەرکی هومێد داخستنە

ڕەخنە لە تاک:

کۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست
ڕاپەڕە، هەستە لە خەو، ئاخر چ وەختی نوستنە

١٨. ئالی: ئەڵبەتە هێمن هەرچەند زۆر لە ژن دواوە بەڵام ئەو شیعرانەی کە باسمان کردن پێش سەردەمی سیاسیبوونی هێمنن، دەنا ئەودەم کە هێمن تێکەڵاوی سیاسەت دەبێ، وەڵات و نیشتمان و ئازادی بۆ ئەو لە هەموو شت گرینگتر دەبێ. دەمهەوێ بڵێم هێمن هەر شتێ کە دەربارەی ژن گوتوویەتی و ویستوویەتی، لەگەڵ ئازادی و شیعریەتی. حەتتا باسی ئەوینێک دەکات کە لە کاتی ئەندامبوون لە ژ.ک. دەسهەڵگری دەبێت و خۆی دەڵێ کە برینەکەی هەر ماوە. هەرچەند ئەودەمیش هەر بە شێوەی شوعاری باسی ژنی کردووە. ئەو دەڵێ ئەگەر کورد لەو هەلومەرجەیدا نەبا، ژنی فیدای هیچ شتێک نەدەکرد وەک لە »شەنگەبێری» و «ئامێزی ژن»دا باسی دەکا. هەربۆیە هێمن دەس لە هەندێک شتی گرینگ هەڵدەگری بۆ ئامانجێکی بەرزتر کە ئازادیی وەڵات و گەلەکەیەتی و ئازادیی ژنیش وەک ئەندامێکی کۆمەڵ دەگریتەوە و حەتتا هێمن تا تەمەنی بەرەوژوورتر دەچێ چەشنێک تەکامول و دەرچوون لە حاڵەتی شوعاری دەربارەی ژن لە شیعرەکانیدا بەدیدەکرێ.

١٩. پرسیار: هەڵوێستە سیاسییەکانی هێمن چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا هێمن سیاسەتوان بوو یان هاندەری سیاسی بۆ ئەو کەسانەی کاری سیاسی دەکەن؟

٢٠. ئالی: بە بڕوای من ئەوەی کە هێمنی لەبەرچاوی ئێمە شیرن کردووە و وای لە خەڵکی مەهاباد کردووە پەیکەرەی بۆ ساز بکەن و مەیدانی بە ناو بکەن هەڵوێستە فەرعییەکانی هێمن نەبووە. هێمن خەباتی کردووە لەپێناوی مافی گەلەکەیدا، بەڵام ئەوەی کە جار جار فلان هەڵوێستی سیاسی گرتووە نابێ بەپێی ئەم جۆرە هەڵوێستانە قەزاوەت لەسەر هێمن بکەین. کەسانێک کە قەزاوەتییان کرد، دوایی قسەی خۆیان وەرگرتەوە و تێگەیشتن هەڵەیان کردووە، چونکە ئەوەی بۆ هێمن گرینگ بوو خزمەتی گەلەکەی بوو و گەورەترین ڕێبازیشی خزمەتکردنی گەل و زمان و ئەدەب بوو. ئەگەر شاعیران و نووسەرانی ئێمە تووشی کاروباری سیاسی بوون هۆیەکەی ئەوە بوو کە ئەوان لە هەلومەرجێکی مێژوویی وادا بوون کە چارەیەکی تریان نەبووە. بۆیە دروست نییە کە بەم پێوانەیە لە هێمن بدوێین، چونکە هیچ بەڵگەیەکی ڕوونمان لەدەستدا نییە و لە تاریکیداین و پێویستە وەک شاعیر و نووسەر لە هێمن بدوێین، لە ئەسڵیشدا هەر لەسەر ئەم ڕێبازە تووشی ئاوارەیی بوو.

٢١. قازی: بەو شەرایتەی کە کورد لە سەردەمی شاعیرانی پێشوودا لەگەڵی ژیاوە کە لە زانکۆ، ئازادی و بەستێنی لەبار بۆ سەرهەڵدان و بەرهەمهێنان لە بوارەکانی فەلسەفی/ ڕامیاری، ڕەخنە و لێکدانەوە بێبەری بووە؛ لە هەموو کاتدا ئەوە شیعر بووە کە بە هانایەوە هاتووە و هەولی قەرەبووکردنەوەی ئەو بەشانەی داوە. هەروەها شیعر بۆتە زمانی حاڵی کوردی لە هەموو بوارەکاندا، بۆیە زێدەڕەویمان نەکردووە ئەگەر بڵێین کە شیعری هیچ شاعیرێک بە ئەندازەی شیعری کوردی دەروەست نییە! هەرچەند کە لەم کارەیاندا سەرنەکەوتبێن و تووشی شوعاردانی کردبێن و لە ئەدەبییەتی شیعرەکانی کەم کردبێتەوە کە بەشێک لە شیعرەکانی هێمن بەم دەردەوە گرفتار هاتوون.

من پێموایە ئەم خەسارە زۆر شتێکی شاراوە و ئاڵۆز نییە کە لە تاریکیدا مابێتەوە، بەتایبەت سەبارەت بە ماموستا هێمن کە هەم ماوەیەک بۆخۆی لەگەڵمان بووە و هەم هەموو بەرهەمەکانی ماون و هیچی تێدانەچوون کە زۆر پرسیارمان بێ وەڵام مابێتنەوە، بەتایبەت کە شیعرەکانیشی هێندە سادە و بێخوارەکەن کە بۆی نییە هەڵگرتنەوەی جۆراوجۆریان لێبکرێ یان نەتوانین قەزاوەتیان لە سەر بکەین.

٢٢. باباخانی: لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم بە باوەڕی من، پێموایە لە باری شیعرییەوە هەر لە وەفاییڕا بگرە تا سەردەمی ئێستا کەسمان نییە کە شیعرەکانی بتوانێ خۆی لە قەرەی شێعری هێمن بدا. بەڵام ئەوەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە کەسایەتیی سیاسیی هێمن لەچاو کەسایەتی ئەدەبییەکەی نزم ترە. لەڕاستیدا هێمن مرۆڤێکی سیاسیی ئەوتۆ نەبووە بەڵام مرۆڤێکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر بوو کە بە عەشقی نەتەوەکەی دەژیا. باس لە کەسایەتیی سیاسیی هێمن هەڵگری دەرفەتێکی لەبار تر و کەشوهەوایەکی گونجاو ترە. هەروەک کاک عەزیز ئاماژەی پێکرد، خۆشەویستی هێمن لەبەر هەڵوێستە سیاسییەکانی نەبووە، بەڵکو ئەو شیعرە هەرمانەکانیەتی کە لێرە ئێمەی لەدەوری یەکدی کۆکردۆتەوە. لە کۆتایی دانیشتنەکەدا وترا لەبەر کەمی دەرفەت و ماوە ئەگەرچی زۆر بەوردی تەکنیک و لایەنە جۆراوجۆرەکانی هونەریی شیعری هێمن باسی لێنەکرا، بەڵام بڕیاردەرا کە لە داهاتوودا بە شێوەیەکی پسپۆرانە لایەنێک هەڵبژێردرێ و باسی لەسەر بکرێ.

سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە / ڕێکەوتی : ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠٠٦

# هێمن، شاعیری وشەی جوان و خاوەنی پەیڤی ڕەوان

قادر ئەلیاسی

کاتێک باسی هێمنی شاعیر دەکرێ، شیعر و پەخشان و وشەی پەتی و پەیڤی ڕەوان دێنە گۆ. چوونکە هەموو ئەو چەمک و واتایانە پێکەوە کۆدەبنەوە و لە سەر یەک پێناسەی مرۆڤێکی هێمنی ناسک خەیاڵ و ڕۆڵەیەکی بەوەجی قاڵبووی مەتەرێزی شەرەف و شەیدایەکی وشەی ڕەسەنی کوردی دەکەن.



هێمن لە نێو بنەماڵەیەکی دەست ڕۆیشتوو هاتە دنیا، بە ناز و نیعمەت پەروەردە کرا و بە پۆشتە و پەرداخی لە نێو هاوەڵانی دا دەرکەوت. هەر کە چاوی کردەوە و دەور و بەری خۆی ناسی، هاوکات دوو ستەمی بە ڕەگ و پێستەوە هەست پێکرد؛ ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی چینایەتی.

ئەو نەیتوانی ملکەچی ئەو ژیانە بێ و خۆی هەیبێ، بیخوا و بیپۆشێ بەڵام دەر و جیران و چواردەوری بۆسۆی لێ نەیە. بێبەشی و ڕۆژڕەشی کورد هەستی ناسکی شاعیرانە و بیری خاوێنی کوردانەی هێمنی بزواند. بە چەشنێک لە یەک کاتدا دژ بە ستەمی نەتەوایەتی و ناتەبایی ژیانی چینایەتی هەڵوێستی گرت. بە هەست کردن بە هەبوونی ئەو دوو دیاردە دزێوە و لە ژێر ڕێنوێنی ماموٚستا فەوزی دا، لە گەڵ دنیای شیعر و ئەدەبی کوردی ئاشنابوو. دواتر شیعری کردە چەکی بەرەنگاری و چووە سەنگەری بەرخۆدان و دژ بە هەر جۆرە زۆرداری یەک وەستا.

سێبەری کۆماری کوردستان و ساباتی پێشەوای نەمر و؛ هاوتەمەنی و یەکدەنگی لە گەڵ هەژاری شاعیر، هێندەیتر مێشکی هێمنی قاڵبووی کوورەی خەباتی کوردایەتی و بەرزەفڕی گۆڕەپانی ئەو سەردەمە زێڕینەی زاخاو دا کە لە یەک کات و ساتدا، شیعر بۆ جوانی و ژن، بۆ کورد و کۆمار و کوردستان، بۆ جووتیار و پێشمەرگە، بۆ قوتابی و خوێندن و فێربوون و پێشکەوتن بڵێ و لە تەنیشت هەژاری هاوڕێ و هاوخەباتیدا، نازناوی پڕ بە پێستی شاعیری میللی بۆ خۆی تۆمار بکا.

هێمن ناوی نهێنی سەردەمی کۆمەڵەی (ژێ کاف)ە کە بە بەژنی دا بڕاوە. دواتر لە گەڵ گۆڕینی ناوی(ژێ کاف) بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەویش دەبێتە ئەندامی حیزب و لە ڕۆژانی کۆمار و دوای کۆمار تێهەڵدەچێتەوە. لە ئەدەبی کوردی دا گەیشتۆتە لووتکە و لە ژیانی سیاسی دا تووشی زۆر چەرمەسەری هاتووە. وەک خۆی لە " لە کوێ وە بۆ کوێ " دەنووسێ: " ساڵی ١٣٣٨ ی هەتاوی (١٩٦٩ ی زایینی) ساڵێکی زۆر شووم بوو لە مێژووی ژیانی مندا. سازمانی ئەمنیەت(ڕێکخراوی سیخوڕی ڕێژیمی شا) گەورەترین زەبری لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد وەشاند.

منیش لەو سەردەمدا تووشی نەخۆشی یەکی ڕۆحی هاتم، ناهومێدی یەکی ڕەش ئاسۆی ژیان و بیرکردنەوەی داگرتم. ئەو ناهومێدی یە

زۆرجار تا حاڵی خۆکوشتن پاڵی پێوەنام. نامەوێ ئەو تاوانە باوێژمە سەر ئەستۆی کەس، بەڵام ئەوەندە دەڵێم: ناتەبایی و ناکۆکی ناوخێزان و بنەماڵی خۆمان زۆری کار کردە سەر من. هەڵەی وام کردن کە نەدەبوو بە هیچ نرخێک بیان کەم و بە سەر پەلی وادا کەوتم کە دەبوو خۆیان لێ بپارێزم".

ئەم ئاماژەیە ئەوپەڕی ڕاست بێژی هێمن دەردەخا کە بە ئاشکرا لە بری ئەو شیعرەی بە ناچاری بۆ کوڕی شای وتووە، ڕەخنە لە خۆی دەگرێ و گەل دەکا بە حەکەم و دوا بڕیار بۆ ئەوان دێڵێتەوە. دوای ئەو داکشانە جارێکتر سەر لە نوێ بەرەو کۆڕی خەبات هەڵدەچێتەوە و لە پاڵ ژیانی پێشمەرگایەتیدا، ناڵەی جودایی و هەواری خاڵی و دەیان شیعر و پەخشان و چیرۆکی بە پێز بۆ گەل دەهۆنێتەوە. من دڵنیام ئەگەر مامۆستا هێمن، مەرگ مەودای دابا و لە هەل و مەرجێکی ئاساییدا با و لە ژێر چەقۆی دوژمندا نەبا و دەرفەتێکی لە باری بۆ ڕەخسابا، وەک مرۆڤێکی ڕاستبێژ و شاعیر، باسی ئەو ئەزموونە سیاسییەی خۆی و ئەو نووچدانەی دوای کۆنگرەی چواری دەکرد.

مرۆڤ بە هەموو ئەو هەڵس و کەوتانەوە کە لە ژیانیدا تووشی دێن، مرۆڤە و هێمنی کورد و هزرڤانیش لە گەڵ چارەنووسی گەلەکەی لە هەڵکشان و داکشاندا بووە. بۆیە سەرباری ئەو خاڵە لاوازانەی کە بۆ خۆشی ئاماژەی پێکردوون، هێمن یەکێکە لە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی ئەدەبی کوردی و قەت ئاوابوونی بۆ نی یە.

زۆر کەسی خاوەن را و گەلێک پێنووسی ناسراو لە سەر هێمن و شیعری هێمن نووسیویانە. هەر کەسەو بە پێوەری خۆی لایەنی ژیانی ئەو شاعیرەی لێکداوەتەوە. نەمر د. قاسملوو لە پێشەکی تاریک و روون و لە ژێر ناوی شاعیری گەلدا دەنووسێ: " لە سەرەتادا شیعرەکانی هێمن لە ژێر تەئسیری دوو رەوتی ئەدەبی دایە. وەک هەموو شیعری شاعیرانی کوردی سەردەمی سی چل ساڵ لەمەوبەر، زۆربەی شیعرەکانی شیعری قافیە و عەرووزین، وەزن و قافیەیان لە گەڵ دەستووری شیعری فارسی رێک دەکەوێ. پاش ماوەیەکی سەرەتایی شیعرگوتن، هێمن بەرەبەرە دەگەڕێتەوە سەر شێوەی ئەدەبی ئەسڵی کوردی، خۆی لە قافیە و وەزنی شیعری کلاسیکی رزگار دەکا و شیعرەکانی لە بەستەی کوردی دەچن، لەو بەستەیەی کە شاعیر هەموو رۆژێ لە لادێ دەیبیسێ.

هێمن شاعیرێکی ریئالیستە، ریئالیزمی رەخنەگرانە لە ناوەرۆکی شیعرەکانی هێمندا بە تەواوی بەرچاو دەکەوێ".

بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە دیمانەیەکدا لە سەر هێمن دەڵێ: " بەبێ ئەوەی لە کەسایەتیی هێمن کەم بکەمەوە، مامۆستا هێمن لە باری دیدی سیاسییەوە وەک شاعیرییەکەی نەبوو؛ شاعیرێکی زۆر گەورە بوو. لە دەورانی خۆیدا و لەنێو شاعیرانی کورددا بە یەکەمی دەزانم ".

ئەمەش شتێکی ئاسایی یە، چوونکە مرۆڤ دەکرێ لە بوارێکدا بگاتە لووتکە و لە بوارەکانی دیکەدا مامناوەندی بێ. هێمنی شاعیر لە گەڵ خەون و خەیاڵ بۆ سەربەستی گەل و دەرچوون لە بندەستی بە چەکی شیعر و نووسین کە چەکێکی کاریگەرە دژی داگیرکەر تێکۆشا. بەو مەبەستە هۆنراوەی هۆنییەوە، بەو ئومێدە ژیا و بەو ئاواتەوە سەری نایەوە.

مامۆستا حەمەی مەلا کەریم لە پێشەکی نالەی جودایی دا دەنووسێ: " ئاواتم ئەوە بوو کاری سەرەکی هێمن پەخشان نووسین بوایە لە جیاتی شیعروتن".

بە واتایەکی تر چەندە لە شیعر شارەزایە، ئەوەندەش لە پەخشان وەستایە.

نموونەی ئەم پێنووسانە لە مەڕ هێمن و شیعری وی گەلێک زۆرن کە ئەگەر بمانەوێ ئاماژەیان پێبکەین، زۆر دەخایەنێ.

لەو سۆنگەیەدا، پەنادەبەینە بەر دیوانە ڕەنگینەکەی و چەند دەنک مرواری هەڵدەبژێرین تا هەم سوکناییەک بێ بۆ ئێمەی هۆگری پەیڤی هێمن و هەمیش بەڵگەی سەلماندنی ئەو ڕاستییە بێ کە هێمنی شاعیر و مرۆڤ و کورد تا کوردێک مابێ و شیعری هێمنی هەبێ، بە نەمری یادی بکاتەوە.

لە شیعری (کوردم ئەمن)دا بە بانگی بەرز هاوار دەکا:

گەر لە برسان و لە بەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێـــــــگانە ناکەم تا لە سەر هەردم ئەمن
من لە زنـــــــجیر و تەناف و دار و بەند باکم نی یە
لەت لەتم کەن بمکوژن، هێشتا دەڵـــــێم کوردم ئەمن

نیشتمانپەروەریی و وڵات پارێزیی هێمن لە شیعری قەڵای نیشتماندا دەگاتە چڵەپۆپە و دەگوڕێنێ:

وەتەن گیان و سەر و ماڵم فیدای تۆ　　　وە گیانی من کەوێ دەرد و بەڵای تۆ
لە پێناوت دەنێم ســـــەر تا بزانی　　　منم ڕۆڵـــــــێکی ئازا و باوەفای تۆ

لەو کاتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دادەمەرزێ، بۆ هیوابەخشین بە گەل و دەست نیشان کردنی ڕێبەری گەل چەند بە جێ دەڵێ:

مزگێنیم دەیە، دەگەی بە ئاوات　　　کوردە لە سایەی حیزبی دیموکرات
حیزبی دیموکرات تۆ دەدا نەجات　　　پیادەی ئەو شاهی دوژمن دەکا مات
بژی دیموکرات، بژی دیموکرات

ئەو ئاشنای بەهار و ژن و جوانی و سەربەستییە و ئاواتەخوازە شەڕ نەبێ و وڵات ئارام، لە ژێر سێبەری ئازادی و بە ئازادی ژیاندا بحەسێتەوە.
ئەگەر باسی ئازار و ژیانی ناخۆشی دەکا، ئەوەیە کە بە چاوی خۆی دەیبینێ و بە لەش و هەست لە گەڵی دەستەویەخەیە. ئەوەتا دەڵێ:

نابینی زەردە لە سەر لێوی کەسێ لەم شارەدا
گەر خەم و دەردی دڵی خۆمیان بە سەردا دابەشم

ئەو لەوپەڕی بێدەرەتانی خۆی و هاری دوژمندا، بە گژ جەللادەکەیدا دەچێتەوە و لە زمان بەندی یەکی خۆراگرەوە دەگوڕێنێ:

دەمگرێ، ئەمما لە گرتووخانە رق ئەستوورترم
لێم دەدا، ئەمما لە سەر داوا رەواکەم سوورترم
دەمکوژێ، ئەمما بەگژ جەللادەکەمدا دێــمـەوە
کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتـــــــوێمەوە

لە ناڵەی جودایی دا، لە دووری زێد و ماوای دەسووتێ و سەرەنجام ئەو شاکارە دەخوڵقێنێ کە لە پشوودرێژی و لە فورم و ناوەرۆکدا کەم وێنەیە. لە هەواری خاڵی دا بە کورتە چیرۆکێک، ئەوینێکی پاک و بێگەردی دوو دڵداری بۆیەکدی سووتاو دەگێڕێتەوە کە پڕە لە جوانکاری و کات و ساتی تەژی لە جۆش و خورۆشی عاشقانە و لەوپەڕی دەسڕەنگینی و وشە زێڕینیدا، ئاکامەکەی بە لێکدابڕان و یەکتر نەدیتنەوە کۆتایی دێ.

هێمن بە نووسینەوەی توحفەی موزەفەریە بۆ سەر ڕێنووسی کوردی، جارێکیتر هەم بەیتە کوردی یەکانی گەڕاندەوە بۆ نێو خێزانی هونەری کوردی و هەم ناوی ئوسکارمانی ئاڵمانی وەبیر کورد هێنایەوە.

ئەو بە پەیڤ، بە تێکۆشانی ئەدەبی و بەشداری لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا شوێنێکی دیار و ناوێکی هەرگیز نەمری بۆ خۆی تۆمارکرد. ئەگەر نەتەوەکانی دیکە شانازی بە شاعیران و هۆنەرانی خۆیانەوە دەکەن، نەتەوەی کوردیش بە هێمن و ئەوانەی پێشتر لەو کە لە خزمەتی وشەی ڕەسەنی کوردی دا بوون و بەو ئاواتەوە سەریان نایەوە، سەری بەرزە.

لە یادی ٢٠ ساڵەی کۆچی دوایی هێمنی شاعیردا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی بەرزی و هیوادەخوازم پەیڤی کوردی درێژەدەری ڕێبازی پاک و خاوێنی هێمن و هێمنەکان بێ.

تێبینی:

ڕۆژی ١٧ی ژوئەنی ٢٠٠٦ لە ئۆسلۆ کۆڕێک بۆ ساڵیادی کۆچی دوایی ماموستا هێمن بەڕێوەچوو. منیش ئەم وتارەم بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد. (قادر ئەلیاسی)

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ١٨ی جوونی ٢٠٠٦

# دگردیسی" لە ناڵەجودایی دا، خوێندنەوەیەکی فەلسەفی- فێمینیستی

شەهلا دەباغی

[بەشی یەکەم لە دوو]

## پێشەکی و ئامانج

شەوێکی ساڵی ١٩٧٤ـە. شاعیری کورد، سەید محەممەدئەمین شێخولئیسلامی، ناسراو بە هێمن (١٩٢١-١٩٨٦) لە وڵاتی غەریب، لە بەغدا، شیعرێک دەخوڵقێنێ: ناڵەی جودایی. هێمن خۆی دەنووسێ: ئەگەر ئەو شەوە، مثنوی مولاناجلالالدین رۆمی بلخی (١٢٠٧-١٢٧٣)م لەلا بایە، شایەد شیعری ناڵە جودایییم نەنووسیبا. (چەپکێ گوڵ، چەپکێ نەرگیز، ل.٨٥).



ئەو شەوە لە تەنیاییدا، هێمن بیر لە ژیانی خۆی و گەلەکەی دەکاتەوە. هەست وەهەژێن دێت. بە ١٠٩ بەیت، مەستییەک "خود"ی شاعیر دادەگرێت کە سەرەنجام شاعیر لە ئینسانێکی ماندوو ڕا دەگۆڕێت بۆ ڕۆحێکی هێندە ئازاد و سەروەر کە ئامادەیە بڕواتەوە ناو باوەشی زەوی و لە مەرگ نەترسێ. شیعرێک کە دەبێتە ناسراوترین شیعری شاعیر لە سەراسەری کوردستان. شیعرێک پڕ لە دژایەتی لەنێو دەقدا بەڵام سەرەنجام یەکگرتوو. شیعرێک کە تایبەتمەندییەکانی شاعیر وەک تاک و گەل لە خۆیدا کۆدەکاتەوە.

هێمن بەگوێرەی وتەکانی خۆی ژیانی زۆر پێخۆشە. بەڵام ژیانێکی پڕ لە خەبات و کۆسپ و نەهامەتی هەڵدەبژێرێ (تاریک و ڕوون، ل. ٤٤). هێمن ڕەنج دەبا بەڵام نەک ڕەنج بۆ ڕەنج بەڵکو ڕەنجێک کە وا لە ئینسان دەکا تا بتوانێ سنوورە دەستکردەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ببەزێنێ.

هەوڵی من لەم کارەدا ئەوەیە کە دەق (تێکست) بکەمەوە و چاو لەوە بکەم چۆن سابجێکت لەنێو 'خواست/ ویست' سەردەردێنێ و چۆن 'خود'ی شاعیر لە پرۆسەیەکدا دەگۆڕێت و 'دگردیسی' ڕوودەدا. هەروەها خوێندنەوەیەکم دەبێ لەسەر کاریگەریی دەقەکانی تر (intertextualitet) لەسەر دەقی ناڵەی جودایی.

میتۆدی کار خوێندنەوە و کردنەوەی دەق (هێرمێنۆتیک)ە لە ڕوانگەیەکی فەلسەفی-فێمینیستی. ڕوانگەی فێمینیستی تاسەی شاعیر بۆ دایک و وڵات دێنێتە بەر باس. ئەو بەشە لەژێر کاریگەری بیر و بۆچوونەکانی ژولیا کریستێڤادایە. شایانی باسە کە بڵێم پێمخۆش

بوو شیعری سووڕی دەوران بێنمە بەر هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی و چاو لە دوو چەمکی چین و ژێندەر بکەم بەڵام بەداخەوە ئەو دەقە نەکراوەتە سویدی یان ئینگلیزی. هەر بۆیە ناڵەی جودایی‌م هەڵبژارد کە پێشتر (١٩٩١) کراوەتە سویدی.

### سەرچاوە و ماتریال

سەرچاوە بۆ ئانالیزی دەقی ناڵەی جودایی، کتێبی ناڵەی جودایی ساڵی ١٩٧٩ چاپی بەغدایە. ئەو شیعرە لەلایەن فەرهاد شاکەلی و Bo Utas پرۆفیسۆری زمانناس کراوەتە سویدی. ئەو شیعرە لە کتێبی بۆنی هەورەکانی وڵاتی من دا (١٩٩١) ستۆکهۆڵم، چاپکراوە. کتێبی بۆنی هەورەکانی وڵاتی من سی شیعر لە چاردە شاعیری کورد لەخۆدەگرێ کە کراونەتە سویدی. بەداخەوە تەنانەت یەک شیعری شاعیرێکی ژنی تێدا نییە. تۆ بڵێی ساڵی ١٩٩١ ژنێکی شاعیرمان نەبووبێ کە شیعرەکەی بۆ ئەوە شیابا کە لەو کتێبەدا چاپ کرابا؟

### ژیان و بەرهەمەکانی هێمن

بەشی ژیان و بەرهەمەکانی هێمن کە ٢ لاپەڕەیە وەرنەگێڕدراوەتە سەر کوردی چونکە زۆربەی خوێنەران هێمن زۆر باشتر لە من دەناسن. پێم‌خۆشە باسی ئەوە بکەم کە لە کارەکەمدا قامکم لەسەر ئەوە داناوە کە هێمن لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا بەهۆی پیری و نەخۆشی لە مەهاباد و ورمێ نیشتەجێ بوو و هێزە سیاسییە کوردییەکان، بەهۆی هاوکاریی کورتخایەنی هێمن لەگەڵ هێندێک بیری سیاسی کە سیاسەتێکی نادروست و چەوتیان بەرامبەر بە گەلی کورد هەبوو، هەڵسوکەوتێکی نالەباریان لەگەڵ هێمن کرد. خۆشبەختانە ئێستا زۆر کەس و لایەن هێمن بە شاعیری نەتەوەیی ناودەبەن.

### لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

بەرهەمەکانی هێمن هەروەک زۆربەی شاعیرانی کورد نەخراونەتە بەر لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادێمیی ئەدەبی. تەنیا لێکۆڵینەوەیەک کە لە دونیای ئاکادێمیدا لەسەر بەرهەمەکانی هێمن کرابێ، تێزی ماستەری عوسمان دەشتی‌یە لە زانکۆی هەولێر بە ناوی هێمن، دەر بارەی بەرهەمە سیاسیی وکۆمەڵایەتییەکانی ئەو (٢٠٠١) کە دواتر وەک کتێبێک لە ساڵی ٢٠٠٣ لە سلێمانی چاپکراوە. ئەو تێزە باسی لایەنی ئێستێتیکی شیعرەکان ناکا و ئانالیزێکی ئەدەبی ناداتە دەست. عوسمان دەشتی لە پێشەکییەکەیدا باس لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکە لە زانکۆی تەورێز دەکا کە بەئەنجام نەگەیشتووە، ئەویش لەلایەن مەحەمەد سەعید نەجاری بووە کە دواتر دەستنووسەکان دراونەتە عوسمان دەشتی. دیارە دەتوانین بزانین و یان شک بکەین کە نووسینی بابەتێکی وا بۆ بەئەنجام نەگەیشتووە. هێندێک گۆڤار و سەرچاوە لە کتێبەکەی عوسمان دەشتی‌دا هاتووە کە بۆ من لە ستۆکهۆڵم دەستنەدەکەوتن. تێزەکەی عوسمان دەشتی لە سێ بەش پێکهاتووە: بیۆگرافی، لایەنی سیاسیی بەرهەمەکانی هێمن و لایەنی کۆمەڵایەتیی بەرهەمەکان. هەروەها هێندێک نامە و وێنە لە کتێبەکەدا هاتوون.

من بۆ نووسینی ئەم کارە ڕووم لە زۆر کەس و لایەن و کتێبخانە کرد کە ئەگەر شتێکیان لا دەستکەوێ بتوانم کەڵکی لێوەربگرم کە بەداخەوە هیچ شتێکم دەستنەکەوت. ئەو شتانەیش کە لەسەر سایتەکان و یان وەک کتێبی بیرەوەری هەن لە باسێکی ئەدەبی و تێکست

ئانالیزدا خۆ نابیننەوە. هەر بۆیە لە کاری مندا کەڵکیان لێوەرناگیرێت. کەوایە تەنیا سەرچاوە بۆ ئەو کارە هەمان کتێبی ناڵەی جودایی (١٩٧٩) چاپی بەغدایە.

## شیعری ناڵەی جودایی بە سویدی

لە (١٩٩٨) Med andra ord (بە واتایەکی تر) باس لە گیروگرفتی وەرگێڕانی تێکستی ئەدەبی دەکرێت. ئایا وەرگێڕان هەمیشە دەستدەدات؟ Lars Kleberg باس لەوە دەکات کە کاری وەرگێڕان هەم دەکرێت و هەمیش ناکرێت. Roman Jakobson نوێنەرایەتی ئەو بۆچوونە دەکات کە 'تجربەهای شناختی/ ئەزموونە شوناسییەکان' دەکارێ وەرگێڕدرێتە سەر ئەو زمانانەی کە هەن گەرچی ترسی ئەوە هەیە دەق بکەوێتە بەر زەرەر. ئەو زەرەرەیش لەڕێگەی قەرزکردنی وشە، تەفسیر و دوبارە وەرگێڕان چارەسەردەکرێت. Walter Benjamin وەرگێڕان وەکو فۆرمێک باس دەکات کە دەبێت بگەڕێینەوە بۆسەر دەقی ئەسڵی (ئۆرجینال تێکست). لە وەرگێڕاندا ناکرێت هەموو بەشەکانی دەق بە تەواوی ڕابگیردرێن بەڵام دەتوانین ڕێگەیەک لە زمانی دووەمدا بدۆزینەوە کە 'زایەڵەی دەقی ئۆرجینال' بدەینە دەست. (ل. ١٣٥-١٤١)

Bo Utas، زماناس، باس لەوە دەکات کە شیعری کلاسیک لەو ڕێگەوە دەناسینەوە کە دوو میسرەعی هەیە کە هەر کام بناغەیان لەسەر ٨ تا ١٦ هجا/ سیلابە. هەموو وەرگێڕێک دەبێ لە بەرامبەر ئەوەی کە ڕیتمی میسرەع لەسەر هیجای کورت و درێژ دادەمەزرێ، هەڵوێست بگرێ. وەرگێڕانێک سەرکەوتوو دەبێ کە لە نێوان ئەمانەتداری بۆ ئۆرجیناڵ و کارتێکردنی/ ئێفێکت زمانی دووەمدا سازانێکی هونەرمەندانە دروست بکات. (ئایا دەتوانین شیعری فارسی وەرگێڕین؟ (Kungl. Humanistiska Vetenskaps-Samfundet. Uppsala. 1993، ل. ٨٨).

ناڵەی جودایی شیعرێکە کە لەژێر کاریگەری مثنوی مولانادا (١٢٠٧-١٢٧٣) نووسراوە. بەیتەکانی هەوەڵی مثنوی بەم شێوەیە دەستپێدەکەن:

بشنو از نی چون حکایت میکند
از جداییها شکایت میکند
کز نیستان تا مرا ببریده‌اند
در نفیرم مرد و زن نالیده‌اند
سینه خواهم شرحه شرحه از فراق
تا بگویم شرح درد اشتیاق
هر کسی کو دور ماند از اصل خویش
باز جوید روزگار وصل خویش
/.../

ناڵەی جودایی، ٢١٨ میسرەع واتە ١٠٩ بەیتە کە هەر میسرەعێک لەسەر وەزنی فاعلتون فاعلتون فاعلت واتە ١١ سیلاب دانراوە.

لە وتارێک لەژێر ناوی "ئایا دەتوانین شیعری فارسی وەرگێڕین؟" پرۆفیسوور ئۆتاس باس لەوە دەکا کە هەموو هەوڵێک بۆ وەرگێڕانی تایبەتمەندییەکانی مێلۆدی شیعری فارسی مەحکوم بە شکانە. (ل.۹۱).

بەگشتی دەتوانین بڵێین کە وەرگێڕانی ناڵەی جودایی بۆ سویدی، لە سەر زیاەڵەی دەق و لەڕێگەی قەرزکردنی وشە و دوبارەنووسینەوەی مانا ڕاوەستاوە و زۆر جار مۆسیقا و ئاهەنگی شیعرەکە لەدەستچووە. (بەیتەکانی ۱۹، ۲۵ و ۹۶ تەرجەمە نەکراون.)

نادەقیقترین بەشی وەرگێڕانەکە، وەرگێڕانی سەردێڕە کە کراوەتە "ناڵەی ڕەهاکراوێک" (بۆنی هەورەکانی وڵاتی من، ل. ۶۳) و هەروەها زۆر جار وشەی "جودا" لە دێڕەکانی تردا، مانای تری پێبەخشراوە. وەرگێڕ مانای "ناڵەی جودایی" بە "ناڵەی ڕەهاکراوێک" واتە ناڵەی کەسێک کە تەریککرابێ و لە خۆ دوورکرابێتەوە شووبهاندووە بەڵام بە بڕوای من شاعیر ڕەها نەکراوە بەڵکو شاعیر هەڵیبژاردووە کە بچێتە تاراوگە و غەریبی نەک ئەوە کەسێک لە خۆی دووری کردبێتەوە. هەر بۆیە من مانای "ناڵە جودایی"م ڕوونکردۆتەوە. جیاوازی نێوان مانای "ناڵەی جودایی" و "ناڵەی ڕەهاکراوێک" فەرقی نێوان 'ویست' و 'نەویستن'ـە. جیاوازی نێوان ئیرادە و بێ ئیرادەییە. هەروەها لە باری تەرکیبی وشە و ساختاری زمانەوە "ناڵەی جودایی" فەرقی هەیە لەگەڵ "ناڵەی ڕەهاکراوێک".

## مێتود

هێرمۆنێتیک باس لە کردنەوەی تێکست، خوێندنەوە و بەرداشت دەکا. خوێندنەوەی دەق دەگەڕێتەوە سەردەمی یونانی کۆن و هەروەها لە ڕووی پراکتیکییەوە ڕیشەی لە خوێندنەوەی دەقەکانی ئینجیلدایە و دواتر لەڕێگەی ستروکتورالیستەکانەوە بە ئێمە گەیشتووە. ئاندێش ئوولسۆن لە کتێبی تێکستی نەناسراودا (۱۹۹۸) وەک گادامێر و هایدەگێر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە وەڵامێکی تەیارمان بۆ دەق نییە. گادامێر خوێندنەوەی دەق وەک دیالۆگ دەبینێ. خوێندنەوەی دەق گەرچی وەک بازنەیەکە بەڵام ئێمە تەنیا گومانێک دەکەین لەڕێگەی ئەوەی کە پێوەندی و دژایەتی ناو "کل" و "جزء" لە دەق دێنینە بەر ڕۆشنایی. وەدەستهێنانی مانا لە بازنەیەکی هێرمۆنێتیکیدا بە 'بازنەی خەیاڵ' دەکرێ. کاتێک ئێمە دەقێک دەخوێنینەوە، هەوڵدەدەین کە بەرداشتێک هەڵێنجێنین کە هەرگیز ئەو بەرداشتە بە مانای بەرداشتی کۆتایی و تاکە خوێندنەوە نییە. هەمیشە ئیمکانی ئەوە هەیە کە مانای تازە بدۆزینەوە بەتایبەت کە ئەو کەسانەی دەق دەخوێننەوە جیاوازن و پێشینەی جیاوازیان هەیە و بە توانایی کەلتوری و پێشزێهنییەتێک کە هەیانە لە خوێندنەوەی دەقدا بەشدارن.

Mimesis و شێوەی خوێندنەوەی تێکستی ئەدەبی لەلایەن ئێریک ئاورباخ سەرچاوەیەکی ئیلهام بوو بۆ خوێندنەوەی من لە ناڵەی جودایی. بە گوێرەی خوێندنەوەی Paul de Man لە Mimesis دەکرێ 'هەمیشە لە دەقەوە دەستپێبکەین چونکە دەق دەتوانێ هەموو تیۆرییەکان تێپەڕ بکا'.(Mimesis, ل. ۷).

## تیۆری

ناڵەی جودایی هەڵگری هێندێک خاڵی دژبەیەکە. هەر بۆیە دەبێ لە گۆشەنیگای جیاواز ڕا ئانالیز بکرێت. من لە چەند چەمکێک بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو شیعرە کەڵک وەردەگرم.

### ١. کۆرا، ئابێکشوون

'دروستبوونی سابجێکت' لە تیۆرییەکانی پسیکۆئانالیزدا جێگایەکی تایبەتی هەیە. پسیکۆئانالیز سەبارەت بە تێکست (دەق) و گوتار هەڵوێست دەگرێ بۆ ئەوەی بتوانێ بگاتە هەست و ئەزموونەکانی سابجێکت.

ژولیا کریستێڤا، تیۆرییەکانی فرۆید دەربارەی ناسنامە کە لەگەڵ هەم دایک و هەم باب پێناسە دەکرێت، تایبەتمەندیی زمان کە هێترۆژێنە و هەروەها پێوەندی نێوان 'خودئاگا' و 'ناخودئاگا' و پێوەندی نێوان خەون و ناوەڕۆکی خەون و هەروەها تیۆرییەکانی ژان لاکان، لە کاری خۆیدا پەرەپێدەدا بۆ ئەوە کە تێکستی ئەدەبی و سابجێکت بێنێتە بەرباس[١].

خەون بۆ فرۆید بە مانای ئەوەیە کە بە وێنە بیردەکرێتەوە. ڕەوانی ئینسان بەگوێرەی فرۆید وەک دەقێکە 'بڵاو و پڕ لە دژایەتی و ناتەبایی'. بە ڕای لاکان "خود" کاتێک دروست دەبێ کە دێتە ناو نەزم و سیستەمی زمان و کەلتور. کریستێڤا قامک بۆ ئەوە درێژدەکا کە دروستبوونی سابجێکت زۆر زووتر - پێش هاتنی منداڵ بۆنێو سیستەمی زمان دروست دەبێ. واتە پێش قۆناغی ئاوێنەیی، کاتێک منداڵ و دایک پێوەندییەکی سێمیۆتیکیان هەیە. کاتێک گەرمای دایک، 'نوختەی قەراردادی'یە و دایک و منداڵ یەکن و هێشتا منداڵ خۆی جیا نابینێ.

"خودی شاعیرانە" خودێکی ئاڵۆزە کە لە گۆڕاندایە و لەنێو 'ویست' و 'کەمایەسی'یەک سەردەردێنێ: کەمایەسی ئەشق. زمان بۆ شاعیر تەنیا نیشانە نییە، بەڵکو استدعا/ بانگەشەکردن/ خواست، ویست و داوایەکە بۆ ئەو کەمایەسییە. دەقی شاعیرانە کە بە 'ساتێکی تایبەتی قەیران' بەستراوەتەوە، بالقوە هەڵگری جەستەیەکی دایکانە (سێمیۆتیک/ ڕەمزی)یە، کە بەرامبەرە لەگەڵ زمان/ سیستەمی نیشانەیی. هەست، ڕیتم و طنین/ زایەڵە لە توخمی/ عنصرێکی دایکانەوە کە وەک مەترسییەک بۆ زمان دەبینرێ، سەرچاوەدەگرن. کریستێڤا ئەو ئیمکانی دەربڕینە ناودەنێ **Chora** "کۆرا"[٢] کە تایبەتمەندی ژنانەی هەیە و بەتەواوی ڕەمز و نەگوتراوانەی نێوان خەتەکانی دەق/ بینامتنی دەگوترێ. کۆرا تیۆرییەکی سەرەتاییە کە لەو جێگایەی کە مانا لە دەقدا بێدەنگ دەکرێ و یان قەت نەبووە، مانا دەبەخشێ.

کاری شاعیرانە/ هونەرمەندانە دەبێتە هەنگاوهەڵگرتن و بزاڤێک لە کاتی مەیل و دڵتەنگی شاعیرانەدا بۆ گەیشتن بە قارەی دایک کە سیستەمی زمان لە کەناریدا تێپەڕ دەبێ. شاعیر لە 'ساتی قەیران'دا، لە سنوورەکانی نێوان ڕەمز/ سروشت و سیستەم/ کەلتوردا، خۆدەبینێتەوە و بەم جۆرە 'دیسکۆرسی مێژوویی' دەق لەقاودەدا. شاعیر وەک منداڵ کە بۆ وەدەستهێنانی کەسایەتی[٣] خۆی لە فازی

خۆجیاکردنەوەدا هەوڵدەدا و سابجێکت خۆی بە ئافەرینشی هونەری خۆی دروستدەکا. شاعیر زیاتر لە کەسانیتری کۆمەڵ، بە نووسینی خۆی، خۆی بە فازی دووانەیی بەڵام ناتەبا پێوەند دەداتەوە واتە ئەو فازە کە منداڵ هەم دایکی خۆشدەوێ و هەم دەخوازێ خۆی لێ جیابکاتەوە.

لە نەبوونی ئەشقدا سابجێکت لە گەرمای دایکانە دەگەڕێ کە سەرچاوەیەکە بۆ خوڵقاندن. سابجێکت لە 'پرۆسە'دا دروست دەبێ. مەبەستی کریستێڤا لە پرۆسە گۆڕان و پێشکەوتنە. هەموو تێکستێک وەرگێڕانی ئەزموونەکانی سابجێکتە، ئەو ئەزموونانە کە لەسەر شانۆ دادەندرێن و ساختاری هەردوو زمان و ڕەوان دەگۆڕن. 'ناخودئاگا' پایەی دەقی ئەدەبییە. دەقی ئەدەبی کارێکی بەمانایە کە 'ئەزموونە هەستییەکانی سابجێکت' خۆیان لەو پرۆسەیەدا نیشاندەدەن.

چەمکی abjektion گرینگییەکی تایبەتی لە تیۆرییەکانی ژولیا کریستێڤادا هەیە. ئابێکشوون لە وشەی abjicera وە دێت کە بە مانای فرێدان و لە خۆ دوورکردنەوەیە. ئەو چەمکە باس لە فازێکی پێشکەوتن دەکا. سابجێکت کاتێک دروست دەبێ کە خۆ لە جەستەی دایک جیادەکاتەوە واتە هاوکات کە منداڵ شیفتەی جەستەی دایکە، لێیشی بێزارە. کاتێک زمان دێتە ناو دونیای منداڵ و دەستی باڵا دەگرێ، 'کۆرا' وەپشتگوێ دەخرێت. 'ویست' لە "خود" دوور دەبێتەوە و "خود" دەکەوێتە قەیرانەوە. ئابێکشوون، بە ڕای کریستێڤا، سەرچاوەیەکی تاریک و مەڕمووزە کە لە پرۆسەیەکدا منداڵ خۆی وەک سابجێکت دەبینێ و خۆ لە مبداء/ سەرچاوە و ڕیشە جیادەکاتەوە. کریستێڤا دەڵێ کە ئابجێکشوون دەتوانێ دەست بۆ قەتڵ بەرێ. ئابێکشوون کاردانەوەیەکی بەزەبروزەنگە، ترسە، هەستێکە کە منداڵ لە دایک جیادەکاتەوە. ئابێکشوون کە لە هەموو کەلتورەکانی جیهاندا بەدیدەکرێ، 'ئەزمە/ قەیرانێکی نارسیست'ییە بەڵام لە هەمان کاتدا هەلومەرجێک دەخوڵقێنێ کە هەست وەرگێڕدرێتە سەر نیشانە و زمان. زمان، بەگوێرەی وتەکانی کریستێڤا، جەستەیەک دروستدەکا کە ئەزموون و خەمۆکی سابجێکت خۆی تێدا دەبینێتەوە ئەگینا شاعیر دەکەوێتە ناو دونیای مەرگ. زمان ئیمکانی زیندوومانەوە دروستدەکا.

### ٢. نیهێلیسمی شاعیرانە

نیهێلیسم بۆشایی و خەونێکە کە لەوێندەرێ "خود" تەنیا یاسایە. لەو بەتاڵییەدا ژیان تەنیا ورشەیەکە، دونیایەک کە لە پشت ئەو هیچ شتێک وجودی نییە. لەو جیهانەدا هونەر، یا وردتر بڵێین شیعر، شوێنێکی تایبەتی دەدا بە گەڕانی بێکۆتایی ئینسان. خودی هونەرمەند و شیعر زیاتر لە هەموان خۆیان لە "ڕەها/ مطلق" نزیک دەکەنەوە. نیهێلیسم سەروژێرکراوی 'ایدەئالیسم مطلق'ـە کە ئینسان دەکاتە 'بوونەوەرێکی ڕەها' واتە جۆرە خودایەک. بەڵام چۆن "بمر/ فانی" و "نەمر/ جاودانە" لێک گرێدەدرێ؟ ئەوە تەنیا لەڕێگەی فانتازی/ خەیاڵ دەکرێ کە تەعبیر لە ئازادییەکی ڕەها و گەڕانی ئینسانە بۆ تێپەڕکرنی سنوورەکانی مێتافیزیک و سروشت. تەنیا لەڕێگەی زمان و شیعر دەکرێ "مطلق" خۆی نیشان بدا و خداگونگی/ خوائاسابوون تەنیا لەنێو شیعردا دروست دەبێ.

Jean Paul ی ئاڵمانی چەمکی 'نیهیلیسمی شاعیرانە'ی لە سەرەتای ١٨٠٠ هێنایە کایە.چەمکی'هیچ' ڕۆڵێکی ناوەندیی لە نیهێلیسمی شاعیرانەدا هەیە. ئاندێش ئوولسۆن لە کتێبی ٢٠٠٠ Läsningar av Intet سەرنجی خوێنەران بەرەو ئەوە ڕادەکێشێ کە لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا جۆرێک لە ئایین هاتە کایەوە کە شیعر جێگای تیۆلۆژی دەگرێتەوە و شاعیر لە ساتێکی قەیرانیدا و

لەڕێگەی خوڵقاندن حەقانییەت دەدا بە خۆی واتە "مشروع کردن خود". چەمکی نیهێلیسمی شاعیرانە دیاردەیەکە کە بە درێژایی مێژوو لە سۆفۆکلۆس‌ـەوە تا تۆلستۆی دەبیندرێ.

### ٣. خواست، ویست، ئارەزوو/ Wants

بەڕای شۆپێنهاوەر (١٧٨٨ - ١٨٦٠) 'ویست' ئەو هێزەیە کە هەموو جیهان بەرەوپێش دەبا. هەموو جیهان 'مەفعول/ ئابجێکت'ێکە بۆ سابجێکت واتە مەفهوم/ بەرداشتێک. کتێبی شۆپێنهاوەر، جیهان وەک ویست و مەفهوم، باسی تەجرەبەکرنی جیهان دەکا. لەو جیهانەدا 'ویست' حاکمە و سابجێکت لەڕێگەی مەفهوم/ برداشتەوە درووست دەبێ. ویست لای شۆپێنهاوەر وەک 'ئیدە'ی ئەفلاتوون و چەمکی Das Ding An Sich واتە "شیئ در خود"ی کانت کە ئەوەیش بەو مانایەیە کە خوایەک حاکمی جیهان نییە بەڵکو 'خواست و ویستێکی کوێر' دەسەڵاتی لەدەستگرتووە. چەمکی ئیدەی ئەفلاتون و 'برهمان'ی هیندویسم کە جەوهەرێکی ئەزەلی و ئەبەدین لەنێو چەمکی 'ویست'دا هەن. ویست مەزنێکی ڕەها نییە بەڵکو هەمیشە لە گواستنەوەدایە. شۆپێنهاوەر پێیوایە کە ئینسان بەردە و بەندەی 'ویست'ـە و 'ویست'یش لە خۆیدا هیچ ئامانجێکی نییە بەڵام "موضع متافیزیکی" شۆپێنهاوەر کە ژیان وەک "ڕەنج" دەبینێ، بەدوای دینێکی تازەدا ناگەڕێ، بەڵکو فەلسەفەی شۆپێنهاوەر گەڕانە بەدوای حەقیقەت لەوپەڕی ڕەمز و میتۆلۆژییەکان. 'ویست' بەبێ پشودان دەگەڕێ و وەک 'پرنسیپ تکامل' دەبیندرێ کە ئەوەیش 'ویست بۆ ژیان'ـە. ئینسان لەڕێگەی 'ویست'ـەوە بوونی هەیە. 'ویست' دەبێتە ذات/ جەوهەر و هەموو ویستێک لە نیاز و زەروورەتێک سەرچاوە دەگرێ، لە ئیشتیاقێکی نابینا. دوای دابینکردنی هەر ئارەزوویەک، ئارەزوویەکی تر سەرهەڵدێنێ.

"ڕەنج" ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە فەلسەفەی شۆپێنهاوەر وکاراکتەری خواست لەڕێگەی ڕەنجەوە دیاریدەکرێ. ئێمە دەرد دەناسین بەڵام هەست بە بێدەردی ناکەین. دەرد هاودەمی ژیانە و ڕەهایی لە مەرگدا دەدۆزێتەوە. ویست وەک هێزی بەرەوپێشبردن هەڵگری جۆرێک لە "سلووک و خەڵوەتە" واتە هونەرمەند دەگەڕێتەوە بۆ ناخی خۆی و لە شتە رووکەشییەکانی جیهان دادەبڕێ و نیگەرانی قەزاوەتی خەڵک نابێ. شۆپێنهاوەر هونەر وەک ڕێگا و شێوەیەکی تایبەت کە جیهان دێنێتە ژێر سەرنج دەبینێ. هونەر ئیمکان دەدا هونەرمەند هەموو شتە ناگرینگەکان جیادەکاتەوە و تەنیا 'ئیدە' لەنێو هونەری خۆیدا نیشان بدا.

بۆ شۆپێنهاوەر مۆسیقا بەتایبەتی دەتوانێ شادی، خەم و ئارامی خاتر دەرببڕێ. مۆسیقا فۆرمێکی گشتی دەربڕینە بۆ دەروونی‌ترین جەوهەر و "ماهیت"ی ئینسان. ئەو جەوهەرە لەڕێگەی هونەرەوە، وردتر بڵێین لەڕێگەی شیعرەوە، دێتە ناسین و ئەزموونەکانی تاک شەرتی پێویستن بۆ تێگەیشتن لە شیعر و مێژوو.

### ٤. جیهانی دیۆنیسی

لای نیچە، هەروەک شۆپێنهاوەر، چەمکی ڕەنج ڕۆڵێکی گرینگی هەیە بەڵام لەلای نیچە ئەو چەمکە هیچ مەبەست و مانایەکی نییە. نیهێلیسمی نیچە لە ترادیسیۆنێکی یونانییەوە دێت و Tragedy دەبێتە دایکی فەلسەفە. نیچە پێیوایە کە بەدوای "مەرگی خوا"، 'ویست بۆ دەسەڵات' جێگای نیهێلیسم دەگرێتەوە. بەپێی وەهای گوت زەردەشت ئینسان شتێکە کە دەبێ بەسەریدا زاڵ بێ. "ابرانسان/

ئینسانی والا" بەرئەنجامی گۆڕانی ڕۆحی ئینسانە لە پرۆسەیەکدا، کاتێک ئینسان بە ویست و هێزی خۆی شۆڕش دەکا و خۆی ئازاد دەکا. لەو پرۆسەیەدا ئینسان شێواوی و بێنەزمی دەکاتە آفریدن/ خوڵقاندن. لە گواستنەوەی ڕۆح بەرەو ئینسانی والا سێ فاز تێپەڕ دەکرێ: وشتر، شێر و سەرئەنجام منداڵ. منداڵ ئینسانی والایە و بێتاوانە واتە بوونەوەرێکی پیرۆزە کە دەتوانی "بەڵێ بە ژیان" بڵێت.

نیچە پێیوایە کە ئینسان مانیفێستێکە لە مۆسیقای 'ویست'. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەیش لە زاییش تراژدیدا نیچە لە دوو مێتافۆری ئاپۆلۆ و دیۆنیسۆس کەڵک وەردەگرێ. دەکرێ ئەو دوو توخم/ عنصرە وەک دوو جیهانی جیاوازی هونەری خەون و مەستی ببینین: لە خەوندا ئەو دوو خوایە، ئاپۆلۆ و دیونیسۆس، خۆیان بە ئینسان نیشان دەدەن. ورشەی جوانی جیهانی خەون پێشفەرزێکە بۆ هونەر، شیعر و نەقاشی. ئینسانی هونەرمەندی خوڵقێنەر بە وردبییەوە چاودێری دەکاتە سەر وێنە دۆستانە و یان خەمۆکانەی جیهانی خەون و بەرداشتی خۆی لە ژیان تەرجەمە دەکا.

دیۆنیسۆس نوێنەری بێفۆرمی‌یە لە ژیان بەڵام هاوکات بناغەیە بۆ هەموو فۆرمەکان. ئاپۆلۆ هەوڵدەدا تا جیهانێکی استوار/ سەقامگیر لەسەر شێواوی ساز بکا. دیۆنیسۆس لە پرەنسیپدا هەر هەمان "ویست بۆ دەسەڵات"ـە. دیۆنیسۆس هەم دەرد و هەم مەرگ لەخۆدەگرێ کە سەرچاوەی هێزی ژیانن. ئاپۆلۆ ماسک/ دەمامکی دیۆنیسۆس ـە. ئەو دووانە پێکەوە هاوکاری و چاوەدێری یەکترین دەکەن. لە جیهانی دیۆنیسۆس‌دا ئینسانی خوڵقێنەر واسطە/ ئاڵقە و هۆیەکە بۆ گواستنەوەی بەردەوام لەلایەن ویست. هونەرمەند دەبێتە سابجێکتیکی ڕەها/ مطلق واتە هاوکات هەم سابجێکت و هەم ئابجێکتە. بە ڕای نیچە لەو دووانەکردنەی جیهاندا، شیعر دەبێتە ڕێگەچارە.

بەشداریکردن لە جیهانی مەستانەی دیۆنیسۆسی یەکگرتنێکە کە دەگەڕێتەوە بۆ یگانگی و وحدتی/ یەکبوون لەگەڵ سەرچاوەی هستی/ بوون. مۆدێلی ئەو ئیدیالەش تراژیدیای یۆنانی باستانە کە لەوێدا ئاپۆلۆ و دیۆنیسۆس، مۆسیقا و ئاواز، یەکدەگرن. نیچە پێیوایە کە کۆمەڵی ئینسانی دەکارێ لەسەر ئەو مۆدێلە دامەزرێت. مەبەستی نیچە ئەوەیە کە یۆنانییەکان ترس و هەراسیان لە دەسەڵاتی پڕسامی سرووشت تەجروبە دەکرد و بۆ ئەوە بتوانن خۆیان لەو ترسە دەربازبکەن کایەی خەیاڵی ئۆلەمپیادییان ڕێکدەخست. هونەر، وەک کایەی ئۆلێمپییەکان، بۆ ئەوەیە کە بتوانی بەردەوام بی لە ژیاندا. ئەو ویستە بۆ یەکگرتن لەگەڵ بوون و سروشت وا دەکا کە ئاوازێکی خەمگین ببێتە ستایشی ژیان.

نیچە "هاودەردی" وەک نەخۆشییەک و دوژمنی ژیان دەبینێ. ئەو بۆچوونەی نیچە دژایەتی هەیە لەگەڵ بۆچوونی شۆپێنهاوەر. شۆپێنهاوەر گریان وەک هاودەردی لەگەڵ "خود" و یان ڕەنگدانەوە و زایەڵەی هاودەردی دەبینێ. ئەوی کە دەگری و دەناڵێنێ هاودەردە لەگەڵ کەسانی دی. بە پێچەوانەی شۆپێنهاوەر، نیچە خۆشبینە بۆ ژیان. نیچە دەڵێ کە خودی هەستی و بوون لە خۆیدا پیرۆز و جوانە. لە ڕێگەچارەی نیچەدا ویستی هونەرمەندانەی دیۆنیسۆسی جیهان دەکاتە بەرهەمێکی شاعیرانە و ویستی ئازادی "آکت"ێک دروستدەکا. شێواوی وەک پایەی سەرەکی بوون، لە شیعر و مۆسیقادا، جیهان دەکاتەوە یەک. هونەرمەند وەک جۆرێک "دوزیستی" بە تایبەتمەندی دوگانە/ دوفاقەیی‌وە لە شۆڕەکاتی دونیای مۆدێرندا خۆڕادەگرێ و هونەر ڕۆڵێکی زەروور و پێویستی دەبێ بۆ

زیندوومانەوە. هونەرمەند وەک بوونەوەرێکی "دوزیستی" دەبێتە هەڵگری هەم بۆشایی نیهێلیسم و هەم سڕ و ڕازی بوون. شاعیر بەبۆنەی گومان و ناسکی زیاتر لە فەیلەسووف درۆ دەکا بەڵام درۆ ئیلاهییە و بۆ هونەر پێویستە.

## ئانالیز

**Intertextualitet "نێواندەق/ بینامتنی"**

کریستێڤا دەڵێ کە تێکست (دەق) لە دیالۆگ لەگەڵ تێکستەکانی دیدا دەخوڵقێت و ئەمەیش بەو مانایەیە کە هەموو دەقێک کارتێکردنی تێکستەکانیتری لەسەرە: ڕۆحی- ڕەوانی و کەلتوری، واتە لە "نێواندەق"دا تێکستێکیتر شکڵدەگرێ و بەم جۆرە هەر تێکستێک دەبێتە تێکستێکی تازە. کریستێڤا لەدرێژەدا دەڵێ کە ئێمە نابێ نێوان دەق وەک "نقد منبع" ببینین بەڵکو هەموو تێکستێک دەبێ وەک جۆرێک "پۆلیفۆنی لە تێکستی جۆراوجۆر بە ڕادەی جیاواز" بخوێندرێتەوە کە ئەو ئیمکانە بە دەنگی شاعیرانە دەدا کە شایەتی لەسەر مێژوو بدا.

هەروەک گوترا، نالەی جودایی چاولێکەرییکە لە مثنوی مولوی (١٢٠٧- ١٢٧٣). "صوفیسم" لە سەدەی ٩٠٠ لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست سەریهەڵدا و بوو بە شاخەیەک لە "عرفان". تەسەوف ڕێگەیەکی ڕۆحییە بۆ پێشکەوتن. بۆ سۆفییەکان ژیان کل/ گشتێکە کە ئامانجی یەکگرتنە لەگەڵ خوا. بە گوێگرتن لە دڵ ئینسان بەرەو "خود"ی باڵا دەڕوا. هەر ئینسانێک وەک نوێنەرێکی بێ هاوتا و بێ نەزیرە بۆ خداگونگی/ خوا ئاسایی، بۆیە ئینسان لە ناخی خۆیدا بەدوای خوا و حەقیقەتدا دەگەڕێ. "خود" هەوڵدەدا کە بگاتە خوا و خۆی تێدا بتوێنێتەوە. گرینگترین ڕێگەکانیش "ذکر" و خەڵوەتە. هەروەها سەما و موسیقا ڕۆڵی خۆیان هەیە لەو پرۆسەیەدا کە ئینسان دەبێتە ئاڵقەیەک بۆ گەیشتن بە خوا.

شایانی باسە کە لە نێوان "صوفیسم" و "Mysticism"دا جیاوازی هەیە.عرفان/ میستیسیزم زۆر گشتیترە لە تەسەوف و لەنێو هەموو کەلتورەکانی جیهاندا دەبیندرێ. لە جیهانی عیرفانیدا "کل" و "بوون" گرینگترین شتن و عیرفان زیاتر بۆچوونێکی فەلسەفییە بەڵام سوفیزم (لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست) لەژێر کاریگەری ئیسلامدایە و تەنیا ڕێگەیەکی ڕۆحی نییە بۆ گەیشتن بە حەق بەڵکو بۆتە بەشێک لە دین و لک و پۆی جیاوازی لێبۆتەوە کە بە "تەریقەت" ناسراون. لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تەسەوف زۆر جار تێکەڵاوی دەسەلاتی سیاسی بووە و دەروێشی خۆی سازکردووە و هەر بەو هۆیەیش کەوتۆتە بەر ڕەخنەی ڕۆشنبیرانە.

لە ڕۆژئاوایش چەند فۆرمی عیرفان دەبیندرێن. ئاندێش ئۆلسۆن لە کتێبی Läsningar av Intet دا باس لە دوو جۆر دەکا: پۆزێتیڤ کە خداگونگی/ خوائاسابوون لە چەمکی ئینسانیدا تەوسیف دەکا و جۆرێکیتریش کە نێگاتیڤە و خوا وەک شتێکی دوور و بێگانە کە خۆی بە ئینسان نیشان نادا، دەنرخێنێ.

تەسەوف بە باش و خەراپ کاردانەوەی هەبووە لەسەر شیعری کوردی. مامۆستا مارف خەزنەدار باس لەو کاردانەوەیە دەکا: "کارکرنی سۆفیزمی کۆزمۆسی بەگشتی و سۆفیزمی ئیسلامی بەتایبەتی لە ئەدەبی کوردیدا لە سێ شێوەدا دەبینرێن، /.../:

"١. شیعری سۆفیزم (عیرفانی)

/.../

٢. شیعری وەسفی سۆفیزم

/.../

٣. شیعری دژی دەروێشیزم"

هێمن کە لە بنەماڵەیەکی ئایینییەوە دێ زۆر جار سۆفیگەرێتی و ئەو کەسانەی کە لە دین و باوەڕی خەڵک "سوءاستفادە" دەکەن دێنێتە ژێر ڕەخنە. هێمن بەردەوام لە شیعرەکانیدا لە نێوان شک و دیندا هاتوچۆ دەکا. هێمن لە سیمبۆل و ڕەمزەکانی ئیلاهی کەڵک وەردەگرێ بەڵام زۆر جار دین دێنێتە بەر ڕەخنە. ناڵەی جودایی لە چەند خاڵدا خۆی لە مثنوی جیادەکاتەوە:

لە ناڵەی جودایی دا "خود"ێک دێتە کایەوە کە لە نێوان دین و بێدینیدا لە هاتوچۆدایە. بۆ سۆفییەکان توانەوە لەنێو خوادا ئامانجە کەچی بۆ هێمن توانەوە لەنێو خاکی نیشتماندا ئاواتە. لە ناڵەی جودیی دا وشە دەبێتە جۆرێک لە"ذکر و نیایش" بۆ ئەو وڵاتەی کە شاعیر بەجێیهێشتووە[٤]. شیعری ناڵەی جودایی بە ڕووکردن لە ساقی دەستپێدەکا:

ساقی‌یا! وا بادەوە، وا بادەوە

ڕوو لەلای من کە بە جامی بادەوە

موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن

زۆربەیان شاد و بەکیف و بێ خەمن

مەی حەرامە بۆ سەهەندە و بێ خەمان

مەستی بێ خەم بۆچی بگرن یەخەمان؟ (کۆپلەی ١، ل. ١٢)

شاعیر بە وشەکانی خۆی دەسەڵات دەگرێتە دەست و یاسا دادەنێ: شەراب بۆ ئەو کەسانەی کە بێ خەمن و ڕەنجیان نەبینیوە، حەرام دەکرێ. ئەو یاسایە مغایرت/ دژایەتیی هەیە لەگەڵ ئیسلام کە بەگشتی خواردنەوەی شەراب حەرام دەکا. ئەوەیش لەوە سەرچاوەدەگرێ کە لە عیرفاندا خواردنەوەی شەراب بۆ ترانس و خەلسە کە بتگەیەنێتە خوا بەجۆرێک لە جۆرەکان ئازادە. شاعیر تەنیا ئیزنی ئەوانە دەدا کە شەراب بخۆنەوە کە ڕەنجیان بردووە و کەسێک کە ڕەنجی نەدیوە تووشی تاوان دەبێ ئەگەر بێتو شەراب بخواتەوە.

لە ئیسلامدا هەموو جۆرە ئاکار و بیرکردنەوەیەک لە دەرەوەی ئیسلام بە "کفر" دادەندرێت. کاتێک شاعیر دەستدەکا بە وتووێژ لەگەڵ ساقی، پشت لە یاساکانی دین دەکا. لێرەدا دەسەڵاتی خوایی کە لە ناخی شاعیردا ڕەنگدەداوەتەوە و شاعیر یاساکانی خوا بە مەیل و خواستی خۆی دادەڕێژێتەوە و قەزاوەتەکانی شاعیر دەبنە پرینسیپ. ئەو پرینسیپە پۆزیسیۆنێک دروست دەکا لە نێوان خوا و ئینسان کە "خود" بەم جۆرە دەتوانێ یاساکان دوبارە داڕێژێ[٥].

تێڕوانینی شاعیر لەسەر شەراب بە پێچەوانەی ئیسلامە. هەموو "خود"ی خەمۆک دەخوازێ کە لەڕێگەی مەستییەک و لە خەیاڵدا لەگەڵ سەرچاوەی شیعری و خۆشەویستەکەی و وڵات یەکبگرێتەوە. هەڵگرتنی وڵات بەگەرمی لەنێو دڵداو ئارەزووی یەکگرتنەوە لەگەڵ وڵات

تێمێکە کە لە زۆربەی شیعرەکانی هێمندا دەبیندرێ:

لە شاییدا لە وەختی هەڵپەڕینا
لە خۆشییدا لە کاتی پێکەنینا
لە کۆڕی ماتم و گریان و شینا

ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە (تۆم هەر وەبیرە، دیوانی هێمن، ل. ١١٠)

لە تێکستە ئۆریێنتالەکاندا ساقی هەمیشە فیگورێکی بەهێز بووە کە ئینسان ڕووی تێدەکا تا باسی خەمەکانی خۆی بۆ بکا. ساقی لەڕێگەی شەراب و بوونی خۆی دەبێتە هۆی ئەوە کە "خود" بڕواتە ناو پرۆسەی "دگردیسی". بەڕای من ساقی لە شیعری "ناڵەی جوداییی"دا لە توخمی ژنانەیە. (لە وتووێژی من لەگەڵ چەند بەڕێزێک، هێندێک پێیان وایە کە ساقی پیاوە) ئێمە نابێ لەبیرمان بچێ کە ساقی لە کۆشکی میران لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شەرابیان گێڕاوە و ژنانی ساقی سەمایان کردووە. لە دەیەی حەفتادا (سەردەمی نووسینی ئەو شیعرە) زۆربەی ساقییەکان کە لە مەیخانەکانی کوردستان کاریان دەکرد پیاو بوون. بەڵام ژنانی ساقی هەمیشە بووە بەتایبەت ژنانی ئەرمەنی کە لە مەیخانەکاندا مەییان گێڕواە. لە فۆلکلۆری کوردیدا زۆر گۆرانی بۆ ژنانی مەیگێڕ دەبیندرێ:

حیساو کتاو گەردم مەکە
حالم خراوە دەنگ مەکە
/.../
ئەمشەو وەجور شەراوەگەت
مەستت بکەم چۆ چاوەکەت
دەست خەی ئەرا لینگ کەوشەکەت
بووشی کڵاوە ئەرمەنی

(گورانی ئەرمەن لە سیدی حەمید حەمیدی، ٢٠٠٤)
یان لە گۆرانییەکی قەدیمیدا کە هونەرمەندی ناوداری کورد حەسەن زیرەک خوێندویەتی هاتووە:

جوتێ ساقی گوارەزێڕن
مەی لە مەیخانان دەگێڕن
ئاشقان لە دین وەردەگێڕن[٦]

شاعیر فیگوری ساقی لە خەیاڵی خۆیدا دوبارە بەرهەم دێنێتەوە. ڕیتم و دیالۆگ لەگەڵ ساقی و ئەو تایبەتمەندیانەی کە شاعیر دەیخاتە پاڵ ساقی پێمان دەڵێن کە ساقی لە توخمی ژنە. وشەی "جوان" چەند جار لە کۆپلەی پێنجەم و شەشەمدا دوپات دەبێتەوە کە ئامانجێکی تایبەتی هەیە. ئەو ئامانجە کە تایبەتمەندی ژنانە لە بەرامبەر پیاوانێک دابنێت کە نرخی جوانی نازانن و لەگەڵ گەوهەر دەیگۆڕنەوە:

تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر؟
کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر؟
/.../
قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵپەرست!
جوانپەرەستە پیری خاوەن زەوق و هەست (ک. ٥، ل.١٧)
و کەمێک دواتر:
نا مەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ!
تۆ فریوی زێڕ و زیوی وان مەخۆ!
ئەو هەوەسبازانە جێی متمانە نین

هەر دەزانن گوڵچنین و بەی ڕنین (ل. ١٧)

ساقی بە درێژایی مێژوو بە جوانی و حەقیقەت گرێدراوە. لێکبەستنەوەی ئەو دوو چەمکە، واتە جوانی و حەقیقەت، هەم لە ڕۆژهەڵات و هەم لە ڕۆژئاوا ئاشکرا و ڕوونە. ئیلهام و تایبەتمەندیی نەرمی ژنانە وا دەکا کە پیاوی جستجوگر/ توێژەر/ بگەڕ، ڕوو لە ژن وەک سەرچاوەیەکی بەهێز و پڕڕاز بکا. ساقی لە شیعری نالەی جوادییدا هەرگیز وڵامێک بە شاعیر نادا بەڵام بوون و نیگای خوائاسای ساقی، ڕووناکی دەخاتە نێو جیهانی شاعیر و دەرگا بۆ دونیایەکی تازە دەکاتەوە. شاعیر لە هەوەڵی شیعرەکەدا بە امر/ فەرمان لە گەڵ ساقی دەدوێت: "ساقیا وا بادەوە، وا بادەوە" بەڵام ئەو فۆرمە ئەمریە بە مانای کەمدیتن و ژێردەستبوونی ساقی نییە. ئەو فەرمانە لە تەمەنا و نیاز و ویستیک سەرچاوە دەگرێ کە ساقی یارمەتی شاعیر بدا تا بڕواتە نێو دونیای خەیاڵ. دواتر لە ناوەڕاستی شیعرەکە، واتە کۆپلەی پێنجەم، ناتەباییەک لەنێوان ساقی و شاعیر دێتەڕوو، کاتێک شاعیر ساقی تاوانبار دەکا کە فریوی زێڕ و زیوی خواردووە و ئەوەی لێ چاوەڕوان نەدەکرا چونکە ساقی لەخۆیدا بە هەڵگری جوانی و حەقیقەت ناسراوە. شاعیر ساقی پەنددەدا کە شەراب بۆ دەسەڵاتداران نەگێڕێ چونکە ئەوان بەدوای خرد/ هزردا ناگەڕێن. لەو بەیتەدایە شاعیر لەوپەڕی ناهومێدییە، هەر بۆیە ساقی دەشکێنێتەوە:

ساقییا! بۆ کوێ دەچی، بۆ کوێ دەچی؟
تۆش لەبەر ئەو ملهوڕانە ملکەچی؟
تۆش بە ڕەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو؟
چاوی تۆشی هەڵفریواند زێڕ و زیو؟

تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر؟
کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر! (ک. ٥، ل. ١٦-١٧)

بۆ شاعیر وەک کەسێکی جستجوگر/ پشکێنەر، ساقی کە سیمبۆلی ئەشق و جوانییە و لە خۆیدا ئینسان بەرەو "حەقیقەت" دەبا، نابێ خەیانەت بە هونەر و حەقیقەت (کە پیاو پێناسە و تاریفی دەکا) بکا. Carin Fransen باس لەوە دەکا کە ساختاری دەسەڵات لە هەوەڵەوە بە مانای ژێردەستبوونی ژنە ئەوەیش بەو مانایەیە کە سەلیقە و زەوق، حەقیقەت و جوانی لە بناخەوە لەلایەن پیاوەوە مانا دەکرێ. ژن/ جوانی لە پێوەندی لەگەڵ پیاو، "عملکرد/ کاربرد"ێکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە جوانی ویستی پیاو بەرەوپێش دەبا.

لێرەدا ئێمە دەبینین کە شاعیر لەبیریدەچێ چەند بەیت پێشتر ساقی تاوانبار کردبوو کە گوایە ساقی فریوی خواردووە. شاعیر دوبارە ڕوو لە ساقی دەکاتەوە و وەک پێشوو باوەڕی خۆی پێنیشاندەدا و لە دەستەکانی ساقی دەگەڕێ. ئێستا شاعیر خۆی دەشکێنێتەوە و داوای یارمەتی لە ساقی دەکا تا بتوانێ لەگەڵ خەمی خۆی بسازێ و "خود" ڕزگار بکا و دیسان بتوانێ لەنێو ئەو شک و گۆمانەدا باوەڕ بە ژیان و بوون بکاتەوە:

وا وەرە، دەی وا وەرە، نێزیک بە لێم
بمدەیە مەی، بمدەیە مەی تا دەڵێم:
"مست مستم ساقیا دستم بگیر
تا نیفتادم زپا دستم بگیر[١]" (ک. ٦، ل.١٧-١٨)

لە نیوەڕاستی کۆپلەی شەشمدا چەند بەیت لە مثنوی و چەند میتۆلۆژی و فیگوری ناسراوی تراژێدی لە ئەدەبی کوردیدا دێتە ناو دەق:

جا کە سەرخۆش بووم بە دەنگێکی نەوی
بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی (مەولەوی):
"بشنو از نی چون حکایت میکند
از جدائیها شکایت میکند" (ک. ٦، ل.١٨)

کارتێکەریی زمان و شیعری مەولەوی لەسەر ناڵەی جودایی ئاشکرایە. لەو بەیتە کە لە هەوەڵی مثنویدا هاتووە، "نەی" ڕۆڵێکی بەرچاو دەگرێت تا گوزارشت لە دەرد و ڕەنجی جودایی شاعیر بکا کە لە زمانی "نەی" دێتەدەر:

بشنو از نی چون حکایت میکند
از جدائیها شکایت میکند
تا مرا از نیستان ببریدەاند

از نفیرم مرد و زن نالیده‌اند.

پەژارەی شاعیر لە ڕێگای "نەی"یەوە کە لە "نیستان" و وڵاتی خۆی دابڕاوە ڕەوایەت دەکرێ. "نەی" ئامێرێکی کۆن کە لە نەیَ دروست دەکرێ. شاعیر بە نەفەس و ڕۆحی خۆی نەی دەژەنێ. نەی وەک پێنووسیش بەکاردێ کە لە جەوهەر هەڵدەکێشرێت و جەوهەرەکە هەڵدەمژێ و پێی دەنووسرێت. کەواتە لێرەدا نەی هەم ئامێرە و هەم پێنووس. نەی هەم دەنووسێ و هەم دەژەنێ. لە هەردووک حاڵەتدا خەمێک هەڵدەمژێ و دوبارە دەریدەخاتەوە. بە ناڵەی نەی و نووسینی نەی، باسی خەمێک دەکرێ کە دەردی جودایی‌و عەشق و خۆکوتانە بۆ یەکگرتنەوە. ئەو خەمە خەمی ئینسانە بەگشتی و تەنیا هی شاعیرێکی کورد نییە. بەڵام ئەو خەمە (دەردەکورد) تا ئێستا هیچ "نەی"یەک باسی لێوەنەکردووە و لێرەدا ئەو دەردە تێکەڵاوی دەردی تاک و سروشت دەبێ بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە و ئازادی:

بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە
/.../
شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە
بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانییە (ک. ۶، ل. ١٨)

بەشێک لە "خود" دەخوازێ ڕەنجی خۆی تیمار بکا و بگاتەوە سەرچاوە. سی و حەوت بەیت دواتر ئەو یەکگرتنەوەیە سەقامگیر دەبێ. شاعیر کە ساڵانێکی زۆر خەباتی کردووە و لە تاراوگە بووە، چەند بەیت لە "پیری" خۆی بەقەرز وەردەگرێ تا باسی ئەوەمان بۆ بکا کە دڵنیایە ڕۆژێک لەگەڵ خاکی وڵات، یاران و هەموو ئەو شتانەی کە جێیهێشتوون یەکدەگرێتەوە ئەگەرچی هەلومەرجی ئێستای ژیانی لە قەیراندایە و دووری بێهێزی کردووە:

گەر دەناڵێنم، ئەمن پەککەوتە نیم
تێدەکۆشم بۆ وەصڵ تاکو دەژیم
/.../
هەر کسی کو دور ماند از اصل خویش
باز جوید روزگار وصل خویش
ڕیگە دەبڕم، کوانێ هەنگاوم شلە
ڕاستە بێهێزم، دەکەم ئەمما ملە (ک. ۶، ل. ٢٢)

لە کۆپلەی حەوتەمدا چەند ناوی مێژوویی ژن و پیاو دێنە نێو دەق. ئەو ناوانە کێن و چ کاریگەرییەکیان هەیە؟ هەوەڵ با ناوەکان جارێکیتر بنووسینەوە: بەکرە شۆفار کە بوو بە هۆی مەرگی مەم و زین لە تراژیدی مەم و زین[٧]، مەم و زین، قەرەتاژدین، چەکۆ و

عرفۆ (سێ یاری مەم)، لاس و خەزاڵ، خانزاد (سەرۆک خێڵ و خوشکی خەزاڵ لە تراژیدی لاس و خەزاڵ)، شەم و شەمزین، خەج و سیامەند، برایم و پەریخان و سەرئەنجام ناوی وەلی دێوانە کە شیعری بۆ خۆشەویستەکەی شەم گوتووە:

کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەک (مەمێ)
(یایەزین) لە کوێیە هاواری کەمێ!
وام بە تەنیایی لەنێو خوێنا شەلاڵ
کوانێ عێل و کوانێ (خانزاد) و (خەزاڵ)؟!
زور لەمێژە نارەناری منی نەبیست
هەروەکو (شەمزین)، (شەمیلە)ی خۆشئەویست (ل. ٢٠-٢١)

ئەو پێنج بەیتە لە بەیتە بەناوبانگەکانی فۆلکلۆری کوردین. هەموو ئەو تراژیدیایانە باس لە ئەشق، زوڵمی دەسەڵاتداران، خەیانەت و جودایی دەکەن[٨]. ئەو فیگورە ژنانەی کە ناویان لەو بەیتانەدا دێن، ژنانێکی ئاشق، ئازا و نەترسن کە لە بەرامبەر نۆرمدا ڕاوەستاون و خۆیان خستۆتە نێو خەباتێکی نابەرامبەر. شاعیر ئەو ناوانە دێنێتە ناو دەق تا نیشان بدا کە ژیانی ئەو جۆرێک بەردەوامبوونی تەقدیری قارەمانەکانی ئەو تراژیدیانەیە کە یان چوونە مەنفا و یان مەرگیان هەڵبژاردووە. شاعیر لەنێو خوێنی خۆیدا نوقمە، لە ڕیشەی خۆی دوورکەوتۆتەوە و "جەرگی لەت لەت"ـە. شاعیر ئارەزوو دەکا کە ئەو ژنە ئازایانە بێن و ڕزگاری بکەن و گورانی بۆ بڵێن. (هەموومان دەزانین کە پێهەڵگوتن بە کەسێکی کە کەوتۆتە غەریبی و مەنفا و یان شەهید بووە، بەشێکە لە دابونەریت و بەتایبەت لەنێو ژناندا وەک سێرمۆنی ئەنجام دەدرێ.)

وێنەی ژن لە شیعری هێمندا، لە هەوەڵ شیعرەکانییەوە تا دوایین شیعرەکان، گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. هێمن لە شیعرەکانی خۆیدا داواکاری یەکسانی کچ و کوڕە و ئارەزوو دەکا کە کار و چالاکیی ژنان بەشێکی گرینگ بێ بۆ دروستکردنی وڵاتێک کە لە وێندەرێ ژن و پیاو هاوسەنگن. هێمن لە زۆر شیعردا ڕەخنە لە پۆزێسیونی ژێردەستەی ژنان دەگرێ. لە پێشەکی ئەم کارەدا باسم لەوە کرد کە من دەمویست شیعرێکیتر هەڵبژێرم و چاو لە دوو چەمکی "چین" و "جنس" بکەم. ئەو شیعرە سووڕی دەوران ١٩٧٨ـە کە باس لە ئەشقی نێوان کچە میرێک و کوڕە شوانێک دەکا. خاڵێکی گرینگ لە شیعری سووڕی دەوران دا ئەوەیە کە کچەکە داوا لە کوڕ دەکا کە پێکەوە هەڵبێن و ڕەخنە لە میر و کۆمەڵ و نۆرمەکان دەگرێ. ئەو دەخوازێ کە یان پێکەوە بمرن یان ئاواتیان بێتە دی. کچ و کوڕ ڕادەکەن و سەرئەنجام بەدەست داروغە دەگیرێن و بە دەستووری میر دەکوژرێن. (سووڕی دەوران، ناڵە جودایی، ل. ٥٣-٨٩)
هێمن ناو و وێنەی شیعری لە شاعیرانیتر وەردەگرێ بەڵام ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دەهێنێ و ناخوازێ وەک هەمیشە بە شێوەی سوننەتی ژن وەک ئابجێکت ببینێ. هێمن دەخوازێ ژنان بخوێنن و دانش/ زانست وەدەستبێنن و لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵێکی بەرامبەر دروست بێ. ژنی ئیدیالی هێمن "شیرین"ی وەفایی (١٨٣٨- ١٨٩٩) نییە کە تەشی دەڕێسێ. هێمن بە ئاواتە کە ژنانی جستجوگر/ وردکۆڵ کە دەتوانن پیاوان نەجات بدەن، گورانی بۆ شاعیر بڵێن:

من تەشیڕێسێکی وەک "شیرینی وەفایی"م بۆ چییە
کیژی ئازای چاوکراوە و فێرە زانینم دەوێ[٩]

و لە کۆتایی کۆپلەی حەوتەمدا شاعیر دەپرسێ کێ دەڵێ کە ئەو "وەلی دێوانە" نییە. وەلی دێوانە کێیە؟ وەلی دێوانە (١٧٤٥-١٨٠١) بەهۆی ئەشقی خۆی بە "شەم" کەوتە جیهانی شێتی[١٠]. جیاوازی چینایەتی نێوان وەلی و شەم بوو بە هۆی ئەوە کە ئەو دوو دڵدارە نەگەنە یەک. ئەشقی دێوانە بە شەم لە ئەدەبی کوردیدا بۆتە میتۆلۆژی و سیمبۆل بۆ ئەشقێکی ڕاستەقینە و قووڵ کە دەتوانێ ئینسان تا ئەوپەڕی دێوانەیی بەرێت. لێرەدا شاعیر لە نێوان خۆی و دێوانە، "هویت سازی" دەکا واتە ناسنامەیەک دروستدەکات. ژیانی هێمن "تناسخ" و بەردەوامی ژیانی دێوانەیە: یەک چارەنووس بۆ دوو پەیکەر، دوو کەس لە یەک پۆزیسیۆن، ڕۆحێک لە دەورانی خەمۆکی و جیایی کە نەبوونی گەرمای ژن لە ژیاندا بۆتە هۆی چارەنووسێکی تراژیدیایی:

ئەو لە زۆزان، من لە ئارانی دەژیم
کێ دەڵێ ئەمنیش (وەلی دێوانە) نیم؟! (ک. ٧، ل. ٢١)

بەڵام ڕۆحی هێمن لە چوارچێوە "تراژیدیاییەکاندا کە تاک ئەسیری خۆی دەکا" نامێنێ. لە تاریکترین ساتەکانی ژیاندا کە خودی شاعیر لە چاڵاوی تەنیاییدایە و کاسەی ڕۆحی پڕاوپڕە لە خەم و لێی دەڕژێ، "خود" لە خەلسە دێتەدەر و ڕاستەوخۆ ڕوو لە وڵات، دۆست و خزمان دەکا:

کوردەواری، ئەی وڵاتە جوانەکەم!
ڕۆڵەکەم! خێزانەکەم! باوانەکەم!
ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنەوە
ئێستە بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە؟ (ک. ٨، ل. ٢١-٢٢)

و لە کۆپلەی نۆیەمدا "خود" ڕادەبێ و ڕوو لە یاران و ئازیزان دەکا و باسی گەڕانەوەی خۆی بۆ سەرچاوە دەکا. لێرەڕا "خود" شۆڕشگێڕانە هەنگاو هەڵدێنێ:

ئەی ڕەفیقان ئەی عەزیزانی وڵات!
ئەی برای هاوسەنگەری جەرگەی خەبات!
/../
ڕێگە دەبڕم، کوانێ هەنگاوم شلە
ڕاستە بێهێزم، دەکەم ئەمما ملە (ک.٩، ل. ٢٢)

تۆن و ڕیتمی خەماوی کە پێشتر شیعرەکەی داگرتبوو جێگای خۆی بە ڕیتمێکی تر دەدا و شاعیر دەگەڕێتەوە دەورانی لاوەتی. ڕۆحێکی ئاگرین، کێو و دەشت دەپێوێ و سەر لە کانیاو و مێرگ و تەلان و باخ و دێ و هەوار و ئەشکەوتی وڵات دەدا و دەخوازێ بچێتە شەوڕنی بیستان و دەستی بێری شۆخ و شەنگ بگرێ. سەرئەنجام "خود" دەگاتەوە سەرچاوە و جەژن دەگرێ و خۆشەویستەکەی لە باوەش دەگرێ و ئامادەیە لە باوەشیدا بمرێ.

**Abjektionen och Chora**

لە هەوەڵ بەیتی ناڵە جودایی دا شاعیر خۆی لە بەرامبەر کەسێک، " ئەو کەسە"، دادەنێ و دەخوازێ ئەو لە پۆزیسیۆنێکی خوارتر دابنێ. وشەی "ئەو کەسە" تەنیا وەک بەشێک لە ساختاری زمانی شیعرەکە نایە بەڵکو شاعیر خۆی لە ئۆپۆزێسیۆنی "ئەو کەسە" دادەنێ. "ئەو کەسە" ئینسانێکی بێخەمە کە شاعیر وەک "عنصر/ توخمێکی ناپاک" هەڵیدەسەنگێنێ. شاعیر ڕەنجی "ئەو کەسە" نەهی دەکا و دیکاتە ئابجێکتی خۆی. خودی شاعیر "ئەو کەسە" لە خۆی دوور دەکاتەوە کە توانایی ڕەنجبردنی نییە تا بگاتە حەقیقەت. شاعیر، خۆی "ئەو کەسە" و هەموو هەستی شناسایی دەکا بۆ ئەوە کە بتوانێ لەو ئالۆزییەی کە تێیدایە بسازێ. هەر بۆیە "پاکی" خۆی لە بەرامبەر "ناپاکی" "ئەو کەسە" دادەنێ. "خود" کە هەڵگری دڵێکی پڕ لە خەم "ئابێکشوونە" لەبەرامبەر ئەو کەسە کە لە خودی شاعیر ناچێ ڕادەوەستێ و بەدوای "مانا"دا دەگەڕێ. بۆ دەبێ "ئەو کەسە" کە ڕەنجی نەدیوە و ناپاکە بێت و مەیخانە تەنگ بکا لە کاتێکدا کە شوێنی تر زۆرە بۆ گاڵتە و جەفەنگ:

ئەو کەسە بێکەس نییە و خانە خەراب
دەک بە ژاری ماری بێ بادە و شەراب!
ئەو کەسەی نەیچێشتووە دەردی ژیان،
ئەو کەسەی نەیدیوە ئێش و برک و ژان،
/.../
بۆ دەبێ بێت و بکا مەیخانە تەنگ؟!
شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتە و جەفەنگ... (ل. ١٢-١٤)

شاعیر جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان خۆی وەک کەسێکی بگەڕ/ جستجوگر و "ئەو کەسە" بێخەمە دادەنێ."ئەو کەسە" کێیە؟

"ئەو کەسە" ئینسانێکی لەخۆڕازی و ناپاکە کە لە چوارچێوەی یەک ئێلێمێنت/ عنصردا نامێنێ. "ئەو کەسە" دەتوانێ دیکتاتۆرێک بێ، ئەشێ خائینێک بێ و یان کەسانێک کە خۆ لە خەبات نادەن و بێتەفاوەتن و دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتووە با نەیبا. "ئەو کەسە" دەتوانێ کاین/ قابیل بێ کە برای خۆی بۆ دەسەڵات کوشت[١١]. "ئەو کەسە" کە ناپاکە بۆ دەبێ بێتە مەیخانە کە شوێنێکی پیرۆزە.

شاعیر زیارەتی مەیخانە بۆ "ئەو کەسە" قەدەغە دەکا و مۆنۆپۆلی ئەوە لەدەست دەگرێ تا کە وەک سابجێکت تەفسیری جیهان بکا و یاسا دارێژێ. شاعیر وەک ڕۆحێکی "جستجوگر" لە ئۆپۆزیسیۆندایە و خۆی لە سەرەوەی هەموو دەسەڵات و کەسایەتییەکان دادەنێ. شاعیر وەک ئەندامێک لە گرووپێکی گەورەدا تامی جودایی و مەنفا و زەبروزەنگی چێشتووە و لە هەوارگەی خەیاڵیدا شوێنێک بۆ "ئەو کەسە" نابینێتەوە. لە خەیاڵی شاعیردا، هەروەک جیهانی واقیع، کاتێگۆری هەوەڵ سیمبۆلی وێرانی و تاوانە. لە خەیاڵی ئینسانی کوردا "ئەو کەسە" جێی نابێتەوە و "ئەو کەسە" لەگەڵ زەبروزەنگ پێناسە دەکرێ.

دیکتاتۆرانێک کە بوونە هۆی چوونە مەنفای تاکەکان و ناهێڵن خەڵک ژیانێکی ئاسودە و ئاسایی بژی. لەو وڵاتەدا شاعیر قارەمانێکە کە بەدوای "حەقیقەت"دا دەگەڕێ و بەختەوەر نییە. هەر بۆیە هەموو ئارەزووەکانی شاعیر و حەقیقەتی بوون لەنێو خەیاڵدا کۆدەبێتەوە و شاعیر تاوانباران دەستنیشان دەکا و خۆی لە بەرامبەریان دادەنێ:

بۆ کەسێکە مەی: کە دەردی کارییە
بێخەمێک بیخواتەوە، زۆردارییە
بۆ کەسێکە مەی: دڵی پڕ بێ لە داخ
بۆچی لێی بخواتەوە بەرزەدەماخ؟ (ل. ١٢)

"ئەو کەسە" هەروەها دەشێ لەو کەسانە بن کە خەیانەت بە خاک و نیشتمان دەکەن؛ ئەو کەسانەی کە بەخاتری پارە، دەسەڵات و یان نەجاتی گیانی خۆیان دەکارن دژ بە خەڵکی خۆیان هەڵگەڕێنەوە. و یان ئەوانەی کە وا نیشاندەدەن کە هیچ گرفتێک نییە و جیهان ئەمن و ئەمانە و لە خەباتدا بەشداری ناکەن.

دەقە جۆراوجۆرەکان، بە ڕای کریستێڤا، دەتوانن ناوی تیپی جوراوجۆری ئابێکشوون بن. ئابێکشوون هەستێکی فیزیکی و ڕۆحی بێزکردنە کە تووڕدەدرێ. ئابێکشوون تایبەتمەندییەکانی ئابجێکتی هەیە و لە دژی "خود" دەوەستێ. ئینسان بوونەوەرێکی ڕۆحی و بیرمەندە کە ئابێکشوونەکان دەناسێتەوە. کریستێڤا پێیوایە کە ئابێکشوون بناخەی کەلتوری "خود"ـە و وەک مەرزبانێک کاردەکا. ئینسانە ئابێکشوونەکان ڕەمزی دەکا کە نیشانەی 'ویست' و 'کمبود/ کەمایەسی'یە کە بەهۆی جودایی و دابڕان دروست دەبن.

ئەو بێزارییە قووڵە لە "ئەو کەسە" سەرەتای لەدایکبوونی "خود"ـە. "ئەو کەسە" لاوازییەکی هەیە، جۆرێک ناپاکی کە "خود" لە بەرامبەریدا نەشوونەما دەکا. لە کێبەرکێی بەینی شاعیر کە ڕەنجی بینیوە و پاک بۆتەوە و "ئەو کەسە" کە ناپاکە، خوڵقاندن و نووسین ئیمکانی ئەوە بە "خود" دەدا کە لە پرۆسەی "دگردیسی"دا دوبارە لەدایکبێتەوە و هەستێ و ببێتێ. لە ئاخرین بەیتی کۆپڵەی سێیەمدا ئاخرین وشەکان سەبارەت بە "ئەو کەسە" دەگوترێ و لە "خود" دوور دەکرێت و ئیتر باسی ناکرێ:

ئەو کەسە جێگای لە مەیخانێ نییە
ئەو کەسە بادە و شەرابی بۆ چییە؟! (ل. ١٥)

و لە کۆپڵەی چوارەم ڕا فیگوری "ئەو کەسە" کە لەگەڵ "خود" هەڵدەسێنگێندرا ون دەبێ و ئینجا شاعیر ڕاستەوخۆ باسی بوونی خۆی و ڕەنجەکانی خۆیمان بۆ دەکا:

ساقیا، وا وەرگەڕێ، وا وەرگەڕێ!
ڕوو لە لای من کە، مەچۆ بۆسەر پەڕێ...
/.../

مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە- ماڵ
بۆ منی سەرگەشتە و ڕووت و ڕەجاڵ
/.../
لێوبەباری، دەردەداری، ڕەنجەڕۆ
شاعیری جوانیپەرستی دڵ بەسۆ... (ل. ١٥-١٦)

خزم و کەس، خوشک و برا، یاران، یار و خۆشەویست، لەنێو دەقی ناڵەی جودایی دا لە سیستەمی زماندا جێگای خۆیان دەکەنەوە و ناودەبردرێن بەڵام لە هیچ شوێنێکی ئەو شیعرە باڵابڵندەدا ناو یان وشەی "دایک" نایەت. بۆ؟ بە بڕوای من "خودێکی نارسیستییانە" "دایک" وەپشتگوێدەخا و سیستەمی زمان جێگای ئەو دەگرێتەوە چونکە کەمایەسی گەرمای دایک هێندە قووڵە کە "خود" بۆ ئەوە کە بەسەر ئەو ترس و کەسەرەدا زاڵ بێ، بە بەکارهێنانی زمان و وشە دەخوازێ ئەو بۆشاییە پڕکاتەوە:

دێم ببینم نیشتمان و زێدەکەم
دێم ببینم خزم و کاک و دێدەکەم
دێم و دەگرم بازی بێری شۆخ و شەنگ
دێم و دەگرم دەستی دۆی جوان و چەلەنگ
دێم گراویی خۆم لە باوەش وەرگرم
دێم نەهێڵم بەرهەڵست و بەرگرم (ل. ٢٣- ٢٤)

لە شیعری ناڵەی جودایی دا ڕیتمێکی وەها دایکانە هەیە کە نابێ خۆمانی لێ گێژ کەین و لە دەستمان دەرچێ. ئەوە لە ئاخری شیعرەکەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ. لە هەوەڵدا ئەو ڕیتمە دایکانەیە لە دیالۆگ لەگەڵ ساقی، یادکردنی خەمڕەوێن و دەستەکانی بازی شۆخوشەنگ و یان ناوبردنی فیگورە ژنەکانی میتۆلۆژی کوردی وەک خانزاد و و خەزاڵ و شەم خۆ نیشان دەدا. بەڵام سەرئەنجام ئەو ڕیتمە زمان داگیردەکا و ڕیتمی کۆپلەی نۆیەم وەها بنەڕەتی دەگۆڕدرێ کە مارشی "خود" بەرەو سەرچاوە واتە وڵات/ دایک دەبیسین کە بە شاخ و داخدا سەردەکەوێ و دەشت و دۆڵ دەپێوێ. شادیی خەیاڵی گەیشتن بە وڵات و دایک/ کۆرا لەدوای سەفەرێکی ئەوها درێژ و پڕ لە خەم، هەموو بوونی "خود"، چ فیزیکی و چ ڕۆحی پڕدەکا. "خود" بۆ گەیشتن بە کۆرا بەپەلەیە. کۆرا وڵاتە و وڵات کۆرا. گەرمای دایکانە کە تا ئێستا شاراوە بوو ڕیتم و ئاهەنگێکی تر لە بەیتەکانی کۆتاییدا دەخوڵقێنێ. شاعیر بە ڕاکردن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە تێیدا لێی لەدایکبووە واتە کۆرا/ وڵات کە لەوێندەرێ نە سابجێکت هەیە و نە ئابجێکت. ئەوە کات و زەمانێکە کە تەنیا شتێک هەیە: منداڵێک لەنێو پیلەی بێگوناهی خۆیدا واتە لەنێو کۆرادا. ئینسان هەمیشە لەو شوێنە دەگەڕێ کە جارێک لە جاران خۆی لێ ڕزگار کردووە و "خود" لەو ساتە لەو بەختەوەرییە دەگەڕێ کە منداڵ و دایک یەکبوون. هەر ئەو جۆرەکە زەردەشت لە وەهای وت زەردەشتدا دەڵێ "بەختەوەری ژنێکە" (ل. ١٤٩) و یان شاعیر دەفەرمووێ:

"هر کسی کو دور ماند از اصل خویش
باز جوید روزگار وصل خویش. (ل. ٢٢)

## پەراوێز

[١] تیۆری لاکان دەر بارەی سابجێکتێکی ئاڵۆز لەسەر بناخەی ئەوە دامەزراوە کە کاتێک منداڵ (لە دەوروبەری 6 مانگ) وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێ شیفتەی وێنەی خۆی دەبێ. منداڵ خۆی و وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا وەک یەک گشت دەبینێ و کەسایەتییەک لای دروست دەبێ کە لەڕاستیدا لەسەر بناخەی هەستێکی هەڵە دارێژراوە کە وێنەکە وەک حەقیقەتێک دەربارەی خۆی دەبینێ Ebba Witt- Brattström (red), Stabat mater (2002), s. 16.

[٢] "کۆرا" تێرمێکە کە ئەفلاتوون بەو مانایە بەکاریهێناوە کە ژن تەنیا وەک زەرفێکە بۆ تۆوی پیاو. Kvinnovetenskaplig tidskrift 2-3, "Den främmande kvinnan - presentation av Julia Kristeva", s. 49.

[٣] بۆ فرۆید فازی ئۆیدیپوس و بۆ لاکان فازی ئاوێنەیی بناخەی دروستبوونی کەسایەتییە. بەڵام کریستێڤا ئەو دروستبوونە زۆر پێشتر دەبینێ. Stabat mater. s. 16- 18, och 125-126.

[٤] Johan Berger پێیوایە کە ڕوخساری گواستێنەری هونەر هەمیشە فۆرمێکە لە نیایش و زیکر. Aiolos, Nr. 25-26, s. 129.

[٥] ئوولسۆن دەڵێ کە "خود" لە شیعری سۆدێرگران دا پۆزیسیۆنێکی نێوان خوا و ئینسانی هەیە. 246- 249. Läsningar av Intet, s. 5

[٦] لە ئەدەبی کوردیدا دەتوانین ناوی وا ببینین کە پیاوی ئایینی بوون بەڵام بە خاتری ئەشق ڕوویان لە ئیسلام وەرگەڕاندووە. بۆوێنە "شێخی سەنعان" کە لە ئەدەبی فارسیدا ناوی لە منطق‌الطیرعطار ١١١٩- ١١٩٣دا هاتووە. (احمد رنجبر،١٩٨٩) هەروەها فەقێ طیران (١٥٦١-١٦٤١) لە کتێبی "شێخی سەنعان"دا باسی شێخی سەنعان دەکا. مێژووی ئەدەبی کوردی، خەزنەدار، ل. ١٧٤-١٧١. شێخی سەنعان کە پیاوێکی ئاییندار بووە چوارسەد موریدی بوو. شێخ سێ شەو خەون دەبینێ و لە خەوندا ئاشقی کچێک دەبێ کە لە ڕۆم بووە. شێخ شێواو و شەیدا بەڕەو ڕۆم ڕیدەکەوێ. موریدەکانی لەگەڵی دەڕۆن. ئەشقی کچی تەرسا وا لە شێخ دەکا کە ببێتە شوانی بەرازان. موریدەکان شێخ جێدەهێڵن. پاشان دیسان دێنەوە لای شێخ و لەبەر خوا دەپارێنەوە کە شێخ نەجات بدا. سەرئەنجام کچ ئاشقی شێخ دەبێ. هێمن لە شیعری ڕێژنە لە کتێبی ناڵەی جودایی دا(ل. ٩٣) جۆرێکتر باسی ئەشقی خۆی دەکا:

**شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا**
**من خەریکە بۆ کچە شێخێ پەشیمان ببمەوە.**

ماموستا هێمن و عایشە خانم خاڵۆزا و پورزا بوون و عایشە خانم کچە شێخ بووە.

[٧] "مەم و زین" لە سەرەتاوە فۆلکلۆرە و ئەحمەد خانی نووسیویەتییەوە. هێندێک بیرمەند پێیانوایە کە خانی هەوەڵ بەردی بناخەی ناسیۆنالیزمی کوردی داناوە کە چیرۆکی ئاشقانەی "مەم و زین"ی تێکەڵاوی هەستی ناسیۆنالیستی کردووە. سەردەمی نووسینی ئەو چیرۆکە سەردەمی سازبوونی دەوڵەتەکانی ناسیۆنالی ئەوروپی بوو. خانی لە ١٦٥٠ لە شاری بایەزید لە باکووری کوردستان لە ناوچەی بۆتان لەدایکبووە. ئەو شارە مەشهوور بووە کە مزگەوتی زۆری بووە کە "طلبە"ی وەرگرتووە. دواتر خانی بۆ خوێندن لە

بایەزید دەڕوا. خانی ساڵی ١٧٠٧ کۆچی دوایی کردووە. بەرهەمەکانی خانی بریتین لە هەدیقا ئیمانا، نەوبەهاری بچووکانە، مەم و زین و هەروەها هێندێک "غزل". خەزنەدار، ٢٠٠٢، ل. ٣٠٧-٣٠٨.

[٨] ئۆسکار مان (١٩٠٥) ١٩ سرووده و ٦ چیرۆکی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی نووسیوەتەوە. مان پێشەکییەکی بۆ ئەو کتێبە بە ئاڵمانی نووسیوە کە تا ئێستا نەکراوەتە کوردی. "تحفه مظفریه"، ئۆسکار مان، وەرگێڕ هێمن، (١٩٧٥).

[٩] لە شیعری "فرمێسکی ڕنوو"، هێمن ناوی "شیرین"ی مەلا عەبدولڕەحیم ناسراو بە وەفایی بە قەرز وەردەگرێ بەڵام ئیتر هێمن ناخوازێ کە کچانی کورد وەک "شیرین"ی ترادیسۆنی بن بەڵکو هێمن بە ئاواتە کە کچانی کورد فێری زانین بن و جیهانێکی تازە دروست بکەن. دیوانی هێمن، ٢٠٠٣، ل. ٣٨٣-٣٨٦.

[١٠] بەگوێرەی خەزنەدار ساڵی لەدایکبوونی وەلی دێوانە و چۆنێتی ژیانی بە دەقیقی دیار نییە. دەکرێ بڵێین کە دێوانە ساڵێ ١٧٤٥ لە ناوچەی هەڵەبجە لەدایکبووە و تا ڕادەیەک خوێندەواری بووە. بە ناوی جۆراوجۆر ناسراوە وەک میرزا موحەمەد، ڕەزا کوڕی کوێخا حەمە و وەلی. بەهۆی ئەوین بە کچێک لە چینی سەرتر لە خۆی دەچێتە ناو دونیای فەرامۆشی و دینی. هەربۆیە نازناوی "دێوانە"ی پێدەبەخشدرێ. خەزنەدار، ل. ١٠٣-١٠٤.

[١١] کریستێڤا، " ناپاکی" وەک تاکە ئێلێمێنتێک نابینێ بەڵکو توخمێکی تێکەڵاوە کە خۆی لە یەک چوارچێوەیدا ڕاناگرێ. Fasans makt, s. ١٢٣.

## سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ پرۆفیسۆر Ebba Witt- Brattström، لە نووسەرانی بەناوبانگی سوید و لێزان لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بە "ڕوانگەی فێمینستی". بێ یارمەتی ئەو خاتوونە ڕەنگە نەمتوانیبا ئەم کارە بەم شێوەیە ئەنجام بدەم. هەروەها سوپاسی شاعیری بەڕێز ئەنوەر قادر مەحەمەد دەکەم. جێگای باسە کە کاک ئەنوەر دوکتۆرای لەسەر شاعیری کورد مەولەوی لە زانکۆی سان پێتێرسبورگ وەرگرتووە. کاک ئەنوەر کتێبی نالەی جودایی چاپی ساڵی ١٩٧٩ی لەلا بوو کە دای بە من. بەداخەوە ئەو چاپانەی دیکە کە لە ستۆکهۆڵم دەستدەکەوتن پڕ بوون لە هەڵە. سپاسی بەڕێز کاک جەعفەر حوسێنی ناسراو بە" هێدی" دانیشتووی ئاڵمان دەکەم بۆ ئەو زانیاریانەی کە سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی ماموستا هێمن بە ئیمێڵ بۆی ناردم. شایانی باسە کە هێدی لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٨٥ دوستایەتی نزیکی لەگەڵ ماموٚستا هێمن هەبووە. سپاس بۆ ئیدریس ئەحمەدی، ئاشتی بەرهوون و گەلا ڕیانی. سپاسی بێکەرانم بۆ پەری شاکەلی کە سەرەڕای دووگیانی بە دەقی کوردی ئەم نووسراوەدا چۆتەوە.

* پەراوێزەکان (١٠٣ پەراوێز) کە زۆر شیکردنەوەیان تێدایە لەبەر گرفتی فۆنت لێرەدا نەهاتوون و لێرە تەنیا بە کەمی هێندێک ئاماژە بە کتێب و سەرچاوەکان یان تێبینییەکان کراووە.

"دگردیسی" لە نالەجودایی دا، خوێندنەوەیەکی فەلسەفی- فێمینیستی

ستۆکهۆڵم، زانکۆی Södertörns högskola

نووسەر: شەهلا دەباغی

ماموٚستا: پرۆفیسۆر ئێبا ویت براتستروٚم

دگردیسی" لە ناڵەجودایی دا، خوێندنەوەیەکی فەلسەفی- فێمینیستی

[بەشی دووەم و کۆتایی]

نیچە ساڵی ١٨٨٢ دەنووسێ: ئەوە پێویستییەکە؛ کاتێک ئینسان لە خۆی ڕازی دەبێت - بە شێوەیەک لە شێوەکان، لە ڕێگەی نووسینەوە بێت یان هونەر - ئینجا لەڕاستیدا ئینسان تەحەمول دەکرێت!"

ناڵەی جودایی بەو ڕووکردنی شاعیر لە ساقی دەستپێدەکا و شاعیر دەخوازێ سەرنجی ساقی بۆلای خۆی ڕاکێشێ و ڕەوایەتی ئەوەی بۆ بکا کە چۆن جیاوازی لە نێوان ژیانی تاکەکاندا هەیە:

ساقییا وا بادەوە، وا بادەوە
ڕوو لەلای من کە بە جامی بادەوە
موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن
زۆربەیان شاد و بەکەیف و بێخەمن (ل. ١٢)

شاعیر باسی ئەزموونەکانی "خود" دەکا کە ئاسەواری قووڵیان لەسەر ڕۆحی داناوە. ئۆتۆریتەی زمان لە هەوەڵەوە بەرچاوە و لە هەوەڵ بەیتەوە کە شاعیر بە ساقی دەڵێ "وا بادەوە" سابجێکت دروست دەبێ و شاعیر خۆی وەک کەسێکی تایبەت دەنرخێنێ: "موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن". شاعیر/ موشتەرییەکی بێوێنە، هەست بە ڕەزایەتییەکی نارسیستی دەکا کە خۆی لە سەرووی ئەوانی تر کە دێنە مەیخانە دابنێ و یاسا لەدەست بگرێ. شاعیر وەک سابجێکتێکی تایبەت ئەوی تر/ "ئەو کەسە" تاریف دەکا و تایبەتمەندی/ سفەتەکانی دەبژێرێ: شاد، بێخەم، ڕازی و بەکەیف. شاعیر لە پلەی بارودۆخی ڕۆحی ئەوی تر کەم دەکا تا ڕادەی بەرزی ڕەنجی خۆی نیشان بدا. "ئەو کەسە" ئەگەر خەمێکی هەبێ لە خەمەکانی شاعیر ناچێ و مەیی لێ حەرامە. مەی تەنیا بۆ کەسێکە کە:

ئەو شەڕابە ئاڵە بۆ بۆ بێدەرد نییە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نییە (ل. ١٢)

بۆ شاعیر چۆتە مەیخانە؟ ئایا ئەو کاتە کە شیعرەکە دەنووسرێ شاعیر لە مەیخانەیە؟ چ هاندەرێک (انگیزە)یەک شاعیر هان دەدا تا ڕوو لە وێندەرێ بکا؟
ئێمە دەزانین کە مەیخانە هەمیشە وەک شوێنێک بۆ مەستی و دۆزینەوەی ڕاستی سەیرکراوە. بۆ ئەوە کە ئینسان "خود"ی خۆی بدۆزێتەوە پێویستی بە پەناگایەک هەیە کە مەست بیر لە مانای ژیان بکاتەوە و ئینسان لە بوونەوەرێکی ئاسایی ڕۆژانە ببێتە ڕۆحێکی توێژەر کە بەدوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێ. لێرە شاعیر شوێن و فیگورێک لە تێکستدا دروستدەکا. واتە مەیخانە و ساقی بۆ ئەوە کە لەڕێگەی زمان و وشە ئاڵوگۆڕ بەسەر "خودی شکاو"ی خۆیدا بێنێ چونکە شاعیر باوەڕی بە ئێستێتیک، جوانی و هێزی شیعر بۆ ساڕێژکردن هەیە. شاعیر داوا لە ساقی دەکا کە ئەو ئەرکە بەئەنجام بگەیەنێ کە چارەنووس بۆی دیاریکردووە، واتە هەڵگری

حەقیقەت بێ. حەقیقەت و جوانی لە یەک توخمن. بە ڕای کارین فرانزێن جوانی لە کەناری حەقیقەتدا نییە بەڵکو لەگەڵ حەقیقەت تێکەڵاوە و ئەو دووە یەک شتن. لە ئانتیکەوە تا ئێستا فۆرمەکانی "جوانی" جۆراوجۆر بوون، سا لە کوڕێک چووە، سا لە ژنێکی جوان، سا لە فیگورێکی مردوو و یان ویستێک. جوانی لە خۆشەویستی و خولقاندندا بە ئێمە دەگا. کارین فرانزێن پێیوایە کە هونەر بەرامبەرە لەگەڵ ئەشق.

هەروەها ئینگمار هاگ پێیوایە کە جوانی سەروکاری لەگەڵ شتە تراژیدییەکان و ئاشقبوون هەیە. ڕۆڵی جوانی لە زمانی ڕۆژانەدا بە ئیدەیالکردن و "خواست عالی/ ویستێکی باڵا" دەبەسترێتەوە. هەموو ساتەکانی بێداری و خەون لە دیالکتیکدا دژ بە خۆیانن واتە "خود" لە پرۆسەیەکی فەرسوودگی/ سوان و وێرانیدا خۆی دەبینێتەوە.

لە کۆپلەی هەوەڵەوە تا کۆپلەی هەشتەم "نفی خود" لە ڕیتۆریکی شیعرەکەدا حاکمە. "خود" کە وەک "ئەوی تر" نییە و دڵێکی خەمباری هەیە بە شێوەیەکی وێرانگەر داوای شەراب دەکا بۆ ئەوەی بچێتە ناو دونیای خەون. بە پێی مارتین هایدگر دەکرێ کە لایەنی جیاوازی خود وەک "ئا بەرامبەری ئا" ببینین واتە "خود" بەرامبەرە لەگەڵ "خود". خودێک کە لە هەوەڵەوە یەک بووە و خۆی دابەش کردووە. کەسایەتی و "بوون" تێکەڵاون واتە هەموو بیر، هەست و بوون لێکگرێدراوە. "ئا بەرامبەری ئا" هاوکات هەم جیاوازی و هەم لێکچوون لە خۆیدا هەڵدەگرێ، واتە سابجێکت کە خۆی دەکاتە ئابجێکت لەڕاستیدا عەینی یەکن.

ناڵەی جودایی ڕیتمێکی وەها ئێگۆیستی/ خۆخوازانەی تێدایە کە سابجێکت، کە هەڵگری جیاوازی و لێکچوونە، دەبێتە هۆی ئەوە کە پارادۆکس/ ناتەبایی بێنێتە ئاراوە. شاعیر بێئەوە کە لە قەزاوەتەکانی خوێنەر بترسێ دەستدەکا بە سەرزەنشتکردنی ساقی بەڵام زۆر زوو لە بیری دەچێتەوە کە ساقی تاوانبار کردووە بە سەردانەواندن لە بەرامبەر زێڕ و زیو و دەوڵەمەندان و خۆی وەک هونەروەر ناساندووە. ئەو ناتەباییە کە "خود" خۆی و ساقی نەفی دەکا و هاوکات بەدوای مطلق/ ڕەهابوون دا دەگەڕێ دەبێتە هۆی پرۆسەیەک کە "خواست"ی شاعیر بەدوای یەکگرتنەوە لەگەڵ خود و سەرچاوەدا بگەڕێ. خود کە بوونەوەرێکە فانی لە جاودانگی/ نەمریی دەگەڕێ. ناتەبایی دەتوانێ چۆنێتی بەرهەمهێنانی وشە نیشان بدا. بە بۆچوونی کیرگەگارد، فەیلەسوف، ناتەبایی و ڕەنج خزمی یەکن:

ئینسان نابێ ناتەبایی بە شتێکی خەراپ دابنێ. ناتەبایی ڕەنجی بیرە و بیرمەندێکی بێ ناتەبایی وەک ئاشقێکە بەبێ ڕەنج. (ئوولسۆن، ل. ٨٠.)

ناتەبایی لە ناڵە جوداییدا لەوەدا خۆی نیشاندەدا کە سابجێکت هەم ڕەنجدەبا و دەناڵێنێ و هەم ئاشقی ڕەنجی خۆیەتی کە لەڕاستیدا ئەو ڕەنجە ئابجێکتە کە لێی دوورە واتە وەڵات و خەڵکێک کە شاعیر مەجبوور بووە جێیانبهێڵێ. خود وەک 'سابجێکتێکی مێژوویی' دەست لە گەڕان بەدوای "مطلقیت" هەڵناگرێ. لەو پرۆسەیەدایە کە ئینسان دروست دەبێ. ئینسان سەنتێزێکە لە "جاودانگی" و "فەنا". بەم جۆرە ناڵەی جودایی خۆ لە زەمان دەردەکا و شاعیر دەبێتە 'سابجێکتێکی مێژوویی'؛ بەرهەمێکی تێکهەڵچنراو لە ئێستێتیک و ئێتیک، پێکهاتەیەکی هونەری لە ئینسان و 'خواست' ی ئەو.

چەند مۆتیڤێک وەک پێوەندیی نێوان جیهانی زاڵمی دەرەوە و شاعیر کە لەو جیهانەدا دەژی، ڕەنجی شاعیر و تەنیایی ئەو بەهۆی مەنفاوە، پێگەی جوانی بۆ هونەر و نووسین کە ئینسان ڕەها دەکا، شیعرەکە بەرەوپێش دەبەن. لە دیالۆگی نێوان شاعیر و ساقیدا

شاعیر باس لە ڕەنجەکانی خۆی و خەڵکی کورد دەکا. هاوکات کە "خود" دەچێتە ناو هیپنۆسێک دروستبوونی "خود"ێکی تر سەرهەڵدەدا. ئەو پرۆسەیە بەو مانایەیە کە "من مەستم کەوایە من هەم". "خود" کە لە خەلسە و ڕۆئیادایە بەرەوڕووی خود و جیهانی دەرەوە دەبێتەوە. خودێکی ترانسسێندنت/ گواستێنەر ئەوە هەڵدەبژێرێ کە هەوەڵ بڕواتە ناو خەلسە و دواتر بە هۆشیاری و خرد/ هزروە هەستێتەوە. لەو "گواستنەوە/ انتقال"ەدا شاعیر باسی ئەو خەیانەتانە دەکا کە هونەری لەگەڵ دەسەلات و زێڕ گۆڕیوەتەوە و ناڕاستەوخۆ داوا لە ساقی دەکا کە وەک ئەو

کەسانە نەبێ کە هونەر بە زێڕ دەگۆڕنەوە:
تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر؟
کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر؟
زێڕ بەڵایە، بێوەفایە دەوڵەمەند
هەر هونەر نەمرە، هونەروەر مەرد و ڕەند
قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵپەرست!
جوانپەرستە پیری خاوەن زەوق و هەست (ل. ١٧)

ماڵپەرست و نەزان ئەو تایبەتمەندیەی نییە کە قەدری "حەقیقەت" بگرێ. تەنیا هونەرمەند، "خردمەند"ێکی ڕەنجەڕۆ، نرخی بوونی جوانی دەزانێ. کەوایە بوون و جوانی کە لە ساقیدا هەن نابێ خەیانەتیان پێبکرێ. شاعیر ساقی ئاگاداری خەتەرەکان دەکاتەوە:

نا مەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ!
تۆ فریوی زێڕ و زیوی وان مەخۆ! (ل. ١٧)

خرد/ هزر، ئەزموونی ژیان و ئەو ڕەنجەی کە شاعیر چێشتوویەتی شوێنێکی تایبەتی بە شاعیر دەدا واتە پۆزێسیۆنێکی هەڵبژێردارو. ڕەنج و هزر سەروەتی شاعیرن کە لەنێو زماندا خۆدەنوێنن. جوانی کە لەخۆیدا هەڵگری حەقیقەتە نابێ لەگەڵ زێڕ و زیو بگۆڕدرێتەوە. هونەر و جوانی لە هەوەڵەوە هەن و هونەرمەند بوون و حەقیقەت لە زمانی هونەریدا شکڵ دەدا. زمان تەنیا وشە، ڕستە و دەربڕین نییە کە پەیامێک دەگەیێنێ بەڵکو زمان ناو دەداتە "بوون" واتە بوون بە ناولێنان مانا پەیدا دەکا. شاعیر دەچێتە ناو دونیای سیمبۆلیک/ زمان چونکە هەموو شتێکی لە دونیای واقیعیدا لەدەستداوە و بەختەوەری بۆ شاعیر کاتێکە کە بەرهەمێک دەخوڵقێ و ئەزموونەکانی ژیان دەکرێنە نیشانە. شیعر زمانە و زمان پێشفەرزێکی شیعرە. شیعر و هونەر "بوون" ئاشکرا دەکەن. ئەوە بەرئەنجامی هاوکاری هونەرمەند و هونەرە. کاتێک حەقیقەت لە بەرهەمدا خۆ نیشاندەدا هونەرمەند بوونێکی مێژوویی نیشان دەدا. شاعیر "هستی" و بوونی مێژووی گەلێک دەنووسێتەوە و چونکە هونەر لە خۆیدا لە هەوەڵەوە هەیە هونەر و هونەروەر بوونێکی مێژوویی پیدا دەکەن.

لە کۆپلەی یەکەم تا کۆپلەی هەشتەم ڕەنج و خەمێک کە دەردەبڕدرێت قەوارەی زۆر لە ڕەنجێکی ئاسایی ڕۆژانە گەورەترە و "خود" سەرشار دەکا. ئەو "خود"ە کێیە؟

"خود" دەتوانێ دوو گروپ بگرێتە خۆی: تاکەکەس کە خەبات دەکا و دەکەوێتە مەنفا و کۆلێکتیڤ/ کۆ، کە ڕەنجێکی مێژوویی دیوە و شاعیر بۆتە دەنگی ئەو کۆیە و باسی ماڵوێرانی ئەو دەکا. ئەو خەمە خەمێکی ئاسایی نییە بەڵکو خەمێکی "مێژوویی/ مەزن"ە کە مێژووی گەلێک و ئازارەکانی هەڵگرتووە:

ئەو کەسەی نەیهاڕی بەرداشی زەمان
ئەو کەسەی "زیرەی نەگەییە ئاسمان"[١]، (ل. ١٣)

ئەو ئازار و دەردە هاوکات بە شێوەیەکی ناتەبایانە "خود" دەوڵەمەند دەکا. ئەو ڕۆحە کە لە بن بەرداشی زەماندا هاڕاوە دەخوازێ مەست بێ تا بگاتە کامڵبوون. شاعیر فازێکی پڕ لە ناتەبایی تێدەپەڕێنێ. لەڕاستیدا لایەنی لاواز و بەهێزی "خود" هەر یەکن و لە جموجووڵی ڕەوان و هەستەکانی شاعیردا تێکەڵاوی و دژایەتی "خود"ی شاعیر لە یەک سەرچاوەن. لە هەوەڵ ساتەوە سەرەڕای ئەوە کە "خود" خۆی پڕشوبڵاو دەبینێ بەدوای خۆدۆزینەوەدایە. "خود" دەبێ هەوەڵ خۆی لە خۆی جیاکاتەوە و دواتر لەگەڵ خۆی یەکبگرێتەوە. سابجێکت/ "خود" لە پرۆسەی ڕەهاییدا هاوتوخمە لەگەڵ ئابجێکت/ "خود":

ڕێگە دەبڕم، کوانێ هەنگاوم شلە
ڕاستە بێهێزم، دەکەم ئەمما ملە (ل. ٢٢)

"خود" سەرمەست دەبێ تا ئەو فورسەتە بداتە خۆی کە خۆ پاک بکاتەوە و لەگەڵ خۆی و سەرچاوە یەکبگرێتەوە. هاوکات کە "خود" خۆی نەفی دەکا "خودی لەدەستچوو" بەهێز دەبێ. "خودی لەدەستچوو" دەخوازێ کە بەسەر هەلومەرجەکەدا زاڵ بێ تا "خود"ێکی تازە لەدایکبێ. بەم شێوەیە شیعرەکە دەبێتە پۆرترێتێک/ وێنەیەک لە خۆتاقیکردنەوەی "خود" کە خۆی دەکاتە ئابجێکتێک بە دوو باڵی لەیەک جیاواز بەڵام هاوکات لێکچوو لە پرۆسەی "دگردیسی"دا. لەو پرۆسەیەدا "خود" لە شەڕ و دژایەتی لەگەڵ خۆیەتی و بەردەوام دەخوازێ کە بەسەر خۆیدا زاڵ بێ و بگاتە ئارامی لەگەڵ خۆیدا. ئەو پرۆسەیە بەرئەنجامی هێز و بێهێزی "خود"ی حوکمفەرمایە کە 'خواست'ێک بە ئەنجام بگەیێنێ.

"زاڵبوون بەسەر خود" دەبێتە هۆی ئەوە کە ئینسان بە "تعالی" بگا. لەڕێگەی مەستییەوە "خود" خۆی دەخاتە ژێر دەسەڵات و دەبێتە پردێک بۆ "انتقال" بۆ ئەوە کە لە درامای ناخدا ئەو هێزە پەیدا بکا کە "خودی لەدەستچووو شکاو" بکاتە ئینسانێکی نوێ واتە ئینسانی والا/ ابرانسان و خەم ببێتە شادی. "جودایی" دەبێتە هۆی ئەوە کە شاعیر ئەو بۆشاییە کە بەهۆی مەنفاوە پێکهاتووە بە وشە پڕکاتەوە واتە شێواوی دەبێتە جێگایەک بۆ نەزم. سەرئەنجام دێوی آشفتگی/ شێواوی لەو شەڕەدا دەبەزێ و خود دوبارە لەدایکدەبێ و سەردەکەوێ:

دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەراب
ماچی شیرین نایەڵێ تامی شەراب
دێم و ناترسم لە پەرژینی بەزی

هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی (ل. ٢٤)

تەنیایی شاعیر، خەون و خواستی دەبێتە هۆی ئەوە کە "خود" ببێتە کانالێک کە پاپۆڕی وشەکان لەوێندەرێ تێپەڕین. هەلومەرجی سەخت و بێدەرەتانی شاعیر کە ئەوی بێهێز کردووە دەبێتە هۆی ئەوە کە "خود" دەست بە نووسین بکا و بخوڵقێنێ. دووریی شاعیر لە ئازیزان و یاران دەبێتە هەوێنی شیعر و وشە دەبێتە هۆی نەجاتدانی "خودی لەدەستچوو". هەموو ئەزموونەکان دەبنە ڕەوایەتێکی تر لە ژیان. ڕابردوو وەک بەشێک لە ئێستا کە شاعیر خەریکە تێیدا دەنووسێ دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ خوڵقاندن. بەم جۆرە شاعیر بەسەر خەمۆکی خۆیدا زاڵ دەبێ. دەقی تازە کە بناخەکەی لەسەر ڕابردوو داڕێژراوە بۆ ئەوە نییە کە دوبارە ڕابردوو تەجرەبە بکرێتەوە بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بەسەریدا زاڵ بێ و لە شەڕێکی نەهاییدا "خود" بکاتە باڵادەست:

گەر دەناڵێنم، ئەمن پەککەوتە نیم
تێدەکۆشم بۆ وەسڵ تاکو دەژیم
کۆششی من زۆر بەجێ و زۆر ڕەوا
چونکە قانوونی تەبیعەت وایە وا (ل. ٢٢)

ناڵەی جودایی لەسەر ترادیسیۆنێکی/ چاندی دیۆنیسۆسی دانراوە واتە لە شێواویدا (لێرەدا مەستی) حەقیقەت دەدۆزینەوە. لە جیهانی دیۆنیسۆسیدا دوو "قطب"/ جەمسەر هەن: ئاپۆلۆ و دیۆنیسۆس. ئەو دووە کە یەکێکیان نوێنەری شێواوییە و ئەوی تر نوێنەری نەزم، دژی یەک و هاوکات تەواوکەری یەکترن. ئەو دووە لە دەقێکی شاعیرانەدا دژ بەیەک بەڵام هاوکارن و پارالێل/ هاوتا/ هاوتەریب کاردەکەن. هاوکاری ئەو دوانە وەک منداڵدرووستکردنە کە پێویستی بە هەردووک تۆخم/ جنس هەیە. سابجێکت لە کێبەرکێکی جوانانسی لە نێوان ئەو دووە دروستدەبێ واتە ژیان و خەم بەشێکن لە یەک.

لە زۆربەی زۆری شیعرەکانی هێمندا "خود" لە بۆشایی، تەنیایی و وێرانیڕا دەگاتە یەکگرتن و گشت. "نقطە عطف"ێک و خاڵێکی وەرچەرخان لەلای 'خواست' دەبێتە هۆی ئەوە کە خاڵی جودایی ببێتە هۆی خوڵقاندن. شاعیر وەک ئینسانێکی دیۆنیسی و مەست ڕوویەکانی جیاوازی ژیانی دیوە، هەم دەنگی ژیان و هەم مەترسییەکانی. هێزی ڕەهاکەری هونەر ناتەواوییەکان تەواو دەکا و دەبێتە دەنگێک بۆ 'خواست' کاتێک کە "خود" دەخوازێ خۆی لە ڕەنج و دەرد ڕەها بکا. خواستێک تەنیایی و خەم ڕێبەری دەکا بۆ ئەوە کە "خود" لەگەڵ وەڵاتی دایک، هەر نەبێ لە شیعر و خەیاڵدا، یەکبگرێتەوە. "خود" لە شەڕ لەگەڵ خۆی بەردەوام دەبێ تا کە لە کۆپلەی ئاخری شیعرەکەدا ئینسانێک ئامادەی فڕینە کە مەرگ بە گاڵتە دەگرێ واتە لە پرۆسەی ڕەنجدا "والائینسان" دروست دەبێ.

ئینسان، بە وتەی نیچە، ئاڵقەیەکە لە نێوان حەیوان و والائینسان. ئینسان شتێکە کە دەبێ بەسەریدا زاڵ بی. ئینسان هاوکات هەم هۆی فەنا و هەم جادەی پێشکەوتنی خۆیەتی. "خودی والائینسان"، وەک دەنگێکی خوڵقێنەر و بەزێنەری سنوورەکان لە پرۆسەیەکدا درووست دەبێ. "خود" هەوەڵ دەچێتە دەرەوەی خۆی و دواتر دەگەڕێتەوە لای خۆی. ئینجا لە دەوری خۆی سووڕدەخوا تا خۆی دوبارە وەدەستبێنێتەوە. سەرئەنجام دەگەڕێتەوە نێو و لای خۆی. لەو پرۆسەیەدا "خود" "دگردیسی" پەیدادەکا. "خود" بە بارێکی گران واتە 'خواست'ێک ئێزندەدا کە شێتی بگەشێتەوە تا بگاتە "خرد" و لوتکە بەرزەکان. "خود" کە لەگەڵ خۆی لەشەڕدایە دەبێ بەسەر ئازادی

خۆیدا زاڵ بێ و ببێته "منداڵ". بۆ منداڵ؟ چونکە منداڵ بێگوناحە و منداڵ دەتوانێ ئیزن بدا کە خوا تێیدا وەسەماکەوێ و "خود" بفڕێ.

پرۆسەی ڕەنج دەبێتە هۆی "دگردیسی خود" واتە گەشەکرنی "خود" لە "هیچ"ەوە بۆ "هەموو شتێک". منداڵ/ خودی شاعیر، ئێستا دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ پاکی خۆی و بە ژیان "بەڵێ بڵێ". لێرە ئیتر مەرگ وەک خەتەرێک بۆ ژیان نابیندرێ بەڵکو ڕوویەکی تری ژیانە. ئینسان لە "هیچ"ەوە دێت و ساتێک دەژی و دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ "هیچ". ژیان دیاردەیەکی شوێنی- ساتی سنووردارە کە دەگەڕێتەوە بۆ "هیچ". ئینسان نابێ لە مەرگ بترسێ و گرینگ ئەوەیە کە لە ژیاندا ئەو جۆرە کە زەردەشتی نیچە دەڵێ: "ئەی ڕۆح وەها مەست گۆرانی بڵێ کە تەواوی دەریاکان بێدەنگ گوێ بگرنە دڵتەنگی و مەیلت."

ئێستا ڕۆحێکی پڕ لە دڵتەنگی و ویست واتە ڕۆحی شاعیر گۆرانی خۆی چڕیوە. شاعیر هەم "خود"ی خۆی و هەم بەرهەمی خۆی ڕەها کردووە. نووکە دوای سەفەرێکی پڕ ڕەنج، بیر، ڕەاون و جەستە لە فازێکی ئاسودە و ئاشتیدایە. خودێکی والا بەسەر "خودی شکاو"دا زاڵبووە و کردوویەتی بە "ابرانسان".

ئینسانێکی بە ڕەواڵەت بچووک بەرەو مەرگ دەڕوا کەچی سەرئەنجامێکی مەزن و شاهانە لە بەرامبەر بیرێکی ئاسایی ڕۆژانە سەبارەت بە "مەرگ"دا ڕادەوەستێ و ترس لە مەرگ دەشکێنێ. "خود" لەگەل "هستی" و سەرچاوەی خۆی یەکدەگرێتەوە واتە دەبێتە یەک لەگەڵ کۆراو "هیچ". ئێستا دەقێکی هونەری/ شیعرێک خوڵقاوە.

بۆ گەلێکی زۆڵملێکراو شاعیر بەشێک لە نەست و بوونی خۆی دەداتە خوێنەر. هەنووکە، دوای سەفەرێکی دوورودرێژ، "خود"ی شاعیر سەرکەوتوانە دەگەڕێتەوە ناو خاک و بۆلای دایک و ئامادە و توانایی ئەوەی هەیە کە "ئازاد بۆ مەرگ و ئازاد لە مەرگ" بێ. "خود" دوای ژیانێکی پڕ لە خەبات، چ دژ بە خۆی و چ دژ بە "دەسەڵات"، دەبێتە والائینسان/ ابرانسان کە مەرگ دژ بە ژیان نابینێ بەڵکو وەک بەشیک لە ژیان چاوی لێدەکا:

دێم هەتا هەمبێ بڕست و بیر و هۆش
گەر گلاشم، کوردەواری و ئێوە خۆش! (ل. ٢٤)

---


سەرچاوە و کتێب:

1.Auerbach, Erich, Mimesis. Bonnierpocket, Viborg 1999

Dashti, Osman, Hemin, derbarey nawerokî siyasî û komelayetî shêerekanî. Tîshk Tryckeri, 2.Solimaniye 2003

.Dewane, Weli, Diktsamling, utgivare Razi. Babil tryckeri, Bagdad 1979

3.Franzén, Carin, Att översätta känslan, en studie i Julia Kristevas psykoanalytiska poetik. .Brutus Östlings Bokförlag Symposion, Stockholm / Stehag 1995

4.Fredriksson, Gunnar, Schopenhauer. Albert Bonniers Förlag, Viborg 1997
5.Hasanpoor, Jafar, Kurdish standard dialect, avhandling. Uppsalas universitet 2000
6.Heidegger, Martin, Identitet och differens. Bokförlaget Thales, Stockholm 1996
7.Heidegger, Martin, Konstverkets ursprung. Bokförlaget Daidalos, Uddevalla 2001
8.Hemn, Chepke gol chepke Nergiz. Gelawej Förlag, Suleimaniye 1997
9.Hemn, Diwani Hemn, utgivare Suleiman Chireh. Kitab–i Arzan Förlag, Stockholm 2003
10.Hemn, Naley Jodai. Bagdad 1979
Kleberg, Lars (red), Med andra ord, Texter om litterär översättning. Natur och Kultur, 11.Smedjebacken 1998
12.Kristeva, Julia, Fasans makt, en essä om abjektionen. Översättning av Agneta Rehal och .Anna Forssberg. Bokförlaget Daidalos, Uddevalla 1992
Kristeva, Julia, Stabat Mater, i urval av Ebba Witt-Brattström. Nok pocket, Natur och Kultur, 13.Danmark 2002
14.Mann, Oskar, Tohfai Mozafariye. Översättning och editor Mohemad Amin Shexolislami, .Hemn. Saidiyan Förlag, Mehabad 1985
15.Moi, Toril, Simone de Beauvoir, Hur man skapar en kvinnlig intellektuell. Brutus Östlings .Bokförlag Symposion, Stockholm/Stehag 1996
Nietzsche, Friedrich, Den glada vetenskapen. Svensk översättning av Carl-Henning Wijkmark, 16.Göteborg 1987
Nietzsche, Friedrich, Samlade skrifter, Tragedins födelse, Band I. Symposion, Stockholm 17.2000
18.Nietzsche, Friedrich, Så talade Zarathustra. Albert Bonniers Förlag, Viborg 1999
19.Nordin, Svante, Filosofins historia, Det västerländska förnuftets äventyr från Thales till .postmodernismen. Studentlitteratur, Lund 1995
20.Olsson, Anders, Den okända texten, en essä om tolkningsteori från kyrkofäderna till .Derrida. Kristianstads Boktryckeri AB, Kristianstad 1987
21.Olsson, Anders, Läsningar av Intet. Albert Bonniers Förlag, Norge 2000
22.Pourjewadi, Nasrolah, Mathnavi diktsamling. Amir kabir Förlaget, Tehran 1984
23.Qeredaxi, Mohamad Ali, Wefais diktsamling. Kurdisk institutions Förlag, Bagdad 1978
24.Renjbar, Ahmad, Manteqolteire Attar. Asatir förlag, Tehran 1989
25.Schopenhauer, Världen som vilja och föreställning, Översättning och inledning av EFR .Sköld. Bokförlaget Nya Doxa 1992
26.Schopenhauer, Världsreflexer, ett schopenhauer- brevier, i utdrag och översättning av C: .V: E: Carly. Björk & Börjesson, Stockholm 1921
Xaznedar, Marf, Mejooy edebi kurdi (Den kurdiska litteraturens historia) Band 1. Skolverkets 27.Förlag, Hewler 2001
Xaznedar, Marf, Mejooy edebi kurdi (Den kurdiska litteraturens historia) Band 2. Skolverkets 28.Förlag, Hewler 2002
Xaznedar, Marf, Mejooy edebi kurdi (Den kurdiska litteraturens historia) Band 3. Skolverkets 29.Förlag, Hewler 2003

Tidskrifter

1.Aiolos, Tidskrift för litteratur, teori och estetik. Nr. 2, 1996
2.Aiolos, Tidskrift för litteratur, teori och estetik. Nr. 25-26, 2005
Doften av mitt lands moln, kurdisk poesi i urval. Kulturföreningen Sverige- Kurdistan. APEC
3.Förlag 1991
4.Kvinnovetenskaplig tidskrift. Nr. 2-3, 1984
5.Kungl. Humanistiska Vetenskaps- Samfundet i Uppsala. Jan- Olof Tjäder (red). Årsbok 1993
Referens
Agell, Fredrik, Frågan efter livets mening, om kunskap och konst i Nietzsches tänkande.
1.Symposion, Stockholm 2002
2.Eliot, T. S. Om poesi. Bonniers, Stockholm 1958 .
3.Engdahl, Horace, Den romantiska texten. Albert Bonniers Förlag, Viborg 1995 .
4.Lind, Lisa, Sören Kierkegaard själv, psykoanalytiska läsningar. Carlsson Bokförlag 2000
5.Nylander, Lars (red), Litteratur och psykoanalys, en antologi om modern psykoanalytisk
.litteraturtolkning. Norstedt, Stockholm 1986
CD: skiva
Hamid Hamidi, Armeni. Sna 2004

سەرچاوە: ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە / ڕێکەوتی: ١٩ی ئەپریلی ٢٠٠٦



# نامەیەکی مامۆستا هێمن

**برای خۆشەویست کاک عەزیز***

**لەمێژە نامە پڕ سۆزەکەت و دیارییە جوانەکەتم پێ گەیشتووە، بەڵام بە داخەوە نەمتوانیوە جوابت بۆ بنووسمەوە. ئێستا لە کۆبوونەوەدامامۆستا دکتور ناجی عەبباس نامە تازەکەتی پێ نیشان دام. ویستم بەو کورتە نامە جوابت بدەمەوە. کاکی خۆم بە سەری تۆ من جوابی بەرەو موکریانی هەژارم نەداوەتەوە تا بۆت بنێرم. بیستوومە شاعیرێک جوابی داوەتەوە و بە ناوی منەوە بڵاوی کردۆتەوە، خۆم نوسخەم نەدیوە. بزانە ناتوانی پەیدا{ی} بکەی و بۆم بنێری.****


برای خۆشەویست کاک عەزیز
لەمێژە نامە پڕ سۆزەکەت و دیاریە جوانەکەتم پێ گەیشتووە، بەڵام بە داخەوە نەمتوانیوە جوابت بۆ بنووسمەوە. ئێستا لە کۆبوونەوەدا ... دکتور ناجی عەبباس نامە تازەکەتی پێ نیشان دام. ویستم بەو کورتە نامە جوابت بدەمەوە. کاکی خۆم بە سەری تۆ من جوابی بەرەو موکریانی هەژارم نەداوەتەوە تا بۆتی بنێرم. بیستومە شاعیرێک جوابی داوەتەوە و بە ناوی منەوە بڵاوی کردۆتەوە، خۆم نوسخەم نەدیوە. بزانە ناتوانی پەیدای بکەی و بۆم بنێری.
برات هێمن
1975/12/25

**برات هێمن**
**ئیمزا ۲۵ぼ|?**

*** بەڕێز دوکتور عەزیز فەیزنەژاد، دانیشتووی وڵاتی ئالمان.**
**** بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەست، ئەو نووسراوەیەی خوارەوە بخوێنەوە:**

**نۆبەمە بتدەمە بەر تەوس و پلار**
**ئاش بە نۆرە دەگەڕێ مامە هەژار**

**(کورتە باسێکی کۆن و نوێ لە سەر ئەو پارچە شێعرە)**

**سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی پارچە شێعری (نۆبەمە بتدەمە بەر تەوس و پلار) لە کتێبی «هێمن و من» دا ئاوا هاتووە:**

**{... دروست لەوکاتەدا کە شۆڕشی چەندین ساڵەی کورد هەرەسی پێهێندراوە. لەو عانەدا کە کورد هەزار هەزار هێلانەی بە سەردا ڕووخاوە. لەودەمەدا کە زەوی و زاری وەرزێری کورد سووتاوە و کانی و کەرێز و ئەستێری بە بۆمبای ژاراوی ویشک کراوە. لەوساتەدا کە چاوی «هەژار» هاندەری ئاوات و پێداهەڵدەری خەبات داگیرساوە و جەستەی تەزیو و تاساوە، نەک بە لانی لاواندنەوە بەڵکوو**

بە لانی تانە و تەشەر، پارچە شێعرێک لە زمان «هێمن» (ئەو بولبولە سەر بێ تووکە)ی هاوسەنگەری جارانی هەژار بڵاودەبێتەوە و دەکەوێتە سەر زاران کە سەرەتاکەی بەم جۆرەی خوارەوە دەست پێدەکرێ:

نۆبەمە بتدەمە بەر تەوس و پلار
ئاش بە نۆرە دەگەڕێ مامە هەژار

هەرچەند ئەمن بۆخۆم دەمزانی ئەو پارچە شێعرە مافی بە »ماموٚستا هێمن»ەوە نییە بەڵام لە سەر دڵم بووبوو بە گرێ، تا وای لێهات ماموٚستا گەڕایەوە و ڕۆژێکی لێم پرسی: ئەرێ ماموٚستا ئەو پارچە شێعرەی ماموٚستا هەژاری داوەتە بەر تەوس و پلار هی تۆیە؟ گوتی:

تۆ بڵێی ئەمن شێعری ئاوا قۆڕ بڵێم؟ سەرەڕای وەش ئەمن چۆن دڵم دێ شتی وا بە هەژاری بڵێم تەنانەت ئەگەر گۆشتی یەکیش بخۆین ئێسکی یەکتر ناشکێنین.}١

هەروەک لە خوارەوە ڕوون دەبێتەوە، پارچە شێعرەکە هی کاک «ئەحمەدی قازی» سەرنووسەری ئێستەی گۆڤاری (سروە)یە، کە لە وتووێژێک دەگەڵ ڕۆژنامەی (پەیامی کوردستان)، دوای تێپەڕبوونی ٣٠ ساڵ ئەو گرێپووچکەیە دەکاتەوە و لەم بارەیەوە دەڵێ:

{لە ساڵانی ٥٤-٥٥ دیسان لەلایەن ساواک جارجار کەسێک دەهات کە بە نێوی دارایی خۆی دەناساند. سەعیدی ناوێک کە یەکی قوڵەی ڕۆژ ناحەز بوو، بەزمی بە من گرت کە تۆ دانەمەزراوی و تۆ فیشەکێکی کە چاشنیت هەر لە سەرە و خەتەرت هەیە، شێعر دەخوێنییەوە. گوتم: ڕاستە کە شێعر دەخوێنمەوە بەڵام شێعری سیاسیم نەخوێندۆتەوە. لە ژێر چاودێرییەکی سەخت دا بووم. ئەوکات لە ژێر تەئسیری شێعری فارسی دا بووم. شێعری نادرپوور و نیما و... ئەمنی وەک کوردێک دەورووژاند، پێمخۆشبوو کوردایەتی ئەمجار بە شکڵی مەحفیلی و لە فۆڕمی کاری ئەدەبی دا بکەین. کاری ئەدەبی لای من زۆر موهیم بوو، شێعرێکم بۆ ماموٚستا هەژار دانابوو، ساڵی ١٩٧٥ شۆڕش هەرەسی هێنا و ئەو هەموو پێشمەرگەی پارتی هاتبوون و چەکیان دانابوو، زۆر دڵتەزێن بوو.

بە بۆنەی لە دایکبوونی کوڕی شا شێعرێکیان بە زۆر بە ماموٚستا هێمنی دانابوو، ماموٚستا هەژار زۆر بە توندی ڕەخنەی لێگرتبوو. هێمنیش ئەو شێعرەی هەژاری کە لە »بەرەو موکریان»دا بڵاوبووبۆوە خوێندبییەوە و هەستا ڕۆیشت بۆ لای هەژار.

ئەمنیش کە شاهیدی ئەو ئاش بەتاڵە و ئەو داڕووخانە بووم، خۆم کردە هێمن و لە جیاتی هێمن لە قالبی شێعرێکدا بە توندی وەڵامی هەژارم داوە، دوایەش شێعرەکە لە دوو سێ جێیان بڵاوبۆوە، بەڵام نوسخەکەم بڵاو نەکردەوە، چون دوکتور شەڕەفکەندی کە لە ئوڕووپا تەشریفیان هێناوە و ڕەفیق و هاوکلاسیم بوو، تکای لێکردم کە ئەو شێعرە بڵاونەبێتەوە.

جارێکی لەگەڵ لێژنەی حوسنی نییەتی ئێران چووینە بێورانی سەردەشت، لەوێ مام جەلال میوانداری کردین، من بووم و داریووشی فرووهەر و مەلا شێخ عیزەددین و نوێنەرانی حیزب لەوێ بوون. کاک فاتیح شێخولئیسلامی کە ئەودەم بە نێوی «چاوە« شێعری

دەگوت، بە مام جەلالی گوت ئەو شێعرەی باسمان لێکرد هی ئەو کاک ئەحمەدەیە، مام جەلال داوای شێعرەکەی لێکردم و گوتی ئەم کلاشینکۆفەت دەدەمێ شێعرەکەم بدەیە. ئەمنیش کە دەمزانی دەیهەوێ لە دژی پارتی کەڵکی سیاسی لێوەربگرێ، نەمدایە. شێعرەکەش ئاوا دەستی پێدەکرد:

پێت گوتم بولبولی سەر بێ تووکم|پێت گوتم نایە چ جووکە و نووکم|پێت گوتم باڵ و پەرم هەڵبوەرێ|زەمزەمەم کردووە بۆ جاشە کەرێ|تەشەر و تانە وەهای پێکهاتم|سەرم هەڵگرت و بەرەو ڕووت هاتم|چونکوو پێم وابوو لە لای تۆ هەدەفە|شەڕ لە سەر کوردە هەرا بۆ شەڕەفە|کەچی نەمزانی هەزار حەیف و دەخیل|ئەو شەڕە بۆ حەجەمە و ئیسرائیل خولاسە بەو تەرتیبەی هاتبووم. ماموستا بەرەو موکریان هاتبۆوە، عەرزم کردبوو کە:

سەفەری خاکی موکریانت کرد|پێم بڵێ دەو سەفەرەیدا چت کرد|چوویە سەر گۆڕی حوسێن و قازی|یان لە بیر چوونەوە خوات لێ ڕازی|چووی بپرسی لە موعەینی حاڵێک|دوو کوڕی چوون بە وەعدەی ساڵێک|گەر نەماون نە عیمادی و حەمەشەل|نانی ساواکی دەخۆی تێر و تەسەل جا چون نوسخەم نییە و لە هیچ جێگەیەکیش بڵاونەبۆتەوە، شێعری هێمنیش نییە و شێعری من بوو؛ با بگەڕێینەوە سەر مەوزووعەکەی خۆم، ئەو کابرایە کە دەهات ڕۆژێک هەر ئەو شێعرەی بە دەستەوە بوو، گوتی ئەتۆ ئەو شێعرەت گوتووە، ئەمنیش حاشام کرد و گوتم ئەوە هێمن گوتوویە، چون زۆر گرانم بۆ تەواو دەبوو.}٢

هەڵبەت شیاوی گوتنە چونکە کاک ئەحمەدی قازی پارچە شێعرەکەی بە تەواوی نەخستووەتەڕوو، لێرەدا بە پێویستی دەزانم هانا بۆ ئەم نوسخەیەی خۆم ببەم کە لە بەردەستم دابوو، ئەگەرچی بۆ ئەمەشیان دڵم زۆر ئاو ناخواتەوە، بە هیوای ئەو ڕۆژە کە دەقی ماک لەلایەن خاوەنەکەیەوە بڵاوببێتەوە (س. چ. هێرش).

فەرموون ئەوەش ئێوە و پارچە شێعرەکە:

نۆبەمە بتدەمە بەر تەوس و پـــــلار
ئاش بە نۆرە دەگەڕێ مامە هــــــژار
پێت گوتم بولبولی ســــــەر بێ تووکم
پێت گوتم نایە چ جــــــووکە و نووکم
پێت گوتم باڵ و پــــــــەڕم هەڵبوەرێ
زەمزەمەم کــــــردووە بۆ جاشە کەرێ
تەشەر و تانە وەهـــــــــــای پێکهاتم
ســـەرم هەڵگرت و بەرەو ڕووت هاتم
چونکوو پێم وابوو لــە لای تۆ هەدەفە
شەڕ لەســـەر کوردە هەرا بۆ شەڕەفە
کەچی نەمزانی هەزارحەیف و دەخیل

ئـــەو شەڕە بۆ حەجەمە و ئیسرائیل
ســــــــەفەری خاکی موکریانت کرد
پێم بڵێ دەو سـەفەرەیدا چت کـــرد
چوویە ســــەر گۆڕی حوسێن و قازی
یان لە بیر چوونەوە خـوات لێ ڕازی
چووی بپرسی لــە موعەینی حــاڵێک
دوو کـــوڕی چوون بە وەعدەی ساڵێک
چوویە سەر گۆڕی سولەیمانی شەهید
چوویە سەرگۆڕی هەزار ڕۆڵەی ڕەشید
دارە تووی بەژنی خـــــــەزایی ماوە
ئیشکەڵە، گەندەڵە یا ســــــــووتاوە
وەکی بیستوومـــــــە دەڵێن سووتاوە
ئێستە لەو کــــارە سەری سووڕماوە
کــە هەژار هاتەوە بن باڵی حەجەم
شــــــــەڕەفی داوە بە دینار و درەم
گەر نەماون نە عیمادی و حەمەشەل
نانی ســاواکی دەخۆی تێر و تەسەل
ئێستا کــە لە شا و کوڕی شا میوانی
فێری گۆشتـــاو و پــــــــڵاوی وانی
• • •

١- هێمن و من، نووسینی: هێرش، سوێد: ١٩٩٢، چاپ: کتێبفرۆشی هەرزان، ل ٥٢-٥٣.
٢- «لایەنە تاریک و ڕوونەکانی مێژووی هاوچەرخ، وتـووێژ لەگـەڵ ئەحمەدی قـازی، پـەیامی کوردستان، ژمـارە ١٤، ٥ی نۆڤـامبری ٢٠٠٥.

سەرچاوە : ماڵپەری گزنگ / ڕێکەوتی : ٥ی نوڤێبەری ٢٠٠٥

# ڕەگەزی ئیمپێرسیۆنیزم و سیمبۆلیزم لە ڕێئالیزمی «هێمن موکریانی» دا

## س. ج. هێرش

هەروەک لە شوێنی دیکەش لێرەولەوێ گوتوومە و نووسیومە، خۆشبەختانە سەبارەت بە بیۆگرافی و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی «هێمن»( ۱۹۲۱- ۱۹۸٦ )، بە تێکڕایی لایەنێکی ئەوتۆی لێڵ و ناڕوون و شاراوە نەماوەتەوە کە لە سۆنگەیەوە لایەنگران و خوازەران و خوێنەرەوانی جیهانی شێعری شاعیر، تووشی گرێپووچکەی بیروبۆچوون یان هەتڵەی شیتەڵکردنەوە و لێکدانەوە ببن. دیارە ئەوەش ناشارمەوە کە لە ڕوانگەی خۆمەوە هێشتا یەکدوو لایەنی ختۆکەدەری لاوەکی لەو بەستێنە پان و بەرینەدا بە جەختنەکراوی و یەکلانەکراوەیی ماونەتەوە کە دەبێ لە هەلێکی ڕەخساو و دەرفەتێکی گونجاودا زیاتر ڕوون بکرێنەوە، کە یەک لەوان چۆنیەتی نووسین و بڵاوکردنەوەی پارچە هۆنراوەی (بەهاری بێ خەزان) وەک ڕەنگدەرەوەی بارودۆخی ناهومێدییەک کە تا حاڵیخۆکوشتن پاڵی بە »هێمن»ەوە نا. دووهەمیان تیشکخستنە سەر ئەو سۆنگە و سەبەب و هۆکارانەی کە ڕێبەرایەتی (حدکا)، «هێمن»ی لە پلەی شاعیری میللی کۆماری کوردستان بەرەو شوێنێکی نەشیاو تۆڕهەڵدا و، بە ناڕەوا ختیە پەراوێزەوە؟!



س. ج. هێرش

بە هەرحاڵ، ئەوەی لێرەدا گرینگە و بە پێی توانا دەمەوێ شیبکەمەوە ئەوەیە کە ئایا مەلی شێعر و خەیاڵی «هێمن» ـ ئەو شاعیرە گەورەیەی کوردەواری ـ لە سەکۆی بارستایی کام ڕێباز جێگیر دەبێ و لە مەکۆی تەختایی کام شێواز لەنگەر دەگرێ؟

دەوەدا شک نییە، کە بار و دۆخی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی سیاسی، پێگەی چینایەتی و پلە و پایەی بنەماڵەیی و، زۆر هۆکاری دیکە دە شکڵگرتنی کەسایەتی و باری ڕوحی و دەروونی هەر مرۆڤێک تەئسیر و کارتێکەریی دیاریکراوی خۆیان هەیە کە دەبێ بە چاوی سەرنجەوە لێیان وردببینەوە. بۆیە لەو پێوەندییەدا وەک بیرخستنەوەش بێ، ڕەنگە ئاماژە بەهێندێک خاڵی گرینگ کە لە کەسایەتی کۆمەڵایەتی و کاراکتێری سیاسی و چلۆنایەتی دەربڕین و شێوازی شێعریی «هێمن» تیشکیان داوەتەوە بە پێویست بزانم:

ـ هێمن هەر لە کاتی لە دایکبوونیەوە تا ژێوەڵە دەبێ و پێدەگا، نە لە باوەشی خۆشەویستیی دایکیدا فرچک دەگرێ و، نە لە ئامێزی نازی ویدا پەروەردە دەکرێ. خۆی لەو بارەیەوە دەڵێ: «مێژوکم لە مەمکی دایکم نەکردووە و فرچکم بە شیری دایەن گرتووە.. دایەنەکەم ناوی یاسەمەن و خەڵکی ئازەربایجان بوو. لەلەکەم کە ناوی عیزەت بوو خەڵکی تورکیا بوو.. مردنی عیزەت و تۆرانی یاسەمەنم باش وە بیر دێ. ئەم ڕووداوە یەکەم زەبری توند بوو کە وە هەستی ناسکی منداڵەی من کەوت و یەکێکە لە بیرەوەرییە هەرە تاڵەکانی ژیانم. لە ڕاستیدا من دوو جار هەتیو بووم و دووجارم دایک و باب مردوون.

جارێک بە ساوایی و جارێک بە پیری».

بۆیە بە تێڕادیوی دەڵێم کە بەشێکی زۆری عەلاقە و عیشق و خۆشەویستیی هێمن سەبارەت بە ژن (ئەگەر تەنانەت وەک چەمکی گشتیش چاوی لێبکرێ) پێوەندی بەم خاڵەوە هەبووە.

ـ هێمن هەم ئاغازادە بووە و هەم شێخزادە. واتە »چ لە باری ئاغایەتی و چ لە باری شێخایەتی هێمنی منداڵ دەبوایە ڕێ و ڕەسمی باب و باپیران ڕەچاو بکا. هیچ نەبێ یا ببێتە ئاغایەکی بەرزە دەماخ، یا شێخێکی بۆشناخ».

خۆی لەو بارەیەوە گوتوویەتی: «ئێستاش کە وەبیرم دێتەوە کزەم لە جەرگی دێ و خەمێکی گران دامدەگرێ، کە من لە هەموو خۆشی سەردەمی منداڵی بێبەش بووم». هێمن وەک «کۆیلەی ناو قەفەزی زێڕ،

کۆیلەی ڕێ و شوێنی کۆن»، هیچکات بزەی سەر لێوی باوکی خۆی کە بەزەبییەکی منداڵانەی پێدابێتەوەههەست پێنەکرد. هێمنی منداڵ، نە تەنیا لە باوکی، بەڵکە لە برا گەورەکەشی واتە»سەید هیدایەت(باباغا)»دەترسا و زەندەق و زراوی دەچوو!

شیاوی گوتنە کە ڕەنگدانەوەی ئەو نێوان ناخۆشی و ناکۆکییە تا سەردەمی بە ساڵاچوونی ئەو دوو برایە هەر درێژەیکێشاوە و، هەروەک لە (هێمن و من)یشدا گوتوومە هەر ئەو برا و خزم و کەسوکارە بوون کە »ئەو ئەتکە گەورەیان بە هێمنی شاعیر کرد؛ بە دەستی خۆیان لە ساواک داویان بۆ نایەوە تا هەم ژیانێکی بێ دەردەدی سەر بۆ هێمن تەرخان بکەن، هەمیش مڵک و ماشەکەی خۆیان بپارێزن».

هێمن لە (تەپڵی ئەمان)دا ئاماژە بەم ناکۆکییە دەکا:

برا و خزم و کەسوکارم بـــــــــــە جارێ
ئەوان لێم بوونەتە داسی ڕەمـــــانە
لـــــە ماڵی خۆم دەکەم بۆنی غەریبی
کە بێزارم لە هەرچێکی هەمـــــــانە
ئەوی خۆشم دەویست وەک گیانی شیرین
تەماشای بۆتە مشتەی ناو هەمـــــــانە

ـ خۆدوورخستنەوە و وازهێنانی هێمن لە مەسەلەی عیشق و دڵداریی سەردەمی لاوێتی و هەرزەکاری و، بەشداربوونی چالاکانە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی خاک و نەتەوەکەیدا:

ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خـــاڵ نیم

**ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن**

ـ کارتێکەریی و تەئسیری کۆمەڵەی (ژ. ک) و کۆماری کوردستان(١٩٤٦) لە سەر کەسایەتی سیاسی و شێعریی هێمن و، دواتریش ڕەنگدانەوەی تراژێدی شکستی کۆمار و تەواوی ئەو بەسەرهاتانەی کە تا ڕۆژەکانی دوایی ژیانی شاعیر ڕوودەدەن کە کەموزۆر دەیانزانین.

جێگەی گومان نییە کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری بە پلەی یەکەم لە سەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی ڕێباز و شێوازی شێعری و ئەدەبیی تەئسیر دادەنێ. ئەوەش دەزانین کە گەشەکردنی زمان و بەتایبەت زمانی ئەدەبی و تەنانەت زمانی شێعر و دەربڕین، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بنکەی دەسەڵات واتە دەوڵەتی سەربەخۆ هەیە کە کوردستان لە ژێر ئەئسیری زۆر هۆگەلی جۆراوجۆر ئەو هەلەی بۆ نەڕەخساوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری کە هەر لە زۆر کۆنەوە شێعر و شاعیریی تێیدا برەو و ڕەواجی هەبووە ئەوەیە کە بیروبۆچوون و هەستی نەتەوەیی لە شکڵ و چوارچێوەی شێعردا خۆی دەرخستووە کە سەرەتای پرۆسەکەشی دەگەڕێتەوە سەردەمی خانی لە (مەم و زین)دا. بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە کوردستان لە باری چۆنیەتی ڕەوتی شێعر و سەرهەڵدانی ڕێباز و شێوازەکانەوە بە هۆی گەلێک بارودۆخ و هەلومەرجی جۆغرافیایی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە نەیتوانیوە لە سەر هەڵێکی ڕێک و گونجاو پەرەبگرێ. ئاشکرایە، هەر لە بەر ئەو لایەنە گرینگەشە، ناکرێ هیچکام لە ڕێباز و سەبک و شێوازە جۆربەجۆرەکانی شێعری و ئەدەبی ـ ئەو جۆرەی بۆ نموونە لە شوێنەکانی دیکەی جیهان و لەوانە ئورووپا لە ئارادایە، بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری تەرخان بکەین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین گەلێک هێڵ و ماکە و ڕەگەزی ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی شێعرو شاعیریی دە بەرهەمی شاعیرانی کورددا ببینین. «هێمن» نموونەی بەرچاوی ئەو دیاردە شێعرییەیە کە لێرەدا بە پێی توانا هێندێک لەو لایەنانەی دەخەمەڕوو.

هەروەک دەزانین «هێمن»ی لاو، ئافرێنراو و پەروەردەکراوی کۆماری کوردستان(١٩٤٦) بووە و، کۆماری کوردستانیش بەدیهێنەر و پەرەپێدەری جۆرێک شێعر و ئەدەبی ڕێئالیزم(وەکخۆخوازی).

ڕەنگە بە تێڕادیوی بگوترێ کە »هێمن» دەگەڵ ئەوەدا کە چوارچێوەی فکری و ڕوانگەی شێعریی لە سەرتەختایی ڕێئالیزم دامەزراوە و دەتوانین بلێین بەتێکڕایی لە سەرئەو ڕێبازە دەڕوا و دەبزوێ و هەناسە لێدەدا، بەڵام لە زۆر شێوازی دەربڕین و لایەنی دیکەش کەڵک وەردەگرێ.

هەرچەند ئەورێئالیزمەی من باسی لێوەدەکەم و وەک ئەو جۆرەی کە هەیە، تاتوانێ پڕ بە پێستی ئەو قۆناخە دیاریکراوە بێ. بەڵام تایبەتمەندی و شازییەکی کە ئەو ڕێئالیزمە ـ لانیکەم سەبارەت بە هێمن ـ هەیەتی ئەوەیە کە لە لایەکەوە دەگەڵ ماکەگەلی ڕێبازی سروشتخوازی (ناچرالیزم) تەواو تێکەڵاوی هەیە و، لە لایەکی دیکەشەوە بە هێندێک لایەنی ڕۆمانتیزمی شۆڕشگێڕانە و جوانیناسیی ڕۆمانتیکییانە دەبەسترێتەوە کە لە قۆناخەکانی دواتری کۆماری کوردستانداماکەگەلی ئیمپێرسیۆنیزم (هورووژاوخوازی) و سیمبۆلیزم (هێماخوازی)یشی تێدا بەرچاو دەکەوێ و، بەتایبەت شێوازی دواتر لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا دەبیندرێ:

من لـــــــــە جوانی دەگەڕێم تێپەڕە زستانی دزێو
کچ کە ڕووم نادەنێ با سەیری گوڵ و شەونم کەم
شەڕەبایە لــــــــە چیاکان و هەوا تووشە دەنا
وەکوو شێتان دەمەویست ڕوو لە چیای ئەستەم کەم

ئەوەش بگوترێ کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕیئالیزمی «هێمن» ئەوەیە کە ئیماژ و وێنەشێعرییەکانی خۆی لە واقیعی کۆمەڵایەتی وەردەگرێ، بەڵام نەک بە شکڵێکی ناشاعیرانە و بە شێوەی کلێشەیی، ئەو زۆرجار جیهانێکی زەینی وەها جوان و ڕازاوە دەخوڵقێنێ کە دەبێ جیهانی دەرەوە خۆی دەسەر بگێڕێ.

خدر نیم بۆ تەمەن شێت بم بە کانی ژینێدا نوسێم
ئەوەندەم ژین دەوێ تا دەم دەنێمە نێو دەمێکی تر

«هێمن» لەو جێگایەدا کە ناهۆمێدی و هەناسەساردی ڕووی تێدەکا و، ناخی مەلاوەمەل لە ژان و هەژان و هورووژانە کەڵک لە شێوە دەربڕینی هورووژاوخوازی وەردەگرێ.

هەڵبەت جیاکردنەوەی لایەنی ماکەی هورووژاوخوازی لە لایەنی ڕەگەزی هێماخوازیی«هێمن» گەلێک ئەستەم و دژوارە. ئەو دوو چەمکە لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر لەیەک نزیکن، لە هەمان کاتیشدا زۆر لەیەک دوور و دژ بە یەکن. بۆ ئیمپێرسیۆنیزم تاقیکردنەوەی بە هەستونەست، هەژان و هورووژانی ناخ و دەروون و نواندنیان بە شێوەی بڕبڕ و کاتیی زۆر گرینگە، لەحاڵێکدا لە سیمبۆلیزمدا تەواوی جیهانی تاقیکراو و وەکخۆبینراو، نواندنی دونیای ئیدە و ئارەزوو و خەیاڵەکانە و، زۆرجاریش پەشیمان بوونەوەیە بۆ دەورانی تێپەڕیو و سەردەمی هەرزەکاری بەتایبەت سەبارەت بە لایەنی عیشق و دڵداری.

سیمبۆلی «شەنگەبێری» لە هەردوو پارچە هۆنراوەی (شەنگەبێری) و(ڕێژنە) دەتوانێ نموونەیەکی زەق و بەرچاوی ئەو مەبەستە بێ کە لە هەل و دەرفەتێکی تردا ـ ئەگەر تەمەن یار بێ ـ بە وردی باسی لێوەدەکەم.

شەنگەبێری! ساڵی ساڵان لە کوێستانێ، لــە ناو مەڕی
بۆ مەڕدۆشین هەڵت دەکرد ئەو باسکی سپی مەرمەڕی
لە بەر هاڕەی گۆبەرۆک و گوارە و کرمەک و ژێر چەنە
نیوەڕۆیە لـــــــــە بەر بێرێ کۆڕی مەڕی ڕادەپەڕی
شەنگە بێری بسڕەوە فرمێسکی بێ شـوانی ئیتر
ڕەنگە هێشتا لەو کەژ و کێوانە بۆ شوان ببمەوە

سیمبۆلیزمی «هێمن» کە بەرهەمی گۆڕانکاریی بیر و خەیاڵی ڕۆمانتیکییانەی تەواوی ئامرازەکانی دەربڕینە، تاڕادەیەک لە

وردەکاری و وشەئارایی و سەنعەتی شێعری ئیمپێرسیۆنیستی کە تەنیا بایەخ بە تاقیکراوەکانی هەستونەست دەدا نیزیک دەبێتەوە. بۆیە هەڵاواردنی ئەو دووانە لە یەکتر ڕەنگە کارێکی زۆر سانا و ئاسایی نەبێ.

بە کورتی شێوازی هێماخوازی لە »هێمن«دا، لە چاو لایەنی هورووژاوخوازی واتە ئەو جێگەیەیجیهانبینییە مادییەکەی زۆر بەرجەستە دەبێتەوە و بەڵام بە پێچەوانەی هێڵی سەرەکی تەواوی شاعیرانی هورووژاوخواز کە تێیدا ماکەی ڕۆمانتیزم بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادرێ، نە تەنیا زاڵە بەڵکە حاڵەتێکی ئارمانجخواز و ڕۆمانتیکی و ئارەزومەندانە پەیدا دەکا. هەر بۆیەشە زۆر جار، پەنا بۆ نۆستالۆژی و تەمسیل(ڕیوایەتویژیی) دەبا:

بەهار بوو فەسڵی زستانم ئەگەر یارم لەگەڵ بایە
درۆیە گەر گوتوویانە بە خونچێکی بـــەهار نایە
شێخی سەنعان بۆ چ گاور لە ئیسلام وەرگەڕا
من خەریکم بۆ کچە شێخێ پەژیوان ببمـــەوە

لە سیمبۆلیزمی «هێمن»دا، شێعر دەربڕی ئەو پێوەندی و تێکەڵاوییانەیە کە زمان لە نێوان واقیعی هەستپێکراوی بەرچاو و خەیاڵی داڕێژراوی وێنەکراو(ئیماژ) دەیانخوڵقێنێ.

سیمبۆل و هێماکانی شێعری «هێمن»، لە ڕوح و دەروونێکی هورووژاو و سەرکێش و یاغی و ناچەمکیبوونی زمان هەڵدەقوڵێن کە هیچ مەنتیق و تیۆری و مانایەکی ئاسایی هەڵناگرن. زمانی «هێمن» بۆیە شاعیرانەیە کە لە ڕاشکاوویژیی و ڕووداوویژیی، شیکردنەوە و لێکدانەوە خۆ دەبوێرێ و، زیاتر لە ئیستیعارە و هێما و سیمبۆل و جۆرەها وردەکاری و ڕەوانبێژیی شاعیرانە، بەواتایەکی تر لە دەربڕینــی هەســتهەژێن و ڕوحبــزوێن بــۆ هەژانــدن و هورووژانــدنی نــاخی بــەردەنگ وخوێنــەرەوە کــەڵک وەردەگــرێ. بــۆ نموونــە: سیمبۆلی«سەروی ڕەوان» لە پارچە هۆنراوەی (بارگەی یاران) کە ئاخرین شێعری «هێمن»ە و دەکرێ وەک وەسیەتێکییش بینواڕین، ئایا هەر بە واتا زامانییەکەی هاتووە یان ڕەمز و چەمکێکی ئیماژیستییانەی دیکەشی تێدا شاردراوەتەوە؟!

شاعیر لە سایەی ئەو سیمبۆل و ڕەمزانەی کە لە ئاکامی ڕامان و خەیاڵ و تێڕوانینی شاعیرانەوە بەدیاندەهێنێ، تاقیکراوە دەستپێڕانەگیشتووەکانی زەین و مێشکی خۆی دەخاتەڕوو:

کانیی ڕوونم دی بـــــە لێشاوی بەهار شلوێ نەبوو
بـــەفری گەورەم دی چیای گرت و بە تاوێ بوە قەدەم
ژینی کـــورتم دی پڕاوپڕ بوو لە شانازی و شەڕەف
عومری زۆرم دی کە دوایی هات بە ڕیسوایی و نەدەم

ڕێبازی ئیمپێرسیۆنیزم لەگەڵ ئەوەدا کە دەربڕین و تێڕوانین و ئیماژ و خەیاڵەکانی بە شێوەی نەرم و نیان و شاعیرانە دادەڕێژرێن، لایەنێکی ماددی و هەستپێکراوی هەیە، بەڵام لە سیمبۆلیزمدا ڕەگەزی ئارمانجخوازانە و ڕوحخوازانە زیاتر خۆدەنوێنێ، هەرچەند جیهانە خیاڵاوییەکەشی ڕەنگدانەوەی ئامرازی هەستونەستەکان بن. لێرەدایە کە سەبارەت بە»هێمن»ی زۆرجار سیمبۆلیست دژوار دەبێ کە بە ڕاشکاوی بیخەینە ناو چوارچێوەی جیهانبینییەکی دیاریکراوەوە.

«هێمن» بە پێچەوانەی شاعیرانی پلە یەکی سیمبۆلیست کە پێیانوایە شێعر وەک مۆسیقا، پێویستییەکی ئەوتۆی بە مانا و چەمک نییە و بەڵکە ئەرکەکەی تەنیا بەخشینی جۆرێک هەستی پێخۆشبوون بە بەردەنەگ و خوێنەرەوەیە، زۆر بایەخ بە لایەنی زمانی و مانایی و چەمکی شاعیرانە و تەنانەت پەیامیش دەدا.

هەربۆیەشە »هێمن» لەو دەگمەن شاعیرانەیە کە بە شێوەیەکی زۆر گونجاو و مەنتیقی توانیویەتی یەکێتی شکڵ(فۆرم|ڕواڵەت) و کاکڵ(نێوەرۆک|بوواڵەت) لە تەواوی بەرهەمەکانیدا بپارێزێ و، تەنانەت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان(سیاسەت، نەداری، نەخوێندەواری و زۆرداریی..) وەها دەگەڵ دیاردە ڕوحی و دەروونییەکان (عیشق و خۆشەویستی، هومانیسم، مەرگ و ژیان..) ئاوێتە بکا کە هەر بەردەنگ و خوێنەرەوەیەک تام و چێژی تایبەت بە خۆیانی لێ وەربگرن:

من بە فرمێسکی ڕنووی کوێستانی کورد پەروەردە بووم
کوڵمی ســــوور و چاوی شین و سینگی بەفرینم دەوێ
خۆشەویستی من کچە کـــوردێکە پاک و نازەنین
باخەوانە پیرەم و باخی بـــــــــــە پەرژینم دەوێ

نموونەی بەرچاو بۆ نیشاندانی ئەو دوو ڕەگەزە شێعرییەی لە سەرەوە باسکرا، یەکیان پارچە هۆنراوەی (ئێوارەی پایز)ە کە پڕە لە خەیاڵی ورد و دەربڕینی ئیمێرسیۆنیستی و، ئەوی دیکەشیان شێعری (بارگەی یاران)ە کە دەکرێبیخەینە ناو چوارچێوەی شێوازی سیمبۆلیستییەوە.

لە کۆتاییدا، ئەگەرچی بێئەمەگی و بەمنچێتی، کەمتەرخەمی و مامەخەمەیی تایبەتمەندیی نێوەرۆکی هەردوو ڕێبازی ئاماژەپێکراوە، بەڵام ئەوەی لە »هێمن»دا گرینگە ئەوەیە کە لەوپەڕی ناهۆمێدی و بێدەرەتانیشدا هێڵی هیوا و ئاوات و دواڕۆژی ڕوون لەپێناو خاک و نەتەوەکەیدا بەرنادا. هەروەک ئاشکرایە،شێعری (بارگەی یاران) کە دەکرێ وەک دوایین بەرهەم و تەنانەت وەسێتنامەی شێعریی مامۆستا «هێمن» چاوی لێبکرێ، لەگەڵ ئەوەدا وەڵامی قسەی نەشیاو و نابەجێی ئەو کەسانە دەداتەوە کە هەڵوێستی ناڕەوایان لە بەرانبەریدا گرتبوو، ئەو مەبەستەی بە جوانی و ڕاشکاوی پێکاوە:

ئاو نەبوو ئەودەمی «هێمن» مەلەوانی کورد بوو
ئاو شوکور زۆرە وەرن زوو مەلەوان من چبکەم؟!

**ستۆکهۆلم، بنکەی ئا. بێ. ئێف ٢٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦**

**تێبینی ١: ئەو وتارە بۆ سمیناری «یادی بیست ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن» کە لە لایەن کۆمەڵەی هونەریی سوێدی کوردی ـ رادیۆ زریبار و بە هاوکاریی (ABF) ڕێکخرابوو نووسراوە و لە ڕۆژی ٢٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦لە بنکەی (ئا. بێ . ئێف)ی ستۆکهۆڵم پێشکێش کراوە.**

**خاوەنی ئەم وتارە، لە کۆتاییدا پارچەشێعری (شارگەی یاران)ی خۆی خوێندەوە کە تێهەڵکێشێکە لە شێعری (بارگەی یاران)ی مامۆستا هیمن.**

**شیاوی گوتنە بەشدارانی ئەو سمینارە بریتی بوون لە: کاک پەرویز جیهانی، کاک پشکۆ نەجمەدین، یای شەهلا دەباغی، کاک ئاشق، یای مەرزە جەوانمەرد، کاک کوردۆ باکسی، کاک ناسر حیسامی، کاک موحەمەد ئەمین یەزدانفەڕ، س. چ. هێرش.**

**تێبینی ٢: پێویستە ئەوەش بگوترێ کە من واتە »س. چ. هێرش»، بە شێوەی نێوبڕ لە هێندێک شوێنی ئەو وتارەدا، چەند بابەتێکی زارەکیشم وەک شیکردنەوە باسکردووە کە بەرپرسیارێتی تەواوی ئەو باسوخواسانە وە ئەستۆ دەگرم و لە وەختی خۆیدا زیاتریان لە سەردەڕۆم. دیارە، بۆ ئەوەی نەتوانم گرنوو بە قسەی هەق بگرم یان لە قسەکانی خۆم پاشگەز ببمەوە، ئەوا خۆشبەختانە تەواوی باسەکە لە لایەن (ڕۆژهەڵات تێڤێ)ەوە تۆمار و ئاستەکراوە و، دەکرێ لە کاتی پێویستدا بەسەری بکەینەوە.**

**سەرچاوە : ماڵپەری گزینگ / ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوری ٢٠٠٨**



## «مندەڵێم»



**نووسینی: حاجی حوسێن حەدداد**

٢٨ و ٢٩ خاکەلیوەی ١٣٨٢«چامەیەک بۆ ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن» لووتکەی شاعیرانی موکریان، ڕۆژی وەفاتی ٢٨ی خاکەلێوەی ١٣٦٥ ی هەتاوی ( ١٧ ی ئاوریلی ١٩٨٦ )

### «مندەڵێم»

مندەڵێم فیردەوسی کوردان هێمنە
لەنجەی ئاسک و ڕەوتی ئاسک و قافیە
شیعری پەسنی ڕێکوپێک و جوانە هەر
شیعری شۆڕش و شیعری ئازادی وەڵات
پەسنی کوێستانی وەڵاتی شیـرنـە
زمانی وەک خانی و جزیری و مەولەوی
کێ دەتوانی هێمن ئاسـا جـاڕ بدات
نییە لە قامووسی کەسدا بەم وردییـە
زیڕەی زەنگـی دەنگـی هێمن لایـەنـە
ئەو شاسوارەی تەنیا پێنووس بوو چەکی
کـێ، هەبوو باسی وەڵات و هەر دو کـێو
کێ بوو باسی سووت و سات و دەست بڕین
لاوی شـەنگ و کچی چەلەنگ و نازدار
بووکـی ڕازاوەی زۆزانو لێـرەوار
ئەو دەنگەی شوانەی هێناوە لێـرەوە

من دەڵێم حافز بۆ کوردان هێمنە
پڕ بە پێستی شیعری جوانی هێمنە
کێشی پەخشانی گەوهەر دانە هەر
شیعری شاخی و یردی زمانی هێمنە
شینی هێمن شینی پێشمەرگەی ونە
زمانی پاراوی سۆرانی هێمـنـە
کێ بوو وەک ئەو پەسنی گوند و شار بکات
ئارەق و تین خـۆی شـاکاری هێمنـە
کڵپـەی ئاگری ناو ئاوێستا هێمنـە
مەتەرێزی شەرەف«گـر» هەر هێمنـە
کێ، بوو زوڵمی حوکمی شاهەنشای دزێو
بنووسێ وەک مێژوو ئەویش هەر هێمنـە
پێشمەرگـەی، شاخی چالاکی شاسوار
ئەو کـەسەی کردی بە تابلۆ هێمنـە
ئەو گـۆرانیەی مـاملێ بە بلوێـرەوە

وەسفی زمزیران بە ئاو هــەڵدێــرەوە
ئەو کەسەی خۆزگەی بە شوانان خواستووە
قــەت! لەژیانــی دا، بـوتــی نە ویستووە
ئـەم: بوێــژەی شیعری ڕووتی ووتووە
ئەو هەستیـارەی هەستی جوانی بزاوتووە
ئەو سوار چاکەی ئەسپی شیعری تاودەدا
ئەو کـەسـەی باسـی هەوارمان بۆ دەکـا
ئەم شـەوارەی کـەشەوان دابەش دەکـا
ئەو نۆشـدارەی باسیژان و ژەنگ دەکـا
ئەو ڕێبـوارەی قـەت لەڕێ مـاندوونەبوو
ئەو شـاسـوارەی دێوەزمەی تۆقاند بوو
ئەو کـەسەی هەڵکشا بەرەو ئاسۆی وەڵات
ئەو کـەسـەی گـاڵتەی دەکرد بەلات و پات
ئـەو ئەمینــەی چوو بۆ لای پیشــەوەری
ئەو سەیدەی، بۆ پێشــەوا شیعری چـڕی
ئەو وەرزێــرەی شـارەزای کـوێرەوەری
بەنناى پەخشان بۆ توحفەی موزەففەری
ڕق ئەستــووری بەندیخـانە و بەندی دیل
ئـەو کـەسـەی جەللادی کـردەڕێوی پیر
ئـەو کـەسەی بەم چوارێنە کـوردی هەژاند
ڕووحی تازەی خستــە شـۆڕشـی تازەوە

ئاغــاش قـەتناگرێ بەنۆکەر هێمنــە
بازگــەی شێعری بۆ لاوان هەڵبەستووە
هەر کـاروان سالاری نوێخواز هێمنــە
ئـەو بوێرە کـوڵمیناسکی گــەزتووە
ئەم: بـوێــژە پـاڵــەوانەش هێمنـــە
ئـەم دڵ«داوە»ی سەریدڵـــداری دەدا
خـــاوەنـی هـەواری خاڵـی هێمنــە
ئەو پێشەنگەی ڕێی سەرکەوتن خۆشدەکا
شارەزای ئاسۆگە و سەرکـــەل هێمنـــە
ئەو چاوتێرەی هەرگیز چاو لە دەست نەبـوو
خەییامی خەمخۆری خــۆمان هێمنــە
ئەو کـەســەی تەسلیم نەبوو بە دەســەڵات
مـەولانـای رۆمی کـــوردستان هێمنــە
پێشکــەشی کـراناوی گـەورە شـاعیری
شــاعیری میللــی کـــوردستان هێمنـــە
ئەو«وریا»یەی بنەماڵــەی مـەلای چوڕی
ئەو شـاکــارە ڕەمــزی زمـانی هێمنــە
سوورتر لە سەر داواکــەی لـە ژێـر زنجیـر
ئــەو کــەســەی نەتوایـەوە هــەر هێمنـــە
هــاتە مـەیدان دێوەزمـەی هــاری تۆقــاند
چــارەزانـــە، قـارەمـانـــە، هێمنـــە

********

تەرمــی نێــژراوە لە بـوداق ســوڵتــانی
بەرزە وەکوو سێ کوچکەی بابان
ئەوسوارەیتـاق بوو لەسوارەی لاچیـن
ئەو تـەمەی گـرتـی سـەری شیـلاناوێ
بەستــەی هێمن بوو گــەرا، گـونداو گــوند
ئێستـەش تووڕەی بلوێـری شوانان مــاوە
کــانی پیــرێژنــێ هەتــا ئێستـاش مـاوە
ئەوکـانیەی بەهــەناسەی هێمن ساردبوو

چـۆتە ڕیــزی مـەلای جـزیـری و خـانـی
تاقە سوارەیە هێمنی موکریانی
ئەوتەرمەی بۆیچوونە قەڵاتێ سەرشین
شیعری هێمــن بوو گــوتی! من دیلیم نــاوێ
بیــری هێـمن بوو لـە ســەر ترۆپکـی دووند
شەنگــەبێری یە، بانگبێــژی شارو گـوند
ئاوەکـــەی ســاردە دەڵێــی بـەفــراوە
لـەمسـەر ڕێگــایـە بـۆهێمن خێـــراوە

شەنگەبێری لە پەساری بەرکانێ    وێڵی ڕێی شوانەو لەڕێی دەروانێ
بێتەوەو کۆڵی لە کۆڵێ دانێ    کوێنی پێفڕێداو لەڕووێ بڕوانێ
دێم و دێم، ئێستاش لە شاران هەردێ    لاوی خوێن گەرم لە ڕووی داگیرکەر دەتفێ
دێم و دێم نەبڕا لە شاری هەردێلە»دێ»    مووژدە لاوان! دەنگی گووڕڕەی هێمن دێ
ئاشەکەی کۆنو کەلاوەی ژووروویی«دێ»    ئاوەدان کراوەتەوە بۆڕاوچی نوێ
دەنگی بەرداشی زراوتۆقێنی دوژمن    وەک هەوری بەهاری هێمن دێتەگوێ
کێوەڕەش هەر وەکوو پێشوو ڕەشپۆشە    ژینی«کەژ»دوورلە»هەلۆو باز»بێخرۆشە
شەنگەبێری لەهەواران تۆراون    شوان لەدوای«ڕان»ی بێخاوەن ڕەشپۆشە
مەیخانە وەک پێشوو نەماون باقی    مێزەکە شکاون و، ملی سووراعی و ساقی
مەیخانە پڕنلە زەلامی بێ خەم    کوانێ هێمن؟ بکات ڕێنوێنی ساقی
ئەو «هەمینەی» کە دڵەکەی هێمنی برد    هێمنی بە»پێ» گەیاندە هەواری هەڵگورد
نەبۆ خۆی،ما نە شەدەو دەسماڵی    هەرلەسەر دڵانە هەواری خاڵی
شینی»شیناوێ» شنەی ئاوایی    هەر لە خۆی جوان بوو تەبایی‌و برایی
ئەو کەسەی نێڵەی بەشۆڕشی نوێدا    ئاگری هێمن بوو بە ناڵەی جیایی
سەیری جەعفەر بکە، کە دەدوێ بۆخۆی(١)    شێنەدڵ! زەردم ئەمن؟ سووریش تۆی
وەرەبا دەورێبدەین لەدەوری گڵکۆی    هێمنەو،وەسییەتی کردووە بۆخۆی
بابە ناڵەی دڵم سازکەم دیلانێ    گەرمەشینێ، چەمەرێ، گریانێ
چۆپی بگرین و بەلەز هەڵببەزین    نەک بڵێ ڕەشبەڵەکی سەرگۆڕم کوانێ
چاوی هەڵچۆڕاندووە جەعفەر دەگری    هەڵدەپەڕێو بەدڵ سەرچۆپی دەگری
هەردەبێ وابێ وەفای کوڕبۆ مامی    کێ دەتوانێ بەکوڵ هەڵپەڕێو بگری
شینی شەوگاری حاجی سووتانە    فرمێسکە، هەنیسکە، گریانە، ژانە
یادی هێمەن گڕی بەردایە جەستەم    هەر لە ئەمەک ڕایە، کە دونیاجوانە
دڵە دەی بۆ یادی هێمەن هەرساتێ    شەرتە وەک جەعفەر هەور نەمگاتێ
هەر کاتێ یادی بۆدڵ هاتەژووان    دەست بکەمە ڕۆ،ڕۆ، پەژارەو لەخۆدان
دەست لە ملو گەردنی قەڵەم بئاڵێنم    ئەسرین هەڵرێژم و بەگوڕڕ بناڵێنم
بە دەستی سستو سەری تاساوم    شیعری شین بنووسم هەتاکوو ماوم

پەراوێزا١- ناوی‌شوێن و هەوارو کانیەکانم لە»چلەی هیمنی« شاعیر بیر ناسک و برازای مامۆستاهێمن (جەعفەری شیخول‌ئیسلامی) وەرگرتووەو هەروەها چەند دێرە شیعریشم تێک هەڵکێشی ئەم چامەیە کردوون دیارە چەند ڕۆژێک دوای هەڵبەستنی ئەو چامەیە هەڵبەستەکەم بۆ ناردۆتە کانادا و ئەویش دوای ماوەیەکی زۆر وەڵامی نامەکە و دیوانی، چیا و کۆچ و چەمەری خۆی بە دیاری بۆ ناردبووم.

ماڵپەری گیارەنگ

# هێمن

## ئا: نەسرین ابوبکر

شاعیری نیشتیمان پەروەر ناوی [سەید محمد ئەمینی کوڕی سەید حەسەنی شێخە ئیسلامی موکری]بوو لەبەهاری ساڵی {١٣٠٠}(هەتاوی){١٩٢١}ی (زاینی) لە شەوی جەژنی بەراتدا لە گوندی لاچین نزیک سابڵاخ لەدایک بووە مژێکی لە مەمکی دایکی نەداوەو دایەنێک گەورەی کردووە، ئەلفوبێی لەلای مامۆستا { سەعید ئاکام} فێر بووە، پاشان دەچێتە سابڵاخ بۆ خوێندن،مامۆستا فەوزی دەرگای زانست و زانینی بۆ هێمن کردۆتەوە و ڕێگەی ژیانی پێنیشان داوە تێیگەیاندوە کەرۆڵەی کوردەو کوردیش نەتەوەیەکی بێەش و چارەڕەش و زۆر لێکراوە فێری کرد کەچۆن ولاتەکەی خۆش بوێت و چۆن بنوسێ و چۆن شعر بڵێ حاڵی کرد کە کورد زمانێکی دەوڵەمەندی هەیە و دەکرێ ئەدیبێکی گەورەو دنیا پەسەندی هەبێ هێمن لەسەرەتای شعریدا بە لاسای کردنەوە دەستی پێکردوە بەجۆرێ کەسایەتی خۆی لەنێو شعرەکانی کەم بوو. هێمن شعری تەنیا بۆدەربرَینی ئیحساسی خۆی داناوە و هیچ منەتی نەبوە کە بۆ ئەوانەی کەپێیان خۆشە یان نا چونکە کە شعری بۆ هاتبێ نەیتوانیوە نەیڵێت. هێمن لەدڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزو نیشتیمان پەروەردا کاریگەر بووە کوردی بەرەو خەبات وتێکۆشان لە پێناوی ئازادی و ڕزگارییداهان داوە.هێمن هەر شاعیر نەبوە بەڵکو پەخشان نوسێکی هەڵکەوتو و چیرۆک نوسێکی بە توانا و گەورە بووە.

هێمن ژیانی زۆر خۆشویستوە تالە ١٨ی ئاوریلی ١٩٨٦ ز کۆچی دوای کردوە ولە [مەهاباد] بە خاک سپێردراوە .شاعیر پاش خۆی کۆمەڵێ نەوەی بەجێ هێشتوە کە پڕن لە سۆزو نیشتمان پەروەری .

## [هێمن و ژن]

ژن لە لای شعری هێمن دا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، جوانی ژن ئیلهام دەری شاعیرە سەرانسەری دیوانی هێمن ئەو ڕاستی یە دەردەخات کە وێڕای تەبیعەت وژیان و خەباتی گەل ژنە کە هێمنی بۆشیعر نوسین هان داوە ئەو تابلۆ جوانانەی کە هێمن بۆ ژنی دەکێشێ بەڕاستی جوان و نایابن, ژن بۆ هێمن تەنیا سەرچاوەی ئیلهام نیە هێمن بۆ رزگاری ژن شعر دەڵێ خەبات دەکات دەیەوێ ژن بەر لە هەموو شتێک خاوەن مافی ئینسانی خۆی بێ و زۆر جار دژی زوڵم و زۆرداری لە ژنان دەنگی هەڵهێناوە شعرەکانی هێمن لەسەر ژن نمونەی بەرزی شعری کوردین. لە کۆ مەڵێ شعری دا وەکو {شەنگە بێری}و {پەری شعر}و زۆر شعری تردا مامۆستی خۆی لە هۆنراوە داناندا بۆ ژن دەسەلمێنێت هەروەک لەشعری[یادگاری شیریندا]دەڵێ

لادە چاشێوی ڕەشت بادەرکەوێ کوڵمی گەشت
چون لە قەڕنی ستەما زۆر عەیبە ئەو ڕووگرتنە

هێمن ژنی خۆشدەوێ ,بەڵام لەلای هێمن خەبات بۆ ڕزگاری گەل ,بۆ ئازادی کۆمەڵانی خەڵک لە ژن خۆشەویسترە لە [ئامێزی ژن]دا دەڵێ

بەڵێ سەختە یەگجار سەختە,دووری لەژن,نامرادی
بەڵام لەژن خۆشەویستر لەلای من ئەتۆی ئازادی.

## [هێمنی گەل]

هێمن نەتەوەکی خۆی خۆش ویستووە لەگەڵ ئەوەشدا ڕقی لە هیچ نەتەوەیەکی تر نە بووە، هێمن تەنیا لە دوورە وە دانەنیشتووە وتەماشای ژیان و خەباتی گەل بکات یان بۆ گەل شعر بڵێ هێمن ئەو ئەسڵەی قبوڵ کردوە کە ئەرکی شعری شاعیری گەلێکی زۆر لێکراو تەنیا لێکدانەوەو خستنە ناو هۆنراوەی تەبیعەت و جوانی نیە چونکە شاعیر لەپێشدا ئینسانە ,ئینسانێکە کە هەستی ناسکە و زوو دەجوڵێتەوە چۆن شاعیر بەمانای ڕاستی ئەم وشەیە دەتوانێ بەرامبەر کوێرەوەری و بێبەشی گەلەکەی بێلایەن بێ. هێمن بەهەموو هێزی خۆیەوە بە شعر نووسین هەنگاوی ناوەتە ناو مەیدانی خەبات و تاسەر بەرەو ئاسۆی ڕوون دژی ناحەق و درۆو لەگەڵ هەژاری و کو تیرەوەری گەلەکەی لە خەبات کردن جیا ناکرێتەوە هێمن هەر لــــە سەرەتاوەشاعیری گەل بووە

گەرچی من لە ز نجیرو تەناف و دارو بەند باکم نی یــــە
لەت لەتم کەن بم کوژن هێشتا ئە ڵێم کوردم ئەمن

شاعیری گەل لە ساڵی ۱۹٤۲ز کە کۆمەڵەی [ژ.ک]دامەزرا ئەندامێکی هەرە چالاکی ئەو کۆمەڵایە بوو. وەک خۆی دڵێ کۆمەڵەی[ژ.ک]گۆڕانێکی سەیری بە سەرمدا هێنا شەو و ڕۆژ لە بیری کۆمەڵە دا بووم کە ئەویش ئامانجی ڕزگاری کردنی نەتەوەکەمان بوو,لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مهاباد دەوری دیاری کراوی هەبوو, هەر دەنگی دلێری و شیعری و نووسەری با لادەستی ئەو کۆمارە بوە،

هەر بە شاعری گەل ماوە تەوە هەورازو نشێوی ژیان و خەباتی گەل لە شعرەکانی هێمن دا زۆر جوان دیارە .
هەندێ شیعری هێمن گەیشتۆتە پلەی هەرە بەرزی ئەدەبی کوردییەوە یەکێک لەوانە (کاروانی خەبات)ە.بڕوانە چۆن باسی شەهید بوونی ڕووناکبیرێکی خەبات کەر دەکا:

هەر چوار تەنیشتی گیرا بــوو لەسەنگەرێک دا بەتەنـــێ
ئەو لاوەی بەڵێنی دابـــوو هەتا مردن چەک دا نەنـــێ

فەلسەفەی ژیانی هێمن ئەوەنیە کەدانیشێ لەدورەوە تەماشای ژیان و خەباتی گەل بکا و بۆ خۆی و یان بۆ گەل شیعر بڵێ،چۆن شاعیر بەمانای راستی ئەم ووشەیە،دەتوانێبەرامبەر بەهەژاری و کوێرەوەری و بێ بەشی گەلەگەی بێ لایەن بێ،لەنێوان ڕاستی

درۆدا،لەنێوان ئاهور موزدا و ئەهریمەن،لەنێوان هەق و ناهەق دا ڕاستی هەڵ نەبژێرێ ،بۆیە هێمنی شاعیر لەهێمنی خەبات کەر جیا ناکرێتەوە:

رۆڵەی کوردم فێری هەورازو لێژم
تا زۆر برۆم زیاتر ئارەق بڕێژم
کورتر دەبێ ڕێگای دوورو درێژم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ , بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆکی ڕزگار بوون

## [زمانی شعری هێمن]

زمانی هێمن زمانی کوردی پەتی و جوانە.نە پڕە لەوشەی بێگانە و نە وشـــــەی دەستکردی تێدایە. زمانە کەی زمانی خەڵکی کوردوستانە لە لەبنەڕەتـــــــدا هێمن خەڵکی موکریانە بەڵام بە زاراوەی موکریانی نەی نووسیوە زمانی هێمــــن نمونەی زمان{ستا ندارد}ی کوردیدا تەئسیری هەبووە ئەو جۆرە زمانەی کە هێمن پـــــێی نوسیوە ئەدەبی کوردییە و بێ گومان لە پێک هێنانی زمانی کوردیدا پەسەند کــراوە وهەم نوسەرو شارەزایان لێی تێئەگەن هەم کۆمەڵە خەڵکی نەخوێنــەوار لە زۆربەی شعرەکانی هێمندا ئەوەندە وشەی نەبیستراوی تێدایە کە خوێنـــــەر سەرسام دەبێت و نا چارە بڵێ زمانی کوردی دەوڵەمەندە بەڵام بەداخەوە خزمەت نەکراوە زمانی هێمن سادەو پەتی و ڕەوانە،هەم ئەدیب و نوسەری کورد پێ ی خۆشەو هەم نەخوێندەواری کورد لێ ی حاڵی دەبێ:

## (سروشتی و هێمن)

هێمن عاشقی کێو سروشت و تەلان و بەندەن و بەردی کوردستان بووە تەبیعەتی وولاتەکەی باش ناسیوەو لەگەڵی پەروەردە بووە لە( بەهاری لادێ) (بەهاری کوردستان )(شەنگە بێری ) (فریشتەی پەرییووە)

و زۆر شعری تر نیشان دەدات کەلەناسینی جوانی کوردستان و ناساندنی تەبیعەتیدا شارەزاو مامۆستایە جێگای سەرسوڕمانیش نیە هێمن لەگەڵ تەبیعەتی گەورەبووە و جوانی کوردستان و سروشت و دیمەنەسەرنجراکێشەکانی ئیلهام دەری هێمن بوون بۆ شیعر ،چونکە کەسێک دیمەنی کوردستان و تەبیعەتەکەی بناسێ نەک لەگەڵیشیا تێگەڵاو بێت مایەی سەرنجدان و سەرسوڕمانە بۆیە هێمن بەناحەق نازانێ کە دەڵێ:

بەهەشتە کوردەواری من بەهەشتە

گەرچی تووشیرەنجەڕۆی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن

من لە زنــجیر و تـەناف و دار و بەند بــاکم نیە
لەت لەتم کەن،بـمکوژن،هێشتا ئەڵێم کوردم ئەمن

## ڕقی پیرۆزی

دەمگرێ, وەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوور ترم
لێم دەدا,ئەمما لەسەر داوارەواکەم ســوورترم
دەمکوژێ,ئەمما بە گژجەللا دەکەم دا دێمــەوە
کوردم و نــاتوێمەوە , نــاتوێمەوە ,نــاتوێمەوە

(((نمونەیەک لەشیعرەکانی هێمن)))

چاوەکەم!چاوی ڕەشی تۆ ئافەتی گیانی منـە
گیانەکەم!برژانکی تیژت نوو کە ڕمبی دوژمنە
شیری دەستی شێری ئالایە برۆ ڕاکشاوەکـەت
جەرگی لاوێکی هەژاری کوردی ورد پێ بنـجنە
دیدەکەی بەخوماری تۆ تورکانە بەد مەستی دەکا
بۆیە مەیلی وا بەکێشە و فیتنەو خوێن ڕشتنــە
بەژنەکەت سێدارەیە،کەزیەت تەنافە زووبــە دەی
بیخە ئەستۆی من کەکوردم کورد بەشی خنکانـدنە
زامی جەرگی من بەفەرموودەی گراوی سواری کـورد
مەڵهەمی هەر ژەنگی گوارەو ئارەقی بەر گەردنــە
ئارەزۆمە هیچ نەبێ جارێکی ماچ کەم زاری تــۆ
ئارەزۆی من چووکە،ئەمما تا بفەرمووی شیرینــە
دڵ بەگرمەی تۆپی گەورەی دوژمنیش ڕانەچڵەکـێ
دادە خورپێ ئەم دلە ئەمما بەخرمەی بــازنــە
خەڵکی دنیا ڕازی دڵداری بەبێ تەل پێک دەڵێــن
ڕاسپاردەی لاو و کیژی کوردە ئێستاکەش شــنـە

# هێمن لە دەروونی خەڵکدا دەژی ١٩٢١ - ١٩٨٦

## فەهد گــــردەوانی



بزانە تۆ ئەوەی ئەهلی هونەر بێ

دەبێ یا دەس بەسەر یا دەربەدەر بێ

هونەرمەند و ژیانی خۆش محاڵە

هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە ، ژینی تاڵە

منیش چونکە بڕێک خاوەن هونەر بووم

هەمیشە ڕەنجەڕۆ بووم ، دەربەدەر بووم

١٣٢٦ بابردەڵە {تاریک و روون لاپەڕە ١١٢_١١٤ }

ئەمڕۆ یادی ٢٠ ساڵەی ماڵئاوایی یەکێک لەو ئەستێرە گەشانەی ئەدەبی کوردی مامۆستا هێمن موکریانی یە...هەر لە بواری شیعرەوە بگرە هەتا پەخشان و ووتار نووسین و بواری رۆژنامەگەری دەستێکی رەنگینی هەبوو. قەدەر دەبوایە هێمن تووشی دەربەدەری و ئاوارەیی بکات، بۆ ئەوەی ئازارەکانی بخاتە نێو چوارچێوەی شیعر و پاشان خزمەتی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی پێبکات. ئەوکاتەی تاریک و روون بڵاوبۆوە زیاتر هێمنی بە خوێندەواری کورد ناساند، ئەو گەوهەرەی ژێر دەریای خستە بەرچاوی ئەدەب دۆستان.



پێشەکی‌یە بەنرخەکەی شەهید عەبدولرەحمانی قاسملۆ زانیاری یەکی فراوانی بەخشیەوە دەربارەی ئەو شاعیرە خەمخۆرەی کورد. {{نیوەشەوی سێ ی ڕێبەندانی ١٣٥٢ ــ ٢٤ ی ژانویەی ١٩٧٤ و یەکەمی موحەڕڕەمی ١٣٩٤ لە نووسینەوەی ئەو سەرگورشتە بوومەوە.

ئێستا لە شارێکی دوور وڵات بە تاقی تەنێ لە ژوورێکی رەق و رووق دانیشتووم . تاریک و روون لاپەڕە ٤٤}} ئەو کاتە ساڵی ١٩٧٤ واتە ٣٢ ساڵ لەمەوبەر کە نووسین و بڵاوکردنەوەی کوردی لە کوردستانی ئێران و تورکیا و سوریا بقە بوو.

تاریک و روون ئەو دەست و ئەو دەستی دەکرد و کوردستانی ئێرانی رووناک کردەوە. گەنجەکان بە گۆرانی و ئاواز، شیعرەکانی مامۆستا {هێمن}یان دەگوتەوە. هێمن گڕی شۆڕشگێڕی و تێکۆشانی لە دەروونی ئەو گەنجانە چاند.

خاڵە تاهیر تۆفیق و محەمەد ماملێ هونەرمەندانی هەردەم زیندوو بەو دەنگە بە سوزانەیان شیعرەکانی هێمن یان پەخش و بڵاوەکردەوە و گەیاندیانە مێشکی نەخوێندەوارانی کورد و لە شار و دێی کوردستان دەنگی دەدایەوە.

هێمن شادی خۆی روون کردۆتەوە کە چەند کەیف خۆش بووە خۆی لە ناوە دوور و درێژەکەی رزگار کردووە {{شاعیری هیچ قازانجی بۆمن نەبوو بێ ئەو قازانجەی هەبووە کە ئەو ناوە دوور و درێژەی [سەید موحەمەدئەمینی شیخەلیسلامی موکری] لە کۆڵ کردوومەتەوە. تاریک و روون لاپەرە٣}}. مامۆستا هێمن و مام هەژار ئەندامی کۆمەڵەی {ژ.ک} و جووتە شاعیری کۆمارە رەنگینەکەی کوردستان بوون . {{ناوی نەهێنی حیزبیم (هێمن) بوو و ژمارەی ئەندامەتیم ـ ٥٥ ـ . من هەقم نەبوو هیچ لەوان بپرسم. بەڵام ئەوان ئەوەندەیان موتمانە بەمن بوو، پێم بڵێن هەژاریش ئەندامی کۆمەڵەیە و خۆت لە کن ئەو مەشارەوە ئەوەش بەو ڕادەگەیەنین. تاریک و روون لاپەڕە ٢٠}} هەردوو نووسەر ژیانیان لێتێک چوو و کەوتنە کوردستانی عێراق. بەختی کوردەکانی کوردستانی عێراق بوو، بەو دوو شاعیر و رۆشەنبیر و کوردی زانە شاد بوون، لە بەغدا خزمەتێکی زۆری زمان و ئەدەبی کوردی یان کرد. کوردەکانی کوردستانی عێراق بە چاوی رێزەوە سەیری ئەو بەرێزانەی دەکرد و قوتابییە کوردەکانی دانیشگای بەغدا بەردەوام سەردانی مام هێمن یان دەکرد و لێی نەدەگەڕان هەست بە غوربەت بکات لە بەغدا. من ئەو خەڵاتەم بەرکەوت لە نزیکەوە لە گەڵی دووام جارێک لە سەر خاک و جارێک لە ژێر خاک. مام هێمن کاتێک هاتە هەولێر بۆ بەشداری کردنی کۆڕی ماتەمینی چلەی گیوی موکریانی، گەنجانی هەولێر لە چواردەوەرەی کۆبونەوە و منیش ئەو عاشقەی هێمن بووم، جاری دووەم ساڵی ١٩٩١ لەسەر گۆڕەکەی لە گەڵی دوام و گڵکۆیەکەی لە جیاتی ڕوومەتەکانیم ماچ کرد.



ئەوەندەم یادگاری و دەنگی مام هێمن بیستووە وا دەزانم گەلێک زۆر لە گەڵی ژیاوم. لەگەڵ خوالێخۆشبوو [سەلاح] ی کوڕی مام هێمنیش لە مەهاباد دا بەیەکتر شاد بووین روحی کاکە سەلاحی جوانەمەرگیش شاد. هێمن سوودی لەو چرە تروسکایەی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران لەژێر چاودێری رژێمی کۆنەپەرست و کوردکوژی ئێران وەرگرت و یەکسەر گۆڤاری [سروە]ی{گۆواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی سروە ـ ساڵی یەکەم ـ ژمارە ١ ـ بەهاری ١٣٦٤} خستە بەردەستی کوردەکانی ئەو پارچەیەی کوردستان و خەڵکی فێرە کوردی نووسین و خوێندنەوە کرد. هەر بۆ رازی بوونی دڵی مەلاکانی مێشک تەپیووی تاران ناوی لە دەزگایەکەی نا {ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەیووبی ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی}...جارێکیان بۆم نووسی ئینجا بۆ نابێ خۆتان لەو ناوە دوور و درێژە رزگاربکەن و ناوێکی تری لێبنێن، لە وەڵامدا گوتبووی خۆمان لەژێر ئەو ناوە شاردۆتەوە.. بۆ ئەوەی کورد لە نزیکەوە لە مەبەستی مامۆستا هێمن شارەزابن وا دەقی ئەو نامەیە جارێکی تر بڵاودەکەمەوە کە نەمر مامۆستا کەریمی حسامی ساڵی ١٩٨٧ لە نامیلکەی {یادی هێمن} لە لاپەڕە ٩٢ـ٩٧ بڵاویکردۆتەوە، لەو نامەیە مامۆستا بۆمان روون دەکاتەوە کە گرنگی گۆڤاری سروە لە کوێ یە...ناڵەی جودایی ١٩٧٩ کوردستانی عێراقی رووناک کردەوە و نووسەری گەورە محەمەدی مەلا کەریم پێشەکی یەکی جوانی بۆ نووسی و لە بەغدا چاپکرا{حەمەی مەلا کەریم دەنووسێ: برادەرینە! ئەزانم زۆرتان هێمنتان بەرادەیەک خۆش ئەوێ ناتانەوێ بە هیچ کلۆجێک شتێکی لە

بارەیەوە بنووسرێ بۆنی ڕەخنەگرتنی لێوە بێ. بەڵام منیش هێمنم وەک ئێوە و بگرە زیاتریش خۆش ئەوێ. سەرەڕای شاعیرییەتی یەکەی، من بۆیەشم خۆش ئەوێ چونکە ڕەمزی مەسەلەیەکە کە بە یەکێ لە پیرۆزترین مەسەلەکانی ئەم چەرخەی ئەزانم: مەسەلەی خەبات لە پێناوی ئازادیی نیشتمان و سەربەرزیی هاووڵات و ڕێز لێ گرتنی هەموو ئەو مافانەی ئادەمیزاد دا کە ئەگەر یەکێکیانی لێ زەوت بکرێ وا ئەزانم بەشێکی گەورەی مرۆڤایەتی یەکەی پێ شێل کراوە... هتد نالەی جودایی لاپەڕە٨}.پاشان پاشەڕۆکی مامۆستا هێمن لە خاکەلێوەی ١٣٦٢ هەتاوی لە مەهاباد لەلایەن چاپەمەنی سیبیدیان بڵاودەکاتەوە. وورده ووردەش لە گۆڤاری سروە نووسینەکانی مام هێمن چاوی کوردیان گەش تر دەکردەوە. ناکرێ بڵێم کۆچکردوو چونکە بەرهەمەکانی بۆی بەجێ هێشتووین هەردەم زیندووە و لەدڵی کورد و کوردستاندا جێگای تایبەتی خۆی کردۆتەوە، بۆیە هێمن هەردەم زیندووە. بۆ خەڵکی کوردستانیش ناوی هێمن بووە بە ئەو ناوەی خەڵک بە شانازی یەوە کۆرپەکانیان بەناو دەکەن. هەزار هەزار چەپکە گوڵ بۆسەر گۆڕە پیرۆزەکەت.

**نووسینی: فەهد گـردەوانی ٢٠٠٦/٤/١٧**
**ستۆکهۆڵم**

**سەرچاوە : ماڵپەرەی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٧ی ئەپریلی ٢٠٠٦**



# هێمن شاعیری گەل، ڕۆمانتیک و ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە

حەمید تەیموری

ناوی سەید موحەممەد ئەمین شێخەلئیسلامی موکری یە و نازناوی هێمن. هێمن خۆی دەڵێ:" شاعیری هیچ قازانجێکی بۆمن نەبووبێ ئەو قازانجەی هەبووە کە ئەو ناوە دوورودرێژەی لەکۆڵ کردوومەتەوە".


هێمن موکریانی و د. عەبدولڕەحمان قاسملو – کۆنگرەی 4

ناوی باوکی سەید حەسەنی شێخەلئیسلامی موکری بوو، لە تورەی مەلا جامی چۆڕی بوو کە سێ سەد ساڵ لەوەو پێش هاتۆتە سابڵاخ و بنەماڵەیەکی گەورەی لەو مەڵبەندە پێک هێناوە. دایکی ناوی زێنەب و کچی شێخی بورهان بوو کە ئێستا بنەماڵەیەکی گەورەی موکریانن. یمن بەهاری ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی (١٩٢١ی زایینی) لە شەوی جێژنی بەراتێ لە گوندی لاچین نیزیکی مەهاباد لە دایک بووە.

هێمن لە "تاریک و ڕوون"دا نووسیوویە و دەڵێی:"بابم هەم دەوڵەمەند بوو هەم بە دڵ و دەس بڵاو. چاکی بە خێو دەکردین، پێنچ خۆشک و دوو برا بووین، کاکم و خۆشکێکم لە من گەورەتر بوون. بە منداڵی زۆر تێر و تەسەڵ و کۆک و پۆشتە بووم. بەڵام کوێلە و دیل بووم، کوێلەی ناو قەفەزی زێڕ، کوێلەی ڕێ و شوێنی کۆن. ڕێ و شوێنی بنەماڵەکەمان ئیجازەی نەدەدا من لەگەڵ هاوتەمەنەکانم گاڵتە و گەپ بکەم. چوونکە من کوڕە دەوڵەمەند بووم و ئەوان کوڕە هەژار. من کوڕی شێخ لئیسلامی بە ناوبانگ بووم، ئەوان کوڕی لادێیەکی بێ ناونیشان. من بەروپشت ئەتڵەس بووم و ئەوان کەڕەکرمانچ. من کۆک و پۆشتە بووم و ئەوان ڕووت و ڕەجاڵ. ئاخ... گەورەکانم تێنەدەگەیشتن من چەند پەریشان و کەلەلام، ئەوان نەیاندەزانی بەو کردەوەی خۆیان چۆن هەستی من بریندار دەکەن، برینێک کە دەبێتە گریمانەی ڕرووحی و تا مردن سارێژ نابێ".

هێمن ئەلفوبێی لە خزمەت ماموستا سەعید ناکام خوێندووە. پاشان باوکی ناردوویەتە مهاباد تاکوو لە قوتابخانەی دەوڵەتی بخوێنێ. شاعیر دەڵێی:" لە پێشدا زۆرم پێی خۆش بوو. لە قوتابخانەی "سەعادەت" ناونووسیم کرد. بەڵام کە ڕۆژی هەوەڵ چوومە سەر کلاس تۆقیم و وەختا بوو شێت بم. من مێرمنداڵێکی لادێیی نازدار بووم، لە کوردی بەولاوە هیچ زمانم نەدەزانی و لە مەدرەسەش کەس نەیدەوێرا بە کوردی قسە بکا. من لە ژیانمدا ڕۆژی ڕەش و تاڵم زۆر دیون، بەڵام ڕۆژی ڕەشتر و تاڵترم لەو ڕۆژە نەدیوە کە چوومە مەدرەسە. چوار کلاسم لە مەدرەسەی سەعادەت و پەهلەوی خوێند. هاوینانیش لە گوند لە کن بابم تۆمار و کتێبی ئینشام دەخوێند و لە بەر خەتی ئەمیر نیزامی گەرووسی و میرزا حوسێنی ڕەشەم دەنووسیەوە. ئینشای فارسی باش فێر ببووم و خەتم یەکجار خۆش بوو".

هێمن دەڵێی:" من دەسکردی فەوزیم. ئەو هەڵی وەشاندمەوە و تێکی هەڵشێلام و سەر لە نوێ دروستی کردمەوە. ئەو دەرگای زانین و

فێر بوونی بۆ کردمەوە. ڕێگای ژیانی پێ نیشان دام. بێ گومان ئەگەر نەچووبامە خزمەت فەوزی و لە کن ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەدەبوو کە گرتم و وێی دا ڕۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە. ئەو تێی گەیاندم من ڕۆڵەی کوردم و کوردیش نەتەوەیەکی بێ بەش و چارە ڕەشە و زۆرلێکراوە و دەبێ ڕۆڵەکانی لە پێناوی ڕزگار کردنی دا فیداکاری بکەن و لە خۆبوردوویی نیشان بدەن. ناوبراو فێری کردم زەوقی ئەدەبیم چۆن تیف تیفە بدەم و مشت و ماڵی بکەم. ئەو فێری کردم چۆن بنووسم و چۆن شیعر بڵێم، فێری کردم وڵاتەکەم خۆش بوێ و پێی هەڵ بڵێم. ئەو حاڵی کردم کوردی زمانێکی ڕەوان و بەربڵاوە و دەوڵەمەندە و دەکرێ ئەدەبێکی گەورە و دنیا پەسندی هەبێ. ئەو حاجی قادری کۆیی، نالی، کوردی، سالم، مەولەوی، حەریق، مەحوی، ئەدەب و وەفایی پێ ناساندم و شیعرەکانی ئەوانی بۆ شی کردمەوە. ئەو فێری ڕۆژنامە خوێندن و ڕۆمان خوێندنەوەی کردم. ئەو دیوانی شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی فارسی بۆ پەیدا کردم و هانی دام بیانخوێنمەوە و شتیان لێ فێر بم. بەڵام سوێندی دام قەت بە فارسی شیعر نەڵێم و هەتا بۆم دەکرێ بە کوردی بنووسم. ساڵ و نیوێک لە خزمەت ئەو دا خوێندم".

مەلا ئەحمەدی فەوزی یان مەلای سلێمانی خەڵکی شاری سلێمانییە و لەگەڵ شێخەلئیسلامی گەورەدا لە پێش بابی هێمن دا شێخەلئیسلامی موکریان بووە و هەر لە بنەماڵەی مەلا جامی بووە و هاتۆتە موکریان. پاش مردنی شێخەلئیسلامی ژنەکەی ئەوی مارە کردبۆوە. بۆ خۆی لە ساڵی١٩٤٣-١٩٢٢ دا لە گوندی خاجی کەند مرد و لە خانەقای شێخی بورهان نێژراوە. پێشەوا قازی محەمەدی شەهید شانازی بەوەوە دەکرد کە شاگردی فەوزی بووە.

دایکی هێمن لە مێژ بوو دەیویست ژن بێنێ بۆ کوڕەکەی و بە زاوا بیبینێ، بەڵام شاعیر ملی ڕانەدەکێشا و نەدەچووە ژێر بار. خۆی بە خوێندەوار دەزانی و پێی وابوو هەق نیە دایک و بابی ژنی بۆ بێنن. بۆ خۆشی لە هەڵبژاردنی دەزگیراندا دڕدۆنگ بوو و هەتا گەورەتر دەبوو ئەو دڕدۆنگیە زیادی دەکرد. لەو دوایانەدا هاتبووە سەر ئەو خەیاڵە کە ئەسڵەن ژن نەهێنێ و بە ڕەبەنی بمێنێتەوە. سەرئەنجام دایکی برازایەکی خوێ کە کچی پیاوێکی بە دەستەڵات و دەوڵەمەند بوو بۆی خواست کە بە قەولی خۆی نە دیبووی و نەدەیناسی. ئەوەندەی دەزانی کورتە باڵایە. ڕۆژی ٢٥ی خەزەلوەری ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦ی زایینی) بووکیان بۆ دابەزاند. دیارە ئەو پەری ناسک و نازدار و شۆخ و شەنگ و جوان و چەلەنکە بوو کە خەیاڵی شاعیرانەی من بە شوێنی دا دەگەڕا و هێشتاش تووشی نەبووە. بەڵام زۆر زوو توانی خۆی لە دڵی مندا جێ بکاتەوە و وا لە خۆی بکا کە لە قووڵایی دڵمەوە خۆشم بوێ و ببێ بە یاری هەمیشەیی و خەم ڕەوێنی ڕۆژانی تاڵ و تفتی ژیانم. بیست و سێ ساڵ پێکەوە ژیاین و لە پەنای ئەودا هەستم بە حەسانەوە کرد. تاقە کوڕێکمان بوو ناوم نا (سەلاح).

دوای ڕۆخانی کۆمار و خۆشاردنەوە و دەربەدەری و ژیانی پڕ لە کارەسات و تراژدی، شاعیر دەڵێ:" لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی دا سەر لە نوێ تێ هەڵچوومەوە و هاوکاری ئازادیخوازانم دەست پێی کردەوە، دەستەیەک ڕەفیقی تازە و تێی گەیشتوو ڕووناکبیرم پەیدا کرد، لە باری هونەریشەوە شیعرەکانم نەک هەر باشتر بوون بەڵکوو بە بڕوای خۆم تێیان پەڕاند". هەروەها مامۆستا هێمن دەڵێ:" لە ساڵی ١٣٤٤ی هەتاویدا لاوێکی یەکجار خۆشەویست و خزمێکی زۆر نیزیکم کە لە دەرەوەی وڵات دەژیا و دەیخوێند و هیوایەکی زۆرم پێ هەبوو مرد، ئەو ڕووداوە زۆری پەریشان کردم. هێندەی پێی نەچوو لە سەفەردا بووم کە خەبەری جەرگ بڕی مردنی بابمیان دامێ. دوو ساڵ پاش دایکیشم مرد".

هێمن دەڵێی:" شیعریشم تەنیا بۆ دەربڕینی ئیحساسی خۆم داناوە و هیچ هەقم نیە منەت بە سەر گەلی کورد دا بنێم. ئەوان پێیان ناخۆش بێ یان خۆش من کە شیعرم بۆهات ناتوانم نەیڵێم".

## هێمن، شاعیری گەل

نەمر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە وتارێکدا کە بۆ پێشەکی "تاریک و ڕوون"ی نووسیووە دەڵێی:

"ئەورۆ هەر کەس لە ئەدەبی کوردی شارەزا بێ، ناوی هێمنی بیستووە. شیعرەکانی خوێندووەتەوە و بێگومان دەزانێ کە هێمن یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کوردی سەردەمی ئێمەیە... شیعرەی هێمن لە ناو کۆمەلانی خەڵکی کوردستاندا بڵاو بووەتەوە و لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر کاریگەر بووە و ئەوانی بەرەو خەبات لە پێناوی ڕزگاری گەلی کورد دا هان داوە... هێمن لە شیعری خۆیدا... لە مافی خوراوی گەل دیفاع دەکا، ئارەزووی ئەوەیە کورد هەرچی زووتر لە ستەمی نەتەوایەتی ڕزگاری ببێ... هێمن نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێ، لەوەش زیاتر نەتەوەی خۆی دەپەرەستێ... هێمن تەماشاچی نیە و ناتوانێ بە تەماشاچی بمێنێتەوە. بە هەموو هێزی خۆیەوە، بە شیعر و بە نووسین هەنگاو ناوەتە ناومەیدانی خەبات و تاسەر بەرەو ئاسۆی ڕوون تا ترۆپکی ڕزگار بوون یاریدەی گەلی خۆی دەدا. هێمنی شاعیر لە هێمنی خەباتکار جیا ناکرێتەوە... شیعرەکانی پڕە لە هیوا و ئاوات بۆ سەرکەوتن و نیشتمانپەروەران بۆ تێکۆشان هان دەدا... شیعری کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕی چ لە باری ناوەڕۆک و چ لە باری شێوەوە، گەیاندووەتە پلەیەکی بەرزی ئەوتۆ کە کەمتر شاعیری کوردی گەیشتووەتێ... هێمن شاعیرێکی ڕیئالیستە، ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی دا بەتەواوی بەر چاو دەکەوێ... هێمن دەیەوێ ژن بەر لە هەموو شتێک خاوەنی مافی ئینسانی خۆی بێ و زۆر جار دژی زۆرداری و بێ حورمەتی نیسبەت بە ژن دەنگی خۆی هەڵ دێنێ... زمانی هێمن نموونەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوردییە و بێگومان لە پێک هێنانی زمانی پەسەند کراو (ستاندارد)ی کوردی دا تەئسیری هەبووە. هێندێ شیعری هێمن گەیشتووەتە پلەی هەرە بەرزی ئەدەبی کوردی. ئەوەی هێمن لە سەر گۆران دەیڵێ لە سەر خۆشی ڕاستە: تاکی لە جوانی پەرەستیدا کەمە، وشە لە دەستی دا وەک مێو وایە، دڵ تەڕە، خۆش خەیاڵە و ناسک بینە، بە هونەرەو شارەزا و وشە ڕەنگینە".

کاکەی فەلاح شاعیر و نووسەر و گەورە پیاوی وڵاتەکەمان لە لاپەڕەی ڕۆژنامەی هاوکاری چاپی بەغدا دا لە سەر هێمن دەنوسێ:" هێمن موکریانی شاعیری کوردپەروەر و مرۆڤ ویست و جوانی پەرەست و ئاوارەمان، یەکێکە لەم شاعیرە هەڵکەوتوانەی ئەم سەردەممەمان کە وەک بلبلێکی خۆش خوێن بە سەر لقی بەرزی هونەری شیعری کوردی یەوە بەستەی بە سۆز بە سەر ئاوات و هیوای دوا ڕۆژی کورد و خەبات و جوانی و ئاوارەیی دا دەخوێنێ. ئەگەر بڕوانینە سەرجەمی شیعرە سیاسییەکانی، ئەبینین گەوهەری بڕوا بە سەرکەوتنی کورد لە دوو توێی هەموو بەیتەکانا ئەدرەوشێتەوە تەنانەت لەو بەیتەشدا:

"تا بە داسی دەسی ئەو پاڵە بە کارەی کوردی دڕک و داڵی سەرە ڕێ گشتی نەدروێن دەگریم" وەنەبێ تەنیا بریتی بێ لە خەم و گریانێکی بە کوڵ، یان هەڵوێستی لا تەریکی بێ بەرامبەر چینە زەبوونەکان، ئەم شیعرە جگە لەوەی کە گەرمەشینێکی بە سۆزە و چەند تابلۆیەکی بلێسەدارە هەستی شاعیر و بڕوای شاعیرمان بە سەر کەوتنی کورد وەک ڕۆژی ڕووناک پیشان ئەدات، شاعیر وەک هونەرمەندێکی خاوەن بڕوا لەم شیعرەدا تەواو وەستایانە ئەرکی شاعیرانەی خۆی بە

جێی هێناوە".

هێمن تووڕە بوو، دڵ ناسک بوو، قسە خۆش بوو. لە ئەدەبی فارسی دا فرە شارەزا بوو، زۆری خوێندبوو.

هێمن لەگەڵ ئەوەشدا کە لە پێهەڵاگوتن و لە باسی جوانی دا دەستێکی باڵای هەبوو، بەڵام ئەو ئەرکی ڕوون کردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و هاندان بەرەو خەبات و تێکۆشان و ئەرکی زیندوو کردنەوەی ڕێبازی حاجی قادری کۆیی وەئەستۆی خۆ گرتبوو. شاعیر و نووسەری نەتەوەیەک کە لە دواییەکانی سەدەی بیستەم دا لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بێ بەش کرابێ، شاعیری نەتەوەیەک کە لە ژێر ستەمی نەتەوایەتی و مەترسی تواندنەوەدا پشتی چەما بێ، چۆن دەتوانێ تەنیا بە بەژن و باڵای جوان و نازدار و لە بار هەڵا بڵێ؟ چۆن دەتوانێ لە دنیای بیرو باوەڕی ڕاڕایی و وازوازی دا بسوڕێتەوە و گەڕ بخوا. چۆن دەتوانێ چوونکە "شاعیر و ئەدیبە" بە لای سیاسەتەوە نەچێ، چوونکە شیعرەکەی ناسک و بە سۆز نابێ. چوونکە ئەدیبە، نابێ کاری بە چەوسانەوەی نەتەوەکەی هەبێ. چۆن دەتوانێ لە بەر ئەوەی شاعیرە نابێ باسی سیاسەت و نیشتمانپەروەری بکا. تەنیا شیعری بۆ شیعر بوت و هونەری بۆ هونەر، هیندێک قسەی بێتام و وشەی قوڵمبەو کەس تێ نەگەیشتوو بە ناوی شیعر بە دوای یەکدا ڕیز بکا. هێمن لەوانە نەبوو ئەویش لە باسی جوانی و دڵداری و ئەڤین و جوان پەرەستی دا وەستا بوو. بەڵام دەیگووت:

جیا بوونەوەت دەردە، بەڵام تۆش دەزانی تامی نیە
ژوان و شەو ڕاوو دڵداری، ڕازو نیازی بە دیلی

هێمن لە هۆندنەوەی وتووێژی کچ و کوڕدا، قۆناخی ژیانی کوردەواری نیشان دەدا. خۆشەویستی و دڵداری کچ و کوڕ، لە بەرانبەر خەبات و تێکۆشان دا دەخاتە پلەی دووهەم و دەڵێ:

"کچ: دیلی، ژێردەستی، ئەسیری تاکەی؟
ڕووتی، نەداری، فەقیری تاکەی؟
وەرە مەیدانێ لە ڕێی نیشتمان
بکە قوربانی، سەر و ماڵ و گیان
کوڕ: کچی هەموو کەس ئیمڕۆ سەر بەستە
هەر حەقی کچی کوردە پێ پەستە
لە گوێن (ژاندارک) هەستە وەک مەردان
دوژمن وەدەر نێ لە خاکی کوردان"

شاعیر لەو کاتەدا کە بە شێوەیەکی وەستایانە برژانگی تیژ و بڕۆی ڕاکشاو و بەژنی بەرز و خرمەی بازنە، دەکاتە نێو ئاخن، کوێرەوەری و بەشداری کیژی کوردیش لە کارو زەحمەت کێشاندا نیشان دەدا و کیژی کورد بۆ ڕاپەڕین و خوێندن و فێر بوونی زانست و فڕێ دانی پەچە و چارشێو هان دەداو دەڵێ:

"کوێلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست
ڕاپەڕە هەستە لە خەو، ئاخر چ وەختی خەوتنە
دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە
چاری دەردەی کوردەواری، خوێندن هەر خوێندنە
با هەزار (زێ) و (گادەر) و (لاوێن)ی ڕوونیشمان هەبێ
تاکوو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لێخنە"

ئەگەر بە وردی بڕوانینە ئەم کۆمەڵە شیعرە سیاسیانەی کە شاعیر لەو ماوەیەدا خەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی و کۆمارە ساواکەی مهابادی کردووە، دەبینین هێمن بە زمانێکی سادە و ساکاری ئەوتۆ ئاگر خۆشکەری خەباتی نەتەوایەتی و جۆشهێنەری هەست و هۆشی کۆمەڵانی خەڵک بووە. تا ڕادەیەکی باش ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەی بۆ ئەو ڕۆژگارە هێناوەتە دی و وەک تۆویک لە دڵ و ویژدانی خەڵک دا چاندوویە.

هێمن پاش تێکچوونی کۆماری دیموکراتی کوردستان و ئیعدامی پێشەوا، تووشی دەربەدەری و ناهومێدی دەبێ و لە شیعری "ڕۆژگاری ڕەش"دا بە پەرۆشەوە باسی تێشکان و لێقەوماوی دەکا و ڕووکاری ڕاستەقینەی ژیانی ئەو ڕۆژە نیشان دەدا و دەڵێ:

"وەپاش کەوت خەباتمان، داگیراوە وڵاتمان
تێ پەڕی ڕۆژی هاتمان، ڕووخا کۆشکی ئاواتمان
لە سەقز و لە بۆکان، شین و شەپۆڕە و گریان
تێکۆشەر لە دادران، قارەمان لە ناو بران
پۆلی جوان و نەشمیلان، دەستەی دەستماڵ تەنزیلان
ئەو ساڵ ناچن بۆ دیلان، ئەنگە دیلان بۆ دیلان"

هێمن لەم شیعرەدا لەگەڵ بولبول دەبێتە هاودەرد و ژان و پەژارەی خۆی بۆ دەردەخاو کوڵ و کۆی دڵی خۆی بۆ هەڵ دەڕێژێ:

" منیش ئەی بلبل بەندیی وەکو تۆم
وەها دورم لە هێلانەیە وهوڵی خۆم
منیش هێلانەکەم لێکراوە خاپور
ژیانم پڕ لە دەرد و ڕەنج و داخە
ئەوە گیرساومەوە لەو کێو و شاخە"

بەڵام هێمنی شاعیر لە سەر ئەم حاڵەش ورە بەر نادا و واز ناهێنێ و مەیدان چۆڵ ناکا.

" هەتا دوژمن نەگەوزێنێ لە خوێنم
دەخوێنم بۆ گەلی خۆم هەر دەخوێنم"

هێمن وەعدە و بەڵێنی خۆی بردە سەر و هەتا دوا هەناسەی بۆ گەلی خۆی خوێندی و نووسی و هاواری کرد.

ساڵی ١٩٥٩ لە سەرانسەری کوردستان ئازادیخوازانی کورد دەکەونە بەر پەلامارو تووشی زیندان و ئەشکەنجە و دەربەدەری دەبن. مامۆستا هێمن لە سەرگوزەشتەی خۆیدا دەنووسێ:

" منیش لەو سەر دەمەدا توشی نەخۆشییەکی ڕۆحی هاتم. نائۆمێدیەکی ڕەش ئاسۆی ژیان و بیرکردنەوەی داگرتم. ئەو ناهۆمێدیە زۆر جار تا حاڵی خۆکوشتن پاڵی پێوەنام". شاعیر لەم قۆناخەدا شیعرەکانی "بۆسەی ڕۆژگار"، "چارە نووسی شاعیر"، "جۆلانە"، "ماچی شیرین"، "هێلانەی بەتاڵ" و "گلێنەی شاعیر" دەهۆنێتەوە کە دیاردەی قۆناخی ژیانی شاعیر و خەباتی گەل نیشان دەدەن:

" ڕۆژگاری سپڵە بۆ من بۆسەیەکی نایەوە
نەمدی هەر تیرێکی دەی هاوێ بەرەو سینەم نەبێ
خۆم دەسوتێنم هەتا بەزمی خەڵک ڕۆشن بکەم
کێ لە ڕێی خەڵکا وەکو شاعیر دەسووتێ شەم نەبێ"

لە چارە نووسی شاعیردا دەڵێ:

" دەزانی بۆچی من هێندە پەریشان و خەفەت بارم
لە بازاڕی ژیان غەیری هونەر نیمە چ سەرمایە
لەگەڵ چارە ڕەشی و دوورە بەشی و نگبەت دەبێ هەل کەم
لە مێژە چارە نووسی شاعیرانی کوردی هەروایە"

لە ماچی شیرین دا دەڵێ:

" لە گۆشەی بێکەسی دا ئێستە وا دڵ تەنگ و خەمبارم
نیە باکم ئەگەر ماڵم بە جارێکی بە قوڕدا چێ
بەشی کوردێکی زانا لەو وڵاتە مەنەت و دەردە
ئەوەی نەت ویست بڵێ ڕەببی بە دەردی کوردی زانا چێ"

شاعیر لە بەستەی "ناسۆری تەشەنە"دا دەڵێ:

" تەشەنا بۆتەوە ناسۆری دەروونم دیسان
زامی کۆنە و بەمەی کۆنی دەبێ مەڵحەم کەم
ئێستە بۆ چاری خەمم گۆشەی مەیخانەیە جێم
من کە ڕۆژێک دەمەویست میللەتەکەم بێ خەم کەم
چۆن نەبەم بۆمەی و مەیخانە پەنا، تێ گەیوم
لەم وڵاتە هەموو شت زۆرە، بەنی ئادەم کەم"

پاش ساڵی ١٩٦٨ خەباتی گەلی کورد و ژیانی شاعیری مەزنی کورد پێ دەنێتە قۆناخێکی تازەوە. شیعرەکانی "مەتەریزی شەرەف، شەنگە بێری، ئامێزی ژن، شەپۆلی تۆڵە، ترۆپکی ڕزگاری، گاوو گەردوون، شەو وشەیتان، ئارەق و تین، فرشتەی پەڕیوە، کاروانی خەبات، دەستکەوتی خەبات بەرهەمی ئەدەبی ئەو قۆناخەن کە خەباتی گەلی کورد و ژیانی ماموستا هێمنی ڕەحمەتی پێدا تێ پەڕیوە.

هێمن لە ژیانی دا دە جاری دراو نەژماردووە. ئەگەر ژماردبێشیتی هەڵەی تێدا کردووە، سەیر ئەوەیە کاتێ باسی ئابووری و ئیقتساد و ئەو شتانەش دەکرا زۆر ماموستایانەش لێی دەدوا و بە ڕاستی تێیدا شارەزا بوو. لەگەڵ ئەوەدا کە وەکوو خەیاڵی شیعرەکانی قووڵ و مەند بوو. وەکوو زمانی شیعرەکانی ساکار بوو. بە کورتی بیبڕمەوە، هێمن توابۆوە لە شیعردا، لە وشەی کوردیدا، لە "دەردە کورد"دا لە "ناڵەی جودایی"دا بۆ نیشتمانە پارچە پارچە کراوەکەی، لە "شیوەنی ئینسانی"دا بۆ هەموو زەجر دیتووانی دنیا و بە مانای تەواوی وشە، ئینسان بوو، سەرەڕای ئەوەی کە شاعیر بۆ خۆی دەیووت:" من شیعرم تەنیا بۆ دەربڕینی ئیحساسی خۆم گوتووە..." بەڵام چوونکە بە تەواوی لە نێو دەردو مەرگی خەڵکدا توابۆوە، شیعرەکانی شیعری خەڵک بوون. تەنانەت شیعرە دڵدارییەکانی، شیعری هەموو کوڕە حەیران و کچە گاوانێکی کوردەواری بوون. کەوابوو هێمن شاعیری گەل بوو، شاعیری کۆمەڵانی هەراوی خەڵک و هەژاران بوو، پەرۆشی گەلەکەی دەیشێواند و شادی گەل فرمێسکی خۆشی پێ دەباراند.

هێمن بە تەواوی هەست و نەستەوە وەها دنیایەکی شاعیرانەی ڕسکا و لە جیهانی دەرەوە دەخولقێنێ کە زۆر جار جیهانی واقیع دەسەر جیهانی زەینی خۆی دەگێڕێ و قوربانی دەکا. بۆیە دەتوانین بڵێین کە هێمن هێندێ جار شاعیرێکی ڕۆمانتیک و ئارمانجخوازە. بەڵام بەم پێوانە کە شیعر وێنەییەکی تیف تیفە دراوی جیهانی دەرەوە بێ لە مێشکدا و شاعیر بتوانێ بەو پەڕی شارەزایی و لێهاتوویی لە ناوەوە دنیایەکی جوانی هەست پێکراو بخولقێنێ کە وێنەکان قرپۆک و بیژۆک و نقوستان نەبن، ئەوا لێرەدا هێمن شاعیرێکی ڕیالیستە کە بە باشترین شێوە و جوانترین وشە لە پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و ئینسانی سەردەمی خۆی، جیهانێکی شاعیرانەی هەستپێکراو دەرسکێنێ. بێ پێزترین شیعری ئەگەر پیاویش حاڵی بە حاڵی نەکا، لانی کەم چەشنە چێژێکی هەر پێدەگەیێنێ.

لە شیعری هێمن دا شکڵ و شێوە و کاکڵ وئێوەڕۆک وەها بەیەکەوە دەرسکێن و یەکانگیر دەبن کە یەکیەتیەکی فکری و واتایێ پێکدێنن و بە تێکراییش چەشنە جیهانێکی زەینی تایبەتی کە لە جیهانی واقیع گەلێک شاعیرانەتر و ڕازاوەتر دەخولقێنن:

" بۆت نووسیووم، بۆت بنووسم ئەمن چیم
دوندی قەندیل و گۆڕەپانی هەڵگورد نیم
بەرەو بەرزایی دەچم گەرچی وردم
خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کوردم"

هێمن لە دوای خۆی یادگارێکی زۆر گرنگی بە جێی هێشتووە بۆ بەرەی داهاتوو کە ئەویش گۆڤاری "سروە"یە کە گۆڤارێکی وەرزانەیە. ئەم گۆڤارە پەرەدەدا بە فەرهەنگ و کولتوری کوردی و بێ بڕانەوە هەر بەردەوامە. هێمن لە یەکەم ژمارەی "سروە"دا ئاوا دەڵێ:

هەمیشە دەرد دەبینم، دەرد دەبینم
درۆی دوژمن دەهوێ نامەرد دەبینم
مەگەر زەردایی ناکەن چاوەکانم
کە ڕەنگی نەوبەهارێ، زەرد دەبینم"

مامۆستا هێمن دەڵێ لە نێو فەرهەنگی ناودارانی کورد دا بنووسن:" هێمن شاعیرێکی لادێی کورد بووە کە فەرهەنگی میللەتەکەی خۆی لە چوار چێوەی شیعردا بە خەڵک نیشان داوە. من بۆ خۆم پێم وایە هونەرێکی دیکەم نییە(جگە لەوەی) کە ژیانی میللەتەکەی خۆم نیشان دەدەم، ئەوەندەی توانیبم، ئەوەنەی شیعر ئیجازەی دابم، ئەوەندەی توانای شاعیریمدا بێ... من بۆ خۆم پێم وا بوو ئەگەر لە وڵاتێکی پێشکەوتوو دا بام نووسەر دەبووم، لە پێش وەیدا شاعیر بم". بە لای (هێمن) ەوە شیعر کوڵ و کۆ و هەستی دەروونی ئینسانێکە، لە هەر یەک لە حیسسەکانی ئینسانییەوە، یانی چ لە حاڵی شادیدا، دەربڕینی ئەم هەستە دەبێتە شیعر، چ لە حاڵی ناخۆشیدا، کە بەداخەوە من بە شاعیری غەم مەشهوورم، چوونکە ژیانیشم هەر سەرتا سەر پڕ بووە لە غەم و داخ، و ئەویش هەر ئیلهامم لە نەتەوەکەم وەرگرتووە".

لە باری ژنەوە هێمن دەڵێ: ژن کەلیمەیەکی دژی پیاوە. کەوا بوو ژن هێندەی کەلیمەکە ناسکە، هێندەش بۆ خۆی لە لای من ناسکە... بەڵام بەو حاڵەوە بە لای منەوە موحتەرەمە". یان دەڵێ:

"بە ڕیشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەماڵی تۆ
ئەدی بۆچی دەیانکوت دار کە پیر بوو تازە دانایێ".

### لە ئامۆژگارییەکانی مامۆستا هێمن

یەکێک کە زەوق و چێشگەی شیعری لە دەرووندا هەبێ، ئێمە چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ ئەو شیعری خۆی هەر دەڵێ. بەڵام بۆ ئەوەی کە ببێتە شاعیرێکی باش، تەنانەت من پێی بڵێم: شیعر مەڵێ، نابێ بە شاعیر! ئەگەر بەڕاستی هەوبێ (جۆهەری هونەری تێدا بێ)

بۆ خۆشی گوێی لە قسەی من بێ، شیعر گوێ ناداتە کەس و یەخەی بەرنادا. ئەو تووند گوتنە دەبێتە هۆی ئەوە کە زیاتر خۆی ماندوو بکا و شیعری باشتر بنووسێ. ئەگەر هەویش نەبێ، با لە ئێستاوە لە خۆڕا خۆی ماندوو نەکا و خەریکی شتێکی تر بێ.

هەر کات لە ماڵ وەدەرکەوتن، لە دەرەوە خەیاڵی شیعرێک هەڵی گرتن و ڕێگای هاتنەوەی ماڵتان لێ تێکچوو، بزانن کە بوونەتە شاعیر. هەر کوردێک کە بیهەوێ ببێتە شاعیر، دەبێ بەر لە هەموو شتێک دەست لە گیانی خۆی بشوا.

قەت بۆ خۆتان وەدوای شیعر مەکەون، با ئەو وەدواتان بکەوێ. بەڵام بۆتان هات، لە هەر کات و شوێنێک بێ، بە باوەشی گەرمەوە وەریگرن. کیژی شیعری ئەوەندەی کە بەناز و سووک و سڵە، ئەوەندەش دڵ ناسکە. یەک جار دێ و نایەتەوە.

## خاڵە لاوازەکانی مامۆستا هێمن

**یەکێک لەو خاڵە** لاوازانەی مامۆستا هێمن کە زۆر زەق و بەرچاوە ئەوەیە کە هۆنراوەی بۆ کوڕی گەورەترین دیکتاتۆری ئێران واتە بە بۆنەی لە دایک بوونی وەلیعەهدی کوڕی حەمە ڕەزا شای ئێراندا وتووە. ئەو حەمە ڕەزایەی کە سەرەک کۆمارێکی کورد و هاوکارەکانی لە سێدارەدا. ئەو سەرەک کۆمارەی کە نازناوی شاعیری گەلی بە مامۆستا هێمن بەخشی. ئایا لە دایک بوونی کوڕی دڕندەیەکی وەها کە ئەویش ئێستاشی لەگەڵ بێ دەدان بە خێری کورد دا نانێ و لە باوکی دڕترە شیاوی ئەوەیە کە بە بالایدا هۆنراوە بهۆنیتەوە؟ ئەویش کەسایەتییەکی وەکوو مامۆستا هێمن کە لە نێو جەرگەی خەباتی میللەتەکەیدا شان بە شانی هەواڵەکانیدا ڕاپەڕی بوو.

**خاڵێکی لاوازی تری** مامۆستا هێمن ئەوە بوو کە لەو کاتە ناسکەی شۆڕشدا پشتی کردە شۆڕش و خۆی تەسلیمی کۆماری بە ناو ئیسلامی ئێران کردەوە کە بۆ ماوەیەکیش لە بەندیخانە دا مایەوەو کۆماری ئیسلامیش دژی ڕێکخراوە کوردستانیەکانی کوردستانی ئێران کەڵکی نەرێنیان لێ وەرگرت. ئەویش ئەوە بوو کە فلیمیان لێ گرت بوو کە دژی شۆڕشی کوردستان قسەی بۆ لاوان و سیاسیە بەندیەکان کردووە و ئەوانی لە شۆڕشدا دڵسارد کردوەتەوە. دیارە ئەو نەوارە ڤیدیۆییانە لە بەندیخانەکانی شارە جۆراو جۆرەکانی کوردستان پیشانیان داوە و کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێوەر گرتووە. ئەمەش لە خۆی دا زەربەیەکی کاریگەر بووە بۆ خەباتی نەتەوایەتی گەلی کورد لە بەشی کوردستان ئێراندا.

**خاڵی سێهەم** کە زۆر دیارە و لە باری فیزیکی و دەروونیەوە کاریگەری لە سەر مامۆستا هێمن هەبووە گرفتی ئاڵکۆڵ بووە. ژیانی مامۆستا هێمن بەتەواوەتی بە خواردنی ئەڵکۆڵەوە بەند بووە. بەداخەوە خواردنەوەی ئەڵکۆڵ کاریگەری زۆری بە سەر مامۆستا هێمن هەبووە و تەنانەت تووشی دەیان کارەساتی ناخۆشی لە ژیاندا کردووە.

**خاڵێکی سەرنج ڕاکێش** کە دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە کە لە ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ئاوریلی ٢٠٠٦ سمینارێک لە سەر مامۆستا هێمن لە (ABF)ی شاری ستۆکۆڵم پێکهات کە چەند کەس لە سەر کەسایەتی و شیعرەکانی مامۆستا هێمن قسەیان کرد. لەو سمینارەدا کەسێک لە سەر شیعرەی "بەهاری بێ خەزان"ی مامۆستا هێمن قسەی کرد و وتی گوایا ئەو شیعرە مامۆستا هێمن نەینووسیووە. ئەمن بۆ خۆم لەو باوەڕدا نیم کە وابێ، چوونکە ئەو هەڵبەستەی مامۆستا هێمن لە ساڵی ١٩٦٢ بە بۆنەی لەدایک

بوونی کوڕی دیکتاتۆر دانراوە. ئەگەر ئەو هەڵبەستە مامۆستا هێمن نەینووسیبا لە ماوەی ئەو ٢٤ ساڵەی دواییدا مامۆستا هێمن لە سەری دەنووسی و دەیوت ئەو هۆنراوەیە من نەمهۆنیوەتەوە. شتێکی تریش کە پشت ڕاستکەری ئەو بەڵگەیە ئەوەیە کە مام هەژاری شاعیر و هاوڕێی هێمن نامەی بۆ مامۆستا هێمن نووسیووەو بۆ دانانی ئەو شیعرە سەرکۆنەی مام هێمنی کردووە. ئەی ئەگەر مام هێمن ئەو شیعرەی نەنووسیووە بۆ وەڵامی مام هەژاری نەدایەوە کە بۆ دانانی ئەو هۆنراوەیە هەم سەر کۆنەی کردووە و هەم لێشی توورە بووە. ئەو کەسە کە لە سمینارەکەدا ئەم قسانەی دەکرد، گوایە لەبەر ئەوە شاعیری ئەو هەڵبەستە ئێستا لە سابلاخ دەژی و با لە بواری ئاساییشیەوە نەکەوێتە مەترسی ناوەکەی ئاشکرا نەکرد. ئەوەش ڕاست نیە، چوونکە ئەو کەسە سبەی دەمرێ و پاش خۆشی گەر لە سەری بنووسن، ئەی کێ وەڵامی ڕاست و ناڕاستی ئەو کێشەیە بداتەوە؟!

### ئەنجام

محەمەدی مەلا کەریم لە پێشەکی "ناڵەی جودایی"دا لە هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی هێمن بە گشتی و لاوازی و هێندێ شیعری هێمن دەنووسێ:" ئەگەر لە هێندی شیعری هێمن دا لاوازییەک بەدی بکەین، ئەبێ بزانین هێمن کوردە و کوردەواریش لە فێر بوونی دەس نوێژ گرتن و نوێژ کردنەوە بیگرە تا دەگاتە پێکەوە نانی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و بلاوکردنەوەی هۆشیاریی نیشتمانی و نەتەوەیی و چینایەتی، هەمووی هەر لە شیعر ویستووە و ڕووی دەمی بۆ شیعر کردووەتەوە، یان هەر هیچ نەبێ شیعری بۆ هەموو ئەم مەبەستە دوورو درێژ و بەدەرەتانە خستۆتە کار. هێمنیش لەگەڵ ئەم ئەرکانەدا یەکێ بووە لەو شاعیرە کوردانەی کە بۆ کۆمەڵی کوردەواریان نووسیووە. شۆڕە کچی شیعری لە پەنجەرە و دوو دەری بەرزی باڵەخانەی دوور لە پاڵەو ڕەنجبەرانی نەتەوە و وڵاتەکەی دا ڕانەگرتووە، بۆ خۆی تا لەوێ لە ئامێزی گرێ و دەس لەملانی بێ. لەگەڵ خۆی دایگرتۆتە خوارێ بۆ ناو خەڵک، بۆ بەشداری لە تاڵ و سوێری ژیاندا تا ئەگەر ئەمڕۆش گوڵاڵە سوورەی ڕوومەتی ئەم لەبەر ئارەقەی ڕەنجکێشانی بژاکێ، گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی شیعری کوردستانی سبەینێمان هەمیشە هەر گەش بێ و سیس بوون نەزانێ.

جا لە بارێکی ئالە باری وەک ئەوەدا کە هێمن و هێمنەکانی هەموو لایەکی وڵاتەکەمان شیعری تیا ئەڵێن، بەهرەمەندی هەنەرمەند لەوە دیاری ئەدا کە چەند ئەتوانێ ئەرکی سەر شانی خۆی بەرامبەر بە هونراوەکەی و بەرامبەر بە کۆمەڵیش لە یەک کاتدا لە کارێکی هونەریدا بخاتە یەک و نەهێلێ هیچ کامیان ببن بە کۆسپ لە ڕێی ئەویاندا، یا هیچ نەبێ یەکێکیان ئەویان بکا بە ژێر پێوە... من لام وایە لەم تاقی کردنەوە قورسەدا هێمن لە زۆر بەشیدا گرەوی سەرکەوتنی بە باشی بردۆتەوە". لەوەش زیاتر کاک محەمەدی مەلا کەریم، هێمنی بە ڕەمزی مەسەلەیەک زانیوە کە یەکێ لە پیرۆزترین مەسەلەکانی ئەم چەرخەیە. مەسەلەی خەبات لە پێناوی ئازادی نیشتمان و سەر بەرزی هاو وڵات و ڕێز گرتنی هەموو ئەو مافانەی ئادەمیزاد. بەڕاستی کاک محەمەد زۆر باشی بۆ چووە، مامۆستا هێمن لە هەر دوو بارەوە واتا لە بارەی هونەری جوانی و ناسکی شیعر و لە بارەی دەردی کۆمەڵ و خەباتی سیاسی و تەنانەت چینایەتیش، گرەوی سەرکەوتنی بردۆتەوە.

مامۆستا هێمن لە ١٧ی ئاپریلی ١٩٨٦ کۆچی دوایی کردو ئەمەش بیست ساڵە بە سەر کۆچی دوایی ئەو شاعیرە بەرزەدا تێدەپەڕێ.

ستۆکهۆڵم، ٢٢ی ئاریلی ٢٠٠٦

سەرچاوەکان:


١. تاریک و ڕوون (هێمن)

٢. ناڵەی جودایی، هێمن، (بەغدا ١٩٧٩)

٣. هێمن و من، لە نووسینی هێرش

٤. یادی هێمن، نووسینی: کەریمی حیسامی(١٩٧٨)

٥. گۆڤاری گزینگ، ژمارەی ١١ (بەهاری ١٩٩٦)

٦. لە بیرەوەریەکانم، بەرگی نۆهەم. نووسینی: کەریمی حیسامی. ستۆکهۆڵم،( ١٩٩٥)

٧. کۆماری کورد (ساڵی ١٩٤٦)، نووسینی: ئیگلتۆن، ویلیام.(و: سەید محەمەدی سەمەدی)

٨. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ٢٣٠، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

٩. مامۆستای کورد (ژمارەی ١٣، زستانی ٩١-٩٢) سەر نووسەر فەرهاد شاکەلی.

١٠. ژینی نویَ. ژمارەی ٦، فێبرۆری ١٩٩٦.


سەرچاوە : ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە



# ژن لەشێعری هێمندا

سەلاحەدین بایەزیدی

هێمن ئەو شاعیرەیە زۆر جار تێڕوانین و بیروڕای وەپێش هەستە ناسکەکەی دەکەوێت و ئەگەر هێندێ لە شیعرەکانی کۆن بن و، زەمەنیشیان بەسەر بچێ، ئەوا لە لایەن فیکرییەوە نوێبوونی خۆیان دەپارێزن. بەداخەوە هەتا ئێستا شێعرەکانی نەخراونەتە بەر تیشکی رەخنە، یان راڤە نەکراون و لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە. ئەو نووسینانەی هەتا ئێستا لەسەر هێمن دیتوومن، وەک نووسین لەسەر زۆربەی کەسایەتییەکانی کورد، یان گێڕانەوەی بیرەوەرییەکی سادەن لەگەڵ شاعیر، یان پێهەڵگوتن بەباڵایدا. تەنانەت زۆر نووسەر لەژێر سێبەری ئەو شاعیرەدا ویستوویەتی پڕوپاگەندە بۆ خۆی بکات. جگە لە پێشەکییەکەی "تاریک و روون" نەبێ کە د. عەبدوڵرەحمانی قاسملوو نووسیویەتی، تا هەنوکە لێکۆڵینەوەیەکی جیددیم لەسەر شێعرەکانی ماموٚستا هێمن نەخوێندۆتەوە یاخود نەمدیتووە، کە د. عەبدولرەحمانی قاسملووش لەبەر یاسای پێشەکی نەیتوانیوە بەشێوەیەکی بەربڵاو و هەمەلایەنە لەسەر شاعیریتی هێمن بدوێ. نەدوان لەسەر شێعرەکانی هێمن لەکاتی زیندووبوونیدا وای لەماموٚستا کردووە کە بۆ خۆی وتار بنووسێت و شتەکانی خۆی شی بکاتەوەو بۆ وێنە وتارێکی وەک "ئەزموونی شاعیریم" بنووسێ.



لەوانەیە کەم شێعری ماموٚستا هێمن بەدی بکرێ کە کاردانەوەی ژنی بەسەرەوە دیار نەبێ، ئەویش بەشێواز و ڕوانینێکی زۆر پێشکەوتوو، کە لەناو ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەدا وێنەی کەم بووە، تەنانەت هەتا ئەمڕۆش لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا کەم ڕووناکبیر هەن کە بەمجۆرە لەگەڵ کێشەی ژن هەڵسوکەوت بکەن. نزیک بوونەوەی ماموٚستا هێمن لەکێشەی ژنان و هەوڵدان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیان سەرنج ڕاکێشەو پێویستی بەتوێژینەوەیەکی بەرفرە هەیە. دەبێ بزانین هێمن لەکاتێکدا خاوەن تێڕوانینێکی وەهایە کە جڤاکی کورد هەتا دوایی فیۆداڵە و، لەلایەکی ترەوە بیری ناسیۆنالیزمی کوردی تازە چەکەرە دەکات، کێشەی نەتەوەیی و ژیانەوە وەسەر هەموو شتێک دەکەوێ. بەڵام خۆشەویستی هێمن بۆ ژن لەئاستێکدایە کە هیچ کاتێ نە بەقسە و نە بەکردار ژن ناکاتە قوربانی کێشە نەتەوەییەکان، هەر چەندە بۆ خۆشی شان بەشانی جووڵانەوە ناسیۆنالیست و نەتەوەییەکانی کورد خەبات دەکات.

بۆ ئەوەی بزانین ئەو هەزرە قایم و نۆژەنەی ماموٚستا هێمن لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، پێویستە سەرەتا باس لە رۆڵی ژن لەشێوەگرتنی کەسایەتی شاعیر لەسەردەمی منداڵێتیدا بکەین. هێمن ئەوکاتە بەپێچەوانەی هاوتەمەنەکانی لەزۆر مافی منداڵێتی بێ بەش دەبێ و، لەلایەن باوکەوە کە ئەویش نوێنەرێکی چالاکی سیستەمی فیۆداڵی یە، وەکو ژنێک دەچەوسێنرێتەوە و مەحکومی نێو ماڵێ دەکرێت. نابێ بێ ئیجازەی بابی هەڵسوکەوت بکات و لەفەرمانی دەربچێ، یاری لێ قەدەغە دەکرێ و ناتوانێ بەگوێرەی ویستی خۆی بجووڵێتەوە. زۆر ڕووداوی هاوشێوەی ئەو سەردەمە کە لەپێشەکی "تاریک و ڕوون"دا باسیان لێوە دەکرێ، رۆحێکی ژنانە وەبەر هێمن دەنێت. لەبەر ئەو هۆکارانەشە هێمنی گچکە لەکاتی تەنگانە و تەنیاییدا خۆی لەکن ژنانی وەک "دایە مرۆت" دەبینێتەوە. هێمن

خۆشترین بیرەوەری کە لەو سەردەمەی منداڵیدا لەبیری ماوەتەوە، ئەوەیە کە شەوانە سەری وەسەر ڕانی دایە مرۆت دەکرد و بەدەم گێڕانەوەی حیکایەتەکانی دایە مرۆت خەوی لێدەکەوت. ڕووداوێکی تر کە پێموایە کاریگەرییەکی زۆر پۆزەتیڤی لەسەر بیری دوارۆژی هێمن داناوە، دایەنەکەی واتە "یاسەمەن"ە کە خەڵکی ئازەربایجانە و لەگەڵ مێردەکەی کە خەڵکی تورکیایە، پەڕیوەی زێدی هێمن بوون. ئەو دایەنە ئازەرییەی هێمن زۆر زوو تۆوی خۆشەویستی لەدڵی هێمندا دەچێنێ. هێمن بۆ خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "لەبیرمە زمانی ئەوانەم وەک بولبول دەزانی، جا نازانم تورکیم دەزانی یا ئازەری؟ ڕەنگ بێ ئازەری بووبێ. چونکە منداڵ زمانی دایکی باشتر فێر دەبێ." بەبڕوای من ئەو ڕووداوە بۆ یەکەمجار ڕۆحی ئینتەرناسیۆنالیستی و حەزکردن لەنەتەوەکانی تر لەهێمندا دەئافرێنێ و، چاوگەی ئەو هەمووە بەشەردۆستییەی هێمن هەر لەوێوە دێت. بەتایبەتیش هەڵوێست و هەوڵدانی هێمن بۆ پتەوکردنی دۆستایەتی نێوان هەر دوو گەلی ئازەری و کورد شتێکی پیرۆزە کە ئەودەم لەئەنجامی سیاسەتی دووبەرەکی نانەوەی دوژمنان دانووی ئەو دوو نەتەوەیە پێکەوە نەدەکولا. کەم لاوی بەبیری کوردایەتی هەبوو حەزی لەیەکی ئازەری کردبێ یان بەپێچەوانەوە، ئازەرییەک کوردی بەبرای خۆی زانیبێ.

هێمن ئەگەر حیکایەتەکانی دایە مرۆت بەخۆشترین بیرەوەری زەمانی منداڵیتی دەزانێ، ئەوا مردنی مێردی دایەنەکەی و تۆرانی یاسەمەن بەیەکێک لەبیرەوەرییە هەرە تاڵەکانی ژیانی دەزانێ کە زەبرێکی توند لەهەستی منداڵانەی دەدات. لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ژن چەندە لەشێوەگرتنی هێمندا خاوەن ڕۆڵە و بەردی بناخەی بەشەردۆستی و ئینتەرناسیۆنالیستی هێمن دادەنێت.
لەیەکەمین ئەزموونی شیعرەکانی هێمن ڕا دیارە کە لەپێناو ئازادبوونی کۆمەڵگای کوردستان، دەبێ ژن و پیاو شان بەشانی یەکتری خەبات بکەن. هێمن لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەبێ ژنان پێشەنگ بن و لەگەڵ خۆیان پیاوانیش ڕاکێشن و خەبات بکەن. لەشێعری "وتووێژی کچ و کوڕ"دا کە هێمن لەتەمەنی ٢١ ساڵیدا نووسیویەتی ئەوە کچە، بانگەشەی کاکی دەکات بۆ نێو کۆڕی خەبات و لەپێناو وشیارکردنەوەیدا هەوڵ دەدات و دەڵێت:

کـــــــــاکە گیان لاوی شۆخ و شەنگ
تا کەنگێ دەبی وا بێ هەست و دەنگ

کوڕیش بەپیر بانگەوازەکەیەوە دەچێ و لە وەڵامدا باس لە خەباتی هاوچەرخی ڕزگاریخوازیی گەلان و بەتایبەتی ڕاپەڕینی "لێنین" دەکات و پێش هەموو شتێ بایەخ بەکێشەی چینایەتی دەدات و لە وەڵامی خوشکەکەیدا کە پێی دەڵێت: لەڕێی نیشتمانیدا سەروماڵی فیدا بکات، دەبێژێ: ئەتۆش پێش هەر شتێک خۆت ڕزگار بکە و لە دژی دیاردە دزێو و پاشڤەڕۆییەکان ڕاوەستە و ئەوە گەورەترین هاوکارییە بۆ برای خۆت. هێمن لەزمانی کوڕەوە دەڵێت:

لەگوێن ژاندارک هەستە وەک مەردان
دوژمن وەدەرنێ لە خاکی کـــــوردان

باس لە "ژاندارک" لەم شێعرەدا ئەوەمان پێشان دەدات کە هێمن ئاشنای مێژووی ئازادیخوایی ژنانە لە وڵاتەکانی تریشدا و، تەنیا لەچوارچێوەی وڵاتەکەیدا تەنگ نەماوەتەوە. ڕووداو و پێشهاتەکانی جیهان دەشۆپێنێ و لەگەڵ ئاستی کۆمەڵگای کوردەواری

هەڵیدەسەنگێنێ. لێرەدا هێمن بە توندی و بەجەسارەتەوە بەرەنگاری هەموو دیاردە و یادگارە کۆنەکان دەبێتەوە و، لە دژیان شەر دەکات چونکە بوونەتە مایەی دابەستەبوونی ژن. شیعری "یادگاری شیرین" نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم ڕاستییەیە.
مامۆستا هێمن مەسەلەی ئازادی ژن ناکاتە قوربانی کوردایەتی و لەسەرەوەی هەموو شتێک بایەخ بەئازادی خودی ژن دەدات و ئازادی ژن بەئازادی گەلێکی کۆیلە و ژێردەست لەقەڵەم دەدات. بۆ وێنە.

لەکاتێکدا کە لەسەردەمی کۆماری مەهاباددا، کەش و هەوایەکی ئازادتر بۆ ژنان دەڕەخسێ و زەختی دەسەڵاتی دەوڵەت و سیستەمی پاشڤەڕۆ لەسەر ژنان کەم دەبێتەوەو، ئەم توێژەش دەبنە خاوەن دام و دەزگای خۆیان، هێمن ڕووی قەڵەمەکەی دەکاتە ژنان و بانگەوازییان ئاڕاستە دەکات کە چاویان بکەنەوە و داوی بنەماڵە بپچڕێنن و ڕێگەی مەکتەب بگرنە بەر. شاعیر لۆمەی تەواوی ئەو بنەماڵانە دەکات کە ژن مەحکوومی چوار دیوار دەکەن و کەڵک لەو دەرفەتە وەرناگرن تاوەکو ژنانیش بتوانن لەکاروبارەکانی نێو کۆمەڵگادا بەشداری بکەن. هەروەکو چۆن هەتا ئێستا شان بەشانی پیاوان هاتوونەتە مەیدان و ڕۆڵێکی کەمتر لە پیاوانیان نەگێڕاوە. بۆ وێنە:

چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێردەست کە کچ دابەستە بێ
بەس نەبێ ئەو کۆیلەتی و ئەو کـــــچ لەژوور دابەستنە
دەرکی داخستووە لەتۆ بابت کـــــــــەچی دەرکی نییە
دەرکـــــــــــە داخستن لە تۆ دەرکی هومێد داخستنە
داڕزینە، مردنە، ئاخر هـــــــــــــــەتاکەی پێت بڵێن
نابێ بێیتە دەر لەماڵ، مافی ژیانی کـــــــــــوا، ژنە

یان:

کۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست!
ڕاپەڕە، هەستە لەخەو ئاخر چ وەختی خەوتنە؟
دەرکـــە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە
چاری دەردی کوردەواری خوێندنە هەر خوێندنە

مامۆستا هێمن هەرتم ژنانی هان داوە کە لەجەوهەری راستەقینەی خۆیان بگەن و لەم بوارەشدا بەتایبەتی زۆرتر رەخنەی کچانی شار دەکات کە بەبایەخدانی زێدە بە شکڵ لەجەوهەری خۆیان دوور کەوتوونەتەوە و فریو دراون. لێرەدا هێمن کچانی لادێ سەربەست تر و ئازادتر دەبینێ و پێی وایە ئاساییــن و تا رادەیەکیش بێ جەوهەریی خۆیان پاراستووە و نەکەوتوونەتە داوی دیاردە مۆدێرنەکانی سەرمایەداری!! لەلایەکی دیکەوە هێمن بە قووڵبوونەوە لەرابردووی کۆمەڵگای کوردەواری پێی وایە کە سەردەمانێک ژنی کورد ئازاد بووە. بەڵام دەسەڵات و سیستەمی بێگانەکان بەو ڕۆژەی گەیاندووە. هێمن بۆ سەلماندنی ئەو باوەڕەی پشت بە دابە زۆر کۆنەکانی کوردەواری دەبەستێ. لە پێشەکی "تاریک و ڕوون"دا بەم شێوەیە باس لە ڕەسمێکی ڕەشبەڵەک دەکات:



مامۆستا هێمن(١٩٢١ - ١٩٨٦ )

"پیاو مەگەر ژن بۆ خۆی بانگی کردبا، دەنا هەقی نەبوو بچێتە دەستی دۆیان. پیاو دەبوو هەمیشە لەپێشەوەڕا بچێتە نێو گەڕی داوەت، دەنا عەیب بوو. بەڵام دۆ دەبوو لە پاشەوەڕا بێنە ناو داوەت و هەڵبژاردن بەخۆی بوو. ئەو ڕەسمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمانەی کە ژن لەکوردەواریدا ئازادی پتر بووە."

جگە لەو خاڵانەی کە باسمان کرد، ژن لە هێندێ شێعری هێمندا تەنیا پەرییەکی ئاسمانی یە و دەبێتە گەشترین ڕەنگی تابلۆ. ئەوەش لە تەواوی شێعرە ناتۆرالیستەکانی هێمندا بەرچاو دەکەوێ. ژن لەو شێعرانەدا بەجۆرێک ئاوێتەی سروشت و جوانی بووە کە دەرخستنی مومکین نییە. بە تایبەتیش هێمن لەوەسفکردنی کچی لادێدا دەستێکی باڵای هەبووە. شێعرەکانی "کیژی لادێ"، "بەهاری کوردستان"، "بەهاری لادێ" و "پەری شێعر" لەم جۆرە شێعرانەن. ڕەنگدانەوەی ژن لەم شێعرانەدا لەئاستێکی بەرزی ئەدەبی و وردەکاری هونەری دایە. هێمن لەو شیعرانەدا ڕۆحی ژن و سروشت دەکاتە یەک و لەنێو هەموو دەنگ و ڕەنگەکاندا، ژن دەبێت بە بەسۆزترین چرپە و گەشترین دیمەن. هێمن دڵڕفێنی سروشت لەجموجوڵی ژن و جوانی کوردستانیش لەجوانی ژناندا دەبینێ.

بۆ نموونە:

لێو ئاڵن، دەم بچـــووکن
خوێن شیرین ڕەزا سووکن
کـوڵمەیان وەک گوڵووکن
گـــەورەکچن، نۆ بووکن

مامۆستا هێمن ئەو کاتانەی کە ناهومێدییش بەسەریدا زاڵ بووەو پێی وابووە کە مرۆڤی زانا لەم وڵاتەدا هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە، ئەو کاتانەی لەرابردووی خۆی پەشیمان دەبێتەوەو بگرە لەکەسایەتی خۆی بێزار دەبێ و بڕوای بەئاییندەش نامێنێ، دڵی نایە هێرش بکاتە سەر ژن و ئەگەر هەموو شتەکان رەش دەبینێ و نەفرەتیان لێ دەکات، ئەوا روانگەی لەژن جودایە. لێرەدا شاعیر خۆی لۆمە دەکات و پەنا بۆ فرمێسک دەبات کە ئەویش بۆ خۆی زێدەتر تایبەتمەندییەکی ژنانەیە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەرهەق بە ژنان و مافە رەواکانیان هەوڵدانێکی زۆری داوە و لەوەی کە کچان و ژنانیش هەست بەو راستییە ناکەن و ئەو هەموو ئەوین و ماندووبوونەی وی نابینن، تەنیا دەگری. بۆ وێنە:

لە بارانێ مەپرسە تا هــــــــەور بگرێ بەری رۆژێ
دەبێ بگریم هەتا ڕووی تۆ لە ژێر چارشێوی رەش دایە

دەنا:

ئەگەر دەیزانی مانای خۆشەویستی ئەم کچە کــوردە
بە سەد یاقووت و گەوهەر نەیدەدا فرمێسکی ئاڵی من

نموونەیەکی تر:

شۆڕەژن قوڕبەسەر و گەورەکچیش مل بەکوێن
تا بمێنێ سەری بەقوڕ و ملی بەکوێن دەگریم
... وە چەندین نموونەی تریشی هەیە.

خاڵێکی تری هەرە گرینگ لە شیعرەکانی هێمندا تێکەڵی ژن و مێردایەتی یە. لەسەرتاسەری دیوانی "تاریک و ڕوون"دا ڕووبەڕووی هزرێکی وەها دەبیتەوە کە ژن و پیاو لە میانەی تێکۆشاندا دەبێ دەست هەڵگری زەماوەندی کلاسیک و باو بن و، بەم شێوەیە چ ژن و چ پیاو لە تەنیاییدا پێبگەن و بگەنە ئازادی. لەشیعری "شەنگەبێری"دا هێمن سەرەڕای هەموو ئەو جوانییەی لەژندا دەیبینێ، لێی دوور دەکەوێتەوەو لەکۆتاییدا باسی سەردەمانێک دەکات کە رۆڵی خۆی پێکهێناوە و ئەرک و بەرپرسیارێتی سەرشانی راپەڕاندووە و، بۆیەش دەتوانێ گۆچانەکەی جارانی هەڵگرێتەوەو ببێتەوە شوان. شێعری "کوردم ئەمن"یش گوزارە لە رایەکی بەم شێوەیە دەکات کە مامۆستا هێمن لەپێناو رزگاربوون لە بندەستی و کۆیلایەتی، دوور بوون لەژن هەڵدەبژێرێ و رێگەی تەلان و بەندەن و بەرد دەگرێتە بەر. لە شێعرێکی تردا دەڵێت:

بەڵی سەختە، یەکجار سەختە
دووری لە ژن، نامــــــــرادی
بەڵام لە ژن خــۆشەویست تر

**لە لای مــــــن ئەتۆی ئازادی**

هێمن هەر لە هەرەتی لاوییەوە پەی بەو ڕاستییە دەبات و دەیهەوێ ئەو بیرەی خۆی بخاتە واری کردارییەوە، بەڵام بەتەنیا دەمێنێتەوەو سەرناکەوێ. پێشەکی کتێبی "تاریک و ڕوون" بخوێنەوە با ئەتۆش بێیە سەر باوەڕی من.. "لەو ئاخیرانەدا هاتبوومە سەر ئەو خەیاڵەی کە ئەسڵەن ژن نەهێنم. توندی و سەرەڕۆیی دایکم و نەرمە نەرمە و دنەدانی هەژار دڵیان نەرم کردم..."
لە شێعرێکیش دا دەڵێت:

شەقت هەڵدا لە زێڕ و جل
تورت داوە کــــــلدان و کل
توندت کردوە پشتێنی شل
فیشەکدانت کـــردۆتە مل
نارێژی چاو، سوور ناکەی لێو
شــــانە ناکەی بسکی پەشێو
یەکجاری فڕێت دا چـارشێو
ئەوا ڕووت کـــردە چڕو کێو

بەو نموونەیە و زۆری تریش شتێکی ترمان بۆ دەردەکەوێ، ئەویش ئەوەی کە هێمن چەندە پێداگری لەسەر سوپای ژنان دەکات و، پێی وایە دەبێ ژن پشت بەهێزی خۆی ببەستێ.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێمن لەکۆتایی دیوانەکەیدا هەست دەکا پەیامەکەی بەگوێی دولبەر نەگەیشتووە. شاعیر ترسی لەوە هەیە تەمەن بواری پێ نەدات. ئەوەتا دەستەویەخەی ئازار و ژانە و هەست دەکات هێزوگوڕێکی نەماوە. ئەگەرچی ئەو هەمووە هاوارەی کردووە، چریکەی بەگوڵ و گوڵزار ڕانەگەیشتووە. تۆ بڵێی ئەو پەیامە چی بێ؟ بۆ ڕاینەگەیاندووە؟ بۆچی ناتوانێ رایبگەیەنێ؟ یان رایگەیاندووە و دولبەر تێی نەگەیشتووە؟ بڵێی لە شێعرەکانی تریدا نەیدرکاندبێ؟!

**سەرچاوە : ماڵپەڕی گزینگ / ڕێکەوتی : ٢٤ی نوامبری ٢٠٠٥**

# وتووێژی «محەمەد ئوزوون» و «مەحموود باکسی» لەگەڵ «ماموٚستا هێمن» لە مهاباد، هاوینی ١٩٧٩

**ئەو وتووێژە لە لایەن نووسەرانی ڕێزداری کوردستانی باکوور: «محەمەد ئوزوون» و نەمر «مەحموود باکسی(١٩٤٤- ٢٠٠٠)»کە لە هاوینی ١٩٧٩دا سەردانی شاری مهابادیان کردبوو، لەگەڵ ماموٚستا هێمن بە شێوەی هەڤپەیڤین لە سەر کاسێت ئەنجام دراوە. شیاوی گوتنە کاسێتی ئوٚرگینالی ئەم وتووێژە کاتی خوٚی لەلایەن کاک «محەمەد ئوزوون»ەوە دراوە بە کاک «حەسەنی قازی» و، ئەویش دوای دابەزاندن و ئامادەکردن دە ئیختیاری گوٚڤاری «گزینگ»ی نابوو، بەڵام بە هوٚی وەستانی چالاکیی گزینگ هەروا لە ئارشیودا مابووەوە. ئەوا وێڕای سپاس و پێزانین، دەقی دابەزێنراوی ئەو هەڤپەیڤینە وەک خوٚی لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە.**

**س. ح. هێرش**

• **کەنگێ تۆ لە دایک بووی؟ کەنگێ تو ژ دایێ خۆ بووی؟**

- ١٩٢٠

• **١٩٢٠، لە کوو؟**

- لە گوندی لاچین، نزیک مهاباد.

• **ته دوو دیوان چاپ کرییە؟**

- دوو دیوان چاپ کردمە.

• **بەڵێ، دە وەختێ شا دا چاپ کرییە؟ دە زەمانێ شا دا؟**

- نا، پشتی شا، هەر دووک لە دەرەوەی وڵات چاپکراون. هیچی لە ئێران چاپ نەکراوە، چاپی دووەم لە ئێران چاپ کراوەتەوە.

• **ناڤێ وان دیوانان چنە؟**

- تاریک و ڕوون، ناڵەی جودایی.

• **تاری ئوو ڕوون، ناڵەی جودایی.**

ـ ئەمە ئەو شێعرانەن کە لەو مودەتەی لە دەرەوەی وڵات بووم گوتوومن.

• باشە، مامۆستا ئەو نەگرتبوو، باند باش نەگرتبوو، ئەز دەخوازم هنەک پرسیار دیسان بپرسم.

ـ بفەرموو

• ببوورە، تە کەنگێ دەستپێکردبوو کە هەڵبەست بنویسینی، شێعر بنویسینی؟

ـ عەرزم کردن، من لە پازدە ساڵی ڕا دەستم پێکرد، بەڵام باش نەبوو، نە باش بوو. پاشان لە بیست و یەک ساڵی ڕا من شێعرم چاپ کراوە، کە من بووم بە ئەنداما کۆمەڵا ژێ ـ کاف، وە لە دووەم ژمارەی مەجەللەی «نیشتمان» دا شێعرا من بڵاوبووەتەوە.

• ناوی مەجەللە چ بوو؟

ـ «نیشتمان»، ساڵی ١٩٤٣.

• باشە مامۆستا، تە ژ چ ئیلهام گرت کوو تۆ شێعر بنویسینی؟ یانی کیژان سەبەبا تە تەشویک کر شێعر بنویسینی؟

ـ مەزلوومییەت و هەژاری میللەتا خۆ، من حیسم کرد کە میللەتی من میللەتێکی هەژارە، زمانا من زمانەکا دەوڵەمەندە، وە وەزیفەمە بەو زمانە شێعر بڵێم. من ئەو وەخت فارسیم باشتر دەزانی لە کوردی، بەڵام قەت شێعرم بە فارسی نەگوتووە. چونکوو فارس بۆخۆیان شاعیریان زۆرە، با ئەوان شێعر بۆخۆیان بنووسن. لە بیرمە ئینسانێکی چەپیی فارس لە منی پرسی تۆ بۆ شێعر بە فارسی ناڵێی کە خۆت... گوتم تۆ بۆ شێعر بە کوردی ناڵێی؟! تۆ کە ئینسانێکی ئینترناسیۆنالیستی بۆ بە کوردی شێعر ناڵێی؟ چونکوو من زمانا خۆ بە زمانێکی سەربەخۆ دەزانم، میللەتا خۆشم بە میللەتێکی سەربەخۆ دەزانم، هەقی وەم هەیە بە زمانا خۆ بنووسم، بە زمانا خۆ قسە بکەم، وە لە وڵاتا خۆمدا بە ئازادی بژیم وە ئەو هەقە بە هەقێکی مەشرووع و ئینسانی خۆم دەزانم.

• بۆیە تو دەستپێکر هەڵبەست بە کوردی بنویسینی؟

ـ بەڵێ..

• مامۆستا، دەما کوو تو دەستپێکر هەڵبەست بنویسینی، ڤێ گاڤێ ڕەوشا کولتوورا، چاندا کوردی چاوابوو؟ مەجەللە و گۆڤار و وەشان و ڕۆژنامەی کوردی هەبوون؟ کوو هەبوون تە چ دەخواند؟

ـ ئێمە ـ عەرزم کردی ـ لە ساڵی ١٩٤٣ مەجەللەیەکمان لە مهاباد بڵاودەکردەوە بە ناوی «نیشتمان». منیش ئەودەمی لاوێک بووم

دەوێدا دەمنووسی، لەو دەمییەوە من ئیدی شێعر بڵاودەکەمەوە. لە زەمانی شا دا کە نەدەکرا شێعری من بە ئاشکرایی بڵاوبێتەوە، بەڵام بەدزی لە ناو خەڵکدا بڵاودەبووەوە تا من لە ساڵی ۱۹۴۷ (۱۳۴۷|۱۹۶۸ی زایینی دروستە- دابەزێنەری کاسێت) لە وڵات ڕام کرد و چوومە دەرەوە، کوردستانی عێراق تا ئەمساڵ ئەمن هاتوومەوە.

• **ئەم ساڵ هاتوویەوە، تو لە عێراق بووی؟**

- من لە عێراق دەبووم و سەفەرا لوبنان و ئەوەشم کردییە و برا کوردەکانی سوورییە و تورکییەشم دیوە.

• **تە جگەرخوێن دیتییە؟**

- جگەرخوێن یشم دیتییە. لە کوردستانی عێراقم دیتییە، نە لە کوردستان سوورییە.

• **فەرقی تو دەگەڵ جگەرخوێن؟**

- فەرقێک کە دەبەینی من و جگەرخوێن دا هەیە، ئەو شێعری شیعار دەڵێ یانی بۆ ڕۆژ شێعر دەڵێ. بەڵام من شێعر دەڵێم بمێنێتەوە بۆ کورد، مومکینە ئەورۆ تێشی نەگا. شێعرا جگەرخوێن من پێموایە شیعارە، بۆ ڕۆژ دەڵێ وەک ڕۆژنامە بنووسێ وایە.

بەڵام من شێعر بۆ ڕۆژ ناڵێم، بۆ وەی دەڵێم بمێنێتەوە. بۆ وەی دەڵێم تا وەک دیوانا (مەم و زین) بمێنێتەوە تا کورد هەیە کۆن نەبێ. لەبەر وەی من شێعر تەنیا بۆ کورد، بۆ زەحمەتکێشی کورد... بە قسەی بازاڕ شێعر ناڵێم، بە قسەی شاعیرانە شێعر دەڵێم. با زەحمەتکێشەکە زەحمەت بکێشێ و شێعری شاعیرانە تێ بگا. یانی زمانا کورد ناهێنمە خوارێ...

• **باشە مامۆستا، تە خەباتە خۆیە سیاسی و کولتووری| چاندی تەڤ هەڤ کرییە، وەک هەڤ کرییە بۆ؟ بۆچی تە بەس ژ خۆ ڕا شێعر نەنویساند، دەست بە خەباتا سیاسی ژی کرد؟ وە تە خواست کە هەردوو بە هەڤ ڕا بچە؟**

- من هەر وا کردییە. من شێعری خۆ لەگەڵ خەباتی سیاسی خۆم جوێ نەکردووەتەوە.

• **بۆچی؟ یانی ئارمانجا تە چ بوو؟**

- پێموایە من دە پێش وەیدا کە شاعیر بم ئینسانێکی کوردم، وە هەموو ئینسانێکی کورد وەزیفەیەتی خۆ ڕزگار بکا لە دەست ئەو زوڵم و زۆرییە. من باکم نییە ئەگەر ڕۆژێکی حیزبا من بڵێ تۆ شاعیر مەبە، پێشمەرگە ببە، پێشمەرگە دەبم. بۆ من موهیم نییە، من پێموایە کە هەموو ئینسانێکی کورد وەزیفەیەتی خۆ ڕزگار بکا لە دەست ئەم زوڵم و زۆرییەی لە سەر میللەتەکەیەتی. جا ئەرکا من، وەزیفا من شێعر گوتنە و ئەرک و وەزیفەی برایەکی دیکەش شتێکی ترە.

• تە گوتبوو کە ئیرۆ «هێمن» هەیە، ئەو گرێدایی «قازی محەمەد» و حیزبا دێمۆکراتە. تە لەوە چ قەسدا دەکەی، تو چ دەخوازی بێژی؟

ـ من پێموایە، خەباتا سیاسی نەکردبا، ئینسانێک نەدەبووم ئەلئان تۆ بێی قسەم لەگەڵ بکەی. مومکین بوو منیش دێهاتییەک بم وەک ئەو هەموو دێهاتییە، خەباتی سیاسی منی کردە...

• باشە مامۆستا ئەو زەحمەتیا کوو مە بەحس کربوو، مە گوتبوو کە کوردێن کوردستانا تورکییە بە تیپێن، حەرفێن لاتینی دەنویسنن و، ئیدنا(ئەوانی دی) بە عەرەبی و فارسی دەنویسنە و، کوردێ ئەرمەنستان و ئێریڤانێ بە تیپێن کریلی دەنویسینن، ئەوزەحمەتیا هەیە.. ژ بۆ وی زەحمەتێ مرۆڤ گەرەک چ بکا؟ گەلی کورد چ بکا؟ خوندەوان و ڕووناکبیرێن کوردا چ بکەن؟

ـ ئەمە موشکیلەیەکی زۆر گەورەیە بۆ منیش، فکرێکی زۆر لەمێژە.. من چۆن بتوانم شێعرا خۆ بە کوردی تورکییە ڕابگەیەنم. قسا خۆ بە کوردی تورکییە ڕابگەیەنم. من کە دەمەوێ لە چوارچێوەی ئێراندا خودموختاریم هەبێ مەجبوورم بە خەتی ئێرانی بنووسم. تۆش کە دەتەوێ لە چوارچێوەی تورکییە دا خودموختاریت ببێ مەجبووری هەر بە خەتا تورکی بنووسی، کوردی عێراقیش هەر وا، چ بکەین؟ بۆ ئەوە من ناتوانم.. ئەوە وەزیفەی سیاسییەکانە دەبێ ئەوان جێ بەجێی بکەن. بەڵام ئەمن دەمەوێ کورد خەتێکی هەبێ، زمانێکی هەبێ، زمان و خەتی یەکگرتووی هەبێ هەم بۆ کوردستانا تورکییە، هەم بۆ کوردستانا عێراق، هەم بۆ کوردستانا ئێران، بە یەک زمان بنووسێ. چونکوو ئەلئان لەهجا من و تۆ فەرقی هەیە، لەهجا هەموو شارێکی فارسیش فەرقی هەیە، لەهجەی هەموو شارێکی عەرەبیش فەرقی هەیە، بەڵام زمانێکیان هەیە پێی دەنووسن. ئێمە دەبێ زمانێک دروست بکەین کە پێی بنووسین. لە شاری خۆمان، لە وڵاتی خۆمان بە زمانا خۆ قسە بکەین، ئەلئان ئەو زەحمەتە، ئەو موشکیلە بۆ کوردی تورکییە و بۆ کوردی ئێران و عێراق زۆرە، لەهجەی من لەگەڵ سنە زۆری تەفاوەت هەیە، لەبەر وەی ئەوەتا تۆ دەبینی من لە کتێبەکانمدا فەرهەنگم بۆ کەلیمە دروست کردووە بۆ وەی کوردەکانی دیکەش بزانن.

• باشە من ئەوییا بپرسیا، تو دەما کوو شێیر دەنویسینی، هەڵبەستا خۆ دەنویسینی بۆ زمانێکی یەکگرتیی خەباتا تە چێ دبە؟

ـ کە من دەستم بە خەبات کردووە، پتر لە پازدە ساڵە خەبات دەکەم بۆ وەی زمانێکی یەکگرتوو دروست کەم. ببینم کەلیمەیەکی کرمانجی ژووروو باشترە لە کەلیمەیەکی کرمانجی خواروو ئەو بنووسم، وە ئەو کەسەی شێعری من دەخوێنێتەوە مەجبوور بێ کە فێری ئەو کەلیمەی کرمانجی ژووورووەش ببێ. بزانێ ئەوە زمانا وی یە، و ئێوە تکاتان لێدەکەم لە ڕۆژنامەی خۆتاندا ئەوە بکەن. کەلیمەیەکی کوردی ئێمە باشترە لە ئی ئێوە بینووسن، بەکاری بێنن، ئەوە باشتر زمانەکەمان لێک نزیک دەکاتەوە.

• مامۆستا کە هوون خودموختارییەت بستێنن، یانی ئۆتۆنۆمی، بخوازن کوو ژ هەر چوار پارچەی کوردستان ئێیسکار و شاعیرێن کوردان ژ وێدەرێ تۆپ بکەن یانی کۆم بکەن و فەعالییەتێکی وەسا فەرهەنگی ببە، کولتووری ببە، یانی هوون دەخوازن فەعالییەتێکی وەسا لە مهابادێ چێ بکەن؟

ـ ئەمە وا دەکەین. هەدەفی ئێمە ئەگەر خودموختاری بتوانین بستێنین ئەوەیە کە زمانێک دروست بکەین کە هەموو لەهجەکانی کوردستانی ئێرانی تێدا بێ. من خۆم وەکوو کوردێک کە گەڕاوم تەجروبەیەکی تاڵم لە کوردستانی عێراق هەیە. ئەوانەی بە لەهجەی کرمانجی ژووروو قسە دەکەن ناتوانن لەهجەی سۆرانی بخوێننەوە، ئەمە بۆتە دوو زبان..

• بادینانی و سۆرانی..

ـ وە دوژمن ئاواتی ئەوەیە کە ئێمە ببینە دوو میللەت. ئێمە میللەتێکین، ڕاستە نەتەنیا دوو لەهجە، دەیان لەهجەمان هەیە، ئەمما دەتوانین لەو هەموو لەهجە زمانێکی یەکگرتوو دروست بکەین. ئەوە ئاواتا منە و تا ماوم هەوڵ دەدەم بۆ ئەوە.

• باشە ماموّستا، تو بە تەڤایی سەر کولتوور، سەر هەڵبەست، ڕۆمان، چیرۆک و کولتوورا کوردا دکاری چ بێژی؟ یانی چاوایە بە دیتنی تە؟ ژ ئەحمەدێ خانی بێ، ژ فەقێ تەیران؟

ـ هەمووم خوێندوون، وە لە سەر هەمووان کار دەکەم. من خۆم ڕاستی لە فکری سۆفییانەی ئەحمەدی جزیری ناگەم، بەڵام باش لە (مەم و زین) گەیوم، پێموایە کتێبێکی زۆر گەورەیە لە زمانا کوردی دا، وە »ئەحمەدی خانی»م پێ شاعیرێکی زۆر بەرزی کوردی یە. ئەحمەدی خانی بۆ من بوتە، بەڵام دەتوانم ئەو بوتە بشکێنم چونکوو خزمەتا زمانی کوردی نەکردووە، هەر خزمەتا لەهجەیەکی کوردی کردووە، لێرەدا نەقد(ڕەخنە)م لێی هەیە، تەنیا لێرەدا، کارم بە فکری ئەوەدەمی نەداوە. حەتتا من پێم عەجیبە پێش ئینقلابی فەڕانسە ئەم ئینسانە فکری ناسیۆنالیستی هەبووە. ئەمما هێشتا تەحقیق لە سەر ئەحمەدی خانی دەبێ زیاتر بکرێ کە ئەم فکرە لە کوێ ڕا هاتۆتە مێشکی ئەم ئینسانە.

• یانی تو دەبێژی فکری ئەحمەدێ خانی بەری شۆڕشا فەڕانسزی بوو؟

ـ بەڵێ بەڵێ.. بەر لە شۆڕشی فەڕانسە بوو.

• گەرەک ئەم بزانین وا ژ کوو تێ؟

ـ من خۆم تەعەجوب دەکەم و ناتوانم بە خۆم بسەلمێنم کە ئەم فکرە چۆن چۆتە مێشکی. دیارە لە نووسینا خۆ دا نووسیومە، لەگەڵ ئەوە شەڕ لە سەر دین بووە، لە سەر شیعە و سوننی بووە لە نێو تورک و فارس. بەڵام ئەحمەدی خانی لەو حاڵەدا فکری میللیەت، فکری قەومییەتەکەی هەبووە، نە فکری سووننی و شیعەیی. ئەمە بۆ من زۆر جێی تەعەجوبە! لە بەر وەی ئەحمەدی خانی بە گەورەترین شاعیری کورد دەزانم لەو بارەوە. لەو فکرەوە کە بە داخەوە زۆری خزمەتی زمانا من نەکردییە، لەوە هەقم هەیە نەقدی بکەم، ئەمما من ئینسانێک نیم زەمان و مەکان لە بیر بەرمەوە. من لە بیرمە خۆم ڕۆژێک هیچ پێم وانەبوو ئاغا و ڕەعییەتی کارێکی خراپە، پێم وانەبوو. فکرا من نەگەیبوە ئەو جێگایە بزانم ئینسان بە دەستی ئینسان بچەوسێتەوە ئەوە کارێکی خراپە. ئەحمەدی خانی دە چ زەمانێکدا بوو؟ سێسەت ساڵ پتر لەوە پێش ئەو فکرەی بووە، ئەوە نبووغە، یانی گاڵتە نییە ئەو کابرایە..

• ژ دوو ڕا، مامۆستا ئەمی ئەوییا بقەدێنین، ئەم بکشینن، من دخواست ل سەر دەوڵەمەندیا کولتوورا کورد دکاری تشتا بێژی، سەر دەوڵەمەندیا وی؟

ـ زۆر دەوڵەمەنـدە بـە دوو لەهجـە، وە مـن لـە نووسـینی خـۆ دا نووسـیومە. لـە دوو لەهجـەی کوردیـدا، فۆلکلـۆری کـوردی زۆرزۆر دەوڵەمەندترە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوین، یەک لە لەهجەی بادینانـدا یانی کرمانجی ژووروودا، یەک لە لەهجەی موکریانیدا..

• سۆرانی

ـ موکریانی ئەم مەنتەقەیە..

• سۆرانی یانی.. (وا دەردەکەوێ یەک لە وتووێژکاران ـ محەمەد ئـوزوون ـ لـە مەبەستی هێمن تێناگـا و زاری موکریـانی بـە سۆرانی دادەنێ بۆیە هەر دووپاتەی دەکاتەوە ـ دابەزێنەری کاسێت)

ـ زۆر دەوڵەمەندە، فۆلکلۆرا کوردی زۆر زۆر دەوڵەمەندترە لە نووسراوەکان، وە ئێمە کەمترمان کار لە سەر کردووە. دیارە فۆلکلۆری هەموو قەومێک دەبێ بژار بکرێ یانی دەبێ شتە خراپەکانی لێ بچێتە دەرێ، شتە چاکەکانی لـێ بێتەدەرێ، مەسـەلەن من خۆم مەقالەیەکم لە سەر ئەوە نووسیوە کە کورد کەی، لە چ زەمانێکا دەڵێ: شێر لە لان بێتەدەر چ نێر و چ مێ.
دیارە فەرقا ژن و پیاو نییە، وەختێک شێرەکە نێر بوو یا مێ بوو دەتوانێ کار بکا. ئەمە زەربولمەسەلی کوردی یە، کەی گوتراوە؟ کێ گوتوویە نازانم. تـازە ئێمەی ڕۆشنبیری کورد کەوتووینەتە ئەو فکرە (هێمن پێدەکەنێ)! کـەوابوو فۆلکلـۆرا مە زۆر دەوڵەمەنـدە، دیـارە بێ دەلیل نییە، ئێمە میللەتێکی کۆچەر بـووین، ئیحتیاجمـان هەمیشە بـە ژن هـەبووە، وەختێک من دەچم مەڕ (پـەز) دەلـەوەڕێنم، ئیحتیاجیشم بە ژن هەیە کاری پێ بکەم. ئیقتیساد مەجبووری کردووە ژن لـە کـن کـورد موحتـەڕەم بـێ. ژن لـە تـوولی تـاریخدا لـە کن کورد موحتەڕەم بووە. لەبـەر وەی دە فۆلکلۆرا مە دا زۆر تـاریف لـە ژن هەیـە. حەتتـا ئـەدەبییاتی ژنانـەمان هەیـە کە تـازە ئوروپـا کەوتۆتە ئەو فکرە، بەیتا خەج بخوێننەوە، گوێت لێ بووە حەتمەن ـ ئەدەبێکی کامیلەن ژنانەیە، پیاوانە نییە.

• باشە مامۆستا وەزیفێن گەلی کورد، وەزیفێن ڕۆشنبیرێن گەلی کورد چییـە کـوو ئـەم بکـارین فۆلکلـۆرا خـۆ، کولتـوورا خـۆ، چانـدا خـۆ پێشدا بخینین، گەرەک چ بکەن؟

ـ بە بڕوای من ئێمە دەبێ بە گوندانـدا بگەڕێین، ڕۆشنبیرانی کورد بە گونـددا بگـەڕێن، پیـرە پیـاو و پیرەژنـی کـورد ببینینـەوە لـەوان فێر بین. ئەوان زەبت بکەین. ئەوان بخەینە سەر ڕیکۆردر، ئـەودەمی دەتـوانین ئـەوە بێنینـە دەرێ هـەم زمانـا خـۆ دەوڵـەمەنـد بکـەین، هەم فۆلکلۆرا خۆمان دەوڵەمەند بکەین. وە ئـەوە وەزیفـەی ئێـوەی زۆر لاوە، گەنجـە. ئێمـە پیربـووین، تاقـەتمان نـەماوە، ئـەمما ئێـوە دەبێ بیکەن،
وە ئەوە وەزیفەی هەموومانە دەبـێ بیکـەین. ئێمـە دەبـێ زمـانێ خـۆ بـە فۆلکلـۆرێ خـۆ دەوڵـەمەنـد کـەین و نزیکـی بکەینـەوە. من لـە کیتـابێکی خـۆدا نووسـیومە، بـۆ من جێگـای تەعەجوبـە کـە بـەیتی خـەج و سیامەند، فـەڕخ و ئەسـتی، بـەیتی مـەم و زیـن، دە کـوردی

سۆرانیشدا هەیە، دە کرمانجی ژووروشدا هەیە، بۆچی؟ کەوابوو کێ تەرجومەی کردووە؟ کەس تەرجومەی نەکردووە. ئەم خەڵکە بۆخۆی ئەو بەیتەی پێ خۆش بووە گوڕیوێتی و هێناویەتە سەر ئەم لەهجەیە. وە ئەمن ئەوەم نووسیوە تازە دوژمنیش پێی لە ناوناچێ (پێکەنینی هێمن). هەزاران فۆلکلۆری وا لە هەردووک لەهجەدا هەیە، وە من بۆخۆم پێموایە ئەوە حەتتا زۆر پێش ئیسلامیش پێش ئەوە ترک و فارس و عەرەب بە سەر ئێمەدا سەیتەرە بکەن ئێمە ئەو فۆلکلۆرەمان هەبووە، وە هەر دەبێ هەشمان بێ. دەبێ زیندووشی بکەینەوە.

**• باشە مامۆستا، زەحمەتێکی مەژی ئەوە کوو مەسەلا ڕۆشنبیر، ڕووناکبیر، هۆزانێن کوردستانا عێراقێ، ئان ئێرانێ، ئان سووریێ، کوردستانا تورکیێ ناس ناکەن، ئیی کوردستانا تورکیێ ژی ئی کوردستانا ئێرانێ ناس ناکەن..**

ـ بەڵێ وایە..

**• گەلەک شت هاتنە ئیسنادن، ئێمە مەسەلا بێژین شێیرا تە، لە کوردستانا تورکیێ وی نەزانن، گەلەک کێم زانن. شاعیرێن کوردستانا تورکیێ ئان سووریێ کێم زانن. گەرەک ئەم چ بکەین ژ بۆ وییا دا کوو ئەم بشکینین؟**

ـ ئێمە زۆر زوو دەتوانین ئەمە بکەین. بگەڕێین ئەو شاعیرانە کە ئەلئان هەمانن، دەیانەوێ زمانی یەکگرتوو دروست کەین. شێعری ئەو شاعیرانە بە هەردووک خەت بڵاوکەینەوە، شێعرا هەژار ـ من مومکینە وەکوو فکری سیاسی لەگەڵی نەبم ـ بەڵام زمانی هەژار نزیکە لە زمانی کرمانجی ژووروو و خواروو. من زۆرم پێ خۆشبوو کە لە کوردستانا عێراق تەنیا شاعیرێکی کوردی سۆرانی ناوبانگی هەیە هێمنە، وە مەکتەب و شت بە نێوی هێمن کراوە، چونکوو کوردەکانی کرمانجیش دە زمانی من دەگەن، ئەو خەتەی دەزانن بخوێننەوە. من حەول دەدەم زمانا من نزیک بێ، کوردییەکی ئەسیل بێ، ئەمما نزیک بێ لە هەردووکیان.

**• باشە، پرسیارا داویی یە، مامۆستا تو ژ بۆ خوێندەڤانێ مە ڕا، خوێندەڤانا ڕۆژنامە ڕا چ دەبێژی؟ چ پێشنیار دەکەی، خوێندەڤانا مە چ بکەن؟**

ـ ئێوەش وەکوو ئێمە حەول بدەن شاعیرەکانی کوردیی سۆرانی بناسێنن، بەیتەکانی کوردی بە لاتینی بڵاوبکەنەوە. بتوانن نزیکی بکەنەوە. مەسەلا لە مهاباد دەتوانن بڵێن «گەورە« و «مەزن» حاڵی دەبن لە مەزنیش و لە گەورەش. دووجار تۆ گەورە بنووسی و مەزنت دە ناو (...) قەوسدا نووسی، ئەو دەزانێ. یا لای ئێمە بە هەر دێهاتییەکی مهابادی بڵێی پەز چییە؟ دەزانێ، بۆخۆی پێی دەڵێ مەڕ، ئەمما پەزیش دەزانێ. ئێمە بتوانین ئەوە بکەین زۆر نزیک دەبینەوە.

**ڕقی پیرۆز**

**دەمگرێ ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم**
**لێم دەدا ئەمما لە سەر داوا ڕەواکەم سوورترم**

دەمکوژێ ئەمما بــە گژ جەللادەکەمدا دێمەوە
کـــــوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە

مومکینـە یـەکێک ببێـژێ ئـەو شێعرە زۆر ناسیۆنالستیی تێدایە، ئـەمما ناسیۆنالیستی نییە. من میللـەتێکم، هـەقم هەیـە بـژیم، جـا عەقیدەی سیاسی من هەرچی هەیە، من لە پێش هـەموو شتێکدا میللـەتێکم دەمەوێ بـژیم، دەمـەوێ ئـازاد بـم، دەمەوێ خودموختـاریم هـەبێ. ڕەنگـە فکـری سیاسـی خـۆم نزیـک کردبێتـەوە لێـرە، باسـی ڕەنجبـەری کـوردم کـردووە کـە چەنـد زەحمـەت دەکێشـێ، وە کـێ زەحمەتەکەی وی دەخوا. باسی شوانی کوردیم کردووە کە چەند زەحمەت دەکێشێ و فایدەی زەحمەتەکـەی وی بـۆ کـێ یـە؟ بـەڵام ئەسڵی هەدەفەکەی من ئەوەیە، پێش هەموو شتێک کوردم، میللەتێکم، میللەتێکی لەت لەت کراوم، زوڵمم لێکراوە، نایـەڵن ڕۆشنبیریش بـم، حەتتا ئەو کوردانەی ئینحرافی فکریان کردووە، بە عەقیدەی من هەمووی لە حەیفی دوژمن بووە. مەسەلەن من لـە گـەڵ فکری کاژێک موخالیفم، پیسە. بەڵام دوژمن هێندەی زوڵم کردووە، مەجبووربووە کوردی بێ تەحەمول بێتە کاژێک. زۆڵمەکە زۆرە، تۆ هـەقت نـەبێ بە زمانی خۆت بنووسی! بە زمانی خۆت بخوێنی، بە زمانا خۆت قسە بکەی، پیاو بە خۆی نییە ڕقی هەڵدەستێ. کەوابوو ئـەمن هـەقم هەیە بە زمانا خۆ بۆ زەحمەتکێشی خۆ بنووسم، نەک بە زمانی بێگانە.

مەتەرێزی شەڕەف

لێرەش لە نێو ئەو لێڕ و شاخ و بەردە
لێرەش لەگەڵ ئەو هەمووو داخ و دەردە
هتد...

(بەخوێندنەوەی ئەو پارچە شێعرە) لێرەدا وتووێژەکە تەواو دەبێ.

دوشنبە هجدهم مرداد ١٣٨٩
مامۆستا هێمن موکریانی و یادێکی شیرین

ئـەز پێش هـەر شتێک پسپۆری بـواری شیعر نیم ، تـا بێم بـاس لـە شیعر و شـاعیریەتی مامۆسـتا هێمن موکریـانی بکـەم، ئەمـەیان بەجێدەهێڵم بۆ پسپۆرانی ئەم بوارە،بەڵام وەک خوێنەرێکی ئەکتیڤی شیعری شاعیرانی کورد، بێگومان پێ ئاگا نیم لە دیرۆکی کاروانی شیعری کوردی و یەکێک لەو شاعیرە مەزن و ناودارانەی کورد مامۆستا هێمن موکریانییە کە بەدیقـەت و ڕامـانی قووڵـەوە بەبـەردەوامی هەڵوەستەم لەسەر هەڵبەستەکانی کردووە.

بەگوێرەی بزاڤی شیعری کوردی بە هەموو قۆناخەکانییەوە،ئەگەر ئاورێکی خێرا لە قۆناخەکان بدەینەوە،هەر یەکێک لەو قۆناخانە... بە گوێرەی زەمەن و ئەو ڕەوشەی شـاعیرانی کـورد تێـدا ژیـاون، شیعری کـوردی ئامـادەییێکی زۆر چـاکی هـەبووە و هـەردەم لەگـەڵ بـاری نالەبـاری کورد و بزووتنەوەی کوردایـەتی شانبەشـانی پێشمەرگە لـە ڕوو بـە ڕوو بوونـەوەی دوژمنـانی کـورد لـە بەرگریـدا بووە،شـاعیر ڕۆڵی بەرگریکار و شیعریش لە مەتەرێزی شەرەفدا،وەک فیشەکی تڤەنگی بڕنەوەی کورد لە سنگی دوژمنانی کوردی داوە.شیعر بە هەموو

جوانیییەکانییەوەو شاعیریش ئەگەر بە ویژدانێکی زیندوو مامەڵەی لەگەڵ شیعر دا کرد بێت،بێگومان شیعرەکانی بەنەمری لە دایکبوون و نەمریشیان بە خودی شاعیر داوە. لەقۆناخی شیعری شاعیریەتی مامۆستا هێمن موکریانیشدا ئەگەر شاعیران وەک ئەو ڕۆڵی دیاری خۆشیان نەبوو بێت،هەڵبەتە لە ڕەوتی بزاڤی شیعری ئەو سەردەمەی کە مامۆستا هێمن تێدا ژیاوە دانەبڕاون.ئەگەر بشمانەوێت ئاوڕێکی خێرا لە شیعرەکانی مامۆستا هێمن بدەینەوە،دەبێ باس لە قۆناخی شیعری پێش دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد و تا شادبوونەوەی بە ڕۆژهەلاتی کوردستان و دۆست و یارانی،ئەم قۆناخانەش بەگوێرەی هەڵومەرجی سیاسی ئەو دەمە دەیان وسەدان گۆڕانکاری خێرا و چاوەڕواننکراوی بە خۆوە بینیوە،بەڵام بەلای منەوە زۆر گرنگە لەم نووسینەمدا باس لە قۆناخی دوای نسکۆی شۆرشی ساڵی (١٩٧٥)لە مێژووی بزاڤی شیعری (هێمن موکریانی)دا هەڵوەستەیەک بکەم و ئەو دیدارەی کە لە پاییزی ساڵی (١٩٧٨)دا لە شاری هەولێر بەیەکگەیاندین وەک یادەوەرییێک و وێنەیەکی ئەو دەمێ کە تا ئێستا بڵاوم نەکردۆتەوە و لەگەڵ ئەم کورتە نووسینمدا دەیخەمە ڕوو.

**سەرچاوە ماڵپەڕی گزینگ / ڕێکەوتی : ١٠ی دیسامبری ٢٠٠٥**

# نەورۆز

## نووسینی: مامۆستا هێمن

لە بارەی نەورۆزی پیرۆز دا زۆر شت گوتراوە و نووسراوە. مێژوونووسان دەڵێن ئەو ڕۆژە کە ئاور دۆزراوە خەڵک کردیە جێژن و ناوی نا نەورۆز. یا دەنووسن ئەو ڕۆژە کە کاوەی ئاسنگەر لە زەحاکی خوێنخۆر و زۆردار ڕاپەڕی و دوایی بە دەسەڵاتی زۆردارانەی هێنا، کرا بە نەورۆز.



تەنانەت لە هێندێک برادەری شیعەم بیستووە کە حەزرەتی عەلی، لەو ڕۆژە دا لە دایک بووە. هیچ کام لەو بۆچوونانە بۆ ڕەت کردنەوە نابن[١]. دۆزینەوەی ئاگر ئەو نیعمەتە گەورەی خودا، ڕاپەڕینی کاوە و لە ناخ ڕۆکردنی زەحاکی زۆردار و لە دایکبوونی حەزرەتی عەلی، ئەو سەرداری بەناوبانگەی ئیسلام هەموو بۆیە دەبن جێژنیان بۆ بکەی، بەڵام بۆچوونی من لە بارەی نەورۆز دا بۆچوونێکی لادێیانە و کرمانجانەیە. لەوەش ناترسم مێژووزانەکانی شارستانی پێم بڵێن کەڕەکرمانجی مێژوو نەزان و نەخوێندەوار ئەوەت لە کوێ هێناوە.

من پێموایە ئەم ڕۆژە پیرۆزە و ئەم جێژنە گەورەی زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات، پێوەندی بە ئابوورییەوە هەیە. جا ئیزن بدەن بە کورتی لەو بارەوە بدوێم. تا بزانن منی کەڕەکرمانج کەنگێ و لە کوێم دەرسی ئیقتیساد خوێندووە تا قسەی وا زل بکەم.

بابە با نەخوێندەواریش بم! خۆ ئەوەندەم لە خوێندەواران بیستووە کە ئەو گەلانەی بە زمانەکانی ئێرانی دەدوێن، لە ڕۆژگارێکدا کە نە من دەزانم کەنگێیە و نە ئەو کەسانەی خۆیان بە مێژووزان و مێژووناس دەژمێرن بۆیان ساغ بۆتەوە، چەند هەزار ساڵ دەبێ لە قەفقازەوە سەرەوژێر بوونەوە و هەر یەکە بۆ لایەک ڕۆیشتوون. ئەو گەلانە هەموویان شوانەوێڵە و مەڕدار بوون و ژیانیان بە پێست و گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێنشیرین و بەستەزمانە، کە زۆر زوو دەستەمۆ بووە، دابین کردووە.

ڕوونتر بڵێم، خۆراکیان لە شیر و پۆشاکیان لە خوری ئەو حەیوانە بووە. جا بۆیە خۆشیانویستووە و گەرمێن و کوێستانیان دەگەڵ کردووە و بە دوای هەوار و لەوەڕگە دا وێڵ بوون و گەڕاون. زۆر شارەزای نووسینەکانی "هێرۆدۆت"، "تەبەری"، "گزنفۆن"، "فردۆسی"، "مینۆرسکی" و "زێرنۆف" و ئەوانە نیم کە بنەچەکەی کورد بەرمەوە سەر کاردۆخ و ماد و نازانم کێ و کێ؟! ...

بەڵام دەزانم کوردیش یەکێک لەو گەلانەیە لە پێشدا شوانەوێڵە بووە، ئێستاش ئەگەر کارەساتی ڕۆژگار لێگەڕێ کەیفی لە شوانەتییە و وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداری یا بە زمانی ئیمڕۆ "دامداری و دامپەروەری" دەناڵێ.

ئێستاش هەرچەند مەڕداری لە کوردستاندا بەداخەوە زۆر کەم بووە و دامپەروەرەکان کاتی بەران تێبەردانیان گۆڕیوە، بەڵام

ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە. هەرکەس کرتکە مەڕێکی بێ، ئەو ڕۆژە بەران دە مەڕی دەکا، میوانداری لە جیرانان دەکا، مێوژ و خورما و شیرینی دەدا بە منداڵان و ئەگەر خەڵاتێکی زۆر باش بۆ شوان لە ئەستۆی بەران نەکا، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی ڕەنگاو بچێتە نێو مێگەل.

بەڵام زۆر دوور نییە، هەر بە بیری من، مەڕدار لە ئاخر و ئۆخری مانگی "مێهر" بەرانیان دە مەڕ کردووە و جێژنی مێهرەگانیان بۆ کردووە. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە کە عەرەب وەریانگرتووە و کردوویانە بە مێهرەجان و بە هەموو ڕۆژی خۆش دەڵێن مێهرەجان.

مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ. پێشینیان دەڵێن: بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی وەبەر دێ و مەترسی بەرئاویتن کەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێیدەڵێن "بێڵن دانا" پێوەندی دەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پاییز و سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی ئەوەڵی بەهار دا "زەو"ی مەڕ دێ و جێژنی هەرە گەورەی مەڕدارە.

پێموانییە پێویستی بە ڕوونکردنەوە بێ، بەرخی مەستەشیر پاشی سێزدە ڕۆژ دەبێ لە کۆز دەرکرێ و بە زاوەماک بیبەیە لەوەڕ. ئەوەش سێزدەبەدەرەکەمان.

ئەوەیە بۆچوونی منی کەڕەکرمانج کە لە ژیانی باوکم بەسەر مەڕ ڕادەگەیشتم و گەرمێن و کوێستانم دەکرد و بە پسپۆڕی ناوبانگم هەبوو. بەڵێ، ماوەیەکی زۆر وێڕای شوانی شەوگەڕ و شەنگەبێری توند و تۆڵ لە کوێستانە جوانەکانی کوردستانی ڕەنگین ژیانم ڕابواردووە.

زۆر پاڵێنان لە مندارە مانگدا بۆ ئەوەی شوانەکانمان نیوەڕۆ، خەوی بۆ بکەن و شەوانە مەڕ بڕەتێنن بۆخۆم دەستم داوەتە گۆچان و چوومە بەر مەڕ و لەو وەختانە دا بووە شێعرم بە تەبیعەت و خۆڕسک و ژیانی کوردەواری هەڵگوتووە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٠ی مارسی ٢٠٠٨

# لێکدانەوەی بڕگەشێعری(چاویلکە)ی مامۆستا هێمن

## س. ج. هێرش



هەروەک دەزانین، مامۆستا هێمن یەکێک لەو شاعیرانە بووە کە بەو پەڕی شارەزایی و لێزانییەوە توانیویەتی ڕووداوە کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و بەسەرهاتە مرۆڤایەتی ـ فەرهەنگییەکان لە قاڵبی بیر و خەیاڵ و دەربڕینە شێعرییەکانیدا بگونجێنێ و وێنەیەکی جوانی زیندووی دوور لە دەربڕینی ویشک و برینگی زەینی بخوڵقێنێ، کە هەم خوێنەرەوەکانی وێڕای چێژوەرگرتن، تووشی بیرکردنەوە و ڕامان بکات و هەم نۆستالۆژی و سەرسووڕمان.

تەلمیح (ئاماژەبێژی) یا بە گۆشەی چاوئاماژەکردن لە زارۆێژی شێعریدا ئەوەیە کە شاعیر لە توێی قسە و وشە و دەربڕینەکانیدا ئاماژە بە دیاردەیەک، ڕووداوێک، (مەسەل و ئایەت و حەدیسێک)، یان چیرۆک و بەرسەرهاتێکی گرینگ بکات کە لە قۆناخێکی خەیاڵاوی ئوستورەیی و ئەفسانەیی یان دیاریکراوی مێژوویی ڕوویدابێ و سەرنجی خەڵکی ڕاکێشابێ.

**نموونەیەک لە نالی:**

هودهودی دڵ حەبسی بەلقیسی سەبای دیوە یەقین
خۆی کە دامێنگیری شاهی ئاسەفی سانی دەکـــــا

(کە هێمایە بۆ حیکایەتی حەزرەتی سولەیمان و پەپووەسلێمانە و بەلقیسی شاژنی یەمەن کە لە شاری سەبا ژیاوە..)1

**نموونەیەک لە مەحوی:**

کـــــە چەرخ ئەسکەندەری دی دەردەدارە
وتی: ئەم هــــــەم بووە هەمدەردی دارا
هەتا هەق ناسیرە، هەر حەقمە مەنزوور
وەکوو (مەنسوور) ئەگەر بمکەن بـــە دارا ٢

**نموونەیەک لە حافزی شیرازی:**

گەر وەکوو فەرهاد بە تاڵی گیان بدەم باکم چییە
بەس نییە چیرۆکی شیرین، دێ دەخوڵقێنی لە من

کە ئاماژەیە بە چیرۆکی ئاشقانەی شیرین و فەرهادی ناوچەی کرماشان لە دەورانی ساسانییەکان(خوسرەوپەرویز)دا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکرێ کە وردەکاری یا سەنعەتی شێعریی (تەلمیح) لە دەربڕینەکانی هێمندا، بە پێچەوانەی شاعیرەکلاسیکییەکان زۆر زیندووتر و واقعیتر و خۆمانەترە کە تەنانەت هێندێک لە دەربڕینەکانی بوونەتە مەسەل و زاروێژی ڕۆژانەی خەڵک، وەک دەستەواژەی "بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ"3 کە بە بۆنەی ڕووداوی هەڵاتنی حەمەرەزاشای پەهلەوی (1953) گوتراوە.

دیارە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە شاعیرانی کلاسیک، لە وردەکاریی (تەلمیح)دا، زۆرجار وشەیەک، یان دەستەواژەیەک وەک دەرخەر و ڕەنگدەرەوەی ڕووداوەکە دەکاردێنن کە پێشتر ڕوویداوە و وەبیر خەڵکی دەهێننەوە، بەڵام (تەلمیح) لە ئی هێمندا جۆرێکی دیکەیە، واتە لێرەدا شاعیر تەواوی ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و بەسەرهاتە مرۆڤایەتی و ئەویندارییانەی کە بە چاوی خۆی بینیویەتی، یان لە خۆی ڕوویانداوە بە شێوەیەکی چڕکراو و بۆدراو لە دەربڕینەکانیدا دەیانگونجێنێ.

یەک لەو پارچەشێعرانەی کە ئەو وردەکارییەی تێداگونجاوە، بڕگە شێعری (چاویلکە)یە. با لە پێشدا پارچەشێعرەکە بنووسینەوە و، ئەوسا مەبەستەکە بخەینەڕوو:

لــەو دەمەی ڕا دڵم لێی داوە بۆ ژوان
من دێوانەی چاوی جوانم، چاوی جوان
گـــەرچی خەڵکی وڵاتی چاوجوانانم
چـــاوی جوانم تێر نەدی بە چاوانم
هەتا لاو بووم چاوی جوانم لێ ون بوو
پەچەو ڕووبەندو چارشێوم دوژمن بوو
ئێستا پیرم و کـــەوتوومەتە ئاویلکە
چاوی جوانم لێ ون دەکـــا چاویلکە ٤

تا ئەو جێیەی بزانم و لێرەولەوێ باس لەو شێعرە کرابێ، زۆرکەس بە تایبەت ئەو کەسانەش کە شارەزای ڕێباز و شێوازی شێعری هێمنن، لە لێکدانەوەی وشەی (چاویلکە)ی دوایین دێڕی بڕگەشێعرەکەدا تووشی هەڵە دەبن و، پێیان وایە ئەوە "هێمن"ە کە بە هۆی پیرییەوە چاویلکەی دە چاوی کردووە و ناتوانێ چاوی جوانی باش پێ ناببینێ. دیارە ناهەقیشیان نییە، ئەو کەسانە کە ئاگاداری ئەو سەردەمەی شاری سلێمانی نەبوون، چۆن و بە چیڕا زانیبایان کە ئەوە کەنیشکە جوان و جحێڵەکان (بەتایبەت کیژە قوتابییەکان)ی

ئەو شارەن، بە دەچاوکردنی چاویلکەی ڕەش و ڕەنگین ـ کە لەو ساڵانەدا مۆد بووە، چاوی جوانی خۆیان لە بینەر(شاعیر) شاردووەتەوە؟!

بە کورتی، مەبەستی شاعیر ئەوەبووە بڵێ: وەک چۆن سەردەمانێک "پەچە و ڕووبەند و چارشێو" ئەو ڕۆڵەی گێراوە کە چاوی جوانی لێ ون بکا، ئێستا چاویلکەی ڕەش ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ.

١) دیوانی نالی، لیکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، ل ٢٢.
٢) دیوانی مەحوی، لێکدانەوەی لیکۆڵینەوە: مەلا عبدالکریمی مدرس و محەمەدی مەلا کەریم، ل ٧ و ٨.
٣) بڕوانە: دیوانی هێمن موکریانی، پێشەکی و پێداجوونەوە: س. چ. هێرش، ل ١٦٩ و ١٧٠.
٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٠.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گزینگ / ڕێکەوتی: ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧



# سەمفۆنیی کابووکێ

## (یادێک لە مامۆستا هێمن و شێعری چیمەن)

لە مانگی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی(١٩٧٩) دەستەیەکی هونەری بە سەرپەرشتی کاک «ئیقبالی حاجبی» لە شاری سنەوە دێنە مهاباد و ماوەی چەند ڕۆژان شانۆیەکی مۆسیقایی بە نێوی (سەمفۆنیی کابووکێ) پێشکێش دەکەن کە لە کۆڕی نێوبراودا کاک «عەزیزی شاروخ»یش بەشدار دەبێ.



هەرچەند ئەمن بەشبەحالی خۆم زۆرم سەر لەو کارانە دەرناچێ، بەڵام ئاهەنگەکەم بە دڵەوە نووسا و پێم کارێکی داهێنەرانە و سەرکەوتووانە بوو. بە تێکڕایی خەڵک پێشوازییەکی گەرم و لە ڕادەبەدەریان لێکرد. دوای ئەوە، یەکێتی لاوانی {دێمۆکرات}ی مهاباد بە نیازی دەستخۆشانە و ڕێزگرتن لە هونەری بەڕێوەبەران و بەشدارانی گرووپی (سەمفۆنیی کابووکێ) ئێوارە ئاهەنگێکی بەزم و هەڵپەرکێ لە دانیشسەرای کچانی مهاباد وەڕێدەخا.

ئێوارەی ئاهەنگەکە، من و مامۆستا هێمن لە گەڕەکی (خڕێ) ڕا بەرەو شوێنی گۆڕین وەڕێ کەوتین. لە چوارڕێی هەباساغای تووشی کاک سمایلی برادەرم بووین و، دوای چاک و چۆنی ئەویشمان ڕەگەڵ کەوت.

مامۆستا عادەتی وابوو، کە بۆ هەر شوێنێکی ئاوا چووبا، (تاریک و ڕوون) و (نالەی جودایی) لە گەڵ خۆی هەڵدەگرت، نەکا داوای شێعر خوێندنەوەی لێبکرێ. بەر لەوەی سواری تاکسی بین مامۆستا ڕووی لە سمایلی کرد و گوتی «وابزانم کارتی لێگێڕانەوەت پێ نییە. ها ئەو تاریک و ڕوونەی لە بن هەنگلت بنێ نەوەکوو پێشمان پێبگرن»! وەختایەک گەیشتینە بەردەرگای دانیشسەرایە، چەند لاوی مێرمندالی قۆشمە لە مامۆستا هێمن دەپرسن ئەوانە کێن؟ مامۆستاش دەڵێ«ئەوانە مونشی منن» بەم جۆرە سێ بە سێ چووینە ژووری.

هێشتا بە تەواوی پێمان نەنابووە ژووری حەوشەکە، ئەوەندەم دی پۆلێک گەنج و لاو دە مامۆستا ڕۆهاتن و بردیانە ناو گەڕی ڕەشبەڵەک.

لەو حەوشە پان و بەرینە داوەتێک دەگەڕا، سەروبنی دیار نەبوو. داروبەرد وە سەما کەوتبوو. چاوە چاوی کوڕێشکان و تاسکە تاسکی کەنیشکان تەنانەت دڵی ویشکە سۆفیی خانەقاشی دێنا جۆش و خرۆش.. (هەر ئارەقەی گۆنا و گەردنان بوو وەک تکە ئاونگی بەیان

لە سەر پەلکی گوڵان، تک تک دەڕژان و، هەر بزە و نیو نیگای بن سیلان بوو بە دزی تێکدەئاڵان و دادەپژان.. چ دیمەنێکی خەمڕەوێنە بۆ ساتێکیش بێ، حاشا کردن لە پیری و پەشیمان بوونەوە بۆ لاوی و، چاوگێڕان لە دووی دۆی چەلەنگ و چاوبەڵەکی ئاخرگەڕی سێ ڕۆژانە..).

داوەت بەربوو. دوو دوو و سێ سێ کۆزیلکەمان بەست و لە دەوری یەک کۆبووینەوە. دەمێک بوو تاو پەڕی بوو. شەو ئامێزی بۆ بێدەنگی دەکردەوە. ئەستێرەکان بەرەو ژوانگەی ئاسمان خۆیان تیفتیفە دەدا.

وردەوردە سەری قسان خۆش دەبوو.

لە پڕ کیژۆڵەیەکی ژیکەڵە و خوێن شیرینی ١٥- ١٦ساڵان لە بەردەم مامۆستا هێمن قوت بووەوە و، بە دەنگێکی نەرم و سنەییانە، دوای چاک و چۆنی هاتە ئاخافتن و گوتی: مامۆستا گیان شێعرێکی ئاشقانەم گەرەکە«. مامۆستا تێی ڕادەمێنێ و دەپرسێ ناوت چییە؟ ئەویش دەڵێ: «چیمەن».. مامۆستا پێی وابوو بە خوێندنەوەی:

«دەشت و چیمەن ڕازاوە کێو و بەندەن نەخشاوە«
نەجاتی دێ، کەچی چیمەن شێعرێکی وای دەویست:
«وەک ئارەقەی هەنیەی جوانان
وەک دڵــە خورپەی جێژوانان
وەکوو کەشم و نەشمی بووکێ
وەک ڕەنگ و بۆنی گوڵووکێ
شێعرێکی تەڕ، شێعرێکی خۆش
شێعرێک دڵان بێنێتــە جۆش»١
(شێعرێک باسی جوانی ئەو بێ
لەنجەی تاوس، ڕەوتی کەو بێ)
(بەڵام ئەفسووس، هەزار ئەفسووس
کە کچ جوانیش بێ وەک ڤێنووس)٢
«پــەری شێعر وەک کچی جوان
بۆ پیـــــاوی پیر نایەتە ژوان»

مامۆستا هێمن ئاخر سەر سووکە هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و دەڵێ: چیمەن، کچانم بە خولای ئێستا بۆم نایە.. بابزانم. زۆر جار کە داوای شێعری لێکرابایە ئەو گوتەیەی دووپات دەکردەوە»با بزانم بۆم دێ!»

لەو کەین و بەینەدا کە من هەستم بزوابوو بە چاوان مامۆستام حاڵیکرد کە بەڵێنی پێبدا و دڵی ئەو میوانە نازدارە نەشکێنێ و خواز و نیازی بێتە جێ.

بە کورتی، ئەو ڕووداوە بوو بە هەوێنی شێعرێکی تازە بە نێوی (چیمەن) کە هەر بۆ سبەی لە دەفتەری حزبی دێمۆکرات بۆ ماموستام خوێندەوە کە لەو عانەدا مەلا عەولا و مەلا جەلال و یەکدووکەسی دیش لەوێ بوون. کاتێ لە خوێندنەوەی پارچە شێعرەکە تەواو بووم، ماموستا دیسان وردە هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: «چاوی سەرم بی.. بەلام بەو هەناسەی پاییزانە هەر هیچت بۆ من تێدانەهێشتووەتەوە..».

هەر ئەو ڕۆژە دوای نیوەڕۆیە لە قاوەخانەی کەریمی گەڕەکی خڕێ، دیوناسێکی مهابادی وابزانم دڵی بە کچەکەوە بوو، داوای ئەو پارچە شێعرەی لێکردم. هەزار و یەک شێر و ڕێویم بۆ هێنایەوە فایدەی نەبوو. لە پاشان هەرچییەکی لەبەرم بو بۆم خوێندەوە و ئەویش نووسییەوە.

لە سەرەتای زستانی ١٣٦١ (١٩٨٢) لە شاری سنە بە ڕێکەوت بوومە میوانی ئەو برادەرە کە ئەوکات لەوێ دەژیا. دوای من خۆش و تۆ خۆش.. پارچە شێعرەکەی نیشانی خۆم دا کە بە خەتێکی خۆش لە چەند نوسخاندا وەختی خۆی بڵاوی کردبووەوە. پاشان کە سەری قسە و باسان کراوە لێم پرسی: دەی دەگەڵ کێشەکە چیت کردەوە؟». بە ئەسپایی سەری هێنایە بن گوێم و گوتی: بە قوربانت بم سەبر، نەکا خێزانم بزانێ!

هەرچەندە تا ئەو ساڵانە، لەبەر بێنەوبەرە و خۆشارەوەکێن و هەڵات هەڵات و ڕاوڕاوێنی سیاسی، خۆم لەو پارچە شێعرە دەبوارد، بەلام کە ئاوڕێکم وە ڕابردووی پڕ پێچ و پەنای خۆم دایەوە ڕوانیم منێکی ڕەنج بە خەساری دنیای سیاسەت، لەو بیرەوەرییانە زیاتر چیم بۆ نەماوەتەوە. بۆیە سەر لە نوێ دەستێکی باشم تێوەردانەوە و ساخم کردنەوە. هیچ نەبێ ببنە هۆی ڕەوینەوەی تەم و خەمی غەریبایەتی:

## چیمەن

لـە هەڵپەرکێکی زۆر خۆشی شەوانە
بە ئەسپایی کچێکی ژێکـــــەلانە
بەری هـــەڵدا گەڕی گەرمی زەماوەند
بزەی نازی دەهـــــاتێ چاوبزانە
بـــە بەر چاوی گەلێک لاوی زراوچوو
نزیک بۆوە لـــــە »هێمن« دڵبەرانە
وەکووتاوس لەلای هەڵنیشت و پێیگوت:
گـــــەرەکمە شێعرێ بێژی ئاشقانە
کەوا بیوەم بەرەو کورسان بە دیاری
کە نەچمەو دەستی خـــاڵی لێرەکانە
دراوە سەر لە نوێ هێمن گـــەمارۆ

گەمارۆی ئەم کەرەت کوا وەک چەلانە
هەتا دۆینێ خەفێ و پۆلیس و ژاندارم
. وەرە بنوارە ئاکـــاری زەمانە .
کەچی ئێستا ئەسیری کیژە کوردێک
چەتوونە لێی قوتار بێ، بەم زووانە
ئەویش کیژێ کە وەک بڕنۆیە باڵای
چمـا دەبزێوێ هەستی شاعیرانە؟
هــەڵیگرتم خەیاڵی ورد و ناسک
لە حاڵێکدا، کە دەدوان ئەم دووانە
بەمن دەتگوت بەیانەگوڵ دەپشکوێ
خوناوەی ناز دەبارێ لەم دەمـانە
سەرم سوورِما لەکاروباری گەردون
لـــــە زستان و بەهاری هاوینانە
لە نێوان چیمەن و بەفرێ چ سەیرە؟
گزینگێک و هـــەناسەی پاییزانە!
مـەلی شێعرم کە دی ئاونگی گۆنای
لە سوێیان لەنگەری گرت لەم بەرانە
بەترس و لەرزەوە پێمگوت کچی شۆخ
بە شـــاگرد و چکۆڵەی ویم بزانە
ئەگەرچی لام گرانە وەسفی جوانیت
ڕەچاویش کـەم ڕەوشتی هێمنانە
دەبێ بگرین کە کوردین قەدری میوان
دەخیلت بم نـــەڕەنجی لێم بە مانە:
نەوێرم چاو لە چاوت کەم چ مەعلووم
کە مەستی ژوانە یا کوشتەی سەرانە؟
برۆت گــەر تێک بنێی دنیا دەشێوێ
بە تیرێکی کـــە دەرچێ لەم کەوانە
دەترسێ دڵ وەکوو گوارە لە زولفت
نەوەک بخرێتە ژێر پێ کاتی شانە
لە تاوان قافیەم لاسەنگ و سووکە
ئەوەند سەنگی قیافەی تۆ گــرانە
بــە کام واژە بنوێنم ڕەوتی باڵات

کە دەبزێوی بە عاستەم ئەم مەمانە
قەدی بەرزو نیگارەمزو کەوی تەرز
چ خشپیل و بەناز و خنجیـــلانە!
گزینگی دوندی ئـــارێزە بزەی تۆ
کـــە زیندوو ڕاگری ڕوح و دڵانە
لەمـە زیاتر چ بێژم چیمەنی جوان
چدی مەگرە بە مامۆستا بەهـــانە

گەلاوێژی ١٣٥٨

• • •

١) شێعرەکانی ناو ئەم کەوانەیە«...» لە دیوانی تاریک و ڕوون وەرگیراون.

٢) (...) تێهەڵکێشی س. چ. هێرش.

سەرچاوە: هێمن و من، نووسینی: هێرش، سوێد ١٩٩٢. ل ٥٦-٦٢.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گزینگ / ڕێکەوتی : ١٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٥

بەگوێرەی بزاڤی شیعری کوردی بە هەموو قۆناخەکانییەوە،ئەگەر ئاورێکی خێرا لە قۆناخەکان بدەینەوە،هەر یەکێک لەو قۆناخانە... بە گوێرەی زەمەن و ئەو ڕەوشەی شاعیرانی کورد تێدا ژیاون، شیعری کوردی ئامادەییێکی زۆر چاکی هەبووە و هەردەم لەگەڵ باری نالەباری کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی شانبەشانی پێشمەرگە لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی دوژمنانی کورد لە بەرگریدا بووە،شاعیر ڕۆڵی بەرگریکار و شیعریش لە مەتەرێزی شەرەفدا،وەک فیشەکی تفەنگی برنەوەی کورد لە سنگی دوژمنانی کوردی داوە.شیعر بە هەموو جوانییەکانییەوەو شاعیریش ئەگەر بە ویژدانێکی زیندوو مامەڵەی لەگەڵ شیعر دا کرد بێت،بێگومان شیعرەکانی بەنەمری لە دایکبوون و نەمریشیان بە خودی شاعیر داوە. لەقۆناخی شیعری شاعیریەتی مامۆستا هێمن موکریانیشدا ئەگەر شاعیران وەک ئەو ڕۆڵی دیاری خۆشیان نەبوو بێت،هەڵبەتە لە ڕەوتی بزاڤی شیعری ئەو سەردەمەی کە مامۆستا هێمن تێدا ژیاوە دانەبڕاون.ئەگەر بشمانەوێت ئاورێکی خێرا لە شیعرەکانی مامۆستا هێمن بدەینەوە،دەبێ باس لە قۆناخی شیعری پێش دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد و تا شادبوونەوەی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دۆست و یارانی،ئەم قۆناخانەش بەگوێرەی هەڵومەرجی سیاسی ئەو دەمە دەیان وسەدان گۆڕانکاری خێرا و چاوەڕواننکراوی بە خۆوە بینیوە،بەڵام بەلای منەوە زۆر گرنگە لەم نووسینەمدا باس لە قۆناخی دوای نسکۆی شۆرشی ساڵی (١٩٧٥)لە مێژووی بزاڤی شیعری (هێمن موکریانی)دا هەڵوەستەیەک بکەم و ئەو دیدارەی کە لە پاییزی ساڵی (١٩٧٨)دا لە شاری هەولێر بەیەکگەیاندین وەک یادەوەرییێک و وێنەیەکی ئەو دەمێ کە تا ئێستا بڵاوم نەکردۆتەوە و لەگەڵ ئەم کورتە نووسینمدا دەیخەمە ڕوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گزینگ / ڕێکەوتی: ١٠ی دیسەمبەری ٢٠٠٥

# ڕۆژی خۆشی

ڕۆژی جێژن و خۆشییە، تێپەڕ بوو ڕۆژی دەرد و خەم
هات شنەی ڕەحمەت بە جارێک، ڕای ڕفاند و بردی تەم

دێ لە هەر لایێکی قاقای پێکەنینی کیژ و کوڕ
دێ لە هەر سووچێکی نەغمەی ساز و تار و زیل و بەم

گەرچی زستانە بەفر دایپۆشی ئەورۆ گشت وڵات
خاکی پاکی ئێمە خەمڵیوە وەکو باغ ئیرەم

جێژنی ئیستقلالی کوردستانە، ڕۆژی شادییە
جێژنە پیرۆزە لە لاوی هاووڵاتی خۆم دەکەم

نۆجوانان! دەی بە قوربانتان دەبم کارێ بکەن
بۆ تەرەققی کورد و بۆ پاراستنی خاک و عەلەم

بۆ نەجاتی نیشتمانی خۆشەویست کارێ بکەن
زوو دەری بێنن لە چنگی دوژمن و دەستی ستەم

هەر کەسێ بۆ لای سنووری نیشتمانی ئێوە بێ
بیکوژن، وردی بکەن، بینێرنە موڵکی عەدەم

لاوەکان! دڵپاکەکان! چالاکەکان! پێشمەرگەکان!
ئێوە شیری لێ بسوون و ئێمە پڕدەینە قەڵەم

هەر بە یەکگرتن لە دەست بێگانە دێنینە دەرێ
خاکی پاکی کوردەواری، نایەڵین بۆ کەس ئەلەم

جێژنە پیرۆزە دەکەم و دەڵێم خۆش بێ، بژی
ئەی ڕەئیس جەمهوری کورد و پیاوی زانا و موحتەرەم

تۆم بە خوا ئەسپارد و ئەسپاردم بە تۆ ئەی (پێشەوا)
میللەتی دڵپاک و چاک و نیشتمانە جوانەکەم

مەهاباد — ڕێبەندانی ١٣٢٤

# پێکەنینی گوڵ

## مامۆستا(هـێمن)

کاتێ کازیوە پێش گزنگ بوڵبوڵ
لە شەقەی باڵی دا هەتا کن گوڵ

گوتی ئەی نازەنینی عیشوە فرۆش
کەم کەمە دیارە بێ وەفایی تۆش

بۆ شنە با هەیەتی لێرە ڕێ؟
بۆ پەپولە بەدەورەتا دەگەڕێ؟

چەپکی تۆ باغەوان دەکەن دەسگێڕ
لە خەیابان و کووچە و بازێڕ

دەتفرۆشن بە قیمەتی هەرزان
دەتدەنە دەستی ناکەس و هەرزان

بۆیە سووک و چرووکی ناو چەمەنی
لەوەتەی بوی هەمیشە پێدەکەنی

هەڵگەڕاوە بەناز و گوڵ پێی گوت
شێت و شووری کە شرت و شۆمت شوت

وەکوو تۆ ئاشقە پەپوولەی زار
بۆ بە خۆڕایی ئەو بدەم ئازار

شنە با ڕێ نەدەم کە بۆ لای خۆم
کێ دەبا بۆ هەموو وڵاتێ بۆم؟

گوڵ لە کن کەس نیە عەزیزم سووک
سەری زاوایە جێی و باوەشی بووک

من کە ناگاتە هەفتەیەک تەمەنم
بۆچی بگریم و بۆچی پێنەکەنم




کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕێکەوت: بانەمەڕی ٢٧١٦ی کوردی - ئەپریلی ٢٠١٦ی زایینی